# ( گەمژە )

بەرگی یەکەم

رۆمانی دۆستویفسکی

پاچڤەی حەمەکەریم عارف
٠٧٧٠١٣٠٩٣٩٠
٠٧٥٠١١٢٠٩١٥

ئەم رۆمانە لە نێوان
ساڵانی ١٨٦٧- ١٨٦٩دا نووسراوەو
بە زنجیرە لە گۆڤاری ( پەیکی روسی )دا بڵاوبووەتەوە

* گەمژە – بەرگی یەکەم
* بابەت: ڕۆمان
* نووسینی: فیۆدۆر دوستۆیفسکی
* وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف
* پیتچنین: ڕزگار حەساری
* هەڵەچنی و ڕێنووس: دەریا غەفور
* هونەرکاری ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
* نەخشەی بەرگ: ئارام عەلی
* چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٤
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(١٣٣٥)ی ستڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە

## پێڕست

فەسڵی یازدەیەم

فەسڵی دوازدەیەم

## کاراکتەرە سەرەکیەکانی ئەم ڕۆمانە

* – ئافاناسی ئیڤانوفیچ:

ئافاناسی ئیڤانوفیچ توتسکییە: بڕوانە ناوی توتسکی.

* – ئاگلایا:

ئاگلایا ئیڤانوڤنا یەپانچین: کیژی جەنەراڵ ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچین و لیزاڤیتا پروکوڤیڤنایە. هەندێجار بە سووکەلە ناوی گلاشا، ناوی دێت.

* –ئادیلاید ئیڤانوڤنا یەپانچین: کیژی جەنەراڵ ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچین و لیزاڤیتا پروکوڤیڤنایە.

* –ئاردالیون ئەلکسندروفیچ ئیڤۆلگین. بڕوانە ناوی ئیڤۆلگین.

* –ئەلکسندرا ئیڤانوڤنا یەپانچین: کیژی جەنەراڵ ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچین و لیزاڤیتا پروکوڤیڤنایە.

* –لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا: ژنی جەنەراڵ یەپانچینە. خزمێکی دووری میرزادە لیون نیکولایوفیچ میشکینە (گەمژە)یە. زۆرجار لە ڕۆمانەکەدا بە نازناوی خانم جەنەراڵ ناوی دێت. وەکو چۆن لە ناو زۆر میللەتاندا ژن نازناوی مێردەکەی وەردەگرێت .

* – یەڤگینی پاڤلوفیچ:

یەڤگینی پاڤلوفیچ، یان بافلیچ، رادومسکی یە. ئەفسەرێکی گەنجە، حەزدەکات ئاگلایا بخوازێت.

* –یەپانچین:

جەنەراڵ ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچینە. فەرمانبەرێکی گەورەو بزنسمانە. برادەرو شەریکی ئافاناسی ئیڤانوفیچ توتسکییە. خانم جەنەراڵ یەپانچین، ژنیەتی، خزمایەتیەکی دووری دەگەڵ میر میشکین (گەمژە) دا هەیە.

* – ئیڤان فیدوروفیچ:

دەکاتە ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچین. بڕوانە ناوی یەپانچین.

* – ئیڤۆلگین:

دەکاتە ئاردالیون ئەلکسندروفیچ ئیڤۆلگین. جەنەراڵێکی خانەنشینە. کابرایەکی مەینۆشی ئالودەیە. مێردی نینا ئەلکسندروڤنایە، باوکی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ و ڤارڤارا ئاردالیونوفیچ و کولیای برا بچووکیانە.

* – باراشکوفا:

دەکاتە ناستاسیا فیلیپوڤنا باراشکوفا. بڕوانە ناوی ناستاسیا فیلیپوڤنا.

* – ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا:

دەکاتە کیژی جەنەراڵی ئالوودە، ئیڤولگین و ژنی ئیڤان پترۆفیچ پتیتسنە. زۆرجار بە ناوی سووککراوەی ڤاریا، فارکا، ڤارتشکا ناوی دێت.

* – پارفیون سیمیونوفیچ:

دەکاتە بارفیون سیمیونوفیچ روگوژین – بڕوانە ناوی روگوژین.

* – پاڤلیشچوف:

دەکاتە نیکولا ئاندریوفیچ پاڤلیشچوف، کە میر میشکین دەگرێتە ژێربال. لەسەر کیسەی خۆی میرزادە بۆ سوسیرا دەنێرێت، تا لەوێندەر چارەسەری (گەوجاتیەکەی) بکەن.

* – پتیتسن:

دەکاتە ئیڤان پترۆفیچ پتیتسن. کابرایەکە کاری سووتخۆری دەکات. ژوورێکی لە ماڵی جەنەراڵ ئیڤولگین بە کرێ گرتبوو، ڤارڤارای کیژی ئیڤولگینی خواست.

* – دۆتمیر بیلوکونسکایا، دۆست و ڕاوێژکارو شیرەتکاری لیزاڤیتا پروکوڤیڤنایە.

* – توتسکی:

دەکاتە ئانافاسی ئیڤانوفیچ توتسکی. موڵکدارێکی دەوڵەمەندە، ئەمە، ناستاسیا فیلیپوڤنا دەگرێتە ژێر باڵی خۆی و پاشان لە خشتەی دەبات و دەیکات بە قەپاتمەی خۆی.

* – تیرنتییف:

دەکاتە هیپولیت تیرنتیف. کوڕی مارتا بوریسوفنای ماشقەی جەنەراڵی مەینۆشی ئالوودە ئیڤولگینە. گەنجێکی سیلدارە. هاوڕێی کولیایە.

* – گانیا: بڕوانە ناوی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، گانیا سووکەڵە ناوی گاڤریلایە.

* – گاڤریلا ئاردالیونوفیچ:

دەکاتە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ ئیڤولگین، کوڕی جەنەراڵ ئاردالیون ئەلکسەندروفیچ ئیڤولگینە. سکرتێری جەنەراڵ یەپانچینە. هەوڵدەدا ناستاسیا فیلیپوڤنا بخوازێت. حەز لە ئاگلایا ئیڤانوڤنا یەپانچین دەکات. زۆرجار بە سووکەڵە ناوی: (گانیا، گانکا، گاتشکا)ش ناوی هاتووە.

* – رادومسکی:

دەکاتە یەڤگینی پاڤلوفیچ رادومسکی. ئەفسەرێکی گەنجە. حەزدەکات ئاگلایا بخوازێت. بڕوانە ناوی یەڤگینی پاڤلوفیچ.

* – روگوژین:

دەکاتە بارفیون سیمیونوفیچ روگوژین: کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەندە، سەروەت و سامانێکی زۆری لە باییەوە بۆ ماوەتەوە. حەز لە ناستاسیا فیلیپوڤنا باراشکوفا دەکات و دەیەوێ بیخوازێت.

* – ڤاریا:

بڕوانە ناوی ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، ڤاریا سووکەڵە ناوی ڤارڤارایە.

* – فردیشچینکۆ:

گەنجێکی کرێچی ماڵی ئیڤۆلگینە، هاتوچۆی ناستاسیا فیلیپوڤنا دەکات.

* – ڤیرا لوکیانوڤنا:

دەکاتە کیژی لوکیان تیموفیفیچ لیبدیف. کیژی گەورەی ماڵەو بنەوانەی ماڵە.

* – کولیا:

دەکاتە نیکولا ئاردالیونوفیچ ئیڤولگین. خوێندکاری قۆناغی دوا ناوەندییە. کوڕی بچووکی جەنەراڵ ئیڤۆلگینی بەدمەستە.، کولیا، ناوی سووککراوەیەتی.

* – کیللەر:

بوکسبازە. لیوتنانی خانەنشینە، یەکێکە لە ئەندامانی گروپەکەی بارفیون سیمیونوفیچ روگوژین و ناستاسیا فیلیپوڤنا. دوای ئەوان خووی دایە میرزادە لیون نیکولایوفیچ میشکین و رموودەی ئەوە بوو.

* – لیبدیف:

دەکاتە لوکیان تیموفیفیچ لیبدیف. فەرمانبەرە، سەر بە گروپەکەی روگوژینە. پاشان بە فێڵ دەکەوێتە دەورو خونی لیون نیکولایوفیچ میشکین.

* – لوکیان تیموفیفیچ لیبدیف: بڕوانە ناوی لیبدیف.

* – لیون نیکولایوفیچ:

دەکاتە میرزادە لیون نیکولایوفیچ میشکین. شا قارەمانی ڕۆمانی گەمژەیە.

* – مارتا بوریسوڤنا:

بێوەژنی کابتن تیرنتیفە. ماشقەی جەنەراڵ ئیڤۆلگینە. دایکی گەنجە سیلدارەکە، هیپولیتە.

* – میشکین:

دەکاتە میرزادە لیون نیکولایوفیچ میشکین، شا قارەمانی رۆمانی "گەمژە".

* – ناستاسیا فیلیپیوڤنا باراشکوفا:

ئافاناسی ئیڤانوفیچ توتسکی بە منداڵی دەیگرێتە ژێر باڵی خۆی، پاشان لە خشتەی برد، بەخێوی دەکرد. ڕەدووی بارفیون سیمیونوفیچ روگوژین کەوت، بەڵام قاییل نەبوو مێرد بە توتسکی بکات.

* – نیکولا ئاندریوفیچ:

دەکاتە نیکولا ئاندریوفیچ پاڤلیشچوف، کە سەرپەرشتیاریی میر میشکینی دەکرد. بڕوانە ناوی پاڤلیشچوف.

* – نینا ئەلکسندروفنا:

دەکاتــە ژنــی جەنــەراڵی ئــالودە ئــاردالیون ئەلکســندروفیچ ئیڤــولگین. دایکــی گــاڤریلاو ڤارڤارا و کولیا. لەبەر دەسکورتی و بە مەبەستی پەیدا کردنی بژێوی خاوخێزان، ژوور بە کرێیان دەدات.

## لە جیاتی پێشەکی
## گەمژە

جۆری بەرهەم: ڕۆمان
نووسەر: فیودور میخائیلوفیچ دوستویفسکی (١٨٢١– ١٨٨١)
پلۆت: سایکولوژی ریالیستی
زەمان: ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم
شوێن: شاری پترسبۆرگ– ڕووسیا
مێژووی یەکەم بڵاوبوونەوە: ١٨٦٨– ١٨٦٩
کاراکتەرە سەرەکیەکان
١– میرزادە لیون نیکولایوفیچ میشکین
٢– پارڤیون ڕوگوژین: برادەری میرزادە
٣– مەدام یەپانچین: خزمی میرزادە
٤– ئاگلایا یەپانچین: کیژی مەدام یەپانچین
٥– ناستاسیا فیلیپوڤنا: ڕەقیبی ئاگلایا
٦– گانیا ئاردالیونوفیچ: کاتب و سکرتێری جەنەڕاڵ یەپانچین.

"١"

چونکە ئەم کتێبە لە لایەن نووسەری "تاوان و سزا" و "برایانی کارامازوف"ەوە نووسراوە، بۆیە لە دنیای ئەدەبیاتدا ئیحتوبار و پێگەیەکی تایبەتی هەیە. کاراکتەرانی ئەم ڕۆمانە، وەکو گەلێك لە کاراکتەرانی نێو ئەفسانانی ڕووسی، ڕەفتاری تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە زۆر ڕووەوە لە بیرکردنەوە و هزرینی ئەمریکاییەکان جیاوازە و چیرۆکەکە لای زۆربەی خوێنەران ناواقیعی و باوەڕنەکردەنیە. ڕەنگە جدیترین کێشە لای خوێنەران ئەو وێنەیەی میرزادە میشکین بێ، کە لە لایەن نووسەرەوە پیشان دراوە و بەرجەستە کراوە. میشکین بەپێچەوانەی هەموو کاراکتەرەکانی دیکەوە، کەسێکە کە دێوانە و گێل و گەوج دەنوێنێ، بەڵام لە واقیعدا، زۆر وریا و زیرەکە. بەڵام واقیعی فێدارییەکەی میرزادە، مەسەلەکە تا ڕادەیەك لە خوێنەر دەئاڵۆزێنێ و پیاو تیادەمێنێ کە ئایا میرزادە بە ڕاستی گەمژەیە یان نا. بەڵام وێڕی ئەمەش، گەمژە وەکو ڕەنگدانەوەیەکی ئەخلاقیات و ڕەفتار و داب و نەریت و فەلسەفەی ئەو ڕۆژگارەی ڕووسیا، ڕۆمانێکی جوان و پڕ عیبرەتە.

میرزاده میشکین، بۆ چارەسەری فێدارییەکەی دەچێت بۆ سویسرا، چوار دانە ساڵ لە نەخۆشخانەیەکی دەرونی دەمێنێتەوەو ئەوسا بۆ پترسبۆرگ دەگەڕێتەوە. لە ڕێی گەڕانەوەدا، لەناو قیتاردا، جل و بەرگە شەپرێو و چرچ و لۆچەکەی سەرنجی ڕێبوارەکانی دی ڕادەکێشێت. یەکێك لە ڕێبوارەکان، بە ناوی پارفیون ڕوگوژین، لەگەڵیا دەکەوێتە پرس و جۆو گفتوگۆ. تا دەگەنە پترسبۆرگ، میرزادە و ڕوگوژین، بە تەواوەتی بە وەزع و حاڵی یەکدی دەزانن، ڕوگوژین پێشنیاز دەکات کە میرزادە لە گەڵ خۆیدا بەرێتەوە و تۆزێك پارەی بداتێ.

لێ میشکین، حەزی لەوە بوو، هەوەڵجار بچێ خۆی بە جەنەڕاڵ یەپانچین بناسێنێ، کە هاوسەرەکەی خزمی دووری میشکین بوو. لە ماڵی یەپانچیندا، جەنەڕاڵ و گانیای کاتبی بینی. گانیا دەعوەتی دەکات کە قسە دەگەڵ دایکیا بکات. میرزادە سەرنجی جەنەڕاڵ، هاوسەرەکەی و هەرسێ کچەکەی ڕادەکێشێت. بێ شێلە و بێلەیی، ساکاری و ڕاشکاوی میشکین دەبێتە مایەی سەرگەرمی خانەوادەکە. زۆری پێناچێت، گاڵتە بە ڕاست ناوی گەمژەی لێدەنەن. ئیدی میرزادە دۆستایەتی و پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەقینەیان دەگەڵدا پەیدا دەکات، گانیا کوڕێکی گەنجی خۆپەرستی هەرزە ڕەفتاری بێ شەرمی ڕوودار بوو، بە تەماحی پارە و پوولەوە مرخی لەوە خۆشکرد بوو کە ئاگلایا یەپانچینی شۆخ و شەنگۆڵ بخوازێت و لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی دەگەڵ ناستاسیادا هەبوو، ناستاسیا ژنێکی گەنجی دڵڕفێن بوو، لە سایەی پیاوێکدا دەژیا کە هیچ خۆشی نەدەویست. ناستاسیا، زۆر هەستیار و تووڕە بوو، بە ڕاستی لەو قسەو قسەڵۆکانەی کە لە دووی دەکران، دوور بوو.

میشکین، هەستی بە بێدەسەڵاتی ناستاسیا برد بوو و دڵی بە حاڵی دەسووتا و بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. شەوێك لە شەونشینی و ئاهەنگێکدا، دوای ئەوەی ناستاسیا وەڕووردەکەوێ، ئەم (میرزادە) پێشنیازی ئەوە دەکات شووی پێبکات و باسی ئەوەی بۆ دەکات کە بەشە میراتێکی چاوەڕوان نەکراوی بەرکەوتووە. ناستاسیا، پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە و پێی گوت حەز ناکات ببێ بە مایەی وێران بوونی ئایندەی ئەو. ئیدی ناستاسیا بە گەڵ ڕوگوژینی دۆستی میرزادە کەوت، کە سەد هەزار ڕۆبڵی دایە (دایە ناستاسیا)

ناستاسیا، لە هەموو کاتێ پتر بووە مایەی ناکۆکی نێوان ماڵباتی یەپانچین و کۆڕ و کۆمەڵەکەیان.(میشکین)ش هیچ نارەحەت نەبوو، بە هەمان ڕووخۆشی و دڵخۆشی خۆیەوە مایەوە. گانیا و ڕوگوژین کێشەکانی خۆیان بۆ باس کرد، تاڵی و بێ شەرمی ژیانی خۆیان بۆ گێڕایەوە و سوێندی وەفاداریان بۆ خوارد. سەرباری ئەوەش، میشکینیان بە جێی متمانە و باوەڕ نەدەزانی و سەنگەری دژایەتیان لێگرت. کاتێ کە ناستاسیا لە ڕوگوژین تۆرا، ڕوگوژین سوێندی خوارد کە گێلە دەکوژێت، چونکە دڵنیایە، ناستاسیا لەبەر ئەوەی بە ڕاستی ئاشقی میشکینە بۆیە تۆراوە و وازی لەو هێناوە. میشکین دوای ماوەیەك، بوو بە قوربانی پیلانێك کە خانەوادەی یەپانچین تیایا شەریك بوون. لە سیناریۆیەکی زۆر قێزەوندا، سەرکەوتووانە، ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە کە کوڕە ناشەرعی و گریمانەییەکەی پافلیشچۆفی لە میراتی قانوونی خۆی

مەحرووم دەکرد. سەلماندی ئەو کەسەی کە میراتەکەی پێدەبڕێ، کوڕی ناشەرعی نیە. ئەوسا بە پێچەوانەی حەزی مەدام یەپانچینەوە، پێشنیازی کرد کە پارە بە یارۆی زیادە خواز بدرێت وببێ بە دۆستی مەدام یەپانچین، میشکینی لە جاران بە گەوجتر لە قەڵەم دا.

ئاگلایا یەپانچین، ژێراو ژێر ئاشقی میشکین بوو. میشکین لە سەرەتاوە گوێی نەدایەو لەخۆی نەدەگرت خۆشەویستی خۆی بۆ بنوێنێ، بەڵام وەختێ کە هەستی ڕاستەقینەی دەرکەوت، مەدام یەپانچین بە زەماوەندی ئەو دووە قاییل بوو، جا بۆ ئەوەی میشکین بە کۆمەڵگەی ئەرستوکراتی پترسبۆرگ بناسێنێ، ئاهەنگ و شەونشینییەکی قورسی سازدا. دایك و کچ، لە ترسی ئەوەی نەبادا میشکین لە ئاهەنگەکەدا پۆتێ بشکێنێ، ئامۆژگاریان کرد کە بە بێدەنگی دانیشێت و بەدرێژایی شەوەکە هیچ قسەیەك نەکات. بەڵام لەکاتی ئاهەنگەکەدا هەر مەدام یەپانچین بوو کە میرزادەی هێنایە قسە، میرزادەش، خێرا دەکەوێتە باسی خۆی. میوانە محافەزەکارەکان سەریان لەم مەسەلەیە سوڕدەمێنێ. بەدەم گەنگەشە و گفتوگۆکانەوە میرزادە، بەر گوڵدانێکی گەورە و بە نرخ کەوت و وەکو بابایەکی گێل و گەمژە لە پارچەکانی ڕادەمێنێ، دوای چەند دەقیقەیەك فێ دەیگرێت و میوانەکان ناچار دەبن بۆ ماڵەکەی خۆی بەرنەوە. خانەوادەی یەپانچین بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لێی زیز دەبن و دەگەڵی سارد دەبن، سەرەنجام مەدام یەپانچین دڵی چاك بوو و جارێکی دی دەعوەتی کرد بۆ ماڵەوە. لەم بەینەدا ئاگلایا کەوتە نامە ناردن بۆ ناستاسیا و دۆستایەتیەکی سەیریان پەیدا کرد. شەوێك ئاگلایا داوای لە میشکین کرد کە پێکەوە بچنە دیدەنی ناستاسیا، لە شوقەکەی ناستاسیا، شەڕێکی توند لە نێوان ئاگلایا و ناستاسیا بەرپابوو، هەردووکیان، داخی خۆیان بە یەکدی ڕشت. لە ماوەی شەڕەکەدا، ئاگلایا بۆ یەکەمجار ئەشقی خۆی سەبارەت بە میشکین بە ئاشکرا دەربڕی. بەدەم شەڕەکەوە ناستاسیا بورایەوە، کە میشکین چووە کۆمەکی، ئاگلایا ئەمەی پێ قووت نەچوو، هەستی کرد کە ئەمە نیشانەی ڕەفز کردنی ئەوە، بۆیە بە تووڕەیی لە ماڵەکە وەدەرکەوت و ڕۆیی.

شەڕی نێوان ئەو دووانە بوو بە کارەساتێك لەو گۆڕە و ماڵباتی یەپانچین دەرگای ماڵەکەی خۆیان لە ڕووی میشکین داخست. ناستاسیا قاییل بوو کە شووی پێبکات و ئیدی کەوتە ئامادەسازی بۆ زەماوەندەکە. بەڵام لە ڕۆژی زەماوەندەکەدا، کاتێ کە میرزادە لە کڵێسادا چاوەڕوانی ئەو بوو، ناستاسیا دەگەڵ ڕوگوژیندا ڕەڤی.

میشکین، کە هێشتا نیگەرانی بێ پەنایی خۆی و خۆشبینی ترسناکی خۆی بوو، هەواڵەکانی بەوپەڕی خوێنساردی وەردەگرت. کاتێ کە ئەو لە خەمی دۆزینەوەی ناستاسیادا بوو، زۆر کەس هەبوون کە گاڵتەیان پێدەکرد، بەڵام خەڵکانێکیش هەبوون، داخیان بۆ دەخوارد.

میشکین، لە کاتی ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەدا، پاڤلوفسکی بەجێهێشت و چوو بۆن شار، لەوێ کەوتە سۆراخ و تاقیبی شوێن و جێگای ناستاسیا. لێ کەس نەیدەزانی لە کوێیە.

ئەنجام لێبڕا کە بچێ بۆ شوقەکەی ڕوگوژین. لەوێ یەکێك لە دەرگاوانەکان پێی ڕاگەیاند کە ڕوگوژین دوێشە و لە ماڵ بووە. میشکین لە حاڵێکا دڵنیا بوو کە دوای دیدار دەگەڵ ڕوگوژیندا دەکوژرێ، هەر درێژەی بە گەڕان و تاقیبکردنی خۆی دا. تا ئەنجام ڕوگوژین لە جادە و بانا بینی

و دەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئەو شوقەیەی کە بە ڕواڵەت ناستاسیا لەوێ خەوتبوو. بەڵام میشکین یەکسەر تێگەیی کە ڕوگوژین کوشتوویەتی.

میشکین، وێڕای نەفرەتی زۆری لە ڕوگوژین، ئەو شەوەی لەوێ دەگەڵ جەنازەکەی ناستاسیا و بکوژەکەیدا بەسەر برد. بۆ سبەینێ دانی بەیانی دۆستانی نیگەرانی ناستاسیا و پۆلیس خۆیان بە شووقەکەدا کرد. دوای پرس و جۆ لە ڕوگوژین و میرزادە، ڕوگوژین ئیعترافی لەسەر خۆی کرد و میشکین بێ تاوان و تەبرێ دەرچوو. میشکین دووبارە بۆ هەمان نەخۆشخانەی دەروونی سویسرا نێردرایەوە، کە جار جارێك خانەوادەی یەپانچین و هەموو دۆستەکانی تری، لەوێندەر سەریان دەدا. سووکە ئومێدێکی کەم هەبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەم فێداریە چاك ببێتەوە.

بڕوانە:

شاهکارهای ادبی جیهان/ ویراسته فرانك نورتن مگیل/ ترجمه امیر اسماعیل ادر/ انتشارات سخن، تهران ١٣٣٨ / ص ٤٩٥-٤٩٩

# بەشی یەکەم

## فەسڵی یەکەم

لە سەعات نزیکی نۆی بەیانی، یەکێك لە دوا ڕۆژەکانی مانگی نۆڤەمبەردا، لە کاتی توانەوەی بەفرو بەستەڵەکاندا قیتاری وارسۆ* بە خێرایی دەهات و لە پترسبۆرگ نزیك دەبووەوە، دنیا تەمومژێکی ئەوەندە سخ‌و چڕ بوو کە تیشکی هەتاو بە ئاسانی نەدەگەییە زەوی، پیاو کەلە پەنجەرەی قیتارەکەوە تەمەشای ڕاست‌و چەپی کردبا، هەر دە شەقاوێك چاوی بڕی دەکرد.

هەندێ لە ڕێبواران، لە هەندەرانەوە دەگەڕانەوە، بەڵام فارگۆنانی نمرە سێ، کە لە هەموو فارگۆنەکانی دی قەرەباڵغتر بوون، پڕ بوون لە خەڵکی ئاسایی کە بە بۆنەی کارو کاسبییەوە سەفەریان دەکردو، لە ڕێگای دوورەوە نەهاتبوون.

گشت ڕێبوارەکان شەکەت‌و ماندوو دیار بوون، خەو گرتبوونی و پێڵوی چاویان قورس بوو بوو،و سیمایان وەکو تەمومژەکەی دەرێ مەیلەو زەرد بوو.

لە فارگۆنێکی نمرە سێ دا، دوو ڕێبوار هەر لە بەیانییەوە لە نزیکی پەنجەرەکەوە، بەرانبەر بە یەکتر ڕۆنیشتبوون.

هەردووکیان گەنج بوون‌و، سیمایان جیاوازو مایەی سەرنج بوو، هیچیان شیك پۆش نەبووو، کەلوپەلێکی ئەوتۆشیان پێ نەبوو. پێدەچوو هەردووکیان حەزبکەن سەری قسان بکەنەوەو دەرگای گفتوگۆ بکەنەوە. ئەگەر لەو دەمەدا بیانزانیبا چەند لە یەکدی جیاوازن، سەریان لەو ڕێکەوتە سەیرە دەسوڕما کە بەو شێوە سەیرە لە فارگۆنێکی نمرە سێی قیتاری (وارسۆ- پترسبۆرگ)دا کۆی کردبوونەوە.

یەکێکیان، گەنجێکی کورتە باڵا، قژ لوولی، قژ ڕەش، چاو کەوەییەکی چاو چکۆلەی نیگا زیتەڵ بوو، لە تەمەنی دەوروبەری بیست‌و حەوتساڵی دا دەبوو، کەپووی پان‌و فس بوو، گۆناکانی زەق، هەمیشە بزەیەکی غەریب بەسەر لێوییەوە بوو، بزەیەکی تەوس ئامێز، لاسارو بە ڕیشخەن. دەموچاوی زۆر ناشیرین بوو، ڕەزای ئەوەندە قورس بوو کە یەکەمجار دەت بینی ڕقت لێی دەبووەوە، بەڵام هەنیەو نێوچەوانی بەرزو جوان بوو، لە تۆ وایە قەرەبووی ڕەزا قورسییەکەی دەکاتەوە. ئەوەی کە لە سیمای ئەم گەنجەدا پتر مایەی سەرنج بوو، ڕەنگە زەردەکەی بوو، ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، هەرچەندە بتەو دیار بوو، بەڵام ڕەنگە زەردەکەی ماندوو و شەکەتی دەنواند، ئەم ڕەنگ زەردییە، دەگەڵ بزە گۆساخ‌و نیگا زیت‌و لە خۆڕازییەکەیدا تێکی نەدەکردەوە.

ئەم پیاوە خۆی لە فەروەیەکی دەڵبی ڕەشەوە پێچا بوو و، نە منەتی بە سەرما بوو و نە سەرمای شەویش کاری تێکردبوو.

بەڵام هاوسەفەرەکەی، کە بەرانبەری دانیشتبوو، دیار بوو کە سەرمایەتیو، تا بەیانی لەبەر سەرمای ئەو شەوە تەڕو شێدارەی مانگی نۆڤبەری ڕوسیادا هەڵلەرزی بوو. ئەم پیاوە قاپووتێکی بێ قۆڵی، کڵاوداری لەبەر کردبوو، وەکو ئەو قاپووتانەی کە زستانان، ڕێبواران، لە وڵاتانی غەیرە روسیایی وەك سویسراو باکووری ئیتاڵیا لەبەری دەکەن. بەڵام ئەم قاپووتە بۆ سەفەری دوورو درێژی وەکو سەفەری نێوان ئایدکونن*و پترسبۆرگ بە کەڵك نەدەهات. ئەم قاپووتە پڕ بە پێستی ئیتاڵیا بوو، بەڵام بۆ کەشو هەوای ڕووسیا دەستی نەدەدا. ئەم پیاوەش، گەنجێکی تەمەن بیستو شەش، بیستو حەوت ساڵان بوو. باڵای کەمێك لە مامناوەندی بەرزتر بوو، گۆناکانی قۆپا بوون، موو زەردێکی تووکن بوو، ڕدێنێکی چکۆلەی کاڵی هەبوو، لە ڕۆشنیدا سپی دەنواند. دوو چاوی درشتی شینی، نیگا هۆشنی هەبوو، کە جۆرە ئارامیو ناسکیو شیرینیەکیان پێوە دیار بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا مەندو غەریب بوون، هەر کەسێکی دنیا دیدە سەیری کردبا، یەکسەر هەستی دەکرد کە خاوەنی ئەم چاوانە پیاوێکی فێدارە. فێی لەگەڵە. وێڕای ئەوەش سیمای ئەم گەنجە ناسكو جوان بوو، دەچووە دڵەوە، بەڵام بەگشتی ڕەنگو ڕوو سیسەڵەو چرچەڵە بوو، تەنانەت لەسەرما شین هەڵگەڕا بوو.

بوخچەیەکی شڕۆڵەی کاڵەوە بووی بە دەستی ڕاستەوە بوو، دیار بوو هەرچی هەیەو نییە لەو بوخچەیەدایە. جووتێ قۆندەرەی بن ئەستووری لە پێ بوو، سەری قۆندەرەکانی لە لباد گیرابوو، ئەم شتانە زۆر لە رووسیادا باو نەبوو.

هاوسەفەرەکەی، گەنجە ئەسمەرە قژ ڕەشە قاپووت لەبەرەکە، بە دیقەت تەمەشای ئەو شتانەی دەکرد. ئەوجا بێدەنگیەکەی شڵەقاند، بەدەم بزەیەکی گۆساخانەوە، لەو بزانەی کە زۆرجار کابرایەکی دڵڕەقی لووتبەرزی خۆپەسند لە ئاستی نەگبەتیو بەڵای خەڵکانی دیدا، دەری دەبڕێت، شانەکانی هەڵتەکاندو پێی گوت:

– سەرمایە، ها؟

هاوسەفەرەکەی بەوپەڕی روو خۆشی بەرسڤی دایەوە:

"زۆر ساردە، ئەمە کاتی بەفر توانەوەیە ئاوهایە ئەگەر کاتی بەفر کەوتنبایە چۆن دەبوو؟ تەسەورم نەدەکرد وڵاتەکەمان ئەوەندە سارد بێ. ئەم سەرمایەم بیر چوو بووەوە!"

– بە ئەقڵم لە هەندەرانەوە دێیتەوە، وا نییە؟

– بەڵێ، لە سویسراوە دێمەوە

گەنجە ئەسمەرەکە، فیکەیەکی کێشاو بە دەم قاقاوە گوتی:

– ئۆو... زۆر دوورە!

کەوتنە گفتوگۆ. گەنجە موو زەردەکە، ئەوەی قاپووتە سویسرییەکەی لەبەربوو، بەوپەڕی رووخۆشیو نیازپاکییەوە بەرسڤی هەموو ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە هاوسەفەرە ئەسمەرەکەی لێی دەکردو هیچ گوێی لەوە نەبوو کە هەندێ لە پرسیارەکان، گۆساخانەو بۆ

رابواردن بوو. بەدەم قسانەوە ئەوەی گێڕایەوە کە چوار ساڵ پترە لە هەندەرانەو بۆ چارەسەری نەخۆشییەکی عەسەبی غەریب، کە جۆرە ڤ‌و پەرکەمێکەو جۆرە لەزرۆکییەکی لەگەڵە. هاوسەفەرەکەی بەدەم گوێگرتنەوە چەند جارێك تەوسخەنی بە ڕوویاداو تەنانەت کە لێی پرسی:"باشە، چاکیان کردیتەوە؟" و کوڕە مووزەردەکە بەرسڤی دایەوە: "نەخێر، چاکیان نەکردمەوە!" گەنجە ئەسمەرەکە بەدەم قاقای پێکەنینەوەو بە تەوسەوە گوتی:

– ئێ... مەگەر خوا بزانێ چەندیان پارە بە خۆڕایی لێ سەندوویت! کەچی لەبەر گێلی و نەزانی خۆمان ئەوپەڕی باوەڕو متمانەمان پێیان هەیە!

پیاوێکی دی، کە لە نزیکیانەوە دانیشتبوو، هەڵیدایە:

– ڕاستە، قسەیەکی دروستە!

ئەم پیاوە کەسێکی شڕپۆش بوو، تەمەنی هەر چل ساڵێك دەبوو، بە دیمەنیا لە فەرمانبەرێکی بچووك دەچوو. کابرایەکی تۆکمەی بە داروبار بوو، کەپوو سورێکی دەموچاو زیپکاوی بوو.

کابرا دووبارەی کردەوە:

– بەڵێ، دروستە. دەیانەوێ هەرچی سەروەت‌و سامان‌و پارەو پولی رووسیا هەیە، بۆ خۆیانی بکێشنەوە!

گەنجە نەخۆشەکە، بە دەنگێکی نەرم‌و ناسك‌و ئاشتی خوازانە وەڵامی دایەوە.

– نەخێر، تۆ هەڵەیت، بەلای کەمەوە سەبارەت بە مەسەلەکەی من هەڵەیت. هەڵبەتە من ناتوانم گەنگەشەی ئەم مەسەلەیە بکەم، چونکە من ئاگام لە هەموو شتەکان نییە. بەڵام ئەوەندەی شتەکە پەیوەندی بە منەوە هەیە، دکتۆرەکەم دوا پولی سەفەرەکەی بۆ داوم، ئەمە جگە لەوەی کە دوو ساڵی رەبەقی بە خۆڕایی، لە کیسەی خۆی مالیجەی کردووم.

گەنجە ئەسمەرەکە هەڵیدایە:

– بۆ! چما کەس نەبوو بتوانێ پارەی چارەسەرەکەت بۆ بدات؟

– نەخێر کەس نەبوو! چونکە جەنابی بافلیشچوف کە مەسرەڤ مانەوەی منی لەوێندەر، دەکێشا، نزیکەی دوو ساڵ بوو مرد بوو. هەنگێ نامەم بۆ خا جەنارالێ یەپانچین کە خزمێکی دووری خۆم بوو، نووسی کە فریام بکەوێ‌و یارمەتیم بدات، بەڵام وەڵامی نەدامەوە. ئیدی ئەوەتا ناچار بووم بگەڕێمەوە!

– باشە بە تەمای بۆ کوێ بڕۆیت ؟

– مەبەستت ئەوەیە بە تەمام لە کوێ لا بدەم؟.. لە کوێ بژیم؟... باوەڕ بکە... هێشتا نازانم!..

– یانی هێشتا بڕیارت نەداوە ؟

هەردوو گوێگرەکە، لە قاقایان دا. گەنجە ئەسمەرەکە پرسی:

– ئەدی ئەم بوخچەیە چیە، رەنگە ئەمە هەموو موڵك‌وماڵەکەت بێت!

فەرمانبەرە کەپوو سۆرەکە، بەوپەڕی شادییەوە هەڵیدایە:

– گرەو دەکەم وایە! هیچ جانتاو شتێکی ترت لە نێو ئەم فارگۆنەدا نییە. بە هەر حاڵ هەژاری عەیب نییە!

که گەنجە موو زەردەکە بەوپەڕی ئەدەبەوە قسەکانی کابرای فەرمانبەری سەلماند، دەرکەوت که هەرچی هەیەو نییە،دارو نەداری هەر ئەو بوخچەیەیەو لەو بوخچەیەدایە!

فەرمانبەرەکە، پاش ئەوەی لەگەڵ کوڕە ئەسمەرەکەدا بە دوو قۆڵی تێر پێکەنین — سەیر ئەوە بوو خاوەنی بوخچەکەش کە سەیری ئەوانی دەکرد، ئەنجام کەوتە پێکەنینو ئەمە هێندەی دی ئەوانی هێنایە پێکەنین— لەسەری ڕۆیی:

— بەڵام وێڕای ئەوەش بوخچەکەت بایەخی خۆی هەیە. ڕاستە پیاو دەتوانێ مەرج بکات کە سکەی زێڕی تیا نییە، نە سکەی زێڕی ناپلیۆن، نە سکەی زێڕی فردریكو نە سکەی زێڕی هۆلاندی تیا نییە، پیاو یەکسەر بە لبادی دەوری پێڵاوە بیانیەکانتا ئەوەی بۆ دەردەکەوێ. بەڵام ئەگەر ڕاست بێ‌و خزمایەتیت دەگەڵ خاجەنەراڵ یەپانچیندا هەبێ، هەنگێ بوخچەکەت بایەخێکی گەورە پەیدا دەکات. هەڵبەتە ئەگەر لێت تێك نەچوو بێ‌و بە سەهوو خەیاڵ خات جەنەراڵت نەکردبێ بە خزمی خۆت. زۆر جار شتی وا دەبێت... ئیدی پیاو خەیاڵی دەڕوات و بۆ نموونە بە باڵی خەیاڵ دەفڕێت!...

گەنجە موو زەردەکە، هەڵیدایەو گوتی:

— هەق بە تۆیە! ڕاست دەکەی! وا بزانم من هەڵەم. خا جەنەراڵ. هەر بە حاڵ خزمم دەبێ‌و نابێ، بۆیە هیچ پێم سەیر نەبوو کە وەڵامی نەدامەوە. چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە وەڵام نەداتەوە .

— کەواتە پارەی پۆستکردنی نامەکەت بە فیڕۆ چوو، ها!... دەی گوێ مەدەیە، هیچ نەبێ گلەیی ئەوەت لێناکرێ کە پیاوێکی سادەو ساکارو بێگەردو ڕاستگۆنیت. ئەمانە خەسڵەتی جوانن، شایەنی ستایشن. ها!... سەبارەت بە خا جەنەراڵ یەپانچین من دەیناسم، چونکە کەسێکی زۆر ناسراوو بەناوبانگە. بەڵام سەبارەت بە مەڕحوم بافلیشچوف، کە لە سویسرا مەسرەفی دەکێشایت، ئەویشم دەناسی، هەڵبەتە ئەگەر مەبەستی تۆ نیکولا ئاندریفیچ بافلیشچوف بێ، چونکە دوو ئامۆزا بە هەمان ئەو ناوەوە هەبوون. یەکێکیان تا ئێستاش لە قرم دەژی، بەڵام مەڕحوم نیکولا ئاندریفیچ، پیاوێکی بەڕێزو خاوەن دەسەڵاتو دەستڕۆ بوو، لە سەردەمو ڕۆژگاری خۆیدا چوار هەزار ڕەعیەتی هەبوو... بەڵێ...

گەنجە موو زەردەکە، کە بە حەپەساویو کونجکاوی دەیڕوانیە ئەو کابرایەی کە پێدەچوو هەموو شتێك بزانێت، و گوتی:

— بەڵێ ئەوە! دروستە ناوی نیکولا ئاندریفیچ بوو.

ئەم جۆرە خەڵکە هەموو شتزانە، نەك جارجاریێ، بەڵکو زۆرجار لە نێو هەندێ توێژی کۆمەڵایەتی تایبەتیدا دەبینرێن.. ئەوانە هەموو شتێك دەزانن، چونکە زۆر فزوڵین و هۆش‌و گۆشیان بە یەك ئاراستەدا کار دەکات، دیارە ئەمە بە گوێرەی لێکدانەوەی هزرڤانانی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ کارو خەمێکی جددیان نییە کە مێشکیان مژوول بکات. جا ئێمە کە دەڵێین "ئەوانە هەموو شتێك دەزانن" دەبێ ئەوە بزانین کە مەیدانی زانین و زانیارییەکانیان سنووردارو تەنگە. زانیارییەکانیان لە بازنەو چوارچێوەی ئەم جۆرە شتانەدایە: فلان فەرمانبەری گەورە لە کوێ کار دەکات، پەیوەندییەکانی چییەو چۆنە، چەندی سەروەتو سامان هەیە، لە چ

شارو دەڤەرێکدا فەرماندار بووە، کێ ژنیەتی، ئەو جیاوازیەی ژنەکەی بۆی هێناوە چەندە، کوڕە مامو خاڵەکانی کێن، کێ خزمی خەزووری سەپانی شێخێتیو... هتد، ئەوانە هەر هەموو ئەو شتانە بە باشی دەزانن. جا ئەم (هەموو شت زانانە) بە زۆری خەڵکانێکی فشەکەری فیشاڵبازی لاتو لەوێرنو مووچەو دەرامەتی مانگانەیان لە هەڤدە ڕۆبلان تێناپەڕێت. هەڵبەتە ئەو خەڵکانەی، ئەم (هەموو شت زانانە) هەموو شتێکیان دەربارە دەزانن، بە خۆیشیان نازانن، بە چ نیازێ ئەو زانیارییانە دەربارەی وان کۆ دەکەنەوە. بەڵام زۆربەی ئەوانە گوایە هەموو شتێك دەزانن، زۆر بەم مەعلوماتانەی خۆ دەنازنو بە زانستی ڕاستەقینەو بێ چەندو چوونی دەزانن و بە مایەی ڕێزو حورمەتی خۆیانی دەزانن و لەزەتێکی روحیو دەروونی گەورەی لێدەبینن و ئارامیو ئاسوودەییەکی فیکری گەورەیان پێدەبەخشێت. بە کورتیەکەی شتێکی موغریو فریبۆکە. من زانایان، ئەدیبان، شاعیرانو سیاسەتوانانم دیتووە کە لە ڕێگەی ئەم جۆرە زانیارییەوە گەییوونەتە ئاواتو ئامانجی بەرزو ئاسوودەیی روحیو ئارامی دەروونی خۆیان لەمەدا دیتووەتەوەو، بە هۆی ئەمەوە لە بواری کاری خۆیاندا گەییوونەتە پۆستو پایە.

بە درێژایی ئەم گفتوگۆیە، گەنجە ئەسمەرەکە هەر باوێشکی دەدا، بێ ئامانجو مەبەست لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرێ. دیاربوو پەلەیەتی کە بگاتە جێ. پەریشان، زۆر پەریشانو نیگەران دەهاتە بەرچاو، ئەوەندە خەمین بوو، کە ڕەفتاریشی غەریبو نا ئاسایی دەینواند. وا دەهاتە بەرچاو کە گوێ دەگرێ، بەڵام هیچی نەدەژنەوت. هەندێجار دەتگوت تەمەشا دەکات، بێ ئەوەی هیچ ببینێ، ئەوسا بەبێ هیچ هۆیەك دەکەوتە پێکەنین.

کابرای دەموچاو زیپکاوی، لە ناکاو ڕووی کردە گەنجە موو زەردە بوخچە بە دەستەکەو گوتی:

– ببورە... دەکرێ بزانم جەنابت کێی؟

گەنجە موو زەردەکە، بە کەسەرو بە دڵێکی پاکەوە بەرسڤی دایەوە:

– من میرزادە (لیون نیکولایوفیچ میشکین)م

فەرمانبەرەکە، ماتو خەیاڵاوی گوتی:

– میر میشکین، لیون نیکولایوفیچ میشکین؟ نایناسم، ئەم ناوەم نەبیستووە... قەت بەرگوێم نەکەوتووە. هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم ناوەم نەبیستووە، ئەمە ناوێکی مێژوویيە* و لە مێژووەکەی کارامازیندا* ناوی هاتووە. نا، بەڵکو مەبەستم تۆیە. پێموایە ئەمڕۆ لە هیچ شوێنێکدا کەس ناوی ماڵباتی میرانی میشکین نایەنێ،و بنەماڵەکەیان کوژاوەتەوەو ناویان لە کولەکەی تەڕیشدا نەماوە.

میرزادە، بە پەلە هەڵیدایەو گوتی:

– دروستە! جگە لە من کەسیان نەماوە، جگە لە من هیچ میرێکی دی بەو ناوەوە نییە. دڵنیام من دوا نەفەری ئەو ماڵباتو بنەماڵەیەم. بابو باپیرانی من خەڵکانێکی دەوڵەمەند نەبوون، بەڵکو لەو وردە موڵکدارانە بوون کە زەویو زارەکانیان بە خۆیان ڕەعەمەلدێناو دەیان کێڵاو... بەڵام بابم مولازم دووەمی سوپا بوو، دەرچووی کۆلیجی جەنگ بوو. جا بە ڕێکەوت خات

جەنەراڵ(یەپانچین)ش لە بنەماڵەی میرانی میشکینە، ئیدی نازانم ئەمە چۆنەو چۆن بووە!ئەویش دوا بەرەی تیرەی خۆیەتی.

کابرای فەرمانبەر بەدەم قاقایەکی تەوسامێزەوە گوتی:

– ها، ها، ها! دوا بەرەی تیرەی خۆیەتی! ها، ها، ها! بەڕاستی وشەبازێکی بە توانای.

یارۆی ئەسمەریش پێکەنی. لێ یارۆی موو زەرد، سەر سامی ئەوە بوو، کە توانی بووی ئەو گەمەیە – با زۆریش سەرکەوتوو نەبووبێ– بە وشەکە بکات. دوای تۆزێ لەسەری رۆیی:

– باوەڕ بکە، من ئەو قسەیەم هەروا، بێ هیچ مەبەستێك و بێ بیرکردنەوە، کرد!

فەرمانبەرەکە بە دەم بزەیەکەوە بۆی سەلماند:

– بەڵێ، بەڵێ، هەستم پێکرد!

کابرای ئەسمەر لە ناکاو لێی پرسی:

– باشە میرزادە بڵێ بزانم، تۆ لەوێ هیچ لە مامۆستاکەتەوە فێر بوویت؟ هیچت خوێندووە؟

– ئەی مانای چی...

– بەڵام من قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ کەسێك هیچی فێر نەکردووم....

میرزادە، بەنیمچە پۆزشێکەوە گوتی:

– بە هەرحاڵ، من کەمێکم خوێندووە، ئەویش بە پچڕ پچڕی! بە هۆی نەخۆشییەکەمەوە، دەیانگوت بەکەڵکی خوێندنی بەردەوامو بە زەبتو ڕەبت نایەم!

یارۆی ئەسمەر لە ناکاو پرسی:

– باشە تۆ بنەماڵەی روگوژین دەناسیت؟

– نەخێر، نایانناسم. بە هەرحاڵ من لە رووسیادا خەڵکێکی زۆر کەم دەناسم. روگوژین، ناوی تۆیە ؟

– بەڵێ، من (روگوژین)م، پارفیون روگوژین–م.

فەرمانبەرەکە، بە بایەخێکی زۆرەوە هەڵیدایەو گوتی:

– پارفیون ؟ راوەستە... یانی تۆ یەکێکی لە بنەماڵەی ئەو روگوژینەی کە...

یارۆی ئەسمەر قسەکەی پێ بڕی:

– بەڵێ، یەکێکم لەوان، لەوان بە خۆیان.

یارۆی ئەسمەر، لە هەوەڵی گفتوگۆکەوە دەگەڵ میرزادەدا، تا ئەو کاتە زاری لە زاری فەرمانبەرە کەپوو سۆرەکە نەگەڕابوو.

فەرمانبەرەکە سەرسامو حەپەساو چاوی تێ بڕیو گوتی:

– بەڵام... سەیرە... شتی وا دەبێ ؟

هەنگێ سیمای گۆڕا، نەك هەر ڕێزو حورمەت، بەڵکو نیگەرانیو ماستاوچیەتیو ترسیشی لێدەباری،و لەسەر قسەکەی خۆی رۆیی.

– تۆ خزمی سیمون پارفیونوفیچ روگوژین، نیت، ئەو بورژوا فەخرییە ویراسیەی* کە نزیکەی مانگێك لەوە پێش مردو دوو ملیۆن و نیو، ڕۆبڵی لە پاش بە جێ ما؟

روگوژین، به تەوسەوەو بێئەوەی لە خۆی بگرێ تەمەشای بکات، گوتی:

– تۆ لە کوێ دەزانی دوو ملیۆن‌و نیوی لە پاش بەجێماوە؟

ئەوسا چاوێکی لە میرزادە داگرت‌و لەسەری ڕۆیی:

– ئەمانە سەیرن! بڵێ ئێوە هەقتان بەسەر خەڵکییەوە چییە، چیتان پێدەبڕێت وا دەکەونە تاقیبی ئەو خەڵکە؟ ڕاستە بابم مانگی ڕابردوو مرد. من حاڵی حازر، کە یەك مانگ دواکەوتووم، لە پسکۆفەوە دێم. تەماشای حاڵی شەپڕێوم بکە، هەر بە ناو پێڵاوم لە پێدایە، باوەڕ بکە خاوەنی دینارێکی خۆم نیم. نە برا خوێڕی‌و خوانەناسەکەم‌و نە دایکم، نە تاقە پولێکیان بۆ ناردم و نە بەنامەیەکی دوو دێڕی ئاگاداریان کردمەوە! هەر بە سەگیانیش نەزانیم! یەك مانگی ڕەبەقە لەپسکوف، بە دەم لەرزوتاوە لە جێدا کەوتووم.

فەرمانبەرەکە دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردنەوە و گوتی:

– جا ئێستا بەلای کەمەوە لە عەردێکا یەك ملیۆن‌و بگرە زیاتریش وەردەگریت! خوا نەیبڕێت!

روگوژین بە توڕەیی دەستەکانی جوڵاندو گوتی:

– ئەریٚ من ناڵێم تو بیڵێ، بەوچی، ئەمە چی پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە؟ خۆ ئەگەر خۆت باویتە سەر دەست‌و لاقیشم تاقە قروشێکت نادەمێ!

– من ئەوە دەکەم، خۆم داوێمە سەر لاقت، چ دەڵێی؟

– تۆ تەمەشای ئەم پیاوە! پێمگوتیت هیچت نادەمێ، ئەگەر یەك هەفتەی تەواو لە بەردەمما بڕەقسیت‌و سووڕم بۆ بدەی تاقە قروشێکت نادەمێ!

– کەیفی خۆتە! مەمدەیە! هیچم مەدەیە، من شایستەی ئەوە نیم هیچم بدەیتێ. بەڵام من هەر بۆت دەڕەقسم. سووڕت بۆ دەدەم. ژنەکەم، منداڵە بچووکەکانم بەجێ دێڵم، و دێم لەبەر دەمت دەڕەقسم، لەبەر خاتری تۆو بۆ خۆشی تۆ هەموو کارێك دەکەم، هەر بۆ خۆشی تۆ...

گەنجە ئەسمەرەکە، بە قێزەوە تفێکی ڕۆکردە زەوی‌و گوتی:

– عەمرت نەمێنێ، داوەشێی!

ئەوجا ڕووی دەمی کردە میرزادە:

– پێنج هەفتەیەك بەر لە ئێستا، ڕێك وەکو ئێستای تۆ بووم. بەخۆو پریاسکەیەکی بچووکەوە، لەماڵی بابم هەڵاتم‌و چووم بۆ لای پورم لە شاری پسکوف. لەوێندەر نەخۆش کەوتم، لەو ماوەیەدا بابم مرد! سەکتە لێی دا! ڕەحمەت لە گۆڕەکەی! باوەڕبکە ئەگەر فریای خۆ نەکەوتبام‌و هەڵنەهاتبام، بەگیانی ئەو میرزادەیە دەیکوشتم!

میرزادە، کە بە کونجکاوی دەیڕوانییە ئەم ملیۆنێرە فەروەکۆنە، بەوپەڕی هێمنی گوتی:

– دیارە توڕەت کردووە، وا نییە؟

هەر چەندە ئەم میراتەو ئەم ملیۆنە، جێگەی بایەخ بوون، بەڵام میرزادە سەری لە شتێکی دی، لە شتێکی جیاوازتر سووڕما بوو. لەلایەکی تریشەوە روگوژین، هاونشینی‌و هاودەمی میرزادەی پێ خۆش بوو و متمانەی پێی هەبوو. وێڕای ئەوەش پیاو هەستی دەکرد وەکو پێویستیەکی میکانیکی نەك پێویستیەکی دەروونی قسانی دەکرد. بۆ ڕەواندنەوەی تەنیایی خۆی نەك بۆ

دواندنی بەرانبەرەکەی قسەی دەکرد، جۆرە خەم‌و پەژارەیەك بۆ قسەکردنی هاندەدا، تەنیا لەبەر ئەوە قسەی دەکرد کە هاودەمێکی هەبێت. گرینگ ئەوە بوو قسان بکات. دیاربوو کە هێشتا تایەکە بەری نەدا بوو و، وڕێنەی دەکرد.

بەڵام فەرمانبەرەکە، هەناسەی لە خۆی بڕی بوو، ریاکارانە چاوی بڕی بووە دەمی روگوژین‌و بۆ تاقە ساتێك نەی دەگواستەوە، هەر وشەیەکی ئەوی بەجۆرێ هەڵدەسەنگاند وەکو ئەوەی مرواری بن.

– بۆ تۆڕە بوون، ئەگەر بڵێی تورە بوو. هەڵبەتە نەهەقیشی نەبوو. بەڵام تاوانباری گەورە لە هەموو مەسەلەکەدا براکەم بوو. دایکم هیچ خەتایەکی نەبوو، گلەیی لێناکرێت، پیرەژنێکە هەمیشە سەری لەبەر خۆ ناوەو خەریکی خوێندنەوەی کتێبی دوعاو وێردو ژیانی پیاوچاکان‌و خواناسانە. رۆژ تا ئێوارێ دەگەڵ پیرەژنانی هاوتەمەنی خۆیدا خەریکی قسانە. سێمونی برام هەمە کارەی ماڵەکەیە، قسە، قسەی ئەوە، بڕیار، بڕیاری ئەوە. بەڵام بۆچی خەبەریان نەدامێ؟ شتەکە دیارە! ڕاستە من لەو کاتەدا هۆشم بە خۆ نەبوو. دەڵێن گوایە بروسکەیەکیان بۆ ناردبووم. بەڵام بروسکەکە گەیی بووە دەستی پورم. پۆرم، کە سی ساڵ بوو بێوەژن بوو، هەموو کاتی خۆی، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ دەگەڵ ژنانی شێتۆکەدا، بە باسی مەسیح دەبردە سەر. راستە پورم ڕەبەنیتە نییە، لەو ژنانە نییە پێیان دەگوترێت ڕەبەنیتە، بەڵام هەزار خۆزگە بە ڕەبەنیتە. کە بروسکەکە دەبینێ زارەتەرەك دەبێت، بێئەوەی بیکاتەوە، رێك دەیبات بۆ پۆلیسخانە، کە تا ئێستاش هەر لەوێندەرە. ئەوەی کە یارمەتی دام تەنیا ڤاسیلی ڤاسیلیوفیچ کونیف بوو کە نامەی بۆ ناردم‌و لە هەموو شتێك ئاگاداری کردمەوە. نووسی بووی کە براکەم هەموو شەوەکەی بەوە بردبووە سەر کە ڕیشوە زێڕەکەکانی، چەرچەفە زێڕبافەکانی سەر تابووتەکەی بابمی بڕی بوو، بەو بیانووەی کە زۆر "گران قیمەتن". دەزانی ئەگەر بمەوێ دەتوانم هەواڵەی سیبریای بکەم، چونکە ئەم کارە پێشێل کردنی موقەدەساتەکانە!...

روگوژین (گەنجە ئەسمەرەکە) دوای ئەو قسانە رووی کردە فەرمانبەرەکەو لەسەری رۆیی:

– ئەهای داهۆڵەفەنی! یاسا چ دەڵێ؟ ئەمە پێشێلکردنی موقەدەسات نییە؟

فەرمانبەرەکە، بە خۆشحاڵییەوە بۆی سەلماند:

– بێگومان، پێشێلکردنەو ئەولاتریش!

– یانی شایەنی ئەوەیە هەواڵەی سیبریا بکریت، وانییە؟

– راستە، هەواڵەی سیبریا بکرێت، قۆڵبەست بکرێ‌و یەکسەر هەواڵەی سیبریا بکرێت!.

روگوژین، رووی کردەوە میرزادەو لەسەری ڕۆیی:

– ئێستا هەموویان وا دەزانن من هێشتا نەخۆشم، بەڵام من بێئەوەی بە کەس بڵێم، یان کەس لە هیچ شتێك ئاگادار بکەمەوە، سەرباری ئەوەی هێشتا هەر نەخۆش‌و بێتاقەتم، سواری قیتار بووم، هاتووم تا غافڵگیریان بکەم! ئیدی ئەی برا ئازیزەکەم، سیمون سیمیونوفیچ–ی ئازیز! لەسەرتە دەرگام لێ بکەیتەوە، پێشوازیم بکەیت! من چاك دەزانم کە بابمی لێپڕدەکردم، لێمی تیژ

دەکرد! جا لێرەدا پیاو هەق بڵێ، من بە حەقیقەت لەبەر خاتری ناستاسیا فیلیپوڤنا، بابم زۆر ئەزیەت دا، ئەمە حەقیقەتە. لەوەدا هەر من خەتابار بووم. شەیتان لە خشتەی بردم!

فەرمانبەرەکە، ڕیابازانە قسەکەی ئەوی دووبارە کردەوەو وەکو یەکێك چینە لە یادگەی خۆی بکاتو شتێك وەبیر بێنێتەوە پرسی:

– لەبەر خاتری ناستاسیا فیلیپوڤنا ؟

روگوژین، بە توڕەیی بە ڕوویا هەڵشاخیو گوتی:

– فشە مەکە، تۆ هیچ شتێکی دەربارە نازانیت! هەر نای ناسیت!

فەرمانبەرەفەنی، بە سیمایەکی سەرکەوتووانەوە بەرسڤی دایەوە:

– با، دەیناسم!

– وازبێنە، چی زۆرە، ئافرەتی ناستاسیا ناو، لە دنیادا زۆرە! بەڵام تۆ، با ڕێكو ڕەوان پێت بڵێم، کە پیاوێکی روودارو زۆر زۆر بێ شەرمی.

ئەوجا رووی کردە میرزادە و لەسەری ڕۆیی:

– ئا... پێشوەختە دەمزانی، پێشوەختە دەمزانی کە تووشم دەبێت بە تووشی کابرایەکی وەکو ئەمەوە!

کابرای فەرمانبەر بە پەلە دووبارەی کردەوە:

– زۆر لەگینە بیناسم. لیبدیڤ هەموو شتێك دەزانێ. جەنابت گلەیی لە من دەکەیت کە نایناسم، هیچی لە بارەوە نازانم، ئەدی ئەگەر ناسیم، کەواتە با بۆتی باس بکەم: ئەم ناستاسیا فیلیپوڤنایە، هەمان ئەو ژنەیە کە بابت لەسەر وی بە دارعاسا گۆیژەکەی دارکاری کردیتو، ناوی شۆرەتو خانەوادەیی ئەو ژنە پاراشکوفایە. لە بنەماڵەیەکی بەڕێزو حورمەتە، ئەویش لە پێستی خۆیدا، دۆتمیرێکە بۆ خۆی، ئەوە یەك. دوو، پەیوەندی بە پیاوێکەوە هەیە ناوی توتسکی، ئافاناسی ئیڤانوفیچ توتسکییە و، جگە لەو پەیوەندی بە هیچ کەسێکی دیکەوە نییە. ئەم پیاوە یەکێکە لە مەلاكو سەرمایەدارە گەورەکان، چەندین کۆمپانیا بەڕیوە دەبات، دۆستایەتیەکی نزیکی دەگەڵ جەنەراڵ یەپانچین دا هەیە...

روگوژین، بە سەرسامییەکی زۆرەوە گوتی:

– عەجایەب! لەوە دەچێ تۆ بەڕاستی ئاگات لە هەموو شتێك هەبێت! شەیتان بە نەحلەت بی! بەڕاستی دەیناسێت، هەموو شتێك دەزانێت!

– هەموو شتێك! لیبیدیڤ هەموو شتێك دەزانێت! جا جەنابی بەڕێز، با ئەوەشت عەرز بکەم، من لەو دواییانەدا دوو دانە مانگی خشت، هەرچی شوێن هەیە لەگەڵ لیخاچوفدا، ئالکسی لیخاچۆف دا وەکو دەلیلو ڕێنوێن گەڕاوم. ئەویش بابی لە دەست دابوو. بەو حیسابەی من هەموو پەناو پەسێرانو، کونو کەلەبەران شارەزام، وای لێهات نەیدەتوانی بەبێ لیبدیڤ تاقە هەنگاوێك بنێت. حاڵی حازر، لەبەر قەرزداری لە زنداندایە. ئیدی لەو گەشتو گەڕانەماندا هەلی بۆ هەڵکەوت کە ئاشنایەتیو میانە دەگەڵ ئارمانس، کورالی*، دۆتمیرپاتکایەو، ناستاسیا ڤیلیپوڤناو زۆر ئافرەتی دیکەدا پەیدا بکات.

روگوژین، که لێوەکانی زەرد هەڵگەڕان و کەوتنە تەتەڵە، نیگایەکی توڕەی کرد و گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا؟ مەبەست ئەوەیە پەیوەندی دەگەڵ لیخاچۆف دا هەبوو؟

لیبیدیڤ، بەلەز بەرسڤی دایەوە:

– نا، نا، هەرگیز شتی وا نەبووەو نییە! لیخاچۆف، بە هەموو دەوڵەمەندییەکی خۆیەوە، قەت رۆژێ لە رۆژان نەیتوانی بەو مەرامە بگات کە دەیویست . ناستاسیا، وەکو ئارمانس نەبوو. تەنیا پەیوەندی دەگەڵ توتسکی دا هەبوو، جگە لە توتسکی پەیوەندی دەگەڵ هیچ پیاوێکی تردا نەبوو. هەموو شەوێك لە لۆژەکەی خۆیدا لە شانۆ، ئیدی (ئۆپرای گەورە) یان (شانۆی فەرەنسی)دا دادەنیشێت. باکی بەوە نییە کە ئەفسەرەکان لە بەینی خۆیاندا چی پێ دەڵێن و چۆنی باس دەکەن، چونکە ناتوانن هیچ لەکەیەکی پێوە بنەن، هیچ شتێکی لەسەر بکەن بە ماڵ. ئەوپەڕەکەی دەتوانن بڵێن: ئەوەتا! تەمەشا! ئەوە ناستاسیا فیلیپۆنای بەنێوبانگە! لەوە زیاتر ناتوانن هیچی تر بڵێن، چونکە هیچ زەمێکی تری پێوە نییە!

روگوژین، برۆکانی وێکهێنایەوە، چارەی گرژ کردو گوتی:

– دروستە، وایە (زالیوژیڤ)ش کاتی خۆی هەمان شتی بۆ گێڕامەوە. لە بیرمە رۆژێك بە شەقامی نفسکیدا ڕێم دەکرد، کۆنە پاڵتۆیەکی بابم لەبەر بوو، سێ ساڵ بوو هەر ئەو کۆنە پاڵتۆیەم لەبەر بوو، کە دیتم خانم لە موغازەیەکەوە دەرکەوت و چوو سواری گالیسکەکەی بێت، تف ڕاکە بەرەو پیری، هەر کە دیتم هەستم کرد ئاگرێکی بێ ئامان بەربووە جەستەو هەناوم. دوای ئەوە رێکەوتی (زالیوژیف)م کرد. زالیوژیف وەکو من نەبوو. رێك و پێك و شیکپۆش ، دەتگوت شاگرد بەربەرە، عەینەکێکی یەك چاوی لە چاو کردبوو. کەچی ئێمە لە ماڵی بابماندا پێڵاوە شڕمان لە پێ دەکرد، خواردنمان شۆربای کەلەرم بوو. زالیوژیڤ پێی گوتم: "ئەم ژنە خواردنی خەڵکی وەکو تۆ نییە. ئەمە دۆتمیرە*. ئەمە ناوی ناستاسیا فیلیپۆڤنایەو ناوی شۆرەت و خانەوادەییشی پاراشکوفایە. لەگەڵ توتسکیدا دەژی. ئەم توتسکییە داماوە نازانێ چۆن خۆی لە دەستی رزگار بکات. ئاخر چووەتە ساڵەوە، تەمەنی –پەنجاو پێنج ساڵە– دەیەوێ دەگەڵ جوانترین ئافرەتی پترسبۆرگدا زەماوەند بکات!

ئەوجا زالیوژیڤ کەوتە ئەوەی قەناعەتم پێبکات کە من دەتوانم شەوێ ناستاسیا فیلیپوڤنا لە لۆژەکەی خۆیدا، لە (شانۆی گەورە)دا کە ئەمشەو شانۆنامەیەکی بالێی تیا پێشکەش دەکرێت، ببینم. بابم قەت رێی نەدەداین بچینە بالێ. ئەگەر داوای شتی وامان کردبا، بێگومان بە کوشتن دەیکوشتین! بەو حاڵەشەوە من توانیم بۆ ماوەی سەعاتێك خۆم بدزمەوە. جارێکی دیکە ناستاسیا فیلیپوڤنام دیتەوە. ئەو شەوە هەتا بەیانی خەو نەچووە چاوانم. بەیانییەکەی، بابی رەحمەتیم دوو کۆمپیالەی دامێ کە هەر یەکێکیان بایی پێنج هەزار رۆبڵ بوو، گوتی: برۆ بیانفرۆشە. پاشان بچۆ بۆ نووسینگەکەی ئاندرییڤ و قەرزێکی حەوت هەزارو پێنج سەد رۆبڵی لامانە بیدەرەوەو بە پەلەو بێ دواکەوتن باقیەکەم بۆ بێنەوە. لە ماڵەوە چاوەڕوانت دەکەم. هەردوو کۆمپیالەکەم فرۆشت، پارەکەم وەرگرت، بەڵام نەچووم بۆ لای ئاندرییڤ، بەڵکو یەکڕاست چووم بۆ (موغازەی ئینگلیزی)، جووتێ گوارەم هەڵبژارد کە هەر یەکەیان ئەڵماسێکی بەدرشتی

بوندقێکی پێوه بوو. هەر دەهەزار رۆبڵەکەم داو هێشتا چوار سەد رۆبڵی کەم بوو، بەڵام کە ناوی خۆم گوت یارۆی بازرگان باوەڕی پێکردمو قاییل بوو. گوارەکانم بردو یەکڕاست چووم بۆ لای زالیوژیڤو پێم گوت: "دەی هاوڕێ با بڕۆین بۆ لای ناستاسیا فیلیپوڤنا!" . بە دوو قۆڵی کەوتینە ڕێ. وام لێهاتبوو هەستم نەدەکرد بەسەر عاردیدا دەڕۆم، دەوروبەری خۆم نەدەبینی و یەکسەر خۆمان بە هۆڵی پێشوازییەکەی ئەودا کرد! بە خۆی هاتە پێشوازیمان، لێ من لەو ساتەدا زاتم نەکرد خۆمی پێ بناسێنم. بەڵام زالیوژیڤ گوتی: "ئەمە دیاریی پارفیون روگوژینە، بەو بۆنەیەوە کە دوێنێ تۆ بینیوە، جا تکام وایە بە لوتفی خۆت قەبووڵی بکەیت." ناستاسیا، قوتووەکەی کردەوە، نیگایەکی وردی گوارەکانی کرد، ئەوجا بە دەم بزەیەکەوە گوتی: "بێ زەحمەت بە ناوی منەوە، لە جیاتی من سوپاسی هاوڕێکەت ئاغای روگوژین بکە، بۆ ئەو زەحمەتەی کێشاویەتی!" ئەوجا خوا حافیزی لێکردینو ڕۆیی. خۆزگە ئەو رۆژە دەمردمو بەرم بەدواوە نەدەکرد، نازانم بۆچی ئەو رۆژە نەمردم! ئەلهەقی من وا چوو بووم کە بە زندوویەتی نەگەڕێمەوە. ئەوەی لە هەموو شتێك پتر تووڕەی کردم ئەوە بوو، ئەو حەیوانە، زالیوژیف هەموو چاکەو پیاوەتیەکەی کرد بە هی خۆی. من بە باڵا کورتەکەمو جلە کۆنەکانمەوە کە لە جلی خولامو خزمەتکاران دەچوو، لەوێندەر وەستا بووم، بە شەرمەوە چاوانم بڕی بووە ئەو. بەڵام زالیوژیڤ، تازەترین مۆدی جلی لەبەر کرد بوو، بۆنی لە خۆی دابوو، قژی نیگرۆ کردبوو، رۆنی لێدابوو، ئیدی ژیانی لێ هەڵدەقولا، دەموچاوی پرشنگی دەدا، بۆینباخێکی خانەخانەی لە مل بەستبوو، ئیدی بزەی لە لێو دەباری و بەردەوام ئیکلامی بۆ دەکردو لەبەری دەنوشتایەوە، ئیدی دڵنیا بووم کە ناستاسیا بە هەڵە ئەوی بە من زانیوە. ئەوی بە خودانی دیارییەکە زانیوە. کە هاتینە دەرەوە بە تووڕەیی پێمگوت: "نەخەڵەتابی، بیر لەو بکەیەوە کەکڵاوم بکەیە سەر، تێدەگەی؟" گوتی: "خۆزگە دەمزانی چۆن وچ جوابێکی سیمون پارفیونیچ دەدەیەوە!". باوەڕ بکەن، لەو کاتەدا حەزم دەکرد خۆم بخەمە روبارێکەوەو بۆ ماڵ نەگەڕێمەوە. پاشان لە دڵی خۆدا گوتم: "نا، شتەکە ئەوەندەش گرینگ نییە!" وەکو یەکێك بو ناو ئاگر بڕوات، بەو ئاوایە بۆ ماڵ گەڕامەوە. لیبیدیڤ، لە بن لێوانەوەو بەسەرسامی گوتی:

– ئەللا، ئەللا...

وئەوجا رووی دەمی کردە میرزادە و گوتی:

– بابی رەحمەتی ئامادە بوو لەسەر دە رۆبڵ، زەلامێك بکوژێت، چ جای دە هەزار ڕۆبڵ!

میرزادە، بە کونجکاوی دەیڕوانییە روگوژین کە لەو دەمەدا هێندەی دی رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو.

روگوژین گوتی:

– هەر کوشتن؟ تۆچی لەمبارەیەوە دەزانی؟

ئەوجا رووی کردە میرزادەو لەسەری‌و رۆیی‌و گوتی:

– هەڵبەتە بابم دوای ماوەیەکی کەم بە هەموو شتێکی زانی (زالیوژیڤ)ش مەسەلەکەی بۆ دۆمو خەڕاتیش دەگێڕایەوە، دنیای لێ پڕ کردم. بابم بردمیە ژوورێکی قاتی سەرەوە، دەستو لاقی

بەستمەوە، دەستی دایە داریك‌و بگرە کویت دیشیت، یەك دانە سەعاتی تەواو دارکاری کردم. گوتی: "هیشتا لە کویتە، چیت دیوە، ئەمە تەنیا بەرکولە، ڕاوەستە بوم تا شەویَ دیمەوە، هەنگیَ دەرەقەتت دیم! مەگەر هەر خوم بزانم چ شەویکی خوش‌و چ خەویکی قوولت بو فەراهەم دەکەم!". دەزانی دوای ئەوە چی کرد؟ بە خوی چوو بو لای ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە سەری سپییەوە چو بولای، خوی لەبەر پییانی هاویشت، کەوتە لالانەوەو پاڕانەوەو گریان. ئەنجام ئەویش قوتووەکە دینیَ‌و بوی توڕ دەدات‌و دەلیت: "پیرەمیر، بگرە، ئەوە گوارەکانت! ئیستاکە بوم دەرکەوت، پارفیون بەو ڕیسکە بە دەستی هیناون دە ئەوەندە لەلام بەنرخ تر بوون! ڕیزو سلاوم بگەیەنە بە پارفیون!".

ئەوسا، بە ڕەزامەندی دایکم چووم بیست‌و پینج ڕوبلم لە سیرگی پروتوشین قەرز کرد، سواری ڤیتار بوومو پسکوف خوت بگرە وا هاتم. کە گەییمە ئەوێندەر، تاولەرز گرتمی ئەمما تاولەرز. پیرەژنان لە دەورم خڕ بوونەوەو کتیبانیان هیناو کەوتنە ویردو دوعاخوێندن. ئیدی بە حالی بیَ حالەوە حەپەسا بووم. پاشان وەدەرکەوتم، کەوتمە گەڕان بە کاباریَ‌و مەیخانەکاندا، دوا قرۆشم خەرج کرد، هەموو شەوەکەم لە کوچەو کولانان بەسەر برد، هیلاك‌و ماندوو، خەریك بوو لە مەستیدا بمرم، تا ڕوژیش بووەوە هەر ورینەم دەکرد. تومەز شەویَ کسوکان لیم خڕ بوونەتەوەو لستیویانمەتەوەو قەپالایان لیگرتووم. و زور بە زەحمەت وەهوش هاتوومەتەوە.

لیبیدیڤ، لە کاتیکا دەستەکانی هەلدەگلوفت‌و بەدەم پیکەنینیکی تەوسامیزەوە، گوتی:

– ها، ها! نها هەموومان زیاتر ناستاسیامان بو دەرکەوت‌و ناسیمان، مەسەلە هەر ئەو جووتە گوارەیە نییە، لە ئیستا بە دواوە ئەوەندەی دیاری بەسەردا دەباریَ کە...

روگوژین، باسکی لیبیدیڤی گرت‌و بەتوڕەیی پییدا هەلشاخی:

– قەسەم بەخوا... یەك قسەی قوڕ دەربارەی ناستاسیا بکەی مارهەنجنت دەکەم.. ئەوەندەت تیَ هەلدەدەم کە... نەلییَ لەگەلَ لیخاچوڤ دا سووڕاویتەوە، ئامادەم بە شەلاقان پیستت بگرووم.

– من شانازی بەوەوە دەکەم! ئەوە بو من یادگارییە، فەرموو ئەوە پشتی من‌و قامچی تو. ئەوە جاریَ وا گەییشتین!

ڤیتارەکە، بەرەبەرە گەییە ناو ویستگەکە. هەرچەند روگوژین گوتبووی، بە دزییەوەو بەبیَ ئەوەی کەس ئاگادار بکات لە بسکوفەوە وەڕیکەوتووە. بەلام چەندین کەس لە ویستگەکەدا لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون، کە چاویان پیکەوت کەوتنە بانگ کردن‌و کلاوەکانیان بو لە سەر داگرت.

روگوژین، کە بەدەم بزەیەکی سەرکەوتووانەو مانادارەوە تەمەشای دەکردن، بە دەنگیکی نزم گوتی: "سەیرە! زالیوژیڤ-ش هاتووە!

لە ناکاو ئاوڕی لە میرزادە دایەوەو گوتی:

– گویَ بگرە میرزادە، نازانم بوچی چوویتە دلمەوە. ڕەنگە لەبەر ئەمە بیَ کە لەم وەخت‌و ساتەدا تووشت بووم. خو ئەو خویڕییەشم لە هەمان وەخت‌و ساتدا بینی (بەدەم ئەو قسەیەوە ئاماژەی بو لای لیبیدیڤ کرد) کەچی خوشم نەویست، نەچووە دلمەوە. میرزادە سەرم لیبدە. ئەو پیلاوە

شڕو ناشیریننانەت لە کۆڵ دەکەمەوە. چاکەتێکی زۆر جوانت دەدەمێ، پاڵتۆیەکی بیلادی زۆر چاك و یەلەکێکی سپی یان هەر ڕەنگێکی تر کە بە دڵی خۆت بێ، بۆ دەدەمە دروون. گیرفانەکانت پڕ دەکەم لە پارەو پول... هەنگی دەچین سەردانی ناستاسیا فیلیپوڤنا دەکەین.. سەرم دەدەی یان نا؟

لیبیدیڤ، بە پەرۆشەوە گوتی:

– میرزادە، بەگوێی بکە،ڕێوی بە پیرتەوە هاتووە! لە کیسی خۆتی مەدە!..

میرزادە هەستا، بە نەزاکەتەوە تەوقەی دەگەڵ روگوژیندا کرد، بەدەم و لەبزێکی شیرین بەرسڤی دایەوە:

– زۆر حەزدەکەم سەردانت بکەم. زۆر زۆر سوپاسی ئەو هەموو لوتفەت دەکەم. لەوەیە ئەگەر دەرفەتم هەبێت هەر ئەمڕۆ بێمە خزمەتت، حەزدەکەم بێ پێچ و پەنا ئەوەت عەرزبکەم کە منیش تۆم زۆر بەدڵە، هەر لە هەوەڵەوە چوویتە دڵمەوەو خۆشمویستی، بە تایبەتی کە باسی حیکایەتی جووتە گوارەکەت بۆ کردم. تەنانەت پێش ئەوەی باسی گوارەکانیش بکەیت، هەر خۆشەویست بووی لام، هەرچەندە هەندێ گرژو مۆن بوویت. هەروەها سوپاست دەکەم بۆ ئەو پاڵتۆو جلکانەی کە بە تەمای بمدەیتێ. چونکە دەزانم بەو زووانە پێویستم بەو جلکانە دەبێت، خۆ حاڵی حازر تاقە قروشێك شك نابەم کە ئەو جۆرە جلکەی پێبکڕم.

– خەمت، من پارەم دەبێت، ئەم ئێواەیە دەبم بەخاوەن پارە. وەرە بۆ لام! خەمت نەبێ!

فەرمانبەرەکە، هەڵیدایە:

– پارەی دەبێت، بەڵێ پارەی پێدەبێت، ئەم ئێوارەیە، پێش ئەوەی دنیا تاریك بێت دەبێ بە خاوەن پارە.

روگوژین پرسی:

– میرزادە، پێش هەموو شتێ پێم بڵێ بەینت دەگەڵ مێبازیدا چۆنە ؟ حەزی لێدەکەیت ؟

– من.. من ؟ نا! پێویستە ئەوەت پێ بڵێم... دیارە تۆ نایزانیت... من بە هۆی نەخۆشییەکی زگماکەوە، قەت تێکەڵاوی ژنان نەبووم !

روگوژین گوتی:

– ئەگەر وا بێ میرزادە، تۆ پیاوێکی بەڕاستی پاك و بێگەردی! ئێوەگەل خۆشەویستی خوان!

لیبیدیڤ، هەر بۆ پشتیوانی قسەکانی روگوژین گوتی:

– بەڵێ بەڵێ، ئەی مانای چی، خوا خۆشی دەوێن.

روگوژین، بە ئەمر کردنەوە بە لیبیدیڤی گوت:

– تۆش دوام بکەوە میرزا بنووس!

بە سێ قۆڵی لە فارگۆنەکە دابەزین. لیبیدیڤ ئاخری بە ئاواتی خۆی گەیی. زۆری پێنەچوو جماعەتە پڕ سەرو سەداکەی روگوژین، بەرەو شەقامی فوزنسنسکی لایان دا. میرزادە ناچار بوو بەرەو شەقامی لیتاینایا پێچ بکاتەوە.

دنیا تەمو مژو ساردو سەرما بوو. میرزادە پرسیاری رێگاکەی لە رێبواران کرد. بۆی دەرکەوت کە هێشتا سێ فەرسەخی بۆ ئەو شوێنە ماوە کە ئەو دەیەوێ. بڕیاری دا گالیسکەیەك بە کرێ بگرێت.

پەراوێز:

*- ڤیتاری وارشۆ: خەڵکی لە هەندەرانەوە، لە ڤێناو بەرلینەوە لە رێگای (ئایدکونن)ەوە بۆ پترسبۆرگ دەهاتن.

*- ئایدکونن: دوایەمین وێستگەی بروسیایە لەسەر سنووری روسیا.

*- ئەمە ناوێکی مێژووییە: ئەم ناوە بۆ تاقە جارێك لە "مێژووەکەی کارامازین"دا هاتووە، لە سەدەی نۆزدەدا، بەڵام ئەم ماڵباتە زۆری نەخایاندووە کە کوژاوەتەوە. رەنگە دۆستویفسکی بۆیە ئەم ناوەی هەڵبژارد بێ – کە لە وشەی میشکاوە (مشکی چکۆلە) وەرگیراوە- کە ئاماژە بێت بۆ تەبع و تەبیعەتی متەوازیعی ئەم کاراکتەرە.

*- کارامازین: (نیکولا میخائیلوفیچ کارامازین): دیرۆکنوسێکی بە ناوبانگی روسییە (١٧٦٦-١٨٢٦)، دانەری کتێبی "مێژووی دەوڵەتی روسی"یە، کە بریتییە لە دوازدە بەرگ، کە لە ساڵی ١٨١٩- ١٨٢٦دا پاچڤەی فەرەنسایی کراوە.

*- ".... بۆرژوای فەخری ویراسی": زۆربەی هەر زۆری بازرگانان، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، فەلاح بوون و بە هۆی بازرگانییەوە دەوڵەمەند بوو بوون. کە ئەوان لە دانی ئەو باجەی کە دەبوا بازرگانان بیدەن، وەستان، گەڕانەوە بۆ ئەسڵی فەلاحی و دێهاتی خۆیان. ئیدی موشەڕیع بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەم هەستە چینایەتییە دوو جۆرە گرووپی سەربەخۆی بۆ باج دان دیاری کرد کە بریتی بوون لە گرووپی بۆرژوای کرێکارو گرووپی بۆرژوای فەخری ویراسی.

*- "شایەنی ئەوەیە رەوانەو نەفی سیبریا بکرێت": هەر تاوانێك پێشێل کردنی مەقەدەساتی تیا بووایە، بە پێی یاسا، تاوانبار سزایەکی قورس دەدراو، دزینی شتە تایبەتیەکانی عیبادەت دەچووە خانەی ئەوە جۆرە سزایەوە.

*- ئارمانس، کورالی: دیارە ئەمانە لەو ژنانە بوون کە لە کۆمەڵگەدا دیارو مەڕمووق بوون، بە ئەسڵ فەرەنسی بوو.

*- بۆ خۆی دۆتمیرێکە: ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە راستیا دۆتمیرو میرزادە نەبوو، ئەمە موبالەغەی زالیوژیڤ بوو.

*- میرزادە: نازناوی میرزادە لە باب و باپیرانەوە بۆ کوڕو نەوەو نەتیرە دەمایەوە، بۆیە مەرج نییە میرزادە هەر دەبێ دەوڵەمەند بێت.

*- جەنەراڵ:لە سەردەمی پترۆسی یەکەمدا، چواردە دەرەجەی وەزیفی سوپایی و مەدەنی هەبوو، پێنج لەو درەجانە دەرەجەی جەنەراڵی بوو کە هەم بۆ سۆپاییان و هەم بۆ مەدەنییانیش بەکاردەبرا..جا ئەم لەقەبی جەنەراڵییە لە گەڵ ناوی ژنانی خاوەن ئەو پێنج دەرەجە بالآیەدا

بەكار دەهات. بۆیە (خا جەنەراڵ) لەو روانگەیەوە بەكار براوە نەك لەبەر ئەوەی ژنەكە بەراستی جەنەراڵ بووە.. وەك شێخژن و مەلاژن و مامۆستا ژن و ئەوشتانەی كوردەواری خۆمان..

## فەسڵی دووەم

جەنەراڵ پەیانچین لە ماڵێكا دەژیا، كە لە كۆتایی شەقامی لیتاینایادا، نزیكی كڵێسای میعراجی عیسا مەسیح بوو. جگە لەم خانووە جوانە كە پێنج شەشەمی لە كرێدا بوو، خانووەیەكی زۆر گەورەشی لە شەقامی سادوڤایادا هەبوو كە لەوەش دەسكەوت و دەرامەتێكی باشی دەستدەكەوت، جگە لەم دوو خانووە، موڵكێكی گەورەی پڕ سوودو مەنفەعەتی لە نزیكی پترسبۆرگ هەبوو. هەروەها كارخانەیەكیشی لە دەوروبەری پترسبۆرگ هەبوو. پیاوێكی زۆر ناودار بوو، هەموو دەیانزانی جاران جەنەراڵێكی كشتیار بوو، زەوی و زاری بە وەرزێرو جووتیارو فەلا بە كرێ دەدا، بەڵام نها، بەشدارێكی گەورە بوو لە چەندین كۆمپانیای مەزن. بە پیاوێكی زۆر زەنگین و دەوڵەمەندو خودان كۆمپانیاو پرۆژەی گەورەو فرە پەیوەندی و خاوەن دۆستانی دەسەلاتدارو دەستڕۆ دەژمێردرا. جگە لە كاری فەرمی دەوڵەتی، توانی بووی لە زۆر ناوەندی دیكەدا بوونی خۆی بسەپێنێ. هەڵبەتە لای هەموانیش ئاشكرا بوو كە ئیڤان فیودورفیچ یەپانچین، كابرایەك بوو كوڕی خانەوادەی سەربازێكی سادە بوو، یانی ژیانی سەربازی وی لە مەدرەسەیەكی عەریفانەوە دەستی پێكردبوو. هەڵبەتە شانازی بەمەوە دەكرد. بە هەرحاڵ جەنەراڵ هەرچەندە پیاوێكی زیرەك بوو، بەڵام خاڵی لاوازو كێماسی خۆیشی هەبوو، یەكێك لەو خاڵە لاوازانەی ئەوە بوو، كە هەرگیز تەحەمولی ئەوەی نەدەكرد ئاماژە بۆ ڕابردووی بێتە كردن. بەڵام گومان لە وریایی و زیرەكی ئەو نەبوو. كەس نەیدەتوانی نكوڵی لە زیرەكی وی بكات. بۆ نموونە لە كاتی پێویستدا هەرگیز خۆی ڕەپێش نەدەخست، خۆی نەدەنواند و بە خۆی نەدەفشی، بۆیە خەڵكانێكی زۆر، ڕێزو حورمەتی ئەم سادەیی و بێ فیزییەیان دەگرت. ڕێزیان دەگرت چونكە سنووری خۆی دەزانی و پێی لەبەڕەی خۆی زیاتر ڕانەدەكێشا. جا خۆزیا ئەو خەڵكەی ئەو ڕاوبۆچوونە باشەیان دەربارەی هەبوو، ئەوانەی بەو باشییە هەڵیان دەسەنگاند، دەیانزانی هەندێجار چ شتێك بە مێشك و خەیاڵ و دڵی ئەم ئیڤان فیودوروفیچەدا دێت ،كە بەو جوانیە قەدری خۆی دەزانی و حورمەتی خۆی دەگرت!...

جەنەراڵ یەپانچین، وێڕای پڕ ئەزموونی و كارامەیی فراوانی لە كاروباراندا، سەرباری بەهرەو توانا بەرجەستەكانی، هەمیشە حەزی دەكرد وابنوێنێ خولامێكی ئەمین و وەفادارو گوێڕایەڵی بیروبۆچوونی خەڵكی ترە نەك ڕاوبۆچوونی خۆی بسەپێنێ. " هەڵبەتە خولامێكی ئەمین و بەوەفا، نەك دەڵەچەیەكی ریابازی ماستاوچی سووك و چرووك "* جا لەگەڵ ئەوەشدا – بە گوێرەی رۆژو سەردەم– بەوپەڕی شەرەڤ دەزانی كە پیاو كەسێكی بە ورەو بە هەڵوێست و سەر

راست بێت، رووسیەکی راستەقینەو بێ غەل‌و غەش بێت. جا لەم ڕووەوە هەندێ ناوو ناتۆرەو ڕووداوی کۆمیدی دواخرا بوو. بەڵام جەنەراڵ لەو پیاوانە نەبوو بەم شتانە شێلو ببێت‌و ورەی بڕوخێت‌و لە تەنگانەترین تەنگانەدا، تووشی نائومێدی ببێت. کابرایەك بوو هەمیشە بەختی یار بوو، تەنانەت لە قوماریشدا، کە قوماری گەورەی دەکرد، هەر بەختی هەبوو. هەڵبەتە هەرگیز هەوڵی نەدەدا ئەم عەیبە چکۆلەیەی خۆی یان ئەو هەڵە بچووکەی خۆی، کە زۆرجار دەسکەوتی گەورەی لێدەست دەکەوت، وەشێرێت. بەپێچەوانەوە جاڕی بۆ دەدا.

جەنەراڵ، هەڵبەتە سەر بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی هەڕەمە بوو، بەڵام بە هەرحاڵ ژینگەیەکی دەوڵەمەندو دەستڕۆ بوو. ئارەزوو و ئاواتێکی زۆری هەبوو، چاوی لە ئاینده بوو، بەڵام هیچ پەلەی نەبوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەموو ئاوات‌و ئامانجەکانی دێنە دی. جەنەراڵ یەپانچین هێشتا وەك دەڵێن —لە هەرەتی قەوەتا بوو. تەمەنی پەنجاو شەش ساڵ بوو، یانی هێشتا لە هەرەتی ژیانا بوو، ژیانی راستەقینەی پیاو لەو تەمەنەدا دەست پێدەکات! تەندروستی و ڕەنگ‌و ڕووی لە جێ و تەڕو بڕبوو، دانەکانی هەرچەندە رەش بوون، بەڵام زۆر ساغ بوون، بەدەنی تۆکمەو بتەو، بە رۆژەوە خەریکی کار بوو، بە شەوانیش چ لەسەر مێزی قومارو چ لە حوزووری جەنابی کۆنت دا*، هەر هەموو ئەوانە کۆمەکیان بە سەرکەوتنەکانی ئێستاو ئایندەی جەناب عالی جەنەراڵ دەکردو ڕەونەقیان بە ژیانی دەبەخشی.

جەنەراڵ، سەرگەڤاری خێزانێکی بەختەوەر بوو، خێزانێکی گوڵ ئاسا. ڕاستە لێرەدا، لەم خێزانەدا هەمیشەو بەردەوام ڕەوشەکە بە گوێرەی مرازی دڵ نەبوو، بەڵام هەندێ ئاوات‌و ئامانج هەبوو هەر لە کۆنەوە جێگەی خۆزیای جەنەراڵ بوو. ئەوەی ڕاستی بێ گرینگترین‌و پیرۆزترین شت لە ژیانی خێزانداریدا، منداڵە. ئاخر پیاو ئەگەر پابەند نەبێ بە خێزانەوە بە چ شتێکەوە پابەند دەبێت؟ خێزان‌وماڵباتەکەی جەنەراڵ بریتی بوو لە هاوسەرەکەی‌و سێ کیژە عازەبەکەی. جەنەراڵ لە هەرەتی لاویدا لە کاتێکا هێشتا ملازمی یەکەم بوو، کیژێکی هاوتەمەن‌و هاوساڵی خۆی خواست. کیژە نە جوان و نە خاوەن شادەتنامەو خوێنەواری بوو، بەڵام پەنجا دانە ڕەعیەتی وەکو جیازی دەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، کە پیاو هەق بلێ، ئەم جیازییە، بوو بە سەرەتاو هێم‌و بناغەی سەروەت‌و سامانە زۆرەکەی ئایندەی جەنەراڵ. جەنەراڵ هەرگیز گلەیی ئەوەی نەدەکرد کە زوو ژنی هێناوە و رۆژێ لە ڕۆژانیش ئەم زەوجین‌و زەماوەندەی بە زادەی جۆش‌و خرۆش‌و حەماسەتی لاوی لە قەڵەم نەدا. بێ ئەندازە حورمەتی ژنەکەی دەگرت‌و هەندێجار ئەوەندە لێی دەترساو ڕووپامایی دەکرد، لە تۆ وایە ئاشقێنی دەگەڵ دەکات.

هاوسەرەکەی لە بنەماڵەی میرانی میشکین بوو، هەرچەندە ئەم بنەماڵەیە زۆر دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام وەکو دەڵێن ڕەسەن‌و خانەدان و بنەماڵەی کۆن بوو. خاجەنەراڵ ، زۆر بەم ئەسڵ‌و فەسڵەی خۆی دەنازی، کەسێتییەکی دەستڕۆی وەخت‌و رۆژ، کەسێتییەك لەو کەسێتیانەی حەز دەکەن دەم سپێتی‌و پشتیوانی خەڵکی بکەن ( ئەو جۆرە پشتیوانی‌و دەم سپیەتیەی کە هیچ لەسەر خاوەنەکەی ناکەوێ ) حەزی دەکرد ئەم دۆتمیرە گەنجە بە شوو بدات، ئیدی دەرگای بەرزبوونەوەو پێشکەوتنی لە بەردەم ئەم ملازم یەکەمە گەنجە کردەوە. جا لەو دەوروزەمانە هەر

نیگاو ئاوڕدانەوەیەکی بەخێری ئەو جۆرە پیاوە دەسڕۆیانە زۆر گرینگ بوو چ جای بگاتە ئەوەی پشتیوانیت بکات. ئەم ژن و مێردە، لە ژیانی دوورو درێژی هاوسەرییانا، زۆر بە تەبایی ژیا بوون، هەندێ ڕێکەوتی کوت و پڕو ڕەوتەنی نەبێ، ئیدی بۆ خۆ سازابوون، ئەم مەدام جەنەراڵە، توانی بووی بە زەبری ئەسڵ و فەسڵ و ڕەگ و ڕەچەڵەکی خانەدانی خۆی، وەکو میرزادەیەك و وەکو دوا وەچەی بنەماڵەکەیان، هەروەها بە هۆی خۆش تەبیعەتی خۆیەوە، هەر لە منداڵیەوە توانی بووی پشتیوانانێکی زۆر گەورەو دەسڕۆ بۆ خۆی پەیدا بکات. دوای ئەوەش بە زەبری جیازییەکەی و بە فەزڵی ئەو پایە بەرزەی بە هۆی سەروەت و سامان و پایەی فەرمی مێردەکەیەوە بە دەستی هێنا بوو، وای لێهات لە کۆڕو کۆمەڵە ئەرستۆکراتی و ئەشرافەکاندا، کەم و زۆر لە روو دانەدەما هەستی بەکێماسی نەدەکرد، بە پێچەوانەوە، زۆری پێخۆش بوو و هەستی بە کەماڵی ئاسوودەیی دەکرد.

لەو ساڵانەی دواییدا، هەر سێ کیژەکەیان: ئالکساندریا، ئادیلایداو، ئاگلایا، عازەب و وەختی شوویان بوو، ڕاستە ئەمانە هەر سێکیان هەڵگری ناوو شۆرەتی یەپانچین بوون، یانی لە تایفەی یەپانچین بوون، بەڵام بە پشتیوانەو ڕەسیدێکی گەورەوە هاتبوونە ژیانەوە! لە دایکەوە سەر بە بنەماڵەی میران بوون، لە باوکەوە خاوەنی جیازی مۆڵ بوون، باوکیان لە کاروباری خۆیدا زۆر سەرکەوتوو بوو، خەوی بە بەرزترین پلەو پایەو پۆستەوە دەبینی، سەرباری ئەمانەش، هەر سێکیان کیژانی ڕەزا سووك و بەرچاوی بوون، گەورەکەیان، واتە ئالکساندریا تەمەنی بیست و پێنچ ساڵان بوو، ناوەنجییەکەیان بیست و سێ ساڵان بوو. بچووکەکەیان، یانی ئاگلایا تازە پێی نابووە ناو بیست و یەك ساڵییەوە. ئەم کیژەیان بە ڕاستی جوان بوو و مایەی سەرنجی هەمووان بوو، ئیدی ناوی کەوتبووە سەر زاران و ستایشی جەماڵ و کەماڵیان دەکرد، بەڵام ئیمتیازاتی ئەم کیژانە هەر ئەوەندە نەبوو، هەرسێکیان لە ڕووی خوێنەواری و ڕۆشنبیرییەوە، لە باری زیرەکی و بەهرەمەندییەوە خەڵکانێکی کەم وێنە بوون. واباو بوو کە لە نێو یەکتردا زۆر تەبا بوون، یەکیان خۆش دەویست،و پشتیوانی یەکتریان دەکرد. تەنانەت خەڵکی باسی ئەو فیداکارییەیان دەکرد کە دوو خوشکە گەورەکە، لە پێناوی خوشکە بچووکەکەیان، کە نازداری خانەوادەکە بوو، کردبوو. لە نێو خەڵك و خوادا، خاکی و بێ فیزو هەوا بوون، خۆیان لەکەس بە گەورەترو زیاتر نەدەزانی، تەنانەت هەندێجار زیاد لە پێویست خۆشکێنیان دەنواند، کەس نەیدەتوانی گلەییان لێبکات کە لووتبەرزو خۆپەسندو بە هەواو دەعیەن، بەڵام وێڕای ئەوەش قەدری خۆیان دەزانی و ڕێزو حورمەتی خۆیان دەگرت. خوشکە گەورەکەیان سازڤان بوو. ئادیلایدا، بەهرەمەندێکی گەورەی بواری نیگارو ڕەسم بوو. بەڵام ئەم بەهرەیە ساڵانێکی زۆر بوو کە لە خەڵکی شاراوە بوو، کەس پێی نەدەزانی و بە تازەگی و بە ڕێکەوت ئاشکرا بوو بوو. بە کورتی هەرسێکیان مایەی مەدح و ستایشی خەڵکی بوون . بەڵام بەدخواشیان هەبوو، هەندێ کەس بە ترسەوە باسی ژمارەی ئەو کتێبانەیان دەکرد کە ئەو کیژانە خوێندبوویانەوە.

ئەم کیژانە پەلەی شووکردنیان نەبوو، هەرچەندە حیسابی زۆریان بۆ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیان دەکرد، بەڵام لە ڕادەبەدەریش گوێیان نەدەدایە، هەڵبەتە ئەمە دەگەڵ تەبیعەتو سروشتی تایبەتی و نیازو ئارەزووەکانی باوکیان، تێکی نەدەکردەوە.

دەوروبەری سەعات یازدەی بەیانی بوو کە میرزادە میشکین لە زەنگی دەرگای ماڵی جەنەراڵ (یەپانچین)ی دا، شوقەکەی جەنەراڵ لە قاتی یەکەمی تەلارێکدا بوو، ئەگەر چی بە ڕواڵەت سادە بوو، بەڵام پڕ بە پێستی پلەو پایەی جەنەراڵ بوو.

پێشخزمەتێکی پۆشتەو پەرداخ دەرگای لێکردەوەو، میرزادە ناچار بوو، شەرحو شرۆڤەیەکی دوورو درێژ پێشکەش بەو پێشخزمەتە بکات کە لە هەوەڵەوە بە گومانەوە دەیڕوانییە خۆی و بوخچەکەی. دوای ئەوەی میرزاد بۆی دووپات کردەوە کە میرزادە میشکینەو پێویستە بۆ کارێکی پەلەو پێویستو زەروری جەنەراڵ بدینێ، پێشخزمەتەکە بەسەرسامی بردیە ئەو پرسگە بچووکەی کە ڕێک بە ژووری میوانو چاوەڕوانییەوە نووسا بوو، دەچووە نووسینگەکەی جەنەراڵ. لەوێندەر بە خزمەتکارێکی دیکەی سپارد کە هەموو بەیانییەك لەو پرسگەیەدا، پێشوازی میوانانی دەکردو جەنەراڵی لە هاتنی میوانان ئاگادار دەکردەوە. ئەم خزمەتکارە کە تەمەنی لە چل ساڵ زیاتر دەبوو، جلێکی فەرمی لەبەر بوو و، نیگەرانی بە سیمایەوە دیار بوو، وا خۆی دەنواند یەجگار پڕکارو سەر قاڵە. ئەم پیاوە لە نووسینگەکەی جەنابی جەنەراڵ بەرپرس بوو، بۆیە بۆ خۆی و لە دڵی خۆیدا هەستی بە جۆرە گەورەییەك دەکرد.

رووی کردە میرزادەو بەوپەڕی ویقارو سەلاری گوتی:

– لە هۆڵەکەدا چاوەڕوان بکە. بەڵام بوخچەکەت لێرە دابنە.

ئەوسا بە فیزو دەعیەیەکی زۆرەوە لەسەر یەکێك لە کورسییەکان ڕۆنیشت،و بە سەرسامی و ژێری دەیڕوانییە میرزادە.

میر بە خۆی و بوخچەکەی دەستیەوە، لەسەر کورسییەك دانیشتو، گوتی:

– ئەگەر ڕێم بدەی، حەزدەکەم لێرە، لەلای تۆ چاوەڕوانی بکەم، باشترە لەوەی لەوێندەر بە تەنیا چاوەڕوان بکەم!.

– ئاخر جوان نییە تۆ لێرە، لە پرسگە چاوەڕوان بکەیت، چونکە تۆ میوانی. یانی جۆرە میوانێکی. دەتەوێ جەنەراڵ بە خۆی ببینی؟ قسە دەگەڵ خۆی بکەیت ؟

دیار بوو، کابرای خزمەتکار، لە ناخی خۆیدا بەوە قاییل نەبوو کە جەنەراڵ لە هاتنی میوانێکی واهی! ئاگادار بکاتەوە، بۆیە بڕیاری دا پرسیارەکەی دووبارە بکاتەوە.

میرزادە کەوتە قسان و گوتی:

– بەڵێ، گەرەکمە قسە دەگەڵ جەنەراڵدا بکەم، کارم بە خۆی هەیە...

خزمەتکارەکە، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

– من لێت ناپرسم چ کارێکت پێی هەیە، هەقم نییە چ کارێکت پێیەتی، چونکە ئەرکی من تەنیا ئەوەیە بتکەمە ژوورەوە. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە بەبێ ئیزنی سکرتێری تایبەتی ناتوانم. جەنەراڵ لە هاتنت ئاگادار بکەم.

دیاربوو، یارۆی خزمەتکار سات بە سات بە گومانتر دەبوو. چونکە دیمەن و ڕواڵەتی میرزادە، زۆر جیاوازتر بوو لە دیمەن و ڕواڵەتی میوانانی ئاسایی. ڕاستە جەنەراڵ زۆرجارو، ناو بە ناو، نەك هەموو ڕۆژێ، لە کاتێکی تایبەتیدا، میوانانی هەمەجۆری، بە تایبەتی بۆ "کار" پێشوازی دەکردو دەبینی، بەڵام وێڕای ئەوەش یارۆی خزمەتکار لەم میوانە بە گومان بوو، ئەقڵی ئەم میوانەی نەدەبڕی. هەستی دەکرد، دەبێ پرس بە سکرتێری تایبەتی بکات ئەوجا بیکاتە ژوورەوە بۆ لای جەنەراڵ.

ئەوسا، بە شێوەیەکی نیمچە میکانیکی لێی پرسی:

– یانی... تۆ بەڕاستی... لە هەندەرانەوە دێی؟

ئەوسا کەوتە پرتاندن، لە تۆ وایە دەیەوێ بڵێ: "تۆ بەڕاستی میری، یانی لە بەرەبابی بنەماڵەی (میشکین)ی ؟"

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، ئێستا لە ڕێوە، لە وێستگەی قیتارەوە دێم، پێموایە دەتویست بپرسیت کە ئایا من بەڕاستی میرزادە میشکینم، بەڵام لە رووی ئەدەبەوە ئەم پرسیارەت نەکرد.

یارۆی خزمەتکار، بە سەرسامی و لە بن لێوانەوە، پرتاندی:

– ئم....

میرزادە گوتی:

– دڵنیابە کە درۆم دەگەڵ نەکردوویت. لەسەر من سەرزەنشت ناکرێیت. سەبارەت بە جل و بەرگ و بوخچەکەم سەرت سووڕ نەمێنێ: جاریێ وەزع و حاڵی من ئاوایە!

– ئم... من لەمە ناترسم. ئەرکی من ئەوەیە جەنەراڵ لە هاتنی تۆ ئاگاداربکەمەوە. هەڵبەتە سکرتێر دێت تا قسەت لەگەڵ بکات... مەگەر... کێشەکە لەم مەگەرەدایە... ڕێم دەدەیت پرسیارێکت لێبکەم ؟ تۆ بۆ ئەوە نەهاتوویت جەنەراڵ ببینی و داوای قەرزو کۆمەك و یارمەتی لێبکەیت ؟

– نەخێر، نەخێر، خەیاڵت تەخت بێ، ئەرخایەن بە... کە بۆ کارێکی زۆر جیاواز هاتووم.

– ببورە، کە جل و بەرگەکەم بینیت، بۆیە ئەو پرسیارەم لێکردیت. چاوەڕوانی سکرتێر بکە. جەنەراڵ دەگەڵ کۆڵۆنێلدا مژوولە. دوای ئەو، سکرتێری یەکێك لە کۆمپانیاکان دێت.

– ئەگەر وایە و قەرارە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بکەم، بێزەحمەت لە کوێ پایپێك بکێشم. بە خۆم پایپ و توتنم پێیە.

کابرای خزمەتکار، سەری لەم داوایەی سوڕما، بە بێزارییەوە، وەکو یەکێك باوەڕ بە گوێی خۆی نەکات، گوتی:

– پایپ دەکێشیت؟ پایپ؟ نەخێر، بۆت نییە لێرە پایپ بکێشیت، باشە تۆ تەریق نابیتەوە. هم... سەیرە!

– ببورە! من مەبەستم ئەوە نەبوو لەم ژوورەدا پایپ بکێشم. من بەشی خۆم دنیام دیتووە، ئەتەکێت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەفامم. من دەمویست تۆ شوێنێکم پێ نیشان بدەیت و بچم

لەوێندەر پایپ بکێشم. من بابایەکم جگەرەکێش، ئالوودەی بووم، سێ دانە سەعاتە پایپم نەکێشاوە. بە هەرحاڵ کەیفی تۆیە. هەڵبەتە ئەو پەندەت بیستووە کە چوویتە شاری کوێران دەبێ دەست بگرییە چاوانتەوە...

کابرای خزمەتکار، لە بن لێوانەوە کەوتە پرتاندن:

– باشە من چۆن کەسێکی وەکو ئەمە بکەمە ژوورەوە؟ چۆن بە جەنەراڵ بڵێم کەسێکی واهی هاتووە ؟ یەکەم ئێرە شوێنی تۆ نییە، پێویستە لە هۆڵەکەدا چاوەڕوان بکەیت، چونکە تۆ بابایەکی موراجیعی، یانی وەکو میوان وایت. ئاخر من مەسئوول دەبم ، لەسەر تۆ سەرزەنشت دەکرێم..

کابرای خزمەتکار بە نیگەرانییەوە، سەیرێکی بوخچەکەی میرزادەی کردو لە سەری ڕۆیی: "خۆ بەتەمانیت لێرە بمێنیتەوەو لەگەڵ ئێمەدا دانیشیت ؟

میر گوتی:

– نەخێر، نیازی شتی وام نییە. ئەگەر داواشم لێبکرێت، لێرە نامێنمەوە. من تەنیا بۆ ئەوە هاتووم تەعاروف دەگەڵ جەنەراڵدا بکەم، هیچ نیازو مەبەستێکی دیکەم نییە.

کابرای خزمەتکار، حایرو سەرسام، بەوپەڕی گومانەوە هاواری کرد: چی؟ تەعاروف؟ ئەدی بۆچی بە منت گوت بۆ کارێکی تایبەتی هاتوویت ؟

– نا، کار نا... مەبەستم.. ئەگەر حەزدەکەی ناوی بنە کار، یان تۆ بڵێ بۆ ڕاوێژێك هاتووم. بەڵام هاتنەکەم لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە خۆمی پێ بناسێنم، چونکە من یەکێکم لە میرانی میشکین، خا جەنەراڵ (یەپانچین)ش دوا مێوینەی بنەماڵەی میرانی (میشکین)ـە. جگە لە منو ئەو، هیچ کەسێك لەوماڵباتو بنەماڵەیە نەماوە.

کابرای خزمەتکار کە نیمچە هەراسان، هەراسان بوو بوو، هاواری کرد:

– یانی بەم قسەیە ئێوە خزمن؟

– خـزم ؟ خزمایەتییـەکی زۆر دوور. بـەڵام ئەگـەر مەسـەلەکە زیـاد وردبکەینـەوەو بـە خۆمـان بمانـەوێ، دەشـێت بـە خـزم بـژمێردرێین، بـەڵام ئەوەنـدە دووریـن زۆر ئەسـتەمە بـە خـزم حەسـاو بکرێین. جارێکیان لە هەندەرانەوە نامەیەکم بۆ مەدام جەنەراڵ نارد، بەڵام وەڵامی بۆ نەناردمەوە. وێڕای ئەوەش هەستم کرد کە هەر کاتێ بۆ وڵات گەڕامەوە، پەیوەندی دەگەڵدا بگرم. من بۆیە هەموو ئەم شتانەت بۆ دەگێڕمەوە، تا هیچ گومانێکت لەلا نەمێنێ، چونکە هەست دەکەم هێشتا هەر بە گومانیتو باوەڕم پێناکەی. تۆ تەنیا ئەوەندە بڵێ کە میرزادەمیشکین هاتووەو دەیەوێ بێتە ژوورەوە، ئیدی هەموو نیازو مەبەستێکی دیدارەکەی من خۆ بەخۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر قەبووڵیان کردم نوری عەلا نور، خۆ ئەگەر پێشوازیش نەکرام، قەیدی نییە. بەڵام پێموانییە داواکەم ڕەفز بکەنەوە. چونکە بێگومان مەدام جەنەراڵ، حەز دەکات، دوا پیاوی بنەماڵەکەیان ببینێ. وەکو بیستوومە، ڕێزی تایبەتی بۆ ئەسڵو فەسڵو ئاباو ئەژدادی خۆی هەیە.

قسەکانی میرزادە، ئەو پەڕی ڕاستگۆییان پێوە دیاربوو، چەند ڕاستگۆ بوون، ئەوەندەش سادەبوون. وێڕای ئەوەش کابرای خزمەتکار. هەرچی دەکردو دەکۆشا، ئەقڵی ئەو قسانەی

نەدەبڕی. ئەو گفتوگۆیە، گفتوگۆی نێوان دوو مرۆڤی ئاسایی بوو، گفتوگۆی نێوان موراجیعێك و خزمەتکارێك نەبوو. جا لەو پێودانگەوە کە خزمەتکاران زۆر لەوە زیرەکترو بە هۆشترن کە ئاغاکانیان تەسەور دەکەن، یارۆی خزمەتکار دڵنیابوو کە ئەم مەسەلەیە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یان ئەم میرزادەیە، لەو نەدارو خوازەلۆکانەیە کە دێن بۆ ئەوەی کۆمەك و یارمەتییەك وەربگرن، یان کەسێکی سا ئەقڵی، بێ شەخسیەتی بودەڵەیە. چونکە میرێکی ئەقڵمەندی بەشەخسیەت، نایەت لە پرسگەیەکی چکۆلەدا بوەستێ و باسی وەزع و حاڵی شەخسی خۆی بۆ بابایەکی خزمەتکار بکات. بۆیە خۆ بەخۆ گەییە ئەم ئەنجامگیرییەی کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا مەسئول دەبێت و گلەیی دێتە سەر. بۆیە بەو پەڕی سووربوونەوە بە میرزادەی گوت:

– پێویستە بچێت لە هۆڵەکە، لە ژووری میوان و پێشوازی چاوەڕوان بکەیت.

میرزادە، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– بزانە، ئەگەر لەوێندەر چاوەڕوانم کردبا، هەرگیز نەمدەتوانی ئەو هەموو شتەت بۆ باس بکەم. هەنگێ هەر خەیاڵت لە لای جل و بەرگ و بوخچەکەی من دەبوو، بۆیە لەوەیە ئێستا ئیدی پێویست بەوە نەکات چاوەڕوانی سکرتێر بکەیت. پێموایە ئێستا بە خۆت دەتوانی جەنابی جەنەراڵ لە هاتنم ئاگادار بکەیت و بمکەیتە ژوورەوە.

– من ناتوانم، سەربەخۆ، میوان و موراجیعێکی وەکو تۆ بکەمە ژوورەوە. دەبێ ئەمە لە رێگەی سکرتێرەوە بکرێ، نەخاسما جەنەراڵ، تۆزێ لەمە پێش بە خۆی دەستوری دامێ کە تا کولۆنێل لە ژوورەوە بێ، بە هیچ جۆرێ، رێگەی هیچ کەسێك نەدەم بچێتە ژوورەوە. تەنیا گاڤریلا ئاردالیوفیچ * بۆی هەیە بەبێ ئیزن بێتە ژوورەوە.

– کێیە، فەرمانبەرە؟

– کێ؟ گاڤریلا ئاردالیونوفیچ؟ نەخێر، کارگەری کۆمپانیایە. گوێ بگرە، بێزەحمەت، بەلای کەمەوە بوخچەکەت لێرە دابنە.

– ئەوەی ڕاستی بێ بیرم لێکردبووەوە. دەڵێی لە دڵی منداێت. جا کە وای لێهات، ئەگەر ڕێم بدەیت حەزدەکەم پاڵتۆکەشم دابنەم، چ دەڵێی؟

– هەڵبەتە، ناتوانی بەم پاڵتۆیەوە بچیتە نك جەنەراڵ.

میرزادە، هەستا، بەپەلە پاڵتۆکەی داکەند. لە ژێر پاڵتۆکەوە چاکەتێکی کۆنی، رێك و پێکی، خۆشدرومانی، ئەگەر چی هەندێ کاڵەوە بووو شڕۆڵە بوو، لەبەر بوو. لە ژێر چاکەتەکەوە ئیلەکێکی لەبەر بوو، کە زنجیرێکی کانزایی پێدا شۆڕ بوو بووەوە و سەعاتێکی زیوی سویسری پێوە بوو.

یارۆی خزمەتکار، هەرچەندە میرزادەی بە کابرایەکی سائەقڵ دانابووو، لەو بۆچوونەی خۆی دڵنیابوو، سەرەنجام گەییە ئەو قەناعەتەی کە درێژەدان بە گفتوگۆ دەگەڵ ئەم موراجیعەدا لەوەی پتر کارێکی بەجێ نییە. کەچی وێڕای ئەوەش، بەخۆیشی نەیدەزانی، بۆچی میرزادەی چووبووە دڵەوە! بەڵام میرزادە بە ئاشکرا پەست و بێتاقەتی کردبوو.

میرزادە، دووبارە لەسەر کورسیەکەی خۆی دانیشتەوەو گوتی:

– باشه خات جەنەراڵ، کەی و لە کوێ پێشوازی موراجیع و میوان دەکات؟

– ئەمە پەیوەندی بەمنەوە نیە، پەیوەستە بەجۆری میوانەکەوە. بۆ نموونە خەیاتەکەی، وەستای کڵاوو شەپقەکانی، سەعات یازدە دێت و دەچێتە ژوورەوە. خۆ گاڤریلا ئاردالیونوڤیچ، بۆی هەیە لە پێش هەموو کەسێکدا بچێتە ژوورەوە، تەنانەت بۆی هەیە لە کاتی نانخواردنیشدا وەژوور بکەوێت.

میرزادە گوتی:

– ماڵانی ئێرە لە زستاندا لە ماڵانی وڵاتانی هەندەران گەرمترن. جەوی هەندەران گەرمترە لە جەوی ئێرە. بەڵام هیچ روسییەك. لەبەر سەرما، ناتوانێ لە ماڵەکانیاندا هەڵبکات.

– چما زستانان ماڵەکانیان گەرم ناکەن؟

– با، گەرمی دەکەن! بەڵام خانووەکان بە شێوەیەکی دی دروست کراون، مەبەستم پەنجەرەو سۆپاو موغەیرییەکانە.

– هم... باشە زۆر لەوێندەر مایتەوە ؟

– چوار ساڵ، مەبەستم ئەوەیە کە بە درێژایی ئەو چوارساڵە تەقریبەن لە یەك شوێن، لە گوند، مامەوە.

– هەڵبەتە ژیانی وڵاتی خۆمانت لە بیر چووەتەوە، نا ؟

– دروستە. باوەڕدەکەی؟ هەندێجار سەرم سوڕدەمێنێ کە زمانی روسیم بە تەواوەتی بیر نەچووەتەوە. من هەنوکە کە قسان دەگەڵ تۆ دەکەم لە دڵی خۆدا دەڵێم: "هەر باشە زمانەکەم زۆر تێك نەچووە". ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ کە بەم ڕادەیە سوێرە قسەم. لە دوێنێوە، خوا خوامە شەوو رۆژ هەر بە روسی قسە بکەم!

– هم... تۆ پێم بڵێ: جاران لە پترسبۆرگ دادەنیشتی؟

خزمەتکارەکە، وێڕای ئەوەی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کۆنترۆڵی خۆی ڕابگرێت و قسان نەکات، بەڵام هەرچی دەکردو دەکۆشا نەیدەتوانی لەم شوێنە ناسکەدا شیرازەی گفتوگۆیەکە بپچڕێت.

میرزادە وەڵامی دایەوە:

– پترسبۆرگ ؟ نەخێر... قەت لەوێندەر ئاکنجی نەبووم.. هەر پێیدا تێ پەڕیوم. من ئەوساش هیچم دەربارەی ئێرە نەدەزانی، چ جای ئێستا، دنیا زۆر گۆڕاوە، تەنانەت ئەوانەی کە شتیانش زانیوە، هەنووکە ناچارن هەموو شتێکی تازە فێربن. بۆ نموونە ئەو دادگا تازانەی کە لەم رۆژانەدا زۆر باس دەکرێن*

– هم... دادگا... بەڵێ، بێگومان، تۆ پێم بڵێ: ئایا دادگاکانی ئەوێندەر، مەبەستم هەندەرانە، لە دادگاکانی ئێرە دادپەروەرترن ؟

– نازانم. زۆرم ستایش لەمەڕ دادگاکانی خۆمان بیستووە. بۆ نموونە سزای ئیعدام لابراوە*.

– ئەدی لەوێندەر، خەڵکی ئیعدام دەکرێن؟

– بەڵێ، جارێکیان لەوێ، لە فەرەنسا، لە شاری لیون*، حاڵەتێکی ئیعدامم بینی. شنایدەر دەگەڵ خۆیدا بردمی.

– لە سێدارە دەدرێ ؟

– نەخێر... لە فەرەنسا لە ملی دەدەن.

– ئەدی ئیعدام کراوەکان هاوار دەکەن ؟

– هاوار؟ لە کوێ فریا دەکەوێ، لە چاو تروکانێکا تەواودەبێ. کابرای مەحکوم بە دەما پاڵ دەخەن. ئامێرێکی تایبەتیان هەیە پێی دەڵێن گیوتین (مقصلە)، ئەم ئامێرە کێردێکی زۆر قورس‌و تیژی پێوەیە، زۆر بە توندی‌و خێرایی لە بەرزییەوە دێتە خوارێ‌و لە چاوتروکانێکا ملی یارۆی مەحکوم دەپەڕێنێ‌و سەری لە لاشە جوێ دەکاتەوە. هەڵبەتە ئامادەکاری‌و زەمینەسازی ئیعدامکردنەکە زۆر ناخۆشە، کاتێ کە قەراری حوکمەکە دەخوێننەوە، تاوانبارەکە ئامادە دەکەن، جلی تایبەتی لەبەر دەکەن، دەست‌و لاقی دەبەستنەوە، سەری دەخەنە سەر سەکۆیەکە – دیمەنە ترسناکە کە لێرەدایە – تەماشاڤانان کۆ دەبنەوەو، تەنانەت ژنانیش، هەرچەندە دام‌و دەزگا فەرمییەکان حەز ناکەن ژنان ئەو دیمەنە ترسناکە ببینن، لەوێندەر خڕدەبنەوە.

– هەقی خۆیەتی، چونکە ئەوە شوێنی ژنان نییە.

– بەڵێ، بەڵێ! ئاخر چۆن دەبێ ئەو ئەشکەنجەیە ببینن ؟ جا یارۆی مەحکووم، لەو ڕۆژەدا، پیاوێک بوو، پێدەچوو کەم‌و زۆر نەترسێت، پیاوێک بوو زیرەک‌و بەهۆش، تۆکمەو بتەو، گەنجێکی شلکی چکۆلە نەبوو، بەڵکو پیاوێکی تەواو بوو، نێوی لیگرۆسی بوو. کەچی وێڕای ئەوەش، نازانم باوەڕ دەکەی یان نا، بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کاتێ کە سەرکەوتە سەر سەکۆیەکە هۆن هۆن فرمێسکی دەڕشت. دەموچاوی بوو بوو بە زەعفەرانی زەرد، ئایا شتی وا دەبێ؟ ئەمە ترسناک نییە ؟ ئایا دەشێت پیاو لە ترسا بگری ؟ هەرگیز باوەڕم نەدەکرد، پیاوێکی گەورەو تەواو – نەک منداڵێک، بەڵکو پیاوێکی چل‌و پێنج ساڵان، کە لە ژیانیا نەگریابێ، دەشێت لە ترسا بەو ئاوایە بگری! پیاو دەبێ لەو ساتەدا، لە رووی دەروونییەوە چی بەسەردا بێت ؟ دەبێ چ ئاشوبێک وای لێکردبێ بەو جۆرە بگری؟ هەڵبەتە ئەمە سووکایەتیە بە دڵ‌و دەروون، خراپەیە دەرهەق بە رۆح. هەرچەند گوتراوە: " قەتڵ مەکە"، کەچی دێن، کەسێک لەسەر قەتڵ دەکوژنەوە، نازانم ئەمە چەندی بە چەندە ؟ نا، نابێ شتی وا قەبووڵ بکرێت! ئەمە کارێکی نا مرۆڤانیە! مانگێک پترە ئەو دیمەنەم دیتووە، کەچی هێشتا هەر لەبەر چاومە، بەلای کەمەوە شەش جاران هاتووەتە خەونم.

میرزادە، بەدەم ئەم قسانەوە، گەرم‌وگەرمتر دەبوو، رەنگە زەردەکەی، کەمێک سوور هەڵدەگەڕا، بەڵام سەداو دەنگی هەروەکو جاران هێدی‌و ئارام بوو. کابرای خزمەتکار بە دڵ‌و بە گیان، بە میهرو دلۆڤانییەوە گوێی لێدەگرت‌و لەتۆ وایە ناتوانێ دەسبەرداری ئەو چیرۆکە بێت. لەوە دەچوو ئەویش ئەهلی خەیاڵ بێ.

یارۆی خزمەتکار گوتی:

– خۆشبەختانە، هەر نەبێ، لە ملدان ئازاری کەمترە.

میرزادە، بە گەرمو گوڕی دەستی بە قسان کردەوە:

– ئەمە تەسەوری تۆیە، تەسەوڕێکی جوانە، هەموو کەسێك ئەم تەسەورەی لەلایە، ڕێك وەکو تۆ. جا ئەم ئامێرە –گیوتین– بۆ ئەم مەبەستە داهێنراوە. بەڵام من ئەو ڕۆژە بیرۆکەیەکی دیکەم بە خەیاڵدا هات، لە خۆم دەپرسی: " تۆ بڵێی ئەمە خراتر نەبێت ؟". رەنگە گاڵتەت بەم بیرۆکەیەی من بێت، بەلاتەوە سەیرو سەمەرە بێت، بەڵام دەشێت ئەم بیرۆکەیە، بە خەیاڵی هەر مرۆڤێکدا بێت، ئەگەر تۆزێك جڵەو بۆ خەیاڵی خۆی شل بکات. تۆ بیر لە شتەکە بکەوە: با بۆ نموونە بێینە سەر مەسەلەی ئەشکەنجە. ژانو زامو ئازاری بەدەنی، عەزابی دەروونی لە بیردەباتەوە، یانی پیاو تا دەمی مەرگ، تەنیا بەدەم ئازاری زامانەوە دەتلێتەوە. بەڵام ئازاری سەرەکی، ئەو ژانو ئازارەی کە لە هەموو ئازارو عەزابێك بە سوێترە، ئازارو عەزابی زامان نییە، بەڵکو ئەو عەزابە روحیو دەروونییەیە کە پیاو دڵنیایە دوای سەعاتێك، دوای دە دەقیقەی دی پاشان دوای نیو دەقیقەو ئەوجا ئا ئێستاو یەکسەر روحی لە بەدەنی جیا دەبێتەوەو دەفرێت، دوای ئەو ساتە فڕی بە تیرەی بەشەرەوە نامێنیٚ، ئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە، هیچ گومانێکی تیا نییە، کاتیٚ پیاو هەست دەکات گیوتینێکی تیژی تیژ بە دیار سەرییەوەیە، گوێی لە داهاتنەوەی گیوتینەکە دەبێت، پیاو لەو دەمەدا، لەو دوا چارەکە سانیەدا، هەست بە ترسێکی گەورە دەکات. دەزانی ئەمەی من دەیڵێم زادەی خەیاڵی رووت نییە ؟ زۆر کەس باسیان کردووە. من قەناعەتی تەواوم پێی هەیە، بۆیە بە ڕاشکاوی، ڕای خۆمت، لە بارەیەوە پیٚ دەڵێم: کوشتنەوەی کەسێك لەسەر ئەوەی تاوانی قەتڵی ئەنجامداوە، زۆر تاوانترە لە خودی تاوانەکە. قەتڵی قەزایی، قەتڵی قەساس، زۆر تاوانترە لە قەتڵی جینایی. ئەو مرۆڤەی چەتەو ڕێگران، یان پیاوکوژان لە ڕێگەوبابان، یان لە بێشەیەکدا ڕێی پێدەگرنو دەیکوژن، تا دوا دەمی ژیان هەر بە ئومێدی رزگار بوونە، ئومێد بڕ نابێت، دەگێڕنەوە دەڵێن خەڵکی وا هەبوون، لەو دەمەدا کە کێردیان لە ملیان ناوەو ویستویانە سەریان ببڕن، هەر بە تەمای رزگاری بوونەو هەوڵیانداوە هەڵێن، یان پاڕاونەتەوە کە بیانبەخشن. یانی هیوا بڕاو نەبوون، بەڵام لە حاڵەتی ئیعدامدا، هیچ هیواو ئومێدێك نامێنیٚ، کە هەڵبەتە مردن بە دەم هیواو ئومێدەوە زۆر ئاسانترە لە مردن بەبیٚ ئومێدی. ئیدی قەراری دادگا، قەفەزی پۆڵایینە، کەمترین ئومێدی رزگاری نییە، دوا تروسکەی ژیان لەوێدا دەکوژێتەوە، ئیدی هیچ عەزابێك، لە جیهاندا هاوتای ئەم عەزابە ناکاتەوە، ئەگەر سەربازێك ببەیتە ناوجەرگەی شەڕەوە، بیخەیە بەر سێرەی تۆپان، پاشان تۆپ بارانو گوللەبارانی بکەی، هێشتا هەر ئومێدێکی بە رزگاری هەیە. تا دوا دەمی ژیان بەو ئومێدەوە دەژی. بەڵام ئەگەر قەراری مەرگی ئەسەحو بیٚ چەندو چوون بۆ هەمان سەرباز بخوێنیتەوە، هەنگیٚ یان ئەقڵی لە دەست دەدات، یان لە سەڵای گریان دەداتو کوڵی گریانی لە جۆش ناکەوێت. ئاخر کیٚ دەڵێت تەبیعەتی بەشەر دەتوانیٚ بەرگەی ئەم عەزابە بگریٚو شێت نەبێت؟ ئاخر ئەم گەمە سەخیفە، ئەم ریتمە نەنگینو نەزۆکە چیەو چ سوودێکی هەیە ؟ لەوەیە یەکێك لەم دنیایەدا هەبێت کە حوکمی ئیعدامەکەیان خوێندبێتەوەو تاڵاوی ئەو عەزابە سامناکەیان پیٚ چەشتبیٚو پاشان پێیان گوتبیٚ: "بڕۆ، عەفوو کرایت!"* مەگەر هەر ئەو کەسە بتوانێت باسی ئەوەتان بۆ بکات کە هەستی بە چ

عەزابێك كردووە، چ هەستێكی لا دروست بووە، مەسیح بە خۆیشی باسی ئەم جۆرە عەزابەی كردووە، باسی ئەم ترسەی كردووە! نا، هەرگیز نابێ ئەم جۆرە مامەڵەیە دەگەڵ هیچ بنیادەمێكدا بكرێت!.

یارۆی پێشخزمەت (خزمەتكار) ئەگەرچی نەیتوانی بوو بە باشی لە هەموو قسەكانی میرزادە بگاتو وەكو ئەو گوزارشتی لێبكات، بەڵام بە سیمایا دیاربوو كە لە جەوهەرو نێوەڕۆكی قسەكانی گەیشتووە. بۆیە بە تۆنێكی بەزەیی و میهر ئامێزەوە بە میرزادەی گوت:

– ئەگەر زۆر حەزدەكەی پایپ بكێشیت، دەتوانی بچی بیكێشیت، بەڵام دەبێ لەزێ بكەی، چونكە لەوەیە لەو كاتەدا كە تۆ لە دەرەوەی نۆرەی چوونە ژوورەوەت بێ، هەنگێ من چ بكەم! گوێ بگرە: ئا لەوێندەر، لە ژێر ئەو قاڵدرمەیەدا، دەرگایەك هەیە، دەیبینی؟ ئەوە دەرگایە بكەوە، بە دەستە ڕاستا، ژوورێكی چكۆلە هەیە، دەتوانی لەو ژوورەدا پایپەكەت بكێشیت. بەڵام لە بیرت نەچێ كەمێ پەنجەرەكە بكەرەوە، چونكە جگەرەكێشان لەوێ قەدەغەیە...

بەڵام میرزادە ، فریا نەكەوت بچێ بۆ ژوورە چكۆلەكە، گەنجێك كە دەستەیەك كاغەزی بەدەستەوە بوو، لە ناكاو خۆی بە ژوورا كرد، یارۆی پێشخزمەت خێرا چووە پێشوازی تا یارمەتی بدات كە پاڵتۆكەی دابكەنێت. گەنجەكە بە گۆشەی چاو نیگایەكی گوماناوی میرزادەی كرد.

كابرای خزمەتكار، بە ڕێزەوە و بە شێوازێكی خۆمانی وەكو یەكێك نهێنییەك بدركێنێ گوتی:

– گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، ئەم بەڕێزە دەڵێت ناوی میر میشكینە، گوایە خزمی خا جەنەراڵە. لە هەندەرانەوە هاتووەتەوە وتازە بە خۆی و ئەم بوخچەیەوە لە قیتار دابەزیوە، بەڵام...

میرزادە، نەیتوانی پاشماوەی قسەكانی بژنەوێ، چونكە خزمەتكارەكە دەنگی تەواو نزم كرد. گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، بە دیقەت گوێی دەگرتو بە كونجكاوی دەیڕوانییە میرزادە میشكین، ئەنجام وازی لە گوێگرتن هێنا، بەلەز لە میرزادە نزیك بووەوەو بەو پەڕی ئەدەبو نەزاكەتەوە پرسی:

– تۆ میرزادە میشكینی؟

كوڕێكی زۆر جوان و قۆز بوو، تەمەنی نزیكەی بیستو هەشت ساڵێك دەبوو، باریكەلەیەكی موو زەردی، باڵا بەرزتر لە مامناوەندی بوو. ڕدێنێكی زۆر چكۆلەی وەكو ردێنەكەی ناپلیۆنی سێیەمی دانا بوو، زیرەكی و هۆشمەندیو جوانی لە سیمای دەباری، جارجار ناسكە بزەیەكی دڵپەسند، درزێكی دەكردە لێویو ریزێ ددانی سفتی زۆر سپی مرواری ئاسایی دەنواند. نیگای، بە هەموو گەشیو راستگۆییەكیەوە، بە هەموو بێگەردیەكیەوە، یەجگار كونجكاو وبە دیقەت بوو.

"باوەڕ ناكەم ئەم گەنجە، كە دەگەڵ خۆیدا تاك دەكەوێتەوە، هەمان نیگاو نۆڕینی هەبێت، ڕەنگە كە بە تەنیا دەبێت هەرگیز پێ نەكەنێ."

ئەوە هەستی میرزادە بوو بەرانبەر بەو گەنجە.

میشکین، بەلەز، هەر هەموو ئەو شتانەی دووبارە کردەوە کە بۆ خزمەتکارەکە و، پێشتریش بۆ روگوژینی باس کردبوو. گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، لەو ماوەیەدا، لە کەسێك دەچوو چینە لە یادەوەرییەکانی خۆی بکات. ئەوجا پرسی:

– باشە تۆ ئەو کەسە نیت کە نزیکەی ساڵێك یان کەمتر، پێش ئێستا، وا بزانم لە سویسراوە نامەیەکت بۆ لیزاڤیتا پروکوفیڤنا (خانم یەپانچین) نووسی بوو ؟.

– بەڵێ، وایە.

– کەواتە تۆ لێرە ناسراویت،و بێگومان تۆیان لە بیرەو بیریان دەکەویتەوە. دەتەوێ عالی جەناب بدینی؟ هەر ئێستا ئاگاداری دەکەم. دوای تۆزێکی دی دەستی بەتاڵ دەبێ. بەڵام دەبوایە... هەق وا بوو لە هۆڵی میواندابوایەی. ئەوسا، بە تۆنێکی جددی لە خزمەتکارەکەی پرسی:

– بەڕێزیان بۆچی لێرەیە ؟

– قوربان، بە خۆی وای پێخۆش بوو !

لەو کاتەدا، لە ناکاو دەرگای نووسینگەکە کرایەوەو، ئەفسەرێکی سوپایی، کە فایلێکی ئەوراقی بە بن هەنگڵەوە بوو، وەدەرکەوت و بە دەنگی بەرز خوداحافیزی کرد.

دەنگێك لەو سەری نووسینگەکەوە گازی کرد:

– گانیا*، ئەوە تۆ لێرەی ؟ کەواتە وەرە....

گاڤریلا ئاردالیوفیچ، بە ئاستەم سەرێکی بۆ میرزادە دانەواندو بە پەلە خۆی بە نووسینگەکەدا (ژووری کار) کرد. دوای دوو دەقیقەیەك، دیسان دەرگا کرایەوە، دەنگی ئاشنای گاڤریلا ئاردالیوفیچ هاتە گوێ، گوتی:

– میرزادە، فەرموو وەرە ژوورەوە!

پەراوێز:

*– "خولامێکی ئەمین و وەفادار، نەك دەڵەچەیەکی...": جەنەراڵ ئاراکتشییف کە پتروسی یەکەم، لە ساڵی ١٧٨٩دا نازناوی بارۆنی پێ بەخشی بوو، ئەو پرەنسیپەی کردبوو بە دروشمی خۆی.

*– "جەنابی کۆنت" ئەم کۆنتەی کە نووسەر ناوی نابات و، پاشتریش باس دەکرێت، ڕەنگە سەرۆکی جەنەراڵ یەپانچین بێ.

*– "ئاردالیوفیچ" ئەمە ناوە میللییەکەی بابا "ئاردالیونوفیچ"ە. خوێنەر دەبینێ کە ناوی ئەم کاراکتەرەی رۆمانەکە، جارێ بە ئاردالیوفیچ،و جارێ بە ئاردالیونوفیچ دێت.

*– "ئەو دادگا تازانەی کە لەم رۆژانەدا زۆر باس دەکرێن..." کە ریفۆرمی ٢٠/ نۆڤەمبەر/١٨٦١ راگەیەنرا، ئیدی کۆبوونەوەو دانیشتنی دادگاکانی روسیا بوون بە کۆبوونەوەو دانیشتنی ئاشکراو عەلەنی، سیستەمی سوێندەران لە هەموو مەسەلە جینایییەکاندا بەکاردەهێنرا. دۆستویفسکی زۆری بایەخ بەم دادگا تازانە دەدا.

*- "بۆ نموونە سزای ئیعدام لابرا..." لە راستیدا ئیمپراتۆرە ئیلیزابت، سزای ئیعدامی لە هەموو مەسەلەکانی ماڤ گشتیدا بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ لە ساڵی ١٧٤١دا هەڵوەشاندەوەو لە ساڵی ١٧٥٤دا راستەوخۆو بە پێی قانوون و بە فەرمی هەڵی وەشاندەوە، بەڵام سزای ئیعدام لە بواری تاوانی سیاسیدا هەڵنەوەشایەوە. بۆ نموونە لە ١٨٦٦/٩/٦ دا کاراکوزوف لە سێدارە درا، چونکە لە هەوڵێکی ناکامدا ویستبووی ئەلکساندەری دووەم لە "باخی هاوین"دا تیرۆر بکات. ئەم پیاوە بە ئاشکراو بەبەر چاوی خەڵکییەوە، لە مەیدانی سمولنسکی، لە شاری پترسبۆرگ هاتە ئیعدام کردن. بۆیە ئەوەی دۆستۆیفسکی لێرەدا وەکو نموونە هێناویەتیەوە، هەموو حەقیقەت نییە.

*- "بەڵێ، جارێکیان لەوێ، لە فەرەنسا، لە شاری لیون حاڵەتێکی ئیعدامم بینی." ئیعدامی تاوانباران لە فەرەنسا هەم زۆر بوو و هەم بە ئاشکرا بوو. ئەم سیستەمە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەش بەردەوام بوو. تورگینیف لە وتارێکیا بە ناونیشانی "ئەشکەنجەی تروبمان" باسی یەکێك لەو ئیعدامانەی کردووە.

*- "لەوەیە یەکێك لەم دنیایەدا هەبێت کە حوکمی ئیعدامەکەیان خوێندبێتەوەو تاڵاوی ئەو عەزابە سامناکەیان پێ چەشتبێ..." دۆستویفسکی لێرەدا ئەو ساتە ترسناکانەی بیر دەکەوێتەوە کە بە خۆی چەرباندبوونی بەر لەوەی قەراری عەفوەکەی بگات.

*- "گانیا": سووك کراوەی گاڤریلایە.

## فەسڵی سێیەم

جەنەراڵ ئیڤان فیودوروفیچ یەپانچین، کە لە ناوەڕاستی ژووری کارەکەی خۆیدا (نووسینگە، ئۆفیس) راوەستا بوو، بەوپەڕی کونجکاوی دەیڕوانییە میرزادە کە خەریك بوو وەژوور دەکەوت، تەنانەت دوو هەنگاویش بەرەو پیری ڕۆیی، میرزادە نزیك بووەوەو خۆی ناساند.

جەنەراڵ گوتی:

– زۆر چاکە، من دەتوانم چ خزمەتێکی تۆ بکەم!

میرزادە گوتی:

– حاڵی حازر هیچ کارێکی پێویستم نییە، مەبەستم لەم سەردانە تەنیا ئاشنایەتی تۆ بوو. حەز ناکەم ناڕەحەتت بکەم، چونکە ئاگاداری کاتو بەرنامەی کاری تۆ نیم، کە لە سویسراوە گەییمە ئێرە، یەکسەر لە وێستگەی قیتارەوە بۆ ئێرە هاتووم...

سووکە بزەیەکی تەوسامێز لێوی جەنەراڵی کشاند، بەڵام زوو فریا کەوتو قووتی دایەوە. ئەوسا لە فکران ڕاچوو، چاوەکانی بچووك کردنەوەو سەراپای میوانەکەی بە نیگا دابێژت، ئەوجا ئاماژەی بۆ کورسییەك کرد تا لە سەری دانیشێت. بە خۆیشی لە تەنیشتیەوە دانیشتو بە جۆرە نیگەرانیو کەم حەوسەڵەییەکەوە رووی تێکرد. لەم کاتەدا گانیا، لە پشت مێزێکی، سووچێکی ژوورەکە وەستا بوو و چەند کاغەزێکی دەردێنا.

جەنەراڵ یەپانچین بەرسڤی دایەوەو گوتی:

– بە شێوەیەکی گشتی ناپەرژمە سەر ئەوەی تەعاروف دەگەڵ خەڵکانی تازەدا بکەم. بەڵام سەبارەت بە تۆ کە هاتووی بۆ ئێرە، هەڵبەتە دەبێ مەبەستێکت هەبێ، من...

میرزادە، قسەکەی پێ بڕی:

– پێشوەختە هەستم دەکرد کە وا وێنا دەکەیت بە مەبەستێکی تایبەتی هاتووم بۆ لات، بەڵام باوەڕم پێبکە، هیچ مەبەستێکی تایبەتیم نییەو تەنیا حەزم کرد سەرت لێبدەمو بە ناسینت خۆشحاڵ بم.

– هەڵبەتە منیش خۆشحاڵم، بەڵام مەرج نییە هەمیشە خۆشحاڵی لە پێناوی خۆشحاڵیدا بێ، جاری وا هەیە کاریش دەکەوێتە ناو ناوانەوە... کاریش دێتە پێشی... من تا ئێستا نازانم چ

شتێك ئێمە كۆدەكاتەوە، پێكمانەوە دەبەستێ... مەبەستم ئەوەیە نازانم بۆچی بۆ لای من هاتوویت...

– هیچ شتێك و هیچ پەیوەندییەك... گومان لەوەدا نییە... خاڵی هاوبەشی نێوانمان زۆر كەمە... تەنانەت ئەگەر من میرزادە میشكین بەو هاوسەرەكەی تۆش لە هەمان بنەماڵە بێت، هەر ناكاتە بیانووی ئەوە كە... من ئەمە باش دەزانم. وێڕای ئەوەش تەنیا ئەنگێزەی هاتنی من بۆ ئێرە، وەكو گوتم ئەوە بووە. من چوار ساڵە لە رووسیانیم، كە سەفەرم كرد، لە رووی ئەقڵییەوە تەواو نەبووم، ئەو كاتە هیچم دەربارەی ژیان نەدەزانی، ئێستاش شتێكی ئەوتۆی دەربارە نازانم. من پێویستم بە ناسینی خەڵكانی میهرەبان و دڵاوایە، بۆ نموونە، حاڵی حازر كێشەیەكم هەیە پێویستە چارەسەری بكەم، بەڵام نازانم لە كوێوە دەست پێبكەم. كە گەییمە بەرلین لە دڵی خۆدا گوتم: "خۆ ئەوانە هەرچییەك بێ خزمی خۆمن، كەواتە لەوانەوە دەست پێدەكەم، ڕەنگە سوودێك بە یەكتر بگەیەنین و بە تایبەتی كە خەڵكێكی میهرەبان و دڵاوان. هەڵبەتە بیستبووم كە تۆ پیاوێكی میهرەبان و دڵاواو جوامێریت."

جەنەراڵ، بە كەمێك سەرسامیەوە گوتی:

– سوپاس، دەكرێ بزانم لە كوێ لات داوە؟ لە كوێ ماڵت گرتووە؟

– تا ئێستا لە هیچ كوێ لام نەداوە و ماڵم نەگرتووە!

– كەواتە، یەكڕاست لە وێستگەی قیتارەوە بۆ لای من هاتووی، ها ؟و... بە كەلوپەلەكانتەوە هاتوویت ؟

– هەموو كەلوپەلەكەم بریتییە لە بوخچەیەكی بچكۆلەو چەند پارچە جلێكی تیایەو هیچی تر، ئەویش دایمە بە دەستمەوەیە، لە ئێستاوە تا ئێوارێ دەرفەتی ئەوەم دەبێ كە ژوورێك لە ئوتێلێكدا بەكرێ بگرم.

– یانی نیازت وایە ژوورێك بەكرێ بگریت ؟

– بەڵێ، ئەی چۆن.

– من وا لە قسەكانت حاڵی بووم كە بە تەمای لەلای من بمێنیتەوە.

– ئەگەر بە خۆت خوڵكت كردبام لەگێن بوو. بەڵام حەزدەكەم ئەوەشت پێ بڵێم كە تەنانەت لەو حاڵەشدا هەر نەدەمامەوە، نەك لەبەر هۆیەكی تایبەتی، بەڵكو لەبەر ئەوەی تەبیعەتم شتی وا قەبووڵ ناكات.

– كەواتە زۆر باش بوو خوڵكم نەكردیت و، خوڵكیشت ناكەم، جا جەنابی میرزادە، با قسەیەكی دیكەش بكەم، بۆ ئەوەی لە كورتی بیبڕینەوە، مادامێكی هەردوولا قایلین كە هیچ خزمایەتیەكمان لە نێواندا نییەو پێویست بە باسكردنی شتی وەها نییە، هەرچەندە دەشیا شانازی بەو خزمایەتیەوە بكەم، ئیدی بەو پێودانگە...

– ئیدی بەو پێیە دەبێ هەر هەستم و بڕۆم.

میرزادە، بە دەم هەستانەوە، لە ناخی دڵەوە پێكەنی.هەرچەندە وەزعەكە مایەی نیگەرانی و پەریشانی بوو، لەسەر قسەكەی خۆی ڕۆیی:

– جەنابی جەنەراڵ، دڵنیات دەکەم، من سەرباری ئەوەی شارەزای داب‌و نەریتی ئێرە نیم‌و ئەزموونێکی زۆر کەمم لەو بارەیەوە هەیە، دەمزانی کە مەسەلەکە بەمجۆرە دەشکێتەوە. بە هەر حاڵ، ڕەنگە ئەمە باشتر بێت... تەنانەت وەڵامی نامەکەشم نەدرایەوە... زۆر چاکە... خودا حافیز... ببورە کە ناڕەحەتم کردیت.

نیگای میرزادە، لەو کاتەدا لوتفی لێ هەڵدەقوڵا، بزەکەی سەر لێوی پاك‌و بێگەرد، زەڕەیەك ڕق‌و کینەی پێوە دیار نەبوو، تەنانەت کەمترین ڕق‌و کینەی پەنهانیشی لەخۆ نەگرتبوو، جەنەراڵ بێدەنگ بوو، بە چاوێکی تازە کەوتە ڕوانینی میرزادە، زۆر گۆڕا، ئەو جەنەراڵەی تۆزێك لەمە پێش نەبوو. لە چاو تروکانێکا ئەم گۆڕانە کوت‌و پڕەی بەسەردا هات. جەنەراڵ ڕووی کردە میرزادەو بە شێوازێکی تەواو جیاواز گوتی:

– گوێ بگرە میرزادە: ئەوەی ڕاستی بێ من تۆ ناناسم، بەڵام لەگینە هاوسەرەکەم حەزبکات کەسێك ببینێ کە هەمان شۆرەت‌و ناوی خانەوادەیی ئەوی هەیە، ئەگەر کاتت هەیەو حەز دەکەی، لێرە بمێنەو چاوەڕوان بکە.

میرزادە، یەکسەر کڵاوە خڕە لبادەکەی لەسەر مێزەکە داناو گوتی:

– ئۆ! وەختم یەجگار زۆرە! هیچ کارێکم نییە! بەتاڵی بەتاڵم! ئەوەی ڕاستی بی لە دڵی خۆدا بە تەما بووم کە هاوسەرەکەی تۆ، لیزاڤینا پروکوفیڤنا، ئەو نامەیەی بیر بکەوێتەوە کە من بۆم نارد بوو. تۆزێ لەمە پێش، کە لە پرسگەکە چاوەڕوانم دەکرد، وام هەست کرد کە خزمەتکارەکەت وا تەسەور دەکات من بۆکۆمەك‌و باربوو هاتووم بۆ ئێرە. زۆر بە زەقی ئەوەی پێوە دیاربوو. پێدەچێت دەستوورەکانت لەو بارەیەوە زۆر توندبێ، جادڵنیات دەکەم کە من بەو نیازە نەهاتووم، تەنیا بۆ تەعاروف هاتووم. بەڵام هەست دەکەم ناڕەحەتم کردوویت، زۆر بە داخەوەم، داوای بوردن دەکەم.

جەنەراڵ بزەیەکی خۆشحاڵی بۆ کردو گوتی:

– زۆر چاکە میرزادە، ئەگەر زاهیرو باتینت بەڕاستی یەك بێت، ڕەنگە تەعاروفەکەمان خێری پێوە بێت. بەڵام وەکو دەبینی من کەسێکی سەرقاڵ‌و مژوول‌و کۆمەڵێك کاغەزو مامەڵەم لەبەر دەستدایە دەبێ تاووتوێیان بکەم، ئیمزایان بکەم و دوای دیداری جەنابی کۆنت، بڕۆم بۆ ئۆفیسەکەم. بۆیە وەکو دەبینی وێڕای ئەوەی بە دیتنی خەڵکانی بەڕێزو حورمەت خۆشحاڵ دەبم... یانی... من... هەرچەند دڵنیام کە تۆ پیاوێکی ڕەسەن‌و ئەسڵزادەیت‌و دەبێ... ئەرێ بەڕاست میرزادە تەمەنت چەندە؟

– بیست‌و شەش ساڵ.

– بەڕاست ؟ وام وێنا دەکرد زۆر بچووکتر بیت.

– بەڵێ، زۆر کەس وام پێدەڵێن. دەڵێن لە تەمەنی خۆت بچووکتر دەنوێنی. سەبارەت بەناڕەحەت کردنی تۆ، هەوڵدەمەم ناڕەحەتت نەکەم. چونکە بە تەبیعەت حەزناکەم کەس ناڕەحەت بکەم... پێموایە ئێمە لە ڕواڵەتا زۆر لێکدی جیاوازین... لەبەر زۆر هۆ، خاڵی هاوبەشی زۆرمان لە نێواندا نییە، هەرچەندە من لەلای خۆمەوە زۆر باوەڕم بەو بۆچوونە نییە، چونکە زۆرجار لە ڕواڵەتدا

خاڵی هاوبەش نابینرێ، بەڵام لە حەقیقەتو جەوهەردا خاڵی هاوبەش هەن... خەڵکی لە تەمەڵی خۆیاندا، بڕیار لەسەر رواڵەت دەدەنو بە گوێرەی رواڵەت خەڵکی پۆلێن دەکەنو ناتوانن حەقیقەتی خەڵکی بدۆزنەوە. دەترسم ناڕەحەتت بکەم، خۆ ناڕەحەتم نەکردوویت؟ پێدەچێ کە تۆ...

– باشە شتێکی دیکە: تۆ هیچ سەرچاوەیەکی شەخسی بژێویت هەیە، یانی پارەیە، سەروەتێ، سامانێ شك دەبەیت ؟ بە نیازیت کارێك بۆ خۆ پەیدا بکەیت ؟ ببورە کە ئەم پرسیارە کاڵوکرچانەت لێدەکەم...

– گوێ مەدەیە، پێم ناخۆش نییە،.. من لە مەبەستت دەگەم، بە پێچەوانەوە سوپاست دەکەم. حاڵی حازر نە هیچ سەروەتو سامانو دەستمایەیەکم هەیە، نە هیچ کارو کاسبییەك، هەڵبەتە پێویستیشم پێی دەبێت. ئەو پارەیەی کە تا ئێستا هەمبووە، خەڵکی داویانمەتێ. شنایدەر، ئەو مامۆستایەی کە لە سویسرا دەرسی پێ دەگوتمەوەو مالیجەی دەکردم، پارەی دامێ، منیش تەنیا بەشی ئەوەندەی بمگەیەنێتە ئێرە، بەشی سەفەرەکەمم لێ هەڵگرت، جا ئێستا تەنیا چەند کۆپیکێکم پێ ماوە، شتێکم لە خەیاڵدایە دەبێ پەیگیری بکەمو پێویستم بە ڕاوێژو تەگبیرە، بەڵام...

جەنەراڵ قسەکەی پێ بڕیو پرسی:

– باشە، حاڵی حازر بەچی دەژیت، بە ئومێدی چیت،و پرۆژەو نەخشەکانت چین؟

– گەرەکمە کارێك پەیدا بکەم، بە هەر جۆرێ بووە کارێك بکەم

– ئەها... بە ڕاستی تۆ فەیلەسوفیت. باشە هیچ تواناو بەهرەیەك لە خۆتا دەبینی؟ یانی ئەو تواناو بەهرەیەت هەیە کە نانی رۆژانەی خۆت دابین بکەیت ؟ ببورە کە ئەو قسەیە دەکەم...

– پێویست بە عوزرخوازی ناکات! پێم وانییە ئەو تواناو بەهرەیەم هەبێت. بە پێچەوانەوە: من کابرایەکی نەخۆشم، خوێندنێکی رێكو پێكو بەردەوامم نەکردووە. سەبارەت بە دابین کردنی نانی رۆژانەش، پێموایە..

جەنەراڵ، دیسان قسەکەی پێ بڕیو بە پرسیار دایگرتەوە. میرزادە، هەمان قەوانی وەکو خۆی، بۆ لێدایەوە. دەرکەوت کە جەنەراڵ ناوی ئاغای (باڤلیچوف)ی رەحمەتی بیستبووو تەنانەت بینی بووشی.

میرزادە نەیدەتوانی ئەوە روون بکاتەوە کە بۆچی ئەو پیاوە بەرێزە (بافلیچوڤ) بە خەمی پەروەردەو فێرکردنی ئەوەوە بووە. تەنیا ئەوەندەی گوت کە لەگینە بە هۆی پەیوەندیو دۆستایەتیەوە دەگەڵ بابی رەحمەتی ئەودا بوویێ، جۆرە رێزێك بوو بی بۆ ئەو دۆستایەتییە. میرزادە، هەر بە منداڵی هەتیوکەوتبوو و سەرەتاکانی تەمەنی لە گوندیدا بەسەر بردبوو، چونکە سیحەتی باش نەبوو و کەشو هەوایەکی کراوەو پاکی دەخواست. ئیدی باڤلیچوف بە هەندێ پیرێژنانی خزمی خۆی، کە لەسەر موڵکەکانی وی دەژیان، سپاردبوو.

لە هەوەڵەوە کارەکەرێکیان راسپارد بوو کە بە خودانو پەروەردەی بکات. پاشان مامۆستایەکی تایبەتیان گرتبوو کە دەرسی پێ بڵێو فێری خوێنەواری بکات، میرزادە،

گوتبـووی هەرچـەندە هـەموو شـتێکی بـە روونـی لـە بـیرە، بـەڵام هەرچـی دەکـات نـاتوانێ ئـەو بیرەوەریانە وەکو پێویست بگێڕێتـەوە. چونکە –خۆی گوتـەنی– ئەوسا، لەو سەردەمانەدا وەکو پێویسـت لـە شـتەکان حـاڵی نـەدەبوو. ئەمـە جگـە لـەوەی کـە خـووی لەگەڵدا بـووەو زوو زوو فێـی لێهاتووەو ئەم نەخۆشییە بە رادەیـەك شپرزەی کردووە کەگێل‌و ئەبلـەی کردووە، جا ئەو حـاڵی حازر کابرایەکی ئەبلەیە (میرزادە دەقاو دەق وشەی ئەبلەی بەکار برد).

مـیرزادە، ئـەنجام هاتـە سـەر باسـی ئـەوەی کـە باڤلیچـۆف، جارێـك لـە بـەرلین، پرۆفیسـۆری سویسری شنایدەری، کە پسپۆری ئەم جۆرە نەخۆشیانە بوو، بینی بوو، شنایدەر لە دەڤەری والـیس (Wallis)، لـە سویسـرا، نەخۆشـخانەیەکی تایبـەتی هـەبوو، کـە بـە شـێوازی تایبـەتی چارەسەری ئەم جۆرە نەخۆشیانەی دەکرد، یانی رێگەی وەرزشی بەدەنی‌و دوشکردن بە ئاوی ساردو مالیجەی دەروونییەوە، ئەبلەهان‌و شێتانی مالیجەو دەرمان دەکرد، پاڤلیچوف، نزیکەی ساڵێك دەبێت کە میرزادەی بۆ لای شنایدەر نارد بوو، بەڵام بەخۆی سێ ساڵێك پاش ئەوە، لە ناکـاوا مردبـوو، بێئـەوەی هـیچ وەسـێتێکی لـە بـارەی میشـکینەوە کردبێـت، بـەڵام شـنایدەر، میرزادەی لەلای خۆی گل دابووەوەو دوو ساڵی تریش مالیجەو دەرمانی کردبوو. هەرچەندە، بە تەواوەتی چاك نەبوو بووەوە، بەڵام سوودێکی فرەی لە مالیجەو دەرمانەکانی شنایدەر بینی بوو. ئەوسا شنایدەر، لەسەر خواستی خودی میرزادەو، بە هۆی دروست بوونی رەوش‌و رووداوێکی تازەوە، بڕیاری دابوو، کە بۆ زێدی خۆی، بۆ رووسیای بنێرێتەوە.

جەنەراڵ، کە تەواو حەپەسا بوو، پرسی:

– یانی بەم پێیە لە رووسیادا کەست نییە؟ هیچ خزم‌و کەسێکت نییە؟

– تا ئێستا هیچ کەسێکم نییە، بەڵام ئومێدەوارم... نامەیەکیشم پێ گەییوە.

جەنەراڵ، بێئەوەی گوێی لە دوا رستەکەی‌و باسی نامەکە ببێ، قسەکەی پێ بڕی‌و گوتی:

– خۆ بەلای کەمەوە دەبێ شتێك فێر بوو‌بیت، کارێك، پیشەیەك فێر بوو‌بیت... خۆ نەخۆشیەکەت ئەوە نییە کە نەتوانی هیچ کارێك بکەیت... هەڵبەتە مەبەستم کاری قورس نییە... بەڵکو سووکە کارێك لە دایەرەیەکدا، لە شوێنێکدا...

– هەڵبەتە نەخۆشیەکەم رێی ئەوەم لێناگرێت، سەبارەت بە وەزیفەو کارش، خوا خوامە کارێکم دەست بکەوێ. چونکە بە خۆیشم حەزدەکەم بزانم بە کەڵکی چ کارێك دێم‌و توانام بەسەر چ کارێکدا دەشکێ. من بە درێژایی ئەو چوار ساڵە زۆرم خوێندووە، بەڵام خوێندنەکەم رێك‌و پێك‌و بەردەوام نەبوو، چونکە مامۆستاکەم (شنایدەر) ناچار بوو میتۆدێکی تایبەتی لە فێرکردنما بەکار بێنێ‌و، توانیم لەو ماوەیەدا زۆر کتێبی رووسی بخوێنمەوە.

– کتێبی رووسی؟ کەواتە دەبێ لەم زمانەدا زۆر شارەزاو کارامە بیت‌و بتوانیت بەبێ هەڵە بەم زمانە بنووسیت؟

– ئا... هەڵبەتە... ئەی چۆن...

– زۆر چاکە، ئەدی دەست‌و خەتت چۆنە ؟

– دەست‌و خەتم زۆر باشە، دەتوانم بڵێم لەم ڕووەوە خودان بەهرەم، لێم نەبێ بە درۆ خوشنووسێکم لەوگۆڕەی.

میرزادە، بە تاسەوە لەسەری ڕۆیی:

– ڕاوەستە... ئێستا هەر بۆ تەجروبە شتێکت بۆ دەنووسم، بنووسم ؟

– ئا! بنووسە! زۆرم پێخۆشە. ئەو جۆش‌و خرۆشەتم زۆر بە دڵە. میرزادە، بەڕاستی تۆ زۆر خوێن گەرم‌و ڕوح سووک‌و ڕەزا شیرینی.

– کە قەڵەم‌و ئامێرەکانت جوانن! ئەم قەڵەمانە، ئەم پەڕەمووچانە... لەم کاغەزە جوانە! چەند ئەستوورو جوانە! چ ئۆفیس‌و مێزێکی جوانت هەیە! تۆ گوێ بگرە: من ئەم دیمەنەم دیوە. تابلۆیەکی جوانە. دیمەنێکی سویسرایە. دڵنیام کە نیگارکێشەکە لە تەبیعەت‌و سروشتەوە وەری گرتووە، من دڵنیام کە ئەم شوێنەم دیتووە: لە دەڤەری (uri= یوری) نییە؟

– زۆر لەگینە وابێ، دەشێت، هەرچەندە من تابلۆکەم لێرە کڕیوە. گانیا گیان، کاغەز بدە بەمیرزادە. فەرموو ئەمەش پەڕەمووچ‌و کاغەز. بچۆ سەر ئەو مێزە بچووکە.

جەنەراڵ، ئاوڕێکی لای گانیای دایەوە، سەیری کرد وێنەیەکی فۆتۆگرافی گەورە لە جانتاکەی دەردێنێ‌و بۆ یەپانچینی درێژ دەکات، جەنەراڵ پرسی:

– ئەمە چیە ؟ بەه بەه...! ناستاسیا فیلیپوفنایە! وایە! بە خۆی ئەم وێنەیەی بۆ ناردوویت ؟

بە فزوڵیەت‌و کونجکاویەکی زۆرەوە ئەو پرسیارەی کرد. گانیا، وەڵامی دایەوە:

– ئەم بەیانییە، کە بۆ پیرۆزبایی چوو بووم بۆلای بە خۆی دایمێ. دەمێك بوو داوای وێنەیەکم لێکرد بوو. گانیا بەدەم بزەیەکی تاڵەوە لەسەری ڕۆیی: نازانم تۆ بڵێی مەبەستی ئەوە نەبووبێ کە بە تەشەرەوە پێم بڵێ کە لە ڕۆژێکی ئاوادا بە دەستی بەتاڵ، بەبێ هیچ دەست‌و دیاری‌و سەوقاتیەك چوو بووم بۆ لای ؟

میرزادە، قسەکەی پێ بڕی‌و بە شێوەیەکی بنجبڕ گوتی:

– نا، نا، بەڕاستی بیرکردنەوەیەکی سەیرت هەیە! ناستاسیاو تەشەڕ! حەیفت نەکرد! تۆ بەخۆت دەزانی کە ئەو ئافرەتێکی خۆپەرست نییەو چاوی لەو شتانە نییە. دەبێ دیاری تۆ چ بێ ؟ دیاری ئەو جۆرە ژنانە هەزاران ڕۆبڵی تێدەچێ! ئەوپەڕی تۆش دەتتوانی وێنەیەکی خۆتی پێشکەش بکەیت، ئەرێ تا ئێستا داوای وێنەی لێنەکردویت ؟

– نەخێر، تا ئێستا داوای نەکردووە، ڕەنگە قەتیش داوای نەکات. ئەرێ ئیڤان فیودوروفیچ، ئاهەنگەکەی ئەم شەوت لە یادە، لە بیرت نەچووە؟ چونکە تۆ یەکێکی لە میوانانی شەرەف.

– هەڵبەتە لە بیرمە... بیرم نەچووە... بێگومان ئامادە دەبم.. ئاهەنگی لە دایك بوونیەتی، بیست‌و پێنجەمین ساڵیادی لە دایکبوونیەتی... هم، گانیا دەمەوێ نهێنییەکت پێ بڵێم، جا گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم: وەعدی بە ئاڤاناسی ئیڤانوفیچ‌و من داوە کە ئەمشەو، لە ماڵی خۆیدا، دوا قرێری خۆی بدات، بە بوون یان نەبوون. ئیدی ئەم حیسابە لەنك خۆت بگرەو، لە بیرت نەچێت!

گانیا، کە گوێ لەو قسەیە بوو، تەواو پەشۆکا، ڕەنگی پەڕی‌و بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

– ئەسەح قەولی وای داوە.

– پێریێ ئەو قەولەی دا. ئێمە بە دوو قۆڵی، ئەوەندەمان گوشار لێکرد تا ئەنجام چاری نەماو ملی دا یەخەت. بەڵام تکای لێکردین، جاریێ هیچ شتێك لەو بارەیەوە بە تۆ نەڵێین تا وەختی خۆی دێت.

جەنەراڵ، بەئانقەست نیگای بڕییە گانیا. بە ئاشکرا دیار بوو کە نیگەرانی و پەشێویەکەی گانیای پێ ناخۆش بوو: گانیا بە پەشۆکاوی و دوو دڵی گوتی:

– ئیڤان فیودوروفیچ، جەنابت دەزانی، کە ئەو ئازادی بڕیاردانی تەواوی دابوو بە من، تا ئەو کاتەی بە خۆی دەگاتە قەناعەت و بڕیار دەدات. قەرار وابوو لەو حاڵەشدا هەر دوا بڕیارو دوا قسە، بڕیارو قسەی من بێت. جەنەراڵ، بەوپەڕی پەشێوی و شپرزەیی و نیگەرانییەوە گوتی:

– بۆچی، مەبەستت... یانی مەبەستت...

– نا، من هیچم نەگوتووە، هیچ مەبەستێکم نییە.

– تکایە، تۆ دەتەوێ چ بکەی، چۆن دەتوانی کاری وا بکەی ؟

– من پاشگەز نەبوومەتەوە، ژێوان نیم. پێدەچێ نەمتوانی بێت، بە باشی مەبەستی خۆم دەربڕم.

جەنەراڵ، بە توڕەیی، بێئەوەی هەوڵ بدات، توڕەیی و پەستیەکەی خۆی وەشێرێت، گوتی:

– هەر لە ژێوان بوونەوەو ڕەفزمان کەم بوو! نۆبەتی ئەو قەوانەیە! کاکە مەسەلەکە لەوەدا نەماوە کە بڵێین ژێوان مەبەوە، پاشگەز مەبەوە، بەڵکو دەبێ لەو کاتەدا کە ئەو بڕیار دەدات، دەبێ ئەوپەڕی شادمانی و خۆشحاڵی دەربڕی، زۆر منەتباری نیشان بدەیت. ئەدی دەنگ و باسی ماڵتان چیە ؟

– دەنگوباسی ماڵمان ؟ ئا، لە ماڵەوە هەموو شتێك بە دڵی خۆمە، بە خۆم هەمە کارەم. قسە، قسەی منە. باوکم دیارە ناڕازییە، بە تەواوەتی ناخۆشی کردووە. خۆی شێت کردووە، بۆ هیچ شتێك پرسی پێناکەم و قسەی دەگەڵ ناکەم. خۆ ئەگەر لەبەر دایکم نەبوایە، لە ماڵەکە دەرم دەکرد. هەڵبەتە دایکم بەردەوام دەگری و فرمێسك دەڕێژێ. خوشکەکەم لێم تۆراوەو بەعزی کردووە. بەڵام من بە ئاشکرا پێم گوتوون کە هەر خۆم بەرپرسی ژیانی خۆمم، من لە ماڵەوە هیچم ناوێ تەنیا ئەوە نەبێ کە گوێم لێبگیرێت و قسەم لە عاردی نەدرێت. من ئەمەم لەبەر چاوی دایکم بە خوشکەکەم گوتووە.

جەنەراڵ، بە حەواس پەرتییەوە، دەستەکانی بڵاوکردنەوەو شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی:

– من تا ئێستاش تێناگەم!. ئەو ڕۆژەت لە بیرە کە دایکت، نینا ئالکسندروڤنا هاتە دیدەنیم؟ کە داخ و زوخاوی هەڵدەڕشت و دەگریا، لێم پرسی: "چیتە" بۆم دەرکەوت کە خەمی ئەوەیەتی بەم کارە ئابڕووی خانەوادەکەیان دەچێت. دەشێت بپرسم چ ئابڕووچوونێك لەم کارەدا هەیە؟ ئاخر کێ دەتوانێ بچووکترین عەیب و عار لە ناستاسیا فیلیپوفنا بگرێت، یان خراپەیەکی بڵێت؟ هەر لەبەر ئەوەی پەیوەندی دەگەڵ توتسکیدا هەبووە؟ ئەمە قسەی قۆڕە، بە تایبەتی کە لە زروفێکی تایبەتیدا بووە. بیرتە لێی پرسیم: "باشە تۆ رازیت تێکەڵی کچەکانت ببێت؟". ها! گوێت لێ بوو؟ ئەم نینا ئالکساندروفنایە سەیرە! هەرچەند مەسەلەکە روون و ئاشکرایە، نازانم بۆ تێ ناگات...

چونکە جەنەراڵ، نەیدەزانی چۆن لەسەر قسەکەی بەردەوام بێت، گانیا فریای کەوت‌و بەم رستەیە بۆی تەواو کرد:

– بۆچی سنووری خۆی نازانێ ؟

ئەوسا لەسەری رۆیی‌و گوتی:

– با، باش دەیزانێ . لێی مەگرە! من ئەوسا تێم گەیاند کە نابێ خۆی لە کاروباری خەڵکانی دی هەڵقورتێنێ.

بەهەرحاڵ، وەزع‌و حاڵی ماڵمان هێشتا کەمێك ئارامە، چونکە هێشتا دوا قسە نەکراوە. هەڵبەتە کە دوا قسەکرا، هەنگێ ئیدی قیامەت ڕادەبێت. ئەگەر ئەمڕۆ دوا قسە بکرێت ئیدی هەموو شتێك لە گرێژەنە دەچێت.

میرزادە، کە لە سووچێکدا دانیشتبوو‌و سەرقاڵی خۆشنووسی خۆی بوو، گوێی لە هەموو ئەم گفتوگۆیە بوو.

کە لە کارەکەی بووەوە، هەستا لە ئۆفیسەکە نزیك بووەوە‌و کاغەزەکەی خستە سەر مێزەکە. لەو کاتەدا کە بەو پەری تاسە‌و کونجکاویەوە دەیڕوانیە وێنەکە. لەبن لێوانەوە گوتی:

– ئەمە ناستاسیا فیلیپوفنایە ؟

ئەوسا، بەشێوەیەکی گەمتر لەسەری ڕۆیی:

– بە ڕاستی جوانە !

وێنەکە، سەروسیمای ژنێکی یەجگار جوانی، بێ هاوتای نیشان دەدا. کراسێکی هاودامانی ئاوریشمی ڕەشی سادەی، بەدەن چەسپی لەبەر بوو. قژی خورمایی، بە شێوەیەکی زۆر جوان‌و سادە، رێك خرابوو. چاوەکانی رەش‌و مەنگ، جۆرە مەنگی‌و ڕامانێك بەتەوێڵییەوە دیار بوو، سیمای خەمین‌و پڕ غروور، دەموچاوی کەمێك لاوازو پێدەچوو هەندێ کاڵ بێت.

گانیاو جەنەراڵ، کە گوێیان لە میرزادە بوو، بەسەر سامی ئاوڕیان لێدایەوە. جەنەراڵ پرسی:

– چی؟ گوتت ناستاسیا فیلیپوفنا! یانی دەیناسیت ؟

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، هەرچەندە من تەنیا بیست‌و چوار سەعاتە، بگرە کەمتریشە بۆ رووسیا گەڕاوەمەتەوە، بەڵام ئەو شاجوانە دەناسم.

ئەوسا بەلەز باسی ئەوەی کرد کە چۆن روگوژینی دیتووەو روگوژین، چی لەو بارەیەوە گێڕاوەتەوە.

جەنەراڵ، پاش ئەوەی بەدیقەت گوێی لە میرزادە گرت، نیگایەکی پرسیارئامێزی گانیای کردو بە نیگەرانییەوە گوتی:

– نۆبەتی ئەو قەوانەیە! ئەمە چییە!

گانیاش کە شپرزە بوو بوو، لە بن لێوانەوە گوتی:

– هیچ نییە، سەرکێشییەکی گەنجانە بووەو هیچی تر! ئەمە کوڕە بازرگانێکی دەوڵەمەندی مەیخۆری بەدمەستە! پێشتر ئەم حیکایەتەم بیستووە.

جەنەراڵ گوتی:

– منیش بیستوومە. ئەوساکە، ناستاسیا فیلیپوڤنا بە خۆی، دوای مەسەلەی جووتە گوارەکە، هەموو چیرۆکەکەی بۆ گێڕاینەوە. بەڵام ئێستا مەسەلەکە زۆر جیاوازترە. ڕەنگە مەسەلەی یەك ملیۆن ڕۆبڵ لە ئارادا بێ– ئەمە جگە لە ئەشق و شەیدایی شێتانە– یا با بڵێین هەوەسبازی ڕەوتەنی... ئێمە هەموو دەزانین کاتێ کە ئەم جۆرە خەڵکە پەت دەپچڕن و سەرخۆش دەبن چ چەپکە گوڵێ بە ئاودا دەدەن، کۆ لە هیچ کارێك ناکەنەوە.

جەنەراڵ، خەیاڵاوی لە فکران ڕاچوو و، بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکەی هێنا:

– هم... هیوادارم بەخێر بگەڕێ، ئاخری خێر بێ!...

گانیا، بەڕووگرژی، بزەیەکی تەوسامێزی بۆ کرد و گوتی:

– تۆ لە ملیۆن رۆبڵەکە دەترسیت ؟

– هەڵبەتە تۆ ناترسیت.

گانیا لە ناکاو رووی کردە میرزادەو پرسی:

– میرزادە، تۆ هەستت بەچی کرد بەرانبەر بەو پیاوە ؟ بەڕای تۆ پیاوێکی جدی بوو یان فشەکەرێکی فیشاڵباز بوو؟ ڕای تۆ چییە ؟

گانیا، بەدەم ئەو پرسیارەوە، لە ناخی خۆیا، لە دەروونی خۆیا هەستی بە شتێکی سەیرو غەریب کرد، وەك بڵێی بیرۆکەیەکی تازەو دەگمەن لە هزرو بیریا هەڵهات و پرشنگی بێ قەراری لە چاوەکانیەوە بەرز بووەوە. جەنەراڵیش، کە بە ئاشکرا پەریشانی و نیگەرانی پێوە دیاربوو، بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێکی قەناعەت بەخش و جدی بێ، ئاوڕی لە میرزادە دایەوە.

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– نازانم چیت پێ بڵێم. بە هەرحاڵ من وام هاتە بەرچاو کە زۆر شپرزەو پەریشانە، لە ڕادەبەدەر شەیدایەو تەنانەت ماخۆلانیەتی. بە یەکەم نیگا هەستت دەکرد نەخۆشە. لەو باوەڕەدام هەر کە بگاتەوە پترسبۆرگ، دوای چەند رۆژێك سیحەتی تێك بچێت و نەخۆش بکەوێت، بەتایبەتی ئەگەر دەست بە خواردنەوە بکات.

جەنەراڵ، هەڵوەستەیەکی کرد و گوتی:

– ئاوا... یانی ئەمە هەست و بۆچوونی تۆ بوو؟

– بەڵێ، من وام دەبینی.

گانیا، بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە، روو لە جەنەراڵ گوتی:

– بە هەرحاڵ، ئەم جۆرە ڕیسك و سەرکێشییە، پێویستی بە چەند رۆژێك نییە تا بتەقێتەوەو دەنگ بداتەوە. رەنگە ئەمڕۆکە، نەگاتە شەوێ، بتەقێتەوەو دەنگ بداتەوەو ئاشکرا ببێت.

جەنەراڵ گوتی:

– هم... بەڵێ... لەگینە... بەڵام هەموو شتێك وەستاوەتە سەر ئەوەی، کە ناستاسیا فیلیپوفنا چ شتێکی بە خەیاڵدا بێت!

گانیا گوتی:

– تۆ بە خۆت چاك دەزانیت کە ناستاسیا فیلیپوفنا هەندێجار دەبێ بە چ بە شەرێك!

جەنەراڵ، کە زۆر شپرزە بوو بوو، بە توندی گوتی:

– دەتەوێ چ بڵێی؟ مەبەستت لەم قسەیە چیە؟

گوێ بگرە گانیا، تکات لێدەکەم ئەمڕۆ ئەوەندە لاساری‌و عینادی دەگەڵدا مەکە. بە پێچەوانەوە: هەموو هەوڵێکی خۆت بخەگەڕ کە... مەبەستم ئەوەیە... نەرم بە لەگەڵیا. دڵی رابگرە.. رازی بکە... هم! بۆچی بەو جۆرە لێو هەڵدەقورتێنی؟ گوێ بگرە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ: کاتی ئەوە هاتووە ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکەینەوە! ئەم هەموو دەردی سەریەی ئێمە لە پای چیە؟ تۆ بە خۆت زۆر چاك دەزانی ماوەیەکی زۆر بەرژەوەندی من لەوەدا بوو پەیگیری ئەم مەسەلەیە بکەم. ئیدی بە هەر جۆرێ بووە، دەبێ مەسەلەکە بەقازانجی خۆم ساغ بکەمەوەو لێی دەربچم. توتسکی قەراری یەکجارەکی خۆی داوە، هێز نییە پەشیمانی بکاتەوە، من لەو رووەوە هیچ خەم‌و نیگەرانیەکم نییە. تەواو ئاسوودەم، زۆر دڵنیا و ئەرخایەنم. من ئەگەر شتێکم بوێ، تەنیا بەرژەوەندی‌و خێری تۆیەو هیچی تر. ئیدی بۆ خۆت باش بیربکەوە: ئایا متمانەت بە من نییە؟ خۆ تۆ پیاوێکی... پیاوێکی.... پیاوێکی زیرەك‌و هۆشمەندیت. خۆ من هەموو هیوایەکم بە تۆ بوو. جا ئەمە ... ئەمە...

دیسان گانیا، فریای جەنەراڵ کەوت‌و بەمجۆرە ڕستەکەی بۆ تەواو کرد:

– جا ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەیە!

و هەنگێ، بزەیەکی تەوسامێزی تاڵ لێوی بزواند، بێئەوەی تەنانەت هەوڵی شاردنەوەشی بدات. نیگا تیژە ئاگرینەکەی بڕییە جەنەراڵ، دەتگوت دەیەوێ بە نیگا، هەموو هزرو بیرو بیرکردنەوەیەکی خۆی لە جەنەراڵ بگەیەنێت. دەموچاوی جەنەراڵ سوور هەڵگەڕا، بە نیگایەکی توڕە روانیە گانیاو لەسەر قسەکەی خۆی رۆیی:

– بەڵێ، زیرەکی‌و هۆشمەندی ئەسڵی مەسەلەکەیە. تۆ کابرایەکی سەیریت گاڤریلا ئاردالیونیچ! لەوە دەچێ بە هاتن‌و پەیدا بوونی ئەم گەنجە بازرگان زادەیە زۆر خۆشحاڵ بیت، وەکو ئەوەی فریاڕەسێك بێت‌و لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە! دەبوایە لەم کارو مەسەلەیەدا، هەر لە سەرەتاوە هوشیار بیت‌و زیرەکی‌و کارامەیی خۆت بسەلمێنی. دەبوایە زۆر بە باشی هەڵوێستەکەت هەڵسەنگاندباو تێی بگەیت‌و بەدروستی رەوشەکەت تەخمین کردبا... و ... و... دەبوایە لە هەردوو سەرەوە کار بکەیت.... دەبوایە رێك‌و رەوان، بە راشکاوی‌و سەر راستی کار بکەیت... دەبوایە پێشوەختە هەموو شتێکت گوتبا، تا خەڵکانی دی تێوە نەگلێن‌و دووچاری کێشەو سەریەشە نەبن. وەختێکی زۆرت بۆ ئەم کارە بە دەستەوە بوو. ئێستاش نەچووە بچێت. (لێرەدا جەنەراڵ، بە شێوەیەکی دیار برۆکانی هەڵبڕین)، هەرچەندە تەنیا چەند سەعاتێك بە دەستەوە ماوە. تێدەگەی ؟ بەڵێ؟ دەتەوێ یان نا ؟ ئەگەر ناتەوێ، بڵێ نامەوێ‌و بڕایەوە، دەبێ لە کاتی خۆیدا ئەوە بڵێی! کەس زۆرت لێناکات گاڤریلا ئاردالیونیچ، ئەگەر ئەمە بە داو دەزانی، دڵنیابە کە کەس داوی بۆ نەناویتەوە، کەس نایەوێ بتخاتە داوەوە.

گانیا، بە دەنگێکی نزم، بەڵام بە شێوەیەکی بنجبڕ گوتی:

– من دەمەوێ ئەم کارە بکەم!

ئەوجا چاوانی داخست و بێدەنگییەکی تاڵ نیشتە سەر سیمای جەنەراڵ، کە تۆزێ لەوە پێش زۆر تورە بوو بوو، هەنووکە هێور بوو بووەوە، دڵی خۆش بوو. دیار بوو کە لە زێدەڕۆیییەکەی خۆی ژێوان بووەتەوە. لە ناکاو ئاوڕی لە میرزادە دایەوە، دیار بوو لەوە نیگەران بوو کە میرزادە لەوێ بوو بوو و گوێی لە هەموو شتەکان بوو بوو.

بەڵام، زۆری پێنەچوو کە جەنەراڵ هاتەوە تایم، چونکە تاقە تەمەشا کردنێکی میرزادە بەس بوو، بۆ ئەوەی دڵی جەنەراڵ ئاسوودە و بیری ڕەحەت بێ.

جەنەراڵ، کە تەمەشای نموونەی دەسوخەتەکەی میرزادەی کرد، بە سەرسامی گوتی:

– دەست نەڕزێ! ئەوەیە خەت! بەڕاستی جوانە! یەکپارچە هونەرە! هونەرێکی دەگمەن! گانیا، تەمەشا تەمەشا، بڕوانە چ بەهرەیەکە!

میرزادە، بە حەرفی رووسی سەدەکانی ناڤین، لەسەر کاغەزە ئەستوورەکە ئەم دەستەواژەیەی نووسی بوو:

"ئەمە دەست و وئیمزای عەبدی زەلیل، خودی پاپا پافنوسە"*.

میرزادە، بەوپەڕی جۆش و خرۆش و بە ئاوو تاوێکی زۆرەوە گوتی:

– ئەمە واژۆ و ئیمزای خودی پاپا پافنوسە، لە دەستنووسێکی سەدەی چواردەمەوە وەرگیراوە. جاران پاپاو پەترپارکەکانمان ئیمزای جوانیان هەبووە! بۆ ئیمزایەك ئەم هەموو زەوق و سەلیقەو سەبرو حەوسەڵەیەیان بە کاربردووە. تۆ نوسخەی چاپەکەی پوگودین*–ت نییە جەنەراڵ؟ تەمەشا لێرەدا لاسایی جۆرە خەتێکی دیکەم کردووەتەوە. خەتی درشتی چەماوە، کە لە سەدەی رابردوودا، لە فەرەنسا باوبووە. تەنانەت هەندێ لە پیتەکان بە شێوەی جیاواز نووسراون، ئەمە خەتی ئاسایی گشتییە، تێکڕای نووسەران بەکاری دەبەن. ئەمە لە دەست خەتی، خۆشنووسانی ئەسڵییەوە وەرگیراوە، کاتی خۆی نوسخەیەکم هەبوو. دەزانی جۆرە جوانییەکی خۆی هەیە. تۆ جوان تەمەشای ئەم دال و ئەلفە بازنەییانە بکە. شێوازی فەرەنسیم تێکەڵ بە رووسی کردووە. ئەمە کارێکی زۆر ئەستەمو زەحمەتە، بەڵام پێموایە من دەرەقەتی هاتووم. فەرموو ئەمەش نموونەی جۆرە خەتێکی دیکەیە، نموونەیەکی زۆر ڕەسەن، تەمەشای ئەم ڕستەیە: "هیچ کۆسپێك خۆی لەبەر هەوڵ و تێکۆشان ناگرێت". ئەمە شێوازێکی رووسییە، خەتێکە کە حکومەت بەکاری دێنێ، یان دەشێت بڵێی نووسینێکی حکومەتی– سوپاییە. بەم خەتە نامە بۆ پیاوی گەورەی پایەدار دەنووسرێت. ئەمەش خەتێکی بازنەیی چەماوەیەو زۆریش جوان و ناسکە، پێی دەڵێن خەت و نووسینی "ڕەش". بە ڕاستیش زۆر ڕەشە، بەڵام یەجگار جوانە. خۆشنووسی پیشەیی و کارامە، ڕێ بە خۆی نادات، ئەم وردە شت و وردەواڵانەی بۆ زیاد بکات. دەی بینی؟ لەگەڵ ئەوەشدا، شەقڵێکی تایبەتی بە خەتەکە دەدات. پیاو دەتوانێ روحی نووسەرە سوپاییەکەی تیادا بدینێ، کە دەیەوێ زەوق و سەلیقەی خۆی بنوێنێ، بەهرەکەی داوای ئەوەی لێدەکات، بەڵام زەبت و ڕەبتی سوپایی ڕێی نادات. سیستەمی سوپایی، زۆر بە جوانی لە خەتدا گوزارشت لە خۆی دەکات. تۆ بڕوانە چەند جوانە! کاتی خۆی کە ئەم شێوازە خەتەم بینی، زۆر

حایرمام، دەزانی ئەم نموونەیەم لە سویسرادا بینی! ئێستاش چەند نموونەیەکی ئاسایی و باوی خەتی ئینگلیزیت نیشان دەدەم، نموونەی خەتی خالیسەو بێ خەوش‌و بێ رتوشکاری ئینگلیزی. هەر بە خۆی، خۆڕسك جوانە! یەکپارچە سیحرو ئەفسوونە: مرواریە، دوڕە، گەوهەرە! چاو لە کەماڵ‌و جەماڵی تێر نابێت. ئەمەش خەتێکی دیکە، بە شێوازی فەرەنسی، هەر هەمان ئەو خەتە ئینگلیزییەیەو برێك دەسکاری کراوە، ئەمەم لە چەرچیەکی فەرەنسی وەرگرتووە. هەر هەمان شێوازی ئینگلیزیە، بەڵام پیت‌و حەرفە پڕەکانی زەقترو رەشترن‌و ئەمەش هاوسەنگی رێژەی ڕەش‌و سپییەکەی گۆڕیوە. تۆ دیقەت بدە، پیتە چەماوەکانیش زیاتر هاتوونەتەوە یەك‌و کەمێك خڕتر بوون، هەروەها وردەکاری تیاکراوە، بەڵام ئەم وردەکاری‌و ناسککاریە لەم خەتەدا ناپەسند نییە، هەڵبەتە ئەم وردەکاریانە یەجگار هەستیارو پڕ خەتەرە، بۆیە خۆشنووس دەبێ یەجگار بەهرەمەندو کارامە بێت ئەوجا خۆی لەو وردەکاریانە بدات، دەنا ریسەکەی لێدەبێتەوە بە خوری، بەڵام ئەگەر خۆشنووس توانی مەوداو رێژە دروستەکان بدۆزێتەوە، هەنگێ خەتێك بەرهەمدێنێ، بێ هاوتا، خەتێك کە ئینسان وەکو ئاشق، دڵبەندی دەبێت.

جەنەراڵ بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– جوانە، جوانە، سەیرە! تۆ شارەزای هەموو ڕەمزو وردەکاری‌و ناسك کارییەکانی! برادەری ئازیز، تۆ هەر خۆشنووس نیت، بەڵکو هونەرمەندێکی تەواوی، تۆ چ دەڵێی گانیا ؟

گانیا، بۆی سەلماندو گوتی:

– شتێکی سەیرە !

ئەوسا بەدەم تەوسخەنەوە لەسەر رۆیی:

– ئەمە نیشانەی بەهرەیەکی گەورەیەو دەشێت لە سایەی ئەمەوە کارو پیشەیەکی موحتەرەمی دەست بکەوێت.

جەنەراڵ گوتی: پێبکەنە، تا دەتوانی پێبکەنە. بەڵام بەهرەیەکی ئەوتۆی هەیە، کە بتوانێ پیشەیەکی زۆر باش بە دەست بێنێ، گوێ بگرە میرزادە، چۆنە تەکلیفت بکەم جار جار بەو خەتە جوانەت نامەیەك بۆ کەسێتییەك بنووسیت ؟ دەتوانم مانگانەیەکی بیست‌و پێنج رۆبڵێت بۆ ببڕمەوە...

جەنەراڵ بە دەم ئەو قسانەوە سەیرێکی سەعاتەکەی کردو لەسەری رۆیی:

– سەعات دوازدەو نیوە! گوێ بگرە میرزادە، با بێینە سەر ئەسڵی مەسەلەکە، من کارم هەیەو پەلەمە،رەنگە ئەمڕۆ دەرفەت نەبێت جارێکی دی یەکتر بدینینەوە. کەمێك دانیشە: وەکو پێمگوتیت، من ناتوانم هەموو جارێ بتبینم. دەرفەتم نییە. بەڵام لە ناخی دڵەوە حەزدەکەم سووکە یارمەتیەکت بدەم، دەستگیرۆییەکی کەمت بکەم، تا دەکەویتە سەر پێی خۆت‌و کاری دڵخوازی خۆت پەیدا دەکەیت‌و دەتوانی تەگبیری حاڵی خۆت بکەی، من وەزیفەیەکی چکۆلەت بۆ دەدۆزمەوە، هەڵبەتە وەزیفەیەکی قورس‌و زەحمەت نا، بەڵام نەزم‌و زاکونی دەوێ، جا گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم: ئەم کوڕە گەنجە، یانی گاڤریلا ئاردالیونوڤیچ دەبینی، ئەم گەنجە هاوڕێی منە، حەزدەکەم باشتری بناسیت، لەگەڵ کەسوکارەکەی خۆیدا دەژی، خوشکەکەی و دایکی لە

شـوقەکەی خۆیانـدا، دوو یـان سـێ ژووریـان موبیلـە کـردووە، بـە هـەموو کەلوپـەلێك و بـە خواردنەشەوە بە کرێی دەدەن، هەڵبەتە تەنیا بە خەڵکی ڕەوشت بەرزو ئابڕومەندی دەدەن، یانی بـە کرێچـییەکی دەدەن کـە کەسـێکی مەعتەبـەر زەمانـەتی بکـات. جـا مـن دڵنیـام کـە نینـا ئالکسـاندروڤنا، قسـەی مـن لـە عـاردی نـادات و پێشوازیت دەکـات. جا ئەمـە بـۆ تـۆ میرزادە کـۆزو شەشـە، چـونکە بـە تـەنیا نابیـت و وەکـو دەڵێن لـە باوەشـی خێزانێکدا دەژی. بـەڕای مـن نـابێ لـە هـەوەڵ ڕۆژەوە لـە پایتـەختێکی وەکـو پترسـبۆرگدا بەتـەنیا بژیت. هەڵبەتـە نینـا ئالکسـاندروڤنای دایکی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ و، ڤارڤارا ئاردالیونوفیچای خوشکی، دوو خانمی زۆر بە ڕێزن، من زۆرم خـۆش دەوێـن و لـە ڕادەبەدەر حورمـەتیان دەگـرم. نینـا ئالکسـاندروڤنا، هاوسـەری ئـاردالیون ئالکسندروفیچە، ئالکسندروفیچ، جەنەڕاڵێکی خانەنشینی هـاو دەورەی منـە، لـە سـوپادا دۆسـت و برادەری یەکدی بووین، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی هەموو پەیوەندییەکم دەگەڵیا بڕی، بەڵام وێـڕای ئـەوەش هـەر ڕێـزم گرتـووەو قـەدرو حورمـەتی خـۆی لـەلام هـەبووە. جـا مـیرزادە مـن بۆیـە هەموو ئەم شتانەت بۆ دەگێڕمەوە تاکو بزانیت کە من زەمانەتت دەکەم، یـانی مـن مەسـئولیەتی تـۆ هەڵدەگرم. کرێـی ژوورەکـەو خـواردن و خزمـەت، زۆر نـابێ، دڵنیـام کـە مووچـەکەت بـە تـەواوەتی بەش دەکات. ڕاستە پیاو پێویستی بە خەرجی گیرفان هەیە، با کـەمیش بـێ، بەڵام بە قسـەی مـن دەکـەی، بـەبێ عـاجزی، سـەبارەت بـە تـۆ وا باشـترە خـەرجی گیرفانـت پـێ نـەبێ، هـیچ پارەیـەکی زیـادەت نـەبێت. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی حـاڵی حـازر جزدانەکـەت هیچـی تیـا نیـە، بـا بیسـت و پێـنج ڕۆبڵێکت وەکو پێشەکی بدەمێ، پاشان حیسابی خۆمـان پـاك دەکەینـەوە. جـا ئەگـەر تـۆ، دڵیشـت وەکـو ڕواڵـەتت وابـێ، قسـەی دڵ و دەمـت یـەك بێـت، پێمـوایە هـیچ کێشـەیەکمان ناکەوێتـە نێـوان. ئەگەر دەبینی ئەوەندە بە خەمی تۆوەم، هی ئەوەیە کە بە تەمام هەندێ کـارت پـێ بسـپێرم و پشـت بە تۆ ببەستم، کە پاشان بەدەم کارکردنەوە ئەو شتانەت بۆ دەردەکەوێت. گانیا گیـان، خـۆ پێتـان ناخۆش نییە، میرزادە بێتە ماڵی ئەنگۆ ؟

گانیا، بەوپەڕی ڕووخۆشی و زمان شیرینی بەرسڤی دایەوە:

– بە پێچەوانەوە! دایکیشم زۆری پێ خۆش دەبێت...

– وا بزانم جارێ هەر یەك ژوورتان بەکرێ داوە، ئەو پیاوەی تیایە کە پێموایە ناوی فردیـ... فردیـ...

– فردیش چینکۆ*

– بەڵێ فردیش چینکۆ. من حەز لە چارەی ئەم فردیش چینکۆیە ناکەم . لێبۆکێکی پیسە. تێناگەم بۆچی ناستاسیا فیلیپوڤنا هەمیشە پشتیوانی لێدەکات. ڕاستە گوایە بن عام و خزمیەتی ؟

– نە بابە! خزمی چی! هەر ئەوەندەی من خزمەیەتی!

– دەی... هەقمان چیە، چاوی دەرەهات... میرزادە چ دەڵێی، ئەم تەگبیرەت بە دڵە ؟ پێت خۆشە یان نا ؟

– بەڵێ، سوپاس جەنەراڵ. بەڕاستی قەرزاربارت کردم، بە تایبەتی کە من، نەبێ بە غروورو خۆ هەڵکێشان، داوای شتی وام لێنەکردبوویت. بەڕاستی تیامابووم‌و نەمدەزانی شەو لە کوێ بحەوێمەوەو رۆژ بکەمەوە. هەرچەندە روگوژین، خوڵکی کردبووم کە بچمە نك وی، بەڵام....

– روگوژین؟ ... نا... واز لە روگوژین بێنە، من وەکو باوکێك، یان وەکو هاوڕێیەکی خۆت، ئامۆژگاریت دەکەم، ئەم پیاوە لە بیر خۆت بەرەوە. من ئامۆژگاریت دەکەم با پەیوەندیت تەنیا بەو خانەوادەیەوە هەبێت کە لەمەودوا دەگەڵیان دەژیت.

میرزادە گوتی:

– تۆ کە پیاوێکی ئەوەندە بە لوتف‌و باشیت. شتێکی دیکەم هەیە حەزدەکەم پرست پێبکەم.

جەنەراڵ قسەکەی پێ بڕی‌و گوتی:

– ببورە، یەك دەققەش وەختم نییە. هەر ئێستا سەبارەت بە تۆ دەگەڵ، هاوسەرەکەم، لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، قسان دەکەم. ئەگەر قاییل بوو کە ئێستا پێشوازیت بکات– هەڵبەتە من هەوڵدەدەم قاییلی بکەم – ئەوا ئامۆژگاریت دەکەم، ئەم دەرفەتە لە کیس مەدەو هەوڵبدە بچیتە دڵییەوە. چونکە لەگینە خزمەتێکی گەورەت بکات، قازانجێکی باشت پێ بگەیەنێت، چونکە تۆش هەمان لەقەب‌و شۆرەتی خانەوادەیی ئەوت هەیە. بەڵام ئەگەر نەیویست ئێستا پێشوازیت بکات، ئەوا دڵ لە دڵ مەدە، چاوەڕوانی دەرفەتێکی دیکە بکە. جا گانیا تۆش وەرە تەمەشایەکی ئەم لیستی حیساباتە بکە. من‌و فیدوسییڤ لە دوێنێوە خەریکین، سەرمان لێی دەرنەکرد. دەبێ لە... تۆمار بکرێن.

جەنەراڵ، بەلەز لە نووسینگەو ئۆفیسەکە وەدەرکەوت. میرزادە چەندی کردو کۆشا نەیتوانی هیچی لەبارەی مەوزعەکەی خۆیەوە پێ بڵێ. گانیا جگەرەیەکی پێکردو یەکێکیشی بە میرزادە دا. کە وەری گرت. بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبا گانیا ناڕەحەت بکات، درێژەی بە قسەکانی خۆی نەدا. کەوتە تەمەشا کردنی دەوروبەری ئۆفیسەکە. گانیاش، نیگایەکی لامسەرلایی بەو کاغەزە پڕ ژمارانەدا گێڕا کە جەنەراڵ دابویە. گانیا، بێتاقەت و حەواس پەرت بوو. کە بە دوو قۆڵی‌و بە تەنیا مانەوە، میرزادە وای هەست دەکرد، کە تەنانەت بزەو نیگا پەریشانەکەشی، بوون بە بارێکی قورس‌و لە سەر دڵی ئەو دانراون.

گانیا، لە ناکاو لە میرزادە نزیك بووەوە کە لەم کاتەدا بە دیار وێنەکەی ناستاسیا فیلیپوفناوە وێستا بوو و بە چاوی مشتەری کەوتبووە تەمەشا کردنی.

– میرزادە، تۆ ئەم ژنەت بەدڵە ؟

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– دەمو چاوێکی سەیری هەیە، من دڵنیام قەدەرو چارەنووسێکی دەگمەن‌و نا ئاسایی هەیە. دەموچاوێکی گەش‌و شەنگوڵی هەیە، بەڵام دەردو ڕەنجی زۆری چەشتووە، وانییە؟ پیاو ئەمە لە نیگایا، لە گۆناکانیا، لەو دوو خاڵەی ژێر چاوەکانی‌و سەرووی روومەتەکانیدا دەخوێنێتەوە. غروورو فڕناخیەکی زۆر زۆر بە سیمایەوە دیارە! بەڵام نازانم دڵپاکە یان نا ؟... خۆزگە دڵپاك بوایە! دڵپاکی هەموو عەیبێکی دی دەسڕێتەوە، قەرەبووی هەموو شتێك دەکاتەوە!

گانیا، بێئەوەی چاوە ئاگرینەکانی لە میرزادە بگوازێتەوە، لەسەری ڕۆیی:

– باشە تۆ ئامادەی ژنێکی واهی بێنی ؟

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– من ناتوانم هیچ ژنێك بێنم. من نەخۆشم.

– ئەدی روگوژین ؟ تەسەور دەکەی روگوژین بیخوازێت ؟ ها ؟

– روگوژین ؟ پێموایە لەگینە بیخوازێت. لە سبەینێ زووتر نییە بیخوازێت ! بۆ هەفتەیەك دەیخوازێت و پاشان سەری دەبڕێت !

هێشتا میرزادە، بە تەواوەتی لەو قسانە نەبوو بووەوە کە گانیا بەجۆرێ لە ترسانا ڕاجفری، کە لەزگ بوو میرزادە دەست بە هاوار بکات، باسکی گرت و پرسی:

– چیتە ؟

لەم کاتەدا خزمەتکارێك هاتە بەر دەرگاو گوتی:

– جەنابی کۆنت، جەناب عالی، دەفەرمووێ بچیتە دیدەنی خا جەنەراڵ.

میرزادە، لە ژوورەکە وەدەرکەوت و دوای خزمەتکارەکە کەوت.

پەراوێز:

*– "ئەمە دەست و ئیمزای عەبدی زەلیل، خودی پافنووسە": ئەم پاپایە لە سەدەی چوار دەیەمدا، لە دەڤەری گوسترومادا، تەریقەتێکی تایبەتی دامەزراند، دیرۆکنووس و ئارکولوژیست، میشیل پوگودین (١٨٠٠– ١٨٧٥) ئیمزاکەی لە ئەلبومێکی دوو بەرگی دا پاراستووە، بە ناویشانی (چەند نموونەیەك لە خەتی سلاڤی رووسی. (مۆسکۆ، ١٨٤٠– ١٨٤١).

*– "فردیش چینکۆ...": ئەو ناوانەی بە پاشگری (ینکو) کۆتاییان دێت، ئەسڵیان ئۆکرانیە.

## فەسڵی چوارەم

هەر سێ کیژەکەی یەپانچین خانم، کیژانی تەندروست، شادو شەنگوڵ، تۆکمەو زەلام، بە شان و شەوکەت، ناوشان پان، سینە بەرز، باسك و بازوو بەهێز بوون، بە شانوباهۆ هیچیان لە پیاو کەمتر نەبوو، جا بە هۆی ئەم سیحەتەوە، هەموویان نەوسن و چڵێس و زۆر خۆر بوون و ئەمەشیان لە کەس نەدەشاردەوە.

دایکەکەیان، خا جەنەراڵ، لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، هەندێجار ئەم چڵێسی و نەوسنی و زۆر خۆرییەیانی لەبەر گران بوو، بەڵام کیژەکان، وێڕای ئەوەی بە رواڵەت وایان دەنواند گوێ لە ئامۆژگارییەکانی دەگرن و بە گوێی دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا دەمێ بوو، ئەو دەسەڵاتەی جارانی بەسەریانەوە نەمابوو. زۆر جار یەکێتیی نێوان کیژەکان خا جەنەراڵی پەست دەکرد، خا جەنەراڵ، کە ژنێکی سەنگین و سەلارو بە ویقار بوو و حورمەتی خۆی ڕادەگرت، وای بە باش دەزانی، دەمە دەمەیان دەگەڵ نەکات و خۆی لە کاروباریان هەڵنەقورتێنێ و بە دەقی خۆیەوە دانیشێت. بەڵام هەموو جارێکیش خۆی پێ نەدەگیراو مجێزی خۆی پێ جڵەو نەدەکراو بەسەر ئەقڵا سەر دەکەوت و ملی بۆ بڕیارو قەراری کیژەکان نەدەدا. ئیدی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، ساڵ بە ساڵ کەم حەوسەڵەترو بێ سەبرترو تەنانەت ئالۆژیکی تر دەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی مێردەکەی پیاوێکی گوێڕایەڵ بوو و بە تەواوی دەستەمۆی کردبوو، ئیدی هەر داخێکی کەوتبا دڵ، بەوی دەڕشت و هەنگێ ئارام دەبووەوەو، تەبایی و نەزم و زاکوونی بۆماڵەکە دەگەڕایەوەو شەڕو بشێویان بە خێر دەگەڕا.

ئەگەر بڵێی مەدام جەنەراڵیش، بەشی خۆی نەوسن بوو. هەموو ڕۆژێك، قاوەڵتییەکی تێرو تەسەلی دەگەڵ کیژەکانیا دەکرد، قاوەڵتی چی! هیچی لە فراڤین (نیوەڕۆژە) کەمتر نەبوو کە عادەتەن بە نیو سەعاتێ دوای نیوەڕۆ پێشکەش دەکرا. خۆ کیژەکان پێش ئەمەش، کە لە خەو ڕادەبوون، هەر لە ناو جێگاکانیاندا، لە سەعات دەی تەواودا سەرو فینجان قاوەی خەستیان دەخواردەوە. لە سەعات دوازدەو نیوی تەواودا، خوان و سفرە لە ژووره چکۆلەکەی، تەنیشت

شوقەکەی لیزاڤینا پروکوفیڤنای دایکیانەوە ڕادەخرا، جەنەراڵیش جار بە جار، ئەگەر دەستی گەییشتباو بیپەرژایە، بەشداری لەم ژەمە تێرو تەسەلە خێزانیەدا دەکرد. سفرەی چی! بە جۆرەها خواردن و نیعمەت رازا بووەوە، چای، قاوە، پەنیر، هەنگوین، کەرە، گۆشتی برژاو، پەراسوو، شیرینی تایبەتی کە خا جەنەراڵ حەزی لێدەکرد، کفتەو گۆشتاوی خەست و خۆڵ.

ئەو دانی بەیانیەی کە لێرەدا باسی دەکەین، هەموو ئەندامانی خانەوادەکە، لە ژووری ناخواردن خڕ بوونەوەو چاوەڕوانی جەنەراڵیان دەکرد، کە بەڵێنی دابوونێ سەعات دوازدەو نیوی رێك بگاتە لایان. خۆ ئەگەر تاقە یەك دەقیقەش مەحتەل بوایە ، خێرا یەکێکیان بە شوێنیا دەنارد. بەڵام جەنەراڵ لەسەر بەڵێنی خۆی لە وەختا هاتەوە. لە کاتێکا کە بەدەم رۆژ باشەوە خەریك بوو دەستی ژنەکەی ماچ دەکرد، حاڵەتێکی نا ئاسایی لە نیگاو سیمایدا بەدی کرد. هەر چەندە دوێشەو، هەستی بەوە کردبوو، کە شتێکی لەو بابەتەی دێتە رێ، کە چوو بووە ناو جێگا، هەستی بە جۆرە نیگەرانییەك کردبوو، ترسێکی زۆری لێ نیشتبوو، هەرچەندە کچەکانی چوو بوون ماچیان کردبوو، هیچ توڕەیی و ناڕەزاییەکیان پێوە دیار نەبوو، بەڵام هەر ناڕەحەت بوو، پێدەچوو شتێکی نائاسایی لە ئارادا بێ، دروستە، جەنەراڵ، بە هۆی زروڤ تایبەتییەوە، لە رادەبەدەر، پڕ گومان دەرچوو بوو، بەڵام چونکە باب و مێردێکی کارامەو پڕ ئەزموون و زیرەك بوو، هەر چارێکی بە پێویست زانیبایە دەیکرد.

رەنگە، ئەگەر لێرەدا هەڵوەستەیەك بکەین و لە رێگەی شەرح و شرۆڤەیەکی وردو دروست و مەیلەو راستەوخۆوە باسی ئەو وەزع و حاڵ و زرووفە بکەین کە خانەوادەی جەنەراڵ یەپانچینی تیا بوو، هیچ زیانێك بە چیرۆکەکەمان نەکەوێت.

وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، جەنەراڵ، هەرچەند خوێنەوارییەکی زۆری نەبوو و خۆی گوتەنی (پیاوێك بوو خۆی بە خۆی ڕاگەیی بوو) مێردو باوکێکی کارامەو پڕ ئەزموون و هوشیارو زیرەك بوو. بڕیاری دابوو لە مەسەلەی شوو کردنا، گوشار لە کیژەکانی نەکات. بڕیاری دابوو نەبێت بە سێبەرو بەردەوام بە دویانەوە بێت و بە ناوی خۆشەویستی و دڵسۆزی باوکانەوە، وەکو زۆربەی خێزانەکان، تەنانەت خێزانە خوێنەوارو رۆشنبیرەکانیش، لە خەمی دۆزینەوەی مێردا بێت بۆ کیژەکانی.

جەنەراڵ، نەك هەر خۆی وا بیری دەکردەوە، بەڵکو لیزاڤیتای هاوسەریشی هێنابووە سەر هەمان بیروباوەڕ، دیارە ئەوە کارێکی زۆر قورس بوو، چونکە رێك پێچەوانەوەی تەبیعەت و غەریزەی ئافرەت بوو، بەڵام بەڵگەو بیانووەکانی جەنەراڵ، چونکە لەسەر هێم و بناغەی واقیعی رۆنرا بوون، یەجگار قەناعەتبەخش بوون. جەنەراڵ، قەناعەت و بیروباوەڕی وا بوو کە: کیژانی گەنج و عازەب، ئەگەر ئازادی رەفتاریان بدرێتێ، خۆبەخۆ رێگەی ئەقڵ و مەنتیق دەدۆزنەوەو دەگرنەبەر، و وەزع و حاڵەکان بەدڵی خۆیان دەبێت و هیچ هەنجەت و بیانوویەکیان نامێنێ، هەنگێ دایك و باب تەنیا ئەوەیان لەسەر دەبێت کە بە گوێرەی توانا چاودێریان بکەن تا نەکەونە هەڵەی هەڵبژاردنەوە یان تووشی هیچ کەچڕەوی و لادانێکی نا دروست و نابەجێ نەبن. ئەوسا، لە کاتی گونجاوو لە باردا دەتوانن، بە هەموو هێزو توانایەکی خۆیانەوە، ڕێنوێنیان بکەن و رێگەی

دروستیان نیشان بدەن. ئەمە جگە لەوەی ساڵ بە ساڵ سەروەت و سامانی خانەوادەکە زیادی دەکرد، پایەی کۆمەڵایەتی بەرز دەبووەوە، ئەمەش بە قازانجی کیژەکان، تەنانەت لە رووی جیازیو شیتشەوە، دەشکێتەوە، بەڵام وێڕای هەموو ئەم حەقیقەتە حاشا هەڵنەگرانە، بویەرێکی تازە هاتبووە ئاراوە، ئەویش ئەوە بوو کە کیژە گەورەکە، یانی ئەلکساندریا، لە ناکاوا،و بە شێوەیەکی وەك بڵێی چاوەڕوان نەکراو – کە ئەمە هەمیشە هەروایە – گەیی بووە تەمەنی بیست و پێنج ساڵان.

جا هەر تەقریبەن هەر لە هەمان سەروبەندا، ئافاناسی ئیڤانوفیچ توتسکی، جارێکی دی کەڵکەڵەو ئارەزووی ژنهێنانی کەوتەوە سەر. توتسکی پیاوێکی دەستڕۆو زۆر دەوڵەمەند بوو، خودان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز بوو. تەمەنی نزیکەی پەنجاو پێنج ساڵ بوو، پیاوێکی ناسك تەبع و خۆش مەشرەب،و بە سەلیقەو هەست ناسك بوو. بە نیازی زەماوەندێکی ئاقیبەت خێرو جوان بوو، جوانناسێکی زەبەردەست و بێ هاوتا بوو. لە مێژ بوو دۆستی جەنەراڵ یەپانچین بوو، جگە لە دۆستایەتی، لە چەند پرۆژەیەکی داراییشدا، هاوبەش و هاوبەرژەوەندی بوون. ئیدی گرێی دڵی خۆی بۆ جەنەراڵ کردبووەوە لە رووی دۆستایەتیەوە پرسی پێ کردبوو، کە ئاخۆ داوای کیژەکەی بکات دەیداتێ یان نا ؟ ئیدی لەبەر ئەمە، رەوتی ژیانی ئارام و رێك و پێکی خانەوادەکەی جەنەراڵ یەپانچین، بە ئاشکرا شلۆق بووبوو.

وەکو پێشتریش گوتمان، کیژە هەرە بچووکەکەیان، واتا ئاگلایا، لە دوو خوشکەکەی تری جوانتر بوو، وەك دەڵێن نازداری باوان بوو. تەنانەت (توتسگی)ش کە پیاوێکی یەجگار خۆپەسند بوو، دەیزانی نابێ بە هیچ جۆرێ بە تەمای ئاگلایا بێت. چونکە ئاگلایا بۆ ئەو نابێت و خواردنی ئەو نییە.

بە هەرحاڵ، خوشکەکانی ئاگلایا، زۆریان خۆش دەویست، کوێرانە خۆشیان دەویست و خانەواندەی یەپانچین تێکڕا، راستگۆیانەو دڵسوزانە، لە ناخی دڵەوە بە تەمای ئایندەیەکی نموونەیی و نا ئاسایی بوون بۆ ئاگلایای کیژە بچووکیان، ئایندەیەك کە نزیك و هاوتای بە هەشتی زەمینی بێت . یانی مێردی ئایندەی ئاگلایا دەبێ پیاوێکی ئایدیالی بێ، هەموو سیفەتێکی ئایدیالی تیا بێت، لە هەموو روویەکەوە سەرکەوتووبێ، زۆریش دەوڵەمەند بێ. تەنانەت هەردوو خوشکەکەی، بەبێ قسەو گفتوگۆ، لە دڵی خۆدا، بڕیاریان دابوو، ئەگەر پێویستی کرد، هەموو فیداکارییەك لە پێناوی ئاگلایادا بکەن و، جیازیەکەی دەبێ زۆر گەورەو دەگمەن بێت .

داك و باوکەکەیان، ئاگایان لەم رێکەوتنەی نێوان دوو خوشکە گەورەکە هەبوو. بۆیە کاتێ توتسکی گرێی دڵی خۆی بۆ خانەوادەی یەپانچین کردەوەو نیازی خۆی ئاشکرا کرد، زۆر بە گومان نەبوو لەوەی کە یەکێك لە دوو خوشکە گەورەکە داواکەی قەبووڵ بکات ، بە تایبەتی توتسکی لەوانە نەبوو گوێ بە مەسەلەی جیازی بدات و چاوی لە جیازی و مارەیی بێت، بۆیە جەنەراڵ، وەکو پیاوێکی کارامەو بە ئەزموون، یەکسەر رەزامەندی خۆی راگەیاند، (توتسکی)ش لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی خۆی، زۆر بە تانی شتەکەدا نەچوو، گەنگەشەو گفتوگۆیەکی زۆری

دەرباره نەکرد، شتەکەی بە مەیلەو شاراوەیی هێشتەوە، تەنیا تاقیکردنەوەی دەمی خانەوادەی یەپانچین بوو، بۆیە داك و بابەکەش شتەکەیان، تەنیا وەکو گریمانەو ئەگەرێکی دوور، دا بە گوێی کچەکاندا، کیژەکانیش لەلای خۆیانەوە وەڵامێکی گۆنگ و ئاڵۆزیان دایەوە، بەڵام دڵخۆشکەرەبوو، ئەوەی لێ بەدی دەکرا کە کیژە گەورەکە، واتا ئالکساندرا، لەگینە قاییل ببێت .

ئەلکساندرا، ئەگەرچی تەبعێکی ڕەقی هەبوو. بەڵام کیژێکی دڵپاك، ئاقڵ و خۆش مەعشەر بوو، ئەگەری ئەوە هەبوو قاییل بێ مێرد بە توتسکی بکات، ئەگەر قەول و بەڵێنی دابا، بەڵێنی خۆی دەبردە سەر. زۆر گوێی لە ڕواڵەت و رواڵەتبازی نەبوو، ئەگەری ئەوەی لێنەدەکرا نیگەرانی و کێشەو هیچ دەردی سەرییەك بۆ مێرد چێبکات، ترسی هەڵگەڕانەوەو بادانەوەی کوت و پڕی لێنەدەکرا. بە پێچەوانەوە، تەسەوری ئەوەی لێدەکرا، ژیانی پیاو خۆش و ئاسان بکات. هەر چەند رواڵەتێکی دڵڕفێنی نەبوو، بەڵام کیژێکی جوان و ڕند بوو. ئیدی کەسێکی وەکو توتسکی لەوەی پتر چی دەویست ؟

وێڕای ئەمەش مەسەلەکە زۆر بە هیواشی و ترسەوە دەچووە پێشێ. جۆرە رێکەوتنێکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان توتسکی و جەنەراڵدا هەبوو، کە جارێ هیچ هەنگاوێکی فەرمی و یەکجارەکی نەنەن. داك و بابەکەش هێشتا بە ئاشکرا، مەسەلەکەیان دەگەڵ کیژەکانیاندا، باس نەکردبوو. تەنانەت پێدەچوو، جۆرە ناکۆکییەکیانیش کەوتبێتە نێوانەوە. مەدام جەنەراڵ، بەو ئیحتوبارەی کە دایکە، جۆرە ناڕەزاییەکی نیشان دەدا، کە ئەمە کارێکی زۆر خەتەر بوو. ئەمە جگە لەوەی کە وەزع و حاڵ و زروفێکی ئاڵۆزی ئەوتۆ لە ئارادا بوو، کە لەگین بوو ببێتە بایسی هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی پڕۆژەکە.

ئەسڵی ئەم وەزع و حاڵ و زروفە ئاڵۆزە، وەکو توتسکی دەیگوت، کۆن بوو، دەگەڕایەوە بۆ هەژدە ساڵی لەوەپێش. لە نزیکی یەکێك لە موڵکەکانی توتسکی دا، لە یەکێك لە دەڤەرەکانی ناوەندی روسیادا، خوردە موڵکدارێکی دەستکورت و نەدار، بە گیانەمەرگی دەژیا. ژیانی ئەم پیاوە، زنجیرەیەك بەڵاو نسیبەت بوو، زنجیرەیەکی یەك لە دوی یەکی ئەوتۆ کە پتر لە حیکایەتێك یان چیرۆکێك دەچوو. ئەم پیاوە ئەفسەری خانەنشین بوو، لە بنەماڵەیەکی رەسەن و خانەدان بوو، رەسەنترو خانەدانتر لە بنەماڵەی توتسکی. نێوی فیلیپ ئەلکسندروفیچ پاراشکوف بوو. ئەنجام، وێڕای ئەوەی زۆر قەرزار بوو و موڵکەکەی لە رەهەن و بارمتەدا بوو، توانی بە زەبری کاری قورس و هەوڵی بێوچان، کە لە فەلاح و رەعیەتێك زیاتر کاری دەکرد، دەستێك بە موڵکە چکۆلەکەیدا بێنێ و بە رێك و پێکی رەعەمەلی بێنێ. کەمترین سەرکەوتن، دڵخۆشی دەکرد، ورەی بەرز دەکردەوە، هیوایەکی زۆری پێدەبەخشی، کار گەییە ئەوەی، گەشبین و دڵخۆش ئەوپەڕی متمانە بە خۆی پەیدا بکات، رۆژێك خۆشحاڵ و دڵخۆش، بۆ شار چوو بوو تا یەکێك لە گەورە خاوەن قەرزەکانی خۆی ببینێ و بە گوێرەی توانا دەگەڵیا رێك بکەوێت. رۆژی سێیەم، پێشکارەکەی، بە سواری ئەسپێکەوە لە گوندە چکۆلەکەی ئەوەوە کە لایەکی سەروچاوی سووتا بوو و هەموو ردێنی هەڵکوڕوزا بوو، خۆی گەیاندە شارو خەبەری دایە کە دوێنێ، بە رۆژی روناك

ئاگر بەربووەتـە موڵـك‌و مەزراكـەی، ژنەكـەی سـووتاوەو مـردووە، بـەڵام منداڵـەكانی بـە سـەلامەتی دەرباز بوون.

پاراشـكۆف، هەرچـەندە دەگـەڵ چـەپۆكی چـارەنووس‌و قـەدەردا ڕاهـاتبوو، بـەڵام بەرگـەی ئـەم كارەساتە قورسەی نەگرت، ئەقڵی لـە دەست داو شێت بوو، دوای یـەك مـانگ بـە سـەكتەی مێشك مرد.

ئیدی موڵكە سووتاوەكانی بە ڕەعیەتەكانیەوە، خرانە هەڕاجەوە تا قەرزەكانی پـێ بدەنـەوە. بەڵام دوو كیژە چكۆلەكەی، كە یەكێكیان شەش ساڵان‌و ئەویتریان حەوت ساڵان بوو، ئانافاسی ئیڤانوفیچ توتسكی، جوامێرو دڵاوا گرتنیە ژێر باڵی خۆی.

ئیدی ئەم دوو كیژە دەگەڵ، منداڵـەكانی پێشكارو وەكیلەكـەی توتسكی دا، كـە فەرمانبـەرێكی خانەنشین و خـودانی ڕەشـە خێزانێكی فرە ژمارەو ئەڵمانی نـەژاد بـوو، گـەورە بـوون، بـەڵام دوای ماوەیـەكی كـەم تـەنیا یـەكێك لـەو دوو كیـژە لـە ژیانـا مـا، ئـەویش ناستاسیا بـوو، چـونكە خوشـكە چكۆلەكەی بە نەخۆشی كۆكە ڕەشـە مـرد. بـەڵام توتسكی كـە لـە هەنـدەران دەژیـا، زۆری نـەبرد كـە هەردوو كیژەكەی لە بیركرد.

دوای پێنج ساڵان، ڕۆژێك ئانافاسی ئیڤانوفیچ توتسكی كـە بـەو دەڤـەرەدا تێدەپـەڕێ، دێـت بـە خەیاڵیا كە سەرێكی موڵكەكانی بدات، لەوێ لە خانووەكەی خۆیدا، لەناو ماڵ‌و منداڵی پێشكارو وەكیلە ئەڵمانیەكەی خۆیدا، چاوی بە كیژێكی دوازدە ساڵانی یـەجگار جوان‌و دڵـڕفێن دەكـەوێت. كیـژێكی شـۆخ‌و شـەنگ، زیتـەڵ‌و شـەنگوڵ، بـە هـۆش‌و گـۆش كـە دیـار بـوو لـە ئاینـدەدا دەبێـت بـە شـۆخ‌و شـەنگ‌و جوانێـكی یـەجگار جـوان. توتسـكی لـەو مەیدانـەدا پیـاوێكی كارامـەو ئەزموونـدار بوو، مەزەندەی بە خەسار نەدەچوو.

ئەمجارەیان، تەنیا چەند ڕۆژێكی لەم موڵك‌و مەزرایەی خۆیدا بەسەر برد. بـەڵام كاتەكـەی بـایی ئەوەی كرد هەندێ بڕیار بدات، ئەوە بوو گـۆڕانێكی گـەورە لـە پـەروەردەو فێركردنـی كیژێـدا ڕووی دا: مامۆستایەكی تایبەتیان بۆ گرت. ئەم مامۆستایە ئافرەتێكی سویسری بەڕێزی بە تەمەن بوو، لە بواری پەروەردەو فێركردنا كارامەو ئەزموونـدار بـوو، كەسێكی ڕۆشـنبیر بـوو، جگـە لـە زوبـانی فەرەنسی، دەیتـوانی لـە زۆر بـواری دیكـەی زانسـت دا، دەرس بڵێتـەوە. مامۆسـتا گواسـتیەوە ئـەم خانووەو ئیدی پەروەردەو فێركردنی ناستاسیای چكۆلە بە پەلە دەستی پێكرد. دوای چـوار سـاڵ ئەم قۆناغەی خوێندنی ناستاسیا تەواو بوو، مامۆستاكەی ڕۆیی. ئەوسا خـانمێكی دیكـە هـات كـە بـە خـۆی زەویـدار بـوو، لـە هـەرێمێكی دوورە دەسـتی دیـدا، دراوسـێ مـوڵكی توتسـكی بـوو. ئـەم خانمە هات‌و لەسەر داوای ئانافاسی ئیڤانوفیچ توتسكی، ناستاسیای لەگەڵ خۆیدا برد، جا ئـەم موڵكە چكۆلەیەی توتسكی، خانوویەكی دارینی تیا بوو، هەرچـەندە چكۆلـە بـوو، بـەڵام تـازە بـوو، زۆر بـە ڕێـك‌وپێكی‌و جـوانی موبێلـە كرابـوو. جـا بـە ڕێكـەوت، ڕێكـەوتێك كـە زیـاتر لـە عەمـدی دەچوو، ئەو گوندە ناوی "ئوتراد نویی*" بوو.

ئەم خانمـە، یەكسـەر ناستاسـیای بـۆ ئەوێنـدەر بـرد، كـە شـوێنێكی زۆر هێـدی‌و هـێمن بـوو. چونكە ماڵەكەی خۆی لەوێنـدەرەوە نزیـك بـوو و، بـە خـۆی بێـوەژن بـوو و منـداڵی نـەبوو، هـەر لـە

هـەمان شـوێنداو، دەگـەڵ ناستاسـیادا، ئـاکنجی بـوو. لەوێنـدەر پاسـەوانێکی پـیرو کارەکـەرێکی گەنجی کارامە لە خزمەتی ناستاسیادا بوون. ئەمماڵە پڕ بوو لە ئامێری مۆسیقی، کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێبی بابەتی کیژانی گەنج، تابلۆ، وێنـەی لـە دار هەڵکەندراو، قەڵـەم، فلچەوبۆیە، هـەروەها دێڵە تاژییەکی جوان.

دوای دوو هەفتە، ئافاناسی ئیڤانوفیچ توتسکی بە خۆیشی چوو بۆ ئەوێندەر...

لەوە بە دواوە، زۆری حەزچووە ئەم گوندە چکۆلە وێڵەی ناو ئەم دەشتو دەرە دوورە دەستە. هـەموو هاوینێـك دەچـوو بـۆ ئەوێنـدەرو دوو هـەیڤ و هەنـدێجار سـێ هـەیڤی لـەوێ دەقەتانـد. ماوەیەکی زۆر، چوار دانە ساڵی خشت، بە ئارامی و هێمنی و بەوپەڕی خۆشی و شادی تێپەڕی.

رۆژێك، تازە هەوەڵی زستان بوو، دوای نزیکەی چوار مـانگ لـە سەفەرێکی هاوینـەی ئافاناسـی ئیڤـانوفیچ بـۆ ئوترادنـویی، کـە سـەفەری ئـەوجارەی تـەنیا پـازدە رۆژی خایانـدبوو، دەنگۆیـەك بڵاوبـووەوە، یـان بـە گوتەیـەکی دی دەنگۆیـەك بەر گـوێی ناستاسـیا فیلیپوڤـنا کـەوت کـە گوایـە توتسـکی خەریکـە لـە پترسـبۆرگ، کیـژێکی جـوانی دەوڵەمەنـد، لـە بنەماڵەیـەکی خانـەدان دەخوازێت، یانی کەسێکی هاوکوف و هاوتای خۆی دەخوازێت. پاشان دەرکەوت کە ئەم دەنگۆیە لە هەندێ رووەوە، دروست نییـە، واتـە شتەکە لـەو کاتـەدا، تەنیا قسـەیەك بووەو کراوەو هێشتا هیچ شتێك دیار نییەو نەبڕاوەتـەوە. بەڵام وێڕای ئەوەش، ئەم رووداوە نیگـەرانی و پەریشانیەکی تـەواوی خسـتە ژیـان و دڵ و دەروونـی ناستاسیا فیلیپوڤناوە. یەکسـەرو کوتـوپڕ، بە شـێوەیەکی چاوەڕوان نـەکراو خـۆی نوانـدو، سەلماندی کـە کەسـێکی بـە ئیرادەو ورە پۆڵاییینـە، بـێ دوو دڵـی گوندە چکۆلەکەی بەجێهێشت و بە تاقی تەنیا بـەرەو پترسبۆرگ کەوتـە رێ و خـۆی گەیانـدە مـاڵی توتسکی.

توتسـکی غـافڵگیر بـوو، سـەری سـوڕما، ویسـتی مەسـەلەکەی بـۆ روون بکاتـەوەو هەنجـەتان بـۆ خـۆی دابتاشـێت: بـەڵام هـەر لـە یەکـەم وشـەوە پـەی بـەوە بـرد کـە دەبـێ بـە تـەواوەتی جـۆری قسەکردنەکەی، سەدای دەنگی و بابەتی قسەکەی کە تا ئەو کاتـە زۆر سـەرکەوتوو بـوو بگۆڕێت، دەبـێ لـۆژیکی خـۆی بگۆڕێـت، دەبـێ هـەموو شـتێك بگۆڕێـت، هـەموو شـتێك! ئێسـتا رووبـەڕووی ئافرەتێك بوو هەرگیز ئەو ئافرەتە نەبوو کە تا پێشتر دەیناسـی و لـە مـانگی تـەمووزی رابـردووا لـە گوندی (ئوترادونی) بە جێی هێشتبوو.

هـەر لـە رێـوە ئـەوە روون بـووەوە کـە ئـەم ئافرەتـە تازەیـە، زۆر شـتان دەزانـێ و تێـدەگات، ئەوەندەی دەزانـی پیـاو ناچار بـێ لـە خـۆی بپرسـێت ئـەم هـەموو شتە لە کوێـوە فێـر بـووە، چۆن توانیویـەتی ئـەم بۆچوونە روون و رەوانانـە پەیـدا بکـات. ئایـا سەرچاوەی ئـەم هـەموو زانیاریانـە کتێبخانەکـەی بـوو کـە تایبـەت بـوو بـە کیـژان ؟ سـەرباری ئەمـەش شـارەزاییەکی باشـی لـە پرسـە دادڤانی و مافەوانیەکانـدا هـەبوو، ئەگەرچـی ئـەزموونی ژیـانی کـەم بـوو، لـێ تەسـەورێکی روون و خویای لەمەڕ هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی و جڤاکی هەبوو، دەیزانـی هەنـدێ بویـەرو رووداوان چۆن دەچنە رێوەو بنج و بناوانیان لە کوێیە. ئەمە جگە لەوەی کە تەبیعەتی بە تەواوەتی گۆڕا بوو. وەکو جاران نەما بوو. ئەو شەرم و ترسەی جارانی نەما بوو، ئیدی ئـەو رۆژگـارو سـەردەمە بەسـەر

چوو بوو کە وەکو کیژە مەکتەبلیانی بێ ئەزموون بترسێت و شەرم بکات، ئیدی ئەو کیژە ساکارو سادەو لاسارو خەیاڵاویە نەبوو کە بە باڵی خەیاڵ بفڕێت و هەندێجار بەدەم خەم و پەژارەو ترسەوە، بە چاوانی درشتی بێ متمانەوە بکەوێتە ڕوندك ڕشتن.

نا، توتسکی نها، ڕووبەڕووی ئافرەتێك بوو هەرگیز بەم شێوەیەی تەسەورو وێنا نەکرد بوو، ئافرەتێکی سەیر، پڕ بە زار پێدەکەنیٚ، قاقا لێدەدا، زمان درێژ، چەنەباز، دەمڕێژی تەوس و توانجی بەسەردا دەبارێنیٚ، ئافرەتێك کە ڕووبەڕوو، بە ڕاشکاوی پێی ڕادەگەیەنیٚ، کە ڕۆژیٚ لە ڕۆژان جگە لە هەستی بێزاری و ڕقی قووڵ، هیچ هەستێکی تری دەربارەی نەبووە، هەستێك کە هەندێجار گەییوەتە ئەو رادەی کە قێزی لێبکاتەوەو دڵی لێی تێك هەڵبێت، ئەم هەستی قێزهاتنەوەیە، دوای تەواو بوونی یەکەم هەستی سەرسامی، یەکسەر دڵ و دەروونی پڕکرد.

ئەم ئافرەتە تازەیە، پێی ڕادەگەیەنێت، بەلایەوە گرینگ نییە، هەر ژنێك دێنیٚ، لەگەڵ هەر کەسێکدا زەماوەند دەکات، بەڵام وێڕای ئەوەش، بە نیازی شەڕ هاتووە، بۆ ئەوە هاتووە نەیەڵێت ئەم زەماوەندە سەر بگرێت، لێبڕاوە لە رووی کینە کێشییەوەو هەر بۆ کەیفی دڵی خۆی، نەیەڵێت ئەم زەماوەندە سەر بگرێت، چونکە لە کانگای دڵەوە ئەم کارەی پیٚ خۆشەو دەبیٚ بە دەم بانگی ئەم نەخۆشییە دەروونیەوە بێت. پێی گوت: "بەڵیٚ، بۆ ئەوەی پڕ بە دڵ پێت پێبکەنم، پێت رابوێرم. چونکە ئیدی نۆرەی پێکەنینی منە ".

ئەوەی گوتی، هەموو ئەو شتە نەبوو کە لە زەین و دڵیا بوو ، ئەوەی لە زەین و دڵیا بوو بەو ئاسانییە نەدەهاتە دەربڕین، بەڵام هەر باش بوو، بەلای کەمەوە نیازو نیەتی خۆی بەو شێوەیە دەربڕی. لەو کاتەدا کە ناستاسیا فیلیپوڤنای تازە، بە دەنگی بەرز پێدەکەنی و هەڵوێستی خۆی دەنواند، بیروبۆچوونەکانی خۆی هەڵدەڕشت، بەڵگەو بیانووی دێنایەوە، ئافاناسی ئیڤنانوفیچ توتسکی، لە دڵی خۆیدا، مەسەلەو هەڵوێستەکەی تاوتویٚ دەکرد، بە هەموو توانایەکی خۆیەوە هەوڵی دەدا جۆرە نەزمێك بە بیرە پەریشانەکانی خۆی ببەخشێت. ئەم حاڵەتە ماوەیەکی درێژی خایاند، توتسکی نزیکەی دوو هەفتەی بە بیرکردنەوە لەم مەسەلەیە، بردە سەر، ئەوجا عەزمی جەزم کردو بڕیاری خۆی دا.

دەبیٚ لێرەدا ئەوە بگوتریٚ کە ئافاناسی ئیڤانوفیچ، لەو سەروبەندەدا لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، پیاوێکی سەنگین و بەشەخسیەت بوو، پێگەو ناوبانگێکی کۆمەڵایەتی بەهێزو پایەداری هەبوو، پیاوی ناو کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بوو. زۆر قەدری خۆی دەگرت، وەکو هەر پیاوێکی دی کە لەو پایەبەرزەدا بێت، لەدنیادا، خۆی و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی خۆی لە هەموو شتێکی دی پتر خۆش دەویست!.. بۆیە هەر بشێوی و ئاژاوەیەك، هەر کۆسپ و تەگەرەیەك، ئەو نەزم و نیزامەی کە عەمرێکی تیا سەرف کردبوو، بشێوانایە، قەبووڵی نەدەکرد. بۆیە توتسکی، بە حوکمی ئەزموونی دەوڵەمەندو دووربینی و دروستی فام و بۆچوونەکانی خۆی پەی بەوە برد کە حاڵی حازر سەروکاری دەگەڵ ئافرەتێکی نائاساییدایە، ئافرەتێکی بێباك و بێپەروا، کە هەموو کاتیٚ ئامادەیە هەڕەشەکانی خۆی جێبەجیٚ بکات، بە تایبەتی کە لەم دنیایەدا دڵبەندی هیچ شتێك نییەو هیچ تەماحێك لە خشتەی نابات. نا، نا! ئاشکرایە ئەمە شتێکی دییە، شتێکی زۆر

جیاوازە! لێرەدا تێکەڵاوییەکی ئەقڵی و سووکە یاخی بوون و توڕەییەکی ڕۆمانتیکی هەیە، نە هۆیەکی ئاشکرای هەیەو نە بابەتێکی دیاریکراو. نەفرەت و رقێکی لە دامرکانەوە نەهاتوو و بێ سنوور لە ئارادایە، بەڵێ... شتێك لە ئارادایە... شتێکی زۆر سەخیف و ناپەسند، شتێکی ناجۆر، نا بەجێ و ناپەسند کە مەحاڵە لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا قەبووڵ بکرێت، شتێك کە سەبارەت بە پیاوێکی ئابڕوومەندی سەنگینی جوامێرو دڵاوا، بەکارەسات و بەڵای خوا دێتە ژماردن.

هەڵبەتە توتسکی، دەیتوانی بە زەبری سەروەت و سامان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی، زۆر بە ئاسانی و لە ڕێگەی کارێکی ژێراو ژێری چکولەوە خۆی لەم وردەکێشەو ئاستەنگانە رزگار بکات. لەلایەکی دیکەشەوە، پڕ خویاو ئاشکرا بوو کە ناستاسیا فیلیپوڤناش، لە رووی یاساییەوە لەو ئاستەدا نەبوو بتوانێ هیچ ئاسیوو زەرەرێکی پێ بگەیەنێت، تەنانەت نەیدەتوانی لە پترسبۆرگدا، ریسواییەکی چکۆلەشی بۆ دروست بکات، چونکە ئافاناسی ئیڤانوفیچ دەیتوانی بە ئاسانی جڵەوی بگرێت. بەڵام هەر هەموو ئەمانە وەختێ وا دەردەچوو ئەگەر ناستاسیا فیلیپوڤنا، وەکو هەر خەڵکێکی دی لەو جۆرە بوارانەدا رەفتاری کردبا، لە ڕێسای باو لای نەدابا.
بەڵام دووربینی و زیرەکی و هوشیاری توتسکی فریای کەوت و توانی پەی بەوە ببات کە ناستاسیا فیلیپوڤنا بە خۆی دەزانێت کە لە ڕووی یاسایی و دادڤانییەوە باری ئەو نابات، بەڵام بە چاوەکانیا، بە پرشنگی نیگاکانیا، ئەوە دیار بوو کە شتێکی دیکەی لە زەین و بیردایە. ناستاسیافیلیپۆڤنا بایەخی بە هیچ شتێك نەدەدا، هیچ شتێکی بەلاوە گرینگ نەبوو، تەنانەت دەربەستی چارەنووسی خۆشی نەبوو. ( بۆ کەسێکی بە گومان و بێ نەزاکەتی دنیاپەرستی وەکو توتسکی، زەروری بوو ئەوەندە زیرەك و دووربین بێت کە لەو دەمەدا پەی بەوە بەرێت کە ناستاسیا دەمێکە دەستی لە خۆی بەرداوەو دەربەستی چارەنووسی خۆی نییەو ئەم شتەشی بە جددیە نەك بە گاڵتە) جا ناستاسیا فیلیپوڤنا چونکە دەستی لە خۆی بەردابوو و تەنانەت دەربەستی چارەنووسی خۆیشی نەبوو، ئامادە بوو خۆی بە ئاوو ئاگرا بدات، خۆی لە ناو بەرێت و، ئەگەر پێویست بکات بخرێتە زندان و ڕەهەنەی تاراوگەی سیبریاش بکرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی سوکایەتی بەو پیاوە بکات کە لە رادەبەدەر، رقی لێی بوو، رقێك کە لە توانای بەشەر بەدەر بوو، چونکە زۆری لەزەت لە ئیهانەکردن و ئازاردانی ئەو پیاوە دەبینی.

ئافاناسی ئیڤانوفیچ توتسکی، قەت رۆژێ لە رۆژان ئەوەی نەشاردبووە کە پیاوێکی ترسنۆك، یان با بڵێین محافەزەکارە. بۆیە کە وێنای ئەوەی دەکرد لە بەر پەرستگەیەکدا بێتە کوشتن، یان بە بەرچاوی خەڵکییەوە، پێشهاتێکی دیکەی لەو بابەتەی بێتە ڕێ، پێشهاتێکی نابەجێ و حەیابەرە، زۆر دەترسا... بەڵام خەمی ئەوەی نەبوو بکوژرێ، یان بریندار بکرێت، یان بە بەرچاوی خەڵکییەوە تف بکرێتە چارەی یان هەر پێشهاتێکی دیکەی لەو جۆرەی بێتە ڕێ، بەڵکو زیاتر خەمی چۆنیەتی ئەو جۆرە رووداوانەی بوو کە بە شێوەیەکی نا ئاسایی و ناشایستە بەرۆکی بگرن و لە نێو خەڵکیدا حەیای بچێت... جال ناستاسیا فیلیپوڤناش دەقاو دەق هەمان شتی دابووە چاو، هەرچەندە تا نها ڕاستەوخۆ ئەو هەڕەشەیەی لێنەکردبوو. توتسکی، دەیزانی

کە ناستاسیا دەماری دەناسێت و دەتوانێت جەزرەبەی کاری و کوشندەی لێبدات. بۆیە ئافاناسی ئیڤانوفیچ، لە مەسەلەی زەماوەندەکەی کە هێشتا هەر لە قۆناغی قسەی ڕووتا بوو، ژێوان بووەوەو، ملی بۆ چارەنووس داو، لە هەنبەر ناستاسیا فیلیپوڤنادا کۆڵی دا.

شتێکی دیکەش کە زەمینەی بۆ ئەم بڕیارە خۆش کردو کردیە کارێك بتوانێ بە ئاسانی ئەم بڕیارە بدات، ئەوە بوو کە ناستاسیا فیلیپوڤنای تازە، ناستاسیاکەی جاران نەبوو، یەجگار جیاواز بوون، تەنانەت لە ڕووی بەدەنیشەوە... جاران کیژۆڵەیەکی یەجگار خشیك و جوان بوو، بەڵام ئێستا... هەیهو!... توتسکی هەرچی دەکردو دەکۆشا نەیدەتوانی لە خۆی ببورێ، کە ماوەیەکی دوورو درێژ، چوار ساڵی ڕەبەق تەمەشای کردبوو، و نەیتوانی بوو جوانی و شۆخی ئەو ببینێ و کەشف بکات ! دروستە کە گۆڕانێکی کوت وپڕ، لە پەیوەندی نێوان هەردوو لای هاوکێشەکەدا چێ بوو بوو. توتسکی لە فکران ڕاچوو، ئەو ساتە تایبەتیانەی وەبیر هێنایەوە کە بەدەم بیرۆکەی غەریبەوە دەیڕوانیە چاوەکانی ناستاسیا، جۆرە نهێنییەکی گۆنگی لە ناخی نیگایدا بەدی دەکرد کە نەیدەزانی چیە! نیگای ڕاستەوخۆ لەسەر ئەم لەنگەری دەگرت، لە تۆ وایە دەیەوێ لەگەز یان مەتەڵ یان تەلسیمێکی لێ دابێنێ، لەم دوو ساڵەی دواییدا، زۆر جار گۆڕانی ڕەنگ و ڕووی ناستاسیا فیلیپوڤنا، سەرنجی ڕاکێشا بوو: ڕاستە هەندێجار ڕەنگی بە تەواوەتی زەرد هەڵدەگەڕا، بەڵام ئەمەی زۆر لێدەهات، هێندەی دی جوانی دەکرد.

توتسکی، وەکو زۆربەی ئەو پیرەمێرانەی کە خەریکی ڕابواردن و خوشگوزەرانین، جاران بە چاوی سووکەوە دەیڕوانییە ئەم کیژە سادەو ساکارو بێ ئەزموونەی کە بەو ئاسانییە کەوتبووە دەستی، بەڵام لەو ماوانەی دواییەدا، ڕەئی خۆی کەمێك گۆڕی. بە هەرحاڵ لە بەهاری ڕابردووەوە کەوتبووە بیری ئەوەی جیازیەکی شایستە بۆ ناستاسیا فیلیپوڤنا تەرخان بکات و بە پەلە بیدات بە فەرمانبەرێکی بەڕێزو دڵفراوان و بیرکراوەی دەوڵەتی، کە لە شارێکی دی کاری دەکرد (مەگەر هەر خوا بزانێ کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئێستا بە چ تەوس و توانجێکەوە ئەمەی بە ڕوودا دەدایەوە! چ گاڵتەیەکی پێ دەکرد! ).

بەڵام ئافاناسی ئیڤانوفیچ، ئەم هەڵوێستە تازەیەی بە هەل زانی، لە دڵی خۆیدا گوتی دەتوانێ، جارێکی دیکە سوود لەم ئافرەتە گەنجە ببینێ و بە قازانجی خۆی بەکاری بێنێ، بڕیاری دا کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە پترسبۆرگدا ئاکنجی بکات و هەموو پێویستییەکی ژیانی ئەرستۆکراتیانەی بۆ فەراهەم بکات. ئیدی دەیتوانی بۆ هەندێ کۆڕو مەجلیسانی بەرێت و خۆی پێوە با بدات کە ئافرەتێکی ئاوهای بە دەست هێناوە، هەڵبەتە ئافاناسی ئیڤانوفیچ، هەر بۆ خۆ نواندن و خۆ هەڵکێشان و ناوبانگ، زۆری بایەخ بەمجۆرە کارانە دەدا.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، پێنج ساڵ بوو لە پترسبۆرگ دەژیا، هەڵبەتە لەم ماوەیەدا زۆر شت گۆڕا بوو. وەزع و حاڵی ئافاناسی ئیڤانوفیچ باش نەبوو. لە هەموو شت خراتر ئەوە بوو کە ترسێکی نادیاری کەوتبووە دڵ، بە ئامان و زامان لە دڵی دەرنەدەچوو. دەترسا — بەبێئەوەی بزانێ هۆیەکەی چیەو لەکێ دەترسێت— هەموو ترسێکی ئەو لە ناستاسیا فیلیپوڤنا بوو. ماوەیەك، یانی لە زەرفی دوو ساڵی یەکەمدا، وای زەن دەبرد، کە ناستاسیا لە هەوڵی ئەوەدایە شووی

پێبکات، بەڵام لەبەر روحزلی و فرناخی خۆی قسان ناکات و، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی پێشنیازی ئەوە، کە تەسەورێکی غەریب و سەیر بوو!. ئیدی بەرە بەرە گومان و ترسی توتسکی دایە زیادی. کە بیری لەم مەسەلەیە دەکردەوە، برۆکانی دێنایەوە یەك و چارەی گرژ دەبوو، جۆرەها بیرو بیرەوەری ناخۆش لە مێشکیدا دەخولایەوە. تا رۆژێك، لە ناکاوێکا و، بە هۆی پێشهاتێکی تایبەتیەوە، گەییە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر خوازبێنیشی بکات، رەفزی دەکات و شووی پێناکات، ئەمەی زۆر پێ سەیر بوو، وەکو پێویست سەری لێدەرنەدەکرد، هەستی بە داخ و کەسەرێکی زۆر کرد (ئیدی ئەوە دڵی بەشەرە!) دوای ماوەیەکی زۆر، ئەوجا پەی بەو ڕاستیە برد.

هەرچی سەری هێناو سەری برد تەنیا یەك تەفسیری بەلاوە ماقوول بوو، ئەویش ئەوە بوو کە فرناخی و روحزلی " ئەم ئافرەتە سەرکێش و خەیاڵ پەروەرە" گەییوەتە ئاستێك، زیاتر لەزەت لە رەفزکردن و بوغزاندنی ئەو وەردەگرێت، تا لەزەت لەو پێگەو پایە کۆمەڵایەتیە بدینێ کە بە خەویش بە خەیاڵیا نەدەهات.

ئەوەی لە هەموو شتێك خراتر بوو، ئەوە بوو کە ناستاسیا فیلیپۆڤنا، بەرە بەرە داشی سوارتر دەبوو. هیچ تەماحێکی مادی، چەندیش گەورەبوایە، لە خشتەی نەدەبرد، هەرچەند ئەو ژیانە ئەرستۆکراتیانەی قەبووڵ بوو کە بۆی فەراهەم کرا بوو، بەڵام زۆر خاکیانە دەژیا، بە درێژایی ئەم پێنج ساڵە هیچ پارەو پولێکی پاشەکەوت نەکرد بوو.

ئافاناسی ئیڤانوفیچ، نەخشەو فێڵێکی زۆر جوان و ناسکی دانا بوو تا کۆت و زنجیرەکانی بپچڕێت، ژێراو ژێرو بە کۆمەکی خەڵکانی زیرەك و کارامە، کۆمەڵێك چەشەی گەورەو نموونەیی بۆ دانا بوو تا تەماح بیگرێت و بێتە ڕەدا. بەڵام بێهودە، نەمیرو میرزادە، نە ئەفسەرانی سوپای سوارە، نە سکرتێری سەفارەتخانان، نە شاعیران و نە رۆماننووسان، و نە سوسیالیستانیش نەیان بزواند و زەڕەیەك کاریان تێنەکرد. وەکو بڵێی دڵی لە بەرد بێ و هیچ هەست و سۆزێکی تێدا نەبێت و بە یەکجارەکی وشکی کردبێت و مردبێت.

ناستاسیا، زۆربەی کات بە تەنیا دەژیا، نیمچە گۆشەگیر بوو، کتێبانی دەخوێندەوە، موتالای دەکردو زۆربەی کاتی خۆی بە مۆسیقاوە دەبردە سەر، پەیوەندی دەگەڵ خەڵکیدا کەم و سنووردار بوو، پەیوەندی دەگەڵ هەندێ ژنە فەرمانبەری پیری سەیرو سەخیفدا هەبوو.

دوو ژنی ئەکتەری دەناسی، ژمارەیەك پیرەژنی بە ویقاریشی دەناسی، هاتوچۆی ماڵی مامۆستایەکی سەرەتایی بە تەمەنی دەکرد. ئەم مامۆستایە پیاوێکی باش بوو، رەشە خێزانێکی بە ملەوە بوو. ئەندامانی ئەم خێزانە ناستاسیایان زۆر خۆش دەویست و بەگەرمی و خۆشی پێشوازیان دەکرد. زۆرجار، شەوانە تەنیا پێنج یان شەش کەس لە ئاشناکانی خۆی لە ماڵەکەیدا کۆ دەبوونەوە، توتسکی میوانی هەمیشەیی بوو لەو دواییانەشدا، جەنەراڵ یەپانچین، دوای زەحمەتێکی زۆر، توانی بووی تەعاروف دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنادا بکات و پێی بۆ ماڵەکەی وی بکرێتەوە. هەروەها لە هەمان کاتدا، فەرمانبەرێکی چکۆلەی دەوڵەتی گەنج، بە نێوی فردیش چینکۆ بە بێ هیچ زەحمەتێك ئاشنایی دەگەڵدا پەیدا بکات، ئەمە لیبۆکێکی سەرسەری و بەدناوو

تەعلیق بازو مەیخۆر بوو. ناستاسیا، ئاشنایەکی دیکەشی هەبوو بە ناوی پتیتسن، ئەمە گەنجێکی سەیر بوو، پیاوێك بوو سەنگین، خاکیو پۆشتە و پەرداخ، لە هەژارییەوە پیێ گەیی بوو و، بوو بوو بە سووتخۆر. سەرەنجامیش ئاشنایی دەگەڵ گاڤریلا ئاردالیونوفیچدا پەیدا کردبوو.

هەڵبەتە هەر هەموو ئەمانە ناوو شۆڕەتێکی سەیریان بۆ ناستاسیا فیلیپوڤنا پەیدا کرد بوو. جوانیەکەی بوو بووە داستانو کەوتبووە سەرزاری هەموو خەڵکی، بەڵام هەر ئەوەندە بووو تەواو، هیچ شتێکی تری بەدواوە نەبوو. کەس حەددی نەبوو بتوانێ بڵێ پێی خوار داناوە. یان خۆی گەیاندووەتێ. ئەم ناوبانگە پاکەی ناستاسیا، خوێنەوارییەکەی، جوانیەکەی، و زیرەکیەکەی کردیانە کارێك کە ئاڤاناسی ئیڤانوفیچ، دوا نەخشەی خۆی بکێشێت. ئەم نەخشەیە دەمانگەیەنێتە قۆناغێك کە جەنەراڵ یەپانچین لەو قۆناغەدا رۆڵێکی کاراو کاریگەر لە چیرۆکەکەماندا دەبینێ.

کاتێ کە توتسکی، بەوپەڕی ئەدەبو نەزاکەتەوە، داوای لە جەنەراڵ یەپانچینی دۆستی کرد کە دۆستانە وەڵامی بداتەوە کە ڕەئی چیە خوازگاری یەکێك لە کیژەکانی بکات، بەو پەڕی ڕاشکاویو ڕاستگۆیی گرێی دڵی خۆی بۆ کردەوەو، گوتی لێبڕاوە لە پێناوی ئازادی خۆیدا، هەر ڕێگەیەك بگرێتە بەرو هەر کۆسپێك تەخت بکات. ئەگەر ناستاسیا فیلیپوڤناش بەڵێنی بداتێ کە لە ئایندەدا هیچ کێشەیەکی بۆ دروست ناکات، باوەڕ ناکات، چونکە قسەو بەڵێن بە تەنیا بەس نیەو، زەمانەتی تەواوی دەوێ. ئەم جووتە پیاوە ، مەسەلەکەیان تاوتوێ کرد، قسەیان لێکردو ڕێکەوتن هەوڵەکانیان یەك بخەنو بڕیاریان دا پێکەوە کاربکەن.

ڕێکەوتن، لە سەرەتاوە لە بارترینو نەرمترینو ناسکترین شێواز بەکار بەرن، وەك دەڵێن لە دەرگای دڵەوە بۆی بچنە ژوورەوەو لە مرۆڤانی ترین ژێی دەروون بدەن. بە دوو قۆڵی بۆ لای ناستاسیا فیلیپوڤنا چوون. توتسکی هەر لە ڕێوە کەوتە سەرزەنشتی خۆی، هەرچی درێغی و قسورییەك هەبوو گرتیە ئەستۆی خۆیو دانی بەوەدا نا کە لەو ڕەفتارو خەتایەی یەکەمی بەرانبەر بەو، زۆر پەشیمانەو چی بکات چونکە پیاوێکی شەهوانیو هەوەسبازو بێ سەرو بەر بووە، تاوی سەری داویە لەبەریو، خۆی پێ زەوت نەکراوە. ئێستاش بە تەمایە ژن بێنێو چارەنووسی ئەم کاری خێرە لە دەستی ئەودایە، ئیدی پەنای بۆ ئەو هێناوەو خۆی خستووەتە بەختی ئەو و ئەویش خۆی و شیرو شەهامەتی. ئەوسا نۆرە هاتە سەر جەنەراڵ یەپانچینو وەکو باوکێكو باوکانە کەوتە قسانو، قسەکانی زۆر سەنگینو ماقوولو لۆژیکی و دوور لە هەر سۆز بزوێنی یەك بوو. ناستاسیای دڵنیاکردەوە کە هەقی خۆیەتی چارەنووسی ئافاناسی ئیڤانوفیچ دیاری بکاتو جگە لەو کەسی دی ئەو مافەی نییە، و بەدەم ئەو قسانەوەو بەنمایشێکی زیرەکانەی پڕ لە داماویو بەلەنگازییەوە، ئەوەی دا بە گوێیدا کە چارەنووسی ئەم کچەیو ڕەنگە هی دوو کچەکەی دیکەشی بەندبێت بە بڕیاری ئەوەوە. کاتێ کە ناستاسیا فیلیپوڤنا پرسی کە: "دەقاو دەق چییان لەو دەوێ ؟" توتسکی بە هەمان ڕاستگوییەوە گوتی کە لەوەتای پێنج ساڵە، بە جۆرێکی ترساندووە، کە تا ناستاسیا فیلیپوڤنا بەخۆی ڕەزامەندی لەسەر زەماوەندی وی

نەدات، ناتوانێ هەست بە دڵنیایی و ئاسودەیی تەواوبکات. لەسەری ڕۆیی. هەڵبەتە ئەو شتەی ئێستا باسی دەکات ئەگەر بنەمایەکی بتەوی نەبێت دەکاتە قسەی قۆڕ. ئەوەی ئەو لێی ئاگادارەو دەیزانێ ئەوەیە، گەنجێ، لە بنەماڵەیەکی زۆر باشی یەجگار بەرێزو سەنگین بەنێوی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ ئیڤولگین، کە ناستاسیا بە خۆیشی دەیناسێت و لە ماڵەکەی خۆیدا میوانداری کردووە، ماوەیەکی زۆرە بە جۆرێ ئاشق و شەیدای بووە کە ئامادەیە نیوەی تەمەنی خۆی لە پێناوی خۆشەویستی ئەودا بدات. ئیدی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ ماوەیەك لەوەپێش ئەم ڕازەی دڵی خۆی، ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانە بۆ ئەو، یانی بۆ ئافاناسی ئیڤانۆفیچ ئاشکرا کردووەو ئیڤان فیوودوروفیچی وەلی نیعمەتی ئەم گەنجەش لە مێژە بەم ئەشقەی زانیوە. ئەنجام ئەگەر ئەو، یانی ئانافاسی ئیڤانوفیچ بە هەڵەدا نەچووبێ، ئەشقی ئەم گەنجە ماوەیەك سەرنجی خودی ناستاسیا فیلیپوڤناشی ڕاکێشاوە، یانی هەستی پێکردووە، تەنانەت (گاڤریلا ئاردالیونوفیچ)ش پێیوایە کە ناستاسیا بە ئەشقەکەی ئەوی زانیوەو لەوە دەچێ پێی خۆشبێت. هەڵبەتە قسەکردن لەمبارەیەوە بۆ ئەو (توتسکی) لە هەر کەسێکی تر ئەستەمترە. بەڵام ئەگەر ناستاسیا فیلیپوڤنا، خۆی قوشقی نەکات و بیەوێ باوەڕ بکات و قەناعەت بەخۆی بێنێ، ئەوا توتسکی — جگە لە خۆپەرستی و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئایندەی خۆی- ڕەنگە خێری ئەویشی بوێت، دەبێ ئەوەی لا عەیان بێت کە ماوەیەکی زۆرە خەفەت لە تەنیایی و گۆشەگیری ئەو دەخوات و زۆری لەبەر گرانەو پێوەی دەتلێتەوە. باوەڕی تەواوی بەوەیە کە گۆشەگیری و تەنیایی جگە لە تاریکی و نامرادی هیچی تری لێ نایەتە بەر، مرۆڤ لە تەنیاییدا دەپوکێتەوە، باوەڕی بەوە نامێنێ مرۆڤ بتوانێ ژیانی خۆی تازە بکاتەوە. بەڵام ئەو (توتسکی) باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە ژیانی وی (ناستاسیا) دانەمرکاوەتەوەو زۆر بە چاکی بە ئەشق و لە باوەشی خێزاندا زۆر بە جوانی دەژێتەوەو لە میانەی ئەشق و خێزاندا مانایەکی تازە پەیدا دەکات. چونکە ئەم وەزع و حاڵەی ئێستا جگە لە مەرگی ئەو بەهرەو توانا پرشنگدارەی کە لە ناستاسیادا هەیە، جگە لە خەم و نائومێدی، جگە لە جۆرە خەیاڵپەروەرییەکی بێهودە هیچی دیکەی لێ شین نابێت و ئەمەش هەرگیز دەگەڵ هۆش و دڵپاکی ناستاسیا فیلیپوڤنادا تێك ناکاتەوە.

پاش ئەوەی توتسکی جارێکی دی دووپاتی کردەوە کە قسەکردن لەمبارەیەوە بۆ وی لە هەموو کەسێکی دی ئەستەمترە، بەمە کۆتایی بە قسەکەی هێنا کە ئومێدەوارە ناستاسیا فیلیپوڤنا، دەستبەرداری بوغزو ڕق ببێت و بۆ ئەوەی ژیانی خۆی دابین بکات، ئەم ئارەزووە ڕاستەقینەیەی وی، کە لێبڕاوە بڕی هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵی بداتێ، ڕەفز نەکاتەوەو بە دەم ئەو قسەیەوە ئەوەشی گوت کە ئەم بڕە پارەیەی لە وەسێتنامەکەیدا بۆ ناستاسیا تەرخان کردووەو پێویست ناکات بە قەرەبوو یان بەجۆرە باجێکی لێك بداتەوە... ئیدی بۆچی نابێ ئەم ئارەزووە مرۆڤانیەی ئەو لە پێناوی ئاسوودەیی ویژداندا بێتە دی و عەفوو بکرێت.

بە کورتی و کرمانجی ئافاناسی ئیڤانوفیچ، هەر قسەیەك بۆ ئەو جۆرە مەجلیس و حاڵەتە لە بار بوو، کردی. ئافاناسی ئیڤانوفیچ بۆ ماوەیەکی زۆر بەوپەڕی فەساحەت و بەلاغەتەوە قسەی کردو بە دەم قسانەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد — هەڵبەتە ئەمە شتێکی یەجگار گرینگە — کە ئەمە

یەکەمجارە باسی ئەو هەفتاو پێنج هەزار رۆبڵە دەکات و تاکو هەنووکە کەس بەمەی نەزانیوە، تەنانەت ئیڤان فیدرورفیچش کە لێرە دانیشووە، پێی نەزانیوە.

وەڵامی ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئەم جووتە دۆستەی سەرسام کرد. دەتگوت ئەو بەشەرەی جاران نییە، زمانێکی نەرم، دوور لە تەوس و توانج ، دژمنایەتی وبوغزو رکونی، وژار خەنەکەی جاران، کە توتسکی زۆری لیّ دەترسا و کە بیری دەکەوتەوە موچوڕکەی پێدا دەهات، لە حەوت کێوان ئاوا بوو بوو. بە پێچەوانەوە لە تۆ وایە خۆشحاڵە بەوەی کە ئەنجام توانیویەتی بە راشکاوی و بیّ پەردەو دۆستانە، دەگەڵ کەسێکدا گفتوگۆ بکات. دانی بەوەدا نا کە دەمیّ بووە بە ئاواتی گفتوگۆیەکی دۆستانە بووە، بە ئاواتی ئامۆژگاریو ڕێنوێنییەکی دۆستانە بووە. بەلاّم غروورو فرناخی ڕێی نەداوە تا هەنووکە داوای ئامۆژگاری بکات، جا ئێستا کە پەردەکان لاکەوتوونو ئەم دەرفەتە رەخساوە، زۆری پێخۆشەو مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێت. ناستاسیا فیلیپوڤنا، هەوەڵجار بەدەم بزەیەکی خەمینو ئەوجا بە دەم قاقایەکی شادیو شەیتانانەوە گوتی کە جارێکی دی تووڕەییو سەرکێشییەکانی جارانی دووبارە نابێتەوەو لە مێژە ڕاوبۆچوونی دەربارەی زۆر شتان گۆڕاوەو هەرچەندە دڵی نەگۆڕاوە، بەلاّم چاری ناچارە دەبیّ ئیعتراف بە ئەمری واقیع بکات، خۆی دەگەڵ واقیعدا بسازێنیّ، ئەوەی بوو، بوو. تفێك ڕۆکرا هەڵناگیرێتەوە، ئەوەی چوو، چوو و ناگەڕێتەوە، پێی سەیرە کە بۆچی دەبیّ ئافاناسی تا نها لەو بترسێت، ئەوجا بەوپەڕی ڕێزو حورمەتەوە رووی کردە ئیڤان فیدوروفیچ و گوتی: زۆر شتی دەربارەی کیژەکانی وی بیستووەو، لە مێژە دەیان ناسێت و ڕێزو حورمەتی زۆری بۆیان هەیە. زۆری پیّ خۆشەو سەرفراز دەبێت ئەگەر بتوانێت خزمەتێکیان بکات.

دروستە کە لەو سەروبەندەدا ژیانی زۆر تاریك و دژوار بوو، ئەوپەڕی تاریك و سەخت. دیار بوو ئافاناسی ئیڤانوفیچ، توانی بووی نیازو ئارەزووەکانی وی بخوێنێتەوە. بەڵیّ، چونکە ئەو حەزدەکات بە گوێرەی واقیع و لە چوارچێوەی مەبەست و ئامانجێکی تازەدا، بژێتەوە، خۆی تازە بکاتەوە، با بە ئەشقیشەوە نەبێت، بەلاّم لە باوەشی خێزانی خۆیدا بێت. بەلاّم وێڕای ئەوەش ناتوانیّ هیچ شتێك دەربارەی مەسەلەکەی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ بڵێت. ڕاستە پێدەچێت ئەشقی وی دەرهەق بە ناستاسیا ئەشقێکی ڕاستەقینە بێت و، هەست دەکات کە ئەگەر لە خۆشەویستی پایەداری گاڤریلا دڵنیا ببێت ئەوا لەگینە ئەمیش ئەوی خۆشی بوێت. جا گریمان گاڤریلا ڕاست دەکات، بەڕاستیەتی، بەلاّم هێشتا منداڵە، لەوە گەنجترە بتوانیّ بە ئاسانی بڕیاری خۆی بدات. بە هەرحاڵ ئەوەی کە ناستاسیا، لە گاڤریلادا بە دڵیەتی، ئەوەیە کە کاردەکات، بە رەنجی شان هەموو خێزانو خانەوادەکەیان دەژێنیّ. بیستوویەتی کە گەنجێکی ئیشکەرو چالاکە، نەفس بەرزە، فرناخە، حەزدەکات لە ژیانا پێش بکەویّ. هەروەها بیستوویەتی کە دایکی، نینا ئالکساندەروڤنا ئیڤوگلینا، خانمێکی زۆر سەلارو سەنگینو بەڕێزە، (ڤارڤارا ئاردالیونوفیچ)ی خوشکیشی خانمێکی ئابڕوومەندو چالاکە. پتیتسن زۆر باسی ئەوانی بۆ کردووەو زانیویەتی کە خێزانێکی کۆشیارو زەحمەتکێش و کۆڵنەدەرن، حەزدەکات ئەم خێزانە بناسێت، بەلاّم دڵنیانیە کە ئاخۆ ئەم خانەوادەیە ئەو قەبووڵ دەکەن، پێشوازی دەکەن.

بە کورتیەکەی، بیرۆکەی ئەم زەماوەندەی بەلاوە نابەجێ نەبوو، نەیدەگوت مەحاڵە، بەلاّم وێڕای ئەوەش دەبوایە بە وردی بیری لێبکاتەوە، بۆیە نەیدەویست پەلە بکات یان پەلەی لێبکرێت. سەبارەت بە هەفتاو پێنج هەزار رۆبڵەکەش، ئافاناسی ئیڤانوفیچ، هەق نییە بە باسکردنی ئیحراج بێ. چونکە ناستاسیا، بایەخی پارەی دەزانی و پێویستی بە پارە هەبوو، بۆیە بە خۆشحاڵییەوە ئەو دیارییەی قەبووڵ دەکرد. سوپاسی ئافاناسی ئیڤانوڤیچی کرد، کە کەسێکی بە نەزاکەت و هەست ناسك و سر قایم بووەو ئەم مەسەلەیەی تەنانەت لەلای جەنەراڵ و گاڤریلا ئاردالیونوفیچش نەدرکاندووە. بەلاّم پرسیار ئەوە بوو بۆچی گاڤریلاش پێشوەختە بەمە نەزانێ، بۆ لێی بشاردرێتەوە ؟ خۆ ئەگەر ببێت بە یەکێك لەو خێزانە، هیچ شەرمێکی لەو پارەیە نییە، ئەو پارەیە بۆ ئەو مایەی شەرمەزاری نییە، مکووڕ بوو ئەوە بزانرێ کە بە نیاز نییە، دەربارەی هیچ شتێك عوزرخوایی بۆ هیچ کەسێك بێنێتەوە. ئامادە نییە شوو بە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ بکات، تا دڵنیا نەبێت کە خۆی و خانەوادەکەی هیچ بیروبۆچوونێکی خراپیان دەربارەی نییە. هەست ناکات لە هیچ روویەکەوە و لە هیچ شتێکدا خەتابار یان تاوانبار بێت، هەروەها حەزدەکات گاڤریلا ئاردالیونوفیچ لە هەلومەرج و ژیانی خۆی لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی رابردوودا، لە پترسبۆرگ ئاگادار بکاتەوە، پەیوەندییەکانی خۆی و (ئافاناسی ئیڤانۆفیچ)ی بۆ باس بکات، بڕی ئەو سەروەت و سامانەی – ئەگەر سەروەت و سامانێکی هەبێت – پێ بڵێ کە توانیویەتی بە دەستی بێنێ و پاشەکەوتی بکات. ئەو هەفتاو پێنج هەزار رۆبڵەش وەربگرێت، لە بری ئەوە وەریناگرێت کە لە کچێنی خستووەو فەساتی کردووە، بەڵکو باجی ئەوەیە کە ژیانی داغان کردووە.

هێندە بە جددی و هەڵچوونەوە باسی هەموو ئەو شتانەی دەکرد – کە هەڵبەتە زۆریش ئاسایی بوو– کە جەنەراڵ یەپانچین، هەستی بە ئاسوودەییەکی زۆر کردو گەییە ئەو قەناعەتەی کە مەسەلەکە بڕاوەتەوەو کۆتایی پێهاتووە.

بەلاّم توتسکی مارانگەستە، شەرمەزارو تەریق، وەکو پێویست باوەڕی نەدەکردو هێشتا دەترسا، ئەم گوڵزارە هەژدیهایەکی لە ژێردا بێت. بە هەرحاڵ گفتوگۆی نێوان دۆستان دەستی پێکردبوو، مەسەلەی رازی بوونی ناستاسیا فیلیپۆڤنا بە ڤیانی گانیا، بەرە بەرە روونترو ئاشکرا تر دەبوو، بە جۆرێ دەچووە پێشێ کە هەندێجار خودی توتسکی دەگەییە ئەو قەناعەتەی کە کارەکە سەر دەگرێت. لەو ماوەیەدا ناستاسیا فیلیپوڤناو گانیا چەند قسەیەکی کەمیان کرد، لەوە دەچوو ناستاسیا لەبەر شەرم و حەیا زۆر درێژەی نەداتێ، بەلاّم وێڕای ئەوەش رەزامەندییەکی دەربڕی و بۆرە بەڵێنێکی دایە. بەلاّم دووپاتی کردەوە کە ئەمە پەیمانی یەکجارەکی نییەو هەقی ئەوەی هەیە تا ئەو رۆژەی زەماوەندەکە سەر دەگرێت – ئەگەر لە بنەڕەتدا سەر بگرێت – ڕەفزی بکات. هەڵبەتە هەمان ئازادی و هەقی بە گانیاش دا.

دوای ماوەیەکی زۆر کەم، گانیا، بە رێکەوت، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، زۆر چاك دەیزانی ماڵبات و خانەوادەکەی گانیا نە بەم زەماوەندە ڕازین و نە بە ناستاسیاش رازین، ئەم هەواڵەش لە ئەنجامی دەمەقاڵەو قەرقەشەی بەردەوامی وانەوە دزەی کردبوو، ناستاسیا

فیلیپوڤنا هەموو ئەمەی دەزانیو، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەمەی بە چاوی گانیادا نەدایەوە، لە کاتێکا گانیا هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بیداتەوە بە ڕوویا.

هەڵبەتە دەکرێت زۆر حیکایەتی دیکە دەربارەی وەزعو حاڵو زروفی ئەم پڕۆژەی زەماوەندەو گفتوگۆکانی نێوان جووتە دۆست، (جەنەراڵ و توتسکی) لەو بارەیەوە بکرێت. بەڵام ئەوەی تا هەنووکەش باسمان کردووە هەندێك زێدەڕۆیی تیا بووە، چونکە گەلێك لەو دەنگوباسو حیکایەتانە تەنیا مقۆمقۆ و دەنگۆی بە تەمتومان بووەو هیچی تر. بۆ نموونە توتسکی بیستبووی کە گوایە ناستاسیا فیلیپوڤنا، پەیوەندی ژێراو ژێری دەگەڵ کیژەکانی یەپانچیندا پەیدا کردووە، کە ئەمە درۆیەو ناچێتە ئەقڵەوە! لەلایەکی دیکەوە توتسکی باوەڕی بە دەنگۆیەکی دی هێنا بوو کە بەڕاستی نیگەرانی کردبوو و خەوی لێ حەرام کردبوو، ئەویش ئەوە بوو کە توتسکی – یان دڵنیا کرد بوو گوایە ناستاسیا فیلیپوڤنا، چاك دەزانێت کە گانیا تەنیا لەبەر پارە ئەو دەخوازێت، دەنا کوڕێکە نەفس نزم، چروكو ئاڵچاخ، دڵڕەش، تەماعکار، بێ سەبر، بەغیل، خۆپەرستو جگە لە قازانجو بەرژەوەندی خۆی لە خەمی هیچ شتێکی دیدا نییە. هەروەها ئەوەش بڵاوبووەوە کە ناستاسیا بەوەشی زانیوە کە ئەگەر گانیا جاران خۆشی ویستووە بە دڵ حەزی لێکردووەو ویستویەتی بەڕاستی بیخوازێت، ئەوا لەو ڕۆژەوە کە جووتە دۆست، واتە جەنەراڵو توتسکی ڕێك کەوتنو قەراریان داوە سوود لەم ئەشقو ڤیانە ببینن و ناستاسیا فیلیپوڤنای، وەکو ژنێکی شەرعی، بەزەبری پارە بە سەرا ساغ بکەنەوە، بە جارێ لەبەرچاوی کەوتووەو لێی بووە بە مۆتەکەیەكو لێی دەڕەوێتەوە، پاشان ئەشقو نەفرەتی لە لا تێکەڵ بووەو دوای دوو دڵییەکی دوورو درێژ، قرێری داوە ئەم " ئافرەتە بەدناوە " بخوازێت، بەڵام بەمل گوتیاری لە دڵی خۆیدا سوێندی خواردووە کە تۆڵەیەکی وەهای لێ بسەنێ، تاماوە، پێوەی بناڵێنێ. ئەوە بڵاو بوو بووەوە کە ناستاسیا فیلپوڤنا، بە هەموو شتێکی زانیوەو، ئەویش ژێراو ژێر کەوتووەتە نەخشەکێشانی خۆی.

توتسکی، ترسێکی وەهای لێنیشتبوو، کە تەنانەت (یەپانچین)شی لەو ترسانەی خۆی ئاگادار نەکردەوە. بەڵام جاری واش هەبوو، ئەم پیاوە ترسنۆکە، وەکو هەر کەسێکی دی، زاتی پەیدا دەکردەوەو وەرەی بەرز دەبووەوە. بۆ نموونە یەکێك لەو حاڵەتانەی ئەو کاتە بوو کە ناستاسیا فیلپوڤنا، بەڵێنی بە هەردوو دۆستەکەی، واتە جەنەراڵو توتسکی دا کە لە شەوی ئاهەنگی لە دایك بوونەکەیدا، جوابی یەکجارەکیان دەداتەوە. پاشان غەریبترینو باوەڕنەکردەنی ترین دەنگۆ دەربارەی ئیڤان فیودوروفیچی بەرێزو حورمەت بڵاوبووەوەو کەوتە سەرزاران، دەنگۆیەك بوو کە مخابن زۆر شارەزایانە هۆنرابووەوە.

هەڵبەتە لە هەوەڵەوە، کەس باوەڕی بەم دەنگۆیە نەدەکرد، چونکە هەرگیز نەدەچووە ئەقڵەوە کە کەسێکی وەکو فیودوروفیچ، بەم تەمەنەوە، بەم هەموو زیرەکیو پوختەییو، کارامەییو، ئەزموونداریەوە بکەوێتە داوی ئەشقو ڤیانی ناستاسیا فیلیپوفناوە، ئەشقو ڤیانێك بگاتە ئاستی شەیدایی. باشە بە چ ئومێدێ، بە چ ئەقڵێ ئەمەی دەکرد؟ هەڵبەتە زۆر زەحمەتە پیاو بتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. ڕەنگە ئیڤان فیدوروفیچ ئەمەی بە ئومێدی گەنجاتیو لە

خۆ بردوویی گانیا کردبێت. توتسکی گومانی ئەوەی هەبوو کە بەلای کەمەوە ریکەوتنێکی پەنامەکی لە نێوان جەنەراڵو گانیادا هەبێت، رێکەوتنێکی تاکتیکی لەسەر بنەمای سازشی دوو قوڵی. بەڵام لای هەمووان عەیانە کە کابرایەکی شەیدای سەوداسەر، بەتایبەتی ئەگەر تەمەنێکی بەسەر بردبێت، بە تەواوەتی کوێر دەبێت و دڵ بەهەر فشە تروسکەیەکی خەیاڵی خۆش دەکات، و هۆش و گۆشی لەلا نامێنێ و، چەند زانا و زیرەکیش بێت، وەکو منداڵێکی نەفام رەفتار دەکات!

وا باو بوو کە جەنەراڵ گەردنبەندێکی مرواری یەجگار گران بەهای بۆ ئاهەنگی لە دایک بوونەکەی ناستاسیا فیلیپوڤنا کڕی بووو، حیسابێکی زۆری لەسەر ئەم دیاریە دەکرد، هەرچەندە دەیزانی کە ناستاسیا، ژنێکی بێ تەماعەو چاوی لەو شتانە نیە. جەنەراڵ، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ڕۆژی لە دایکبوونەکەی ناستاسیا فیلیپوڤنای دەکرد، بەڵام توانی بووی زیرەکانە هەست و سۆزی خۆی لە خەڵکی وەشێرێت.

جا خاجەنەراڵ یەپانچین، لە زمانی خەڵکییەوە هەندێ شتی لەمەڕ ئەو گەردنبەندە مرواریەوە ژنەوتبوو! لە ڕاستیدا لیزاڤیتا پروکوفیڤنا دەمێك بوو تۆڵازیی و مێبازیی و سووکی مێردەکەی بۆ دەرکەوتبووو لە گەڵیا ڕاهاتبووو خووی پێوە گرتبوو. بەڵام ئەمجارەیان نەیدەتوانی چاوپۆشی لەم رووداوە بکات و خۆی لەگێلی بدات، دەمگۆی گەردنبەندەکە زۆری نیگەران کردبوو. جەنەراڵ، لەوەختی خۆیدا بە مەسەلەکەی زانی. دوێشەو هەندێ قسەی بە توێکڵی ژنەوتبوو. بۆیە دەترسا ئەمڕۆکە، تووشی گەنگەشەیەکی فرە ببێت.

بۆیە جەنەراڵ لەم بەیانییەوە کە چیرۆکەکەمان تیایدا دەست پێدەکات، حەزی نەدەکرد دەگەڵ خانەوادەکەیدا و لە ناو ئەواندا نان بخوات. بۆیە لێڕا، بەر لەوەی میرزادە بگاتە جێ، بەهەنجەت و بیانووی کارەوە لە ماڵ بچێتە دەرێ. دیارە وشەی " چوونە دەرەوە " هەندێجار لە جەم جەنەراڵ هاوتای "هەڵاتن"ی دەکردەوە و ئەو مانایەی دەدا. جەنەراڵ، دەیویست بەلای کەمەوە ئەمڕۆکە، بەتایبەتی شەوەکەی، بەبێ کێشە و بە کەیفی دڵی خۆی بگوزەرێنێ. لەم کاتەدا، لە ناکاودا میرزادە پەیدا بوو، بەڕاستی هاتنە کوتوپڕەکەی زۆر بەجێ بوو.

جەنەراڵ، لە کاتێکا خۆی بە ژووری هاوسەرەکەیدا دەکرد، لە دڵی خۆیدا گوتی: "خودا ناردوویەتی!"...

پەراوێز:

*– ئوترادانویی: وشەیەکە لە "ئوترادا"وە وەرگیراوە، ماناکەی لە نێوان هەردوو وشەی (ئاسودەییم) و " لەزەتم " دایە.

## فەسڵی پێنجەم

خا جەنەراڵ یەپانچین، زۆر بە ئەسڵ و فەسڵ و ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆیەوە دەنازی. جا تەسەور بکەو بیهێنە بەرچاوی خەیاڵی خۆت، کاتێ کە لە ناغافلاو بێ هیچ پێشەکییەك پەی بەوە بردووە. کە ئەم میرمیشیکینە، دوا نێرینەی ماڵبات و بنەماڵەکەیان ، کە پێشتر هەندێ شتی نا ڕوونی لە بارەیەوە ژنەوتبوو، گەنجێکی داماوی گێلۆکەیە، هەژارو نەدارێکە کە زیاتر بەخێرو سەدەقان دەژی، نیمچە گەدایەکە لەو گۆڕەی، چ هەست و هەڵچوونێکی لەلا چێبووە. جا جەنەراڵ، بۆ ئەوەی بابەتە سەرەکییەکە لە بیری هاوسەرەکەی بباتەوە و خۆی لە باسی گەردنبەندە مرواریەکە بدزێتەوە، زیاد لە پێویست کەوتە ختووکەدانی هەست و سۆزی ژنەکەی..

خا جەنەراڵ، کاتێ کە پەست و تووڕە دەبوو، چاوەکانی ئەبڵەق دەبوون و دەکرانەوە، کەمێك خۆی بەپشتا دەبرد، زەق زەق دەیڕوانیە پێش خۆی، بێ ئەوەی ورتەی لەدەم بێتەدەر.

ژنێکی بالابەرز، هاوسونحی مێردەکەی بوو. قژی ڕەش و پڕ، داو داوی سپی تێکەوتبوو، کەپووی کەمێك خوار بوو. دەموچاوی باریك و ڕەنگی زەرد، گۆناکانی سیس و قوپاو، لێوەکانی تەنك و هەڵقورتاو بوون، تەوێڵی بەرز، بەلام باریك بوو. چاوە کەژاڵ و درشتەکانی، هەندێجار حاڵەتێکی گوزارشتەوانی چاوەڕوان نەکراویان وەردەگرت. سەردەمانێك، بێ هیچ هۆیەك ئەو قەناعەتەی لا دروست بوو بوو کە نیگاکانی کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر بەرانبەرەوە هەیە و ئیدی ئەم قەناعەتەی بۆ هەتا هەتایە لەلا چەسپی بوو. خاتوو یەپانچین. لە ژەنەراڵی پرسی:

– چی ؟ دەتەوێ پێشوازی بکەم ؟ یانی ئێستا، بەم دەم و دەستە، بێ هیچ پێشەکییەك پێشوازی بکەم؟

خا جەنەراڵ بەدەم ئەو قسانەوە، بە هەموو هێزو توانایەکییەوە چاوانی بڕینە ئیڤان فیودوروفیچ، کە چالاکانە بە دەوریا دەسوڕایەوە.

جەنەراڵ، بە هەشتاو بەرسڤی دایەوە:

– پێویست ناکات خۆت زۆر سەغڵەت و شپرزە بکەی، کەیفی خۆتە گیانەکەم، ئەگەر دەتەوێ بیدینی مەرج نییە زۆر ڕەسمیانە پێشوازی بکەیت و هەموو ئەتەکێتێکی میوانداری بەجێ بێنی.

کوڕێکی بەستەزمانە، بە ڕاستی وەکو منداڵ وایە، پیاو بەزەیی پێدا دێتەوە. نەخۆشی فێی لەگەڵەو تازە لە سویسراوە گەییوەتە ئێرەو یەکسەر لە وێستگەی قیتارەوە بۆ ئێرە هاتووە. جلێکی سەیری لەبەردایە دەشوبهێتە سەر جلکی ئەڵمانی، تاقە قرۆشێکی لە بەرکا نییە، کە قسەی دەگەڵدا دەکەی خەریکە دەگری. من بیست و پێنج ڕۆبڵم دایەو بەتەمام ئەگەر بکرێت کارێکی بچووکی فەرمانبەری بۆ بدۆزمەوە! تکا لە ئێوە خانمان دەکەم خواردنێ، شتێکی بدەنێ، چونکە پێموایە لە برسا لاکەی سەری دێت! زۆری برسییە...

خا جەنەراڵ، بەهەمان سەرسامی و حیرەت لەسەری ڕۆیی:

– من سەر لەم قسانەی تۆ دەرناکەم! برسیەتی، خووی لەگەڵدایە ؟ خووی چی ؟

– فێییەکەی بەردەوام نییە. ناو بەناو فێی لێدێت. داماوە هەرچەندە خوێنەوارییەکی باشی هەیە، بەڵام ڕێك دەڵێی منداڵە..

جەنەراڵ بەدەم ئەو قسانەوە ڕووی کردە کیژەکانی و لەسەری ڕۆیی:

– .. حەزم کرد سووکە تاقییەکی بکەنەوە. چ قەیدیە با بزانین چی لە بارایەو چی پێدەکرێت. خۆ زەرەر ناکەین.

خانم یەپانچین کە چاوە دەرپۆقیوەکانی، بە سەرسامی، لە نێوان کیژەکانی و مێردەکەیدا کێژ دەدا، بەوپەڕی سەرسامی گوتی:

– تا.. قی.. کرد.. نەوە ؟

– ئا، گیانە تۆ خۆت زۆر سەخڵەت مەکە.. گوێ بەوەش مەدە! ئیدی قسەیەکەو کردم، تۆ بە کەیفی دڵی خۆت بکە، چیت پێخۆشە وابکە. من هات بەسەرما چاکەیەکی لەگەڵ بکەم و لێرە گلی بدەمەوە، چونکە ئەمەم بە کارێکی باش زانی و دەچێتە خانەی خزمایەتی و سیلەی ڕەحمەوە.

– یانی لێرە، لەگەڵ خۆمانا گلی بدەیتەوە ؟ لە سویسراوە هاتووە ؟...

– بۆ، سویسرا چیەتی، چ قەیدیە لەوێندەرەوە هاتبێت ؟ بەهەرحاڵ، وەکو گوتم کەیفی خۆتە، بەدڵی خۆت بکە، من دەمویست کۆمەکی بکەم، چونکە هەڵگری هەمان ناوو شۆرەتی بنەماڵەکەی تۆیە، لەوەشە خزمت دەربچێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە هیچ شوێنێ شك نابات تیای بحەوێتەوە. من وام بە بیردا هات کە لەوەیە تۆ ئەمەت پێخۆش بێت، چونکە هەر چیەك بێت، لە هەمانماڵبات و بنەماڵەی تۆیە.

ئالکساندریای نۆبەرەیان گوتی:

– ڕاستە دایکە، ئێمە کە ناچار نەبین هیچ تەشریفاتێکی فەرمی بۆ بکەین، هیچ ئەتەکێتێکی میوانداری بەجێ بێنین، ئەویش لە ڕێیەکی دوورەوە هاتبێ و برسی بێ و هیچ شوێنێ شك نەبا رووی تێبکات، بۆچی خوڵکی نەکەین نانێکمان لەگەڵدا بخوات.

– ئەمە جگە لەوەی ڕێك وەکو منداڵ وایە، پیاو دەتوانێ چاوشارکێی دەگەڵ بکات.

– چاوشارکێ ؟ مەبەستت چیە ؟

ئاگلایا، بە جۆرە خەمینییەکەوە هاواری کرد:

– ئۆف دایکە! بەسە، تکایە لەوەی پتر خۆت لە گێلی مەدە...

ئایدلایدا، کیژی دووەمیان، کە کیژێکی خەنۆڵو دەم بە پێکەنین بوو، خۆی پێنەگیراو لە قاقای پێکەنینی دا.

هەنگێ ئاگلایا، گوتی:

– باوکە بنێرە بە دوایا با بێت. دایکە ڕازییە.

جەنەراڵ لە زەنگی داو بە خزمەتکارەکەی گوت میرزادە بێنێتە ژوورەوە.

خانم یەپانچین، بە توندی گوتی:

– بەڵام بەو مەرجەی کە وەختێ لەسەر خوانەکە دانیشت خاولیەکی لە مل بکەین. بانگی فیدور بکەن، نا ماروا باشترە. با لە کاتی نانخواردنا بە دیارییەوە بێت و ئاگای لێی بێت. کە فێیەکە دەیگرێ دەست ناوەشێنێ ؟ بە دەم قسەکردنەوە دەست ناجوڵێنێ؟

– نە بابە، بە پێچەوانەوە، زۆر بە تەربیەتە، تا بڵێی پابەندی ئەتەکێتی کۆمەڵایەتیە. هەموو عەیبێکی ئەوەیە هەندێجار زیاد لە پێویست سادەو ساکارە، بڕێك گێلۆکەیە. فەرموو ئەوە خۆیەتی! بە یارمەتیت با میرزادە میشکین، کە هاوناوو شۆرەتی تۆیەو دوا پیاوی بنەماڵەی ناڤبریە، و ڕەنگە خزمیشمان بێت، بناسێنم، تکایە بە کەماڵی میهرو مەحەبەت پێشوازی بکە، هەر ئێستا خواردن پێدەگات میرزادە، هەنگێ گەورەمان بکەو... دەگەڵ خانمانا بمێنە... بەڵام من داوای بوردن دەکەم.... دەبێ بڕۆم، چونکە کاری بەپەلەم هەیەو دواش کەوتووم...

خا جەنەراڵ بە دەنگی بەرز گوتی:

– هەمووومان دەزانین بۆ کوێ دەڕۆیت و پەلەی کوێتە!

– زۆر، زۆر پەلەمە گیانەکەم، دواش کەوتووم! کچینە دەفتەرەکانتانی بدەنێ، با سەرو شتتان بۆ بنووسێت... خۆشنووسێکی یەجگار بەهرەمەندو بە سەلیقەیە! بەهرەمەندێکی دەگمەن و بێ هاوتایە! تۆزێ لەمەپێش لە ئۆفیسەکەی خۆما ئەم شتەی بۆ من نووسی: "ئەمە دەست و ئیمزای بەندەی حەقیر پاپا پافنوسە"... جارێ من خواحافیز، بە هیوای دیدار!

خا جەنەراڵ بە تووڕەیی و نیمچە هەڕەشەوە گوتی:

– پافنوس؟ پاپا ؟

لە کاتێکا مێردەکەی پاشەو پاش دەکشایەوە، ئەو بە هاوارەوە لێی دەچووە پێشەوەو هاواری بەسەردا دەکرد:

– ڕاوەستە! ڕاوەستە! بۆ کوێ تەشریف دەبەی؟ ئەم پافنوسە کێیە؟

– بەڵێ، بەڵێ گیانە، کاتی خۆی لە زەمانی کۆندا پاپایەك بەم ناوەوە هەبووە. من دەبێ بڕۆم، پەلەمە، جەنابی کۆنت چاوەڕوانمەو ئەو بەخۆی سەعاتی دیدارەکەی دیاریکردووە. میرزادە، بە هیوای دیدار...

هەنگێ جەنەراڵ خۆی نەجات داو بەلەز وەدەرکەوت.

ئەوسا لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، چاوێکی لە میرزادە کردو بە تووڕەیی گوتی:

– دەزانم کام کۆنتی مەبەستە ؟

پاشان وەك یەکێك بیەوێ شتەکەی بیربکەوێتەوە، بە تووڕەیی لەسەری ڕۆیی:

– ئەرێ، باسی چمان دەکرد ؟ ئا.... ئەو پاپایە کێیە ؟

ئالکساندریا ویستی خۆی لە مەسەلەکە هەڵقورتێنێ، ئاگلایا لە ژێرەوە پێی نا بە پێیدا، گوتی:

– دایکە!

خا جەنەراڵ بە توندی گوتی:

– قسەکەم پێ مەبڕە ئالکساندریا! وازم لێبێنە، منیش دەمەوێ بزانم مەسەلەکە چیە! میرزادە لەوێ دانیشە، لەسەر ئەو کورسییەی بەرانبەرم... نا، نا لێرە، لەبەر هەتاوەکە، لە هەتاوەکە نزیك ببەوە تا بە باشی بتبینم. زۆر باشە دەی هەنوکە باسی ئەو پاپایەم بۆ بکە!...

میرزادە، زۆر بە ئەدەبەوە گوتی:

– پاپا، پافنوسە...

– پافنوس ؟ بەڕاستتە! باشە ناوبانگی ئەم پیاوە لە چدا بوو؟

خا جەنەراڵ، بێئەوەی چاوی لێ بگوازێتەوە، زۆر بە خێرایی و نیگەرانی ئەو پرسیارانەی لێدەکرد، کە میرزادە وەڵامی دەدایەوە، ئەویش لەگەڵ هەر وشەیەکیدا سەرێکی بۆ دەلەقاند.

میرزادە گوتی:

– پاپا، پافنوس لە سەدەی چواردەدا ژیاوە، لە ڕەخی روباری ڤۆلگادا، لەو دەڤەرەی هەنووکە پێی دەڵێن دەڤەری کوستروما، دێرێکی بەڕێوە دەبرد. بە زوهدو خواپەرستی بەناوبانگ بوو. چەندین جار چوو بوو بۆ وڵاتی تەتەرستان تا هەندێ لە کێشەکانی ئەو رۆژگارو وەختە حەل و فەسڵ بکات. لە یەکێك لەو جارانەدا و لە یەکێك لە بۆنەکاندا، بە دەستی خۆی قەواڵەیەکی ئیمزا کردبوو، یانی ئیمزای خۆی لێدا بوو. بە ڕێکەوت جارێك نوسخەیەکم لەو قەواڵەیە بینی، خەتەکەم زۆر چووە دڵەوە، ئیدی فێر بووم لاسایی بکەمەوە. جا کە تۆزێ لەمە پێش جەنەراڵ ویستی دەسوخەتم ببینێ تا کارێکم بۆ بدۆزێتەوە، منیش هەستام چەند دەستەواژەیەکم بە پیتی جیاواز بۆ نووسیوە، یەکێك لەو دەستەواژانە بریتی بوو لەمە: "ئەمە دەسو ئیمزای بەندەی حەقیر پاپا پافنوسە." هەڵبەتە بە هەمان شێوازە خەتی پافنوس نووسیم، ئیدی جەنەراڵ زۆری بەگەن کرد، ئەوەی کە تۆزێ لەمە پێش ئاماژەی بۆ کرد، ئەوە بوو.

خا جەنەراڵ گوتی:

– ئاگلایا، ئەم پافنوسەت لە بیر بێت، باشترە بینووسیت، چونکە من لە بیرم دەچێت. من بە تەمای روونکردنەوەیەکی گرینگتر بووم. ئەدی کوا ئیمزاکە ؟

– وا بزانم، لەسەر مێزی ئۆفیسەکەی جەنەراڵ بەجێ ما.

– هەر ئێستا بچن بۆمی بێنن.

– ئەگەر بتەوێ دەتوانم دووبارە بۆتی بنووسمەوە.

ئالکساندرا گوتی:

– راست دەکات دایکە، جارێ وەرن با نان بخۆین، هەموومان برسیمانە.

خا جەنەراڵ گوتی:

– زۆر باشە. فەرموو میرزادە، ڕەنگە زۆرت برسی بێت.

– بەڵێ، ئێستا هەست بە برسیەتی دەکەم، زۆرت لێ مەمنوون و منەتبارم.

لەو کاتەدا کە بۆ هۆڵی نان خواردن دەچوون، خانم یەپانچین بە دەم ڕێوە گوتی:

– خۆشحاڵم کە تۆ کەسێکی بە ئەدەب و نەزاکەتی، ئەوەندەش وەکو دەیانگوت عەجیب و غەریب نیت. وەرە پێشەوە، لێرە دانیشە، لە بەرانبەرم، تا بتوانم باشتر بتبینم. ئالکساندرا، ئادیلاید، بێزەحمەت بە میرزادە ڕابگەن! ئەو نەخۆشەش نییە وەکو دەیانگوت، وا نییە ؟ ڕەنگە پێویست بە خاولی نەکات. میرزادە، جاران خاولیان لە مل دەکردیت ؟

– بەڵێ بە منداڵی، ئەوسا کە تەمەنم حەوت ساڵان بوو. بەڵام ئێستا خاولی دەدەم بەسەر کۆشما.

– دەی کچینە خاولی بۆ بێنن، ئەدی خوو و فێیەکەت چۆنە ؟

میرزادە، بە جۆرە سەرسوڕمانێکەوە گوتی:

– فێیەکەم ؟ زۆر باشە، بە دەگمەن دەمگرێ. ئیدی... نازانم دەڵێن ئاوو هەوای ئێرە بۆ نەخۆشییەکەی من باش نییە.

خانم یەپانچین، کە دەگەڵ هەر قسەیەکی میرزادەدا سەرێکی دەلەقاند، روو لە کیژەکانی گوتی:

– قسە کردنی باشە. چاوەڕوانم نەدەکرد وا بێت. کەواتە هەر هەموو ئەوەی لە بارەیەوە گوترا بوو، وەکو هەمیشە تەنیا قسەی بۆش و بەتاڵ بوو.

ئەوجا روویکردەوە میرزادە و گوتی:

– میرزادە فەرموو نان بخۆو بە دەم نانخواردنەوە پێمان بڵێ لە کوێ بوویت و لە کوێ گەورەو پەروەردە بوویت. گەرەکمە هەموو شتێك دەربارەی تۆ بزانم، وەزع و حاڵی تۆم زۆر مەبەستە.

میرزادە، لە کاتێکا بە تاسوقەوە نانی دەخوارد، دەستی بە گێڕانەوەی هەر هەموو ئەو شتانە کردەوە کە ئەو بەیانیە، چەند جارێك گێڕا بوویەوە.

مەدام جەنەراڵ، دەم بە دەم خۆشحاڵتر دەبوو. کیژەکانیش زۆر بە وردی گوێیان لە میرزادە دەگرت. باس هاتە سەر رادەی خزمایەتی وان. دیاربوو کە میرزادە شارەزاییەکی زۆر باشی لەمەڕ ئەسڵ و فەسڵ و شەجەرەی خۆی هەبوو. بەڵام هەرچیان کردو کۆشا، نەیانتوانی خزمایەتی و پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان میرزادەو خانم جەنەراڵدا بدۆزنەوە، ڕەنگە ئەوپەڕی بۆرە خزمایەتێکی دووری وەکو خزمایەتی بن عامان لە نێوان ئاباو ئەژدادایان هەبووبێت. لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، ئەم باسەی زۆر لە گیان خۆش بوو، چونکە زۆر بە کەمی دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوت باسی ئەژدادی خۆی بکات. بۆیە بەخۆشحاڵیەوە لەسەر مێزەکە هەستاو گوتی:

– وەرن با بڕۆین بۆ هۆڵی کۆبوونەوەو قاوەکەمان بۆ بێنن بۆ ئەوێندەر.

ئەوجا رووی دەمی کردە میرزادەو لەسەری رۆیی:

– هۆڵێکی هاوبەشە، یانی هۆڵێکی چکۆلەی منە کە بە تەنیا دەبین، لەوێندەر خڕ دەبینەوە، ئیدی هەر کەسەو خەریکی کاری خۆی دەبێت: کیژە گەورەکەم، ئالکساندرا بۆ خۆی پیانۆ لێدەدات یان دەخوێنێتەوە یان خەیاتی دەکات. ئادیلایدی کیژم یان دیمەنی سروشت وێنە

دەكێشـێت یـان پۆرترێتـان دەكێشـێت (كـە قـەت تـەواوی ناكـات). بـەڵام ئاگلایـا، بـۆ خـۆی دادەنیشـێت و هـیچ كارێـك ناكـات. منـیش هـیچ كـارێكم لەبـەر نـاڕوات و نـاتوانم بـە دیـار كـارەوە دانیشـم. دەی وا هـەموو ئامـادەین، فـەرموو مـیرزادە لای سـوپاكەوە دانیشـەو قسـانمان بـۆ بكـە. دەمەوێ بزانم چی دەڵێیت تا پاشان ئەگەر شازادە خانمی پیر، بیلوكونسكایام بینی، بە دوورو درێژی باسی تۆی بۆ بكەم. دەمەوێ هەموویان بتناسن. دەیسا فەرموو قسان بكە!

ئادیلاید، كە لەو كاتەدا ستاندی تابلوكانی قایم كرد بوو، دەستی دابووە فڵچەكەی و پالێتی ڕەنگەكانی بەدەستـەوە گرتبـوو، خـەریك بـوو كـارێكی كـۆنی تـەواو دەكـرد كـە لـە نوسـخەیەكی چاپكراوی دیمەنێكی سروشتییەوە وەری گرتبوو، گوتی:

– دایكە، باشە گێڕانەوەی هەموو شتێك ناخۆش نییە ؟ بە تایبەتی بۆ یەكێكی وەكو میرزادە كە بەو جۆرە بە گیرت هێناوە.

ئالكسـاندراو ئاگلایـا، بـە دوو قـۆڵی، لەسـەر قەنەفەیـەكی چـكۆلە ، دەسـت لەسـەر سـینە دانیشـتبوون و ئامـادەی گـوێگرتن بـوون . مـیرزادە سـەیری كـرد هـەموو چـاویان بڕیوەتـە ئـەوو چاوەڕوانی ئەون.

ئاگلایا گوتی:

– ئەگەر بەو شێوەیە داوایان لە من كردبا، نەمدەتوانی هیچ قسەیەك بكەم.

خا جەنەراڵ گوتی:

– بۆچی ؟ چما ئەمە چی تیایە؟ بۆچی قسە نەكات ؟ ئەویش زمانی هەیە. حەزدەكەم بزانم چۆن قسان دەكات. بە كەیفی خۆت قسان بكە. بڵێ بزانم سویسرات پێخۆش بوو، هەوەڵین هەستت دەرهـەق بـەم وڵاتـە چـی بـوو؟ هەنووكـە دەبـینی چـۆن دەسـت پێـدەكات و چـەند باشـیش قسـان دەكات.

میرزادە دەستی بە قسان كرد:

– هەوڵین هەستم! حەپەسام...

خا جەنەراڵ، قسەكەی پێ بڕی، ئاوڕی لە كیژەكانی دایەوەو گوتی:

– خۆ بینیتان ؟ فەرموون، دەستی پێكرد...

ئالكساندرا، قسەكەی بە دایكی بڕی و گوتی:

– دایكە، بەلای كەمەوە وازی لێبێنە با بەردەوام بێت!

ئەوجا بە گوێی ئاگلایای خوشكیا چپاند:

– ئەمە ڕەنگە سەركزی دڵ وریا بێت، بەڵام هەرگیز گێلۆكەو سائەقڵ نییە !

ئاگلایا بەرسڤی دایەوە:

– ڕاست دەكەی، منیش هەستم بەمە كردووە! بەڵام بۆچی دەوری گێل دەبینێ، خۆی لـە گێلـی دەدات، تێناگەم، بە تەمایە چی لەمە دەست بكەوێت ؟

میرزادە لەسەر قسەكەی خۆی ڕۆیی و گوتی:

– هەوەڵین هەستم ئەوە بوو کە حەپەسام. کە لە رووسیاوە بردیانەو بە چەند شارێکی ئەڵمانیادا تێپەڕین، هەر ئەوەندەم پێدەکرا ئەبڵەق و حەپەساو تەمەشا بکەم، هەنووکەش لە بیرم ماوە کە هیچ پرسیارێکم نەدەکرد. من ئەزموونێکی ناخۆشم دەگەڵ نەخۆشیەکەمدا هەبوو. هەر کاتێ بیگرتمایە، بە تایبەتی ئەگەر زوو زوو و یەك لە دوای یەك بیگرتمایە، بە جارێ لە پەلوپۆ دەکەوتم، گێژو کاس دەبووم، مێشکم جام دەبوو، هیچم لە بیر نەدەما. ڕاستە مێشکم کاری دەکرد، بەڵام بابەتەکانم بە شێوەیەکی لۆژیکانە بۆ نەدەدرایە دەم یەکەوە. ئەوپەڕەکەی دوو یان سێ بیرۆکەم لە زەینی خۆدا بۆ دەدرایە دەم یەکەوە. بە هەرحاڵ ئەمە ئەو هەستو بیرەوەرییەیە کە لە یادم ماوە. کە فێیەکە بەری دەدام دەگەڕامەوە سەر دۆخی جاران، عەیب و ئەلەمم لێ نەدەما، ساغ و سەلامەت، تین و تاوم تێ دەگەڕایەوە، ڕێك وەکو ئێستا. لە بیرمە ماخۆلانێکی سەیرم گرتبوو، لە رادەبەدەر خەمین و خەمبار بووم، هەمیشە فرمێسك و گریانم حازر بوو. هەمیشە دووچاری نائومێدی و نیگەرانی بووم، ئەمە کارێکی وەهای لە دڵو دەروونم کردبوو، کە لە گیانی خۆم بێزار بووم، غەریب و نامۆ لە خۆم و لە هەموو شتێك. بەڵێ دەمزانی گەییوومەتە هەندەران. ئەم (هەندەرانە) هێندەی دی خەمین و خەمباری کردم، دەتگوت خەم و نائومێدی هەموو دنیام بە کۆڵدا دراوە. ئێستاش لە بیرمە، کە ئێوارێ گەیینە سویسراو چووینە شاری بازل Basle، ئیدی ئەو خەمینییە بەریدام، نێرەکەرێك لە ناو جەرگەی بازاڕا بینی گرتبووەوە و دەزەڕی ئەمما زەڕین. زەڕەی ئەو کەرە نازانم بۆچی زۆر دڵی خۆش کردم. روحی بوژاندمەوە، لەو دەمەدا بوو هەستم کرد مێشکم لە پڕ رووناك بووەوە...

خا جەنەراڵ گوتی:

– کەر ؟ سەیرە... بەڵام نا... هیچ سەیر نییە. لە نێو ئێمەی خێڵی ژناندا هی وا هەیە دەکەوێتە داوی ئەشقی کەرێکەوە.

بەدەم ئەو قسەیەوە، بە توڕەیی ڕوانیە کیژەکانی کە پێدەکەنین و، لەسەری رۆیی:

– ئەم جۆرە شتانە لە ئەفسانانی کۆنی یونانیشدا بووەو رووی داوە. دەی میرزادە فەرموو بەردەوام بە.

میرزادە درێژەی بە قسەکەی داو گوتی:

– ئیدی لەو کاتەوە خۆشەویستییەکی سەیرم بەرانبەر بە کەر پەیدا کردووە. لە کانگای دڵەوەو بە حوبی دڵ کەرم خۆش دەوێ. ئیدی کەوتمە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کەران، چونکە پێش ئەو جارە، بۆ تاقە جارێکیش کەرم نەبینی بوو. ئیدی بۆم دەرکەوت کە کەر حەیوانێکی زۆر بە سوود، بەهێز، بە سەبر، قانیع، کۆڵنەدەرو بە مقاوەمەت و کەم خەرجە. بە هۆی ئەم کەرەوە، لە پڕ سویسرام لەلا خۆشەویست بوو و خەم و ماخۆلیاکەم بە تەواوەتی پەڕی.

– هەموو ئەمەی باست کرد خۆش بوو، بەڵام با واز لە کەرەکە بێنین و بچینە سەر بابەتێکی دیکە... ئاگلایا بەچی پێدەکەنێ، ئەدی تۆ ئادیلایدا ؟ میرزادە بۆیە متووی کەر بووەو خۆشی ویستووە چونکە بە چاوی خۆی دیتویەتی. ئێوە چیتان دیتووە ؟ ئێوە رۆژێ لە رۆژان سەفەری هەندەرانتان نەکردووە، کردوتانە ؟

ئادیلاید گوتی:

– دایکە، بەڵام من کەرم دیتووە.

ئاگلایاش گوتی:

– منیش گوێم لە دەنگی بووە.

هەر سێ کیژ، دەستیان بە پێکەنین کرد، میرزادەش گوێ بە گوێی وان کەوتە پێکەنین.

خا جەنەراڵ گوتی:

– عەیبە بۆ ئێوە، شەرم ناکەن لە خۆتان! میرزادە لێیان مەگرە، بیانبورە، کچی باشن دڵیان پاکە، من هەمیشە دەمم لەسەریانە، دەگەڵیان بەشەڕ دێم، بەڵام چبکەم خۆشم دەوێن، هەرچەندە کەم ئەقڵ و کاڵفام و شێتن!....

میرزادە بە پێکەنینەوە گوتی:

– بۆچی پێنەکەنن ؟ من لە جیاتی وان بوایەم، خۆم خەنی دەکرد. بەڵام من هێشتاش هەر بیرم لای ئەو کەرەیە، بە ڕاستی کەرم خۆش دەوێ: کەر، بوونەوەرێکی خۆش تەبیعەت و بە سوودە.

خانم یەپانچین (خا جەنەراڵ) گوتی:

– میرزادە تۆش خۆش تەبیعەتی ؟ لە رووی فوزوڵیەت و کونجکاوییەوە ئەو پرسیارەت لێدەکەم.

دیسان، هەموو کەوتنە پێکەنین.

خانم یەپانچین گوتی:

– بزانە ئەو کەرە نەفرەتیە چۆن بوو بە وێردی سەر زمانمان، میرزادە باوەڕ بکە نیازم خراپ نەبوو... هیچ... مەبەست نەبوو.

– هیچ بەراوردێك ؟

میرزادە بەو جۆرە ڕستەکەی بۆ خا جەنەراڵ تەواو کرد، بە دەم پێکەنینەوە لە سەری ڕۆیی:

– دڵنیام کە هیچ بەراوردێکت مەبەست نەبوو!

خا جەنەراڵ گوتی:

– خۆشحاڵم کە پێدەکەنیت. هەر بەمەدا دیارە کە گەنجێکی یەجگار باش و دڵپاکیت.

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێ وابم، هەندێجار، خراپ پەست و تورە دەبم، دەبم بە کەسێکی بەدخوا.

خا جەنەراڵ، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گوتی:

– وەکو من، من دڵێکی میهرەبانم هەیە، هەمیشەی خوا دڵساف و دڵپاکم، ئەوە عەیبی هەرە گەورەی منە، چونکە ئینسان نابێت هەمیشە دلۆڤان و مێریڤان بێت. زۆرجار لە دەستی ئەم کیژانەی خۆم و بە تایبەتی لە ئیڤان فیودوروفیچ تورە دەبم. بەڵام داخەکەم لە هەرەتی پەستی و تورەییشدا هەر هەست بە میهرو دڵپاکی دەکەم!، هەر ئێستا کەمێك پێش هاتنی تۆ، زۆر تورە بووم، خەریك بوو دۆو دۆشاوم تێکەڵ دەکرد، چاوم هیچی نەدەبینی، هەندێجار وام لێدێت، وەکو منداڵ گڕوو دەگرم. باش بوو ئاگلایا عەمری درێژ بێت فریا کەوت و ئامۆژگاری کردم. بە هەر

حاڵ هەموو ئەم شتانە تووڕەهاتن! من بەو ڕادەیە گەوج نیم وەکو کیژەکانم وێنای دەکەن. هەمیشە ورەم بەرزە، زۆریش شەرمن نیم. ئادەی ئاگلایا وەرە بۆ ئێرەو ماچم بکە...

پاش ئەوەی ئاگلایا، بەوپەڕی دڵسۆزی ڕوومەت و دەستەکانی ماچ کرد، دایکی گوتی:

– بەسە کچێ !

ئەوسا ئاوڕی لە میرزادە دایەوە و گوتی:

– فەرموو میرزادە بەردەوام بە! بەڵکو بابەتێکی خۆشتر لە بابەتی ئەو کەرە دەدۆزیتەوە!

ئاگلایا گوتی:

– من تێناگەم، پیاو چۆن دەتوانێ ئاوا ڕاستەوخۆو بەزارەکی شت بگێڕێتەوە، ئەگەر داوای شتی وەها لە من بکرێت تاقە وشەیەکم بۆ نایەت.

– بەڵام میرزادە دەتوانێ، چونکە زۆر زیرەکە، بەلای کەمەوە دە–دوازدە هێندەی تۆ زیرەك و هوشیارە. هیوادارم لە ئێستاوە ئەمە بزانی. میرزادە دەی قسەکەی منیان بۆ بسەلمێنە، بەردەوام بە. بە درۆم نەخەیتەوە. بەڵام با جارێ واز لە کەرەکە بێنین. دەی بزانم جگە لە کەر، لە هەندەران چیترت بینی ؟

ئالکساندرا گوتی:

– باسی کەرەکەش زۆر خۆش بوو. بە تاسوقەوە باسی نەخۆشییەکەی خۆی بۆ کردین، زۆر بە ئاوو تاو بۆی گێڕاینەوە کە چۆن لە ڕێگەی شۆکێکی دەرەکییەوە، فێری ئەوە بووە هەموو شتێکی خۆش بوێ. من هەمیشە حەزم کردووە کە بزانم خەڵکی چۆن ئەقڵیان لە دەست دەدەکەن و چۆن چارەسەر دەکرێن و ئەقڵیان بەدەست دێننەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەم حاڵەتە لە ناکاوا ڕوووبدات !

خا یەپانچین (خا جەنەراڵ) هەڵیدایەو گوتی:

– ڕاست دەکەی، وایە، ئافەرین بە ڕاستی تۆش هەندێجار زیرەکی، ئەقڵت ئیش دەکات ها! دەی هەنوکە شۆخی و پێکەنین بەسە ! میرزادە پێموایە لە باسی دیمەن و سروشتی سویسرادا وەستایت، دیمەنی سویسرات چۆن بینی ؟

میرزادە گوتی:

– گەیینە لوسێرن، لەوێندەر بردمیان بۆ تەمەشای دەریاچە، هەستم دەکرد جوانە، بەڵام وێڕای ئەوەش دڵم زۆر تەنگ بوو.

ئالکساندرا پرسی:

– بۆچی ؟

میرزادە گوتی:

– بە خۆیشم نازانم. من هەمیشە جۆرە دڵتەنگییەکم لەگەڵە. کە بۆ یەکەمجار ئەو جۆرە دیمەنانە دەبینم دڵم دەگوشرێت، نیگەران دەبم. باسی ئەو کاتانە دەکەم کە هێشتا نەخۆش بووم...

– بەڵام من زۆر دڵم بەو دیمەنانە دەکرێتەوە. هەموو جارێ لە خۆم دەپرسم تۆ بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان سەفەری هەندەران بکەین. دوو دانە ساڵە عەوداڵم کە بابەتی تابلۆیەك بدۆزمەوەو وێنەی

بکێشم. شاعیر گوتەنی: وەسفی رۆژاواو رۆژهەلآت لە مێژە کراوە،کۆنە*. دەی میرزادە باسی بابەتێکم بۆ بکە کە بیکەم بە تابلۆ !

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– لەو بارەیەوە هیچم پێ نییە. من پێموایە نیگارکێش دەبێ بڕوانێتە دەوروبەرو هەرچیەك دەبینێ وێنەی بکێشێت.

– من نازانم بە باشی سوود لە چاوانم ببینم.

خا یەپانچین، قسەکەی پێ بڕی‌و گوتی:

– بۆچی کەوتوونەتە لەگەز بێژی ؟ ئەم لەگەزبێژییەتان لە چیە ؟ تێناگەم چ دەڵێن! مەبەستت چیە کە دەڵێی ناتوانی بە باشی سوود لە چاوانت بدینی؟ چاوت هەیەو تەمەشا بکە، نیتە ؟ ئەگەر لێرە نەتوانی تەمەشا بکەی‌و سوود لە چاوانت ببینی، بێگومان لە هەندەرانیش فێری دیتن‌و تەمەشاکردن نابیت. میرزادە باشتر وایە تۆ بۆمان بگێڕیتەوە کە تۆ لەوێندەر چۆن تەمەشات دەکردو چیت بینی؟

ئادیلاید گوتی:

– وایە، زۆر باشترە. چونکە میرزادە لەوێندەر فێر بووە چۆن تەمەشا بکات! چۆن سوود لە چاوانی ببینێ !

– نازانم! من بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەم چوو بوومە ئەوێندەر، سیحەتم باش بوو. ئیدی ناتوانم بڵێم فێری بینینی شتان بووم. بە هەرحاڵ، بە درێژایی ئەو ماوەیە، لەوێندەر، تا رادەیەکی زۆر، خۆشحاڵ‌و دڵخۆش بووم !.

ئاگلایا هەڵیدایە:

– خۆشحاڵ بوویت ؟ یانی تۆ دەزانی چۆن خۆشحاڵ دەبیت ؟ ئەدی چۆن دەڵێی فێری بینینی شتان نەبوویت ؟ بێگومان دەتوانی فێری دیتنمان بکەی، فێری ئەو شتەمان بکەیت کە فێری بوویت.

ئادیلاید بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– ڕاست دەکات، چی فێر بوویت، ئەوەمان فێر بکە!

میرزادە، هاوکات دەگەڵ ئەواندا، بە پێکەنینەوە گوتی:

– من ناتوانم هیچ شتێك فێری هیچ کەسێك بکەم. من بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە هەندەران بووم، زۆربەی کات لە هەمان گوندی چکۆلەی سویسریدا دەژیام. بە دەگمەن لەوێ دەردەچووم، ئەگەر دەریش چووبام زۆر دوور نەدەکەوتمەوە. ئیدی چیتان فێر بکەم ؟ لە سەرەتاوە بەرەبەرە بەوە راهاتم کە هەست بە بێتاقەتی‌و بێزاری نەکەم. نەخۆشیەکەم زۆر زوو بەرەو باشی چوو. دوای ئەوە رۆژ بە رۆژ ژیانم لەبەر چاو بە نرختر دەبوو، بە تەواوەتی هەستم بەوە دەکرد. شەوان، ئاسوودە بیرو دڵڕەحەت دەچوومە ناو جێگاو بەیانیان دڵخۆشتر ڕادەبووم. بە خۆیشم نازانم هۆی ئەمە چی بوو، یانی نازانم چۆن گوزارشتی لێبکەم !

ئالکساندرا پرسی:

– یانی ئەوەندە خۆشحاڵ بوویت، حەزت نەدەکرد بۆ شوێنێکی دی بڕۆیت ؟

– با، لە سەرەتاوە، زۆر ناڕەحەت بووم، هەستم بە خەمباریو نیگەرانی دەکرد. لە فکران ڕادەچووم، بیرم لە ژیانو ئایندەی خۆم دەکردەوە، دەمویست چارەنووسی خۆم بزانم. هەندێجار یەجگار نیگەران دەبووم. هەستم بەبێ قەراری دەکرد، بە خۆت دەزانی مرۆڤ هەندێجار، بەتایبەتی کە تەنیای بێت، ئەو هەستەی لە نك چێدەبێت. جا لەو گوندە چکۆلەیەدا، تاڤگەیەکی چکۆلەی باریك باریك هەبوو، لە بەرزاییەکی بەرزی بەرزەوە، بەشێوەیەکی نیمچە ئەستوونی، سپی کەفچەڕین، بە دەم هاڕەو هاژەوە، دەهاتە خوارەوە. لە بەرزاییەکی زۆر بەرزەوە دەهاتە خوارێ، بەڵام پیاو هەستی بەو بەرزییە زۆرە نەدەکرد. بەرزییەکەی نیو کیلۆمەترێك دەبوو، کەچی وات دەزانی هەر پەنجا مەترێکە. حەزم دەکرد شەوانە گوێ لە دەنگو هاژە هاژی داڕژانی تاڤگەکە بگرم، بەڵام لەو دەمانەدا نیگەرانیو پەریشانیەکەم زیادی دەکرد.

یان هەندێجار، بە ڕۆژەوە، دەچووم بۆ چیا، لەوێ لە جێیەکی بەرزا، بە تاقی تەنیا دەوەستام. هەر چوار نکالم دارکاژو پیرە سنۆبەران بوو، کە وەکو بورجی شیلاوی چوو بوون بە ئاسمانا. لەولاترەوە لەسەر کەپکە شاخێکی بەرزا، شوێنەواری وێرانەی قەڵایەکی سەدەکانی ناڤین دیار بوو. تۆزێ لە خوارترەوە لە نزماییدا، گوندە چکۆلەکەی لەمەڕ خۆمان بە ئاستەم دەبینرا. دنیا لە تیشکی هەتاودا نقوم بوو، ئاسمان سافو شین بوو، بێدەنگییەکی بە سام هەموو دنیای گرتبووە باوەش. لەو ساتو دەمانەدا هەستم دەکرد دەنگێك لە دووری دوورەوە، لە نادیارەوە، لە پێوارەوە گازم دەکات، وام دەهاتە خەیاڵ ئەگەر ماوەیەکی زۆر بڕۆمو ئەو هێڵە ببەزێنم کە ئەرزو ئاسمان پێکەوە دەدورێت، کلیلی هەموو شتێك دەدۆزمەوەو وەڵامی هەموو شتێکم دەست دەکەوێ. ژیانێکی تازەی ئەوتۆم بۆ کەشف دەبێت، کە زۆر لە ژیانی لای ئێمە سخو چڕتر، پڕ جۆشو خرۆشتر و گەرمو گوڕترە. یان خەونم بە شارێکی گەورەی وەکو ناپولییەوە دەبینی، پڕ لە کۆشكو تەلاران، قەوغاو پڕ جمو جوڵ، کە ژیانی لێ هەڵقوڵێت... ئیدی خەوم بە زۆر شتی لەو بابەتەوە دەبینی!... هیچ شتێك نەما خەونی پێوە نەبینم! ئەوسا بۆم دەرکەوت کە بەشەر دەکارێت، تەنانەت لە زیندانیشدا، ژیانی بێ سنوورو دڵخوازی خۆی بدۆزێتەوە.

ئاگلایا گوتی:

– ئەم بیرۆکەیەی دوایی، بیرۆکەیەکی بەجێیە، من لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا، لە کتێبی هەڵبژاردەدا، خوێندوومەتەوە.

ئادیلاید گوتی:

– ئەمە هەمووی فەلسەفەیە. تۆ فەیلەسوفیتو هاتوویت ئێمە فێر بکەیت.

میرزادە بەدەم بزەوە گوتی:

– ڕەنگە هەق بە تۆ بێ. لەوەیە فەیلەسوف بم، کێ چوزانێ ؟ لەگینە بە نیاز بم فێری فەلسەفەتان بکەم،... دەشێتو، زۆریش دەشێت..

ئاگلایا هەڵیدایەو گوتی:

– فەلسەفەکەی تۆ، کوت‌ومت وەکو فەلسەفەکەی یولامپیا نیکولایڤنایە، ئەمە بێوەژنی کابرایەکی فەرمانبەرە، ناو بە ناو لە رووی فزوڵیەتەوە دێ بۆ لامان. ژنێکی زۆر فزوڵیە. خەمی هەرە گەورەی لە ژیاندا ئەوە بوو شت بە هەرزان بکڕێت‌و بە کەمترین خەرجی ژیان بگوزەرێنێ. سەری زمان‌و بنی زمانی باسی کۆپیبکە، ئەگەر بڵێی دەوڵەمەندیشە: بەڵام هەر هەمووی بە فێڵ‌و تەڵەکەبازی پەیدا کردووە. ئەمە ڕێك وەکو ژیانە بێ سنوورو دڵخوازەکەی ناو ئەو زندانەیە کە تۆ باسی دەکەیت. رەنگە رێك وەکو ئەو چوار ساڵە خۆشە بێت کە تۆ لە زندانی ئەو گوندەدا بەسەرت برد ، یانی بۆ قەسابانەیەك وشترێکت مردار کردەوە، لە پێناوی قازانجێکی کەمدا، رەنگە لە چەند کۆپێکێك تێ نەپەڕی بووبێ، دەستبەرداری ناپۆلی بوویت‌و بەو گوندە ڕازی بوویت.

میرزادە گوتی:

– سەبارەت بەژیانی نێو زندان، دەشێت قسەکەم زۆر دروست نەبێ، بەڵام من ئەو قسەیەم لە پیاوێك گوێ لێ بوو کە نزیکەی دوازدە ساڵی لە زنداندا قەتاند بوو. یەکێك بوو لە نەخۆشەکانی دکتۆرەکەی من. ئەم پیاوە ناو بە ناو فێی لێدەهات، لەو دەمانەدا زۆر پەریشان‌و شەپرێو دەبوو، ئۆقرەی نەدەگرت‌و تەنانەت جارێك هەوڵی خۆ کوژیشی دا. ژیانی ئەم پیاوە لە زنداندا زۆر خەمناك بوو... دەتوانم دڵنیاتان بکەم کە ژیانی لە زنداندا خەمناك بوو،.. بەڵام بێگومان لە چەند کۆپیکێك زیاتری دێنا ،و تاقە دۆستی لەوێندەر، جاڵجاڵۆکەیەکی نێو سالولەکەی‌و دەوەنێکی چکۆلە بوو کە لەو دیو پەنجەرەکەیەوە ڕوا بوو... بەڵام من حەزدەکەم باسی پیاوێکی دیکەتان بۆ بکەم کە پارەکە دیتم. جا ئەوەی ئێستا بۆتانی دەگێڕمەوە، شتێکی سەیر بوو، سەیر بوو چونکە زۆر دەگمەنەو یەجگار کەم ڕوو دەدات. ئەمە پیاوێك بوو، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا حوکمی ئیعدام درا بوو، دەبرێن بۆ شوێنی ئیعدام کردن*(٢) لەوێندەر قەراری حوکمەکەیان، کە تیربارانە لەسەر تاوانێکی سیاسی، بۆ دەخوێننەوە. دوای بیست دەققەیەکی دی قەرارێکی دیکەیان بۆ دەخوێننەوە کە حوکمی ئیعدامەکەیان بۆ سووك دەکەن‌و دەیکەن بەحوکمی بێگارەزندان. بەڵام لە ماوەی نێوان خوێندنەوەی هەردوو قەرارەکەدا کە هەر چارەکێك یان بیست دەقیقە دەبێت، کابرا دڵنیای دڵنیا بووە کە دوای چەند دەمێکی دی دەمرێت‌و مردنەکەی مسۆگەرى مسۆگەرە. کە باسی ئەو هەستانەی دەکرد کە لەو ماوەیەدا بەرۆکی گرتووە، سەراپام دەبوو بە گوێ‌و پەیتا پەیتا بە پرسیاران دام دەگرتەوە! هەموو شتەکانی موو بە موو لە بیرما بوو و دەیگێڕایەوە، دەیگوت هەتا ماوە ناتوانێ ئەو ساتانە لە بیربکات.

لە بیست مەتری ئەو سەکۆیەدا کە خەڵکی لە دەوری خڕ بوو بوونەوەو سەربازەکان بەڕیز وەستا بوون، چونکە ژمارەی مەحکومەکان زۆر بوون، سێ ئەستوونیان لە عاردی چەقاند بوو، هەوەڵجار سێ مەحکوومی یەکەمیان بردە پای ئەستوونەکان‌و، بە ئەستوونەکانیانەوە بەستنەوە، جلکی مەرگیان – کە دیزداشەیەکی درێژی سپی بوو– لەبەر کردن‌و چاویان بەستنەوە تا تفەنگەکان نەبینن. ئەوجا دەستەیەك سەرباز، ئامادەو تەیار، بە تفەنگی سوارەوە لە هەنبەر هەر ئەستوونێکا ریز بوون. ئەو پیاوەی کە بۆتانی باس دەکەم، هەشتەمین کەسی لیستەکە بوو. یانی

دەبوا لەگەڵ گرووپی سێیەمدا بە ئەستوونەکەوە ببەسترێتەوە. قەشەیەکی خاچ بە دەست دەچووە لای هەر یەکێکیان و وێردی بەسەردا دەخوێندن. یانی دیار بوو کە تەنیا پێنج دەققەیان لە ژیاندا مابوو. جا ئەو پیاوە بۆی باس کردم، دەیگوت ئەو پێنج دەقیقەیەی بە ڕادەیەك لێ درێژ بوو بوو کە هەر نەدەبڕایەوە، وای هەست دەکرد لەو پێنج دەقیقەیەدا ئەوەندە دەژی ئەوەندە دەژی کە هیچ پێویست بەوە نەکات بیر لە دوا ساتەکانی ژیان بکاتەوە. ئیدی وەختەکەی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە دابەش کرد. دوو دەقیقەی بۆ خوا حافیزی لە هاوڕێکانی تەرخان کرد، نزیکەی دوو دەقیقەی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە بۆ دواجار بۆ خۆی بیری بکاتەوە، باقی کاتەکەی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە نیگایەکی دەوروبەری خۆی بکات. دەیگوت جوان لە بیری ماوە کە تەواو پابەندی ئەو دابەشکردنەی وەختەکە بووە... دەبوایە لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا*(٣)، لە هەڕەمەی تەندروستی و لە تاو لاویدا و بمرێت. جوان جوان لە بیری بوو کە کاتێ دوعاخوازی لە هاوڕێکانی کردبوو، هەندێ پرسیاری لێکردبوون، فڕی بە وەزع و حاڵی ئەو ساتەیانەوە نەبوو بوو، لەوەش سەیرتر زۆر بە جددی و بە تاسەوە گوێی لە وەڵامەکانیان گرتبوو. کە لە دوعاخوازی بووەوە، ئیدی نۆرەی ئەو دوو دەقیقەیە هاتبوو کە بۆ خۆی و بۆ بیرکردنەوەو رامانی خۆیی تەرخان کردبوو و پێشوەختە دەیزانی دەربارەی چی بیردەکاتەوە. دەیویست بەوپەڕی خێرایی و بەوپەڕی روونی ئەوە بۆ خۆی بەرجەستەو وێنا بکات کە وەزع و حاڵەکان چۆن دەگوزەرێت: ئەو هەنوکەو لێرەدا زندووە، بەڵام دوای سێ دەقیقەی دی دەبوو بە چی؟ دەبوو بە کەسێکی دی یان بە شتێکی دی؟ دەکەوتە کوێ ؟ دەیویست هەر هەموو ئەو شتانە لە ماوەی ئەو دوو دەقیقەیەدا لە بنج و بناوان بکات و بیانزانێ!.. هەر لەو نزیکانەدا، کڵێسایەك هەبووە کە گومەزە زێڕینەکەی لەبەر تیشکی هەتاودا دەدرەوشایەوە. ئێستاش لە بیری ماوە کە چۆن چاوی بڕیوەتە ئەو گومەزەو نەیتوانیوە چاو لە تیشکی هەتاوەکە بگوازێتەوەو وای هاتووەتە بەرچاو کە ئەو تیشکە بەشێکە لە ماهیەت و تەبیعەتی تازەی ئەوو، دوای سێ دەقیقەیەکی دی ئاوێتەی دەبێت و، تیایدا دەتوێتەوە... دیارە ئەو گومان و نەفرەتەی لەو شتە نادیارەی لە پێشی بوو و لە ئان و ساتی رووداندا بوو، یەجگار ترسناك بوو، بەڵام دەیگوت لەو دەمەدا شتی لەوە ترسناکترو بەسوێتر ئەوە بیرە بوو کە ئامانی مێشکی نەدەداو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: خۆزگە نەدەمردم، چ دەبوو ئەگەر نەمردبام ؟ چ دەبوو ئەگەر ژیانیان دابامەوە! لە گیانم خۆشبان! ئەگەر شتی وا دەبوو، چ ئەبەدیەتێکم بە دەست دێنا! هەر دەقیقەیەکیم دەکرد بە عومرێ! بە سەدەیەك، حیسابم بۆ دەقیقە بە دەقیقەی دەکرد، تاقە دەقیقەیەکم بەخەسار نەدەدا، تاقە زەڕەیەکیم بە فێڕۆ نەدەدا! دەیگوت ئەم بیرۆکەیە لە دوا ئەنجامدا، بوو بە ڕەنج و عەزابێکی ئەوتۆ کە خۆزیای دەخواست، یەکسەر تیربارانی بکەن تا لەو عەزابە بخەلەسێت.

میرزادە، لە ناکاوا بێدەنگ بوو، هەموو چاوەڕوانی ئەو بوون کە قسەکەی تەواو بکات و ئەنجامێك بە دەستەوە بدات.

ئاگلایا پرسی:

– تەواو؟

میرزادە، خەواڵۆو خەیاڵاوی، وەکو یەکێك تازە خەو بەری دابێ گوتی:

– ها ؟ بەڵێ… تەواو!

– باشە تۆ ئەمانەت بۆچی بۆ ئێمە گێڕایەوە ؟

– هەروا بە رێکەوت بیرم کەوتەوە.. تا ڕادەیەك دەگەڵ قسەکانماندا تێکی دەکردەوە!

ئالکساندرا گوتی:

– بەڵام تۆ زۆر لە ناکاوو کوتو پڕ کۆتاییت بە قسەکەت هێنا. میرزادە پێدەچێ ویستبت لە میانەی قسەکەتەوە بگەیە ئەو ئەنجامگیرییەی کە هیچ ساتو دەمێکی ژیان بە کوپیکان پێوانە ناکرێت، و هەندێجار پێنج دەقیقە ژیان هەموو گەنجی سەر ڕووی زەوی دێنێ ؟ هەر هەموو ئەمە جوانو بەجێیە… بەڵام بە یارمەتیت پرسیاری من ئەمەیە: باشە ئەو دۆستەی ئەو هەموو بەسەرهاتە ترسناکەی بۆ گێڕایتەوە، حوکمەکەی لە ئیعدامەوە بۆ نەکرا بە بێگارە زندان ؟ واتە ئەو ژیانە ئەبەدیەی پێ بەخشرا کە خۆزیای پێدەخواست، یانی ئەوە بۆ خۆی دەسکەوتێکی یەجگار گەورە بوو، سەرمایەو دەوڵەت بوو، باشە پاشان چۆن ئەو سەرمایەو دەوڵەتەی بەکار برد؟ ئایا حیسابی وردی بۆ هەر دەقیقەیەکی دەکرد ؟

– نا، نەخێر، منیش هەمان پرسیارم لێکرد… رێك و ڕاست وەڵامی دامەوە، کە نەك هەر بەو شێوەیە نەژیا بوو، بەڵکو زۆر دەقیقانی بەفیڕۆ دابوو.

– کەواتە ئەمە ئەزموونەو تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی کە هیچ کەسێك ناتوانێ بە حیسابی دەقیقان ژیان بەسەر بەرێت، یانی حیساب بۆ دەقیقە بە دەقیقەی ژیان بکات، نەبا بە فیڕۆ بچێ. هەڵبەتە ئەمەش هۆی خۆی هەیە.

میرزادە گوتی:

– بێگومان، هەڵبەتە هۆی خۆی هەیە. منیش باوەڕم وایە – بەڵام وێڕای ئەوەش ناتوانم باوەڕ بکەم کە…

ئاگلایا گوتی:

– یانی دەتەوێ بڵێی، لە هەر کەسێکی دی ئاقڵانەتر دەژی ؟

– بەڵێ هەندێجار وام بە خەیاڵدا هاتووە.

– هێشتاش هەروا خەیاڵ دەکەی ؟

میرزادە، کە بە دەم هەمان بزەی ناسكو شەرمنەوە لە ئاگلایای دەڕوانی گوتی:

– بەڵێ، پێموایە.

بەڵام دوای تۆزێك، کە بەوپەڕی خۆشییەوە لەوی دەڕوانی، لە قاقای پێکەنینی دا.

ئاگلایا، بە جۆرە بێزارییەکەوە گوتی:

– چەند کەسێکی خاکیت !

میرزادە گوتی:

– بەڕاستی ئێوە ئازان! بەغیلیتان پێدەبەم! لە کاتێکا ئێوە پێدەکەنن، بەڵام من ئەم چیرۆکە بە جۆرێ نیگەرانی کردبووم، ترساندبوومی کە هەر هەمووی هاتە خەوم، دەتگوت خەو دەبینم، بە تایبەتی ئەو پێنج دەقیقەیە...

میرزادە، جارێکی دیکەو بە نیگای جدی ڕوانیە کیژەکان و لە کاتێکا چاوی بڕی بووە دوڕ چاوانیان، لە ناکاو و بە پەشۆکاوی پرسی:

– خۆ ئێوە لێم توڕە نین ؟

هەر سێکیان بە سەرسامی پرسیان:

– بۆچی توڕە بین ؟

– چونکە جۆری قسەکردنەکەم، لە شێوازی دەرس گوتنەوە دەچێ...

هەموو دەستیان بەپێکەنین کرد.

میرزادە گوتی:

– ئەگەر توڕەن، بێ زەحمەت لەمە بە دوا توڕە مەبن. چونکە بەخۆم دەزانم لە خەڵکانی دی کەم ئەزموونترم، کەمتر لە خەڵکی ژیاوم و کەمتر لە خەڵکی لە ژیان دەگەم. بۆیە ڕەنگە جۆری قسەکردنەکەم غەریب بێت !..

بەڕاستی میرزادە، زۆر پەشۆکا.

ئاگلایا، بە توندی و بە پێ داگرتنەوە گوتی:

– تۆ مادامێکی دەڵێی بەختەوەر بوویت، مانای وایە لە خەڵکی زیاتر ژیاوی نەك کەمتر، ئیدی بۆچی مەوزوعەکە دەگۆڕیت و داوای بوردن دەکەیت ؟ هیچ خەمی ئەوەشت نەبێ کە گوایە مامۆستا ئاسا دەرست بە ئێمە گوتووەتەوە، چونکە ئەمە هیچ سەرکەوتنێکی بۆ تۆ تیا نییە. کەشفێکی تازە نییە. چونکە پیاو دەتوانێ بەو سۆفیگەرییەی تۆ، سەد ساڵ بەخۆشی و بەختەوەری بژی، سەبارەت بە تۆ چ ڕێوڕەسمی جێبەجێکردنی ئیعدامت نیشان بدەن و چ هەر بویەرێکی ناچیز، وەکو یەك وایە، هەمان پەندو دەرسی فەلسەفی لە هەردووکیان هەڵدەهێنجی و هەست بەوپەڕی شادی و ڕەزامەندی دەکەیت. هەڵبەتە ژیان بەو جۆرە زۆر ئاسانە !

خا یەپانچین، کە ماوەیەکی زۆر بوو لە سیمایان ورد دەبووەوە، هەڵیدایەو گوتی:

– ئاگلایا، نازانم تۆ بۆچی هەمیشە توڕەیت ؟ من نازانم تۆ باسی چی دەکەی، بویەری ناچیز چیە، مەبەستت لەو قسەیە چیە ؟ قسەکانی میرزادە، عەیبی نییە، زۆر باشی هێناوە، هەرچەندە بڕێك خەمناکە. بۆچی ساردی دەکەیتەوە ئاگلایا ؟ بە پێکەنینەوە دەستی بەقسان کرد، کەچی ئێستا تەواو خەمینە، وەکو کەو چووە .

– گوێ مەدەیە دایکە ! میرزادە حەیفێ کە تۆ هەرگیز ڕێوڕەسمی ئیعدامت نەدیتووە، دەنا هەندێ پرسیارم هەبوون، لێم دەکردیت.

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– با، ڕێوڕەسمی ئیعدامم دیتووە.

ئاگلایا، هاواری کرد:

– دیتووته ؟ دەبوایە بە مەزەندە زانیبام!. سەیرە! کە ئیعدامت بە چاوی خۆ دیتووە، چۆن دەڵێی بە درێژایی ئەو ماوەیە خۆشحاڵ بوویت ؟هەست ناکەی هەق بە من بوو ؟

ئادیلاید پرسی:

– یانی لە گوندەکەتان، خەڵکیان ئیعدام دەکرد ؟

– نا، لە لیون ، ئەو ڕێو ڕەسمی ئیعدامەم بینی. دەگەڵ شنایدەردا بۆ ئەوێندەر چووم. شنایدەر لەگەڵ خۆیدا بردمی، هەرکە گەیینە ئەوێندەر، ڕێوڕەسمی ئیعدامم بینی.

ئاگلایا، بەپێ داگرتنەوە گوتی:

– ئەو دیمەنەت پێ خۆش بوو؟ هیچ دەرس و عیبرەتێکی بە سوودت لێ هەڵێنجا ؟

میرزادە گوتی:

– نا، هەرگیز پێم خۆش نەبوو، بە پێچەوانەوە، دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم نەخۆش کەوتم. بەڵام پیاو ڕاست بڵێ دیمەنەکە بەجۆرێ سەرنجی ڕاکێشا بووم کە نەمدەتوانی چاوی لێ بگوازمەوە.

ئاگلایا گوتی:

– منیش ئەو دیمەنەم دیتبا، نەمدەتوانی چاوی لێبگوازمەوە!

– لەوێ، خەڵکی حەزناکەن، ژنان بچنە تەماشای ئەو جۆرە دیمەنانە، تەنانەت ئەگەر ژنێك شتی وا بکات، ڕۆژنامە باسی دەکات.

– مانای وایە ئەگەر ئەم کارە بۆ ژنان بە ناپەسند بزانن، دەیانەوێ بڵێن ئەمە کاری ژنان نیە، کاری پیاوانەو بەوە پاکانە بۆ خۆ دێننەوە، کە لۆژیکێکی سەیرە! بێگومان تۆش هەمان بۆچوونت هەیە.

ئادیلاید قسەکەی پێ بڕی:

– باسی ئەو ئیعدامەمان بۆ بکە!

میرزادە، بە نیگەرانی و ناڕەحەتییەوە گوتی:

– نا، حەزناکەم، چونکە تۆزێ لەمە پێش باسی ئیعدامم بۆ یەکێك کرد.

– بۆ کێت باس کرد ؟

– بە دەم چاوەڕوانییەوە بۆ خزمەتکارەکەتانم باس کرد.

هەر چوار ئافرەتەکە پرسییان:

– کام خزمەتکار ؟

– ئەوەی لە پرسگەکەدایە، ئەوەی لە ژوورە چکۆلەکەی بەرەوەیە... پیاوێکی پیری سوورەیە، من لە ژوورەکەدا چاوەڕوانی ئەوە بووم کە ئیڤان فیودوروفیچ بمدینێ.

خا جەنەراڵ گوتی:

– سەیرە !

ئاگلایا گوتی:

– میرزاده پیاوێکی دیموکراتە. مادامێکی بۆ (ئالکسی)ت باس کردووە، دەبێ بۆ ئێمەشی باس بکەیت.

ئادیلاید دووبارە گوتی:

– من زۆر حەزدەکەم گوێم لەو چیرۆکە بێت، هەر دەبێ باسی بکەی !

میرزادە، ئاوڕێکی لێدایەوە، کەمێك گەشایەوەو بە متمانەو جۆش و خرۆشێکی خۆڕسکەوە گوتی:

– تۆزێ لەمە پێش، کە داوات لێکردم، بابەتی تابلۆیەکت بۆ پێشنیاز بکەم تا وێنەی بکێشیت، ئەوەم هات بەبیرا کە دەموچاوی کابرایەکی مەحکوم بە ئیعدام، ئیعدام بە گیوتین (مقصلە) لەساتی پێش داهاتنەوەی کێردەکە، کاتێ کە لەسەر سەکۆیەکە وەستاوەو دەیانەوێ، لەسەر لەوحەکە بە دەما پاڵی بخەن، بکێشیت.

ئادیلاید پرسی:

– چۆن ؟ دەموچاوی هەر دەموچاوی؟ بابەتێکی سەیرە! چۆن تابلۆیەك دەردەچێت ؟

میرزادە، بەجۆش و خرۆشەوە لەسەری رۆیی:

– نازانم، بەڵام بۆ نا ؟ من ماوەیەك لەوەپێش، تابلۆیەکی لەو بابەتەم لە (بازل)دا بینی*(٤). زۆرم حەزدەکرد بۆتانی باس بکەم. رۆژێ لە رۆژان بۆتانی باس دەکەم. ئەو دیمەن و تابلۆیە زۆری کارتێکردم.

ئادیلاید گوتی:

– هەڵبەتە دەبێ باسی ئەو تابلۆیەمان بۆ بکەی کە لە شاری بازل، بینیوتە، بەڵام دوایی. هەنووکە دەمەوێ باسی دیمەنی ئیعدامەکەم بۆ بکەیت. دەتوانی دیمەنەکەم، وەکو چۆن خۆت بینیوەتە، بۆ باس بکەیت ؟ دەموچاوەکە چۆن وێنە دەکێشرێت ؟ هەر دەموچاوێکی ڕووت بێ و تەواو ؟ چۆن دەموچاوێك بێت ؟

میرزادە، بەڕادەیەك ئەم بیرەوەرییە کاری تێکرد، دەتگوت هەموو شتێکی بیرچووە، تەنیا ئەو شتە نەبێت، بۆیە یەکسەرو بە پەرۆشەوە هاتە قسان.

– ئەمەی باسی دەکەم، ڕێك یەك دەقیقە پێش مردنەکەی بوو. پاش ئەوەی بەپەیژەکەدا سەرکەوت و لەسەر سەکۆکە ڕەق ڕاوەستا، ڕێك لەو دەمەدا ئاوڕی لای منی دایەوە، نیگام لە نیگای هەڵەنگوت، سەروچاویم بینی و لە هەموو شتێك حاڵی بووم... بەڵام چۆن ئەوە وەسف دەکرێت ؟ بە چ زمانێ ؟ خۆزگە تۆ یان – کەسێکی دی– دەتان توانی، وێنەی ئەو دەموچاوە بکێشن! خۆزگە بەچاوی خۆت دەتبینی! ئەوسا، ڕێك لەو دەمەدا وام هات بە خەیاڵدا، کە ئەگەر ئەم دیمەنە بکرێت بەو تابلۆیەك، لەوەیە شتێکی باش و بەسوود دەرچێت. بەڵام دەبێ هەموو شتێکی پێش ئەو ساتەش، هەر هەموو شتێك، بێتە بەرجەستە کردن ! ئەو پیاوە لە زنداندا بوو، وای تەسەورو وێنا دەکرد، بەلای کەمەوە یەك هەفتەی دی ماوە بۆ جێبەجێ کردنی ئیعدامەکەی. حیسابی ئەوەی کردبوو کە تەشریفاتی ئاسایی ئەم کارە ماوەیەك دەخایەنێت، دیکۆمێنت و سەنەدو ئەوراقەکان بۆ شوێنی دی ڤڕێ دەکرێت و دوای هەفتەیەك ئەمجا دەگەڕێتەوە، بەڵام لەبەر

هەندێ هۆ، ئەو تەشریفاتە ماوەیەکی کەمتری خایاند. سەعات پێنجی بەرەبەیان بوو، کابرا لە غوڕابی خەودا بوو. ئاخرو ئۆخری مانگی ئۆکتۆبەر بوو. ئەو کاتانە، سەعات پێنج دنیا هێشتا هەر تاریك‌و ساردە. سەرۆکی زندانەوانەکان بە خۆو مەفرەزەیەکەوە، بەبێ خشپە، خۆی بەژوورا کرد، بە ئەسپایی شانی تەکان دا. یارۆی زندانی، هەستایە سەر ئانیشکان، کە چاوی بە ڕوناکیەکە کەوت گوتی: "چیە؟ " پێیان گوت: "خۆت ئامادە بکە، دوای سەعات نۆ ئیعدامی". کابرا هێشتا چاوی بەخەوەوە بوو. باوەڕی بە گوێی خۆی نەدەکرد، کەوتە گەنگەشەو گوتی ئەوراقەکانم بە هەفتەیەکی دی تەواو نابن. بەڵام کە خەو بەری داو بە تەواوەتی بێدار بووەوە، بێدەنگ بوو– وایان بۆ من گێڕایەوە – پاشان کابرا گوتی: "بەڵام ئەمە ڕەوای هەق نیە، ئا ئاوا بەو کوت‌و پڕی‌و لە ناخافڵە! " دیسان بێدەنگ بووو ئیتر ورتەی لێوە نەهات. سێ چوار سەعاتێك سەرفی ئامادەکاری وەك: هاتنی قەشە، قاوەڵتی کە بریتی بوو لە شەراب‌و قاوەو گۆشت (ئاخر ئەمە گاڵتە جاڕی نییە ؟ ئەگەر جوان لەو شتە وردبینەوە، بە ڕاستی جگە لە دڵڕەقی نا چێتە هیچ خانەیەکی ترەوە ! کەچی! ئەوانە بەوپەڕی دڵسافی ئەو کارە ئەنجام دەدەن‌و بە میهرو دلۆڤانی مرۆڤانی دەزانن !) پاشان بردیان بۆ سەرپێشاو، ( پێموایە تۆ هۆی ئەم کارە نازانیت) ئەوسا بە ناوەندی شارا بۆ لای گیوتینەکەیان برد.. پێموایە کابرا تا ئەو کاتەش، کە گالیسکەکە بەرەو گیوتینەکە دەیبرد، هەر وایدەزانی هەتا هەتایە هەر دەژی. پێموایە بە درێژایی ڕێگە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "هێشتا ژیانێکی زۆرم لە پێشە. هێشتا سێ شەقام لەبەردەمە، ئەم شەقامەو پاشان ئەو شەقامەی کە بە دەستە ڕاستدا نانەواخانەکەی لێیە... هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە دوکانی نانەواخانەکە !" دەورو بەری لە خەڵکیدا جمەی دەهات! یەکپارچە ژاوە ژاو و هەراو هەنگامە بوو. دە هەزار دەموچاوو بیست هەزار چاو تەمەشای ئەویان دەکرد، وەرە تەحەمولی ئەمە بکە، بە تایبەتی کە بیری لەوە دەکردەوە: " ئەو هەزار بە هەزار خەڵکەی لەو ناوەن شتاقیان ئیعدام ناکرێن، بەڵام من ئیعدام دەکرێم !". بە هەرحاڵ ئەمە هەمووی بیرو خەیاڵی پێش دوا دەقیقەی ژیانی بوو.

ئەوەتا گەییە پای ئەو پەیژەیەی کە بۆ گیوتینەکە سەر دەکەوت، ئەوەتا لەوێندەر، لە پای پەیژەکەدا دەوەستێ، لە ناکاو لە هۆڕژنی گریان دەدات. ئەو پیاوەی کە دەیانگووت، کەسێکی جەربەزەو عەگیدو ورە بەرزەو چەتەو ڕێگرو تاوانبارێکی دڵڕەق بووە. لە هۆڕژنی گریانی دا. بە درێژایی ڕێگا، کابرای کەشیش لە گالیسکەکەدا لێ دوور نەکەوتبووەوە، بەردەوام قسەی بۆ کردبوو، بەڵام پێدەچێ، کابرا کەم‌و زۆر گوێی لێ نەبووبێ، هەر دوای یەك دوو وشەی هەوڵ، ئیدی نەیتوانیوە هیچی لێ حاڵی ببێت... دەبێ شتەکان بەو شێوەیە بووبێت.

ئەوەتا وا بە پەیژەکەدا سەردەکەوێت. لاقی بە کۆت‌و زنجیر بوو و ناچار هەنگاوی کورتی دەنا. کەشیشەکە کە دیاربوو پیاوێکی فامیدەیە، دەستبەرداری وێردخوانی بوو و نەیدەویست لەو کاتەدا خاچەکەی بۆ ڕاگرێت تا ماچی بکات. کابرا لە سەر پەیژەکە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو. بوو بوو بە زەعفەرانی زەرد، بەڵام کە پێی نایە سەر مقصلەکە (گیوتین) ڕەنگی بوو بە جاوی سپی..لەوە دەچوو لاقەکانی وشك بووبن، دەتگوت داری وشکن، پێدەچوو هێڵنجی بێت و شتێك

لە ئەوکی گیرا بێت. قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان کە ترسا بیت، یان لەو ساتە ترسناکانەدا کە پیاو هۆشی بە خۆیەتی و هیچ دەلاسەتێکی نییە، هەستت بە حاڵەتێکی لەو بابەتە کردووە ؟ وا تەسەورو وێنا دەکەم کاتێ کە پیاو روو بەڕووی مەترسیەکی کوشندە دەبێتەوەو هیچ دەسەلاتێکی نامێنێ، بۆ نموونە خانوویەکی بە سەرا بڕوخێت، هەنگێ بە دەستی خۆی نییە حەزدەکات لە جێی خۆی دانیشێت و چاو بنوقێنێ،و چی دەبێ با ببێت!...

کاتێ کە ئەو حاڵەتی سستی و داروخانە بەسەر کابرای مەحکوومدا زاڵ دەبوو، یارۆی کەشیش، بێ هیچ قسەیەك، بەلەز خاچەکەی، لە دەمی نزیك دەکردەوە تا ماچی بکات، خاچێکی چکۆلەی زیوی چوار لقە بوو، زوو زوو، لە زاری نزیك دەخستەوە... هەرکاتێ خاچەکە بەر لێوی دەکەوت، کابرا چاوی دەکردنەوە، بۆ چەند ساتێکی کەم ژیانی تێدەگەڕایەوە، دەبوژایەوەو چەند هەنگاوێکی دەنا. زۆر بە تامەزرۆیی، زۆر بە پەلە، ناچەکەی ماچ دەکرد، لە تۆ وایە، دەترسێت شتێکی پێویست و زەرووری لە بیربچێت. بەلام من باوەڕناکەم لەو ساتەدا هیچ بیرو خولیایەکی ئاینی لە سەردا بووبێ. یان بتوانێ لەو ساتەدا هەست بە هیچ سۆزێکی ئاینی بکات.

ئیدی وەزعەکە بەو دەقەوە مایەوە، تا کابرا لەسەر لەوحە دارەکەی ژێر کێردی گیوتنەکە ڕاکشا... سەیر ئەوەیە تاوانباران بە دەگمەن لەو دوا دەمانەی دواییەدا. دەبورێنەوە و لە هۆش دەچن! بە پێچەوانەوە، مێشك لەو دەمانەدا زندووترو خێراتر دەبێت، وەکو داینەمۆ کار دەکات. دەتوانم ئەو خەیالانەی لەو دەمەدا بە مێشکا دێن، بەرجەستە بکەم، هەڵبەتە هەر هەمووشیان بێ سەروبەر و غەریب و تەنانەت کۆمیدیشن، بۆ نموونە ئەو پیاوەی کە زەق زەق تەمەشای من دەکات... زیپکە بە ناوچەوانیەوەیە. کابرای جەلاد، یەکێك لە دوگمەکانی چاکەتەکەی ژەنگاوییە...

پیاو لەو دەمانەدا هەموو شتێك دەزانێ، هەموو شتێك دەبینێ، هەموو شتێکی بیر دەکەوێتەوە. بەلام خاڵێکی تایبەتی هەیە، کە نە چاوپۆشی لێدەکرێت و نە لە بیردەچێتەوە. یانی خاڵی تەوەریەو هەموو شتەکان بە دەوری ئەو خاڵەدا دەسوڕێنەوە. جا تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت کە کابرا تا دوایەمین چارەکە سانیەی دوایی، تا ئەو کاتەی کە گەردنی دەخرێتە سەر تەختەکەو ڕێك لە ژێر کێردەکەدا ڕادەگیرێ هەر چاوەڕوانە...و سوور دەزانێ لە ناکاوداو لە ئان و ساتا گوێی لە خشەی داهاتنەوەی کێردەکە بۆ سەر ملی، دەبێت، هیچ چارێکی نیەو هەر گوێی لەو دەنگە دەبێت ! ئەگەر من لە جیاتی ئەو کەسە بام و بخرابامە ژێر کێردی گیوتن، بەدڵ و بە گیان، بە ئانقەست گوێم هەڵدەخست تا گوێم لەو دەنگە ببێ و هەڵبەتە گوێم لە دەنگی داهاتنەوەی کێردەکە دەبوو! ڕەنگە ئەمە تەنیا یەك دەیەمی سانیەیەك بخایەنێ، بەلام هەر دەبیستری! تەسەور بکە، خەڵکانێك باسی ئەوە دەکەن، کاتێ کە سەرەکە لە جەستە جیا دەبێتەوەو دەکەوێت، لەوەیە هێشتاش بۆ ماوەی سانیەیەك، هۆشی تیا بێ و بزانێت کە لە جەستە جیاکراوەتەوە!.. پەکو لەو هەستە !... تەسەور بکە ئەگەر ئەو هەستە پێنج سانیەیەك بخایەنێ چ دەبێ ؟..

تۆ وێنەی گیوتنەکە بە جۆرێ بکێشە کە تەنیا دوا پلەی سەرکەوتنی کابرای تاوانبار بۆ سەر سەکۆکە، لە بینەرەوە دیار بێ، کابرا لەو دەمەدا کە پێ دەخاتە سەر ئەم دوا پلەیە وێنەبکێشە،

ڕەنگی تەواو زەردا هەڵگەڕا بێ، ڕەنگی مردووی لێ نیشتبێت و کەشیشەکە خاچەکەی بۆ بردبێتە پێشێ و کابرا لێوەشین هەڵگەڕاوەکانی لێی بردبێتە پیشێ و بەدەم تەمەشا کردنەوە هەموو شتێك بزانێت. یانی خاچ و کەللە سەرەکە بابەتی سەرەکی تابلۆکەی تۆ دەبێت. بەڵام سەروچاوی کەشیشەکەو جەلادەکەو دوو یاریدەدەرەکەی و سەروچاوی کۆمەڵێك لە تەمەشاڤانانی خوارەوە، دەشێت وەکو باکڕاوندێکی دوورو تەماوی تابلۆکە بە کاربېرێت.. ئیدی تابلۆ هەی تابلۆ. من بە خەیاڵی خۆم تابلۆکە بەو جۆرە دەبینم.

میرزادە، بێدەنگ بوو، بە ئارامی ڕوانیە گوێگرەکانی:

ئالکساندرا وەکو ئەوەی خۆی بدوێنێ گوتی:

– هەڵبەتە ئەم تابلۆیە هیچ جۆرە تەسەوفێکی تیا نییە !

ئادیلاید پێشنیازی کرد:

– هەنوکە، باسی ئەشق و ئاشقێنی خۆتمان بۆ بکە !

میرزادە، بەسەرسامی تەمەشای کرد. ئادیلایدا بە پەلە گوتی:

– گوێ بگرە. دەبێ باسی ئەو تابلۆیەی شاری (بازل)مان بۆ بکەیت، ئەمەیان با بمێنێ بۆ دوایی. بەڵام ئێستا حەزدەکەم باسی ئاشقێنییەکەی خۆتمان بۆ بکەی. حاشای لێ نەکەیت، چونکە ماقوول نییە ئاشق نەبوويت، ئەوەش بزانە کە دەستت بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆت کرد، ئیدی فەیلەسوف نیت، یانی شتەکە مەفەلسەفێنە.

ئاگلایا، لە ناکاو لێی پرسی:

– نازانم بۆچی کاتێ لە گێڕانەوەی هەر حیکایەت و سەربهوردێك دەبێتەوە، هەست بە جۆرە شەرمەزارییەك دەکەیت، وەك بڵێی لە قسەکانی خۆت ژێوان دەبیتەوە، نازانم بۆچی؟

خا یەپانچین، نیگایەکی سەرزەنش ئامێزی ئاگلایای کرد، قسەکی پێ بڕی و گوتی:

– دە گەوجە گەوج! ئەم قسانە چیە !

ئالکساندرا، قسەکەی دایکی سەلماندو گوتی:

– وەڵڵا ڕاست ! ئەم گەوجە گەوجە چیە ؟

خا جەنەراڵ، ئاوڕی بۆ لای میرزادە دایەوەو گوتی:

– میرزادە، لێی مەگرە ئەو قسەیەی بە ڕاست نییە، تەنیا بۆ هەوەسەو هیچی تر، دەیەوێ سەر بکاتە سەرت، دەنا ئەوەندە بێ ئەدەب نییە ! کە دەبینی سەر دەکەنە سەرت، گوێیان مەدەیە، گومانی خراپ نەکەیت. ڕەنگە لە شتێك پەست بووبن، بەڵام تۆیان خۆشدەوێ، من دەیانناسم. دەموچاویان دەخوێنمەوە !

میرزادە، قسەکانی خا یەپانچینی سەلماندو گوتی:

– منیش دەموچاویان دەخوێنمەوە، سیمایان دیارە.

ئادیلاید، بە کونجکاویەوە گوتی:

– چۆن ؟

دوو کیژەکەی دی، بەتاسەوە پرسیان:

– چی لە دەموچاومانا دەخوێنیتەوە ؟ چی بە سیمامانەوە دیارە ؟

بەڵام میرزادە، بێدەنگ بوو، هەموو کیژەکان چاوەڕوانی وەڵامی ئەو بوون. ئەوجا میرزادە بە ئەسپایی‌و بە جدی گوتی:

– دوایی باسی ئەمە دەکەم !

ئاگلایا هاواری کرد:

– تۆ دەتەوێ بمانخەیتە سەر کەڵکەڵە و ! بۆ خۆت وەك بەرزەکی بابان بۆی دەرچیت ! چەندیش بەجدیتە !

ئادیلاید، دووبارە بەلەز گوتی:

– زۆر باشە، ئەگەر ڕاست دەکەیت‌و کەسێکی ئەوەندە سەرناسیت‌و سیمای خەڵك دەخوێنیتەوە، دیارە دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاشقێکی شەیداش بووبی. کەواتە مەزەندەکەم ڕاست دەرچوو. دەی بۆمانی بگێڕەوە!

میرزادە، بە هەمان دەنگی ئارام‌و بە ویقار بەرسڤی دایەوە:

– من هەرگیز ئاشق نەبووم. بەڵام بە شێوەیەکی دی خۆشحاڵ‌و دڵخۆش بووم.

– چۆن ؟ بە چ شێوەیەك ؟

– دەی باشە. دەیگێڕمەوە بەڵام.

میرزادە، بەدەم مینگە مینگ‌و حەواس پەرتیەوە، ئەو قسەیەی کرد.

پەراوێز:

*– "وەسفی رۆژاواو رۆژهەڵات لە مێژە کراوە، کۆنە": ئەمە لە قەسیدەیەکی لیرمانتۆفەوە، بە ناونیشانی (رۆژنامەوان‌و خوێنەرو نووسەر) وەرگیراوە، بە دەستکارییەوە، وەرگێراوە.

*– " ئەمە پیاوێك بوو، لەگەڵ چەند کەسێکی دی دا، بە تۆمەتی سیاسی، حوکمی تیرباران درابوو..." ئانا، بێوەژنەکەی دۆستۆیفسکی لە نووسینێکی دا دەڵێت: "دۆستویفسکی بە باسی بیرەوەرییەکانی جێبەجێکردنی حوکمی ئیعدام بەسەر گروپی بتراشفکی دا، زۆر خەمبار دەبوو، ئازاری پێ دەخوارد، بۆیە زۆر بە کەمی دەیگێڕایەوەو باسی دەکرد... بەڵام من بە خۆم سێ جار گوێم لێ بووە، بە هەمان ئەو شێوانەی کە لە رۆمانی (گەمژە)دا هاتووە، گێڕاوێتیەوە.

*– "من ماوەیەك لەوە پێش، تابلۆیەکی لەو بابەتەم لە بازل دا بینی..." دۆستویفسکی، لە مانگی ئابی ١٨٦٧دا سەردانی موزەخانەی بازلی کردووەو هەندێ تابلۆ ،زۆر کاریان تێکردووە، لێرەدا ئاماژە بۆ تابلۆکەی هانس فریس (پەڕاندنی سەری قەشە یوحەنای مەعمەدان– ١٥١٤) دەکات. کە هێشتا بە زندوویەتی لە ژێر شمشێری جەلادەکەدا، تەمسیلی پێغەمبەری دەکرد.

## فەسڵی شەشەم

میرزادە دەستی بە قسان کرد، گوتی:

– هێندە بە کونجکاویو تامەزرۆیی دەڕوانن، پێموایە ئەگەر ئەو تامەزرۆییو تاسەیەتان پاراوو تێر نەکەم. ڕەنگە توڕە ببن!

ئەوسا، بزەیەکی بۆ کردو بەلەز گوتی:

– نا، نا، گاڵتە دەکەم. کۆمەڵێك منداڵیش لەوێندەر بوون. هەموو کاتێ هەر دەگەڵ منداڵەکاندا بووم، تەنیا دەگەڵ منداڵەکاندا، منداڵانی گوندەکەدا، کە هەموو مەکتەبلی بوون، وەختی خۆم بەسەر دەبرد. من مامۆستایان نەبووم، نا. مامۆستایەکیان هەبوو نێوی ژۆل تیبۆ بوو، من جار جار شتێکی کەم، شتۆکەیەکم فێر دەکردن، گرینگ ئەوە بوو زۆربەی کات دەگەڵ واندا بووم، هاوڕێیان بووم، هەموو چوار ساڵەکەی ئەوێندەرم دەگەڵ واندا ڕابوارد. جگە لەوە هیچ ئارەزوویەکی ترم نەبوو، پێویستم بە هیچ شتێکی دی نەبوو، هەموو قسەیەکم دەگەڵدا دەکردن، هیچم لێ نەدەشاردنەوە، وای لێهات، لە ئەنجامدا، بابو داكو خزمەکانیان هەموو ڕقیان لێم بوو، چونکە منداڵەکان بە جۆرێ هۆگرو متووی من بوو بوون کە بەبێ من هەڵیان نەدەکرد، هەمیشە بە دەوری منەوە بوون. خۆ مامۆستاو بەڕێوەبەرەکەیان هەر مەپرسە، بوو بە دژمنی هەرە گەورەو سەر سەختی من. لەوێندەرو بە هۆی ئەو منداڵانەوە، دژمنێکی زۆرم بۆ خۆ پەیدا کرد. تەنانەت شنایدەریش سەرزەنشتی دەکردم. نازانم ئەوانە ئەو هەموو ترسەیان لە چی بوو؟ پیاو دەتوانێ هەموو شتێك بە منداڵ بڵێت، هەر هەموو شتێك، جڵەوی منداڵ بە هیچ شتێك ناگیرێت، هەمیشە لە بیری ئەوەدا بووم کە خەڵکی گەورە چەند لە دنیای منداڵ بێ خەبەرو غافڵن، تەنانەت داكو بابانیش هیچیان دەربارەی منداڵەکانی خۆشیان نەدەزانی. شاردنەوەی هەر شتێك لە منداڵان بەو بیانووەی کە هێشتا بچووکن. وەختی ئەوە نەهاتووە ئەو شتە بزانن، بەڕاستی بیرۆکەیەکی نابەجێو خەمناکە! منداڵان، زۆر بە ئاسانی هەست بەوە دەکەن، کە داكو بابیان، لەوە بە بچووکتریان دەزانن کە بتوانن تێبگەنو شت بفامن، لە کاتێکا لە هەموو شتێك تێدەگەن! (جاری وایە لە ئاسێ ترین بابەتدا، شتی وا دەڵێن، کە بە ئەقڵی هیچ گەورەیەکدا نایەت.) سوبحانەڵلا

کاتێ کە ئەم باڵندە چکۆلە جوانە، بەوپەڕی خۆشحاڵی و متمانەوە تەمەشات دەکات، ئایا دەتوانی فێڵی لێبکەیت و هەست بە تەریقی و شەرمەزاری نەکەیت ؟ من بۆیە ناوم ناون باڵندە، چونکە، لەم دنیایەدا هیچ شتێك لە تەیرو باڵندە جوانترو موبارەکتر نییە !

بەڵێ، هەموو خەڵکی گوندەکە، لەبەر هۆیەکی تایبەتی و دیار، لێم بە قینا چوو بوون، لێم بێزار بوون... بەلاّم ڕقەکەی مامۆستا تیبو، بەغیلی و حەسوودی بوو. لە هەوەڵەوە کە دەی بینی، منداڵەکان زۆر بە هاسانی و بە ڕوونی، من هەرچیەك دەڵێم فێری دەبن و، هیچ شتێك لەوەوە فێر نابن، بەسەرسامی سەرێکی بادەداو هیچی نەدەگوت. بەلاّم پاشان کە پێمگوت، ئێمە، نە من و نە ئەو، ناتوانین هیچ فێری ئەو منداڵانە بکەین، چونکە هیچمان پێ نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوان دەتوانن، ئێمە فێر بکەن. یانی ئەوان هیچ لە ئێمەوە فێر نابن، بەلاّم ئێمە زۆر شت لەوانەوە فێر دەبین، هەنگی کەوتە گاڵتە پێکردنم. نازانم چۆن دەیتوانی بەغیلی بە من بەرێت و گاڵتەم پێبکات، لە کاتێکا کە ئەو بە خۆیشی لە ناو منداڵەکان و دەگەڵ منداڵەکاندا دەژیا. پیاو کە دەگەڵ منداڵدا هەڵسوکەوت دەکات، دڵ و دەروونی دەکرێتەوە، روحی پاك دەبێتەوە!.. لە ئاسایشتگەکەی شنایدەردا، نەخۆشێکی زۆر داماو هەبوو، ئیدی ئەمە زۆر کلۆڵ و داماو بوو، وەزع و حاڵی بە ڕادەیەك خراپ بوو کە زەحمەت بوو وێنەی پەیدا ببێ. وەکو شێتێك لەوێندەر گل درابووەوەو چارەسەرو دەرمان دەکرا. بەلاّم من پێموایە نەخۆشیەکەی ئەو شێتی نەبوو، بەڵکو کەسێك بوو، بە دەم داخ و کەسەرێکی زۆر ترسناکەوە دەتلایەوە.. هەموو نەخۆشیەکەی ئەوە بوو. خۆزگە دەتان زانی ئەنجام منداڵەکان چ کارێکیان تێکرد! با باسی ئەم نەخۆشە هەڵگرین بۆ دوایی. جارێ باسی ئەوەتان بۆ دەکەم، کە ئەم مەسەلەیە چۆن لە سەرەتاوە دەستی پێکرد. منداڵەکان لە هەوەڵەوە خۆشیان نەدەویستم. چونکە هەم گەورە بووم و هەم بێ دەسەلاّت و بێ سەروبەر بووم. بە خۆیشم دەزانم کە جوان و قۆز نیم، لە هەموو ئەمەش خراتر بابایەکی بێگانە بووم. منداڵەکان لە هەوەڵەوە گاڵتەیان پێدەکردم، نەك هەر گاڵتە بەڵکو کە دیتیان ماری ماچ دەکەم، دەستیان بە بەرد بارانم کرد. هەڵبەتە تەنیا یەك جارم ماچ کرد.

میرزادە، کە بینی کیژەکان، خەریکە بزەی تەوسامێزیان دێتێ ، بە پەلەو بۆ ئەوەی ڕێگە لە بزەکانیان بگرێت گوتی:

– نا، نا، پێ مەکەنن. مەسەلەکە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەشق و خۆشەویستیەوە نەبوو، ئەگەر دەتانزانی چ بەشەرێکی کلۆڵ و نەگبەتە وەکو من، دڵتان بەحاڵی دەسووتا. ماری خەڵکی گوندەکە بوو، پیرەژنێکی پیری دایکی هەبوو، بە ئیزنی کوێخای گوند، ڕێ درا بوو، کە یەکێك لە پەنجەرەکانی کوختەکەی بکات بە دوکانوچکەیەك و لەوێندەرەوە دەرزی و داوو توتن و سابون و ئەوە جۆرە وردەواڵە هەرزان بەهایانە بەکریاران بفرۆشێت و بەو گیانە مەرگییە، بژێوی خۆی پەیدا بکات. ئەم پیرەژنە نەخۆش بوو، باداری دەگەڵدا بوو، لاقەکانی بە جۆرێ ئاوسا بوون کە نەیدەتوانی ڕێ بکات. بە درێژایی وەخت لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوو. ماری کچی بوو، لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو، هێندە باریك و بنێس و، لەڕولاواز بوو فووت لێکردبا، با دەیبرد. دەمێ بوو تووشی سیل بوو بوو، بەڕاستی بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە، تواببووەوە. بەلاّم وێڕای ئەوەش

کارەکەری ماڵانی دەکرا، بۆ نموونە ژووری دەسڕی، جلشۆری دەکرد، قاپ و قاچاغی دەشت، ناو حەوشەی گسك دەدا،و بە حەیوانات و ماڵاتی نێو گەوڕو پشتیرانیش ڕادەگەیی. چەرچییەکی فەرەنسی کە بە گوندەکەدا تێدەپەڕیٚ، فریوی دەدات و هەڵی دەگرێت، بەڵام دوای یەك هەفتە لە ناوەندی ڕێگادا بەرەڵلای دەکات و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت. کیژەی بەستەزمان، بە دەم دەرۆزەو گەداییەوە، شەکەت و ماندوو، سەروپۆتەلاك تۆزاوی، جل و بەرگ شڕۆڵەو پێلاو دڕاو، دوای ئەوەی یەك هەفتەی تەواو بەڕێوە دەبیٚ، ئیدی لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا لە لا ڕیٚ و دەشت و بیابانـدا دەخـەویٚ، سـەرمای دەبێـت، هـەردوو پێـی یەکپارچـە دەبـن بـە زام و تلۆقـە، دەسـتەکانی دە ئاوسـێن و دەقڵەشـێن... ئـا بـەو ڕەوش و وەزع و حاڵـەوە بـۆ مـاڵ دەگەڕێتـەوە. هەڵبەتە ئەم کیژە پێشتریش جوان نەبوو، بەڵام دووچاری مەنگ و میهرەبان و بێگەردی پێوە بوو. کیژێکی زۆر بێدەنگ بوو، لە ڕادەبەدەر بێدەنگ بوو. کاتی خۆی، زوو، جارێك بەدەم کارکردنەوە، لە ناکاوا هەڵی کردبووە گۆرانی چڕین و ئێستاش، لە بیرمە کە چۆن ئەو خەڵکە بەسەرسامی و حیرەتـەوە کەوتنـە گاڵتـە پێکردنـی: "ئـاه! مـاری گـۆرانی دەڵێـت ؟ دە تەمەشـا !". مـاری، زۆر پەشۆکا، بە جۆریٚ تەریق بووەوە کە لەو ڕۆژە بە دواوە کەس نە گوێی لە گۆرانی چڕینی بوو و نە لە قسەکردنی، ئەو سەردەمە هێشتا خەڵکی لەگەڵیا باش بوون، بەڵام پاش ئەوەی بەو حاڵە بیٚ حاڵەوە، بەو نەخۆشی و شڕۆڵەییەوە، گەڕایەوە، کەس کەمترین بەزەیی پێدا نەدەهاتەوە. جا بڕوانە دڵڕەقی ئەو خەڵکە لەو جۆرە بارودۆخەدا! ئەوەی سۆزو بەزەییە لە بیروبۆچوونە نەگۆڕو پێشوەختەکانیاندا نەبوو! دایکی یەکەمین کەس بوو کە بەوپەڕی قارو غەزەبەوە پێشوازی کرد. پێی گوت: "تۆ بویتە مایەی سەر شۆڕی من! ئابڕووت بردم !". ئەوەی ڕاستی بیٚ دایکی یەکەم کەس بوو کە کردی بە مەخسەرەی خەڵکی، دەمی خەڵکی لێکردەوە، کردی بەگەپچاڕی ئاشناو بێگانە. کـاتیٚ خـەڵکی گونـدی زانیـان کـە مـاری گەڕاوەتـەوە، زۆربـەیان ڕێکـەوتن کـە لـە کوختـە پەرپوتەکـەی پیرەژنـدا خڕببنـەوە: پـیرو منـداڵ، ژنـان و کچـان: ئاپۆڕایـەکی شـپرزەو کونجکـاو کۆبوونـەوە ! مـاری، شـڕۆ شـەپرێو، برسـی و چـاو بـە گریـان، لـە بـەر پێـی پیرەژنـدا، لـە عـاردی کەوتبوو. کە چاوی بە ئاپۆڕای ئەو خەڵکە کەوت، دەموچاوی لە نێو قژە پەخش و پەریشانەکەیدا شـاردەوەو هێنـدەی دی خـۆی قانگڵـە کـرد. هـەموو بـە جـۆریٚ سـەیریان دەکـرد وەکـو ئـەوەی حـەیوانێکی گـلاو بێـت. پیرەژنـان سـەرکۆنەیان دەکـردو جنێویـان دەدایـە، گـەنجان گاڵتـەیان پێـدەکرد. ژنـان، سـەرکۆنەیان دەکـردو بـە قێـزو بێـزەوە تەمەشـایان دەکـرد، وەك ئـەوەی کرمـی جاڵجاڵۆکـە بێـت. دایکەکـەی نـەك هـەر ڕێگـەی ئـەم هـەموو سەرزەنشـت و بێزکاڵیـەی دەدا، بـەڵکو زۆریشـی لـە گیـان خـۆش بـوو، سـەری ڕەزامەنـدی بـۆ یـەك بـە یـەکیان دەلەقانـد. پـیرەژن بـە خـۆی نـەخۆش بـوو، کـە ئـەو خەفەتەشـی هاتـە سـەر، هێندەی دی دەردی گـران بـوو، گـەیی بـووە حـاڵی مـردن. ئیـدی دوای دوو دانـە مانگـان بەرگـەی نـەگرت و مـرد. دەیزانـی دەمرێـت، بـەڵام تـا مـردیش دەگـەڵ کیژەکەیـدا هـەر ئاشـت نـەبووەوەو زاری لـە زاری نەگـەڕا. لـە داڵانـە سـاردو سـڕەکەدا دەیخەواندو هەر بۆ ئاهی سوێند خواردنی دەدایە. پیرەژن، هەمیشەی خوا پێویستی بەوە بوو لاقە نەخۆشەکانی لە ئاوی گەرم بنیٚ، ماری، هەموو ڕۆژیٚ ئەم کارەی بۆ دەکرد، پێی ڕادەگەیی و

به هەموو پێویستییەکیدا ڕادەگەیی. پیرەژن، بە بێدەنگی، ئەم کۆمەکەی ماری قەبووڵ دەکردو بەڵام قەت تاقە قسەیەکیشی دەگەڵ نەدەکرد.

ماری، هەر هەموو ئەمەی قەبووڵ دەکرد، پاشان کە زیاترم ناسی، دیقەتم دا کە خۆی ئەم مامەڵەو بەرخوردەی پێخۆشەو، خۆی لە ناکەسترین کەس پێ کمترو سووکتر بوو. کە پیرەژن، کەسیرە بوو و لە جێدا کەوت، پیرەژنانی گوند، بە پێی ڕەسمو دابو نەریتی ناوچەیی خۆیان، یەك یەكو بە نۆرە چاودێری‌و ئاگادارییان دەکرد، ئیدی لەو کاتەوە کەس رووی بە ماری نەدەدا، پارووە نانێکیان نەدەدایە، رووی بکردایە هەر کەس‌و ماڵێکی گوند وەدەریان دەنا، ڕێك بە پێچەوانەی جارانەوە، نەك هیچ کارێکیان نەدەدایە، بەڵکو تف بارانیشیان دەکرد، لەوە دەچوو پیاوانیش حیسابی ئافرەتی بۆ نەکەن‌و، شەرماوەرترین قسەیان لە حوزوریدا دەکرد. هەندێجار، هەڵبەتە زۆر بە دەگمەن، کاتێ کە ڕۆژانی یەك شەممە سەرخۆش دەبوون، هەر بۆ پێکەنین‌و ڕابواردن چەند قرۆشێکیان لە بەردەمیا فرێ دەدایە عاردی، ماریش بە بێدەنگی، بێئەوەی فزەی لێوەبێت، سکەکانی هەڵدەگرتەوە. ئیدی لەو کاتەوە کەوتبووە کۆکەو خوێن هەڵێنان. ئەنجام جلەکانی بە جۆرێ شڕۆشەپڕێو بوو کە ڕووی نەدەهات لە نێو گوندیدا دەربکەوێ، لەوساوە کە گەڕابووەوە، بە پێ خاوسی دەگەڕا. ئیدی هەر لەو سەروبەندەوە، منداڵە مەکتەبلی – کە ژمارەیان نزیکەی چل مەکتەبلییەك دەبوو– گێچەڵیان پێدەکردو لاساییان دەکردەوەو تەنانەت قوڕبارانیشیان دەکرد.

ماریا،داوای لەگاوانەکەی گوند کرد، کە ڕێی بدات چێڵەکانی بۆ بلەوەڕێنێ، لێ یارۆی گاوان دەری کرد. پاشان ماری، خۆ بەخۆو بێ ئیزنی یارۆی گاوان، هەموو بەیانییەك دووی گاگەلەکە دەکەوت‌و ڕۆژ تا ئێوارێ لەو دەشت و دەرە بوو. یارۆی گاوان کە بینی ئەمە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ وی، ئیدی نەك هەر دەری نەدەکرد، بەڵکو هەندێجار، پاشماوەی نان‌و پەنیرەکەی خۆیشی دەدایەو بەخەیاڵی خۆی خێرێکی گەورەی دەکرد.

کاتێ کە دایکی مرد، ڕەبەنی گوندی، هیچ شەرمی نەکرد لەوەی کە بە بەرچاوی هەموو خەڵکییەوە، سەرزەنشت‌و سەرکۆنەی ماری بکات. ماری بە جلە شڕو شەپڕێوەکانییەوەو بە دەم گریەو ناڵینەوە بە دووی جەنازەکەدا ڕێی دەکرد. خەڵکێکی زۆریش دووی جەنازەکە کەوتبوون. یارۆی ڕەبەن، کە هێشتا گەنج بوو و هەموو ئاوات ئارەزوویەکی ئەوە بوو ببێ بە واعیزێکی ناودارو گەورە، ڕێك لەو دەمەدا کە قامکی بۆ ماری ڕاکێشا بوو، روو لە خەڵکەکە گوتی: "ئا ئەمە، سەبەبکاری مەرگی ئەو ژنە بەرێزەیە – هەڵبەتە ڕاستی نەدەکرد، چونکە پیرەژنی تاین دوو ساڵ بوو نەخۆش بوو– ئا ئەوەتا لە بەردەمتانا وەستاوەو زات ناکات چاوان هەڵبڕێ، چونکە گوناهبارو ڕووڕەش و سەرشۆڕی بەردەم خواو خەڵکە، ئەوەتا رووت‌و ڕەجاڵ، شڕوشەپڕێو،و پێ خاوس، تا ببێت بە پەندو عیبرەت بۆ ئەوانەی حەیاو حورمەت لە دەست دەدەن، ئابڕووی خۆیان بە تکان دەدەن! کێ بێ باشە ؟ کچیەتی، کچ !"و زۆر قسەی قۆڕی دیکەی لەو بابەتە!...

تەسەورکەن، کە ئەم گوتارەی کابرای ڕەبەن، ئەو هەموو سوکایەتییە، زۆربەی هەرە زۆری حەشاماتەکەی دڵخۆش کرد، بە دڵیان بوو. بەڵام لەو دەمەدا بویەرێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا،

هەموو منداڵەکان لایەنگری ماریان کرد، چونکە لەو ماوەیەدا هەموو متووی من بوو بوونو ماریان خۆش دەویست. بۆیەرەکە بەمجۆرە دەستی پێکرد:

دەمویست فریای ماری بکەومو شتێکی بۆ بکەم. ماری پێویستی بە تۆزێ پارە بوو، شنقڕی لە بەرکدا نەبوو، بەڵام منیش ئەو کاتەی لەوێندەر بووم، تاقە قرۆشێکم شك نەدەبرد. دەرزیلەیەکی چکۆلەی ئەڵماس نیشانم هەبوو، چەرچیەك هاتە گوندیو دەرزیلەکەم پێ فرۆشت. من بە هەشت فرانك پێم فرۆشت. بەڵام فرێت دابا چل فرانکی دێنا. ماوەیەکی زۆر بە دووی ماریدا گەڕام، دەمویست بە تەنیا بیدینم. ئەنجام لە دەرێی گوندا، لە نزیکی دارێکی سەر ئەو کوێرە ڕێگایەی کە بۆ کوێستانەکان دەچوو ماریم بینی. هەشت فرانکەکەم دایە، ئامۆژگاریم کرد کە دەستی پێوە بگرێ، چونکە پارەی دیکەم نییە بیدەمێ. ئەوسا ماچم کردو پێم گوت وا زەن نەکات نیازم خراپە، لەبەر ئەوە ماچم نەکرد کە ئاشقی بووبم، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوە بوو زۆرم بەزەیی پێدا دەهاتەوەو پێم گوت کە هەرگیز، ڕۆژێ لە ڕۆژان بە تاوانبارو خەتابارم نەزانیوە، بەڵکو بە قەرەبەختو نەگبەتم زانیوە، زۆرم حەزدەکرد دڵخۆشی بدەمەوەو قەناعەتی پێ بێنم کە نابێ خۆی لە هیچ کەسێك بە کەمتر بزانێت، نابێت لە هەنبەر کەسدا هەست بە شەرمەزاری و سەرشۆری بکات، بەڵام پێ نەدەچوو لە مەبەستم حاڵی بوو بێت، یەکسەر هەستم بەوە کرد، هەر چەندە بە درێژایی ئەو ماوەیە هەر بێدەنگ بوو،و چاوی بڕی بووە ئەرزەکەو یەجگار تەریقو شەرمەزار دیار دبوو، کە من لە قسەکانم بوومەوە، لە ناکاو پەلاماری دەستی دامو ماچی کرد، منیش یەکسەر پەلاماری دەستیم دا کە ماچی بکەم، بەڵام دەستی لە دەستم ڕاپسکاندو نەیهێشت ڕای مووسم.

ڕێك لەو کاتەدا منداڵەکان پەیدا بوونو ئێمەیان بینی. پاشان زانیم، تومەز ماوەیەکی ماوەیەکی زۆر بوو، تاقیبی منیان دەکرد. منداڵەکان کەوتنە فیکە کێشانو چەپڵەلێدانو هورا کێشان. ماری هەڵات. ویستم قسەیان بۆ بکەم، کەچی کەوتنە بەردبارانم. ئیدی هەر هەمان ڕۆژ هەموو گوند بە هەواڵەکەیان زانی. هەر هەموو ئەمە بەسەر ماری دا شکایەوە. هێندەی دی لێی چوون بە قیناو کەوتنە بوغزاندنی. تەنانەت بیستمەوە کە بە نیازن دادگایی بکەنو سزای بدەن، بەڵام شوکر بۆ خوا مەسەلەکە بە خێر گەڕاو، لە سنووری قسان تێنەپەڕی! بەڵام منداڵەکان لەو ڕۆژە بە دواوە هەراسانیان لێ هەڵگرت، لە جاران زیاتر سەریان دەکردە سەری، ئەزیەتیان دەداو قوڕبارانیان دەکرد. دوای دەکەوتن، ئەویش غاری دەدا، بەڵام زوو بە زوو بە هۆی سینەی نەخۆشییەوە کە سیلی بوو، هانکە هانکی پێدەکەوتو بڕستی لێدەبڕا. هەزارو یەك جنێوی سەر بە کوڵکەیان دەدایە. تەنانەت جارێکیش لەسەر ئەوە دەگەڵیاندا بەشەڕ هاتم. دوای ئەوە لەگەڵیاندا کەوتمە گفتوگۆ، هەموو ڕۆژێك کە دەرفەتم بۆ هەڵدەکەوت قسەم بۆ دەکردن. ئیدی دەوەستان تا گوێم لێبگرن، کەچی وێڕای ئەوەش لەجنێوو سخێفان نەدەکەوتن، بە دەنگی بەرز هاواریان دەکردو جوێنیان دەدامێ. باسی کلۆڵی و داماوی و قەرەبەختی ماریم بۆ دەکردن، هەنگێ لە جنێودان دەکەوتنو بە بێدەنگی دەڕۆییشتن. بەرە بەرە کەوتینە گفتوگۆ. هیچ شتێکم لێنەدەشاردنەوە، هەموو شتێکم بە ڕاشکاوی پێدەگوتن، بەوپەڕی کونجکاوی گوێیان لێدەگرتم.

زۆری نەبرد، وایان لێهات دڵیان بە حاڵی ماری دەسووتا، بەزەییان پێدا دەهاتەوە. کار گەییە ئەوەی هەندێکیان، ئەگەر بە ڕێکەوت لە ڕێگەو بانا ماریان دیتبا، بەوپەڕی مێریڤانی سڵاویان لێدەکرد، لەوێ داب و نەریت وایە، ئەگەر لە ڕێگەو بان تووشی هەر کەسێك بن، چ بیناسن، چ نەیناسن، سڵاوی لێدەکەن. جا خۆتان تەسەوری بکەن دەبێ ماری چەند لەم کارەی ئەم منداڵانە حایر مابێت.

جارێکیان دوو کچۆڵە، خواردنیان ئامادەکردبوو و بۆ ماریان بردبوو، پاشان هاتن بۆ منیان گێڕایەوە. گوتیان ماری، دەستی بە گریان کردووەو، ئەمێستا نەك ڕقیان لێی نییە، بەڵکو زۆریانیش خۆش دەوێ. ئیدی وای لێهات هەموو منداڵەکان نەك هەر ئەو، بگرە منیشیان خۆش دەویست. زۆرجار دەهاتنە نك من و داوایان لێدەکردم چیرۆك و حیکایەتیان بۆ بگێڕمەوە. پێموایە چیرۆکبێژێکی باش بووم، چونکە زۆریان حەزدەکرد گوێم لێبگرن. ئیدی لەوە بە دوا خووم دایە خوێندنەوەی کتێبان و فێربوونی شت، هەر بەو مەبەستەی ئەوەی خوێندوومەتەوەو فێری بووم، بۆ منداڵەکانی بگێڕمەوە. ئیدی سێ دانە ساڵم بەو جۆرە لەوێندەر گوزەراند، پاشان، کاتێ کە خەڵکی گوندو، تەنانەت شنایدەریش، لێم کەوتنە گلەیی ئەوەی کە گوایە بە جۆرێ دەگەڵ منداڵاندا قسان دەکەم و هیچیان لێناشارمەوە وەك بڵێی خەڵکی گەورەبن، وەڵامم دەدانەوە کە زۆر شەرمە درۆ دەگەڵ منداڵاندا بکەین، چونکە منداڵان بە خۆیان، چەندیش هەوڵ بدەین شتەکانیان لێ بشارینەوە، خۆ بە خۆ هەموو شتێك تێدەگەن و دەزانن. بۆیە ئەو شتەی کە ئێمە لێیان بشارینەوە ڕەنگە بە لنگەوقووچی لێی بگەن، بە نادروستی تێی بگەن و فێری بن، بەڵام من بە دروستی تێیان دەگەیەنم. پیاو کە بیر لە منداڵیەتی خۆی بکاتەوە ئەوسا دروستی ئەم قسانەی منی بۆ دەردەکەوێ، بەڵام هەر چیم کردو کۆشا نەمتوانی قەناعەتیان پێ بێنم...

من، ماریم پێش مردنی دایکی بە دوو هەفتە ماچ کرد. بەڵام ئەو کاتەی ڕەبەنەکە وەعزەکەی خۆی دادا، هەموو منداڵەکان لایەنگری من بوون، یەکسەر کەوتمە باسی ڕەفتاری وی بۆ منداڵەکان. هەر هەموویان لێی توڕە بوون، هەندێکیان بە ڕادەیەك لێی توڕە بوون، کە پەنجەرەی ماڵەکەیان بەر بەرد داو شووشەکانیان شکاند. من ڕێم لێگرتن و تێم گەیاندن کە ئەم کارەیان، کارێکی دزێوو خراپە. بەڵام خەڵکی گوندەکە، هەموو بەم واریقاتەیان زانی، بەوە تاوانباریان کردم کە منداڵەکان گومڕا دەکەم و لە ڕێگەی ڕاست دەریان دەکەم. پاشان کە زانیان، هەموو منداڵەکان بەلای ماری دا بایان داوەتەوەو خۆشیان دەوێ، هێندەی دی شپرزەو نیگەران بوون. بەڵام ماری زۆر دڵی خۆش بوو.. بە هەرحاڵ نیگەرانی و شپرزەیی خەڵکی گوندەکە گەییە ڕادەیەك کە نەیان دەهێشت منداڵەکانیان، ماری بدینن، بەڵام منداڵەکان بە دزییەوە دەچوون بۆ لەوەڕگەی گاڕانەکە، کە هەڵبەتە نیو کیلۆمەترێك لەگوندەکەوە دوور بوو، تا کەمێك خواردنی بۆ ببەن. هەندێکیان تەنیا بۆ ئەوە دەچوون تا دەست لە ملی بکەن و ماچی بکەن و بڵێن: "خۆشمان دەوێی ماری"، ئەوسا بە هەشتاو وبە غاردان بۆ گوندەکە دەگەڕانەوە. جا ماری، هەر ئەوە بوو لە خۆشیا شێت نەدەبوو. ئەم کودەتا لە ناکاوە چ بوو، لە خەویشا ئەمەی بە خۆوە دیتبا شێت دەبوو. هەم نیگەران و هەم خۆشحاڵ بوو. منداڵەکان، بە تایبەتی کیژەکان، خوا خوایان بوو بەلەز

خۆ بگەیەننە نك وی‌و پێی بڵێن کە من خۆشم دەوێ‌و زۆر باسی دەکەم. بۆیان گێڕابووەوە کە لە منەوە هەموو شتێکیان لەمەڕ وی زانیوەو هەنوکە خۆشیان دەوێ، دڵیان بە حاڵی دەسووتێ‌و بەزەییان پێدا دێتەوە، ئیدی هەر وهەر خۆشیان دەوێ. دوای ئەوە بە ڕاکردن، شادو شەنگوڵ بە نك من دەهاتن‌و مژدەیان دەدامێ کە ماریان دیتووەو سڵاوی بۆ من ناردووە.

ئێواران، دەچووم بۆ تاڤگەو قەڵبەزەکە. لەوێ شوێنێکی لاچەپ هەبوو، لە گوندەکەوە دیار نەبوو، سپیدار دەوراندەوری دابوو، ئیدی منداڵەکان، هەرکە ئێوارەیان لێدەهات، بۆ دیتنی من، بۆ ئەوێندەر دەهاتن، بگرە هەندێکیان بە دزییەوە دەهاتن، پێمواپە، زۆر بەوە خۆشحاڵ بوون کە وایان دەزانی ماریم خۆش دەوێ. بە درێژایی مانەوەم لەوێ، لەو درۆیە زیاترم دەگەڵ نەکردن، ئەمە تاقە درۆی من بوو لەگەڵیاندا. هەڵبەتە بەئانقەست نەمدەویست لەو خەیاڵە خۆشەی خۆیان بکەم‌و بۆیان روون بکەمەوە کە ئێوە خەیاڵتان خاوە، من ئاشق‌و دڵبەستەی ماری نیم، بەڵکو دڵم بە حاڵی دەسووتێ، بەزەییم پێیدا دێتەوە. هەستم دەکرد، حەزیان لەوەیە، خەیاڵ‌و وێناکەی خۆیان بەڕاست بزانن. ئەوە حەزی ئەوان بوو. بۆیە هیچم نەدەگوت‌و وام نیشان دەدا کە مەزەندەکەیان دروستەو ئاو لێڵ ناکات! تۆ تەماشا دڵی چکۆلەی پڕ میهرو سۆزی ئەو منداڵانە! وایان وێنا دەکرد، مادامێکی لیونی* دۆستیان ئەوەندە ماری خۆش دەوێ، نابێت ماری ئەوەندە شڕپۆش‌و شڕۆڵە بێت، نابێت بەپێی پەتی بسوڕێتەوە. باوەڕ بکەن، چۆنی دەڵێم خیلاف نییە، پێڵاوو گۆرەوییان بۆ هانی، هەندێ پارچە جلشیان بۆ هێنا، نازانم چۆن ئەمەیان کردبوو. بەڵام هەموویان بە هاودەستی یەکدی ئەمەیان کردبوو. بەکۆمەڵ کردبوویان. کە کەوتمە پرس‌وجۆ، هەموو وەڵامێکیان تەنیا پێکەنین بوو، کچۆڵەکان بەدەم چەپڵەلێدانەوە ماچیان کردم. منیش جارجار بە دزییەوە دەچوومە دیدەنی ماری. بە هەرحاڵ نەخۆشی کەسیرەی کرد، بە زەحمەت دەیتوانی ڕێ بکات، وای لێهات نەیدەتوانی کۆمەکی گاوانەکە بکات، کەچی بەو حاڵەشەوە هەموو بەیانیەك دووی گاڕانەکە دەکەوت‌و بۆ خۆی بەدیار گاگەلەکەوە، لە سووچێکدا کزکۆڵەی دەکرد. جا لەوێ هەڵدێرێکی ڕك هەبوو، لە ناو قەدیا لووتە شاخێك، عەینی سەکۆ هاتبووە دەرێ، ماری بۆ ئەوەی لە هیچ لایەکەوە دیار نەبێت، دەچوو لەوێندەر دادەنیشت. ئیدی لە بای بەیانییەوە، تا ئێوارێ کە کاتی گەڕانەوەی گاڕان بۆ گوند دەهات، کڕوکپ، بێ جوڵە لەوێندەر ڕۆدەنیشت. نەخۆشی سیل بەجۆرێ زەیفی لێ سەندبوو کە زۆربەی کات بە چاوی نوقاوەوە پاڵی بە تاوێرەکەوە دەداو، زۆر بە زەحمەت هەناسەی دەدا. دەموچاوی هێندە لاواز بوو بوو پێستی بەسەر ئێسقانیەوە وشك بوو بوو، تەوێڵ‌و لاجانگەکانی دەنیشتنە سەر ئارەقەو تك تك ئارەقەی لێ دەچۆڕا.

هەموو کاتێ بەو جۆرەم دەبینی. بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لای دەمامەوە، چونکە منیش خەمم بوو کە کەس نەمبینێ. هەرکە دەگەییمە لای، ڕادەپەڕی‌و چاوەکانی هەڵدێناو خێرا پەلاماری دەداو دەستی ماچ دەکردم. وام لێهاتبوو کە دەستی ماچ دەکردم، دەستم ڕانەدەپسکاند، چونکە بە ڕاموسانی دەستم خۆشحاڵ دەبوو. بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لای دەمامەوە ڕادەجفری، دەلەرزی، دەگریاو فرمێسکی دەڕشت. ڕاستە هەندێجار هەوڵی دەدا قسان بکات، بەڵام زۆر

زەحمەت بوو پیاو لێی بگات و بزانێ چ دەڵێت. هەندێجار وا دەهاتە بەرچاو کە شێت بووە، بە جۆرێکی زۆر ترسناك دەشێواو هەڵدەچوو، هەندێجار، هەندێ لە منداڵەکان دەگەڵمدا دەهاتن. جا لەو کاتانەدا، هەندێك دوور دەوەستان و ئێشکی ئێمەیان دەگرت تا نازانم لە چیمان بپارێزن! ئەم کارەیان لە گیان خۆش بوو! کە ئێمە دەرۆییشتین، ماری بە تاقی تەنیا دەمایەوە، بەو دەقەوە، بەبێ جوڵە، چاوی دەنوقاندن، سەری دەنا بە تاوێرەکەوە. کێ چوزانێ! لەگێن بوو خەونیش بدینێ...

بەیانییەك، کە ئیدی توانای ئەوەی نەبوو دووی گاڕانەکە بکەوێ، لە کوختە چۆڵ و هۆڵەکەیدا مایەوە. منداڵەکان زوو بەمەیان زانی و، هەمان رۆژ زۆربەی هەرە زۆریان هاتنە دیدەنی. ماری بێکەس و داماو، بە تاقی تەنیا، تەنیای تەنیا لەسەر جێگاکەی کەوتبوو. بۆ ماوەی دوو رۆژان، تەنیا منداڵەکان بە نۆرە دەهاتنە دیدەنی. بەڵام پاشان، کاتێ کە خەڵکی زانیان، ماری بەڕاستی لەگیانەللادایە، ئەوسا چەند پیرەژنێك هاتن و بە نۆرە کەوتنە چاودێری و پەرستاری. پێدەچوو، خەڵکی گوند لە دوا ئەنجامدا دڵیان نەرم بوو بێت و بەزەییان بە ماری دا بێتەوە، چونکە وەکو جاران رێگەیان لە منداڵەکان نەدەگرت کە دیدەنی بکەن، وەکو جاران سەرزەنشتیان نەدەکردن کە بۆ رووی دەدەنێ.

ماری هەمیشە خەواڵو بوو. خەوەکەی پچڕ پچڕ بوو، کۆکەی بە ئازار، حەوانەوەی لێ هەڵگرتبوو. پیرەژنان، منداڵەکانیان دەردەکرد، کەچی منداڵەکان، دەچوونە بەر پەنجەرەکەو لەوێندەرەوە، ئەگەر بۆ ساتێکیش بووە، دەکەوتنە سەرەتاتکێ هەر بۆ ئەوەی بڵێن: "سلاو ماری گیان! ئێستا چۆنی!" ماریش هەر کە تارمایی وانی دەبینی یان گوێی لە دەنگیان دەبوو، دەبوژایەوە، هەوڵی دەدا هەستێتە سەر ئانیشکان و، بێئەوەی بەگوێی پیرەژنەکان بکات، سەری سوپاس و رەزامەندیان بۆ بلەقێنێ. منداڵەکان، وەکو جاران شیرینی و خواردنیان بۆ دێنا، بەڵام ئەو بەحاڵ دەمی تێوە دەدا..

دڵنیاتان دەکەم، کە ماری بە سایەی منداڵەکانەوە، بە شادی لە دنیا دەرچوو. بە فەزڵی منداڵەکان و لە خۆشی منداڵەکان، هەرچی دەردو ئازاری خۆی هەیە، فەرامۆش کرد، وەکو ئەوە بوو لە گوناحەکانی پاك بووبێتەوە، گوناح و خەتاکانی هەڵوەری بن، چونکە هەمیشەو تا دەمی مەرگ هەر خۆی بەگوناحکارێکی ئاخر شەڕ دەزانی. منداڵەکان، دەقاو دەق وەکو چۆلەکەو پاساری لەبەر پەنجەرەکەیدا خڕ دەبوونەوەو باڵە چکۆلەکانیان لە جامی پەنجەرەکەی دەسوو. هەموو بەیانیەك دەهاتن و تێکرا دەیانگوت: "ئێمە تۆمان خۆشدەوێ ماری!". ماری، دوای ماوەیەکی کەم مرد، من پێموابوو زیاتر دەژی. پێش ئەوەی بمرێت، دروست بەر لە خۆرئاوا، چوومە دیدەنی. وا بزانم ناسیمیەوە، بۆ دواجار تەوقەم دەگەڵ کرد. دەستی وشك بوو بووەوە! بۆ بەیانی خەبەریان دامێ کە ماری مردووە! ئیدی کوڕم دەویست بتوانێ جڵەوی منداڵەکان بگرێت. تابوتەکەیان بەگوڵ داپۆشی و، چەپکە گوڵێکیانیش لەسەر سەری دانا. لە کڵێسادا، ئەمجارەیان یارۆی ڕەبەن لە عەلەیی ماری نەدواو باسی گوناح و خراپیەکانی نەکرد. بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم، ئەویش لە رووی فزوڵیەتەوە بە گەڵ جەنازەکەی کەوتن، کە وەختی

هەڵگرتنی دارەمەیتەکە هات، منداڵەکان تێکڕا هێرشیان برد تا ئەوان ئەو کارە بکەن، بەڵام کە زانیان دەرەقەت نایەن، بە سوور بوونەوە کەوتنە کۆمەکی گەورەکان، ئیدی لەوساوە گڵکۆکەی ماری بوو بە مەزارو منداڵەکان زیارەتیان دەکرد. هەموو ساڵێك بە چەپکە گوڵەوە دەچنە سەر قەبرەکەی و چوار دەوریان بە گوڵ و گوڵە باخ ڕواندووە.

بەڵام لە دوای مردنی مارییەوە، ئیدی خەڵکی گوند، گوایە بە هۆی پەیوەندیم دەگەڵ منداڵەکانیاندا، کەوتنە چەوساندنەوەو بوغزاندنم. قەشەکەو بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هاندەری سەرەکی چەوساندنەوەو بوغزاندنی من بوون. نەیاندەهێشت منداڵەکان، من بدینن، تەنانەت شنایدەریش لەم کارەدا بەشدار بوو. بەڵام وێڕای ئەوەش دووراودوور یەکترمان دەبینی، بە هێماو ئاماژان یەکترمان دەدوان و پەیامی خۆمان لە یەکدی دەگەیاند. ئەنجام وەزع و ڕەوشەکە باشتر بوو. پێشتریش وەزع و حاڵێکی سەیر چیٚ بوو بوو. ئەو چەوسانەوەو بوغزاندنە، کردیە کارێك کە منداڵەکان پتر ڕەموودەم بن و زیاتر لێم نزیك ببنەوەو تەنانەت لە ماوەی دوا ساڵی مانەوەم لەوێندەر، دەگەڵ تیبۆو قەشەکەدا ئاشت بوومەوە. شنایدەر زۆری قسە لەگەڵ دەکردم، موناقەشەی ئەو ڕەوش و ڕێبازە زیانبارەی دەگەڵ دەکردم کە دەگەڵ منداڵەکاندا گرتبوومە بەر. ئاخر من و ڕەوش و ڕێباز؟! ئاقیبەت، ڕێك پێش ئەوەی بەرەو ڕوسیا بکەومە ڕیٚ، شنایدەر، دڵی خۆی بۆ کردمەوە، ئەو بیرۆکە غەریبەی پێگوتم کە سەبارەت بە من، بە مێشکیا هاتبوو. پێی گوتم قەناعەتی تەواوی بەوە هەیە کە من منداڵم، منداڵێکی تەواو، لە هەموو ڕوویەکەوە منداڵم، تەنیا بە قەدو قەڵافەت و سەرو سیمادا پیاوی تەواوم، دەنا لە ڕووی دەروونی و تەبع و تەبیعەتەوە و بگرە لە ڕووی ئەقڵ و ئەقڵیەتیشەوە، گەورە نیم و هەر منداڵم و ئەگەر تەمەنم بگاتە شەست ساڵیش هەر بەو دەقەوە دەمێنمەوە. هەڵبەتە گاڵتەم بەو قسەیەی هات. دیارە هەڵە بوو، ئاخر لە چ شتێکدا منداڵ بووم ؟ بەڵام لە یەك خاڵدا ڕاستی دەکرد، ئەویش ئەوە بوو کە حەزم لە هاوڕیاتی و تێکەڵاوی گەوران نەدەکرد. دەمیٚ بووم ئەم حاڵەتەم لە خۆمدا بەدی کردوو. تا ئێستاش حەزم بە تێکەڵاوی گەوران نییە، چونکە نازانم چۆن لەگەڵیاندا هەڵبکەم. ئیدی گرینگ نییە چەند دەگەڵما باش بن یان نا، گرینگ ئەوەیە من دەگەڵیاندا ئاسوودەنیم، کە لەوان دادەبڕێم و دەچم بۆ لای دۆستەکانم، دۆستە چکۆلەکانم زۆر خۆش حاڵ دەبم، دڵم دەکرێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی کە بە خۆم منداڵم، نا، نەخێر. بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی دڵم پێیان دەکرێتەوە. ڕوحم پێیان شاد دەبێت !

من هەر لە هەوەڵەوە کاتیٚ کە لەو گوندە گیرسامەوەو ئاکنجی بووم، کاتیٚ بە تەنیا، خەمبارو دڵتەنگ بۆ پیاسە ڕووم دەکرد چیاو چۆڵان، کە هەندێجار، بە تایبەتی نیوەڕوان، کاتی بەربوونی قوتابی لە قوتابخانە، چاوم بە منداڵە مەکتەبلی دەکەوت، دەکەوتنە ژاوە ژاوو هەراو زەنا، بە دەم ڕاکردنەوە، جانتاو کتێب بە کۆڵ، پێدەکەنین و شەڕەشەق و یاریان دەکرد، بە دەستەخۆم نەبوو ڕوحم بۆ لای ئەوان دەفڕی. نازانم چۆن ئەمە لێك بدەمەوە، هۆیەکەی چی بوو! بەڵام هەر کاتیٚ کە ئەوانم دەبینی، هەستم بە شادییەکی زۆر دەکرد. دڵم پڕ دەبوو لە خۆشی. کە جوڵەی لاقە چکۆلەکانیانم دەبینی، کە ئەو کچ و کوڕانەم دەبینی غاریان دەدا، کە دەمبینین پێدەکەنن یان

دەگرین ( هەندێکیان کەماڵیان لە قوتابخانەکەوە دوور بوو، بە دەم ڕێگاوە بە شەڕ دەهاتن‌و بە یەکیاندا دەداو پاشان ئاشت دەبوونەوەو دەستیان بە گەمان دەکردەوە)، دەوەستام، لە کانگای دڵەوە پێدەکەنیم‌و هەموو خەم‌و پەژارەیەکی خۆمم لە بیردەکرد.

پاشان، بە درێژایی ئەو سێ ساڵەی لەوێ بووم، چەند سەرم هێناو سەرم برد، نەمزانی بۆچی خەڵکی گەورە بە دەستی خۆیان ژیانی خۆ تاڵ دەکەن، خەم لە چی دەخۆن‌و بێزاری‌و بێتاقەتیان لە چیە ؟! چارەنووسی من بەو منداڵانەوە بەند بوو، هەرگیز ئەوەم بە بیرا نەهاتبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو گوندە بەجێ دێڵم، قەت ئەوەم بە خەیاڵدا نەهاتبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ رووسیا دەگەڕێمەوە. وامدەزانی بۆ هەمیشە لەوێندەر ئاکنجی دەبم. ئەنجام پەیم بەوە برد کە ناکرێ هەتا هەتایە هەر باربم بەسەر شنایدەرەوە، ئەویش ناتوانێ هەتا سەر خۆی لە من بکات بە خاوەن. پاشان، پێشهاتێکی تایبەتی هاتە پێشەوە، پێشهاتێکی ئەوەندە ترسناک بوو، کە شنایدەر بە خۆی دا وای لێکردم بۆ رووسیا بگەڕێمەوەو نامەیەکی دەربارەی من بۆ ئێرە نووسی. جا هەنووکە دەبێ تاقیبێکی ئەوە بکەم‌و لەو بارەیەوە پرس‌و راوێژ بە کەسێك بکەم، چونکە لەگینە بەوە چارەنووسم بە تەواوەتی بگۆڕێت. بەڵام ئەمە گرینگ نییە، مەسەلەکە، ئەوەیە کە ژیانم لە ئێستاوە بە تەواوەتی گۆڕاوە. بە هەرحاڵ زۆر یادگاری‌و بەسەرهاتم لەوێندەر بەجێ هێشت، ئەوەی ڕۆیی ڕۆیی، هەر هەموو بەسەر چوو. کاتێ کە لە  قیتارا بووم بەرەو ئێرە، لە دڵی خۆدا دەمگوت: من هەنووکە بۆ ناو خەڵکی دەڕۆم، رەنگە زۆر شت نەزانم. بەڵام تازە ژیانێکی نوێ دەستی پێکردووە. بڕیارم داوە ئابڕوومەندانە، راستگۆیانەو پیاوانە بژیم. من دەزانم ژیانم لە نێو خەڵکیدا زەحمەت‌و دژوار دەبێت، لێبڕام دەگەڵ هەمووانـدا، بە ئەدەب‌و نەزاکەت، سەر ڕاست‌و راستگۆ بم. دیارە هیچ کەسێکیش لەوە زیاتری لە من ناوێ! ڕەنگە لێرەش هەر بە منداڵم بزانن، بەڵام چ قەیدیە ؟ خۆش ئەوەیە هەموو خەڵکی بەگێل‌و ئەبلەم دەزانن! نازانم بۆچی بە ئەبلەم دەزانن ؟ ڕاستە کاتی خۆی نەخۆش کەوتم، گەییمە حاڵێك لە گیل‌و دێوانە دەچووم. بەڵام هەنوکە گێلییەکەم لە چدایە، لە کاتێکا بە خۆم بزانم کە بە گێلم دەزانن ؟ باشە گێل هەست بەوە دەکات کە بە گێلی دەزانن ؟ کە دەچمە شوێنێك، لە دڵی خۆدا دەڵێم: دوا دەزانن من گێلم، بە گێلم دەزانن، حاڵبوکی من ئەقڵم بە هەموو شتێکدا دەشکێت‌و ئەوان تێناگەن." زۆرجار ئەو بیرەم بەمێشکا دێت.

کاتێ کە لە بەرلین بووم‌و چەند نامەیەکی کورتی منداڵەکانم پێگەیی، هەنگێ بۆم دەرکەوت کە چەند متووی من بوون، چەندیان خۆش ویستووم. یەکەمین نامەی دوای فیراق هەمیشە خەمناکە! بیرم کەوتەوە کە بۆ خودا حافیزی دەگەڵما بۆ ویستگەی قیتار هاتن چەند غەمگین بوون! یەك دانە مانگ بەر لەوەی بارگەم تێك بنەم‌و سەفەربکەم. بە خەم‌و پەژارەوە دەیانگوت‌و دەیانگوتەوە: " لیون دەڕوات! لێون بە یەکجاری دەڕوات ". وەکو جاران هەموو ئێوارەیەك لای تاڤگەکە کۆ دەبووینەوەو باسی جیابوونەوەی چاوەڕوان کراوی خۆمان دەکرد. هەندێجار وەکو جاران خۆشحاڵ دەبووین، بەڵام کە شەو درەنگ دەبوو‌و هەڵدەستان تا بڕۆنەوە بخەون، بەدەم شەو باشەوە بەو پەڕی سۆز‌و گودازەوە لە هەمێزیان دەگرتم‌و ماچیان دەکردم، جاران ئەم کارەیان

نەدەکرد. هەندێکیان، بە تەنیاو تاك تاك، بە دزی ئەوانی دییەوە دەهاتنە دیدەنیم، هەر بۆ ئەوەی، دوور لە چاوی خەڵکی دی، لە هەمێزم بگرن‌و ماچم بکەن. لە ڕۆژی سەفەرەکەم دا، بە کۆمەڵ، تا وێستگەی قیتارەکە، کە یەك فەرسەخ لە گوندەکەوە دوور بوو، بۆ بەڕێکردن‌و خودا حافیزی دەگەڵمدا هاتن. بە تۆبزی دەیانویست جڵەوی خۆ بگرن‌و نەگرین، بەڵام تیایاندا هەبوو بە خۆی نەدەوەستاو لە هۆڕژنی گریانی دەدا، بە تایبەتی کچۆڵەکان. دەبوایە پەلە بکەین تا دوا نەکەوین‌و قیتارەکە بە جێم نەهێڵێ، بەڵام لە ناکاوا یەکێکیان لەوانی دی جیابووەوە، لە نیوەی ڕێگەدا، هاتە بەردەمم، باسکە چکۆلەکانی لە گەردنم وەریناو کەوتە ڕامووسانم، ئیدی بە بۆنەی ئەوەوە، هەرچەندە کاتەکەش درەنگ بوو، هەموو کاروانەکەمان وەستا. کە سواری قیتار بووم‌و قیتارەکە کەوتە ڕێ، هەموو بە یەك دەنگ خوا حافیزیان لێکردم، هەموو بەریز لەسەر سەکۆیەکە وەستا بوون‌و تا قیتارەکەش لە چاو ون بوو لە جێی خۆیان نەجوڵان، منیش تا لە چاوم ون بوون، هەر تەمەشام دەکردن... باوەڕبکەن،.. کاتێ کە تۆزێ لەمە پێش هاتمە ئەم ژوورەو سیمای گەش‌و ڕووی خۆشی ئەنگۆم بینی– من ئێستا زۆر لە سیماو سەرو چاوان ورد دەبمەوە–و گوێم لە یەکەمین وشەی ئێوە بوو، بۆ یەکەمجار، لەو ساوە تا ئێستا، دڵم ڕۆشن بووەوەو ئۆخژن لە دڵ‌و دەرونم گەڕا. لێتانی ناشارمەوە، لە دڵی خۆدا گوتم ڕەنگە بە ڕاستی مرۆڤێکی بە تالح‌و ئیغباڵ بم. چونکە دەزانم زۆر زەحمەتە پیاو، تووشی خەڵکانێك بێت، هەر لە یەکەم دیدارەوە مەحەبەتی بچێتە سەریان‌و خۆشی بوێن، شتی واهی زۆر کەمە. کەچی خۆم‌و بەختم هەرکە لە قیتارەکە دابەزیم، وا تووشم بوو بە تووشی ئێوەوە.من دەزانم، کە پیاو بەو ڕاشکاوی‌و بێ پەردەییە، هەستی خۆی دەربڕێت کارێکی پەسندو جوان نییە، مایەی شەرمەزارییە. بەڵام من ئەوەتا باسی هەستی خۆم بۆ ئێوە دەکەم‌و هیچیش هەست بە شەرم‌و شەرمەزاری ناکەم. من کەسێکی ئەڕباب‌و ئیجتماعی نیم، ڕەنگە بەو زووانە نەتان بینمەوە. تکا دەکەم ئەمەم لێمەگرن‌و لێکدانەوەی خراپی بۆ مەکەن، چونکە مەبەستم ئەوە نییە کە حیساب بۆ ئێوە نەکەم، لەبەر ئەوەشم نییە کە شتێکتان کردبێت‌و لێتان زویر بم. ئێوە داواتان لێکردم باسی ئەوەتان بۆ بکەم کە چ شتێکم لە سیماتاندا خوێندوەتەوە. بە خۆشحاڵییەوە ئەوە دەکەم. جا سیمای تۆ ئادیلاید ئیڤانوڤنا، سیمایەکی بەختەوەرە، لە سیمای ئەوانی دی زیاتر دەچێتە دڵەوە. سەربارى ئەوەی کە سیماو دەموچاوت زۆر جوانە، پیاو کە تەمەشات دەکات لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "سیمای خوشکێکی میهرەبانی هەیە، ڕەفتارت دەگەڵ خەڵکیدا ڕاستگۆیانەو دۆستانەو سادەیە، زۆر زوو دەچیتە دڵەوە. ئەمە خوێندنەوەی منە بۆ دەموچاوو سیمای تۆ، ئەمە لە دەموچاوتا دەبینم. تۆش ئالکساندرا ئیڤانوڤنا، دەموچاوو سیمای تۆش مەحبوب‌و لەبەر دڵانە، بەڵام دڵخۆش نیت، لەوە دەچێت خەمێکی پەنهانت لە دڵدا بێت. بێگومان نموونەی میهرەبانی‌و دلۆڤانیت، بەڵام شادیت لە دڵا کەمە. دەموچاوت، شتێکی تیایە کە دەموچاوی "مادونا"کەی هولباینی شاری درسدن، وەبیر دێنێتەوە. ئەمەش دەربارەی تۆ، دەی مەزەندەکەم دروستە ؟ تۆ بە خۆت نەتگوت ، گوایە من سەرناسم‌و دەموچاو دەخوێنمەوە ؟ سەبارەت بە تۆش لیزاڤیتا پروکوفیڤنا (بەدەم ئەو قسەیەوە لە ناکاوا ڕووی کردە خا جەنەراڵ‌و گوتی) نەك

هـەر هەسـت دەكـەم، بـەڵكو، سـەرباری تەمەنیشـت، دڵنیـای دڵنیـام كـە لـە هـەموو شـتێكدا وەكـو منداڵیت، لە چاكەو لە خراپەشدا هەر منداڵی. تكایە لێم زویر نەبیت. خۆ پێت ناخۆش نیە ؟ بە خـۆت دەزانـی مـن چ هەسـتو سـۆزێكم سـەبارەت بـە منـداڵ هەیـە. وا زەن نەبـەن كـە لـە ڕووی ساویلكەیی رووتەوە، بەو ڕاشكاویە ئەو قسانەتان بۆ دەكەم. نا، نا هـەرگیز! كـێ چوزانێ لەوەشـە مەبەستێكی تایبەتیم هەبێت."

پەراوێز:

*- ".. مادامێكی لیونی دۆستیان.." لیون بەمانای شێر دێت، بەرانبەر بەوشەی (لو)ی روسیە. جا منداڵە سویسریەكان، میرزادە لو میشكین، بە زمانی منداڵانەی خۆیان بە (لیون= شێر) ناو دەبەن.

*- ".. مادوناكەی هولباین..." دۆستویفسكی لە ساڵی ١٨٦٧دا دەچێتە پیشانگای درسدنو زۆر دڵبەندی ئەو تابلۆیە دەبێت كە (هولباین)ی گەنج كێشا بوویو ناوی نابوو "مادونا دەگەڵ ماڵباتی جان مایر- ١٥٢٥) تابلۆ ئەسڵییەكە لە مۆزەخانەی دارمشتات دەبێت. بەڵام لەوسەردەمەدا، وا دەزانرا كە تابلۆكەی درسدن، نوسخەی ئەسڵی ئەو تابلۆیەیە كە هولباین، كێشابووی.

## فەسڵی حەوتەم

کـاتێ کـە مـیرزادە بێـدەنگ بـوو، هــەر هــەمووان دۆسـتانەو بــە خۆشـحاڵیەوە کەوتنــە تەمەشـاکردنی، تەنانـەت ئاگلایـاش، بـەڵام لیزاڤیتـا پروکوفیڤنـا، لـە هـەمووان زیـاتر شـادیو خۆشحاڵی پێوە دیار بوو. بۆیە هەڵیدایەو گوتی:

– زۆرچاکە، باش تاقیمان کردەوە. ئێوە کچینە پێتان وابوو سەرپەرشتی گەنجێکی داماو دەکەن، کەچی ئـەو بـە کـەرەمی خـۆی ئاشـنایەتی ئێـوەی قـەبوڵکردو دڵنیـای کـردن کـە زوو زوو نایەتـە دەیدەنیتان. تومەز ئێمە گێلو گەوج دەرچووین. خۆمان خەڵەتاند بوو. من ئەوەم زۆر پێخۆشە. بەڵام بابتان، فیدوروفیچ، لە هەموومان پتر خۆی فریوداوە. ئافەرین میرزادە! قەدەرێ لـەوە پـێش راسـپێردرا بـووین، تاقیـت بکەینـەوە تـا بـزانین زانیاریـت لـە چ ئاسـتێکدایە... ئـەوەی دەربـارەی سیمای من گوتت، یانی ئەوەی لە تەمەشاکردنی سیمای منـەوە هـەڵت هێنجا، زۆر دروستە. من، ئەلهـەقی منـداڵم. بـە خـۆم ئـەوە دەزانم. دەمـێ بـوو پـەیم بـەوە بردبـوو. بـەڵام تـۆ زۆر بـە کـورتیو روونـی دەرت بڕی، پێموایـە تـۆش هـەمان تەبیعەتو سروشـتی منـت هەیە، لـە هـەموو روویەکـەوە لێکدی دەچینو، من بەمـە خۆشـحاڵم، یـانی دوو لـەتی یـەك سێوین، تاقـە جیاوازیمـان ئەوەیـە تـۆ پیاویـتو مـن ژنم، مـن قـەت رۆژێ لـە رۆژان لـە سویسـرا نـەبووم. هـەموو جیاوازیەکـەمان ئەوەیـەو تەواو.

– زۆریش پەلە مەکە دایکە. میرزادە تۆزێ لەمەپێش گوتی کە ئەو قسانەی لـەگۆترە نـەکردووەو، مەبەستێکی تایبەتی هەبووە.

دوو خوشکەکەی دی بە دەم پێکەنینەوە گوتیان:

– بەڵێ، بەڵێ، وای گوت.

– گاڵتـەی پـێ مەکـەن کچـی خـۆم، ڕەنگـە لـە هەرسێکتان پێکـەوە، زیـرەکترو بـە هۆشـتر بێـت. دەی بیــنن. بــەڵام مــیرزادە بۆچــی هیچــت دەربــارەی ئاگلایــا نــەگوت ؟ ئاگلایــا چــاوەڕوانە. منــیش چاوەڕوانم.

– جارێ هیچ ناڵێم. با بمێنێ بۆ دوایی.

– بۆچی؟ چما بەرچاوی نییە ؟ پێموایە بە تەواوەتی دیقەتت دا!

– با، بەرچاوییەو ئەولاتریش. لێشی ورد بوومەوە. ئاگلایا ئیڤانوفنا، تۆ نموونەی جوانیت. جوانی دەموچاوت پیاو دەتاسێنێ.

خا یەپانچین بە پێداگیرییەوە گوتی:

– هەر ئەوەندە، تەواو ؟ ئەدی تەبیعەت و تایبەتمەندییەکانی ؟

– قەزاوەت دەربارەی جوانی زەحمەتە. هێشتا ئەو توانایەم لەلا نەخەملیوە. جوانی مەتەڵە مەتەڵ.

ئادیلاید هەڵیدایەو گوتی:

– کەواتە تۆ مەتەڵت لە ئاگلایا داهێناوە ! دەی ئاگلایا هەوڵ بدە هەڵی بێنە، باشە میرزادە، ئاگلایا زۆر جوان نییە؟

میرزادە، بە چاوی کڕیار دەڕوانێتە ئاگلایاو بە جۆش و خرۆشەوە، بە تاسەوە بەرسڤی دایەوە:

– بەڕاستی جوانە، ئوبالْ بە ئەستۆم جوانە! جوانیەکەی شان لە شانی جوانی ناستاسیا فیلیپوڤنا دەدات. ئەگەرچی دەموچاوی زۆر لە دەموچاوی ئەو جیاوازە...

هەر چوار خانمەکە، بەسەرسامی نیگای یەکیان کرد.

خا جەنەراڵ لێی پرسی:

– کێ ؟ ناستاسیا فیلیپوڤنا ؟ ناستاسیا فیلیپوڤنات لە کوێ دیتووە؟ کام ناستاسیا فیلیپوڤنایە ؟

– تۆزێ لەمەپێش کە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، وێنەکەی پیشانی جەنەراڵ دەدا، من لەوێندەر بووم.

– چۆن ؟ وێنەکەی بۆ ئیڤان فیدوروفیچ هێنا بوو؟

– بۆ ئەوەی هێنا بوو کە پیشانی بدات. ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئەمڕۆ وێنەکەی خۆی بە دیاری دابوو بە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ و ئەویش هێنابووی تا پیشانی جەنەراڵی بدات.

خا جەنەراڵ، هاواری کردو گوتی:

– دەمەوێ ئەو وێنەیە بدینم! ئەو وێنەیە لە کوێ ؟ ئەگەر ڕاستەو بەدیاری داویە بەو، دەبێ ئێستاش لەلای بێت و بێگومان هەنووکە لە ژووری نووسینگەکەدایە. ئەو هەموو چوار شەمموانێك بۆ کار دێت بۆ ئەوێ و تا سەعات چوار ناڕوات. خێرا بنێرین بە دوای گاڤریلا ئاردالیونوفیچ دا، بابێت! نا، با نەیەت! چارەگرانە! بە من بێ بمرم و چارەی ئەو نەبینم! میرزادەی ئازیز، ئەو پیاوەتیەم دەگەڵ بکەو بڕۆ بۆ ژووری نووسینگەکە، وێنەکەی لێ وەربگرەو بۆ ئێرەی بێنە، پێی بڵێ من گەرەکمە ئەو وێنەیە بدینم! دەبڕۆ دەی!

ئادیلاید، دوای دەرچوونی میرزادە گوتی:

– پیاوێکی نەجیبە! بەڵام ساویلکەیە، کەمێك لە ئەندازە بەدەر ساویلکەیە.

ئالکساندرا، قسەکەی بۆ سەلماند:

– هەر کەمێك! خۆزیا هەر کەمێك بوایە، مایەی پێکەنینیشە!

پێدەچوو، هیچیان، نەیانەوێ هەموو قسەیەکی دڵی خۆیان بکەن، ئەوەی لە دڵیاندایە دەری ببڕن.

ئاگلایا گوتی:

– بەڵام قسەکانی دەربارەی سیماو دەموچاوی ئێمە زۆر زیرەکانە بوو. ستایشی هەموومانی کردو دڵی گشتمانی خۆش کرد، تەنانەت دڵی دایکەش!

خا جەنەراڵ هاواری کردو گوتی:

– دوو زمانی مەکە! بە هیچ جۆرێ مەدحی منی نەکرد، بەڵام من هەستم دەکرد کە ستایش و مەدح کراوم.

ئادیلاید پرسی:

– یانی پێتوایە، زۆڵیەتی دەکرد تا بگاتە مەبەستێك ؟

ئالکساندرا گوتی:

– من باوەڕناکەم، ئەو ساویلکەو گێلە بێ، وەکو تەسەور دەکرێت.

خا جەنەراڵ بە تورەیی گوتی:

– دیسان دووبارەی کردەوە! توخوا ئەگەر نەیبرنەوە! باوەڕ بکەن ئێوە لەو زیاتر مایەی پێکەنینن! ئێوە هی ئەوەن بەشەر پێتان پێبکەنێ! دروستە کەمێك ساویلکەو سا ئەقڵە، بەڵام بۆ حاڵی خۆی وریایە، دەزانێ چی دەوێ. بە دڵ دەیڵێم کە کوت ومت وەکو منە.

میرزادە، بەدەم ڕێکردنەوە بەرەو نووسینگەکە، لە دڵی خۆیدا، بە جۆرە پەشیمانیەکەوە، دەیگوت: کەرێتیم کرد کە باسی ئەو وێنەیەم کرد. دەی گوێ مەدەیە لەوەیە خێری پێوە بێ...

بیرۆکەیەکی غەریب، هەرچەند هێشتا ڕوون و دیار نەبوو، لە مێشکیدا باڵچەی دەدا.

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، هێشتا لە نووسینگەکە بوو و بە دیار کاغەزو ئەوراقەکانیەوە چەمابووەوە. دیاربوو بە مفت و خۆڕایی مووچەی لە کۆمپانیاکە وەرنەدەگرت. کاتێ کە میرزادە داوای وێنەکەی لێکرد و بۆی گێڕایەوە کە چۆن خانمەکان پێیان زانیوە، تەواو پەشۆکا. تووڕە بوو و بەدەم هاوارەوە گوتی:

– شەیتان بە نەحلەت بی..! ئاخر تۆ چ کارێکت بەم کارەوە بوو؟

هەنگێ لە بن لێوانەوە گوتی:

– تۆ چوزانی مەسەلە چیە! هەقت چی بوو؟.. گێلە پیاو!

میرزادە گوتی:

– ببورە، بەداخەوەم. شتەکە خۆ بەخۆ هات بەدەمما، دەنا هیچ نیازێکی خراپم نەبوو، بەدەم قسانەوە هات. تەنیا ئەوەندەم گوت کە ئاگلایا، شان لە شانی جوانی و خشیکی ناستاسیا فیلیپوڤنا دەدات.

گانیا، داوای لێکرد بە وردی شتەکەی بۆ بگێڕێتەوە. میرزادە بۆی گێڕایەوە. گانیا، نیگایەکی تەوسامێزی کرد و لە بن لێوانەوە گوتی:

– دیاره تۆ، حەزت لە ناستاسیا فیلیپوفنا...

بەڵام قسەکەی تەواو نەکرد، بیری ڕۆیی. بە ئاشکرا دیاربوو کە نیگەرانە. میرزادە بیری خستەوە کە خانم یەپانچین چاوەڕوانی وێنەکەیە.

گانیا، وەکو ئەوەی بیرۆکەیەکی کوت و پڕی بۆ هاتبێ، لە ناکاودا گوتی:

– گوێ بگرە میرزادە. تکات لێدەکەم، کارێکی گەورەم بە تۆ هەیە، وەرە ئەو پیاوەتیەم دەگەڵ بکە... بەڵام... هێشتا بە تەواوەتی نایزانم...

گانیا پەشۆکا، قسەکەی تەواو نەکرد. لەوە دەچوو لەکێشماکێشێکی دەروونیدا بێت، دیار بوو کە دوو دڵ بوو لەوەی چ قەرارێك بدات.

میرزادە، کڕوکپ، چاوەڕوان بوو. گانیا، جارێکی دی چاوی بڕینە دوڕ چاوانی میرزادەو دیسان هاتەوە قسان و گوتی:

– میرزادە... من هەنووکە... لە بەر هۆیەك... هۆیەکی زۆر سەیر... نەك هەر سەیر، بگرە کۆمیدیش کە هیچ خەتایەکی منی تیا نیە... خۆلاسە پێویست ناکا بچینە ئەو باسەوە... دەڵێم من، ئەوەندەی بیزانم، ئەوان (خا جەنەراڵ و کچەکانی) کەمێك لە من ناڕەحەت و زویرن.. بۆیە حەزناکەم تا ماوەیەك بچم بۆ ئەوێ، مەگەر بنێرن بە شوێنما، بەڵام زۆر زەرورییە چەند قسەیەك دەگەڵ ئاگلایا ئیڤانوفنادا بکەم. بەڵام چەند پەیڤێکم بۆ نووسیوە. ( گانیا کاغەزێکی قەدو نوشت کراوی بە دەستەوەیە ) نازانم چۆن بیگەیەنمە دەستی. میرزادە تۆ دەتوانی ئەم کاغەزەم بۆ بەریت و بیدەیتە دەستی ئاگلایا؟ ئاگلایا بە خۆی، یانی بێئەوەی کەس بیدینێ و پێ بزانێ؟ لە مەبەستم حاڵی هەی ؟ شتەکە زۆریش نهێنی نییە... هیچ شتێکی تیانیە کە... ئەم کارەم بۆ دەکەیت ؟

میرزادە، بەرسڤی دایەوە:

– حەزم لەم کارە نییە !

گانیا، بە دەم پاڕانەوەوە گوتی:

– ئاه.. میرزادە... زۆر پێویستم بەوەیە.. بەڵکو ئاگلایا وەڵامم بداتەوە. باوەڕبکە، بۆیە پەنا بۆ تۆ دێنم، چونکە مەسەلەکە زۆر زەروورییە... ئاخر ئەگەر تۆ نەبێ، بە کێی دیدا نامەکە بنێرم؟ باوەڕ بکە، زۆر زەرورییە، بۆ من لە ڕادەبەدەر زەروورییە.

ترسێکی گەورە بە سیمای گانیاوە دیاربوو، دەترسا میرزادە رازی نەبێت. میرزادە بە نیگای بەزەیی ئامێزەوە ڕوانیە گانیاو گوتی:

– زۆر باشە... بۆتی دەگەیەنم.

گانیا، کە ترسەکەی شکا، بە دەم پاڕانەوەوە گوتی:

– بەڵام ئاگادار بە کەس پێی نەزانێ... یانی باوەڕ بە قسەکەت بکەم، وا نیە ؟

میرزادە گوتی:

– نامەکە پیشانی کەس نادەم.

گانیا لە پەلەپەلیدا، لە دەمی دەرچوو و گوتی:

– نامەکەم دانەخستووە، بەڵام...

هەنگێ وەکو یەکێك تەریق بووبێتەوە، قسەکەی خۆی بڕی. میرزادە، بەوپەڕی سادەیی و راستگۆیی گوتی:

– خەمت نەبێ، نایخوێنمەوە.

وێنەکەی هەڵگرت و لە ژووری نووسینگەکە وەدەرکەوت.

گانیا، کە بە تەنیا مایەوە، سەری لەنێو هەردوو دەستی ناو لەبەر خۆیەوە گوتی:

"تاقە وشەیەکی ئەو بەسە تا... ڕەنگە هەنگێ هەموو پەیوەندییەکم لەگەڵ... بڕم".

لەو حاڵی چاوەڕوانی و پەریشانیەدا، ڕەوشتێکی وای هەبوو کە نەیدەتوانی بگەڕێتەوە سەر کارەکانی، ناچار بە نێو ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ...

میرزادە، پەشێوو پەریشان ڕێی دەکرد. لە رادەبەدەر، سەرسام و ناڕەحەت بوو لەوەی کە ئەو کارەی پێ سپێردرا بوو. کە بیری لەوە دەکردەوە چۆن نامەکەی گانیا بگەیەنێتە ئاگلایا هەستی بەوپەڕی ناڕەحەتی و نیگەرانی دەکرد. زۆری لەبەر گران بوو. هێشتا دوو ژووری مابوو بگاتە هۆڵەکە، لە ناکاوا، وەکو یەکێك شتێکی بیر کەوتبێتەوە، وەستا. چاوێکی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا، خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەیەك و لەبەر روناکی پەنجەرەکەدا کەوتە تەمەشاکردنی وێنەکەی ناستاسیا فیلیپوڤنا. لە تۆ وایە دەیەوێ ئەو ڕازە لەم وێنەیەدا کەشف بکات کە تۆزێ لەمەپێش و لە یەکەمین نیگادا هەژاندبووی. هێشتا یەکەمین هەستی نەڕەوی بوو بووەوە، بەڵام لەوە دەچوو، هەنووکە بیەوێ لەو هەستەی خۆی دڵنیا بێت و بگاتە جۆرە یەقینێك.

دەموچاوی ناستاسیا، جگە لەوەی یەجگار جوان بوو، جۆرە مەنگییەکی ئاڵۆزیشی لەخۆ گرتبوو، ئێستا زیاتر سەرنجی رادەکێشا. جۆرێك لە فەرناخی و روحزلی وغروور، جۆرێك لە نەفرەت و بێزاری و، بگرە رق و بوغزێشی تێدا بەدی دەکرا، بەڵام لە هەمان کاتدا جۆرێك لە متمانەو بێگەردی و ساویلکەیی سەیری تێدا بوو. ئەم هەڤدژی و ناکۆکییە، جۆرە سۆزو بەزەییەکی لەلا هاڕوژاند. ئەم جوانییە بێ ئەندازەیە لە تەحەمولی کەسدا نەبوو: دەموچاوێکی جوانی نەختێ کاڵ، گۆنای کەمێك چاڵ، چاوانی پرشنگدار.. ئەم جوانییە دڵرفێنە سەیرە! میرزادە بۆ ساتێك بە قووڵی لێی ڕاما. لە ناکاو بەخۆهاتەوە، بەهەشتاو ڕوانییە دەوروبەری خۆی، وێنەکەی لە لێوانی نزیك کردەوەو بەپەلە ماچێکی کرد!

دوای کەمێك، کاتێ میرزادە خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، دەموچاوو سیمای ئارام و ئاسوودە بوو.

بەڵام پێش ئەوە، کاتێ کە میرزادە گەییە ژووری نان خواردن، ( واتە دوور ژوور پێش هۆڵەکە،) لە ئاستانەی دەرگاکەدا تووشی ئاگلایا بوو کە خەریك بوو دەهاتە ژوورەوە.

کیژێ بە تاقی تەنیا بوو.

نامەکەی بۆ درێژ کردو گوتی:

– گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، تکای لێکردم ئەمەت پێ بگەیەنم.

ئاگلایا وەستا، کاغەزەکەی وەرگرت، نیگایەکی غەریبی میرزادەی کرد. هیچ نیگەرانیەك یان شەرمێك بە سیمایەوە دیار نەبوو. تەنیا سووکە سەرسامیەکی پێوە دیار بوو کە ئەویش زیاتر

پەیوەندی بە میرزادەوە هەبوو. وەکو ئەوە بوو ئاگلایا، بەو نیگایە داوا لە میرزادە بکات بۆی روون بکاتەوە، چۆن لەم مەسەلەیەدا بووە بە هاودەستی گانیا، هەڵبەتە نیگایەکەی ئاسایی و ئامیرانە بوو. بۆ چەند ساتێکی کەم رووبەڕووی یەکدی وەستان. ئەنجام سووکە تەوس و تانەیەك نیشتە سەر سیمای ئاگلایا، بزەیەکی کاڵی بۆ کردو بەلایا ڕەت بوو.

خا یەپانچین، ماوەیەك بە بێدەنگی، و بەجۆرە رقێکەوە، لە دوورەوە ڕوانیە وێنەکەی ناستاسیا فیلیپۆڤنا، ئەنجام لە بن لێوانەوە گوتی:

– بەڵێ، خشکۆکە. زۆریش خشیکە. من دووجارم دیتووە، بەڵام لە دوورەوە.

و ئەوسا، لە پڕ رووی کردە میرزادەو گوتی:

– کەواتە تۆ حەزت لەمجۆرە جوانیەیە؟

میرزادە، وەکو یەکێك زۆر لە خۆی بکات، بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ... ئا...

– مەبەستم... دەقاو دەق ئەمەیە؟

– بەڵێ... دەقاو دەق.

– بۆچی ؟

میرزادە، بێ ئختیار، وەکو یەکێك خۆی بدوێنێ، نەك بەرسڤی کەسێك بداتەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئەم دەمو چاوە، ژانێکی گەورەو عەزابێکی مەزنی پێوە دیارە...

خا جەنەراڵ گوتی:

– رەنگە تووشی ورێنە بووبیت...

بە فیزێکەوە، وێنەکەی توڕ دایە سەر مێزەکە. ئالکساندرا، وێنەکەی هەڵگرت و، ئادیلاید لێی نزیك بووەوەو بە جووتە کەوتنە تەمەشا کردنی وێنەکە. لەو دەمەدا ئاگلایا گەڕایەوە بۆ هۆڵەکە.

ئادیلاید کە لەسەر شانی خوشکەکەیەوە، تەمەشای وێنەکەی دەکرد، لە ناکاوا هاواری کرد:

– ئەللا لەو قوەتە !

دایکی بە توڕەیی پرسی:

– کامە ؟ کام قوەتە ؟

ئادیلاید، بە دەنگێکی پڕ جۆشەوە گوتی:

– ئەم جوانیە خۆی لە خۆیدا قوەتە. یەکێکە لەو جوانیانەی کە دەشێت دنیا ژێرو ژوور بکات!.

بە حەواس پەرتی گەڕایەوە لای ستاندەکەی، ئاگلایا کە چاوانی تەنگ کردبوو و لێوی شۆڕ کردبووەوە، نیگایەکی سەرڤە سەرڤەی وێنەکەی کردو پاشان دوور کەوتەوەو هەردوو دەستی لەسەر سینگی تێك ئاڵاندو چوو لە سوچێکەوە دانیشت.

خا یەپانچین، لە زەنگی دا، خزمەکارێك وەژوورکەوت.

خانم پێی گوت:

– گاڤریلا ئاردالیونوفیچ)م بۆ بانگ بکە. لە ژووری نووسینگەکەیە.

ئالکساندرا بە دەنگی بەرز گوتی:

– دایکە !

دایکی بە توندی دەمکوتی کردو گوتی:

– دەمەویّ، تەنیا دوو قسەی پیّ بڵێم و هیچی تر!

دیار بوو، کە زۆر نیگەران و شپرزەیە. ئاوڕی لە میرزادە دایەوەو گوتی:

– دەبینی میرزادە ؟ ئێرە بووە بە نهێنی خانە، جگە لە نهێنی و پەنهانکاری هیچی تر لە ئارادا نییە ! لەوە دەچیّ هیچ چارێکیش نەبیّ... هەڵبەتە پەنهانکاری لە مەسەلەیەکدا کە ئەوپەڕی راستگۆیی و سەر راستی و راشکاوی بخوازێت، دەکاتە ئەو پەڕی گەوجێتی! هەندیّ نەخشەی زەماوەند لە ئارادایە، کە من هەرگیز بە دڵم نییە.

ئالکساندرا، کە دەیویست جڵەوی دایکی بگرێت، گوتی:

– دایکە! ئەوە چیتە ؟ دەتەویّ چ بڵێی ؟

– کیژە ئازیزەکەم، دەتەویّ چ بڵێی؟ تۆ بەم مەسەلەیە رازیت، پێت خۆشە؟ چ قەیدیە با میرزادەش گوێی لیّ بیّ... با بیزانیّ چ قەیدیە، خۆ ئێمە دۆستین، خزمین، بە تایبەتی من و ئەو دۆستین... خواوەند یاوەری خەڵکانی باش و دڵپاکە، پێویستی بە خەڵکانی دڵڕەش و بێبارو هەوەسبازان نییە. بە تایبەتی ئەو بێبارو ڕاڕایانەی ئەمڕۆ شتێك دەڵێن و سبەینیّ شتێکی تەواو پێچەوانە دەکەن. لە مەبەستم تێدەگەی ئالکساندرا ئیڤانوڤنا ؟ تۆ تەمەشا میرزادە، هەموویان دەڵێن من کەسێکی هیچ نەزانم، لە کاتێکا من چاك و خراپ لێکدی جیا دەکەمەوە. هەر دڵ شەرتە، ئەوی دی هەمووی پەشمە ! هەڵبەتە زیرەکی شتێکی باشە، ڕەنگە لە هەموو شتێك باشتر بێت... ئاگلایا، تیزم پیّ مەکە ! نەشێتم و نە وڕێنەش دەکەم. خەیاڵ نەکەی، لە کۆنەوە گوتوویانە، نە ئەو ژنە گەوجەی کە دڵی هەیەو ئەقڵی نییە بەختەوەرەو نە ئەو ژنە گەوجەی کە ئەقڵی هەیەو دڵی نییە بەختەوەر دەبێت. جا من ئەو گەوجەم کە دڵی هەیە بەڵام ئەقڵی نییە، تۆش ئەو گەوجەی کە ئەقڵی هەیەو دڵی نییە، بۆیە شتاقمان بەختەوەرنین، هەردووکمان نەگبەتین، هەردووکمان ئازار دەچێژین.

ئادیلاید، کە لە مەجلیس و کۆڕەکەدا لە هەمووان دڵخۆشترو ئارامتر دەهاتە بەرچاو، خۆی پێنەگیراو،گوتی:

– نەگبەتی و کلۆڵی تۆ لە چدایە دایکە ؟

دایکی بەتوندی گوتی:

– یەکەم لە کچە فامیدەو فاما ئازیزەکانمدایە،... کە ئەمە خۆی لە خۆیداو بە تەنیا بەسە، بۆیە پێویست بەوە ناکات هیچی تر باس بکەم! زۆرمان گوت بەسە. دەی با بزانین ئێوە هەردووکتان – ئاگلایا حیساب ناکەم– بە هەموو هۆش و گۆش و ئەقڵ و زماندرێژییەکتانەوە چ دەکەن و چ رێگەیەك دەگرنەبەر، باشە تۆ، ئەلکساندرا ئیڤانوڤنای بەرێزم دەتوانی دەگەڵ ئەو نێرەوەزتدا بەختەوەر ببی، ها؟!...

لەو کاتەدا، گانیا وەژوور کەوت. خا جەنەراڵ گوتی:

– ئا... ئەمەش زاوایەکی دی...

گانیا ئیکلامێکی بۆ کرد. مەدام یەپانچین، بێئەوەی خوڵکی دانیشتنی بکات وەڵامی دایەوە:

– ڕۆژتان باش. ها... بە تەمای زەماوەندی؟

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، بە سەرسامی و حەپەساوی کەوتە مینگە مینگ: زەماوەند ؟ زەماوەندی چی ؟

زۆر پەشۆکا بوو.

– ئەگەر حەزدەکەی، پرسیارەکەم بەمجۆرە دەکەم: بە تەمای ژن بێنی؟

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ لە شەرما سوور هەڵگەڕاو بە درۆوە گوتی:

– ن... ن.. نا...

ژێراو ژێر، تەمەشایەکی ئاگلایای کرد کە لە سووچێکەوە دانیشتبوو و، ئەوجا بە پەلە چاوی لەسەر گواستەوە، ئاگلایا بە کەماڵی ئارامی و ساردی، بێئەوەی چاوی لێ بگوازێتەوە، تەمەشای شڵەژانەکەی ئەوی دەکرد.

لیزاڤیتا پروکوفیڤنای دڵڕەق، درێژەی بە پرس و جۆیەکەی خۆی دا:

– نا ؟ گوتت نا ؟ بەسە، زۆر باشە، ئەمە لە مێشکی خۆدا هەڵدەگرم کە بەیانییەکی چوار شەممە، لە وەڵامی پرسیارێکی مندا گوتت: "نا". ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە ؟ چوار شەممە نییە ؟

ئادیلاید بەرسڤی دایەوە:

– وا بزانم چوار شەمەیە دایکە.

– کەس ڕۆژو بەروار نازانێ. ئەمڕۆ چەندی مانگە ؟

گانیا گوتی:

– بیست و حەوت.

– بیست و حەوت ؟ ئەمە لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی، بەروارێکی باش و لەبارە. باشە، جارێ خواحافیزت بێ! پێموایە کارت زۆرە، من دەبێ خۆم بگۆڕم تا دەربچم. وێنەکەت هەڵگرەوە. سڵاوم بەدایکت، بە نینا ئالکساندروڤنای بەدبەخت بگەیەنە! بە هیوای دیدار میرزادە. زوو زوو سەرم لێبدە، پێم لێ مەبڕە خزم. من دەڕۆم بۆ لای ئەو خانمە پیرە، میرزادە خانم بیلوکونسکایا، تا دەربارەی تۆ قسەی دەگەڵ بکەم. گوێ بگرە برادەری ئازیز، من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە خوای گەورە، لەبەر خاتری من، تۆی لە سویسراوە بۆ پترسبۆرگ هێناوە. ڕەنگە کاری دیکەشت هەبێ، بەڵام، بە تایبەتی لەبەر خاتری من بۆ ئێرە نێردراوی، ئیدی ئەوە ویستی یەزدان بووە. بە هیوای دیدار کیژە ئازیزەکانم! ئالکساندرا، گیانەکەم هەتا ژوورەکەی من وەرە.

خا جەنەراڵ، لە هۆڵەکە وەدەرکەوت. گانیا، پەشێوو پەشۆکاو، شپرزەو بێتاقەت، بەدڵێکی پڕ لە ڕقەوە، وێنەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت، ئەوسا ئاوڕێکی لە میرزادە دایەوەو بەدەم ژارخەنێکەوە گوتی:

– میرزادە من بۆ ماڵ دەڕۆمەوە. ئەگەر بە تەمای لەگەڵ ئێمەداو لەلای ئێمە دانیشیت و ڕەئیت نەگۆڕیوە، لەگەڵ خۆما دەتبەم، چونکە تۆ ئەدەرسی ماڵەکەمان نازانی.

ئاگلایا، لە ناکاو لەسەر کورسیەکەی هەستاو گوتی:

– میرزادە، دەققەیەك. شتێکم لە ئەلبومەکەما بۆ بنووسە. باوکە، دەڵێت تۆ خۆشنووسێکی تەواویت. بوەستە، دەچم ئەلبوومەکەم دێنم.

ئاگلایا، لە هۆڵەکە وەدەرکەوت.

ئادیلاید گوتی:

– میرزادە خودا حافیز. منیش دەبێ. بڕۆم.

بە دەم ئەو قسەیەوە تەوقەیەکی گەرمی دەگەڵ میرزادەدا کرد، بزەیەکی دۆستانەی پڕ لە لوتف و مەحەبەتی بە روویدا داو، بێئەوەی تەمەشایەکی گانیا بکات، وەدەرکەوت. کە هەمووان دەرچوون، گانیا، دانەکانی چیڕکردەوەو بەرەو میرزادە رۆیی و گوتی:

– هەمووی خەتای تۆیە، بۆچی باسی زەماوەندی منت بۆ کردوون، چەنەبازی لاساری لاپرەسەن، بە کرێ گیرا بووی ؟

بەدەم ئەو قسانەوە، لە حەژمەتاندا سورو هەڵگەڕا بوو، ئاگری ڕق و قین لە چاوانی دەباری.

میرزادە، بە هێمنی و بەوپەڕی نەزاکەتەوە بەرسڤی دایەوە:

– باوەڕ بکە تۆ سەهویت... کەمترین ئاگاداریم دەربارەی بڕیاری زەماوندی تۆ نەبووە.

– تۆ هەمووی سەعاتێ لەمە پێش گوێت لێبوو کە ئیڤان فیدوروفیچ گوتی کە ئەمشەو، لە ماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنادا، هەموو شتێك دەبڕێنینەوە. ئیدی بە ناخێرت چوویت ئەمەت بۆ گێڕاونەتەوە. تۆ درۆ دەکەی! دەنا لە کوێ بەم هەواڵەیان زانیوە. جگە لە تۆ کێ هەیە ئەم هەواڵەیان بۆ بگێڕێتەوە ؟ مەگەر بە خۆت نەتبینی پیرەژن چ تانەو تەشەرێکی لێدام ؟

– تۆ بە خۆت دەزانی کێ هەواڵی داونەتێ. ئەگەر هەست بە تانەو تەشەر دەکەیت، ئەمە کێشەی خۆتە. بەڵام دڵنیابە من لەو بارەیەوە تاقە وشەیەکم لە زار دەرنەچووە.

گانیا، بە پەستی، وەك ئەوەی تای لێهاتبێ، قسەکەی پێ بڕی و پرسی:

– نامەکەمت دایە ؟ ئەدی وەڵامەکەی کوا ؟

لێ ئاگلایا، لە هەمان ساتدا وەژوورکەوت، میرزادە فریای وەڵام دانەوە نەکەوت.

ئاگلایا، ئەلبوومەکەی لەسەر مێزەکە داناو گوتی:

– میرزادە، فەرموو ئەوە ئەلبوومەکەم. لاپەڕەیەکی لێ هەڵبژێرەو شتێکم بۆ بنووسە. ئەمەش قەڵەم، قەڵەمێکی تازە تازەیە، قەیناکات ئەگەر قەڵەمەکە مەعدەن بێ ؟ بیستوومە گوایە خۆشنووسان، قەڵەمی مەعدەنی بەکار نایەنن.

کاتێ کە دەگەڵ میرزادەدا قسانی دەکرد، لەوە دەچوو بە هیچ جۆرێ ئاگای لە گانیا نەبێت. بەڵام کاتێ کە میرزادە خەریك بوو قەڵەمەکەی تاقی دەکردەوەو دەگەڕا لاپەڕەیەك بۆ نووسینەکەی هەڵبژێرێ، گانیا چوو بۆ نزیکی ئەو سۆپایەی کە ئاگلایا لە نزیکیاو لە دەستەڕاستی میرزادەدا وەستا بوو، بە شپرزەیی و بەپچڕ پچڕی بە گوێیدا چپاندو گوتی:

– یەك وشە، تەنیا یەك وشەی تۆو، ئیدی من نەجاتم دەبێ ! میرزادە، بەلەز ئاوڕی دایەوەو نیگای هەردووکیانی کرد.

داخ و نـا ئومێدییـەکی گـەورە بەدەموچـاوی گانیـاوە دیـار بـوو. پێدەچـوو، بـێ هـیچ بیرکردنەوەیەك، وەکو یەکێك خۆی هەڵداتە ئاوەوە، ئەو قسانە بکات. ئاگلایا، بۆ چەند ساتێك، بە هەمان حەپەساوی، کە تۆزێ لەوە پێش لە هەنبەر میرزادە نیشانی دابوو، لە گانیا ڕاما. ئەو حەپەسانە کپەو، ئەو نیگا گۆنگانەی ئاگلایا کە وای دەنواند کیژێ ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نیە، بۆ گانیا، لە هەر سووکایەتی و نەفرەتێك قورسترو کاریگەرتر بوو!

میرزادە پرسی:

– چیت بۆ بنووسم ؟

ئاگلایا، ئاوڕێکی لە میرزادە دایەوەو گوتی:

– ئێستا پێت دەڵێم. ئامادەیت ؟ دەی بنووسە: " من ئەهلی سەودا نیم. ". دەی ئێستا ڕۆژو بەروارەکەشی لێ بدەو کوا پیشانمی بدە.

میرزادە، ئەلبوومەکەی دایە. ئاگلایا تەمەشایەکی کردو گوتی:

– دەستخۆش! یەجگار جوانە. دەستو خەتت زۆر جوانە. سوپاس.بەهیوای دیدار میرزادە !

ئەوسا وەکو شتێکی بیر کەوتبێتەوە گوتی:

– دەققەیەك. وەرە لەگەڵما، دەمەوێ شتێکت بە یادگاری بدەمێ.

میرزادە، دووی کەوت، بەڵام ئاگلایا کە گەییە ژووری نانخواردن وەستا. نامەکەی گانیای دایەو گوتی:

– ئەمە بخوێنەوە !

میرزادە، کە بە حەپەساوی دەیڕوانیە ئاگلایا، نامەکەی لێوەرگرت.

ئاگلایا گوتی:

– من دڵنیام کە تۆ نەتخوێندووەتەوەو ناتوانی ببی بە ڕازگری ئەم پیاوە. بیخوێنەوە. من پێت دەڵێم بیخوێنەوە.

دیار بوو نامەکە بە پەلە نووسرا بوو. میرزادە دەستی بە خوێندنەوە کرد:

" ئەمڕۆ چارەنووسی من دیاری دەکرێت، دەزانیت چۆن، دەبێ ئەمڕۆ دوا گفتی خۆم بدەم، گفتێك پەشیمانیو گەڕانەوەی تیا نەبێت. من هیچ هەقێکم بەسەر تۆوە نییە، نە شایستەی بەزەیی تۆمو نە بە ئومێدی هیچ شتێکم. بەڵام تۆ ڕۆژێك قسەیەکت کرد، تاقە یەك قسە، ئەو قسەیە شەوی تاریکی ژیانی منی روناك کردەوەو بووە بە چرای رزگاریم. ئێستا تاقە وشەیەکی دی، وشەیەکی وەکو ئەوە بڵێو – من لە فەوتان رزگار بکە– تەنیا بڵێ: "دەست لە هەمووشتێك بشۆ " لەمڕۆ زووتر نییە بە قسەت دەکەم. ئاه... ئاخر وتنی ئەو قسەیە بۆ تۆچی تێدەچێت ؟ من تەنیا خوازیاری هێمایەکی هاوخەمیو بەزەیی تۆم – و تەنیا ئەوەو هیچی دی! من حەدی ئەوەم نییە بەتەمای هیچی تر بم، چونکە شایستەی ئەوە نیم. بەڵام هەرکە تۆ ئەو وشەیەت گوت، ئەو قسەیەت کرد، جارێکی دی من بە هەژاریو بێنەوایی خۆم ڕازی دەبمو بەوپەڕی خۆشحاڵی دەگەڵ ڕەوشی پەریشانی خۆمدا دەسازێمەوە. دەست بە تێکۆشان دەکەمەوەو، بەمەش

خۆشحاڵ دەبم، ئەو وشەیەی تۆ ژیانێکی تازەم پێدەبەخشێت، تین و تاوو هێزێکی تازەم تێ دەگەڕێت.

دەیسا بەزەیی خۆتم بۆ بنوێنە — بەگیانی تۆ جگە لە بەزەیی هیچی ترم ناوێ ! لێم مەگرە، لە پیاوێکی گۆساخی نائومێد، پیاوێك کە لە حاڵی خنکاندایەو دوا هەوڵ بۆ رزگاریی خۆی دەدا، توڕە مەبە کە ئەم گۆساخیە لە رووی تۆدا دەکات. گ. ئا.

کاتێ کە میرزادە، لە خوێندنەوەی نامەکە بووەوە، ئاگلایا بە زمانێکی زبر گوتی:

– ئەم پیاوە پێی وایە کە ئەم قسەیە "دەست لە هەموو شتێك بشۆ" بە هیچ جۆرێ لەسەر من ناکەوێ، بەڵام وەکو دەبینی ئەم نامەیە خۆی لە خۆیدا جۆرە جەختکردنەوەیەکی نووسراوە. تۆ تەمەشا چەند ساویلکانەو ناشیانە و بە پەلەپەل تاکیدی لەسەر هەندێ پەیڤان کردووەو خەتی بەژێردا هێناون، بەو شێوە زبرە نیازە پەنهانەکانی خۆی دەربڕیوە. هەڵبەتە زۆر چاك دەزانێت، ئەگەر بە خوایشتی خۆی، بێئەوەی چاوەڕوانی تاقە وشەیەکی من بوایە،یان بێئەوەی باسی ئەو بابەتەی لەگەڵ مندا کردباوە، بێئەوەی زەرەیەك ئومێدی بە من بێ، بە خۆی دەستی لە هەموو شتێك شۆردبا، دوور نەبوو هاوسۆزیم دەگەڵ کردبا، لەوە بوو دۆستانە پشتیوانی لێبکەم، بە هەرحاڵ زۆر چاك ئەوە دەزانێت! بەڵام کەسێکی گڵاوە، ڕوحی پاك نییە. ئەوە دەزانێت، بەڵام زەمانەتی دەوێ. هیچ متمانەو باوەڕێکی بەخۆی نییە، دەیەوێ من هانی بدەم، تا من بە سەد هەزار ڕۆبڵ بگۆڕێتەوە.

سەبارەت بەو قسەیەش کە جارێك لە جاران من کردوومەو، لە نامەکەیدا باسی کردووەو، خۆی گوتەنی شەوی تاریکی ژیانی روناك کردووەتەوە، ئەمە درۆیەکی ڕووتەو دەست هەڵبەستی گۆساخانەی خۆیەتی. ڕاستە من جارێك، تەنیا جارێك، لە بۆنەیەکدا، بەزەییم پێیدا هاتەوەو جۆرە هاوسۆزییەکم دەگەڵدا کرد.. تومەز ئەمەی بە جۆرێکی دی لێکداوەتەوە، چونکە بابایەکی بێ چاوو ڕووە، وای لێکداوەتەوە کە ئەمە چرای کەسکەو دەتوانێت ئومێدی لەسەر بینابکات. من یەکسەر لەوە حاڵی بووم، یەکسەری نیازەکەیم خوێندەوە. ئیدی لەو رۆژەوە تا هەنووکە لە هەوڵی ئەوەدایە بمخاتە داوەوە. بەڵام خەیاڵی خاوە، ئیتر بەسە. ئەوە نامەکەی، هەڵیگرە، کە لە ماڵی ئێمە چوونە دەرێ، بێدەوە دەستی، لە بیرت نەچێ کە لە ماڵی ئێمە چوونە دەرێ ئەوسا بیدەوە.

– باشە چ وەڵامێکی بدەمێ ؟

– هیچ، ئەمە باشترین وەڵامە. یانی تۆ بە نیازی لە ماڵی واندا بژیت ؟

میرزادە گوتی:

– ئیڤان فیدوروفیچ، بە خۆی، پێشنیازی کرد کە بچمە ئەوێ.

– کەواتە ئاگات لە خۆبێت، مەحاڵە لەسەر بردنەوەی ئەم نامەیە لێت خۆش بێ! ئەمەت هەر پێ دەرێژێ !

ئاگلایا، تەوقەیەکی ساردی دەگەڵ میرزادەدا کردو وەدەرکەوت. سیمای گڕژو مۆن بوو، تەنانەت لە کاتی خوا حافیزیشدا، کاتێ کە بە ئاستەم سەری بۆ میرزادە دانەواندو دوعاخوازی لێکرد، بۆی پێکەنی.

میرزادە بەگانیای گوت:

– دەققەیەك، با بوخچەکەم بێنم، ئەوسا دەڕۆین.

گانیا، نیگەران و پەریشان ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد. سیمای لە داخا ڕەش داگەڕا بوو. ئەنجام بە دوو قۆڵی لە ماڵەکە وەدەرکەوتن و گەیینە سەر شەقامەکە. میرزادە بوخچەکەی بەدەستەوە بوو.

گانیا، پەریشان و شپرزە، چیوای نەما بوو پەلاماری بدات، پرسی:

– دەی، کوا وەڵام ؟ چی پێ گوتی؟ نامەکەمت دایە ؟

میرزادە، بێئەوەی ورتەی لێوە بێت، نامەکەی دایە. گانیا لە جێی خۆی وشك بوو. هاواری کرد:

– ئەمە چیە ؟ نامەکەی خۆمە ؟ ئاه... نامەکەی نەداوەتێ ! دەبوایە زوو ئەمەم زانیبا! دەك بەنەعلەتی خوا بی... ئێستا دەزانم، کە ئاگلایا بۆچی ئەوەندە ساردو سڕ بوو، ئاگای لە هیچ نەبوو! تومەز نامەکەی نەداوەتێ! باشە بۆچی نامەکەت نەداوەتێ ؟ .. نەعلەتی خوا لە...

– ببورە، من نامەکەم دایە. دوای ئەوەی تۆ نامەکەت دامێ، ڕێکەوت وای هانی، یەکسەر نامەکەی بدەمێ، ڕێك بەو شێوەیە دامێ کە تۆ دەتویست. کە نامەکەم بۆ هێناویتەوە، مانای وانییە کە نەمداوەتێ، ئاگلایا خۆی دایمێ کە بۆتی بێنمەوە.

– کەی ، کەی پێتی دایەوە ؟

– ئەو کاتەی کە لە نووسینی ناو ئەلبوومەکەی بوومەوەو، داوای لێکردم کە لەگەڵیا بڕۆم – بەخۆت گوێت لێنەبوو!– کە گەیینە ژووری نانخواردن، ئەم نامەیەی دامێ، داوای لێکردم بیخوێنمەوەو پاشان بۆتی بێنمەوە.

گانیا، بەدەنگی بەرز، بە نیمچە هاوارەوە گوتی:

– بیخوێنیتەوە ؟ نامەکە بخوێنیتەوە ؟ جا خوێندتەوە ؟

گانیا، لە ناوەڕاستی شۆستەکەدا، هایم و حەیران، بزمار ئاسا لە جێی خۆی چەقی، لەسەرسامیدا دەمی بستێ داچەقی بوو....

میرزادە گوتی:

– بەڵێ، خوێندمەوە .

– یانی خۆی دایتێ کە بیخوێنیتەوە ؟ یانی خۆی خۆی ؟

– بەڵێ، بەدەستی خۆی دایمێ. باوەڕبکە، ئەگەر بە خۆی زۆری لێنەکردبام، هەرگیز نەمدەخوێندەوە.

گانیا، بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، هەوڵی دەدا حەواسی خۆی جەم بکات و شتێك لەم مەتەڵە حاڵی بێت. لەناکاودا هاواری کرد:

– مەحاڵە ! داوای لێکردبێت نامەکە بخوێنیتەوە! تۆ درۆ دەکەی! تۆ خۆت، لە خۆتەوە، بەبێ پرس خوێندووتەوە.

میرزادە ، بە هەمان نەرمی و ئارامی بەرسڤی دایەوە:

– باوەڕ بکە، درۆت دەگەڵ ناکەم، زۆریشم پێناخۆشە، کە ئەوەندە بەم ئیشە نیگەران و ناڕەحەتی.

– ئاخر هەی بەدبەختی نەگریس، خۆ بەلای کەمەوە کاتێ کە نامەکەی پێ داویتەوە، شتێکی هەر پێ گوتوویت. جوابێکی پێدا ناردوویتەوە، وایە ؟

– با، با!

– ئەدی بۆ قسە ناکەی ! دەمت کرێی دەوێ !

گانیا، بۆ جاری دووەم، بەو حاڵەوە، لە ناوەندی شۆستەکەدا وەستاو پێی ڕاستی بە عاردیدا دەکێشا.

میرزادە گوتی:

– کە لە خوێندنەوەی نامەکە بوومەوە، گوتی گوایە تۆ دەتەوێ بیخەیتە داوەوەو وەعدو بەڵێنێکی ئەوتۆی لێوەربگریت، کە بتوانی بەبێ ترس دەست لە هەموو شتێك بشۆیت و هیچ زەرەرێك نەکەیت،و ئەو بە سەد هەزار رۆبڵ بگۆڕیتەوە. وتی ئەگەر خۆ بە خۆو بەخوایشتی خۆت ئەوەت کردبا و داوای هیچ زەمانەتێکی پێشوەختەت لەو نەکردباو دەستت لە هەموو شتێك شۆردبا، لەگێن بوو بتوانی دۆستایەتی وی بە دەست بێنی، لەوە بوو پشتیوانی لێکردبایت. پێموایە ئەوە هەموو قسەکانی بوو. نا، شتێکی تریشی گوت. کاتێ کە نامەکەی دامێ، لێم پرسی ئەدی وەڵامەکەی، گوتی بێ وەڵامی باشترین وەڵامە. پێموایە شتێکی لەو بابەتەی گوت: بمبوورە ئەگەر دەقی قسەکانی ویم بیر نەمابێ، من ئەوەت بۆ دەگێڕمەوە کە خۆم تێی گەییوم.

گانیا، لە ڕادەبەدەر توڕە بوو، ڕقێکی وا دایگرتبوو، خۆی پێ جڵەو نەدەکرا، بەدەم دانەچیڕێوە گوتی:

– ئاوها... بوو بەوەی نامەکانم لە پەنجەرەوە توڕ بدات! ئاوها.. ئەو ئەهلی سەودا نییە ! چاکە... زۆر چاکە... بەڵام من ئەهلی سەودام و دەشی کەم... کەسێ نەمرێ دەیبینین! بزانە چۆنی نیشان دەدەم ! من هێشتا هەموو شتێکم نەگوتووە... بەخۆی دەیبینێ !... خەبەری منی دەگاتێ !....

دەم و چاوی گرژ دەبوو، ڕەنگی سپی تر دەبوو، کەف دەپرژاند، کۆڵەمستی دەگوشی، قامکی رادەوەشاندو هەڕو گیڤی دەکرد. بە جووتە، بەو حاڵەوە چەند هەنگاوێك ڕۆییشتن. گانیا، هیچ حیسابێکی بۆ میرزادە نەدەکرد، دەتگوت بە تاقی تەنیا لە ژوورەکەی خۆیدایەو کەسی لەلا نییە. لە ناکاودا بیرۆکەیەکی بەمێشکا هات و لە میرزادەی پرسی:

– باشە تۆ چۆن توانیت ( لە دڵی خۆیدا گوتی تۆی گێلۆکەی ئەبڵە ) چۆن توانیت، بەم خێراییە، لە زەرڤی دوو سەعاتدا، متمانەی ئەو بە دەست بێنی و ببی بە مەحرەمی رازی ؟ ئاخر چۆن ؟ بە چ ڕێگەیەك ؟

هەر لەغیرەی کەم بوو، وا ئەویشی هاتە سەر، تیری غیرە دای لە جەرگی، نۆبەتی ئەو قەوانەیە، بە خۆی عەزابی کەم بوو، ئەوەشی هاتە سەریٚ. میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– ناتوانم، هۆی ئەمەت بۆ ڕوون بکەمەوە !

گانیا، نیگایەکی نامەردانەی شەڕانی کردو گوتی:

– باشە کە تۆی برد بۆ ژووری نانخواردن، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوە نەبوو کە متمانەی پێتە ؟ ئەدی نەیگوت حەزدەکات یادگارییەکت بداتیٚ ؟ وا نییە ؟

– منیش هەر وا تێگەییشتم !

گانیا، زۆر شپرزە بوو. لە ناخەوە دەکولاٚ، هەرچی دەکرد نەیدەتوانی حەواسی جەم بکات... بە پەریشانی لەسەری ڕۆیی:

– بەلاٚم بۆچی ؟ بەڕاستی سەیرە !... باشە لەویٚ چیت کرد ؟ چۆن توانیت، بەو خێراییە متمانەی ئەو بەدەست بێنی ؟ گویٚ بگرە... باشە ناتوانی چیتان وتووە، وەبیر خۆتی بێنیتەوەو وەکو خۆی بەریز، لە سیری تا پیازی بگێڕیتەوە ؟ یانی شتێکتان نەگوت مایەی سەرنج بیٚ و، ئێستا بیرت بێتەوە ؟.

میرزادە، وەلاٚمی دایەوە:

– با، دەتوانم... هەوەڵجار هەر کە وەژوورکەوتم و تەعارفومان کرد، کەوتینە باسی سویسرا.

– سویسرا نا، سویسرام بەقوڕیٚ گرت !...

– پاشان، باسی سزای ئیعدامەمان کرد...

– سزای ئیعدام ؟

– بەڵیٚ، هەروا بە شێوەیەکی لامسەرلایی باسی ئیعدامەمان کرد. پاشان باسی ئەوەم بۆ کردن کە چۆن سیٚ دانە ساڵم لەوێندەر بەسەر بردووە و ئەوسا باسی کیژە گوندییەکی داماوو بێنەوام بۆ کردن.

گانیا، بەوپەڕی بێتاقەتی گوتی:

– واز لە کیژە گوندی داماو بێنە، سەری بە قەبری بابی! دەی تەواوی بکە، چیتر ؟

گانیا، لە نیگەرانیدا، خۆی پێنەدەگیرا. میرزادە لەسەری رۆیی:

– ئەوسا، باسی ئەوەم بۆ کردن کە ڕەئی شنایدەر سەبارەت بە تەبیعەتی من چی و چۆن بووە، چۆن هانی دام کە....

– واز لە شنایدەر بێنە ، ڕەئی ئەوم بۆ چییە! دەی چیتر؟

– ئەوسا نازانم چۆن بوو کە بابەتێکی دی هاتە پێشەوەو باسی دەموچاوو خوێندنەوەی دەموچاوم بۆ کردن... یانی حاڵەتی دەموچاو... بەدەم قسانەوە گوتم جوانی ئاگلایا ئیڤانوڤنا، تەقریبەن شان لە شانی جوانی ناستاسیا فیلیپوڤنا دەدات... ئیدی لەو کاتەدا، لە دەممم دەرچوو و، بیٚ هیچ مەبەستێك، باسی وێنەکەیم کرد.

– خۆ باسی ئەو شتەت بۆ نەکردن کە لە نووسینگەکە گوێت لێبوو، وا نیە ؟ بۆت نەگێڕانەوە؟ هیوادارم نەت گێڕابێتەوە.

– دڵنیابە، شتی وام نەکردووە. نەخێر بۆم نەگێڕانەوە...

– بەڵام... سەیرە... ئاگلایا نامەکەی بە دایکی نیشان دا ؟

– دەتوانم سوێندت بۆ بخۆم کە نەخێر، پیشانی نەدا. من بۆ چاو تروکانێکیش بە جێم نەهێشتن، بۆیە ئەگەر بیویستایە نیشانیشی بدات، بۆی نەدەلوا.

– بەڵام ڕەنگە شتێك رووی دابێتو تۆ پێت نەزانی بێت...

ئەوسا گانیا، بە جارێ دەهری بوو، لە دین دەرچوو و، هاواری کرد:

– ئاخ لە دەست تۆی گێلی دومۆر! گێژە تەنانەت ناتوانی شتەکانیش بە وردی بگێڕیتەوە!

گانیا، کە جنێوی یەکەمی داو رووبەڕووی هیچ کاردانەوەیەك نەبووەوە، وەکو چۆن هەندێ کەس لەو حاڵەتەدا چەشە دەبن، ئەویش بەو ئاوایە چەشە بوو و شوولی لێهەڵکێشا. بە ڕادەیەك توڕە بوو بوو، لەگێن بوو بگاتە تف کردن. بەڵام هەمان توڕەیی کوێری کردبوو. دەنا دەبوایە لە زووەوە سەرنجی ئەوەی دابا، کە ئەم گێلەی ئەو گاڵتەی پێدەکات، هەندێجار زۆر بە خێرایی لە شتان دەگاتو، بە باشیش دەتوانێ بگێڕێتەوە. لە ناکاودا، بویەرێکی چاوەڕوان نەکراو رووی دا.

میرزادە لە ناکاودا گوتی:

– گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم ئەگەرچی جاران، ئەوەندە نەخۆش بووم کە بە گێلو ئەبلەیان دەزانیم، بەڵام لە مێژە چاك بوومەتەوە، زۆرم پێناخۆشە خەڵکێك رووبەڕوو پێم بڵێ گێل یان ئەبلە. ڕاستە تۆ لە وەزعو حاڵێکی نالەباردایتو ڕەنگە پیاو پاکانەیەکت بۆ بکاتو چاوپۆشیت لێبکات، بەڵام تۆ لەوساوە تا ئێستا دوو سێ جارت جنێو دامێ، کە هەرگیز ئەمەت لێ قەبووڵ ناکەم، بە تایبەتی کە هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەمە. تۆ لە خوتو خۆڕایی شەڕ بە من دەفرۆشیت. جا ئێمە ئەگەر لە ئێستاوە ئاوا بین، باشتر وایە هەر لێرەوە، لەم سەر جادەیەوە لێکدی جیا بینەوە، تۆ دەستە ڕاست بگرەو بڕۆ بۆ ماڵەوەو منیش دەستە چەپ دەگرمو دەڕۆم، بیستو پێنج ڕۆبڵم پێیەو بۆ خۆم ئوتێلێك دەدۆزمەوە.

گانیا، کە سەراسیمە بوو بوو. لە شەرمەزاریدا سوور بووەوەو بای دایەوەو کەوتە نەرمکێشی، کەوتە داوای بوردنو لە جنێوی ناشیرینەوە بای دایەوە بۆ ڕێزو حورمەتو بە گەرمی گوتی:

– میرزادە بمبورە، تۆ ئەو خوایە لێم ببورە... بەخۆت دەبینی لە چ وەزعو حاڵێکام، چۆن گیرۆدە بووم. تۆ هێشتا ئاگات لە هەموو مەسەلەکە نییە، هەموو شتێك نازانیت، ئەگەر زانیبات بێگومان، بەلای کەمەوە، تا ڕادەیەك دەتبەخشیم، هەرچەندە ئەم ڕەفتارەم هی بەخشین نییە...

میرزادە، بەلەز بەرسڤی دایەوە:

– پێویست بەو هەموو عوزرخوازییە ناکات. من تێت دەگەم، دەزانم ئەم رەفتارە نالەبارەت، زادەی وەزعو حاڵە ناهەموارەکەتە. دەی گوێ مەدەیە، با بڕۆینەوە بۆ ماڵی ئێوە، من لەلای خۆمەوە هیچم لە دڵ نەما.

گانیا، بە دەم ڕێوە، بە بوغزو کینەوە دەیڕوانییە میرزادەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " نا، مەحاڵە بێڵم، بەو جۆرە بەبێ ئارەق دەربچێت. ئەم فێڵبازە، ئەم فریبۆکە، هەرچی رازو نهێنیم

هەیە، لێی دەرهێنام، ئێستاش ئەوەتا دەمامکەکەی لێ فڕێ داوەو... نا، ئەم ماستە موویەکی تێدایە. بەڵام پەلە مەکە. هەموو شتێك دەردەکەوێت، هەموو شتەکان ئاوەڕۆی خۆ وەردەگرن، هەموو شتێك، ئەمشەو هەموو شتێك یەك لایی دەبێتەوە !".

بەدەم ئەو قسانەوە گەیی بووونە بەر دەرگا.

## فەسڵی هەشتەم

خانووەکەی ماڵی گانیا لە قاتی دووەمدایە، بە قاڵدرمەیەکی پاك و خاوێنی بەرین و ڕوناك بۆی سەردەکەویت، بریتیە لە شەش ژوور، بە پانتایی جیاواز. ئەگەرچی ئەم خانووە، خانوویەکی ئاسایی بوو، بەڵام کرێیەکەی لە توانای فەرمانبەرێکی بچووکدا نەبووکە ئەرکی بەخودانکردنی خێزانی بەسەرەوە بێ، با مووچەی ساڵانەی بگاتە دوو هەزار رۆبڵێکش. بەڵام ئەم خانووە وا دروست کرابوو کە دەشیا وەکو پانسیون بەکرێ بدرێ و سوودێکی لێ ببینرێ. هەمووی دوو مانگێك بوو، هەرچەندە گانیا پێی ناخۆش بوو، لە لایەن نینائالکساندروفنای دایکی و ڤارڤارای خۆشکییەوە وەکو پانسیۆن بەکرێ درابوو، چونکە ئەو دوو ئافرەتە سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەوانیش کارێك بکەن و دەستکەوتێکیان هەبێ و سووکە بەشدارییەك لە دەرامەتی خانەوادەکەیاندا بکەن. گانیا، کە بە تەمای ئایندەیەکی پرشنگدار بوو، ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو، هێنانی کرێچی، بە جۆرە سووکایەتیەك دەزانی، بۆیە لەوەتای هاتبوونە ئەم خانووە، شەرمی دەکرد لە کۆڕو کۆمەڵاندا دەربکەوێت و ئەمە زامێکی قووڵی کردبووە دڵ و دەروونی. بۆیە، ماوەیەك بوو، بە بچووکترین شت نەك هەر توڕە، بەڵکو دەهری دەبوو، لە دین دەرچوو، جا کە تەحەمولی ئەو وەزعەی دەکرد، بەو ئومێدە بوو کە لێبڕا بوو لە کورت ترین ماوەدا تێکڕای ئەو وەزعە بگۆڕێت. بەڵام هەر ئەو گۆڕانەی کە ئەو بە تەمای بوو،و ئەو ڕێگەیەی ئەو بەو نیازە گرتبوویە بەر، ئەوەندە قورس و دژوار بوو کە نەك باری سەر شانی سووك نەدەکرد، نەك کێشەو گرفتەکانی کەم نەکردەوە، بەڵکو زۆر لە جاران دژوارترو زۆرترو بە ئازارتری کرد.

داڵانێکی سەرانسەری، خانووەکەی کردبوو بە دوو بەشەوە. بەشی یەکەم بریتی بوو لە سێ ژوور کە تەنیا بە کرێچیانی سفارشتی بە کرێ دەدران. هەر بەو دەستەداو، لە کۆتایی داڵانەکەداو، لە نزیکی موبەقەکەدا، ژوورێکی چکۆلە، چکۆلەتر لە هەموو ژوورەکانی دیکە، هەبوو. تەختەخەوێکی گەورەی تیا بوو، سەرگەڤاری ماڵ، واتە جەنەراڵی خانەنشین ئیڤولگین، لەو ژوورەدا دەژیاو دەخەوت. ئەم پیاوەیان ناچار دەکرد، بە موبەقەکەداو لە قاڵدرمەی خزمەکارەکانەوە هاتوچۆ بکات. (کولیا)*ش، برا چکۆلەکەی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، هەر لەو ژوورە چکۆلەیەدا، دەژیا، نیکولای (کولیا) قوتابی ناوەندی بوو، تەمەنی سیازدە ساڵان بوو،

ئیدی ناچار بوو لەم ژووره تەنگەدا دەرسەکانی دەوربکاتەوە، بخەوێت، کەتێکی شەق و شڕی، کورتی، باریکی هەبوو، نوێنەکانی کۆن و شڕ بوون. بەو حاڵەشەوە دەبوایە ئاگای لە بابی بێت و سەرپەرشتی بکات، چونکە جەنەراڵ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێویستی بە یارمەتی ئەو دەبوو.

ژووری ناوەڕاستیان دا بە میرزادە، ژوورەکەی لای ڕاستی ئەم ژووره، فردیش چینکۆی تیا بوو، ژووری سێیەم، واتە ئەوەی لای چەپی ژوورەکەی میرزادە هێشتا چۆڵ بوو. بەڵام گانیا، لە پێشا میرزادەی برد، بۆ ئەو بەشەی خانووەکە، کە ماڵی خۆیانی تیا بوو. ئەم بەشە بریتی بوو لە ژووری میوان و پێشوازی کە لە کاتی پێویستدا، دەکرا بە ژووری نانخواردنیش، ژووری دانیشتن کە لە راستیا تەنیا بە ڕۆژەوە ژووری دانیشتن بوو، دەنا هەر کە شەو دادەهات ئیدی دەبوو بە ژووری کارو نووستنی گانیا، ژووری سێیەمیش، ژوورێکی بچکۆلە بوو، هەمیشە داخرا بوو، ئەمە ژووری نینا ئالکساندروڤناو ڤارڤارا ئاردالیوڤنا بوو. بە کورتیەکەی هەموو شتێك لەم خانووەدا تێك ترنجا بوو، یەجگار تەنگەبەرو ناخۆش بوو. گانیا، لە حەژمەتاندا هەر دانی دەکرۆشت. هەرچەند، هەوڵی دەدا مدارای دایکی بکات و ڕێزی بگرێت، بەڵام هەر کەسێك دیتبای، یەکسەر هەستی دەکرد کە ئەو سەرگەڤارو فەرمانڕەوای خانەوادەکەیە.

نینا ئالکساندروڤنا بە تەنیا لە ژووری میوان (هۆڵەکە) نەبوو، بەڵکو ڤارڤارا ئاردالیونوڤناشی لەگەڵدا بوو. هەردووکیان بەدەم چنینکارییەوە خەریکی گفتوگۆ بوون دەگەڵ ئیڤان پتروفیچ پتیتسندا کە میوانیان بوو. نینا ئالکسندروڤنا کە نزیکەی پەنجا ساڵێك دەبوو، ژنێکی دەموچاو لاوازی گۆنا قوپاو بوو، ژێر چاوانی بە ئاستەمێك شین دەچووەوە. نەخۆش و لەش بەبار دەهاتە بەرچاو. بەڵام سیماو نیگای جوان و دڵگیر بوو. پیاو لە یەکەم قسەیدا بۆی دەردەکەوت کە ژنێکی بە تەبیعەت و جدی، سەلارو بەویقار، سەر ڕاست و سەنگینە. ڕاستە بە ڕواڵەت و بە سیما خەمین و خەمبار بوو، بەڵام بە دڵ ئاوەدان و ورە بەرز بوو، جل و بەرگەکەی یەجگار خاکیانەو سادە بوو، مەیلەو ڕەش و پتر لە جل و بەرگی ژنانی پیرتر دەچوو. بەڵام هەڵس وکەوت و رەفتاری، دەم و دوو و گفتولفتی، هەر هەمووی ئەوەی دەنواند کە لە ژینگەو کۆمەڵگەیەکی باڵاترو باشتردا ژیاوەو پەروەردە بووە.

بەڵام ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، کچێك بوو لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا، دەستەباڵا، باریکەلە، ئەندام وردیلە. هەرچەند دەموچاوی جوان نەبوو، بەڵام نهێنییەکی تیابوو، بەبێ جوانی، رای دەکێشایت. زۆر لە دایکی دەچوو، جل و بەرگێکی ساکاری، تەقریبەن وەکو جل و بەرگەکەی دایکی، لەبەرا بوو، جلەکانی زۆر لێدەهات. چاوەکەژاڵەکانی، هەندێجار زۆر گەش و زیت بوو، بەڵام بە زۆری مەند و قوڵ و خەیاڵاوی بوون، بە تایبەتی لەو دواییانەدا. کە سەیرت کردبا، یەکسەر بۆت دەردەکەوت کە مرۆڤێکی مەندو سڕقایم و بە ورەیە. تەنانەت بە دەموچاویا، لە دایکیشی مەندترو بە شەخسیەت تر دیار بوو. ڤار ڤارا، خووو تەبیعەتێکی ئاگرینی هەبوو، هەڵچوونەکەی لەوەدا نەبوو، تەنانەت براکەیەشی هەندێجار لێی دەترسا. ئەو میوانەش کە قسەیان دەگەڵا دەکرد، لە هەڵچوونەکانی وی دەترسا. میوانەکەیان (پتیتسن)، پیاوێکی هێشتا گەنج بوو، لە تەمەنی سی ساڵیدا بوو، جلێکی ساکار، بەڵام جوانی لەبەر بوو. ڕەفتاری نەرم و

نیـان بـوو، بـەڵام بڕێـك دەسـتكردبوو. ڕدێنـە كورتـە سـوورەكەی ئـەوەی نیشـان دەدا كـە نـە فەرمانبـەری حكومەتیـەو نـە قەناعـەتی بـە وەزیفـەی فـەرمی هەیـە. قسـەكردنی زیرەكانـەو مایـەی سەرنج بوو، بەڵام زۆربەی كات بێدەنگ بوو. بە شێوەیەكی گشتی خۆشەویست بووو، دەچووە دڵـەوە، بـە زەقـی دیـار بـوو كـە دڵبەسـتەی ڤـار ڤـارا ئاردالیونوفنـا بـوو، و هـەوڵی نـەدەدا ئـەم دڵبەستەییە بشارێتەوە. ڤار ڤاراش دۆستانە ڕەفتاری دەگەڵ دەكرد، بەڵام وێرای ئەوەش خۆی لە وەڵامی هەندێ پرسیاری وی دەبواردو تەنانەت بە ساردیش بەرسڤی دەدایەوە. وێڕای ئەوەش پتیتسن هەر كۆڵی نەدەدا. نینا ئالكسندروفنا، زۆری ڕوودەدایەو دەگەڵیا میهرەبان بوو، بگرە لەو دواییانـەدا وای لێهاتبوو گرێی دڵـی خـۆی بۆ دەكردەوە. لـە لایـەكی تریشـەوە وا بـاوبوو كـە پتیتسـن لـە ڕێگـەی سـووتخۆرییەوە، پارەیـەكی بـاش و مسـۆگەر بـە دەسـت دێنـێ. ئـەم پیـاوە لـە دۆستە نزیكەكانی گانیا بوو.

گانیا، بە پەلە پەل میرزادەی پێ ناساندن، زۆر بە تووڕەیی سڵاوی لە دایكی كرد، سڵاوی لـە خوشكەكەی هەر نەكرد، ئەوسا خێرا پتیتسنی دەگەڵ خۆیدا بردە دەرێ.

نیناائالكساندروفنا، خێر هاتنی میرزادەی كرد، ئەوجا بە كولیای، كە هاتبووە بەر دەرگاكە، گـوت، میرزادە بـەرێت بـۆ ژووری ناوەڕاست. كولیا، كـوڕێكی ڕوو خـۆش و سادەو متمانـە بـەخۆ بوو.

كولیا، كە میرزادەی بۆ ژوورەكە برد، پرسی:

– ئەدی كوا شتومەكەكانت ؟

– هەر بوخچەیەكم هەیە، ئەویشم لە هۆڵەكە دانا.

– ئێستا خـۆم بـۆتی دێـنم. ئێمـە تـەنیا ئاشـپەزەكەو ماتریونـای كارەكـەرمان بـە دەسـتەوەیە، خزمەتكاری دیمان نین، بۆیە دەبێ منیش یارمەتیان بدەم. ڤاریا (سوكەڵە ناوی ڤارڤارایە) ماڵ بەڕێوە دەبات و هەمیشە سەرقاڵە. گانیا، گوتی: تۆ ئەمڕۆكە لە سویسراوە هاتوویت، وایە ؟

– بەڵێ، دروستە .

– باشە سویسرا خۆشە ؟

– زۆر.

– كوێستانە ؟

– بەڵێ. شاخی زۆرە.

– زۆرباشە، دەچم بوخچەكەت بۆ دێنم.

لەم كاتەدا ڤارڤارا، خۆی بە ژوورا كردو گوتی:

– ماتریونا، نوێنەكانت بۆ دێنێ و تەختە خەوەكەت بۆ چاك دەكات. جانتات پێیە ؟

– نەخێر، تەنیا پریاسكەیەكم پێیە. براكەت چووە بیهێنێ، لە هۆڵەكە دامناوە.

كولیا، لەم كاتەدا، هاتەوەو گوتی:

– هەر ئەم بوخچە بچوكەی لێبوو، ئەدی شتەكانی دیكەت لە كوێ داناوە ؟

میرزادە، كە بوخچەكەی لە دەستی وەردەگرت، بەرسڤی دایەوە:

– هەر ئەمەیە، هیچی ترم نییە.

– ئاوها... ترسام، فردیش چینکۆ، بردبێتی.

ڤارڤارا، بە تورەیی گوتی:

– قسەی بێ مانا مەکە !

ڤارڤارا، زمانی زبر بوو، تەنانەت میرزادەشی بە زمانێکی زبر دواند. برایەکەی پێی گوت:

– ڤاریا گیان! دەتوانی بە زمانێکی نەرمتر قسەم دەگەڵ بکەیت. خۆ من پتیتسن نیم.

– کولیا، هەقە بەر شەلاقیشت بدەم، چونکە زۆر کەودەنی.

ئەوجا رووی کردە میرزادەو گوتی:

– هەرچییەکت پێویست بوو بە ماتریونا بڵێ. ئێمە سەعات چوارو نیو، شێو دەخۆین، ئیدی تۆش سەرپشکی کە بێی دەگەڵ ئێمەدا نان بخۆیت، یان بۆت بێنن بۆ ژوورەکەی خۆت.

ئەوسا رووی کردە گانیاو گوتی:

– دەی گانیا وەرە دەرێ، میرزادە نارەحەت مەکە !

– بەڵێ، ئەمرە فەرمووی !

لەو دەمەدا کە دەردەچوون، لووتیان تەقی بە لووتی گانیاوە.

گانیا، لە کولیای پرسی:

– باوکە لە ماڵەوەیە ؟

کە کولیا وەڵامی دایەوە باوکە لە ماڵەوەیە، چەند وشەیەکی بەگوێیدا چپاند. کولیا سەری رەزامەندی بۆ لەقاندو وەدەرکەوتو دوای ڤارڤارا کەوت.

– میرزادە، دەمەوێ دوو قسەی ترت دەگەڵ بکەم... لەبەر جەنجاڵی بیرم چوو بوو! تکایەکی دۆستانەم لێت هەیە، مەردی چا بەو ئەم چاکەیەم دەگەڵ بکە: تکایە ئەگەر زەحمەت نیە، لێرە باسی ئەو شتە مەکە کە لە بەینی منو ئاگلایادا رووی دا و لەوێش باسی ئەو شتانە مەکە کە لێرە دەیبینی. چونکە وەزعو رەوشی ئێرەش هەمووی هەر جوانو باش نییە، هەرچەندە زۆریش بەلامەوە گرینگ نییە... بە هەرحاڵ، هەوڵبدە بەلای کەمەوە ئەمڕۆکە، هەر ئەمڕۆ زمانی خۆت بگرە.

میرزادە، لەم گلەییانەی گانیا پەست بوو، گوتی:

– دڵنیات دەکەمو باوەڕبکە زۆر لەوە کەمتر قسەم کردووە کە تۆ تەسەوری دەکەیت.

بەزەقی دیار بوو کە پەیوەندی نێوان ئەم دووە خراپو خراپتر دەبوو.

گانیا گوتی:

– بە هەر حاڵ، ئەمڕۆکە بەسایەی تۆوە تووشی دەردەسەرییەکی زۆر بووم. بە کورتیەکەی ئەو تکایەم لێت هەیە.

میرزادە گوتی:

– گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، حەزدەکەم ئەوە بزانیت کە من ئەوساکەو لەوێندەر هیچ مەوعیدێکم دەگەڵ تۆداو دەگەڵ کەسی تردا نەبوو، هیچ قەولو بەڵێنێکیشم بەتۆ نەدابوو، تۆش هیچ

داوایەکت لە من نەکردبوو، ئیدی بۆچی نەدەبوو باسی وێنەکە بکەم ؟ تۆ بە منت نەگوتبوو باسی نەکەم.

گانیا، لە کاتێکا بە پەستی دەیڕوانیە دەوروبەری گوتی:

– ئۆف. کە ژوورێکی ناخۆشە! چەند تاریکە! خۆ پەنجەرەکەشی بەسەر حەوشەکەدا دەڕوانیْ! ئەو وەختە بەختت خەوت کە ڕێت کەوتە ئەم شوێنە. بە هەرحالْ، ئەمە پەیوەندی بە منەوە نییە، نە لە دوورو نە لە نزیك پەیوەندی بە منەوە نییە. من هەقم بەسەر ئەم کریْو کرێدارییەوە نییە. ئەمە ئیشی من نییە!

لەم کاتەدا پتیتسن سەرێکی کێشایە ژوورەوەو گانیای گازکرد. گانیا، بەلەز میرزادەی بە جێهێشت و وەدەرکەوت، هەرچەندە دیار بوو هێشتا زۆر شتی دیکەی پیْ مابوو بیلْیْ،بەلاْم نەیدەزانی چۆن و لە کوێوە دەست پێبکات، شپرزەو پەشێو بوو، تەنانەت کە زەمی ژوورەکەشی دەکرد، زیاتر بۆ شاردنەوەی نیگەرانی و پەشێوییەکەی خۆی بوو.

میرزادە، هێشتا بە تەواوەتی لە دەست و چاو شۆردن نەبووبووەوە، کە جارێکی دی درزێك کەوتە دەرگای ژوورەکەی و دەموچاوێکی تازەی لیْ پەیدا بوو. کابرایەك بوو، نزیکەی سی ساڵان، بالاْبەرز، چوارشانە، سەرزلێکی قژلوولی، قژسوور، سوورەیەکی دەموچاو گۆشتن بوو، لێوی ئەستوور، کەپووی پان و فس، چاوەکانی چکۆلەو بە قولاْچوو، لەتۆ وایە بەردەوام و بە شێوەیەکی کۆمیدی دەتروکێن. بەشێوەیەکی گشتی جۆرە لاساری و گۆساخیەکی پێوە دیار بوو. جل وبەرگەکەی شڕو شەپڕێو دیاربوو.

هەوەڵجار، دەرگاکەی بایی ئەوەندە کردەوە، کە سەری هێنایە ژووریْ. ئەم سەرە بۆ ماوەی چەند ساتێك چاوی بە ژوورەکەدا گێڕ دا، ئەوجا دەرگاکە بەرەبەرەو بە ئەسپایی کرایەوە. هەموو قەدو قەلاْفاتی کابرا لە ئاستانەی دەرگاکەوە دەرکەوت، بەلاْم وێڕای ئەوەش یارۆ نەچووە ناو ژوورەکە، بەڵکو چاوەکانی چکۆلە کردنەوەو کەوتە نۆڕینی میرزادە. ئەنجام دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، نزیك بووەوە، کورسییەکی هەڵگرت و لەسەری دانیشت، دەستی میرزادەی توندگرت و لەسەر کەتەکە داینا، لە کاتێکا بەسەرسامی چاوی بڕی بووە چارەی میرزادە، خۆی پیْ ناساند:

– من فردیش چینکۆم...

میرزادە، کە چیوای نەما بوو لە قاقای پێکەنین بدات، گوتی:

– باشە، مەبەستت ؟

فردیش چینکۆ، کە حۆڵ حۆڵ و بیْ هیچ مەبەست و ئامانجێك تەمەشای دەکرد، لەسەری ڕۆیی:

– یەکێکم لە کرێچیانی ئێرە.

– دەتەویْ تەعاروف بکەین، یەکتر بناسین ؟

– یانی!...

بەدەم ئەو وەڵامەوە، قامکی لە قژی خۆی ناو چاوی بڕییە سووچەکەی ئەوبەری ژوورەکە، ئاهێکی هەڵکێشاو ئەوجا ئاوڕی لای میرزادەی دایەوەو لە ناکاوا لێی پرسی:

– هیچ پارەو پولێکت هەیە ؟

– کەمێك

– یانی چەند ؟

– بیست و پێنج ڕۆبڵ .

– کوا نیشانمی بدە .

میرزادە، ئەسکەناسێکی بیست و پێنج ڕۆبڵی لە بەڕکی ئێلەکەکەی دەرهێناو دایە دەست فردیش چینکۆ. ئەویش کردییەوە، تەمەشایەکی وردی کرد، ئەم دیوو و ئەو دیوی کرد، دایە بەر روناکییەکەو لە فکران ڕاچوو، ئەوجا گوتی:

– سەیرە! بۆچی ڕەنگی وا تۆخ دەبێت ؟ ئەم بیست و پێنج رۆبڵیانە، هەندێکیان ڕەنگیان زۆر تۆخ دەبێت، کەچی هەندێکی تریان، بەتەواوەتی ڕەنگیان دەگۆڕێت. فەرموو بیگرە.

میرزادە، ئەسکەناسەکەی وەرگرتەوە. فردیش چینکۆ لەسەر کورسیەکەی هەستاو بە میرزادەی گوت:

– من بۆیە هاتم تا یەکەم ئاگادارت بکەمەوە کە نەخەڵەتابی قەرزم بدەیتێ، چونکە گومانی تیا نییە کە داوای قەرزت لێدەکەم، جا نەکەی دڵت نەرم بێ و قەرزم بدەیتێ...

– بەڵێ، باشە.

– بەتەمای بە کرێ لێرە دانیشیت ؟

– بەڵێ، بە نیازم.

– بەڵام من کرێ نادەم. سوپاس. ژوورەکەم بە تەنیشت ژوورەکەی تۆوەیە، یەکەم ژووری سەمتی ڕاستی ژوورەکەی تۆیە. دیتوتە ؟ هەوڵبدە زوو زوو سەردانم نەکەیت. بەڵام دڵنیابە کە من دێمە دێدەنیت، ناڕەحەت نەبیت. باشە جەنەراڵت دیتووە ؟

– نا.

– گوێت لە دەنگی بووە ؟

– هێشتا، نەء !

– خەمت نەبێ، کەسێ نەمرێ هەم دەیبینی و هەم گوێشت لێی دەبێت. شووم و بەدفەڕێکی ئەوتۆیە، تەنانەت چاوی لەوەیە لاتێکی وەکو من قەرزی بداتێ. ئەوا پێم وتی ها، دوای نەڵێی. "ئاگادارییەکە بۆ خوێنەر!"... خودا حافیز. وەرە پیاو ناوی فردیش چینکۆ بێ وبتوانێ بژی، دەتوانێ بژی ؟ ها ؟

– بۆ نا ؟

– خواحافیز.

فردیش چینکۆ، بەرەو دەرگاکە رۆیی. پاشان میرزادە، بۆی دەرکەوت کە ئەم بەرێزە، بە شۆخی و نوکتەبازی و بێ موبالاتی و خەمساردیەکانی خۆی، خەڵکی ناڕەحەت دەکرد، بەڵام لەم

دەورەدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو، هەندێجار خەڵکانێك زۆر لێی بێزار دەبوون و بەگژیا دەچوونەوە، تەریقیان دەکردەوە، ڕاستە لە دڵەوە بەوە نارەحەت دەبوو، بەڵام ئەو خووەی تەرك نەدەکرد.

فردیش چینکۆ، لە ئاستانەی دەرگاکەدا، کە خەریك بوو دەردەچوو تووشی بوو بەتووشی میوانێکی تازەوە، خۆی لە ڕێگای لادا تا ڕەت بێ. میرزادە، ئەم میوانە تازەیەی نەدەناسی. فردیش چینکۆ ڕوو لە میرزادە بە گۆشەی چاو ئاماژەی بۆ میوانە تازەکە کرد، میوانەکە ڕێی بۆ فردیش چینکۆ کردەوە، فردیش چینکۆ، بە حورمەت و متمانەوە وەدەرکەوت.

ئەم میوانە تازەیە، پیاوێك بوو باڵا بەرز، تەمەنی نزیکەی پەنجاو پێنج ساڵ یان زیاتر دەبوو، کەمێك قەڵەو و بە خۆوە بوو. سوورەیەکی دەموچاو قەڵەوی، دەموچاو پان بوو، ریش و سمێڵێکی بۆزی چڕو پڕی هەبوو، چاوانی درشت و کەمێك زەق بوون. ئەگەر جل و بەرگەکەی شڕو شەپڕێو و چڵکن نەبوایە، سام و هەیبەتێکی تەواوی دەبوو. چاکەتێکی تاڵکێشی کۆنی لەبەردا بوو کە ئانیشکەکانی تەواو سوا بوون، کراسەکەشی چڵکن و پڕ پەڵە بوو، بە خۆیشی، بە ئاستەمێك بۆنی ڤۆدگای لیدەهات، لە نزیکەوە بە تەواوەتی هەستی پێدەکرا. وێڕای ئەوەش، ڕەفتارو ئەتواری دەچووە دڵەوە. دیار بوو، بە ئانقەست و بە مەبەست هەوڵی دەدا بە ویقارو سەنگینی سەرنجی خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشێت.

ئەو بەڕێزە، بەکاوەخۆ لە میرزادە نزیك بووەوە. بە بێدەنگی و بە دەم بزەیەکی دڵگیرەوە، دەستی گرت و لە نێو دەستی خۆیدا ڕایگرت، مودەتێك لە سەروسیمای ڕاما، وەك بڵێی سێ و دووی ئەوە بکات کە ئەم سیمایەی دیتووەو دەیناسێت.

ئەوسا بەوپەڕی هێمنی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– بەڵێ، خۆیەتی، کۆپیەکی تەواوی ئەوە، هەر دەڵێی ئەوەو زندوو بووەتەوە. هەرکە گوێم لە شۆرەت و ناوی ئازیزی ئەم ماڵباتە بوو، هەموو ڕابردووم لە ویژدانا زندوو بووەوە... تۆ میرزادە میشکینی ؟

– بەڵێ .

– من جەنەراڵ ئیفولگین، خانەنشینی نەگبەتم. دەکرێت ناوی خۆت و بابتم پێ بڵێی ؟

– لیون نیکولایوفیچ.

– بەڵێ، بەڵێ، خۆیەتی، دروستە ! تۆ کوڕی دۆستەکەی منی، کوڕی هاوڕێ و هاووازی منداڵیم، (نیکولای پتروفیچ)ی !

– ناوی بابم نیکولای لڤوڤیچ بوو.

– لڤوڤیچ، بەڵێ لڤوڤیچ...

جەنەراڵ، بەو جۆرەو، بەکاوەخۆ، بەوپەڕی متمانەوە، وەکو بڵێی هەرگیز ناوی بابی وی فەرامۆش نەکردبوو، بەڵکو تەنیا هەڵەی زمان بوو، ناوەکەی ڕاست کردەوە: "بەڵێ لڤوڤیچ". دانیشت، دەستی میرزادەی گرت و لە نزیکی خۆیەوە داینا.

– زۆرجار لەباوەشم دەگرتیت !

میرزادە گوتی:

– بەڕاست ؟ ئەوە بیست ساڵە بابم مردووە .

– بەڵێ، بیست ساڵە، بیست ساڵو سێ مانگە. لە یەك قوتابخانە بووین. پاشان من چوومە سلکی سوپایی...

– بەڵێ، بابیشم لە سوپادا بوو، لە لیوای ڤاسیلکوڤسکی*دا، ملازمی دووەم بوو.

– نا، لە لیوای بیلامیرسکی بوو. پێش مردنی بەماوەیەکی کەم بۆ لیوای بیلامیرسکی نەقڵ بوو. کە مرد من بە دیارییەوە بووم، گەردنم ئازا کرد، دوعای خێرم بۆ کرد. دایکی بەرێزت...

جەنەراڵ، لێرەدا، بۆ ساتێك وەستا، وەك بڵێی یادگارییەکی خەمناك زمانی بەست.

میرزادە گوتی:

– شەش مانگ دوای بابم، ئەویش مرد، باپەڕبوو و مرد.

– نا، بە باپەڕ نەمرد. ڕاستی لە منی پیرەمێرد بزانە. من لەوێندەر بووم، لە ڕێوڕەسمی کفنو دفنەکەیدا ئامادە بووم. مردنەکەی بەهۆی باپەڕەوە نەبوو، بەڵکو سوێی مێردەکەی بوو، لە سوێی مێردەکەیدا مرد. بەڵێ، ئەویشم لە بیرە، ئێی گەنجیەتی، یادت بەخێر! منو بابت، وێڕای ئەوەی هاوڕێی منداڵی بووین، ئامادە بووین، لەسەر ئەو، لەسەر دایکت یەکدی بکوژین.

میرزادە، بە نەباوەڕی گوێی لە جەنەراڵ دەگرت.

– من شێتو شەیدای دایکت بووم، لە کاتێکا کە دەزگیرانی برادەرەکەی خۆم بوو. کاتێ بابت بەمەی زانی، کەللەیی بوو، بەیانییەك سەعات حەوت هەڵی کوتایە سەرم، بێداری کردمەوە، بە نیگەرانیو سەرسامی خۆم گۆڕی، کڕوکپ، کەسمان ورتەمان لێوە نەهات!... لە فیکەی خۆم حاڵی بووم. بابت دوو دەمانچەی لە باخەڵی دەرهێنا. دوئێلە، لە ماوەی دوو بستەوە، بێ هیچ شایەدێك. شایەدی بۆچیە، مادامێکی هەر هەمووی پێنج دەقیقەی دییەو یەکدی ڕەوانەی ئەو دنیا دەکەین. دەمانچەکانمان سوار کرد، دەستەسڕێکمان لە عاردیو لە بەینی هەردووکماندا ڕاخست، یانی بەینمان تەنیا دەستەسڕێك بوو، هەردووکمان نیشانەمان لە دڵی یەکدی گرتەوە، چاومان بڕییە دوڕ چاوی یەکدی، لە ناکاو ڕوندك بە چاوی هەردووکماندا هاتە خوارێ،دەستمان سست بوون و هاتنە خوارەوە، لە هەمان کاتدا روندك بە چاوی هەردووکماندا هاتە خوارێ، دوای تۆزێك هەردووکمان باوەشمان بە یەکدا کرد. ئیدی دوئێل گۆڕا. بوو بە جوامێریو ئەمەکدرای... میرزادە ( میرزادە لێرەدا دەکاتە بابی میرزادە میشکین. ح.ك.ع ) دەیگوت: "بڕۆ موبارەکی تۆ بێ"و من دەمگوت: "نەخێر، هی تۆیەو موبارەکی تۆ بێ."... بە هەرحاڵ، بە تەمای لەلای ئێمە ئاکنجی بیت، وا نیە؟

میرزادە، لە بن لێوانەوەو بەلەز گوتی:

– بەڵێ، رەنگە بۆ ماوەیەك...

کولیا، کە لەو کاتەدا هاتبووە بەر دەرگا، لە دەرگاوە بانگی کرد:

– میرزادە، دایکم دەیەوێ بت بینێ .

میرزادە، هەستا، بەڵام جەنەراڵ، دەستی خستە سەرشانیو لەسەر تەختەکە دایناوەو دۆستانە گوتی:

– من بە حوکمی ئەوەی کە دۆستی گیانی بە گیانی بابتان بووم حەزدەکەم لە هەندیٚ شت ئاگادار بی. وەکو دەبینی من بە هۆی زروفێکی نالەبارەوە تووشی کارەساتێکی گەورە بووم، هەر باش بوو حوکم نەدرام‌و تووشی دادگاو دادگایی نەبووم، نینا ئالکساندروڤنا ژنێکی زۆر چاك‌و دەگمەنە. ڤارڤارا ئاردالیونوڤنای کچم، کچێکی بیٚ وێنەیە ! وەزع‌و حاڵی نالەبار ناچاری کردووین کرێچی ڕابگرین، پانسیۆنداری بکەین، ئەمە بۆ من کە قەرار بوو ببم بە ستاندار (پارێزگار)، سووکایەتیەکی، نازانم چی ناو بنەم، زۆر ناخۆشە، زۆرم لە گیان ناخۆشە، بە هەر حاڵ بە هاتنی تۆ خۆشحاڵین... بەڵام لە ماڵی ئێمەدا، کارەساتێك بەڕێوەیە !

میرزادە، هایم‌و حەیران تەمەشای دەکرد.

جەنەراڵ، لەسەری ڕۆیی:

– .. قەرارە، لێرەدا، لە ماڵی ئێمەدا، زەماوەندێکی سەیرو سەمەرە ئەنجام بدرێت... زەماوەندێك لە نێوان ئافرەتێکی ناو زڕاوی گومان لێکراو کوڕێکی گەنج دا، کە دەشێت ببیٚ بە یەکێك لە پیاوماقولانی دەرباری ئیمپراتۆریەت . قەرارە ئەو ئافرەت بێتە ئێرە، بێتە ناو ماڵ‌و منداڵەکەی من، دەگەڵ کیژو ژنەکەمدا لە یەك ماڵا بژی. بەڵام تا هەناسەم لەبەر بیٚ، نایەڵم دوو پێی بەم ماڵەدا بێت ! لەبەر دەرگاکەدا ڕادەکشێم، مەگەر بەسەر جەنازەکەمدا ڕەت بێت. ئێستا قسە دەگەڵ گانیادا ناکەم، خۆمی لێدەدزمەوە، نامەویٚ بیدینم. من بە ئانقەست ئەمە بۆ تۆ دەگێڕمەوە. چونکە بە تەمای لێرە بژیت، بێگومان بە چاوی خۆت هەموو شتێك دەبینی... لەبەر ئەوەی کوڕی یەکێك لە دۆستە دێرینەکانمی، هەقی خۆمە ئومێدم...

نینا ئالکساندروفنا، کە ئەمجارەیان بە خۆی هاتبووە بەر دەرگا، گوتی:

– میرزادە، بێزەحمەت، لە هۆڵەکە چاوەڕوانتم.

جەنەراڵ هەڵیدایە:

– نینا گیان، دەزانی من ئەم میرزادەیەم بە منداڵی لە باوەش کردووە !

نینا ئالکسندروفنا، نیگایەکی گلەیی ئامێزی جەنەراڵی کردو ئەوجا تەمەشایەکی پرسیار ئامێزی میرزادەی کردو بێئەوەی هیچ بڵێت ڕۆیی. میرزادە دووی کەوت. هەرکە گەیینە هۆڵەکەو دانیشتن‌و نینا ئالکسندروفنا، بە پەلە شتێکی بەگوێی میرزادەدا چپاندو نە چپاند، جەنەراڵ، لە ناکاوا خۆی گەیاندە هۆڵەکە. نینا ئالکسندروفنا بە پەلە بێدەنگ بوو و بە توڕەییەکی ئاشکراوە خۆی بە چنینکارییەکەیەوە مژول کرد. پێدەچوو جەنەراڵ هەستی بە پەستی‌و توڕەییەکەی ئەو کردبیٚ، بەڵام نەی بردە سەر خۆی‌و بەردەوام بوو لەسەر دەربڕینی خۆشی خۆی، رووی کردە نینا ئالکساندروفناو گوتی:

– کوڕی برادەرەکەمە ! ڕێکەوتێکی سەیرە ! بە خەویش بە تەمای شتی وا نەبووم. باشە گیانەکەم تۆ (نیکولا لڤوڤیچ)ی ڕەحمەتیت بە بیر نایەت ؟ خۆ جارێك لە شاری (تفیر)*دا دیتت.

نینا ئالکساندروڤنا گوتی:

– نیکولا لڤوڤیچ! بیرم نایەت

ئەوجا ڕووی کردە میرزادە و گوتی:

– بابی تۆ بوو؟

میرزاده گوتی:

– بەڵێ، بابی من بوو.

ئەوجا بە شەرمێکەوە، ڕوو لە جەنەراڵ گوتی:

– بەڵام، وا بزانم لە شاری تفیر نەمرد، بەڵکو لە شاری یەلیزاڤیتاگراد مرد. پاڤلیچیۆف، پێی گوتم...

جەنەراڵ، گوتی:

– نەخێر، لە تفیر ئەمری خوای کرد، کەمێك پێش مردنەکەی بۆ تفیر نەقڵ بوو، تەنانەت پێش ئەوەش بوو کە نەخۆشیەکەی بداتە زیادی. تۆ ئەوسا زۆر چکۆلە بوویت، ئەو شتانەت بیر نایەت. ڕەنگە پافلیچیوف سەهوی کردبێت، هەرچەندە پیاوێکی زۆر باش بوو.

– (پاڤلیچیوف)شت دەناسی؟

– پیاوێکی نموونەیی بوو. من لەسەرە مەرگا بە دیار بابتەوە بووم، گەردنیم ئازا کرد، دوعای خێرم بۆ کرد.

میرزادە هەمدیس گوتی:

– بەڵام بابم، بە تۆمەتباری مرد، هەرچەندە تاکو ئێستاش هۆی ئەو تۆمەتباریەم بۆ دەرنەکەوتووە. لە نەخۆشخانەدا مرد.

– ئا! بە هۆی کولباکوفەوە بوو، کولباکوف سەربازێکی سادە بوو، گومانی تیا نییە ئەگەر بابت مابا، لە دادگا تەبرێ دەبوو، بێتاوان دەردەچوو.

میرزادە، بەوپەڕی فزوڵیەت و کونجکاوی لێی پرسی:

– بەڕاست ؟ مەسەلەکە وابوو؟ تۆ دڵنیایت ؟

جەنەراڵ گوتی:

– ئەی مەعنای چی، من لە خۆمەوە قسە ناکەم. دادگا نەیتوانی هیچ قەرارێك بدات، مەسەلەکە، مەسەلەیەکی زۆر دژوارو باوەڕ نەکردەنی بوو! مەسەلەیەك بوو دەشێت بگوترێ نهێنی ئامێز بوو. فەرماندەی گروهانەکەمان، سەروان لاریونۆڤ مرد، ئیدی میرزادە ( مەبەست باوکی میرزادە میشکینە. ح.ك.ع ) بە شێوەیەکی کاتی بوو بە فەرماندە. لەو سەروبەندەدا کولباکوڤ سەرباز، دزیەکی لێ سادر بوو، هەندێ چەرمی پێڵاوسازی لە یەکێك لە هاوڕێکانی خۆی دزی، فرۆشتی و پارەکەی خەرجی بادەنۆشی کرد. باشە. ئیدی میرزادە لەسەر ئەمە هەڕەشەی لێکرد، بە ئامادەبوونی سەرگروبان و عەریفی گروهانەکە، لەسەر ڕەژووان پاڵی خست و بە شەلاقان تێی بەر بوو. باشە. کولباکوف، بۆ بارەگای گروهانەکە گەڕایەوە، لەسەر جێگەکەی خۆی پاڵکەوت، دوای چارەکە سەعاتێك مرد. باشە. بەڵام ئەمە شتێکی سەیر بوو، قەت نەدەچووە ئەقڵەوە، بە هەر حاڵ، کالباکوف بە خاك سپێردرا. میرزادە ئەم ڕووداوەی کردە ڕاپۆرو بەرزی کردەوە، ناوی کالباکوف لە قەیدی گروهانەکە ڕەش کرایەوە. باشە. ئەمە ڕواڵەتی مەسەلەکە بوو. بەڵام دوای ئەوەی شەش مانگ بەسەر ئەم بویەرەدا تێپەڕی، دوای ئەوەی هەموو ڕۆژێ سەربازان نمایشیان

دەکرد، ڕۆژێک کولباکوڤ سەرباز، وەکو ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێت، سەر لە نوێ لە سریەی ٣ی کەتیبەی دووی فەوجی تۆپخانەی نوفوزملیانسکدا* پەیدا بووەوە، ئەم فەوجە سەر بە هەمان لیواو هەمان فیرقە بوو!

میرزادە، بەوپەڕی سەرسامی هاواری کرد:

– شتی وا چۆن دەبێت ؟

نینا ئالکسندروڤنا، کە بە خەمینی دەیڕوانیە میرزادە، لە پڕ هەڵیدایەو گوتی:

– نا، شتەکە وا نەبوو! ئەمە هەمووی درۆیە! مێردەکەم سەهوە !

– درۆ ؟ گوتنی ئەو قسەیە ئاسانە، دەی وەرە ئەم مەتەڵە هەڵبێنە، کەس باوەڕی نەدەکرد. ئەگەر بە خۆم لەوێ نەبامو بە چاوی خۆم نەمدیبا، من یەکەم کەس دەمگوت درۆیە، بەڵام بۆ نەگبەتی بە چاوی خۆم دیتم، یەکێك بووم لە ئەندامانی لیژنەکە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان نیشان دا کە هەمان سەربازە، هەمان ئەو کولباکوفەیە کە شەش مانگێك لەوەپێش بەڕێوڕەسمو تەپڵو کەڕەنای سوپاییو... بە خاك سپێردرا. هەڵبەتە منیش دەڵێم کە ئەمە شتێکی نا ئاساییە، ناچێتە ئەقڵەوە، نیمچە مەحاڵە، بەڵام...

ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، لێرەدا وەژوورکەوت، بە بابی گوت:

– بابۆ، شێوەکەت ئامادەیە.

– ئا... زۆر چاکە... زۆرم برسییە. بەڵام ئەم مەسەلەیە، دەشێت بگوترێ کە مەسەلەیەکی سیکولوژیو دەروونییە...

ڤارڤارا، گوتی:

– دیسان سوپەکەت سارد دەبێتەوە !

جەنەراڵ، کە لە ژوورەکە وەدەردەکەوت، لە بن لێوانەوە گوتی:

– باشە، باشە، وا دێم... هەر ئێستا...

کە ڕارەوەکەی دەبڕی، گوێیان لێبوو کە بەدەم ڕێوە قسەکەی تەواو دەکرد: "سەرباری هەموو تەحقیقەکان !"

نینا ئالکسندروڤنا، بە میرزادەی گوت:

– ئەگەر بە تەمای لێرە بمێنی، دەبێ چاوپۆشی لە زۆر شتو هەڵەی (ئاردالیون ئەلکسندروفیچ)ی مێردم بکەیت. بەڵام دڵنیام زۆر ناڕەحەتت ناکات. کابرایەکی بێوەیە، تەنانەت خواردنەکەشی بە تەنیا دەخوات. پێموایە تۆش لەگەڵمای کە هەموو کەسێك، هەر هەموومان عەیبو کێماسی خۆمان هەیە، هەندێ خەسڵەتو تایبەتمەندی سەیرمان هەیە، تەنانەت عەیبو کێماسی هەندێ کەس، زۆر زیاترە لە هی ئەوانەی کە پەنجە نمان و بە زەقی باس دەکرێن . بە هەرحاڵ من تکایەکم لە تۆ هەیە، هەرکاتێ مێردەکەم داوای کرێ ژووری لێکردیت، پێی بڵێ کە داوتە بە من. هەڵبەتە هەر چەندێکی بدەیتێ لە حیسابەکەت دادەشکێنرێت، بەڵام تکایە پابەندی ئەو تەگبیرە بە کە پێم گوتیت. ها ڤاریا چیە ؟

ڤاریا کە بۆ ژوورەکە گەڕابووەوە، بەبێدەنگی، بێئەوەی هیچ بڵێیت، وێنەکەی ناستاسیا فیلیپوڤنای دا بەدایکی. نینا ئالکسندروڤنا، ڕاچڵەکی، هەوەڵجار بەجۆرە ترسێکەوە ڕاچەنی ئەوجا بۆ ماوەیەك لەوێنەکە ورد بووەوە، جۆرە خەمینی و تاڵییەك نیشتە سەر سیمای. ئەوجا نیگایەکی پرسیارئامێزی ڤاریای کرد.

ڤاریا گوتی:

– ئەمە دیاری خاتوونە، ئەمڕۆ بۆی ناردووە. ئەم شەو هەموو شتێك دەبڕێتەوە.

نینا ئالکسندروڤنا، بەوپەڕی نا ئومێدی و لە بن لێوانەوە، هەمان قسەی کیژەکەی دووبارە کردەوە:

– ئەمشەو! کەواتە شتەکە ڕاستە، هیچ گومانێکی تیا نیە، وێنەکە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە بڕیاری یەکجارەکی خۆی داوە. باشە گانیا بەخۆی ئەم وێنەیەی نیشان دایت ؟

نینا ئالکسندروڤنا، بەوپەڕی سەرسامی، ئەو پرسیارەی دوایی کرد.

کیژێ بەرسڤی دایەوە:

– بە خۆت دەزانی یەك مانگ دەبێت زارمان لە زاری یەکتر نەگەڕاوە. پتیتسن هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە. سەبارەت بە وێنەکە، لە نزیکی مێزەکەی، لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو و هەڵم گرت و هێنام.

نینا ئالکسندروڤنا، لە پڕ ڕووی کردە میرزادەو گوتی:

– میرزادە، ئەوی ڕاستی بێ پرسیارێکم هەبوو، هەر بۆ ئەوەش زەحمەتم دایت کە بێی بۆ ئێرە... پرسیارەکەم ئەوەیە:

دەمێکە کوڕەکەم دەناسیت ؟ ئەوەندەی من بزانم گوتی گوایە ئەمڕۆ لە سویسراوە هاتوویت، وایە ؟

میرزادە، بە کورتی و بە پوختی مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە، نیوەی ڕووداو بەسەرهاتەکانی پەڕاند، نینا ئەلکسندروڤناو ڤاریا، زۆر بە دیقەت گوێیان دەگرت.

نینا ئەلکسندروڤنا گوتی:

– کە ئەم پرسیارەت لێدەکەم بەو مەبەستە نیە کە قسەت، دەربارەی گاڤریلا ئاردالیونوڤیچ لێ دەربێنم، تکایە خراپ لێم تێمەگە. شتێك کەخۆی نەیەوێ پێم بڵێ، نامەوێ لە پاشملەی خۆی و لە خەڵکانی دیکەی بژنەوم. بۆیە ئەم مەوزوعەم لەگەڵدا کردیتەوە، چونکە تۆزێ لەمەپێش هەم لە رووی خۆتاو هەم دوای ئەوەی ڕۆیشتی گوتی: "بە خۆی هەموو شتێك دەزانێ، ئاگای لە هەموو شتێکە، ئیدی پێویست بە هیچ تەکەلوفێك ناکات !" مەبەستی لەو قسەیە چی بوو ؟ یانی... حەز دەکەم بزانم تا چ ڕادەیەك...

لەو ساتەدا، گانیاو پتیتسن، بە دوو قۆڵی وەژوورکەوتن و نینا ئالکسندروڤناش بەلەز بێدەنگ بوو. میرزادە لە تەنیشتییەوە ڕۆنیشتبوو. بەڵام ڤاریا کەمێك دوورکەوتەوە. وێنەکەی ناستاسیا، هێشتا لەسەر مێزەکەی نینا ئالکسندروڤنادا بوو، دەقاو دەق بەرانبەری بوو. کاتێ گانیا

وێنەکەی بینی، برۆکانی وێکهێنانەوە، چارەی گرژ بوو، بە تووڕەیی هەڵی گرت و، تووڕی هەڵدایە سەر مێزەکەی خۆی کە لەوپەڕی ژوورەکەدا بوو.

نینا ئەلکسندروڤنا، لە ناکاودا پرسی:

– ئەمڕۆیە گانیا گیان ؟

گانیا، ڕاجفری و بە تووڕەیی گوتی:

– چی ئەمڕۆیە ؟

ئەوسا، لە پڕا، بە میرزادەدا هەڵشاخی و گوتی:

– ئا... ئێستا زانیم... ئەمە ئۆینی تۆیە! چیە، دەمی خۆت پێ ناگیرێ جەناب ؟

پتیتسن، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

– گانیا، ئەمەیان خەتای منە، خەتای کەسی تری تیا نییە.

گانیا، نیگایەکی پرسیارئامێزی کرد. پتیتسن بە دەم منجە منجەوە گوتی:

– گانیا، واهی باشترە، بە تایبەتی کە مەسەلەکە بڕاوەتەوە.

بە دەم ئەو قسەیەوە، لە کۆمەڵەکە دوور کەوتەوەو چوو لە پشت مێزەکەوە دانیشت، پارچە کاغەزێکی لە بەرکی دەرهێنا کە بە قەڵەمی رەساس ژمارەرێـژکرابوو، کەوتە بەرا وردکردن و تاوتوێ کردنیان، گانیا، بە گرژی و پەستی راوەستا بوو، دەموچاوی تێک ترشا بوو، بە نیگەرانییەوە، چاوەڕوانی تەقینەوەی کێشەیەکی خانەوادەیی بوو، تەنانەت ئەوەشی لە بیر چوو کە غوزرخوایی لە میرزادە بکات.

نینا ئەلکسندروڤنا گوتی:

– مادامێکی هەموو شتێك بڕابێتەوە، مانای وایە. هەق بە ئیڤان پتروفیچە. تکایە گانیا بەسە، نەڕووی خۆت گرژ بکەو نە تووڕە ببە. من نامەوێ بەتۆبزی قسەت لێ دەربێنم. قسەیەك کە بە خوایشتی خۆت نەیکەیت دەبێ بایەخی چی بێ! بەڵام دڵنیات دەکەم من ئیدی کۆڵم داوە، هەقم نییە. هیچ خەمت نەبێ، نیگەران مەبە.

هەر هەموو ئەو قسانەی بە دەم کاری چنینکارییەوە کردو وای دەنواند زۆر هێمنەو بە تەواوەتی بەسەر خۆیدا زاڵە. گانیا زۆری پێ سەیر بوو، بەڵام متەقی لەخۆ بڕی بوو و بە پارێزەوە چاوەڕوانی ئەوە بوو، دایکی زیاتر لەسەری بڕوات و بە روونی و تێرو تەسەلی راوبۆچوونی خۆی دەربڕێت. گانیا، خەمبار بوو، چونکە هەر خۆی دەیزانی ئاژاوەو کێشەی خانەوادەیی چەند گرانەو تا ئێستا چەند گران لەسەری کەوتووە. نینا ئالکسندروڤنا هەستی بەم خەمینییەی ئەو کرد. بەدەم بزەیەکی تاڵەوە لەسەری رۆیی:

– تۆ هێشتا بە گومانیت و باوەڕم پێناکەیت. خەمت نەبێ. چیتر گریان و پاڕانەوە نابینی، بە تایبەتی هی من نابینی. تاقە ئاواتم ئەوەیە کە تۆ بەختەوەر بیت. بە خۆتیش ئەوە دەزانیت. من خۆم داوەتە دەست قەدەرەوە، بەڵام هەمیشە بەدڵ لەگەڵتا دەبم، دڵم لەگەڵتا دەبێت چ لێرە بمێنی و چ لێمان جیا بیتەوە. من تەنیا باسی خۆم دەکەم، هەر لە خۆم مەسئولم، تەنیا بە ناوی

خۆمــەوە قســان دەکــەم. بــەڵام ســەبارەت بــە خوشــکەکەت، نــاتوانی داوای هــەمان هەڵوێســتی لێبکەیت. ناتوانی چاوەڕوانی هەمان شتی لێبکەیت.

گانیا، کە بە نیمچە تەوس و بێزارییەکەوە دەیڕوانیە خوشکەکەی هاواری کرد:

– ئــاه... دادو بێــداد لــە دەســت خوشــکەکەم! دایکــە دووبــارە بــەڵێنت دەدەمــێ، ســوێندت بــۆ دەخۆمەوە کە هەر لەسەر قەولەکەی جارانی خۆمم، تا من لێرە بم و لە ژیانا بم، هیچ کەسێك، حەدی نییە بێ حورمەتی بە تۆ بکات، ئیدی هەر کێیەك دەبێت، هەر بەنی بەشەرێك بێت و پێ بنێتە ئەم دیوی دەرگاکەمان، بە خۆم دەزانم چۆن وای لێدەکەم رێزو حورمەتی ڕەهای تۆ بگرێت. رێزی تۆ بۆ من لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.

گانیــا، هەســتی بەوپــەڕی ئــارامی و خۆشــی دەکــرد. زۆر دۆســتانەو بــەمیهرو مەحەبەتــەوە دەیڕوانیە دایکی.

– گانیا، تۆ بە خۆت چاك دەزانی کە من خەمی خۆمم نەبووە، شینی من بۆ خۆم نەبووە. بە درێژایی ئەو ماوەیەش کە ئەوەندە نیگەران وتوڕە بووم، خەمم خواردووە، تەنیا لەبەر خاتری تۆ بووە. جا ئێستا کە دەڵێن ئەمشەو هەموو شتێك دەبڕێتەوە، پێم ناڵێی چی دەبڕێتەوە ؟

گانیا بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێنی داوە ئەمشەو. لە ماڵەکەی خۆیدا، رەئی یەکجارەکی خۆی بڵێ، یا ڕەزامەندی بدات یان رەفزی بکات.

– نزیکەی سێ هەفتەیەك بوو خۆمان لە باسی ئەم مەسەلەیە دزی بووەوە، پێموایە باشمان کردووە. بەڵام هەنووکە کە هەموو شتێك تەواوبووە، ڕێگەی یەك پرسیار بە خۆ دەدەم: باشە چۆن توانی ڕەزامەندی بدات یان وێنەکەی خۆیت پێشکەش بکات، لە حاڵێکا کە گوایە تۆ خۆشت ناوێ ؟ باشە دەشێت ئافرەتێکی وا... وا..

– وا حەشەری، مەبەستت ئەوە بوو وا بڵێی ؟

– نا، مەبەستم ئەوە نەبوو. تۆ چۆن توانیت، بەم ڕادەیە فریوی بدەیت ؟

لە پڕ ڕق و کینەیەکی ترسناك بەگەڵ ئەو پرسیارە کەوت. گانیا حەپەسا، بۆ ساتێك چووە ژێری ، ئەوجا بێئەوەی تورەیی و بێزاری خۆی وەشێرێ، گوتی:

– دایکە تۆ، دیسان تورە بوویت، گەڕاینەوە سەر سفر! تۆ تا ئێستاش نەت توانیوە خۆت زەوت بکەیت و هەستەکانت جڵەو بکەیت، هەمیشە شەڕو ئاژاوەکانی ماڵی ئێمە بەو شێوەیە دەستی پێکردووە. بەو شێوەیە بەنزین کراوە بە ئاگردا. خۆ تۆ بەڵێنت دا هەقت بەسەر هیچییەوە نەبێت، نە پرسیار بکەیت و نەگلەیی، کەچی ئەوەتا پرسیارو گلەییەکانت دەست پێکردەوە! با واز لەمەبێنین، وا چاکترە. تۆ چاکەی خۆت کرد. هەر ئەوەندەت لەسەرە. دڵنیابە کە بە هیچ کلۆجێ، رۆژێ لە ڕۆژان بە جێت ناهێڵم، پشتت تێناکەم! بەڵام هەر کەسێکی دیکەش لەجێی من بوایە، خۆی لە خوشکی واهی دەدزییەوە، لێی دەتۆرا. تەمەشا چۆن مۆڕەم لێدەکات! با لەوەی پتر لەسەری نەڕۆین! ڕاستە خۆشحاڵ بووم، هێشتا زوو بوو بۆ ئەو خۆشحاڵیە... بەڵام چۆنت زانی

من هەوڵدەدەم ناستاسیا فیلیپوڤنا فریو بدەم ؟ بەڵام سەبارەت بە ڤاریا، کەیفی خۆیەتی، چی دەکات با بیکات. تا ئێرەمان هێناوە، ئیتر بەسە !

گانیا، دەگەڵ هەر وشەیەکی تازەدا پتر گەرمو تووڕە دەبوو، بێهودە بە ژوورەکەدا دەهاتو دەچوو. هەمیشە ئەو جۆرە گەنگەشانە، دەبوو بە مایەی ئاژاوەو بشێوێنی هەموو ئەندامانی خێزانەکە.

ڤاریا گوتی:

– من گوتوومەو دەیڵێمەوە، ئەگەر ئەو بێتە ئەم ماڵە، من لێرە دەڕۆم، قسەیەکە کردوومەو لێی ژێوان نابمەوە.

گانیا، هاواری کرد:

– بەسە، ئەم عینادیە چیە ! عینادی لەسەر عینادی! هەر لە عینادیدایە کە شووش ناکەیت! پێویست ناکات بەمجۆرە مۆڕەم لێبکەی، لێوم لێ بکرۆژی! ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، من بێ منەتم، گوێم لە هیچ نییە... بڕۆ چیت لە دەست دێ بیکە... کام کێوە سەختە بیگرە، مردم بە دەست تۆوە!

گانیا، کە بینی میرزادە هەستا، هاواری کرد:

– ها میرزادە، ئاخری بڕیارت دا بڕۆی، لە کۆڵمان ببیتەوە ؟

جۆرە تووڕەییەکی ئەوتۆ بەدەنگی گانیاوە دیار بوو لەوە دەچوو لەزەت لە تووڕەییەکەی خۆی ببینێ. ئیدی جڵەوی بۆ خۆی شل کردبوو، هەرچی بە دەما دەهات نەیدەگێڕاوە، بەڵکو بەلەزەتەوە لەسەری دەڕۆیی، گرینگ نییە، چ دەبێ با ببێ!

میرزادە، لەبەر دەرگاوە ئاوڕێکی دایەوە تا بەرسڤی بداتەوە، بەڵام کە سیمای نیگەرانو گرژی گانیای بینیو هەستی کرد گەییوەتە لووتی، بە پێویستی نەزانی وەڵامی بداتەوە، رووی وەرگێڕاو ڕۆیی. دوای چەند ساتێك، بەو دەنگدانەدا کە لە هۆڵەکەوە دەهاتن، زانی کە بە ڕۆییشتنی ئەو ، دەمەقاڵەکە ، زیاتر بووە.

میرزادە بەرەو ژووری پێشەوە ڕۆیی، تا لەوێندەرەوەو بە داڵانەکەدا بۆ ژوورەکەی خۆی بڕوات. کە گەییە ئاستی دەرگای هاتنە ژوورەوە. هەستی کرد یەکێك لە دەرەوە، لەبەر دەرگاکە وەستاوەو بێهودە لە زەنگی دەرگا دەدات، پێدەچوو زەنگەکە لە کار کەوتبێ، چونکە بە ئاستەم، بێئەوەی هیچ دەنگێکی لێوە بێت، دەجولا . میرزادە، سورگی دەرگاکەی ڕاکێشا، دەرگاکەی کردەوە، هەرکە دەرگا کرایەوە، هۆپێکی لەخۆما، بەسەرسامی هەنگاوێك کشایەوە: ناستاسیا فیلیپوڤنا، رێك لە بەردەمیا وەستا بوو، یەکسەر بە وێنەکەیدا ناسییەوە. ناستاسیا، هەرکە چاوی بە میرزادە کەوت، لە ڕقا چاوی پەڕینە تەوقی سەری. بە پەلە خۆی بە مەدخەلەکەدا کرد، کە وەژوورکەوت، شانێکی لە میرزادە داو لەسەر رێگای خۆی لایدا، پاڵتۆ فەرووەکەی لە شانی داخزی، بە تووڕەیی گوتی:

– کە لەبەر تەمەڵی خۆت، زەنگەکەت پێ چاك ناکرێتەوە، بەلای کەمەوە لە مەدەخەلەکەدا بوەستە تا ئەگەر یەکێك لە دەرگای دا، دەرگای لێ بکەیتەوە! بزانە پاڵتۆکەت خستم، بێ تەربێت!

پاڵتۆکـەی لـە عـاردی کـەوتبوو. ناستاسـیا فیلیپوڤنـا، بێئـەوەی چـاوەڕوانی مـیرزادە بکـات یارمەتی بدات کە پاڵتۆکەی داکەنێت، یان هەر تەمەشای بکات، وەکو خووی هەمیشەیی خۆی، بە جوڵەیەکی شان، بۆی هەڵداو میرزادە، فریا نەکەوت بیگرێتەوە.

– دەبوایە بە شاپان وەدەریان نابای. هەڕو لە هاتنی من ئاگاداریان بکە.

میرزادە، ویستی شتێك بڵێت، بەڵام هێندە پەشۆکا بوو کە زمانی چووە کلیلەو تاقە وشەیەکی بۆ نەهات. پاڵتۆکەی لە عاردی هەڵگرتەوە، دای بەسەر دەستیاو بەرەو هۆڵەکە ڕۆیی.

– دە تەمەشا ! تۆ بۆچی ئەو پاڵتۆیە دەگەڵ خۆتا دەبەی؟ ا ها ها! ئەریٚ تۆ تەواوی؟ یانی هەندیٚ گێلۆکە نیت ؟

میرزادە، زڤڕییەوەو، هایم و حەیران، گێژو حۆل چاوی تێبڕی. ناستاسیا بە دەنگی بەرز پێکەنی، میرزادەش بزەیەکی بۆ کرد، بەڵام دەمی بوو بوو بە تەڵەی تەقیو. یەکەمجار، کە دەرگای لێکردەوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. بەڵام هەنوکە لە ناکاوا خوێن زاییە دەموچاوی.

ناستاسیا، کە لە تورەییدا، پێی بە عاردیدا دەکوتا، هاواری کرد.

– ئەم کەودەنە چیە ؟ بۆ کویٚ دەڕۆی ؟ دەڵێی کیٚ هاتووە ؟

میرزادە، لە بن لێوانەوە، بە منجە منج گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا.

ناستاسیا بەتوندی پرسی:

– چوزانی؟ مـن قـەت تـۆم نـەدیتووە! دەی بـڕۆ پێیـان بڵـیٚ! ئـەم دەنگـە دەنگـو هـەراو هەنگامەیـە چیە؟

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– دەمە قاڵەیانە.

هـەنگیٚ بـەرەو هۆڵەکـە ڕۆیـی. مـیرزادە، لـە کـاتێکی هەسـتیاردا چـوو بـە سـەریاندا. نینـا ئالکسندروڤنا، بە تەواوەتی ئەوەی لە بیر کردبوو کە ملی بۆ قەدەر داوەو هەقی هیچی نییە. بەڕاسـتی شـەڕی ڤاریـای دەکـرد، داکـۆکی لـەو دەکـرد. پتیتسـن کـە کاغـەزە، پـڕ نووسـراوەکانی، دانابوو، لەلای ڤاریاوە وەستا بوو. ڤاریا، ترس و نیگەرانییـەکی ئـەوتۆی پێـوە دیـار نـەبوو. ئـەم خانمە، لە ئافرەتە ترسنۆکەکان نەبوو. دەیتوانی داکۆکی لە خۆی بکات. بەڵام براکەی دەم بە دەمو دەگـەڵ هـەر وشـەیەکدا، زیـاتر هەڵدەچـوو، تـوڕە دەبـوو و هـەزارو یـەك جنێـوی سـەر بـە کوڵکەکـەی دەدا، قسـەی وا ناشیرینی دەکرد کە لـە تەحـەمولی کەسدا نـەبێت. ڤاریـا، عـادەتی وا بوو لە کاتی وادا، وازی لە هەر گەنگەشەیەك دێنـا، بە چاوانی تەوساوییەوە، زەق زەق تەماشای براکەی دەکرد، بۆ ساتێك چاوی لیٚ نەدەگواستەوە. تا بڵێی لەم تاکتیکەدا وەستاو پشوو درێژ بوو. تاکتیکێك بوو، گانیای دەگەیاندە ئەوپەڕی تورەیی. ڕێك لەم کاتەدا، میرزادە خۆی وەژوورا کردو پێی گوتن:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا !

پەراوێز:

*– "کولیا" سووکەڵە ناوی نیکولایە.

*– "... لە لیوای ڤاسیلکوڤسکی..." هەر لیوایەکی سوپای روسیا، جگە لە ناوە فەرمیەکەی، بە ناوی ئەو شارەوە ناو دەبرێ کە یەکەمجار تیایدا دروست کراوە... ئیدی بەو شێوەیە دەگوترێ: لیوای ڤاسیکلۆڤسکی یان لیوای بیلامیرسکی.

*– "... شاری تفیر..." شارێکە لە باکووری رووسیا، لەسەر رێگای مۆسکۆ – پترسبۆرگە. و "یەلیزاڤیتاگراد" شارێکە لە باشوورو لەدەشتاییدایەو لە سەردەمی ئیمپراتۆر یەلیزاڤیتا (ئیلزابت) دا دروستکراوە.

*– "... فەوجی تۆپخانەی نوفوزملیانسک..." لە ڕاستیدا ئەم فەوجە بوونی نیە. ئەمە خەڵقەندەی خەیاڵی شانۆنامەنووس (گریبویدیف)ـە لە مەنەلۆگێکی کۆلونیل سکالوزوپ دا، لە شانۆنامەی "زیرەکی زۆر، زەرەری هەیە" ناوی هاتووە. ئەم ناوە خەیاڵیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە قسەکانی جەنەراڵ ئیڤۆلگین، زیاتر خەیاڵ و درۆن.

## فەسڵی نۆیەم

بێدەنگییەکی تەواو باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. هەموو چاویان بڕییە میرزادە، لە تۆ وایە نە باوەڕ بە قسەکە دەکەن و نە دەیانەوێ باوەڕبکەن. گانیا، ترسی لێنیشت.

سەردانی ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە تایبەتی لەم کات و وەختەدا، بەلای هەر هەموویانەوە، بویەرێکی سەیرو باوەڕ نەکردەنی بوو، مایەی حیرەت و پەشۆکان بوو، بەلای کەمەوە لەبەر ئەوەی ئەمە یەکەمجاری بوو دەچوو بۆ ئەوێ و تا ئێستا دەعیەی نەهاتبوو، لە کاتی قسەکردنیا دەگەڵ گانیادا، کەمترین مەیل بەلای دیدارو ناسینی کەسوکاری ئەودا نیشان بدات، کەم و زۆر، وەکو ئەوەی هەر نەبن، ناوی نەدەبردن. هەرچەند گانیا، لە دڵی خۆیدا تا ڕادەیەك پێی خۆش بوو کە تا ئێستا، باسی ئەو مەسەلەیە نەهاتبووە ئاراوە، بەڵام لە ناخی خۆیدا، لەسەر ئەمە ڕقی لە ناستاسیا بوو... بە هەرحاڵ زیاتر چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرد کە گاڵتە بە کەسوکارەکەی بکات و تەشەریان لێبدات، تا بێتە دیدەنی و سەردانیان. زۆرچاك دەیزانی کە ناستاسیا لە هەموو کەین و بەینێکی ماڵی وان، دەربارەی شووکردنەکەی خۆی، ئاگادارە. ڕەئی هەموو کەسوکارەکەی دەربارەی خۆی دەزانێ. ئەم سەردانەی ئەو لەم کاتەدا، دوای پێشکەش کردنی وێنەکەی، لە ڕۆژی لە دایك بوونەکەیدا، لەو ڕۆژەدا کە بەڵێنی دابوو، چارەنووسی خۆی یەکلایی بکاتەوە، خۆی لەخۆیدا بەڵگەو نیشانەی ڕەزامەندی وی بوو.

ئەم حیرەت و سەرسامیە زۆری نەخایاند، ناستاسیا فیلیپوڤنا یەکسەر هاتە ناو ئاستانەی دەرگاکە، ئەوجا خۆی بە ژووری نانخواردندا کرد، هەمدیس شانێکی سووکی لە میرزادە داو خستیە لاوەو خۆی بە هۆڵەکەدا کرد. گانیا، یەکسەر چووە پیرییەوە، ناستاسیا، بە گەرمی تەوقەی دەگەڵ گانیادا کردو بە خۆشییەوە گوتی:

– ئاقیبەت هاتم. بۆچی زەنگی دەرگاکەتان ئیش ناکات. ئەدی چیە، بۆچی عاجز دیاری؟ بێزەحمەت بە جماعەتم بناسێنە.

گانیا، کە بە تەواوەتی پەشۆکا بوو، یەکەمجار بە ڤارڤارای خوشکی ناساند، ئەم جووتە ئافرەتە بەر لەوەی تەوقە لەگەڵ یەکدیدا بکەن، بە شێوەیەکی سەیرو غەریب ڕوانیانە یەکدی. ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە درۆوە پێکەنی، بەڵام ڤاریا خۆی شێلو نەکرد، هەوڵی شاردنەوەی هیچ شتێکی نەدا، نیگای هەمان نیگای تاریك و نەگۆڕ بوو، کەمترین وێڵ و ماریفەتی جڤاکی نەنواند، تەنانەت بزەیەکی کاڵیشی پێ ڕەوا نەبینی. گانیا زۆر توڕە بوو، دڵی گیرا. بەڵام تازە چی لە

دەست دەهات ، کار لە کار ترازا بوو، تەنیا ئەوەندەی بۆ کرا نیگایەکی پڕ لە هەڕەشەو گوڕەشەی بکات، ئیدی ڤارڤارا، پەی بە گرینگیو بایەخی ئەو ساتە بۆ براکەی، برد. بۆیە کەمێك نەرم بوو و سووکە بزەیەکی کاڵی مردەڵەی بە ڕووی ناستاسیا فیلیپوڤنادا دا – گوایە ئەندامانی ئەم خانەوادەیە یەکیان زۆر خۆش دەویست–.

هەڵبەتە گانیا، لە شپرزەییو پەشۆکاوی خۆیدا، لە پێشاو یەکەمجار ناستاسیا فیلیپوڤنای بە خوشکەکەی ناساند. ئەوسا نۆرەی نینا ئالکسندروڤنا هات. ویستی وەزعو ڕەوشەکە کەمێك چاك بکاتەوە، ئەمجارەیان قوڕەکەی خەست تر کردەوە، ناوی دایکی لە پێش ناوی ناستاسیادا گوت. بەڵام هەر کە نینا ئالکسندروڤنا زاری هەڵێناو گوتی: "زۆر خۆشحاڵم کە..." ناستاسیا فیلیپوڤنا بێئەوەی گوێی لێبگرێ، یان چاوەڕوان بکات قسەکەی تەواو بکات، بە پەلە ئاوڕی لە گانیا دایەوە، بێئەوەی خوڵك بکرێ، لەسەر قەنەفەیەکی چکۆلە، لەلای پەنجەرەکەوە ڕۆنیشتو گوتی:

– نووسینگەی کارەکەت کامەیە ؟و... کرێچییەکانتان لە کوێن؟ ئێوە پانسیونتان داناوە؟ کرێچیتان هەن، وانییە ؟ .

گانیا، سوور بووەوە، ویستی هەرچۆنێ بووە وەڵامێکی بداتەوە، لێ ناستاسیا فیلیپوڤنا، بواری نەداو لەسەری ڕۆیی:

– باشە کرێچی لە کوێ دادەنەن ؟ ژووری کرێچییەکان لە کوێیە؟ یانی ژووری کاریشت نییە !

ئەوسا، لە پڕ ڕووی کردە نینا ئالکسندروڤناو گوتی:

– باشە ئەم پانسیونداریە خێرێکی هەیە ؟

نینا ئالکسندروڤنا گوتی:

– هەڵبەتە، سەریەشەی زۆرە، بەڵام هەڵبەتە قازانجیشی دەبێت، ئەزقەزا ئێمە...

بەڵام ناستاسیا فیلیپوڤنا، لەوە زیاتر گوێی لێنەگرت. تەمەشایەکی گانیای کردو بە پێکەنینێکی تەوسامێزەوە گوتی:

– دەموچاوت بۆ وا گۆڕاوە! خودایا چەند کۆمیدییە! خۆزگە دەموچاوی خۆت دەبینی!

ئەو پێکەنینە چەند ساتێکی خایاند، دوای ئەوە بە ڕاستی سەروچاوی گانیا تێکچوو، لە لێبوك دەچوو. لە ناکاودا ئەو گێژیو پەریشانیە پێکەنیناوییەی هەوەڵجار بەری دا، یانی ئەو ترسەی یەکەمجاری ڕەوییەوەو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، لێوەکانی کەوتنە تەتەڵە، هیچی نەگوت، بەڵام نیگا ئەهریمەنیەکانی بڕی بووە دەموچاوی ناستاسیا کە هێشتا هەر پێدەکەنی.

بەڵام تەمەشاڤانێکی دیکەش لەوێ بوو، تەمەشاڤانێك کە ئەویش بە دیتنی ناستاسیا فیلیپوڤنا، دەمی چووە بووە کلیلەو هێشتا زمانی نەکرا بووەوە. هەرچەند وەکو سنگێك لە ئاستانەی دەرگای ژووری پێشوازیدا (میوان) چەقی بوو، بەڵام هەستی بە شپرزەیی گانیا کردبوو، هەستی بەوە کردبوو کە دەموچاوی گۆڕاوەو شەڕی لێدەبارێت. ئەو تەمەشاڤانە میرزادە بوو. خۆ بەخۆ، وەکو ئەوەی ئامێرێکی ئۆتوماتیکی بێ، بە جۆرە ترسو نیگەرانیەکەوە، چووە پێشیو بە ئەسپایی بە گانیای گوت:

– تۆزێ ئاو بخۆرەوە، خۆت هێور بکەوە، بەسە، بەو جۆرە تەمەشا مەکە...

هەڵبەتە میرزادە، ئەو قسانەی لە پاکی خۆیەوە کرد، هیچ مەبەستو مەرامێکی تایبەتی نەبوو، لە دڵسۆزی خۆی کردبوونی. بەڵام ئەم قسانەی باندۆرو کاریگەرییەکی نائاساییان هەبوو، وەکو ئەوە بوو هەرچی کەربو کینو داخو ڕقی دڵی گانیا هەبوو، هەر هەمووی بەجارێ بەسەر میرزادەدا دابڕژێت، شانەکانی گرت، چاوی پڕ کەربو کینو تۆڵەی، بە بێئەوەی بتوانێ تاقە وشەیەك بدرکێنێ، بڕییە دوڕ چاوانی وی، جماعەت هەر هەموو حەپەسان، تەنانەت نینا ئەلکسندروڤنا هاوارێکی سووکیشی کرد، پتیتسن، بە مەبەستی ناوبژی هەنگاوێك چووە پێشێ. کولیاو فردیش چینکۆ، هاتنە بەر دەرگاکەو هایمو حەیران ڕاوەستان. تەنیا ڤاریا کە سەری داخستبوو، ژێراو ژێرو بە دیقەت تەمەشای وەزعەکەی دەکرد. دەستان لەسەر سینگ، لە پاڵ دایکیا وەستا بوو.

بەڵام گانیا، یەکسەر وەخۆ هاتەوە، قاقایەکی تووڕەی لێدا، ئەوسا بەتەواوەتی وەهۆش هاتەوەو ئەوەندەی لە توانایدا بوو، بە خوێنساردیو هێمنیو بە شێوەیەکی ئاسایی گوتی:

– میرزادە، چیە ؟ پێت وایە پزیشکی؟ بەڕاستی ترساندمت .

ئەوسا ئاوڕێکی لای ناستاسیا فیلیپوڤنای دایەوەو لەسەری ڕۆیی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە یارمەتیت با ئەم پیاوە هەرە بەرێزەت پێ بناسێنم، هەرچەندە بە خۆیشم ئەم بەیانییە تەعاروفم دەگەڵی کردووە.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بەسەرسامی ڕوانیە میرزادەو گوتی:

– میرزادە ؟ چما میرزادەیە ؟ دەزانی من تۆزێ لەمەپێش کە لەمەدخەلەکەدا دیتم، وامزانی خزمەتکارە، ناردم تا خەبەری هاتنی منتان بداتێ ! ها ها ها !.

فردیش چینکۆ، کە بە پەلە دەهاتە ژووریو خۆشحاڵ بوو بەوەی کە ئەوان دەستیان بە پێکەنین کردووەتەوەو بارگرژیەکە ڕەویوەتەوە، هەڵیدایە:

– قەیدی نییە! گوێ مەدەیە ! کەس نازانێ خێر لە چدایە!

– میرزادە بمبورە، نەمزانی، هاواریشم بە سەرا کردیت! فردیش چینکۆ، تۆ بەم بەیانییە چ دەکەی لێرە ؟ تەسەورم نەدەکرد تۆ لێرە بدینم.

گانیا، کە هێشتا شانی میرزادەی گرتبوو و بە ناستاسیای دەناساند، ناستاسیا فیلیپوڤنا، دووبارە لە گانیای پرسی:

– گوتت کێ ؟ میرزادە کێ ؟ میرزادە میشکین ؟

گانیا گوتی:

– یەکێکە لە کرێچییەکانی ئێمە.

میرزادە، وەکو کەسێتییەکی ماقوڵو – وەکو فریارەسێك کە لەو وەزعە نالەبارەیان دەربێنێ– بە ناستاسیا فیلیپوڤنا، ناسێنرا. لەو کاتەدا کە لە ناستاسیایان دەبردە پێشێ، میرزادە بە ئاشکرا گوێی لێبوو یەکێك لە دوایەوە وشەی "گەمژەی"ی بەکاربرد، پێدەچوو فردیش چینکۆ بێ بۆ ڕابواردنو، خۆشی ناستاسیا ئەو قسەیەی کردبێت.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە بێ ڕەچاو کردنی هیچ ئەتەکێتێك، سەراپای میرزادەی بە نیگا دادەبێژت، لە سەری ڕۆیی و بێ هیچ لە ڕووداماێك گوتی:

– باشە کە ئەو هەڵە گەورەیەم دەربارەت کرد، بۆ پێت نەگوتم ؟

ناستاسیا بە پەرۆشەوە چاوەڕانی وەڵامی وی بوو، لەوە دەچوو دڵنیا بێت کە وەڵامەکەی هێندە گەوجانە دەبێت کە سەر بە قوڕ پێی دێتە پێکەنین.

میرزادە لە بن لێوانەوە گوتی:

– کە لە ناکاوا تۆم لە بەردەمی خۆمدا بینی، حەپەسام...

– بەڵام چۆنت ناسیم، چۆن زانیت منم؟ تۆ منت لە کوێ دیتووە؟ سەیرە... هەستدەکەم لە شوێنێکم دیتووە!... دەی باشە بۆچی کە منت بینی لە جێی خۆت وشك بوویت... چ سیحرێکت لە منا بینی کە بەو ڕادەیە بەنج بوویت. جوانی؟

فردیش چینکۆ، لێبوك ئاسا، گوتی:

– دە شتێ بڵێ ..بۆ وەڵامی نادەیەوە ؟ خۆزگە من لە جێی تۆ بام بزانە هەنگێ چ وەڵامێکم دەدایەوە !.. دەی میرزادە... بەڕاستی کەسێکی دەست و پێ سپیت!...

میرزادە، بەدەم پێکەنینەوە بە فردیش چینکۆی گوت:

– ئەگەر منیش لە جێی تۆ بام زۆر شتم دەگوت.

ئەوسا، ڕوو لە ناستاسیا فیلیپوڤنا گوتی:

– ئەم بەیانیە وێنەکەت سەرنجی ڕاکێشام، پاشان لەگەڵ ماڵباتی یەپانچیندا باسی تۆم کردو... هەروەها ئەم بەیانیە زوو، کاتێ کە لە ڤیتارا بووم، پێش ئەوەی بگەمە پترسبۆرگ، بارڤیون روگوژن، لە ڤیتارەکەدا زۆر باسی تۆی بۆ کردم. جا ئەو دەمەی کە دەرگاکەم بۆ کردیتەوە، لە بیرو لە خەیاڵما بوویت، کەچی کوت و پڕ لەبەردەمما قوت بوویتەوە.

– بەڵام چۆن ناسیتمەوە...؟

– بە وێنەکەتا ناسیمیتەوە... و...

– بەچی دیدا ؟

– بەوەیا کە ڕێك، دەقاو دەق، ئەو کەسە بوویت کە لە خەیاڵی خۆما بەرجەستەم کردبوویت... منیش وا وێنا دەکەم کە لە شوێنێکدا تۆم دیتبێ.

– لەکوێ ؟ کەی ؟

– وا تەسەور دەکەم ئەم چاوانەم دیتوون... بەڵام مەحاڵە !... من پێشتر هەرگیز لێرە نەبووم... لێرە نەژیاوم. ڕەنگە لە خەوا دیتبمن...

فردیش چینکۆ هاواری کرد:

– دەستخۆش میرزادە! نا، نا نیشانەی خۆت ئەنگاوت، منیش لەو قسەیەی کە کردم، ژێوان دەبمەوە... دەمخۆش... ئەوسا لەسەری ڕۆیی:

– ... بزانە چەند پاك و بەستەزمان و سادەو ساویلکەیە !

میرزاده، ئەو چەند وشە کەمەی بە دەنگێکی شپرزەو بە پچڕپچڕ ئەدا کردبوو. تەنانەت بەدەم قسەکردنەوە، دەوەستا تا نەفەس تازە بکاتەوە. بە ئاشکرا هەڵچوونی پێوە دیار بوو. ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە کونجکاوی تەمەشای دەکرد، بەڵام لە پێکەنین کەوتبوو.

لەو کاتەدا، دەنگێکی تازەو بەرز، لە پشت ئەو خەڵکەوە بەرز بووەوە کە دەوری میرزادەو ناستاسیا فیلیپوڤنایان دابوو، قەرەباڵغیەکەی کرد بە دوو بەشەوە. ئەمە سەرگەڤاری خێزانەکە، جەنەراڵ ئیڤولگین بوو، ڕێك لە بەردەم ناستاسیا فیلیپوڤنادا وەستا، جلکی فەرمی لەبەر بوو، لە ژێرەوە کراسێکی پاك‌و خاوێنی لەبەر کردبوو، ڕۆنی لە سمێڵی دابوو. ئیدی گانیا، ئەمەی پێ قووت بەدەچوو.

گانیا گەنجێکی لە خۆبایی بوو، زۆری حەز لە خۆدەرخستن‌و خۆنوێنی دەکرد، لە ماوەی ئەم دوو مانگەی دواییدا، هەموو ڕێگەیەکی گرتبووەبەر، تا هەیبەت‌و سامێك بەخۆی ببەخشێت‌و شەخسیەتێك پەیدا بکات‌و خۆی لەوە زیاتر بنوێنێ کە هەبوو. بەڵام دەیزانی هێشتا ناشیەو پیاوی ئەو ڕێگایە نییە کە هەڵی بژاردبوو، لە خۆی ڕانەدەبینی ئەم بارە بگەیەنێتە جێ، بۆیە لێبڕا، بەوپەڕی بێ پەروایی، خۆی بکات بەسەر گەورەی ماڵ، ئیدی لە ماڵەوە دکتاتۆرێك بوو لەوە گۆڕە، بەڵام لە ئاستی ناستاسیا فیلیپوڤنادا وەکو کەوی بەزیوو بوو، مووی نەدەپساند، ناستاسیا، کارێکی کردبوو، کە هەمیشە لە نێوان ترس‌و ئومێدا بێ، زۆر بە سەریا زاڵ بوو، تەنانەت ناوی "گەدای بێ سەبر"ی لێنا بوو. ئەم قسەیە گەیی بووە گانیا، ئەویش لە دڵی خۆیدا سوێندی خواردبوو کە لە ئایندەدا تۆڵەی ئەمە لە ناستاسیا بکاتەوەو بە خەیاڵی خاوی خۆی، بە ئومێدی ئەوەش بوو هەموو کێشەو گرفتەکان چارەسەربکات.

ئێستا ئەو شتەی کە دوو مانگ بوو، شەوو ڕۆژ وەکو مۆتەکە، چۆکی بەسەر سینگیا دادابوو، دڵی دەگوشی‌و عەزابی ڕوحی دەدا بەر دەرکەی پێ گرتبوو، جا وەرە پیاو لە بەر چاوی کەسوکارەکەی‌و لە ماڵەکەی خۆیدا، ئیحراج بکرێت‌و هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت، تەنیا ئەوەی لە دەست بێ لە تەریقی‌و شەرمەزاریدا سوور هەڵگەڕێت، تەحا لەو عەزابە قورسە، کە ئەمە بەلای ئینسانی بودەڵەو مەغرورەوە، عەزابێکی زۆر قورسە. ئەو شەڕەی هەنوکە بەردەرکەی پێ گرتبوو، دیداری خانەوادەیی نێوان بابی‌و ناستاسیا فیلیپوڤنا بوو، کە بە خەیاڵیش پێی قووت نەدەچوو. هەندێجار لە ماوەی ئەم دوو مانگەی دواییدا، بە خەیاڵ ئامادەبوونی جەنەراڵی لە ئاهەنگی زەماوەندەکەیدا دەهێنایە بەرچاوی خۆی، زۆری عەزاب بەوەوە دەخوارد، بەڵام نەی توانی بوو، ئەم دیمەنە ترسناکە، لە خەیاڵی خۆیدا تەواوبکات‌و بەلەز لە زەینی خۆی دەیسڕییەوە. زۆرجار، ئەم کێشەو بەڵایەی لە خەیاڵی خۆیدا زۆر گەورە دەکردەوە، بەڵام ئەوە پیشەی هەر خەڵکێکی فشەکەرو بودەڵەیە. لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا، فریای ئەوە کەوت کە بیر لە مەسەلەکە بکاتەوەو قەراری خۆی بدات، لەدڵی خۆیدا بڕیاری دابوو، هەر کارێکی، بۆ دوور خستنەوەی باوکی، لە دەست بێ تەخسیر نەکات، و ئەگەر پێویست بکات، تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورت، ئیدی دایکی بەمە ڕازی بێ یان نا، بۆ پترسبۆرگی دووربخاتەوە. کاتێ کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، چەند دەقیقەیەك لەمەپێش وەژوورکەوت، گانیا بە جۆرێ پەشۆکا بوو، بە جۆرێ

حەپەسا بوو، کەمو زۆر، بە خەویش ئەوەی بە بیرا نەدەهات، کە لەگینە ئاردالیون ئالکسندروفیچ، لە ناکاوا پەیدا ببێت، بۆیە هیچ تەگبیرو حیسابێکی بۆ ئەم بەڵای ناگەهانە نەکردبوو!

کەچی هەنووکە، جەنەراڵ، بە بەرچاوی هەمووانەوە لەوێ ئامادە بوو. جا چۆن ئامادەبوونێ، دەتگوت خۆی بۆ زەماوەند ئامادە کردووە، جلکی فەرمی لەبەرە، کەیش ؟ لە کاتێکا کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە بیانوو و هەنجەتێك دەگەڕا تا گاڵتەو سووکایەتی بە خۆی و بە خانەوادەکەی بکات ( گانیا هیچ گومانێکی لەمە نەبوو ). دەنا ئەم دیدارە کوتو پڕەی ئەمڕۆی بۆچیو لە پای چی بوو؟ ئایا بۆ ئەوە هاتبوو دۆستایەتی دایکی و خوشکەکەی بە دەست بێنێ، یان لە ماڵەکەی خۆیاندا سووکایەتیان پێبکات ؟

بەڵام کە تەمەشای هەڵوێستو ڕەفتاری هەردوولات دەکرد، هیچ گومانێك نەدەماو هەموو شتێك ئاشکرا دەبوو. دایکیو خوشکەکەی بە کزیو مەلولی، وەکو خەڵکێکی سوکایەتی پێکراو، دووراو دوور لە سووچێکی ژوورەکەدا کزکۆڵەیان کردبوو. بەڵام ناستاسیا فیلیپوڤنا، لەوە دەچوو، هەر بیریشی نەمابێ کە ئەوان لە ژوورەوەن !.... دیارە ئەم ڕەوشو ڕەفتارەی خۆی لە خۆیدا بەڵگەی بێ چەندو چوونی ئەوە بوو کە شتێکی تایبەتی لە ژێر سەردایە !

فردیش چینکۆ، باسکی جەنەراڵی گرتو بۆ لای ناستاسیای برد. جەنەراڵ، بەرێزو حورمەتەوە، بە ڕووخۆشیو ویقارەوە کڕنۆشی بردو خۆی ناساند:

– ئاردالیون ئالکسندروفیچ ئیڤولگین. سەربازی پیرو دێرینو بەدبەختو سەرگەڤاری خانەوادەیەکی بەختەوەر کە ئومێدەوارو خۆشحاڵە، بەو زووانە خانمێکی وەها خشیكو شەنگوڵ بێتە ریزییەوە...

جەنەراڵ نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات. فردیش چینکۆ، خێرا کورسییەکی فریاخست. جەنەراڵ، بە تایبەتی پاش نانخواردن، نەیدەتوانی بە باشی خۆی بە پێوە بگرێت، بۆیە لەسەر کورسیەکە ڕۆنیشت، تۆ بڵێ بەسەر کورسیەکەدا داڕوخا. بەڵام خۆی تێك نەدا، نە نیگەران بوو و نە تەریق بووەوە. ڕێك ڕووبەڕووی ناستاسیا فیلیپوڤنا دانیشت، دەستی گرت، بە ئەسپاییو بە جۆرە لوتفو نەزاکەتێکی نمایشییەوە، قامکەکانی بۆ دەمی برد. جەنەراڵ، بە شێوەیەکی گشتی بە ئاسانی شێلو نەدەبوو. جۆرە ئیهمالییەك بە جلەکانیەوە دەبینرا، دەنا بە ڕواڵەت، پیاوێکی بە سەروسیماو بە سامو هەیبەت بوو، بە خۆشی بەمەی دەزانی. ئەم پیاوە کاتی خۆی پیاوی ناو مەجلیسو ئەنجوومەنانی باڵای کۆمەڵگە بوو، لەم یەك دوو ساڵەی دواییەدا، لێکەوتو ڕووی ئەو مەجلیسو ئەنجوومەنانەی نەما. ئیدی لەوە بە دواوە بەرە بەرە ئەو هەیبەتو سامەی جارانی نەما تا ڕادەیەك دەستی لە خۆی بەردا. بەڵام بەو حاڵەشەوە، گەرمو گوڕیو خۆش مەشرەبیەکەی هەر پاراستبوو. ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە ئامادەبوونی ئاردالیون ئالکسندروفیچ، کە دیار بوو، پێشتر زۆر شتی دەربارە بیستبوو، زۆر خۆشحاڵ بوو.

جەنەراڵ ویستی قسان بکات، گوتی:

– دەزانم کە کوڕەکەم...

– ئا... بەڵێ... کوڕەکەت !... بەڕاستی تۆش باوکێکی باشیت ! باشە بۆچی قەت نایەی بۆ لای من ؟ تۆ خۆت گۆشەگیریت پێخۆشە یان کوڕەکەت نایەوێ دەربکەوی ؟ تۆ دەتوانی هەرکاتێ خۆت بتەوێ سەرم بدەیت، چونکە تۆ هیچ قسەیەکت لێناوەشێتەوەو کەس ناتوانێ ناوو ناتۆرەت دوا بخات...

جەنەراڵ، دەستی بە قسان کردەوە:

– کوڕانی سەدەی نۆزدەیەم و باوکانیان...

نینا ئەلکسندرۆڤنا، بەدەنگی بەرز گوتی:

– ناستاسیا فیلیپۆڤنا، بێ زەحمەت ئاردالیون ئەلکسندروفیچ بۆ ساتێ ئیزن بدە، کاریان پێیەتی...

– ئیزنی بدەم ؟ ئاخر چۆن، تکا دەکەم... من زۆر شتم دەربارەی بیستووە، لە مێژە حەزدەکەم بیناسم! باشە کاری چی هەیە ؟ ئەدی خانەنشین نیە ؟ هەڵبەتە جەنەراڵ تۆ ناتەوێ بڕۆیت، من بەجێ ناهێڵێ، وانییە ؟

– من بەڵێنت دەدەمێ، کە دێتە دیدەنیت، بەڵام هەنوکە پێویستی بە ئیسراحەتە.

ناستایسا فیلیپۆڤنا، وەکو منداڵێکی بە ناز کە بۆکەڵەکەیان لێ سەند بێ، زیزو تۆراو، لچی دا بە یەکاو گوتی:

– ئاردالیون ئالکسندروفیچ، دەڵێن گوایە پێویستت بە ئیسراحەتە...

جەنەراڵ، بۆ ئەوەی، وەزعێکی پێکەنیناوی دروست بکات، دەستێکی نایە سەر دڵی خۆیو، بە دەنگێکی گلەیی ئامێزەوە گوتی:

– گیانەکەم، گیانەکەم...

ڤاریا، بە دەنگی بەرز گوتی:

– دایکە، ئەگەر تۆ بڕۆی، باشتر نییە ؟

دایکی بەرسڤی دایەوە:

– نا ڤاریا، تا کوتایی دەمێنمەوە !

هەڵبەتە ناستاسیا فیلیپۆڤنا، گوێی لەو پرسیارو وەڵامە بوو بوو، بەڵام نەک هەر سارد نەبووەوە، بەڵکو زیاتر گەرم بوو و، دیسان جەنەراڵی دایە بەر دەمڕێژی پرسیاران. لە زەرفی پێنج دەقیقەیەکدا، جەنەراڵ، کەوتە هەوای خۆیو بەدەم وڕێنەوە هەموو جەماعەتی هێنایە پێکەنین.

کولیا، بە دزییەوە قۆڵی چاکەتەکەی میرزادەی ڕاکێشاو پێی گوت:

– باشە، ناتوانی هەر چۆنێ بووە بیبەیتە دەرەوە ؟ ناتوانی ؟ تکات لێدەکەم...

ڕوندکی بێچارەی لەچاوانی کوڕیژگەی داماودا قەتیس مابوو، بە ئەسپایی و لەبەر خۆیەوە گوتی:

– نەعلەتی خوات لێبێ گانیا !

جەنەراڵ، بەدەم وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ناستاسیا فیلیپۆڤناوە، شانی لێ قایم کردو گوتی:

– بەڵێ لە ڕاستیدا، من دۆستی گیانی بە گیانی ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچین بووم، دۆستایەتیمان زۆر خۆش بوو. من و ڕەحمەتی میرزادە لیون نیکولایوفیچ میشکین، کە خۆشبەختانە ئەمڕۆکە، دوای بیست ساڵ دابڕان، کوڕەکەیم لە ئامێزگرت، سێ دۆستی گیانی بە گیانی بووین، هەمیشە پێکەوە بووین. وەکو سێ تفەنگدارەکە بووین: ئاتوس، بورتوس و، ئارامیس. بەڵام بەداخەوە!... یەکێکمان حاڵی حازر لە ژێر گڵدایە، بوو بە قوربانی بوختان و دوو زمانی و گوللەی غەدرو نامەردی، دووەممان ئەوەتا لەبەر دەمتدایەو تا ئێستاش دژی دوو زمانی و گوللە... دەخەبتێ...

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە سەرسامی پرسی:

– گوللە ؟

– لێرەدایە، لە سینگی مندایە، لە کاتی گەمارۆی قارس*دا پێم کەوت، ئێستاش لە سەرمادا، ناڕەحەتم دەکات. ئیدی لە شتەکانی دیدا، وەکو فەیلەسوفان دەژیم. پیاسە دەکەم، لە چاخانەدا وەکو بورژوایەکی خانەنشین وەرەقبازی دەکەم، و ڕۆژنامەی "خۆیبوون*" دەخوێنمەوە. بەڵام سەبارەت بە (بورتوس)ی هاوڕێمان – یانی یەپانچین، سێ دانە ساڵی خشتە، پەیوەندیم لەگەڵی بڕیوە، لەسەر ئەو سەگە چکۆلەیەی ناو قیتارەکە....

ناستاسیا بەوپەڕی کونجکاوی پرسی:

– سەگی چکۆڵە ؟ ئەو چیرۆکە چیە ؟ سەگی چکۆلە ؟ لە ناو قیتار؟...

لە تۆ وایە دەیەوێ شتێك وەبیر خۆی بێنێتەوە.

– ئا! چیرۆکێکی قۆڕ بوو، شایستەی گێڕانەوە نییە: پەیوەندی بە (مسز سمیت)ی هاوڕێی شازادە خانم (بیلوکونسکایا)وە هەیە... بەڕاستی شایستەی گێڕانەوە نییە.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە تاسەوە گوتی:

– نا، بیگێڕەوە، دەبێ بۆ منی بگێڕیتەوە !

فردیش چینکۆ گوتی:

– منیش نایزانم. تا ئێستا نەم بیستووە، ئەمە تازەیە.

دەنگی توڕەی نینا ئالکسندروڤنا بەرز بووەوە:

– ئاردالیون ئالکسندروفیچ !

کولیا، بانگی کرد:

– باوکە، تۆیان دەوێ...

جەنەراڵ بەخۆشحاڵییەوە کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکەکەو گوتی:

– بە کورتی، ڕووداوێکی کۆمیدی بوو. نزیکەی دوو، دوو ساڵ، دوو ساڵ کەمێ زیاتر، ڕێك دوای کردنەوەی هێڵی ئاسنی نێوان... بۆ کارێکی پێویست، زۆر پێویست، بۆ کاری خانەنشینی یەکەم چووم بۆ وێستگەی قیتار، (جلکی مەدەنیم لەبەر کرد بوو) بلیتی نمرە یەکم بڕی. سواری قیتار بووم، فارگۆنەکەی خۆم دۆزییەوە، دانیشتم و دەستم بە جگەرەکێشان کرد، نەء لەسەر جگەرەکێشان بەردەوام بووم، چونکە پێش سوار بوونی قیتارەکە جگەرەکەم داگیراند بوو، لە فارگۆنەکەدا بە تەنیا بووم. هەرچەند جگەرەکێشان قەدەغە نەبوو، بەڵام زۆریش ڕێگە پێدراو

نەبوو، عادەت وابوو کە چاوپۆشی لێدەکرا، ئیدی وەستا بووە سەر کەسەکە خۆی. جامی پەنجەرەکە کرا بووەوە. لە ناکاوا، ڕێك بەر لەوەی قیتارەکە شووتی حەرەکەت لێبدات، دوو خانم وەژوور کەوتن، چیوای ئەما بوو بە جێ بمێنن، سەگێکی چکۆلەیان پێبوو، ڕێك بەرانبەر بە من دانیشتن. یەکێکیان دەستێك جلکی، شینی ئاسمانی، یەجگار شیکی لەبەردا بوو. دووەمیان دەستی جلی حەریری ڕەشی یەخە فەرووی سادەتری لە بەر بوو. هەردوو خانم، تا ڕادەیەك جوان بوون، بەلاّم بە عینوان بوون. بە ئینگلیزی دەئاخاوتن. من گوێم نەدانیّ و لەسەر جگەرەکێشانی خۆ بەردەوام بووم. ڕاستت گەرەکە بیرم لە کوژانەوەی جگەرەکە کردەوە، بەلاّم دوایی بڕیارم دا، سیگاری خۆ بکێشم و دوو کەڵەکەی، لە پەنجەرەکەوە، کە هێشتا هەر کراوە بوو، بکەمە دەرەوە، سەگەکە بە باوەشی ژنە شین پۆشەکەوە بوو — سەگێکی زۆر زۆر بچووك بوو– هەر بە ئەندازەی لەپی دەستێك دەبوو، خۆی ڕەش و چوارپەلی سپی بوو... سەگێکی زۆر دەگمەن بوو. قرێتەیەکی زیوی لە مل بوو کە ناوی خۆی لەسەر نەخشێنرا بوو. من هەر بەو دەقەوە، کڕوکپ، بێئەوەی گویّ بەوان بدەم، لەجێی خۆ دانیشتبووم. بەلاّم هەستم کرد جووتە خانم، پەست و بێزارن، هەڵبەتە بە دوکەڵە جگەرەکەی من قەڵس بوون. یەکێکیان لە پشت عەینەکەکەیەوە تەمەشای دەکردم. دیسان گوێم نەدایەو خۆم کرد بە کەڕەی شەرەبەت. نە ئەوان قسەیان دەکرد و نە من، خۆ دەبوایە قسەیەك بکەن، ئاگادارم بکەنەوە، داوایەکیان کردبا، ئەدی بەشەر زمانی بۆچیە. بەلاّم بەرد وەدەنگ هات، جووتە خانم وەدەنگ نەهاتن، قوڕو قەپ!... خانمە شین پۆشەکە، لە ناکاودا، بیّ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك... باوەڕبکە بیّ هیچ ئاگادار کردنەوەیەك، وەکو ئەوەی ئەقڵی لە دەست دابیّ، سیگارەکەی لە دەستم ڕاپسکاندو لە پەنجەرەکەوە فڕێی دا. قیتار، بە دەم فیشك و هۆڕەوە، دەڕۆیی. منیش سەرسام و حەپەساو، لە جێی خۆمەوە تەمەشام دەکرد. ژنێکی کێوی بوو، کێوی تەواو. ئەگەر بڵێی ژنێکی جوانیش بوو، تەڕو بڕ، بەژن و بالاّ کەڵەگەت، زەرییەکی گونا ئالّ، زۆر ئالّ بوو. ڕێك چاوانی بڕی بوونە دوڕ چاوانی من و نەی دەگواستنەوە. منیش نەمکردە نامەردی بێئەوەی تاقە قسەیەك بکەم، بەوپەڕی ئەدەبەوە، زۆر بە نەزاکەتەوە، بەوپەڕی ناسکی، دەستم برد قلاّدەکەی ملی سەگەکەم گرت و دوا بە دوای جگەرەکەم تورم دایە دەریّ. هەر ئەوەندە فریاکەوت قروسکەیەکی کردو، قیتار تێپەڕی.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە قاقای پێکەنینی دا، وەکو منداڵ کەوتە چەپڵە لێدان و هاواری کرد:

– تۆ شێری شێر !

فردیش چینکۆ هاواری کرد:

– ئەی ئافەرین ! وەللاّ بابە ئافەرین !

پتیتسن، هەرچەندە، بە هاتنی جەنەراڵ، پەست و قەڵس بوو، کەچی ئەویش پێکەنی، تەنانەت کولیاش کەوتە پێکەنین و هاواری کرد:

– ئافەرین ! دەستخۆش !

جەنەراڵ، بە شەوق و زەوقی تەواوەوە بەردەوام بوو:

– هەقی خۆم بوو، هەق بە من بوو، زۆریش هەقم بوو. خۆ ئەگەر جگەرە لە قیتاردا قەدەغە بێ، هەقە سەگ لە جگەرەکیشان قەدەغە تر بێ.

کولیا، هاواری کرد:

– دەستخۆش باوکە ! کارێکی باشت کردووە ! ئەگەر منیش لە جیاتی تۆبام هەر وام دەکرد.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە تاسەوە پرسی:

– ئەدی ئەو خانمە چیکرد ؟

جەنەراڵ، برۆکانی وێکهێنانەوە و گوتی:

– ئەو خانمە ؟ کێشەکە لێرەوە دەستی پێکرد، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، بێ هیچ پێشەکییەك، تا توانی زللەیەکی بە بنا گوێما کێشا. پێمگوتیت ژنێکی کێوی بوو، کێوی بە هەموو مانایەك !

– ئەدی تۆ چیت کرد ؟

جەنەراڵ، چاوی داخست، برۆی هەڵبڕین، لێوی کرۆشت، دەستی بڵاوکردنەوە، بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوسا لە پڕ گوتی:

– جڵەوی خۆم لە دەست دا.

– یانی ، زۆر بە توندی لێتدا ؟

– نە بە زاتی خوا ! زۆر بە نەرمی ڕەفتارم کرد، بەڵام بوو بە هەراو هەنگامەیەك ئەوسەری دیار نەبێت، بەڵام باوەڕ بکە لێم نەدا، تەنیا سووکە پاڵێکم پێوەنا، ئەویش هەر بۆ ئەوەی لە خۆمی دوور بخەمەوە. خانمە شین پۆشەکە، بۆ نەگبەتی من نەك هەر ئینگلیز دەرچوو، بەڵکو هاودەم و بگرە دۆستی شازادەخانم بیلوکونسکایا دەرچوو. خانمی دووەم کە جلی ڕەشی لەبەر بوو کچە گەورەی بیلوکونسکایا دەرچوو، پیرە کچێکی سی و پێنج ساڵە بوو. هەموو دەزانن کە دۆستایەتی نێوان خانم یەپانچین و ماڵباتی بیلوکونسکایا، زۆر خۆش بوو. ئیدی هەر شەش خانمەکە لەگەڵ خانمە ئینگلیزەکەدا، کردیان بە گریەو شیوەنێك ئەوسەری دیار نەبێ، لە ڕاستیدا پرسەیان بۆ سەگە نازدارەکەیان گرتبوو. هەڵبەتە پاشان ویستم بچم تەوازۆیان بۆ بێنمەوە، تەنانەت عوزرنامەیەکیشم نووسی، بەڵام نەخۆمیان قەبووڵ کرد و نەعوزرنامەکەم. ئیدی لەوەوە ساردی کەوتە بەینی من و خانەوادەی یەپانچینەوە، لێم زیزبوون و ئیدی نەچووینەوە بەلای یەکدا.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە ناکاودا پرسی:

– بە یارمەتیت، شتی وا چۆن دەبێ ؟ من هەمووی پێنج شەش ڕۆژێك لەمە پێش، ئەم چیرۆکەم لە ڕۆژنامەی (خۆیبوون)دا خوێندەوەتەوە. هەر دەقا و دەق ئەم چیرۆکە بوو کە تۆ گێڕاتەوە! ڕووداوەکە لە هێڵی ئاسنی ڕۆخی ڕوباری ڕایندا، لە نێوان پیاوێکی فەرەنسی و ژنێکی ئینگلیزدا ڕوویداوە: ژنەکە بە هەمان شێوە جگەرەکەی لە دەستی کابرا ڕاپسکاندووە و لە پەنجەرەکەوە توڕی داوە و کابراش ڕێك بە هەمان شێوە سەگە قەزەمەکەی ئەوی لە پەنجەرەکەوە توڕداوە.

دەقا و دەق وەکو ئەمە بووە کە تۆ گێڕاتەوە، تەنانەت جلو بەرگی ژنەکەش شینی ئاسمانی بووە!

جەنەراڵ، لە تەریقیدا سوور هەڵگەڕا. کولیاش سوور بووەوەو سەری لە نێو هەردوو دەستی نا. پتیتسن بەلەز ڕووی وەرگێڕا. تەنیا فردیش چینکو، هێشتا بە قاقا پێدەکەنی. سەبارەت بە گانیا، هەر باسی مەکە، بە درێژایی ئەم ماوەیە لەوێندەر وەستا بوو، کڕو کپ، خۆی دەخواردەوە. کەس حاڵی بە حاڵی نەبێت!

جەنەراڵ، بەدەم مینجە مینجەوە گوتی:

– باوەڕ بکە ، ئەوەی بۆم گێڕایتەوە، دەقا و دەق بەو شێوەیە لە خۆم ڕووی داوە..

کولیا گوتی:

– بابم ڕاست دەکات، منیش لە بیرمە کە کێشەو سەریەشەیەکی زۆری لەگەڵ (خاسمیت)ی هاودەمی شازادەخانم بیلوکونسکایادا بۆ دروست بوو.

ناستاسیا فیلیپوڤنای بێ حەیا هەر کۆڵی نەدەدا:

– ئاخر شتی وا چۆن دەبێ ؟ سەیرە، ڕووداوێك لە دوو شوێنی جیای ئەوروپادا، بە هەمان شێوە، بێ هیچ جیاوازییەك ڕووبدات ! تەنانەت کراسە شینە ئاسمانیەکەش، هەر هەمان شێوە بێت ! نا، دەبێ ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی "خۆیبوونی بەلچیکی"ت بۆ بنێرم.

جەنەراڵ، گوتی:

– بەڵام ئاگاداربە، ئەوەی لە من ڕووی داوە، هی دوو ساڵ لەمە پێشە !

– مەگەر تەنیا لەمەدا جیاواز بن..

ناستاسیا فیلیپوفنا ، وەکو یەکێك تووشی نۆرە هیستریایەك بووبێ، بەدەم قاقای پێکەنینەوە، ئەو قسەیەی کرد.

گانیا، لە کاتێکا شانی بابی گرتبوو، بە دەنگێکی شەکەتو لەرزۆك گوتی:

– بابۆ، تکایە بەڵکو لەگەڵما بێیتە دەرێ... دەمەوێ دوو قسەت دەگەڵ بکەم.

ڕقو کینە لە چاوانی دەبووەوە.

لەو دەمەدا، زەنگی دەرگا بە جۆرێ لە مەدەخەلەکەدا دەنگی دایەوە، لە تۆ وایە هەر ئێستا هەڵدەکەنرێ. دیارە ئەم زەنگە، نیشانەی دیدەنیەکی نا ئاسایی بوو. کولیا ڕای کرد تا دەرگا بکاتەوە.

پەراوێز:

* –"گەمارۆی قارس.." گەمارۆی قەڵای قارسی تورکی لە ساڵی ١٨٥٥دا بوو، ئیدی دوای ئەوەی گەمارۆدراوەکان ئازووقەیان تەواو بوو، لە ١٨٥٥/١١/٦، ڕادەستی جەنەراڵ موراڤییڤ بوون.

* –"ڕۆژنامەی خۆیبوون..." مەبەست لە رۆژنامەی خۆیبوونی بەلچیکییە کە لە ساڵی ١٨٣٠وە لە برۆکسل دەردەچوو. دۆستویفسکی زۆرجار ئەم رۆژنامە پڕ زانیارییەی دەخوێندەوە، بەتایبەتی بەشە سیاسییەکەی.

## فەسڵی دەیەم

لە پڕ، مەدەخەلەکە پڕ بوو لە هەراو زەنای کۆمەڵە خەڵکێك. ئەوانەی کە لە هۆڵەکەدا بوون، بە دەنگە دەنگەکەدا زانیان کە چەند کەسێك وەژوور کەوتوون و چەند کەسێکی دیکەش خەریکە دێنە ژوورەوە. دەستەیەك پێکەوەو لە یەك کاتدا قسانیان دەکرد، هاواریان دەکرد. چەند کەسێکی دیکە لەبەر قاڵدرمەکاندا قسەیان دەکردو هاواریان دەکرد، دەرگای ماڵەکە کرابووەوە. دیار بوو ئەمانە میوانی سەیرو غەریب و عەجیب،و میوانی ناوەخت بوون. ئەوانەی لە هۆڵەکەدا بوون، هەموو کەوتنە تەمەشا کردنی یەکدی. گانیا بەهەشتاو چوو بۆ هۆڵە گەورەکە، کۆمەڵێك خەڵکی لەوێندەر بینی.

دەنگێك، کە بە گوێی میرزادە ئاشنا بوو، بەرز بووەوەو گوتی:

– ئەها، ئەوە تۆی یەهودا*! هەی خایەن! سلاو گانیا، هەی زۆڵ، هەی بیژی!

دەنگێکی دی هەڵیدایە:

– بەڵێ، ئەوە، خۆیەتی !

میرزادە، هیچ گومانێکی نەما کە یەکێك لە دەنگەکان، دەنگی روگوژین و ئەوی تر دەنگی لیبیدیف بوو.

گانیا، وڕوکاس لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا بوو. کڕو کپ تەمەشای دەکرد، هیچ هەوڵێکی نەدەدا رێگە لە هاتنە ژوورەوەی ئەو دە– دوازدە کەسە بگرێت کە دووی بارفیون روگوژین کەوتبوون. ئەم گروپە تێکەڵەیەکی سەیرو سەمەرە بوو، هەر یەکەیان لە ڕەنگێ بوون، هەر هەموو بێ سەروبەر، فەوزایەك بوو ئەوسەری دیار نەبوو. هەندێکیان زۆر بە شڕو شەپڕێوی و بە فەروەو پاڵتۆکانیانەوە وەژوور کەوتبوون، پێدەچوو، سەرو شتێکیان خواردبێتەوە، بەلام کەسیان سیامەست نەبوون. لەوەدەچوو، هەر یەکێکیان پێویستی بەوی دی بێ بۆ ئەوەی غیرەت بیانگرێت و بێنە ژوورەوە، کەسیان بە تەنیا زاتی هاتنە ژوورەوەی نەدەکرد. تەنانەت "روگوژین"ش کە سەر دەستەو پێشڕەویان بوو، بە پارێزەوە هەنگاوی دەنا، گرژو مۆن و پەست و خەمین و توڕە دیار بوو. دیار بوو بە نیازی شتێك بوو. ئەوانی دی تەنیا دەوری کۆرسیان دەبینی، دەبوا لە کاتی پێویستدا یارمەتی ئەو بدەن. گروپەکە جگە لە لیبدیف، (زالیوجیف)شیان لەگەڵدا بوو، کە قژی ڤێرو، نیگرۆ کردبوو، پاڵتۆ فەروەکەی لە مەدەخەلەکەدا

دانا، خۆی بە ژوورا کرد، بێ خەمو خەیاڵ ڕەفتاری دەکرد. دوو سێ کەسی دیکەی هاوتەرازی خۆی لەگەڵدا بوون، کە دیار بوو کوڕە بازرگانن. ئەوانی دی خەڵکی هەمە جۆر بوون. یەکێکیان دەگەڵ بوو کە پاڵتۆیەکی سوپایی لەبەر بوو، یەکێکی تریان دەگەڵ بوو، کە کورتە بنەیەکی یەجگار قەڵەوی هەمیشە خەنۆل بوو، پیاوی سێیەم، درێژێکی، بەدارو بار بوو، ئەویش یەجگار قەڵەو بوو، باڵای نزیکەی دوو مەتر دەبوو. کابرایەکی عەبوسو مەنگو بێدەنگ بوو، دیار بوو کە زۆر بە هێزی بازووی خۆی دەنازی.

لەگەڵ خوێنکارێکی زانکۆی پزیشکی و چەکلێکی مشەخۆری پۆلاندی دا. دوو ژنیش لەبەر قاڵدرمەکانەوە تەمەشای ناو ژوورەکەیان دەکردو نەدەوێران بێنە ژوورەوە. کولیا دەرگاکەی بە ڕوویاندا داخستو سورگی دا.

کاتێ بارفیون روگوژین، گەییە بەر دەرگای هۆڵەکە، لە هەنبەر گانیادا وەستاو گوتی:

– سڵاو گانیای خوێڕی! تەسەوری ئەوەت نەدەکرد بارفیون روگوژین ببینی، وا نییە ؟

بەڵام لە هەمان ساتدا، لە هۆڵەکەداو ڕێك لە بەرانبەریا، لە ناکاودا، چاوی بە ناستاسیا فیلیپوڤنا کەوت. هەڵبەتە قەت تەسەوری ئەوەی نەکردبوو کە لەو شوێنەدا بیدینێ. کە ئەوی لەوێدا بینی، بەڕادەیەك پەشۆکاو شپرزە بوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو، لێوەکانی شین بوونەوە، بە دەنگێکی نزمو وەکو ئەوەی خۆی بدوێنێ گوتی:

– کەواتە، ڕاستە !، کارەکە بڕاوەتەوە !...

ئەوسا بەدەم دان جیرکردنەوە، بەوپەڕی پشمو غەزەبەوە ڕوانیە گانیاو گوتی:

– باشە... پاشان هەقو حیساب دەکەین!... ئەمەت لێ بەسەر ناچێت!...

روگوژین، هانکە هانکی پێکەوتبوو، زۆر بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرا، هەتا ئەو دوو وشەیەی بەپچڕ پچڕی گوت، قیڕ گوتی چەق. بەبێ ویستی خۆی بەرەو ناوەندی هۆڵەکە دەڕۆیی، بەڵام کە لە ناکاوا، چاوی بە نینا ئالکسندروڤناو ڤاریا کەوت، یەکسەر ڕاوەستا، هەرچەندە ئاشوفتەو پەشۆکا بوو، بەڵام تا ڕادەیەك سڵەمییەوە. لیبدیف، دوا بە دوای ئەو، وەژوورکەوت، وەکو سێبەری دووی کەوت، زۆری خواردبووەوە، ئەوسا خوێندکارەکە، پاشان یارۆی درێژ ی بە شانو باهۆ وەژوور کەوتن، لە دوای ئەوانیشەوە زالیوجیف وەژوورکەوت، بەڕاستو بە چەپدا سڵاوی دەکرد، ئەوجا کابرای کورتەبنەی قەڵەو کە هەوڵی دەدا ڕێگە بۆ خۆی بکاتەوە، وەژوور کەوت. کەمێك شەرمیان لە ژنەکان دەکرد، بوونی ژنەکان جۆرە پارێزو سڵکردنەوەیەکی لا دروست کردبوون. بەڵام پیاو هەستی دەکرد ئەم شەرمو حەیا کاتییە، هەرئەوەندە بڕەکات تا دەست پێدەکەن، ئیدی خۆ بەخۆ دەڕەوێتەوە. هەرکە ئیشارەتی دەست پێکردنیان درایە، حیساب بۆ بوونی ژنەکان ناکەن.

روگوژین، کە چاوی بەمیرزادە میشکین کەوت، حەپەسا، لە ناکاودا پرسی:

– چی ؟ میرزادە تۆش لێرەیت ؟ هێشتا پێڵاوە شڕەکانت لە پێدایە ؟

هەناسەیەکی هەڵکێشا، یەکسەر میرزادەی لە بیرچووەوەو دووبارە ڕوانیە ناستاسیا فیلیپوڤنا، وەکو موگناتیسێك ڕای بکێشێت، بەرە بەرە بەرەو ئەو دەچوو.

ناستاسیا فیلیپوڤناش، بە کونجاوی‌و نیگەرانی دەیڕوانیە ئەو گروپە.

ئەنجام گانیا وەخۆ هاتەوە، لە کاتێکا بە تووڕەیی دەیڕوانیە ئەم گروپە، ڕوو لە روگوژین، بە دەنگی بەرز گوتی:

– بە یارمەتیتان ! ئەریٚ پێم نالێن ئەم کەربازاڕە چیە ؟ چما ئێرە تەویلەیە ؟! دایك‌و خوشکەکەم نابینن!

روگوژین، لە بن لێوانەوە پرتاندی:

– دایك‌و خوشکەکەت دەبینین.

لیبدیف، کە دیار بوو، مەرایی بۆ روگوژین دەکات، هەڵیدایەو گوتی:

– هەڵبەتە دەیان بینین.

ئەوسا یارۆی درێژ ی شەقاوە، کە دیار بوو پێی وایە وەختی دەست بەکار بوون هاتووە، کەوتە قسەی قۆڕو بیٚ سەروبەر.

گانیا، تاهێز لە گەرویدا بوو، دەنگی لیٚ هەڵبڕی‌و گوتی:

– بەسە ! تکاتان لێدەکەم، بچنە ژوورەکەی دی، یانی بەڕاستی ئەمە پیاوەتی نییە...

روگوژین، بێئەوەی لە جێی خۆی بجولێت، لە قاقای پێکەنینێکی شەڕانی دا.

– سەیرە ! جەنابی من ناناسێت ! باشە تۆ روگوژین ناناسیت ؟

– وا هەست دەکەم لەجێیەك تۆم دیتوە، بەڵام...

– ها، لە جێیەك منت دیتووە ! لە بیرت چووەوە کە پێش سیٚ مانگێك لە قومارا، بە فێڵ دوو سەد رۆبڵت لیٚ بردمەوە ؟ کە پارەی بابم بوو؟ باش بوو کە ئەو پیرەمێرە، پێش ئەوەی بەمە بزانیٚ مرد. تۆ ڕاتکێشام بۆ قومارەکە (کنیف)ی هاوڕێتیش فێڵی لێکردم. ئیدی چۆن نامناسیت؟ پتیتسن، شایەدە. هەرکە گوێچکەی ئەسکەناسێکی سیٚ رۆبڵیت نیشان بدەم، ئامادەی بە چوار چنگۆڵە تا فاسیلفسکی بە دوایا ڕابکەیت، تۆ ئەوەیت ! ئەوە تەبیعەتی پیسکەی تۆیە! هەنوکەش هاتووم تۆ بکڕم ! مەڕوانە پێڵاوەکانم، پارەیەکی زۆرم پێیە، دەتوانم خۆت‌و هەرچی کەسوکارت هەیە بکڕم،... ئەگەر بمەویٚ هەر هەمووتان دەکڕم، هەمووتان!....

روگوژین، شێت ئاسا هاواری دەکردو دەم بە دەم سەرخۆشتر دەبوو. هاواری کرد:

– ئاه، ناستاسیا فیلیپوڤنا، لێم مەگرە! تەنیا یەك وشەم لە تۆ دەویٚ، یەك وشەو بەس! گەرەکتە شووی پیٚ بکەی یان نا ؟

روگوژین، وەکو یەکێك هەست بکات، کاری کراوە، ئەو پرسیارەی کرد، وەکو چۆن کەسێك لەبەر خوای خۆی بپاڕێتەوە، بەو ئاوایە ناستاسیا فیلیپوڤنای دواند، بەڵام وێڕای ئەوەش جورئەتێك لە دەم‌و دویدا هەبوو، ڕێك لە جورئەتی نا ئومێدانەی کەسێك دەچوو حوکمی ئیعدام درابیٚ‌و باکی بە هیچ نەبیٚ‌و ترسی لەدەستدانی هیچ شتێکی نەبێت. بەوپەڕی نیگەرانی‌و دڵەڕاوکیٚ، چاوەنۆڕی وەڵام بوو.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بەوپەڕی لووت بەرزیو بەتەوسو توانجەوە، سەراپای بەنیگا دابێژت. بەڵام کە ڕوانیە ڤاریا و نینا ئەلکسندروڤناو ئەوجا گانیا، هەڵوێستی خۆی گۆڕی، بە زمانێکی ئارامو جدیو، بەجۆرە سەرسامییەکەوە گوتی:

– هەڵبەتە نا! بە تۆچی؟ چۆن ئەم پرسیارەت هات بە خەیالاً ؟

ڕوگوژین، خەریك بوو لە خۆشیا باڵ بگرێت، بۆیە هاواری کرد:

– هەڵبەتە نا ؟ یانی شووی پێ ناکەیت ؟ خۆ پێیان گوتم گوایە بە تەمای شووی پێبکەیت.. ئا... زۆر چاکە. ناستاسیا فیلیپوڤنا! گوتیان قەولت بە گانیا داوە کە شووی پێبکەیت... پێمگوتن، کەسی نەدۆزیوەتەوە شووی پێبکات ئەمە نەبێ ؟ ئەم... شتی وا دەبێ ؟! من دەتوانم بەسەد ڕۆبڵ بیکڕم. ئەگەر هەزار ڕۆبڵی بدەمێ، تۆ بڵێ سێ هەزار ڕۆبڵی بدەمێ، ئامادەیە لە شەوی زاوایەتیدا پاشەکشە بکاتو بووکەکەی بۆ من بە جێ بێڵێ. وا نییە گانیای نامەرد ؟ بە سێ هەزار ڕۆبڵ ڕازی نابیت ؟ پارەکە حازرە! جا ئێستا هاتووم تا بەڵێننامەم بۆ پڕ بکەیتەوە کە دەست بەرداری ئەم زەماوەندە ببیت. بەڵێنم بەخۆ داوە کە بتکڕم، هەر دەشت کڕم! بشفڕیت هەر دەتکڕم!

گانیا، کە پەیتا پەیتا ڕەنگی دێناو ڕەنگی دەبرد، هاواری کرد:

– بۆ دەرەوە ! تۆ سەرخۆشی !

ئەم هاوارەی گانیا، دارو دەستەکەی ڕوگوژینی هاڕوژاند، ئەم بێزکاڵییەیان لە خوا دەویست، خوا خوای شتێکی وایان بوو. لیبدیف خۆی گەیاندە ڕوگوژینو خەمخۆرانە چەند وشەیەکی بەگوێیدا چپاند.

ڕوگوژین، بەرسڤی دایەوە:

– هەق بە تۆیە، ڕاست دەکەی میرزا! ڕاست دەکەی هەی عەرەقخۆری سەرخۆش؟ بۆ نەء ، چ دەبێ با ببێ ؟

ئەوسا شێت ئاسا کەوتە ڕوانینی ناستاسیا فیلیپوڤنا، جارێ شەرمنانەو جارێ گۆساخانە، لێی دەڕوانی، گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا، فەرموو ئەمە هەژدە هەزار ڕۆبڵ بۆ تۆ! پێشکەشت بێ! هی دیکەش ماوە.. هی دیکەشی بەدوادا دێت! بە دەم ئەو قسەیەوە، بەستەیەکی لەسەر مێزە چکۆلەکەی بەردەمی دانا. بەستەکە لە کاغەزێکی سپییەوە پێچرا بوو و بە مەچیر بەسترا بوو.

زاتی نەدەکرد، هەموو ئەوەی لە دڵیایەتی بیڵێ.

لیبدیف، کە زۆر نیگەرانو هەراسان دیار بوو، هەمدیس بەگوێیدا چپاند:

– نا، نا، نا....

دیار بوو، ئەو پارەیەی پێ زۆر بوو و پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکرد، کە بە برە پارەیەکی کەمتر تاقی بکاتەوە.

ڕوگوژین گوتی:

– نە، برادەر نا! نە گەوجە گیان! تۆ سەر لەم شتانە دەرناکەی. ئەمە ئیشی تۆ نییە... تۆ گەوجیت.

کە بینی ناستاسیا فیلیپوڤنا مۆرەی لێدەکات، خێرا ژێوان بووەوە. کەوتە لەرزین‌و، گوتی:

– ئێمە هەردووکمان گەوجین، تۆش‌و منیش.. منیش بەش بە حاڵی خۆم گەوجم، خەتام کرد، کەر بووم کە گوێم لێگرتی. کە بە قسەم کردیت.

روگوژین، ئەو قسانەی دوایی، بە جۆرە پەشیمانییەکی قووڵەوە کرد.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە بینی سەروچاوی روگوژین، بەو شێوەیە گۆڕاو پەژمردەو پەریشان بوو، کوت‌و پڕ لە قاقای پێکەنینی دا، ئەوسا وەك ئەوەی بە نیازی رۆییشتن بێ، لەسەر قەنەفەکە هەستا، بەتەوس‌و توانجەوە گوتی:

– هەژدە هەزار رۆبڵ بۆ من ؟ ئاخر لێرەدا سەر سواڵکەری‌و ئاڵچاخی دەردەکەوێ !

گانیا، بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە، تەمەشای دیمەنەکەی دەکرد.

روگوژین، هاواری کرد:

– چل هەزار، چل هەزار، نەك هەژدە !.. پتیتسن‌و بیسکۆپ قەولیان داومەتێ تا سەعات حەوت چل هەزار رۆبڵم بۆ تەرتیب بکەن، چل هەزار ڕۆبڵی کاش!...

دیمەنەکە بە تەواوەتی بێ تام بوو بوو، بەڵام ناستاسیا فیلیپوڤنا، لەسەر پێکەنینی خۆی بەردەوام بوو، لە ژوورەکە دەرنەدەکەوت، لەوە دەچوو پەلەی نەبێت‌و بە ئانقەست بییەوێ درێژە بە دیمەنەکە بدات. ڤاریاو نینا ئالکسندروڤناش هەستابوونە سەر پێ، بێدەنگ‌و نیگەران‌و هەراسان چاوەڕوانی کۆتایی دیمەنەکە بوون. چاوانی ڤاریا دەبریسکانەوە، بەڵام دایکی یەجگار ئەفسوردە بوو، وەکو بێ ناو ئاو دەلەرزی، دیمەنەکە خراپ کاری تێکرد بوو، چیوای نەما بوو ببورێتەوە.

– مادام مەسەلەکە وای لێهات، زیادی دەکەم، دەیکەم بەسەد هەزار. بەڵێ، هەر ئەمڕۆ، بۆتی دەکەم بە سەد هەزار! پتیتسن فریام کەوە، بۆمی پەیدا بکەو، قازانج‌و سووتی مۆڵ‌و زەحفی خۆت وەربگرە!

پتیتسن، بەپەلە بەرەو روگوژین چوو، بە توندی باسکی گرت‌و بە گوێیدا چپاند:

– ئەوە تۆ شێت بووی! تۆ مەستی! پێت وایە لە کوێی؟ پۆلیست بۆ بانگ دەکەن ها.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە بە ئاشکرا دەیویست هانی بدات گوتی:

– ئەم هەموو لاف‌و گەزافەی هی مەستییە .

روگوژین، کە لەوپەڕی هەڵچووندا بوو، هاواری کرد:

– نا، لاف‌و گەزاف نییە، فشە ناکەم! تا شەوێ پارەکە حازر دەبێت! ئەمشەو سەد هەزار رۆبڵی خۆت وەردەگریت ! دەبێ بیسەلمێنم کە پیاو قسە دەکات، قسەی پیاو یەکەو نابێ بە دوو!

لەم کاتەدا، ئاردالیون ئالکسندروفیچ، پەیدا بوو، بە پەلە بەرەو روگوژین رۆیی‌و لە پڕ نەڕاندنی بەسەریا:

– ئەم مەخسەرەبازییە چیە ؟

ئەم هەڵچوونە کوت‌و پڕەی یارۆی پیرەمێرد، کە تا ئەو دەمە بێدەنگ بوو، شەقڵێکی کۆمیدی بە دیمەنەکە بەخشی. ئیدی هەندێ لە ئامادە بووان، لێرەو لەوێ کەوتنە پێکەنین.

روگوژین، بە دەم تەوسخەنەوە گوتی:

– ئەم وانێکە لە کوێوە پەیدا بوو؟ پیرەمێر، لەگەڵ مەدا وەرە با مەستت بکەین!

کولیا، کە ڕوندکی شەرمەزاری‌و توڕەیی دەباراند گوتی:

– کە شتێکی پیسی! بەڕاستی ئەمە ئەوپەڕی سوکایەتییە !

ڤاریا، کە لە توڕەییدا ئازای دەلەرزی، لە ناکاودا هاواری کرد:

– ئەرێ کەسێك نییە، ئەم ژنە هەرزەیە بە پاڵ وەدەرنێت ؟ ماقوولە !

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە وەڵامی ئەم سوکایەتیدا، بە تەوسەوە گوتی:

– خوا ئەو خوایەیە بە من بگوترێ هەرزە! من کەرم کە هاتووم ئەمانە بۆ شەو ئاهەنگەکەم دەعوەت بکەم! تەمەشا گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، بزانە خوشکەکەت چ سووکایەتیەکم پێدەکات !.

گانیا، کە لەو هەڵچوونەی خوشکەکەی حەپەسا بوو، بۆ ماوەیەك مات بوو، بەڵام کە بینی ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئەمجارە بە ڕاستی لێبڕاوە بڕوات، شێت ئاسا پەلاماری ڤاریای داو بە توڕەیی بازووی گرت. بە جۆرێ چاوی بڕییە چاوانی، لە تۆ وایە دەیەوێ دەم‌و دەست‌و هەر لەوێدا بیکوژێت. هاواری کرد:

– بینیت ! بینیت چیت کرد ؟

بە جۆرێ دەهری بوو بوو، بە خۆیشی نەیدەزانی چ بکات. ڤاریا، کە بەوپەڕی متمانەو غروورەوە، چاوی بڕی بووە دوڕ چاوانی براکەی، گوتی:

– چیم کرد ؟ بۆ کوێم دەبەی ؟ بۆ کوێم ڕادەکێشی؟ ناشێ بمبەی تەوازۆی بۆ بێنمەوە؟ چونکە سووکایەتی بە دایکت کردووەو هاتووەتە ئێرە تاحەیاو حورمەتی خانەوادەکەت بەرێ، هەی ناپیاو؟

بۆ چەند ساتێك، بەو دەقەوە، ڕوو بە ڕووی یەکتر مانەوە. گانیا، هێشتا بازووی خوشکەکەی گرتبوو. ڤاریا یەك دوو جار، بە هەموو هێزو قوەتێکی خۆیەوە، دەستی ڕاپسکاند تا خۆی لە دەستی رزگار بکات. بەڵام دەرەقەت نەهات. ئیدی جڵەوی خۆی لە دەست داو تا زاری گرتی تفێکی کردە چارەی براکەی.

ناستاسیا فیلیپوڤنا هاواری کرد:

– پەح! ئەمەیە کچ، دەك بتڕەژم! ئەی ئافەرین، پتیتسن پیرۆزباییت لێدەکەم!

گانیا لە حەژمەتاندا بەرچاوی تاریك بوو، ئاگای لە خۆ نەما، دەستی بەرزکردەوە، تا یەکێك بە سەروچاوی خوشکەکەیدا بکێشێت، ڕێك لەو کاتەدا، دەستێکی دی بەلەز هات‌و دەستی ئەوی توند گرت. میرزادە لە نێوان هەردوو خوشك‌و براکەدا وەستا. لە کاتێکدا، ئەویش، لە حەژمەتاندا سەراپای دەلەرزی، بە توندی گوتی:

– ئەمە چیە ؟ بەس نییە ؟

گانیا، لە کاتێکا دەستی ڤاریای بەر دەدا، بەتوڕەیی گوتی:

– تۆ هەمیشە دەبێ لە من ببی بە مووی لووت ؟

گانیا، کە لە توڕەییدا ئاگای لە خۆی نەما بوو، تا توانی زللەیەکی بە پەنا گوێی میرزادەدا، کێشا.

کولیا هاواری کرد:

– وای... خودایا!...

هەر کەسەو شتێکی دەگوت. ڕەنگ لە ڕووی میرزادەدا نەما. بە نیگایەکی سەیرو پڕ بێزاری و گازاندە، ڕاستەوخۆ دەیڕوانیە گانیا. زەردەخەنەیەکی سەیرو نا ئاسایی نیشتە سەر لێوەکانی، لێوەکانی کەوتبوونە تەتەڵەو هەرچی دەکرد هیچ قسەیەکی بۆ نەدەهات. ئەنجام بە دەنگێکی نزمو هێواش گوتی:

– قەیدی نییە، با من لە جیاتی ئەو لێدان بخۆم... گرینگ نییە، بەڵام مەحاڵە بێڵم لەو بدەیت!...

ئەوسا، لە پڕێکا، دڵی پڕ بوو، ڕووی لە گانیا وەرگێڕا، ڕووی کردە دیوارەکەو بەدەنگێکی پچڕ پچڕ گوتی:

– بەڕاستی شەرمە بۆ تۆ، بزانە چۆن تەریق دەبیتەوە! چۆن پەشیمان دەبیتەوە!

گانیا، دەتگوت سایمەل لێی داوە.

کولیا، بە هەشتاو بەرەو میرزادە چوو، تا ماچی بکات و دڵخۆشی بداتەوە. روگوژین، ڤاریا، پتیتسن، نینا ئەلکسندروڤناو هەموو ئەوانی دیکەش، تەنانەت ئاردالیون ئالکسندروڤیچی پیرش، گشتیان لە دەوری خڕ بوونەوە.

میرزادە، بە هەمان زەردەخەنەی نا ئاساییەوە، ڕووو لە هەموویان گوتی:

– هیچ نییە ! گوێ مەدەنێ !

روگوژین، هاواری کرد:

– تۆ ڕاست دەکەی، ژێوان دەبێتەوە. گانیا تۆ تەریق نابیتەوە دەست لەم مەڕی پێغەمەرە دەکەیتەوە ( وشەیەکی لەوە لەبارتری نەدۆزییەوە ). میرزادە، هاوڕێی ئازیز، واز لەمانە بێنە، وەرە لەگەڵ منا... هەنگێ بۆت بەدیار دەکەوێ کە روگوژین چ دۆستێکی بە ئەمەکە !.

ناستاسیا فیلیپوڤناش، لە کاریگەری و باندۆری کارەکەی گانیا و هەڵویست و کاردانەوەی میرزادە بە دەر نەبوو. ڕەنگ و ڕووی بە تەواوەتی شێواو وخەمناك بوو، هەرگیز دەگەڵ ئەو ژنە خەندەران و شەنگوڵ و دەم بە پێکەنینەی تۆزێ لەوەپێشدا تێکی نەدەکردەوە، هەرچەند دەیویست ئەم حاڵەتە وەشێرێ و حاڵەتە گەپجاڕییەکەی پێشووی بپارێزێت، بەڵام بە عالەمی ئاشکرا پێوەی دیار بوو.

ناستاسیا، کە دوا پرسیاری میرزادەی وەبیر خۆی هێنایەوە، لە ناکاواو لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ڕاستە، من ئەم دەموچاوەم لە شوێنێکا دیتووە !

میرزادە، لە پڕ هەڵیدایەو بە گلەییەکی زۆرەوە، بەڵام گلەییەکی دۆستانەو ڕاستگۆیانە، گوتی:

– ئەدی تۆ، ئێستا هەست بە شەرمەزاری ناکەیت، لە خۆت تەریق نابیتەوە ؟ تۆ لە ڕواڵەتا شتێکی و لە ناخا شتێکی تری ! تۆ ئەو ژنە نیت کە باسیان دەکردیت...

ناستاسیا فیلیپوڤنا، حەپەسا، زەردەخەنەیەکی کاڵی بۆ کرد، وەکو ئەوە بوو بیەوێ شتێك بشارێتەوە. بە نیمچە پەژارەو نیگەرانییەکەوە ڕوانییە گانیاو بەرەو دەرگای هۆڵەکە ڕۆیی تا وەدەربکەوێ. بەڵام بەر لەوەی بگاتە ژووری مەدخەلەکە، لە پڕ گەڕایەوە، بە هەشتاو بەرەو لای نینا ئالکسندروڤنا ڕۆیی، دەستی گرت و بۆ لێوی خۆی برد. ئەوجا بە پەلە پەل و بە هەڵچوونەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– هەق بەوە، ڕاست دەکات، من بە هیچ جۆرێ وا نیم، باشی بۆچووە... ئەوە نیم...

ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، جارێکی دیکە گەڕایەوەو لە هۆڵەکە وەدەرکەوت. بەڵام هێندە بەلەز ڕۆیی کە هیچ یەکێك لە ئامادە بووان فریا نەکەوت کە بزانێ بۆچی گەڕایەوە، تاقە شتێك کە دیتیان ئەوە بوو کە چەند وشەیەکی بە گوێی نینا ئالکسندروڤنادا چپاندبوو، بە ئاشکرا دەستی ماچ کردبوو. بەڵام ڤاریا هەموو شتێکی بینی و هەموو شتێکی گوێ لێبوو، کە ڕۆیی لە پاشەوە، سەراسیمە تەمەشای دەکرد.

گانیا، وەخۆ هاتەوە، بەغار ڕۆیی تا ناستاسیا فیلیپوڤنا بەڕێ بکات، بەڵام تازە ڕۆیی بوو، لە ژێر پلیکانەکاندا گرتیەوە. ناستاسیا هاواری کرد:

– لەگەڵما مەیە ! جارێ ئەمشەو خوا حافیز! بێی ها! گوێت لێبوو ؟

گانیا، پەست و نیگەران و خەمبار، گەڕایەوە. هەستی دەکرد بارێکی قورس، قورستر لە جاران نیشتووەتە سەر دڵی، بەدەست لەگەزو مەتەڵێکی دژوارەوە گیرۆدەیە. کە ڕەفتارەکەی خۆی دەگەڵ میرزادەدا دەهاتەوە بەرچاو، دەست دەست ئارەقەی شەرمەزاری دەردەدا، دڵی دەگوشرا.. بە جۆرێ لەفکران ڕاچوو بوو، بە شێوەیە چوو بووە ژێری و پەشێو پەریشان بوو بوو، ئاگای لەوە نەبوو کە روگوژین و دارو دەستەکەی یەك لە دوای یەك بە تەنیشتیا، ڕەت دەبوون و لە مەدخەلەکەدا شانیان بەر شانی دەکەوت و پەلەیان بوو، لە سەرۆکەکەیان (روگوژین) کە لە ماڵەکە وەدەر کەوتبوو، بەجێ نەمێنن. هەر هەموویان پێکەوەو بە دەنگی بەرز، باسی مەسەلەیەکیان دەکرد، روگوژین بە خۆی شان بە شانی پتیتسن ڕێی دەکردو بە جدی باسی مەسەلەیەکی لەگەڵ دەکرد، پێدەچوو زۆر گرینگ و زەروری بێت.

روگوژین، کە بەلای گانیادا تێپەڕی گوتی:

– گانیا دۆڕانت !

گانیا، نیگەران و پەشێو، تا لە چاو ون بوون هەر سەیری دەکردن.

پەراوێز:

* –"... ئەوەتۆی یەهودا..." ئاماژەیە بۆ یەهودای ئەسخەریوتی، کە یەکێك بوو لە شاگردان و یارانی مەسیح کە بە تەماحی بەرتیل، خەبەری لێدا. لە کەلتووری دنیای مەسیحیەتدا، ڕەمزو نیشانەی خیانەتکاری و نامەردییە.

## فەسڵی یازدەیەم

میرزادە، هۆڵەکەی بەجێهێشت و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست. کولیا، بەلەز چوو بۆ نك وی تا دڵخۆشی بداتەوە. ئەم کوریژگە بەستەزمانە بە جۆرێ ڕموودەی میرزادە بوو بوو، کە نەیدەتوانی لیی دووربکەوێتەوە.

کولیا، بە میرزادەی گوت:

– زۆر باشت کرد کە لەوێندەر ڕۆیشتی. شەڕەکە لەوێ گەرمتر دەبێت.هەموو ڕۆژێك هەمان تاس و هەمان حەمامە، هەمووشی بە هۆی ناستاسیا فیلیپۆڤناوەیە.

میرزادە گوتی:

– کولیا، لەوە دەچێت، ئێوە کێشەو ئاریشەتان زۆربێ.

– بەڵێ، دروستە. ئیدی ئەوە وەزع و حاڵی ئێمەیە، هیچ هەقی گلەییشمان نییە، چونکە هەمووی خەتای خۆمانە. بەڵام من برادەرێکم هەیە، زۆر لە ئێمە بەدبەخت ترە. حەزدەکەی پێتی بناسێنم؟

– زۆریش حەزدەکەم. برادەری گیانی بە گیانی تۆیە ؟

– بەڵێ، تەقریبەن. پاشان بۆتی باسدەکەم. ناستاسیا فیلیپۆڤنا جوانە، وانیە ؟ من، هەرچەندە زۆرم هەوڵدا بوو کە بیدینم، بەڵام ئەمە یەکەمجارم بوو کە بیبینم. بەڕاستی ئەمڕۆکە یەجگار خشیك بوو! ئەگەر گانیای برام بە خۆشەویستی و لە پێناوی خۆشەویستیدا بیخواستبایە، هیچ گلەییەکم لێنەدەکردو، نە هەقم نەدەگرت، بەڵام بەو مەبەستەی پارەی لێبکێشێتەوە، بە ڕاستی شوڕەییە !

– نا، من براکەتم بەدڵ نییە، بە شایستەی خۆشەویستی نازانم.

– تێتدەگەم، نە هەقت ناگرم، بە تایبەتی دوای ئەو شتەی کە بەرانبەرت کردی... حەزدەکەی رەئی من لەو بارەیەوە بزانی ؟ هەندێ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی باو هەن، کە من هەرگیز بۆم هەرس ناکرێن. بۆ نموونە جاری وا هەیە شێتێ، یان سێبەندییەکی شەڕانی، یان گۆساخێکی شەلاتی، زللەیەك لە کەسێك دەدات، ئیدی ئەو کەسەی زللەکەی لێدەدرێ بۆ هەتا هەتایە دەبێ

بەن گەپجاڕی خەڵکی، ئابڕووی دەچێت، لە ناو خەڵکیدا دەبێ بە بەڵەبرنج، مەگەر بە خوێن ئابڕووی خۆی بکڕێتەوە، یان بچن کرنۆشی بۆ بەرن، خۆ لە بەر پێیانی باوێژن و تەوازی بۆ بێننەوەو داوای بوردنی لێبکەن. من پێموایە ئەمە عادەتێکی سەخیفە، زاڵمانەیە. ئەمە ڕێک بیرۆکەو تیمەی (دەمامك*)ەکەی لیرمانتۆفە، کە من بە شتێکی قۆڕو گەوجانەی دەزانم و، دەگەڵ تەبیعەتدا تێك ناکاتەوە، هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین کە لیرمانتوف ئەو درامایەی لە تەمەنی هەرزەکاریدا نووسیوە..

– هەڵوێستی خۆشکەکەتم زۆر بە دڵ بوو، زۆرم خۆشویست.

– بینیت چ تفێکی کردە چارەی گانیا ؟ ڤاریا ئازایە ! بەڵام تۆ ئەم کارەت نەکرد، پێموانیە لەبەر ئەوە بووبێ کە ئازانیت. ئەوەتا وا بۆ ئێرە دێ. وەك دەڵێن بەسەر باس و پەسنی خۆیدا هات. دەمزانی هەر دێت ! بە ڕاستی کچێکی بە وێڵ و ماریفەتە، هەرچەندە عەیبیشی هەیە.

ڤاریا، بە تەشەرەوە بە کولیای گوت:

– ئێرە جێی تۆ نییە. بڕۆ بۆ لای باوکە! میرزادە خۆ بێزاری نەکردیت ؟

– نەخێر، بە پێچەوانەوە .

– دیسان خوشکی گەورە، هەڵچوو! ئەوە عەیبەکەیەتی. وام تەسەور دەکرد بابمان بەگەڵ روگوژین بکەوێت، ڕەنگە هەنوکە ژێوان بێت کە بۆ ئەو کارەی نەکرد.

کولیا، بەدەم دەرچوونەوە، لەسەری رۆیی:

– باشتر وایە بڕۆم بزانم بە تەمای چیە !

ڤاریا گوتی:

– شوکر بۆ خوا ! دایکم بردو خەواندم. هیچ بەزمێکی دیکە دروست نەبوو. گانیا، زۆر تەریق و شەرمەزارە. هۆیەکەشی روون و دیارە!.... دەرسێکی باشی وەرگرت! من هاتووم تا هەم سوپاست بکەم و هەم لێت بپرسم ئایا پێشتر قەت ناستاسیا فیلیپوڤنات ناسی بوو؟

– نا، نە دیتبووم و نە ناسی بووم.

– ئەدی چۆن بەرەو ڕوو پێت گوت کە ئەو ژنە نییە ؟ ڕواڵەتی شتێکەو ناخی شتێکی دییە ؟ واتە تەسەور دەکەم زۆر باشی بۆ چوویت، حەقیقەتت نایە مستی!... بە هەرحاڵ، گێژو کاس بوو بووم، سەرم لە کاری وی دەرنەدەکرد! هەڵبەتە دیار بوو کە هاتبوو سووکایەتیمان پێبکات. پێشتر زۆر چیرۆکی سەیرو سەمەرەم دەربارەی بیستبوو. ئەگەر، خۆی گوتەنی بۆ ئەوە هاتبوو، من و دایکە دەعوەت بکات، بۆچی ئەو ڕەفتارو مامەڵە غەریبەی دەگەڵ دایکەدا کرد ؟ پتیتسن زۆر چاکی دەناسێت. دەڵێت ئەمڕۆکە زۆر گۆڕا بوو، سەری لە ڕەفتارەکانی دەرنەدەکرد، بەتایبەتی ئەو هەڵوێستەی لە هەنبەر روگوژیندا نواندی ؟ ئەوەی زەڕەیەك حورمەتی خۆی لەلابێ، لە ماڵی خەڵکیدا بەو جۆرە قسە ناکات... دایکم زۆر خەمی تۆیەتی.

میرزادە، بەبێ موبالاتیەوە گوتی:

– گرینگ نییە !

– سەیر ئەوە بوو بەگوێی کردیت...

– چۆن... بە گوێی کردم ؟

– کاتێ پێت گوت، دەبێ شەرم لە خۆی بکات، یەکسەر گۆڕا.

ئەوجا ڤاریا، بە دەم سووکە بزەیەکەوە لە سەری ڕۆیی:

– میرزادە، وا دیارە کاریگەریت بەسەریەوە هەیە !

لە ناکاو دەرگا کرایەوە، گانیا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو وەژوورکەوت، تەنانەت کە (ڤاریا)شی لەوێ بینی، هەر نەگەڕایەوە. چەند ساتێك لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستاو ئەوجا لەپڕو بێ هیچ دوو دڵییەك، لە میرزادە نزیك بووەوەو بە سۆزو گودازێکی قوڵەوە گوتی:

– میرزادە، من نامەردیم بەرانبەر کردیت، بمبورە گیانەکەم !

نیگەرانی و عەزابێکی قووڵ بە سیمایەوە دیار بوو. میرزادە، کەمێك لێی ڕاما، بە تەواوەتی حەپەسا بوو، یەکسەری وەڵامی نەدایەوە. گانیا، دیسان، بە شپرزەیی لێی دووپات کردەوە:

– بمبورە، تکات لێدەکەم بمبورە. بێنە با دەستت ماچ بکەم !

میرزادە، کە زۆر بەزەیی پێیدا هاتەوە، یەکسەرو بێ هیچ قسەیەك دەستی لە ملی وەریناو، هەردووکیان بە دڵو ڕاستگۆیانە یەکتریان ڕامووسی.

ئەنجام میرزادە، پاش ئەوەی پشوویەکی وەبەر هاتەوە، گوتی:

– هەرگیز وێنام نەدەکرد تۆ وابیت. تەسەورم نەدەکرد، کاری وات لێبوەشێتەوە... بتوانی کاری وا بکەیت...

– بتوانم تەوازۆ بۆ تۆ بێنمەوە ؟ من لە خۆم دەپرسم، بەچ ئەقڵێکەوە تۆم بەگێل دەزانی؟ لە کاتێکا ئەوەی تۆ هەستت پێدەکرد، ئەوانی دی هەستیان پێنەدەکرد،تۆ پیاوێکی، هەقە پرس و راوێژت پێ بکرێت، بەڵام وا چاکە، جارێ هیچ نەڵێم!.

میرزادە، بەدەم ئاماژەوە بۆ لای ڤاریا، گوتی:

– ئەمەش مرۆڤێکی دییە، کە هەقە داوای بوردنی لێبکەی !

گانیا، رووی لە خوشکەکەی وەرگێراو بەدەنگی بەرز گوتی:

– نا، نا، ئەوانە هەموویان دژمنی منن. باوەڕبکە میرزادە من زۆرم هەوڵدا، بەڵام بێفایدە بوو، تەوازی لای ئەمانە بێ سوودە، بە دڵ گەردنت ئازا ناکەن، قەت دڵیان پاك نابێتەوە !

ڤاریا، لە ناکاودا گوتی:

– بەڵام من تۆ دەبورم!

– ئەمشەو دەچیت بۆ ماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا ؟

– ئەگەر تۆ ئەمر بکەی دەڕۆم. بەڵام هەر خۆت داوەر بە، ئایا دەشێت من ئێستا بۆ ئەوێ بڕۆم؟ دەکرێت لەوێدا ببینرێم ؟

– هەڵبەتە ئەو ژنە نییە کە تۆ تەسەوری دەکەیت. خۆ بە چاوی خۆت دیتت چ چاووڕاوێکی کرد؟ چ بەزمێکی نایەوە ؟ بەڵام وەستای نمایشە!...

گانیا، بەدەم ئەو قسانەوە، پێکەنینێکی ئەهریمەنانەی بۆ کرد.

– من دەزانم کە ڕواڵەت و ناخی یەك نین، هەزارو یەك ئۆینی تری لە ژێر سەردایە، ئۆین ئەمما ئۆین! خوا دەزانێ چ داوێکی دیکەی بە دەستەوەیە ؟ جا گانیا تۆ وریابە، ئاگات لە خۆ بێ، تۆ دەزانی ڕەئی بەرانبەر بەتۆ چییە ؟ من باوەڕناکەم! دروستە دەستی دایکەی ماچ کرد، بەڵام ئەمەش یەکێکە لە ئۆینەکانی ئەو! گریمان هەر هەموو ئەمە نمایش (تمثیل) بوو، بەڵام دڵنیابە تۆی گەوجاندووە، پێت ڕادەبوێرێ ! باوەڕبکە برام، پارە، هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵ، ئەم هەموو زەلیلی و سەر شۆڕیە ناهێنێ ! تۆ هێشتا پاکیت، نەلەوتاوی، باوەڕم پێبکە پاکیت، بە گوێی من بکەو تۆش ئەمشەو مەڕۆ ! نەکەی بڕۆیت ! ئاگادار بە ئەم کارەی تۆ دەستت داوەتێ، ئاقیبەتی باش نابێت ! .

ڤاریا، کە تەواو شپرزەو پەریشان بوو بوو، ئەو قسانەی کردو بەلەز لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

گانیا بەدەم پۆزخەنێکەوە گوتی:

– هەر هەموویان، هەمان قەوان لێدەدەنەوە، تۆ بڵێی وا تەسەوربکەن کە خۆم نایزانم ؟ هەڵبەتە من لەوان باشتری دەزانم ! ئەوەی من دەیزانم، ئەوان نایزانن !

گانیا، لەسەر کەتەکە دانیشت. دیار بوو کە دەیویست زیاتر بمێنێتەوە.

میرزادە، زاتی وەبەرخۆناو بە شەرمێکەوە گوتی:

– ئەگەر دەیزانی، بۆچی ئەم هەموو عەزابەی خۆت دەدەی، لەکاتێکا سوور دەزانی کە هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵ، ئەم هەموو عەزابە نایەنێت ؟

گانیا، لەژێر لێوانەوە گوتی:

– مەبەستم ئەمە نیە. بەڵام کە هەنوکە هاتووینەتە سەر مەسەلەکە، حەزدەکەم، ڕای تۆ لەو بارەیەوە بزانم، بڵێ بزانم ئایا هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵ ئەم هەموو دەردو عەزابە دێنێ یان نا ؟

– بە باوەڕی من نایهێنێ !

– دەمزانی، ئەم قسەیە دەکەیت. ئەدی ئەم جۆرە ژنهێنانە عەیبە ؟

– زۆریش عەیبە !

– زۆر چاکە... دەنا وێڕای ئەوەش هەر دەستبەرداری نابم، بڕیارێکەو داوەمەو هەر دەیخوازم، هەنوکە لە جاران سوورترم لەسەر هێنانی، تۆزێ لەمەپێش هێشتا دوو دڵ بووم، لێ هەنوکە تەواو، بڕیاری یەکجارەکیم داوە! هیچ مەڵێ، خۆت ماندوو مەکە، دەزانم چیت لە دڵدایەو دەتەوێ چی بڵێی...

– ئەوە ناڵێم کە تۆ تەسەوری دەکەیت بیڵێم. سەرم لەم هەموو متمانەو دڵنیاییەی تۆ سوڕماوە.

– لە چی ؟ لە متمانەو دڵنیایی من ؟

– لەوەی کە دڵنیایت، ناستاسیا فیلیپوڤنا شوو بە تۆ دەکات و بڕاوەتەوە، لەوەی کە دڵنیایت ئەم هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵە یەکسەر و کاش دەخرێتە گیرفانتەوە. هەڵبەتە من کە ئەم قسەیە دەکەم، زۆر شتی دیکەش هەیە کە نایزانم.

گانیا، بە ڕووی میرزادەدا هەڵشاخی و گوتی:

– هەڵبەتە تۆ هەموو شتێك نازانی. ئەگەر وا نەبووایە بۆچی ئەم هەموو دەردەسەرەم قەبووڵ دەكرد ؟

– پێموایە، زۆرجار پیاو بە تەماعی پارەو ماڵی دنیا ژن دێنێ، بەڵام لە دوا ئەنجاما، هەر ژنەكە دەست بەسەر پارەكەدا دەگرێت و بۆ ئەو دەبێت !

گانیا، لە فكران ڕاچوو، نیگەران و پەریشان كەوتە مینگە مینگ:

– نا، نا ! زەماوەندی ئێمە وا نابێت... كۆمەڵێك هەلومەرجی تایبەتی لە ئارادایە...

ئەوسا، بە لەز لە سەری ڕۆیی:

– سەبارەت بە وەڵامی ئەو، هیچ گومانێكی تیا نییە ! بە چ قەرینەیەك پێت وایە لەوەیە ڕەفزم بكات ؟

– من جگە لەو شتانەی كە بە چاوی خۆم دیتم، هیچ شتێكی دیكە نازانم، خوشكەكەشت، تۆزێ لەمەپێش هەمان ڕەئی هەبوو. هەمان قسەی دەكرد...

– ئەمانە، عادەتیانە، هەر دەبێ قسەیەك بكەن، دەمیشیان بگری، هەر قسە دەكەن. بەڵام ناستاسیا، عەجەب بە روگوژینی ڕابوارد، من بە خۆم هەستم پێكرد، باوەڕبكە، بە ئاشكرا دیار بوو كە پێی ڕادەبوارد. تۆزێ لەمە پێش هەندێك بەگومان بووم، بەڵام هەنوكە لێم عەیانە كە مەسەلە چیە، ڕەنگە مەزەندەكەی تۆ زادەی ڕەفتاری ناستاسیا، دەگەڵ دایكم و باوكم و ڤاریادا بێت !.

– هەروەها ڕەفتاری دەگەڵ تۆشدا.

– گریمان سەرنجەكەی تۆ دروستە، بەڵام هۆیەكەی تەنیا گیانی تۆڵە ئەستێنی ژنانەی ئەوە. ناستاسیا فیلیپوڤنا، ژنێكی زۆر هەستیارە، زۆر توڕەیە، تابڵێی دڵی ناسك و خۆپەرست و لە خۆباییە. ڕێك وەكو فەرمانبەرێكە كە تەرفیعیان پێنەكرد بێت. بۆیە دەیویست خۆی بنوێنێ و، قوەت و كەسێتی خۆی نیشانی ئەوان بدات، سووكایەتی بەوان... و بە منیش بكات. ئەمە دروستە. من نكوڵی لێناكەم... بەڵام وێڕای ئەمەش، هەر شووم پێدەكات... تۆ نازانی غرووری بەشەری چ بەزم و رەزمێكی لێدەكەوێتەوە. ئەم ژنە من بە پیاوێكی بودەڵەو سووك دەزانێ، چونكە لای عەیانە كە من سوور دەزانم سوتلی و قەپاتمەی پیاوێكی دیكەیەو، كەچی بەو حاڵەشەوە ئامادەم لە پێناوی پارەدا بیخوازم. من ڕێك و ڕاست و بە ئاشكرا بە تەماحی پارەكەی بووم، بەڵام غافڵە لەوەی كە كابراكەی دیكە، زۆر نامەردانەتر فریوی دەدات، دەكەوێتە خشت و پای، ڕووپامایی لەبەر دەكات، بە جۆرەها قسەی ژن پەسندی وەكو لیبرالیزم، پێشكەوتنخوازی و رزگاری ئافرەت و بەو جۆرە قسانە، سووك و ئاسان دەیهێنێتە ڕەداو قەناعەتی پێدەكات، كە بۆیە خۆشی دەوێ وگەرەكیەتی بیخوازێت، چونكە ئافرەتێكی پاك و دڵپاك و مەینەتبارە، دەنا هیچ تەماعێكی تری بەو نییە، حاڵبوكی ژێراو ژێر، مرخی لە پارەكەی خۆش كردووەو تەنیا بەتەماعی پارەكەی دەیخوازێت. بەڵام بۆیە منی بەدڵ نییە، چونكە حەز لەو چاووڕاوە ناكەم، نامەوێ ڕواڵەتبازی دەگەڵ بكەم... بەڵام لە ڕاستیدا دەبوایە ئەو كارە بكەم! باشە لێرەدا پرسیار ئەوەیە: باشە ئەو چی دەكات ؟ ئەویش هەر وا ناكات ؟ ئیدی بۆچی دەبێ سووكایەتیم پێبكات،

گاڵتەم پێبکات ؟و ئەم هەموو نمایشبازیەم دەگەڵدا بکات؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسانە: لەبەر ئەوەیە من ملکەچ نابم، و ڕادەستی وی نابم... بە هەرحاڵ، دەی بینین...

– باشە، پێشتر خۆشت دەویست ؟

– لەسەرەتاوە، بەڵێ. بەڵام تۆبە، بەسە ! هەندێ ژن تەنیا بۆ ئەوە باشن دەگەڵیان ڕابوێری، بیانکەی بەسوتلی خۆت. ئەم قسەیەم بۆ ئەوە نییە بڵێم ماشقەی من بووە. ئەگەر ئاقڵ بێت و بیەوێ بە ئارامی بژی، منیش پێی ڕازی دەبم. بەڵام ئەگەر ناسازگارو نەکڵۆك بێت، شەڕم پێ بفرۆشێت، ئەوا منیش یەکسەر وێڵی دەکەم، پارەکەی دەبەم و دەڕۆم. نامەوێ ببم بەگەپچاڕی خەڵکی، ئەوەم لە هەموو شتێك لەلا گرینگترە !

میرزادە، بە پارێزەوە گوتی:

– وێڕای هەموو ئەمەش، پێموایە ناستاسیا فیلیپوڤنا ژنێکی زیرەکە، ئەگەر پێشوەختە ئەو ترسەی هەبێ، چۆن بەو ئاسانیە دەکەوێتە داوەوە؟ خۆ دەتوانێ شوو بە پیاوێکی دی بکات. من سەرم لەم شتە سوڕماوە...

– ئا، هەموو سڕەکە لێرەدایە ! تۆ هەموو شتێك نازانی میرزادە... سڕەکە لێرەدایە.. ئەو دڵنیایە کە من تا ڕادەی شەیدایی خۆشم دەوێ، سوێندت بۆ دەخۆم کە ئەوە قەناعەتیەتی... دەزانی چیە؟ پێموایە ئەویش بە شێوازی خۆی خۆشی دەوێم. وەك دەڵێن: سزای شەیدایان زۆر قورسە. ئیدی بەو پێودانگە، بە خەیاڵی خۆی بە درێژایی تەمەنی بە ئەسیرو دیلی خۆیم دەزانێ و عەزابی ڕوحم دەدات ( ڕەنگە پێویستی بە کەسێکی وا بێت ) بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوازی خۆی هەر خۆشی دەوێم. خۆی بۆ ئەمە ئامادە دەکات، ئیدی تەبیعەتی وایە، تەبیعەت دەرمانی نییە. باوەڕ بکە ژنێکی رووسی تەواو عەیارە. باشە، منیش براتم، دەزانم چی دەکەم، حیسابی خۆم کردووە. ئەو بەرخوردەی من دەگەڵ ڤاریادا ڕێکەوتەکی و ڕەوتەنی بوو، بەڵام بە قازانجی من شکایەوە. ناستاسیا بە چاوی خۆی بینی کە چەند پابەندی ئەوەم و چۆن ئامادەم لەبەر خاتری ئەو هەموو پەیوەندییەکانی دیکەم ببڕم. کەواتە بۆت دەرکەوت کە منیش بەو ڕادەیە ساویلکە نیم کە بە ئاسانی کەر بکرێم، باوەڕبکە کەس گەوجی نەکردووم. ڕەنگە وا بزانی زۆر چەنەبازم. میرزادەی ئازیز، ڕەنگە من هەڵە بم کە ئەم هەموو متمانەیەم بە تۆ هەیە و بەمجۆرە گرێی دڵی خۆمت بۆ دەکەمەوە... لەبەر ئەوەیە تۆ یەکەم مرۆڤی بێ غەل و غەش، بێ شێلەو بێلەی کە لە ژیانما دیتوومیت ! بۆیە داوای بوردن دەکەم کە پیتا هەڵشاخیم، تکایە لێم مەگرە! هیوادارم لێم زیز نەبوویبیت و لە دڵی نەگریت. بۆ دوو ساڵ دەچێت، کە ئەمە یەکەمجارمە بەو جۆرە، گرێی دڵم کردووەتەوە، بەبێ پەردە قسەم کردووە. خەڵکی مەردانەو ئابڕوومەند لێرە کەمن، پتیتسن شەریف ترینیانە. لەوە دەچێ پێکەنینت بێ ؟ پێکەنینت نایە ؟ چما نازانی خەڵکی شەلاتی و سەرسەری، پیاوی شەریفیان زۆر خۆش دەوێ ؟ تو ویژدانت، بودەڵەیی و چروکی من لە چدایە کە هەمووان بە چاولێکەری ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە بودەڵەو چروکم دەزانن ؟ تەسەوربکە، ئەوەندەیان ئەو وشانە بە گوێدا داوم، خەریکە لێم دەبن بە ڕاست و بە خۆیشم خۆم بە بودەڵەو چروك بزانم، لە ڕاستیدا ئەوە سووکییە. ئەوە چروکییە !

میرزاده گوتی:

– من یەك لە باری خۆم چیتر بە سووك و چروكت نازانم. ئەلهەقی تۆزێ لەمەپێش، بە سووكی سووكم دەزانیت، بەڵام باش بوو ئەو گومانەت لا سڕیمەوە، خۆشحاڵت كردم. ئەمە دەرسێكی باش بوو بۆ من، كە لە ئایندەدا بە خێرایی و پێشوەختەو، بە نەشارەزایی حوكم لەسەر خەڵكی نەدەم، ئێستا بوم دەركەوت كە تۆ نە سووك و چروكیت و نە بودەڵەو خوێڕیت، بە بۆچوونی من تۆ مرۆڤێكی زۆر ئاساییت، بەڵام هەندێك بێ ئیرادەیت.

گانیا، بزەیەكی تاڵی بۆ كرد، بەڵام هیچی نەگوت. میرزادە هەستی كرد، بۆچوونەكەی بەدڵی گانیا نەبوو. تۆزێك بە خۆیا شكایەوەو ئەویش بێدەنگی لێكرد.

گانیا، لە پڕ پرسی:

– بابم تا ئێستا داوای پارەی لێكردوویت ؟

– نەخێر.

– هەڵبەتە داوات لێدەكات، بەڵام مەیدەیە. لە بیرمە كە كاتی خۆی پیاوێكی ماقووڵ بوو، پیاوی ناو پیاوان بوو، پیاوی كۆڕو مەجلیسی پیاوماقوڵان بوو. سەیرە ! ئەم پیاوە ماقولانە چەند زوو، چەند بە خێرایی لێدەكەون. هەركە بە ئاستەم تووشی كێشەیەك بوون و هەلومەرجی ژیانیان گۆڕا، ئیدی دەكەون و لێدەبنەوە، دەبن بە دووكەڵ و با دەیانبات! باوەڕبكە كاتی خۆی پیاوێكی ڕاستگۆ بوو، وەكو ئێستا درۆزن نەبوو! تۆ تەمەشا ڕۆژی بە چ ڕۆژگارێ گەییوە ! هەڵبەتە هۆیەكەشی مەیخۆریە. دەزانی ماشقەیەكیشی هەیە ؟ هەنوكە، درۆزنێكی ئاسایی و بێوەی نیە. من نازانم دایكم چۆن تەحەمولی دەكات ! باسی گەمارۆی (قارس)ی بۆ تۆ كردووە؟ ئەی باسی ئەسپە شێیەكەی بۆ كردویت كە وەكو مرۆڤ كەوتووەتە قسەو هاتووەتە زمان؟ یانی كاری گەییوەتە ئەو وڕینانە.

گانیا، بەدەم ئەو قسانەوە لە قاقای پێكەنینی دا، ئەوجا لە میرزادەی پرسی:

– بۆچی ئاوا تەمەشام دەكەیت ؟

– سەرم لە پێكەنینە بە كوڵ و بە دڵەكەی تۆ دەسوڕمێ، هێشتا دەتوانیت وەكو منداڵێك پێ بكەنی، بە هەمان پاكی و بێگەردی منداڵێك پێبكەنی. تۆزێ لەمە پێش كە هاتیە ژوورەوە تائاشتم بكەیتەوە، گوتت: "بێم دەست ماچ بكەم ؟" منداڵیش كە داوای بوردن دەكات، ڕێك وا دەكات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، كە ڕوحی تۆ هێشتا پاكە، نە لەوتاوە، ئەو كارو قسانە تەنیا لەخەڵكی ڕوح پاك دەوەشێتەوە ! كە ئەوە حاڵتە، ئیدی بۆچی خۆت لەو چیرۆكە گومان لێكراوەوە گلاندووە، چیرۆكی هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵ. بەڕاستی كارێكی پووچە، هەرچی بیری لێدەكەمەوە نە باوەڕ دەكەم و نە ئەقڵم دەیبڕێت.

– باشە، تۆ مەبەستت چیە ؟

– پرسیاری من ئەمەیە ئایا تۆ پەلە ناكەیت ؟ باشتر نییە، پێشتر بیری لێبكەیتەوە؟ لەگینە هەق بە ڤارڤارا ئاردالیونوڤنای خوشكت بێ...

گانیا، قسەكەی پێبڕی و گوتی:

– ها... دەرسی ئەخلاقم دادەدەی !... من دەزانم هێشتا منداڵم. ڕەفتارم منداڵانەیە... باشترین بەڵگەش ئەمەیە کە من ئەم باسەم لەگەڵ تۆدا کردەوە.

ئەوجا، گانیا، وەکو گەنجێك کە غرووری برینـدار کرابێ و بیەوێ پاکانە بۆ خۆی بکات، لەسەری ڕۆیی:

– بەڵام میرزادە، من تەنیا بە تەماحی پارەو پول، مل بۆ ئەم زەماوەندە نادەم. ئەگەر وابوایە حیساباتەکەم هەڵە دەردەچوو، چونکە من هێشتا لە ڕووی ئەقڵی و کەسێتییەوە ماومە، پوختەو کارامە نیم. من هاندەرێکی دەروونی گەورە بۆ ئەم کارەم هاندەدا، ئارەزوویەکی هەوسار پچڕیو هانم دەدا، چونکە ئامانجێکی گەورەو ستراتیژیم داوەتە چاو. ڕەنگە وا زەن ببەی هەرکە هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵەکەم وەرگرت، یەکسەر گالیسکەیەك بۆ خۆم بکڕم، ئەم پاڵتۆ کۆنە کە سێ دانە ساڵە لەبەرمایە فڕێ بدەمو یەکێکی تازە بکڕم، چیتر هاتوچۆی یانە نەکەمو پەیوەندی دەگەڵ دۆستانی یانەم ببڕم. نا شتی وا ناکەم. خەڵکی پشوو درێژو کۆڵنەدەر لە وڵاتی ئێمەدا زۆر کەمن، هەرچەندە زۆربەیان، ڕوحیان، ڕوحی سوتخۆرانە ! بەڵام من کۆڵنادەم، ڕێگایەکەو تا نەگەمە ئامانج بەری نادەم، گرینگ ئەوەیە پیاو ڕێگەیەکی گرتەبەر کۆڵ نەدات تا دەگاتە ئامانج. ئەمە فەلسەفەو بۆچوونی منە ! پتیتسن، تا هەڤدە ساڵیش، لە شەقامو کۆڵانان دەنووست، قەڵەمبڕ و چەقۆی دەفرۆشت. بە دەستمایەیەکی چەند کوپیکییەوە دەست بەکار بوو، ئەمڕۆکە خاوەنی شەست هەزار ڕۆبڵە، بەڵام دوای ڕەنجێکی زۆر، مەگەر خوا بزانێ چەند لەو پێناوەدا ماندوو بووە، چەندی زەحمەت کێشاوە! من دەتوانم بەبێ زەحمەتو ڕەنج، یەکسەر، بە دەستمایەیەکی گەورەوە بێمە مەیدانو دەست بەکار ببم. هەمووی پازدە ساڵ نابات، کە خەڵکی لە دوورەوە بمبینن، ئاماژەم بۆ دەکەن: " ئەم ئیڤولگینە، بە قەد پاشایەکی جولەکەی هەیە !" تۆ دەڵێی من بێ ئیرادەم، ڕەسەنایەتیم تیا نییە، دوورم لە هەر بەهرەو توانایەکی تایبەتی. بەڵام میرزادەی ئازیز، ئەوە بزانە کە لەم سەردەمو ڕۆژگارەی ئێمەدا ناخۆشترین شت ئەوەیە بە کەسێك بڵێی، بێ ئیرادە، دەستو پێ سپی، بێ بەهرەو توانای تایبەتی، پێی بڵێی پیاوێکی ئاساییە. تۆ تەنانەت ئەوە شت پێ ڕەوا نەبینیم کە بە تاوانکارێکی ماقولیشم بژمێری. بۆیە، خوام نەما، چیوای نەما، پەلامارت بدەم. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد حەسیرمەیانێکی چاکت بکەم. تۆ زۆر لە یەپانچین، زیاتر ئەزیەتت دام. ئەو یەپانچینەی کە ( بێئەوەی دەری ببڕێ، بەڵام لە دڵی خۆیدا بە تەمایە، هەڵبەتە ئەمەشی لە ساویلکەییە، بێئەوەی هەوڵ بدات ناخی من بخوێنێتەوە) من ژنەکەمی پێ بفرۆشم، تۆ لەوەش زیاتر ئەزیەتت دام، جا هاوڕێ گیان من لە مێژە بەمەوە دەتلێمەوە، بۆیە من پێویستیم بە پارەیە. هەموو ئاواتو ئامانجێکم بووە بە پارە. هەر کاتێ بووم بە خاوەن پارە، باوەڕبکە دەبم بە کوڕێکی دی، قەدرو حورمەتێکی دی پەیدا دەکەم! قۆڕی پارە لەوەدایە تەنانەت تواناو بەهرەو ڕەسەنایەتیشت بۆ پەیدا دەکات ! تا دنیاش دنیایە ئەمە هەر وا دەبێو وا دەمێنێ. ڕەنگە بڵێی ئەمە قسەیەکی منداڵانەیە، خەیاڵی شاعیرانەیە. کێشە نیە، ئەگەر پارەیەك، ببێتە مایەی بەختەوەریم، عەیبی چیە ؟ تازە من ئەم ڕێگەیەم گرتووە، خۆم تاقی دەکەمەوەو دەیگەیەنمە سەر. وەکو دەڵێن ئەوەی لە دواییا پێ بکەنێ، زیاتر پێدەکەنێ. باشە

یەپانچین بۆچی ئەو ڕەفتارە ناشیرینە دەگەڵ مندا دەکات ؟ دژمنمە ؟ نەخێر، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە هیچ حیسابێك بۆ رووتەیەکی وەکو من ناکات، کێ حیساب بۆ خەڵکی نەدارو بێ پارە دەکات! هەر ئەوەندەم زەحمەتە تا دەبم بە خاوەن پارە، ئیدی ڕۆژی منیش دێت... وا دیارە درەنگە، کولیا دوو جاران سەری کێشا، ڕەنگە بیەوێ بۆ نان خواردنت بانگ بکات. من ئیدی دەڕۆم... جار جار سەرت لێدەدەم. خەمت نەبێ لێرە، لە ماڵی ئێمە بێتاقەت نابیت، دەبی بە کوڕی ماڵەکە، لە ئێستاوە بوویت بە ئەندامێکی خێزانەکە. ئاگات لێبێ زیزم نەکەیت، پێموایە یا دەبین بە دۆست یان بە دژمن. میرزادە وای دابنێ، وەکو بە دڵ پێشنیازم کرد کە دەستت ماچ بکەم، دەستم ماچ کردبای، لەسەر ئەوە دەبوویت بە دژمنم ؟

میرزادە، پاش ڕامانێکی کورت، بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– بێگومان! بەڵام نەك بۆ هەمیشە، بەڵکو بۆ ماوەیەك، چونکە نەتدەتوانی درێژە بە دژمنایەتی خۆت بدەی، بێگومان دەتبەخشیم.

گانیا گوتی:

– ها... ها!... پیاو لەگەڵ تۆدا، دەبێ زۆر ئاگای لە خۆ بێ. لێرەشا، پەلاری خۆت وەشاند. کێ چوزانێ ! لەوەیە دژمنی من بیت ! ئەرێ بەڕاست، ها، ها، ها لە بیرم چوو: تۆزێ لەمە پێش وام بە خەیاڵ هات کە ناستاسیا فیلیپوڤنات زۆر بە دڵ بوو، وایە ؟

– بە... ڵێ !

– حەزت لێیەتی ؟

– ن.... نا!

– کەچی سوور بوویتەوە، نارەحەت دەتبینم. دەی گوێ مەدەیە. نامەوێ پێت ڕابوێرم. ئایا دەزانی ئافرەتێکی داوێن پاکە ؟ باوەڕ دەکەی ؟ ڕەنگە پێت وا بێ قەپاتمەی یارۆ، توتسکی بێت؟ هەرگیز شتی وا نییە ! تا ئێستا وا نەبووە. نەت دەبینی هەندێجار دەپەشۆکاو شەرمی دەکرد، ئەوە حەقیقەتەکەیەتی. ئیدی ئەو جۆرە کەسە زاڵ تەبیعەتن. دەی باشە. خودا حافیز.

گانیا، زۆر بە پەلەو گورجی وەدەرکەوت، کە دەرچوو خۆشحاڵتر بوو لەوسای کە هاتبووە ژوورەوە.

لێ میرزا، نزیکەی دە دەقیقەیەك، بێ جوڵە لەفکران ڕاچوو، کولیا، دیسان، لە دەرگاکەوە سەری کێشا. میرزادە گوتی:

– کولیا گیان من شێو ناخۆم، نیوەڕۆ نانێکی باشم لە ماڵی یەپانچین خوارد.

کولیا، وەژوورکەوت. نامەیەکی دایە دەست میرزادە، نامەیەکی قەدو نوشت کراو بوو بە ئیمزای جەنەراڵەوە. سیمای کولیا، بە ئاشکرا ئەوەی نیشاندەدا کە چەند ئەم نامە گەیاندنەی لەبەر گرانە. میرزادە نامەکەی خوێندەوە، هەستاو کڵاوەکەی هەڵگرت.

کولیا، بە نیگەرانی و شەرمەزاری گوتی:

– نزیکە، دوور نییە. باوکە لەسەر مێزێك دانیشتووەو قاپێ مەی لەبەردەم خۆی دا ناوە. نازانم چۆن توانیویەتی قەناعەتیان پێبکات کە بە قەرز مەشروبی بدەنێ. میرزادە گیان تکایە با کەس

بەم نامەیە، با دایكو خوشكەكەم نەزانن كە من بۆم هێناویت. هەزارو یەك سوێندم خواردووە كە قەت نامەی ئەو نەگەیەنم، بەڵام چ بكەم دڵم بە حاڵی دەسووتێ. بەزەییم پێیدا دێتەوە. تكات لێ دەكەم ڕووی مەدەیە، هەرتۆزێ پارەی بدەیەو وازی لێبێنە، بە تەمای وەرگرتنەوەشی مەبە.
– كولیا گیان، من خۆشم هەر وام نیاز بوو، پێویستە بۆ ئیشێكی تایبەتی بابت بدینم... فەرموو بابڕۆین!...

پەراوێز:
*– دەمامك: شانۆنامەیەكی لیرمانتوفە كە لە تەمەنی هەرزەكاریدا نووسیویەتی.

## فەسڵی دوازدەیەم

كولیا، میرزادەی برد بۆ "گازینو– بلیاردو" كە نزیكی ماڵەكەیان بوو، پێش ئەوەی بگەیتە شەقامی لیتانیایا، لە ژێر خانێكا بوو لە سەر ڕێگاكە. بە دەستە ڕاستا، لە ژوورێكی چكۆڵەی تایبەتیدا، ئاردالیون ئالكسدروفیچ، لە پشت مێزێكەوە وەكو مشتەرییەكی هەمیشەیی، دانیشتبوو و قاپێ مەشروبی لەبەردەما دانرابوو. نوسخەیەكی ڕۆژنامەی "خۆیبوونی بەلچیكی" بە دەستەوە بوو، خەریك بوو دەیخوێندەوە. چاوەڕوانی میرزادەی دەكرد. هەركە ئەوی بینی، ڕۆژنامەكەی لەلایەكەوە دانا و سەری قسەو باسێكی دوورو درێژی دامەزراند، كە میرزادەی شتێكی ئەوتۆی لێ حاڵی نەبوو، چونكە جەنەراڵ، لە ڕاستیا مەستی مەست بوو. میرزادە قسەكەی پێ بڕی و گوتی:
– ئەسكەناسی دە ڕۆبڵیم پێ نیە، بەڵام دانەیەكی بیستو پێنج ڕۆبڵیم پێیە، دەتدەمێ، وردی بكەوەو پازدە ڕۆبڵم پێبدەوە، دەنا پەكم دەكەوێ، چونكە یەك ڕۆبڵی دی شك نابەم !
– ئا... بێگومان.. بێگومان، خەمت نەبێ هەر ئێستا وردی دەكەمەوە.. هەر ئێستا !..
– باشە جەنەراڵ، شتێك هەیە حەزدەكەم لێتی بپرسم. قەت هاتوچۆی ماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنات كردووە ؟

جەنەراڵ، بەو پەڕی خۆنوێنیو خۆ هەڵكێشانو بەخۆفشینەوە گوتی:
– من ؟ منو نەچووبم ؟ ئەمە چ پرسیارێكە ؟جارە های جار گیانی من، جارە های جار!... بەڵام ئەنجام هاتوچۆم لەگەڵی بڕی، چونكە حەزناكەم بە هۆی هاتوچۆی منەوە، زەماوەندێكی نابەجێو ناپەسند دروست ببێ. تۆ بەخۆت بینیت، لەوێ بووی كە ئەمڕۆكە ئەوەی لەسەر بابێك بوو– هەڵبەتە بابێكی نەرمو نیانو لیبراڵ– كردم. بەڵام لەمەوداو بابێكی دیكە دێتە مەیدان، هەنگێ دەردەكەوێ كە خوا بە كێی دەدا، ئایا جەنگاوەرێكی دێرینی تەواو عەیار، سەردەكەوێو ئەم پیلانە پوچەڵ دەكاتەوە، یان ژنێكی ئەهلی ڕابواردنی بێحەیا و حورمەت، تێكەڵاوی خانەوادەیەكی ڕەسەنو نەجیب دەبێت !

– دەمویست بپرسم. ئایا تۆ بەو حیسابەی دەیناسیت و هاتوچۆت لەگەڵی هەبووە، دەتوانی ئەمشەو من بگەیەنیتە ماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا ؟ زۆر زەروریە ئەمشەو لەوێ بم، چونکە هەر دەبێ بیدینم. بەڵام نازانم چۆن بۆ ئەوێ بچم. دروستە ئەمڕۆ تەعاروفم دەگەڵی کرد، بەڵام دەعوەتی ئاهەنگەکەی ئەمشەوی نەکراوم. ئامادەم، هەر بەو مەرجەی بتوانم، بە هەر شێوەیەك بووە بگەمە ئەوێندەر، ئەگەر بووم بە گەپجاریش، هەندێ ئەتەکێت و داب و نەریتان لە بن پێیان بنەم.

جەنەراڵ، زۆر بە گەرمی گوتی:

– دۆستی گەنجم، تۆش ڕێك وەکو من بیردەکەیەوە، هەر دەڵێی لە دڵی مندایت.

ئەوسا، پارەکەی هەڵگرت، لە بەرکی ناو لەسەری ڕۆیی:

– من کە ناردم بە شوێنتا زەحمەت بکێشیت و بێی بۆ ئێرە، لە بەر ئەم تۆزە پارەیە نەبوو! بەڵکو بۆیە بە شوێنما ناردیت، تا بە دوو قۆڵی، هێرش بکەینە سەر ناستاسیا فیلیپوڤنا، یان بە گوتەیەکی دی بە دوو قۆڵی ڕووبەڕووی ببینەوە ! جەنەراڵ ئیڤولگین و میرزادە میشکین! ئەوجا بزانە ئەم هەڤپەیمانیەی ئێمە چ کاریگەرییەکی دەبێت! بە ناوی ئەوەوە کە بە بۆنەی پیرۆزبایی ڕۆژی لە دایك بوونیەوە، سەری دەدەم، بزانە چۆن ویستی خۆم، هەڵبەتە ڕاستەوخۆ نا، بەڵکو بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ، دەسەپێنم. هەنگێ گانیا دەکەوێتە سەر دوو ڕیانێك: یان دەبێ بابە بەڕێزو حورمەتەکەی هەڵبژێرێ یان... یارۆ... ئیدی چ دەبێ با ببێ! بیرکردنەوەکەت زۆرباشە. سەعات نۆ دەکەوینە ڕێ، هێشتا زووە.

– باشە ماڵی ناستاسیا لە کوێیە ؟

– لێرەوە دوورە، نزیکی ئۆپرای گەورەیە، لە ئەپارتمانەکەی میتوفسوفە، ئەوەی دەڕوانێتە سەر مەیدانەکە، لە قاتی یەکەمدایە... هەرچەندە ئەمشەو جەژنی لە دایك بوونیەتی، بەڵام میوانی زۆر نابێت، و زۆر زوو دەڕۆن.

بەتڵێکی شەو بوری، میرزادە هێشتا دانیشتبوو و بە دەم چاوەڕوانییەوە گوێی لە جەنەراڵ دەگرت. کە لێکدا لێکدا سەری حیکایەتێکی تازەی دەکردەوەو هیچیانی تەواو نەدەکرد. کە میرزادە گەیی بووە ئەوێندەر، جەنەراڵ قاپێکی تازەی داواکردبوو، دوای یەك دانە سەعات ئەوجا تەواوی کرد... دوای ئەوە داوای قاپێکی دی کرد، هەڵبەتە ئەویش سەعاتێکی بردووە، جا وەرە بیهێنە بەرچاوی خۆت، چۆن جەنەراڵ، بەدەم خواردنەوەوە، هەموو سەربهووردی خۆی بۆ میرزادە گێڕاوەتەوە. ئەنجام میرزادە ڕابوو و گوتی ناتوانێ لەوەی پتر چاوەڕوان بکات.. .هەنگێ جەنەراڵ، دوا چۆڕی قاپەکەی هەڵدا، هەستاو بەلارە لار بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیی. میرزادە بە ڕادەیەك پەست و بێزار بوو بوو، لە داخا کەوتە لۆمەی خۆی کە چ گەوجانە ڕیشی خۆی داوەتە دەست جەنەراڵ و باوەڕی پێکردووە، هەرچەندە قەت نە باوەڕی بە جەنەراڵ هەبوو و نە ڕیشی خۆی دابووە دەستی، تەنیا دەیویست لە ڕێگەی ئەوەوە خۆی بگەیەنێتە ماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئیدی چ بزانێ جەنەراڵ تووشی ئەم بەزمەی دەکات. جەنەراڵ فول سەرخۆش بوو، ئیدی زمانی پژا بوو ئەمما پژان، لە یەکبینە، بێ وەستان، بە دەنگێکی گریان ئامێزەوە، قسەی

دەکرد، گلەیی ئەوەی دەکرد کە سەرچاوەی هەموو بەدبەختیەکی خۆی و خانەوادەکەی، بەد ڕەفتاری ماڵ و منداڵەکەیەتی و کاتی ئەوە هاتووە، سنوورێك بۆ ئەم هەرەس و داڕوخانە دابنێت.

ئەنجام، بە دوو قۆڵی گەییشتنە شەقامی لیتانیا. هێشتا دنیا نەی بەستبوو. بایەکی ساردی شێداری ناخۆش بە گڤ وهۆڕ خۆی بە شەقامەکاندا دەکرد. گالیسکان بە دەم ڕێوە قوڕیان دەپرژاند،و تەقەی سمی ئەسپەلات، لەسەر شەقامەکان دەنگیان دەدایەوە. ڕێبواران، بە جلی تەڕەوە، بە پارێزەوە بەسەر شۆستەکاندا تێدەپەڕین. جار جاریش ڕێبوارێکی مەست تێدەپەڕی.

جەنەراڵ گوتی:

– ئەو پەنجەرە ڕوناکانەی قاتی یەکەمی ئەم ئەپارتمانە دەبینی ؟. هەموو کۆنە هاوڕێ و هاوپیشەکانی من لەوێدا دەژین و، من کە لەوان خزمەتم زۆرترەو لەوان پتر ڕەنجم داوە، دەبێ بە هەزار گیانە مەرگی و بە پای پیادە، بەرەو ئۆپرای گەورە، بۆ ماڵی ئافرەتێکی بەد ناوی گومانلێکراو بڕۆم ! پیاوێك کە سیازدە گوللەی بە سینگەوەیە !... باوەڕ ناکەیت ؟ بیروگوف* لەبەر خاتری من بروسکەیەکی بۆ پاریس ناردو، بۆ ماوەیەك سیڤاستوبولی ئابلوقەدراوی بەجێهێشت، ئەوجا (نیلاتون)ی پزیشك باشی، پزیشکانی دەرباری پاریس، بە ناوی زانستەوە، مۆڵەتی وەرگرت، کە بێت بۆ سیڤاستوبۆلی گەمارۆدراو تا معایەنەی من بکات. هەڵبەتە سەرکردایەتی باڵا، هەموو ئاگایان لەم مەسەلەیە هەبوو: " ئاه، ئەمە ئەو ئیڤولگینەیە کە سیازدە گوللە بە سینگییەوەیە !.." بەو جۆرە باسیان دەکردم. میرزادە، ئەو خانووەی ئەوێندەری دەبینی؟ جەنەراڵ، (سوکولوفیچ)ی هاوقەتاری من دەگەڵ بنەماڵە زۆر ڕەسەن و نەجیبەکەیدا، کە زۆڕیەتێکی زۆری هەیە لەو خانووەدا، لە قاتی یەکەمدا، دەژی. ئەو ماڵەو سێ ماڵی دیکە لە شەقامی نڤسکی و دوو ماڵی دیکە لە شەقامی مورسکایادا، سنوورو ئاقاری پەیوەندییە شەخسیەکانی منە.

نینا ئەلکسندروڤنا دەمێکە ملی بۆ ئەمری واقیع داوە، دەستی لە هەموو شتێك شۆردووە. بەڵام من هێشتا دەگەڵ بیرەوەرییەکانما دەژیم... یانی پرکێشی ئەوە دەکەم بڵێم، دەگەڵ کۆنە هاوقەتارو ژێرو دەستەکانمدا، کە هێشتا، لێم نەبێ بە درۆ، بە پەرستن دەمپەرستن، هەست بە ئاسوودەیی دەکەم. بۆ نموونە ئەم جەنەراڵە سوکولوفیچە، ماوەیەکی زۆرە نەچوومەتە دیدەنی و ژنە مێریڤانەکەیم، ئانافیدوروڤنام نەدیتووە... میرزادەی ئازیز، هەڵبەتە بە خۆت دەزانی، هەر کەسێ دەرگای ماڵەکەی لە ڕووی خەڵکی داخرابێت، نەتوانێ پێشوازی خەڵکی بکات، ناچار دەبێت هاتوچۆی خەڵکی نەکات... بە هەرحاڵ پێدەچێ باوەڕم پێنەکەیت. دەڵێم بۆچی کوڕی باشترین دۆست و هاوڕێی منداڵیم، یانی تۆ، بەم خانەوادە بەختەوەرە نە ناسێنم ؟ جەنەراڵ ئیڤولگین و میرزادە میشکین!.. لەوێ کچێکی یەجگار خشیك و دڵڕفێن دەبینی، نا، نا یەك کچ نا، بەڵکو دووان ، نا سیان دەبینی، کە بەڕاستی زینەتی کۆمەڵگەو پایتەختەکەمانن: جوانی، ڕۆشنبیریی، مەسەلەی ژنان، شیعرو هۆنراوەو هەر هەموو ئەو شتانەیان بە زیادەو تیا دەبینی... ئەمە جگە لەوەی، بەلای کەمەوە، هەشتا هەزار ڕۆبڵی کاش بۆ جیازی هەر یەکێکیان دانراوە...

به هەر حاڵ، قسە هەزارە دوانی بەکارە، هەر دەبێ بەو ماڵەت بناسێنم، ئەمە ئەرکی سەرشانی منە! جەنەراڵ ئیڤولگین و میرزادە میشکین!.

میرزادە پرسی:

– ئا ئێستا ؟ یانی بیرت چوو کە...

– نا، لە بیرم نەچووە، نەخێر هیچ شتێکم بیرنەچووە. فەرموو لێرەوە وەژوور بکەوە ! بەم قاڵدرمە جوانانەدا سەربکەوە. سەیرە کە دەرگاوانی لێ نییە، یارۆی سویسری گۆڕی گومە. ئا ئەمڕۆ پشووە و ئەویش قوچاندویەتی. نازانم بۆ تا ئێستا ئەو هەمیشە مەستەیان دەرنەکردووە. ئەم سوکولوفیچە، بە هەموو شتێکی، بەسەروەت و سامان و بەختەوەری ژیانیەوە، بە سەرکەوتنی خزمەتی سوپاییەوە، قەرزاری منە، تەنیا قەرزاری منە. بەڵام فەرموو ئەوە گەییشتین.

میرزادە، دەستی لە هەموو ئیعترازێك هەڵگرت. ملکەچ و گوێڕایەڵ دووی جەنەراڵ دەکەوت، لەترسی ئەوەی نەبا بڕەنجێ و لێی تووڕە ببێت، لە خەیاڵی خۆیدا بە ئومێدی ئەوە بوو کە بەرە بەرە جەنەراڵ سوکولوفیچ و خانەوادەکەی لە بیر دەچێت و دەردەکەوێ کە ئەم جەنەراڵە ڕۆژێ لە ڕۆژان نەبووەو نیەو، هەنگێ دەتوانن بە دوو قۆڵی، بەکاوەخۆ، بە قاڵدرمەکاندا داگەڕێن و بێنە خوارێ و ملی ڕێگای خۆیان بگرن. بەڵام کە دیقەتی دا، خەریکە ئەو چاوە ڕەشەی کاڵ دەبێتەوە زۆر نیگەران و شپرزە بوو: جەنەراڵ، وەکو کەسێك کە بە ڕاستی دۆستانی زۆری لەوێندەر هەبن، زۆر بە متمانەوە میرزادەی بە سەر قاڵدرمەکاندا سەر دەخست و، لە هەر هەنگاوێکدا زۆر بە وردی و بەدیقەت و ڕوونیەکی ماتماتیکانەوە، لە ژیان و وەزع و حاڵی هەر یەکێکیان دەدوا. کە گەیینە قاتی یەکەم، لە دەستی ڕاستدا، لە بەر دەرگای شوقەیەکی نایابدا وەستان، جەنەراڵ دەستی بۆ زەنگی دەرگاکە برد، میرزادە کەوتە بیری ئەوەی هەڵێت، بەڵام لەبەر کونجکاوی خۆی، هەڵوەستەیەکی کردو گوتی: جەنەراڵ، تۆ هەڵەی، تابلۆی سەر دەرگاکە ناوی (کولاکوف)ی لەسەرە. بەڵام قەرار بوو تۆ دیدەنی سوکولوفیچ ناوێك بکەیت.

جەنەراڵ گوتی:

– کولاکوف ؟... کولاکوف هیچ مانایەکی نییە. من کولاکوف هەر بە بەشەریش نازانم. ئەمە ماڵی سوکولوفیچەو من لە زەنگی ماڵی سوکولوفیچ دەدەم... ئا ئەوەتا وا هاتن دەرگا بکەنەوە.

بەڕاستی دەرگا کرایەوە، پێشخزمەتێك لە دەرگاوە سەری کێشا و گوتی خاوەن ماڵ، بە خێزانی چوونەتە دەرەوە.

ئاردالیون ئالکسندروفیچ، بە خەمبارییەکی زۆرەوە چەند جارێك دووبارەی کردەوە:

– حەیفێ، بەڕاستی حەیف کە لەم ڕۆژەدا چوونەتە دەرێ! لە بەدبەختی منە !

ئەوجا ڕووی کردە پێشخزمەتەکەو گوتی:

– گیانە، ئەگەر هاتنەوە، بڵێ جەنەراڵ ئیڤولگین و میرزادە میشکین هاتبوون بۆ دیدەنی و ئەحواڵپرسی، ڕێزو حورمەتی زۆریان هەبوو، زۆریان پێناخۆش بوو کە لە ماڵ نەبوون...

ڕێك لەو دەمەدا، کەسێکی دی، لە پشت دەرگا کراوەکەوە دەرکەوت، کە پێدەچوو کارەکەر یان مامۆستای تایبەتی بێ، خانمێك بوو لە تەمەنی دەوروبەری چل ساڵیدا، جلێکی ڕەشی

ڕەشی لەبەردا بوو، کە گوێی لە ناوی جەنەراڵ ئیڤۆلگین و میرزادە میشکین بوو، بە دوو دڵی و کونجکاوییەوە هاتە پێشەوە، بەدەم تەمەشا کردنی جەنەراڵەوە گوتی:

– ماریا ئەلکسندروڤنا لە ماڵ نییە، دەگەڵ ئەو کچە گەنجەدا، دەگەڵ خانم ئالکسندرا میخائیلوڤنادا چووە بۆ ماڵی داپیرەی.

– یانی ئەلکسندرا میخائیلوڤناش ڕۆییوە ؟ تەمەشا، لەو بەدبەختیە ! تکایە بە ئەرك نەبێ، ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتم بگەیەنە خزمەتی ئالکسندرا میخائیلوڤنا، هیوادارم بیرت نەچێت... پێی بڵێ من پڕ بەدڵ، لە کانگای دڵمەوە هیواخوازم ئەو ئاواتانەی بێنەدی کە شەوی پێنج شەممە بەدەم گوێگرتنەوە لە مۆزیکی چۆپان، بە ئاواتی دەخواست. بیرت ناچێ !... ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتی پێ بگەیەنە ! جەنەراڵ ئیڤۆلگین و میرزادە میشکین!

خانمە ڕەشپۆشەکە، کە هێور بوو بووەوە گوتی:

– نا بیرم ناچێت، پێی دەڵێم !

لە کاتێکا کە بە قالدرمەکاندا دادەگەڕان، جەنەراڵ کە هێشتا جۆش و خرۆشی دانە مردبووەوە، داخ و کەسەری ئەوەی دەخوارد کە کەس لە ماڵ نەبووەو میرزادە، لە دیدارو ناسینی ئەو خەڵکە میهرەبانە بێبەش بووە.

– دەزانی، من بە تەبیعەت کەمێ شاعیرم ؟ هەستت بەوە کردووە ؟

ئەوجا، لەپڕو بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گوتی:

– بەڵام... بەڵام وا بزانم لێمان تێك چوو بوو. ئێستا بیرم دەکەوێتەوە کە خانەوادەی سوکولوفیچ لە ئەپارتمانێکی دیدا دەژین، پێموایە هەنووکە لە مۆسکۆ بن. بەڵێ من بە هەڵە چوو بووم، بەڵام دەی... گرینگ نییە !

میرزادە، مات و حەیران گوتی:

– من دەمەوێ یەك شت بزانم. ئایا دەبێت بە تەواوەتی واز لە تۆ بێنم ؟ باشتر نییە خۆم بە تەنێ بڕۆم ؟

– واز بێنی ؟ باشتر ؟ بە تەنێ ؟ بەڵام بۆچی لە کاتێکا شتەکە بەلای منەوە زۆر گرینگە، چارەنووسی خانەوادەکەمی پێوە بەندە، تۆ ئەو کارە بکەیت ؟ نا، برادر! تۆ (ئیڤۆلگین)ت باش نەناسیوە. هەر کەسێك پاڵ بە ئیڤۆلگینەوە بدات وەکو ئەوەیە پاڵی بە کێوەوە دابێت. " کە پاڵت دا بە ئیڤۆلگینەوە یانی پاڵت داوە بە کێوەوە " کە یەکەمجار پەیوەندیم بە سوپاوە کردو چوومە فەسیلی سوارە، وایان دەگوت. بەڵام دەبێ، پێش ئەوەی بۆ ئەوێندەر بڕۆین، لەسەر ڕێگای خۆمانەوە سەری ماڵێك بدەم کە چەند ساڵێکە، لە دوای دادگایی و بوختانەکانەوە، هەر کاتێ گیرۆدەی مەینەتی و تەنگانەیەك دەبم، ڕوحم لەوێ دەهێوری و ئارام دەگرێت...

– دەتەوێ سەری ماڵی خۆتان بدەیت ؟

– نا، دەمەوێ سەری خانم تیرنتیف بدەم، کە بێوەژنی کاپتن تیرنتیف بوو، کاپتن تیرنتیف، کاتی خۆی ژێر دەست و بگرە دۆستم بوو. لەوێ، لە ماڵەکەی خانم تیرنتیفدا، ڕوحم تازە دەبێتەوە،

لەوێ هەرچی خەم و پەژارەی ڕۆژانەو خانەوادەییم هەیە، فڕێی دەدەم، لە بیری دەکەم. جا چونکە ئەمڕۆ بارێکی دەروونی قورسم بەسەر شانەوەیە، ڕوحم ئۆقرەی لێبڕاوە، من...

میرزادە، لە بن لێوانەوە پرتاندی:

– وا بزانم، کەرێتییەکی گەورەم کرد، کە بێزارم کردیت... جا تۆ ئێستا... بە هەرحاڵ خودا حافیز!

جەنەراڵ هاواری کرد:

– مەحاڵە، کوڕی باش، چۆن دڵم هەروا سووك و ئاسان بڕۆیت ! ئەم بێوەژنە، ئەم سەرگەورەی خێزانە، دەزانیێ چۆن بۆم دەبێ بە مۆسیقاو، سەرانسەری بوونم، بە ئاواز ئاوەدان دەکاتەوە! زۆرم پێناچێت، هەر پێنج دەقیقەم پێدەچێت. ئیدی ئەوێ بۆ من وەکو ماڵی خۆم وایە. پشوویەك دەدەم، دەستێك بە خۆمدا دێنم و ئەوسا دەتوانین بە گالیسکە بۆ مەیدان ( ئۆپرای گەورە) بڕۆین. باوەڕ بکە، من بە درێژایی (شەوبێری)یەکە پێویستم بە تۆیە. تەمەشا. ئەوە گەییشتین. ئەمە ماڵەکەیە. ئا.... کولیا، تۆش لێرەی ؟ مارتا بوریسوڤنا لە ماڵە، یان تۆش تازە گەییشتووی؟ کولیا، کە لای دەرگای حەوشەو لە نێو حەوشەکەدا تووشیان بوو بوو، گوتی:

– نا! من! دەمێکە لێرەم. لای ئیپولیت بووم، حاڵی خراتر بووە، ئەم بەیانییە لە جێگا نەهاتوەتە دەرێ، دابەزی بووم تا دەسێ وەرەق بکڕم.

کولیا، کە دیقەتی وەستان و ڕێکردنی بابی داو، بینی حاڵی بێ حاڵە، هاواری کرد:

– باوکە ئەوە چیە ! وەزع و حاڵێکی سەیرت هەیە ! بە هەرحاڵ فەرموو با سەربکەوین !

ئەم دیتنەی کولیا، میرزادەی ناچار کرد بەگەڵ جەنەراڵ بکەوێت و سەرێکی ماڵی بوریسوڤنا بدات، بەڵام لە یەك دوو دەقیقە پتر لەوێ ماتەڵ نەبێت. میرزادە پێویستی بە کولیا بوو. لێبڕا بوو بە هەر نرخێ بووە جەنەراڵ بەجێ بێڵێ. زۆر پەشیمان بوو لەوەی پشتی بە جەنەراڵ بەستبوو. ماوەیەکیان پێچوو تا بەدەم سەرکەوتنەوە گەییشتنە قاتی سێیەم.

کولیا، بە دەم سەرکەوتنەوە لە باوکی پرسی:

– دەتەوێ میرزادەیان پێ بناسێنی ؟

– بەڵێ، گیانەکەم، دەمەوێ بیناسێنم: جەنەراڵ ئیڤولگین و میرزادە میشکین... ئەدی مارتا بوریسوڤنا چۆنە ؟

– دەزانی باوکە ؟ باشتر وایە نەچی بۆ لای. بەرد بە با دەکات !

سێ دانە ڕۆژە خۆتت نیشان نەداوەو ئەویش چاوەڕوانی پارە دەکات. بۆچی بەڵێنی پارەت داوەتێ ؟ تۆ هەمیشە هەر وایت، بە هەرحاڵ، فریای خۆت بکەوەو تەگبیری حاڵی خۆت بکە !

لە قاتی سێیەمدا، لە بەر دەرگایەکی نزم وەستان. جەنەراڵ کە بە ئاشکرا هەراسان بوو بوو، میرزادەی خستە پێش خۆی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– من خۆم دەدەمە پاڵ تۆ، دەمەوێ غافڵگیری بکەم !

کولیا، یەکەمجار وەژوورکەوت. ئافرەتێك کە سوراوسپیاوێکی تۆخ تۆخی کردبوو، بە جووتێ نەعلی کۆن و چاکەتێکی یەخە فەرووی دەڵبەوە، کە قژی لە شێوەی وردە پرچدا بادا بوو،

تەمەنی نزیکەی چل ساڵێك دەبوو هاتە بەر دەرگا. هەرکە چاوی بە جەنەراڵ کەوت، دایە بەر دەمرێژی جنێو:

– خۆیەتی، هەمان مێردەکی نەگریس و بێفەڕە! دڵم خەبەری دابوو کە دێت...

جەنەراڵ، بەدەم بزەیەکی دەستکردەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– بابچینە ژوورەوە، گوێ مەدەیە، ئەمە هیچ نییە !

بەڵام وا نەبوو، هەرکە مەدخەلە تاریك و نزمەکەیان بڕی، چوونە ژوورێکی تەنگی باریکەوە، نیو تاقم کورسی حەسیری و دوو مێزی قوماری تیا بوو، کەیبانۆی ماڵ بەدەم پەڵمەگریانەوە کەوتە گلەیی و گازاندەو گوتی:

– شەرم ناکەی ؟ لەخۆت تەریق نابیتەوە، هەی زاڵمی غەداری بێرەحم ؟ دارو نەدارت بە تالان بردم، خوێنت مژیم، خستمتە سەر ساجی عەلی، بەس نییە ؟ ئاخر تاکەی تەحەمولت بکەم هەی بێ شەرەف بێ شەرم و حەیا ؟

جەنەراڵ، پەشۆکاو و شپرزە، سەرسام و حەپەساو، بەدەم لەرزینەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– مارتا بوریسوڤنا، مارتا بوریسوڤنا! ئەمە... ئەمە میرزادە میشکینە. جەنەراڵ ئیڤولگین و میرزادە میشکین !

خات تیرنتیف، لە ناکاو ڕووی کردە میرزادەو گوتی:

– باوەڕدەکەی ؟ باوەڕدەکەی ئەم مێردەکە، ئەم بۆرە پیاوە، ئەم گۆساخە، غەدری لە منداڵە هەتیوەکانیشم کردووە ؟

هەرچیم هەیە تالانی کردووە، دزیویەتی، بردوویەتی فرۆشتویەتی یان لە بارمتەی داناوە. خستوومانیەتیێ سەر ساجی عەلی. ئاخر من چی لەم پسوولانەی تۆ بکەم، بە کەڵکی چی دێت، هەی خاپینۆکی بێئینساف ؟ وەڵام بدەوە، هەی خوێڕی، خوێنمژ ! وەڵام بدەوە، هەی مشەخۆری بێفەڕ، پێم بڵێ چی دەرخواردی منداڵە هەتیوەکانم بدەم ؟ هەمیشە بەم حاڵەوە دێت، ئەوەندە مەستە خۆی بە پێوە ناگرێت ! ئاخر نازانم چ خەتایەکم کردووە کە خوا ئەم غەزەبەی لێگرتووم ؟ هەی نەگریسی بێفەڕ، دزی خوێڕی نەفس نزم ! وەڵام بدەوە.

جەنەراڵ، وەکو کەو چوو، بە زەبوونی گوتی:

– مارتا بوریسوڤنا، بگرە... هانێ ئەمە بیست و پێنج ڕۆبڵە ، هەمووی بۆ تۆ، حاڵی حازر، هەر ئەوەندەم لێ هەڵدەوەریێ، ئەویش بە فەزڵ و لوتفی ئەم دۆستە دڵاوا جوامێرەمەوە، دوعای خێر بۆ ئەو بکە ! میرزادە، من هەڵە بووم ! زۆریش هەڵە بووم ! ئیدی ئەوە ژیانە...

جەنەراڵ کە لە ناوەندی ژوورەکەدا وەستا بوو، وەکو مێژەڵۆك بە هەر چوار دەوری خۆیدا هەڵدەلەرزی، وەکو ئاگرێ کوژابێتەوە، بەزەحمەتێکی زۆر گوتی:

– بەڵام... بمبورە... بێتاقەتم... تکایە لێم ببوورە ! لینوتشکا، گیانەکەم... سەرینێکم بۆ بێنە !

لینوتشکا* کە کچۆڵەیەکی هەشت ساڵان بوو، بەلەز ڕۆیی و سەرینێکی هێنا. لەسەر تەختێکی شەق و شڕی، مشەماتێگیراو داینا. جەنەراڵ دانیشت، دیار بوو هێشتا زۆر شتی دیکەی پێ بوو کە بیڵێ، بەڵام هەرکە لەسەر تەختە خەوەکە دانیشت و دانە نیشت، یەکسەر

بـەلایا هـات، رووی کـردە دیوارەکـەو خـەوێکی قـووڵ بردییـەوە. مارتـا بوریسـوڤنا، بـەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە، میرزادەی خوڵك کرد، ئاماژەی بۆلای کورسیەکی نزیکی مێزی قومارەکە کرد کە لەسەری دانیشێت. میرزادە لە سەری دانیشت، ژنەکەش بەرانبەری دانیشت، ڕوومەتی ڕاستی لە نێو لەپی ناو بەبێ دەنگی کەوتە نیگاکردنی میرزادە. سێ منداڵ، دوو کچ و کوڕێك، کە هەرە گەورەکەیان لینوتشکا بوو لە دەوری مێزەکە خڕ بوونەوە، دەستیان نایە سەر مێزەکەو چاویان بڕییە میرزادە. کولیا، لە ژوورێکی دیکەوە وەدەرکەوت.

میرزادە گوتی:

- کولیـا، زۆر بـاش بـوو کـە لێـرە بـووی. دەتـوانی یارمـەتیم بـدەی ؟ حەزدەکـەم بچـم بـۆ مـاڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا، زۆر زەروریە. قەرار بوو ئاردالیون ئالکسندروڤیچ بۆ ئەوێندەرم ببات، بەڵام وا خـەوی لێکەوتووە. دەتوانی بـۆ ئـەوێم بـەری، چونکە بە خـۆم شـارەزانیم و جادەو شـەقامەکان بەڵـەد نـیم ؟ بـەڵام ئەدرەسـەکەی دەزانم، نزیکـی مەیـدانی " ئـۆپرای گـەورە " ئـەپارتمانی خـا میتوڤزیڤا .

- ناستاسیا فیلیپوڤنا ؟ هـەرگیز لـە مەیـدانی ئۆپرای گـەورە نـەژیاوە. قـەت ڕۆژێ لـە ڕۆژان مـاڵی لەو ناوە نەبووە. ئەگەر ڕاستت دەوێ، بابم قەت نەچووەتە ماڵی وی. بەڕاستی غەدرت کردووە کە پشـتت بـەو بەسـتووە. سـەیرە کـە بـاوەڕت بـەو کـردووە ! ناستاسـیا فیلیپوڤنـا، حـاڵی حـازر، لـە نزیکـی فلادیمـیر سـکایا، لـە شـەقامی پێـنج قوڕنـەدا دەژی، کـە زۆر لـە ئـۆپرای گـەورە نـزیکترە. گەرەکتـە یەکسـەر بۆ ئەوێندەر بڕۆیـت ؟ هەنووکـە سـەعات نـۆ نیـوە. زۆرم پێخۆشـە لەگـەڵتا بێم و ماڵەکەیت پێ نیشان بدەم.

میرزادەو کولیا، یەکسـەر وەدەرکـەوتن. مخـابن میرزادە کرێـی گالیسـکەی پێنـەبوو، بۆیـە ناچـار بوون بە پێیان بڕۆن !

کولیا گوتی:

- حـەزم دەکرد بە (هیپولیت)ت بناسێنم. کوڕی گـەورەی ئـەم ژنـە چاکەت فشـەیە. لـە ژوورەکـەی تەنیشـتەوە بـوو. نەخۆشـە، لـە بەیانییـەوە لـە جێـدا کـەوتووە. بـەڵام گـەنجێکی سـەیرە. زۆر هەستیارە، پێموایە هاتنی تۆ لەم وەخت و ساتەدا زۆری ئیحراج کرد، شـەرمی بـەخۆی هـات... من وەکو ئـەو نـیم، لـەو کـەمتر ئیحراج دەبم، کەمتر شـەرمم بـە خـۆ دێ. چونکە ئیحراجـی مـن بـە هـۆی بابمەوەیـە، بـەڵام هـی ئـەو بـەهۆی دایکی و ڕەفتارەکـانی دایکیەوەیـە، دیـارە لـەم ڕووەوە کۆمەڵگـە زیاتر دژی ئافرەتە، ئەوەی لە ئافرەت بەعەیبە دەگیرێ، لە پیاو بە عەیبـە ناگیرێ، ئەمـە یەکێکـە لـە داوەرییە هەڵەکانی کۆمەڵگە کە لایەنگری لەجێندەرێك دەکات لەسەر حیسابی جێندەرێکی دیکە، دێ بە ناهەق ئەوەی بە پیاوی ڕەوا دەبینێ، بە ژنـی ڕەوا نـابینێ. هیپولیت، کوڕێکی نموونەییـە، بەڵام حەیفێ ئەسیرو دیلی هەندێ بیروبۆچوون و داب و نەریتی باوی کۆمەڵایەتیە.

- گوتت سیلیەتی ؟

- بەڵێ، تا زووتر بمرێ درەنگە، چونکە مردن بۆ ئەو بەختەوەرییە، ئەگـەر مـن لـەجیاتی ئـەو بـام، خۆزیـام دەخواسـت بمـرم. خـەمی گـەورەی ئـەو خـەمی بـراو خوشـکەکانیەتی، ئـەو منداڵـە

چکۆلانانەی کە دیتن. نیگەرانی ئەوانە، بەزەیی بە حاڵیاندا دێتەوە. من و ئەو، ئەگەر پارەمان هەبوایە بۆ خۆمان پێکەوە، شوقەیەکمان بەکرێ دەگرت و لە خێزانەکانمان جیا دەبووینەوە. ئەوە ئاواتمانە. دەزانی کە باسی تۆو حاڵی تۆم بۆ کرد، زۆر تورە بوو ؟ دەیگوت، ئەوەی زللەیەك بخوات و حەریفەکەی بۆ دوئێل بانگ نەکات، ترسنۆك و، هیچ و پوچە. ئەوەندە تورە بوو، ناچار بووم بۆی نەگێرمەوە. یانی ناستاسیا فیلیپوڤنا تۆشی بۆ ماڵەوە دەعوەت کردووە ؟

– نەخێر، دەعوەتی نەکردووم .

کولیا، کە لە ناکاو لە ناوەندەی شۆستەکەدا وەستا، هاواری کرد:

– ئەدی چۆن بۆ ئەوێ دەڕۆی ؟ بە تایبەتی و... تۆ... بەم جلانەوە، بۆ ئاهەنگ و بۆنەیەکی وا گەورەو گران ؟

– بە ڕاستی نازانم چۆن دەتوانم بچمە ژوورەوە. ئەگەر ڕێم بدەن ئەوا باشەو ئەگەر ڕێم نەدەن گرینگ نییە. بەڵام سەبارەت بە جلەکانم هیچ چارێکم نییە.

– باشە، بە کاری تایبەتی بۆ ئەوێندەر دەچی؟ یان هەر دەتەوێ لە کۆڕێکی ئەرستۆکراتیدا ماوەیەك بەسەر بەریت*

– نا... بەڕاستی... مەبەستم... دەشێت بڵێم بە ئیشی تایبەتی دەچم. نازانم چۆنت بۆ باس بکەم، بەڵام...

– ئیشەکەت چیەو بۆچی دەچیت، ئەمە پەیوەندی بەخۆتەوە هەیەو من هەقم نییە. بەڵام ئەوەی بۆ من و بەلای منەوە گرینگە ئەوەیە کە بەبێ هۆ خۆت بۆ ئاهەنگێك دەعوەت نەکەیت و نەچیت بۆ ئاهەنگ و کۆڕێك کە ئەو هەموو ژنە هەرزە، جەنەراڵ و سووتخۆرانەی لە خۆ گرتووە. میرزادە ئەگەر چوونەکەت زەروری نەبوایە، بمبورە کە ئەم قسەیە دەکەم، گاڵتەم پێدەکردیت، ڕقم لێت دەبووەوە ! خەڵکی شەریف و سەنگین یەجگار کەمن، کەم کەس شایستەی ڕێزو قەدرن، پیاو ناچارە بە چاوی سووك سەیریان بکات، وێڕای ئەوەش هەر هەموویان، لە سەرووی گشتیانەوە ڤاریا، لاف و گەزافی ئابرومەندی و قەدرو حورمەت لێدەدەن. میرزادە، هەستت بەوە کردووە کە لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا، بە تایبەتی لەنك مە، لە وڵاتی ئازیزی مەدا، لە ڕووسیادا هەموو خەڵکی، بوون بە خەڵکانی سەرکێش و ڕیسکباز ؟ چەند سەر دێنم و سەر دەبەم نازانم ئەمە چۆن ڕوویداوە! جاران هەموو شتێك جێگیرو پایەدار بوو، بەڵام هەنووکە دنیا گۆڕاوە، ئەو جێگیریەی جاران نەماوە، نازانم کێوە چووە ؟ هەموو خەڵکی باسی ئەم دیاردەیە دەکەن، گلەیی دەکەن، لە سەری دەنووسن. کەس بە کەس نیە، پاشاگەردانییەکە ئەو سەری دیار نییە. داك و بابان، لە پاشەکشەدان، شەرم لە داب و نەریتی کۆنی خۆیان دەکەن. بۆ نموونە دەگێڕنەوە بابێك لە شاری مۆسکۆ ئامۆژگاری کوڕەکەی کردووە کە لە پێناوی وەدەست هێنانی پارەدا*، کۆ لە هیچ کارێك نەکاتەوە. ئەمە لە ڕۆژنامانەدا بڵاوکراوەتەوە. تۆ تەمەشای جەنەراڵەکەی خۆمان، باوکم بکە ! بزانە چ بەڵایەکی بەسەر هاتووە، حاڵی گەییوەتە چ حاڵێك ! بەڵام وێڕای ئەوەش پێمەوایە جەنەراڵ هێشتا پیاوێکی ئابرووەمەندە، باوەڕبکە، سوێندت بۆ دەخۆم، کە هەموو ئەم حاڵەی زادەی پەریشانی و مەیخۆرییە ! باوەڕبکە من دڵم بە حاڵی دەسووتێ، ناوێرم ئەمە قسەیە لای

کەس بکەم، چونکە، هەموو گاڵتەی پێدەکەن. نازانم ئەوانەی گاڵتەی پێدەکەن، خۆ بە زیرەك دەزانن چییان لەو زیاترە ؟. هەر هەموویان خڕ سووتخۆرن ! هیپولیت، نە هەقی سووتخۆران ناگرێ، گلەییان لێنکات، پێیوایە سووتخۆری زەروریە، باسی هەڵکشان و داکشانی باری ئابوری و ئەو شتانە دەکات ! ئەو قسانەی هیپولتم پێناخۆشە، بەڵام هیپولت گۆڕاوە، مجێزی توند بووە، تەوسەربکە دایکی پارە لە جەنەراڵ وەردەگرێت و ، هەر ئەو پارەیەی بۆ ماوەی هەفتەیەك بە سووت، سووتێکی زۆر بە قەرز دەداتێ ! بەڕاستی حەیاچوونە ! ئایا دەزانی دایکە، دایکی من، مەبەستم نینا ئالکسندروڤنایە، پارەو پول و جل و بەرگ بۆ هیپولت دەنێرێت و لە ڕێگەی ئەوەوە یارمەتی خۆشك و برا چکۆلەکانیشی دەدات ؟ چونکە دایکیان پێیان ڕا ناگات. ڤاریاش هەمان کار دەکات.

– کولیا ئەوەتا تۆ بە چاوی خۆت دەبینی ! بە خۆت دەڵێی خەڵکی ئابروومەندو ڕەوشت بەرز نەماوە، ئەوەی ماوە خڕ سووتخۆرن. ئەدی دەربارەی خەڵکی وەکو دایکت و ڤاریای خوشکت چ دەڵێی ؟ ئەوان ئابروومەند نین ؟ باشە یارمەتیدان و کۆمەککرد نی خەڵکی لەم ڕۆژگارەدا خۆی لە خۆیدا نیشانەو بەڵگەی ڕەوشت بەرزی و ئابڕوومەندی نییە ؟

– ڤاریا، تەنیا بۆ خۆ نواندن ئەوە دەکات، لاسایی دایکی دەکاتەوە، نایەوێ لە دایکی کەمتر بێت. بەڵام سەبارەت بە دایکم... قسەی تۆیە... من حورمەتی دەگرم، ستایشی دەکەم و هەقی دەدەمێ. تەنانەت (هیپولیت)ش هەمان هەستی لە هەنبەر وی هەیە، هەرچەندە زۆر بەدمجێزە. هەوەڵجار گاڵتەی بە دایکم دەکردو دەیگوت مەبەستێکی هەیە، بەڵام ماوەیەکە پەی بە حەقیقەتی مەسەلەکە بردووە. هم... کەواتە تۆ ئەمە بە نیشانەی ڕەوشت بەرزی دەزانی ؟ دەبێ ئەم قسەیە لای خۆم هەڵگرم. گانیا بەمە نازانێ... ئەگەر بشیزانێ، بەجۆرە بێ موبالاتیەکی لە قەڵەم دەدات.

میرزادە، لە فکران ڕاچوو، بە دەم خەیاڵەوە، هەر هات بە دەمیاو گوتی:

– ها... گانیا نایزانێ ؟ پێموایە گانیا زۆر شتی دیکەش نازانێ !

کولیا گوتی:

– میرزادە دەزانی تۆم زۆر خۆشدەوێ ؟ دەزانی ئەو ڕووداوەم، کە لە ماڵی ئێمەدا ڕوویدا، قەت لە بیر ناچێتەوە .

– کولیا ، منیش تۆم زۆر خۆش دەوێ، زۆر بە دڵمی.

– گوێ بگرە: تۆ دەتەوێ چۆن لێرە بژیت ؟ من بۆ خۆم دوای ماوەیەکی دی کارێك دەدۆزمەوەو پارەو پولێك پەیدا دەکەم. وەرە با پێکەوە، تۆو هیپولیت و من، شوقەیەك بەکرێ بگرین و جار جار ڕێگەی جەنەراڵیش دەدەین بێتە لامان، ڕەئیت چیە ؟

– من زۆرم پێخۆشە. بەڵام با جارێ بزانین چۆن دەبێ.

من جارێ زۆر پەست و خەمگینم. ئەوە چیە ؟ گەییشتین ؟ لەم ماڵەدایە ؟ چ مەدخەلێکی بەشکۆی هەیە ! دەرگاوانیشی هەیە ! باشە !... کولیا، من نازانم چ دەبێ.

میرزادە، هایم و حەیران لەوێندەر وەستا.

کولیا، بە دەم هاندانیەوە گوتی:

– سبەینێ هەموو شتێکم بۆ دەگێڕیتەوە. شەرم مەکە ! بڕۆ بە ئومێدی خوا، خوا پشتیوانت بێ. بڕۆ خوات لەگەڵ. من دەگەڕێمەوە بۆ ئەوێندەرو هەموو ئەمە بۆ هیپولیت دەگێڕمەوە. من دڵنیام کە پێشوازیت دەکەم، هیچ خەمت نەبێ، مەترسە ! ناستاسیا ژنێکی سەیرە، تەبیعەتێکی غەریبی هەیە ! بەم قاڵدرمەیەدا سەربکەوە،ماڵەکەی لە قاتی یەکەمە. دەرگاوانەکە ڕێنوێنیت دەکات.

پەراوێز:

*– "... بیرۆگوف لەبەر خاتری من بروسکەیەکی بۆ پاریس نارد...": نیکولا بیروگوف (١٨١٠–١٨٨١)، بە ناوبانگترین نەشتەرگەری ئەو سەردەمە بوو. سەرۆکی بەشی پزیشکەوانی بوو لە کاتی ئابڵوقەی سیڤاستوبوڵدا (١٨٥٤– ١٨٥٥). ئوگوست نیلاتون (١٨٠٧– ١٨٧٣)ی جەڕاحی گاریباڵدی‌و ناپولیونی سێیەم، ناوبانگێکی جیهانی هەبوو.

*–" لینوتشکا: سووکەڵە ناوی هیلینایە.

*–"... ماوەیەك بەسەر بەرێت...": لە ئەسڵا بە فەرەنسییە.

*–"... بابێك لە شاری مۆسکۆ ئامۆژگاری کوڕەکەی کردووە کە لە پێناوی پارەدا، کۆ لە هیچ کارێك نەکاتەوە..." لە مانگی /ك٢/ ساڵی ١٨٦٦دا خوێندکارێك بە ناوی دانیلوف لە مۆسکۆدا بوبوڤ سووتخۆرو کارەکەرەکەی لە پێناوی پارەدا دەکوژێت. ڕۆژنامانی ئەو سەردەمە ئاماژەیان بۆ لێکچوونی نێوان راسکولینکوڤ شاقارەمانی ڕۆمانی (تاوان‌و سزا)ی دۆستویفسکی کە پێشتر بڵاوی کردبووەوەو ئەم تاوانەی بوبوف کردبوو. لە مانگی /ت٢/ ١٨٦٧دا، کەسێك بە ناوی گلاسکوف، کە دەگەڵ بکوژەکەدا دەزاندن دەبێ، شایەدی دابوو کە دانیلوف بۆی گێڕاوەتەوە کە بابی هانی داوە بۆ پیاوکوشتن. بابەکە لە ڕاستیدا بە کوڕەکەی گوتبوو، بۆ ئەوەی بگات بە ئاواتی خۆی ( کە زەماوەندێکی چاوەڕوان کراو دەبێ ) کۆ لە هیچ نەکاتەوەو ئەگەر لە ڕێگەی پیاوکوژیشەوە بووە پارە پەیدا بکات. ئیدی دۆستویفسکی بایەخێکی زۆر بەم دادگاییە دەدات‌و لەم ڕۆمانەشیدا ( گەمژە ) باسی کردووەتەوە.

## فەسڵی سیازدەیەم

میرزادە، کاتێ کە بە قاڵدرمەکاندا سەردەکەوت، هەستی بە نیگەرانیەکی زۆر دەکرد، بە هەموو هێزو توانایەکی خۆیەوە هەوڵی دەدا زات وەبەر خۆی بنێو ئاسایی ببێتەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " ئەوپەڕەکەی ڕێگەم نادەن بچمە ژوورەوە، فکرۆکەیەکی خراپم لێوەردەگرن، یان ڕێگەم دەدەن‌و بە ئاشکراو ڕووبەڕوو پێم ڕادەبوێرن، گاڵتەم پێدەکەن... چش.. کێشە نیە !"

لە ڕاستیدا ئەمە ترسی هەرە گەورەی وی نەبوو. بەڵام هەرچی دەکردو دەکۆشا وەڵامێکی قەناعەتبەخشی ئەم پرسیارەی بۆ نەدەدۆزرایەوە: " چی دەکرد لێرە، بۆچی هاتووە ؟" گریمان تەنانەت دەرفەتی بۆ هەڵکەوت‌و ناستاسیا فیلیپوڤناشی بینی‌و توانی پێی بڵێ: " شوو بەم پیاوە مەکە، ژیانی خۆت بە فیڕۆ مەدە، چاوی بڕیوەتە پارەکەت، پارەکەتی خۆش دەوێ نەك خۆت، بە خۆی ئەوەی پێگوتم، لە زاری خۆیم بیستووەو ( ئاگلایا یەپانچین )ش هەمان شتی پێ گوتم‌و، جا من هاتووم ئەم ڕاستیەت پێبڵێم." ڕەنگە ئەمە زۆر ڕاست نەبێت. بەڵام پرسیارێکی بێ وەڵامی دیکە بەرۆکی هزری میرزادەی گرتبوو و لێی نەدەبووەوە، پرسیارێك، کە هێندە بەلایەوە قورس بوو، تەنانەت نەدەوێرا بیریشی لێبکاتەوە. نەیدەتوانی چۆنی بکات‌و چۆنی دابڕێژێت. بە هەرحاڵ بە هەر ترس‌و نیگەرانییەك بوو وەژوورکەوت‌و سۆراخی ناستاسیا فیلیپوڤنای کرد.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە شوقەیەکی مامناوەندیدا، کە زۆر پۆشتەو بەشکۆ بوو، دەژیا. لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا کە لە پترسبۆرگ ئاکنجی بوو، توتسکی، بە تایبەتی لە هەوەڵەوە، زۆر سەخاوەتەمەندانە، مەسرەفی کێشا بوو، لە هیچ شتێکدا درێغی لێنەکردبوو. دەیویست دڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا ڕابگرێت‌و بە ئانقەست هەوڵیدەدا ڕمووەدەی ژیانی ڕەحەت‌و خۆشی بکات، چونکە دەیزانی ئینسان زۆر بە ئاسانی دەگەڵ ژیانی ئورستوکراتیانەدا ڕادێت‌و هەرکە فێری بوو، ئیدی ناتوانێ بە ئاسانی دەستبەرداری ببێت. ئەم بۆچوونەی توتسکی لە ڕوانگەی داب‌و نەریتی کۆنەوە دروست بوو، بۆیە بە موو لێی لا نەدەدا. دەیزانی چۆن مدارای هەست‌و سۆز دەکات. ناستاسیا فیلیپوڤنا خۆشگوزەرانی، پێ ناخۆش نەبوو، بەڵکو پێشی خۆش بوو، بەڵام – سەیر ئەوە بوو– نەبوو بوو بە کۆیلەی ئەو ژیانە، دەیتوانی لە هەر ساتێکا گەرەکی بێ، ئەو ژیانە تەرك بکات‌و بەوپەڕی ئاسانی‌و سادەیی بژی. تەنانەت چەند جارێکیش ئەوەی بە گوێی توتسکیدا دابوو،و توتسکی بەوە قەڵس‌و بێتاقەت بوو بوو. زۆر شت لە ناستاسیا فیلیپوڤنادا

هەبوو کە ئافاناسی ئیڤانوفیچ توتسکی هەندێجار دڵی پێخۆش دەبوو و هەندێجار پێی پەست دەبوو. سەرباری ئەو دۆستە عەوامە گیانی بە گیانیانەی هەندێجار لە دەوری خۆی خڕی دەکردنەوەو کە خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی مەیلو ئارەزووی ئاسایی خۆی بوو، هەندێ مەیلو ئارەزووی زۆر غەریبیشی دەنواند، ئەمەش تێکەڵەیەك بوو لە جۆرەها زەوقی ناکۆكو هەڤدژ، بۆ نموونە شتی وای بەکار دێناو حەزی لێدەکرد، هیچ خەڵکێکی مەدەنیو رۆشنبیر بەکاری نەدەهێناو نەدەچوو بە لایدا. بۆ نموونە ئافاناسی ئیڤانوفیچ، زۆر ئەمەی لە گیان خۆش بوو کە ناستاسیا هەندێجار، وای دەنواند کە نازانێ بۆچی ژنانی گوندی ناتوانن وەکو ئەو ژێرپۆشی حەریر لەبەر بکەن .

هەر هەموو ئەو هەوڵو تەقەلایەی کە ئافاناسی ئیڤانوڤیچ لە سەرەتاوە، دابووی بۆ پەروەردەکردنی ناستاسیا، کە لەو بوارەدا بە پیاوێکی کارامەو پڕ ئەزموون دەژمێردرا، بۆ ئەوە بگاتە ئەو ئەنجامە، لێ ئەفسوس! وا دەرنەچوو، ئەوەی لای ئافاناسی ئیڤانوڤیچ خەیاڵ بوو، لای ناستاسیا بە تاڵ بوو! بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش، ناستاسیا فیلیپوڤنا هێشتا ئەفسوونێکی تیا بوو کە خۆبەخۆ ئافاناسی ئیڤانوڤیچی ئەفسوونو کەمەندکێش دەکرد، تەنانەت دوای ئەوەی هەموو هیواو ئاواتێکی سەبارەت بەم ژنە گەنجە هەرەسی هێنا، هێشتا هەر نەیدەتوانی مەیلی دابنێ.

کارەکەرێك پێشوازی میرزادەی کرد، ( ناستاسیا فیلیپوڤنا تەنیا کارەکەرانی ڕادەگرت، یانی خزمەتکاری ڕانەدەگرت.) میرزادە داوای لێکرد کە هاتنی بە ناستاسیا فیلیپوڤنا ڕابگەیەنێت. کارەکەرەکە زۆر خاکیانە گوێی لێگرت. هیچ گرژییەکی نە نواند. میرزادە زۆر سەری لەمە سوڕما، نە چەکمە پیسەکانی، نە شەپقە زلەکەیو نە پاڵتۆ بێ قۆڵەکەی، نە سەرو سەکوتی شەپرێوی، نە پەیدا بوونی ناوەختی، هیچ یەکێك لەوانە کەمترین دوو دڵی لەلای کارەکەرەکە چێنەکرد. یارمەتی دا کە پاڵتۆکەی دابکەنێتو، تکای لێکرد لە ژووری مەدخەلەکەدا چاوەڕوان بکاتو، بەخۆیشی بەلەز چوو ناستاسیا لە هاتنی میرزادە ئاگادار بکاتەوە.

ئەوانەی لە ماڵەکەی ناستاسیا فیلیپوڤنا خڕ بوو بوونەوە بریتی بوون لە دۆستو ئاشنا هەمیشەییەکانی خۆی، بەڵام ژمارەی ئامادەبووانی ئەم جەژنی لە دایکبوونەی لە چاو ژمارەی ئامادەبووانی جەژنەکانی پارو ساڵانی پێشووتردا کەمتر بوون. ئافاناسی ئیڤانوڤیچ توتسکیو ئیڤان فیدوروڤیچ یەپانچین لە پێش هەمووانا ئامادە بوو بوون. هەردووکیان خۆشحاڵو شاد دەهاتنە بەرچاو، یانی بە ڕواڵەت شادو خۆشحاڵ بوون، لێ لە ناخدا زۆر نیگەران بوون، نیگەرانی ئەوە بوون کە جوابی ناستاسیا فیلیپوڤنا بۆ گانیا چیەو چی دەبێت. هەڵبەتە گانیاش لەوێ بوو، ئەویش دڵتەنگو غەمگینو تەنانەت گرژو پەست، زۆربەی کات بێدەنگو گۆشەگیر بوو زاتی نەکردبوو ڤاریا دەگەڵ خۆیدا بێنێ. ناستاسیا فیلیپوڤناش ناوی ئەوی نەهێنا بوو، بەڵام کە پێشوازی گانیای کردبوو، ئەو دەمبۆڵەیەی بیر خستبووەوە کە دەگەڵ میرزادەدا بووبووی. جەنەراڵ کە هیچی لەو بارەیەوە نەژنەوتبوو، کەوتە پرسو جۆ و گانیاش زۆر بە وشکیو بە پارێزەوە، بەڵام بەوپەڕی ڕاستگۆییو ڕاشکاوی ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، تەنانەت

ئەوەشی بۆ گێڕایەوە کە چۆن عوزرخوایی لە میرزادە کردووە، هەر بەو بۆنەیەوە زۆر بە گەرمی و بە جۆشەوە، ئەوەشی دەربڕی، کە بە نەهەق میرزادە بەگێلۆکەو کەودەن دانراوەو، ڕەئی ئەو تەواو پێچەوانەیە، لە کانگای دڵەوە باوەڕی وایە کە میرزادە "پیاوێکە دەزانێ چی دەوێ".

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە گوێی لەو ڕەئیە بوو، بە وردی و سەرسامی ڕوانیە گانیا. بەڵام باسەکە زوو بە زوو هاتە سەر ڕوگوژین کە لەو ڕووداوەدا، ڕۆڵی هەرە سەرەکی هەبوو بوو، ئەویش فزوڵیەتی توتسکی و یەپانچینی هاڕوژاند، ئیدی پتیتسن کە تا سەعات نۆی ئەو شەوە لە خزمەتی ڕوگوژین دا دەبێ و هەوڵدەدا لێرەو لەوێ پارەی بۆ کۆ بکاتەوە، گێڕابویەوە کە چۆن ڕوگوژین پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو کە هەر ئەو شەوە بڕی سەد هەزار ڕۆبڵی بۆ پەیدا بکەن.

پتیتسن بەدەم ئەو قسانەوە گوتی:

– ڕاستە، سەرخۆشە، بەڵام پێموایە، هەرچۆنێ بووە، سەد هەزار ڕۆبڵەکەی بۆ کۆ دەکرێتەوە. بەڵام نازانم ئاخۆ ئەمڕۆکە ئەو بڕە پارەیەی بۆ کۆ دەبێتەوە یان نا. هەرچەند ژمارەیەکی زۆر خەریکن و کاری بۆ دەکەن لەوانە: کیندر، تریبالوف، بیسکۆپ...

پتیتسن لە کۆتایی قسەکانیا گوتی:

– ڕوگوژین، ئامادەیە بە هەر سووتێك قاییل ببێت، چونکە یەکەم مەستی مەیەو دووەم مەستی ئەشقێکی بێ غەل و غەشە .

ئامادە بووان ئەم هەواڵانەیان، بە جۆرە پەستی و ڕوو گرژییەکەوە وەرگرت. ناستاسیا فیلیپوڤنا، بێدەنگ بوو، دیاربوو نەیدەویست هیچ ڕەئییەك دەبڕێت. گانیاش هەمان حاڵ و هەڵوێستی ئەوی هەبوو. جەنەراڵ یەپانچین، لە دڵەوە، لە هەر میوانێکی دیکەی ئەو کۆڕو ئاهەنگە پەریشانترو نیگەرانتر بوو. ئەو مرواریيانەی کە هەمان ڕۆژ پێشکەشی کردبوون، بە نەزاکەتێکی ساردەوە، نەزاکەتێك کە بۆنی قەشمەری و گاڵتە پێکردنی لێدەهات. لە نێو تێکڕای میوانەکاندا تەنیا فردیش چینکۆ بە کەیف و بەدەماخ و خۆش مجێز بوو، قاقا پێدەکەنی،پێکەنینێك کە شایستەی ئەو جۆرە بۆنانە بێت. هەندێجار بێهیچ هۆیەکی دیار پێدەکەنی، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە ڕۆڵی لیبۆکی دەستۆ گرتبوو. ( ئافاناسی ئیڤانوڤیچ) کە بە زمان پاراوی و دەماوەری بە نێوبانگ بوو و، بە زۆری لەم جۆرە بۆنانەدا ئەو جڵەوی قسانی دەگرتە دەست، نەك هەر کەیفی قنج نەبوو، بەڵکو بە ڕادەیەك گرژو پەست بوو کە لەو نەدەوەشایەوە .

بەڵام میوانەکانی دی کە ژمارەیان کەم بوو، بریتی بوون لە : مامۆستایەکی پیری داماو کە مەگەر هەر خوا بزانێ بۆچی بۆ ئەم ئاهەنگە دەعوەت کرابوو. کوڕێکی زۆر گەنج، تا بڵێی شەرمن و کەم ڕوو و بێدەنگ، لەوە نەدەچوو هیچ کەسێك لە ئامادە بووان بیناسن. خانمێکی لە خۆرازی و ڕوودار کە نزیکەی چل ساڵێك دەبوو و جاران ئەکتەر بوو. خانمێکی گەنجی یەجگار شەنگوڵ و خشکۆك و لە بار، کە جلێکی بێئەندازە جوان و شیك و گرانبەهای لەبەر بوو، بەڵام یەجگار بێدەگ و کەمدوو بوو. جا ئەمانە نەك هەر نەیان دەتوانی ئاهەنگەکە گەرم بکەن، بەڵکو نەشیان دەزانی، بابەتێك بدۆزنەوەو قسەی لەسەربکەن.

بۆیە هاتنەکەی میرزادە، لەم کاتەدا، لە جێگەی خۆیدا بوو. هەر ئەندە، هاتنە کوتو پڕەکەی جۆرە حیرەتو سەرسامییەکی دروستکرد، بووە مایەی هەندێك زەردەخەنەی تەوسامێز، بەڵام میوانەکان، توانیان ئەوە لە نیگاو سیمای ناستاسیا فیلیپوڤنادا بخوێننەوە کە بە هیچ جۆرێ نە میرزادەی دەعوەت کردووەو نە ئەوی لە بیربووە. بە هەر حاڵ ناستاسیا فیلیپوڤنا، دوای ئەوەی، بە هێماو ئاماژە سەرسامی خۆی لەو هاتنە کوتو پڕەی میرزادە ڕاگەیاند، لە ناکاودا خۆشحاڵییەکی ئەوتۆی نواندو دەربڕی کە زۆربەی ئامادە بووان بەخۆشیو شادییەوە پێشوازی ئەم میوانی ناوەختە بکەن .

ئیڤان فیدوروڤیچ گوتی:

– دیارە ئەمەی لە سادەییو ساکاری خۆیەوە کردووە. هەرچەندە هاندانی ئەمجۆرە ڕەفتارە کارێکی ترسناکە، بەڵام وا هاتووەو ڕەنگە هاتنەکەشی خراپ نەبێت، ئەوەندەی من بیناسم، لەوەشە ببێتە مایەی سەرگەرمیمان.

فردیش چینکۆ هەڵیدایە :

– بە تایبەتی کە خۆی خۆی دەعوەت کردووە.

جەنەراڵ، چونکە ڕقی لە فردیش چینکۆ بوو، بە توڕەیی گوتی:

– مەبەستت ؟

فردیش چینکۆ، بەرسڤی دایەوە:

– دەبێ، پارەی هاتنە ژوورەوە بدات !

جەنەراڵ، کە ئەوەی پێ قووت نەدەچوو، لە مەجلیسێکدا ببێ بە هاونشینی فردیش چینکۆ، خۆی پێنەگیراو گوتی:

– بەڵام میرزادە میشکین هاوتای فردیش چینکۆ نییە !

فردیش چینکۆ، بە تەوسخەنەوە، بەرسڤی دایەوە:

– ببورە جەنەراڵ ! پێویستە مدارای فردیش چینکۆ بکەیت. من لێرەدا، هەقو هقوقی تایبەتیم هەیە.

– ئەو هەقو هقوقە تایبەتیە چییە ؟

– جاری پێشوو شانازی ئەوەم پێبڕا کە بە دوورو درێژی بۆ هەموو ئاهەنگێڕانی شرۆڤە بکەم. ئێستاش پێمخۆشە بۆ جەنابی با سەعادەتی تۆی دووبارە بکەمەوە. هەموو ئەوانەی لێرەن وەکو بە خۆت دەبینی، خاوەن هەستو ئەقڵن، بەڵام من کەسێکی بێ ئەقڵو هەستم، وەك دەڵێن ئەو ڕۆژەی ئەقڵ دابەش کرا من لەوێ نەبووم. جا لەجیاتی ئەوە داوام کرد دەرفەتی حەقیقەتگۆییم بدرێتێ، چونکە هەموو کەسێك دەزانێ، کە تەنیا بێ ئەقڵان حەقیقەت دەڵێن، حەقیقەتو ڕاستی لە شێت یان لە منداڵ بزانە. جگە لەوەش، من کابرایەکی ڕکونیو کینەکێشم، ئەمەشم لە بێ ئەقڵیو بێئاوەزیە. من بە ناچاری هەموو سووکایەتیو حەقارەتێك قەبووڵ دەکەم، تا ئەو ڕۆژەی خەنیمەکەم، ئەو کەسەی سووکایەتیەکەی پێکردووم، لێ نەکەوتبێ، بەڵام هەرکە بە ئاستەم لێکەوتو دەوری نەما، یەکسەر ئەو سووکایەتیە وەبیر خۆ دێنمەوەو ئیدی بێ سێو دوو تۆڵەی

خۆم دەستێنمەوە– پتیتسن گوتەنی جووتە دەوەشێنم‌و دەکەومە لوشکە وەشاندن، بەڵام خوا هەڵناگرێ ئەو قەت لوشکە ناوەشێنێ، لوشکە لە کەس نادات. دیارە جەنابی باسەعادەتت دەبێ حیکایەتەکەی کیرلۆڤ(*)، "شێرو کەر"ت بیستبێ ؟ ڕێك دەڵێی بۆ ئێمە، تۆ من نووسراوە جەناب!

جەنەراڵ بە تووڕەیی گوتی:

– فردیش چنکۆ، دیسان خەریکە پەت دەپچڕی !

فردیش چینکۆ، کە خوا خوای قسەیەکی وای بوو، تا درێژە بە حیکایەتەکەی بدات‌و هێوەتر بڕوات‌و جەنەراڵ تووڕە بکات، لەسەری ڕۆیی‌و گوتی:

– ئەوە چیە پایە بەرز ؟ نیگەران مەبە ! من شوێنی خۆم دەزانم. کە گوتم ئێمە، تۆو من، ئەو شێرو کەرەین، شێرو کەری ناو حیکایەتەکەین، دیارە مەبەستم ئەوە بوو من کەرەکەم‌و جەنابی باسەعادەتیشت شێرەکەی، وەکو حیکایەتەکەی کریلوڤ دەڵێت: شێر کە پیربوو، سامی جارانی نامێنێ. جا جەناب، کەرەکە منم

جەنەراڵ، بێبیر کردنەوەو ڕامان گوتی:

– لە مەیاندا ڕاست دەکەی، دەقاو دەق وایە !

هەڵبەتە هەر هەموو ئەم گفتوگۆیانە، قسەی بە توێکڵ‌و مشتەی ناو هەمبانان بوو. هەموو دەیانزانی کە فردیش چینکۆ، بابایەکی لێبوکەو، زمانی لێبۆکان لە کۆت‌و زنجیران نادرێت. بۆیە فردیش چینکۆ لە پڕ هەڵیدایە: " من بۆ ئەم مەبەستە لێرەم، بۆیە دەعوەت کراوم، تا ئەو جۆرە قسانە بکەم، دەنا چۆن ڕێگەیان بە کەسێکی وەکو من دەدا، من‌و ئەم شوێنانە کوجا مەرحەبا؟ من خۆم باش ئەمە دەزانم، لە فیکەی خۆم حاڵیم.. ئایا ماقووڵە، ڕەوایە من، فردیش چینکۆ. لە هاوشانی پیاوێکی بەرێزی، خانەدانی، ئەقڵمەندی، بە ئاوەزی وەکو ئافاناسی ئیفانوفیچ توتسکی دابنەن ؟ هەڵبەتە ئەمە تەنیا یەك لێکدانەوە هەڵدەگرێت، ئەویش ئەوەیە بۆیە بۆم هەیە شان بە شانی وی دانیشم چونکە نە ماقووڵەو نە ڕەواو پەسندە !"

فردیش چینکۆ، هەرچەندە کەسێکی عەوام‌و بازاڕی بوو، بەڵام تیغی زمانی زۆر تیژو، نوکتەکانی بە نێش‌و ئێش بوون، بەتایبەتی ئەگەر بە دڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا بوایەن، بە جارێ شوڵی لێهەڵدەکێشا، بۆیە ئەوانەی کە مایل بەدیداری ناستاسیا بوون، دەبوا تەحەمولی فردیش چینکۆ بکەن. (فردیش چینکۆ)ش هەر لە هەوەڵەوە پەی بەوە بردبوو کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، بۆیە ڕووی دەدایەو پێشوازی دەکرد، چونکە دەیتوانی سەر بکاتە سەر توتسکی‌و قەڵس‌و بێتاقەت‌و ناڕەحەتی بکات، (گانیا)ش بە دەست فردیش چینکۆوە زوخاوە زگ بوو بوو. ئیدی فردیش چینکۆ کەوتبووە سەر بارەکەی‌و دەیزانی لەم ڕووەوە قازانجێکی زۆری بۆ ناستاسیا فیلیپوڤنا هەیە.

فردیش چینکۆ، کە بە گۆشەی چاو دەیڕوانیە ناستاسیا فیلیپوڤنا تا کاریگەریی قسەکانی خۆی لە سیمایدا بخوێنێتەوە، گوتی:

– سەبارەت بە میرزادە، من کارێکی وەها دەکەم تازەترین گۆرانیمان بۆ بڵێت.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە تورەیی گوتی:

– نا، من باوەڕناکەم. شتی وانەکەیت، ئاگات لە خۆ بێ زۆر نەڕۆی.

– ئا... ئەگەر تۆی لە پشت بێ، چارم ناچارە، ژێوان ببمەوەو...

لێ ناستاسیا فیلیپوڤنا، بێئەوەی گوێ لە قسەکانی بگرێت، هەستاو بەرەو پیری میرزادە ڕۆیی. هەرکە لە پڕ گەییە بەردەم میرزادە گوتی:

– ببورە کە لەبەر پەلە پەلی خۆم، بیرم چوو کە دەعوەتت بکەم. خۆشحاڵم کە بە پێی خۆت هاتوویتو دەرفەتی ئەوەت بۆ ڕەخساندووم کە سوپاست بکەمو ستایشی جورئەتو پایەداریت بکەم.

بەدەم ئەو قسانەوە، بە وردی لە میرزادەی دەڕوانی، بەو ئومێدەی کە پەی بە هۆی ئەم هاتنە کوتو پڕەی ببات .

دەشیا میرزادە، چەند وشەیەکی گونجاو لە هەنبەر ئەم مجامەلە ناسکەی ئەودا بدۆزێتەوە، بەلأم بە جۆرێ حەپەسابوو کە نەیتوانی زار هەڵێنێ .

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە هەستی بەوە کرد. ئەو شەوە جوانترین جلو بەرگی پۆشی بوو، پیاو لە تەمەشای تێر نەدەبوو، هەموو ئامادەبووانی ئەفسوونی خۆی کردبوو. دەستی میرزادەی گرتو بۆ لای میوانەکانی برد. میرزادە، بە ساتێك بەر لەوەی بگەنە هۆڵی میوان، لە ناکاودا وەستا، بەوپەڕی شپرزەییو، بە پەلە پەلو، بە هەڵچوونەوە بە گوێیدا چپاند:

– زۆر جوانیت، هەموو شتێکت جوانە، لە جوانیدا بەشی کەست نەهێشتووەتەوە.. تەنانەت باریکیو ڕەنگە زەردەکەشت لێبووە بە نەخش. مەگەر خوا بزانێ چەند تاسەمەندی دیدارت بووم، بۆیە بە خۆم نەوەستامو هاتم. من.. ببورە...

ناستاسیا فیلپوڤنا بە پێکەنینەوە گوتی:

– تەوازێ مەیەنەوە، دەنا سیحرو ئەفسوونو غەریبی دیدارەکەت بە تاڵ دەبێتەوە. تومەز ڕاستە کە دەڵێن، جۆرە غوربەتو تایبەتمەندیەکی دەگمەنت تیایە. یانی هەنوکە تۆ من بە ڕەمزی کەماڵی جوانی دەزانیت ؟

– بەڵێ .

– نا، تۆ هەڵەیت، ڕەنگە بتوانی بیری خەڵکی بخوێنیتەوە، مەزەندەی دروست لێبدەی، پێشبینی بکەیت. بەلأم سەبارەت بە من هەڵەیت. ئەمشەو پێتی نیشان دەدەم...

ئەوسا میرزادەی بە میوانەکان ناساند، کە پتر لە نیوەیان پێشتر دەیانناسی. توتسکی یەکسەر کەوتە مجامەلەیو ئاهەنگەکە کەمێك بوژایەوەو خەڵکەکە جمو جوڵێکیان تێکەوتو کەوتنە پێکەنینو گفتوگۆ. ناستاسیا فیلیپوڤنا، میرزادەی لە لای خۆیەوە دانیشاند.

فردیش چینکۆ، بە دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی هەمووان هاواری کرد:

– بۆچی هاتنی میرزادەتان پێ سەیرە ؟ ئاخر سەیرەکەی لە چیدایە ؟ مەسەلەکە زۆر روونو ئاشکرایە.

گانیا، که تا ئەو دەمە، دەتگوت لاڵە، گوتی:

– بەڵێ، مەسەلەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، هاتنەکەی خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی نیازو نیەتی ئەوە. من بە درێژایی ئەمڕۆکە دوورو نزیك هەر چاوم لە میرزادە بووە، یانی لەو کاتەوە کە وێنەکەی ناستاسیا فیلیپوڤنای، لەسەر مێزەکەی ئیڤان فیودوروفیچ بینی، ئیدی کەوتمە چاودێری وی.. ئەوسا کە شتێکم بە خەیاڵدا هات، کە هەنووکە لەلام بووە بە یەقین، تەنانەت میرزادە بەخۆی لەلای من دانی پێدا نا..

گانیا، ئەو قسانەی زۆر بەجدی و بێ هیچ شۆخی و سوعبەتێك و تەنانەت بە پەستییەوە کرد، ئەو قسانە جۆرە سەرسامیەکیان لێکەوتەوە.

میرزادە، دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو، گوتی:

– من هیچ ئیعترافێکم لای تۆ نەکردووە، تەنیا وەڵامی پرسیارەکانم داویتەوە.

فردیش چینکۆ، هاواری کرد:

– ئافەرین! ئافەرین! بۆ خۆت و قسەت، هەم ڕاستگۆیانەو هەم زیرەکانە بوو !

هەموو ئامادەبووان دەستیان بە پێکەنین کرد. پتیتسن، بە ئەسپایی و بێزاری گوتی:

– فردیش چینکۆ، بەسە، بەس هاوار بکە !

ئیڤان فیدوروفیچ گوتی:

– میرزادە، تەسەوری شتی وام لێنەدەکریت.. باوەڕم نەدەکرد شتی وات لێبوەشێتەوە.. من تۆم بە بابایەکی فەیلەسوف دەزانی و هیچی تر.! ڕاستیان گوتووە لە ئاوی خوڕ مەترسە، لە ئاوی مەنگ بترسە !

مامۆستا پیرە هەفتا ساڵە بێ ددانەکە کە تا ئەو دەمە زاری هەڵنە هێنابوو و چاوەڕوانی ئەوەشی لێنەدەکرا هیچ بڵێت، لە ناکاودا، کەوتە مینگەمینگ و گوتی:

– کە دیتم میرزادە، بە نوکتەیەکی سادە وەکو چۆن کیژێکی پاکیزەو بە حەیاو حورمەت بە سوعبەتێك سوور دەبێتەوەو شەرم دای دەگرێت، بەو ئاوایە سوور هەڵگەڕا، ئیدی بۆم بە دیار کەوت کە ئەم گەنجە نەجیب و خانەدانە، شەریفترین نیازو جوانترین هەستی لە دڵی خۆیدا هەڵگرتووە !

میوانەکان کە گوێیان لەو قسانە بوو، لە قاقای پێکەنینان داو گەرم و گوڕییەکی زۆریان تێکەوت. پیرەمێردی بەستەزمان کە وای دەزانی خەڵکەکە بە قسە خۆش و نوکتە ئامێزەکەی ئەو پێدەکەنن، تەمەشایەکی کردن و گوێ بە گوێی ئەوان دەستی بە قاقای پێکەنین کرد. ئەوەندە پێکەنی کۆکەکۆکی پێکەوت. ناستاسیا فیلیپوڤنا کە ئەم جۆرە پیرەمێرو پیرەژنە، زورهان و قسە قوت و رووخۆشانەو تەنانەت خەڵکانی سائەقڵی خۆش دەویست، خێرا چوو بەلایەوەو کەوتە مجامەلەو مدارای و تەنانەت ماچیشی کردو ڕای سپارد کوپێ چای گەرمی دیکەی بۆ بێنن. بە کارەکەرەکەی خۆی گوت، کە کۆڵوانەکەی بۆ بێنێ و دای بە شانیاو فەرمانی دا بڕێ داری تازە بە موغەیریەکەوە بنەن.

كە پرسیاری وەختی لە کارەکەرەکە کرد، بەرسڤی دایەوە کە سەعات دەو نیوە . هەنگێ ناستاسیا فیلیپوڤنا، روو لە میوانەکان گوتی:

– میوانانی بەرێز، شامپانیا مەیل نافەرموون ؟ ئامادەیە. لەوەیە کەیف و زەوقێکتان بداتێ، تکایە کەس شەرم نەکات، بە کەیفی خۆتان بخۆنەوە. بێهیچ تەشریفاتێك بخۆنەوە.

ئەم خولْق کردنە سادەو ساکارە، لەلایەن ناستاسیا فیلیپوڤناوە، زۆر سەیرو نائاسایی بوو. چونکە هەمووان ئاگادار بوون کە لە میوانداریی و ئاهەنگ و بۆنەو شەوکۆڕەکانی پێشوویدا، چ رێو رەسم و تەشریفات و ئەتەکێتێکی مکوم پەیڕەو دەکرا، بە شێوەیەکی گشتی شەوکۆڕەکە رەونەقێکی پەیدا کرد. هیچ کەسێك شامپانیای ڕەفز نەکرد! جەنەراڵ یەکەم کەس بوو کە قەبووڵی کرد، ئەوجا خانمە لە خۆ رازییەکە، پیرەمێرە داماوەکە، ئەوجا فردیش چینکۆو ئەوجا هەموو ئەوانی دی. (توتسکی)ش بەو ئومێدەی هاماجێکی تازەو شۆخیئامێز بە ئاهەنگەکە ببەخشێت، پێکێ شامپانیای هەڵدا. تەنیا گانیا هیچی نەخواردەوە. بەڵام ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئەویش پێکێکی خواردەوەو ڕایگەیاند کە ئەو شەوە بەلای کەمەوە سێ پێك دەخواتەوە، زۆر زەحمەت بوو پیاو سەر لە رەفتارو هەڵسوکەوتە زۆر زبرو شەڕانی و کوتوپڕەکانی دەربکات، یان سەر لە پێکەنینە هیستریاییەی کە بە کڕیی و کپیی و خامۆشیەکی خەمناك دەشکایەوە دەربکات. هەندێ لە ئامادە بووان، پێیان وابوو ڕەنگە تای لێهاتبێ، بەڵام پاشان هەستیان کرد کە چاوەڕوانی شتێکە، ناو بە ناو تەمەشای سەعاتە دیواریەکەی دەکردو بێتاقەتی و حەواس پەرتی پێوە دیار بوو.

خانمە لە خۆڕازییەکە گوتی:

– پێدەچێ تات لێهاتبێ !

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە بەڕاستی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، بەدەم لەرزەوە، بەرسڤی دایەوە:

– تایەکی زۆر توندیش، هەر بۆیە خۆم لەم کۆڵوانەیەوە پێچاوە.

میوانەکان، هەموو شڵەژان، جم و جۆڵیان تێکەوت.

توتسکی تەمەشایەکی ئیڤان فیودوروفیچی کردو گوتی:

– چ دەڵێی بڕۆین تا خانەخوێیەکەمان ئیسراحەت بکات ؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە ناکاوداو بەوپەڕی جدی گوتی:

– نەخێر بەرێزینە ! نا، تکایە مەڕۆن ! مانەوەتان، بەتایبەتی ئەمشەو، بۆ من زەرووریە.

جا چونکە هەموو میوانەکان، پێشوەختە دەیانزانی، کە ئەمشەو و لەم ئاهەنگەدا قەرارێکی زۆر گرینگ دەدرێت، ئەو قسانەیان، کە زۆر مانایان لەخۆ گرتبوو، بە هەند وەرگرت، جەنەراڵ و توتسکی تەمەشایەکی تری یەکدیان کردەوە، گانیا تەزوویەکی پێدا هات.

خانمە لە خۆ ڕازییەکە گوتی:

– وا چاکە، یاریەکی چکۆلە بۆ خۆمان ڕێکبخەین.

فردیش چینکۆ، گوتی:

– مـن ياريـەكى تـازەى زۆر خـۆش دەزانم. يـانى ياريەكـە كـە تـەنيا يـەكجار جـەڕبێنراوەو سەركەوتووش نەبووە!

خانمە لە خۆ ڕازييەكە پرسى:

– ئەمە چ يارييەكە ؟ چۆنە ؟

– ڕۆژێك كۆمـەڵێك بـرادەر كۆببووينـەوە. كە تۆزێكمـان خـواردەوە، هەڵبەتـە خواردنـەوە مشـە بـوو. يـەكێك پێشـنيازى كـرد كـە هـەر يەكـەمان، بێئـەوەى لەسـەر مێزەكـە هەسـتێت، چـيرۆك و سەرگوزشتەيەكى خۆى بگێڕێتەوە، بە مەرجێ لە ناخ و نيهادى خۆيدا قەناعەتى تەواوى هەبێ كە ئـەو چيرۆكەى دەيگێڕێتـەوە خراپترين و دزێوترين كـارە، كـە لـە تەمـەنى خۆيـدا كردوويـەتى، بـە مەرجێ بەوپەڕى ڕاستگۆيى، بێكەم و زياد بيگێڕێتەوە، كەم و زۆر پەردەپۆشى نەكات !

جەنەراڵ گوتى:

– بيرۆكەيەكى زۆر سەيرە !

– بەڵێ، عالى جەناب، جوانيەكەى لەوەدايە .

توتسكى گوتى:

– شتێكى كۆميديە، بەڵام خراپ نيە، جۆرە خۆ نوێنيەكى ئاوەژووە !

– لەوەيە مەبەست لە يارييەكە ئەوە بوو بێ ئافاناسى ئيڤانوڤيچ.

خانمە لە خۆڕازييەكە گوتى:

– ئەم جۆرە ياريە زياتر تراجيديە تا كۆميدى !

پتيتسن گوتى:

– ياريەكى قۆڕو بێ مانايە !

ناستاسيا فيليپوڤنا گوتى:

– باشە سەركەوتوو بوو؟

فرديش چينكۆ گوتى:

– نا، سـەركەوتنى بەدەست نـەهێنا! خـراپ شكايەوە! ڕاسـتە هـەر كەسـەو چيرۆكێكى گێڕايـەوە. زۆر شتى ڕاست هاتنـە گێڕانەوەو تەنانـەت هەندێكيان بە لەزەتەوە سـەربوورى خۆيـان گێڕايـەوە، بـەڵام پاشـان هـەموو هەسـتيان بـە شـەرمەزارى دەكـرد، نـەيان تـوانى تـا كۆتـايى بـەردەوام بـن! دەتوانين بڵێين ياريەكە بەشێوەيەكى گشتى خۆش بوو، يانى لە ڕووى سەرگەرمييەوە باش بوو!.

ناستاسيا فيليپوڤنا، لە ناكاو گەرم بوو و، گوتى:

– دەشێت ياريـەكى خۆش بێت. دەيسـا با تـاقى بكەينـەوە. هەسـتدەكەم مەجليسـى ئەمشـەومان گەرم نييە، خۆزگە هەر كەسەمان شتێكمان دەگێڕايەوە، هەڵبەتە بە خوايشتى خۆى، بە حوسن و ڕەزاى خـۆى، هـا چ دەڵـێن ؟ بـەڵكو بتـوانين لـە عۆيـەى ئـەم گەمەيـە بـێين و بيگەيەنينـە سـەر؟ بـە هەرحاڵ، گەمەيەكى زۆر خۆش و تازەيە!...

فرديش چينكۆ، هەڵيدايە و گوتى:

– بیرۆکەیەکی بلیمەتانەیە! هەڵبەتە ئافرەتان ناگرێتەوە... تەنیا پیاوەکان هەریەکە و بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە! بە تیرو پشك نۆرەی هەر کەسێك دیاری دەکەین، رێك وەکو ئەو جارەی دی دەکەین، تیروپشك زەرورییە ! هەڵبەتە ئەوەی نایەویٚ چیرۆکێك بگێڕێتەوە دەتوانیٚ بەشداری نەکات، بەڵام دیارەو لای هەمووتان عەیانە کە ئەمە کارێکی جوان نییەو بگرە عەیبە! دەی با دەست پێبکەین، با هەر کەسەو ناوی خۆی لەسەر پارچە کاغەزێك بنووسێت و بیخاتە ئەم کڵاوەوەو میرزادە کاغەزەکان یەك یەك ڕادەکێشێت... یاریەکی زۆر سادەو ئاسانە. هەر کەسەو خراپترین و قۆڕترین کردەوەی تەمەنی خۆی دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە ئەمە زۆر ئاسانە ! دەی بینن! ئەگەر هەر کەسێکیش لە شوێنێکا پەکی کەوت و شتێکی لە بیر چوو، من بیری دەخەمەوە!

دیارە ئەم پێشنیازە بە دڵی کەس نەبوو، هەندێك روویان کرژ کرد، هەندیٚ کەوتنە تەوس خەن، هەندێکی دی کەوتنە خوردە ئیرادان، هەندێکی دی دوو دڵ بوون. بۆ نموونە ئیڤان فیدوروفیچ، کە حەزی نەدەکرد بیٚ دڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا بکات کە لە رادەبەدەر دڵبەندی ئەم بیرۆکە غەریبە بوو بوو. ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئافرەتێك بوو ئەگەر کەڵکەڵەی شتێکی کەوتبایە سەر، ئەگەر نائاسایی و بێفایدەش بوایە، هەر دەبوایە بیکات، بە هیچ کلۆجیٚ دەستبەردار نەدەبوو. جا ئێستاش لە حاڵەتێکی هیستریاییدا بوو، بیٚ ئۆقرە بوو، لە خۆڕا پێدەکەنی، بە تایبەتی بە توتسکی پێدەکەنی کە سەراسیمەو پەشێو کەوتبووە ئیرادگیری. چاوە رەشەکانی ناستاسیا فیلیپوڤنا دەبریسکانەوە، دوو پەڵەی سووری کاڵ بە گۆنا زەردەکانیەوە دەرکەوت. لەوە دەچوو گرژی و پەستی و بێزاری و بێتاقەتی هەندیٚ لە میوانەکان، بوو بێتە باعیسی ئەوە کە بەو جۆرە بهاڕوژێت و بیەویٚ پێیان ڕابوێریٚ و بێزاریان بکات، ناستاسیا فیلیپوڤنا، بۆیە پێشنیازەکەی فردیش چینکۆی پێخۆش بوو و لەزەتی لێدەبینی، چونکە جۆرە پەردە لە رووداماڵینێکی تێدا بوو. هەندیٚ لە میوانەکان دڵنیا بوون کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، بۆیە سوورە لەسەر ئەنجامدانی ئەو یاریە، چونکە مەبەستێکی لە دڵی خۆیدا حەشارداوە، بە هەرحاڵ، لە ئەنجامدا، پێشنیازەکە پەسند کرا، هەندێك لە رووی کونجکاوی و هەندێکی دی لەو ڕووەوە کە یاریەکی خۆش دەبێت، پەسندیان کرد. فردیش چینکۆ لە هەمووان بە جۆش و خرۆشتر بوو.

گەنجە کەم دووەکە، بە شەرمێکەوە پرسی:

– باشە ئەگەر چیرۆکەکە جۆرێك بێت کە ڕووی مەجلیسی خانمانی نەبێت و لە حوزوری واندا نەگوترێت ؟

فردیش چینکۆ بەرسڤی دایەوەو گوتی:

– لەو حاڵەتەدا دەتوانی نەی گێڕیتەوە. خۆ چی زۆرە کارو کردەوەی خراپ و دزێو زۆرە، یەکێك هەڵبژێرە کە ڕووی مەجلیسی هەبێت. نە هەقت نییە، لێت ناگیریٚ، گەنجیت.

خانمە لە خۆ ڕازییەکە هەڵیدایە:

– من نازانم لە نێو کارە خراپ و دزێوەکانمدا، کامیان هەڵبژێرم! کامیان لە هەموویان خراپترە!.

فردیش چینکۆ دووبارەی کردەوە:

– ئافرەتان مەعافن، تەنیا لەو حاڵەدا کە خۆیان نە یانەوێ هیچ بگێڕنەوە. بەڵام ئەگەر یەکێك بە ویستو ئارەزووی خۆی بیەوێ بەسەرهاتێك بگێڕێتەوە، هەنگێ مەمنوونیشی دەبین. ئەو پیاوانەش کە لە ڕوو دادەمێننو بە گەمەکە بێتاقەت دەبن، هەر مەعافن، دەتوانن هیچ نەگێڕنەوە.

گانیا پرسی:

– بەڵام بە چیا دەردەکەوێ کە من درۆ ناکەم ؟ کە درۆشم کرد یاریەکە تامی نامێنێ. کێ هەیە درۆنەکات ؟ کەس ڕاستی لە خۆی ناڵێت !

فردیش چینکۆ، بە جۆشو خرۆشێکی زۆرەوە گوتی:

– درۆ کردنی پیاو، خۆی لە خۆیدا شتێکی عەنتیکەو خۆشە. بەڵام گانیا تۆ لە چی دەترسیت؟ دزێوترین کاری تەمەنی تۆ، لە ئێستاوە لای هەموو خەڵکی دیارە.

ئەوسا فردیش چینکۆ، بە جۆشو خرۆشێکی ناگەهانیەوە گوتی:

– جا گەلۆ تەسەوربکەن، بیهێننە بەر چاوی خۆتان، دوای ئەوەی هەموومان، هەر کەسەو چیرۆكو سەرهاتی خۆمان گێڕایەوە، سبەینێ بە چ چاوێکەوە سەیری یەکتر دەکەین!

توتسکی، بە ویقارەوە گوتی:

– شتی وا دەبێت ؟ ئەوە بە راستیتانە ناستاسیا فیلیپوڤنا ؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا بە تەشەرەوە گوتی:

– ئەوەی لە گورگ بترسێت ناچێتە جەنگەڵان*

توتسکی کە دەم بە دەم نارەحەت تر دەبوو، لە سەری رۆیی:

– باشە فردیش چینکۆ، چۆن دەکرێت ئەم گەمەیە بکرێت بە گەمەی کۆمەڵ ؟ گەمەیەکی عەمەلی نیە. من دڵنیات دەکەم کە ئەمجۆرە گەمەیە هەرگیز سەرکەوتوو نابێت. تۆ بە خۆتیش گوتت کە ئەم گەمەیە جاری پێشووش سەرکەوتوو نەبووە.

– چۆن سەرکەوتوو نەبووە ؟ ئەدی بۆم نەگێڕایتەوە کە چۆن سێ ڕۆبڵم دزیوە ؟ بۆم نەگێڕایتەوە !؟

– راستە. بەڵام بە جۆرێکت نەگێڕایەوە کە ڕاست بنوێنێ، لە ڕاستی بچێتو گوێگر باوەڕت پێ بکات، وا نیە ؟ گاڤریلا ئاردالیونوڤیچ، – زۆر ڕاستی دەکرد – کە تۆزێ لەمەپێش گوتی، هەر کە گوێگر بە ئاستەم بۆنی درۆی کرد، ئیدی چیرۆکەکەو سیحری چیرۆکەکە بە تاڵ دەبێتەوەو تامی تیا نامێنێ. ڕاستی و حەقیقەت مەگەر بە رێکەوت لێرە دەربکەوێت، دەنا دەبێ بە جۆرە لافو گەزافو خۆ هەڵکێشانێکی درۆ کە بۆ ئێرەو لێرەدا نەك هەر قابیلی قبووڵ نییە، بەڵکو جۆرە بێ ئەدەبیەکیشە.

فردیش چینکۆ، گوتی:

– ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، بەڕاستی تۆ پیاوێکی بە ئاوەزو هەست ناسكو ئاداب پەروەری! جماعەت ئێوە تەمەشا بکەن، کاتێ کە گلەیی ئەوەی لێکردم کە من نەمتوانیوە چیرۆکی دزییەکەم بە جۆرێ بگێڕمەوە کە لە ڕاستی بچێتو گوێگر باوەڕ بکات، ویستی بە ناسکترین شێواز ئەوەمان تێبگەیەنێ کە من لە ڕاستیدا ناتوانم دزی بکەم ( چونکە لە ڕاستیدا پیاو عەیبە لە ناو

خەڵکیدا باسی ئەو جۆرە شتانە بکات ) هەرچەندە ئەگەری ئەوەش هەیە لە دڵی خۆیدا قەناعەتی تەواوی بەوە هەبێت کە فردیش چینکۆ زۆر چاك دەتوانێ دەست بداتە دزی! بەڵام دەی با بێینە سەر کارەکەی خۆمان، ناوەکان هان لە ناو کلاوەکەدا، یەکێکیان ناوی تۆیە ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، کەواتە هەموو قایلن. دەی میرزادە، دەستی پێدا بکەو ناو دەربێنە!

میرزادە، بێئەوەی هیچ بڵێت، دەستی بە کلاوەکەدا کرد، ناوەکانی دەرهێنا، ناوی یەکەم هی فردیش چینکۆ بوو، دووەم، پتیتسن و، سێیەم، ناوی جەنەراڵ و، چوارەم، ناوی ئافاناسی ئیڤانوڤیچ،و پێنجەم، میرزادە خۆی و شەشەم، ناوی گانیا دەرچوو. ئافرەتەکان بەشدارییان نەکردبوو.

فردیش چینکۆ گوتی:

– ئا، خوایا چ بەختێکی خراپم هەیە! بە تەما بووم یەکەم ناو، ناوی میرزادە بێت و پاش ئەو ناوی جەنەراڵ دەربچێت. بەڵام شوکر ناوی ئیڤان پتروڤیچ پتیتسن لە دوای منە، کە ئەمە بۆ من خەڵاتە. کەواتە جماعەت من وەستاو بەگی ئەم یاریەم، کەواتە دەبێ نموونەو سەر مەشقێکی باش پێشکەش بکەم. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك پتر مایەی داخە بۆ من، ئەمەیە کە من کابرایەکی رووتەو گومناوی ئەوتۆم کە هیچ قەپانێك نامخوێنێتەوە، تەنانەت پایە ئیداریەکەشم زۆر نزمە، ئیدی ئەگەر فردیش چینکۆیەکی ئاوها، کارێکی دزێو قۆڕیشی کردبێ، چ بایەخێکی هەیە ؟ دەبێ قۆڕترین و دزێوترین کاری من چ بێ ؟ بە ڕاستی هەڵبژاردنی ئەمە قورسە ! مەگەر هەر هەمان سەرهاتی دزییەکەم بگێڕمەوە، تا بۆ ئافاناسی ئیڤانوڤیچی بسەلمێنم دەشێت پیاو، بەبێ ئەوەی دز بێ، دزی بکات.

– ئاغای فردیش چینکۆ، تۆ توانیت ئەوەشم پێ بسەلمێنی کە دەشێت پیاو لەزەت لە گێڕانەوەی کاری دزێو ببینێ، بێئەوەی داوای لێبکەن بیگێڕێتەوە. بە هەرحاڵ... ببورە ئاغای فردیش چینکۆ !

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە توڕەیی و بێتاقەتی گوتی:

– دەست پێبکە فردیش چینکۆ! بەسە، لەوەی پتر درێژەی مەدەیە، پەکو کە بە تانی قسانداد دەچیت! زۆر دەڵێی زۆر!.

هەموو هەستیان کرد کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە دوای نۆرە هیستریاکەی ئەم دواییەوە، خەم و بێدەنگی دایگرتووەو هەر لە خۆوە هەڵدەچێت. بەڵام هێشتا سوورە لەسەر کەڵکەڵەو ئارەزووەکەی. ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، لە عەزابێکی ئەوتۆدا بوو کە عەزابی دۆزەخی پێڕا نەدەگەیی، ئەمە جگە لەوەی کە زۆر لە (ئیڤان ڤیودوروڤیچ)ش پەست و توڕە بوو، کە بە کاوەخۆی شامپانیای دەخواردەوەو بێخەم و خەیاڵ دانیشتبوو و پێدەچوو لێبڕابێ هەرکە نۆرەی هات، چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوەو تەواو.

پەراوێز:

*– "ئیڤـان کیرلـوڤ.." نووسـەرێکی بـەناوبانگی رووسـە، زۆر چیرۆکی هەیـە کـە قارەمانـەکانیان، گیانلەبـەرن، لـە سـەر هـەمان شـێوەی لافـونتین نووسـیوونی. حیکایـەتی "شـێرو کـەر" کـە لێـرەدا ناوی هاتووەو لەو چیرۆکانەیە، کەرەکە، شێرەکە بەر لوشکان دەدات.
*– "ئەوەی لە گورگ بترسێت ناچێتە جەنگەڵان" پەندێکی باوی رووسییە.

## فەسڵی چواردەیەم

فردیش چینکۆ گوتی:

– مـن بۆیـە زۆر دەڵـێم‌و بـە تـانی قسـاندا دەچـم چونکە بـێ ئـەقڵم. منـیش ئەگـەر ئـەقڵ‌و ئـاوەزی ئافاناسـی ئیڤـانوڤیچ یـان (ئیڤـان فیـودوروڤیچ)م هەبوایـە، لـەوە بـوو وەکـو ئـەوان بـە دریـژایی ئاهەنگە قڕوقەپ، ئاقڵ‌و ئاغر بـۆ خـۆم لـە سووچێکدا دابنشـتایەم. میرزادە، نازانم تـۆش بـاوەڕت وایە یان نا، من لەو باوەڕەدام کە ژمارەی دزان لە دنیادا زۆر زیـاترە لـە ژمـارەی دەسـتپاکان‌و هـیچ پیـاوێکی دروسـتکارو دەسـتپاك نییـە کـە بـەلای کەمـەوە لـە عـەمراتیا جارێـك دزی نـەکردبێت. شتێکی نە دزی بێت. ئەمە بۆچوونی خودی منـە. بـەڵام وێـڕای ئـەوەش، ئەمـە بـەو مانایـە نییـە کـە تێکڕای بەشەر خڕ دزن، هەرچەندە زۆرجار، بەینی خۆمان بێ، حەزدەکەم ئەو باوەڕە بدرکێنم. تـۆ چ دەڵێی ؟

داریا ئەلکسیڤنا (خانمە لە خۆ ڕازییەکە) هەڵیدایەو گوتی:

– بە ڕاستی قسەی قۆڕو بێ مانا دەکەی! ئەم گەوجە گەوجە چیە! قەت ئەمە ڕاسـت نیـە، هـەموو کەسێك لە ژیانیا، ئەگەر بۆ جارێکیش بووە، دزی یـان سـووکە دزییـەکی هـەرکردووە. بـۆ نموونـە، من یەك لە باری خۆم، قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان شتێکم نەدزیوە.

– داریا ئالکسیڤنا خانم، تۆ قەت دزیت نـەکردووە، بـەڵام بـا بـزانین میرزادە، کـە سـوور هەڵگـەڕاوە، چ دەڵێت ؟

میرزادە، کە بە ڕاستی سوور بوو بووەوە، گوتی:

– پێموایە ڕاست دەکەیت، لێ زۆر زێدەڕۆیی دەکەیت.

– باشە میرزادە، تۆ بە خۆت قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان شتۆکەیەکت نە دزیوە ؟

جەنەراڵ، هەڵیدایەو گوتی:

– پیف لـەو قسـەیە ! بەڕاسـتی قسـەیەکی سـەخیفە! باشـە ئاغـای فردیش چینکۆ، تـۆ بیرت لـەوە کردووەتەوە کە چی دەڵێی ؟

داریا ئالکسیڤنا بە توندی گوتی:

– تـۆ کـە سـەر هاتووەتـە سـەر ڕاسـتی، شـەرم دەکـەی هـیچ شـتێك بگێڕیتـەوە، بۆیـە لێـبڕاوی بەوەخۆت بپەڕێنیتەوە کە سەر بکەیتە سەر پیاوێکی نەجیبی شەرمنی وەکو میرزادە.

ناستاسیا فیلیپوڤنا بە توندیو پەستی گوتی:

– فردیش چینکۆ! یان چیرۆکەکەت بگێڕەوە یان بێدەنگ بەو خەریکی کاری خۆت بە. بە ڕاستی لە تامی دەردەکەی !

– زۆر چاکە ناستاسیا فیلیپوڤنا. بەڵام هاتوو میرزادە ئیعترافی کرد ( قسەکەی ئەو بە ئیعتراف دەزانم ) ئاخۆ ئەو کەسەی دی ( نامەوێ ناوی بێنم ) ئەگەر بیەوێ حەقیقەت بڵێ، دەبێ چاوەڕوانی چی لێبکرێت ؟ مەگەر خوا بزانێ چ بگێڕێتەوە! بەڵام گەلۆ، سەبارەت بە خۆم، ئەوەی کە بۆتانی دەگێڕمەوە، شتێکی زۆر سادە، گەوجانەو دزێوە. بەڵام وێڕای ئەوەش دڵنیاتان دەکەم کە من دز نیم، خۆیشم نازانم بۆ ئەو دزییەم کرد! ئەمەی دەیگێڕمەوە پێرار ڕووی دا، لە ماڵی برادەرێك بووین بە نێوی سیمون ئیڤانوڤیچ یەشچینکۆ، یەك شەممە بوو، میوانی هەبوون. کە میوانەکان لە شێو خوارن بوونەوە، بەخۆو پێکەکانیانەوە، بەدەم قسانەوە لەسەر مێزەکەمانەوە، کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە بە ماریا ئیڤانوڤنای کیژی خانەخوێیەکەمان بڵێم، کەمێك پیانۆمان بۆ لێبدات. کە بە یەکێك لە ژوورەکاندا ڕەتبووم، ئەسکەناسێکی کەسکی سێ ڕۆبڵیم لەسەر مێزی کارەکەی ماریا ئیڤانوڤنا بینی، دیاربوو بۆ کڕینی پێویستییەکی ماڵەکە دەری هێنا بوو. هیچ کەسێك لەو ژوورەدا نەبوو. ئەسکەناسەکەم هەڵگرتو لە بەرکم نا، بۆچی ؟ نازانم! نازانم بۆچی ئەوەم بە بیردا هات. بەلەز گەڕامەوەو دووبارە چوومەوە سەر مێزەکەو دانیشتم. ئیدی نیگەرانو سەراسیمە، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی شتێك بم، دانیشتم. کەوتمە قسان، دەتگوت ئستۆپی چەناگەم پچڕاوە، نوکتە لەسەر نوکتەم دەگوتو پێدەکەنیم. ئەوجا چوومە لای ئافرەتەکانەوە. دوای نزیکەی نیو سەعاتێك، مقۆ مقۆی گوم بوونی پارەکە، دەستی پێکرد، کارەکەرەکان پرسیارپێچ کران، گومان کەوتە سەر داریای کارەکەری ماڵەکە. بەندە زۆر بە پەرۆشەوە خۆم لە مەسەلەکە هەڵقورتاند، تەنانەت لە پرسو جۆیەکانیشدا بەشداریم کرد، لە بیرمە کاتێ کە داریا بە تەواوەتی پەشۆکا، من کەوتمە خشتو پای تا قەناعەتی پێبکەم، کە ئیعتراف بکات، سوێندم بەسەر خۆم بۆ خوارد کە کارێکی وا دەکەم ماریا ئیڤانوڤنا لێی ببورێت، هەر هەموو ئەمە بە بەرچاوی میوانەکانەوەو لە حوزوری ئەواندا بوو. هەموویان تەمەشای منیان دەکرد، منیش کە ئەسکەناسەکە لە گیرفانما بوو، بەدەم ئامۆژگاریو پەندو قسەی زلەوە، بسکەی سمێڵم دەهاتو هێندەم کەیف بەخۆ دەهات، شام بە سەپان ڕانەدەگرت ! هەر ئەو شەوە خۆم بە ریستورانێکدا کردو سێ ڕۆبڵەکەم خەرجی مەینۆشی کرد. چوومە ژوورەوە، داوای یەك قاپ (لافیت)م کرد، بە بێ مەزە! کە پێشتر قەت شتی وام نەکردبوو، کە بە جارێ قاپێ داوا بکەمو هیچ خواردنو مەزەیەکی لەگەڵدا نەخۆم. خوا خوام بوو، هەرچی زووترە لە شەڕی ئەو پارەیە رزگاربم. کەچی نە ئەوساو نە دواتر هەستم بە پەشیمانیو عەزابی ویژدان نەکرد. باوەڕناکەم قەت بتوانم جارێکی دی ئەو کارە دووبارە بکەمەوە، باوەڕدەکەن یان نا، بەلامەوە گرینگ نیە، کەیفی خۆتانە. تەواو، ئەمە هەموو چیرۆکەکە بوو.

داریا ئالکسیڤنا، بە نەفرەتەوە گوتی:

– بێگومان، ئەمە خراپترین و دزێوترین کاری تەمەنت نەبووە !

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ هەڵیدایە:

– ئەمە کار نییە، بەڵکو حاڵەتێکی نەخۆشی دەروونیە.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بێئەوەی نەفرەت و بێزاری خۆی وەشێرێ پرسی:

– ئەدی کارەکەرەکە چی بەسەر هات ؟

– بۆ بەیانی یەکسەر دەریان کرد، ئەو ماڵە، لەو ڕووانەوە زۆر سەختگیر بوون!

– تۆش خۆت لێنەکرد بە خاوەن، وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوویت ؟

فردیش چینکۆ، کە سەری لە کاریگەریی سەلبی چیرۆکەکەی بەسەر ئامادە بووانەوە سوڕمابوو، گوتی:

– سەیرە! یانی دەتانویست بچم، خەبەر لە خۆ بدەم و دان بە کارە دزێوەکەی خۆمدا بنەم ؟!

ناستاسیا فیلیپوڤنا، گوتی:

– کە کارێکی ناشیرینە !

– حەی! دەتانەوێ یەکێك بێت خراترین و قۆڕترین کاری خۆی بگێڕێتەوەو ئەنجام بە قۆڕی نەزانن ؟ دیارە خراترین کار هەمیشە هەر نا شیرین و قێزەونە. دوای تۆزێکی دی ئیڤان پتروفیچ پتیتسن ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێ، زۆر کەس بە رواڵەت جوان دەنوێنن، وا دەنوێنن کە نموونەی دروستکارین چونکە دەوڵەمەندن و خودان سەروەت و سامانن! بەلام لەم رۆژگارەدا چی زۆرە دەوڵەمەندو خودان سەروەت و سامان زۆرن! بەلام خۆزگە دەمانزانی چۆنیان ئەو سەروەت و سامانە کۆکردووەتەوە... بێگومان ئەوانە لە هیچ شتێك ناپرینگێنەوە، بە هیچ کلۆجێ ئیحراج نابن و لە روو دانامێنن !

بە هەرحاڵ فردیش چینکۆ، پەتی پچڕی بوو، زمانی بەرەڵلا کردبوو و، هەموو سنوورێکی بەزاند بوو. لە پڕ چارەی گرژ بوو. لەوەدەچوو چاوەڕوانی ئەوە بێ کە چیرۆکەکەی کاریگەرییەکی پێچەوانەی ئەم کاریگەرییەی ئێستای لەسەر میوانەکان هەبێ، کە هەڵبەتە چاوەڕوانیەکی سەیرو غەریب بوو! هەڵبەتە ئەم جۆرە پێشبینی و چاوەڕوانیە کە زادەی بێ ئەقڵی و توتسکی گوتەنی جۆرە خۆ نوێنییەکی تایبەتی بوو، شتێکی باوبوو لای فردیش چینکۆ و دەگەڵ سروشت و تەبیعەتی ویدا تەواو دەگونجا.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، زۆر تووڕە بوو، نیگایەکی غەزەبناکی فردیش چینکۆی کرد کە وەکو کەو چوو، ترس لە سەراپای نیشت، لە جێی خۆی بەنج بوو، هەستی کرد سنووری بەزاندووەو کەمێك زیاد ڕۆییوە.

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ توتسکی بەدەم پێشنیازێکی تەشەر ئامێزەوە گوتی:

– ئەرێ، باشتر نییە واز لەم یاریە بێنین ؟

پتیتسن گوتی:

– هەنووکە نۆرەی منە، بەلام من کە هەقی ڤیتۆم هەیە، بەگوێری هەقی ناڤبری، هیچ شتێك ناگێڕمەوە.

– هیچ ناگێڕیتەوە ؟

– ناتوانم ناستاسیا فیلیپوڤنا. من ئەمە بە کەربازاڕ دەزانم نەك بە یاری !

ناستاسیا فیلیپوڤنا، ڕووی کردە جەنەراڵ یەپانچین و گوتی:

– جەنەراڵ، پێموایە هەنووکە نۆرەی تۆیە. ئەگەر تۆش ڤیتۆ بەکار بێنی، یانی یاریەکەمان بە تەواوەتی هەڵدەوەشێتەوە، کە هەڵبەتە من ئەمەم زۆر پێناخۆشە. چونکە بە نیاز بووم بەگێڕانەوەی کارێکی تایبەتی ژیانی خۆم، کۆتایی بە یارییەکە بێنم. بەڵام دەمویست دوای ئێوە، تۆو ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، بیگێڕمەوە.

ئەوسا بە پێکەنینەوە لە سەری ڕۆیی:

– بۆیە دەبێ هانم بدەن.

جەنەراڵ، بە جۆش و خرۆشەوە گوتی:

– ئا، ئەگەر تۆ بەڵێن بدەی، من ئامادەم سەرپاکی چیرۆکی ژیانم بگێڕمەوە. حەزدەکەم ئەوەشت پێ بڵێم کە چیرۆکێکم ئامادەکرد بوو هەرکە نۆرەم هات، بیگێڕمەوە..

فردیش چینکۆ، کە هێشتا مەلول و خەمین بوو، کەمێك بوژایەوەو بە دەم ژارخەنێکەوە گوتی:

– پایە بەرز، پیاو هەر بە سیماتا، دەزانێ کە بە چ ئاوو تاوێك و، بە چ شێوازێکی ئەدیبانە چیرۆکەکەت، ڕازاندووەتەوە.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، نیگایەکی سەرڤەسەرڤەی جەنەراڵی کردو بزەیەکی بە ڕوویا دا. وێڕای ئەوەش دیاربوو کە دەم بە دەم گرژتر دەبوو، پتر نیگەران و شپرزە دەبوو. (توتسکی)ش لەوساوە، کە زانی ناستاسیاش، بەڵێی داوە چیرۆکێکی بگێڕیتەوە، هەستی بە نیگەرانیەکی زۆر دەکرد.

جەنەراڵ، دەستی پێکرد، گوتی:

– گەلۆ، منیش وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە، لە ماوەی ژیانما، ڕێك کەوتووە کە کاری خراپ بکەم، کارێك کە پەشیمانی لە دوا بێت. بەڵام خراپترن کارم بەڕای خۆم ئەمەیە کە هەنووکە بۆتانی دەگێڕمەوە. دروستە نزیکەی سی و پێنج ساڵ بەسەر ئەم چیرۆکەدا بوریوە، بەڵام هەرکاتێ کە بیرم دەکەوێتەوە، دڵم دەگوشرێت، بە هەرحاڵ گەوجێتییەك بوو و کردم. ئەوسا هێشتا لە سوپادا، تازە ئەفسەر بووم، بە خۆتان دەزانن تازە ئەفسەر یانی چی: خوێن گەرمی گیرفان سارد، لووت بەرزی، لات پاڵەوانی خوا. خزمەتکارێکم هەبوو بەنێوی نیکیفۆر، ئەم پیاوە زۆر دڵسۆزی من و بە تەنگمەوە بوو. هەموو ئەرکێکی ماڵی لە ئەستۆ گرتبوو، پینەو پەڕۆی دەکرد، ماڵی پاك دەکردەوە، ژوورەکانی دەسڕی، تەنانەت لە پێناوی ئاسوودەیی مندا، لە هەر شوێنێکدا شتێکی بەردەست کەوتبا دەیدزی، بەڕاستی کەسێکی بە ئەمەك و دروستکارو سەر ڕاست و مەردانە بوو. منیش دەرهەق بەوی ئاغایەکی سەختگیر بەڵام بە ئینساف و دادپەروەر بووم. ئەوسا لە شارێکی چکۆلەدا جێگیر بووین، ماوەیەك لە سەربازخانەدا ماینەوە، پاشان، کارتی نیشتەجی بوونیان دامێ، لە گەڕەکێکی قەراخ شاردا، لە ماڵی بێوەژنی، ملازمێکی خانەنشین، ئاکنجی بووم. ئەم داماوە، ژنێکی کورتە بالای، نزیکەی هەشتا ساڵ دەبوو. لە خانوویەکی داریـنی لە خـۆی وێرانترو داڕوخاوتردا دەژیا، ئەوەندە دەستکورت و نەدارا بوو، تەنانەت کارەکەرێکی نەبوو لە

کاروباری ماڵدا، یارمەتی بدات. بەڵام کاتی خۆی کەسوکارێکی زۆری هەبوو بوو، ئیدی بە تێپەڕ بوونی ڕۆژگار هەندێکیان مرد بوون و هەندێکیان لەو شارە باریان کردبوو و، هەندێکیانیش فەرامۆشیان کردبوو. مێردەکەی چل و پێنج ساڵ لەوە پێش مردبوو و هەر لەوێندەر بە خاکی سپاردبوو. ماوەیەکی زۆر کچە خوشکێکی هێنا بووە لای خۆی، ئەم خوشکەزایەی ئافرەتێکی قەموور بوو، دەیانگوت، شڕندەو ئەهریمەن سیفەتێکی، جادوگەر ئاسا بووەو جارێك قامکی میمکی گەستبوو، بەڵام ئەویش بەر لە سێ ساڵێك مردبوو، ئیدی پیرەژن بە تەنیا مابووەوەو سێ دانە ساڵ بوو بە خۆی و بە تەنیا کاروباری ماڵەکەی بەڕێوە دەبرد. پیاو ڕاست بڵێ لەو ماڵەدا زۆر بێتاقەت و بێزار بووم، هەستم دەکرد لە دۆزەخام. بە تایبەتی کە ئەو لەوە پیر تر بوو، کە بتوانم وەکو هاودەم و هاونشین بەرخوردی دەگەڵ بکەم. ئەمە درێژەی کێشا تا ڕۆژێك لەنێو ڕەوە مریشکەکانما، کەڵەشێرێکیان لێدزیم. ئیدی تا ئەمڕۆش نەمزانی کێ ئەو دزییەی لێکردم. بەڵام هەر شکم لەو بوو. شەڕێکی گەورەمان لەسەر ئەم کەڵەشێرە کرد. ئیدی دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم توانیم لەسەر داوای خۆم ئیزنی گۆڕینی شوێنەکەم وەربگرم، ئیدی گواستمەوە بۆ گەڕەکێکی دی، چوومە ماڵی کابرایەکی بازرگانی ڕدێن درێژی خێزاندار، ئەوەندە جوان لە بیرمە وا دەزانم ئێستایە. نیکیفۆرو من، پیرەژنمان بەجێ هێشت و، گواستمانەوە، هەردووکمان زۆر خۆشحاڵ بووین.

دوای سێ ڕۆژ، کە لە مەیدانی مەشق و ڕاهێنان گەڕامەوە، نیکیفۆر بە پیرمەوە هات و گوتی: "جەنابی سەروان، نە دەبوو قاپی شۆرباکەمان بۆ پیرەژن بەجێ بێڵی، ئێستا قاپ نیە شۆربای تێبکەم." هەڵبەتە لە سەرسامیدا وشك بووم و گوتم: "بۆچی بەجێمان هێشتووە؟" هەنگێ نیکیفۆر لە سیری تا پیازی بۆ گێڕامەوە، تومەز وەختێ کە بارمان کردووە، پیرەژن قاپەکەی نەداوەتێ و گوتوویەتی کە گوایە من کاسەیەکی ئەوم شکاندووەو ئەویش ئەم قاپەی لەجیاتی کاسەکەی خۆی هەڵگرتۆتەوەو گوایە من خۆم ئەو پێشنیازەم بۆ کردووە. کە نیکیفۆر ئەوەی بۆ گێڕامەوە، خوێنم هاتە جۆش، لە داخانا گرم گرت و بەرەو ماڵی پیرەژن وەڕێ کەوتم. کە گەییمە ئەوێندەر، ئیمانم لە کەلەدا نەما بوو، سەیرم کرد پیرەژن بە تاقی تەنیا لە گۆشەیەکی داڵانەکە دانیشتووەو ڕوومەتی ناوەتە ناولەپی و لە تۆ وایە خۆی لە تیشکی هەتاوەکە دەپارێزێت. یەکسەر دەمم لێکردەوەو بەر دەمڕێژی جنێوو سخێفانم دا : "هەی پیرە دەعەجانی ناشیرین!..." ئیدی دەمم لێ بەرەڵڵا کردو بەشێوازی کۆنی ڕووسی، هەرچیم لە جنێوو قسەی ناشیرین دەزانی، هەمووم بەسەریا هەڵڕشت... بەڵام شتێکی زۆر سەیرم لێبینی: بەو دەقەوە کە دانیشتبوو، ڕووی تێکردم و زەق زەق، چاوە ئەبڵەقەکانی تێبڕیم و تاقە وشەیەکی لە زار نەهاتە دەر، بەرد وەجواب هات، پیرەژن وەجواب نەهات. بە جۆرێکی سەیر تەمەشای دەکردم. وا دەهاتە بەرچاو بەدەم دانیشتنەوە کەمێك بهەژێ. ئەنجام هێور بوومەوە. بە وردی تەمەشام کرد، چەند پرسیارێکم لێکرد، بەڵام بەتاقە وشەیەکیش وەڵامی نەدامەوە. سەرم لەم بێدەنگیەی سوڕما، بە تایبەتی لەو جەوەدا کە مێشان بە گیزە گیز دەسوڕانەوەو هەتاو بەرەو ئاوا بوون دەچوو. بەتەواوەتی سەراسیمە بوو بووم، ئەنجام بە شپرزەیی بەرەو ماڵ پەل بوومەوە. بەر لەوەی بگەمەوە ماڵ،

سەرگورد ناردی بە شوێنماو ناچار ڕۆییشتم بۆ پەلەکەی خۆم، بۆیە دێرکەوتمو شەوێ بۆ ماڵ گەڕامەوە، یەکەم قسەی نیکیفۆر ئەوە بوو: " دەزانی قوربان، خاوەن خانووەکەی پێشوومان قەزاو بەلای تۆی بردووە ؟ پرسیم: کەی ؟ گوتی ئەمشەو، نزیکەی سەعاتو نیوێك دەبێت. دیارە ئەو کاتانەی کە من جنێو بارانم دەکرد، لەحاڵی مردندا بووە! باوەڕبکەن بەجۆرێ تاسام، تا ماوەیەکی زۆر ئەوجا وەخۆ هاتمەوە. ئیدی پیرەژنو تاپۆی پیرەژن بوو بە نوسنەكو بە بەرۆکی هزرو بیرمەوە نووسا، لێم نەدەبووەوە، تەنانەت شەویش هاتە خەونم. دروستە من کەسێکی خورافاتی نیم، بەڵام بۆ ڕێوڕەسمی بەرێکردنو ناشتنەکەی، کە سێ ڕۆژ دوای مردنەکەی ئەنجام درا، چووم. وام لێهات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بیرم لەو ڕێکەوتە دەکردەوە. هەڵبەتە ناڵێم ئەم چیرۆکە هەموو هۆشو گۆشی داگیرکرد بووم، بەڵام لە ناکاوا بیرم دەکەوتەوەو هەستم بە بێزاریو نیگەرانیەکی زۆر دەکرد.شپرزە دەبوومو دەپەشۆکام. ئەنجام تێگەییشتم ئەوەی لە هەموو شتێك پتر خەمباری دەکردم ئەوەیە کە: ئەم ژنە، یان بە زمانی ئەم سەردەمە، ئەم بوونەوەرە بەشەریە، ماوەیەکی زۆر زۆر ژیا بوو، لە بیری مردن چوو بووەوە! کاتی خۆی منداڵ، مێرد، خێزان، خزمو خۆێشی هەبووە، دەورو بەری پڕ لە جمو جۆڵو هاتوچۆو، بزەو پێکەنین بووە، پاشان، لە ناکاودا، هەموو شتێك لە بەین چووەو هەڵم ئاسا چووە بە ئاسمانا و بە تاقی تەنیا وەکو مێشێکی پایز گێژو وێژ ماوەتەوە، دواجار خواوەند کۆتایی بە ژیانی هێنا، پیرەژنش لە زەردەپەڕی هاوینە ئێوارانێکی ئارامدا، گیانی سپاردو چووە ریزی نەبووانەوە. هەڵبەتە دەشێت پەندو عیبرەت لەم دیاردەیە وەربگیرێت. جا وەرە بیهێنە بەرچاوی خۆت، یارۆی تازە ئەفسەر، گەنجی بادیهەوا، لەوساتەدا لە جیاتی دوعای خێرو فرمێسکی ماڵاوایی، دەست بخاتە کەلەکەی، خۆی پڕ با بکاتو لە دوا سەفەری پیرەژندا، لە سەر قاپێك، بە دەمڕێژی پیسترین جنێو بە ڕێی بکات! گومانی تیا نیە کە من تاوانباربووم، ئەمە هیچ چەندو چونو گەنگەشەیەك هەڵناگرێت. هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو کارەدا تێپەڕیوەو تەبعو تەبیعەتی من گۆڕاوەو واتەسەور دەکەم منو ئەو کارە بە یەکدی نامۆین، کەچی تا ئیستاش هەست بەداخو کەسەر دەکەم، پێم سەیرە کە بۆچی لە دڵم دەرناچێت ! لە کاتێکا ئەگەر گوناهکاریش بووبم، هەموو گوناهو خەتایەکە هی منو لە ئەستۆی مندا نەبووە، ئاخر بۆچی دەبێ لە هەمان ساتدا بمرێت؟ ئەمە تەنیا یەك لێکدانەوە هەڵدەگرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کارە خراپو قێزەونەی من، زادەی حاڵەتێکی سایکولوژی بووە. کەچی وێڕای ئەوەش، هەر دڵم ئاسودە نەبوو تا نزیکەی پازدە ساڵێك لەمەوبەر بریارم دا کە خەرجی دوو پیرەژنی کەترەخانەیەك لە ئەستۆبگرم، تا دوا ساڵەکانی تەمەنی دنیای فانیان بە ئاسوودەییو بێخەمی بەرنە سەرو بە نیازم ئەم یارمەتیە بە وەسێتنامەیەك بکەم بە دایمیو لە دوای خۆیشم هەر بمێنێ. ئەمە هەموو چیرۆکەکەی من بوو. دووبارەی دەکەمەوە کە ڕەنگە لە ژیانی مندا زۆر کاری خراپو تاوانی دیکە هەبن، بەڵام ئەم کارەی کە هەنوکە بۆم گێڕانەوە، بەلای خۆمەوە، خراپترین کارە کە لە ژیانما کردبێتم.

هەرکە جەنەراڵ، لە قسەکانی بووەوە، فردیش چینکو هەڵیدایەو گوتی:

– قوربان، تۆ لە جیاتی چیرۆکی خراترین کاری تەمەنت بگێڕیتەوە چیرۆکی باشترین کاری تەمەنی خۆت بۆ گێڕاینەوە، ئەزت تێدا شەرمەزارکرد.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە هێوری و خەمساردی و نەباوەڕیەوە گوتی:

– جەنەراڵ، بەڕاستی وێنام نەدەکرد، ئەوەندە دەست و دڵ باش بی! حەیفێ... خەجاڵەت خۆم...

جەنەراڵ، بەدەم پێکەنینێکی مەحەبەت ئامێزەوە گوتی:

– خەجاڵەت ؟ بۆچی ؟

هەنگێ بە کەش وفش و لەزەتەوە قومێکی لە شامپانیاکەی دا. هەنوکە نۆرە ئافاناسی ئیڤانوفیچ بوو کە ئەویش خۆی ئامادەکردبوو، سەربردەیەك بگێڕێتەوە. هەموو ئامادەبووان، پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ئەو بە پێچەوانەی پتیتسنەوە ڤیتۆ بەکار ناهێنێ، هەندێکیان، لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی، بە تاسەوە چاوەڕوانی چیرۆکەکەی ئەو بوون و ژێراو ژێریش تەمەشای ناستاسیا فیلیپوڤنایان دەکرد. ئافاناسی ئیڤانوفیچ، بەوپەڕی ویقارو بەدەنگێکی نەرم و خۆش، دەستی بە گێڕانەوەی یەکێك لە "سەربردە خۆشەکانی خۆی" کرد. ( پێویستە بەلەز ئەوە بڵێین کە ئافاناسی ئیڤانوفیچ، پیاوێکی میانساڵی، بالا بەرزی، بەهەیبەتی، کەمێك سەرتاسی، قژ ماش و برنج بوو، تاڕادەیەك قەڵەو، گۆناکانی خڕو کەمێك ئاڵ، دانەکانی عەمەلی بوون. جلەکانی دەڵب و گرانبەها بوون، کراسێکی هێندە سپی لەبەر بوو، چاوی دەخستە ڕێشکە و پێشکە. دەستەکانی خڕن و سپی بوون، موستیلەیەکی ئەڵماسی گرانبەها، لە قامکی براتوتەی دەستی ڕاستیا دەدرەوشایەوە.) بە درێژایی ماوەی چیرۆك گێڕانەوەکەی ئەو، ناستاسیا فیلیپوڤنا چاوی بڕی بووە، ئەو تۆڕو قەیتانانەی سەری قۆڵی کراسەکەی ڕازاندبووەوە و بە دوو قامکی دەستی چەپی یاری پێدەکردن و بەجۆرێ خۆی خافڵاند کە فریا نەکەوت بۆ تاقە جارێکیش نیگایەکی یارۆی چیرۆکبێژ بکات.

ئافاناسی ئیڤانوفیچ، دەستی بە حیکایەتەکەی کردو گوتی:

– ئەوەی ئەرکەکەی منی سووك کردووە، ئەوەیە کە ناچاری ناچارم، دزێوترین و خراپترین کارێك بگێڕمەوە کە لە ژیانما کردوومە. جا لەم حاڵەتەدا، جێگەی هیچ دوو دڵییەك نامێنێتەوە، ویـژدان و بانگەوازو گازی دڵ، خۆ بەخۆ ئەو شتە دەسەپێنن کە پێویستە ئاشکرا ببێت و بێتەزانین. پێویستە، هەڵبەتە زۆر بەداخەوە، دان بەوەدا بنەم کە لە نێو هەموو کارە شێتانەو بێ ماناکانما، یەکێکیان لە هەموویان زیاتر لە ناخما نەخشی بەستووەو قەت لە بیرم ناچێتەوە. ئەم بویەرەی باسی دەکەم هی نزیکەی بیست ساڵ لەمە بەرە، چوو بوومە گوندی بۆ سەردانی ئەفلاتون ئوردنتسیوڤ کە تازە بۆ پۆستی مارشالی چینی ئەشرافان هەڵبژێردرا بووو دەگەڵ ژنە گەنجەکەیدا هاتبوو کە پشووەکانی کۆتایی ساڵ لە ناو زەوی و زارو موڵکەکانی خۆیدا بەسەر بەرێت. ئیدی ساڵیادی لە دایکبوونی (ئانفسیا ئەلکسیڤنا)ش کەوتبووە هەمان ماوەوە، ئیدی دوو کەرنەڤاڵ و ئاهەنگی سەما سازدرا بوو. لەو سەرو بەندەدا ڕۆمانەکەی ئەلکسندەر دۆمای کوڕ (شۆخەکەی کامیلیا) تازە لە نێو کۆمەڵگەی ئەشرافدا ڕەواجی پەیدا کردبوو، و هەرایەکی زۆری لەو ناوەندەدا نابووەوە. ئەم بەرهەمە، بە بۆچوونی من کارێکی ئەدەبی نەمرەو پیرش

نابێت. هەموو خانمانی شارە دێو شارۆچکەکان، بە تایبەتی ئەوانەی خوێندبوویانەوە، زۆریان بەدڵ بوو. جوانی چیرۆکەکە، ناسکی هەڵوێستەکان، ڕەفتاری ڕەسەنی شا قارەمانی ڕۆمانەکە، وەسفی ناسکی ژینگە دڵگیرەکانو، هەرهەموو ئەو ناسککاریو هونەر کاریو شیکردنەوە بەرزەی لە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرا ( وەکو بەکارهێنانی چەپکە گوڵە کامیلیای سپیو سوور بە نۆرە.) بە کورتیەکەی ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی گشتی کارێکی زۆری لە دڵو دەروونی خەڵکەکە کردبوو. ئیدی گوڵی کامیلیا بوو بوو بە مۆدی ڕۆژو خەڵکی بە پەرۆشەوە بە دوایدا دەگەڕانو بەهەر نرخێ بوایە دەیان کڕی. جا من ناڵێم، ئێوە خۆتان بڵێن چۆن لە شارۆچکەیەکی بچووکدا، لە حاڵێکدا هەموو خەڵکی بیانەوێ گوڵی کامیلیا بۆ کۆڕو ئاهەنگی سەما بکڕن، با ئاهەنگەکان زۆرش نەبن، چۆن ئەو هەموو گوڵە دەست دەکەوێ ؟ جا لەو سەرو بەندەدا پتروس فورخوفسکی شێتو شەیدای ئانفسیا ئەلکسیڤنا بوو، تاکو ئێستاش نازانم ئاخۆ ڕازو نیازێکیان لە نێواندا هەبوو یان نا– مەبەستم ئەوەیە کە نازانم بە ڕاستی بە ئومێدی شتێك هەبوو یان نا ؟ ئەو گەنجە داماوە، وەکو سەگی پێ سوتاو، لێرەو لەوێ کەوتبووە تاقیبی گوڵی کامیلیا تا بۆ ئاهەنگیساڵیادی لە دایکبوونی ئانفیسا ئەلکسیڤنای بکڕێت.. دەنگۆی ئەوەش داکەوتبوو کە کۆنتیسە سوتسکی دەستە خوشکی هاوسەری فەرمانداری سۆفیا پسپالوڤا لە پترسبۆرگەوە دێنو بە چەپکە گوڵی کامیلیای سپییەوە دێن. ئانفیسا ئەلکسیڤناش حەزی دەکرد کەسێك هەبێتو چەپکە گوڵی کامیلیای سووری بۆ بێنێ و ڕەونەقێکی ئەفسووناوی پەیدا بکات. ئیدی ئەفلاتونی بێچارە، وێڵو سەرگەردان، بێهودە عەودالی ئەم گوڵە بوو. ئاخر یارۆ مێردی ئانفسیا بووو بەڵێنی پێ دابوو کە چەپکە کامیلیایەکی سووری بۆ پەیدا بکات. دەی چار چیە ؟ کاترین ئەلکسندرفنا میتشیفا، کە لە هەموو شتێکا ڕەقیبی سەر سەختی ئانفسیا ئەلکسیڤنا بوو، هەڤڕکیەکەیان بەڕادەیەك بوو کە سێبەری یەکتریان بە تیر دەنگاوت، ئەم ئافرەتە، ڕۆژێك بەر لە دەست پێکردنی ئاهەنگەکە، هەرچی گوڵە کامیلیای سووری دەڤەرەکە هەبوو، کۆی کردبووەوە. دەزانن چی قەوما ؟ ئانفسیا ئالکسیڤنا. شێت ئاسا سەری کردە گریان، لە داخا بورایەوە... ئەفلاتون، بە تەواوەتی شپرزە بوو! هەڵبەتە ئەگەر پتروس بیتوانیبا لەم ساتە هەستیارەدا چەپکە گوڵی دڵخوازی خۆی پەیدا بکات، بۆ خۆی خەنی دەبوو، چونکە لەم جۆرە حاڵەتانەدا پێزانینو منەتباری ژن لە ڕادەبەدەرەو سنووری نیە. ئیدی پتروس، شێت ئاسا، سەری بە هەموو کونێکا دەکردو لە هەر دەرگایەکی دەدا، بەلام بێهودە، زۆرانبازی دەگەڵ مەحاڵدا دەکرد. ئیدی واقیعەکە وابوو !

ئێوارەی پێش ئاهەنگی ساڵیادی لە دایکبوونەکەی ئانفسیاو ئاهەنگی سەماکە، چووم بۆ ماڵی زوبکوف کە دراوسێی ماڵی ئوردنتسیڤ بوو. سەعات دەی شەو بوو، لەوێ بەرێکەوت (پتروس)م بینی، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. پرسیم:

– خێرە، چی رووی داوە ؟

– ئۆریکا(*) (دۆزیمەوە)!

گوتم:

– سەیرە ! بە ڕاست ؟ چۆن دۆزیتەوە ؟ لە کوێ ؟

– لە شارۆچکەی یکسایسك (شارۆچکەیەکی چکۆلەیە، بیست فەرسەخێك لەوێوە دوور بوو) بازرگانێکی پیری ڕیشنی دەوڵەمەندی لێیە، ناوی تریبالوفە. هەر خۆیو ژنەکەیەتی. منداڵیان نییە، لە جیاتی منداڵ، کەناری بەخێو دەکەن،و زۆر ئاشقی گوڵنو کامیلیایان هەیە.

– باشە خۆ ئەمە مسۆگەر نیە، تەقو نەیاندایتێ ؟

– خۆمی لەبەر پێیان دەهاوێژمو بشمکوژێ هەڵناستمەوە تا گوڵم نەداتێ!

– کەنگێ دەچیت بۆ لای ؟

– سارەزی، سەعات پێنج.

– چاکە. دوعای خێرت بۆ دەکەم !

بەڕاستی هەستم بە شادیەکی زۆر کرد. گەڕامەوە بۆ ماڵی ئوردنتسیڤ. شەو درەنگ بوو، لەو کاتەدا کە دەچووم بچمە جێوە تا بخەوم، لە ناکاودا خەیاڵێکی سەیرم بە مێشکا هات. بەلەز چووم بۆ موبەقەکە، ساڤیلی گالیسکەڕانم بێدارکردەوە، پێمگوت لە زەرفی نیو سەعاتدا گالیسکەکە ئامادە بکات، بەڵێنم دایە کە هەقی ئەوە پازدە ڕۆبڵ بەخشیشی دەدەمێ، لە ماوەی نیو سەعاتدا، ئەسپو عەرەبانەی حازرکردو لە بەردەگا چاوەڕوانی من بوو. پێیان گوتبووم کە ئانفسیا ئالکسیڤنا، تووشی سەریەشە بووەو تای لێهاتووەو وڕێنە دەکاتو دەبزڕکێنێ.

سواری گالیسکە بووم، بۆی دەرچووین، یکسایسك خۆت بگرە وا هاتم. پێش سەعات پێنج گەییمە قەراخ شار، لەوێ وەستامو چاوەڕوانی هەڵاتنی ڕۆژم کرد. کە ڕۆژ هەڵات کەوتمەوە ڕێ، سەعات حەوت خۆم گەیاندە ماڵی تریبالوف، حاڵو حیکایەتەکەم بۆ گێڕایەوەو گوتم:

– گوڵی کامیلیات هەیە ؟ وەرە پیاوی چابە، وەکو بابێکی دلۆڤان فریام بکەوەو رزگارم بکە، خۆم لەبەر پێیانت داوێمو بە مەمنوونیەوە لێت دەپاڕێمەوە. کابرا، پیرەمێرێکی باڵا بەرزی، پۆڕ سپی، بەگوڕو بە هەیبەت و ترسناك بوو. وەڵامی دایەوە:

– نا.. نا.. نا! نابێ، ناتدەمێ، بەخۆڕایی خۆت ماندوو مەکە، مەحاڵە  ناتدەمێ !

خۆم هاویشتە بەر پێیانی، کەوتمە سەر چۆکان. کابرا ترسا، هاواری کرد.

– ئەوە چدەکەی کوڕم ؟ خودایا، بۆچی وادەکەی ؟

هاوارم کرد:

– مەسەلەکە، ژیان و مەرگی ئینسانێکە!

گوتی:

– ئەگەر مەسەلەکە وایە... بڕۆ گوڵە کامیلیاکان بچنە، لە ڕای خوا بیان بە.

هەستام، چی کامیلیای سوور لە باخچەکەیدا هەبوو، هەموویم چنی. گوڵ بوون ئەمما گوڵ! تا حەزکەی دڵگیرو جوان! پیرەمێر ئاهێکی هەڵکێشا. ئەسکەناسێکی سەد ڕۆبڵیم دەرهێناو بۆم درێژ کرد.

گوتی:

– نا،کوڕم نا، جنێوی وام پێم مەدە !

گوتم:

– باشە مادام وایە، تکا دەکەم پارەکەم لیّ وەربگرەو بیدە بە نەخۆشخانەکەی ئێرە، تا بیکەنە مەسرەفی نەخۆشەکان.

گوتی:

– ئەمەیان شتێکی دیکەیە گیانە! ئەمە کاری خێرە، خواش پێی خۆشە. من لە جیاتی تۆ ئەم بەخشییە پێشکەش بە خەستەخانەکە دەکەم.

خۆشم لەو پیرەمێردە هات، رووسی ئەسڵ بوو، تاسەر مۆخ، رووسی بوو، ڕەسەنایەتی لێدەچۆڕا، دیاربوو لە بنەماڵەیەکی خانەدانە.

من کە بە ئاواتی خۆم گەیی بووم، بەوپەڕی خۆشحاڵی گەڕامەوە، بەڵام لا ڕێم گرت تا لە ڕێگە تووشی پتروس نەبم. کە گەییشتمەوە یەکسەر چەپکە گوڵەکەم نارد، تا هەرکە ئانفیسا ئالکسیڤنا لە خەوا ڕابوو، پێشکەشی بکەن... ئیدی خۆتان تەسەوری سەرسامی، منەتباریو، فرمێسکی هەقناسی ئەو ژنە بکەن! ئەفلاتونی مێردی، کە دوێنیّ خەریك بوو لە داخانا دەمرد، سەری خستە سەر شانمو ما بگری. ئەفسووس هەموو مێردێك لەو ڕۆژەوە کە زەوجینی شەرعی پەیدا بووە، تاکو ئەمڕۆکە هەر وا بوون! ئەوەی ڕاستی بیّ زات ناکەم هیچی تر لەو بارەیەوە بڵێم، جگە لەوەی کە هەموو ئاواتێکی ئەو پتروسە بەستەزمانە بە تەواوەتی هەرەسی هێنا. هەوەڵجار وام خەیاڵ دەکرد ئەگەر بە حەقیقەتی ئەم کارەی من بزانێت لەوەیە گۆشاو گۆش سەرم ببڕێتو تەنانەت خۆیشم بۆ شەڕو ڕووبەڕوو بوونەوە ئامادە کرد. بەڵام شتێك ڕووی دا کە هەرگیز تەسەورم نەدەکرد، باوەڕم نەدەکرد شتی وا ڕوو بدات: پتروس بورایەوە، شەویّ کەوتە وڕێنەو دەی بزڕکاند، بۆ بەیانی تایەکی توندی لێهات، وەکو منداڵ، بەدەم هەنسك هەڵدانەوە زۆڕ زۆڕ دەگریا. دوای مانگێك، پاش ئەوەی چاك بووەوە، داوای کرد بۆ دەڤەری قۆقاز* نەقڵ بکرێت. ئەم کارەی لە چیرۆکی خەیاڵی دەچوو! ئەنجام لە شەڕی قرمدا کوژرا. جا هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە ستیفان فورخوفسکی– ی برای، لەو دەڤەرەدا کە فەرماندەی کەتیبەیەکی سوپا بوو، ناوبانگی دەرکرد.

لێتانی ناشارمەوە تا ساڵانێکی زۆر لەوەدوا، بەدەم عەزابی ویژدانەوە دەتلامەوە: بۆچیو بەچ مەبەستێك ئەو جەزرەبەیەم لێدا، ئەو غەدرەم لە پای چی لێکرد ؟ جا خۆزیا منیش وەکو ئەو شەیدای ئانفیسا ئالکسیڤنا بوایەمو بە ڕەقیبو هەڤرکی خۆمم زانیبا تا بەوە کەمێك دڵی خۆم داباوە، بەڵام شتەکە وانەبوو! تەنیا جۆرە موزیڕی و گوساخیەکی ڕووت بوو و هیچی تر. ئەگەر من ئەو چەپکە گوڵەم لە کیسی نەدابا، لەوە بوو تا ئێستاش ژیاباو زۆریش بەختەوەر بوایەو هەرگیز بیری لەوە نەکردباوە کە بچێتە شەڕی تورکان.

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، وەکو چۆن بە هێوریو ئارامی دەستی بە چیرۆکەکەی کردبوو، بەو ئاوایەش کۆتایی پێهێنا. ئامادەبووان کە سەرنجی ناستاسیا فیلیپوڤنایان دا، دیتیان گڕ لە چاوانی دەبێتەوە، تەنانەت کە ئافاناسی ئیڤانوڤیچ لە چیرۆکەکەی بووەوە، لێوانی لەرزین. هەموو ئامادەبووان، بەکونجکاوی دەیانڕوانیە ئەو جووتە.

فرديش چينكۆ، كە زانی قاڤ قسە هاتووە، بە ئەوكی پڕ لە گریانەوە گوتی:

– فردیش چینكۆیان هەڵخەڵەتاند! پێیان ڕابوارد! دەسخەڕۆیان كرد! ئەوە پێی دەگوترێ خاپاندن‌و خەڵەتاندن !

داریا ئەلكسیڤنا كە لە دۆستانی دێرین‌و شەریك‌و هاودەستی هەمیشەیی توتسكی بوو، بەكەش‌و فشەوە گوتی:

– كێ زۆری لێكردبوویت ! تۆ كە كاری خۆت نازانی، بۆ گلەیی لە خەڵكی دەكەیت ؟ دەبوایە لە هەوەڵەوە لە گەمەكە بگەیت. دەبوایە لە خەڵكانی فامیدەو زیرەكەوە فێری بیت.

ناستاسیبا فیلیپوڤنا، بە ساردی‌و بێ موبالاتیەوە گوتی:

– ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، هەق بە تۆیە، ئەم گەمەیە زۆر ناخۆشە، ئینسان بێزار دەكات، با وازی لێ بێنین. منیش بەڵێنی ئەوەم دابوونێ كە چیرۆكێك بگێڕمەوە، من ئەوەی خۆم دەگێڕمەوەو پاشان بەكۆمەڵ دەكەوینە وەرقبازی.

جەنەراڵ، لە خۆشیا، بە گەرمی گوتی:

– بەڵام با جارێ گوێمان لە چیرۆكەكەی تۆ بێت !

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە ناكاوا، بە دەنگێكی ڕوون‌و ڕەوان، بێئەوەی لە جێی خۆی بجوڵێت، رووی كردە میرزادەو گوتی:

– میرزادە، ئەم دوو دۆستە ئازیزەی من دەبینی: جەنەراڵ‌و ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، ئەمانە دەیانەوێ بە شووم بدەن، حەزدەكەن شوو بكەم، حەزدەكەم رەئی تۆ بزانم، چ دەڵێی: شوو بكەم یان نا ؟ تۆ چی بڵێی وا دەكەم.

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، جەنەراڵ لەجێی خۆی وشك بوو، هەموو ئەوانی دی ملیان قوت كردبووەوەو تەمەشای میرزادەیان دەكرد. گانیا لەسەرسامیا لە جێی خۆی وشك بوو. میرزادە، بە دەنگێكی لەرزۆك گوتی:

– شوو بكەیت... بە كێ ؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە هەمان پایەداری‌و ڕەوانی، بەرسڤی دایەوە:

– بە گاڤریلا ئاردالیوفیچ ئیڤولگین.

بێدەنگی، بۆ چەند ساتێك باڵی بەسەردا كێشان. میرزادە، كە پێدەچوو، بیەوێ قسان بكات‌و بۆی نەدەهات، وەكو ئەوەی بارێكی قورس بەسەر دڵییەوە بێ، ئەنجام دوای ئەوەی بە هەزار زەحمەت هەناسەی وەبەر هاتەوە، بە چپە گوتی:

– ن.... نا... شووی پێ مەكە ؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا. رووی كردە گاڤریلا و بە دەنگێكی زوڵاڵ‌و پڕ هەیبەت و متمانەوە گوتی:

– بەقسەت دەكەم، تەواو! گاڤریلا ئاردالیونوفیچ خۆ گوێت لە بڕیاری میرزادە بوو؟ ئەوە بڕیاری منیشە. با ئیدی ئەم مەسەلەیە بە یەكجارەكی لێرەدا بڕێتەوە !

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ توتسكی، بەدەنگێكی لەرزۆك گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا !

جەنەراڵیش، بە دەنگێکی کاریگەر، بەڵام نیگەران، گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا!

ژاوە ژاوێك کەوتە نێو میوانەکان، سەرسامی و حیرەت باڵی بەسەردا کێشان.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە سەرسامی چاوی بڕییە میوانەکانی و گوتی:

– چیتانە بەڕێزینە ؟ بۆچی حەپەسان ؟ بۆ وا شپرزە بوون ؟

توتسکی، کەوتە مینگە مینگ و بە دەمەلاڵکێوە گوتی:

– بەڵام... ناستاسیا فیلیپوڤنا، تۆ بەڵێنت دا... بە خوایشتی خۆت بەڵێنت دا، کەس زۆری لێنەکردبووی... دەتتوانی... تاڕادەیەك... مدارا... من ناتوانم... لەوەیە... بەڵام .. بە هەرحاڵ: هەنوکە.. لەم کاتە ناسکەدا.. لەبەردەم ئەم هەموو خەڵکە، بەم شێوەیە.. کۆتایی، وەکو "گەمەیەکی بچووك" کۆتایی بەم مەسەلە جدیە بێنین، ئاخر ئەمە مەسەلەی ئابرووە، مەسەلەی دڵ و دڵداریە.. مەسەلەیەکە، زۆر شتی پێوە بەندە...

– ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، بە ڕاستی لە مەبەستتان ناگەم. تۆ زۆر پەریشانی، خۆتیش نازانی چ دەڵێی! جارێ پێم بڵێ بزانم مەبەستت لەم قسەیە: " لەبەردەم ئەم هەموو خەڵکە..." چیە ؟ چما ئێمە کۆمەڵێك دۆست و ئاشنای دڵسۆز نین ؟ پاشان پێم بڵێ ئیعترازت لەسەر ئەم " گەمە بچووکە" چیە ؟ من بڕیارم دابوو چیرۆکێك بگێڕمەوەو، ئەوەتا گێڕامەوە. تۆ بەدڵت نییە ؟ جوان نییە ؟ ئیدی بۆچی بە گەمەی دەزانی و بە جدی وەری ناگریت ؟ باشە بەخۆت گوێت لێ نەبوو کە بە میرزادەم گوت: "تۆ چ بڕیارێك بدەی من هەمان بڕیار دەدەم ؟" خۆ ئەگەر بیگوتایە: بیکە، یەکسەر قاییل دەبووم. بەڵام گوتی مەیکە، بۆیە منیش ڕەفزم کرد. لەم ساتەدا، هەموو ژیانی من بە داوە موویەکەوە بەند بوو، ئیدی چ شتێك لەمە جدی تر دەبێت .

جەنەراڵ، کە زۆری پێناخۆش بوو، ئەو هەموو بایەخە بە میرزادە درا بوو، کەوتە پرتاندن:

– بەڵام بۆچی میرزادە ؟ چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە ؟ چ شتێ ئەوی گەیاندووەتە ئێرە ؟ لێرە چ دەکات ؟.

– من بۆیە ڕاوێژم بەمیرزادە کرد، چونکە لە هەموو تەمەنما، یەکەم پیاو بووە کە بتوانم لە دڵسۆزی وی دڵنیا ببم، ئەو لە یەکەم نیگاوە متمانەی بە من کردو منیش باوەڕو متمانەم بەوی هەیە.

سەرەنجام گانیا، بەدەنگی لەرزۆك و ڕەنگی زەردو لێوە لەرزێوە، گوتی:

– من تەنیا ئەوەم بۆ ماوەتەوە کە سوپاسی لوتف و میهری بێ پایان و ڕەفتاری مەحەبەت ئامێزی دەرهەق بەخۆم، بکەم... هەڵبەتە چاوەڕوانی ئەمەی لێدەکرا. بەڵام... میرزادە... میرزادەو ئەم مەسەلەیە... دیارە...

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە پڕ قسەکەی پێبڕی و، گوتی:

– مەبەستت ئەوەیە، مرخی لە هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵەکە خۆش کردووە ؟ چاوی لەو هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵەیە، وانیە ؟ حاشا مەکە، خۆت مەدزەوە، دەقاو دەق دەتویست ئەوە بڵێی!

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، من شتێکم بیرچوو بیڵێم، ئەویش ئەمەیە: هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵەکەت وەربگرەوەو بە خۆڕایی، بێهیچ داوایەك ئازادت دەکەم! ئیتر بەسە ! تۆش پێویستت بە ئازادیە! نۆ ساڵو سێ مانگ! بەسە! لە سبەیەوە، ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات. بەڵام ئەمڕۆ ئاهەنگی ساڵیادی لە دایك بوونی من دەگێڕین، ئەمە یەکەمجارە کە لە تەمەنما، موڵکی خۆم بم، خاوەنی خۆم بم، لە هەر کەسێکی دی، ئازادی ئازاد بم! جەنەراڵ، تۆش مرواریەکانت وەربگرەوە، پێشکەشی ژنەکەتی بکە ! فەرموو ئەوە مرواریەکانت، بیگرە! لە سبەیەوە ئەم شوقەیە بەجێ دێڵم، گەلۆ لەمڕۆ بەدواوە هیچ شەو کۆڕێك نابێت !

ئەو قسانەی کردو هەستا، وەکو ئەوەی لێبڕابێ مەجلیسەکە بەجێ بێڵێ. لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا ! ناستاسیا فیلیپوڤنا!

هەموو پەشۆکان، لە جێی خۆ هەستان، لە دەوری وی خڕ بوونەوەو بەوپەڕی نیگەرانی گوێیان لە قسە پچڕ پچڕو وڕێنە ئاساکانی دەگرت. هەموو هەستیان دەکرد ئەم ماستە موویەکی تێدایە، بەڵام تێی نەدەگەییشتن، نەیاندەتوانی سەری لێدەرکەن و بۆ خۆیان لێکی بدەنەوە.

لەو دەمەدا، لە پڕ دەنگی بەرز و زبری زەنگی دەرگا بەرز بووەوە، ڕێك وەکو لێدانی زەنگی دەرگاکەی ئەو ئێوارەیەی ماڵی گانیا بوو.

ناستاسیا فیلیپوڤنا هاواری کرد:

– ئەها... ئیدی تەواو، هەموو شتێك کۆتایی هات ! هەنوکە سەعات یازدەو نیوە! گەلۆ، تکایە دانیشن. ئیدی وەختی کۆتایی مەسەلەکەیە !

ئەو قسانەی کردو دانیشت. بزەیەکی سەیرو غەریب کەوتە سەر لێوی. بێدەنگ بوو و بە دەم چاوەڕوانیەکی تامەزرۆوە دەیڕوانیە دەرگاکە.

پتیتسن، لە بنە لێوانەوە بە خۆی دەگوت:

– بێگومان، روگوژینەو، بە خۆو سەد هەزار رۆبڵەکەیەوە هاتووە !

پەراوێز:

*– ".. ئۆریکا..." وشەیەکی یونانی کۆنە بە مانای "دۆزیمەوە" دێت. گوایە ئەرخەمیدس کاتێ لە گەرماوا دەبێ و بە دەم بیرکردنەوەوە یاسایەکی فیزیایی دەدۆزێتەوە، لە خۆشیا لە گەرماوەکە دەردەپەڕێتە دەرەوەو هاوار دەکات: "ئوریکا... ئوریکا..." واتە دۆزیمەوە... دۆزیمەوە.

*– "... داوای کردبوو بۆ دەڤەری قۆقاز نەقڵ بکرێت..." دەڤەری قۆقاز لەو رۆژگارەدا ناوچەیەکی نا ئارام بووە، شەڕی تیا بووە، بۆیە بە نیمچە تاراوگەیەکی فەرمی سەربازان و فەرمانبەران لە قەڵەم دراوە، هەروەها شوێنێ بووە کە خەڵکانی ڕەشبین و نامرادو شاعیران، سەری خۆیان بۆ ئەوێندەر هەڵگرتووە.

## فەسڵی پازدەیەم

کاتیای* کارەکە شپرزەو هەراسان وەژوورکەوت و، گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا، مەگەر خوا بە خۆی بزانێ چ قەوماوە! نزیکەی دە–دوازدە پیاو ڕژاونەتە مەدەخەلەکە، هەموویان مەست و سەرخۆشن، دەیانەوێ تۆ بدینن، دەڵێن پێی بڵێ روگوژین هاتووەو گوایە تۆ بە هاتنەکەیان دەزانی.

– دروستە کاتیا، یەکسەر بیانهێنە ژوورەوە!

– بەڕاست ؟ هەر هەموویان بێنمە ژوورەوە خانم ؟ ئاخر وەزعیان تەواو نییە، فوول سەرخۆشن، لالا موو دەکەن ! پیاو لێیان دەترسێت !.

– بەڵێ هەر هەموویان کاتیا گیان، ترست نەبێ! دوا بە یەکیان بێنە ژوورەوە، دەنا خۆیان بەتۆبزی وەژووردەکەون. گوێت لێنییە لە ئێستاوە چ هەراو زەنایەکیان ناوەتەوە ؟ هەمان هەراو هەنگامەیە کە ئەم پاش نیوەڕۆیە نابوویانەوە.

هەنگی ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئاوڕی لە میوانەکانی دایەوەو گوتی:

– خانمان، ئاغایان، ڕەنگە پێتان ناخۆش بێ، کە لە حوزوری ئێوەدا، پێشوازی لەم گروپە دەکەم، زۆر بە داخەوەم، بمبورن. بەڵام چار نییەو دەبێ وابێت. من یەك لە باری خۆم، زۆرم پێ خۆشە هەمووتان شایەدی ئەم کۆتاییە بن، بەچاوی خۆتان بیدینن. هەڵبەتە ئازادن لەوەی چی بە باش دەزانن، وا بکەن!

میوانەکان سەرسام و حەپەساو، تەمەشای یەکتریان دەکرد. ئیدی دەرکەوت کە ئەمە سیناریۆیەکەو پێشوەختە ئامادەکراوەو نەخشەی بۆ دانراوەو، مەحاڵە بشێت ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە فکرەکەی ژێوان بکرێتەوە، با فکرەیەکی شێتانەش بێ! هەرکەسەو لەلای خۆیەوە دەیویست بچێتە بنج و بناوانی مەسەلەکەو بزانێ چیە. بە هەرحاڵ کەسیان نەبوو، زۆر بترسێت. تەنیا دوو ئافرەتیان لە ناودا بوو: یەکەمیان داریا ئەلکسیڤنا بوو کە ژنێکی کارامەو زیرەك و دنیا دیدە بوو. بە ئاسانی کۆڵی نەدەداو ترساندنی ئاسان نەبوو. دووەمیان ژنێکی بێگانەی بێدەنگ بووو، لەوە نەدەچوو هیچ سەرەدەرێك لە مەسەلەکە بکات، چونکە ژنێکی ئەڵمانی بوو بە ڕێبواری ڕێی کەوتبووە پترسبۆرگ و یەك وشە ڕووسی نەدەزانی. چەند دڵڕفێن و جوان بوو، ئەوەندەش کەللە پووت دیاربوو. هەرچەندە لە مێژ نەبوو هاتبوو، بەڵام بۆ هەندێ کۆڕو ئاهەنگان دەعوەت دەکرا. تا بڵێی تەڕ پۆش و ئاڵ و واڵا جل بوو، قژی بە جۆرێ ئارایش دابوو دەتگوت بۆ پێشبڕکێ خۆی ئامادەکردووە، خەڵکی بۆ ئاهەنگان دەعوەتیان دەکرد، تا وەکو تابلۆیەکی دڵگیر

دای بنەن و ڕەونەق و جوانی بە کۆڕو مەجلیسەکەیان ببەخشێت، ڕێك وەکو ئەوانەی تابلۆیەك یان گوڵدانێك، یان پەیکەرێك یان دیمەن و نیگارێکی گرانبەها، لە دۆست و ئاشنایان بە ئەمانەت وەردەگرن و ماڵەکەیانی پێ دەڕازێننەوە و میوانی و بۆنەیەکی پێدەبەنە سەر .

سەبارەت بە پیاوەکان، بۆ نموونە پتیتسن دۆستی روگوژین بوو. فردیش چینکو، لە هەوای خۆیدا بوو. گانیا کە هێشتا هەر وڕوکاس بووو، بەتەواوەتی وەخۆ نە هاتبووەوە، هەستی دەکرد، هەستێکی ئاڵۆز، کە پێویستە تا کۆتایی لەوێ و لەبەردەم خەڵکەکەدا بمێنێتەوە. مامۆستا پیرەکە کە شتێکی ئەوتۆی لەمەسەلەکە هەڵنەدەکڕاند، کە چاوی بە نیگەرانی خەڵکەکە، بەتایبەتی ناستاسیا فیلیپوڤنا کەوت لە زگ بوو دەست بە گریان بکات، لە ترسانا بە ئاشکرا دەلەرزی. چونکە ناستاسیا فیلیپوڤنای بە ڕادەیەك خۆشدەویست، لە تۆ وایە یەکێکە لە نەوەکانی خۆی. بەڵێ، مردنی بەلاوە خۆشتر بوو، کە لەو ساتە دژوارەدا ناستاسیا بە تەنیا بەجێ بێڵێ. سەبارەت بە ئافاناسی ئیڤانوفیچ، هەڵبەتە ئەو وەزع و حاڵە نا هەموارەی پێخۆش نەبوو، بەڵام لەسەر ئاستی شەخسی، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەکەوە هەبوو و نەیدەتوانی دەستبەرداری بێت، ئەگەرچی مەسەلەکە ئاوەڕۆ و ئاڕاستەیەکی شێتانەی وەرگرتبوو! بۆیە بڕیاری دا وەکو شایەتێکی بێدەنگ، بە حورمەت و ویقارەوە تا کۆتایی بمێنێتەوە! جەنەراڵ (یەپانچین)ش کە تۆزێ لەوەپێش، بەو شێوازە نا شیرینە، دیارییەکەی بەسەردا درابووەوە، تەنیا کەس بوو، کە هەقی خۆی بوو بەو وەزع و حاڵە ناهەموارە، قەڵس و تۆڕە ببێت، بۆ نموونە لە هاتنی خەڵکی وەکو روگوژین پەست بێ، کە بۆ ئەو نەك هەر ناخۆش، بەڵکو جۆرە سووکایەتیەك بوو، ببێ بە هاونشین و هاو مەجلیسی ئەو جۆرە خەڵکە. یان ببێ بە هاونشینی خەڵکی وەکو پتیتسن یان فردیش چینکۆ. ئەمە بۆ کەسێکی وەکو ئەو شکستێکی ئاشکرا بوو. بەڵام سەرەنجام هەستکردن بە واجب و، حیسابکردن بۆ پێگە و پایەی کۆمەڵایەتی خۆی و ڕێزگرتنی خودی خۆی، بەسەریا زاڵ بوو، وای لێهات تەحەمولی هاتنی رۆگۆژین و دارو دەستەکەی نەکات، بۆیە ئاوڕی لە ناستاسیا فیلیپوڤنا دایەوە تا تێی بگەیەنێت کە بەنیازی ڕۆییشتنە، بەڵام هەرکە زاری هەڵێناو ویستی قسان بکات، ناستاسیا فیلیپوڤنا، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– ئا... جەنەراڵ... لە بیرم چووبوویت ! بەڵام باوەڕبکە پێشبینی ناڕەزایی تۆم کردبوو. ئەگەر زۆر بەم وەزعە قەڵسی، من بە زۆر گلت نادەمەوە، هەرچەندە زۆر حەزدەکەم لەم کات و ساتەدا لێرە بمێنیتەوە. بە هەرحاڵ زۆر منەتباری ناسین و دۆستایەتی، چاکە و پیاوەتی تۆم و شانازی پێوە دەکەم. بەڵام ئەگەر دەترسیت کە...

هەستی خۆ بەگەورە بینی و جوامێری لەلای جەنەراڵ هاڕوژاو گوتی:

– بە یارمەتیت ناستاسیا فیلیپوڤنا! ئەوە تۆ لەگەڵ کێتە ؟ وام دەناسیت، حەیفت نەکرد! من تەنیا لە رووی هەست کردن بە مەسئولیەتەوە، لە رووی دڵسۆزییەوە دەمێنمەوە، من ئامادەم لە پێناوی تۆدا هەر کارێك بکەم، بەتایبەتی ئەگەر مەترسی و خەتەرێك لە ئارادا بێت. بەڵام لێتی ناشارمەوە کە زۆر نیگەرانم، مەبەستم ئەوەیە لەگینە مافورەکان بلەوتێنن، بیان دڕن یان شتێك بشکێنن... بە قەناعەتی من نەدەبوو ڕێیان بدەیت بێنە ژوورەوە ناستاسیا فیلیپوڤنا !

فردیش چینکۆ هەڵیدایە:

– ئەوە روگوژین خۆیەتی !

جەنەراڵ، دەرفەتی هێناو بەلەز بە گوێی (ئافاناسی ئیڤانوڤیچ)یدا چپاندو پرسی:

– تۆ دەڵێی چی؟ هەست ناکەی شێت بوو بێ ؟ شێتی بە مانا مەجازییەکەی نا، بەڵکو بە مانا پزیشکییەکەی..

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ توتسکی، بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە:

– پێشتریش پێم گوتبووی کە ئامادەیی شێت بوونی تیایە...

– جا ئێستا ئەم هەڵچوون و هاڕوژانەشی هاتووەتە سەر...

گروپەکەی ڕوگوژین، تەقریبەن هەمان ئەو کەسانەی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بوون، تەنیا دوو کەسی تازەیان بەگەڵ کەوتبوون. یەکێکیان پیرەمێرێکی، فەرتوس بوو کە کاتی خۆی سەرنووسەری رۆژنامەیەکی پەرپووت بوو، کە لە ترسی ناوزڕاندن و جنیوان بەرتیلی دەدرایە، دەڵێن جارێك ددانە زێڕەکانی دەخاتە بارمتەوەو پارەکەی خەرجی بادەنۆشی کردبوو. ئەویتریان مـلازم دووەمێکی خانەنشین بوو، لە ڕووی ئەرك وپیشەوە بەهەڤڕك و ڕەقیبی سەرسەختی سەرۆکی گروپەکە، کە کەتەیەکی دەس و مەچەك ئەستوور بوو، دەژمێردرا. هیچ یەکێك لە ئەندامانی گروپەکەی روگوژین نەیاندەناسی، لە ڕێگا، لەسەر شۆستەی شەقامی نوفسکی پراسپکتدا، لە گۆشەیەکی هەتاوگیردا تووشی بووبن، کە لەوێدا ڕێی بە ڕێبواران دەگرت و بە شێوازی ئەدیبانەی مارلینسکی* نووسەر، سواڵ و سەدەقەی لێوەردەگرتن و وای لێدەگەیاندن کە جاران، وەختێ بووە ، هەر کەسێك داوای کۆمەکی لێکردبایە، بە جارێ، لە یەك شوێن، دە– پازدە رۆبڵی داوەتێ. زۆری پێنەچوو کە ئەم دوو ڕەقیبە بە چاوی دژمنایەتی سەیری یەکیان دەکرد. یارۆی دەست و مەچەك ئەستوور (سەرۆکی گروپەکە) زۆری لەبەر گران بوو کە ئەم (سواڵکەرە) هاتبووە ناو گروپەکەیان و ئەمەی بە سووکایەتی بۆ خۆی دەزانی، چونکە بە تەبیعەت شەڕانی بوو، هەندێجار ورچ ئاسا، لە بەر خۆیەوە دەی پرتاند و دەی بۆڵاند و بەوپەڕی بێزارییەوە دەیڕوانیە پێشکەوتن و پێشڤەچوونی ئەم "سواڵکەرە"وە کە لەوە دەچوو کابرایەکی کارامەو بە سیاسەت و لێزان بێت. ئاشکرا بوو ئەم ملازم دووەمە، یەکێك بوو لەوانەی حەزدەکەن بە سیاسەت و ئەقڵ بگەنە مەبەست و مەرام، نەك بە هێز و زەبری بازوو. ئەمە جگە لەوەی قەڵافەت و باڵاشی، بە ئەندازەی قەدو باڵای ئاغای سەرۆکی گروپەکە نەبوو. چەند جارێك، بە شێوازێکی نەرم و ناڕاستەوخۆ، بێئەوەی بچێتە ناو گەنگەشەیەکی ڕاستەوخۆوە، بەڵام بە هەندێك لاف و گەزافەوە، باسی شێوەی بۆکسێنی ئینگلیزی کردبوو، لایەنگری خۆی لەو شێوە بۆکسێنە دەربڕی بوو. بە کورتیەکەی ئەوەی پیشاندا بوو کە پیاوێکی ئەوروپی تەبع و بیروباوەڕە . یارۆی دەس و مەچەك ئەستوور (سەرۆکی گروپ) کە گوێی لە وشەی "بۆکسێن" دەبوو، ژارخەنێکی بۆ دەکرد و، چونکە حەزی لە هیچ گەنگەشەو مجادەلەیەك نەدەکرد، ناوبەناو، بە بێدەنگی و، وەك بڵێی ڕێکەوت وای هانی بێ، ئەو شتە نایابە رووسیەی نیشان دەدا، واتە مست و مەچەکی ئەستوورو، درشت و پڕ ماسولکەی، موو سووری، توکنی خۆی دەنواندو نیشان

دەدا. هەنگێ هەموو ئەوانەی کە ئەم شتە نایابەیان دەبینی، بۆیان دەردەکەوت کە ئەم بۆکس و مەچەکە بەر هەرکەسێك بکەوێ، تەختی دەکات، یەك هەفتە لەجێدا دەیخات. ئەو شەوە بە هۆی روگوژینەوە، کە بە درێژایی ڕۆژەکە بە تەمای ئەوە بوو بوو، بچێتە سەردانی ناستاسیا فیلیپوڤنا، هیچ یەکێك لە دارو دەستەکەی، مەستی مەست نەبوو، روگوژین بە خۆیشی، مەستی بەری دا بوو و بە تەواوەتی وەخۆ هاتبووەوە. بەڵام چونکە ئەو ڕۆژە زۆر نیگەران بوو، زۆر ماندوو بوو بوو، ڕۆژێکی سەیرو نا ئاسایی بوو، بە عەمراتی ڕۆژی وای بە خۆوە نەبینی بوو، بڕێك شەکەت و گێژ بوو. تەنیا یەك مەبەست و ئامانجی لە بەر چاوو لە دڵ و لە هۆش و بیرا بوو و بۆ یەك دەقیقەو سات لێی نەدەبووەوە، سەرانسەری ڕۆژەکەی، لە سەعات پێنجی دوا نیوەڕۆوە تا یازدەی شەوێ بەو کارەو لە پێناوی ئەو کارەدا بردبووە سەر، هەموو وەختەکەی، بە شپرزەیی و نیگەرانی، بە گفتوگۆ دەگەڵ خەڵکانی وەکو کیندرو بیسکوپدا بردبووە سەر، کە ئەوانیش لە پێناوی وەدیهێنانی پێویستییەکەی روگوژین دا، لە زگ بوو شێت بن، لە هەر دەرگایەکیان دابوو تا توانیبوویان ئەو سەد هەزار ڕۆبڵەی کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە گاڵتەو تەشەرەوە داوای کردبوو، کاش پەیدا بکەن، بەڵام بە قازانج و سووتێکی هێندە زۆرو خەیاڵی، ئەوتۆ کە بیسکوپ بە خۆیشی شەرمی دەکرد بە دەنگی بەرز دەگەڵ کیندردا باسی بکات.

روگوژین، دەقاو دەق وەکو کەڕەتی پێشوو، چەند شەقاوێك کەوتبووە پێش دارو دەستەکەیەوە. پیاوەکانی، بە وریایی و بە ئەدەبەوە، لە دوایەوە دەڕۆییشتن، هەرچەندە سەرکەوتوو بوون و کاری خۆیان تەواو کردبوو، بەڵام هەستیان بە جۆرە ترسێك دەکرد، لە ناستاسیا فیلیپوڤنا دەترسان، مەگەر هەر خوا بیزانیایە بۆچی لێی دەترسان! تەنانەت هەندێکیان وایان وێنا دەکرد، کە بە پەڕۆیەکی پیس کلکیان دەگرێت و " لە قاڵدرمەکانەوە فڕێیان دەداتە خوارەوە ." یەکێك لەوانە "زالیوگیف"ی فشەکەری تۆڵاز بوو. بەڵام خەڵکی دیکەشیان تیا بوو، بە تایبەتی، یارۆی دەس و مەچەك قەوی، کە دڵی خۆیاندا، زۆریان رق لە ناستاسیا فیلیپوڤنا بوو و حەزیان لە چارەی نەدەکردو دەیان بوغزاند، بەو نەفەسەوە هاتبوون بۆ ماڵەکەی وەکو ئەوەی چووبن بۆ شارێکی ئابلۆقەدراو. بەڵام ئەو شکۆو جەلالەی لە هەوەڵین دوو ژوورا دیتیان و، ئەو شتانەی کە لە عەمراتیاندا بە خەویش نەیان دیتبوو، ئەو کەلوپەلە دەگمەن و ئەو تابلۆ جوانە دەستچنانەو پەیکەرە گەورەکەی ڤینۆس، هەر هەموو ئەمانە کردیانە کارێك کە جۆرە رێزو حورمەتێکیان بکەوێتە دڵ و دەروون و، هەست بە جۆرە سامێك بکەن. بەڵام وێڕای ئەو ترسەش، هێواش هێواش و، بە کونجاویەکی ئاشکراوە، یەك، بە یەك و دوا بە دوای روگوژین، خۆیان بە هۆڵەکەدا کرد. بەڵام کاتێ یارۆی دەس و مەچەك ئەستوورو "سواڵکەر"ەکەی لەمەڕ خۆمان، لە ژوورەوەو لە نێو میوانەکانی ناستاسیا فیلیپوڤنادا، چاویان بە جەنەراڵ یەپانچین کەوت، بەجۆرێ نەترەیان بەرداو قەڵەمی دەست و پێیان شکا، بەرە بەرە کەوتنە خۆ دزینەوەو، بۆ ژوورێکی دیکە پاشەکشەیان کرد. لە نێو هەموویاندا تەنیا لیبدیف ورەی بەرنەداو، بگرە شان بە شانی روگوژین دەڕۆیی، چونکە بایەخی ئەو ملیون و چوار سەد هەزار ڕۆبڵەی دەزانی، کە لەو کاتەدا یەك ملیونی کاشی، بە روگوژین بوو. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش

بگـوترێ، کـه هـەموو ئەنـدامانی گروپەکـە، بـە لیبـدیفی کارامـەو یاساناسیشـەوە، بـە تـەواوەتی سنووری دەسەڵاتی خۆیان نەدەزانی، نەیاندەزانی بۆیان هەیە هەر کارێك بکەن یان نا. هەندێجار لیبدیف دەهاتە سەر ئەوەی سوێند بخوات بۆیان هەیە بە کەیفی دڵی خۆیـان، هـەر کارێکیـان بـوێ بیکـەن و هەنـدێجاریش تووشـی نیگـەرانی دەبـوو، لـە فکـران ڕادەچـوو، تـا هەنـدێ مـادەی قـانونی مەدەنی دڵخۆشکەرەو قەناعەتبەخشی وەبیر بێتەوەو لە – کاتی تەنگانەدا – سوودی لێ ببینێ.

ئـەو کاریگـەرییـەی کـە، هـۆڵی میوانەکـەی ناسـتاسـیا فیلیپوڤنـا، لـە دڵ‌و دەروونـی ڕوگـوژینی، دروست کرد، زۆر جیاواز بوو لەوەی کە لـەدڵ‌و دەروونـی دارو دەسـتەکەی، دروسـتی کـرد. هەرکـە پەردەکـە لـە بـەردەمی لابـراو چـاوی بـە ناسـتاسـیا فیلیپوڤنـا کـەوت، ئیـدی ڕێـك وەکـو دیدارەکـەی هـەمان ئێـوارەو، بـەجۆش‌و خرۆشـێکی زیاتریشـەوە، جگـە لـەو هـەموو شـتێکی تـری لەبەرچـاو سڕدرایەوە. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو بۆ ساتێك لە جێی خۆی وشك بوو. لەزگ بوو گوێت لە لێدان‌و ترپە ترپی دڵی ببێت. بۆ چەند ساتێکی بەردەوام، سەراسیمەو شـەرمنانە چاوی بڕینـە ناسـتاسـیا فیلیپوڤناو بە ئامان‌و زامان نیگای لێنەدەگواستەوە. ئەوسا لە پڕ وەکو ئـەوەی بـە خـۆ هاتبێتـەوە، بە هەشتاو بەرەو مێزەکە چوو، بە دەم ڕێوە بەر کورسیەکەی پتیتسن کـەوت، پێڵاوە قوڕاویـەکانی نـا بـە داوێـنی گوڵـدۆزی کـراوی کراسـە شـینە گرانبەهاکـەی خانمـە ئەڵمانیـە بێدەنگـە هـەرە جوانەکـەدا. نـەك هـەر عوزرخـوایی لێنـەکرد، بـەڵکو هـەر هەستیشـی پێنـەکرد. کـە گەییـە ئاسـتی مێزەکە، ئەو شتە غەریبـەی، کـە لەگـەڵ خۆیـدا هێنابوویـە ژوورەوەو بـە هـەردوو دەسـت گرتبـووی، لەسـەر مێزەکـە دانـا. سـەفتەیەکی کاغـەزین بـوو بـە ئەسـتووری نزیکـەی دوازدەو درێـژی شـازدە سانتی مەتر، لە نوسخەیەکی ڕۆژنامـەی "هـەواڵی بۆرسـە*"وە پێچرابوو و بـە مەچیرێکی قـایم بـە سترا بوو. ڕوگوژین، سەفتەکەی لەسەر مێزەکە دانا، هەنگێ بەبێ ئەوەی تاقە قسەیەك بکات، ڕەق لـە جـێ خـۆی وەسـتا، هـەردوو دەسـتی شـۆڕ کردبوونـەوە، لـە تـۆ وایـە تاوانبارێکـەوە چـاوەڕوانی خوێندنەوەی قەراری دادگایە.

جلـەکانی هـەمان ئـەو جلانـە بـوو کـە ئێـوارێ لەبـەری بـوو، ئـەوەی گـۆڕا بـوو، ئـەوە بـوو کـە دەسماڵێکی ئاوریشمی کەسك‌و سووری، لە ملی ئاڵاند بوو و، بە دەرزیلەیـەکی درشـتی ئەڵماسـی پەپولەیی قایمی کردبوو، هەروەها موستیلەیەکی ئەڵماسی گەورەشی لە قامکێکی پیسـی دەسـتی ڕاستی کردبوو.

لیبدیف، لە دووری دوو سێ شەقاوی، مێزەکە وەستا. بەڵام ئەوانی دی، وەکو پێشتر گوتمـان، یـەك بـە یـەك خۆیـان دزی بـووەوەو لـە هۆڵەکـە وەدەرکـەوتبوون. (کاتیـاو پاشـا*)ی کارەکـەرێن ناستاسیا فیلیپوڤنا، هاتبوون‌و لە پشت پەردەکانەوە، نیگەران‌و هەراسان تەمەشایان دەکرد.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە بە وردی و کونجکاوی چاوی بڕی بوونـە ڕوگـوژین، بـە گۆشـەی چـاو ئاماژەیەکی بۆ شتەکە کردو گوتی:

– ئەمە چیە ؟

ڕوگوژین، بە نیمچە هەناسە بڕکێوە گوتی:

– سەد هەزارەکەیە !

– یانی بەو حاڵەشەوە وەعدەکەی خۆی بە جیٚ هێناوە ؟ چەند پیاوێکی سەر ڕاستە! فەرموو، لێرە، لەسەر ئەم کورسیە دانیشە. شتێك هەیە حەزدەکەم پێتی بڵێم. ئەوانە کێن دەگەڵ خۆتت هێناون ؟ ئەو جماعەتەن کە ئێوارە لەگەڵت بوون ؟ هەمان دارو دەستەن ؟ باشە، با بێنە ژوورەوە، دەتوانن لەسەر ئەم تەختەو ئەو تەختەی دیکەو ئەو دوو کورسیە دانیشن... چاوەڕوانی چین؟ بۆچی نایەنە ژوورەوە ؟ نایانەوێ بێنە ئەم ژوورە ؟

هەڵبەتە، هەندێکیان کە بە ڕاستی پەشۆکا بوون، چوون لە ژوورێکی دی دانیشتن و چاوەڕوانی ئەنجامیان دەکرد. بەڵام هەندێکی دی مانەوەو لەو شوێنانە دانیشتن کە بۆیان دەست نیشان کرا، بەڵام بە گوێرەی توانا، دوور لە مێزەکەو لە سووچ و گۆشەکانی ژوورەکەدا دانیشتن. هەندێکی تریان هێشتا هەر حەزیان دەکرد لەبەر چاو نەبن و، هەندێکی دی بەرە بەرە زاتیان وەبەر هاتەوە.

(ڕوگوژین)ش لەسەر هەمان کورسی کە بۆی دیاری کرا، دانیشت. بەڵام زۆر دا نە نیشت. خێرا هەستاو ئیدی دانەنیشتەوە. بەرە بەرە کەوتە ناسینەوەو تەمەشاکردنی میوانەکان. کە چاوی بە گانیا کەوت ژارخەنێکی بۆ کردو لەبەر خۆیەوە کەوتە ورتە ورت: " دەتەمەشا! کیٚ لێرەیە !" کە چاوی بە جەنەراڵ و ئافاناسی ئیڤانوڤیچ کەوت، نە شڵەژاو نە هەستی بە هیچ سەرسامیەك کرد. بەڵام کە میرزادەی لە کەنار ناستاسیا فیلیپوڤنادا بینی، تا ماوەیەك بە حەپەساوی لێی ڕاماو نەیدەتوانی چاوی لێبگوازێتەوەو هۆی ئەم هاتنەی وی لە بنج و بناوان بکات. هەر کەسێك بیدیتبایە، هەندێجار وای هەست دەکرد، وڕێنە دەکات، وێڕای هەڵچوون و ماندوو بوونی سەرانسەری ئەو ڕۆژە، دویٚ شەویشی لە قیتاردا بەسەر بردبوو، یانی لە ماوەی چل و هەشت سەعاتی ڕابردوودا، بۆ ساتێکیش چاوێکی لێك نە نابوو.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، ڕووی کردە میوانەکانی، بە هەڤڕکییەکی زەقەوە گوتی:

– بەرێزینە، ئەمەی دەی بینن سەد هەزار ڕۆبڵە! ئا ئەمەی لەم پریاسکە پیسەدایە! ئەم پیاوەی لەبەر چاوتانە، ئەم دوا نیوەڕۆیە، شێت ئاسا، کردبووی بە ڕۆژی خۆی و هاواری دەکرد کە ئەمشەو سەد هەزار رۆبڵم بۆ دێنیٚ، منیش چاوەڕوانم کرد. هاتووە بە پارە بمکڕێت، خستوومیەتیٚ مزایەدەوە، لە هەژدە هەزارەوە دەستی پێکرد، پاشان یەکسەر بازی دا بۆ چل هەزار، دواتر هەڵی بوارد بۆ سەد هەزار، کە ئەوەتا بە چاوی خۆتان دەی بینن. بە هەرحاڵ، قسەی خۆی بردۆتە سەر! خودایا، ڕەنگی چەند زەرد بووە!.. هەر هەمووی ئەم بەزمە لە ماڵی گانیتشکا (گانیا)دا رووی دا. چوو بووم بۆ لای ئەو خانەوادەیەی کە بە تەما بووم ببیٚ بە خانەوادەی ئایندەم، چوو بووم سەری دایکی بدەم، کەچی خوشکەکەی، بەرەو رووی خۆم، هاواری کرد: " ئەریٚ کەسێك نییە ئەم بەرەڵڵاو هەرزەیە بکاتە دەرەوە ؟!" ئەوجا تا دەمی گرتی تفێکی کردە چارەی براکەی. بەمە دەڵێن کیژی بەشەخسیەت !

جەنەراڵ، کە خەریك بوو، بە شێوازی تایبەتی خۆی، وردە وردە سەر لە مەسەلەکە دەربکات، بە گلەییەوە گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا !

ناستاسیا گوتی:

– چیە جەنەڕال ؟ ئایا خراپم گوتووە، قسەکەم خراپە ؟ نا بەجێیە ؟ ئیتر بەسە، تاکەی تەمسیل بکەم ! من کە بە درێژایی پێنج ساڵی ڕابردوو، لە شانۆی فەرەنسیدا، لە لۆجەکەی خۆمدا وەکو پەیکەری پاکی و بێگەردی دادەنیشتم و کێویانە لە هەموو ئەوانەی لە دووم بوون، هەڵدەهاتم و وام دەنواند کە نموونەی پاکی و بێگەردیم، ئەوەم لە گەوجێتی بووە. تەمەشا، ئێستا پیاوێك هاتووە، وێڕای ئەو پێنج ساڵەی کە من بە ناوی پاکییەوە بە سەرم بردوون، بە بەرچاوی هەمووتانەوە، سەد هەزار ڕۆبڵی خستووەتە سەر مێزەکەم. لەوەیە گالیسکەیەکیش لەبەر دەرگادا چاوەڕوانم بێ و لە خزمەتما بێ. سەد هەزار ڕۆبڵی لە قەبەڵم کردووە ! گانیا، ئایا هێشتا لێم زویری ؟ هەڵبەتە ناتەوێ من بەریتە ناو خانەوادەکەت و تێکەڵی ئەوان ببم، منێك کە بۆ "خەڵکانی وەکو روگوژین باشم "! گوێت لێ نەبوو میرزادە، تۆزێ لەمەپێش چی گوت ؟

میرزادە، بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

– من هەرگیز نەمگوتووە بۆ روگوژین باشیت. تۆ لە خەڵکی وەکو روگوژین، خەساری.

داریا ئەلکسیڤنا لە پڕ هاواری کرد:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا! بەسە ئازیزەکەم! بەسە کۆترەکەم! ئەگەر لەمانە بێزاریت، ئەگەر ناڕەحەتت دەکەن، بۆچی مدارایان دەکەی، بۆچی هاونشینیان دەکەیت ؟ باشە ماقوولە دەگەڵ ئەم پیاوەدا بڕۆیت، با سەد هەزار ڕۆبڵیشت بداتێ ؟ ڕاستە سەد هەزار ڕۆبڵ کەم نییە! سەد هەزار ڕۆبڵەکە هەڵگرەو پاشان دەستی پێوە بنێ و لە کۆڵ خۆتی بکەوە. دەبێ بەمجۆرە مامەڵە لەتەك ئەو کەسانەدا بکرێت. ئەگەر من لە جیاتی تۆ بام، دەم و دەست خۆم لە شەڕی هەموویان رزگار دەکرد... هەر بەڕاستی وام دەکرد.

داریا ئەلکسیڤنا، گەیی بووە تینی. روحێکی میهرەبان و هەستیاری هەبوو.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بەدەم بزەیەکی تاڵەوە گوتی:

– توڕە مەبە داریا ئەلکسیڤنا، من بەتوڕەیی قسەم دەگەڵ گانیادا نەکرد. هیچ گلەییەکم لێکرد؟ ئەوەی ڕاستی بێ نازانم چ حەماقەت و گەوجێتییەك گرتبوومی کە دەمویست تێکەڵاوی خانەوادەیەکی شەریف و ئابڕوومەند ببم. دایکیم بینی و دەستیم ماچ کرد. گانیا، کە لە ماڵەکەی خۆتاندا گاڵتەم پێکردیت، بەئانقەست ئەو کارەم کرد، بۆ تاقیکردنەوەی تۆ بوو، دەمویست بزانم تۆ تا کوێ دەڕۆیت، تا چەند ئامادەی لە زەلکاوا ڕۆبچی. بەڕاستی لێتی ناشارمەوە کە سەرم لێت سوڕما. چاوەڕوانی زۆر شتم لێدەکردیت، بەڵام بەم ئەندازەیە نا! ئاخر تۆ چۆن دەتوانی من بخوازیت، لە کاتێکا سوور دەتزانی ئەم پیاوە مرواری پێشکەش کردووم و منیش، تۆزێ پێش ئەوەی خوازبێنیم بکەیت، لێم وەرگرتووە ؟ ئەدی دەربارەی روگوژین چ دەڵێی؟ لە ماڵەکەی خۆتا، بە بەرچاوی دایك و خوشکەکەتەوە، مزایەدەی لەسەر کردم. وێڕای ئەوەش هاتیتە خوازبێنیم؟ هەر باش بوو خوشکەکەت لەگەڵ خۆتا نەهێناوە. وادیارە روگوژین ڕاستی دەکرد کە دەیگوت، تۆ ئامادەیت، بۆ سێ ڕۆبڵان، تا دوڕگەی فاسیلیفسکی* بە چوار چنگۆڵان بڕۆیت ؟!

روگوژین، لە ناکاو، بەئەسپایی، بەڵام بە متمانەی تەواوەوە گوتی:

– ئا، ئامادەیە، دەڕوات و ئەولاتریش !

ناستاسیا فیلیپوڤنا لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– ئەگەر برسی بوایەی هەر نەیسە، دەمگوت نەهەقی نییە، برسێتی زەحمەتە، بەڵام وەکو بیستوومە، مووچەیەکی باش وەردەگریت! ئەوجاش، تۆ سەرباری نەنگ و عارەکەش، ئامادەی ژنێك بخوازیت کە رقت لێیەتی (من چاك دەزانم کە خۆشت ناوێم، دەمکورهێنی) نا، نا، ئێستا قەناعەتی تەواوم هەیە کە پیاوی وەکو تۆ ئامادەیە لە پێناوی پارەدا پیاو بکوژێت! خەڵکی ئەم زەمانە هەموو وان. تەماع و چاوچنۆکی کوێری کردوون، عەقڵی بردوون! تەنانەت منداڵانیش خەون بەوەوە دەبینن کە ببن بە سوتخۆر، یان چەقۆیەك لە پارچەیەکی ئاوریشمەوە دەپێچن و بەدزییەوەو هێدی هێدی دوای هاوڕێیەکی خۆیان دەکەون، تا وەکو بەرخە* کۆرپە گۆشاو گۆش سەری ببڕن ، ڕێك وەکو ئەو هەواڵەی کە لەم ڕۆژانەدا خوێندمەوە. تۆ پیاوێکی بێحەیاو حورمەتی. منیش ژنێکی بێحەیام، بەڵام تۆ خراتری. بەڵام سەبارەت بەو پیاوە، بەو دەستە گوڵە بۆنخۆشە، با جارێ باسی نەکەم...

جەنەراڵ، کە ئەو قسانەی زۆر لەبەر گران بوو، بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، هەڵیدایە:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئەوە تۆی ئەو قسانە دەکەی، باوەڕ بەگوێی خۆم ناکەم ؟! تۆ بەو هەموو هەست ناسکی و بیرە پاکەتەوە ئەو جۆرە قسەیە دەکەی ؟ ئەم زمانە زبرە، ئەم قسە ڕەقانە، قەت لە تۆ ناوەشێتەوە !

ناستاسیا فیلیپوڤنا لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

– جەنەراڵ، من هەنوکە مەستم، پێویستم بە تەشەرانە، پێویستم بەوەیە بەخەڵکێك ڕابوێرم، ئەمڕۆ ڕۆژی منە، ساڵیادی لە دایکبوونی منە، ئەو ڕۆژە خۆشەیە کە لە مێژە چاوەڕوانیم. داریا ئەلکسیڤنا، دەی بینی، ئەو ئاغایە، ئەو دەستە گوڵە بۆنخۆشە دەبینی؟ ئەو چەپکە کامیلیایە دەبینی کە لەوێندەر دانیشتووەو بە ئێمە پێدەکەنێ..

توتسکی، بە ویقارەوە بەرسڤی دایەوە:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا، من پێناکەنم. من تەنیا بەوپەڕی هوشیارییەوە گوێ دەگرم.

ناستاسیا، لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– دەی بینی. بۆچی بە درێژایی پێنج ساڵ ئەزیەتم دەداو نەمدەهێشت بڕوات ؟ ئاخۆ شایستەی ئەو هەموو عەزابە بوو ؟ هەڵبەتە بەڵێ، بێ زیادو بێ کەم... هێشتا ئەو پێی وایە من دەرهەق بەو خەتابارم، غەدرم لێکردووە. ئاخر ئەو وەبەر خوێندنی ناوم و پەروەردەی کردووم، وەکو دۆتمیرێك سەرپەرشتی و بەخێوی کردووم.. بە ئارەزووی خۆم مەسرەف کێشاوم، هەرگیز پارەی بۆ من لە چاو نەبووەو لەو ڕووەوە درێغی لێنەکردووم ! تەنانەت لە خەمی ئەوەشدا بووە کە مێردێکی پیاوانەو ئابڕوومەندم بۆ پەیدا بکات و ئەم گانیایەی بۆ دۆزیومەتەوە. کەچی بەو حاڵەشەوە، باوەڕ دەکەی کە لە زەرفی ئەم پێنج ساڵەدا لە گەڵی نەژیاوم، بەڵام پارەشم لێی وەردەگرت و بە هەقی خۆمم دەزانی؟ بەو ڕادەیە شتەکان لە ئەقڵ و بیرکردنەوەمدا تێکەڵ بوو بوون! تۆ دەڵێی ئەگەر ناڕەحەتم، سەد هەزار ڕۆبڵەکە هەڵگرم و ئەو کوڕە گەنجەی کە پێشکەشی

کردووم، له ماڵەکەم وەدەرنێم... دروستە نا پەسندە، بە دڵم نیە... ئەگەر لە شووکردن بوومایە، لە مێژ بوو دەمتوانی شوو بکەم... دەمتوانی شوو بە کەسێکی زۆر باشتر لە گانیا، بکەم، بەڵام ئەوەشم بە کارێکی ناپەسند دەزانی. کەواتە بۆچی تێکڕای ئەم پێنج ساڵەم بە ڕق و کینە بردە سەر ؟ باوەڕدەکەی هەندێجار، بەر لە چوار ساڵ، بیرم لەوە دەکردەوەو لەخۆم دەپرسی: "باشە بۆچی شوو بە ئافاناسی ئیڤانوڤیچی هاوڕێم نەکەم ؟" ئەو بیرکردنەوەیەشم زادەی ڕق و کینە بوو. مەگەر هەر خوا بزانێ ئەو دەمانە چیم بە مێشکا دەهات ! هەڵبەتە دەمتوانی ناچاری بکەم بمخوازێت ! باوەڕدەکەی، بە خۆی داوای ئەوەی لێدەکردم، ئاوی بە کەوشەکانما دەکرد ؟ ڕاستە درۆی دەکرد، بەڵام تاوی بەری دابووی لە سەری. بەڵام شوکر بۆ خوا، ئەوساکە بیرم کردەوەو گەیمە ئەو قەناعەتەی کە ئەو هەموو قینە نایەنێ کە من لێم هەڵگرتووە ! پاشان لە ناکاوا ئەوەندە ڕقم لێی هەستا کە ئەگەر خوازگاری بکردمایە، جوابم دەکرد . ئیدی ئەو شانۆییە پێنج ساڵی خایاند! نا، نا، بکەومە سەر شەقامان باشترە، شوێنی ڕاستەقینەی من شەقامانە! یان ماوەیەك دەگەڵ ڕوگوژیندا ڕابوێرم، یان لە سبەیەوە بکەومە جلشۆری ماڵان! ئاخر من بەخۆم هیچم نیە، خاوەنی هیچ شتێك نیم، ئەگەر بڕۆم، هەموو شتەکانی بۆ فڕێی دەدەم، هەموو شتێك، تەنانەت سیپاڵەکانیشم، هەنگێ کە هیچم نەبێ، کێ ئامادەیە بیەوێم؟ لە گانیا بپرسە: ئایا بەو حاڵەوە دەیەوێم ؟ تەنانەت فردیش چینکۆش پێم قاییل نابێت !...

فردیش چینکۆ، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– ڕەنگە فردیش چینکۆ پێت ڕازی نەبێ ! من کەسێکی ڕاستگۆو قسە لە ڕووم، بەڵام لەوەیە میرزادە بەو حاڵەوە بیەوێی. تۆ گلەیی لە بەختی خۆت دەکەی، شین بۆ خۆت دەگێڕی، دە تەمەشایەکی میرزادە بکە ! ماوەیەکی زۆرە من چاودێری دەکەم...

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە کونجکاوی ئاوڕی لای میرزادەی دایەوەو پرسی:

– ڕاست دەکات ؟

میرزادە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ڕاست دەکات.

– یانی، هەر ئاوها، بە بێهیچ شتێك، دەمخوازیت ؟

– بەڵێ، ناستاسیا فیلیپوڤنا !...

جەنەراڵ، لە بن لێوانەوە گوتی:

– سەوداو مامەڵەیەکی باشە ! ئەمە شتێکی تازەیە !... دەبوایە پێشبینی ئەوە بکەین !

میرزادە، بە نیگایەکی خەمناك، وردو جدی، تەمەشای ناستاسیا فیلیپوڤنای دەکرد، کە هێشتا چاوی بڕی بووە ئەو.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، سەر لە نوێ ڕووی کردەوە داریا ئالکسیڤناو گوتی:

– ئەمەش یەکێکی دی ! بە ڕاستیەتی، لە دڵپاکی خۆیەوە ڕازییە، ئاخری یەکێکی دروستکاری خێرەومەندم دۆزییەوە، ئەگەرچی ڕەنگە ئەو قسانەی دەربارەی وی دەکرێن ڕاست بن، کە گوایە تۆزێك !... ئەمە زۆر گرینگ نیە. جا میرزادە تۆ کە بەو ڕادەیە دڵبەستەم بوویت کە ئامادەبیت

بمخوازیت، لە کاتێکا من ماشقەی (روگوژین)م مەگەر هەر بە کەڵکی خەڵکی وەکو روگوژین بێم، باشە بە تەمای بە چ پارەو پولێك، بە چ سەروەتو سامانێك بژیت ؟

میرزادە گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا، من تۆ بە ژنێکی دروستکارو ئابڕوومەند دەزانم، نەك بە ماشقەو قەپاتمەی روگوژین.

– من ؟ من ژنێکی دروستکارو ئابڕوومەندم ؟ من ؟

– بەڵێ تۆ .

– ئەمانە قسەی خەیاڵین، شیعرن، کۆن بوون، باویان نەماوە میرزادە... خەڵکی ئێستا لەوە چاوکراوەترن بەو دوعایانە بڵێن ئامین، ئەوەی تۆ دەیڵێی قسەی هەلەق و مەلەقە! ئاخر تۆو مێردایەتی کوجا مەرحەبا، تۆ خۆت پێویستت بە یەکێکە خزمەتت بکات. یانی تۆ پێویستت بە پەرستارە نەك بە هاوسەر ؟

میرزادە هەستا، بە دەنگێکی لەرزۆك و شەرمنانە، بەڵام لە هەمان کاتدا پڕ باوەڕو متمانە، گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا، من هیچ نازانم.. هیچم نەدیتووە.. لەم رووەوە تۆ ڕاست دەکەی، هەق بە تۆیە... بەڵام من، من وا وێنا دەکەم کە تۆ شانازی بە من دەبەخشیت، نەك من بە تۆ، من هیچ نیم. بەڵام تۆ بەو هەموو ڕەنج و ئازارەوە، سەربەرزو روو سوور، لە بۆتەی تاقیکردنەوە دەرچوویت، کە پاك و بێگەرد لە دۆزەخێکی ئاوها دەرچوویت. ئەمە کەم نییە. ئیدی بۆچی دەبێ هەست بە نەنگی و شەرمەزاری بکەیت، سەری خۆت هەڵگریت و ڕەدووی روگوژین بکەویت؟ پێدەچێ ئاگات لە خۆ نەبێ.. تۆ هەفتاو پێنج هەزار ڕۆبڵەکەت دایەوە بەسەر جەنابی توتسکی دا، تۆ دەڵێی دەست لەم خانووەو هەرچیەکی تێدایە، هەڵدەگریت و بۆ ئەوی بەجێ دێڵی. لێرەدا هیچ کەسێك ناتوانێ ئەو کارەی تۆ بکات. من... ناستاسیا گیان.. من خۆشم دەوێی. ئامادەم گیانم فیدای تۆ بکەم. ناستاسیا فیلیپوڤنا، رێگە نادەم هیچ کەسێك لە عەلەیی تۆ بڵێ ناستاسیا فیلیپوڤنا. ئەگەر هەژار بین، من کاردەکەم ناستاسیا فیلیپوڤنا، گیان گیان...

کە فردیش چینکۆو لیبدیف گوێیان لەو قسانەی میرزادە بوو، کەوتنە تەوسخەن. تەنانەت جەنەڕاڵیش پەست بوو و لە جێی خۆیەوە پیشی دەخواردەوەو داخی هەڵدەکێشا ! پتیتسن و توتسکی– ش خۆیان پێنەگیراو بزەیان هاتێ، بەڵام باش بوو زوو جڵەوی خۆیان گرت. هەموو میوانەکانی دیکەش لە سەرسامیدا دەمیان داچەقاند بوو.

میرزادە، بە هەمان دەنگی شەرمنانە لە سەری ڕۆیی:

– کێ دەڵێ هەژار دەبین، لەوەیە هەژار نەبین، بەڵکو زۆریش دەوڵەمەند ببین ناستاسیا گیان، من لە هیچ شتێك دڵنیا نیم و بەداخەوە تاکو ئەمڕۆش هەر هەوڵێکم بۆ دڵنیا بوون داوە، بێئاکام بووە. بەڵام کە لە سویسرا بووم، نامەیەکم لە مۆسکۆوە، لە پیاوێکەوە بە ناوی سالازکین، پێ گەیی، ئاگادارم دەکاتەوە کە داوای هەقی خۆم بکەم و پێدەچێت میراتێکی زۆر زۆرم بەر بکەوێت. فەرموو ئەمە نامەکەیە...

میرزادە، بە ڕاستی، نامەیەکی لە بەرکی دەرهێنا.

جەنەراڵ لەبەر خۆیەوە پرتاندی:

– توخوا ئەمە قسەی هەلەق و مەلەق نیە ؟ ڕەنگە شێت بووبێ ! چما ئێرە شێتخانەیە ؟

بێدەنگی بۆ ساتێ باڵی بەسەردا کێشان.

پتیتسن گوتی:

– میرزادە، گوتت سالازگین ئەو نامەیەی بۆ ناردوویت ؟ ئەو پیاوە، بزنس مانێکی زۆر بە ناوبانگ و ناسراوە، لە کاری خۆیدا، زۆر کارامەیە، ئەگەر بە ڕاستی ئەو نامەکەی بۆ ناردبیت، ئەوا خاترجەم بە، دڵنیای دڵنیابە. خۆشبەختانە من دەسوخەتی دەناسمەوە، ئیمزاکەی دەناسمەوە، چونکە لەو دواییانەدا کارێکم کەوتبووە لای ئەو. ئەگەر یارمەتیم بدەی، تەمەشایەکی نامەکە بکەم، لەوەیە بتوانم ئەم گرێ کوێرەیەت بۆ بکەمەوە.

میرزادە، بە بێدەنگی، بەدەستێکی لە رزۆك نامەکەی بۆ درێژ کرد.

جەنەراڵ، ڕاچڵەکی، بە سەرسامی ڕوانیە ئامادەبووان و گوتی:

– چی ؟ چیە ؟ بەڕاستی باسی بەشە میراتە ؟

کە پتیتسن نامەکەی دەخوێندەوە، تێکڕای ئامادەبوان چاویان بڕی بووە ئەو، هێندەی دی حەپەسان. فردیش چینکۆ، ئۆقرەی لێبڕا بوو، جێی بەخۆی نەدەگرت، روگوژین شۆك بوو بوو، هایم و حەیران، پەریشان و نیگەران، جارێ تەمەشای میرزادەی دەکردو، جارێ دەیڕوانییە پتیتسن.

داریا ئالکسیڤناش، دەتگوت لەسەر ئاوو ئاگرە، تەنانەت (لیبدیف)ش سەبری سوا، لە جێگاکەی خۆی هەستا، چووە پشتی پتیتسنەوە، دوو لۆخۆی کۆماندەوە تا لەسەر شانی ئەوەوە نامەکە بخوێنێتەوە، لە یەکێك دەچوو ترسی ئەوەی هەبێ لە سەر ئەم فزوڵیەتەی، لە ناکاودا زللەیەکی مزری لە پەناگوێ بسرەون .

پەراوێز:

*– "... کاتیای...": سووکەڵە ناوی "کاترین"ە.

*– "... مارلینسکی...": ناوی ئەدەبی نووسەری دیسامبەری ئا. ئا. بستوگیف (١٨٠٧–١٨٣٧) کە وەکو سەربازێکی سادە بۆ قۆقاز نەفی کرا، لەوێ زنجیرە ڕۆمانێکی مێژوویی بە شێوازێکی گۆنگ و ئاڵۆز نووسی.

* –"... رۆژنامەی هەواڵی بۆرسە..": رۆژنامەیەکی رۆژانە بووە کە لەو رۆژگارەدا لە پترسبۆرگ دەرچووە.

* – "... پاشا...": سووکەڵە ناوی (بیلاگیا ئوباراسیڤا) یە.

* –"... فاسیلیفسکی...": (یان فاسیلی ئوستروڤ)، گەڕەکێکی پایتەخت بووە، کەوتبووە دوورگەیەکەوە.

* -"... چەقۆیەك لە پارچەیەكی ئاوریشمەوە دەپێچن": لە ساڵی ١٨٦٦دا بازرگانێكی گەنجی خەڵكی مۆسكۆ بە نێوی مازورین، هاوڕێیەكی جەواهێرفرۆشی خۆی بە نێوی كالمیكوف، بۆ ماڵەوە دەعوەت دەكات و دەیكوژێت. ئەم بازرگانە گەنجە كەچڕەوە، دوو ملێون بەشە میراتی پێدەبڕێت، هەر هەمووی بە فیڕۆ دەدات. دۆستویفسكی وەكو نموونەیەك، هەندێ خەسڵەتی ئەوی، لە روگوژیندا بەرجەستە كردووەتەوە.

## فەسڵی شازدەیەم

پتیتسن، ئەنجام نامەكەی قەد كردو دایەوە دەست میرزادەو گوتی:

- ئەم مەسەلەیە تەواوە، هیچ چەندو چوونێك هەڵناگرێت. زۆر بە ئاسانی، بەگوێرەی وەسێتی ئارەزوومەندانەو بنجبڕی پورت، دەبیت بە خاوەنی سەروەت و سامانێكی یەجگار زۆر.

جەنەراڵ، هاواری كرد:

- ماقووڵ نییە ؟

هاوارەكەی جەنەراڵ، هاوار نەبوو! وەكو بۆمبا تەقییەوە.

هەموو ئەوانی دی، هایم و حەیران، لە سەرسامیدا دەمیان داچەقاند بوو.

هەنگێ. پتیتسن، كە بە ئانقەست، زیاتر ڕووی دەمی كردبووە ئیڤان فیدرورڤیچ، كەوتە باسكردنی مەسەلەكەو گوتی: میرزادە پورێكی هەبووە كە پێنج مانگ لەمەپێش مردووە، هەر چەندە خوشكی گەورەی دایكی میرزادە بووە ، لێ میرزادە نە ناسیویەتی و نە ڕۆژێ لە ڕۆژان دیتوویەتی. لە بنەماڵەی پاپوشین بووە، بابی بازرگانێكی نمرە سێی مۆسكۆ بووە، نابووت بووەو بە نەداری و هەژاری مردووە. بەڵام برا گەورەكەی ئەم پیاوە، كە لەم دواییانەدا مردووە، بازرگانێكی یەجگار دەوڵەمەند و بەنێو بانگ بووە. دوو كوڕی دەبن كە ساڵێ لەمەپێش هەردووكیان، لە زەرفی یەك مانگدا دەمرن، ئیدی كابرا لە سووی كوڕەكانی نەخۆش دەكەوێت و دەمرێت. ئەمە بێوە پیاو بووە، هیچ میراتگرێكی نەبووە، جگە لە كیژی برایەكەی، كە دەكاتە پوری میرزادە، ئەم ئافرەتە، ئافرەتێكی زۆر بێنەوا دەبێ و لە ماڵان دەژی. وەختێ بوو بە خاوەنی ئەو میراتیە، نەخۆش بوو، تووشی نەخۆشی ئاوبەند (ئیسقایی) بوو بوو، پێی بە لێو قەبرەوە بوو. ئیدی روو لە سالازكین دەنێت كە تاقیبی میرزادەی بۆ بكات و سالازكینی كرد بە سەر وەسێتی خۆی و فریاكەوت وەسێتنامەیەكی پێ بنووسێت. وا دیارە نە میرزادەو نە ئەو دكتۆرەی لە سویسرا پەرستاری دەكرد، چاوەڕوانی یەك لایی بوونەوەی فەرمی مەسەلەكەیان نەكردووەو میرزادە نامەكەی سالازكینی لە بەرکی ناوەو یەكڕاست بۆ رووسیا گەڕاوەتەوە...

پتیتسن، رووی لە میرزادە كردو بەمە كۆتایی بە قسەكانی خۆی هێنا:

- من ئەوەندە دەزانم كە هیچ گومانێك لەسەر یاسایی بوونی ئەم مەسەلەیە نییە، بۆیە نامەكەی سالازكین، سەبارەت بە هەقی تۆ، شتێكی حاشاهەڵنەگرە، ئەو قسانەی ئەو وەكو ئەوەیە حاڵی

حازر پارەکەت لە تەنکەی باخەڵدا بێت. پیرۆزباییت لێدەکەم میرزادە. لەوەیە ملیۆن و نیوێك یان زیاترت پێ ببڕێت، پاپۆشین پیاوێکی یەجگار زەنگین و دارا بوو

فردیش چینکۆ هاواری کرد:

– بژی میرزادە میشکین ، دوا پاشماوەی ماڵباتی میرانی میشکین.

لیبدیف، بە دەنگێکی گڕی مەستانە هاواری کرد:

– با بژی !

جەنەراڵ، حایرو حەپەساو گوتی:

– خودایا ! خۆ ئەمڕۆکە من بیست و پێنج ڕۆبلم بە قەرزدایە، بەزەییم پێیدا هاتەوە!... ها. ها. ها. شتێکی سەیرە، لە خەیاڵ سەیرترە ! دەی لێت دا، پیرۆزە گیانە !

جەنەراڵ، بەدەم ئەو قسانەوە هەستا، بەرەو پیری میرزادە چوو، تا ماچی بکات. ئەوانی دیکەش بە چاولێکەری ئەو هەستان، چوون تەوقەیان دەگەڵ میرزادە کردو پیرۆزباییان لێکرد. تەنانەت ئەوانەیش کە چوو بوونە ژوورەکەی تەنیشتەوە، سەر لە نوێ هاتنەوە نێو هۆڵەکە. ئیدی بوو بە هەراو زەنایەك ئەوسەری دیار نەبێت، هەرکەسەو لە ئاوازێکی دەخوێند، لە نێو هەراو زەناکەوە، کۆمەڵێك دەنگ بەرز بووەوە کە داوای شامپانیایان دەکرد. جەنجاڵی و هەراو هوریایەکی ئەوتۆ بوو، کە بۆ چەند ساتێك کەس ناستاسیا فیلیپوڤنای لە بیر نەما. پاشان وردە وردە ئەوەیان بیرکەوتەوە کە میرزادە تۆزێ لەوە پێش پێشنیازی بۆ کردبوو کە شووی پێبکات، ئیدی خەڵکەکە زیاتر هاڕوژان. توتسکی سەرسام و حیرەت زەدە، هەر ئەوەندەی پێکرا شانەکانی هەڵتەکێنێ، لە نێو هەموانا، تاقە کەس بوو کە هێشتا لە جێی خۆی دانیشتبوو. ئەوانەی دی هەموو سەرقاڵ و جەنجاڵ بە دەوری مێزەکەدا دەهاتن و دەچوون، پاشان هەموو ئەوەیان دووپات کردەوە کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، لەو دەمەدا سەراسیمە بوو بوو.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە جێی خۆی دانیشتبوو، بۆ ماوەیەك سەرسام و حەپەساو، کەوتە تەمەشای دەوروبەرو، میوانەکانی، وەکو ئەوەی بیەوێ سەر لەم مەسەلەیە دەربکات. ئەوجا لە ناکاودا ئاوڕی لە میرزادە دایەوە، بە دیقەت زەینی دایەو برۆکانی وێکهێنانەوە. بەڵام ئەم حاڵەتە تەنیا یەك ساتی خایاند، وەك ئەوەی لە پڕێکا، خەیاڵێك پێی بڵێ، ئەمە بەشێکە لە گاڵتەجاڕییەك و هیچی تر. بەڵام کە میرزادەی بینی، بەلەز لەو خەیاڵە خەلەسی، جارێکی دی لە فکران ڕاچوو و بە تەواوەتی نەیدەزانی بۆچی بزەیەکی گونگ و نا مەفهووم لەسەر لێوی نیشتەوە...

ناستاسیا، لەبەر خۆیەوەو بە تەوسەوە گوتی:

– یانی بەم پێیە دەبم بە میرزادەژن !

هەنگێ، بە بێویستی خۆی، نیگایەکی داریا ئەلکسیڤنای کرد، لە قاقای پێکەنینی دا. لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیی و گوتی:

– وەك دەڵێن هەندی بمێنی، دەیبینی! ئەمەم هەر لە بیرو خەیاڵ نەبوو. مردنم لە بیر بوو، ئەمەم لە بیر نەبوو... گەلۆ بۆچی وەستاون ؟ خانمان، ئاغایان فەرموو دانیشن، پیرۆزبایی لە من و

میرزاده بکەن ! ئەریٚ پیٚموایە یەکیٚك داوای شامپانیای کرد. ئادەی فردیش چینکۆ، هەڕو بلٚیٚ شامپانیا بیٚنن! ناستاسیا فیلیپوڤنا کە چاوی بە هەردوو کارەکەرەکەی، کاتیاو پاشا، کەوت لەبەر دەرگا وەستاون گوتی: "کاتیا، پاشا، وەرنە ئیٚرە! بیستتان کە شوو دەکەم ؟ شوو بە میرزادە دەکەم، ئیٚستا خاوەنی یەك ملیۆن و نیوە، میرزادە میشکینەو داوام لیٚدەکات شووی پیٚبکەم !

داریا ئەلکسیڤنا، کە ئەم رووداوانە بە تەواوەتی هەژاندبوویان هاواری کرد:

– گیانەکەم، ئەمە شتیٚکە خوا بۆی ناردوویت، ڕەفزی مەکە. ریٚوی بە پیرتەوە هاتووە، ئەم دەرفەتە لە کیس خۆت مەدە...

ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە سەر قسەکەی خۆی ڕۆیی:

– میرزادە وەرە لای منەوە دانیشە، ئالیٚرەدا، بەلٚیٚ ریٚك لیٚرەدا، فەرموو ئەوەش شامپانیا. دەی بەریٚزینە، دەی بەخۆشی و بەسەلامەتی ئیٚمە، پیٚك هەلٚدەن، بخۆنەوە.

چەند دەنگیٚك کەوتنە هوراکیٚشان:

– پیرۆزە !

ئیدی هەموو بەکۆمەلٚ، بەسەر قاپە شامپانیاکاندا دابارین، بە تایبەتی دارو دەستەکەی روگۆژین. بەلاٚم گەلیٚك لە ئامادەبووان، سەرباری ئالۆزی وەزعەکەو ئەو جەنجالٚی و هەراو هوریایەی لە ئارادا بوو، هەستیان دەکرد جەوەکە خەریکە دەگۆڕیٚ و، سەرسامو حەپەساو چاوەڕوانی ئەنجامو ئاکامی ڕووداوەکان بوون. هەندیٚکیان بە گویٚی یەکیانا دەچپاند کە ئەم جۆرە ریٚکەوت و حالٚەتانە زۆر ئاساییە: میرزادان زۆرجار هەر ئافرەتیٚکیان بۆ ریٚکەوتبیٚ خواستویانەو تەنانەت کچە قەرەجیشیان ڕەدوو خستووەو خواستویانە، بەلاٚم روگۆژین، ڕەق راوەستا بوو و تەمەشای دیمەنەکەی دەکردو، دەموچاوی گرژو مۆن، تروسکەی روناکی لیٚ بەدی نەدەکرا.

جەنەرالٚ، بە دزییەوە خۆی گەیاندە لای میرزادە، بە ئەسپایی بەگویٚیدا چپاند:

– میرزادە، دۆستی ئازیز، پیاوی چابە، کەمیٚك وەهۆش بیٚرەوە !

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بینی، گویٚی لە قسەکانی بوو، لە قاقای پیٚکەنینی دا، گوتی:

– نا، نا جەنەرالٚ ! من هەنوکە میرزادە خانمم، ئەدی بەخۆت گویٚت لیٚنەبوو ؟ تازە تەواو، میرزادە هەنوکە ریٚگە بە کەس نادات بیٚ حورمەتیم بەرانبەر بکریٚت ! ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، بۆچی پیرۆزباییم لیٚناکەیت ؟ لە ئیٚستا بە دواوە دەتوانم لە هەر کۆڕو مەجلیسیٚکدا، شان بە شانی ژنەکەی تۆ دانیشم. چ دەلٚیٚی ؟ پیٚت وا نیە لە سایەی ئەمجۆرە میٚردەوە زۆر شت بە دەست بیٚت؟ یەك ملیون و نیو... سەروەتیٚکی یەك ملیۆن و نیوی... ناوو شۆرەت و نیٚوبانگ، میرو میرزادە... ویٚرای هەموو ئەوەش وەك هەندیٚك دەلٚیٚن گەمژەشە... ئیدی چی لەوە باشتر دەبیٚ ؟ ژیانی خۆشی من لە ئیٚستاوە دەست پیٚدەکات ! روگۆژین، فریا نەکەوتی، زۆر دیٚر کەوتی! پریاسکەکەت هەلٚگرەوە. من شوو بە میرزادە دەکەم، من لە تۆ دەولٚەمەندترم !

بەلام روگوژین، کە بۆی دەرکەوتبوو، وەزع و حاڵەکە بەرەو کویٚ دەڕوات، داخ و کەسەرێکی لە بن نەهاتوو، لەسەر سیمای نەخشی بەست. دەستەکانی لێك بڵاوکردەوە، ناڵەیەکی بەژانی کرد، روو لە میرزادە هاواری کرد:

– دەستی لێهەڵگرە !

ئامادەبووان، لە قاقای پێکەنینیان دا.

داریا ئەلکسیڤنا، هەڵیدایەو گوتی:

– لەبەر خاتری تۆ دەستی لێهەڵگریٚ، وانا ؟ ئێوە تەمەشا، ئەم کابرایە، چۆن وەکو دێهاتی پارەکەی دەخاتە سەر مێزەکە ؟! میرزادە دەیخوازێت، دەیکات بە هاوسەری خۆی. بەلام تۆ هاتووی بەم رەفتارە نەنگینە خۆت بنوێنی، ئەمە چ حەیاچوونێکە !

– منیش دەیخوازام ! یەکسەر، هەر ئێستا دەیخوازم. هەرچییەکی بویٚ، بۆی دەکەم...

داریا ئەلکسیڤنا، بە پەستی لە سەری ڕۆیی:

– دەتۆ تەمەشای ئەم مەستە بیٚ هۆشە ! تۆ پێویستە بە پاڵ لێرە وەدەربنرێی !

قاقای پێکەنین بەرزتر بووەوە.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، ڕووی کردە میرزادەو گوتی:

– گوێت لێیە میرزادە ؟ بڕوانە ئەم دێهاتیە بزانە چۆن مزایەدە لەسەر دەزگیرانەکەی تۆ دەکات ؟

میرزادە گوتی:

– مەستە، بەلام زۆری خۆش دەویٚی.

– یانی پاشان، کە بیرت بکەوێتەوە، لەزگ بوو دەزگیرانەکەت بەگەڵ روگوژین بکەویٚ، هەست بە شەرمەزاری ناکەی؟

– ئاخر تۆ ئاسایی نەبوویت، ئاگات لە خۆ نەبوو، هێشتاش هەروایت، لەوە دەچوو وڕێنە بکەی.

– باشە ئەگەر سبەی، خەڵکی پێت بڵێن توتسکی ژنەکەی بەخێو دەکردیت و ژنەکەت قەپاتمەی ئەو بوو، هەست بە نەنگی و شەرمەزاری ناکەیت ؟

– نا، نەخێر، هەست بە شەرمەزاری ناکەم !... چونکە ئەوە بەخوایشتی خۆت نەبووە !

– یانی ڕۆژیٚ لە ڕۆژان ئەوەم بە چاوا نادەیتەوە ؟

– نا، هەرگیز !

– ئاخر ئاگادار بە ! بە دەستی خۆت بۆ هەتا هەتایە خۆت تووش مەکە ! ئەمە کارێکی زەحمەتە ها!

میرزادە، بە هێمنی و بە جۆرە سۆزێکی بەزەیی ئامێزەوە گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا، تۆزیٚ لەمەپێش گوتم رەزامەندی تۆ بۆ من شانازییە، گوتم تۆ شانازی بە من دەبەخشیت، نەك بە پێچەوانەوە! تۆ گاڵتەت بەو قسانەم هات، پێکەنینت بەو قسانەم هات، هەروەها گوێم لە پێکەنینی ئەوانەی دەوروبەریشم بوو. لەگینە دەربڕینی مەبەستەکەم هەندیٚ کۆمیدی بوو بیٚ، دیمەنی خۆیشم مایەی پێکەنین بووبیٚ، بەلام وێڕای هەموو ئەمەش دڵنیام کە لە مانای شەرەف دەگەم و دڵنیام کە حەقیقەتم گوتووە، درۆم نەکردووە. چیوای نەمابوو کە بە

دەستی خۆت ژیانت بەیەکجارەکی ویران بکەی، خۆت بفەوتێنی، ئەگەر شتی وات کردبا، هەرگیزاو هەرگیز لە لۆمەی خۆت دەرنەدەچوویت و قەت لە خۆت خۆش نەدەبووی، جا چونکە پاك و بێ گوناهیت، نەدەبوو ژیانت بە یەکجارەکی بە فیڕۆ بچێت. چی تیایە ئەگەر روگوژین هەوڵی بۆ دابیت، تەماحی تێکردبیت یان گاڤریلا ئاردالیونوڤیچ ویستبی فریوت بدات ؟ بۆچی ئەوەندە ئەمە دەڵێیتەوە، بۆ کردووتە بەخەم ؟ دووبارە دەکەمەوە، ئەوەی تۆ کردووتە بە کەم کەس دەکرێت. بەڵام مەسەلەی بڕیاری رۆییشتنت دەگەڵ روگوژیندا، بڕیارێکی نا ئاسایی بوو، تۆ لە خۆش بوویت، ئاگات لە خۆ نەبوو، هێشتاش هەر نەخۆشیت تات لێیە، باشتر وایە بچی بخەویت. ئەگەر دەگەڵ روگوژیندا بڕۆیشتبای، بۆ سبەینێکەی بەجێت دەهێشت و دەکەوتیتە جلشۆری ماڵان. ناستاسیا فیلیپوڤنا تۆ کەسێکی زۆر بە غروورو نەفس بەرزی، بەڵام ئەوەندەت بەدبەختی کێشاوە کە خۆ بە خۆ هەستی گوناهباری لە خۆت باردەکەی، تۆ پێویستت بەچاودێری و مدارایە، بەڵام خەمت نەبێ، ئەمە لێگەڕە بۆ من. ئەمڕۆکە بەیانی، کە یەکەمجار وێنەکەتم بینی، هەستم کرد ئەم دەموچاوەم دیتووە، دەیناسم. یەکسەر هەستم کرد کە بانگم دەکەیت... من.. من زۆر حورمەتت دەگرم ناستاسیا فیلیپوڤنا.

میرزادە، کە گەییە ئێرە، لە ناکاودا، بێدەنگ بوو. کاتێ کە وەئاگا هاتەوە کە لە حوزوری چ جۆرە خەڵکانێکدا قسان دەکات، لە شەرما سوور بووەوە.

پتیتسن، لە شەرما سەری داخستبوو و دەیڕوانیە ئەرزەکە. توتسکی لە دڵی خۆیدا گوتی: "رەنگە گەمژە بێت، بەڵام دەزانی هیچ چەکێك ناگاتە چەکی روپامایی و ستایش و پێدا هەڵدان. باش و خراپ لێکدی جیا دەکاتەوە، خۆڕسك ئەمە دەزانێ !" لەم کاتەدا میرزادە، نیگای لەنیگای گانیا، کە گڕیانی لێدەباری، هەڵەنگوت، بە ڕقێکی ئەوتۆوە تەمەشای میرزادەی دەکرد، بەو بوایە هەر لەوێدا، بیکات بە قەرە برووت.

داریا ئەلکسیڤنا کە سۆزو میهری لێدەباری، بە دەم سۆزو گودازەوە گوتی:

– ئەمەش ئەو پیاوە دڵپاکەی کە لێی دەگەڕای !

جەنەراڵ، لە بن لێوانەوە گوتی:

– پیاوێکی پاك و رۆشنبیر، بەڵام لێ بووەتەوە !

توتسکی کڵاوەکەی هەڵگرت و خۆی ئامادە کرد تا بەخشکەیی و بێئەوەی کەس پێی بحەسێت بۆی دەرچێت. خۆی و جەنەراڵ، بە تیلەی چاو قەراری رۆییشتنیان دا.

ناستاسیا فیلیپوڤنا گوتی:

– سوپاس* میرزادە، تاکو ئێستا هیچ کەسێك بەمجۆرە قسەی دەگەڵ نەکردووم، ئەمە یەکەمجارە گوێم لە قسەی وا ببێت. دەیان خستمە مزایدەوە، مزایەدەیان لەسەر دەکردم، بە پارە دەیان قەبڵاندم، بەڵام هیچ پیاوێکی ئابڕوومەندو پیاوانە، ڕۆژێ لە ڕۆژان بە مەبەستی خواستن لێم نەهاتووەتە پێشەوە. ئافاناسی ئیڤانوڤیچ گوێت لێبوو؟ قسەکانی میرزادەت بەلاوە چۆنە ؟ رەنگە بەلای تۆوە جۆرە گوساخییەك بێ ؟ روگوژین، پەلەی رۆییشتنت نەبێ، تۆزێ بوەستە ! هەر

چەندە پێناچێ نیازی رۆییشتنت هەبێ، لەگینە هێشتا ئەگەری ئەوە مابێ بەگەڵ تۆ بکەوم. ئەگەر بەگەڵت بکەوم بۆ کوێم دەبەی ؟

لیبدیف، لە جێی خۆیەوە گوتی:

– بۆ یەکاتیرنهوف*.

روگوژین، لەم کاتەدا، ئەبڵەق و حەپەساو، پڕ بە هەردوو چاو تەمەشای دەکرد، لە تۆ وایە باوەڕ بە گوێی خۆی ناکات. وەکو یەکێك لە ناکاوا، یەکێکیان بەسەریا کێشابێ، شۆك بوو بوو.

داریا ئەلکسیڤنا، بە ترسەوە هاواری کرد:

– ئەوە تۆ چ دەڵێی گیانە ؟ مەگەر شێت بووی ؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بەدەم قاقای پێکەنینەوە، لە کورسیەکەی هاتە خوارەوەو گوتی:

– لێت بووە بە ڕاست ؟ تۆ پێت وایە بتوانم ژیانی ئەم پەپولە بێگەردە، وێران بکەم ؟ ئەمە لە ئافاناسی ئیڤانوڤیچ دەوەشێتەوە، نەك من، ئەو فێرە ژیان لە خەڵکی بێگەردو بەستەزمان حەرام بکات، دەی روگوژین خۆت ئامادە بکە، سەفتە پارەکە حازربکە ! گرینگ نییە بمخوازیت، گرینگ ئەوەیە پارەکەم بدەیتێ. لەگینە رازی نەبم شووت پێبکەم. چما وات دەزانی ئەگەر باسی خواستن بکەی، ئیدی پارەکە بۆ خۆت هەڵدەگریتەوە ؟ بیرکردنەوەیەکی قۆڕە ! بەو ڕادەیەش دەبەنگ نیم. تا حەزکەی بێحەیاو بێ چاوو ڕووم، من ماشقەی توتسکی بووم، بە ئاشکرا لەگەڵیم ڕادەبوارد!... میرزادە، تۆ پێویستت بە ئاگلایا یەپانچینە نەك بە ناستاسیا فیلیپوڤنا. ئەگەر ئەم گەوجاتیەت کردبا دەبووی بە داستان و دەکەوتیتە سەرزاران، دەبووی بە بنێشتە خۆشەی ژێر دانان، تەنانەت پیاوێکی وەکو (فردیش چینکۆ)ش، لێی دەخوێندی ! ڕەنگە تۆ باکت بەمە نەبێ، دەربەست نەیەی ! بەڵام من دەبمە مایەی ماڵوێرانی و تیاچوونی تۆ، دەترسم لەو سونگەیەوە گلەییم لێبکەی .

سەبارەت بەو قسەیەش کە گوتت شانازی بەخواستنی منەوە دەکەیت،بە خواستنم سەربەرز دەبیت، شانازیم پێوە دەکەیت، ئەمەیان لە توتسکی بپرسە، ئەو ئاگای لە هەموو شتێکە! سەبارەت بە تۆش گانیا، دەزانی، بە خۆڕایی ئاگلایا یەپانچینت لەکیس خۆت دا ؟ ئەگەر سەوداو مامەڵەت لە گەڵ نەکردبا، بێگومان شووی پێدەکردیت. ئێوە هەمووتان وەکو یەکن: دەبێ لە نێوان ژنێکی داوێن تەڕی بەدناو و ژنێکی ئابڕوومەندی داوێنپاکدا یەکێکیان هەڵبژێرن،جگە لەم رێگەیە هیچ ڕێگەیەکی تر نییە! دەنا سەرتان لێدەشێوێت... تەمەشای جەنەراڵ بکەن بزانە چۆن هێشتا زاری بەش کردووەتەوە !

جەنەراڵ، شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی:

– ئێرە شاری سەدومە، ئەمە شاری سەدومە*!...

جەنەراڵیش هەستا. هەنوکە هەموو هەر وەستا بوون. ناستاسیا فیلیپوڤنا وەکو یەکێك دەهاتە بەرچاو کە حاڵی لێهاتبێ.

میرزادە، کە بەداخ و کەسەرەوە دەستەکانی هەڵدەگلۆفت، بەدەم ناڵینەوە گوتی:

– ئەوە بەڕاستتە ؟ شتی وا دەبێ ؟

ناستاسیا فیلیپوڤنا گوتی:

– چما پێت وا بوو شووت پێدەکەم ؟! جا من چەند بەدناوو بێشەرمو حەیاش بم، رەنگە بۆ خۆمو لە پێستی خۆمدا جۆرە کبریاو نەفسبەرزیەکم هەبێ! تۆ تۆزێ لەمە پێش هەڵتکێشام کە ژنێکی سەلارو سەنگینو بە کەماڵم. پیڤ لەو ژنە سەنگینەی کە خۆی دەخاتە زەلکاوەوە هەر لە بەرئەوەی شانازی بەوەوە بکات کە یەك ملیۆن رۆبڵو عینوانێکی ئەشراڤ، ناوەتە ژێر کەوشەکانی!! ئاخر منێك کە ئەوە رەفتارم بێ، چۆن بە کەڵکی تۆ دێم ؟ ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، خۆ بە چاوی خۆت دیتت کە یەك ملیۆن رۆبڵم لە پەنجەرەکەوە توڕدا ؟ ئیدی بە چ ئەقڵێکەوە وا تەسەور دەکەیت من بە مەمنوونیەوە شوو بە گانیا بکەم، بە تەماحی ئەو هەفتاو پێنج هەزار رۆبڵەی کە گوایە تۆ دەیدەی ؟ ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، هەڵی بگرەوە، هەفتاو پێنج هەزار رۆبڵەکە بۆ خۆت هەڵبگرەوە – تەنانەت نەتتوانی بیگەیەنیتە سەد هەزار رۆبڵیش، بە قەد (روگوژین)شت تیا نەبوو!– سەبارەت بە گانیاش، حەزدەکەم خەیاڵی تەخت بێو خاترجەم بێت، کە من دەمەوێ بۆ خۆم خۆش بژیم، بە کەیفی خۆم ڕابوێرم، من ژنێکی هەرزەو سووك نیم ؟ دە دانە ساڵ لە زندان دا بووم. هەنووکە کاتی ئەوە هاتووە بۆ خۆم ئازاد بم، بژیم، ڕابوێرم. دەی روگوژین چاوەڕێی چیت ؟ هەستە خۆت ئامادە بکە با بڕۆین !

روگوژین، کە خەریك بوو لە خۆشیا شێت بێت، هاواری کرد:

– بابڕۆین! ئەهای! تۆ... شەراب بۆ جەماعەت بێنە... شەراب بۆ منیش بێنە. ئەدی موسیقا؟ موسیقاش لێدەن.

روگوژین، بەدەم ئەو قسانەوە، کە بینی داریا ئەلکسیڤنا، بەرەو ناستاسیا فیلیپوڤنا دەڕوات، نەڕاندی:

– لاکەوە! لێی نزیك نەبیتەوە! هی منە! تەنیا هی منە! شابانۆی خۆمە ! تەواو، بڕایەوە !

لە خۆشیاندا، لە پێستی خۆی نەدەهێوری، بە دەوری ناستاسیا فیلیپوڤنادا دەخولایەوەو هاواری دەکرد : " لاکەون !" هەر هەموو جماعەتەکە، لە هۆڵەکەدا، خرش بوو بوونەوە. هەندێك دەیانخواردەوە، هەندێك پێدەکەنین، ئیدی هەر کەسەو بە جۆرێ شادی خۆی دەردەبڕی. ئیدی فردیش چینکۆ، لەو ساتەوە، خەریك بوو، لە نێو ئەواندا جێی خۆی دەکردەوە.

جەنەراڵو توتسکی جارێکی دی خۆیان ئامادە کرد کە بڕۆن. گانیاش شەپقەکەی بەدەستەوە گرتبوو و لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا بوو، لەوە دەچوو پێی ڕێ دانەگرێت، ئەو دیمەنە بەجێ بێڵێ.

روگوژین، هەر هاواری بوو:

– لا کەوە ! نزیك نەبیتەوە .

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– هاوار هاواری چیتە، ئەم هاتو هاوارەت لە چیە ؟ من هێشتا لە ماڵەکەی خۆمدامو خانمی خۆمم. خۆم خاوەنی خۆمم. ئەگەر بمەوێ، بە ئاماژەیەك، دەتکەمە دەرەوە، من هێشتا پارەکەم وەرنەگرتوویت. هێشتا لەوێیە، لە جێی خۆی. بۆم بێنە بۆ ئێرە. هەموو سەفتەکە بدە دەستم.

ئـەم سـەفتەیە سـەد هـەزار ڕۆبڵـە ؟ پیـف ! داریـا ئەلکسـیڤنا چیتە ؟ یـانی دەتویسـت قـوڕی بـۆ بگرمەوە، ژیانی لیٚ حەرام بکەم ؟ ( بە دەم ئەو پرسیارەوە ئاماژەی بۆ لای میرزادە کرد ). کەسێك کە خۆی پێویسـتی بە دایـەن و پەرسـتار بیٚ، چۆن دەتـوانیٚ ئیدارەی ژن بـدات ؟ جەنـەراڵ، جێـی دایەنی بۆ دەگرێتەوە، دەیگرێتە خۆی، دەیخاتە ژێر باڵی خۆیـەوە. بڕوانە چۆن بە دەوریا دێت و نـازی دەکێشـێت ! تەمەشـا مـیرزادە: دەزگیرانەکـەت، چـونکە، سـۆزانیە، بزانـە چـۆن پارەکـەی وەرگرت، ئەمە ئەو ژنە شەریفە بوو کە تۆ دەتویست بیخوازیت ! بۆچی دەگریت ؟ ئەمەت لەبەر گرانە ؟ گویٚ مەدەیە، وەکو من پێبکەنە...

ناستاسـیا فیلیپوڤنـا، کـە دوو دڵۆپـە فرمێسـکی گـەش بەسـەر گۆناکانیـەوە دەدرەوشـایەوە، لەسەر قسەکەی ڕۆیی و گوتی:

– وەکو من پێبکەنە. ئەم مەسەلەیە بە ڕۆژگار بسپێرە. هـەموو شتێك دەبڕێتـەوەو تـەواو دەبیٚ. ئینسان ئێستا پەشیمان بێتەوە باشترە لەوەی سبەینیٚ پەشیمان ببێتـەوە... ئەوە بـۆ هـەمووتان دەگـرین ؟ کاتیـاش خەریکـە دەگـری، کاتیـا، گیانەکـەم بۆچـی دەگریـت ؟ بـیرم لـە تـۆو پاشـا کردووەتەوە، زۆر شتتان بۆ بەجیٚ دێڵم. تەگبیری هەموو شتێکم بۆ کردوون. جاریٚ خودا حـافیز! ئاخر من کچێکی ڕوو سووری وەکو تۆم ناچار کرد خزمەتی منی ناو زڕاوی، بەدناوی سۆزانی بکەیت ! میرزادە، ئەمە باشترە، بەڕاستی ئەمە باشترە! ئەگینا لە ئایندەدا لێم بێزار دەبوویت و هـەرگیز خێرمـان لـە یەکـدی نـەدەبینی و بـە خۆشـی و شـادی نـەدەژیاین. هـیچ بیانوویـەکم بـۆ مەیەنەوە، چونکە باوەڕناکەم! گەوجانەترین کار ئەوە بوو کە شووت پێبکەم!...

باشـترین شـت ئەوەیـە بـە خۆشـی و دۆسـتانە لێکـدی جیـا ببینـەوە، چـونکە مـن کەسـێکی خەیاڵاوی و ڕۆمانتیکیم، دڵنیام ئەگەر زەماوەندمان بکردایە، هیچ خێرێکمان لێکدی نەدەبینی! مەگەر من خەونم بەپیاوێکی وەکو تۆوە نەدەبینی ؟ تۆ ڕاستت دەکرد، من زۆر زۆر لە مێژ بوو کەسێکی وەکو تۆم لە خەونا دەبینی – بە درێژایی ئەو پێنج ساڵەی کە بە تاقی تـەنیا لـە گونـدی دا دەژیام، هەر بیرم دەکردەوە، لەم بیرەوە دەچوومە سەر ئەو بیر، لەم خەیاڵەوە بۆ ئەو خـەیاڵ، ئەم خەونەم بەو خەونە دەسپارد، تا پیاوێکی وەکو تۆ – میهرەبان، شەریف، ناسك، خۆشخوو، کاڵفام و کەمێك گەمشەك، لـە ناکاودا دێتـە خـەونم و پـێم دەڵێـت: "تـۆ گوناحبـار نیـت ناستاسـیا فیلیپوڤنا. من تۆم خۆش دەویٚ دەتپەرستم !". بەڵیٚ ئەوەندەم خەون دەبینی هەندێجار لـەزگ بـوو شێت بم ! کەچی پاشان ئەم پیاوە دەهات، ساڵی یەك دوو مانگ لـەویٚ دەمایـەوە، تا تێر دەبوو، فەسـاتی دەکـردم، ئەوسـا بـە سـووك و ریسـوایی، بـە ئابڕووتکـاوی بـەجێی دەهێشـتم. هـەزار جـار ویستوومە خۆم فڕێدەمە حەوزەکەوە، خۆم بخنکێنم، بەڵام ترسنۆك بووم، نەمدەتوانی زات وەبـەر خۆ بنەم... ئێستاش – ڕوگوژین ئامادەیت ؟

– هەموو شتێك ئامادەیە !

چەند دەنگێك دووبارەیان کردەوە:

– هەموو شتێك ئامادەیە !

– گالیسکەکان، بەخۆو زەنگەکانیانەوە، لە خوارەوە چاوەڕوانن

ناستاسیا فیلیپوڤنا، سەفتە پارەکەی بە هەردوو دەستان گرت. گوتی:

– گانیا، خەیاڵێکم بە مێشکا هاتووە، دەمەوێ قەرەبووی بکەمەوە، بۆچی هەموو شتێك بدۆڕێنی ؟ هەموو شتێك لە دەست بدەیت ؟ ئەرێ روگوژین، تۆ لەو باوەڕەدای بۆ سێ رۆبلان تا ئەوپەڕی شاری فاسیلیفسکی بە چوار چنگۆڵە بڕوات ؟

– بەڵێ، ئامادەیە بە سکەخشکێ بڕوات.

– کەواتە گوێ بگرە گانیا. دەمەوێ بۆ دواجار نەفسیەتت تاقی بکەمەوە. تۆ سێ دانە مانگە عەزابی ڕوحی من دەدەی. ئێستا ئیدی نۆرەی منە، دنیا دەوران دەورانە. ئەم پریاسکەیە دەبینی ؟ سەد هەزار رۆبڵی تیایە ! باشە، من دەیخەمە ئاگردانەکەوە، دەیخەمە ناو ئاگرەکەوە، بە شایەتی هەموو ئەمانەی لێرەن، هەرکە لە هەموو لایەکەوە گڕی گرت، تۆ خۆت بگەیەنە ئاگردانەکە، بەبێ دەستکێش، قۆڵی لێ هەڵماڵەو بەدەستی رووت پریاسکەکە دەربێنەو پارەکە هەڵگرە بۆ خۆت – سەد هەزار رۆبڵە ، هەمووی بۆ خۆت ! باش بیری لێبکەوە! ئەوپەڕی پەنجەکانت تۆزێ دەسووتێن! دەرهێنانەوەی زۆری پێدەچێ ؟ نا... تا لەو ماوەیەدا تەمەشات بکەمو هیمەتو بوێریو نەفس بەرێزی تۆم بۆ دەربکەوێ. ئەگەر پارەکەت لە ئاگرەکە دەرهێنایەوە، ئەوا بە شایەدی ئەمانە، وەکو شیری بەر دایکت حەڵاڵی تۆیە ! بەڵام ئەگەر بۆت دەرنەهاتەوە، با بۆ خۆی بسووتێ، قەبووڵ ناکەم کەس دەری بێنێتەوە! هەمووتان بچنە دواوە، بۆ دواوە! پارە پارەی خۆمەو بابسووتێ! پارەی شەوێکمە لە گەڵ روگوژیندا ! روگوژین، ئەم پارەیە، پارەی من نیە ؟

– بۆ نەء گیانەکەم! هی تۆیە شابانۆیەکەم!

– کەواتە بۆ دواوە، هەمووتان بچنە دواوە، من بەکەیفی دڵی خۆم دەکەم، کەس هەقی بەسەرمەوە نەبێت ! ئا دەی فردیش چینکۆ، ئەوکوورەیە نێڵ بدە !

فردیش چینکۆ، سەرسامو حەپەساو گوتی:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا ناتوانم، دەستم تێی ناچێت !

ناستاسیا فیلیپوڤنا، گوتی:

– باوەڕ ناکەم .

هەنگێ دەستی دایە مەقاشەکە، پشکۆکانی جوڵاند، بڵێسەی ئاگر بەرز بووەوە، بەستەکەی فڕێ دایە ناو ئاگرەکەوە.

هاواری ئامادەبووان بەرز بووەوە، تەنانەت ژمارەیەکیان ئاماژەی خاچیان کێشا.. چەند دەنگێك هاواریان کرد:

– شێت بووە، بەتەواوەتی شێت بووە.

جەنەراڵ، بەگوێی (پتیتسن)یدا چپاند:

– باشە نەچین، دەستو پێی ببەستینەوە یان کارێك بکەین ؟... یا نە نێرین بە دوای... ئاخر شێت بووە، بە تەواوەتی شێت بووە. وا نییە ؟

پتیتسن، کە ڕەنگی بوو بە زەعفەرانی زەرد، ئازای دەلەرزی، نەیدەتوانی چاوی لە بەستەکە، کە بەرەبەرە گڕی دەگرت، بگوازێتەوە، بە چپە گوتی:

– نا، ... نا، ئەمە شێتێتی تەواو نییە.

هەنگێ جەنەراڵ، رووی کردە توتسکی و پرسی:

– وا دیارە شێتە، وا نییە ؟

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، کە ئەویش رەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئەدی پێم نەگوتیت ژنێکی سەیرە ؟

– سەد هەزار رۆبڵ !

لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە

– خودایا !

هەموو ئامادە بووان، لە دەوری ئاگردانەکە خڕ بوونەوە، تا باشتر دیمەنەکە ببینن، هەر کەسەو بەجۆرێ سەرسامی خۆی دەردەبڕی... تەنانەت هەندێکیان چوونە سەر کورسیەکانیان تا لەسەر شانی ئەوانی دیکەوە تەمەشای دیمەنەکە بکەن. داریا ئەلکسیڤنا، شپرزەو هەراسان خۆی بە ژوورەکەی تەنیشتا کردو دەگەڵ کاتیاو پاشادا کەوتە چپە دوو. شۆخە جوانە ئەڵمانیەکە رۆیی بوو.

لیبدیف، کە لەسەر چۆکان بەرەو ناستاسیا فیلیپوڤنا دەچووو دەستی بەرەو ئاگردانەکە درێژ کردبوو، هاواری کرد:

– ئەی شابانۆ ! خاوەن کەرەم ! ئەی کەرەمکاری کەرەمدار. ئەمە سەد هەزار رۆبڵە ! سەد هەزار! بە چاوانی خۆم دیتم، لە بەر چاوی خۆم پێچایانەوە، ئەی ناستاسیای میهرەبان! تۆ بەس ئەمر بفەرموو، خۆم بە ئاگردانەکەدا دەکەم، سەری سپیم لە ناوەندی ئاگرەکە دەنێم!.. ژنێکی داماوی نەخۆش، گۆدو ئیفلیجم هەیە، سیازدە منداڵی سەرو پێچکەم بەسەرا کەوتوون.. هەموو لە برسا لاکەی سەریان دێت.. هەفتەی ڕابردوو باوکم لە گۆڕنا، لە برسا مرد، ناستاسیا فیلپوڤنا!

لیبدیف، بەدەم لالانەوەو پاڕانەوەوە، بەرەو ئاگردانەکە خزی.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە دەیدایە دواوە، هاواری کرد:

– بۆ دواوە: هەموو دوور بکەونەوە ! بۆ دواوە: گانیا بۆ وەستاوی، چاوەڕوانی چیت ؟ شەرمێ مەکە، دەی خێراکە، ئەمە فرسەتە، دووبارە نابێتەوە، لە کیسی خۆتی مەدە!

بەڵام گانیا، کە ئەو رۆژو شەوە عەزابێکی زۆری کێشابوو، خۆی بۆ ئەم تاقیکردنەوە قورسە چاوەڕوان نەکراوە، ئامادە نەکردبوو ! خەڵکەکەی بەردەمی بوون بە دوو بەشەوە، گانیا، رێك کەوتە بەرانبەر ناستاسیا، تەنیا سێ شەقاو لەوەوە دوور بوو. ناستاسیا لە دیار ئاگردانەکە وەستا بووو چاوەڕوانی دەکرد، نیگا ئاگرینەکانی لە گانیا نە دەگواستەوە. گانیا بە خۆی و پاڵتۆ بێ قۆڵەکەیەوە وەستا بوو، کڵاوەکەی بە دەستەوە گرتبوو، پەست و خەمین نە قسەی دەکردو نە لە جێی خۆی دەجولا، دەستەکانی لە سەر سینگی تێك ئالاند بووو چاوی بڕی بووە، بلێسەی ئاگرەکە. بزەیەکی وێڵ، بە سیمای مردوو ئاسایەوە، دەردەکەوت و زوو ئاوا دەبوو.

ڕاستە نەیدەتوانی، نیگای حیرەتباری لە ئاگرەکەو لە بەستە پارەکە، کە خەریك بوو دەسووتا، بگوازێتەوە، بەڵام لەوە دەچوو شتێکی تازە لە ڕوح و دڵ و دەروونیا پەیدا ووبێ. لە تۆ وایە سوێندی خواردووە کە تا کۆتایی خۆی لەبەر ئەم عەزابە بگرێت. لە جێی خۆی بزمار ئاسا چەقی بوو. دوای چەند ساتێك هەموو قەناعەتیان هێنا کە پریاسکەکە دەرناهێنێ و نیازی شتی وای نییە.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، هاواری لێکرد و گوتی:

– خێراکە، هەمووی دەسووتێ، هەنگێ خەڵکی گاڵتەت پێدەکەن، دەڵێن گەوج بوو. ئیدی گلەییت لەسەر خۆتە، پەشیمان دەبیتەوە ها، باوەڕبکە پاشان لە داخا خۆت هەڵدەواسی. بەڕاستمە ها! گاڵتەت لە گەڵ ناکەم!

ئەو گڕەی لە نێوان دوو ئێزنگەوە بەرز بوو بووەوە، کاتێ کە پریاسکەکە خرایە ئاگرەکەوە، دامرکایەوەو خەفە بوو. بەڵام هێشتا وردە بڵێسەیەکی شینباو بە کۆتایی ئێزنگەکەی ژێرەوە مابوو. ئەنجام بڵێسەیەکی درێژکۆلە خۆی گەیاندە پریاسکەکە، کاغەزەکەی کە بەستە پارەکەی تێوە پێچرابوو، لە سوچەکانیەوە گڕی گرت، لە ناکاوا هەموو بەستەکە گڕی گرت و ئاگر بڵێسەی سەند. ئامادەبووان، جم و جۆڵیان تێکەوت و کەوتنە ورتە ورت!

لیبدیف، دووبارە، کەوتە سەر چۆکان و بەدەم پاڕانەوەوە بەرەو ئاگردانەکە خزی:

– ناستاسیا فیلپوڤنا!

لێ روکوژین، ڕێی نەداو، دایە دواوە. روگوژین، سەراپا بوو بوو بە نیگا. نەیدەتوانی بە نیو نەخت چاو لە ناستاسیا فیلپوڤنا بگوازێتەوە، نەشئەیەکی واگرتبووی، ئاگای لە دنیا نەمابوو، لە ئاسمانی حەوتەمدا دەسوڕایەوە، خەریك بوو بە نیگا، ناستاسیای دەخوارد.

روگوژین، مەستی مەست، ڕوو لە ئامادەبووان هاواری دەکرد:

– ئەمە شابانۆیە! شابانۆی وڵاتە! ڕێك بە دڵی منە، کێ لە ئێوەی گەجەرو گوجەر، دەیتوانی کاری وا بکات، ها؟

میرزادە، خامۆش و خەمین، تەمەشای دیمەنەکەی دەکرد. فردیش چینکۆ، گوتی:

– من، ئەگەر تەنیا هەزار ڕۆبڵم بدەنێ، بەددان بەستەکە دەردێنمەوە.

کابرای دەست و مەچەك ئەستوور، کە لە دوای دواوە وەستا بوو و لە حەژمەتاندا لێوی دەکرۆشت، هاواری کرد:

– منیش، ئامادەم، بە ددان دەری بێنمەوە.

کە چاوی بە گڕو بڵێسەی تازە کەوت هاواری کرد:

– شەیتان بە نەعلەت بی! کورە سووتا! هەمووی دەسووتێ!

هەموو، تێکرا هاوریان کرد:

– خەریکە دەسووتێ! گڕی گرت!

و زۆربەیان، بەرەو ئاگردانەکە هوڕوژمیان هێنا. ناستاسیا گوتی:

– گانیا ! له ڕووداممێنه! شەرم مەکە ! بۆ دواجار پێت دەڵێم، لە کەری شەیتان وەرە خوارەوە !.

فردیش چینکۆ، وەکو شێت و هار، شالآوی بۆ گانیا برد، قۆڵی کراسەکەی ڕاتەکاندو هاواری کرد:

– لاساری کەللە ڕەق فریاکەوە ! دەسووتێ، پارەکە دەسووتێ! هەی شوومی بەد فەڕ، عەمرت نەمێنێ !

گانیا، بە هەموو هێزو قوەتی خۆیەوە، فردیش چینکوی دەڵەك دا. سوڕایەوەو بەرەو دەرگاکە رۆیی، بەڵام هەرکە دوو شەقاو ڕۆیی، یەکسەر بەلادا هات و کەوتە سەر زەوی.

دەنگی هاوار بەرز بووەوە:

– بورایەوە !

لیبدیف، جارێکی دی، بەدەم پاڕانەوەوە هاواری کرد:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا ! بۆ خاتری خوا دەسووتێ !

خەڵکەکە هاواریان کرد:

– حەیفە، بە خوتو خۆڕایی دەسووتێ !

ناستاسیا فیلیپوڤنا، بانگی کرد:

– ئەهای کاتیا، پاشا، ئاوی بۆ بێنن، شەرابی بۆ بێنن!

ئەوسا دەستی دایە مەقاشەکەو، پارەکەی لە نێو ئاگرەکە دەرهێنا. ئەو کۆنە رۆژنامەیەی لە دەوری پارەکە پێچرابوو، هەر هەمووی سووتا بوو. بەڵام دیار بوو کە ناواخنی پریاسکەکە هیچی لێنەهاتبوو. سێ قەد رۆژنامە لە پارەکە پێچرابوو، بۆیە پارەکە هیچی لێنەهاتبوو. هەموو ئامادەبووان، هەناسەی ئۆخەیان هەڵکێشا. لیبدیف، بە سۆزەوە گوتی:

– ئەو پەڕەکەی، ئەسکە ناسێکی هەزار ڕۆبلّی ئاسیوی دیتوە، باقیەکەی ساغ و سەلامەتە.

ناستاسیا فیلیپوڤنا، کە بەستە پارەکەی لای گانیاوە دادەنا، گوتی:

– هەر هەموو ئەم پارەیە هی ئەوە! بەستەکە هەمووی! گوێتان لێیە گەلۆ ؟ خۆی گرت و نەچوو بەلای پارەکەوە، مانای وایە هێشتا ئەوەندەی غیرەت و پیاوەتی تیاماوە بەسەر تەماع و چاوچنۆکیەکەیدا زاڵ بێ. قەیدی نیە، خەمتان نەبێ هەنوکە وەخۆدێتەوە! ئەگەر نەبورایەتەوە لەگین بوو بمکوژێ !.. ئەها، نەمگوت، ئەوەتا وا هەڵدەستێتەوە! جەنەڕاڵ، ئیڤان بتروفیچ، داریا ئەلکسیڤنا، کاتیا گیان، پاشا گیان، روگوژین، هەموو گوێتان لێم بوو ؟ بەستەکە هەمووی، بۆ ئەوە، هی گانیایە ! دەیدەمێ بۆ خۆی، بە گەردن ئازایی دەیدەمێ، وەکو قەرەبوو دەیدەمێ.. قەربووی چی، نازانم، گرینگ نییە! وای پێ بڵێن! با ئەم پارەیەی لەلاوە بێ. روگوژین، وەرە با بڕۆین! بە دوعا میرزادە، ئەمە یەکەمجارە لە عەمرانما، پیاوێکی مرۆڤانی، مرۆڤدۆست بدینم! بە دوعا ئافاناسی ئیڤانوفیچ! و مێرسی. جماعەتەکەی روکوژین، هەموو بەدەم هەراو زەناوە، بەرەو دەرگای دەرەوە، دووی روگوژین و ناستاسیا فیلیپوڤنا کەوتن و، بێخەم و خەیاڵ لە ژوورەکان وەدەرکەوتن .

کارەکەرەکان، کاتیا و پاشا، لە هۆڵەکەدا یارمەتی خانمی خۆیان دا کە پاڵتوکەی لە بەرکرد. مارتـای ئاشـپەزش بەلـەز لـە موبەقەکـە هاتـە دەرێ و خـۆی گەیانـدێ. ناستاسـیا فیلیپوڤنـا هـەر سێکیانی ڕاموسـی. کارەکـەرەکان، بەسـێ قـۆڵی، لـەو کاتـەدا کـە دەسـتیان مـاچ دەکـرد، بـەدەم گریانەوە، پرسییان:

– خـانم گیـان، بـە ڕاسـتی دەڕۆیـت، بـۆ هـەتا هەتایـە بـە جێمـان دیڵیـت ؟ ئاخر کێـوە دەچیـت، بـۆ دەڕۆیت ؟ لە رۆژێکی ئاوهاشدا، رۆژیساڵیادی لە دایکبوونت ؟

– دەکەومە سەر جادەو شەقامان کاتیا گیان. بە خۆت گوێت لێبوو کە وام گوت. ئەوێ شـوێنی منـە. یـان جلشـۆری مـاڵان دەکـەم. بـە ڕاسـتی لـەوەی پتر منـەتی ئافاناسـی ئیڤـانوفیچ هـەڵناگرم. بەسە بێزار بووم. سلاوی منی پێ بگەیەنن. گەردنم ئازاکەن، یادی بەخێرم بکەنەوە...

میرزادە، بە هەشتا و بەرەو دەرگای دەرەوە چوو. جماعەتەکەی روگـوژین، هـەموو سـواری چـوار گالیسـەکە بـوون. زەنگـی ملـی ئەسـپەکان بـە جـارێ لێیـان دەدا. جەنـەڕاڵ، لـە سـەر قاڵدرمـەکان، گەییە میرزادە، قۆڵی گرت و گوتی:

– میرزادە ئەمە چیە ؟ بۆ دوای کـەوتووی، تـۆزێ بە هـۆش وەرەوە، وازی لێبێنـە ! خـۆ بە چـاوی خۆت دیتت کە چۆن ژنێکە، من بەرژەوەندی تۆم دەوێ، وەکو باوکێك قسەت دەگەڵ دەکەم...

میرزادە، تەمەشایەکی کرد، هیچ قسەیەکی نەکرد، ئەوسا قۆڵی لە دەسـتی دەرهێنـاو، بەغار لە قاڵدرمەکانـەوە دابـەزی. کـاروانی گالیسـکەکانی روگـوژین تـۆزێ بـوو کەوتبوونـە ڕێ. جەنـەڕاڵ کـە لەبەر دەرگای دەرەوە وەستابوو، میرزادەی بینی، کە بە هەشتا و خۆی بە یەکەم گالیسکەدا کرد و بـە پەرۆشـەوە بـە گالیسـکە چیەکەی گـوت: "بـاژۆ، یـەکرێ بـۆ یـەکاتیرنهۆف ! دوای ئـەو ڕیـزە گالیسکەیە بکەوە !" ئەوسا، گالیسکە گەورەو کەشخەکەی جەنـەڕاڵ، هـات و لەبەر دەرگا وەسـتا. جەنەڕاڵ سوار بوو، بە کۆمەڵێك هیواو ئومێدو حیساباتی تازەوە، بە ملوانکە مرواریەکەیـەوە، کە زۆر بەخەمەوە بوو لە بیری نەچێت، بەرەو مـاڵ بووەوە ! بـەدەم ئـەو خـەیاڵ و حیسـاباتانەوە، یەك دوو جـاران، وێنـەی دڵـڕفێن و هـەرە جـوانی ناستاسـیا فیلیپوڤنـای هاتـە بەرچـاو، ئـاهێکی هەڵکێشاو، لەبەر خۆیەوە گـوتی: "حـەیفێ! حـەیف و سـەد مخابن! ئەم ژنە لـە دەسـت دەرچـووە، شێتی شێتە ! بەڵێ... بەلام ژنی وەکو ناستاسیا فیلیپوڤنا، بۆ میرزادە دەست نـادات... خێـری پێوە بوو کە مەسەلەکە واکەوتەوە.."

لەم حاڵ و هەوایەدا بوو، کە دووانی دیکە لە میوانەکانی ناستاسیا فیلیپوڤنا، قەراریان دابوو پێکەوە کەمێك پیاسە بکەن، بەر لەوەی لێکدی جیا ببنەوە، سووکە گفتوگۆیـەکیان کەوتـە نێـوان.. ئیڤان پترۆفیچ پتیتسن رووی کردە ئافاناسی ئیڤانوفیچ و گوتی:

– دەزانـی ئافاناسـی ئیڤـانوفیچ، ئـەم جـۆرە نەریتـە لـە نێـو ژاپۆنیەکانـدا هەیـە ؟ دەڵـێن، کەسـی سـووکایەتی پێکـراو، دەچـێت بـۆ لای ڕەقیبەکـەی، واتـا بـۆ لای ئـەو کەسـەی سـووکایەتیەکەی پێکـردووەو پێـی دەڵێـت: فلانـی تـۆ سـووکایەتیت پێکـردووم، نـاوت زڕانـدووم، بۆیـە هـاتووم لـە بەردەم تۆدا ورگی خۆم هەڵدڕم." ئەوسا بەبەرچاوی رەقیبەکەیەوە، ڕێك ورگـی خـۆی هەڵدەدڕێ. بـەم کـارە هەسـت بـە ئاسـوودەییەکی بێئەنـدازە دەکـات و وەکـو ئـەوەی بـە ڕاسـتی تۆڵـەی خـۆی

سەندبێتەوە. چەند تەبیعەت و خووخدەو نەریتی سەیرو سەمەرە لەم دنیایەدا هەیە ئافاناسی ئیڤانوڤیچ !

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ، بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– جا تۆ پێت وایە ئەوەی رووی دا، شتێکی لەو بابەتە بوو ؟ هم!... بەراوردێکی خۆشە... تەشبیهێکی جوانت هێناوەتەوە ! بەڵام برادەری ئازیز، تۆ بە خۆت ئاگاداری، من هیچ درێغییەکم نەکرد، ئەوەی لە توانامدا بوو کردم. بە خۆت دەزانی پیاو ناتوانێ کاری مەحاڵ بکات ! هەڵبەتە ئەوەش دەزانی کە ئەم ژنە چەند بە کەشم و نەشم بوو، چەند ئارەزوو بزوێن بوو! ئەگەر تۆزێ لەمەپێش، بمتوانیبا لەم شاری سەدومەدا، گرێی دڵی خۆم بکەمەوە، ئەوا لە وەڵامی ئەو هەموو تۆمەتەدا کە دایە پاڵ من، دەمگوت، خەتا لە خودی ئەوە، من هیچم گوناحێکم نییە ! من نایڵێم، تۆ بیڵێ، کێ هەیە شیفتەی ئەم شۆخە ژنە نەبێت، کێ هەیە لە ئاستی ئەم شۆخەدا ئەقڵ و هۆشی لە دەست نەدا ؟ تۆ بروانە تەنانەت ئەو دێهاتیە بڵحە، روگوژین، سەد هەزار رۆبڵی بۆ هانی! ڕاستە هەموو ڕووداوەکانی ئەمشەو، کوت وپڕ، رۆمانسی و نابەجێ بوون، بەڵام پیاو هەق بڵێ دیمەنی هەمە رەنگ و زۆر دەگمەن و کەم وێنەشی تیا بوو. ئیدی ئەم تەبیعەت و ئەم جوانییە، ئەو جۆرە ئاشووب و ئاژاوەیەشی لێدەکەوێتەوە ! بە هەرحاڵ من گرتمە خۆ، من پەروەردەم کرد، من فێری خوێنەواریم کرد... هەر هەوڵێکم لە گەڵی دا بە باچوو! وەکو زۆرجاری تریش گوتوومە، ئەم ژنە ئەڵماسێك بوو، سیقاڵ نەگر .

ئافاناسی ئیڤانوڤیچ بە دەم ئەو قسەیەوە ئاهێکی قووڵ قووڵی هەڵکێشا.

پەراوێز:

*–"...سوپاس..." لە دەقەکەدا بە فەرەنسییە.

*– "... بۆ یەکاتیرنهوف..." گوندێکە دەکەوێتە دەرەوەی پترسبۆرگ، لەگەڵ کۆشکێکی هاوینەی یەکاترینی دووەمی ئیمپراتۆری روسیادا. خەڵکی بە شەوان بۆ گەشت و گەڕان و پیاسە بۆ ئەوێندەر دەرچوون.

* –"... شارانی سەدوم و عامورا، کە غەرقی گوناح بوون و ملیان بۆ پێغەمبەرایەتی لووت پێغەمبەر نەدەدا، لە ئاگری غەزەبی خوادا سووتان. لێرەدا مەبەستی جەنەراڵ، ئەو بێ سەروبەرییە بوو کە باڵی بەسەر مەجلیسەکەدا کێشابوو.

## بەشی دووەم

### فەسڵی یەکەم

دوای دوو ڕۆژ، لەو ڕووداوانەی کە لە میوانداری و ئاهەنگەکەی ماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنادا دیتمان و بەشی یەکەمی چیرۆکەکەمان بە باسی ئەو ڕووداوانە کۆتایی هێنا. میرزادە، بە مەبەستی تاقیبکردنی بەشە میراتە چاوەڕوان نەکراوەکەی، بە هەشتاو پترسبۆرگی بەجێهێشت و بەرەو مۆسکۆ سەفەری کرد. لەو کاتانەدا هەندێك پێیان وابوو کە لەگینە سەفەرەکەی میرزادە هۆی دیکەشی هەبن. بەڵام ئێمە هیچ شتێکی ئەوتۆ لەمبارەیەوە نازانین، بە تەواوی نازانین لە مۆسکۆو بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی ئەو سەفەرەیدا چی بەسەر میرزادە هاتووەو چی بۆ پێشهاتووە. میرزادە شەش دانە مانگی خشتی پێچوو. تەنانەت ئەوانەش کە لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی سۆراخیان دەکرد، بە درێژایی ئەم ماوەیە، نەیان توانی بوو جگە لە هەندێ زانیاری کەم، هیچی تری لە بارەوە بزانن. هەڵبەتە، جار بە جار، ئەویش زۆر بەکەمی، هەندێ دەنگ‌وباس و دەنگۆیان بەرگوێ دەکەوتن، بەڵام زۆربەی ئەو دەنگۆیانە سەیرو سەمەرەو باوەڕ نەکردەنی و زۆرجار هەڤدژو ناکۆك بوون.

دیارە، خانەوادەی یەپانچین، کە میرزادە فریانەکەوتبوو ماڵاواییان لێبکات، لە هەموو کەسێك پتر بەخەمی چارەنووسی میرزادەو عەودالی هەواڵی بوون. جەنەراڵ، دوو سێ جاری دیتبوو و سەبارەت بە مەسەلەیەك، گفتوگۆی جدی دەگەڵ کردبوو. بەڵام جەنەراڵ، لەم رووەوە هیچی بۆ خانەوادەکەی باس نەکردبوو و نەگێڕابووەوە. کە میرزادە سەفەری کردبوو. نزیکەی یەك مانگی تەواو کەس لە خانەوادەی یەپانچیندا باسی میرزادەی نەکردبوو. تەنیا خانم یەپانچین لە سەرەتاوە گوتبووی کە " سەبارەت بە میرزادە یەجگار هەڵە بووە ." دوای دوو سێ هەیڤان، بێ ئەوەی ناوی میرزادە بێنێ، دووبارەی کردەوە کە: "دیارترین خەسڵەتی ژیانی ئەم، ئەوەیە کە سەر ناس نییە، لە ناسینی خەڵکیدا هەمیشە بە هەڵەدا دەچێت."، سەرەنجام دوای دە رۆژێك، لە کیژەکانی توڕە بوو بوو و، گوتبووی: "بەسە، لە ئێستا بە دواوە ئەم هەڵانە دووبارە ناکەمەوە !"

جا لێرەداو بەم بۆنەیەوە پێویستە ئەوە بڵێین بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، جۆرە وەرزی و بێتاقەتیەك، جۆرە دڕدۆنگی و پەشێویەکی قورس، کەش و هەوایەکی ئاوس بە شتی پەنهان و ناکۆکی ئامێز باڵی بەسەر ماڵی یەپانچیندا کێشا بوو. هەموو ئەندامانی خێزانەکە، پەست و خەمبارو بێتاقەت و بێحەواس بوون. جەنەراڵ، زۆر مژول و سەرقاڵ بوو، شەوو ڕۆژ مژولی کار

بوو، لە ژیانیا هێندەی ئەم ماوەیە بە کارەوە، بە تایبەتی لە وەزیفەکەی خۆیدا، سەرقاڵ نەبوو بوو.

خانەوادەکەی بە زەحمەت دەیانبینی. هەڵبەتە کیژەکانی یەپانچین، گرێی دڵی خۆیان بۆ خەڵکی نەدەکردەوە. تەنانەت لە بەینی خۆشیاندا، زۆر بە کەمی قسانیان دەکرد. ئەلهەقی کچانی بە فیزو دەعیە بوونو بگرە بەشەرمو حەیاش بوونو تەنانەت لە بەینی خۆیشیاندا کەمدوو و شەرمن بوون، بەڵام نەك بە یەکەم وشە، بەڵکو بە یەکەم نیگا لێکدی حاڵی دەبوونو مەبەستی یەکتریان دەخوێندەوە. بۆیە زۆرجار پێویستیان بەگفتوگۆی یەکتر نەدەبوو.

دیارە ئەوەی غەوارەیەك، گەر ڕێی بکەوتبایە ئەو ماڵە، بیتوانیایە هەستی پێبکات، ئەوە بوو کە میرزادە، بە گوێرەی هەندێ قەرینەو نیشانانی کەم، توانی بووی کاریگەرییەکی تایبەتی بە سەر ئەو ماڵەوە بە جێبێڵێ، هەرچەندە تەنیا یەك جارو بۆ ماوەیەکی کەمو بە شێوەیەکی ڕەوتەنی ڕێی کەوتبووە ئەو ماڵە. ڕەنگە ئەم کاریگەرییە زادەی ڕەفتاری غەریبو عەجیبی میرزادەو، ئەو ڕیسکانە بووبێ، کە بەسەری هاتبوون. بە هەرحاڵ، ئەم کاریگەرییە زەقو حاشا هەڵنەگربوو.

بەرە بەرە ئەو دەنگۆیانەی کە لە هەوەڵەوە، لە شاردا بڵاوبوونەوە، دامرکانەوەو نەمان، ڕاستە هەندێ کەس باسی میرێکی چکۆلەی ساڤیلکەی نیمچە شێتیان دەکرد – کە کەس ناوی ڕاستەقینەی وی نەدەزانی– کە لە کوتو پڕێکدا میراتێکی یەجگار مۆڵی پێبڕاوەو، ئافرەتێکی فەرەنسایی، خواستووە کە بە ڕێبواری ڕێی کەوتووەتە ڕووسیا، ئەم ئافرەتە یەکێکە لە سەماکارە بەنێوبانگەکانی تیپی (کانکانی فەرەنسی) کە لە (کۆشکی گولاَن)ی پاریسدا کار دەکات. خەڵکانێکی دی دەیانگوت ئەو سەروەتو سامانو میراتیە زۆرو زەبەندەیە بە جەنەراڵێك بڕاوەو گوایە بازرگانێکی گەنجی ڕووسی، یەجگار داراو دەوڵەمەند، ئەو سەماکارەی کانکانی فەرەنسی خواستووەو گوایە ئەم گەنجە، هەر بۆ فشەو خۆ نواندن، هەفتا هەزار ڕۆبڵی ناوە بە گڕی مۆمێکەوەو سووتاندوویەتی، هەفتا هەزاری خشت.

بەڵام ئەم دەنگۆیانە، بەهۆی هەندێ زروفێ تایبەتیەوە، زوو بە زوو بڕانەوەو لە بیرچوونەوە. ڕوگوژینو جماعەتەکەی یەك هەفتەی تەواو لە باخەکانی یەکاتیرنیهوفدا مابوونەوە، بە درێژایی ئەو هەفتەیە سەریان کردبووە عەیشو نۆشو ڕابواردن، گوایە ناستاسیا فیلیپوڤناش بەشداری لەوعەیشو نۆشەدا کردبوو. دوای ئەو هەفتەیە ڕوگوژینو گروپەکەی بەرەو مۆسکۆ چوو بوون. ئیدی خەڵکانێکی کەم لەوانەی کە پەیگیریو تاقیبی ئەمجۆرە مەسەلەو ڕووداوانە دەکەن، هەندێ دەنگۆیان بیستبووەوە کە گوایە ناستاسیا فیلیپوڤنا، هەرکە گەیی بوونە یەکاتیرنیهوف، بۆ ڕۆژی دوایی دیار نەما بوو و دوای تاقیبو سۆراخ دەرکەوتبوو کە گوایە بەرەو مۆسکۆ ڕۆییوە. ئیدی خەڵکی زانی بوویان سەفەرەکەی ڕوگوژین، پەیوەندی بەراکردنەکەی، ناستاسیا فیلیپوڤناوە هەبووە.

سەبارەت بە (گاڤریلا ئاردالیونوفیچ)ش کە بەشی خۆیو لە ژینگەی خۆیدا ناسراو بوو، مقۆمقۆو دەنگۆیەکی زۆر بڵاوبووەوە. بەڵام گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، تووشی وەزعو حاڵێکی وەها

بـوو، كـە زوو بـە زوو ئـەم دەنگۆیانـە بنیـان نایـەوەو ئـەو قسـەو قسـەڵۆكانەی دەربـارەی ئـەو كەوتبوونە سەرزاران، كۆتاییان هات: گاڤریلا تووشی نەخۆشیەكی ئەوەندە گران بوو بوو كە نەك هەر نەیدەتوانی بێتە ناو خەڵكی، بەڵكو نەیدەتوانی بچێتە سەر كارەكەشی، گانیا پاش مانگێك چاك بووەوە، بەڵام لەبەر هۆیەكی تایبەتی وازی لە كارەكەی هێناو، كۆمپانیاكە، فەرمانبەرێكی دیكەی لە جێی ئەو دانا. وازی لە سكرتێری جەنەراڵ (یەپانچین)ش هێنا. ئیدی جەنەراڵ، ناچار بوو سكرتێرێكی دی بۆ خۆی ڕابگرێت.

ناحەزانی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، وایان بڵاودەكردەوە، ئەوەندە شەرمەزارەو تەریقی ئەو ڕووداوەیە كە بەسەری هات، ڕووی نایەت بێتە ناو خەڵكی و ڕووی مەجلیسی نییە، بەڵام لە ڕاستیدا نەخۆش بوو و نەخۆشی لە پەلوپۆی خستبوو: زۆر جار واز وازی دەیگرت، خەم دایدەگرت و لەفكران ڕادەچوو، تا بڵێی نا ئومێدو ڕەشبین بوو بوو، زوو هەڵدەچوو.

زستانی ئەو ساڵە ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا شووی بە پتیتسن كرد. هەموو ناسیاوەكانیان، ئەم زەماوەندەیان دەبەستەوە بە بڕیاری وازهێنانی گانیا لە كارەكەی، چونكە گانیا هەنوكە نەك هەر نەیدەتوانی یارمەتی خانەوادەكەیان بدات، بەڵكو بە خۆی پێویستی بە كۆمەك و یارمەتی بوو، پێویستی بەوە بوو مدارا بكرێت.

جا، لێرەدا پێویستە هەر بۆ زانیاری، ئەوەش بڵێین كە لەوە بەدوا، كەم و زۆر لە ماڵی یەپانچیندا ناوی گاڤریلا ئاردالیونیچ نەدەبرا، وەكو ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان كەسێك بەو ناوەوە لەم دنیایەدا نەبووبی، چ جای لە ماڵی وان. كەچی وێڕای ئەوەش، هەر هەموویان، واتە هەموو ئەندامانی خێزانەكە، زۆر زوو شتێكی هەستیارو گرنگیان لەمەڕ ئەو زانی: ئەو شەوەی كە لەماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئەو ڕووداوەی لێقەوما بوو، كە گەڕابووەوە بۆ ماڵ، خەوی لێنەكەوتبوو، بەڵكو وەكو ژانگرتوو چاوەنۆڕی گەڕانەوەی میرزادەی كردبوو. میرزادە كە سەفەری یەكاتیرنیهوف كردبوو، دوای سەعات پێنجی بە یانی گەڕابووەوە. هەنگێ گانیا خۆی بە ژوورەكەی ئەودا كردبوو، ئەو سەفتە پارەیەی، كە ناستاسیا فیلیپوڤنا، لە كاتی بورانەوەكەیدا بۆی دانا بوو، كە بە هۆی گڕی ئاگردانەكەوە قەراخەكانی هەڵكڕوزا بوو، لەسەر مێزەكەو لە بەردەمیا دانا. تكای لە میرزادە كرد كە ئەو دیاریە لە نزیكترین دەرفەتدا بۆ ناستاسیا فیلیپوڤنا بگێڕێتەوە. گانیا، بە نەفەسێكی دژمنانەی توڕە خۆی بە ژوورەكەی میرزادەدا كردبوو. بەڵام دوای ئەوەی قسەیان دەگەڵ یەكدیدا كردبوو، گانیا دوو سەعاتێك لەلای وی دەمێنێتەوەو بە درێژایی ئەو ماوەیە، لە یەكبینە هەر دەگری و هەنسك هەڵدەدات و داخ هەڵدەكێشێت، بەڵام سەرەنجام بە ئاشتی و دۆستانە لێكدی جیا بووبوونەوە.

پاشان دەركەوت كە ئەم خەبەرەی گەیی بووە یەك بە یەكی ئەندامانی خێزانەكەی یەپانچین، زۆر ڕاست و دروست بوو. سەیر ئەوە بوو كە ئەو هەواڵانە چۆن بەو خێراییە بڵاودەبوونەوەو دەگەیینە خەڵكی دی . بۆ نموونە هەر شتێك لە ماڵی ناستاسیا فیلیپوڤنادا ڕووی دابوو، بۆ سبەی وەكو خۆی، بێكەم و زیاد گەیی بووە ماڵی یەپانچین. سەبارەت بەو هەواڵانەی كە پەیوەندییان بە (گاڤریلا ئاردالیونوفیچ)ـەوە هەبوو، وا گوتمان ڕەنگە لە ڕێگەی ڤارڤارا

ئاردالیونوڤناوە گەیی بێت بە ماڵی یەپانچین، چونکە ڤارڤارا هاتوچۆی دەکردن و دۆستایەتی لە گەڵ کچەکانیانا خۆش بوو، هەرچەندە دایکیان ئەمەی پێ سەیر بوو. بەڵام، لەلایەکی دیکەوە، هەرچەندە ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا، ئەو دۆستایەتیەی – نازانین لەبەرچی؟– لەگەڵ ئەو کچانەدا بە مەسڵەحەت دەزانی، مەحاڵ بوو باسی براکەی خۆی بۆ ئەوان بکات. ئەویش، لە پێستی خۆیدا، هەڵبەتە بە شێوازی تایبەتی خۆی، خۆی بە شت دەزانی و کبریای خۆی هەبوو، ئەگەرچی بە دۆستایەتی ئەوانەش قایل بوو کە تەقریبەن بە دەرکردن براکەیان دەرکرد بوو. ڤارڤارا جارانیش ئاشنایەتی دەگەڵ کیژانی یەپانچیندا هەبوو، بەڵام زۆر بە کەمی و بە ڕێکەوت دەی بینین. ڤارڤارا تا ئێستاش کەمتر دەهاتە هۆڵەکە، زیاتر لە دەرگای پشتەوە زۆر ڕەوتەونی خۆی بە ژوورا دەکرد. لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا حەزی لە چارەی نەدەکرد، پێی قەڵس بوو، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، نە جاران و نە ئێستا ڕوویەکی خۆشی نەدابویە، هەرچەندە ڕێزو حورمەتی زۆری نینا ئەلکسندروڤنای دایکی دەگرت. لیزاڤیتا بەم دۆستایەتیە قەڵس و ناڕەحەت بوو، ئەم دۆستایەتیە تازەیەی نێوان کیژەکانی و ڤارڤارای بە زادەی مجێزە گوڕکێی کیژەکانی دەزانی، کە خۆی گوتەنی " هەمیشە بۆ شێوازێکی تازە دەگەڕان تا ئەوی پێقەڵس بکەن.". کەچی ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا دوای شووکردنیش، هەر درێژەی بەم هاتوچۆیە دا.

دوای سەفەرەکەی میرزادە، بە مانگێك شتێك زیاتر، خا یەپانچین نامەیەکی لە پیرە دۆتمیر بیلوکونسکایاوە، پێگەیی. دۆتمیری پیر پازدە ڕۆژێك لەوە پێش چوو بوو بۆ مۆسکۆ بۆ سەردانی کیژە گەورەکەی کە لەوێ بە شوو بوو. ئەو نامەیە لە ڕووی دەروونیەوە کارێکی زۆری لە خا یەپانچین کرد، هەرچەندە، نێوەڕۆکی ئەم نامەیەی نە بۆ کیژەکانی و نە بۆ مێردەکەی نە گێڕابووەوە، بەڵام کەس و کارەکەی نیشانەی، نیگەرانی و پەریشانیەکی زۆریان لە سیمادا بەدی دەکرد، بەڵگەشیان ئەوە بوو، بە شێوەیەکی سەیر، دەربارەی هەندێ بابەتێن نا ئاسایی قسەی دەگەڵ دەکردن، دیاربوو گەرەکیەتی گریێی دڵی بکاتەوەو ئەوەی لە دڵیدایە هەڵیڕێژێ، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ زمانی خۆی دەگرێت. ئەو ڕۆژەی نامەکەی پێگەیی، بە جارێ ڕەحمی تلیسابووەوە، دەگەڵ کیژەکانیا، زۆر دلۆڤان و میهرەبان بوو بوو. تەنانەت ئاگلایاو ئادیلایدی ماچ کردبوو و دانی بە هەڵەو عەیبەکانی خۆیدا نابوو، بەڵام شتاقیان هۆی ئەم گۆڕانەیان نەدەزانی، نەیاندەزانی هەڵەو عەیبەکانی چین. ئیدی پیرەژن لە پڕێکا گۆڕا بوو، میهرو لێبوردەیی لێدەباری، تەنانەت دەرهەق بە (ئیڤان فیدوروفیچ)ش، کە یەك مانگ بوو لێی چوو بوو بە قینا، میهرەبان بووبوو. هەڵبەتە لیزاڤیتا بۆ سبەینێ دیسان گۆڕا، ئەو نەرم و نیانی ومیهرو دلۆڤانیەی دوێنێ، لە حەوت کێوان ئاوابوو، ئیدی کەوتە بیانوو گرتن و بەر لە شێو، دەگەڵ هەموویاندا بە شەڕ هات. بەڵام بۆ شەوێ هەوری پەشێوی ڕەوییەوە، خا جەنەراڵ (خانم یەپانچین) بۆ ماوەی هەفتەیەك بوو بە ماستی مەییوو، گوڵ لە ڕووی دەباری، کە زۆر لە مێژ بوو بەم حاڵەوە نەبینرابوو.

بەڵام خانم یەپانچین، دوای هەفتەیەك نامەیەکی دیکەی لە دۆتمیر بیلوکونسکایاوە پێگەیی، بڕیاری دا ئەمجارەیان قسە بکات، بۆیە گوتی: "پیرێژن"، (خانم یەپانچین لە پاشملە هەر بە پیرێژن ناوی دۆتمیر بیلوکونسکایای دەبرد) خەبەری ئەسەحی دەربارەی ئەو " گەنجە

فەقیرحاڵـە... یـارۆ... مـیرزادە ". بـۆ نـاردووە. پیریـَژن، بەپرسـیار  شـوێنەکەی، لـە مۆسـکۆ دۆزیوەتەوەو شتی باشی لە بارەوە بیستووە. میرزادە، سەری لێداوەو پیرەژن پێی خۆش بووەو میرزادەی چووەتە دڵەوەو وەك دەڵێن خوێنی بۆی جوڵاوەو... بەینیان زۆر خۆشە. " هەر بەوەیا بزانە کە بەینیان زۆر خۆشە، پیریـَژن داوای لێکردووە هەموو ڕۆژێ سەعاتێ دووان سەری بدات، میرزادەش بە بەردەوامی سەری دەدات و پیریـَژن تا ئێستا لێی بێزار نەبووە ." ئەوجا گوتی "پیریـَژن" میرزادەی بە دوو سێ ماڵباتی ئورستۆکراتی زۆر بە ناوبانگ ناساندووە. " بەوەی باشە کە وەکو تەرکە دنیایان خۆی دوور ناگرێت، ئەوەندەش گەمشەك نییە شەرم بکات ."

کاتێ کچەکان گوێیان لەو قسانە بوو، یەکسەر پەیان بەوە برد کە دایکی میهرەبانیان، بەشێکی تەواوی نیوەڕۆکی نامەکەیان لێدەشارێتەوە. ڕەنگە ئەمەیان لە ڤارڤارا ئاردالیونوڤناوە زانی بێ، کە ئاساییە دەیتوانی هەر خەبەرێك کە پتیتسن دەربارەی میرزادەو سەفەری وی بۆ مۆسکۆ دەیزانی، لەلای ئەویش هەبێت. هەڵبەتە پتیتسن، لە هەر کەسێکی دی زیاتر ئاگای لە خەبەرو باسی میرزادە هەبوو. بەڵام لە کاروباری خۆیدا زۆر سڕ قایم بوو، هەرچەندە  هەندێ شتی بۆ ڤارڤارا دەگێڕایەوەو لە هەندێ شتی ئاگادار دەکردەوە. ئەمە وای کرد خانم یەپانچین زیاتر لە ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا بچێت بە قینا .

بە هەرحاڵ، هەنووکە دیواری بێدەنگییەکە شکا بوو، دەکرا بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ ناوی میرزادە بهێنرێ، جارێکی دیکە کاریگەریی بێئەندازەی میرزادە بەسەر خانەوادەی یەپانچینەوە ئاشکرا بوو. تەنانەت خا جەنەراڵ، باوەڕی نەدەکرد ئەو هەواڵانەی لە مۆسکۆوە دەهاتن بەو ئەندازەیە کار لە کیژەکانی بکات، پێی سەیر بوو! کچەکانیش کە زۆرجار گوێیان لە دایکیان بووە کە گلەیی لە خۆی کردووەو گوتوویەتی: " دیارترین خەسڵەتی ژیانی ئەم ئەوەیە کە سەر ناس نیە، هەمیشە لە ناسینی خەڵکیدا بە هەڵە دەچێت ." کەچی وێڕای ئەوەش ڕووی لە شازادە خانمی دەستڕۆ، بیلوکونسکای ناوە، کە داڵدەی میرزادە بداتو مدارای بکات، بێگومان دەبێ تکای لێکردبێ، لێی پاڕابێتەوە کە مدارای میرزادە بکات. کیژەکان سەریان لەم هەڵوێستەی دایکیان سوڕمابوو، چونکە " پیرێژن " کەسێك نەبوو بە ئاسانی بێتە ڕەدایە.

بەڵێ، هەرکە سەهۆڵبەندانەکە توایەوەو دیواری بێدەنگی شکاو ئاراستەی بایەکە گۆڕا، جەنەراڵیش، زاری کرایەوەو کەوتە دەربڕینی ڕاو بۆچوونی خۆی، دیاربوو ئەویش مەسەلەکەی بەلاوە گرینگ بوو، بەڵام باسو خواسەکانی وی تەنیا " لایەنی کاسبانەی" مەسەلەکەیان لە خۆ گرتبوو. دەرکەوت، کە لە پێناوی بەرژەوەندی میرزادەدا، دوو کەسی مۆسکۆیی، باوەڕپێکراو دەستڕۆی زۆر گەورەی راسپارد بوو کە ئاگایان لە میرزادەو، بە تایبەتی لە (سالازکین)ی وەکیلی وی بێت. هەرچیەك دەربارەی میراتییەکەیان واقیعیەتی میراتییەکە گوترا بوو، هەر هەموو ڕاست دەرچوو بوو. بەڵام بڕی میراتییەکە زۆر لەوە کەمتر بوو کە لە سەرەتاوە دەیانگوت. لەلایەکەوە موڵكو ماڵو سەروەتو سامانەکە لە ژێر باری قورسی قەرزدا بوو و لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێك حەقدار پەیدا بوو بوونو داوای بەشە میراتیان دەکرد، میرزادە بە خۆیشی، وێڕای هەموو ئامۆژگاریو ڕێنوێنییەك کە دەکرا، ئاقڵانەو وەکو بزنسمانێك ڕەفتاری نەدەکرد. هەڵبەتە

جەنەراڵ لە کانگای دڵەوە هیوای بەختەوەری بۆ دەخواست. ئێستاش کە " دیواری بێدەنگیەکە" هەرەسی هێنا بوو، زۆری پێخۆش بوو، بێپەردە، قسەی ناخی دڵی بکات و بەڕاشکاوی بڵێ کە ئەم گەنجە، هەرچەندە "کەمێك گێلۆکەیە" بەلاّم گەنجێکی شایستەیە. وێڕای ئەوەش میرزادە هەندێ کاری گەوجانەی کردبوو، بۆ نموونە چەند کەسێك بە خۆو هەندێ بەڵگەنامەی* گومان لێکراوو تەنانەت دەستکاری کراوەوە کە دەشیا هیچ حیسابێکیان لەسەر نەکرێ و فەرامۆش بکرێن، هاتبوون و ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە بازرگانی ڕەحمەتی قەرداریان بووە، هەندێ کە پەیان بە ماهیەتی میرزادە بردبوو و، تەبیعەتیان خوێندبووەوە، بە بێهیچ سەنەدو بەڵگەیەك هاتبوون و داوای بەشە میراتیان دەکرد. باوەڕدەکەن چی ڕووی دا ؟ میرزادە، وێڕای ئامۆژگاری و ڕێنوێنی دۆستەکانی، کە بۆیان سەلماند بوو ئەوانە هیچ هەقێکی یاساییان بەسەریەوە نییە، تەقریبەن هەموویانی ڕازی کردبوو، گوایە دەرکەوتبوو هەندێك لەوانە بەڕاستی زەرەرو زیانیان لێکەوتبوو.

خانم یەپانچینش، دووپاتی کردەوە کە دۆتمیر بیلوکونسکایا شتێکی بەو نێوەڕۆکە بۆ نووسیوە، دیارە ئەوە " گێلێتییە، گێلێتی تەواو، پیاوی گێلیش دەرمانی نییە ". خانم یەپانچین ئەو ڕستەیەی زۆر بە جدی گوت. بەلاّم دەموچاوی بە ئاشکرا پێوەی دیاربوو کە لە ڕەفتاری بە ناو "گێلە" نەك نارازی نییە، بەڵکو پێشی خۆشە. بە کورتیەکەی جەنەراڵ دیقەتی دا کە هاوسەرەکی لەلایەکەوە بە جۆرێ بە خەمی میرزادەوەیە وەك ئەوەی کوڕی خۆی بێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەرهەق بە ئاگلایای کیژیشی زۆر میهرەبان بوو بوو. کە ئەوەی بینی، ئەویش هەڵوێستێکی پڕ بە پێستی ئەو حاڵەتەی وەرگرت.

بەلاّم ئەم ڕەوشە باشەو ئەم بارە دەروونییە لە بارەش زۆری نەخایاند. هەمووی دوو هەفتەی پێنەچوو کە گۆڕانێکی لە ناکاوو کوتوپڕ ڕووی دا. خانم یەپانچین، دیسان چارەی دا بە یەکا، لێ جەنەراڵ، دوای ئەوەی دوو سێ جاران شانەکانی هەڵتەکاند، دیسان خۆی لە هەنبەر "دیواری بێدەنگی"دا دیتەوە. مەسەلەکە ئەمە بوو کە جەنابی جەنەراڵ، بەر لە دوو هەفتە هەواڵێکی نهێنی زۆر کورتی، بەلاّم ئەسەحی زانی بوو، گوایە ناستاسیا فیلیپوڤنا کە بۆ مۆسکۆ هەلاّتبوو، روگوژین لەوێ دۆزی بوویەوەو، جاری دووەمیش هەلاّتبووو دیسان لەلایەن روگوژینەوە دۆزرابووەوەو، ئیدی بەڵێنی بە روگوژین دابوو کە شووی پێبکات. بەلاّم ئەوەتا دوای ئەوە بە کەمتر لە دوو هەفتە، جەنەراڵ هەواڵی زانیوە کە ناستاسیا فیلیپوڤنا، بۆ جاری سێیەم لە کڵێسادا، پێش ئەوەی لەگەڵ روگوژیندا بگەنە بەردەم قەشە تا مارەیان بکات، هەلاّتووەو کەس نازانێ لە چ شارۆچکەیەکا خۆی شاردۆتەوە. ئیدی میرزادە (میشکین)ش لە هەمان ماوەدا دیار نەما بوو، ڕۆیی بوو و هەموو کارەکانی بەسەر وەکیلەکەیدا، سالازکین، بەجێهێشتووە. ئیدی دیار نەبوو ئاخۆ لەگەڵیا رۆیی بوو یان چوو بوو سۆراخ و تاقیبی بکات. بەلاّم جەنەراڵ گەیی بووە ئەو ئەنجامگیرییەی کە دیار نەمانی ئەو دووە لە هەمان کاتدا، دەبێ پەیوەندییەکی بە یەکەوە هەبێ. لیزاڤیتا پروکوفیڤنای هاوسەری جەنەراڵیش لەلای خۆیەوە کۆمەڵێك هەواڵ و دەنگوباسی ناخۆشی بیستبوو. بە هەرحاڵ، دوو مانگێك پاش ڕۆیشتنی میرزادە لە مۆسکۆ،

ئیدی خەڵکی لە شاری پترسبۆرگدا ئەوەندە باسیان نەدەکردو دەنگۆکان بە تەواوەتی نیشتنەوە، بەڵام لە ماڵی یەپانچیندا "دیواری بێدەنگی" نەشکاو کەس باسی نەدەکرد. بەڵام ڤارڤارا، هێشتا هەر هاتوچۆی کچانی جەنەراڵی دەکرد.

ئەگەر، خۆ لە هەموو ئەو دەنگۆو هەواڵانەش ببوێرین، ئەوا دەبێ باسی ئەوە بکەین کە لە دەمەدەمی بەهارا زنجیرە گۆڕانو هەڵکشانو داکشانێك بەسەر خانەوادەکەی یەپانچیندا هاتبوو کە نەدەپەرژانە سەر ئەوەی بیر لە میرزادە بکەنەوە، بە تایبەتی کە خۆی هیچ هەواڵێکی بۆ نەدەناردنو پێدەچوو حەزنەکات بە شوێنو مەکانی بزانن.

خانەوادەی یەپانچین، لە زستاندا تەگبیریان کرد کە بە خێزانی هاوینەکەیان لە هەندەران بەسەر بەرن، مەبەست لە بەخێزانی، لیزاڤیتا پروکوفیڤناو کیژەکانیەتی، چونکە جەنەراڵ، ڕێی بە خۆی نەدەدا، کاتی خۆی بە "سەفەرو سیاحەتی" بێهودە. بەسەر بەرێت. ئەم بڕیارە بە پێی داگریو مکوڕ بوونی کیژەکان درا کە دڵنیا بوون دایكو باوکیان، بۆیە ڕێگەی سەفەری هەندەرانیان نەدەدان، چونکە ژێراوژێر بە تەمای بە شوودانیان بوونو لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە مێردی گەنجو شایستەیان بۆ بدۆزنەوە.

لەوە دەچوو دایكو باوکەکە گەیی بنە ئەو قەناعەتەی کە بەختی کیژەکانیان لە کرانەوە بێ، لە هەندەرانیش بن هەر دەکرێتەوە، بۆیە سەفەرێکی هاوینە نەك هیچ زیانێکی نابێ، بەڵکو لەوەیە دەرفەتی لە باریشیان بۆ برەخسێنێ. جا لێرەدا پێویستە باسی ئەوەش بکەین کە ئەو زەماوەندەی قەرار بوو لە نێوان ئافاناسی ئیڤانوفیچ توتسکیو کیژە گەورەکەی یەپانچیندا ساز بکرێت، خۆ بەخۆ هەڵوەشایەوە، چونکە بە فەرمی لەلایەن توتسکییەوە خوازگاری نەکرا. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە، بە شێوەیەکی زۆر ئاساییو، بێئەوەی مشتو مڕو گەنگەشەیەکی زۆری لێبکەوێتەوە، یان پەشێویو ناکۆکی خێزانی لێبکەوێتەوە، کۆتایی هات. مەسەلەکە، لە پاش سەفەرەکەی میرزادە، لە هەردوو سەرەوە بەردێکی نرایە سەرو بێدەنگی لێکرا. بێگومان دەبێ ئەم مەسەلەیە یەکێك بووبێ لە هۆکارەکانی ئەو جەوە ناخۆشەی کە باڵی بەسەر ماڵی یەپانچیندا کێشا بوو، ئەگەرچی خانم یەپانچین لە هەوەڵەوە گوتبووی کە زۆر مەمنونو شوکرانە بژێری خوایە کە ئەو مەسەلەیە سەری نەگرتووەو ئامادەیە نەك بە دەستێ بەڵکو بە "هەردوو دەستان، ئاماژەی خاچ بکێشێت ". بەڵام جەنەراڵ، هەرچەندە گلەیی هاوسەرەکەی قەبووڵ بوو و، دانی بە کەمتەرخەمی، خۆیدا نابوو، تا ماوەیەکی زۆر بێحەواسو بێتاقەت بوو، بەڕاستی خەفەتی بۆ ئافاناسی ئیڤانوفیچ دەخوارد : "ئەو هەموو سەروەتو سامانە، پیاوێك بەو هەموو زرینگیو چالاکیە!". جەنەراڵ، دوای ماوەیەکی کەم زانی، کە ئافاناسی ئیڤانوفیچ کەوتووەتە داوی جوانی ئافرەتێکی فەرەنسایی سەر بە چینی ئەشرافەوە کە بەسەفەر هاتووە بۆ رووسیا، ئەم خانمە، مارکیزێکی سەڵتەنەت خوازەو گوایە دەگەڵ توتسکیدا هەموو شتێکیان بڕانوەتەوەو قەرارە مارکیز، ئافاناسی ئیڤانوفیچ دەگەڵ خۆیدا بۆ پاریس ببات و، پاش ئەوە بۆ دەڤەرێکی بروتانیای ببات، جەنەراڵ گوتی: " ژنی فەرەنسی ؟ تازە ڕۆیی، توتسکی فەوتا !".

بەمجۆرە ماڵباتی یەپانچین خۆیان بۆ سەفەرەکەی هاوین ئامادە دەکرد. بەڵام لەم کاتەدا ڕووداوێکی ناگەهانی دیکەیان هاتە پێش و هەموو شتەکان گۆڕان و جارێکی دی سەفەرەکەیان دوا کەوت. جەنەراڵ و هاوسەرەکەی ئەمەیان زۆر پێخۆش بوو.

میرزادەیەك بە نێوی (س)* لە مۆسکۆوە بۆ پترسبۆرگ، هاتبوو، ئەمە پیاوێکی بەنێوبانگ و تا حەزبکەی بە باشی باس دەکرا. یەکێك بوو لەو پیاوە زۆر ڕۆشنبیرو مودێرن و، چالاك و، شەریف و، خاکی و، بیٚ فیزانەی کە لە ناخی دڵەوە حەز بە خزمەتکردن دەکەن، و لە پەستاو بیٚ بڕانەوە کار دەکەن و لە دەرفەتێك دەگەڕێن، بەهرەو توانای خۆ بخەنە خزمەتی خەڵکەوە. هەرگیز هەوڵی نەدەدا خۆی بخاتە پێش خەڵکەوەو خۆی لە خەڵکی بە زیاتر بزانیٚ، گوێی بە بانگەشەو کێشماکێش و ململانێی بیٚ سوودی حیزبان نەدەدا، لە خۆ نوێنی و خۆ هەڵکێشان و دەرکەوتن بێزار بوو. بەڵام زۆر بە وردی ئاگای لە دیاردەو ڕووداوە تازەکان هەبوو، واقیعیانە لێکی دەدانەوەو شیدەکردنەوەو لە بنج و بناوانی دەکردن. ئەم پیاوە لە هەوەڵەوە فەرمانبەری دەوڵەت بوو بوو، پاشان لە حکومەت و ئیدارەی مەحەلیدا (زمتوف)* کاری کردبوو. ئەندام و پەیامنێری چەندین کۆمەڵەی زانستی ڕووسی بوو و لەو بوارەدا دەورێکی گرینگی هەبوو. دەگەڵ، ئەندازیارێکی هاوڕێیدا، بە شەریکی نەخشەی یەکێك لە گرینگترین هێڵی ئاسنی ئەو ڕۆژگارەی دانا بوو، کە قەرار بوو لەو سەردەمەدا جێبەجیٚ بکرێت. تەمەنی سی و پێنج ساڵ بوو، بە ئورستۆکرات دەژمێردرا، ئەمە جگە لەوەی جەنەراڵ گوتەنی خاوەنی " سەروەت و سامانێکی زۆرو پاك و پوختە بوو". جەنەراڵ بە هۆی هەندیٚ کارو سەوداو مامەڵەی گرینگەوە، لە ماڵی بەرپرسەکەی خۆیدا، واتە لە ماڵی جەنابی کۆنتدا، ئاشنایەتی دەگەڵ میرزادە (س)دا پەیدا کردبوو.

میرزادە، بە تەبیعەت حەزی دەکرد تێکەڵی " ئەهلی کارو کاسبی " ڕووس ببێت و قەت خۆی لە بزنسمانانی ڕووس دوور نەدەگرت. بە ڕێکەوت ناسیاوی دەگەڵ خانەوادەی جەنەراڵدا پەیدا کرد. ئادیلاید ئیڤانوڤنای کیژی ناوەنجی جەنەراڵ، بە جاریٚ دڵی برد. ئیدی میرزادە(س)، دەگەڵ هەوەڵی بەهاردا خوازبێنی کرد. ئادیلایدو دایکی کوڕەیان بە دڵ بوو و بەگەنیان کرد بوو. هەڵبەتە بەو بۆنەیەوە، دیسان سەفەرەکەیان دواکەوت، چونکە زەماوەندەکەیان خستە بەهار.

هەڵبەتە خانم یەپانچین و دوو کیژەکەی دیکەی، دەیانتوانی لە ناوەڕاست یان کۆتایی هاویندا بچنە سەفەرو بای باڵێکی خۆ بدەن. بەڵام دیسان پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا: لە کۆتایی بەهارا ( زەماوەندەکەی ئادیلاید ئەنجام نەدراو بۆ ناوەندی هاوین دواخرا ). میرزادە (س) یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی خۆی ، کە خزمایەتیەکی دووری دەگەڵیا هەبوو، لەگەڵ خۆدا هێنا بۆ ماڵی یەپانچین و بە یەکتری ناساندن. گەنجێك بوو بە نێوی یوگین پاڤلوفیچ*، تەمەنی بیست و هەشت ساڵێك دەبوو، یەکێك بوو لە ئەفسەرانی* گاردی تزار، لە ڕادەبەدەر قۆز بوو، لە بنەماڵەیەکی ناودار بوو. جگە لەوەی کە کەسێکی زیرەك ، خۆش خوو، ڕووخۆش، کراوە، مودێرن و زۆر ڕۆشنبیر بوو، یەجگار دەوڵەمەند و داراش بوو. بەڵام جەنەراڵ کە پیاوێکی هەمیشە بە گومان و دووربین بوو، بە تایبەتی سەبارەت بە دەوڵەمەندی و سەروەت و سامان، کەوتە

تاقیب و سۆراخ، گەییە ئەو ئەنجامەی " پێدەچێ بەڕاستی دەوڵەمەند بێ، بەڵام دەبێ تاقیبی زیاتر بکات و بەتەواوەتی شتەکە لە بنج و بناوان بکات و دڵنیا ببێت ".

بیلوکونسکایای پیرەژن، لە مۆسکۆوە جوابی نارد بوو کە ئاگایان لەم کوڕە بێت و زۆری ستایش کردبوو، ئیدی ئەم ئەفسەرە گەنجە کە ئایندەیەکی پرشنگداری لە پێش بوو، هێندەی دی لە ماڵی یەپانچیندا شیرین بوو. ئەم گەنجە تەنیا یەك عەیبی هەبوو، کە مێباز بوو و پەیوەندی ئاشقێنی دەگەڵ ژناندا هەبوو و وەك دەڵێن فاتیحی دڵی، دلبەران بوو.

کە چاوی بە ئاگلایا کەوت، بە دڵێ نا، بە سەد دڵ حەیرانی بوو، نەیدەتوانی لە ماڵی یەپانچین دوور بکەوێتەوە. هەرچەندە هێشتا هیچ قسەیەك چ ڕاستەوخۆ و چ نا ڕاستەوخۆ لەو بارەیەوە نەکرا بوو، داك و بابەکە وایان بە مەسڵەحەت زانی کە جارێ بیری سەفەری هەندەران لە مێشکی خۆ دەربکەن. بەڵام ئاگلایا، لەوە دەچوو ڕاو بۆچوونێکی دیکەی هەبێت.

هەر هەموو ئەم پێشهاتانە، بەر لە گەڕانەوەی شا قارەمانی چیرۆکەکەمان بۆ سەر شانۆ، روویان دا. ئەمجارەیان لەوە دەچوو خەڵکی پترسبۆرگ، میرزادە میشکینی بەستەزمانیان هەر لە بیریش نەما بێ، بە جۆرێ لە بیریان چوو بووەوە، ئەگەر لە پڕێکا، لە ناو ئەو کەسانەدا کە دەیانناسی، دەرکەوتبایەوە، ئەوەندە غەریب دەهاتە بەرچاو وەکو بڵێی لە ئاسمانەوە هاتبێ و خەڵکی سەر زەوی نەبێت.

جا لێرەدا، پێویستە بەر لەوەی لەم پێشەکییە ببینەوە، یەك ڕووداوی دیکەش بگێڕینەوە.

کولیا ئیڤولگین، دوای ڕۆیشتنەکەی میرزادە، وەکو جاری جاران دەژیا. دەچوو بۆ قوتابخانە، هاتوچۆی (هیپولیت)ی برادەری دەکرد، خزمەتی بابی دەکرد، یارمەتی ڤاریای دەداو ئیشی بازاڕی بۆ دەکرد. هەموو کرێچیەکانیان ڕۆیی بوون: فردیش چینکۆ، دوای ڕووداوەکانی شەوی ئاهەنگی ساڵیادی لە دایکبوونەکەی ناستاسیا فیلیپوڤنا، بە سێ ڕۆژان، ئیدی گوڕی گوم بوو و کەس نەیزانی کێوە چوو. دەیانگوت، هەڵبەتە ئەویش هەر گوتن بوو، سەری کردووەتە بادەنۆشی. میرزادەش ڕۆیی بوو بۆ مۆسکۆ، ئیدی یەك کرێچیان نەما. کە ڤاریا شووی کرد، هەنگێ نینا ئەلکسندروڤناو گانیاش چوون بۆ ئەوێ و لە ماڵی پتیتسن، لە گەڕەکی ئیسماعیلوفسکی* ئاکنجی بوون. سەبارەت بە جەنەراڵ ئیڤولگین، تەقریبەن هەر لەو ڕۆژانەدا، پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ پێشهات، بە هۆی قەرزارییەوە زندانی کرابوو. دۆستەکەی، واتە بێوەژنی یارۆی کاپتن، بە سەنەد و بەڵگە، داوای نزیکەی دوو هەزار ڕۆبڵی لێدەکرد، کۆمەڵێك بەڵگەو سەنەد بوون کە جەنەراڵ، لە ماوەی جیاجیادا بۆی ئیمزا کردبوو. ئەم شتە بەلای جەنەراڵەوە، سەیرو باوەڕ نەکردەنی بوو، لەم ڕووەوە جەنەراڵی داماوی بەستەزمان "لە دڵپاکی خۆی ئەمەی بەسەر هاتبوو، باوەڕی تەواوی بە مرۆڤ و بە دڵپاکی مرۆڤانی هەبوو." ئیدی عادەتی وا بوو، زۆر بە دڵنیاییەوە هەر سەندو قەواڵەیەکی ئیمزا دەکرد، بە بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، کە ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو قەوالانە، دژی خۆی بەکار بێت. بۆیە ئیمزاکردنی ئەو قەواڵەو کاغەزانەی بەلاوە گرینگ نەبوو. بەڵام ئەم ڕووداوە بۆی سەلماند مەسەلەکە ئەوەندەش سادە نییە. ئیدی جەنەراڵ ئیڤولگین، لە کاتێکا لە شوێنە تازەکەیدا، لە زندانی تاراسوفدا، بەدیار

قـاپیّ مەیـەوە دانیشـتبوو، چیرۆکە دڵخوازەکـانی خـۆی، یـانی ئابلۆقـەی قـارس و ئـەو سـەربازە مردووەی کە زندوو بوو بووەوە، بۆ دۆست و هاورێ تازەکانی دەگێڕایەوەو دەیگوت: " وێڕای ئەمەش باوەڕ بە هەموو کەسێك بکەن، متمانەی بیّ چەندو چوونتان بە خەڵکی هەبێت !".

ئەلهەقی، لە زنداندا خۆش دەژیا. تەنانەت پتیتسن و ڤاریاش دەیانگوت، شوێنی ڕاستەقینەی خۆی پەیـدا کـرد. ئـەویّ شـوێنی ئـەوە. گانیـاش هـەمان بۆچـوونی ئـەوانی هـەبوو. تـەنیا نینـا ئەلکسندروڤنای بەستەزمان بەزەیی پێیدا دەهاتەوەو بەدزییەوە بۆی دەگریا. ( ماڵ و منداڵەکەی ئەمەیان پیّ سەیر بوو )، هەرچەندە هەمیشە نەخۆش و لەش بەبار بوو، بە پێی توانا، خۆی بکـێش دەکـردو بەلەقەلـەق لـە گـەڕەکی ئیسماعیلوفسـکی دەردەچـوو و، دەچـوو بـۆ دیـدەنی مێردەکەی.

بـەلآم لـە دوای ئـەم ڕووداوەوە، یـان کولیـا گوتـەنی " ڕووداوەکـەی جەنـەراڵ "و پـاش شـوو کردنی ڤاریا، ئیدی ئەم کوڕیژگەیە، یانی کولیا، بە تەواوەتی بەرەڵلا بوو، تەنانـەت زۆر شـەوانی لـە دەرەوە ڕۆژ دەکردەوە، بۆ خـەوتنیش بۆ مـاڵ نەدەگەڕایـەوە. دەیـانگوت زۆر پەیوەنـدی تـازەی پەیـدا کـردووە، هـەروەها لـە زنـدانی قەردارانیشـدا ناوبـانگی دەرکردبـوو، نینـا ئەلکسـندروڤنای دایکی نەیدەتوانی بەبیّ ئەو بچیّ بۆ زندان، ئیدی کەسوکارەکەی لێیان نەدەپێچایەوە. تەنانـەت ڤاریاش کە جاران زۆر دەگەڵیا سەختگیر بوو و دەرفەتی هیچ بەرەڵلاییەکی پێنەدەدا، ئێستا وای لێهاتبوو، خۆی لیّ بە ساحێب نەدەکردو لێی نە دەپرسی لە کوێیەو لە کویّ نییە. بەلآم گانیـا، هەندێجار، وێڕای خەفەتباری و ڕەشبینی خۆی، زۆر دۆستانەو بە میهرەوە دەیدواندو ڕەفتاری دەگـەڵ دەکـرد ( کەسـوکارەکەی ئەمـەیان زۆر پـیّ سـەیر بـوو ) چـونکە پێشـتر قـەت شـتی وای لێنەبینرا بوو. ئەم گۆڕانە ، زۆر تازە بوو. چونکە گانیای تەمەن بیست و حـەوت سـاڵ، کەمترین بایـەخی بـە برایـە پـازدە سـالآنەکەی خـۆی نـەدەداو بەوپـەڕی نـا میهرەبـانی مامەڵـەی لـە تەکـدا دەکـردو تەنانـەت ئەنـدامانی خێزانەکەشـی گـاڵ دەدا کـە دەگـەڵیا تونـدو سـەختگیر بـن، هەمیشـە هەڕەشـەی گویّ ڕاکێشـانی لێدەکردو کولیاش بـەم هەڕەشـەیە دەهـری دەبـوو و " کاسـەی سـەبری سـەر ڕێـژ دەبـوو ". بـەلآم ئێسـتا وەك دەڵـێن ئاسمـان کۆڵەکـەی دەویسـت، دەتـوانین بڵـێین بـوونی کۆلیا، هەندێجار بۆ گانیای برای لە زەروری زەرورتر بوو. کۆلیا کە زانی گانیای برای پارەکـەی ڕەت کردووەتـەوەو بـۆ خاوەنەکـەی ناردووەتـەوە، زۆری پـیّ سـەیر بـوو، ئەوەنـدە ئـەم کـارەی پـیّ خۆش بوو، ئامادە بوو لە زۆربەی کەم و کوڕییەکانی ببوریّ و فیداکاری گەورەی لە پێناودا بکات.

دوای سـەفەری مـیرزادە بـە سـیّ هـەیڤان، خانەوانـدەی ئیڤـولگین بیسـتیان کـە کولیـا لـە پـڕ ئاسـیاوی دەگـەڵ ماڵبـاتی یەپانچـیندا پەیـدا کـردووەو کیـژەکانیان زۆری ڕێـز دەگـرن و ڕووی دەدەنـیّ، ڤاریـا، یەکسـەر بـەم مەسـەلەیەی زانـی. هەڵبەتـە کۆلیـا لـە ڕێگـەی ڤاریـاوە ئاشـنایەتی دەگەڵ ماڵی یەپانچیندا پەیدا نەکردبوو، بەڵکو خۆی، خۆی پێناساند بوون. بەرە بەرە خانمانی یەپانچین مەحەبەتیان چووە سەری، سەرەتا دایکیان حەزی لە چارەی نەدەکرد، مۆڕەی لێدەکرد، بەلآم پاشان کە زانی کوڕێکی " سادەو پاك و ڕاستگۆو دوورە لە هەر ڕووبینییەك " ئیدی ئەویش مەحەبەتی چووە سەری و خۆشی ویست. کۆلیا، بە ڕاستی ڕووبین نەبوو، ڕووپامایی بۆ کەس

نەدەكرد. دەیزانی چۆن قەدری خۆی دەگرێت و وەكو هاوتای وان ڕەفتاری دەكرد. هەرچەند جار بە جار ڕۆمان و گۆڤارانی بۆ خا جەنەراڵ دەخوێندەوە، بەڵام ئەوەی بۆ هیچ مەبەستێك نەدەكرد، بەڵكو بە تەبیعەت كەسێكی خۆشخزمەت بوو، حەزی دەكرد خزمەتی خەڵكی بكات. یەك دووجار زۆر خراپ دەگەڵ لیزاڤیتا پروكوفیڤنادا بە شەڕ هات و لێیان بوو بە مشت و مڕ، و پێی گوت ژنێكی دكتاتۆرەو جارێكی دی پێ نانێتە ماڵەكەیان. شەڕی یەكەمیان لەسەر " مەسەلەی ژنان" و هی دووەمیان لەسەر ئەمە بوو كە: كام وەرز باشترین وەرزی ڕاوی بولبولانە. ئەگەرچی لەوەیە باوەڕ نەكەن و شتەكەتان بەلاوە سەیر بێ، بەڵام خانم یەپانچین دوای شەڕی دووەم، بۆ سبەی نۆكەرێكی بە نامەیەكەوە بۆ لای كۆلیا نارد بوو و داوای لێكرد بوو یەكسەر بچێ بۆ ماڵی ئەوان. (كۆلیا)ش بێئەوەی هیچ منجڕییەك بكات، یەكسەر چوو بوو بۆ لای. ئاگلایا، تەنیا كەسی خێزانەكە بوو كە خۆشی بە چارەی كۆلیادا- كەس نەیدەزانی بۆ؟- نەدەهات و خۆی لە ئاستیا بە گەورە دەزانی. بۆیە كۆلیا لێڕا بوو لە ناخافلا جەزرەبەیەكی لێبدات. ئەم دەرفەتەی لە هەفتەی جەژنی پاكدا بۆ هەڵكەوت، كۆلیا كە بینی ئاگلایا بە تەنیایەو كەس دیار نییە، نامەیەكی دایەو تەنیا ئەوەندەی گوت كە داوایان لێكردووە، ئەم نامەیە ڕاستەوخۆو بە دەستی خۆی بگەیەنێتە ئەو. ئاگلایا، خێسەیەكی لێكرد. بەڵام كۆلیا بێئەوەی چاوەڕوانی هیچ قسەیەك بكات، ڕۆیی. ئاگلایا نامەكەی كردەوەو ئەمەی خوێندەوە:

" تۆ جارێك شەرەف و شانازی ئەوەت پێبەخشیم كە متمانەو باوەڕی خۆت دامێ. لەگینە هەنوكە منت هەر لە بیر نەمابێ، بە تەواوەتی فەرامۆشت كردبم. نازانم چۆن زاتم نایە بەرخۆم و ئەم نامەیەم بۆ نووسیت ؟ بەڵام هەست دەكەم ئارەزوویەكی یاخی، هەوسارو پچڕیو، زۆرم لێدەكات كە خۆم وەبیر تۆ، شەخسی تۆ بێنمەوە. زۆرجار پێویستم بە هەرسێكتان، تۆو هەردوو خوشكەكەت بووە، بەڵام تەنیا تۆ بە چاوی دڵ دەبینم، زۆر زۆر پێویستم بە تۆیە. هیچ داوایەكم لە تۆ نییەو هیچ شتێكیشم دەربارەی خۆم نیە كە بۆ تۆی باسبكەم، و ئارەزووی ئەم كارەشم نییە، ئەمەش هانی نەداوم بۆ نووسینی ئەم نامەیە. هەموو ئاواتێكم ئەوەیە كە تۆ بەختەوەر بیت، ئایا بەختەوەریت ؟ ئەمە هەموو ئەو شتە بوو كە ویستم پێتی بڵێم.

پسمامی تۆ: میرزادە ل . میشكین "

ئاگلایا، كە ئەم نامە كورت و بێ سەروبەرەی خوێندەوە، یەكسەر سوور هەڵگەڕاو لە فكران ڕاچوو. هەڵبەتە زۆر زەحمەتە بتوانین پەیگیری ڕەوتی بیرەكانی ئەو بكەین و بزانین چی بە مێشكیدا دەهات و دەچوو. بەڵام یەكێك لەو پرسیارانەی كە لە خۆیی كرد ئەمە بوو: باشە ئەم نامەیە پیشانی یەكێك بدەم ؟ هەڵبەتە دوو دڵ بوو لە كردنی ئەو كارە، كەمێك شەرمی دەكرد. بۆیە لێوەكانی هەڵقورتاندو بە تەوس خەنێكەوە نامەكەی هەڵدایە ناو چەكمەجەی مێزەكەیەوە.

بۆ سبەینێ نامەكەی دەرهێناو خستیە دوو تویی كتێبێكی قەبەی بەرگ ئەستوورەوە. هەمیشە ئەو كاغەزو نامانەی، كە بیویستبا لە كاتی پێویستدا بە ئاسانی بیاندۆزێتەوە،

دەیخستنە دوو توێی کتێبێکی دیارەوە. دوای یەك هەفتە ئەوجا بە بیریا هات کە سەیری سەرناوی کتێبەکە بکات:

" دۆنکیشۆت دولامانچا "* کە چاوی بە سەر ناوی کتێبەکە کەوت، لە قاقای پێکەنینی دا، بەڵام نازانین بۆچی ئەم سەرناوە بووە باعیسی ئەو پێکەنینە. ناشزانین ئاخۆ ئەم نامەیەی پیشانی یەکێك لە خوشکەکانی دا یان نا ؟

بەڵام کە بۆ جاری دووەم نامەکەی خوێندەوە، پرسیارێکی بروسکە ئاسای بە مێشکدا هات: باشە ماقوولە میرزادە ئەم کوریژگە لاسارە لە خۆباییەی کردبێت بە قاسیدو تەتەری خۆی، چما قاتی پیاوە، پیاو برانە ؟ بە کەش‌و فشێکی زۆرو لە ڕووی ناچارییەوە کەوتە داپشکنینی کۆلیا، کۆلیا هەرچەندە کوڕیژگەیەکی دڵناسك‌و تۆرینۆك بوو، هیچ گوێی بەو فیزو ئیفادەیە نەدا کە نیشتبووە سەر سیمای ئاگلایا. زۆر بە کورتی‌و بە جۆرە وشکی‌و زبرییەکەوە بۆ ئاگلایای باسکرد کە پێش ئەوەی میرزادە پترسبۆرگ بە جێ بێڵێ، ئەم ئەدرەسی خۆی داوەتیێ‌و ئامادەیی خۆی دەربڕیوە کە ئەگەر کارێکی بوو، ئەم لە خزمەتیدایە. بەڵام ئەمە یەکەم کارە کە میرزادە داوای لێکردووەو ئەمە یەکەم نامەی میرزادەیە کە پێی گەییوە. ئەوسا بۆ سەلماندنی دروستی قسەکەی خۆی، نامەیەکی نیشاندا کە میرزادە بۆی نارد بوو. ئاگلایا، بێهیچ لە ڕووداماننێك نامەکەی خوێندەوە کە بەم دەقە بوو:

" کۆلیا گیان، تکایە ئەم نامە داخراوە بگەیەنە دەستی ئاگلایا ئیڤانوڤنا، هیوای ساغ‌و سەلامەتیت بۆ دەخوازم. هەر ساغ بیت.

لەگەڵ ئەوپەڕی سۆزو خۆشەویستی

دۆستی خۆت:

میرزادە ل. میشکین "

ئاگلایا، نامەکەی دایەوە دەستی کۆلیا بەوپەڕی کەش‌و فش‌و خۆ پەسندییەوە گوتی:

" سەیرە، بەڕاستی ئەو هەموو متمانەیە بە منداڵێکی وەکو تۆ، مایەی پێکەنینە.

بە ڕق‌و نەفرەتەوە ڕووی لە کۆلیا وەرگێڕاو ڕۆیی. ئەو قسانە بۆ کوڕیژگەیەکی وەکو کۆلیا کە بە بۆنەی ئەو دیدارەوە، ملپێچە تازە کەسکەکەی لە گانیا بە ئەمانەت وەرگرتبوو، زۆر قورس بوون، لە تەحەمولی ئەودا نەبوون، بۆیە هەستی بە سووکایەتیەکی زۆر قورس کرد.

پەراوێز:

* – ".. بۆ نموونە چەند کەسێك بە خۆو هەندێ بەڵگەنامەی گومان لێکراوو تەنانەت دەستکاری کراوەوە کە دەشیا هیچ حیسابێکیان لەسەر نەکرێ‌و فەرامۆش بکرێن...": ژنەکەی دۆستویفسکی دەیگێڕێتەوەو دەڵێت دۆستویفسکی بە خۆی پارەی دا بە کۆمەڵێك، گوایە خاوەن قەرز، کە بە بەڵگەنامەی ساختەو تەنانەت بەبێ بەڵگەنامەش، دوای مردنی برایەکەی هاتبوون‌و داوای قەرزیان دەکرد.

* – میرزاده بە نێوی (س): ئەمە تاقە کاراکتەرە کە نووسەر ناوە تەواوەکەی ناڵێت و تەنیا پیتی یەکەمی ناوەکەی (س) بەکار دێنێ.

* – زمتوف: ئەو یاسا ریفورمیستیانەی لە ١/ك٢/ ١٨٦٤دا دەرچوو، جۆرە سیستەمێکی حوکمی محەلی لە هەرێمەکاندا داهێنا. بەگوێرەی ئەو سیستەمە ئاغاو موڵکدارو جووتیاران نوێنەریان هەڵدەبژێراو ئەو نوێنەرانە (زمتوف)یان پێك دێنا، کە بودجەی تایبەتی خۆی هەبووو، بایەخی بە خوێندن و خزمەتگوزاری گشتی و کاروباری دیکەی هەرێمەکە دەدا.

* – یوگین پافلوفیچ: ئەم پیاوە پاشان بە ناوی یوگین بافلوفیچ رادومسکی ناوی دێت.

* – ئەفسەرانی گاردی تزار: ئەمە نازناوێکی فەخرییە، بەو ئەفسەرانە دەدرێ کە تزار بە ناسین دەیانناسێت.

* – گەڕەکی ئیسماعیلوفسکی: گەڕەکێکە لە ناوەڕاستی پترسبۆرگدا بە ناوی سەربازگەکانی سەر بە لیوای پاسدارانی ئیسماعیلوفسکییەوە ناو نراوە.

* –" دۆنکیشۆت دو لامانچا." : دۆستویفسکی ئەم کتێبەی نووسەری مەزنی ئەسپانی، سیرڤانتسی یەجگار بەلاوە گەورەو گرینگ بوو. لە "ڕۆژانە یاداشتەکانی نووسەرێکدا " لە ئازاری ١٨٧٦دا نووسیویەتی و دەڵێت: "لە دنیادا هیچ کتێبێك لەم کتێبە قووڵترو سەنگینتر نییە. تا ئێستا گەورەترین چیرۆکە کە هزری بەشەری هەڵیهێنابێت، توندترین ساتیری تاڵە کە مرۆڤێك توانیویە گوزارشتی لێبکات. تەنانەت هەندێك پێیان وایە لێکچوونێك لە نێوان کەسێتی دۆنکیشۆتی سوار چاکی خەمین و کەسێتی میرزادە میشکیندا هەیە.

## فەسڵی دووەم

هەنووکە لە سەرەتای مانگی حوزەیراندابن، کەش و هەوای پترسبۆرگ، دوو رۆژە زۆر خۆشە. ماڵی یەپانچین لە پافلوفسک*ی، نزیکی پترسبۆرگ ڤێللایەکی زۆر بە شکۆو جەلالیان هەبوو، کە هەموو پێویستییەکی ماڵی تیا بوو. لەسەر بڕیاری کوتوپڕی خانم یەپانچین، بە دوو رۆژان ماڵیان بۆ ئەوێندەر گواستەوە.

دوای یەك دوو رۆژ، میرزادە لیون نیکولایوفیچ میشکین بە قیتاری بەیانی لە مۆسکۆوە گەییە جێ. هیچ کەسێك نە چوو بووە پێشوازی، بەڵام کە لە فارگۆنەکە دابەزی، وای بە خەیاڵدا هات کە دوو چاوی ئاگرین لە نێو ئەو خەڵکەدا کە هاتبوونە پێشوازی دۆست و کەسوکاری خۆ، زۆر غەریب لێیان دەڕوانی. ویستی بگاتە سەرچاوەی ئەو نیگایە، بەڵام هیچی بۆ نەدۆزرایەوە. لە خەیاڵی خۆیدا وای بۆ چوو کە ئەمە خەیاڵەو هیچی دی. هەڵبەتە ئەم وەهمە زۆری ناڕەحەت کرد. ئەمە جگە لەوەی میرزادە،بە خۆی خەمین و لێو بەبار بوو، پێدەچوو مێشکی بە شتێکەوە مژول بێت.

سواری گالیسکەیەك بوو و چوو بۆ ئوتێلێکی نزیکی شەقامی لیتانیایا، کە ئوتێلێکی نمرە دوو بوو، دوو ژووری نیمچە تاریك و کەم بەرگ و باری بە کرێ گرت. بە پەلە خۆی شت، جلەکانی گۆڕی و بەلەز وەکو یەکێك ژوانێکی هەبێ و نەیەوێ لە دەستی بچێت، لە ئوتێلەکە وەدەرکەوت .

ئەگەر یەکێك لەو کەسانەی، کە بەر لە شەش مانگ میرزادەیان دیتبوو، هەنووکە دیتبای یەکسەر هەستی دەکرد ڕواڵەتی زۆر گۆڕاوە، لەو میرزادەیە ناچێت کە یەکەمجار گەیی بووە پترسبۆرگ. بەڵام ئەمە تەنیا ڕواڵەت بوو، تەنیا جلەکانی گۆڕا بوون. پاڵتۆکەی و جلەکانی دەستدرووی باشترین خەیاتی مۆسکۆ بوو. تاقە عەیبی پاڵتۆکەی ئەوە بوو، کە لە ڕادەبەدەر تازە مۆد بوو ( ئەمە هەمیشە عادەتی خەیاتانی شارەزا، بەڵام کەم زەوق و سەلیقەیە )، بە تایبەتی بۆ کەسێك کە گوێی بە ڕواڵەت نەدەدا. خۆ ئەگەر کەسێکی قۆشمەو سوعبەتچی دیتبای و کەمێك سەرنجی میرزادەی دابا، یەکسەر بابەتی پێکەنین و سوعبەتی خۆی دەدۆزییەوە. چ قەیدیە، چی زۆرە لە دنیادا بابەتی شۆخی و پێکەنین زۆرە!.

میرزادە، سواری گالیسکەیەك بوو و داوای لە گالیسکەچییەکە کرد بۆ گەڕەکی پسکی* (الرمال) بەرێ . لەوێ لە یەکێك لە کوچەکانی رودجستفنسکی دا، ئەو شوێنەی دۆزییەوە کە بۆی دەگەڕا: ماڵێکی چکۆلەی دارین بوو، ماڵێکی دڵگیرو پاك و خاوێن بوو، زۆری بە دڵ بوو. باخچەیەکی پڕ گوڵ و گوڵزاری بەدەورەوە بوو، پەنجەرەکانی کە دەیانڕوانیە سەر جادەکە کرابوونەوە، لەو پەنجەرانەوە دەنگی پیاوێك دەهاتە گوێ، زیاتر لە هاوار دەچوو، پێدەچوو

کتێبێك بخوێنێتەوە یان وتار بدات. ناو بە ناو قاقای پێکەنینی کۆمەڵێك ئەو دەنگەی دەبڕی. میرزادە خۆی بە حەوشەدا کرد. بە قاڵدرمەکانا سەرکەوت، لە دەرگای دا، دەرگای لێکرایەوە، لە ئاغای لیبدیفی پرسی.

ژنێکی ئاشچی کە هەردوو قۆڵی تا ئانیشکان هەڵکردبوو، بە دەست ئاماژەی بۆ هۆڵی پێشوازی کردو گوتی:

– لەوێیە !

ئەم هۆڵە، بە کاغەزێکی شینی تۆخ ڕووپۆش کرا بوو، یەجگار پاك‌و خاوێن بوو، زۆر پۆشتەو پڕ کەل‌و پەل و بە تفاق بوو، کە بریتی بوو لە: مێزێکی خڕ لە ناوەندی هۆڵەکە، قەنەفەیەك، سەعاتێکی برونزی لە نێو سەندوقۆکەیەکی شووشەدا، ئاوێنەیەکی بالانمای درێژکۆڵە، ئاوێزەیەکی چکۆلەیەکی بە پلێلەی کریستاڵ، کە بە زنجیرێکی برۆنزی بەمیچەکەوە هەڵواسرا بوو. لیبدیف، لە ناوەندی هۆڵەکەیا، پشت لە دەرگاکە وەستا بوو، لەبەر گەرمای هاوین، کراسێکی نیو قۆڵی لەبەر کرد بوو، بەدەم قسەکردنێکی گەرم‌و گوڕەوە بە سینگی خۆیدا دەکێشا. گوێگرەکانی بریتی بوون لە: کوڕیژگەیەکی پازدە سالانی زیتەڵەی سەروسیما وریای پڕ هۆش‌و گۆش و کتێبێکی بە دەستەوە بوو، ئافرەتێکی گەنجی نزیکەی بیست سالان کە جلکی تازیەباری لەبەر بوو و منداڵێکی چکۆڵەی بە هەمێزەوە بوو، کیژێکی سیازدە سالان کە ئەویش جلکی تازیەباری لەبەر بوو و، پڕ بە زار پێدەکەنی، و کەسێکی دیکەی سەیر کە لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا بوو: ئەمە گەنجێکی نزیکەی بیست سالان، گەنم ڕەنگێکی زۆر قۆز بوو، قژی پڕو درێژ، چاوی درشت‌و ڕەش، تەنکە ڕیشێکی هەبوو. هەر ئەو بوو کە لێکدا لێکدا قسەکەی بە لیبدیف دەبڕی‌و بە پرسیاری عەنتیکە عەنتیکە، گوێگرەکانی دێنایە پێکەنین. چێشتکەرەکە گوتی:

– لوکیان تیموفیچ ! لوکیان تیموفیچ ! دەگەڵ تۆمە ! تەمەشای ئێرە بکە !... ئاه... دە کەیفی خۆتە !...

چێشتکەرەکە، لە توڕەییدا سوور هەڵگەڕا، بەدەم قۆڵ بادانەوە ڕۆیی.

ئەنجام لیبدیف ئاوڕی دایەوە، کە چاوی بە میرزادە کەوت، بۆ چەند ساتێك هایم‌و حەیران وەکو بزمار لە جێی خۆی چەقی. ئەوسا، بە دەم بزەیەکی ڕیا ئامێزەوە بەلەز بەرەو پیری چوو، بەلام دیسان لە ئاستانەی دەرگاکەدا، سەرسام‌و حەپەساو وەستا، لە بن لێوانەوە گوتی:

– جەنا... جەنابی میرزادەی پایەبەرز !*.

لە ناکاودا، وەکو ئەوەی هێشتا نەیتوانیبێ خۆی کۆنترۆڵ بکات، گەڕایەوەو بە بێهیچ هۆیەك بەرەو ئافرەتە ڕەشپۆشە منداڵ لە باوەشەکە هێرشی برد، ئەم هێرشە ئەوەندە کوت‌و پڕو چاوەڕوان نەکرا بوو، کە ئافرەتەکە پاشەو پاش کشایەوە. بەلام لیبدیف زوو وازی لەو هێناو، بەرەو کچۆلە سیازدە ساڵەکە هێرشی برد کە هێشتا هەر پێدەکەنی. کچۆڵەکە کە خۆی لەبەر هات‌و هاواری لیبدیف نەگرت، یەکسەرو بە بازێك خۆی گەیاندە مووبەقەکە. لیبدیف پێیەکی بە عاردیدا کوتا تا بیترسێنێ، بەلام کە نیگای لە نیگای حەپەساوی میرزادە هەڵەنگوت، بە دەمەلاکێ گوتی:

– بۆ ئەوەی تەمێیان بکەم! ھ . ھ . ھا!

میرزادە، گوتی:

– تۆ ھەڵەیت، پێویست بەمە ناکات...

بەڵام لیبدیف، دەرفەتی نەدا قسەکەی تەواوبکات، قسەکەی پێبڕیو گوتی:

– یەك دەقیقە، بە چاو تروکانێك دەگەڕێمەوە...

لیبدیف، بە ھەشتاو لە ھۆڵەکە وەدەرکەوت.

میرزادە، بەسەرسامی کەوتە تەمەشای کچەکەو کوڕیژگەکەو ئەو یارۆیەی لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا بوو. ھەموویان پێدەکەنین، ئەویش گوێ بە گوێی وان کەوتە پێکەنین.

کوڕیژگەکە گوتی:

– چوو پاڵتۆکەی لە بەربکات.

میرزادە گوتی:

– ئەمە چ حاڵێکە، زۆرم پێناخۆشە ! من وام تەسەور دەکرد کە... بەڵام تۆ پێم بڵێ: ئایا ئەو...

دەنگێك لە لای قەنەفەکەوە ھەڵیدایە:

– مەستە ؟ دەتەوێ بپرسیت ئایا مەستە ؟ نەخێر، سەرخۆش نییە ! ھەمووی سێ، چوار، تۆ بڵێ پێنج پێکی ھەڵداوە،... یانی ئاگای لە خۆیەتی !.

میرزادە، ویستی وەڵامی ئەو دەنگە بداتەوە کە لە لای قەنەفەکەوە ھات. بەڵام ئافرەتە گەنجەکە، کە سیمای جوانی، ئەوپەڕی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی لێدەباری ھەڵیدایەو گوتی:

– قەت بەیانیان زۆر ناخواتەوە. ئەگەر دەتەوێ باسی کارێکی دەگەڵ بکەی، یان کارێکت پێی ھەیە، ھەر ئێستا باسی بکە، ئێستا لە بارترین کاتە. چونکە کە شەوان بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە مەستی مەستە. شەوان ھەر خەریکی گریەو زارییە، بەدەم گریانەوە، بە دەنگی بەرز، کتێبی پیرۆزمان بۆ دەخوێنێتەوە، چونکە دایکمان پێنج ھەفتەیەك لەمە پێش کۆچی دوایی کرد.

ئەو کوڕە گەنجەی لەسەر قەنەفەکە پاڵکەوتبوو گوتی:

– ھەڵات، چونکە وەڵامی تۆی پێ نەبوو. من گرێو دەکەم دەیەوێ فریوت بدات، ھەنووکە بیر لەوە دەکاتەوە، چۆن باشترین فێڵ بدۆزێتەوە و لە خشتەت بەرێت.

لیبدیف، پاڵتۆکەی لەبەر کرد بوو و بەدەم چاو تروکانەوە گەڕایەوەو گوتی:

– پێنج ھەفتە لەمە پێش، تەنیا پێنج ھەفتە....

ھەنگێ، دەستەسڕەکەی لە بەرکی دەرھێناو بەدەم سڕینی فرمێسکەکانیەوە گوتی:

– ئەم ھەتیوانە ! ئەم ھەموو ھەتیوە داماوانە !

کیژەکە گوتی:

– ئەمە چیە بابۆ ؟ بۆچی ئەم پاڵتۆ شڕە کون کونەت لەبەر کردووە ؟ پاڵتۆیەکی نفت و نوێت ھەیە، لە پشت دەرگاکەوە ھەڵواسراوە. مەگەر نەتبینی ؟

لیبدیف بۆ ئەوەی بیترسێنیت تا توانی پێیەکی کوتا بە عاردیدا و گوتی:

– چەڵتە چەڵت کچە تیوە ! ئەمە تۆی ؟

کیژەکە، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– دەتەوێ بمترسێنی ؟ فایدەی نییە، من تانیا* نیم‌و کۆڵنادەم. گوێ بگرە. لیوبوتشکای چکۆلە خەبەر دەکەیتەوەو دیسان ناڕەحەت دەبێت. ئاخر ئەم نەڕە نەڕەت لە چیە ؟

لیبدیف، لە ناکاودا، بە ترسێکی سەیرەوە گوتی:

– دەمت داخەو زارت لێك بنێ !

ئەوجا بەلەز بەرەو منداڵەکە، کە بە باوەشی ئافرەتەکەوە نووستبوو، چوو، دوو سێ جار بە پەرۆشەوە، ئاماژەی خاچی بەسەریا کێشاو گوتی:

– خودایا ئاگات لێبێ ! خودایا بیپارێزە ! خودایا ڕاوەستاوی بکە !

ئەوجا ڕوو لە میرزادە، لەسەری ڕۆیی:

– ئەم منداڵە لیوبوفە، کچی منە. لە ژنە شەرعییەکەمە ، لە هیلینای ژنمە، کە بەسەر ئەم منداڵەوە چوو. ئا ئەوەش، ئەو کچۆڵەیەش کە لە لەقلەق دەچێت‌و، جلکی تازیەباری لەبەرە، ڤیرای کچمە... بەڵام ئەمە، ئەم یارۆیە...

کوڕە گەنجەکە گوتی:

– ئەوە بۆ لاڵ بوویت ؟ قسەکەت تەواو بکە ! لە من مەترسە !

لیبدیف، بە جۆرە هەڵچوونێکەوە گوتی:

– جەناب، پایە بەرز، تۆ لە ڕۆژنامەندا، هەواڵی قەتڵ‌و عامەکەی خانەوادەی ژیمارینت بەرچاو کەوتووە ؟

میرزادە، بە جۆرە سەرسامیەکەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ.

– ئێ ئەمە، بکوژەکەی خانەوادەی ژیمارینە*! هەمان ئەو کەسەیە، کە تاوانی ناوبراوی کردووە!

میرزادە گوتی:

– مەبەستت چیە ؟

لیبدیف، بەرسڤی دایەوە:

– جا با پێت بڵێم چۆن: من بە هێماو کینایە قسان دەکەم. ئەمە بکوژی ئایندەی خانەوادەیەکی "ژیمارین"ی دیکەیە ، ئەگەر خانەوادەیەکی وا بێتە ئاراوە. خەریکە خۆی بۆ ئەو تاوانە ئامادە دەکات...

هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد، میرزادە، وای وێنا دەکرد کە لیبدیف، بە ئانقەست، بە تانی ئەم لیبۆکبازیەدا دەچێت، تا خۆی لە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدزێتەوە، کە تەسەوری دەکرد میرزادە لێیبکات‌و ئەویش نازانێ چ وەڵامێکی بداتەوە. بۆیە دەیەوێ بەو جۆرە خۆی بدزێتەوە.

لیبدیف، وەکو کەسێك کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دابێت، هاواری کرد: ئەم گەنجە یاغییە، پیلانگێڕە ! ڕەوایە ئەم ئەژدیهایە، ئەم داوێن پیسە، ئەم مێبازە، ئەم ئەهریمەنە نەفرەتیە، بە خوشکەزای خۆم، بە کوڕی (ئاینسیا)ی خوشکم، بە تاقانەکەی ئاینسیای بزانم ؟

– دەمـت لـێکنێ، سەرخۆشـی بەدمەسـت ! مـیرزادە باوەڕدەکـەی داویـە لەسـەری کـە ببێـت بـە پارێزەرو کاری پارێزەری بکات، دەیەوێ فێری گەنگەشەو موناقەشە ببێت، مەشقی دەماوەری و زمان پاراوی دەکات. تەنانـەت کە قسـە دەگـەڵ منداڵـەکانی خۆشـیدا دەکات، بـە زمـانی خوتبـەو وتاربێژی دەیانـدوێنێ ! پێنج ڕۆژ لەمەبەر لـە نووسـینگەی قازی سـوڵح*دا ئامـادە بـوو و کەوتـە بـەرەڤانی و داکـۆکی. بڵـێ داکـۆکی لـەکێ ؟ پیرەژنێکـی بەسـتەزمان، تکـای لێکردبـوو، بـبێ بـە پارێزەری و بەرگری لێبکات، پیاوێکی سـووتخۆری بێشـەرەف، پێـنج سـەد ڕۆبڵـی ئـەم پیرەژنـەی خواردبوو، یانی هەموو دارو نەداری پیرەژنی خوارد بوو. پێتوایە بەرگری لـە پیرەژنەکە کردبوو؟ نا... نەخێر. بەرگری لە ستووتخۆرەکە کردبوو، کە کابرایەکی جولەکە بوو بە نێوی زایلدر، ئەم سووتخۆرە بەڵێنی پەنجا ڕۆبڵی دابویە...

لیبـدیف، وەك بڵێـی لیبدیفـە هاوارکەرەکـەی تـۆزێ لـەوەپێش نـەبێت، بـە هـێمنی، قسـەکەی خۆشکەکەزاکەی ڕاست کردەوە:

– پەنجا ڕۆبڵ ئەگەر دۆزەکەم بردەوەو ئەگەر دۆڕاندم تەنیا پێنج رۆبڵ !.

– هەڵبەتە دۆڕاندی ! ڕەوشی دادگاکان گۆڕاوە، وەکو جاران نەماوە. گاڵتـەیان پێکردبوو، پێیـان ڕابواردبوو. بەڵام وێڕای ئەوەش زۆر بە خۆی نازی بوو. جا گوێ بگرە بزانە لە مرافەعەکەدا چی گوتبوو: " بەڕێزان قازیانی دادپەروەر! تەسەوربکەن، ئەم پیرەمێردە کە منی بە وەکیل گرتووە، دەیەوێ ئابڕوومەندانە بژی، کەچی داماوە بەرەو ئەوە دەچێت دوا پارووی نانی لە دەست بدات. ئەو حیکمەت و قسە نەستەقە وەبیر خۆ بێننەوە کە یاسادانەر گوتوویەتی: " واحکموا بين الناس بالرحمه "* باوەڕ دەکەی هەموو بەیانییەك ئەم مرافەعەیەمان، وەکو خـۆی، چـۆن لـەوێ ئـەنجامی داوە، بە گوێدا دەداتەوە ؟ ئەمڕۆکە، تـا پـێش هـاتنی تـۆ، پێـنج جاری بـە گوێمانـدا داوەتـەوە. بـەو ڕادەیە خۆشی بەو مرافەعەیەی خۆیدا چووە. جا ئێستا خۆی بۆ مرافەعەیەکی دیکەی لەو بابەتە ئامادە دەکات. لێم بە درۆ نەبێ تۆ میرزادە میشکینی ؟ کۆلیا زۆر باسی تۆی بۆ کردووم، دەڵێ لـە ژیانیا کەسی لە تۆ ئاقڵترو زیرەکتری نەدیتووە.

خاڵی، دەم و دەست قسەکەی بۆ سەلماند:

– بەڵێ، بە ڕاستی وایە، لە دنیادا کەس لەو ئاقڵتر نییە !

– ئەمـە درۆ دەکـات. کۆلیـا بەڕاسـتی، بـەدڵ خۆشـی دەوێـی، بـەڵام ئـەم بۆیـە هـەڵت دەکێشـێت و مەرایيت دەکات، چونکە تـەماحی پێت هەیـە. من بەش بـە حـاڵی خۆم بـە نیـازی ڕووپامـایی نیم، باوەڕ بکـە شـتی وام لـە خەیاڵـدا نییـە. پێدەچـێ تـۆ هەسـت و توانـای داوەریـت هـەبێ، بۆیـە حـەز دەکەم تۆ ناوبژیمان بکەیت، داوەریمان لە نێواندا بکەیت.

هەنگێ هەستاو بەرەو لای خاڵی چوو و پرسی:

– هـا... چ دەڵێی میرزادە داوەری نێوانمـان بکـات ؟ و لەسـەری ڕۆیـی: میرزادە زۆر خۆشـحاڵم کـە ڕێت کەوتە ئێرە !

لیبدیف، بەشێوەیەکی بنجبڕ گوتی: " قاییلم ". بەڵام بە بێزاری ڕوانییە ئەوانەی کە دیسان لـە دەوری خڕ بووبوونەوە.

میرزاده، بە ڕووگرژی گوتی:

– مەسەلەکەتان چییە ؟

میرزادە، سەری دەیشاو دەم بە دەم زیاتر بۆی دەردەکەوت کە لیبدیف، هەڵیدەخەڵەتێنیٚ و دەیەویٚ خۆی لێبدزێتەوەو کات بەسەر بەرێت.

خوشکەزاکەی گوتی:

– با من پێت بڵێم مەسەلەکە چیەو چۆنە. من خوشکەزایم. هەرچەندە پیاوێکی درۆزنە، بەڵام لەم خاڵەدا ڕاست دەکات و من خوشکەزایم. من خوێندنم تەواو نەکردووە، بەڵام بە نیازم تەواوی بکەم، تەواویشی دەکەم، چونکە خۆم دەناسم و متمانەم بە خۆم هەیە. حاڵی حازر دەرهەق بە ڕۆژ بە تەمای کارێکم لە هێڵی ئاسن، مانگی بە بیست و پێنج ڕۆبڵ، ئیدی ژیان دەیەویٚ. هەڵبەتە من دان بەوەدا دەنەم کە دوو سیٚ جاران یارمەتی داوم. بیست ڕۆبڵم پێبوو، لە قوماردا دۆڕاندم. بەڵیٚ میرزادە، حاڵی عەرزم هەی ؟ بەڵیٚ ئەوەندە دەنی و کەم وبودەڵە بووم، بە قومار پارەکەم دۆڕاند !

لیبدیف، هاواری کردو گوتی:

– بە ناکەس بەچەیەکت دۆڕاندووە کە نەدەبوایە هەر یاری دەگەڵ بکەی، نەدەبوایە قرۆشێکت دابایە.

کوڕە گەنجەکە لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیی و گوتی:

– ڕاستە ناکەس بەچەیە، نەدەبوایە یاری دەگەڵ بکەم، بەڵام نەمدەتوانی پارەکەی نەدەمیٚ. ڕاستە بەرەڵڵایەکی خوێڕییە، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی لە تۆی داوە، بەڵکو لەبەر زۆر هۆی دیکە. میرزادە، ئەم کابرایە، ئەفسەرێکە لە سوپا دەرکراوە، مولازمێکی خانەنشینە، یەکێك بووە لە شەقاوەکانی روگوژین و ڕاهێنەری بۆکسێنە. لەوەتای روگوژین دەری کردوون، هەموو بەرەڵڵا بوون، لە هەموو شت خراتر ئەوەیە کە دەمزانی هەتیوچەیە، بیٚ شەرەفە، کەسێکی کەم و دەنییە، بەرەڵڵایەکی نامەردە، توڕە هاتێکە بەکەڵکی هیچ نایەت، کەچی سەرباری ئەوەش هەر قومارم دەگەڵ کرد " یاری بالکی*"مان کرد، لەدڵی خۆدا گوتم: ئەگەر دۆڕام، دەچم بۆ لای خاڵۆ لوکیان و تکای لێدەکەم یارمەتیم بدات، هەرچەندە ئەمە کارێکی دزێوە، ئەوپەڕی کەمی یە، ئەوپەڕی سووکییە، بەڵام دەست بە ڕوومەوە نانیٚ.

لیبدیف دووبارەی کردەوە:

– بەڵیٚ ئەوپەڕی سووکیە، ئەوپەڕی بێشەرەفییە !

خوشکەزا، بەرسڤی دایەوە:

– پەلە مەکە، مەیکە بە قاڵە قاڵ ! زۆری پێخۆشە ! میرزادە من هاتم بۆ لای خاڵم، ئیعترافم بە کارە دزێوەکەی خۆم کرد، نە درۆم لەگەڵی کردو نەهیچ پاکانەیەکم بۆ هەڵەکەی خۆم کرد. بە پێچەوانەوە، لە ڕادەبەدەر خۆم سەرزەنشت کرد، هەزار نەفرەتم لە خۆ کردو بە توندترین شێوە خۆم سەرکۆنە کرد. لە هەموو ئەوانەی لێرەن بپرسە، بزانە وایە یان نا ؟ من کە بە تەمای ئەو کارەم کە بۆم باسکردی، خۆ دەبیٚ دەستیٚ جلی ئەوتۆم لەبەربیٚ کە ڕووی مەجلیسی هەبێت،

چونکە جلەکانم زۆر شڕو شەپڕێون، ناتوانم بەم جلە شڕانەوە بۆ ئەوێندەر بڕۆم. تۆ تەمەشایەکی ئەم چەکمانەی پێم بکە ! بەم سەرو سیماو وەزعو حاڵەوە ناتوانم بچمە سەر ئیشە تازەکەمو ئەگەر نەشچم، بێگومان یەکێکی دیکەم لە شوێن دادەنەن. هەنگێ بێکارو کاسبی دەمێنمەوەو خوا دەزانی کەی کارێکی دیکە دەدۆزمەوە ! من تەنیا پازدە ڕۆبڵم لێی دەوێو سوێندی بۆ دەخۆم کە قەت جارێکی دی داوای پارەی لێنەکەمو وەعد بێ لە زەرفی سێ مانگدا، دوا قرۆشی بدەمەوە، شەرتم، شەرتی پیاو بێ. من دەتوانم بە نانی ڕووتو کفاس* بژیم، دەتوانم بە مانگان بە نانو کفاس بژیم، هەرچەندە ئەمە کارێکی قورسە، بەڵام خۆم دەناسمو لە عۆیەی ئەو کارە دێم. لە ماوەی سێ مانگاندا هەفتاو پێنج ڕۆبڵ وەردەگرم. هەموو قەرزێکی کۆنی، بەم قەرزە تازەیەشەوە کە داوای دەکەم، دەکاتە سیو پێنج ڕۆبڵ. یانی ئەوەندەم پول دێتە دەست کە بە نیوەی، قەرزەکەی خۆم پاك بکەمەوە. چەندیش سوودی دەخاتە سەر با بیخات، چش! چما نامناسێت ؟ میرزادە لێی بپرسە: ئایا ئەو پارەیەی کە داومیەتێ بۆم گێڕاوەتەوە یان نا ؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە لێم توڕەبێ کە ئەو پارەیەم بەو مولازمە دۆڕاندووە. من لەو هۆیە زیاتر هیچ هۆیەکی دی شك نابەم. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، بەڵام ئیدی عادەتی وایە، کاری خێرو چاکەی لەدەست نایەت !

لیبدیف هاواری کرد:

– ناڕوات، یەخەم بەر نادات، ئەوەتا بەخۆت دەبینی لێرە پاڵی لێداوەتەوە، نایەوێ لە جێی خۆی ببزوێ !

– پێم گوتیت: ناڕۆم تا ئەو پولەم نەدەیتێ. میرزادە بە چی پێدەکەنی؟ لەوە دەچێ بە خەتابارم بزانی ؟

میرزادە، بەجۆرە پەستیەکەوە گوتی:

– من پێناکەنم، بەڵام بە بۆچوونی من کەمێك خەتاباریت .

– بە ئاشکرا بڵێ خەتابارم، لە ڕووداماني ناوێ، ئیدی وشەی (کەمێك)ی بۆ چیە ؟

– ئەگەر وات پێباشە، دەڵێم زۆر خەتاباری، زۆریش هەڵەیت.

– ئەگەر وام پێباشە! سەیرە ! تۆ پێت وایە من نازانم ئەم ڕەفتارەم بێ ئەقڵانەیە ؟ من دەزانم ماڵ، ماڵی خۆیەتی، بۆی هەیە بە کەیفی دڵی خۆی تەسەڕوف پێوە بکات، بەم پێیە من گەڕی پێ دەکەم، دەمەوێ دای بدۆشم. بەڵام میرزادە، تۆ نازانی ژیان یانی چی ؟ ئەم جۆرە خەڵکانە ئەگەر دەرسیان نەدەی، نابێ چاوەڕوانی هیچیان لێبکرێت. بۆیە دەبێ دەرسیان بدەی، تەمێ خواردوویان بکەیت. من ویژدانم پاکە، ئاسوودەیە : باوەڕم پێبکە، لە ناخی دڵەوە دەیڵێم کە هیچ زیانێکی لێنادەم، هیچ ئاسیوێکی پێناگەیەنم، قەرزەکەی بە سووتەکەیەوە دەدەمەوە. لەوەی پتر چی گەرەکە ؟ باشە ئەگەر یارمەتی هیچ کەسێك نەدات، بە کەڵکی چی دێت ؟ دەزانی خۆی چی دەکات ؟ لە خۆی بپرسە، ڕەفتاری دەگەڵ خەڵکیدا چۆنە، بە چ شێوازێك خەڵکی دەخەڵەتێنێ. بە چ فێڵو دەهۆیەك پارەی ئەم خانووەی پەیدا کردووە ؟ من دڵنیام کە تۆشی خەڵەتاندووە،

ئامادەم گرەو بکەم کە خەڵەتاندووتی، گرەو لەسەر ئەم سەرەم بکەم. ئێستاش لە بیری ئەوەدایە چۆن دووبارە فریوت بدات، ئیدی بۆ پێدەکەنی ؟ باوەڕ بە قسەکەی من ناکەیت ؟

میرزادە گوتی:

– باوەڕ ناکەم ئەمە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە مەسەلەکەی تۆوە هەبێت .

کوڕەی گەنج ، بێئەوەی گوێ لە قسەکەی میرزادە بگرێ هەڵیدایە وگوتی:

– من سێ دانە ڕۆژە لێرە پاڵکەوتووم، لەم ماوەیەدا زۆر شتم بینی، من دەزانم چ باسە.

بە دەم ئەو قسانەوە، لەسەری ڕۆیی :

– دەزانی لەم کچۆڵەیەی خۆی، لەم فریشتەیە، لەم خاڵۆزا هەتیوەی من، کە کیژی خۆیەتی بەگومانە ؟ هەموو شەوێك ژوورەکەی دەگەڕێت، نەبا ئەڤینداری هەبێ و لە ژوورەکەی خۆیدا شاردبێتیەوە. تەنانەت بە دزییەوە و گورگ ئاسا سەر دەکێشێت و تەمەشای بن ئەم قەنەفەیە دەکات کە منی لەسەر پاڵکەوتووم، ئێ بەڵکو شتێك ببینێ. دڵپیسی و گومان، هۆش و گۆشیان لەلا نەهێشتووە. لە هەر سوچ و قوڕنەیەك دزێك دەبینێ. شەوان هەر سا ناساتێ لە خەو رادەپەڕێ، هەڵدەستێ، دەڕوات سەیری دەرگاو پەنجەرەکان دەکات تا بزانێ بە مکوومی داخراون یان نا، تەنانەت ناو موغەیرییەکەش دەگەڕێ. هەموو شەوێك شەش حەوت جار ئەم کارە دووبارە دەکاتەوە. لە دادگادا، داکۆکی لە بەرەڵڵاو کەڵەکبازان دەکات. لێرەش، لەماڵەوە، شەوی سێ کەڕەت بۆ نوێژو دوعاو نزایان هەڵدەستێ. ئا لێرەدا، لەم هۆڵەدا بە چۆکا دێت و هەر جارەی نیو دانە سەعات سەر دەباتە سوجدە. پێتوایە ئەم نوێژو نزا مەستانەیەی بۆ خودایە ؟ نا، هەر هەمووی نزایە بۆ ڕوحی کونتیسس دوباری*. بەم گوێیانەی خۆم گوێم لێی بووە. کۆلیاش گوێی لێ بووە. بە کورتیەکەی : شێت بووەو بە تەواوەتی ئاوەزی لە دەست داوە.

لیبدیف کە لە حەژمەتاندا سوور بوو بووەوە، خۆ بە خۆ هاواری کرد:

– میرزادە گوێت لێیە، دەبینی چۆن گاڵتەم پێدەکات، چۆن کردوومی بە گەپجاڕی خۆی. ڕەنگە من بابایەکی مەیخۆربم، دزبم، مێبازو داوێن پیس بم، لە هەموو ڕوویەکەوە کەسێکی بەدخواو خراپ بم. بەڵام بەلای کەمەوە دەبێ ئەوە بزانێ کاتێ کە ئەو – ئەم پیاوەی کە هەنوکە گاڵتەم پێدەکات– لەدایك بوو، من شۆردم، من پاکم دەکردەوە، قوماتم دەکرد، شەوەهای شەو، دەگەڵ دایکیا، ئاینسیای خوشکم دا، لە ماڵە پڕ نەگبەتی و هەژارییەکەی ئەودا، کە تازە مێردەکەی مردبوو، شەونخونیم بە دیارییەوە کردووە. لە کاتێکا من لەوان هەژارترو دەسکورتتر بووم. هەردووکیان نەخۆش بوون و من خزمەتم دەکردن، دەچووم لەپاسەوان و دەرگاوانان، چیلکەو دارم دەدزی تا ماڵەکەیان گەرم بکەم. لای لایەم بۆ دەکرد، هەر کاتێ برسی بوایە، قامکم لە زاری دەنا تا ژیر ببێتەوە، لە کاتێکا خۆم لە برسا قۆڕەی زگم دەهات. من بەو جۆرە ئەوم بەخێو دەکردو سەرپەرشتیم دەکرد، ئەویش ئەوەتا پێم پێدەکەنێ و گاڵتەم پێدەکات. باشە تۆ چ زەرەرێك دەکەی ئەگەر من نوێژو نزاو دوعای خێر بۆ ڕوحی کۆنتیسس دوباری بکەم ؟ میرزادە من سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا، ژینامەی ئەو خانمەم، بۆ یەکەمجار لە ژیانما، لە ئینسایکلوپیدیایەکدا

خوێندەتـەوە. ئـاخر ئـەم بەرەڵڵایـە چـوزانیٚ کۆنتێسـس کـیٚ بـووە ؟ هـەنگیٚ رووی کـردە خوشکەزاکەی:

– ئەهای، یارۆ، بڵیٚ بزانم – دەزانی یان نا ؟

کوڕە گەنجەکە، لە بن لێوانەوەو بە زمانێکی تەوسامێزەوە گوتی:

– کەسیٚ نەزانیٚ دەڵیٚ هەر تۆ هەموو شتێك دەزانی !

لیبدیف بەرسڤی دایەوەو گوتی:

– کۆنتێسسـێك بـوو، لـە نـاو جەرگـەی چڵپاوی شـەرمەزارییەوە هەسـتایەوەو بـوو بـە نیمچـە دۆتمیرێـك (شـابانۆ)، تەنانـەت ئیمپراتوریسـێکی مـەزن لـە نامەیـەکا، بەدەسـت خـەتی خـۆی بـە (دۆتمامی من*) نـاوی بردووە. لـە کـاتی تـاجگوزاری پاشـادا ( دەزانـی تـاجگوزاری پاشـا دەکاتـە چی؟) کاردینالێك کە نوێنەری پاپا بوو، داوای کرد رێی بدات، گۆرەوییە ئاوریشمەکانی بۆ لـە پێیـان بکـات: سـەرباری بـەرزی پایەکـەی‌و پـیرۆزی پۆسـتەکەی، ئـەو کـارەی بـە مایـەی شـانازی دەزانی! ئەمەت زانیوە ؟ بە چاوتا وادیارە نەتزانیوە ! دەزانی ئەم کۆنتێسسە چۆن مرد ؟ ئەگـەر دەیزانی بیڵیٚ !

– وازم لێبێنە! مێشکی سەرت بردم !

– دەی گـویٚ بگـرە بزانـە چـۆن مـرد. پـاش ئـەو هـەموو شـانازییە، دوای ئـەوەی بـوو بـە نیمچـە شـابانۆیەك. سامسـۆنی میرغـەزەب، لـە پیلـی نـەوی‌و، هەرچـەندە بێتـاوان بـوو، بـەرەو گیـوتین (مقصـلە) بکێشـی کـرد، تـا بیکـات بـە گـەپجاڕو مایـەی پێکـەنینی ژنـانی پەتـەڕی پاریسـی. بـە ئەندازەیەك ترسا بوو، کە نەیدەزانی دەیانەویٚ چ بەڵایەکی بەسەرا بێنن‌و سەری بە چ گۆمێکدا بکەن. هەرکە هەستی کرد یارۆی میر غەزەب ملی گرتووەو دەیەویٚ بیخاتـە بەر کێردی کیوتینەکە و بەسـەری ئـەژنۆ بـۆ بـەر گیوتینەکـەی دەڵـەك دەدات، لـە کاتێکا ئـەو خەڵکـەی دەوروبـەری هـەموو پێـی پێدەکـەنین، کۆنتێسـە هـاواری کـرد: "جـەنابی جـەلاد لەحزەیـەك سـەبرکە، یـەك لـەحزەی دی !*" بەڵیٚ لەوەیە یـەزدان لەبـەر ئەو یەك لەحزەیـە لـە هـەر هـەموو گوناهـەکانی ببـوریٚ، ڕەنگـە ئـەو سـاتە شـەفاعەتی بـۆ بکـات‌و هـەموو گوناهـەکانی بشـواتەوە. چـونکە هـیچ کەسـێك نـاتوانیٚ، ئەشکەنجەو عەزابێکی دەروونی لـەوە مـەزنتر بۆ ڕوحی بەشەر وێنا بکـات ! هیچ ئەشکەنجەیەکی دەروونـی ناگـات بـەو ئەشـکەنجەیەیا! دەزانـی وشـەی "ئەشـکەنجە، عـەزاب*" مانـای چیـە ؟ بـەڵیٚ ئەشـکەنجە مانـای خـۆی بـە خۆیەوەیـە. کـە ئـەو پەرەگرافـەم خوێنـدەوە کـە باسـی پاڕانـەوەی کۆنتێس دەکات‌و داوادەکات مۆڵەتی یەك ساتی دیکەی بدات، دڵم بە جۆریٚ گوشرا وەکو ئەوەی یـەکێك بـە مـەقاش بیگرێـت. ئـاخر تـۆ چ زەرەرێـك دەکـەیت، هـەی خـوێڕی، ئەگـەر مـن بـەر لـەوەی بخەوم، لە نوێژو نزایەکانما دوعایەکی خێر بۆ ئەو گوناهکارە گەورەیە بکەم ؟ من کە ئەو کارە دەکەم، لەبەر ئەوەیە ڕەنگە تا هەنوکە هیچ کەسێك بیری لەوە نەکردبێتەوە کە نوێژیٚ، نزایەك، دوعایەکی خێر بۆ ڕوحی ئەو بکات، یان تەنانەت، خاچێکی بۆ بکێشێت. هەڵبەتە ڕەنگە لەو دنیا روحی شاد ببیٚ، ئەگەر هەست بکات لەم دنیایەدا گوناهبارێکی وەکو خۆی، جارێك لە جاران دوعایەکی خێری بۆ کردبێت ! درودێکی بۆ ڕوحی ناردبیٚ ! ئەم تەوسخەنەت لە چیە ! باوەڕت

بەمە نییە هەی خوانەناس ؟ تۆ ئەم شتانە چوزانی؟ تۆ بە ناخێرت گوێت بۆ قسەکانی من هەڵخستووەو بە نیوەچڵی و شێواوی گێڕاوتەوە: من دروودم تەنیا بۆ روحی کۆنتێس دووباری نە ناردووە، من گوتوومە: "خودایا لە گوناهی گوناهکاری گەورە کۆنتێس دووباری و هەموو هاوگوناهەکانی وی خۆش بە !". ئەم قسەیە زۆر جیاوازە لەوەی تۆ گێڕاتەوە، چونکە لەو دنیا، ژنانێکی زۆر هەن کە گوناهی گەورەیان کردووە و بەختیان ڕەش بووەو تالاوی ژیانیان چەشتووەو بە دەم گیانەڵلاو چاوەڕوانییەوە عەزابیان چەشتووە. بەڵام من هەمیشە دوعا بۆ تۆو خەڵکانی وەکو تۆ گۆساخ و بیّ چاو وڕووش دەکەم، کە گویّ بۆ ویّردو دروودی من دەگریّت!

خوشکەزاکەی لیبدیف، قسەکەی بە خاڵی بڕی و گوتی:

– باشە باش... بەسە، بیبڕەوە ! بە کەیفی خۆت دروود بنێرە، وێرد بخوێنە، بۆ کێت دەویّ نوێژو نزا بکە، خوا بتباتەوە ! مردووت مریّ ئەم هات و هاوارەت لە چییە ؟

هەنگیّ ئاوڕێکی لە میرزادە دایەوەو، بە تەوسخەنێکی سیّ بەندیانەوە، گوتی:

– میرزادە، خوێنەوارو زانای ئێمە ئەم خاڵەی منە ! نەتدەزانی ؟ ئێستا هەموو وەختی خۆی بۆ خوێندنەوەی ئەمجۆرە کتێب و بیرەوەریانە تەرخان کردووە. ڕۆشنبیرە ئەمما ڕۆشنبیر !

میرزادە، کە بەرە بەرە لە گەنجەکە پەست دەبوو، گوتی:

– بە هەرحالّ، خاڵت پیاوێکە لە سۆز خاڵی نییە !

گەنجەکە بەرسقی دایەوەو گوتی:

– ئەگەر لەسەر ئەم مەدح و ستایشەی بڕۆیت، لە خۆی بایی دەبیّ، لە خۆشیا ئەقلّ لە کەللەی نامێنیّ. تۆ تەمەشا بزانە چۆن لە ئێستاوە دەستی خستووەتە سەر دڵی و لە کەیفان دەمی نایەتەوە یەك ! دروستە لە سۆزو سۆزداری خاڵی نییە ! بەڵام پیاوێکی کەمە، فریبۆك و خاپینۆکە، لە هەموو ئەمەش خراتر ئەوەیە کە کابرایەکی مەی ئالوودەیە کە ئەمە بەڵای بەڵایانە ! ئیدی وەکو هەموو ئەوانەی ماوەیەکی زۆر لەسەر مەی نۆشی بەردەوام دەبن و ئالوودەی دەبن، ئەقڵی تێکچووە. بۆیە دەبینی هەر هات و هاوارێتی و، دەرب و داغان بووە. من دەگەڵتام کە منداڵەکانی خۆش دەویّ، دەگەلّ خاڵۆژنی ڕەحمەتیمدا زۆرباش بوو، ڕێزو حورمەتی دەگرت... تەنانەت منیشی خۆش دەویّ، زۆر شوکر بۆ خوا کە لە وەسێتنامەکەیدا ناوی منیشی بردووەو فەرامۆشی نەکردووم.

لیبدیف، بە توڕەیی هاواری کرد :

– تاقە قرۆشێکت نادەمیّ ! یەك پولت بۆ دانانەم !

میرزادە، ڕووی لە کوڕە گەنجەکە وەرگێڕاو، ڕوو لە لیبدیف بە دەنگێکی بنجبڕ گوتی:

– گویّ بگرە لیبدیف، من بە تەجروبە بۆم دەرکەوتووە کە هەرکاتیّ بتەویّ دەتوانیّ کابرایەکی جددی بیت... من هەنوکە پەلەمە. بۆیە، بمبورە، ناوی شۆرەتی خۆت و بابت چی بوو ؟ لە بیرم چووە.

– تی... تی.... تیموفی

– ئیتر ؟

– لوکیانوفیچ.

هەموو، لە قاقای پێکەنینیان دایەوە. خوشکەزاکەی لیبدیف گوتی:

– درۆ دەکات ! تەنانەت لە ناوەکەی خۆشیا درۆ دەکات. میرزادە، ناوی تیموفی لوکیانوفیچ نییە، بەڵکو ناوی لوکیان تیموفیچە ! بۆچی ئەو درۆیەت کرد ؟ بۆ میرزادە چ فەرقێك دەکات لوکیان بێ یان تیموفی ؟ باوەڕبکە خووی بە درۆوە گرتووە... درۆ لە پێناوی درۆدا دەکات... چونکە خووی چێوە گرتووە !

میرزادە، کە سەبری سوا، گوتی:

– ڕاست دەکات ؟

– ڕاستە، نێوم لوکیان تیموفیچە.

لیبدیف، تەریق و سەر شۆڕ چاوی بڕییە عاردیو دیسان دەستی نایە سەر دڵی.

– باشە تۆ ئەو خوایە بۆچی ئەو درۆیەت کرد ؟

لیبدیف، زیاتر سەری شۆڕ کردو لە بن لێوانەوە گوتی:

– لە تەوازوعو خۆشکێنییە !

– هیچ تەوازوعو خۆشکێنییەك لەم درۆیەدا نابینم !... ئاه.... کاشکێ دەمزانی کۆلیا لە کوێیە.

میرزادە، بەدەم ئەو قسەیەوە، گەڕایەوەو پێدەچوو لێبڕابێت بڕوات.

گەنجەکە گوتی:

– من پێت دەڵێم کۆلیا لە کوێیە.

لیبدیف، بەلەز قسەکەی پێبڕیو گوتی:

– نا، نا !

گەنجەکە لەسەر قسەکەی ڕۆییو گوتی:

– کۆلیا، شەوێ لێرە بوو. ئەمڕۆ، بەیانی چوو بۆ لای بابی، بۆلای ئەو جەنەراڵەی کە تۆ لە زندانی قەرداران رزگارت کرد، مەگەر هەر خوا بزانێ، تۆ بۆچی قەرزەکەت بۆ دایەوە. دوێنێ جەنەراڵ، قەولی دابوو بێت بۆ ئێرە، بەڵام نەهات. پێدەچێ چووبێ بۆ "ئوتێلی ڤیسی" کە زۆر لێرەوە نزیکە، هەرچەند هەنگاوێك لێرەوە دوورە. ڕەنگە کۆلیا لەوێندەر بێ، ئەگەر لەوێندەر نەبێت ئەوا چووە بۆ پاڤلوڤسك، بۆ سەردانی ماڵی یەپانچین. لە دوێنێوە بە تەمای ئەوێ بوو، هەندێ پارەشی پێ بوو. ئیدی یا لە ئوتیلەکە یان لە پاڤلوڤسك دەی بینی.

لیبدیف هەڵیدایە:

– لە پاڤلوڤسکە، بەڵێ لە پاڤلوڤسك! با جارێ لێرەوە بچین بۆ باخچەکە،... بچین قاوەیەك بخۆینەوە..

لیبدیف، بە دەم ئەو قسەیەوە، قۆڵی میرزادەی گرتو چوونە دەرەوە. بە نێو حەوشەیەکی بچووکدا رۆییشتنو لە دەرگایەکی تەسکەوە وەدەرکەوتنو چوون بۆ باخچەکە. باخچەکە بچووك بوو، بەڵام جوانو دڵگیر بوو. دارو درەختەکان بە هۆی خۆشی کەشو هەواوە هەموو گەشو بە بەرگو بار بوون.

لیبـدیف مـیرزادەی لەسـەر تـەختێکی کەسك، لـە بـەردەم مێزێکـی کەسـکدا، کـە قاچـەکانی لـە عاردی چەقێنرا بوون، داناو، خۆشی لە بەرانبەریدا دانیشت. دوای کەمێك قاوەیـان هێنـاو مـیرزادە خواردییـەوە. لیبـدیف، چڵێسـانە دەیڕوانیـە دوڕ چـاوانی مـیرزادەو بـزەی پـڕ ڕیـاو ڕووبـینی بـە ڕوویدا دەدا .

میرزادە، وەکو یەکێك بیری لە شوێنێکی دی بێت، بەدەم حەواسپەرتیەوە گوتی:

– باوەڕم نەدەکرد ئەم ماڵ و حاڵەت هەبێت.

لیبدیف، بە چارەی خەمناك و لێوانی بە بارەوە گوتی:

– هەتیوە داماوەکانم !

بەڵام زوو بە زوو وازی لـەو باسە هێنا. چونکە میرزادە چوو بووە ژێری و دەیڕوانییە ڕووبـە ڕووی خۆی، دیاربوو ئەو قسەیەی لە بیر چوو بوو کە تۆزێ لەوەپێش کردبووی. دەقیقەیەکی دی تێپەڕی، لیبدیف، بەدەم چاوەڕوانی قسەی زیاترەوە، هێشتا هەر چاوی بڕی بووە میرزادە.

میرزادە، وەك ئەوەی وەخۆ هاتبێتەوە، گوتی:

– ئێ ؟ بەڵێ... لیبدیف تـۆ بە خـۆت چاك دەزانیت من بۆچی هـاتووم بۆ ئێرە، من ئـەمڕۆ دوای ئەوەی نامەکەی تۆم پێگەیی، هاتم بۆ ئێرە. دەی قسان بکە !.

لیبـدیف، کـە کـەمێك پەشـۆکا بـوو، ویسـتی شـتێك بڵێـت، بـەڵام تـەنیا چـەند بڵمـە بڵمێکـی نامەفهوومی لە زار هاتەدەر. میرزادە، سەبرۆکەیەکی گرت و بەدەم بزەیەکی خەمینەوە گوتی:

– لوکیـان تیمـوفیچ، پێموایـە مـن باشت دەناسم. هەڵبەتـە بـە تـەمای هـاتنی مـن نـەبوویت. چونکە وات دەکـرد کـە لەگـەڵ یەکـەم نامـەی تـۆدا، واز لـە گۆشـەگیری خـۆ نایـەنو نایـەم بـۆ لات، بۆیـە نامەکـەت تـەنیا بـەو مەبەسـتە بـووە کـە ویـژدانی خـۆت ئاسـوودە بکـەیت و گلـەیی لەسـەر خـۆت نەیـەڵیت. بـەڵام وەکـو دەبـینی، ئـەوەتا هـاتووم. دەیسا ئیـدی بەسـە !.. هەوڵمـەدە فریـوم بدەیت! ناکرێ لە یەك کاتدا خزمەتی دوو ئاغا (سید) بکەیت. واز لـەو کـارە بێنـە ! نزیکـەی سـێ هەفتەیـە روگوژین لێرەیە. بە وردی ئاگام لەوە هەیە. ئایا توانیت ناستاسیا فیلیپوڤنای وەکو جاری یەکەم پێ بفرۆشیت یان نا ؟ ڕاست بڵێ.

– نا، ئەم دێوە بە خۆی هەموو شتێکی کەشف کرد !

– جنێوی پێمەدە: دیارە بەد ڕەفتاری دەگەڵ کردوویت .

لیبدیف، بەوپەڕی توڕەیی گوتی:

– هـەر بـەد ڕەفتـاری، پـڕ شـەقی کـردم، تـا جـولاوم جولاندومی. لـە ناوجەرگـەی مۆسـکۆدا، سـەگە دڕەکەی، سەگە ترسناکەکەی تێبەردام، ئەم سەگە لەم سەرەوە تا ئەو سەری شەقامەکە ڕاوی نام.

– لیبدیف، لەوە دەچێ بەمنداڵم بزانیت. ڕاستم پێ بڵێ: ئایا ناستاسیا فیلیپوڤنا، لـە مۆسـکۆ، لـە دەستی ئەو هەڵات ؟

– بـەڵێ، هـەڵات و ئـەولاتریش. دیسـان بـەر لـە ئاهـەنگی مـارەبڕین خـۆی دزییـەوە.. روگـوژین، دەتگوت لەسەر ئاوو ئاگرە، بە تاسەو پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئاهەنگی زەماوەندو مارە بڕینەکەی دەکرد. بەڵام ناستاسیا فیلیپوڤنا ڕێك لـەو کاتـەدا لـە مۆسـکۆوە هـەڵات بـۆ پترسـبۆرگ، یەکسـەر

هاته ماڵی من و گوتی: " لوکیان، فریام بکەوە، رزگارم بکە، هیچش بە میرزادە مەڵێ !" چونکە لە تۆ زیاتر دەترسێت تا لە ڕوگوژین، ئەوە رازی مەسەلەکەیە !

لیبدیف، بەدەم ئەو قسەیەوە، وەکو ئەوەی بیربکاتەوە بە درۆوە، قامکی بە تەوێڵی خۆیدا کێشا. میرزادە گوتی:

– تۆش کەوتیتە ناوبژیان، نا ؟

– جا میرزادەی پایەبەرز، دەمتوانی چ بکەم ؟ چما دەمتوانی ناو بژیان نەکەم ؟

– زۆر چاکە. من بیرێك لە حاڵی خۆم دەکەمەوە. تۆ تەنیا ئەوەم پێ بڵێ ناستاسیا هەنوکە لە کوێیە ؟ لەلای روگوژینە ؟

– نا، نا، تا ئێستا بە تەنیا دەژی. دەڵێت: " من هێشتا ئازادم " میرزادە، دڵنیابە کە زۆر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە. بەردەوام دەیڵێ و دەیڵێتەوە: "من هێشتا ئازادی ئازادم !".

هێشتا لە ماڵی ژن خوشکەکەی منە لە شەقامی پترسبۆرگسکایا، لە نامەکەما ئەمەم بۆ باس کردبوویت.

– یانی ئێستا لەوێندەرە ؟

– بەڵێ لەوێیە، مەگەر بە هۆی خۆشی کەش و هەواوە چووبێ بۆ بافلوڤسك، بۆ لای داریا ئالکسیڤنا، هەمیشە دەڵێت " من حوری نەفسی خۆمم، ئازادی ئازادم ". دوێنێ بە شانازییەوە باسی ئازادی خۆی بۆ کۆلیا دەکرد. ئەمە نیشانەیەکی خراپە .

هەنگێ لیبدیف، تیزخەنێکی بۆ کرد .

– باشە کۆلیا، زوو زوو دەچێ بۆ لای ؟

– کوڕێکی سەرەڕۆیە، لێی تێناگەم. بەڕاستی نهێنی پارێز نیە.

– دەمێکە نەچوویت بۆ لای ؟

– هەموو ڕۆژێ دەچم بۆ لای، ڕۆژ بوێری ناکەم !

– دوێنێ چوویت بۆ لای ؟

– نا، نا، پەسترپێری لەوێ بووم .

– لیبدیف، حەیفێ، کەمێك سەرخۆشی! وانەبوایە پرسیارێکی دیکەم لێدەکردیت.

لیبدیف، گوێی قولاغ کردەوەو گوتی:

– نا، نا، هیچم نەخواردۆتەوە .

– باشە کە ئەوت بەجێهێشت، وەزعی چۆن بوو ؟

– یانی... لە حاڵی گەڕان و تاقیبدا بوو

– گەڕان و تاقیب ؟

– بەڵێ، لەوە دەچوو لە شتێك بگەڕێت، شتێکی ون کردبێت و لێی بگەڕێت. هیچ دڵی بە زەماوەندە چاوەڕوان کراوەکەی خۆش نییە، کە بیری لێدەکاتەوە دڵی تێکهەڵدێ. ئەگەر باس بکرێت تورە دەبێت، هیچ حیسابێك بۆ روگوژین ناکات، سڵی لێدەکاتەوە. نایەڵێت کەس ناوی بێنێ، مەگەر ئەو کەسە زۆر ناچار بێ... لە حاڵەتی زۆر پێویستدا نەبێت یەکدی نابینن.

روگـوژین بەمـە زۆر قـەڵس و ناڕەحەتـە، زۆر چـاكیش هەسـتی پێـدەكات.. بـەڵام چـاری نییـە. ناستاسـیا فیلیپۆڤنـا، كـە دەزانـێ، چاری ناچارەو دەبـێ لـە ئەنجامـدا مـل بـدات، زۆر نیگـەران و، بێزارو سەركێش و بە تەشەرو توانجە .

– سەركێش و بە تەشەرە ؟

– بـەڵێ، سەركێشـە، زوو هەڵدەچـێ. ئاخیرجـار كـە سـەرم دا، خـەریك بـوو لەسـەر قسـەیەك، قـژم دەربێنێ.

میرزادە، وەكو ئەوەی بە باشی قسەكەی لیبدیفی نەبیستبێ پرسی:

– چۆن، لە سەر چی ؟

– بـا پێـت بڵـێم. مـن كەشـف و كەراماتـەكانی یوحـەنام بـۆ دەخوێنـدەوە. ئـەم خانمـە هەنـدێك خەیاڵاوییە، خەیاڵدانێكی بەهێزی هەیە. هە هە ! هەستم كرد، حەزی لە بابەت و گەنگەشەی جدیشە. حەز لە بابەتی جدی دەكات و، تەنانەت كە باسی ئەو بابەتانەی لەگەڵ دەكەی، ئەمە بە نیشانەی ڕێزی تایبەتی بۆ خۆی لە قەڵەم دەدات. بەڵێ ئەمە تەبیعەتیەتی. من لە ڕاڤەو شرۆڤەی كەشف و كەراماتەكانی قەدیس یوحەنادا زۆر شارەزام و نزیكەی پازدە ساڵە خەریكی ئەم كارەم، ناستاسیا لەوەدا هاوڕای من بوو كە ئەم رۆژگارەی ئێمە سەردەم و رۆژگاری ئەسپی سێیەمە، یانی ئەو ئەسپە ڕەشەی كە سوارەكەی تەرازوویەكی بەدەستەوەیە. چونكە لەم سەردەم و رۆژگارەی ئێمەدا هەموو شتێك ، گشت مامەڵەو قەرارادێك بە تەرازووە، هەر كەسەو لە خەمی هەقی خۆیدایەو لە هەوڵی وەرگرتنی هەقی خۆیدایە : یەك، هەشت یەك گەنم بە دینارێك، سێ هەشتەیەك جۆ بە دینارێك *." وێڕای ئەوەش هەر هەمووان دەیانەوێ خاوەنی ئازادی بیرو پاكی دڵ و لەشی ساغ و هەموو نیعمەتێكی خوا بن. بەڵام تەنیا لە ڕێگەی ڕەواوە نایگەنێ، ئیدی ئەمە بەردەوام نابێت، لە ناكاو ئەسپە زەردەكە بە خۆو سوارەكەیەوە كە ناوی " مەرگە " پەیدا دەبێ و ئیدی رۆژی پەسلان و "دۆزەخی*" بەدوا دێت. كە یەكتر دەبینین باسی ئەم شتانە دەكەین، كە زۆر كاری تێدەكات.

میرزادە، كە بە سەرسامی دەیڕوانیە لیبدیف، لێی پرسی:

– جاخۆت باوەڕت بە هەموو ئەم شتانە هەیە ؟

– هەم باوەڕم پێیەتی و هەم ڕاڤەو شرۆڤەشی دەكەم. چونكە هـەژارێكی، ڕووتـەو، ڕووت و ڕەجاڵی وەكو من، گەردیلەیەكم لە نێو ئاپۆڕاو حەشاماتی بێسەرو بنی تیرەی بەشەرا. كێ ڕێزی لیبدیف دەگرێـت ؟ هـەمووان گاڵتـەی پێدەكـەن، پێـی ڕادەبـوێرن و هـەر كەسـێك دەیگـاتێ شـاپێكی تـێ هەڵدەدات. بەڵام لە مەسەلەی شرۆڤەو ڕاڤەی كەشف و كەراماتدا هاوتای هەر ئەشرافزادەیەكم. توانـای ئـەقڵ و هـۆش و زیرەكـی لەمەدایـە. جارێكیـان، پیـاوێكی زۆر گـەورە كـە لـە حوزرومـا دانیشتبوو، كە پەی بە زیرەكی و هۆش و گۆشم برد، ترسی لێنیشت و لە شوێنەكەی خۆیەوە كەوتـە لـەرزین. ئەمـەی باسـی دەكـەم، پێـرار، پـێش جـەژنی پـاك ڕووی دا. جـا كـە جـەنابی نیـل ئالكسـیفیچ، كـە ئـەو كاتانـە مـن لـە وەزارەتـدا، یـەكێك بـووم لـە كارمەنـدانی ژێـر دەسـتی وی، كـە وەسفی منیـان بـۆ كـرد بـوو، لـە ڕێگـەی پیوتـەر زاخاروفیچـەوە فـەرمانی بـە سـكرتاریەتی گشـتی

دابوو کە من بە تەنیا بۆ نووسینگەی تایبەتی ئەو بڕۆم، کە چووم پرسی: " ئەریٚ ڕاستە دەڵێن تۆ لە شرۆڤەو ڕاڤەی پێشبینیانی هاتنی دەجاڵدا شارەزاو مامۆستای ؟" نکۆڵیم نەکرد، کەوتمە ڕاڤەو شرۆڤەی دەقی پیرۆز. بەڵام هیچ هەوڵێکم نەدا هەرەشەکانی نێو دەقەکە بشارمەوە یان بە سووکی باسیان بکەم، بەڵکو بە پێچەوانەوە، زۆر بە قووڵی کەوتمە راڤەی رەمزەکانیو چوومە قولایی مانای ژمارەکانەوە. هەوەڵجار گاڵتەی پێم دەهات، بەڵام کە گەییشتینە وردی ژمارەکانو ڕوونی بەراوردەکان، ترسی لێنیشتو کەوتە لەرزین، تکای لێکردم کە کتێبەکە دابخەم و بڕۆم. ئەمری کرد ناوم تۆمار بکەنو لە جەژنی پاکدا جەژنانەو پاداشتم بدەنیٚ، بەڵام هەفتەیەك دوای ئەوە قەزاو بەڵای تۆی بردو چووە بەر دلۆڤانی یەزدان.

– ئەوە بەڕاستتە لیبدیف ؟

– باوەڕبکە، چۆنت پێدەڵێم وایە. دوای شێو لە گالیسکەکەی بەر بووەوە، لاجانگی کەوت بە قەراخ شۆستەی شەقامەکەداو دەمودەست مرد. بە گوێرەی تۆماری وەزیفەکەی، تەمەنی هەفتاو سیٚ ساڵ بوو. سوورەیەکی قژ سپی بوو، هەمیشە عەتری لە خۆ دەداو، وەکو منداڵ بزەو پێکەنین لە لێوی نەدەبڕا. پیوتەر زاخاروفیچ، سەردانەکەی منی بۆ لای وی بیرکەوتەوەو گوتی: " تۆ پێشبینی ئەمەت بۆ کردبوو."

میرزادە هەستا، تا بڕوات. لیبدیف نەك هەر پێی سەیر بوو، بەڵکو پێشی ناخۆش بوو کە میوانەکەی بەو رادەیە پەلەی رۆییشتنیەتی. ئیدی زاتی وەبەر خۆناو، بەوپەڕی ریاو ڕووبینییەوە گوتی: "هەستدەکەم، زۆر بێموبالاتو خەمسار بوویت !

میرزادە، بە گرژو پەستی بەرسڤی دایەوە :

– ئەلهەقی بێتاقەتم. سەرم قورسە، ڕەنگە هی سەفەرەکەم بیٚ. لیبدیف، بە شەرمێکەوە گوتی:

– باشترین شت ئەوەیە هاوینەواریٚ پەیدا بکەیتو بچی لەوێندەر ئیسراحەت بکەیت.

میرزادە، بەدەم خەیاڵەوە لە جێی خۆی وەستا بوو. لیبدیف لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– من، دوای دوو سیٚ ڕۆژی دی بە ماڵو منداڵەوە بۆ هاوینەوار دەڕۆم. هەڵبەتە ئەمە هەم بۆ تەندروستی منداڵە ساواکە باشەو هەم دەستێك بە ماڵەکەی ئەوێدا دێنن. دەچین بۆ پاڤلوڤسك.

میرزادە لە پڕ پرسی:

– ئێوەش بۆ پاڤلوڤسك دەڕۆن ؟ ها... پێدەچیٚ هەموو خەڵکی ئێرە بۆ پاڤلوڤسك بڕۆن ! گوتت لەویٚ خانووی خۆت هەیە ؟

– هەموو خەڵکی بۆ پاڤلوڤسك ناچن. ئیڤان پتروفیچ پتیتسن، ڤیلایەکی لەویٚ داومەتیٚ کە کاتی خۆی زۆر هەرزان کڕیویەتی. پاڤلوڤسك، شوێنێکی جوان، بەرزو سەوزەزارە. ژیانیش لەویٚ قورس نییە، خەڵکی ئەرستۆکراتو شارستانی ڕوودەکەنە ئەویٚ، بۆ خۆمان لەزەت لە موسیقاو ئاهەنگێن موسیقا* وەردەگرین. لەبەر ئەمەیە کە خەڵکێکی زۆر ڕوودەکەنە ئەوێندەر. جا من تەنیا بەشێکی بچووکی خانووەکە بەکار دێنم، بەڵام ڤێلاکە...

– بە کرێت داوە ؟

– نا، نـ، نا، بە تەواوی بە کرێم نەداوە .

میرزاده، لە پڕ گوتی:

– باشە بە کریێ بیدە بە من .

لیبدیف، هەمان نەخشەی لە مێشکا بوو، هەمووی سێ دەقیقەیەك بوو ئەو بیرەی لە مێشکی خۆیدا تاوتوێ دەکرد. هەڵبەتە لە کرێچی نە دەگەڕا، پێشتر کابرایەك پێی گوتبوو، کە ڕەنگە هاوین، ڤێلاکەی لێبەکرێ بگرێت. ڕاستە کابرا گوتبووی "ڕەنگە" بەلاّم لیبدیف دەیزانی کابرا بە ڕاستییەتی، بۆیە بێخەم بوو لە بەکرێدانی ڤێلاکەی، بەلاّم لە پڕێکا، ئەوەی بە مێشکا هات، مادامێکی کابرای یەکەم جوابی ئەسەحی لێنەگێڕاوەتەوە، باشترین شت ئەوەیە بە میرزادەی بدا بە کرێ، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم کارە ململانێ و بەرخوردی تازەی بە دوودا دێت و ڕەوتی ڕووداوەکان دەگۆڕێت !" بۆیە بە نیمچە خۆشحاڵییەکەوە، پێشنیازەکەی میرزادەی قەبووڵ کرد. تەنانەت کە میرزادە پرسیاری کرێیەکەی لێکرد، دەستی بە جۆرێ بەرزکردەوە وەك ئەوەی بڵێ کرێ گرینگ نییەو تەماح ناکاتە ئەو .

میرزادە گوتی:

– زۆر باشە، مەغدورت ناکەم. بە خۆم پرسیاری کرێ دەکەم. دڵنیابە نایەڵم زەرەر بکەی.

لە کاتێکا خەریك بوون بە دوو قۆڵی لە باخچەکە وەدەردەکەوتن، لیبدیف کە بە خۆشحاڵییەوە بە دەوری میرزادەدا دەهات، بەدەم منجەوە منجەوە گوتی:

– میرزادە، میرزادەی بەڕێز، ئەگەر ڕێم بدەی، حەزدەکەم شتێکی گرینگت دەربارەی هەمان مەسەلە پێ بڵێم...

میرزادە، وەستا. لیبدیف، لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– داریا ئەلکسیڤناش لە پاڤلوڤسك ڤێلایەکی هەیە...

– ئێ ؟

– داریا، خانمێکی دۆستی هەیە، وادیارە بە تەمایە زوو زوو هاتوچۆی بکات. هەڵبەتە بە مەبەست و ئامانجێکی تایبەتی .

– مەبەست و ئامانجی چی ؟

– ئاگلایا ئیڤانوڤنا...

میرزادە، وەکو یەکێك کۆنە برینێکی هاتبێتە کولاندنەوە، بەوپەڕی بێزاری، قسەکەی بە لیبدیف بڕی و گوتی:

– بەسە لیبدیف، باسی شتی وا بۆ من مەکە !... ئەمە، ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەمان نییە. باشتر وایە پێم بڵێی بە تەمای کەی سەفەربکەی. تا زووتر سەفەر بکەی بۆ من باشترە، چونکە حاڵی حازر لە ئوتێلدام...

بەدەم گفتوگۆوە لە باخچەکە وەدەرکەوتن. نەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بە حەوشەکەدا تێپەڕین و گەیینە دەرگا باریکەکەی حەوشە.

لیبدیف، دوای بیر کردنەوەیەکی کەم گوتی:

– پێم باشه هەر ئەمڕۆ ئوتێل بەجێ بێڵی و بێی بۆ ئێره، تا دوو بەیانی لێرەوه پێکەوه بڕۆین بۆ پاڤلوڤسك.

میرزاده، بەدەم خەیاڵ پەرتییەوه گوتی :

– با بزانم .

هەنگێ لە دەرگا وەدەرکەوت و گەییە سەر شەقامەکە. لیبدیف، لە دواوه تەمەشای دەکرد. سەری لەو خەیاڵ پەرتییە کوتوپڕەی میرزاده سوڕما بوو کە بیری چوو لە کاتی دەرچوونا خودا حافیزی لێبکات یان بەلای کەمەوه سەرێکی بۆ بلەقێنێ. ئەوەندەی لیبدیف، میرزادەی دەناسی ئەم رەفتاره دەگەڵ نەزاکەت و ئەتەکێتپەروەری و خۆشڕەفتاری ئەودا تێکی نەدەکردەوه.

پەراوێز:

* – پاڤلوڤسك: گوندێکە لە باشووری پترسبۆرگ، ئەمە هاوینەهەواری خەڵکانی دەوڵەمەندو ئەرستۆکراته، ژمارەیەکی زۆری ڤێلاوو فۆکسهۆڵی تیایە کە ئاهەنگی سەمفۆنیای تیا دەگێڕدرێت و خەڵکی زۆریان لا پەسندە.

* – گەڕەکی پسکی (حی الرمال): گەڕەکێکە لە شارۆچکەیەکی ئاسایی رۆژهەڵاتی پایتەخت،و کۆمەڵێك شەقامی پێدا دەڕوات.

* – پایەبەرز: نازناوێکە، زیاتر بۆ میرانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار بەکار دێت.

* – تانیا: سووکەڵە ناوی "تاتیانا"یە.

*–- بکوژی خانەوادەی ژیمارین: لە یەکی / ئازار/١٨٦٨دا قوتابییەکی قۆناغی خوێندنی ناوەندی، بە ناوی فیتولد گورسکی، کە هۆڵەندی نەژاد بوو، لە شاری تامبوفدا، بە جارێ شەش کەسی کوشت کە بریتی بوون لە ژیمارینی بازرگان و دایکی و کوڕەکەی و ژنێکی خزمی و دوو خزمەتکار. دۆستۆیفسکی گرینگییەکی زۆری بەو تاوانە داوەو هۆیەکەی گەڕاندووەتەوه بۆ باندۆرو کاریگەریی بۆچوون و تێۆریانی نەهلیستی.

* – قازی سوڵح: دۆزو خەتا بچووکەکان چ مەدەنی بان و چ جەزایی، دادگای سوڵحی گەڕەکەکان، لێی دەپێچییەوه (بە گوێرەی یاسای ١٨٦٤) خۆ ئەگەر تەمیز بکرایەوه ئەوا هەواڵەی مەڵبەندی قازیانی سوڵحی هەرێمەکان دەکرا.

* – "واحکموا بین الناس بالرحمە": ئەم دەستەواژه باوه، لە قەراری ئیمپراتۆری /٢٤/ت٢دا وەکو پێشەکیەك بۆ تەشریعاتی دادڤانی هاتووه. ئەم دەستەواژەیە بە پیتی زێڕ لەسەر بەردەنووسێکی مەڕمەڕ نەخشێنراوەو لە یەکێك لە هۆڵەکانی کۆشکی داد لە شاری پترسبۆرگ دانراوه.

* – "یاری بالکی": گەمەیەکی کۆنی یاری وەرەقە.

* – کفاس: شەرابێکی هەرزان بەهایە لە نانی جۆ یان لە میوه دروست دەکرێت.

* – کۆنتێس دووباری: ئەمە کۆنتێس جان ماری دی باری (١٧٤٣– ١٨٩٣)، خۆشەویستی لویسی پازدەیەمە. لە سەردەمی تیرورو توندو تیژیەکەدا، بە گیوتین ئیعدام کرا. ئەو یاداشتنامە

**ساختەیەی بە ناوی ئەوەوە لە ساڵی ١٨٢٩– ١٨٣٠دا بڵاوکرایەوە، دۆستویفسکی لێرەدا بۆ روون کردنەوەی هەندێ رووداوی ژیانی ئەو سوودی لێوەرگرتووە.**

*** – "دۆتامی من": لە دەقە ئەسڵەکەدا، بە فەرەنسیە.**

*** –"جەنابی جەلاد لەحزەیەك سەبربکە... یەك لەحزەی دی": ئەم ڕستەیە، لە دەقە ئەسڵەکە بە فەرەنسییە. ئەم وشانەی کە کۆنتێس دووباری لەبەر گیوتنەکەدا وتوونی، لە بەرگی سیازدەی "فەرهەنگی ئینسایکلوپیدی" ڕووسیدا هاتووە کە بلوشار لە ساڵی ١٨٤٤دا لە پترسبۆرگ بڵاوی کردووەتەوە و دۆستویفسکی دەی خوێندەوە.**

*** – عەزاب: نووسەر وشەی** Misere **فەرەنسی بەکار هێناوە ئیدی بە مانای عەزاب کەوتووەتە سەر زاری خەڵکی رووسیا.**

*** –"... یەك هەشت یەك گەنم...": بڕوانە** رؤیا **القدیس یوحنا "الاصحاح السادس، ٦".**

*** – دۆزەخی: بڕوانە** رؤیا **القدیس یوحنا "الاصحاح السادس، ٨".**

*** – ئەو ئاهەنگە مۆسیقاییانەی لە باخچەکانی وێستگەی پاڤلوڤسك دەهاتنە گێڕان، یەجگار بەناوبانگ بوون و بوو بوو بە مەڵبەندی دیدارو دیدارگەی کوڕە دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتان.**

## فەسڵی سێیەم

سەعات نزیکی دوازدەی نیوەڕۆ بوو. میرزادە دەیزانی ئەگەر بیەوێ بۆ ماڵی یەپانچین بڕوات، زەحمەتە کەسیان ببینێ، چونکە لەم وەرزەدا دەچوونە دەرێی شار، تەنیا ئەگەری ئەوە هەبوو خودی جەنەراڵ، ئەویش لەبەر کارو کاسبیو سەرقاڵی، لە شارا مابێ. هەڵبەتە ئەوەش ئەگەرێکی مسۆگەر نەبوو.

میرزادە، دڵنیا بوو کە جەنەراڵ بە پەلە بۆ پاڤلوڤسکی دەبات، بەڵام میرزادە ماڵێکی دی بە دەستەوە بوو، بۆیە لێبڕا، بەر لەوەی بۆ پاڤلوڤسك، بڕوات، بچێ لە ماڵی ناڤبری بگەڕێت و هەر چەندە ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی درەنگانێ بۆ ماڵی یەپانچین بگەڕێتەوەو سەفەرەکەی بۆ پاڤلوڤسك بکەوێتە سبەینێ.

هەڵبەتە ئەم هەوڵەی میرزادە، لە چەند ڕوویەکەوە، مەترسیدار بوو. بۆیە بڕێك دوو دڵ و ڕاڕا بوو. دەیزانی ئەو ماڵەی ئەو بۆی دەگەڕا کەوتووەتە شەقامی کوروخوڤیای نزیکی جادەی سادوڤایا. بڕیاری دا بەو ئومێدەی کە بە درێژایی ڕێگا، کاتی ئەوەی دەبێ بە وردی بیربکاتەوەو بڕیاری بنج بڕ بدات، بەرەو ئەوێندەر بەڕێکەوت.

کە لە یەکتربڕی هەردوو شەقامەکە نزیك بووەوە، نیگەرانیو شپرزەییەکی ئەوتۆ باڵی بەسەریا کێشا، کە خۆیشی سەری لە خۆی سوڕما. هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوو دڵی بەو شێوەیە بکەوێتە ترپە ترپ. دیمەنی خانوویەك لە دوورەوە سەرنجی ڕاکێشا. زیاتر دیمەنی غەریبی ئەم خانووە سەرنجی ڕاکێشا بوو.

میرزادە، دوایی بیری کەوتەوە کە لە دڵی خۆیدا گوتبووی: " دەبێ ئەمە ئەو ماڵە بێ کە من بۆی دەگەڕێم. " بەوپەڕی کونجکاوی بەرەو ماڵەکە چوو تا بزانێ مەزەندەکەی ڕاست بووە یان نا. بە خۆیشی نەیدەزانی بۆ حەزی دەکرد مەزەندەکەی ڕاست دەر نەچێت، پێی ناخۆش بوو مەزەندەکەی ڕاست دەربچێت. ئەم ماڵە ئەپارتمانێکی گەورەو، تاریکی، سێ نهۆمی بوو، کەمترین هونەرکاریو جوانی تەلارکاری پێوە دیار نەبوو، رووکارەکەی سەوزێکی چڵکن بوو. ژمارەیەکی یەجگار کەم لەم جۆرە خانووانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ کۆتایی سەدەی ڕابردوو (مەبەست لە کۆتایی سەدەی هەژدەیە. وەرگێر ) تا ئێستا لە پترسبۆرگ دا — ئەو شارەی کە گۆڕانکاری خێرای بەسەردا دێت– ماون. هەموو ئەو خانووانە، خانووی مکومو بتەون، دیوارەکانیان ئەستوورە، پەنجەرەکانیان زۆر گەورەیەو لە دیوی دەرەوەڕا کەتیبەی شیشیان بۆ کراوە.

نهۆمی خواری خوارەوە زیاتر بۆ دوکانی سەڕاڤ تەرخان کرابوون کە خاوەنەکانیان بە شێوەیەکی گشتی ئەندامی فیرقەی Scopets* بوون، و ئەم دوکاندارانە لە قاتی سەرووی

دوکانەکانیان بەکرێ دادەنیشتن. ئەم خانووانە چ لە دەرەوەو چ لە ناوەوە زۆر قەبز بوون، پیاو کە تەمەشایان دەکات هەست دەکات ساردو سڕن، داخراون، پڕ ڕازن، بە بێئەوەی بتوانێ هۆی سەرهەڵدانی ئەو هەستە لێکبداتەوە. هەڵبەتە شێوەی تەلارکاریو یەکانگیری هێڵە گشتییەکانی ئەم خانووانە، جۆرە ڕازو نهێنییەکیان لە خۆ گرتووە. زۆربەی ئاکنجیانی ئەم خانووانە، مەگەر بە دەگمەن، دەنا هەموویان هەر بازرگانو سەوداگەرن .

میرزادە کە گەییە بەر دەرگای حەوشە، تابلۆی قەد دیوارەکەی خوێندەوە: " ماڵی روگوژین، بۆرژوای فەخری بە میرات *" میرزادە، بەسەر دوو دڵییەکەی خۆیدا زاڵ بوو، دەرگایەکی شووشەداری دەڵەك دا، وەژوورکەوت، دەگاکە بە تەقەتەق لە دوایەوە داخرا. بە قاڵدرمەکاندا بۆ نهۆمی یەکەم سەرکەوت. قاڵدرمەکان بە بەردی گەورەو قایم دروست کرابوون، لە نێو تاریکی دیوارەکاندا کە بۆیەیەکی سووری مات کرابوون، نقوم بوو بوو. میرزادە دەیزانی کە هەموو نهۆمی یەکەمی ئەم خانووە تەنگو تاریکە، بە دەست روگوژینو دایکیو براکەیەوەیە. خزمەتکارێك دەرگای بۆ کردەوە، بێئەوەی ناوی بپرسێت، بە نێو چەند ژوورێکدا بردی: یەکەمجار چوونە هۆڵی میوانەوە، دیوارەکانی مەڕ مەڕنماو ئەرزەکەی تەختە پۆش کرابوو، کەلو پەلەکانی ناوی قەرەباڵغو ناقۆلا، مۆدی سالانی بیستی سەدەی نۆزدە بوون. ئەوسا بە ناو چەند ژوورێکی یەك لە ناو یەکدا، بە ڕاڕەوێکی پێچاو پێچدا ڕەت بوون، بە دوو سێ پلەکاندا سەرکەوتن، پاشان بە دوو سێ پلەکانی دیدا داگەڕان، ئەنجام گەیینە بەر دەرگایەك، یارۆی خزمەتکار لە دەرگای دا. پارفیون سیمیونوفیچ روگوژین بەخۆی دەرگاکەی کرەوە، کە چاوی بە میرزادە کەوت حەپەسا، لە جێی خۆی وشك بوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، لە چەند ساتێکی تیژ تێپەڕدا بوو بە پەیکەرێکی بەردینی بێگیان. نیگای پڕ ترسی بڕییە میرزادە، چاوی نەدەتروکان، بزەیەکی هەراسان نیشتە سەر لێوی. پێدەچوو هاتنی میرزادە بە مەحاڵ یان نیمچە پەرجوویەك بزانێ، بۆیە باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد. میرزادە، ئەگەرچی وێنای ئەو جۆرە کاردانەوەیەی دەکرد، سەری سوڕما، بۆیە بە ناڕەحەتی گوتی:

– پارفیون، ڕەنگە لە ناوەختا هاتبم و ناڕەحەتم کردبیت. ئەگەر وایە دەگەڕێمەوە.

پارفیون، ئەنجام وەخۆ هاتەوەو گوتی:

– نا، نا، هەرگیز ناوەخت نییە ! فەرموو وەرە ژووری !

زۆر خۆییو بە ناوی خۆیانەوە یەکتریان دەدواند. چونکە لە مۆسکۆ زۆرجار یەکتریان دیتبوو، پێکەوە دانیشتبوونو تەنانەت یادگارو بیرەوەریشیان کەوتبووە نێوان. بەلام پتر لە سێ مانگ بوو کە یەکتریان نەبینی بوو.

هێشتا، ڕەنگ زەردیو شپرزەیی و سووکە پەشێوی و گرژییەك بە چارەی روگوژینەوە دیار بوو، هەرچەندە میوانەکەی خولق کردبوو، بردبوویە ژوورەوە، خێر هاتنی کردبوو، بەلام بە دەستی خۆی نەبوو هەر شپرزە بوو، شپرزەییەکەی نەدەڕەوییەوە. لە کاتێکا روگوژین، میرزادەی بۆ سەر کورسیەکی کەنار مێزێك دەبرد، میرزادە بە ڕێکەوت ئاوڕی دایەوە، کە نیگای سەیرو غەریبو شپرزەی ئەوی بینی لە جێی خۆی وشك بوو، هەر خەریك بوو بە نیگا دیواودەر کونی

بكات. میرزاده یەکسەر ڕووداوێکی، ناخۆش و پڕ ئازاری وەبیر هاتەوە کە تازە بۆیان پێشهاتبوو، لە بری ئەوەی دانیشێت، بەبێ جوڵە لە جێی خۆی وەستا، یەکڕاست چاوی بڕییە دوڕ چاوانی روگوژین. چاوانی ڕوگوژین، زیاتر کەوتنە درەوشانەوە. ئەنجام روگوژین بزەیەکی بۆ کرد، بەڵام نیگەرانی و خەمینی بە بزەکەیەوە دیار بوو. لە بن لێوانەوە بە میرزادەی گوت:

– بۆچی بەو ئاوایە سەیرم دەکەیت ؟ دانیشە.

میرزادە دانیشت و، گوتی:

– پارڤیون، ڕاستم پێ بڵێ: دەتزانی ئەمڕۆ بۆ پترسبۆرگ دێم ؟

روگوژین، بەدەم تەوسخەنێکەوە بەرسڤی دایەوە:

– هزرم دەکرد کە بێی، وا هاتیت و بە چاوی خۆت بینیت کە مەزەندەکەم دروست بووە. بەڵام لە کوێ بزانم کە ئەمڕۆ دێی ؟

ئەو توندی و توڕەییەی کە لەم پرسیارو، لە هەمان کاتدا وەڵامەی روگوژیندا ئاشکرا بوو، هێندەی دی میرزادەی حایر کرد .

میرزادە، لە کاتێکا نیگەرانی ناخی فەتح دەکرد، بە نەرمی و ناسکی پرسی:

– گریمان ئەگەر بشتزانیبا ئەمڕۆکە دێم، ئەم هەموو توڕەییەت لەپای چییە ؟

– ئەدی تۆ، بۆچی ئەو پرسیارەم لێدەکەی ؟

– چونکە ئەم بەیانییە کە لە قیتار دادەبەزیم، لە ناو جەرگەی ئاپۆڕای خەڵکەکەوە دوو چاوم بینی زەق زەق تەمەشای منیان دەکرد، دەقاو دەق وەکو چاوانی تۆ کە تۆزێ لەمە پێش لە پشتەوە، تەمەشات دەکردم.

روگوژین، بە گومانەوە و لە بن لێوانەوە گوتی:

– بەڕاست ؟ تۆ بڵێی چاوانی کێ بێ ؟

میرزادە وای هاتە بەرخەیاڵ کە روگوژین ڕاجفری. گوتی:

– نازانم، لە نێو حەشاماتەکەوە بوو. لەوەشە وام خەیاڵ کردبێ. ماوەیەکە ئەو جۆرە خەیاڵانەم بە مێشکا دێت پارفیونی برام، حەزدەکەم ئەوەت پێبڵێم کە ڕێك وەکو پێنج ساڵ لەمەوبەرم لێهاتووەتەوە، دەقاو دەق وەکو ئەو ڕۆژگارەی کە فێم لێدەهات .

پارفیون، لە بن لێوانەوە گوتی:

– دەشێت خەیاڵات بووبێ، نازانم...

لەو ساتەدا، بزەیەکی میهرئامێزی بەسەر لێوەوە بوو کە دەگەڵ مجێزی ئەودا تێکی نەدەکردەوە، لە تۆ وایە ئەو بزەیە لە پڕ کەلێنێکی تێکەوت کە هەرچی دەکردو دەکۆشا بۆی پڕ نەدەکرایەوە.

روگوژین پرسی:

– باشە، بە تەمای بڕۆیتەوە بۆ هەندەران ؟

هەنگێ لە پڕ، لە سەری ڕۆیی:

– له بیرته له پایزی ڕابردوودا، چۆن له قیتاری بسکوف– پترسبۆرگدا یەکمان بینی... پاڵتۆو پێڵاوەکانی خۆت له بیر ماوه ؟

ڕوگوژین، به دەم ئەو قسانەوه دەستی به پێکەنین کرد، وا دیاربوو لەزەتی لەو تەوسخەنەی خۆی وەردەگرت .

میرزاده، که چاوی به نێو ژوورەکەدا دەگێڕا، پرسی:

– به یەکجارەکی لێره گیرساویتەوه ؟

– بەڵێ، ئەمه ماڵی خۆمه، دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆم ؟

– دەمێکه یەکترمان نەدیتووه. هەندێ شتم سەبارەت به تۆ بیستووه که باوەڕیان پێناکەم.

ڕوگوژین، به وشکی بەرسڤی دایەوه:

– خەڵکی هەموو جۆره قسەیەك دەکەن ! دەمی خەڵکی کونه دیوار نییه، چەپکێ قوڕی پێوه دەیتو بیگریت !.

– تۆ هەموو گرووپەکەی خۆت دەرکردووه. له ماڵی کەسوکارەکەتدا دەژیت، وەکو جاران نیت. ئەمه شتێکی زۆر باشه. باشه ئەم خانووه هی خودی خۆته یان هی هەموو ماڵباتەکەته ؟

– هی دایکمه، ژوورەکانی ئەو لەوبەری ڕاڕەوەکەدایه.

– ئەدی براکەت له کوێ دادەنیشێت ؟

– سیمیون سیمیونوفیچ، لەو خانووەی تەنیشتمان دەژی .

– ژنو منداڵی هەیه ؟

– ژنەکەی تەلاق داوه. ئەمانه بۆ دەپرسیت ؟

میرزاده، بێئەوەی وەڵامی بداتەوه، چاوی تێبڕی . له پڕ خەم سیمای داگرت، خەیاڵی ڕۆیی، لەوه دەچوو گوێی له پرسیارەکه نەبووبێ. (ڕوگوژین)ش پێداگری نەکرد. بەڵکو به بێدەنگی چاوەڕوانی دەکرد. هەردووکیان بۆ ساتێ بێدەنگ بوون.

میرزاده گوتی:

– ئێستا که بۆ ئێره دەهاتم، له دوورەوه، له دووری سەد مەترەوه، به مەزەنده ماڵەکەتم دۆزییەوه !.

– چۆن ؟

– نازانم چۆنت بۆ باسبکەم. هەستدەکەم نیشانەو شەقڵی هەموو ماڵباتەکەتو جۆری ژیانی خۆت به خانووەکەوه دیاره. بەڵام ئەگەر لێم بپرسیت هۆی ئەو هەستەت بۆ ڕوون بکەمەوه، ناتوانم ڕوونی بکەمەوه. پێموایه ئەمه جۆره خەیالاتێکەو دەترسم سەریەشەم بۆ دروست بکات. قەت پێشتر به بیرما نەهاتبوو که ڕەنگه له خانوویەکی وەهادا بژیت. بەڵام هەرکه له دوورەوه چاوم پێی کەوت، له دڵی خۆمدا گوتم: " هەبێو نەبێ ئەمه ماڵی ئەوه !".

ڕوگوژین، که سەری لەو قسانەی میرزاده دەرنەدەکرد، بەدەم بزەیەکی گۆنگو ئاڵۆزەوه گوتی:

– باپیرەم ئەم خانووەی دروست کردووە، هەمیشە ماڵباتی (خلودیاکوف)ی سەر بە فیرقەو تەریقەتی (Scopetsi) تیا بوون و بە کرێیان گرتووە. ئێستاش هەندێکیان کرێچی ئێمەن .

میرزادە، کە دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی گوتی:

– چەند تاریکە ! تۆ لە ژوورێکی زۆر تاریکدا دەژیت !

ژوورەکەی گەورە بوو، میچەکەی بەرز، بەڵام زۆر تاریک بوو، پڕبوو لە کەلوپەلی وەکو: مێزی نووسین، مێزی خڕ، دۆڵابی پڕ لە تۆمارو دەفتەرو کاغەزان. تەختێکی پانی تێدا بوو کە بە چەرمێکی سوور ڕووکەش کرابوو، دیاربوو کە روگوژین وەکو تەختەخەو بەکاری دێنا.

میرزادە، دوو سێ کتێبی لەسەر ئەو مێزەی بەردەم خۆی بەدی کرد کە یەکێکیان (کتێبی مێژوو)ی روسیاکەی سولوڤییف* بوو. کتێبەکە کرابووەوەو شریتێکی باریکی لە بەینا دانرا بوو. چەند تابلۆیەکی زەیتی چوارچێوە زێڕین بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون، تابلۆکان ئەوەندە تاریك و دوکەڵاوی بوون کە پیاو وێنەکانی بۆ جیا نەدەکرایەوە. یەکێك لە تابلۆکان کە سەرنجی میرزادەی ڕاکێشا وێنەی پیاوێك بوو بە قەوارەی ئاسایی. وێنەی پیاوێکی نزیکەی پەنجا ساڵ بوو کە پاڵتۆیەکی دەستدروی فەڕەنگی لە بەرا بوو، دوو میداڵ بەگەردنیا هاتبوونە خوارەوە، تەنکە ڕدێنێکی ماش و برنجی هەبوو. دەموچاوی چرچ و لۆچ و ڕەنگ و ڕووی زەردەڵەو سیسەڵە، نیگای پڕ گومان و ڕازئامێزو خەمین بوو.

میرزادە پرسی:

– ئەمە وێنەی باوکتە ؟

روگوژین، بە دەم زەردەخەنەیەکی تاڵەوە، وەکو ئەوەی خۆی بۆ تانەو تەشەرێکی ناخۆش دەرهەق بە بابی ڕەحمەتی ئامادە بکات گوتی:

– بەڵێ، خۆیەتی !

– باشە لە موریدانی " تەریقەت و ئاینی کۆن*" بوو ؟

– نەخێر، هاتوچۆی کڵێسای دەکرد، بەڵام تەریقەت و مەزەبی کۆنی پێدروست تر بوو. زۆریش ڕێزی تەریقەتی Scopetsi دەگرت. ئۆفیسەکەشی ئەم ژوورە بوو کە هەنووکە ئێمەی تیاین. مەبەستت لە پرسیاری ئاینی کۆن چی بوو ؟

– لێرە ئاهەنگی زەماوەند دەگێڕن ؟

روگوژین، کە بەم پرسیارە کوتوپڕە، شڵەژا، گوتی:

– بە... لێ...

– بەم زووانە ؟

– ئەگەر بە دەستی من بێ، ئا. بەڵام بەخۆت دەزانی ئەوە بە دەستی من نییە .

– پارفیون، من دژمنت نیم، بە تەماش نیم ببمە کۆسپی سەر ڕێگات. پێشتریش ئەمەم پێ گوتوویت، ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە. تۆ بەخۆت دەزانی کاتێ کە لە مۆسکۆ بە تەمای زەماوەند بوویت، من کەم و زۆر دەستم لە تێکدانیا نەبوو. ئەو بە خۆی، لە بەرەبەری مارەکردنەکەدا، خۆی گەیاندمێ و تکای لێکردم کە فریای بکەوم ولە دەستی تۆی رزگار بکەم.

ئەمە قسەی ئەوە بۆتی دەگێڕمەوە. پاشان لەلای منیش هەڵات. ئەوە بوو تۆ کەوتیتە سۆراخی و دۆزیتەوەو جارێکی دی بردتەوە بۆ کڵێسا تا مارەی بکەیت. ئێستاش بیستوومە کە جارێکی دی هەڵاتووەو هاتووە بۆ پترسبۆرگ، ئایا ئەمە ڕاستە ؟ لیبدیف، ئەوەی بۆ گێڕامەوە. پیاو ڕاست بڵێ لەبەر ئەوە هاتم بۆ ئێرە. دوێنێ لە ڤیتاردا، لە یەکێك لە کۆنە هاوڕێکانی خۆتم بیست کە گوایە تۆو ناستاسیا فیلیپوڤنا ئاشت بوونەتەوە، – ئەگەر حەزدەکەی بزانی ئەو کۆنە هاوڕێیەت کێ بوو، زالیوگیف بوو– من تەنیا بە یەك مەبەست بۆ پترسبۆرگ گەڕاومەتەوە: ئەویش ئەوەیە کە قەناعەتی پێبکەم بۆ چارەسەر بڕوات بۆ هەندەران. چونکە چ وەکو جەستەو چ وەکو دەروون، بە تایبەتی لە ڕووی دەروونییەوە وەزعی زۆر خراپەو پێویستی بە چاودێری و چارەسەرە. من بە نیازنیم دەگەڵیا بڕۆم، بەڵام حەزدەکەم یارمەتی بدەم و کاری سەفەرەکەی بۆ ڕێکبخەم. ئەمە قسەی ناخی دڵمەو درۆت دەگەڵ ناکەم. بەڵام ئەگەر ڕاست بێت و ئاشت بووبنەوە، ئەوا قەت خۆمی نیشان نادەم و نایەمە ماڵی تۆش. تۆ بە خۆت چاك دەزانیت فریوت نادەم و هەمیشە دەگەڵتا ڕاستگۆ بووم، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕەئی و بۆچوونی خۆمم لێنەشاردوویتەوە، هەمیشە بەرەو ڕوو پێمگوتوویت، ئەگەر شوو بە تۆ بکات، خۆی دەفەوتێنێ. تۆش دوچاری ئاقیبەتێکی ئەوەندە خراپ دەبی کە هەزار خۆزگەت بەو. زۆرم پێخۆش دەبێ ئەگەر دووبارە لێکدی جیا ببنەوە... بەڵام بە نیازنیم تەفریقەو ناکۆکیتان بخەمە بەینەوە. لەو ڕووەوە خەیاڵت تەخت بێ، هەر بەدگومانیەك سەبارەت بە من لە مێشکی خۆت دەربکە. بە خۆتیش باش دەزانی قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان من ڕەقیب و خەنیمی ڕاستەقینەی تۆ نەبووم. تەنانەت ئەو کاتانەش کە هەڵات و پەنای بۆ من هێنا. دەبینم پێم پێدەکەنی، گاڵتەت پێم دێت، دەزانم بۆ پێدەکەنی. ئێمە لەوێندەر بە جیا دەژیاین، هەریەکەمان لە ڤیلایەکی جیا دەژیاین: " بێگومان لەمە ئاگاداریت.". من پێشتر بۆم باسکردووی کە خۆشم دەوێت، بەڵام خۆشەویستی بەزەیی نەك خۆشەویستی ئەڤینداری. پێموایە دەبێ ئەم خاڵە زیاتر ڕوون بکەمەوە. ئەوسا گوتت کە لە مەبەستم تێدەگەیت، وانیە، ئایا بەڕاستت بوو ؟ بە ڕاستی لێم گەییشتوویت ؟ نیگات تەژی نەفرەتن! جا بۆیە بۆ ئێرە هاتووم تا دڵنیات بکەم و ئاسوودە ببیت، چونکە تۆشم بەلاوە ئازیزی. پارڤیون، باوەڕبکە زۆرم خۆش دەوێی. هەنووکە ئیدی دەڕۆم و هەرگیز نایەمەوە. دەی بە دوعا !.

میرزادە، بە قەستی ڕۆییشتن هەستا. پارڤیون بە دەنگی نزم و پڕ سۆزەوە، بێئەوەی لەجێی خۆی هەستێت و، هێشتا هەر سەری نابووە ناو دەستی ڕاستی، گوتی:

– مەڕۆ، تۆزێکی دیکەش بمێنەوە ، زۆر لە مێژە نەمدیووی.

میرزادە، دانیشتەوە، هەردووکیان بێدەنگ بوون. ئەوجا روگوژین گوتی:

– لیون نیکولایوفیچ، کاتێ کە لێم دوور بی، لەبەر چاو نەبیت، زۆر ڕقم لێت دەبێتەوە. بە درێژایی ئەم سێ مانگەی کە نەم دەبینیت، سات بە سات زیاتر ڕقم لێت هەڵدەستا، دەم بوغزاندی. ئەگەر بۆم بکرایە دەرمانخواردم دەکردیت. بە زاتی خوا بۆم بکرایە، بێ چەندوچوون ژەهر خواردم دەکردیت ! کەچی بەم چارەکە سەعاتەی کە لای من دانیشتبووی، هیچم لە دڵ نەما، وەکو جاران لەلام عەزیزی، تۆزێکی دی لەلام بمێنەوە...

میرزادە، کە دەیویست هەڵچوونەکەی وەشێرێت، بە دەم بزەیەکی پڕ میهرەوە بەرسڤی دایەوە:

– کە لێت نزیك بم متمانەم پێدەکەیت، کە لێت دوور کەوتمەوە لێم دەکەویتە گومانەوە. تۆ لە بابت دەچیت !

– کە گوێم لە دەنگت دەبیّ، ئاسوودەو دڵنیا دەبم، متمانەت پێدەکەم. من زۆر چاك دەزانم کە ناشێت خەڵکانی وەکو من دەگەڵ تۆدا بەراورد بکرێت، بە ڕاستی من هاوتای تۆ نیم…

میرزادە، لە کاتێکا دەیڕوانییە روگوژین، بە سەرسامی گوتی:

– بۆچی ئەو ڕستەیەی دواییت گوت ؟ بۆچی دیسان تورە بوویت ؟

روگوژین، بەرسڤی دایەوە:

– ئێمە لێرەدا، هاوڕیّ گیان، کەس هیچ بە کڵاومان ناپێویّ، کەس پرسمان پێناکات، کاروبارەکان بە بێپرسی ئێمە ڕێکدەخرێن !.

روگوژین، بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوجا بە ئەسپایی لە سەری رۆیی:

– هەر یەکەمان، بە شێوازی تایبەتی خۆی خۆشەویستی دەکات، یانی لە یەکدی جیاوازین، لە هەموو شتێکدا لێکدی جیاوازین. بۆ نموونە تو دەڵێی وەکو بەزەیی خۆشت دەویّ، بەڵام من، پیاو ڕاست بڕوات، یەك تۆزقاڵ بەزەییم پێیدا نایەتەوە. سوور دەزانم کە ئەویش زۆری ڕق لە منە. شەو نییە خەونی پێوە نەبینم: لەم خەونانەمدا هەمیشە لەگەڵ کەسێکی دیدایەو گاڵتە بە من دەکات. جا برای ئازیز ئەمە لە واقیعیشدا وایە. قەولی داوە شوو بە من بکات، بەڵام زەڕەیەك لە بیری مندا نییە، حیسابی ئەو پێڵاوەشم بۆ ناکات کە فرێی دەدا. باوەڕ دەکەی پێنج دانە رۆژە نەم دیتووە، چونکە زات ناکەم بچم بۆماڵەکەی ؟ چونکە دڵنیام دەڵێت بۆچی هاتوویت… هەر لە ئێستاوە چەندین جار تەریقی کردوومەتەوە! شەرمەزاری کردووم..

– تەریقی کردویتەوە ؟ مەبەستت چیە ؟

– گوایە نازانی، لەوە دەچیّ خۆت لە گێلی بدەی ! مەگەر لە کلێسادا، کە لە دەمەدەمی مارەبڕیندا هەڵنەهات، تا دەگەڵ تۆدا بڕەڤیّ ؟ تۆ خۆت تۆزیّ لەمەپێش دانت بەمەدا نا…

– سەیرە. یانی باوەڕم پێناکەی کە پێت دەڵێم من….

– ئەدی لە مۆسکۆ، بەگەڵ یارۆی ئەفسەر، زمتیوژینکوۆ نەکەوت و سووك و ریسوای نەکردم؟ هەنوکە دڵنیام کە بە ئانقەست، دوای ئەوەی بە خۆی بە روواری مارەبڕینەکەی دیاری کرد، دەستی بەو کارە کرد.

میرزادە گوتی:

– مەحاڵە !

روگوژین، بە قەناعەتی تەواوەوە گوتی:

– من دڵنیام لەمە. تۆ پێتوایە کاری وا لەو ناوەشێتەوە ؟

ئەم قسەیە بۆ یەکێکی دی بکە گیانە ! ئەو ڕەفتارە لەگەڵ تۆدا ناکات و بە نا پەسندی دەزانیّ، قەناعەتم بەمە هەیە. بەڵام لەگەڵ مندا، وایەو ئەولاتریش، هەر بە بەشەریشم نازانیّ. هیچ حیسابێکم بۆ ناکات ! ئاگام لەو کەین و بەینەش هەیە کە لەگەڵ کابرای ئەفسەردا، کیلەری

بۆكسـۆردا هـەی بـوو، تـەنیا بـۆ ئـەوەی مـن بكـات بـە گـەپچاڕی ئاشـناو بێگانـە ! تـۆ نـازانی لـە مۆسكۆدا چەندی عەزابدام، چەندی داخ كردە دڵمەوە. ئەدی پارە بۆ ناڵێی. مەگەر هـەر خـوا بزانـێ چەندم بۆ خەرج كردووە!...

میرزادە، بە شپرزەیی و پەریشانی گوتی:

– كەوایە چۆن دەتوانی زەماوەندی دەگەڵ بكەیت ؟

روگوژین، لە هەوەڵەوە، وەڵامی نەدایەوە، نیگایەكی سەرگەردان و خەمناكی میرزادەی كردو، پاش كەمێك گوتی:

– ئـەمڕۆ پێـنج دانـە ڕۆژە نەمـدیتووە. هەمیشـە دەترسـم دەرم بكـات. سـەری زمـان و بـنی زمـانی ئەمەیـە: " من هێشـتا حـوڕی نەفسـی خـۆمم، ئەگـەر بمـەوێ، دەرت دەكـەم و بـە خـۆم بـۆ هەنـدەران دەڕۆم. "

هەنگێ تەمەشایەكی میرزادەی كردو لە سەری رۆیی:

– پێشـتر پێـی گوتـووم كـە بـۆ هەنـدەران دەڕوات. هەڵبەتـە هەنـدێجار هـەر بـۆ ترسـاندنی مـن ئـەو قسـانە دەكـات. لـەزەت لـەم كـارە دەبـینێ، دەمكـات بەمـەزەی ڕابـواردن و پێكـەنینی خـۆی، هەنـدێجاری دی چارەی دەدا بـە یەكـدا، بـە جـۆرێ زاری لێكـدەنێ، بـەكێردیش هەڵناپچـڕێ. مـن زیاتر لەم حاڵەی دەترسم. ڕۆژێك لـە دڵـی خـۆدا گوتم واچاكە بە دەستی بە تالْ نەچم بـۆ لای، بـا دیارییـەكی دەگـەڵ خـۆدا بـۆ ببـەم. كـە چـاوی بـە دیارییـەكانم كـەوت، هێنـدەی دی شـولی لـێ هەڵكێشا، نـەك هـەر كەوتـە پێكەنین و تەشـەران، بەڵكو لێشم تـوڕە بـوو. جارێكی دی كۆڵوانەیـەكم بەدیاری بۆ برد، كە بە عەمراتی شتی وای بە خۆوە نەدیتبوو، كەچی دای بە كاتیای كارەكەری، خۆ سـەبارەت بـە دیاریكردنی ڕۆژی زەماوەندەكـەمان نـەمویرا، هـەر باسیشـی بكـەم. ئاخر ئەمـە چ دەزگیرانداریییەكە پیـاو نـەوێرێ، دەزگیرانەكـەی، هاوسـەری ئاینـدەی خـۆی بـدینێ ! ئیـدی ئـەوەتا سووچی ماڵم گرتووە، چاوەڕوان دەكەم، هەركە بێتاقەت دەبم، دەچم بـە دزییـەوە سـەرێ دوان بـە دەوری ماڵەكەیدا دەسوڕێمەوە، یان لە گۆشەیەكی شەقامەكەدا خـۆم پـەنا دەدەم. جارێكیـان، تـاكو نزیكـی بـەیانی، وەكـو پاسـەوان، لەبـەر دەرگاكەیـدا وەسـتام. بـە خـەیاڵ تاپۆیـەكم بـینی. هەڵبەتـە ئـەویش لـە پەنجەرەكـەوە مـنی بـینی بـوو، بۆیـە لەوێنـدەرەوە هـاواری كـردو پرسـی: "باشـە ئەگـەر بۆت دەركـەوتبا خیانـەتت لێدەكـەم، چیت لێدەكردم ؟" بـە خـۆم نەوەسـتام و گـوتم: "بـەخۆت چاك دەزانیت."

– بەخۆی چی دەزانی ؟.

– چوزانم !

روگوژین، ئەو قسەیەی كردو بەدەم ژارخەنەوە، لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– مـن لـە مۆسـكۆ، وێـڕای ئـەوەی ماوەیـەكی زۆر، دوورو نزیـك تاقیـب و سـۆراخم كـرد، بـەڵام نەمتوانی لەگەڵ كەسداو لە قافدا بیگرم. جارێكیـان یەخـەم گـرت و پێمگـوت: " تـۆ بەڵێنت بە من داوە كە شووم پێبكەیت. هەڵبەتە تێكەڵاوی ماڵباتێكی خانەدان و بەرێز دەبیت، بەڵام تۆ دەزانی چیت و چتۆ ژنێكی ؟ تەمەشایەكی خۆت بكە! بزانە چیت ؟".

– به ڕاستی ئەوەت پێگوت ؟

– بەڵێ .

– ئەدی ئەو چی گوت ؟

– گوتی: "من لە ئێستا بە دواوە بە نۆکەریشت قەبووڵ ناکەم چ جای بە مێرد !" وەڵامم دایەوە: "منیش لێرە ناجولێم، بە ئامانو زامان لێرە ناڕۆم." گوتی: "منیش کیللەرت بۆ بانگ دەکەم تا دەرت بکات ." منیش کەوتمە گیانی، بگرە کویێت دێشێت، ئازای گیانیم شینو مۆر کردەوە.

میرزادە، بە هەڵچوونەوە گوتی:

– مەحاڵە، باوەڕناکەم !

روگوژین، بە ئەسپایی، بەڵام بە چاوانی ئەبڵەقەوە گوتی:

– باوەڕبکە، تا توانیم لێمدا. بەڵام چیم بەسەر هات ! سیو شەش دانە سەعاتی ڕێك، یانی ڕۆژو تاقێکی تەواو، نە خەوم لێکەوت، نەنانم خوارد، نە ئاوم خواردەوەو لەو ژوورە نە جوڵام، لە بەردەمیا چۆکم دادا، گوتم:

" ئامادەم لێرەدا بمرم، بتۆپم، بەڵام تا نەمبوری لێرە ناڕۆم، ئەگەر دەرمبکەی، خۆم بە ئاوێدا دەدەم، خۆ دەخنکێنم. ئاخر من بەبێ تۆ دەکەمە چی ؟... ئەویش بە درێژایی ڕۆژەکە وەکو شێت، جارێ دەگریا، دەمێ هەڕەشەی دەکرد بەر چەقۆیانم دەدات، گاڤێ بەر دەمرێژی جنێوی دەدام. زالیوگیڤ و کیللەرو زمتیوژنیکوڤ و خەڵکانی دی بانگکرد، تا بەو حاڵەوە بمبینن و ریسواو سەر شۆڕم بکات. پێی دەگوتن: " کوڕینە با ئەم ئێوارەیە بە کۆمەڵ بڕۆین بۆ شانۆ، ئەگەر ئەو نایەوێ بڕوات، با لێرە بمێنێ، خۆ من ئێشکی بە دیارەوە ناگرم... من پابەندی ئەو نیم. پارفیون سمیونوفیچ، بێگومان برسیتە، گوێ مەدەیە کە من ڕۆییشتم نانو چات دەدەنێ. بە تەنێ لە شانۆ گەڕایەوە. گوتی:" – ئەوانە هەموو ترسنۆك و بێشەرمن، لە تۆ دەترسن، گەرەکیانە منیشت لێبترسێنن. پێیان گوتم: "بەو ئاسانییە ناڕوات... دوور نییە بشتکوژێت."

بەڵام من کە تۆزێکی دی دەچم بۆ ژوورەکەی خۆم تا بنووم، دەرگای ژوورەکەم داناخەم. ئیدی بزانە چەندت لێدەترسم ! حەزدەکەم ئەمە بزانیتو بە چاوی خۆت بیدینی. چایت خوارد ؟ گوتم: "نا، ناخۆم." گوتی: " زۆر چاکە، دەتەوێ خۆت بنوێنی، کەیفی خۆتە، بەڵام ئەم ڕەفتارەت لێنایەت ."و دەقاو دەق هەمان کاری کرد، دەرگاکەی بە کلیل قفڵ نەدا، بەیانی کە لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، دەستی بە پێکەنین کرد، گوتی: " چیە، شێت بوویت ؟ دەتەوێ خۆت لە برسا بکوژی!" گوتم: "بمبورە !" گوتی: "نە دەتبورمو نە شووت پێدەکەم، ئەمە قسەی بەرو دوامە. بە درێژایی شەو لەسەر ئەم کورسیە بێدار بوویت ؟" گوتم: "بەڵێ، بۆ نیونەختیش نەخەوتم. "ناستاسیا گوتی: " پێتەوە دیارە. یانی هەنووکەش خەیاڵی چا خواردنت نییە ؟" گوتم: " هیچم ناوێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە بمبەخشیت !" گوتی: "خۆزیا دەتزانی چەند ئەم کارانەت لێنایەت! ڕێك وەکو ئەوەیە لە جیاتی ئەسپ، زین لە مانگا بکەیت*، وەکو ئەوەیە قەلەباچکە لاسایی کەو بکاتەوە. تۆ دەتەوێ من بترسێنی ؟.

من چ باکم بەوەیە تۆ برسی بی یان تێر ؟ بە قەد نووکە دەرزییەکیش کارم تێناکات !"
ئەلهەقی تووڕە بوو. بەڵام تووڕەییەکەی زۆری نەبرد، دووبارە کەوتەوە گاڵتە پێکردنم. سەرم لەوە سوڕما، وێڕای ئەوەی ژنێکی ڕکونی و کینەکێش بوو، چۆن وا زوو تووڕەییەکەی ڕەوییەوە. هەنگێ وام هات بە خەیاڵدا، لەوە بە کەمترم دەزانیێ تاماوەیەکی زۆر ڕقم لێهەڵگرێت. مەزەندەکەم دەقاو دەقا ڕاست بوو، لێی پرسیم: " پاپا چیە ؟" وەڵامم دایەوە: "بیستوومە." گوتی: "پارفیون، تۆ قەت مێژووت خوێندووەتەوە ؟" "-نا هەرگیز نەمخوێندووەتەوە." گوتی: "کەواتە، کتێبێکی مێژووت دەدەمێ تا بیخوێنیتەوە. ڕۆژگارێك، پاپایەك لە ئیمپراتۆرێك* تووڕە دەبێت، ناچاری کرد سێ دانە ڕۆژ، بە بێخواردن و خواردنەوە، بە پێی پەتی لەبەر کۆشکەکەی پاپادا چۆك دابدات، تابە خێری خۆی بیبەخشێت. بە خەیاڵ و مەزەندەی تۆ، ئیمپراتۆر لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا، بەدەم چۆکدادانەوە بیری لە چی کردووەتەوەو چ بەڵێنێکی بە خۆی داوە؟ دەققەیەك سەبربکە، خۆم ئەوەت بۆ دەخوێنمەوە." بە پەلە ڕۆیی کتێبێکی هێناو گوتی: "بە شیعرە ". دەستی بە خوێندنەوەی ئەو پەرەگرافە کرد کە ئیمپراتۆر چۆن لە دڵی خۆیدا شەرتی کردووە تۆڵە لە پاپا بسەنێت. لەسەری ڕۆیی: "پارفیون، بە دڵت بوو ؟". گوتم: "ئەوەی خوێندتەوە هەمووی دروست بوو." گوتی: "ها، یانی تۆ ئەمە بە دروست دەزانی، کەواتە پێدەچێ تۆش لە دڵی خۆتدا شەرت بکەی هەر کاتێ شووم پێکردیت، ئەم ڕۆژە وەبیر بێنیتەوەو وەك دەڵێن ئەم دڕکەم لە ژێر پێ دەربێنی و تۆڵەم لێبکەیتەوە !" گوتم: " نازانم، لەوانەیە بیرێکی وەهام لە مێشکدا هەبێت !" پرسی: "چۆن نازانی ؟" گوتم: "بەڕاستی نازانم. بەڵام حاڵی حازر بیر لە شتی وەها ناکەمەوە ." گوتی: " زۆر چاکە، ئەدی ئێستا بیر لە چی دەکەیەوە ؟" گوتم: "دەی گوێ بگرە باپێت بڵێم بیر لە چی دەکەمەوە: کە هەڵدەستیت و بەلاما تێدەپەڕی، لە دواوە نیگات دەکەم، کە گوێم لە خشەخشی جلەکانت دەبێت، دڵم دادەخورپێت. کە لە ژوورەکە دەردەچیت، هەر هەموو قسەکانت، وەکو خۆیان، دەنگت وەکو خۆی لە گوێمدا دەزرینگێنەوە، لە یادگەمدا دەنگدەدەنەوە. بەدرێژایی شەو، کاتێ کە خەوتبووی، بیرم لە هیچ نەدەکردەوە، تەنیا گوێم لە هەناسەت دەگرت. هەستم کرد، دووجار لە نێو جێگاکەتدا، گینگڵت دا." بەدەم پێکەنینەوە گوتی: " ئەدی ئەوەت بیر نەدەکەوتەوە کە چۆن لە منت دەدا ؟" گوتم: "نازانم." گوتی: " باشە ئەگەر نەت بەخشم و شووت پێنەکەم ؟" گوتم: " وەکو پێشتر پێمگوتیت: خۆم بە ئاوێدا دەدەم و دەخنکێم." گوتی: " لەوەیە بەر لەوەی خۆت بە ئاوێدا بدەیت، من بکوژیت ؟"

بەدەم گوتنی ئەو ڕستەیەوە لەفکران ڕاچوو. پاشان تووڕە بوو و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. دوای سەعاتێك زڤڕییەوە، زۆر دڵتەنگ دیاربوو، بە گرژی و پەستی گوتی:

" پارفیون سیمیونوفیچ، من شووت پێدەکەم. نەك لەبەر ئەوەی لێت دەترسم، بەڵکو لەبەر ئەوەی گوێم لەوە نییە بەم شێوەیە یان ئەو شێوەیە تیا بچم. هیچ ڕێگەیەکی لەمە باشتر شك نابەم، وەرە دانیشە، ئێستا شێوت بۆ دێنن." و لەسەری ڕۆیی: " ئەگەر شووم پێکردیت، دڵنیابە ژنێکی وەفادارو بە ئەمەك دەبم، لەم ڕووەوە ئەرخایەن بە." تۆزێك بێدەنگ بوو و، ئەوسا لەسەری ڕۆیی: " جاران وام خەیاڵ دەکرد کە کابرایەکی نۆکەرسیفەتی، بەڵام من هەڵە بووم وا نیت."

"ئەوسا بەرواری زەماوەندەکەی دیاریکرد. کەچی دوای هەفتەیەك دیسان هەڵاتو پەنای وەبەر لیبدیف برد. کە گەییمە پترسبۆرگ، پێی گوتم: " من بە تەواوەتی دەستبەرداری تۆ نەبووم، بەڵام گەرەکمە کەمێك زیاتر سەبربکەم، چونکە من هێشتا خاوەنی خۆمم، هێشتا حورِی نەفسی خۆمم، ئەگەر تۆش دەتەویٚ چاوەڕوان بکەی، چاوەڕوان بکە..!" حاڵی حازر، وەزعەکەمان ئاوهایە. تۆ ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە لیون نیکولایوفیچ ؟

میرزادە، کە بە خەمباری دەیڕوانییە روگوژین، گوتی:

– تۆ خۆت چۆنی دەبینی، چۆنی لێکدەدەیتەوە ؟

روگوژین، تورِە بوو، هاواری کرد:

– چما من توانای بیرکردنەوەم ماوە ؟

ویستی شتێکی دی بڵێت، لیٚ لە داخا زمانی بەستراو بێدەنگ بوو.

میرزادە، جارێکی دی بە نیازی ڕۆییشتن هەستا، بە ئەسپایی و بە دەنگێکی خەیاڵاوی، وەکو ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی نهێنی بداتەوە کە خۆی لە ناخەوە لە خۆی کردبێت، گوتی:

– بە هەرحاڵ، من نابمە کۆسپی سەر ڕێگای تۆ .

روگوژین، لە پڕ بوژایەوەو چاوانی کەوتنە پرشنگدان، گوتی:

– من لە تۆ تێناگەم بۆچی لەبەر خاتری من دەستبەرداری دەبیت. یانی ئەمە بەو مانایەیە کە بە یەکجاری دەستبەرداری ئەڤینی ئەو بوویت ؟ دەمێکە هەستم کردووە کە خۆشت دەویٚ. بۆچی بەم پەلەپەلە بۆ ئێرە هاتووی ؟ لە ڕووی بەزەییەوە ؟ بەدەم ئەو قسەیەوە، ژارخەنێك چارەی روگوژینی گرژ کرد. میرزادە لێی پرسی:

– یانی پێت وایە من درۆت دەگەڵ دەکەم، فریوت دەدەم ؟

– نا، درۆ ناکەی، باوەڕم بە قسەکەت هەیە، بەڵام سەر لە هەڵوێستت دەرناکەم. لەوەیە بەزەییەکەی تۆ لە ئەشقەکەی من توندتر بێت.

ڕقێکی هەوسار پچڕیو، نیشتە سەر چارەی روگوژین.

میرزادە، بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– خۆشەویستیەکەی تۆ لە ڕق دەچێت. لەوە دەچیٚ بە جۆریٚ تێکەڵ بووبن کە جیاکردنەوەیان ئەستەم بێت. خۆ ئەگەر ڕۆژیٚ لە ڕۆژان ئەو سۆزەش کاڵ بووەوە، هەنگیٚ قورِەکە خەست دەبێتەوەو لەوەیە کارەساتێکی گەورە بقەومیٚ. پارفیون، برای ئازیز من لەمەت ئاگادار دەکەمەوە...

– یانی چی ؟ پێتوایە سەری دەبڕم ؟

میرزادە، ڕاچڵەکی، بەخامۆشی دەیڕوانیە روگوژین، ئەوسا گوتی:

– بە هۆی ئەم ئەشق و ڤیانەی ئێستاتەوە، لە سۆنگەی ئەم ئازارەوە کە حاڵی حازر دەیچێژیت، ڕۆژێك دێت لێی بێزار دەبیت، ڕقی لێهەڵدەگریت. نازانم چۆن دەتوانیٚ جارێکی دی بەوە قایل ببیٚ کەشوو بە تۆ بکات ؟ من سەر لەمە دەرناکەم ! کە دوێنیٚ بەم هەواڵانەم زانی، هەر چیم دەکرد نەمدەتوانی باوەڕبکەم. بە ڕاستی خەمبار بووم. ئاخر بۆچی دوو جاران تۆی سووك و شەرمەزار

کرد، لەسەری مارە بڕیندا، بەجێی هێشتی ؟ ئەمە مانای وایە کە لە شتێك ترساوە!. باشە هەنوکە بۆچی دیسان بایداوەتەوە سەر تۆ ؟ چ خاسیەتێکی لە تۆدا بەدی کردووە ؟ تەماحی لە پارەکەتە ؟ ئەمە گریمانەیەکی نا بەجێیە ! بە تایبەتی کە تاکو ئێستا بەشێکی زۆری سەروەت و سامانەکەت خەرج کردووە. تۆ بڵێی مەبەستی تەنیا شووکردن بێت و بەس ؟ خۆ زۆر بە ئاسانی دەتوانێ مێردێکی لە تۆ باشتر پەیدا بکات، هەر مێردێکی دی بۆ ئەو لە تۆ باشترە، چونکە تۆ لەگینە سەری ببریت، لەوەشە بە خۆی زۆر بە باشی ئاگاداری ئەو بابەتە بێت، تۆ بڵێی بە هۆی ئەوەوە مەیلی تۆی هەبێت کە لە ڕادەبەدەر خۆشت دەوێ ؟ بەڵێ، لەوەیە لەبەر ئەمە بێت... بیستوومە هەندێ ژن هەن، کوشتەی ئەو جۆرە ئەشق و ڤیانەن... بەڵام...

میرزادە، بێدەنگ بوو، لە فکران ڕاچوو.

روگوژین، کە بە وردی سەرنجی هەر جوڵەو گۆڕانێکی دەموچاوی میرزادەی دەدا، لێی پرسی:

– بۆچی کە تەمەشای وێنەکەی بابمت کرد، بزەت هاتێ ؟

– بۆچی بزەم هاتێ ؟ لەبەر ئەوەیە وام وێنا دەکرد کە ئەگەر ئەم ئەشق و ڤیانە پڕ ئازارە نەبوایە، زۆر زوو وەکو بابت لێدەهات: لەم خانووەدا دەگەڵ ژنێکی گوێڕایەڵ و بێدەنگدا دەژیایت، مەگەر بەدەگمەن قسەیەکت لەزار هاتبایەتە دەرێ. متمانەت بە کەس نەدەکرد و بە پێویستت نەدەزانی متمانە بە هیچ مرۆڤێك بکەیت، بۆ خۆت کڕوکپ، مژولی کاروکاسبی و پارە پەیدا کردن دەبوویت. ئەو پەڕەکەی لە ئاخرو ئۆخری تەمەنتدا، خووت دەدایە کۆنە کتێبان و دوعاو نزاو وێردو تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەهلی تەریقەت و سونەتی کۆن و بە دوو قامکان ئاماژەی خاچت دەکێشا*.

– رابوێرە ! گاڵتەم پێبکە ! ئەویش ماوەیەك لەوەپێش، کە دیقەتی ئەم وێنەیەی دا، کوت و مت هەمان ئەم قسانەی تۆی دەکرد. سەیرە کە هەردووکتان هەمان بۆچوونتان هەیە !

میرزادە، بە کونجاوی پرسی:

– چی ؟ چما هاتووەتە ئێرە ؟

– بەڵێ، ماوەیەکی زۆر دیقەتی ئەم وێنەیەی داو زۆری سەبارەت بە ڕەحمەتی بابم پرسیار کرد،و بە تیزخەنێکی ئاشکراوە گوتی: " تۆش بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار دەچیتەوە سەر ئەو، وەکو ئەوت لێدێت. پارفیون سیمیونوفیچ تۆ کۆمەڵێك کەڵکەڵەو خولیای توندڕەوانەت هەیە، ئەگەر زیرەکی خۆت نەبوایە، لەوە بوو بیگەیاندبایتە سیبریا، بیخستبایتە زندانەوە. تۆ زۆر زیرەك و هۆشیاری ( ئیدی باوەڕ دەکەی یان نا، ئەوە دەقی قسەکانی ئەو بوو. یەکەمجار بوو کە قسەی وام لێدەبیست.) ئەوجا لەسەری رۆیی: " لەوە بوو هەر زوو واز لە هەموو ئەم تووڕەهاتانەی ئەمڕۆکەت بێنی و، چونکە خوێنەواریت نییە، ئیدی دەربەست خۆت بۆ پارە پەیداکردن تەرخان دەکرد. هەنگێ وەکو بابت دەگەڵ دارو دەستەو موریدە سکوپییەکانتدا (Scoptsi) لەمماڵەدا دەمایتەوەو لەگین بوو لە ئەنجامدا بچیتە سەر ئاینەکەی ئەوان، ئەوەندە پارە خۆشەویستی، لەگین بوو نەك دوو ملیۆن، بەڵکو دە ملیۆن ڕۆبڵ کۆ بکەیتەوە. بەڵام وێڕای هەموو سەروەت و سامانەکەت لەگین بوو، بەسەر کیسە زێڕەکانتەوە لە برسا بمریت. چونکە تۆ هەرچیەك دەکەی

بەوپەڕی تاسەو تامەزرۆیی و چاوچنۆکی دەیکەیت، تۆ دیل و ئەسیری، چاوچنۆکیت " دەقاو دەق، وشە بە وشە ئەوەی پێگوتم. پێشتر قەت بەو شێوەیە قسەی دەگەڵ نەکردبووم. چونکە بە زۆری باسی شتی بێبایەخ و تورەهاتی دەگەڵ دەکردم، یان تانەو تەشەری لێدەدام. ئەم جارەشیان، بە گاڵتەو توانجەوە دەستی پێکرد، بەڵام دوایی زۆر پەست بوو. کون بە کونی ئەم ماڵە گەڕا، لەوە دەچوو لە شتێك بترسێت. پێمگوت: " هەر هەموو ئەمانە دەگۆڕم. تازەی دەکەمەوە، یان بۆ زەماوەندەکەمان خانوویەکی دیکە دەکرم." گوتی: " نا، نا، هیچ شتێك مەگۆڕە. با بەم دەقەوە بمێنێ، حەزدەکەم کە شووم پێکردیت، لەلای دایکت بم ." بردم بۆ لای دایکم، بە یەکترم ناساندن، بە جۆرێ رێزی دایکی گرتم، لە تۆ وایە دایکی خۆیەتی. دایکم دوو ساڵە نەخۆشە، مێشکی تەواو نییە، لەوەتای بابم مردووە، وەکو منداڵی لێهاتووە. قسە ناکات، لە جێی خۆی ناجولێ، لاقی ئیفلیج بوون. بە جوڵەی سەر خێر هاتنی ئەوانە دەکات کە سەری دەدەن. ئەگەر نانی بۆ نەیەنن، سێ ڕۆژ لەوێ بکەوێ داوای خواردن ناکات. دەستی ڕاستی دایکم گرت، قامکەکانیم بە یەکەوە چەسپاندو گوتم: " دایکە، بە ئاماژەی خاچ، دوعای خێری بۆ بکە، دەیەوێ شوو بە من بکات. هەنگێ بەگەرمی دەستی دایکمی ڕاماووسی و گوتی: " پێدەچێ دایکت ڕەنجی زۆری کێشا بێ. " پاشان کە ئەم کتێبەی لە سەر مێزەکە بینی، لێی پرسیم: "چییە، مێژووی رووسیا دەخوێنیتەوە ؟" ( بەخۆی جارێك لە مۆسکۆ پێی گوتبووم: "بۆچی خۆت فێری خوێنەواری ناکەیت ؟ هەوڵبدە کەمێك خۆت خوێنەوارو ڕۆشنبیر بکە، بۆ نموونە مێژووی رووسیا، لە دانانی سولوفییڤ بخوێنەوە، چونکە تۆ هیچ نازانیت !"و لەسەری رۆیی: "زۆر چاکە. بەردەوام بە ! ئەگەر رازی بیت، لیستێکی ئەو کتێبانەت بۆ ئامادە دەکەم کە پێویستە لە سەرەتاوە بیانخوێنیتەوە. ڕازیت ؟". قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان بەو شێوەیە قسەی دەگەڵ مندا نەکرد بوو. زۆرم پێ سەیر بوو... حەپەسام... بۆ یەکەمجار، توانیم لە ژیانما وەکو بەشەر هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشم.

میرزادە، بە هەستێکی ڕاستگۆیانەوە گوتی:

– پارفیون، ئەمەم پێخۆشە، بەڕاستی خۆشحاڵم. کێ چوزانێ ؟ لەوەیە خوا پێکتان بێنێ و پێکەوە بەختەوەر بن.

روگوژین، بە هەڵچوونەوە هاواری کرد:

– هەرگیز شتی وا نابێت !

– گوێ بگرە پارفیون: ئەگەر ڕاستەو ئەوەندەت خۆش دەوێ، دەبێ کارێکی وەها بکەیت ڕێزت بگرێت. ئەگەر کاری واتکرد، دەبێ ئومێدی ئەوەشت هەبێ پێکبگەن. من تۆزێ لەمە پێش پێمگوتیت کە پێم سەیرەو بگرە نارەحەتم کە قاییل بووە شوو بە تۆ بکات . هەرچەندە لە هۆی ئەم قاییل بوونەی ناگەم، بەڵام بێگومان دەبێ هۆیەکی ماقوول و قەناعەتبەخش لە ئارادا بێ، ئەو لە ئەشق و ڤیانی تۆ دڵنیایە، هەڵبەتە قەناعەتی تەواویشی هەیە کە کۆمەڵێك سوخەتی باشیشت تیایە. ئەمە جەوهەری مەسەلەکەیەو باوەڕناکەم جگە لەوە هیچی تر لە ئارادا بێ. ئەو قسەیەی کە هەنووکە کردت، خۆی لە خۆیدا نیشانەو بەڵگەی دروستی بۆچوونەکەی منە. تۆ بە خۆت

دەڵێی بە زمانێکی جیاواز لە جاران دواندووتی، ڕەفتاری لەگەڵتا گۆڕاوە. بەڵام تۆ پیاوێکی خانەگومانیت، غیرە لە هەموو شتێك دەکەیت، بۆیە خراپیەکانی ئەو، زۆر گەورە دەکەیت. مەحاڵە، بۆچوونی ئەو دەرهەق بە تۆ، بەو ڕادەیە خراپ بێت کە تۆ وێنای دەکەیت. دەنا هەرگیز قاییل نەدەبوو شووت پێبکات، لە کاتێکا دەزانێت شووکردن بە تۆ، هاوتای خۆکوژییە، ماقوولە، بە ئانقەستو بە پێی خۆی بەرەو مەرگ بچێت، یان لە ئاوا بخنکێنرێ یان سەر ببڕدرێ ؟ ئاخر کێ بە ویستو خوایشتی خۆی بەرەو پیری مەرگ دەڕوات ؟

پارفیون، بەدەم بزەیەکی تاڵەوە، گوێی لە وشە لە ڕزۆکەکانی میرزادە دەگرت. میرزادە، کە سوور بوو لەسەر بۆچوونەکەی خۆی، بە خەمینی گوتی:

– پارفیون، ئەوە چیتە، بۆچی بەم خەمینی و شپرزەییە تەمەشام دەکەیت ؟!

ڕوگوژین، ئەنجام هاتە قسان:

– لە ئاوا بخنکێنرێ یان بێتە سەر بڕین ! ها... گوایە بۆیە شوو بە من دەکات تا بە دەستی من بێتە سەربڕین ! نا....ماقوولە میرزادە، تا ئێستا پەیت بە جەوهەرو کرۆکی مەسەلەکە نەبردبێت؟

– لە مەبەستت تێناگەم .

– لەگینە لێم تێنەگەیت !... بۆیە خەڵکانێك سەبارەت بە تۆ دەڵێن کە بڕێك کۆرفامە...! ناستاسیا کەسێکی دیکەی خۆشدەوێ. تێدەگەی ؟ ڕێك وەکو چۆن من خۆشم دەوێ، ئەویش بەو ئاوایە پیاوێکی دیکەی خۆشدەوێ. دەزانی ئەو پیاوە کێیە ؟ "تۆی"! چی؟ نەتدەزانی ؟

– من ؟

– بەڵێ، تۆ. لە ئاهەنگی ساڵیادی لە دایکبوونەکەیدا، حەزی لێکردیت. بەڵام دەزانێت، مەحاڵە بتوانێ شوو بە تۆ بکات، چونکە دەزانێت ئەگەر شوو بە تۆ بکات دەبێتە مایەی ناوزڕانت، ژیانت وێران دەبێت. بەخۆی دەڵێت: " هەموو خەڵکی دەزانن من چ ژنێکم ." بێپەردە ئەو قسەیە دەکات، ڕوو بە ڕوو، بێهیچ لە ڕووداماێك، بە ئاشکرا بە خۆمی گوتووە، کە حەز ناکات ببێت بە مایەی ناوزڕانی تۆو وێرانکردنی ژیانت. بەڵام سەبارەت بە من، من گرینگ نیم، چاوم دەرەهات، دەتوانێ شووم پێبکات، من ئەوەم لەلای ئەو، ئەوە قەدری منە لەلای ئەو، ئەمەت لە بیر بێت !

– ئەگەر وایە چۆن وەختێ کە لە تۆ هەڵات و هاتە لای من، دوایی لە منیش هەڵات تا...

– تا بگەڕێتەوە بۆ لای من ؟ ها.... چما پیاو هەیە بزانێ چ خەیاڵێکی لە مێشکدایە، نیازی چیە؟ هەر دەمەی لەسەر ئەقڵێکە، دەڵێی تووشی هیستریا بووە، ڕۆژێ دێ پێم دەڵێت: "هەرچەندە شووکردنم بە تۆ وەکو ئەوەیە خۆم بخەمە رووبارەوە، بەڵام پەلە بکە، با زەماوەندەکەمان بکەین!" بە هەشتاو دەڕوات خۆی ئامادە دەکات، ڕۆژی زەماوەندەکە دیاری دەکات... هەرکە وەختەکە نزیك دەبێتەوە، گێچی هیستریاکەی بەرز دەبێتەوە یان خەیاڵێکی دیکەی بە مێشکا دێت، مەگەر هەر خوا سەری لێدەربکات ! بە خۆت دیتووتە کە دەگری، پێدەکەنێ، وەکو شێت دێ و دەچێت. بۆیە هیچ سەیر نییە کە لە دەستی تۆش هەڵێت ! بۆیە لای تۆ نەمایەوە، چونکە دەیزانی چەندی خۆش دەوێی، تەحەمولی ئەو خۆشەویستیەی خۆی نەدەکرد . تۆ تۆزێ لەمە پێش گوتت کە من لە مۆسکۆ دۆزیومەتەوە. ئەمە ڕاست نییە. بەڵکو خۆی لە تۆ هەڵاتبوو و، بە هەشتاو هات بۆ لای

منو گوتی: " ڕۆژی زەماوەندەکە دیاری بکە، من ئامادەم. دەی شامپانیا بێنە با بخۆینەوەو بڕۆین گوێ لە گۆرانی کێوەلیو قەرەجان بگرین !" ئەگەر من نەبوایەم، لە مێژ بوو خۆی خستبووە رووبارەوە، ئەمە ڕاستی مەسەلەکەیە، بۆیە ئەمەی نەکردووە، چونکە من لە مەرگیش کوشندەترم. لە ڕووی ڕقو کینەوە شووم پێدەکات، باوەڕبکە ئەگەر شووم پێبکات، لە ڕقا دەیکات. بە جۆرە تۆڵەیەکی دەزانێت.

میرزادە هاواری کرد:

– ئەدی تۆ چۆن ڕازی دەبی کە .... چۆن...

بەڵام قسەکەی تەواو نەکرد، بە ترسەوە دەیڕوانییە روگوژین.

روگوژین، بەدەم ژارخەنێکەوە لێی پرسی:

– بۆچی، پرسیارەکەت تەواو ناکەی ؟ حەزدەکەی پێت بڵێم هەنوکە بیر لە چی دەکەیتەوە ؟ تۆ لە دڵی خۆتا دەڵێی: " چۆن دەتوانێ شووی پێبکات ؟ ئاخر شتی وا چۆن دەبێت ؟" من دەزانم کە تۆ وا بیردەکەیتەوە...

– پارفیون، بۆتی دووپات دەکەمەوە کە من بەو مەبەستە بۆ ئێرە نە هاتووم، بیری واشم لە مێشکدا نەبووە.

– دەشێت بەو مەبەستە نەهاتبی. دەشێت لە سەرەتاوە ئەو بیرەت لە مێشکا نەبووبێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە نهوو ئەو بیرەت لە مێشکدایە. بەسە، پێویست بە گەنگەشە ناکات ! بۆچی وا شڵەژایت ؟ ماقوولە، پێشتر بەمەت نەزانی بێت ؟ بە ڕاستی پێم سەیرە !

میرزادە، بەوپەڕی هەڵچوونەوە و لە بن لێوانەوە گوتی:

– پارفیون، ئەوە هەر هەمووی زادەی غیرەیە ! غیرە لە لای تۆ بووە بە نەخۆشی،... تۆ موبالەغە دەکەی، بێ ئینسافی باش نییە... ئەمە چییە، چی دەکات لێرە ؟

پارفیون، بە لەز ئەو کێردەی لە دەست میرزادە سەند کە لە سەر مێزەکە، هەڵی گرتبوو، کێردەکەی لە دەست سەندو لەسەر مێزەکە، لەنزیکی کتێبێکەوە داینایەوە و گوتی:

– واز لەمە بێنە !

میرزادە، لەسەر قسەکەی ڕۆیی و گوتی:

– کە گەییمە پترسبۆرگ، هەموو ئەمانەم لە بەرچاو بوو، وەك بڵێی دڵم خەبەری دابوو... حەزم نەدەکرد بێم... دەمویست هەموو پەیوەندییەکانی خۆم دەگەڵ ئەم شارەدا فەرامۆش بکەم، هەموو یادگارییەکان لە مێشکی خۆم دەربکەم. هەر هەمووی لەدڵی خۆدا ریشەکێش بکەم! دەیسا من دەڕۆم، بە خوات دەسپێرم !.... بەڵام ئەمە چی دەکات لای تۆ ؟ ئەمەت بۆ چییە ؟

تومەز، میرزادە، جارێکی دی، بەدەم قسەکردنەوە، بە بێ ویستی خۆی، کێردەکەی هەڵگرتبوو، روگوژین بۆ جاری دووەم کێردەکەی لە دەستی ڕاپسکاندو هەڵیدایە سەر مێزەکە. کێردەکە، کێردێکی ئاسایی بوو، دەسکەکەی لە شاخی کەڵەکێوی بوو، دەمەکەی نزیکەی پازدە سانتیی مەتر دەبوو، پانیەکەشی هاوتەرازی درێژییەکەی بوو.

روگوژین، که بینی، میرزاده زۆر بەوە تێکچوو کە دووجار کێردەکەی لە دەستی سەندەوە، بە توڕەیی کێردەکەی نایە دوو توێی کتێبەکەو، کتێبەکەی تووڕ دایە سەر مێزێکی دی .

میرزادە، کە لەفکران ڕاچوو بوو، بە سەرسامی پرسی:

– ئەم کێردە بۆ کاغەزبڕین بە کار دێنی !

– بەڵێ...

– بەڵام ئەم کێردە هی باخ بڕینە .

– بەڵێ وایە... چما ناکرێ بۆ کاغەز بڕینیش بەکار بێت ؟

– بەڵام ئەمە، زۆر تازەیە .

روگوژین، بەوپەڕی توڕەیی، کە لەگەڵ هەر وشەیەکی میرزادەدا، توڕەتر دەبوو، هاواری کرد!

– چ قەیدییە ؟ یانی ناتوانم ئەگەر حەزبکەم، کێردێکی نوێ بکڕم ؟

میرزادە، کە چاوی بڕی بووە روگوژین، ڕاچڵەکی. لێ زوو بە زوو وەخۆ هاتەوەو بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– ئەوە چیمانە ؟ بۆ دەبێ بەو شێوەیە یەکدی بدوێنین ؟

بمبورە گیانەکەم، من کە سەرم وەکو ئێستا قورس دەبێت و ئیدی حەواسم بە جارێ پەرت دەبێو خەیاڵم دەڕوات. ئەلهەقی بە هیچ جۆرێ نیازی ئەو پرسیارەم نەبوو. خەیاڵم رۆیی و ئەو پرسیارەم لە بیرچوو کە دەمویست بیکەم، بە هەرحاڵ بە خوات دەسپێرم.

روگوژین گوتی:

– لەم رێگەیەوە مەڕۆ .

– بیرم چووەوە !

– بە دوای منا وەرە ! رێگاکەت نیشان دەدەم !

پەراوێز:

* – "Scopets": واتە خەسیو، ئەمانە فیرقەیەکی ئاینی بوون، کە ئەندامەکانیان لە رووی تەعەسوبەوە خۆیان دەخەساند، بە زۆری کاری سەڕافییان دەکرد.

* –"بۆرژوای فەخری بە میرات...": زۆربەی هەرە زۆری بازرگانان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، جووتیار بوون و لە رێگەی بازرگانییەوە دەوڵەمەند بوو بوون. جا ئەوانەی کە ئابوونەی ئەندامیەتی چینی بازرگانیان نەدەدا، دەهاتنەوە خوارێ بۆ چینی جووتیارو دێهاتی. ئیدی یاسادانەر بۆ چارەسەری ئەم هەستە چینایەتیەی کە لە مەیدانی بازرگانیدا پەیدا بوو بوو، دوو چینی لەوانەی ئابوونەو باجیان نەدەدا دامەزراند بە ناوی: "چینی بۆرژوای کرێکار"و "چینی بۆرژوای فەخری بە میرات."

* –"سولوڤییف...": ناوی سیرگی میخائیلوفیچ سولوڤییفە (١٨١٠– ١٨٧٩) کە لە مێژوونووسە گەورەکانی رووسیایە، گەورەترین کاری "مێژووی رووسیا"یە کە بە ٢٩ بەرگ لە نێوان ساڵانی ١٨٥١– ١٨٧٩ واتە هەر ساڵەی بەرگێك بڵاو بووەوەو لە ساڵی ١٨٩٧دا لە حەوت بەرگدا چاپ

کرایەوە. دۆستویفسکی زۆر دڵبەندی ئەم کتێبە بوو، کە لە ساڵی ١٨٦٧دا سەفەری هەندەرانی کرد، چەند بەرگێکی کتێبی ناڤبری دەگەڵ خۆیدا برد.

* -"... موریدانی تەریقەتی کۆن..": مەزەبی "راسکولنیك"یشی پێدەگوترێت، ئەمە مەزەبی باوەڕدارانی کۆن و سونەتییە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەو دووبەرەکییە ئاینییەی کە لە پاش ریفورمە ئاینییەکانی پەتریارك نیکوندا ڕووی دا .

* - "... لە جیاتی ئەسپ، زین لە مانگا بکرێت...": یەکێکە لە قسە باوەکانی ڕووس.

* -"... پاپایەك لە ئیمپراتۆرێك...": ئاماژەیە بۆ هنری چوارەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا کە هاتبوو بۆ داوای بوردن و کەفارە لە پاپا گریگۆری حەوتەم، لە ساڵی ١٠٧٧دا.

* -"... بە دوو قامکان ئاماژەی خاچت دەکێشا..": ئەوە شێوازی "باوەڕدارانی کۆن" بوو لە خاچ کێشاندا.

## فەسڵی چوارەم

به هەمان ئەو ژووانەدا تێپەڕین که میرزاده لێیانەوە هاتبووە ژوورەوە. روگوژین، لە پێشییەوە دەڕۆیی و خۆیان بە هۆڵە گەورەکەی میواندا کرد، کە تابلۆی جۆراو جۆر بە دیوارەکانیەوە هەڵواسرا بوو، هەر هەمووی وێنە مەترانانو دیمەنێن سروشتی تێکەڵو پێکەڵ بوونو پیاو سەری لێدەرنەدەکردن. تابلۆیەکی سەیر بە سەرووی ئەو دەرگایەوە هەڵواسرابوو کە بەسەر ژوورێکی دیدا دەکرایەوە. تابلۆیەکی سەیر بوو، درێژییەکەی دوو مەترو پانیەکەی هەر سی سانت دەبوو. ئەمە وێنەی عیسا مەسیحی فریارەس بوو، لە کاتی هێنانە خوارەوەی لەسەر خاچەکە.

میرزاده، نیگایەکی بلەزی وێنەکەی کرد، دەتگوت شتێکی بیرکەوتەوە، بەڵام نەوەستا، حەزی دەکرد لە دەرگاکە وەدەربکەوێت. دڵی تەنگ بوو، خوا خوای بوو زووتر لەوماڵە وەدەرکەوێ، لێ روگوژین، لە ناکاو لە بەردەم تابلۆکە وەستاو گوتی:

– هەر هەموو ئەم تابلۆیانەی که دەیانبینی بابی ڕەحمەتیم لە هەڕاجە بازاڕدا یەکی بە یەك دوو ڕۆبڵی کریوون. هیوایەتی ئەم شتانە بوو. پیاوێکی پسپۆڕ تەمەشای کردن، گوتی: هیچیان ئەسڵ نینو گشتیان بێبایەخن، تەنیا ئەم تابلۆیەی سەرووی دەرگاکەی بەگەن کرد، کە بابم ئەویشی بە دوو ڕۆبڵ کڕی بوو...

جارێکیان، پێش ئەوەی بابم بمرێت، کابرایەکی لێپەیدا بوو سێ سەدو پەنجا ڕۆبڵی دایە. ئیڤان دمتریچ سافلیوف، کە بازرگانێکی دەوڵەمەندو هونەردۆستە، جارێکیان چوار سەد رۆبڵی دایە. هەفتەی ڕابردوو بە سیمون سیمونوفیچی برامی گوتبوو کە پێنج سەد ڕۆبڵی دەداتێ، بەڵام من ڕەفزم کردو لێبڕاوم بۆ خۆمی هەڵبگرم.

میرزاده، ئەمەی بە هەل زانی، بە دیقەت لە تابلۆکە ورد بووەوە، گوتی:

– بەڵام... بەڵام ئەم تابلۆیە تەقلیدی تابلۆکەی هانس هولبینە*، هەرچەندە من لەم بوارەدا شارەزاییەکی تەواوم نییە، بەڵام دەتوانم بڵێم لاسایی کردنەوەیەکی زۆر عالە. جارێك لە هەندەران، نوسخە ئەسڵەکەی ئەم تابلۆیەم دیتووەو قەت لە بیرم ناچێتەوە. بەڵام چی... ئەوە چیتە ؟

روگوژین، لە ناکاو تابلۆکەی بە جێهێشتو کەوتە ڕێ، هەڵبەتە ئەم ڕەفتارە زادەی، ئەو گۆڕانە کوتوپڕە بوو کە سەرو دڵی روگوژینی گرت. میرزاده، سەری لەوە سوڕما کە روگوژین چۆن لە ناکاودا، ئەو قسەیەی بڕی کە خۆی دای مەزراند بوو و تەنانەت، وەڵامی پرسیارەکەی ئەویشی پشت گوێ خست. ئەمەی پێ سەیر بوو .

روگوژین، دوای چەند هەنگاوێك، لە ناکاودا لە میرزادەی پرسی:

**– ئەریٚ لیون نیکولایوفیچ... دەمیٚ بوو دەمویست ئەم پرسیارەت لێبکەم: تۆ باوەڕت بە یەزدان هەیە یان نا ؟**

**میرزادە، بێهیچ هەڵوەستەیەك گوتی:**

**– چ پرسیارێکی سەیرە... تەمەشا کردنەکەت غەریبە !**

**روگوژین، کەمێك بێدەنگ بوو، لە تۆ وایە پرسیارەکەی خۆی فەرامۆش کرد، ئەوسا لە ژێر لێوانەوە گوتی:**

**– حەزدەکەم سەیری ئەو وێنەیە بکەم.**

**میرزادە، بە دەم بیرۆکەیەکی کوت و پڕەوە هەڵیدایەو گوتی:**

**– ئەو وێنەیە ؟ ئەو وێنەیە ؟ ئەو وێنەیە لەگینە باوەڕی هەندیٚ کەس سەلب بکات !**

**روگوژین، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، قسەکەی میرزادەی سەلماند:**

**– ڕاستە... باوەڕی پیاو سەلب دەکات !...**

**هەنوکە گەیی بوونە بەر دەرگای دەرەوە. میرزادە لە پڕ وەستاو گوتی:**

**– چۆن ؟ من گاڵتەم کرد، کەچی تۆ قسەکەت زۆر بە هەند گرتووم ! بۆچی پرسیت کە ئایا باوەڕم بە یەزدان هەیە یان نا ؟**

**– هەروا... بیٚ مەبەست.. لە مێژ بوو دەمویست ئەو پرسیارەت لێبکەم.**

**لەم رۆژگارەدا زۆر کەس هەن کە باوەڕیان بەخوا نییە. تۆ لە هەندەران ژیاوی. دنیات زیاتر دیتووە. ڕاستە، وەکو جارێك کابرایەکی مەست پێی گوتم، گوایە ژمارەی ئەو کەسانەی لێرە، واتا لە رووسیا، باوەڕیان بە خوا نییە، لە هەموو وڵاتێکی دی زیاترن ؟ ئەو کابرا مەستە پێی گوتم:" خوانەناسی بۆ ئێمە ئاسانترە لە خەڵکی تر، چونکە ئێمە لەوان پێشکەوتووترین...**

**روگوژین، ژارخەنێکی بۆ کرد، هەرکە کۆتایی بە پرسیارەکەی هێنا، لە پڕ دەستی خستە سەر دەسکی دەرگاکە، دەرگاکەی کردەوەو چاوەڕوانی کرد تا میرزادە لە پێش ئەوەوە وەدەربکەویٚ. میرزادە سەری سوڕما، بەڵام پێش ئەو کەوت، روگوژین، تا بەر قاڵدرمەکان دوای کەوت، دەرگاکەی بە نیمچە داخراوی هێشتەوە. ئێستا هەردووکیان ڕوو بە ڕووی یەکدی وەستا بوون و زەق زەق دەیانڕوانییە یەکدی، لەوە دەچوو نەزانن چیبکەن.**

**میرزادە، دەستی روگوژینی گوشی و گوتی :**

**– دەی، خوا حافیز !**

**روگوژین، بە توندی و بە شێوەیەکی میکانیکی دەستی میرزادەی گوشی و گوتی:**

**– خوات لەگەڵ !**

**میرزادە، هەنگاوێکی نا، ئەوجا ئاوڕی لە روگوژین دایەوەو کەوتەوە قسەکردن دەگەڵیا. خویا بوو کە نایەویٚ روگوژین بەو حاڵەوە بەجیٚ بێڵیٚ. ئەمە جگە لەوەی کە یادەوەرییەکی کوتوپڕیشی بیرکەوتەوە، بۆیە ئاوڕێکی لێدایەوەو بەدەم پێکەنینەوە گوتی:**

**– سەبارەت بە باوەڕ، لە بیرمە هەفتەی ڕابردوو، لە ماوەی دوو ڕۆژا، تووشی چوار گەنگەشەی جیاوازی لەو جۆرە بووم. بەیانیەك، لە سەفەرێکما بە هێڵێکی تازەی خەتی شەمەندەفەر، لە**

قیتارا بووم به هاوڕێی (س...)* ناوێك، چوار دانه سەعاتی ڕێك گەنگەشەو موناقەشەمان كرد. پێشتر زۆر شتم دەربارەی بیستبوو و بۆم دەركەوتبوو كە پیاوێكی خوانەناسە. بە ڕاستی پیاوێكی ڕۆشنبیرو زانا بوو، زۆرم پێخۆش بوو كە دەرفەتی موناقەشەو گەنگەشەم دەگەڵ ڕۆشنبیرو زانایەكی وا گەورەدا بۆ هەڵكەوتبوو. بە تایبەتی كە پیاوێكی بە ڕێزو زۆر بە نەزاكەت بوو، بە جۆرێ قسەی دەگەڵ مندا دەكرد، وەكو ئەوەی، لە زانستو پڕ زانیاریدا هاوتای خۆی بم. ئەم پیاوە باوەڕی بە خوا نەبوو. بەڵام ئەوەی بە درێژایی گەنگەشەكەمان مایەی سەرنج بوو، ئەوە بوو لە گەنگەشەكەماندا، خۆی لە جەوهەری مەسەلەكە نەدەدا، لەوەش سەیرتر، ئەوەبوو هەموو ئەو خوانەناسانەی پێشتر دیتبوومن، یان ئەو كتێبانەی لەو بارەیەوە خوێندبوومنەوە لەوەدەچوون خۆ لە قەرەی جەوهەری مەسەلەكە نەدەن، تەنیا بە دەوری ڕواڵەتی مەسەلەكەدا دەسوڕانەوە. ویستم ئەم سەرنجەی خۆم بە هاوسەفەرەكەم بگەیەنم، بەڵام لەوە دەچوو نەمتوانی بێ بۆی ڕوون بكەمەوە، یان نەمتوانی بێ مەبەستەكەمی لێبگەیەنم، چونكە كەمو زۆر لێم حاڵی نەبوو...

هەمان ئێوارە، لە میوانخانەیەكی چكۆلەی شارۆچكەیەك لامدا. باس، باسی ئەوە بوو كە دوێ شەو، لە هەمان میوانخانەدا، تاوانێك ڕووی دابوو، دەیانگێڕایەوە گوایە دوو دێهاتی، میانساڵ، ڕێكو پێك، دۆستی كۆنی یەكدی، دوای ئەوەی پێكەوە نانو چایان خوارد بوو، ژوورێكیان بە كرێ گرتبوو و چوو بوون بخەون. یەكێكیان، دوو ڕۆژ بوو، سەعاتێكی بەر باخەڵی زیوی، زنجیر زەردی مرواری داری بە هاوڕێكەی بینی بوو. پێشتر ئەم سەعاتەی بە هاوڕێكەی نەبینی بوو. ئەم پیاوە نەك هەر دز نە بوو، بەڵكو پیاوێكی زۆر سەر ڕاستو دەستپاكو ئەمینیش بوو، لە چاو دێهاتیو جووتیارانی دیكەشدا هەژارو نەدار نەبوو. كەچی بە جۆرێ تەماحی چووە ئەم سەعاتە كە خۆی پێنەدەگیرا. هەركە بینی هاوڕێكەی پشتی كردە ئەو، هەڵیكێشایە چەقۆو لە پشتەوەو بە پارێزەوە بۆی چوو، قەراری خۆی دا، چاوی بڕییە ئاسمانو هێمای خاچی كێشا، لە بن لێوانەوەو بە كوڵ كەوتە دوعاونزا : " خودایا، بمبورە، خودایا بە مەسیحم ببەخشە !" هەنگێ هاوڕێكەی وەكو بەرخ گۆشاو گۆش سەربڕیو سەعاتەكەی نایە تەنكەی باخەڵی .

ڕوگوژین، لە قاقای پێكەنینێكی ئەوتۆی دا، لە تۆ وایە تووشی هیستریا بووە. ئەم پێكەنینەی لە كوێو ئەو پەستیەی تۆزێ لەوە پێشی لە كوێ ! بە ڕاستی سەیر بوو. بە دەنگێكی لە ڕزۆك و بە دەم پێكەنینەوە گوتی :

– خۆشە ! یەكێك لە بنی باوەڕی بە خودا نییەو یەكێكی دی ئەوەندە بەدینە، كە بەدەم دوعاو نزاوە خەڵكی سەر دەبڕێ... نا، میرزادە، نا براكەم، ئەمە شتێك نییە لە هیچە دروست بكرێت، ئا.. ئا..! نا، نا، ئەمە جوانترین شتە كە بەعەمرانم بیستبێتم !...

هەركە ڕوگوژین توزێك هێور بووەوە، ئەگەرچی هێشتا شوێنەواری پێكەنین بە سەر لێوییەوە مابوو، میرزادە لەسەر قسەكەی ڕۆیی و گوتی:

– بەیانی لە خەو ڕابووم، چووم بۆ ناو شار تا كەمێك بگەڕێم. سەربازێكی مەستم بینی، كە بەلارەلار بەسەر شۆستە تەختە فەرەشەكەدا دەڕۆیی، سەراپای لە قوڕا هەڵكشا بوو. لێم هاتە

پێشــیّ و گــوتی: " قوربــان، ئــەم خاچــەم لێــدەکڕیت، زیــوە، بیســت کــۆپیکم بدەیــەو هــەڵیبگرە". خاچـێکی بەدەسـتەوە بـوو، کـە کردبـووی بـە نـەوارێکی کۆنـەوە، دیـار بـوو تـازە لـەملی خـۆی داکەندبوو. بەڵام بە چاو دیار بوو کە خاچەکە لە قەڵایی (قصدیر) دروست کرا بوو. خاچێکی گەورەی هەشت چوکلە بوو کە لەسەر شێوازی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی " بیزەنتی " دروست کرا بوو. دراوێکی بیست کۆپیکیم لە بەرکم دەرهێناو دام بە یارۆی سەرخۆش، هەر لە وێ خاچەکەم لە ملـم کـرد. بەسـەرو سـیمایدا بـۆم دەرکـەوت کـە زۆر خۆشـحاڵە بـەوەی ڕێبـوارێکی سـاویلکەی خەڵەتاندووە ! یەکسەر ڕۆیی تا بە پارەی خاچەکەی مەشرووب بخواتەوە! هەڵبەتە هیچ گومانێك لەوەدا نەبوو! هەر شتێکم لە رووسیادا دەبینی کارێکی زۆری لە دڵ و دەروونم دەکرد. پێشان هیچم دەربارەی وڵاتەکەم، رووسیا نەدەزانی، چونکە لەوپەڕی غەفڵەتدا گەورە بوو بووم و ژیا بووم. خۆ لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەشدا کە لە هەندەران بووم، تەنیا هەندێ یادەوەری خەیاڵیم دەربارەی رووسیا لە لا بوو. بەدەم ڕێکردنەوە، لە دڵی خۆدا دەمگوت: نا، نابێ پەلە بکەم و ئەم مەسیح فرۆشە مەحکوم بکەم. مەگەر هەر خوا بزانێ دڵی لاوازی ئەو مەست و سەرخۆشانە چی تیایـە !" دوای سـەعاتێك، کـە بـۆ میوانخانەکـە دەگەڕامـەوە، تووشـی ژنـە دێهاتییـەك بـووم کـە منداڵێکی ساوای بەباوەشەوە بوو. ژنەکە هێشتا گەنج بوو، ساواکەی باوەشیشی هەر مانگ و نیوێك دەبوو. منداڵەکە، لەوساوە کە لە دایك بوو بوو، ئەمە یەکەمجاری بوو، کە بۆ دایکی دەگرژییەوە. ژنەی تاین لە ناکاودا، بەوپەڕی ئیمانداریيەوە هێمای خاچی کێشا. لێم پرسی (ئەوسا هەمیشە پرسیارم لە خەڵکی دەکرد ) بۆچی ئاماژەی خاچت کێشا خانم گیان ؟ وەڵامی دامـەوەو گـوتی: " وەکـو چـۆن یەکـەم بـزەی سـاوایەك، شـادی و لـەزەت بـە دایکـی دەبەخشـێت، خواوەندیش کاتێ لە عەرشی باڵای خۆیەوە، دەڕوانێ و سەیر دەکات گوناهکارێکی پەشیمان، ڕاسـتگۆیانەو لـە نـاخی دڵـەوە روو دەکاتـە ئـەوو دوعـاو نـزا دەکـات و لەبـەری دەپاڕێتـەوە، خواوەندیش بەو ئاوایە شاد دەبێ و لەزەت دەبینێ ." ئەمە تەقریبەن دەقی ئەو قسانەیە کە ئەو ژنە ساویلکە دێهاتیە بە منی گوت. تۆ بزانە چەند بە زمانێکی ناسك، چەند بە ڕوونی و ڕەوانی، چەند ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە جەوهەرو ڕوحی هەموو ئاینی مەسیحایی کردووە، بە ئاشکرا دەڵێت کە خواوەند بابی هەموومانە، دڵخۆشی خوا بە مرۆڤ، وەکو دڵخۆشی باوکە بە منداڵەکەی! کە ئەمە هزرو ئەندێشەی ڕەسەنی مەسیحاییە! جا بیهێنە بەرچاوی خۆت کە ئەمە قسەی ژنێکی دێهاتی سادەیە. هەڵبەتە ئەو ژنە دایك بوو. کێ دەزانێ لەوەیە ژنی هەمان سەرباز بووبێ کە بۆم باسکردیت. گوێ بگرە پارفیون، تۆ کەمێك لەمە پێش پرسیاری ئەمەت لێکردم، فەرموو ئەمە وەڵامی منە : جەوهەرو کرۆکی هەستی ئاینی لە گشت بیرکرنەوەیەك، لە هەموو کارێکی خراپ، لە گشت تاوانکاری و هەمووم ڕێچکەو ڕێبازێکی خوانەناسی بەدەرە. ئەم هەست و سۆزە، رازو نهێنییەکی تێدایە کە قەت بە بەڵگەو بۆچوونی خوانەناسان نایەتە کەشف کردن و هەتا هەتایەش هەر بەو جۆرەو بەسەر مۆری دەمێنێتەوە، من گەییوومەتە ئەو قەناعەتە. یەکێك لەو قەناعەتانەی کە دوای گەڕانەوەم بۆ رووسیا، لام پەیدا بووە، ئەمەیە. پارفیون، زۆر کار هەیە دەبێ بکرێ، باوەڕبکە زۆر کـار هەیـە دەبـێ لـە وڵاتەکەمانـدا، لـە رووسـیادا بکرێـت ! بـیری خـۆتی بێنـەوە کـە

وەختێ لە مۆسکۆ بووین چۆن دیدارو گفتوگۆمان دەکرد... من هەرگیز حەزم نە دەکرد بۆ ئێرە بگەڕێمەوە. هەرگیز وێنام نەدەکرد تۆ لێرە ببینمو بەم شێوەیە ڕوو بە ڕووی یەکتر ببینەوە. بە هەرحاڵ ئەوەی چوو چوو. خودا حافیز، ئەسپاردەی یەزدان بیت !...

میرزادە ئەوەی گوتو وەرچەرخاو بە قاڵدرمەکاندا داگەڕا. کە گەییە حەوشۆکەکەی ژێر قاڵدرمەکان، پارفیون لە سەرێ ڕا گازی کرد:

– لیون نیکولایوفیچ ! ئێستا ئەو خاچەت پێیە کە لە سەربازەکەت کڕی ؟

میرزادە، وەستاو گوتی:

– بەڵێ، پێمە .

– پیشانمی بدە .

میرزادە، ئەو داوایەی پێ سەیر بوو، بۆ چەند ساتێك، دوو دڵ ، وەستا. هەنگێ بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت، خاچەکەی لە ژێر کراسەکەیەوە، بە بێئەوەی لە ملی دابکەنێ، دەرهێنا. روگوژین گوتی:

– ئەم خاچە بدە بە من.

– بۆچی ؟ تۆ....

– من ئەوەی تۆ لە مل دەکەمو تۆش ئەوەی من لە مل بکە...

– دەتەوێ خاچەکانمان بگۆڕینەوە *؟ بە دڵی تۆ ! پێمخۆشە. دەبین بە برا.

میرزادە، خاچە قەلاییەکەی داکەندو روگوژین خاچە زێڕەکەی داکەندو گۆڕیانەوە. پارفیون، ماتو بێدەنگ بوو. میرزادە نەك هەر پێی سەیر بوو بەڵکو زۆریشی لەبەر گران بوو کە بینی، برا ئاینییەکەی، هێشتا هەر پەستو تووڕەو بەگومانەو بزە تاڵو توانج ئامێزەکەی نەڕەویوەتەوەو بەلای کەمەوە ناو بە ناو خۆی دەنوێنێ. روگوژین ئەنجام، بە بێدەنگی دەستی میرزادەی گرت، ماوەیەك بە بێ جوڵە، وەکو ئەوەی نەتوانێ بڕیاربدات، لە جێی خۆی وەستا. ئەنجام بەگەڵ خۆی خستو بەئەسپایی و لە بن لێوانەوە پێی گوت: " وەرە ". بە حەوشۆکەکەی قاتی خوارەوەدا تێپەڕین، لە زەنگی دەرگایەکی بەرانبەر دەرگای چوونە دەرەوەیان دا، پیرەژنێکی قەمووری ڕەش پۆش کە سەرپۆشێکی بەسەرا دابوو، بلەز دەرگای کردەوە، کە روگوژینی بینی، بە بێهیچ قسەیەك کڕنۆشی بۆ برد. روگوژین بە پەلە چەند پرسیارێکی لێکرد، بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، میرزادەی بردە ژوورەوە. جارێکی دی بە چەند ژوورێکدا تێپەڕین، ژوورەکان تاریك بوون، کەلوپەلی ناوماڵیان کەم تیا بوو، مێزو کورسییەکان پەردەی سپییان پێدا درابوو. روگوژین، بە بێهیچ پرسێك، یەکسەر میرزادەی بردە ژوورێکی چکۆلەوە کە زیاتر لە هۆڵی پێشوازی دەچوو، بە تەختەیەکی یەجگار لووس ناوبڕێکی بۆ کرابوو، دوو دەرگای بچووك لەم سەرو لەوسەری ناو بڕەکە هەبوون، لەو دیو ناو بڕەکەوە ژوورێك هەبوو، پێدەچوو ژووری نووستن بێت. لە سوچێکی هۆڵەکەدا، لە نزیکی موغەیرییەکدا، پیرەژنێکی ئەندام وردیلە لەسەر قەنەفەیەك دانیشتبوو. لەوە نە دەچوو زۆر پیربێت، بەڵام قژی بە تەواوەتی سپی بوو بوو، هەر کەسێك دیتبای، لە یەکەم نیگادا هەستی دەکرد، کە لە ڕووی ئەقڵییەوە بووەتەوە بە منداڵ. جلێکی خوری ڕەشی لەبەر

بوو، مل پێچێکی ڕەشی لە گەردنی ئالاند بوو، کڵاوێکی زۆر سپی لەسەر کردبوو و کە خەت خەتی باریکی ڕەشی تیا بوو. هەردوو پێی لەسەر تەپڵەکێکی چکۆڵەی نزم دانا بوو. لە تەنیشت ئەوەوە پیرەژنێکی لەو پیرتر دانیشتبوو، یەجگار پاك و تەمیز بوو، ئەویش جل و بەرگی تازیەباری لەبەرو کڵاوێکی سپی لەسەر بوو. پێدەچوو خزمێکی هەژارو بێنەوای پیرەژنی یەکەم بێ. بە کڕی و کپی گۆرەوی دەچنی. وا دەهاتە بەرچاو کە ئەم دوو ژنە، هەروا بێدەنگ بن و قەت زار هەڵنەیەنن. پیرەژنی یەکەم، کە روگوژین و میرزادەی بینی بە ڕوویانەوە پێکەنی، چەند جارێك بە نیشانەی خێرهاتن سەری ڕێزی بۆ دانەواندن.

روگوژین، دەستی ڕامووسی و ئەوسا گوتی:

– دایکە، ئەم پیاوە هاوڕێی بەڕێزم میرزادە لیون نیکولایوفیچ میشکینە. خاچەکانمان گۆڕیوەتەوە. لە مۆسکۆدا بۆ من لە برایەکی ڕاستەقینە باشتر بوو، چاکەیەکی زۆری بەسەرمەوە هەیە. دایکە وەکو کوڕێکی خۆت دوعای خێری بۆ بکە، پیرۆزی بکە. سەبربکە دایکە، با من یارمەتیت بدەم، قامکەکانت بێنمەوەیەك تا بتوانی ئاماژەی خاچ بکێشی.

بەڵام پێش ئەوەی روگوژین فریا بکەوێ، پیرەژن، سێ قامکی جووت کردن و، بەوپەڕی ئیمانداری و خواناسییەوە، سێ جاری یەك لە دوای یەك، ئامارەی خاچی بە دەوری سەری میرزادەدا کێشا. ئەوسا، جارێکی دیکەو بەوپەڕی میهرو سۆزەوە، بەوپەڕی هێمنی سەری ڕێزو خۆشەویستی بۆ دانەواند.

پارفیون گوتی:

– دەی لیون نیکولایوفیچ با بڕۆین، هەر بۆ ئەمە تۆم بۆ ئێرە هێنا....

کە گەییشتنەوە حەوشۆکەکەی بەرقاڵدرمەکان، جارێکی دی بە میرزادەی گوت:

– هەرچیەکی پێ بڵێی تێناگات، هەڵبەتە کەم و زۆر لە قسەکەی من نەگەیی، کەچی وێرای ئەوەش پیرۆزی کردیت . یانی بەخۆی و بەخوایشت و حەزی خۆی ئەو کارەی کرد... دەیسا کاتی خوا حافیزی هاتووە... ئەسپاردەی خوا بی....

روگوژین، بە دەم ئەو قسەیەوە دەرگاکەی کردەوە. میرزادە نیگایەکی ناسکی گلەیی ئامێزی کردو گوتی:

– ماڵ خراپ، با بەلای کەمەوە بەر لەوەی بڕۆم، دەستت لە ملی بکەم.

میرزادە، ویستی باوەشی بکات. بەڵام پارفیون بە ئاستەم باسکی کردنەوەو زوو دایگرتنەوە نەیدەتوانی بڕیاری خۆی بدات. ڕووی وەرگێڕا تا میرزادە نەبینێ، لە تۆ وایە خۆی لە نیگای میرزادە دەپارێزێ، حەزناکات لە باوەشی بکات. لە بن لێوانەوەو بە دەم پێکەنینێکی سەیرەوە گوتی:

– مەترسە ! ڕاستە خاچەکەم لێسەندیت، بەڵام لە پێناوی سەعاتێکدا ناتکوژم !

بەڵام پاشان، لە ناکاوا چارەی گۆڕا. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، لێوانی کەوتنە تەتەڵە، چاوانی کەوتنە پرشنگدان. هەردوو دەستی بەرز کردنەوە، باوەشی گرتەوەو بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە باوەشی بە میرزادەدا کردو بەدەنگێکی لە رزۆکەوە گوتی:

– مادام حوكمی قەدەر وایە بیبە بۆ خۆت ! هی تۆیە، بۆ خۆتی ببە ! من وازی لێدێنم بۆ تۆ! روگوژینت لە بیر بێ !

ئەوسا میرزادەی ڕەوان کردو، بێئەوەی ئاوڕی داوە بداتەوە، بە هەشتاو خۆی بە ئەپارتمانەکەیدا کردو دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە شڵپ داخست.

پەراوێز:

* –"... بەڵام ئەم تابلۆیە تەقلیدی تابلۆکەی هانس هولبین...": دەگێڕنەوە گوایە دۆستویفسکی لە ساڵی ١٨٦٧دا، لە شاری بال، تابلۆکەی هولبینی "مەسیح لە گۆڕا..." (١٥٢١) دیتوەو واقیعیەتی تابلۆکەی زۆر لە بەرگران و ناخۆش بووە. دەگێڕنەوە گوایە بە ژنەکەی گوتووە: "ئەمجۆرە تابلۆیە، لەوەیە ئیمان لەلای پیاو نەهێڵێ ".

* –"... س.. ناوێك..": لەگینە دۆستویفسکی کاتێ کە ئەم کەسێتییە زۆر ڕۆشنبیرەی کە باوەڕی بە خوا نییەو ڕێچکەی خوانەناسانی گرتووەتە بەر، وەسف کردووە، مەبەستی ئاماژەی بووبێ بۆ نیکولا سبیشنیفی ئەندامی گروپی پتراشفسکی، کە دۆستویفسکی پاشان وەکو نموونەیەك بۆ وێنەگرتنی (ستافروگین)ی شا قارەمانی ڕۆمانی ئەهریمەنان سوودی لێوەرگرتووە.

* –".. دەتەوێ خاچەکانمان بگۆڕینەوە...": هەموو رووسییەکی ئەرسەدۆکسی لە ڕۆژی لە دایك بوونییەوە خاچێکی لە مل دەکرا، خاچێکی تەختە یان ئاسنجاو. گۆڕینەوەی خاچ لە نێوان دوو کەسدا، سرووتێکی ئاینییە بە مانای برایەتی و بوونە برای ڕوحی و مەعنەوی دێت .

## فەسڵی پێنجەم

کات درەنگ بوو، نزیکی سەعات دوو و نیو بوو. میرزادە، جەنەراڵ یەپانچینی لەماڵەوە نەبینی. کارتەکەی بۆ داناو لێبڕا بڕوات بۆ میوانخانەی (وسی) تا لەوێ سۆراخی کولیا بکات، ئەگەر لەوێ بوو بیدینێ و ئەگەر چوو بووە دەرەوە نامەیەکی بۆ بەجێ بێڵێ .

کاتێ گەییە میوانخانەکە پێیان گوت نیکولا ئاردالیونیچ لە بە یانی زووەوە دەرچووەو گوتویەتی هەر کەسێك پرسیاری کرد پێی بڵێن: " ڕەنگە دەوروبەری سەعاتی سێ بگەڕێتەوە، ئەگەر تا ئەو کاتە نەگەڕایەوە، مانای وایە کە بە قیتار سەفەری پافلوفسکی کردووە، تا سەری خانم یەپانچین ( جەنەراڵ ژن ) بدات و لەوێش شێو دەخوات." میرزادە لێبڕا کە لە میوانخاکەدا چاوەڕوان بکات و بە دەرفەتی زانی و داوای خواردنی کرد.

بەڵام کولیا، نە سەعات سێ و نیو و نە سەعات چوار نەگەڕایەوە. میرزادە، لە میوانخانەکە وەدەرکەوت و بێهیچ مەبەستێکی دیاریکراو کەوتە گەشت و گەڕان .

هەوای پترسبۆرگ ، هەندێجار لە ڕۆژانی هەوەڵی هاویندا زۆر خۆشە، دنیا ڕووناك و درەخشان و کپ و هێمنە. بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە، یەکێك بوو لەو ڕۆژە جوان و دەگمەنانە.

میرزادە، مودەتێك، وێڵ و سەرگەردان سوڕایەوە. زۆر شارەزای شار نەبوو. هەندێجار لە چوار ڕیانەکان، لە مەیدان و سەر پردەکان و لە هەنبەر هەندێك خانوو و ئەپارتمانانندا هەڵوەستەیەکی دەکرد. لە ناکاو خۆی بە شیرینی فرۆشیەکدا کرد، تا لاقەکانی کەمێك بحەسێنەوە. هەندێجار بەوپەڕی کونجکاوی و فزوڵیەتەوە دەیڕوانیە ڕێبوارەکان و بە قووڵی سەرنجی دەدان ، بەڵام زۆرجار، وێڕای ئەوەی دەیڕوانی، هەستی بە ڕێبوارەکان نەدەکرد، نەیدەزانی لە کوێیە. لەوپەڕی نیگەرانی و دوو دڵیدا بوو، بەدەم ئازاری نیگەرانیەوە دەتلایەوەو هەستی دەکرد پێویستی بە تەنیاییە. حەزی دەکرد دەگەڵ خۆیدا تاك بکەوێتەوەو خۆی ڕادەستی ئازاری ئەو شپرزەییە بکات و لەگەڵیا بژی. بە بێزارییەوە، شەپۆلی ئەو پرسیارانەی کە پەلاماری دڵ و دەروونیان دەدا، لە خۆی دوور دەخستەوە، بە بێئەوەی لە خۆی بگات، لە مانای قسەکەی خۆی بگات، لە بن لێوانەوە بە خۆی دەگوت: " تۆ بڵێی من سەبەبکاری ئەم هەموو هەراو هەنگامەیە بم ؟".

نزیکی سەعات شەش بوو، خۆی لەسەر شۆستەی سکەی قیتاری تسارسکوی- سیلو بینییەوە. تەنیاییەکی قورسی تێ ئاڵا بوو، باری ئەو تەنیاییەی نەدەبرد. هەستێکی تازە باڵی بەسەر دڵ و دەروونیدا کێشا. ڕوناکییەکی پرشنگدار، ئەو تاریکییەی ڕەواندەوە کە بە هۆی خەم و پەژارەوە باڵی بەسەر دڵ و دەروونیا کێشا بوو. بلیتی پاڤلوڤسکی بڕی، بەڵام ئاشکرا بوو کە دوو دڵە، شتێك، شتێکی واقیعی نەك خەیاڵی بەرۆکی دەگرێت و پێی دەڵێت مەڕۆ، سەفەری باڤلوڤسك مەکە. ڕێك لەو کاتەدا کە دەیویست سواری قیتارەکە بێت، بلیتەکەی توور داو پەست و

خەیاڵاوی لە وێستگەی قیتارەکە وەدەرکەوت. دوای تۆزێک، پاش ئەوەی بە ناو شەقامەکە کەوت، لەوە دەچوو لە ناکاوا شتێکی سەیری بیرکەوتبێتەوە، شتێک کە لە مێژبوو مژولی کردبوو، هزری داگیرکردبوو و پەی پێنەدەبرد. لە پڕ ئەو شتەی وەبیر کەوتەوە. لە ماوەی چەند سەعاتی ڕابردوودا، تەنانەت پێش ئەوەی بچێت بۆ میوانخانەی (وسی)ش، وەکو ئەوەی منەی شتێك بکات، لە ناکاوا ڕوانی بوویە دەوروبەری خۆی. پاشان بۆ ماوەیەکی زۆر، پتر لە نیو سەعات ئەو شتەی فەرامۆ شکردبوو، لە ناکاوا پەشێوو پەریشان کەوتبووە ڕوانینی دەوروبەری خۆی.

بەڵام هێشتا ئەو خەیاڵە نەخۆشانەیە بەتەواوەتی بەری نەدا بوو، کە لە ناکاودا یادەوەرییەکی دیکە لەزەین و مێشکیدا درەوشایەوە. بیری کەوتەوە، کە لەو دەمەدا منەی شتێکی لە دەوروبەری خۆیدا کردبوو، لەبەر جامخانەی موغازەیەکدا وەستا بوو، بە تاسەو تامەزرۆییەوە غەرقی تەمەشای شتەکانی ناو جامخانەکە بوو بوو. جا دەیویست بزانێ کە ئایا بە ڕاستی پێنج دەقیقەیەك لەبەر هەمان موغازەدا وەستا بوو یان ئەمە تەنیا زادەی خەیاڵی ئەو بووەو هەموو شتەکانی تێکەڵاو کردووە ؟ ئایا ئەو دوکان و ئەو جامخانەیەو شتەکانی ناوی بە ڕاستی بوونیان هەبووە یان نا ؟ بە هەرحاڵ، لە بەیانییەوە هەستی دەکرد مەیلەو نەخۆشە، هەمان حاڵی لێهاتووە کە جاران بەر لەوەی فێیەکە بیگرێ، لێی دەهات. دەیزانی و لە بیری مابوو کە لەو کاتانەدا، واتا بەر لەوەی فێی لێ بێت، زۆر دڵی تەنگ دەبوو، شتەکانی لێتێکەڵ دەبوو، دەمو چاوەکانی لێدەگۆڕا، ئەگەر زۆر تەرکیزی لەسەر نەکردبان. بەڵام شتێکی تایبەتی کردبوو بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو کاتە بە ڕاستی لەبەر دوکانەکەدا وەستاوە. شتێکی ناو جامخانەکەی دابووە چاو کە بە تەقدیری ئەو هەر شەست کۆپێکی دەهێنا، وێڕای حەواس پەرتی خۆی ، ئەوەی لە بیر مابوو. بۆیە ئەگەر ئەو موغازەیە بە ڕاستی هەبووبێت، مانای وایە کە ئەو شتە سەرنجی ڕاکێشاوە، بۆیە لەبەر موغازەکە وەستاوە. دیارە ئەو شتە بە ڕاستی بە ئەندازەیەك مایەی سەرنج بووە کە کاتێ بەو هەموو پەریشانییەوە، لە وێستگەی قیتارەکە وەدەرکەوتووە، هەر لەبەر چاو و لە خەیاڵیدا ماوە. بە ڕێی خۆیدا گەڕایەوە. بە جۆرە ترسێکەوە دەیڕوانیە سەمتی ڕاست، بێ ئۆقرەیی و نیگەرانی چنگیان نابووە دڵی. موغازەکە لە هەمان شوێن بوو. ئەنجام دۆزییەوە ! وەختێ کە لێبڕا بەرەو موغازەکە بگەڕێتەوە نزیکەی پێنج سەد هەنگاوێك لە دوکانەکە دوور کەوتبووەوە. بەڵێ ئەو شتەی کە لە دڵی خۆیدا بە شەست کۆپیك قەبڵاندبووی لە شوێنەکەی خۆی بوو. میرزادە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەر شەست کۆپێك دێنێ، زیاتر نایەنێ !" پێکەنی. بەڵام ئەمە پێکەنین نەبوو، هیستریا بوو. هەستی کرد دڵی تەنگ و سینەی قورسە ! بە ئاشکرا، ئەوەی بیرکەوتەوە کە تۆزێ لەوەپێش، لە هەمان شوێندا، لەبەر ئەم جامخانەیەدا، بە توندی ئاوڕی دایەوە، وەکو چۆن بەیانییەکەی، کاتێ لە ناکاو بینی ڕوگوژێن نیگای بڕیوەتێ، بەو ئاوایە ئاوڕی دایەوە. کە دڵنیا بوو هەڵە نەبووە ( هەڵبەتە بەر لەوەی بکەوێتە تاقیقش هەر دڵنیا بوو ) بەلەز دوکانەکەی بەجێهێشت و کەوتە ڕێ. دەبوایە بە پەلە بە هەموو ئەو بیرانەدا بچوایەتەوە. ئیدی بۆی ڕوون بووەوە کە ئەوەی لە وێستگەی قیتارەکەدا ڕووی دابوو، حەقیقەت بووە نەك خەیاڵ و

وەهەم، بێگومان پێشهاتێکی بۆ هاتووەتە پێشی کە پەیوەندی بە نیگەرانی و پەریشانیەکانی پێشویەوە هەبووە. بەڵام دیسان جۆرە بێزارییەکی دەروونی بە رۆکی گرت، کە نابێ بەجدی بیر لە شتێك بکاتەوە. ئەو بابەتەی بەتەواوەتی لە هزرو بیری خۆی سڕییەوە. هەنووکە بیری لە شتی دی دەکردەوە. یەکێك لەو شتانەی بیری کەوتەوە، ئەوە بوو کاتێ کە وەختی نۆڕە فێیەکەی دەهات، بە ماوەیەکی زۆر کەم، پێش ئەوەی فێیەکە بیگاتێ ( ئەو کاتانەی لە بێداریدا ڤێ دەیگرت نەك لە خەوا ) تووشی خەمو پەژارەو دڵتەنگی و گوشارێکی دەروونی قورس دەبوو، دوای ئەوە بە ساتێك، مێشکی لە ناکاودا وەك بڵێی هەڵبێت، گڕ بگرێت، دڕی بەو بارە نالەبارە دەروونیەی دەداو بە جۆرێك دەبوژایەوەو چەلەنگ دەبووەوە کە زندوویەتی و ژیانی لێدەچۆڕا. لەو ساتانەدا، کە لە درەوشانەوەی چەخماخەیەك تیژ تێپەڕترو خێراتر بوو، هەستکردنی بە ژیان و خۆ ناسینی دەهێندەی جاران زیادی دەکرد. هزرو دڵی ڕوناکی روناك دەبوونەوە، هەرچی نیگەرانی و گومان و دوو دڵی و ترسێکی هەبوو، یەکسەر دەڕەوینەوەو دادەمرکانەوەو جێگەیان بۆ جۆرە دڵنیایی و ئاسوودەییەکی باڵاو شادی و ئومێدەوارییەکی لە وەسف نەهاتوو چۆڵ دەکرد. جا ئەو ساتانە یان ئەو درەخشینە تیژ تێپەڕانە، دەستپێکی نۆرە فێیەکە بوون، دەستپێکێك – کە هەرگیز لە چاوتروکانێك زیاتری نەدەخایاند– بەڵام ساتێك بوو کە تەحەمول نەدەکرا. دوای ئەوەی نۆرە فێیەکە بەری دەدا، وەخۆ دەهاتەوەو بیری لێدەکردەوە، بە خۆی دەگوت: هەر هەموو ئەم دروشین و ساتە گوزەرایانەی کە وا زەن دەبەین دروشین و بروسکانەوەی " هۆشی باڵا "و "ژیانی باڵا"یە، جگە لە نەخۆشی هیچی تر نییە، یانی حاڵەتێکی سەنگەلایە، ئاسایی نیە. ئەگەر وا بێ ناکرێ بە ژیانی باڵا دابنرێ، بەڵکو دەبێ بە نزمترین حاڵەت دابنرێ !... بەڵام ئەم لێکدانەوەیە گەیاندییە ئەنجامگیرییەکی یەجگار غەریب و، بنجبڕانە گوتی: " چ قەیدیە ئەگەر ئەم حاڵەتە نەخۆشی بێت، چ قەیدیە ئەگەر ئەم حاڵەتە، حاڵەتی دەروون پەرێشییەکی نا ئاسایی بێت، مادامێکی ئەنجامەکەی ئەوە بێ ، کاتێ کە پیاو وەخۆ دێتەوەو ئەو ساتانەی وەبیر دەکەوێتەوەو لێی ورد دەبێتەوە، وەکو باڵاترین پلەی جوانی و هاوسەنگی و هاوئاهەنگی دەی بینێ، مادامێکی سۆزو گودازێکی بێ وێنەی لەلا دروست دەکات، سۆزو گودازێکی پڕ لە کەماڵ، میانڕەوی، ئارامی و دڵنیایی، ئاوێتەبوون بە نوێژو نزاو، ئارامی خوایی، زادەو هەڵقوڵاوی بوون و ژیانی باڵا ؟" ئەم دەربڕین و گوزارشتە تەمو مژاویانە، هەرچەندە هێشتا لاواز بوون، بەلای ئەوەوە زۆر روون و مەفهوم بوون . بەلام سەبارەت بە حاڵەتی "جوانی"و "خوایی"و بە ڕاستی "هەڵقوڵاوی بوونێکی باڵا " ئەمانەی بەلاوە حەقیقەتێك بوون کە نەیدەتوانی گومانیان لێبکات. ئەمانە. بەلای ئەوەوە حەقیقەت بوون، ئەوەی لەو ساتانەدا، لەو ساتە تیژ تێپەڕەدا هەستی پێدەکرد، خەیاڵی زادەی حەشیشەو ئەفیون و تلیاك و وڕاوەی نەخۆشی نەبوو، لەو خەیاڵاتە ناواقیعیانە نەبوون کە ئەقڵ دەپوکێننەوەو دەروون دەشێوێنن. هەرکاتێ کە میرزادە، فێیەکە بەری دەداو وەخۆ دەهاتەوە، بە جۆش و خرۆشەوە حاڵەتەکەی تاوتوێ دەکرد، دەیگوت نا، نا ئەو ساتانە ئەوپەڕی هەوڵە لە ڕای گەییشتن بە خودئاگایی و ئەگەر قەراربێ ئەو حاڵەتە لە یەك وشەدا چڕ بکرێتەوە – دەکرێت بگوترێت گوزارشتی ڕاستەوخۆیە لە خودی هۆشیاری. ئەگەر

لەو ساتەدا، واتە لەو دوا ساتەی بەر لە نۆرە فێیەکە، دەرفەتی هەبوایەو بە ئاشکرا خۆی دواندبا، ئەوا دەیگوت " بەڵێ، پیاو ئامادەیە هەموو ژیانی خۆی لە قەبەڵی ئەو ساتە بکات ". قەناعەتی بەوە هەبوو کە ئەو ساتە بە تەنیا، عومرێك دێنێ. هاوتای عومرێکە بۆ خۆی. هەڵبەتە میرزادە، زۆر گوێی لەلایەنی دیالیکتیکی ئەنجامگیرییەکەی خۆی نەبوو: فام کوێری و زەین کوێری و دەروون پەرێشی و تەنانەت گەمژەییشی بە زادەی بێ چەندو چوونی ئەو (ساتە باڵا)یانە دەزانی، خۆ ئەگەر کەسێك ویستبای گەنگەشەیەکی جدی ئەو بابەتەی دەگەڵ بکردبا، خۆی لێدەبوارد. هەڵبەتە داوەرییەکەی وی دەربارەی ئەو ساتە هەڵە بوو، بەڵام واقیعیەتی خودی هەستەکە خۆی بەسەریا دەسەپاندو نیگەرانی دەکردو کەمێك ئازاری دەدا. ئاخر چۆن دەیتوانی حیساب بۆ واقیع نەکات، ئەوا واقیعە پشت گوێ بخات ؟ چونکە ئەوەی لەو رووی دابوو، بە ڕاستی ڕووی دابوو و ئەویش لە هەمان ساتدا، هەمان ساتی شادی هێنی خەفەتبەردا، بە خۆی گوتبوو: ئەو ساتە بە تەمەنێکی تەواو دەچێت .

میرزادە، ڕۆژێك لە مۆسکۆ، لە دیدارێکیدا دەگەڵ روگوژیندا گوتبووی: " لەو ساتەدا، مانای قسە نائاساییەکەی یوحەنام: " لەمەدوا هیچ زەمانێك نامێنێ*" تاڕادەیەك بۆ ڕوون بووەوە. هەنگێ بەدەم بزەیەکەوە لەسەری ڕۆیی بوو: " لەوەیە ئەم ساتە هەمان ئەو ساتە بێ کە بەشی ئەوەی نەکرد بوو ئاوی ئەو گۆزەیەی کە محەمەد پێغەمبەر لە کاتی غەیب بووندا قڵپی کردبووەوە بڕژێتە سەر ئەرز، بەڵام توانی لەو ساتەدا، هەر هەموو ئاسمانەکان تەی بکات ."

بەڵێ، میرزادە، زۆرجار لە مۆسکۆدا روگوژینی دەبینی و قسەوباسیان دەربارەی بابەتێن دیکەش دەکرد. میرزادە لە فکران ڕاچوو: " روگوژین تۆزێ لەمەپێش بە دایکی گوت کە من لەمە دوا لە جێی برای ئەوم. روگوژین ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار بەو زمانە هاتەگۆ ." بەڵێ، کاتێ کە لە پارکە هاوینە چۆڵەکەی شارا، لەسەر تەختێك و لە ژێر درەختێکدا دانیشتبوو، بیری لەو شتانە دەکردەوە. سەعات نزیکەی حەوتی ئێواریێ بوو. پارکەکە چۆڵ بوو. هەورێکی ڕەش بەری ڕۆژی گرتبوو. دنیا هەورو هەڵا بوو، لەوە دەچوو تۆف و زریانێك لە دوورەوە، بە ڕێوەبێت. میرزادە، لە دڵی تەنگی خۆیدا هەستی بە جۆرە چالاکی و ئاسوودەییەك دەکرد، هەر شتێکی دەرەکی دەبینی کۆمەڵێك یادەوەری لە لا زندوو دەبووەوەو لەزەتی لەو حاڵە دەبینی. هەوڵی دەدا ئێستا فەرامۆش بکات، لە زەمانی ئێستا بڕەڤێ، هەڵێت . بەڵام هەرکە سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، جارێکی دی هەمان بیرو ئەندێشەی تاریك، ئەو بیرەی پڕ بە دڵ حەزی دەکرد، لە خۆی بتارێنێ، سەرو دڵی دەگرتەوە . لە کوت و پڕێکا بیری کەوتەوە، کە تازە، کاتێ لە میوانخانەیەکدا، نانی دەخوارد، سەبارەت بەتاوانێکی سەیر، کە لە شارا بوو بوو بە داستانی سەرزاران و وێردی سەر زمانی خەڵکی، گفتوگۆی دەگەڵ گارسۆنی خوارنگەکەدا کردبوو. هەرکە ئەو بابەتەی بیرکەوتەوە، جارێکی دیکەو لە ناکاودا تووشی حاڵێکی نائاسایی بوو.

ئارەزوویەکی یەجگار بەهێز، لە کۆنترۆڵ نەهاتوو، وەسوەسە ئاسا، لە ناکاو جڵەوی ویست و ئیرادەی لە دەست سەند، لەسەر تەختەکە هەستا، لە پارکەکە وەدەرکەوت. یەکسەر بەرەو ڕەخی دەستەڕاست ملی نا. تۆزێ لەوەپێش، کاتێ کە بەسەر خاکرێزەکەی ڕووباری نیڤادا ڕێی دەکرد،

داوای لـە ڕێبوارێـك كردبـوو كـە ڕێگـەی ئـەو گەڕەكـەی پترسـبۆرگ، ئـەو گەڕەكـەی ئـەو دیـوی ڕووبارەكـەی پێنیشـان بدات. كـابرا پێـی نیشـان دابـوو. بـەڵام میرزاده هـەنگێ نەچـوو بـوو بـۆ ئـەو گەڕەكـە ، چـونكە زانـی بـووی چـوونەكەی بێفایدەیـە. لـە مێـژ بـوو ئەدرەسـەكەی وەرگرتبـوو و، دەیتـوانی بـە ئاسـانی مـاڵی ژنەكـەی خزمـی لیبـدیف بدۆزێتـەوە، بـەڵام نیمچـە دڵنیـا بـوو كـە خزمەكـەی لیبـدیف، لـە ماڵـەوە نـابینێ . " بێگومـان دەبـێ سـەفەری پاڤلوڤسـكی كردبێـت، دەنـا وانەبوایە كولیا، جوابێكی لە میوانخانەی " وسی " بۆ دادەنا " وەكو ڕێكەوتبوون. بۆیە میرزاده كە هەنووكە بۆ ئەوێندەر دەڕۆیی، بێگومان بە نیازی دیتنی ئەو ژنە نەدەڕۆیی، بەڵكو شتێكی دیكە هانی دەدا كە بۆ ئەوێندەر بڕوات، كونجكاوییەكی تاریكو بە ئازار هانی دەدا. بیرۆكەیەكی تازەو كوتوپڕ دابووی لە كەللەی...

بە هەرحاڵ بڕیاری خۆی دا ، ئەوەندەی بەس بوو كە بزانێ بە چ سەمتێكدا بڕواتو بكەوێتە سەر ڕاستە ڕێگاكە، تـا بێخـەم و سـەر لـە نـوێ ملـی ڕێگـا بگرێتو بڕوات. هەرچەندی دەكردو دەكۆشا نەیدەتوانی دەستبەرداری " بیروكە كوتو پڕەكەی " ببێت، ئەمەی بە مەحاڵ دەزانی. بـەدەم ڕێـوە ، بەوپـەڕی بێتاقـەتیو بـە ئازارەوە، سـەرنجی هـەر شـتێكی دەدا، كـە دەهاتـە ڕێـی... كەوتـە تەمەشای ئاسمانو ڕووباری نیڤا. تەنانـەت لـە ڕێگـادا هەوڵیـدا دەگـەڵ منداڵێكدا بكەوێتـە گفتوگـۆ. لـەوە دەچـوو، فێیەكـەی هێرشـی بـۆ بێنێ. بە ڕاسـتی تـۆفو بـاهۆز، هێـدی هێـدی نزیـك دەبووەوە. لە دووری دوورەوە دەنگی هەورە تریشقەیەك دەهات.

بـە بێهـیچ هۆیـەكی دیـار، یـادی خۆشـكەزایەكەی لیبـدیف، كـە ئـەو ڕۆژە لـە مـاڵی لیبـدیف دیتبووی، لە هـزرو زەینـی میرزادەدا زنـدوو بووەوە، هەرچـی دەكردو دەكۆشا نەیدەتوانی یـادی ئـەو كـوڕە لـە بیری خـۆی وەدەربنـێ. لـە كەسـێك دەچـوو یادەوەرییـەكی نـاخۆش بـە تـۆبزی خـۆی بەسەردا سەپاندبێو تەواو بێتاقەتی كردبێتو، نەتوانێ لە مێشكی خـۆی دەربكات، بیسـڕێتەوە. سـەیر ئـەوە بـوو كـە ئێسـتا خوشكەزایەكەی لیبـدیفی ڕێـك وەكـو ئـەو بكـوژە دەهاتـە بەرچـاو كـە لیبـدیف لـە كـاتی ناسـاندنی خوشكەزایەكەیدا بـە میرزاده، باسـی كردبـوو. هەڵبەتـە میرزاده تـازە شتێكی دەربارەی ئەو بكوژە خوێندبووەوە. میرزاده، لـەوەتای بۆ ڕووسیا گـەڕابووەوە، زۆر شـتی دەربـارەی ئـەو جـۆرە چیرۆكو ڕووداوانـە خوێنـدبووەوەو بیسـتبوو، و بـە وردی پـەیگیری ئـەو مەسـەلانەی دەكرد. تەنانـەت كـاتێ كە دەگـەڵ گارسـۆنی خوارنگەكەشـدا قسـەی كردبـوو ، زۆر بـە تاسەوە باسی ئەو تاوانەی كردبوو كە دەرهەق بە ماڵباتی ژیمارین كرابوو. ئەوەشی بیر مابوو كە یارۆی گارسۆن، پشتیوانی لە بیروبۆچوونەكانی ئەم كردبوو. گارسۆنەكەشی هێنایەوە بەرچاوی خۆی كە گەنجێكی ئارامو زیرەك، سەلارو سەنگین، بە سەبرو ئاقڵ دیاربوو. لە فكران ڕاچوو و لـە دڵی خۆیدا گوتی: " بەڵام بەندە ناس هەر خوایە، كێ چوزانێ ؟ زۆر زەحمەتە پیاو لە جێیـەكی تـازەدا بتـوانێ بـە ئاسـانی خـەڵكی تـازە بناسـێتو پـەی بـە نـاخیـان بـەرێت ." بـەڵام بۆچوونێكی ڕەشبینانەی لەمەڕ ڕوحی ڕووسی لا دروست بوو. جا لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا چ شتێكی، سـەیرو نـامۆی نـەبینی بـوو، شـتانێ كـە بـۆ وی یـەجگار تـازە بـوون، قـەت ڕۆژێ لـە ڕۆژان نـە بـە خەیاڵیدا هاتبوونو نە تەسەوریشـی دەكردن ؟ كێ تاریكستانی دەروونی خـەڵكی دی دەناسـێت،

دەتوانێ پەی بەرێتە ناو تاریکستانی دەروون و ڕوحی خەڵکی دی، بە تایبەتی دەروون و ڕوحی رووسی؟ ئەمە مەتەڵە مەتەڵ، بە کەم کەس هەڵدێت. روگوژین، یەکێکە لەو نموونانە. میرزادە، ماوەیەکی زۆرە پەیوەندی نزیکی بە روگوژینەوە هەیە، پەیوەندی " برایانە " بەڵام ئاخۆ رۆگۆژینی ناسیوە، دەیناسێت ؟ مەگەر هەر خوا بزانێ ئەم پەیوەندییە چەند ئاڵۆز، چەند ناهاوئاهەنگ، چەند گۆنگ و پڕ گلەیی و گازاندە و ئاژاوەیە !... ئەدی خوشکەزاکەی لیبدیف بۆ ناڵێی.. تەحا کە گەنجێکی فشەکەرو دەنی تەبیعەت و شەلاتی بوو ! " ئەرێ ئەوە من چ دەڵێم؟"
میرزادە ئەو پرسیارەی لە خۆکرد، چما ئەو، ئەو ماڵەی قەتڵ و عام کرد، ئەو شەش کەسەی بەجارێ کوشت ؟ لەوە دەچێ شتەکان تێکەڵ بکەم... سەیرە !... هەستدەکەم سەرم لە گێژەوە دەچێت... بەڵام کیژە گەورەکەی لیبدیف چەند ڕەزا سووك بوو... ئەو کیژەی کە منداڵەکەی بە باوەشەوە بوو!... چەند سیمایەکی پاك و بێگەردی هەبوو، پێکەنینەکەی چەند منداڵانە بوو! لە پێکەنینی منداڵێکی چکۆلە دەچوو!..." شتێکی غەریب بوو کە ئەو دەموچاوە لە بیربکات و تازە بیری بکەوێتەوە. لیبدیف، ئەگەرچی پێی بە عاردیدا دەکوتا تا بیان ترسێنێ، پێدەچوو خۆشی بووێن، زۆری خۆش بووێن، بیان پەرستێ. بەڵام ئەوەی چەندوچوونی هەڵنەدەگرت، وەکو ڕۆژی روناك عەیان بوو، ئەوە بوو کە خوشکەزاکەشی زۆر خۆشدەویست.

ئاخر ئەوێك کە ماوەیەکی زۆر کەمە هاتووەتە ناو ئەمانە، چۆن دەتوانێ قەزاوەت و داوەری یەکجارەکیان دەربارە بکات ؟ بە چ هەقێك ئەمجۆرە حوکمە دەدا ؟ بۆ نموونە لیبدیف بگرە: ئایا ئەمڕۆکە، بۆ ئەو نەبوو بوو بە مەتەڵ ؟ وێنای ئەوەی دەکرد بنیادەمێکی وا بێت ؟ ئایا تا ئەمڕۆکە لیبدیفی بەو شێوەیە دیتبوو ؟ لیبدیف و کونتێس دوباری... خودایا ! خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت روگوژین دەستی دابایە کوشتن، بەلای کەمەوە ئەم هەراو هەنگامەیەی نەدەنایەوە، ئەم هەموو ئاژاوەیەی بەرپا نەدەکرد، بچێ وەکو بکوژەکەی ماڵی ژیمارین، چەکێکی تایبەتی بداتە کردو پاشان بەدەم نۆرە شێتاتیەکەوە، شەش کەس بە کەڕەتێ بکوژێ*! نا ڕوگوژین، ناچێ چەکی تایبەتی بداتە کرد... باشە مەعلومە کە روگوژین بە نیازی کوشتنە؟ میر زادە، بەدەم ئەو بیرەوە ڕاچڵەکی و لە شەرمەزاریدا ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو بە خۆی گوت: " شەرم نییە بۆ من، گۆساخی نییە، بەم زەقیە پێشبینی ئەو گریمانە تاوان ئامێزە بکەم ؟".

هایم و سەراسیمە لەجێی خۆی چەقی. لە پڕ هەموو ئەو ڕووداوانەی تۆزێ لەوەپێشی وێستگەی ڤیتاری پاڤلوڤسك و نیکولایوڤسکی وەبیر هاتەوە، ئەو پرسیارە بێ پەروایەی کە سەبارەت بە (نیگایان) لە راگوژینی کردبوو، بیرکەوتەوە، خاچەکەی روگوژینی بیرکەوتەوە کە حاڵی حازر لە ملیا بوو، پیرۆز کردنەکەی دایکی روگوژین، کە روگوژین بەخوایشتی خۆی بۆ لای ئەوی بردبوو، بیرکەوتەوە. تەوقەو لە هەمێز گرتنە ناچارییەکەی سەر قاڵدرمەکانی بیرکەوتەوە، ئەویە بیرکەوتەوە کە روگوژین، بە خوایشتی خۆی، چاوپۆشی لە ناستاسیا کردبوو بۆ ئەو. هەر هەموو ئەوانەی وەبیر خۆی هێنایەوەو ئەوجاش، هەر دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی... وەکو ئەوەی بۆ شتێك بگەڕێت...– ئەو دوکانەو ئەو شتەی لە جامخانەکەدا دانرا بوو، ئەو شتەی کە

لە دڵی خۆیدا بە بایی شەست کۆپێکی تەخمین کردبوو...– دەك داوەشێی پیاو!... ئەمێستا بە "نیازە تایبەتی" و "بیرە کوتو پڕەکەیەوە " بە ڕێی خۆیدا دەڕۆیی.

خەمو پەژارە، دەردو ئازار، باڵیان بەسەر دڵو دەرونیا کێشا بوو. خەریك بوو بەرەو میوانخانەکەی خۆی دەڕۆیی، تەنانەت چەند هەنگاوێکیشی بەرەو ئەوێ نا. بەڵام دوای دەقیقەیەك وەستا، بۆ چەند ساتێك لە فکران ڕاچوو، دووبارە درێژەی بە ڕێگای خۆی دا. نها لە ڕەخی دەستە ڕاستا، لە پترسبۆرگی کەنارا، لە نزیکی ماڵەکە بوو. حەزی نەدەکرد بە هەمان نیازی پێشووی یان بە هەمان "بیری تایبەتیەوە" بۆ ئەوێ بڕوات، چۆن ئەمەی بە بیرا هات ؟ بەڵێ نەخۆشییەکەی سەری هەڵدا بووەوە، ئەمە جێی گومان نەبوو، شتێك بوو کە گومانی تیا نەبوو: لەوە بوو هەر هەمان ڕۆژ نۆرە فێیەك بیگاتێ. هەر هەموو ئەم دڵتەنگی و ڕەشبینی و ئەو "بیرە تایبەتییە" نیشانەی نزیکبوونەوەی نۆرە فێیەکەی بوو. بەڵام ئێستا دڵتەنگی و ڕەشبینییەکەی ڕەوییەوەو، ئەهریمەن هەڵاتو ڕۆیی، هەر هەموو دوو دڵی و گومانەکانی لە حەوت کێوان ئاوا بوون. دڵی لە شادی و خۆشیا سەر ڕێژ بوو! لە مێژ بوو ئەوی "ناستاسیا" نەبینی بوو. هەستی دەکرد پێویستی بە دیتنی ئەوەو "ناستاسیا"، و... بەڵێ... حەزی دەکرد، روگوژین بدینێ. ئەگەر دیتبای دەستی دەگرتو بە دوو قۆڵی بۆ لای ئەو (ناستاسیا) دەچوون. دڵی پاك بووەتەوە... چما دژمنی روگوژینە، هەڤرکی ئەوە ؟ سبەینێ بە تاقی تەنێ دەچێت بۆ لای روگوژینو پێی دەڵێت کە دیتویەتی (ناستاسیا). باشە تۆزێ لەوەپێش، روگوژین گوتەنی بە تەنیاو بە نهێنی بۆ ئەوێندەر نەچوو بوو تا ئەو بدینێ ؟ بەو ئومێدەی بەڵکو بتوانێ لە ماڵەوە بیدینێ، چونکە لەوە دڵنیا نەبوو کە سەفەری پاڤلوڤسکی کردبێت.

بەڵێ، دەبێ ئیدی ڕەوشەکە بە تەواوەتی ڕوون ببێتەوە، تا هەمووان بتوانن یەکتر بناسنو دڵی یەکتر بە تەواوەتی بخوێننەوە. تا لەمەوداو، ئەو چاوپۆشییە پڕ نائومێدیانەی وەکو چاوپۆشیەکەی تۆزێ لەوەپێشی روگوژین روو نەدەن. دەبێ هەموو شتێك بەو پەڕی ئازادیو بە ڕاشکاوی ئەنجام بدرێت. ئاخۆ روگوژین تەحەمولی ڕاشکاوی دەکات ؟ ئەو دەیگوت کە ئەو ئافرەتەی (ناستاسیا)ی لە ڕووی ئەشقەوە خۆشدەوێت نەك لە ڕووی بەزەییەوە، دوایی ئەوەشی گوت: "ڕەنگە بە زەییەکەی تۆ زۆر لە ئەشقەکەی من توندتر بێ ". بەڵام بە ڕاستی نەبوو. هم!... روگوژینو کتێب خوێندنەوە – ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا بەمانای بەزەیی یان دەستپێکی بەزەیی نییە ؟ ئایا بوونی ئەو کتێبە لەبەر دەستیا، خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوە نییە کە بە تەواوەتی لەوە گەییوە، دەبێ هەڵوێستی لە هەنبەر ئەم ئافرەتەدا چۆن بێت ؟ نا، هەستی ئەو زۆر لە واز وازیو ئەشقی ڕووت قووڵترە. " ئایا سیمای ئەم ژنە تەنیا ئەشق بزوێنە ؟ یانی ئەو دەموچاوە بەڕاستی شەهوەت ئەنگێزە ؟ نەخێر، ڕازی ئەو دەموچاوە لەو ڕەنجو ئازارە دایە کە لێوەی هەڵدەقوڵێت، هەر ئەوەیە کە ڕوحی بەرانبەرەکەی فەتح دەکات. لێرەدا، یادەوەرییەکی بە سوێ، دڵی میرزادەی هێنایە ژان. بەڵێ یادەوەرییەکی بە سوێ. ئەوەی بیرکەوتەوە، کە یەکەمجار، نیشانەی شێتاتی لە ناستاسیادا بەدی کردبوو، چەند ئازاری چەشتبوو، چەند خەفەتی خوارد بوو. ئەو کەشفە تووشی ڕەشبینی و نا ئومێدی کردبوو. گلەیی ئەوەی لە خۆی دەکرد، چۆن

کاتیٚ که لەو هەڵات و پەنای بۆ روگوژین برد، توانی بووی دەستی لیٚبشوات ؟ دەبوایە لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوانی هەواڵی بیٚت، دوای بکەوتایە. چۆن روگوژین تا ئەو کاتە نەی توانی بوو نیشانانی شیٚتاتی لەودا بەدی بکات ؟ بەڵام روگوژین، هەرچییەکی لیٚدەبینی، دەیگیٚڕایەوە بۆ هۆی دیکە، بۆ ئەنگیٚزەی هەواو هەوەسبازی ! چونکە غیرەی لیٚدەکرد، دیارە ئەوە نەك هەڵە بەڵکو گومڕاییشە. روگوژین مەبەستی لەو پیٚشنیازەی تۆزیٚ لەوە پیٚشی چی بوو ؟." — میرزادە لە ناکاوا سوور بووەوە، هەستی دەکرد دڵی دەلەرزیٚ—.

باشە سوودی گەڕانەوە بۆ ئەم بیرەوەریانە چی بوو ؟ هەردوو لا جۆرە شیٚتاتیەکیان تیا بوو. شیٚتاتیەکە دوو لایەنە بوو. میرزادە بەش بە حاڵی خۆی پیٚی وابوو ماقووڵ نییە پیاو ئەم ئافرەتەی بۆ ڕابواردن و ئاشقیٚنی خۆش بویٚت، ئەوەی بە کاریٚکی حەیوانی و نامرۆڤانی دەزانی. میرزادە بە خۆی گوت: "نا، روگوژین، نە هەقی لە خۆی دەکات، بوختان بۆ خۆی دەکات، دڵیٚکی گەورەی هەیە، سەرریٚژە لە سۆز، هەم جیٚی ئازاری تیا دەبیٚتەوەو هەم جیٚی بە زەیی. هەرگاڤیٚ حەقیقەتی بە تەواوی بۆ دەربکەویٚ، هەرکاتیٚ بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم ئافرەتە داماوە، ئەم کلۆڵە، ئەقڵی تەواو نییەو نیمچە شیٚتە، شایستەی بەزەییە. هەنگیٚ لە هەموو ڕابردووی دەبوریٚت ، لە هەموو ئەو ئازارانە دەبووریٚت کە لە سۆنگەی ئەوەوە چەشتوویەتی. هەنگیٚ بۆی دەبیٚت بە خزمەکارو براو برادەرو پشت و پشتیوان. بەزەیی و شەفەقەت دەیهیٚنیٚتەوە سەر ڕاستە ڕیٚگا، بۆی دەبیٚت بە پەندو دەرس، چونکە بوونی مرۆڤ بەندە بە دلۆڤانی و بەزەییەوە، دلۆڤانی و میهرەبانی تاقە پیٚوەری مرۆڤانی مرۆڤە ." میرزادە زۆر پەشیمان بوو لەو ڕەفتارەی دەگەڵ روگوژیندا کردی، بە ڕەفتاریٚکی نابەجیٚی دەزانی، ڕەفتاریٚکی لە بەخشین نە هاتوو. نا، ویژدان و روحی رووسی، نەفسیەتی رووسی، تاریك و گۆنگ نییە، مەتەڵ نیە، بەڵکو ویژدانی تاریکی خۆی، گونگ و مەتەڵ ئاسا بوو، چونکە توانی بووی ئەو جۆرە خەیاڵاتە نەنگیٚنە ویٚنا بکات. تەنیا لەبەر ئەوەی لە مۆسکۆدا، چەند قسەیەکی دۆستانەو خۆشی دەگەڵ روگوژیندا کردبوو، ئەی بە برای خۆی دانا، ئەدی ئەو چیەتی... بەڵام هەموو ئەوە زادەی نەخۆشی و وڕیٚنە بوو... ئەنجام هەموو ئەمە دەقەتیٚ . ئیٚستاش لەبەر چاویەتی کە روگوژین، بە چ خەمینی و نا ئومیٚدیەکەوە پیٚی گوتبوو " خەریکە ئیمانی لەق دەبیٚت !" هەڵبەتە ئەو پیاوە کول و کۆڤانیٚکی ترسناکی هەبووە. گوتبووی: " حەزدەکەم تەمەشای تابلۆکەی هولبین بکەم." دیارە،مەسەلەکەی ئەوە نەبوو کە بەڕاستی تابلۆی ناوبراوی خۆش بویٚت، بەڵکو پیٚویستی بەو خۆشەویستییە هەبوو. روگوژین، نەك هەر کەسیٚکی سەودایی و شەیدا بوو، بەڵکو کەسیٚکی بە تەبیعەت کۆشیار بوو، دەیویست بە هەر نرخیٚ بووە، باوەڕو ئیمانی لە دەستچووی، کە زۆری پیٚویست بوو، بگیٚڕیٚتەوە. ئە ریٚ، زۆر ناڕەحەت بوو، هەستی دەکرد دەبیٚ باوەڕ بە شتیٚك، بە کەسیٚك بیٚنیٚ ! لیٚ ئەو تابلۆیە، تابلۆکەی هولبین ! چەند سەیر بوو !... ئەنجام گەیی بووە شویٚنی مەبەست، ئا... ئەوە شەقامەکەیە، لەگینە ئەم خانووە ئەوە بیٚ کە من بۆی دەگەڕیٚم... بەڵیٚ، ئەمە خانووەکەیە، خۆیەتی: خانووی ژمارە شازدە. کە بە ناوی خاوەنەکەیا دیار بوو هی خانمی فلیسۆڤایە.

میرزاده، لە زەنگی دا، داوای ناستاسیا فیلیپوڤنای کرد .خانمی خاوەن ماڵ کە بەخۆی دەرگاکەی کردبووەوە بەرسڤی دایەوەو گوتی ناستاسیا فیلیپوڤنا، ئەم بەیانییە سەفەری پاڤلوڤسکی کردووەو چووە بۆ دیدەنی داریا ئەلکسیڤناو " لەوەیە چەند رۆژێك لە نك ئەو بمێنێتەوە ". خانم فلیسوڤا، ژنێکی کورتە بالآی، دەموچاو باریکی، چاوتیژی، نیگا مەکراوی، تەمەن نزیکەی چل ساڵ، بوو. بە جۆرە کونجکاوییەکەوە ناوی میرزادەی پرسی. میرزادە، لە هەوەڵەوە ویستی وەڵامی پرسیارەکەی نەداتەوە، بەڵام زوو بە زوو لەو هەڵوێستەی ژێوان بووەوە، تکای لێکرد کە ناوی بە ناستاسیا فیلیپوڤنا بڵێت و لە بیری نەچێت. خانمی خاوەن ماڵ، بە رووخۆشی و بە بایەخێکی زۆرەوە، راسپاردەکەی میرزادەی لای خۆی تۆمارکرد، وەکو ئەوەی بیەوێ بڵێ: " خەمت نەبێ تێگەییشتم !". دیاربوو کە ناوی میرزادە کارێکی زۆری تێکرد. میرزادە، نیگایەکی خەیالاوی کردو هەنگێ پشتی تێکردو بەرەو میوانخانەکەی خۆی ملی رێگای گرت. بەڵام سەرو رووی ئێستای، زۆر جیاواز بوو لەو کاتەی کە لە زەنگی دەرگای ماڵی خانم فلیسوڤای دا. لە چاو تروکانێکا سەراپای گۆڕا : رەنگ زەرد، بێتاقەت، دڵتەنگ و نیگەران رێی دەکرد . ئەژنۆکانی دەلەرزین ، بزەیەکی سەرگەردان، وێڵ، ساردو سڕو مردەڵە، دەنیشتە سەر لێوە شینەکانی و زوو ئاوا دەبوو : " بیرە کوتوپڕەکە "ی جارێکی دی سەری هەڵدایەوە، میرزادە هەستی کرد جارێکی دی کەوتەوە دەستی ئەهریمەن، بەڵام چی رووی دابوو کە ئەم حاڵەتەی لێهاتبووەوە ؟ بۆچی ئەم لەرزەی لێهاتبووەوە، ئەم ئارەقە ساردە چیە، بۆچی دڵ و دەروونی وا تاریك بووەوە ؟

هەر لەبەر ئەوەی ئەو "جووتە چاوەی" بینی بووەوە ؟ ئەدی بۆ ئەوە لە پارکەکە دەرنەکەوت تا بچێ جارێکی دی ئەو چاوانە بیدینێ ؟ جەوهەری " بیرەکوتوپڕەکەی " ئەوە بوو. لە ناخی دڵەوە ئارەزووی دیتنی ئەو " جووتە چاوەی " دەکرد کە تۆزێ لەوەپێش دیتنی. دڵنیا بوو کە لەوێندەر، لەو ماڵەدا دەیانبینێ. باشە کە ئەوەندە تاسەمەندو پەرۆشی دیتنی ئەو چاوانە بوو، بۆچی کە دیتیانی ئەو حاڵەی بەسەر هاتبوو، شەکەت و ماندوو، هایم و حەیران، شپرزەو پەژمردە بوو بوو ؟ مەگەر پێشبینی ئەمەی نەکرد بوو ؟ بەڵێ، بە راستی هەمان ئەو چاوانە بوو – ئیدی ئەمە هیچ گومانێکی هەڵنەدەگرت – کە ئەم بەیانییە، کاتێ کە لە وێستگەی قیتاری نیکولادا*، لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا دابەزی بوو، بەر پرشنگی نیگایان دابوو. بەڵێ ئەم چاوانە هەمان ئەو چاوانە بوون، کە کاتێ لە ماڵی روگوژین، دەیویست دابنیشێت، هەستی بە قورساییان کردبوو لەسەر شانی. روگوژین نکۆڵی لە هەموو شتێك کردبوو. تەنانەت بە دەم بزەیەکی ساردو سڕیشەوە پرسی بووی: "دەبێ چاوانی کێن بن ؟" میرزادە، ئەو رۆژە، کاتێ کە لە وێستگەی قیتاری (تسارسکوی*– سیلو) دەیویست بە نیازی سەردانی ئاگلایا سواری قیتار بێت، بۆ جاری سێیەم ئەو چاوانەی بینی. هەنگێ کەڵکەڵەیەکی ئاگرینی کەوتە سەر کە هەر ئەو رۆژە خۆی بگەیەنێتە لای روگوژین و لێی بپرسێت " ئەوانە چاوی کێن ؟". بەڵام بەلەز لە وێستگەکە وەدەرکەوت بوو، ملی رێگای گرتبوو، کاتێك وەخۆ هاتبووەوە، خۆی لەبەر جامخانەی دوکانی چەقۆ فرۆشییەکەدا بینی بووەوە. رێك لەو کاتەدا وەخۆ هاتبووەوە کە لە دڵی خۆیدا تەخمینی

نرخی ئەو شتەی دەکرد کە لە جامخانەکەدا دیتبووی‌و دەسکەکەی شاخی کەڵەکێوی بوو، بە شەست کوپێکی تەخمین کردبوو.

ئەهریمەنێکی سەیرو ترسناك، سەراپای داگیرکردبوو و نیازی نەبوو دەست بەرداری ببیٚ‌و بەرۆکی بەربدات. هەر ئەو ئەهریمەنە بوو، کاتیٚ کە میرزادە لە پارکەکەداو لە ژێر دار زەیزفۆنەکەدا دانیشتبوو و لە فکران ڕاچوو بوو، ئیحای دایە، کە رۆگوژین لە بەیانی زووەوە، هەنگاو بە هەنگاو لە دوویەتی‌و تاقیبی دەکات، هەرکە بۆی دەرکەوتووە کە میرزادە سەفەری پاڤلوڤسك ناکات ( کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ روگوژین کەشفێکی یەجگار گرینگ‌و هەستیار بوو) بڕیاری دا بۆ ( ئەویٚ ) بۆ هەمان ئەو ماڵەی کە لە گەڕەکی پترسبۆرگی کۆن بوو بچیٚ، تا دوورو نزیك چاودێری دەوروبەری ماڵەکەو میرزادە بکات کە بەڵێنی دابوو نەچێت بۆ دیدەنی ناستاسیاو، پێی گوتبوو کە بەو نیازو مەبەستە بۆ پترسبۆرگ نەهاتووە ."

بەوجۆرە میرزادە، ئاشوفتەحاڵ، بەرەو ئەو ماڵە ڕۆیی بوو. بۆیە هیچ سەیر نەبوو ئەگەر روگوژین لەوێندەر بدینیٚ ! پیاوێکی بەدبەختی کڵۆڵی بینی، کە زەینی تاریك‌و نوتەك، بەلاّم قابیلی دەرك بوو. ئەو پیاوە نەگبەتە، بەدبەختە تەنانەت هەوڵی ئەوەشی نە دەدا خۆی پەنا بدات. پێشتر ئەم پیاوە ( روگوژین ) نکوڵی لە هەموو شتێك کردبوو، درۆی کردبوو. بەلاّم لە وێستگەی تسارسکوی خۆی پەنا نەدا بوو. لە جیاتی ئەوەی ئەو خۆی وەشێریٚ، میرزادە خۆی وەشاردبوو. ڕوگوژین، لەو بەری شەقامەکە، لە دووری پەنجا شەقاوێك وەستا بوو، هەردووك دەستی لەسەر سنگی تێکهالاّند بوو. دیاربوو نەك نایەویٚ خۆی بشارێتەوە، بگرە حەزی دەکرد ببینریٚ. لەوێدا وەکو داواکارو قازی وەستا بوو، نەك وەکو... نەك وەکو چی ؟

بەلاّم میرزادە، لە جیاتی لێی نزیك ببێتەوە، لاتریسکەی بەست‌و وەکو ئەوەی هەر نەیدیتبیٚ دوورکەوتەوە، لە کاتێکا نیگایان لێکدی هەڵەنگوت بوو، بۆچی ؟ ( بەڵیٚ نیگایان لێکدی هەڵەنگوت بوو و تەمەشای یەکیان کردبوو.) باشە بە خۆی بە تەمای ئەوە نەبوو بچیٚ دەستی روگوژین بگرێت‌و دەگەڵ ویدا (بۆ ئەوێندەر) بڕوات ؟ باشە بە نیاز نە بوو سبەینیٚ بچێتە نك وی وپێی بڵیٚ چووە بۆ ماڵی وی ؟ مەگەر لە نیوەی ڕێگادا بۆ ماڵەکە، ئەهریمەنەکەی لە خۆی نەتاراندبوو، دڵی لە پڕ، لێوان لێوی شادی‌و خۆشی نەبوو بوو ؟ یان لە شەخسی روگوژیندا، تۆ بڵیٚ لە ڕەوشی گشتی ئەو پیاوەدا " بەدرێژایی ئەو ڕۆژە " واتا لە تێکڕای گوتارو ڕەفتارو هەڵسوکەوت‌و نیگاو نۆڕینی ئەو پیاوەدا شتێك هەبوو کە بکاتە پاکانە بۆ ترسەکانی میرزادەو ئیحا دژوارو سەیرەکانی ئەهریمەنەکەی ؟

هەر هەموو ئەو شتانە دەبینران، بەلاّم شیکردنەوەو ڕاڤەو شرۆڤەیان ئەستەم بوو، هیچ پاکانەیەکیانیش بۆ نەدەکرا، مەحاڵ بوو بدرێنە پاڵ هیچ بنەمایەکی لۆژیکی. وێڕای ئەوەش، لەگەڵ ئەم دژواریەشدا، سەرباری ئەم مەحاڵ بوونەش، باری سەرنج‌و بۆچوونێکی گشتی ئەوتۆی دروست دەکرد، کە خۆبەخۆ دەگۆڕا بۆ باوەڕ و قەناعەتێکی ڕەها.

باوەڕ — بەچی ؟ ئاه کە میرزادە، لە کرێتی‌و هیچی ئەم باوەڕە، لەو ترسە بیٚ مانایەی کە لەم باوەڕو قەناعەتەدا هەبوو، بێزار بوو. هەر خۆی دەیزانی چەند عەزابی پێوە دەچەشت، چەندی

گلـەیی و گازانـدە لـە خـۆی هـەبوو! میرزادە زۆرجـار بـە تونـدیو بێـزاری دەکەوتـە سـەرکۆنەکردنی خۆیو بەخۆی دەگوت: " ئەگەر ئازایت ، بەلای کەمەوە، بە ڕاشکاوی قەناعەتو باوەڕی خۆت دەربڕە، بە ئاشکرا گوزارشت لە بیرۆکەکەت بکە. پیاو بەو قسەی خۆت بکە، غیرەتی ئەوەت هەبێ کە هەموو بیرەکانت بە ڕوونی، بە وردی و بێپێچو پەنا، دەربڕە ! ئاه ! من مرۆڤێکی سەرچەوت، بێ ئابڕووم ! ئاخر لە ئێستا بەدواوە، بە درێژایی ژیانم، بە چ ڕوویەکەوە، بوێرم سەیری ئەم پیاوە بکەم؟ ئاه... ئەمە چ ڕۆژێك بوو! خودایا ئەم مۆتەکە قورسە چییە !...."

هیلاكو ماندوو، لە گەڕەکی پترسبۆرگی کۆن گەڕایەوە، زۆری پێچوو، تەواو بێتاقەت بوو، بەدەم ڕێگاوە بیرۆکەیەکی کوتوپڕی بەمێشکا هات کە بچێت بۆ ماڵی روگوژین. چاوەڕوانی بکات تا دەگەڕێتەوە، بەدەم ڕوندوك و گریانی پەشیمانییەوە لە هەمێزی بگرێتو هەموو شتێکی بۆ بگێڕێتەوە، گرێی دڵی خۆی بۆ بکاتەوەو بە یەکجارەکی خۆی لەم کێشەیە دەربازبکاتو بڕێتەوە... بەڵام خۆی لەبەر میوانخانەکەدا بینییەوە... چەند لەم میوانخانەیە بێزار بوو. هەر لە هەوەڵەوە لە بینای میوانخانەکەو لە ڕاڕەوەکانو لە ژوورەکەی خۆیشی زۆر بێزار بوو. بە درێژایی ئەو رۆژە چەند جارێك کە بیری لەوە کردبووەوە دەبێ بۆ میوانخانەکە بگەڕێتەوە، هەستی بەوپەڕی بێزاریو بێتاقەتی کردبوو. ئەوەتا لە فکران ڕاچوو بە خۆی گوت: " ئاخر ئەمە کەی حاڵە منی تیام ؟ وەکو ژنی نەخۆش... ئەمڕۆکە باوەڕم بە هەموو جۆرە خەیاڵاتو مەزەندەکارییەکە !" میرزادە، بەوپەڕی تووڕەییو تەوسەوە ئەوەی بە خۆی گوت. بەدەم ئەو بیرۆکەیەوە لەبەر دەروازەی میوانخانەکەدا وەستا. لەو ساتەدا تەنیا یەك ڕووداو لە نێو هەموو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەدا، مێشکی داگیرکردبوو. لێ میرزادە بە " هێمنیو ساردی " بە " کەماڵی ئەقڵەوە " نەك لە میانەی کابوسێکی قورسەوە، بەگژیا دەچووەوە. ئەو کێردەی سەر مێزەکەی روگوژینی بیرکەوتەوە. وەکو ئەوەی گەنگەشەی بیرۆکەکەی خۆی بکات، بە سەرسامی پرسی: " جا چی تیایە ئەگەر مێزەکەی روگوژین چە قۆیەکی لە سەر بێ، خوای دەکرد پڕ دەبوو لە چەقۆ ؟" کە لە ناکاوا ئەوەی بیر کەوتەوە، ئەو پاش نیوەڕۆیە لە بەر دوکانی چەقۆ فرۆشیەکە وەستاوە، هێندەی دی سەری سوڕما. ئەوەتا هەمدیس دەڵێت: " بەڵام! عەجایەب !... دەشێت چ پەیوەندییەك لە نێوان..." قسەکەی تەواو نەکرد. بەڵام شەپۆلێکی تازەی هەستکردن بە شەرمەزاریو تەریقی، بە نامرادیو نا ئومێدی، دای بە سەریاو لە جێی خۆی، لەبەر دەرگاکەدا ڕایگرت. بۆ ساتێك لە جێی خۆی وشك بوو. زۆرجاری وا هەیە، کە بیرەوەرییەکی کوتوپڕ، بیرەوەرییەکی ترسناك، بە رۆکی زەین دەگرێتو پیاو بۆ چەند ساتێك، بەنج دەکاتو لە پەلوپۆی دەخات. میرزادە، پەستو غەمگین، بەوپەڕی دڵتەنگی بەخۆی گوت: " بەڵێ، من کابرایەکی بێ هەستو بێ دڵم، من کابرایەکی ترسنۆکم !". ئەوسا چەند هەنگاوێکی لەرزۆکی بۆ پێشەوە نا، بەڵام... دیسان وەستا.

دەروازەو ڕاڕەوی میوانخانەکە، بەخۆی کەم ڕوناکی بوو، بەڵام لەو دەمەدا زۆر تاریك بوو، چونکە هەورێکی تاریکی، نزمی ،باراناوی ، زریان ئامێز، بەری ئاسمانی گرتبوو. لەو کاتەدا کە میرزادە لە میوانخانەکە نزیك بوو بووەوە، بایەکی توند هەڵیکرد، باران بە لێزمە دایکرد. میرزادە

پاش هەڵوەستە کورتەکەی لەبەر دەروازەی میوانخانەکە، بە هەنگاوی لەرزۆك وەڕێکەوت، هەرکە پێی نایە ناو ڕاڕەوەکە، لە ناکاودا، پیاوێکی لە تاریکییەکەدا بەدی کرد کە لەبەر قاڵدرمەکاندا وەستا بوو. پێدەچوو ئەم پیاوە چاوەڕوانی شتێك بکات، بەڵام پێش ئەوەی میرزادە بتوانێ بیناسێتەوە، لە چاو تروکانێکا لە چاو ون بوو و، دیار نەما. بە هەرحاڵ میرزادە نەیناسییەوە بۆیە نەیدەتوانی بڵێ کێیە، بە تایبەتی کە ئەوێندەر میوانخانە بوو، خەڵکێکی زۆر لە هاتوچۆدان، خەڵکانێك دێن، خەڵکانێك دەڕۆن، خەڵکانێك لە ڕاڕەوەکاندان. بەڵام لە ناکاودا قەناعەتی تەواوی لا دروست بوو کە ئەو پیاوەی ناسییەوە و جگە لە روگوژین کەسی دی نییە. دوای تۆزێك میرزادە، بە غاردان بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت، گوایە دەیگرێت. دڵی داخورپا، بە متمانەوە بە خۆی گوت: " هەنوکە لەچاو تروکانێکا هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە !".

ئەو قاڵدرمەیەی کە میرزادە پێیدا سەر دەکەوت، دەچۆوە سەر ڕاڕەوەکانی هەردوو نهۆمی یەکەم و دووەم. قاڵدرمەیەکی بەردین بوو، وەکو قاڵدرمەی هەموو بینا کۆنەکان، تاریك و باریك بوو، بە دەوری کۆڵەکەیەکی ئەستووردا پێچی دەخوارد. لەبەر یەکەم پلەی ئەم کۆڵەکەیەدا، پانتاییەك هەبوو درێژییەکەی هەر پێیەك و پانییەکەی هەر نیو پێ دەبوو، بەڵام جێگەی کەسێکی تیا دەبووەوە کە بەپێوە بوەستێ. کە میرزادە گەییە ئەم پانایییە، یەکسەر، وێڕای تاریکییەکە، کەسێکی بەدی کرد، کە خۆی لەوێندەر حەشاردابوو، لە سەرەتاوە ویستی گوێی نەداتێ و بێئەوەی تەمەشای سەمتی ڕاست بکات ، تێپەڕێ و بڕوات. بەڵام هێشتا یەك هەنگاوی نەنا بوو کە بەخۆی نەوەستاو ئاوڕی پاشی دایەوە. هەنگێ هەردوو چاوی لەو جووتە چاوە هەڵەنگوتن کە دوای نیوەڕۆ دیتبوونی، ڕێك هەمان ئەو "جووتە چاوە" لە ناکاوا لە چاوانی هەڵەنگوتن. ئەو پیاوەش کە لە پانایییەکەدا خۆی حەشار دابوو، هەنگاوێکی نا کە لەوێندەر دەربچێت. هەردووکیان بۆ ساتێك ڕوو بە ڕووی یەکدی وەستان. هەنگێ میرزادە، شانی گرت و ڕووی بۆ ڕوناکییەکە وەرچەرخاند تا باشتر دەموچاوی ببینێ .

چاوانی روگوژین پرشنگیان داو بزەیەکی گەوجانە نیشتە سەر لێوی. دەستی ڕاستی بەرز کردەوە، ئامێرێکی لە دەستا بوو. میرزادە بیری لەوە نەکردبووەوە کە دەستی بگرێت. بەڵام پاشان بیری کەوتەوە کە هاواری کردبوو:

– پارفیون ! ئەمە تۆی ! باوەڕناکەم !

میرزادە، هەنگێ وای هەست کرد کە لە ناکاودا، بۆشاییەك لە بەردەمیا کرایەوەو قووتی دا. روناکییەکی دەروونی نائاسایی، ڕوحی روناك کردەوە، ئەم حاڵە لە نیونەخت پتری نەخایاند. بەڵام میرزادە، زۆر بە ڕوونی، دەنگدانەوەی یەکەمین هاواری ترسناکی خۆی لە بیر بوو، لە بیری بوو چۆن ئەو هاوارە لە سینگییەوە هەڵدەستاو بە هیچ کلۆجێ بۆی جڵەو نەدەکرا، پاش ئەوە لە چاو تروکانێکا کوژایەوە، لە بێهۆشی و تاریکییەکی خەستدا نقوم بوو.

ئەم حاڵە، نۆرە ڤێ بوو، نۆرە فێیەك کە لەمێژ بوو لێی نەهاتبوو، هەموو دەزانن کە نۆرە ڤێ زۆر کوتوپڕە، لەناکاوا لە نەخۆش دێت. لەم حاڵەدا دەموچاوی دەگۆڕێ، چاوانی دەشڵەقێن، سەراپای گرژ دەبێت. هاوارو ناڵە ناڵی زۆر ترسناك، کە لە تەسەور نایەت و لە هیچ دەنگێکی دی

ناچێت، له سینەیەوە دەردێت، ناڵەو هاوارێك كه زۆر جیاوازە لە هاوارو ناڵەی مرۆڤانی. مەحاڵە تەسەور بكەی كە ناڵەی ئەو بەلەنگازە بێچارە بیّ، وا دێتە بەر خەیاڵ، كە ئەوە هاوارو ناڵەی بوونەوەرێكی دیكە بێت كە لە ناخی یارۆی ڤ گرتوودا خۆی مەڵاس دابێت. ئەمە بەلای كەمەوە بۆچوونی گەلێك لەو كەسانەیە كە بەخۆیان گوێیان لەو جۆرە هاوارو ناڵە ناڵە بووە. دیمەنی ئەو نەخۆشەی كە فێی لێهاتووە، ترسێكی ئەوتۆ دەخاتە دڵەوە كە پیاو بەرگەی ناگرێت.

دەشێت روگوژین هەستی بەو ترسە كوتوپڕە كردبێت، دەشێت ئەو ترسە كوتوپڕەو هەندیّ هۆی دەروونی بە ئازاری دیكە، بەنجیان كردبێت و بەو جۆرە میرزادە لە جەزرەبەی چەقۆكەی وی خەلەسابێت. بەڵام كاتیّ. كە بینی هەڤركەكەی لە ناكاوا بەلایا هات و بە پشتا كەوت و پشتی سەری دای بە یەكێك لە پلەكانی قاڵدرمەكەدا و درێژاو درێژ كەوتە سەر عاردەكە، بە پەلەو بە هەر هەنگاویّ چوار پلەی دەبڕی، بەسەر لاشەكەی ئەودا بازی داو وەكو جن زەدە بە غاردان لە میوانخانەكە هەڵات .

جەستەكەی میرزادە، بە دەم هەڵپلان و تەكان خواردنەوە، بە قاڵدرمەكەدا ( كە یازدە پلە بوو) پلە بە پلە بۆ خوارەوە غل بووەوە. دوای پێنج دەقیقەیەك جەستەكەی میرزادەیان لە پاینی قاڵدرمەكەدا بینی، كۆمەڵێك لە دەوری خڕ بوونەوە. تەمەشایان كرد، سەری خڵتانی خوێنە، ئەم دیمەنە گومانی ئەوەی دروست كرد كە ئایا ئەم پیاوە لە قاڵدرمەكان بەربووەتەوە یان تاوانێكی دەرهەق كراوە ؟

بەڵام هەندیّ لە ئامادەبووان، یەكسەر زانیان كە یارۆ فێی لێهاتووە. یەكێك لە پێشخزمەتەكانی میوانخانەكە میرزادەی ناسیبوو، گوتی میوانی ئوتێلەكەیەو، ئەم بەیانیە هاتووە. پاشان بە هۆی رێكەوتێكی خۆشەوە، هەموو گومان و دوودڵیەكان ڕەوینەوە.

كولیا ئیڤولگین، كە قەولی دابوو تا سەعات چوار بۆ میوانخانەی (وسی) بگەڕێتەوە، ژێوان بوو بووەوەو سەفەری پاڤلوڤسكی كردبوو، بەڵام لەبەر هۆیەكی لە ناكاوا، نەی توانی بوو نانی ئێواریّ دەگەڵ ماڵباتی یەپانچینا بخوات، بۆ پترسبۆرگ گەڕابووەوەو لە دەوروبەری سەعات حەوتی ئێوارەدا گەیی بووەوە میوانخانەی (وسی). نامەكەی میرزادەیان دابویێ و بە نامەكەدا زانی بووی میرزادە لە شارایەو، چووە  بۆ ئەو ئەدرەسەی كە لە نامەكەیدا دیاری كردووە . كولیا كە بەمەی زانی، چوو بۆ كۆڤ میوانخانەكەو بە دەم چاوەڕوانی میرزادەوە داوای چای كردو بەدەم چا خواردنەوەوە گوێی لە ئاوازی ئۆرگۆنە میكانیكییەكە دەگرت. بەڵام بە رێكەوت گوێی لە خەڵكانێك بوو كە باسی یەكێكیان دەكرد گوایە فێی لێهاتووەو لە قاڵدرمەكان بەربووەتەوەو سەری شكاوە. یەكسەر دڵی خەبەری دا كە هەبیّ و نەبیّ میرزادەیە، بلەز چوو بۆ شوێنی رووداوەكە، میرزادەی ناسییەوە. ئیدی میرزادە، بۆ ژوورەكەی خۆی گوێزرایەوەو هەرچەندە وەخۆ هاتەوە، بەڵام تا ماوەیەكی تاڕادەیەك زۆر، وەكو پێویست ئاگای لە خۆ نەبوو، بە تەواوەتی هۆشی بە خۆی نەبوو. ئەو پزیشكەی كە بۆ معایەنەی زامەكانی سەری وی هاتبوو، زامەكانی تیمار كردوو بە ستنی و گوتی زامەكانی سووكەو هیچ مەترسییەكیان نییە. دوای سەعاتێك كاتیّ كە میرزادە بە تەواوەتی وەخۆ هاتەوەو زانی چی ڕوویداوە، هەنگیّ كولیا، بە گالیسكە لە

میوانخانەکەوە بۆ ماڵی لیبدیفی برد. لەویٚ زۆر بە گەرمیو بەرێزەوە پێشوازی لێکرا. تەنانەت لەبەر خاتری ئەو کاتی سەفەری گوندشیان پێشخستو دوای سیٚ ڕۆژ هەموویان لە هاوینە هەواری پاڤلوڤسك بوون.

پەراوێز:

* -"... هیچ زەمانێك نامێنیٚ...": رؤيا يوحنا، الاصحاح العاشر، ٦.

* -"... چەکێکی تایبەتی بداتە کردو بەدەم نۆرە شێتاتیەکەوە، شەش کەس بە کەڕەتیٚ بکوژیٚ...": لێرەدا ڤەبێژ (راوی)، مەسەلەی بکوژی ماڵباتی ژیمارینی وەیاد دێتەوە... ڤیتولد گورسکی کە قوتابی دوا ناوەندی بوو، پێشوەختە دەمانچەیەکی ئامادە کردبوو، ئاسنگەرێکی راسپارد بوو کە چەکێکی تایبەتی بۆ دروست بکات، گوتبووی بۆ گەمەێن وەرزشی پێویستیەتی.

* -"... وێستگەی نیکولا...": ئەو هێڵی ئاسنەی نێوان پترسبۆرگو مۆسکۆ، کە لە سەردەمی نیکولای یەکەمدا دامەزرا، بە ناوی نیکولایوفسکییەوە بوو، ئەمە ناوی هەردوو وێستگەی کۆتایی ئەم هێڵەش بوو لە پترسبۆرگو لە مۆسکۆش.

* -"... وێستگەی ڤیتاری ( تسارسکۆی- سیلۆ ).": هێڵی تسارسکۆی سیلو، یەکەم هێڵی ئاسن بوو لە رووسیادا، لە ساڵی ١٨٣٥دا هاتە دامەزراندنو بە شارە دێی پاڤلوڤسکدا ڕەت دەبوو.

# فەسڵی شەشەم

خانووه هاوینەکەی لیبدیف، زۆر گەورە نەبوو، بەڵام خۆش‌و دڵگیرو جوان بوو. ئەو بەشەی کە بۆ کرێ جیا کرابووەوە، بایەخی زیاتری پێدرابوو و زۆر ڕازاوە بوو. ئەو بانیژە بەرینەی سەمتی پێشەوەی خانووەکە، کە دەیڕوانییە سەر جادەکە، یەکپارچە ئینجانەی دارین بوو، کە هەموویان بە بۆیەی کەسك بۆیەکرا بوون‌و پڕ بوون لە شەتڵی نارنج‌و لیمۆو یاسەمین، کە بەدڵی لیبدیف جوانیەکی تایبەتی‌و دڵگیریان بەو شوێنە بەخشی بوو. هەندێ لەم دەوەن‌و شەتڵانەی لەگەڵ خانووەکەدا کڕی بوو، ئەوەندە دیمەنی ئەم گوڵدان‌و شەتڵانەی بە دڵ بوو، ئەوەندە کەیفی پێیان دەهات، کە لە نزیکترین دەرفەتدا، کۆمەڵێکی دیکەی لە مەزادا لێکڕین، کاتێ کە هەموو دەوەنەکان گەیەنرانە ماڵەوەو لە شوێنی خۆیاندا دانران، لیبدیف، هەموو ڕۆژێ چەند جارێك بە قاڵدرمەکاندا سەر دەکەوت‌و دادەبەزی تا لەسەر جادەکەوە تەمەشای دیمەنیان بکات‌و هەموو جارێك لە دڵی خۆیدا بەهای ئەو کرێیەی کە بە نیاز بوو لە کرێچی داوا بکات، زیاد دەکرد.

میرزادە، کە هێشتا لە هەردوو ڕووی بەدەنی‌و دەروونییەوە ، داهێزراو وداڕوخاو بوو، ڤێلاکەی زۆر بە دڵ بوو . لەوەتای گەیی بووە پاڤلوڤسك، واتا لە ڕۆژی سێیەمی پاش نۆرە فێیەکەی، بە ڕواڵەت بوژابووەوە، هەرچەندە لە ناخا هەستی دەکرد کە هێشتا ماویەتی‌و بە تەواوی چاك نەبووەتەوە. هەڵبەتە لەم سێ ڕۆژەدا زۆر خۆشحاڵ بوو بەو کەسانەی کە لە دەوری بوون، پڕ بە دڵ خۆشی دەویستن، بە تایبەتی کولیا کە هەمیشە لەگەڵیا بوو و بەجێی نەدەهێشت. هەروەها بە دیتنی هەموو ئەندامانی خانەوادەی لیبدیف‌و، ( جگە لە خوشکەزایەکەی کە لەوێندەر نەبوو و کەس نەیدەزانی کێوە چووە )، لیبدیف خۆیشی، خۆشحاڵ‌و کەیفخۆش بوو. تەنانەت بە دیتنی (جەنەراڵ ئیڤولگین )ش کە لە پترسبۆرگ‌و بەر لەوەی سەفەر بکات، سەری دابوو، خۆشحاڵ بوو.

ئەو ئێوارەیەی کە گەییە پاڤلوڤسك، کۆمەڵێك لە ئاشنایانی خۆی، لە بانیژەکەدا، لە دەوری خڕبوونەوە، یەکەم کەس کە هاتە لای ، گانیا بوو. کە میرزادە بە زەحمەت ناسییەوە. گانیا زۆر گۆڕا بوو، بوو بوو بە داسك‌و دەرزی. پاشان ڤاریاو پتیتسن هاتن، ئەوانیش هاتبوون هاوینەکە لە پاڤلوڤسك بەسەر بەرن. بەڵام جەنەراڵ ئیڤولگین، تەقریبەن بە بەردەوامی لە ماڵی لیبدیف بوو، لەوەدەچوو دەگەڵ ئەودا هاتبێ‌و، لیبدیف بە هەموو هێزو توانایەکی خۆیەوە هەوڵی دەدا لەلای خۆی گلی بداتەوەو نەیەڵێ لە میرزادە نزیك ببێتەوە. ڕەفتاری دەگەڵ جەنەراڵدا، دۆستانە بوو، لەوە دەچوو دوو برادەری کۆنی یەکتر بن. میرزادە، لە میانەی ئەم سێ ڕۆژەدا چەند جارێك دیتبوونی کە زۆر بەجدی‌و دوورو درێژی دەکەوتنە گفتوگۆ وەك ئەوەی گەنگەشەی مەسەلەیێن زانستی بکەن‌و، دیار بوو لیبدیف ئەمەی لێخۆش دەهات .

هــەر لــە یەکــەم ڕۆژەوە کــە گەییینــە پاڤلوڤســك و بارگــەیان لــە ڤێلاکــە خســت، لیبــدیف و خانەوادەکەی وەزع و حاڵی میرزادەیان ڕەچاو دەکردو زۆریان مدارا دەکرد. بە هەنجەت و بیانووی ئەوەی کە میرزادە ناڕەحەت نەبێت، نەیدەهێشت کەس لێی نزیك بکەوێتەوە. هەرکە دیتبای منداڵەکانی بە تەمان بچن بۆ ئەو بانیژەیەی کە میرزادە لێی دادەنیشت، پێی بەعاردیدا دەداو بەغار دوویان دەکەوت کە نەیەڵێ بچنە ئەوێندەر، هەرچەندە میرزادە حەزی نەدەکرد دەوری چۆڵ بێت. تەنانەت (ڤیرا) و منداڵە شیرە خۆرەکەی باوەشیشی لەم زەبت و ڕەبتە نەدەبوارد. لە وەڵامی ناڕەزایی میرزادەدا دەیگوت:

– نابێ ڕوویان بدرێتێ، چونکە ئەگەر زیاد ڕوویان درایە، شەرمیان دەشکێ و سیوایان دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی شایستەی ئەوە نین...

میرزادە، بەرپەرچی دەدایەوە:

– ئاخر بۆچی ؟ ئەم هەموو مدارایەی تۆ، خەمبار و بێتاقەتم دەکات. زۆرجار پێم گوتوویت کە لە تەنیایی بێزارم. کە تۆ دەبینم، بەردەوام بە دەست و بەسەر هەر خەریکی ئاماژەکردنی و لەسەر نووکی پێ دەڕۆیت، گوایە مدارای من دەکەیت، زۆر ناڕەحەت و دڵتەنگ دەبم.

مەبەستی میرزادە، ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە لیبدیف، هەرچەندە بە هەنجەت و بیانووی دابینکردنی ئاسوودەیی نەخۆشەکە ڕێگەی هیچ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی نەدەدا بچنە لای و ناڕەحەتی بکەن، کەچی بە خۆی لە زەرفی ئەو سێ ڕۆژەدا، فێر بوو بوو، هەر سا ناساتێ، لەوەخت و ناوەختدا خۆی بە ژوورەکەی میرزادەدا دەکرد، درزێکی دەخستە دەرگاکەو، سەرێکی دەکێشایە ژوورەوەو چاوێکی بە هەموو گۆشەو کەنارێکی ژوورەکەدا دەگێڕا، وەك بڵێی بیەوێ بزانێت ئاخۆ میرزادە لەوێندەر ماوە یان هەڵاتووە. ئەوسا لەسەر نووکی پێیان بە جۆرێکی هێندە کوتوپڕ لە کورسیەکە نزیك دەبووەوە، کە میرزادە دڵی دادەخورپاو ڕادەچڵەکی. هەمیشەش لێی دەپرسی ئایا پێویستی بە هیچ نییە ؟و ئەنجام کە میرزادە تکای لێدەکرد بەجێی بێڵێ و حەز دەکات بە تەنیا بێت، ملکەچ و گوێڕایەڵ و خامۆش، لە سەر نووکی پێیان بەرەو سەمتی دەرگاکە دەڕۆیی و هەردوو دەستی دەجوڵاند وەك ئەوەی بڵێ، بە ڕێکەوت هاتووەتە ژوورەوەو هیچ مەبەست و کارێکی نییەو وا دەچێتە دەرێ و ئیتر نایەتەوە. کەچی دوای دە دەقیقە یان ئەوپەڕی چارەکێك، دووبارە دەهاتەوە. کولیا، کە بۆی هەبوو هەر دەققەیەك خۆی بیەوێ، سەری میرزادە بدات،و چەندی بوێ لەلای بمێنێتەوە، ئەمە لیبدیفی قەڵس دەکرد، حەسوودی پێدەبرد، غیرەی لێدەکرد. کولیا هەستی بەوە کرد کە لیبدیف هەندێجار، نزیکەی نیو سەعاتێك لەپشت دەرگاکەوە خۆی لێی دەداگرێت و گوێ بۆ قسەکانی وی دەگەڵ میرزادەدا، هەڵدەخات، هەڵبەتە کولیا، میرزادەی لەمە ئاگادار کرد.

میرزادە گلەیی لە لیبدیف کرد:

– تۆ بە جۆرێ چاودێریم دەکەیت، وەکو ئەوەی گەورەو بەرپرسی من بیت. بەڵام من لێرەدا، بەلای کەمەوە لەم هاوینەوارەدا ئازادم، بۆیە هاتوومەتە ئێرە کە ئازادبم، چاك بزانە کێم بوێ، میوانداری و پێشوازی دەکەم، بە کەیفی دڵی خۆم بۆ کوێم بوێ دەڕۆم .

لیبدیف، بەدەم دەست جوڵاندنەوە گوتی :

– هەڵبەتە وایە، گومان لەوەدا نییە !

میرزادە، سەراپای بە نیگا دابێژت .

– ئەریَ لوکیان تیموفیفیچ (لیبدیف): خەزێنە چکۆلەکەت بۆ ئێرە هێناوە، ئەها ئەوەی لە دیوارەکەدا بوو، لە سەرووی تەختە خەوەکەتەوە ؟

– نەء ، نەمهێناوە .

– چۆن ؟ یانی لەویَ بەجێت هێشتووە ؟!

– ناگوازرێتەوە، مەگەر دیوارەکە تێکبدەی، لە دیوارەکەدا قایم کراوە.

– دیارە لێرەش یەکێکی دیکەی وەکو ئەوەت هەیە ؟

– بەڵیَ، ئەم خانووە یەکێکی لەوە باشتری تیایە. هەر بۆیەش ئەم خانووەم کڕی .

– باشە، ئەو کەسەی سەعاتیَ لەوە پێش هاتبوو بۆ لام و تۆ ڕێت نەدابوو، کیَ بوو ؟

– ئا... جەنەراڵ بوو. بەڵیَ، دروستە، ڕێم نەدا بێتە ژوورەوە. ئێرە شوێنی ئەو نییە. میرزادە، من زۆر ڕێزی ئەو پیاوەم لایە. پیاوێکی گەورەیە، باوەڕناکەی ؟ کەسیَ نەمریَ دەی بینی... بەڵام، بەڵام وێڕای ئەوەش، میرزادەی بەڕێز، هەق وایە ڕووی نەدەیتیَ، نەیەڵی بێت بۆ لات.

– دەتوانم بپرسم بۆچی ؟ لیبدیف، تۆ بۆچی لەسەر نووکی پێیان ڕیَ دەکەیت و هەمیشە بە جۆریَ دێی بۆ لای من وەکو ئەوەی بتەویَ نهێنییەکم بە گوێدا بچپێنیَ ؟ .

لیبدیف، دەستێکی بە سینگی خۆیدا کێشاو زۆر بە نەرمی و کوت و پڕ بەرسڤی دایەوە:

– ئەوە لە بچووکی و بیَ قیمەتیمە ! خۆم هەست بەمە دەکەم. بەڵیَ ئەمە ئەوپەڕی بچووکییە! بەڵام ئاخۆ جەنەراڵ، بۆ تۆ نابیَ بە بارگرانی، بە تایبەتی کە پیاوێکی زۆر میواندۆستە ؟

– زۆر میواندۆستە ؟ مەبەستت لەم قسەیە چیە ؟

– بەڵیَ لە ڕادەبەدەر میواندۆستە ! ئەم پیاوە لەلایەکەوە بە نیازە لێرە، لە ماڵەکەی مندا ئاکنجی ببێت. گریمان ئەمەمان قەبووڵ کرد، بەڵام هیچی پیَ عەیب نیەو لە ڕوودانامێنیَ، زۆر نابا خۆی لە کاروباری خێزانەکەم هەڵدەقورتێنیَ، هەر لە ئێستاوە دەڵێت گوایە دەگەڵ مندا خزمە. پێشتر باسی چۆنیەتی ئەو خزمایەتیەمان دەگەڵ یەکدا کردووەو دەرکەوت کە لە ژن و ژنخوازییەوە خزمین. گوایە تۆش لە دایکەوە بەخزمایەتی دەیگەیتیَ. کەواتە بەم پێیە جەنابی میرزادە، من و تۆش دەبینە خزم. بە هەرحاڵ ئەمە مەسەلەیەك نییەو ڕەنگە ئەو پەڕەکەی بکاتە خاڵێکی لاوازی چکۆلە لە جەنەراڵداو زۆریش لێی ناگیرێت. بەڵام تۆزیَ لەمە پێش بۆی گێڕامەوە، کە بەدرێژایی تەمەنی لەو ڕۆژەوە کە چووەتە دەورەی ئەفسەری تاکو ڕۆژی ٦/١١ ی پارەکە، قەت ڕۆژێك نەبووە لە دوو سەد میوان کەمتری بووبێت، بە کورتیەکەی خوانەکەیان هەرگیز لە میوان چۆڵ نەبووە، جونیَ هەستاون، جونیَ دانیشتوون، لە قاوەڵتیەوە بۆ فراڤین، لە فراڤینەوە بۆ چای و لە چایەوە بۆ شێو، دەڵیَ بە درێژایی سی دانە ساڵی خشت، ڕۆژی پازدە سەعاتی بەردەوام ئەمە حاڵی بووە، تەنانەت دەرفەتی ئەوەیان نەبووە پەردەی سەر خوانەکەش بگۆڕن. یەکێك ڕۆییوەو

یـەكێكی دی هـاتووە، گوایـە لـە ڕۆژانـی جەژنـدا ، بـە تایبـەتی لـە جـەژنانی خانـەدانی ئیمپراتوریەتدا، ژمارەی میوانانی جەنەراڵ، گەییونەتە سێ سەد كەس.

لـە هـەزارەمین* سـاڵیادی دامەزرانـدنی رووسـیادا، ژمـارەی میوانـانی جەنـەراڵ، گەییونەتـە حەوت سەد كەس. كێشەكەی لەمەدایە، دیارە ئەم جۆرە چیرۆكانە نوقلانەی خێر نین، بۆیە زۆر ئەستەمە پیاو، بتوانێ لە ماڵی خۆیدا داڵدەی ئەم جۆرە خەڵكە میواندۆستە بدات. بۆیە لـە دڵـی خۆدا پرسیم ئاخۆ ئەم پیاوە میواندۆستە بەم حاتەمیەتەی خۆیەوە، چ بۆ تۆو، چ بۆ منیش نابێ بە بەلا ؟.

– باشە، خۆ بە ڕواڵەت، ئێوە بەینتان زۆر خۆش بوو، تۆ بڵێی من هەڵە بووبم ؟

– من وڕینەكانی بە گاڵتەو شۆخی وەردەگرم، یانی برایانە تەمەشای دەكەم. من شانازی بەوەوە دەكەم كە لـە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە خزمین. وێڕای میوانە دوو سەد كەسیەكانی و سەرباری ئاهەنگی هەزارەمین ساڵیادی دامەزراندنی رووسیاش، هەر جەنەراڵ بە پیاوێكی بەرێزو گەورەو خۆشمەشرەف دەزانم. من ئەم قسانەم بە ڕاستی و بە جدیە، لە ناخی دڵمەوە دەردەچن. میرزادە تۆ بە خۆت تۆزێ لەمەپێش پێت گوتم: كە من بە جۆرێ دیم بۆ لای تۆ وەك ئەوەی بمەوێ نهێنییەكت بۆ بدركێنم. جا ئەمجارەیان بە ڕاستی ڕازێكم پێیەو گەرەكمە پێتی بڵێم: ئافرەتێك ڕای سپاردووم كە پێت بڵێم حەزدەكات بە دزییەوە بتبینێ.

– بۆچی بە دزییەوە ؟ نا، ئەگەر پێویست بكات من بە خۆم و لەمڕۆ زووتر نییە، دەچمە دیدەنی.

لیبدیف، بەدەم دەست جوڵان و سەر لەقاندنەوە گوتی:

– نا، نا ئەو بە هیچ جۆری ترسی لەو شتە نییە كە تۆ وێنای دەكەیت. دەزانی ئەو ئەهریمەنە هەموو ڕۆژێ بۆ ئێرە دێت و لە ساغ و سەلامەتیت دەپرسێت ؟

– تۆ بـە جۆرێ بـە ئەهریمـەن نـاوی دەبـەیت و وەسـفی دەكـەیت كـە مـن دەكەومـە گومـان و دوو دڵییەوە !

لیبدیف، بلەز بەرسڤی دایەوە:

– نا، نا بە هیچ جۆرێ جێی گومان نییە. مەبەستم ئەوە بوو كە ترسی ئەم ئافرەتە لەو كەسە نییە، بەڵكو لە كەسێكی ترە، لە كەسێكی تەواو جیایە.

میرزادە، كە لەم چاوو ڕاوەی لیبدیف پەست و بێزار بوو بوو، پرسی:

– ترسی لە كێیە ؟ خێرا پێم بڵێ !

لیبدیف، بە پێكەنینەوە گوتی:

– نهێنییەكە لەوەدایە !

–نهێنی كێ ؟

– نهێنی تۆ. جەنابی میرزادە تۆ بە خۆت ناتەوێ لە حوزوری جەنابتا سەبارەت بەم نهێنییە قسە بكەم...

لیبـدیف، بـەدەم ئـەو قسـەیەوە كـە بینی هەسـتی كونجكـاوی بەرانبەرەكـەی وڕوژانـدووە، بـە شادییەوە لەسەری ڕۆیی:

– ئەو ئافرەتە، لە ئاگلایا ئیڤانوڤنا دەترسێت.

میرزادە برۆی ویکهێنانەوە، دوای دەقیقەیەك بێدەنگی ئەوجا گوتی:

– بەزاتی خوا لە ماڵەکەت دەرۆم لیبدیف ! کاڤریلا ئاردالیونوفیچ و پتیتسن لە کوێن ؟ لەماڵی تۆن ؟ بۆ ئێرەشت هێنان ؟

لیبدیف، هەراسان و دەسەپاچە، بەدەم دەست جوڵانەوە، لەم دەرگاوە خۆی بەو دەرگادا دەکرد. بە ئەسپایی گوتی:

– دێن، دێن. جەنەراڵیش لە دوای ئەوان دێت... هەموو دەرگاکان دەخەمە سەر گازی پشت. کیژەکانیشم بۆ ئێرە گازدەکەم، هەر ئێستا گشتیان گازدەکەم.

ڕێك لەم کاتەدا کولیا، لە جادەکەوە هات و خۆی بە بانیژەکەدا کردو گوتی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا و هەر سێ کیژەکەی لە دواوەن و بۆ ئێرە دێن .

لیبدیف، کە بەم هەواڵە زۆر قەڵس و ناڕەحەت بوو، بەوپەڕی شپرزەیی پرسی:

– یانی دەبێ ڕێگەی پتیتسن و (گاڤریلا ئاردالیونوفیچ)ش بدەم ؟ دەبێ ڕێگەی جەنەراڵیش بدەم؟

میرزادە، بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– بۆ نا ؟ کێ دێ بابێت. لیبدیف تۆ دڵنیابە کە لە هەوەڵ ڕۆژەوە، منت خراپ ناسیوە. هەمیشە هەر هەڵە بوویت. هیچ پێویستم بەوە نییە خۆم لە خەڵکی دووربگرم.

لیبدیف کە بینی میرزادە پێدەکەنێ، وای بە مەسڵەحەت زانی کە لاسایی بکاتەوە، بۆیە ئەویش دەستی بە پێکەنین کرد. بە ڕواڵەت زۆر خۆشحاڵ دیاربوو، هەرچەندە زۆریش شپرزەو نیگەران بوو.

هەواڵەکەی کولیا، ڕاست دەرچوو: کولیا، بۆیە چەند هەنگاوێك پێش ماڵباتی یەپانچین کەوتبوو تا هەواڵی هاتنەکەیان ڕابگەیەنێت. بەو جۆرە میوانان لە یەك کاتدا، لە دوو لاوە پەیدا بوون: ماڵباتی یەپانچین لە دەستی بانیژەکەوەو پتیتسن، گانیاو جەنەراڵ ئیڤولگین لە ناو خانووەکەوە.

کولیا، ماڵباتی یەپانچینی لە نەخۆشیەکەی میرزادەو هاتنی بۆ پاڤلوڤسك، ئاگادار کردبوو. خانم یەپانچین تا ئەو کاتە زۆر شپرزەو نیگەران بوو. جەنەراڵی مێردی، پێرێکە کارتەکەی میرزادەی، گەیاندبوونێ، ئیدی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا بەوەدا دڵنیا بوو بوو کە میرزادە بە مەبەستی سەردانیان دێت بۆ پاڤلوڤسك. بەڵام کیژەکانی بێهودە هەوڵیان دەدا بەرپەرچی بدەنەوەو دەیانگوت کەسێك کە بە درێژایی شەش هەیڤان لێی نەپرسیبن و نامەی بۆ نەناردبن، ناچێتە ئەقڵەوە بەو پەلەپەلە بە مەبەستی سەردانی وان، بێت بۆ پاڤلوڤسك و کێ چوزانێ ؟ لەوەیە بەڕادەیەك مژول و سەرقاڵ بێ، هەر لە پترسبۆرگ بمێنێتەوە. هەڵبەتە خانم یەپانچین، بەو قسانە زۆر قەڵس بوو، ئامادە بوو گرێو بکات، کە میرزادە چەند دێربکەوێ، تا سبەینێ دێتە دیدەنیان. بۆیە سبەینێ، بە درێژایی دانی بەیانی هەر چاوەڕێی بوو، پاشان بۆ نیوەڕۆژەو دواتر بۆ شێو چاوەڕێی کردو کە دنیا تاریکی کردو بوو بەشەو، خانم یەپانچین بەتەواوەتی تووڕە بوو، شەڕی بە

هەمووان دەفرۆشت، هەڵبەتە بێئەوەی ناوی میرزادە بێنێ، کە سەبەبکاری شەڕەکە بوو. لە رۆژی سێیەمیش دا ناوی میرزادەی نەهێنا، بەڵام ئاگلایا لەسەر نانی ئێوارێ لە زمانی دەرچوو و گوتی: "دایکە بۆیە توڕەیە چونکە میرزادە نەهاتووەتە دیدەنیمان." جەنەراڵ گوتی"خەتای ئەو نییە ". ئیدی لیزاڤیتا پروکوفیڤنا توڕە بوو، هەستاو خوانەکەی بەجێهێشت.

ئەوە بوو شەوێ کولیا پەیدابوو، هەرچی شتێکی لەمەڕ میرزادە زانی بوو، لە سیری تا پیازی بۆ گێڕانەوە. لیزاڤیتا بروکوفیڤنا ئەمەی بە سەرکەوتنی خۆی زانی. بەڵام وێڕای ئەوەش کەوتە گلەیی و ڕووی لە کولیا کردو گوتی: "کە ئیشمان پێی نابێ، دێت لێرە بە جۆرێ دای دەکوتێ، نازانین چۆن لە دەستی رزگارمان بێت، کە ئیشمانیش پێی دەبێ، بە جۆرێ غەیب دەبێ لە تۆ وایە مردووە !" کولیا لەم قسەیەی خانم یەپانچین: " نازانین چۆن لە دەستی رزگارمان بێت." توڕە بوو، بەڵام جڵەوی خۆی گرت و لێبڕا جارێ وەڵامی نەداتەوە. ئەگەر قسەکانی ئەوەندە رەق نەبوایە و بەو ئەندازەیە هەستی بریندار نەکردبا، لەوە بوو لە هەموو قسورێکی ببورێت، بە تایبەتی کە بە چاوی خۆی بینی کاتێ کە بە نەخۆشیەکەی میرزادەی زانی، چەند پەشۆکاو چۆن شپرزە بوو. خانم یەپانچین کە بە نەخۆشیەکەی میرزادەی زانی، پێشنیازی کرد، کە یەکێك بە پەلە بنێرن بۆ پترسبۆرگ، تا دکتۆرێکی زۆر شارەزاو کارامە بێنێ بۆ معایەنەی میرزادە. بەڵام کچەکانی ڕێیان نەدا ئەم کارە بکات. بەڵام کاتێ دایکیان بڕیاری دا بچێت بۆ سەردانی نەخۆشەکە، هەنگێ بە ناچاری دوای کەوتن.

خانم یەپانچین، بە دەم خۆ ئامادە کردنەوە، دەی پرتاند:

– یارۆ خەریکە دەمرێ ! ئێستا وەختی گلەییە ! یارۆ دۆستی خانەوادەییمانە یان نا ؟

ئاگلایا گوتی:

– باشە، بە چ مەعلوم چوونی ئێمەی پێخۆشە !

– باشە، تۆ مەیە. نەیەی باشترە. چونکە ئەگەر یەڤگینی پافلوفیچ بێت، کەس لە ماڵ نابێ پێشوازی بکات .

دوای ئەو قسانە، (ئاگلایا)ش یەکسەر کەوتە خۆ کە بەگەڵ دایکی و دوو خوشکەکەی بکەوێت. هەڵبەتە لە هەوەڵیشەوە هەر بە تەمای چوون بوو. میرزادە (س)ش کە لەگەڵ ئادیلایدادا بوو، لەسەر داوای ئەو، یەکسەر قاییل بوو کە بەگەڵ خانمەکان بکەوێ. دەمێك بوو، لەوەتای ئاشنایەتی دەگەڵ خانەوادەی یەپانچیندا پەیدا کردبوو و بۆ یەکەمجار باسی میرزادەی لەوان بیستبوو، حەزی دەکرد میرزادە لە نزیکەوە بدینێ و بناسێت. دوایی دەرکەوت کە سێ مانگێك لەوە پێش، میرزادەی دیتووەو نزیکەی دوو هەفتەیان لە شاروچکەیەکدا پێکەوە بەسەر بردبوو. میرزادە "س" کە زۆری ستایشی میرزادە میشکین کرد بوو و ڕێزو تایبەتی بۆی هەبوو، بۆیە بە خۆشحاڵییەوە قاییل بوو جارێکی دی لەگەڵ ئەواندا بچێتە دیدەنی کۆنە برادەرەکەی. ئەو ڕۆژە جەنەراڵ ئیڤان فیدوروفیچ لە ماڵ نەبوو و، (یەڤگینی باڤلوفیچ)ش هێشتا نەگەیی بوو. مەودای نێوان ڤێلاکەی خانەوادەی یەپانچین و ڤێلاکەی لیبدیف هەر سێ سەد شەقاوێك دەبوو.

ناخۆشترین شت بۆ خانم یەپانچین، ئەوە بوو کاتێ گەییە لای میرزادە، خەڵکێکی زۆری بەدەورەوە بینی، بە تایبەتی کە ڕقی زۆری لە دوان سیانێکیان بوو. ئەمە جگە لەوەی کاتێ کە میرزادە چووە پێشوازیان، سەری سوڕما لەوەی کە لە جیاتی ئەوەی بە خەیاڵی خۆی گەنجێکی نەخۆشی رەنگ‌و روو سیسەڵەو چرچەڵە بدینێ، گەنجێکی خۆش ڕەنگ‌و ڕوو، بە سیحەت‌و بە دەماخی بینی، بە ڕادەیەك سەری سوڕما کە لە جێی خۆی وەستا، باوەڕی بە چاوانی خۆی نەدەکرد. مەگەر خوا بزانێ کولیا چەند بەم هەڵوێستەی خانم یەپانچین خۆشحاڵ بوو ! چونکە دەیتوانی بەر لەوەی خانم یەپانچین‌و کیژەکانی لە ماڵ بە ڕێبکەون، حەقیقەتی مەسەلەکەی بۆ باسبکات، بەڵام بە ئانقەست ئەو کارەی نەکردبوو، چونکە دەیزانی کاتێ خانم یەپانچین، دۆستە ئازیزەکەی بەوپەڕی ساغ‌و سەلامەتی دەبینێ، چۆن تووڕە دەبێت‌و پێکەنینەکەیان دەردەچێت!

کولیا، هەر بەوەندەوە نەوەستا، بەڵکو بە بێپەروا نەخشەو پێشبینییەکەی خۆی گێڕایەوە تا هێندەی دی لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا تووڕە بکات.

هەرچەندە کولیا، بە ینی لەگەڵ خانم یەپانچیندا خۆش بوو، بەڵام زۆری حەزدەکرد سەر بکاتە سەری‌و تووڕەی بکات.

میرزادە کورسیەکی هێناو فەرمووی لە خانم یەپانچین کرد کە لەسەری دانیشێت، خانم یەپانچین بە دەم دانیشتنەوە بە کولیای گوت:

– کوڕەکە گیان پەلە مەکە ! سەرکەوتنەکەت لە بارمەبە !

ئیدی لیبدیف‌و پتیتسن‌و جەنەراڵ ئیڤولگین، خێرا کورسیان بۆ کچەکان هێنا. جەنەراڵ، کورسی بۆ ئاگلایا داناو (لیبدیف)ش بەدەم کڕنۆشێکی پڕ لە ڕێزو حورمەتەوە کورسیەکی دیکەی بۆ میرزادە (س) دانا. ڤاریاش وەکو خووی هەمیشەیی خۆی، بەوپەڕی گەرم‌و گوڕی‌و ڕووخۆشی‌و شادیەوە خێر هاتنی کیژەکانی کرد، کەوتە چپەدوو لەگەڵیاندا.

خانم یەپانچین گوتی:

– میرزادە، ڕاستت دەوێ من بە تەمابووم لەناو جێگادا بتبینم، هەڵبەتە لە ڕووی خەمخۆری‌و پەرۆشیمەوە، شتەکەم لە خۆم گەورە کردبوو، پیاو ڕاست بڕوات، کە یەکەمجار تۆم بەم تەندروستیە باشەوە بینی، زۆر ناڕەحەت بووم، بەڵام باوەڕم پێبکە تەنیا یەك دەقیقە وابووم، هەر بایی ئەوەی بیربکەمەوە، ئیدی ناڕەحەتیەکەم ڕەوییەوە، من هەمیشە کە بیردەکەمەوە ئاقڵانەتر قسان دەکەم و ماقووڵتر ڕەفتاردەکەم. پێموایە تۆش وەکو من وایت. هەمان حاڵی منت هەیە. باوەڕبکە ئەگەر کوڕێکی نەخۆشم هەبا، بە چاکبوونەوەی، هێندەی چاکبوونەوەی تۆ خۆشحاڵ نەدەبووم. بەڕاستی شەرمە ئەگەر باوەڕم پێنەکەیت. بەڵام ئەم کوڕیژگە ناڕەسەنە، سوعبەتی لەوەش خراترم دەگەڵ دەکات، داوی لەوەش خراترم بۆ دەنێتەوە. لەوە دەچێ تۆ گرتبێتتە ژێر پەرو باڵی خۆت. جا تۆ بە شایەد بەو لە بیرت بێ کە بەم زووانە، لێی زویر دەبم‌و چش لەو دۆستایەتیە...

کولیا هاواری کردو گوتی:

– باشە من گوناحم چیە ؟ چەندم پێگوتیت کە میرزادە تەقریبەن چاك بووەتەوە، باوەڕت پێ نەدەکردم. چونکە حەزت دەکرد لەسەر جێگای مەرگ بیدینی، زیاتر خۆت بۆ ئەو حاڵەتە ئامادەکردبوو...

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، لە میرزادەی پرسی:

– بە تەمای زۆر لێرە بمێنیتەوە ؟

– هەموو هاوینەکە، ڕەنگە زیاتریش .

– هێشتا هەر ڕەبەنی ؟ ژنت نەهێناوە ؟

میرزادە، کە پێکەنینی بەم پرسیارە ساکارەی خانم یەپانچین دەهات، بەرسڤی دایەوە:

– نا، هێشتا ژنم نەهێناوە .

– پێکەنینی ناوێ ! خۆ هەر دەبێ بیهێنی، کوڕە ژن دێنێ‌و کچە شوو دەکات. باشە سەبارەت بە جێگاکەت، بۆچی نایەیتە لای ئێمە ؟ لایەکی تەواوی خانووەکەمان چۆڵە، کەسی تیا نییە. بە هەرحاڵ ئەمە پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە، خۆت باشتری دەزانی !

هەنگێ، لە کاتێکا بە گۆشەی چاو ئاماژەی بۆ لای لیبدیف دەکرد، بە ئەسپایی گوتی:

– ئێرەت لەم کابرایە بەکرێ گرتووە ؟ ئەدی چیەتی هەردێ‌و دەچێ‌و لە هیچ شوێنێ ناحەوێتەوە؟

لەو دەمەدا، ڤیرا کە وەکو هەمیشە منداڵەکەی بە باوەشەوە بوو، لە ژوورەکانەوە وەدەرکەوت‌و هاتە بەر هەیوانەکە، لیبدیف کە بە بەینی کورسیەکاندا دەسوڕایەوەو بەخۆیشی نەیدەزانی چی بکات‌و، بە نیازی ڕۆییشتنیش نەبوو، لە ناکاو شالاوی بۆ ڤیرای کیژی بردو بە دەست کەوتە ئاماژە کە لە هەیوانەکە وەدەربکەوێ، بەجۆرێ ئاگای لە خۆ نەما بوو کە تەنانەت پای کوتا بە عاردیدا.

خانم یەپانچین لە ناکاودا پرسی:

– چیە ، شێتە ؟

– نا، بەڵام...

خانم یەپانچین، قسەکەی بە میرزادە بڕی و، چاوێکی بە ئامادەبوواندا گێڕاو گوتی:

– دەبێ سەرخۆش بێ. بە ڕاستی دەوروبەرەکەت ناچنە دڵەوە، پیاو خۆزیات پێناخوازێ. ئەدی ئەم کچە جوانە کێیە ؟

– ئەمە ڤیرا لوکیانوفنایە، کیژی لیبدیفە .

– ئا... بەڕاستی کیژێکی ناسکە. حەزدەکەم تەعاروڤ لەگەڵ بکەم.

لیبدیف، کە گوێی لە ستایشەکانی لیزاڤیتا پروکوڤیفنا بوو بوو، کیژەکەی بردە پێشەوە تا پێی بناسێنێ. بە ڕێزەوە چووە پێشێ‌و بە سۆزەوە گوتی:

– هەتیون ! داماوانە هەتیون! ئەو منداڵەی باوەشیشی هەتیوە. ئەمە لیوبوڤ خوشکیەتی، یانی کیژی شەرعی منە لە ژنە یاسایی‌و زۆر شەرعیەکەم، ئیلینایە، کە شەش هەفتە لەمە پێش بەسەر

ئەم منداڵەوە چوو... بە ڵێ... بۆ ئەم منداڵە بووە بە دایك، جێی دایکی بۆ گرتووەتەوە... هەر ئەو خوشکەی هەیە، تەنیا ئەو خوشکە وهیچی تر...

لیزاڤیتا، بە هەڵچوونێکی کوتوپڕەوە گوتی:

– جەناب، تۆش بابایەکی گەوج و کەودەنیت و هیچی تر. ببورە کە بەو ڕاشکاویە قسان دەکەم. دەی بەسە.

ئەوجا بە پەستی لەسەری ڕۆیی:

– وابزانم بەخۆت تێدەگەی !

لیبدیف، بەرێزەوەو بەدەم کڕنۆشەوە گوتی:

– زۆر راستە !

ئاگلایا لێی پرسی:

– جەنابی لیبدیف، ڕاستە دەڵێن تۆ خەون و مکاشەفەکانی یوحەنا ڕاڤە دەکەی ؟

– زۆر راستە، پتر لە چواردە ساڵە خەریکی ئەوەم.

– ناوم بیستوویت، پێموایە ڕۆژنامان لەسەریان نووسیویت.

لیبدیف، کە لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری کەوتە قسان:

– نا، ئەوەی لە ڕۆژنامانـدا باسکراوە، شرۆڤەکارێکی دیکە بوو، مردووەو من جێی ئەوم گرتووەتەوە.

– باشە، دەشێت وەکو دراوسێیەك، لوتف بفەرموویت و ڕۆژێك بێی چەند پەرەگرافێکی خەونەکانی یوحەنام بۆ ڕاڤە بکەیت ؟ بەڕاستی من هیچیان لێحاڵی نابم.

جەنەڕال ئیڤولگین، کە لە تەنیشت ئاگلایاوە ڕۆنیشتبوو،خوا خوای بوو، دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوێت و بەشداری گفتوگۆیەکان بکات، لە ناکاودا هاتە قسان و گوتی:

– ئاگلایا ئیڤانوفنا، من بە ئەرکی خۆمی دەزانم ئاگادارت بکەمەوە کە هەر هەموو ئەمە تەڵەکەبازیەو لە گیرفانی خۆیەوە دەری دێنێ، باوەڕم پێبکە...

جەنەراڵ ئیڤولگین لەسەر قسەکانی ڕۆیی و گوتی:

– هەڵبەتە، ژیانی گوندی و هاوینەواران خۆشی و سەرگەرمی خۆی دەوێت. بۆ نموونە بانگ کردنی مێملێکی وەکو ئەمە بۆ ماڵەوە، کە خەونەکانی یوحەنا ڕاڤە بکات، یەکێکە لەو سەرگەرمیانە.. یەکێکە لەو کەڵکەڵانە، ڕەنگە کەڵکەڵەیەکی ئاقڵانەش بێ، بەڵام من... ئەوە چیە، بۆ بەو جۆرە سەیرم دەکەی ؟ بە یارمەتیت باخۆمت پێ بناسێنم: من جەنەراڵ (ئیڤولگین)م ئاگلایا ئیڤانوڤنا، من بە منداڵی لە باوەشم گرتوویت .

ئاگلایا، کە بەتۆبزی جڵەوی خۆی گرتبوو تا لە قاقای پێکەنین نەدا. لە بن لێوانەوە گوتی:

– بە ناسینت خۆشحاڵم. من ڤارڤارا ئاردالیونوڤناو نینا ئالکسندروڤنا دەناسم...

لیزاڤیتا پروکوڤیفنا، تورە بوو، لە تورەییدا سوور هەڵگەڕا. ئەو غەزەب و تورەییەی کە لە مێژبوو لە دڵیا پەنگی خواردبووەوە، پێویستی بە مەفەڕێك بوو لێوەی دەربچێت. نەیدەتوانی،

تەحەمولی جەنەراڵ ئیڤولگین بکات، کە لە مێژ بوو دەیناسی. بۆیە بە هەڵچوونەوە قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

– درۆ دەکەیت، خووت بە درۆوە گرتووە ! دەنا قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم کیژەی منت لە باوەش نەگرتووە !

ئاگلایا، خۆی لە قسەکانی هەڵقورتاندو لە پڕێکا گوتی:

– با دایکە. تۆ لە بیرت نەماوە. کە ماڵمان لە تڤێر بوو، هەموو جارێ لە باوەشی دەگرتم. هەنگێ تەمەنم شەش ساڵان بوو، ئێستاش لە بیرمە کە تیروکەوانێکی بۆ دروست کردم، فێری کردم چۆن بەکاری بێنم، کۆترێکم پێکا. لە بیرت نایەت کە کۆترێکمان پێکەوە ڕاوکرد ؟

(ئادیلاید)ش لەولاوە هەڵیدایەو گوتی:

– کڵاوخودێکی کارتۆنی و شمشێرێکی دارینیشی بۆ من دروست کرد. منیش لە بیرمە.

(ئالکسندرا)ش هەڵیدایەو گوتی:

– منیش لەبیرمە. ئێوە، هەردووکتان لەسەر کۆترە بریندارەکە کردتان بە شەڕو ئەوە بوو من هەر یەکەتانم لە سووچێکدا دانا. ئادیلاید، ناچار بوو بە خۆی و کڵاوخودو شمشێرەکەیەوە لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستێت.

کە جەنەراڵ بە ئاگلایای گوتبوو لە باوەشی گرتووە، هیچ مەبەستێکی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت کە زەمینە خۆشبکات بۆ ئەوەی قسەی دەگەڵ بکات، چونکە عادەتی وابوو هەرکاتێ بیویستبایە دەگەڵ کوڕ یان کچێکی گەنجدا ئاشنایەتی پەیدا بکات، بەو قسەیە، وەکو مجامەلە، دەرگای ئاشنایەتی دەگەڵ دەکردنەوە.

ئیدی، ئەمجارە، بە ڕێکەوت و خوا بەختەکی قسەکەی ڕاست دەرچوو، چونکە شتێکی گێڕابووەوە کە بە خۆی لە بیری نەما بوو، کاتێ کە ئاگلایا باسی ڕاوە کۆترەکەی هێنایەوە گۆڕێ، یەکسەر یادەوەرییەکانی زندوو بوونەوە، ڕێك وەکو زۆربەی ئەو پیرەمێرانەی کە ڕابردوویەکی دووری دووریان وەبیردەکەوێتەوە. دیارە ئەستەمە بزانین کە چ شتێکی ئەو بیرەوەرییە، بەو ڕادەیە جەنەراڵی داماوی، ( کە وەکو هەمیشە کەمێ مەست بوو ) هێنایە جۆش، بەڵام دیاربوو کە لە ڕادەبەدەر هاتبووە جۆش و هاواری کرد:

– لە بیرمە، بەڵێ هەر هەموویم لە بیرە! من ئەوسا کاپتنێکی (ملازم) گەنج بووم. تۆ زۆر منداڵ بوویت، جا جوان و زیتەڵە !... نینا ئەلکسندروڤنا!... گانیا گیان!... ئەوسا من هەمیشە هاتوچۆی ئێوەم دەکرد....

خانم یەپانچین، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– بەڵام تەمەشاکە ڕۆژت بە چ ڕۆژێك گەییوە ! هەرچەندە خواردنەوە کارێکی زۆری تێکردویت، بەڵام هەر باشە هەستە مرۆڤانیەکانی نەسڕیویتەوە. بەڵام هاوسەرەکەتت زوخاوە سك کرد، بە داخ و خەفەتەوە کوشتت، لە بری ئەوەی نموونەو سەرمەشقێکی باش بێت بۆ منداڵەکانت، ئەوەندەت قەرزو قۆڵە کرد تا لەو سۆنگەیەوە کەوتیتە زندان. بڕۆ، لێرە مەمێنە، بڕۆ بۆ خۆت کونجێکی چۆڵ پەیدا بکە، بڕۆ، بڕۆ بۆ حاڵی خۆت بگری، بۆ پاکی و بێگەردی لە دەست چووت

بگـری، تۆبـه بکـه، بـەڵکو خواوەنـد لێـت خـۆش بـێ و تۆبـەت لێقـەبووڵ بکـات. دەی هەسـتە بـڕۆ، بەڕاستمە، گاڵتە ناکەم. خێرا بڕۆ، تا زووە پەشیمانی خۆت دەربڕە، هیچ شتێك وەکو پەشیمانی لە ڕابردوو، بۆ مرۆڤ باش نیە، پاکت دەکاتەوە !.

هەڵبەتە پێویستە بە گوتن ناکات کە هەموو ئەو شتانە بەوپەڕی ڕاشکاوی گوتران. جەنەراڵ وەکو هەموو مەی گوساران، فرە هەستیارو دڵناسك بوو، وەکو هەموو ئەو بادەنۆشانەی ئالوودە دەبن و لێدەبنـەوە کـە ڕۆژانـی خۆشـی ڕابـردووی بـیر دەکەوتـەوە زۆری عـەزاب دەچەشـت. هـەر هەسـتاو بەوپـەڕی ملکەچـی و گوێڕایـەڵی بـە نیـازی ڕۆییشـتن، بـەرەو دەرگاکـە ڕۆیـی. لیزاڤیتـا پروکوڤیفنا زۆری بەزەیی پێیدا هاتەوەو بانگی لێکردو گوتی:

– ئاردالیون ئالکسـندروفیچ، برای ئازیز، دەققەیـەك سـەبرکە، ئێمـە هـەمووومان هـەر گوناهـکارین. هـەرکاتێ هەسـتت کـرد کـە ویـژدانت تـۆزێ ئاسـوودە بـووەو کـەمێك هێوریـوە، وەرە دیـدەنیم، تـا کەمێك باسی ڕابردوو بکەین. بە چ مەعلوم من پەنجا ئەوەندەی تۆو زیاتریش، گوناهکار نیم ؟.

کە بینی خەریکە دەگەڕێتەوە، بە نیگەرانیەوە لەسەری ڕۆیی:

– جارێ خوا حافیزت بێ! بڕۆ، تۆ ئیشت لێرە نییە...

کولیا ویستی بەگەڵ بابی بکەوێ، بەڵام میرزادە پێیگوت:

– جـارێ وازی لێبێنـە، لەگـەڵی مـەڕۆ. ئـەگینا مجێـزی تێکدەچـێت و ئـەو خەیاڵـە خۆشـەی لـێ دەشێوێ !

لیزاڤیتا پروکوڤیفنا گوتی:

– ڕاست دەکات ! وازی لێبێنە ! با جارێ بە تەنیا بێ، دوای نیو سەعاتێکی دی بڕۆ بۆ لای .

لیبدیف، زاتی وەبەرخۆی ناو گوتی:

– بەدرێـژایی تەمـەن تـەنیا یـەك کـەڕەت ڕێدەکـەوێ پیـاو حەقیقـەت بژنـەوێ. ئـەم قسـانە خستیانە گریان.

لیزاڤیتا پروکوڤیفنا، لە دەمی دایەوەو گوتی:

– ئەگەر ئەوەی دەربارەی تۆ دەگوترێ ڕاست بێ، تۆش هیچت لـەو زیـاتر نییـە ! تـۆش لـەو باشتر نیت !

بـەرە بـەرە، ڕەئـی و هەڵوێسـتی میوانـەکانی دەوری مـیرزادە، بەرانبـەر بـە یەکـدی دەردەکـەوت. مـیرزادە، هەسـتی بـەوە دەکـرد کـە خانـەوادەی یەپانچـین، یـانی خـانم یەپانچـین و کیـژەکانی، زۆر دڵسۆزانەو ڕاستگۆیانە بە خەمی ئەوەوەن. بۆیە دەرفەتی هێنـاو بەوپـەڕی ڕاسـتگۆیی پێـی گـوتن، کە بەر لەوەی ئـەوان بێن، وێـڕای نەخۆشـی خـۆی و درەنگـی کاتەکـەش، هـەر تـەما بـووە، ئـەو ڕۆژە بچێتە دیدەنیان. لیزاڤیتا پروکوڤیفنا، نیگایەکی پڕ حەقارەتی میوانەکانی دیکەی کردو بەرسڤی دایەوە کە ئێستاش نەچووە بچێت.

پتیتسـن، وەکـو خـووی هەمیشـەیی و ئاسـانگیری خـۆی، یەکسـەر هەسـتاو، بـەو ئومێـدەی (لیبدیف)ش چاوی لێبکات، بۆ ڤێلاکەی لیبدیف ڕۆیی. بەڵام لیبدیف ئەوەندەی پێگوت کە تۆ بڕۆ وا منیش هاتم. ڤاریا کە دەگەڵ کیژەکاندا سەرگەرمی گفتوگۆ بوو، هەر لەوێ مایەوە. ئەو و

گانیا رۆیشتنەکەی جەنەراڵیان پێخۆش بوو. گانیاش، کەمێك دوای پتیتسن هەستاو ڕۆیی. گانیا، لەو ماوە کەمەدا، کە لە بانیژەکەدا، دەگەڵ ماڵباتی یەپانچینەکاندا بەسەری برد، حورمەتی خۆی گرتبوو، نیگاکانی لیزاڤیتا پروکوڤیفنا، کە دووجار سەراپای بەر نیگا دابوو، نەیان پەشۆکاند بوو. ئەوانەی کە پێشتر دەیانناسی، یەکسەر هەستیان کرد کە زۆر گۆڕاوە. ئاگلایا بەم هەڵوێستەی وی زۆر خۆشحاڵ بوو.

ئاگلایا، بە عادەتی هەمیشەیی خۆی کە حەزی لەوە بوو قسان بە خەڵکی ببڕێت، لە ناکاوداو بێئەوەی ڕووی دەمی لە کەسێکی تایبەتی بێت، بەدەنگی بەرز پرسی:

– ئەوە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ بوو کە هەنوکە چووە دەرێ ؟ خۆی نەبوو؟

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، خۆی بوو.

ئاگلایا گوتی:

– خەریك بوو نەیناسمەوە. زۆر گۆڕاوە... لە جاران باشتر بووە .

میرزادە گوتی:

– زۆرم پێخۆشە، کە بەو شێوەیە گۆڕاوە .

ڤاریا، بە هاودەردییەکی ئاشکراو خۆشحاڵییەکی پەنهانەوە هەڵیدایە:

– زۆر نەخۆش بوو.

لیزاڤیتا پروکوڤیفنا، بە دەنگێکی توڕەو بە نیمچە سەرسامیەکەوە پرسی:

– چ شتێکی باشتر بووە ؟ ئەمەت لە کوێوە دەرهێنا ؟ ئاخر باشتر بوونەکەی کامەیە ؟

کولیا، کە هێشتا بە دیار کورسیەکەی لیزاڤیتا پروکوڤیفناوە وەستا بوو، لەپڕ هەڵیدایەو گوتی:

– حەیف نییە پیاو هەر(سوار چاکێکی لات*) نەبێت .

میرزادە (س) بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– منیش هەمان ڕەئیم هەیە.

ئادیلاید گوتی:

– منیش هەمان ڕەئیم هەیە .

خانم یەپانچین، سەرسام و توڕە نیگایەکی هەردووکیانی کردو گوتی:

– مەبەستتان لە (سوارچاکی لات) چیە ؟

کە بینی ئاگلایا سوور بووەوە، بە توڕەیی لە سەری ڕۆیی:

– قسەی قۆڕو بێ مانا ! ئەم "سوارچاکە لاتە" کێیە ؟

ئاگلایا، بە توڕەییەکی زۆرەوە بەرسڤی دایەوە:

– چما ئەمە یەکەمجارە ئەم منداڵە نەگریس و بەدفەڕە، ئەم دەسکەگوڵەی تۆ، قسەی خەڵکانی دی هەڵگێڕێتەوە ؟

ئاگلایا، زۆرجار توڕە دەبوو، زوو زوو هەڵدەچوو، بەڵام توڕەییەکەی، زیاتر لە تۆرانی سادەو ساکاری منداڵ دەچوو. کە پیاو بەو حاڵەوە دەیبینی ، پێکەنین دەیگرت، جڵەوی پێکەنینی خۆی پێنەدەگیرا. ئیدی ئەم پێکەنینە بە جارێ دەهری دەکرد، چونکە سەری لەوە دەرنەدەکرد کە بەچی پێدەکەنن‌و لە دڵی خۆیدا دەیپرسی: "چۆن زات دەکەن بەو پێبکەنن ."

ئەمجارەیان هەردوو خوشکەکەی‌و میرزادە (س) یش پێکەنین، تەنانەت میرزادە ( لیون نیکولایوفیچ )ش هەرچەندە نازانین بۆ سوور بوو بووەوە! بزەیەکی بۆ کرد. کولیا کە سەرکەوتبوو، پڕ بەزار قاقای لێدەدا. ئاگلایا توڕە بوو، ئەم توڕەییە هێندەی دی جوانی کرد. ئەو توڕەیی‌و نیگەرانیەی کە هەستی پێکردن هێندەی دی جوانیان کرد. ئاگلایا لەسەری رۆیی‌و گوتی:

– باشە ئەم کوڕە هەر ئەوە پیشەی نەبووە، هەمیشە هەر قسەکانی تۆی هەڵنەگێڕاوەتەوە ؟

کولیا گوتی:

– من هیچم نەگوتووە، تەنیا قسەیەکی خۆتم دووبارە کردووەتەوە. نزیکەی مانگێ لەوە پێش کاتێ کە "دۆنکیشۆت"ت دەخوێندەوە بە خۆت گوتت هیچ شتێك لە "سوارچاکێکی لات" باشتر نییە. هەنگێ نەمدەزانی مەبەستت کێیە : مەبەستت دۆنکیشۆتە، یەڤگینی پاڤلوڤیچە، یان کەسێکی ترە ؟ بەڵام بە قسەکانتا دیاربوو کە کەسێکت مەبەستەو گەنگەشەو قسەیەکی زۆریش لەو بارەیەوە کرا .

خانم یەپانچین، بە توڕەیی قسەکەی پێبڕی:

– کوڕۆ، هەستدەکەم لە مەزەندەکانتا زیادەڕۆیی دەکەی... زیادی پێوە دەنەی .

کولیا بەرسڤی دایەوە:

– هەر من وا دەڵێم ؟ هەمووان وا دەڵێن. تۆزێ لەمەپێش میرزادە (س) و ئادیلاید ئیڤانوڤنا و خەڵکانێکی دیکەش گوتیان کە لایەنگری "سوارچاکی لات"ن . کەواتە ئەم سوارچاکە هەیە، من پێموایە ئەگەر ئادیلاید ئیڤانوڤنا زوو پاشەکشەی نەکردبا، لە مێژ بوو دەمانزانی ئەو سوارچاکە لاتە کێیە.

ئادیلاید، بە پێکەنینەوە پرسی:

– خەتای من چیە ؟

– خەتای تۆ ئەمەیە کە قەبووڵت نەکرد پۆرترێتێکی ئەومان بۆ بکێشیت ! هەرچەندە ئاگلایا ئیڤانوڤنا تکای لێکردیت کە ئەو کارە بکەیت‌و تەنانەت هەموو تەفسیلاتێکی وێنەکەی وەکو لای خۆی تەسەوری کردبوو، بۆ شرۆڤە کردیت، بیرت نایەت ؟ بەڵام تۆ نەتویست...

– ئاخر کاری وا چۆن دەکرێت، وێنەی کێم بکێشایە ؟ ئەو سوار چاکە لاتەی کە بۆ من باسکرا، پیاوێك بوو:

کەس چارەی نەبینی بوو.
شەو و رۆژ کڵاوخودی لەسەر بوو.

دەبوا چ چارەو سیمایەکی بدەمێ ؟ چیم وێنە بکێشایە ؟ کلاوخود؟ دەمامکی پۆلایین؟ وێنەی کەسێکی بێ دەموچاوم بکێشایە ؟

خانم یەپانچین، بە بێزارییەوە گوتی:

– ئەوە باسی چ دەکەن ؟ هیچ تێناگەم ! ئەم کلاوخودو دەمامکە پۆلایینە چیە کە باسی دەکەن؟

بە سیمایدا دیار بوو کە دەزانێت مەبەست لەم سوارچاکە لاتە کێیە ( پێدەچوو، دەمێك بێ لە خەیاڵی خۆیدا دیاری کردبێت ).

ئەوەی خانم یەپانچینی پەست دەکرد، ئەو پەشۆکانە ئاشکرایە بوو کە بە سیمای میرزادە لیون نیکولایوفیچەوە دیاربوو، بە جۆرێ دەموچاوی سوور هەڵگەڕا بوو لە تۆ وایە منداڵێکی دە ساڵانە. خانم یەپانچین درێژەی دایێ:

– ئەم گەوجە گەوج و شۆخیبازییە کەی دەبڕێتەوە ؟ چیرۆکی ئەم سوار چاکە لاتەم بۆ باس دەکەن یان نا ؟ یانی ئەوەندە نهێنییەکی گەورەیە کە باس نەکرێت ؟

هەموو، بە جارێ لە قاقای پێکەنینیان دا.

میرزادە (س) کە بە ئاشکرا حەزی دەکرد، بابەتەکە بگۆڕێ، هەڵیدایەو گوتی:

– مەسەلەکە، شیعرێکی رووسی عەنتیکەیەو هیچی دی . شیعرێکە نە سەری هەیەو نەبن، دەربارەی بابایەکی سوارچاکی لاتە. نزیکەی مانگێ لەوەپێش، ئێوارەیەك دوای شێو، بەدەم گفتوگۆو پێکەنینەوە لە بابەتێك دەگەڕاین کە ئادیلاید بیکات بە تابلۆیەك. تۆ بە خۆت دەزانی، لە کۆنەوە دۆزینەوەی بابەت بۆ تابلۆکانی ئادیلاید بووە بە ئەرکی خانەوادەکە. یەکێکمان، لە بیرم نەماوە کێ بوو، پێشنیازی کرد کە ئەم سوارچاکە لاتە بکات بە تابلۆ و وێنەی بکێشێت.

کولیا هاواری کرد:

– بیرۆکەی ئاگلایا ئیڤانوڤنا بوو!

میرزادە (س) لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– دەبێت، بەلام من لە بیرم نەماوە. ئیدی هەندێك گاڵتەیان بە بابەتەکە هات و هەندێکی دی گوتیان هیچ شتێك لەمە باشتر نییە، بابەتە ئەمما بابەت. بەلام دەبێ گونجاوترین دەموچاوی بۆ بێنە هەڵبژاردن. ئیدی هەموو کەوتینە بیرکردنەوە تا بزانین لە نێو دەموچاوی ئاشناو دۆستەکانی خۆماندا دەموچاوی کێ لەم بابەتە دێت. بەلام هەرچی بیرمان کردەوەو، سەرمان هێناو سەرمان برد، لەسەر دەموچاوی هیچ کەسێك نەگیرساینەوە. ئەمە حاڵ و حیکایەتەکە بوو. ئیدی نازانم بۆچی نیکولا ئاردالیونوفیچ، لەم کاتەدا ئەو بابەتەی وەبیر هاتووەتەوە. ئەو بابەتە بۆ ئەو کاتە خۆش بوو، بەلام ئێستا نە تامی هەیەو نە بایەخ .

لیزاڤیتا پروکوڤیفنا، بە توڕەیی گوتی:

– چونکە ژێراو ژێر مانای ناخۆشی تیایە.قسەیەکی بەنێش وئێشە.

ئاگلایا، کە زەوقی هاتبووەوە تایم و بە تەواوەتی بەسەر خۆیدا زاڵ بوو بوو، لە ناکاوا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، زۆر بە جدی گوتی:

– هەرگیز شتی وا نییە ؟ بە پێچەوانەوە، ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتی تیایە.

بە گـوێرەی هەنـدێ قەرینـەو نیشـانان لـەوە دەچـوو بـە بڵاوبوونـەوەی زیـاتری ئـەم چـیرۆکە خۆشحاڵ بێت، کە هەستی کردو بینی نیگەرانی میرزادە سات بە سات زیاتر دەبێت، بە جارێ هاتە زەوق. لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری.

– هەوەڵجار وەکو شێت پێدەکەنن و، پاشان باسی ئەوپەڕی ڕێزو حورمەت دەکەن ! ئەمە شێتاتیە یـان ڕێـزو حورمـەت ؟ دەی پـێم بڵـێ، چـۆن لـە ناکـاوا ئەمـەت بـە بیراهـات ؟ پـێم بڵـێ ئـەم ڕێـزو حورمەتەت لە کوێوە بۆ هات ؟

ئاگلایا، بە هەمان سەنگینی و ویقارەوە، بەرسڤی پرسیارە توندو تیژەکەی دایەوەو گوتی:

– کە باسی ڕێزو حورمەت دەکەم، لەبەر ئەوەیە ئەم قەسیدەیە باسی پیاوێك دەکات کە باوەڕی بە یەك ئایدیال هەیەو کوێرانە هەموو ژیانی لە قەبەڵی ئەو ئایدیاڵ و ئارمانجە کردووە. کە شتی وا لەم سەردەمەی ئێمەدا یان لە بنی نییە یان ئەگەر هەبێ یەجگار کەمە. لە قەسیدەکەدا دیار نییە کە ئایـدیاڵی سوارچاکە لاتەکـە چیە، ئایدیالەکـەی دیـاری نـەکراوە. بـەڵام بـە ئاشـکرا دیـارە کـە تەجەلی خەیاڵی خالیسەو جوانی ڕووتە، تەنانەت ئەم سوارچاکە شەیدا دڵە، لە جیاتی دەسماڵ، تەزبیحێك لە ملی خۆی دەئاڵێنێ. ڕاستە ئەم شیعرە، ڕەمزێکی هەندێ گۆنگ و نامەفهومی تیایـە کە بریتییە لە حەرفێن "ئا. م. ب*" کە لەسەر قەڵغانەکەی نەخشێنراوە.

کولیا، بۆی ڕاست کردەوەو گوتی:

– " ئا. م.د "

ئاگلایا، بە تەشەرەوە گوتی:

– مـن حـەز دەکـەم بڵـێم " ئـا. م. ب "و ژێـوانیش نابمـەوە. بـە هـەرحاڵ یـارۆی سوارچـاکی لات، بەلایەوە گرینگ نییە دلبەرەکەی،خانمەکەی (سیدتە) کێیە، چیدەکات، چ کارەیە. گرینگ ئەوەیە بەگەنی کردووەو هەڵیبژاردووە، دڵبەندی "جوانیە پاك و خاڵیسەکەیەتی" و هـەتا هەتایـە کڕنۆشـی بۆ دەبات ، دەیپەرستێ. شکۆی ئەشقی ئەم سوارچاکە لاتە لەوەدا بوو کە ئەگەر ئەم دلبـەرەی ئـەو دواتـر تەنانـەت دەسـت بداتـە دزیـش، ئـەو هـەر بـەڕەڤانی لێـدەکرد، بـاوەڕی پێـی لـەق نـەدەبوو و شـەڕە شمشـێری لەسـەر "جوانیـە خاڵیسـەکەی" دەکـرد. لـەوە دەچـێ شـاعیر ویسـتبێتی لـە وێنەیـەکی دەگمـەن و ئاوارتـەدا چەمکی قـووڵ و بـەرین و پـاکی ئەشـقی سوارچـاکی و ئـەفلاتوونی بەرجەستە بکـات. بـەڵام ئـەم ئایدیالـە لـەلای "سوارچاکە لاتەکە" نـەك هـەر دەگاتـە لوتکـە، بـەڵکو دەگاتە خەڵوەت نشینی و چلەکێشان. هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەین کە ئەم هەست و سۆزە، کە خۆی لـە خۆیـدا سـەبرو حەوسـەڵەیەکی زۆری دەوێ، ورەیـەکی بـەرزی دەوێ، گاڵتـە نییـە، گاڵتـەی پێناکرێت، هەستێکی قووڵ و مایەی ستایشە، با بشوبهێتە سەر دۆنکیشۆتیش، ئەم سوار چاکە لاتە دۆنکیشۆتە، دونکیشۆتێکی جدی نەك کۆمیدی. من لە سەرەتاوە لێی نەدەگەییشتم، نەك بیروهـزری ئـەوم بـۆ دەرك نـەدەکرا، بـەڵکو گاڵتەشـم پێـی دەهـات. بـەڵام هەنوکـە "سوارچـاکە لات)ەکەم خۆش دەوێ، ڕێزی بوێری و هەڵوێستەکانی دەگرم.

ئاگلایا، قسەکەی خۆی تەواو کرد. بێدەنگ بوو. هەرچەند تەمەشات دەکرد، زۆر زەحمەت بوو بتوانی بزانی ئەو قسانەی بەجدی بوو یان سوعبەت وڕابواردن بوو.

خانم یەپانچین هەڵیدایە:

– بێگومان، ئەم " سوارچاکە لاتە "، هەرچەندە تۆ زۆرت بە بوێریو هەڵوێستەکانیا هەڵدا، پیاوێکی شەواكو گێل بووە. بەڵام تۆ، کچەکەم محازەرەیەکی دوورو درێژت پێگوتینەوە. پێموایە بەخۆتیش چاك بزانیت کە باشت نەکرد، تۆو ئەم وەعز دادانەیان نەگوتووە. ئەو شیعرە چۆنە؟ ئەگەر لەبەرتە بۆمی بخوێنەوە. هەرچەندە بە عەمرانم حەزم لە شیعر نەکردووە، بەڵام زۆر حەز دەکەم گوێم لێی بێ...

هەنگێ کە دیار بوو زۆر پەست و تورەیە، رووی کردە میرزادە لیون نیکولایوفیچ و گوتی: میرزادە بێزەحمەت تەحەمول بکە، حیلمت بێ، حیلمو سەبر بۆ منو تۆ باشترین شتە.

میرزادە ویستی شتێك بڵێت، بەڵام لەبەر نیگەرانیو شپرزەیی خۆی، نەیتوانی تاقە وشەیەکیش بڵێت. تەنیا ئاگلایا کە رێگەی بەخۆی دابوو ئەو هەموو "وەعزخوانیە" بکات، بە هیچ جۆرێ نەك هەر خۆی شێلو نەدەکرد. بەڵکو خۆشحاڵو بە کەیفیش دیاربوو. لە پڕ لە جێی خۆی هەستا، رێك بە هەمان ویقارو سەنگ و رەنگی پێشووەوە. وەکو ئەوەی پێشوەختە خۆی بۆ خوێندنەوەی ئەو شیعرانە ئامادەکردبێتو، چاوەڕوانی یەکێك بێت تەکلیفی لێبکات. رێك خۆی گەیاندە ناوەڕاستی بانیژەکە، لەبەردەم میرزادەدا، کە هێشتا لەسەر کورسیەکەی خۆی دانیشتبوو، ڕاوەستا. هەموو بەسەرسامی تەمەشایان کرد.

میرزادە (س)، هەردوو خوشکەکەی ئاگلایا، دایکیو هەموو ئامادەبووان، لەم پڕکێشییە منداڵانەیەی ئەو، کە تۆزێك لەحەد دەرچوو بوو، نیگەران بوون. بەڵام بە ئاشکرا دیاربوو کە ئاگلایا لەم ڕەفتارو زەمینەسازییەی خۆی، بۆ خوێندنەوەی شیعرەکە ڕازیو خۆشحاڵ بوو. لیزاڤیتا پروکوڤیفنا بە نیازبوو ڕێی لێبگرێتو بێگەڕێنێتەوە سەر جێگاکەی خۆی، بەڵام دەقاو دەق لەو دەمەدا کە ئاگلایا خەریك بوو دەست بەخوێندنەوەی شیعرەکە بکات، دوو میوانی تازە، کە بەدەنگی بەرز قسانیان دەکرد، لە جادەکەوە سەرکەوتنو خۆیان بە بانیژەکەدا کرد. میوانەکان جەنەراڵ ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچین بوو لەگەڵ کوڕێکی گەنجدا. هاتنی ئەوان،جۆرە سەرسامییەکی لای ئامادەبووان دروستکرد .

پەراوێز:

* –"... هەزارەمین ساڵیادی دامەزراندنی رووسیا...": ئەو ڕۆژەی هاوینی ساڵی ١٨٦٢، کە زنجیرە ئاهەنگێکی گەورەو بە شکۆی تیادا سازکرا، ئەو ڕۆژە بوو کە هەزار ساڵ بە سەر چوونی میری یەکەم، رۆرێك، بۆ نوڤوگوردود، لە ساڵی ١٠٦٢دا تێپەڕی بوو. ئەوسا مینیمونتێك بەو بۆنەیەوە دامەزرا، کە تا ئێستا ماوە.

* –"... سوارچاکی لات...": چامەیەکی پوشکینی شاعیرە کە لە ساڵی ١٨٣٠دا دایناوە، لەو چامەیەدا باسی سوارچاکێکی سەدەکانی ناڤین دەکات کە مریەمی پاکیزەی کردووەو بەخانمی نموونەیی و ئایدیالی خۆی .

* –"... سوار چاكە لاتەكە، ئەم سێ پیتەی " ئا. م. د" كردبوو بە دروشم و ئارمی خۆی، كە بریتییە لە پیتی یەكەمی سێ وشەی لاتینی كە بە مانای ( سڵاو ئەی دایكی خوا) دێت. بەڵام ئاگلایا پیتی "د"كەی گۆڕی بە "ب" كە دەكاتە پیتی یەكەمی ماڵباتی ناستاسیا فیلیپوڤنا باراشكۆفا. دوای تۆزێك بە ئاشكرا پیتێن "ن.ف.ب" جێی پیتێن "ئا. م. ب" دەگرنەوە.

## فەسڵی حەوتەم

ئەوكوڕەی لەگەڵ جەنەراڵ یەپانچیندا بوو، گەنجێكی نزیكەی بیست و هەشت ساڵ بوو. باڵا بەرزێكی چالاك و چەلەنگ، بە سەروسیما وریاو زیرەك بوو، دووچاوی درشتی رەشی پێوە بوو كە شۆخ تەبعیان لێدەباری. ئاگلایا، هەر ئاوڕیشی لێنەدایەوە، بەشێوەیەكی جیلوەفرۆشانەی ئەوتۆوە لە سەر خوێندنەوەی شیعرەكە بەردەوام بوو، وەكو ئەوەی تەنیا چاوی لە میرزادە بێ و رووی دەمی لە كەس نەبێ، تەنیا لەو نەبێت. میرزادە، یەكسەر هەستی كرد كە ئەم ماستە موویەكی تایبەتی تیایە. بەڵام هەرچۆنێك بوو هاتنی میوانە تازەكان كەمێك هێوری كردەوە. میرزادە، بە دیتنی وان ئاخێزێكی كردو لە دوورەوە سەری رێزی بۆ جەنەراڵ دانەواندو بە ئاماژەی دەست تێیگەیاند كە خوێندنەوەی شیعرەكە بە ئاگلایا نەبڕێت. ئەوجا چوو لە پشت كورسیەكەی خۆیەوە وەستا، ئانیشكی چەپی دادایە سەر پشتی كورسیەكە، تا بە متمانەیەكی زیاترو پەریشانییەكی كەمترەوە، گوێ لە قەسیدەكە بگرێت، نەك بەشێوەیەكی كۆمیدی بە دانیشتنەوە لە قەنەفەكەیدا نقوم ببێت. لیزاڤیتا بروكوڤیفناش، لەلای خۆیەوە دوو جاران بە ئاماژەی دەست و سەر دەستووری بە جووتە میوانە تازەكە دا كە لە شوێنی خۆیان بوەستن.

میرزادە، هەر لە خۆوە، هەستی بە جۆرە رێزو خۆشەویستییەكی تایبەتی بەرانبەر بەو كوڕە گەنجە كرد كە دەگەڵ جەنەراڵدا هاتبوو. بە مەزەندە وای بۆ چوو كە ئەمە هەمان ئەو یەڤگینی پاڤلوفیچ رادومسكییەیە كە زۆری لە بارەوە بیستبوو و چەند جارێكیش بیری لێكردبووەوە. بەڵام ئەو جل و بەرگە مەدەنیەی بەری سەری لێشێواندبوو، چونكە بیستبووی گوایە یەڤگینی بافلوفیچ پیاوێكی سوپاییە نەك مەدەنی*. بە درێژایی ماوەی شیعر خوێندنەوەكە، بزەیەكی تەوسامێز، ناو بە ناو بەسەر لێوییەوە هەڵدەهات و زوو ئاوا دەبوو. كە لەوە دەچوو ئەویش شتێك لەمەڕ چیرۆك و سەربهوردی " سوارچاكە لاتەكە " بزانێت.

میرزادە بە خۆی گوت: " لەگینە هەموو ئەمە زادەی خەیاڵ بێ ".

بەڵام ئاگلایا، باری دەروونی زۆر جیاواز بوو. ئەو خۆنوێنییەی كە لە دەستپێكی خوێندنەوەی چامەكەوە نیشانی دەدا، نەما، گۆڕا، بوو بە سۆزێكی مەنگ و ئاوێتەی مانای بەیتە شیعرەكان بوو، ئەوەندە بە جوانی خوێندییەوە، نەك هەر ڕوحی بە بەر چامەكەدا كرد، بەڵكو بە

جۆرێ سەرنجی هەمووانی ڕاکێشاو نێوەڕۆك‌و مانای شیعرەکەی بەرجەستە کرد. کە هەندێ لە ئامادەبووان، پاکانەیان بۆ خۆ نواندنەکەی سەرەتا دەهێنایەوەو دەیانگوت ئەو هەموو خۆنوێنی‌و جیلوەفرۆشییە، خۆی لە خۆیدا ڕێزو حورمەتێکی زیرەکانەی کیژێیە بۆ ئەو چامەیەی کە خوێندییەوە .

چاوانی دەدرەوشانەوە، دووجار، سووکە تەزوویەکی پێواری (نەدیار) حەماسەت ئامێز، رووە دڵڕفێن‌و جوانەکەی ڕوناککردەوە.

ئەمەش ئەو بەیتانەیە کە خوێندنیەوە:

ڕۆژێ لە ڕۆژان
سوارچاکێکی هەژار
کڕو کپ و سادەو بێدەنگ
سیما خەمین‌و ڕەنگ زەرد
بەڵام روح پاك‌و دلاوەر
خەونێکی بینی
زۆر کاری لەدڵ‌و دەروونی کرد
ئیدی لەو ڕۆژەوە
تەمەشای ژنانی تەرك کرد
تا مردیش زاری لە
زاری ژن نەگەڕا.
لە جیاتی دەسماڵ
تەزبێحێکی لە مل ئالاند.
دەمامکێکی ئاسنینی کرد
شەوو رۆژ دای نەدەکەند.
کڵاوخودێکی لەسەر نا
شەوو ڕۆژ دای نەدەکەند
کەس سەروچاوی نەدەبینی
دڵی تەژی خۆشەویستیەکی پاك بوو
بە ئەمەك‌و وەفادار
خۆی لە قەبەڵی خەونەکەی کرد
بەخوێنی خۆی لەسەر قەڵغانەکەی
لە جیاتی ناوونیشان
حەرفێن "ئا. م. د"ی نووسی بوو
لە بیابانی کاکی بە کاکی دوورە دەستی
فەلەستینا لە کاتێکا

پاڵەوانان، سوارچاکان، بە
جۆش و خرۆشەوە
دەچوونە مەیدانی شەڕ
بروسکە ئاسا پەلاماریان دەدا
ناوی مەحبوبەکانی خۆیان دەبرد
پڕ بەزار ، بەدەم هێرشەوە، هاواری کرد
ئەی ڕوناکی ئاسمان، ئەی ڕۆژای پیرۆز!
فریام کەوە، دەست بدە باڵم
ئیدی بروسکە ئاسا پەلاماری دەدا
سەری دژمنی دەپەڕاند.
کە بۆ شوێنی خۆی گەڕایەوە
کونجی خەڵوەتی گرت، وەکو ڕەبەنان
هەمیشە بێدەنگ، هەمیشە خەمین ژیا
تا مەرگ ، مەلی ڕوحی ئازاد کرد
خەڵکی بە شێتیان ناو دەبرد .

کاتێ میرزادە، دواتر، ئەو ساتانەی بیر دەکەوتنەوە، تا ماوەیەکی زۆر دەحەپەسا، زۆری لەبەر گران بوو کە وەڵامی ئەم پرسیارەی پێ نەدەدۆزرایەوە: چۆن دەتوانن هەست و سۆزێکی ئەوەندە ڕاستگۆیانە، ئەوەندە ڕەسەن و جوان، ئاوێتەی تەوس و توانجێکی ئەوەندە ئاشکرا، ئەوەندە بێ پەردە، ئەوەندە زەق و خراپ بکەن ؟ گومان لەوەدا نەبوو کە تانەو تەشەرێك لە ئارادایە، بەڵگەی بێ چەندو چوونیشی ئەوە بوو: ئاگلایا بەدەم خوێندنەوەی شیعرەکەوە، ڕێی بە خۆی دابوو پیتێن (ئا. م. ب) بگۆڕێت بە پیتێن (ن. ف. ب). میرزادە دڵنیا بوو کە بە هەڵەدا نەچووەو بە هەڵە گوێی لەو بەیتە نەبووەو ( پاشان دروستی ئەم بیرە دەرکەوت )، بە هەرحاڵ تانەو تەشەرەکەی ئاگلایا – کە بێگومان سوعبەتێکی بە نێش و ئێش و گەوجانە بوو– بە ئانقەست بووە. "سوارچاکی لات" پێش ئەوە، مانگێك بوو، کە وتبووە سەر زاری هەموویان و مایەی سوعبەت و پێکەنینیان بوو.

بەڵام کاتێ میرزادە، دواتر بەم یادەوەریانەدا چووەوە، گەییە ئەو قەناعەتەی کە ئاگلایا ئەم پیتانەی "ن. ف. ب" نەك هەر بە غەرەزو تانەو تەشەرەوە ئەدا نەکرد، بەڵکو بە هێمنی و ئارامی و سادەیی و بێگەردییەکی ئەوتۆوە ئەدای کردن، کە پیاو وا هەست بکات کە ئەم پیتانە لە بنەڕەتدا بەشێك بوون لە دەقی شیعرەکە .

بە هەرحاڵ، میرزادە، پاش ئەوەی گوێی لە چامەکە بوو، هەستی بە دڵتەنگییەکی ناخۆش کرد. هەڵبەتە لیزا ڤیتا پروکوڤیفنا هەستی بە گۆڕینی پیتەکان و نیازو مەبەستی پەنهانی پشت ئەم گۆڕینە نەکردبوو. جەنەراڵ ( ئیڤان فیدوروفیچ )ش جگە لە خوێندنەوەی شیعر، هەستی بە هیچ شتێکی دی نەکرد، بەڵام گەلێك لە گوێگرەکانی دی هەستیان بە مەبەستەکەی ئاگلایا

کردبوو، و ئەم پڕکێششییەی ئەویان بەلاوە سەیر بوو، بەڵام بەردێکیان لەسەر دانابوو و خۆیان لێ بە خاوەن نەکردبوو. بەڵام یەڤگینی باڤلوفیچ نەك هەر هەستی پێکرد بوو ( میرزادە ئامادە بوو گرێو لەسەر ئەمە بکات )، بەڵکو هەوڵیشی دەدا، ئەم مەسەلەیە لەوانی دیکەش بگەیەنێ، بزەو پێکەنینەکەی لە ئەندازە بەدەر تەوسامێز بوو.

هەرکە خوێندنەوەی چامەکە تەواو بوو، خانم یەپانچین، لە ناخی دڵەوە، بەوپەڕی شەوق و زەوقەوە هاواری کرد:

– چەند جوان بوو! ئەمە شیعری کێیە ؟

ئادیلاید گوتی:

– هی پوشکینە دایکە.. حەیامان مەبە ! کەس هەیە نەزانێ هی پوشکینە ؟

لیزاڤیتا پروکوڤیفنا، بە گلەیی و گازاندەوە گوتی:

– ئینسان دەگەڵ ئێوەدا هێندەی دی گەوج و گەمژە دەبێ! بەڕاستی عەیبە ! هەرکە گەڕاینەوە بۆ ماڵ ! ئەم شیعرەی پوشکینم بدەنێ !

– پێموایە هیچ شیعرێکی (پوشکین)مان لە ماڵەوە نییە .

ئەلکسندرا گوتی:

– با! ئەوەندەی من لە بیرم بێ، هەمیشە دوو بەرگی شڕو وڕی شیعرەکانی ئەومان، لە ماڵەوە هەبووە!

– هەر ئێستا، یەکێك بۆ شار بنێرن تا شیعرەکانی پوشکین بکڕێت. با ئەلکسی یان فیدور، یەکێکیان بە یەکەم قیتار بڕۆن. ئەلکسی بڕوات باشترە. ئاگلایا، وەرە! ماچم بکە! ئافەرین شیعرەکەت زۆر جوان خوێندەوە. بە ڕاستی ئافەرین !

ئەوسا، بە ئەسپایی و لە بن لێوانەوە لەسەری ڕۆیی:

– بەڵام ئەگەر مەبەستت ئەوە بووبێ گاڵتە بەو بکەی، من لەگەڵ ئەم ڕەفتارەتدا نیم، چونکە لەم حاڵەدا باشتر وابوو شیعرەکە لە بنی نەخوێنیتەوە، لێم تێدەگەی ؟ ئێستا بڕۆ، دوایی باسی دەکەین. درەنگە، لە مێژە لێرە دانیشتوین.

لەم کاتەدا، میرزادە، خێرهاتنی جەنەراڵ ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچینی کردو (یەپانچین)ش یەڤگینی پاڤلوڤیچ رادومسکی بە میرزادە ناساند:

– من لە ڕێگا تووشی بووم. تازە لە قیتار دابەزی بوو و یەکسەر چوو بوو بۆ ماڵی خۆمان، لەوێندەر پێیان گوتبوو کە من بۆ ئێرە دێم و هەموو خانەوادەکەش لێرەن..

یەڤگینی پاڤلوڤیچ، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– هەروەها زانیم کە تۆش لێرەیت و، من زۆر لە مێژە حەزم دەکرد نەك هەر تەعاروفت دەگەڵ بکەم، بەڵکو دۆستایەتیشت بکەم. ئیدی لە دڵی خۆما گوتم دەرفەتی لەمە باشترم بۆ هەڵناکەوێ، با ئەم دەرفەتە لە دەست نەدەم... چ خێرتە ! نەخۆشیت ؟ باوەڕبکە ئێستا، تۆزێ لەمە پێش زانیم نەساغی....

لیون نیکولایوفیچ، بەدەم تەوقە کردنەوە گوتی:

– حاڵی حازر عەیبم نیە، حاڵم زۆر باشە، بە دیدارت خۆشحاڵم، زۆر شتم لە بارەی تۆوە بیستووە، تەنانەت دەگەڵ میرزادە (س)شدا باسم کردویت.

بەدەم ئەو مجامەلانەوە، بە گەرمی دەستی یەکتریان گوشی و چاویان لە دوڕ چاوی یەکدی بڕی. گفتوگۆیەکەیان زوو بە زوو گۆڕاو بوو بە قسەو باسی گشتی. میرزادە هەستی کرد ( ئێستا زۆر هەستیار بوو بوو، نەك هەر هەستی بە شتە دیارەکان، بەڵکو هەستی بەشتە پەنهانەکانیش دەکرد ) هەموو ئامادە بووان، سەریان لەوە سوڕمابوو کە یەڤگینی باڤلوفیچ جلی مەدەنی لە بەرە نەك جلکی سوپایی... هەڵبەتە ئەم کارە خۆی لە خۆیدا ئەوەی دەگەیاند کە دەبێ ڕووداوێکی گرینگ پێشهاتبێت. ئادیلایدو ئەلکسندرا، حایرو سەرسام کەوتنە پرسیاری هۆی ئەم کارە. یانی بۆچی جلی مەدەنی لە بەرکردووە. میرزادە (س) کەخزمی رادومسکی بوو، نیگەرانیەیەکی زۆری پێوە دیاربوو. جەنەراڵ، بەڕادەیەك شپرزە بوو کە دەنگی دەلەرزی. تەنیا ئاگلایا زۆر هێدی و هێمن بوو، وەك دەڵێن مێشی میوان نەبوو. بە کونجکاوی نیگایەکی یەڤگینی باڤلوفیچی کرد، لە تۆ وایە گەرەکیەتی بزانێ ئاخۆ جلکی مەدەنی زیاتر لێدێت یان جلکی سوپایی، بەڵام دوای تۆزێك رووی وەرگێڕاو هەر تەمەشاشی نەکردەوە. ( لیزاڤیتا پروکوڤیفنا )ش، هەرچەندە جۆرە نیگەرانیەکی، پێوە دیاربوو، بەڵام هیچ پرسیارێکی لێنەکرد. میرزادە، هەستی کرد کە خانم یەپانچین، کەمێك دەگەڵ یەڤگینی پاڤلوفیچدا ساردە.

ئیڤان فیدوروفیچ، بەدەم وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانەوە دەیگوت و دەیگوتەوە:

– بەڕاستی زۆر سەرم سوڕما، کاتێ لە پترسبۆرگ، بە جلکی مەدەنییەوە دیتم، بەڕادەیەك سەرم سوڕما کە باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد. لە دڵی خۆدا گوتم ئەم گۆڕانە کوتوپڕە چیە ؟ ئەمە چ مەتەڵ و لەگەزێکە ! خۆ ئەو بەخۆی دەیگوت پەلە کردن باش نیە، پەلە کردن کاری شەیتانە.

لە کۆی ئەو قسانەدا دەربارەی ئەو مەسەلەیە، ئەوە دەرکەوت کە یەڤگینی پاڤلوڤیچ، دەمێ بوو باسی ئەوەی کردبوو کە بە نیازە واز لە خزمەتی سوپایی بێنێ. بەڵام کە دەهاتە سەر ئەو باسە، ئەوەندە بەلامسەرلایی باسی دەکرد کە کەس باوەڕی پێنەدەکرد. ئیدی عادەتی وابوو بە شۆخییەکی ئەوتۆوە باسی مەسەلەێن جدی دەکرد، کە خەڵکی نەیاندەزانی باوەڕی پێبکەن یان نا، بە تایبەتی ئەو جارانەی کە خۆی ویستبای خەڵکی چەواشە بکات و بیانخانە گومان و دوو دڵییەوە .

یەڤگینی پاڤلوڤیچ، بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– بەڵام تا ماوەیەك واز لە خزمەتی سوپایی دێنم، بۆ چەند مانگێك، ئەوپەڕەکەی بۆ ماوەی ساڵێك.

جەنەراڵ، بەوپەڕی گەرم گوڕی گوتی:

– بەڵام، ئەوەندەی من ئاگادارم، ئەوەندەی من ئاگام لە کاروبارت هەیە، پێویستی بەمە نەدەکرد.

– بەڵام لەسەر قسەی تۆ، گەرەکمە سەرێکی موڵکەکانم بدەم، ئەدی بە خۆت پێت نەگوتم ؟ وێڕای ئەمەش نیازی سەفەرێکی هەندەرانم هەیە...

زوو بە زوو ڕێڕەوی گفتوگۆکان گۆڕا، بەڵام لەوە دەچوو میرزادە، گیرۆدەی نیگەرانی و بێ ئۆقرەییەکی دژوار بێت و نەیدەزانی هۆیەکەی چیە.

یەڤگینی باڤلوڤیچ رادومسکی، چووە لای ئاگلایاوەو گوتی:

– چیە هەمدیس باسی " سوارچاکە لاتەکە " هاتووەتەوە گۆڕێ ؟.

میرزادە، سەری لەوە سوڕما کە بینی، ئاگلایا بە نیگایەکی پڕ سەرسامی و پرسیار ئامێز جوابی یارۆی دایەوە، لە تۆ وایە، بە زمانی نیگا پێی دەڵێت قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، مەسەلەی (سوارچاکە لاتەکە )، بابەتی باسی نێوان ئەوان نەبووەو تێناگات بۆ ئەو پرسیارەی لێدەکات ؟

کولیا، هێشتا هەر گەنگەشەی دەگەڵ لیزاڤیتا پراکوڤیڤنادا دەکردو دەیگوت و دەیگوتەوە:

– ئێستا درەنگە، زۆر درەنگە، وەختی ئەوە نەماوە کە کەسێك بۆ شار بنێردرێت تا کتێبی پوشکین، بکڕێت. سێ هەزار جارم گوت کە زۆر دڕەنگە !

یەڤگینی پاڤلوڤیچ، بە هەشتاو لە ئاگلایا دوور کەوتەوەو گوتی:

– ڕاست دەکات... درەنگە.. تا دەگەیتە شار، دوکان و بازاری پترسبۆرگ دادەخرێن.

هەنگێ تەمەشای سەعاتەکەی کردو گوتی:

– وا سەعات نۆیە .

ئادیلاید گوتی:

– کە تا ئێستا بەبێ کتێب هەڵمان کردووە دەشتوانین تاسبەی چاوەڕوان بکەین.

کولیاش گوتی:

– ئەمە جگە لەوەی کە بایەخدانی زۆر بە ئەدەبیات، بۆ کۆمەڵگەی خانەدان و ئەرستۆکرات، زۆر پەسند نیە. حەزدەکەن لە یەڤگینی پاڤلوڤیچ بپرسن. بۆ نموونە پیاو گالیسکەیەکی زەردی، پێچکە سووری هەبێت، زۆر دیارترو باشترە لە کتێب.

ئادیلاید، هەڵیدایەو گوتی:

– کولیا، دیسان خەریکی قسەی ناو کتێبان دەڵێیتەوە!

یەڤگینی باڤلوڤیچ گوتی:

– ڕاستە هەرچیەك دەڵێت، لە کتێبانەوە وەری گرتووە، دەتوانێ چەندین لاپەڕەی وەرگیراو لە گۆڤارێن رەخنەییەوە، لەبەر بڵێتەوە، من دەمێکە ئەمەم لە نیکولای ئاردالیونوفیچ کەشف کردووەو زۆریشم پێخۆشە. بەڵام ئەمجارەیان قسەکەی لە کتێبانەوە وەرنەگرتبوو، بەڵکو مەبەستی گالیسکە زەردە پێچکە سوورەکانی منە. بەڵام حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە ئەو گالیسکەیەم گۆڕیوە، بۆیە ئەو قسانەت کۆن بووە، کاتێ بەسەر چووە.

میرزادە، بە وردی گوێی لە قسەکانی رادومسکی دەگرت، زۆری پێخۆش بوو کە دەیبینی گەنجێکی خۆشڕەفتارو خاکی و بێ هەواو ڕووخۆشە، بەتایبەتی کە دەیبینی لە وەڵامی تانەو تەشەرەکەی کولیادا، بە زمانێکی میانڕەوی دۆستانە دەدوێ .

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، لە ڤیرای کچی لیبدیفی، کە لە پڕێکا، بە باوەشێ کتێبی ئەستووری، تازە بەرگ کراوەوە لە بەردەمیا وەستا، پرسی:

– ئەمانە چین ؟

ڤیرا، بەرسڤی دایەوەو گوتی:

– پوشکینە، پوشکینی شاعیری خۆمان. بابم فەرمووی پێشکەش بە تۆیان بکەم .

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا بە سەرسامی پرسی:

– چۆن ؟ ماقوولە ؟

لیبدیف، لەپشت کیژەکەیەوە دەرکەوت و گوتی:

– نا، نا دیاری و پێشکەش نیە ! ناتوانم شتی وا بکەم ! بەڵکو بە نرخەکەی خۆی پێتی دەفرۆشمەوە. ئەمە کۆ بەرهەمەکانی پۆشکینە، کە لەسەر ئەرکی بنەماڵەی خۆمان چاپکراوە، چاپی ئاننکوفە* کە لە بازاڕا نەماوەو دەستناکەوێ. جا من بە نرخەکەی خۆی، وێڕای جیاوازی نرخی ئێستا لەگەڵ ئەوسادا، دەتدەمێ، تا تینویەتی هەستی بێگەردو ناسکی ئەدەبی و ئەدەبدۆستی جەنابتان بشکێنێ.

– زۆر باشە، ئەگەر بیانفرۆشیت مەمنوون دەبم. دڵنیابە لەم سەودایەدا زەرە ناکەیت. بەڵام واز لەم لێبۆکبازی و رووبینییە بێنە !... بیستوومە کە تۆ پیاوێکی خوێنەوارو ئەهلی کتێبی، زۆر باشە، دوایی، ڕۆژێك لە مبارەیەوە قسان دەکەین. دەتوانی بە خۆت ئەمانەم بۆ بێنی ؟

لیبدیف، بەوپەڕی ڕووپامایی و مەراییەوە گوتی:

– بەوپەڕی شانازییەوە...

هەنگێ کتێبەکانی لە دەست کیژەکەی وەرگرت .

خانم یەپانچین، چاوی بڕییە دوڕ چاوانی لیبدیف و گوتی:

– دەیسا باشە. بۆمیان بێنە. ئیدی بە شانازی یان بێ شانازی بێ، بیان هێنە. وریابە کتێبەکان ون نەکەیت. بەڵام بە مەرجێ تا بەر دەرگا بێی، بۆت نییە بێیتە ژوورەوە، چونکە بە نیازنیم ئەمڕۆ پێشوازیت بکەم. بەڵام ئەگەر ڤیرای کچت دەیەوێ بیان هێنێ، ئەوا یەکسەر بینێرە. چونکە زۆرم چووەتە دڵەوە.

ڤیرا، بەبێ سەبری بە بابی گوت:

بۆ ناچی بەدەنگ ئەوانەوە کە لەوێندەر چاوەڕوانن ؟ ئەگەر ڕێیان نەدەیت، بە خورتیش بێ دێنە ژوورەوە. گوێت لێ نییە چ ژاوەژاوێکیان ناوەتەوە !

ئەوسا ، ڕوو لە میرزادە کە کلاوەکەی داکەندبوو، گوتی:

– لیون نیکولایوفیچ، چوار کەس، ماوەیەکە لەبەر ماڵەکەتدا چاوەڕوانت دەکەن، سەبریان سواوەو کردویانە بە دەنگە دەنگ، چونکە بابم ڕێیان نادات وەژوور بکەون و بێنە دیدەنیت.

میرزادە، لێی پرسی:

– نازانی ئەو میوانانە کێن ؟

– دەڵێن کاریان پێت هەیە. لەو کەسانەن ئەگەر ئێستاش ڕێ نەدرێن بێنە ژوورەوە، لارییان نیە لە جادەدا یەخەت بگرن .

جا مەسڵەحەت لەوەدایە لیون نیکولایوفیچ، ئێستا بیان بینیت و لە کۆڵ خۆتیان بکەیتەوە. گاڤریلا ئاردالیونوڤیچ و پتیتسن یەك سەعاتە لەبەر دەرگا خەریکن قسەیان دەگەڵ دەکەن، بەڵام فایدەی نیە، قسە نابیستن و نابیستن!

لیبدیف، بەدەم دەست بادانەوە گوتی:

– ئەوە کوڕەکەی پاڤلیشچوفە، کوڕی پاڤلیشچوفە ! هی ئەوە نییە پێشوازی بکرێت... ئەوانە خەڵکانێکن شایستەی ئەوە نین گوێیان لێبگری. بەڵێ میرزادەی پایە بەرز! پێویست ناکا خۆت ئەزیەت بدەیت‌و بیان بینی، بەڵێ، شایستەی ئەوە نین...

میرزادە، بەوپەڕی شپرزەیی هاواری کرد:

– کوڕی پاڤلیشچوف ! پەنا بە خوا !... دەزانم کە ... بەڵام خۆ من ئەو مەسەلەیەم بە گاڤریلا ئاردالیونوڤیچ سپاردبوو. تۆزێ لەمەپێش خۆی پێی گوتم کە...

لەم کاتەدا گاڤریلا ئاردالیونوڤیچ لە شوقەکەی میرزادەوە وەدەرکەوت‌و خۆی بە بانیژەکەدا کرد، پتیتسن بە دوویدا هات. لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەنگە دەنگی گەنگەشەو دەحکە دەهات، دەنگی بەرزی جەنەراڵ ئیڤولگین لە ناو چەندین دەنگی دیکەدا دیاربوو. کولیا بە هەشتاو بەرەو سەمتی دەنگەکان ڕۆیی.

یەڤگینی باڤلوڤیچ، بە دەنگی بەرز گوتی:

– گۆڵمەزەکە خۆش بوو!

میرزادە، لە دڵی خۆیدا گوتی: " کەواتە ئەم دەزانێ مەسەلەکە چیە !".

جەنەراڵ ئیڤان فیدوروفیچ، کە بە کونجکاوی، تەمەشای تێکڕای ئامادە بووانی دەکردو دەیزانی کە تەنیا ئەو لەم حیکایەتە تازەیە بێئاگایە، بەسەرسامی پرسی:

– کوڕی پاڤلیشچوف ؟ نۆبەتی ئەم قەوانەیە، پاڤلیشچۆف کوڕی وای لە کوێ بوو ؟

ئەم مەسەلەیە هەموویانی هاڕوژاند. میرزادە، هەرچەندە سەری دێناو سەری دەبرد، نەیدەزانی، ئەم مەسەلەیە کە تەنیا پەیوەندی بەوەوە هەبوو، بۆچی بەو جۆرە هەموو ئامادەبووانی هاڕوژاندووە.

ئاگلایا، بەکاوەخۆ چوو بەلای میرزادەوەو بەپەڕی ویقارو جدیەوە گوتی:

– باشترین شت ئەوەیە، هەر ئێستاو بە خۆت‌و، بە بەرچاوی هەموومانەوە، بە شایەدی هەموومان ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکەیتەوە. ئەمانە بە نیازن لەکەدارت بکەن، عەیبدارت بکەن، میرزادە. تۆ دەبێ حەقانیەت‌و پاکی خۆت بەتەواوەتی بسەلمێنێ. من دەزانم، کە ئەمەت لێدەوەشێتەوەو لە دەستت دێ‌و، لە کانگای دڵەوە و پێشوەختە بەمە خۆشحاڵ دەبم.

خانم یەپانچین هەڵیدایە:

– منیش حەزدەکەم کە سنوورێك بۆ ئەم ئیدیعا قێزەونە دابنرێت ! میرزادە، هیچ خاتریان مەگرە، حەز دەکەم زۆر توندبی لەگەڵیاندا، بیان کەیت بە پەندو عیبرەت! تاقەتی بیستنی ئەم قسەو قسەلۆکانەم نەماوە، شەڕی زۆرم لەسەر تۆ کردووە. باشتر وایە بیان بینی. بانگیان بکە تا ئێمە لێرەین، با بێنە ژوورەوە. تەگبیرەکەی ئاگلایا تەگبیرێکی باشە.

هەنگیٚ ڕووی کردە میرزادە (س)و پرسی:

– میرزادە، تۆ هیچت لەمەڕ ئەم مەسەلەیە بیستووە ؟

میرزادە "س" بەرسڤی دایەوە:

– بەڵیٚ، بیستوومە، لە ماڵی ئێوە بیستوومە. ئەلهەقی حەزدەکەم ئەو گەنجانە ببینم. ئەمانە نەهلیستین*، وا نییە ؟

لیبدیف، کە بە جۆریٚ هەڵچوو بوو، خەریك بوو دەلەرزی، هەنگاوێك هاتە پێشەوە و گوتی:

– نا، یانی نەهلیستی تەواو نین، ئەمانە گروپێکی دیکەن، جیاوازن. خۆشکەزاکەم دەڵیٚ لە نەهلیستییەکان توندڕەوترن. ئیعتراف بە نەهلیستیەکان ناکەن. قوربان، ئەگەر تۆ وا بزانیت، لە حوزوری تۆدا شەرم دەکەن یان لێت دەترسن، خەیاڵت خاوە، ئەوانە نە لە کەس دەترسن، نە شەرم لە کەس دەکەن، زۆر ڕوودارن، نەهلیستیەکان هەر هیچ نەبیٚ هەندێجار خەڵکی ڕۆشنبیریان تیایە، بگرە زاناشیان تێدا هەیە. بەڵام ئەمانە، زۆر خراترن، زیاتر خەڵکی عەمەلین. دروستە دوور بە دوورو ناڕاستەوخۆ ڕەگیان دەچێتەوە سەر نەهلیستیەکان، ئەمانە، بە وتارو نووسین لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا گوزارشت لە خۆ ناکەن. بەڵکو بە کردەوەو کرداری ڕاستەوخۆ خۆیان دەنوێنن. بۆ نموونە ئەمانە نایەن بە بەڵگەوە بۆتی ساغ بکەنەوە کە پوشکین ناکاتە هیچ و بە کەڵکی هیچ نایەت*، یان پارچە پارچە کردنی رووسیا پێویستە.... خۆیان بە سەلماندن و بەڵگەو بەڵگەکارییەوە خەریك ناکەن. کە شتێکیان ویست، هەر ئەوەیەو تەواو، نابیٚ کەس دەست بێنێتە ڕێگایان یان ڕێیان لێبگرێت، یان هیچ کۆسپێکیان بخرێتە بەردەم. ئەمانە لە هیچ ناپرینگێنەوە، بەلایانەوە گرینگ نیە لە پێناوی گەییشتن بە مەرام و مەبەستی خۆیان، هەشت کەس بە جاریٚ بکوژن، کوشتن بەلای ئەمانەوە وەکو ئاو خواردنەوە وایە، بۆیە میرزادە ئەگەر بە قسەی من دەکەی...

بەڵام میرزادە میشکین کە هەستا بوو، دەرگا لەو میوانانە بکاتەوە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– لیبدیف، تۆ زۆری پێوە دەنەی، غەدریان لێدەکەی، نەهەقییان دەرهەق دەکەی. ڕاستە خوشکەزاکەت زۆری ئەزیەت داوی، ڕەنجاندووتی. لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا تۆ باوەڕی پێمەکە. دڵنیابە خەڵکانی وەکو گورسکی و دانیلوف، حاڵەتی ریزپەڕو ئاوارتەن. بەڵام ئەم گەنجانە... تەنیا بە هەڵەدا چوون و هیچی دی!... بە هەرحاڵ حەزناکەم لێرەو لە حوزوری هەمووتاندا قسەیان دەگەڵ بکەم. بمبورە لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا من لەبەر خاتری تۆ دەیان هێنمە ئێرە، تەعاروفێکتان پێدەکەم و پاشان لەگەڵیاندا دەردەچم و بۆ شوێنێکی دیکەیان دەبەم. فەرموون بەرێزینە!....

بەڵام میرزادە، بیرۆکەیەکی دی دەیئازاراند (ئەزیەتی دەدا). لە دڵی خۆیدا دەیپرسی، نەبادا ئەم سیناریۆیە لەلایەن کەسێکەوە و بۆ ئەم سەعاتەو بۆ ئەم مەجلیسە ئامادەکرابیٚ، تا لە حوزوری ئەم هەموو شایەدەدا، عەیبدار ببێت ؟ بەڵام لەسەر ئەم " گومانە ئەهریمەنیە !" زۆری سەرکۆنەی خۆی کرد، بێئەندازە خەمبار بوو. هەستی دەکرد ئەگەر کەسێك پەی بەو هزرین و

بیرەی بەرێت ، ڕەنگە لە تەریقی و شەرمەزاریدا بمرێت ! لەو کاتەدا میوانەکان وەژوورکەوتن، لە ناخی دڵەوە ئامادە بوو، لە باری ئەخلاقییەوە، خۆی لە هەر هەموو ئەوانەی دەوروبەری بە کمتر بزانێت.

پێنج کەس وەژوورکەوتن: چواریان تازە بوون و، جەنەراڵ ئیڤۆلگینش لە دوایانەوە بوو کە یەجگار پەست و توڕەو لە حاڵی جنێودانا بوو. میرزادە بەدەم بزەیەکەوەو لەدڵی خۆیدا گوتی: "بێگومان ئەو لایەنگری منە !" کولیا کە لەگەڵ هیپولیتدا، کە یەکێك بوو لە گروپەکە، سەرگەرمی قسان بوو، دەگەڵ ئەوانی دیدا خۆی بە بانیژەکەدا کرد. هیپولیت بە سیمایەکی تەوسامێزەوە، گوێی لێدەگرت .

میرزادە، خولکی میوانە تازەکانی کرد کە دانیشن. بە ڕادەیەك گەنج و تازەساڵ بوون، کە رەچاوکردنی ئەو هەموو تەشریفاتە سەبارەت بەوان، جێی سەرسوڕمان بوو. کاتیّ کە ئیڤان فیدوروفیچ چاوی بەم گەنجە تازە بالقانە کەوت — کە هیچی لەمەڕ ئەم "مەسەلە تازەیە" نەدەزانی و کەم و زۆر سەری لێدەرنەدەکرد— زۆر توڕەو پەست بوو، ئەگەر لەبەر خاتری ژنەکەی نەبا، کە بایەخێکی یەجگار زۆرو نالوژێکی بە کاروبارەکانی میرزادە دەدا، بێگومان زۆر توڕە دەبوو و لەوە بوو مەجلیسەکە بەجیّ بێڵیّ. بەڵام چ لەبەر کونجکاوی و چ بەو نیازەی دەورێکی خێر ببینیّ و بتوانیّ کۆمەکێك بکات یان بەلای کەمەوە بە زەبری دەسەڵات و هەیبەتی خۆیەوە خزمەتێك بکات، دانیشت و کوڕەکەی بەجیّ نەهێشت. بەڵام کاتیّ کە جەنەراڵ ئیڤولگین وەژوور کەوت و لە دوروەوە کڕنۆشی بۆ برد، جارێکی دی توڕەی کردەوە، دەموچاوی بە یەکاداو برۆکانی وێك هێنانەوەو قەراری دا، هەرچۆنیّ بووە بێدەنگ بێت و تاقە وشەیەکی لە زار نەیەتە دەر .

لە نێو چوار میوانە گەنجەکاندا، پیاوێك هەبوو نزیکەی سی ساڵێك دەبوو. ئەمە هەمان ئەو ملازمە دەرکراوە بوو کە ئەندامی گروپەکەی روگوژین بوو، هەمان ئەو بۆکسبازەی کە خۆی هەڵدەکێشاو بەوە دەفشی کە کاتی خۆی هەر کەسێك داوای کۆمەکی لێکردبا، لە یەك جیّ، پازدە رۆبڵی بە جاریّ دەدایە. دیاربوو کە وەکو دۆستی گیانی بە گیانی، وەکو پشت و پشتیوان و هاندەر، وەکو بەهاناوە چوون لە کاتی پێویستدا، بە گەڵ ئەو گروپە کەوتبوو. لە ناو سییانەکەی دیدا، گەنجێك لە پێشی پێشەوە بوو کە ڕۆڵی هەرە گەورەی دەبینی و، " کوڕی پاڤلیشچوف"یان پێدەگوت، بەڵام خۆی، خۆی بە ناوی " ئانتیپ بۆردوفسکی"یەوە بەخەڵکی دەناساند. ئەمە گەنجێکی موو زەردی، سورفلی، دەموچاو زیپکاوی بوو، دەستیّ جلی هەژارانەی چڵکنی لەبەر بوو، پاڵتۆکەی ئەوەندە چڵکن بوو، سەری قۆڵەکانی لە چڵکا دەبریقانەوە. ئێلەکێکی چڵکنی لەبەر بوو، دوگمەکانی لە ژێرەوە تا بن ملی داخستبوو، دیاربوو لە ژێرەوە کراسی لەبەر نییە، دەسماڵێکی ئاوریشمی ڕەشی چڵکنی لەملی ئالاند بوو، کە وەکو پەت لوول بوو بوو، دەستەکانی نەشۆردرا بوون، نیگای تێکەڵەیەك بوو لە ساویلکەیی و ویقار، باریکەلەیەکی مەیلەو درێژ بوو، لەوە دەچوو هەر بیست و دوو ساڵان بێت. هیچ نیشانەیەکی تەوس یان هزرین بە سیمایەوە دیار نەبوو. پیاو تەنیا ئەوەی لەم سیمایەدا دەخوێندەوە کە بە ئاشکرا خۆی بە

مەزڵووم و غەدرلێکراو دەزانی، دەمودووی شەڕانی بوو، قسەکردنی بە پەلە بوو، بە جۆرێ وشەکانی دەدرکاند لە تۆ وایە زمانی گرانە یان کەسێکی بیانیە، لە کاتێکا بابەل باب رووس بوو.

ئەو خوشکەزایەی (لیبدیف)یشی دەگەڵ بوو، کە خوێنەران پێشتر ناویان بیستووە. (هیپولیت)شی لەگەڵ بوو. ئەم هیپولیتە گەنجێکی منداڵکاری تەمەن هەڤدە هەژدە ساڵ بوو. زیرەکی بەسەروسیمایەوە دیاربوو، بەڵام هەمیشە گڕژو خەفەتبار، شوێنەواری نەخۆشیەکی ترسناکی پێوە دیاربوو، باریك و بنێس و لەڕو لاواز پێستی بەسەر ئێسکییەوە هیشك بوو بوو، ڕەنگی زەرد دەتگوت زەعفەرانی زەردە، چاوەکانی گەش و پرشنگدار بوون، دوو پەڵەی سوور بەسەر گۆناکانیەوە بوون، بەردەوام دەکۆکی، بە زەحمەت قسەی بۆ دەکراو هەناسەی بۆ دەدرا. دیاربوو کە نەخۆشی دەردە باریکەو سیل، کەسیرەی کردبوو. کە تەمەشات کردبا، دەتگوت ئەوپەڕی دوو یان سێ هەفتەی دی دەژی. زۆر شەکەت و ماندوو دیاربوو، هەرکە وەژوور کەوت، بەر لەوانی دی خۆی دا بە کۆڵی کورسیەکدا.

هاوڕێکانی دیکەی بەجۆرە ویقارو هەیبەتێکەوە وە ژوورکەوتن، کەمێك شپرزەو پەشۆکاو دیاربوون، پێدەچوو خەمی ئەوەیان بێ، کارێ نەکەن کە عەیبداربن و ئابڕوویان بچێت، بۆیە خۆیان قورس دەگرت. ئەم هەڵوێستە ڕێك پێچەوانەی ئەو دەنگۆیانە بوو کە گوایە ئەوانە گاڵتەیان بە هەموو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و خوو خدەیەکی دنیایی بێفایدەو هیچ دێت و هیچ شتێکیان بەلاوە گرینگ نییە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان نەبێت .

" کوڕەکەی باڤلیشچوف "، بە نیازی خۆ ناساندن، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئانتیپ بۆردۆڤسکی.

خوشکەزاکەی "لیبدیف"ش، بە زمانێکی ڕەوان و ڕوون وەکو ئەوەی شانازی بەو ناوەوە بکات، خۆی ناساندو گوتی:

– فلادیمیر دوکتور نکۆ.

مولازمە ترۆکراوەکە خۆی ناساندو لە بن لێوانەوە گوتی:

– کیللەر .

دوا ئەندامی گروپە تازەکە، بە دەنگێکی زیقن گوتی:

– هیپولیت تیرنتیف .

ئەنجام هەموویان بەریز لە هەنبەر میزادەدا ڕۆنیشتن. پاش ئەوەی خۆیان ناساندو لە خۆ ناساندن بوونەوە، هەموو ڕوویان گرژ کرد، وەکو خۆ نواندن، کلاوەکانیان ئەم دەست و ئەودەست پێدەکرد. هەموو هەر ئامادەی قسەکردن بوون، کەچی هیچیان نەدەگوت، لە تۆ وایە لە بیری ئەوەدان بڵێن: " نا، قوربان، ئەگەر بە تەمای فریومان بدەیت، کلاومان لەسەر بنەی، خەیاڵت خاوە !" پیاو وای هەستدەکرد، هەرکە یەکەم وشە لە زاری یەکێکیانەوە دەربێ، ئیدی سەری قسان دەکرێتەوەو هەموو بەجارێك و لە هەمان کاتا دێنە قسەو چەندی بتوانن قسان بە یەکدی دەبڕن !.

پەراوێز:

* -"... یەڤگینی پاڤلوفیچ، پیاوێکی سوپاییە نەك مەدەنی...": سوپاییان بۆیان نەبوو جلکی مەدەنی لەبەر بکەن، تەنیا بۆ سەفەری هەندەران نەبێت.

* -"... چاپی ئاننکوف...": یەکێکە لە چاپە هەوەڵینەکانی کارەکانی پوشکینی شاعیری گەورە، کە ئا. ئاننکوف لە نێوان سالآنی ١٨٥٥- ١٨٥٧دا بلاوی کردووەتەوە .

* -"... نەهلیستی ....": ئەم زاراوەیە کە دەڵێن تورگینیف یەکەمجار بەکاری هێناوە، هێشتا تازەو ناباو بوو.

* -"... بۆتی ساغ بکەنەوە کە پوشکین ناکاتە هیچ و بە کەڵکی هیچ نایەت..." ئاماژەیە بۆ ئەو مشتومڕە ڕەخنەییانەی کە لە ساڵی ١٨٦٥دا بەرپا بوو، لەو مشت و مڕانەدا ڕەخنەگری نەهلیستی بیساروف، شیعری بەجارێ سووك کردو هێرشێکی زۆر توندی کردە سەر پوشکین.

* - ڤیتولدگورسکی: قوتابیەکی هەژدە ساڵانی قوتابخانەی وەرزش بوو کە لە ساڵی ١٨٦٨دا لە شاری تامبۆڤ، شەش کەسی لە ماڵباتی ژیمارینی بازرگان کوشت. لە دادگادا هۆی ئەم تاوانەی بۆ کاریگەری نەهلیزم گەڕاندەوە.

* - دانیلوف: کەسێکی بکوژ بوو، دادگاییەکەی لەو زەمانەدا ١٨٦٦- ١٨٦٧ دەنگدانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە. ئەمە قوتابیەکی نۆزدە ساڵان بوو، سووتخۆرێکی بە ناوی پوپوڤ، لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا کوشت. هەڵبەتە بۆ دزی کوشتنی، بەڵام لە دادگادا گوتی لەسەر بیروباوەڕی سیاسی کوشتوونی و، ئەنجام بەحەوت ساڵ زندانی حوکم درا.

## فەسڵی هەشتەم

میرزادە بەمجۆرە کەوتە قسان:

– بەرێزان، من چاوەڕوانی ئەوە نەبووم هیچ یەکێك لە ئێوە بدینم ! تاکو ئەمڕۆکەش نەساغ بووم. بەلاَم سەبارەت بە مەسەلەکەی تۆ ( ڕووی دەمی لە ئانتیپ بوردوفسکی بوو) نزیکەی مانگێك دەبێت بە ( گاڤریلا ئاردالیونوفیچ )م سپاردووەو کاتی خۆیشی پێم گوتوویت. بە هەرحاڵ، من لاریم لەوە نییە بەخۆم باسی مەسەلەکەتان دەگەڵ بکەم. هەڵبەتە بە خۆیان دەزانن کە باسی ئەم مەسەلەیە ئێستاو بەم درەنگوەختە... من پێشنیاز دەکەم بە مەرجێ درێژە نەکێشێت، پێکەوە بچینە ژوورێکی دیکە... چونکە حاڵی حازر کۆمەڵێك دۆستو برادەر هاتوونەتە دیدەنی و سەردانم، تکامولیە کە باوەڕبکەن...

خوشکەزایەکەی لیبدیف، بێئەوەی دەنگ بەرز بکاتەوە، بەزمانێکی ڕەق و لۆمە ئامێزەوە گوتی:

– ئێمە هەقمان نیە، خوای دەکرد دۆستی دنیات لە کن دەبوو.. بەلاَم خۆ دەتتوانی ڕەفتارێکی ماقووڵترت دەگەڵ ئێمەدا بکردایە، هەر نەبێ ئەدەب و نەزاکەتێ بنوێنی، نەك سەعاتێك لە پاکەنەی ماڵەکەتدا بەدەم چاوەڕوانیەوە ڕامان بگریت.

هەرکە خوشکەزاکەی لیبدیف ئەو قسەیەی کرد، لە پڕ ئانتیپ بوردوفسکی، دەمی کرایەوەو بەوپەڕی هەڵچوونەوە گوتی:

– وایە... هەڵبەتە... منیش... تەمەشاکەن، میران چۆن ڕەفتار دەکەن! ڕاستە تۆ میرو میرزادەی !... بەلاَم من نۆکەری تۆ نیم! بەلاَم من... من...

بەدەم ئەو قسانەوە لێوی تەتەڵەی دەکرد، لە تورەییدا لێوی دەلەرزی، کەڤ دەپرژاند، هێندە بەلەز قسانی دەکرد، دوای دە وشەیەك کەس تێی نەدەگەیی چ دەڵێت .

هیپولیت، بە دەنگێکی تیژ و ناخۆش گوتی:

– بەڵێ، ئەمە داب و سوخەتی میرانە !

یارۆی بۆکسباز (بۆکسۆر)، پرتە پرتێکی لێوەهات:

– ئەگەر ئەم ڕەفتارە دەگەڵ مندا بکرایە، یانی ئەگەر ئەم ڕەفتارە ڕاستەوخۆ دەگەڵ مندا بکرایە نەك دەگەڵ بوردوفسکی، دەمزانی کە...

میرزادە گوتی:

– بەڕێزینە باوەڕبکەن، تاقە یەك دەقیقەیە کە زانیومە ئێوە بۆ ئێرە هاتوون.

خوشکەزاکەی لیبدیف، دیسان هەڵیدایەو گوتی:

– میرزادە، ئێمە لە دۆستەکانی تۆ، هەرکێ یەك هەن، نە شەرم دەکەین و نە دەترسین، چونکە ئێمە لەسەر هەقین و داوای هەقی خۆمان دەکەین .

هیپولیت، کە یەجگار گەرم بووبوو، دیسان دەنگە زیقاوڵەکەی لێهەڵبڕی:

– ڕێم بدە با پرسیارێکت لێبکەم، باشە کێ ڕێی پێداویت کە مەسەلەکەی بوردوفسکی، بە داوەریی دۆستەکانت بسپێری، بە چ هەقێك ئەوانت کردووە بە قازی قەزاوەت ؟ کێ دەڵێ ئێمە بە حوکم و داوەری ئەوان ڕازی دەبین. چونکە ئێمە دەزانین حوکم و قەزاوەتی وان چۆنەو چی دەگەیەنێت !

میرزادە، کە تەواو بەو قسانە پەشۆکا بوو و، نەیدەزانی چۆن وەڵامی ئەو ڕێژنە قسانە بداتەوە، ئەنجام هاتە قسە:

– کاکە بوردوفسکی وەکو پێشتر گوتم: ئەگەر ناتەوێ لێرە باسی مەسەلەکە بکەین، دەتوانین هەر ئێستا بگوازینەوە بۆ ژوورێکی دیکە. جارێکی دی دەیڵێمەوە، ئا ئێستا، ئەم دەقیقەیە بە هاتنی ئێوەم زانیوە.

بوردوفسکی، کە بەگومان و دوو دڵییەوە دەیڕوانیە دەوروبەری و سات بە سات بێ متمانەتر دەبوو، لەبن لێوانەوە هەر پرتەپرتی بوو، گوتی:

– بەڵام تۆ هەقی ئەوەت نییە، ئەو هەقەت نیە، نا...هەقی ئەوەت نییە.... دۆستەکانت... ها! ئەو هەقەت نییە...

لێرەدا، کوتوپڕ وەکو ئەوەی شتێك لە ناخیا هەرەسی هێنابێ لە قسان وەستا، بۆ پێشەوە دانەوییەوە، چاوە خوێن گرتوو و زەقەکانی بڕییە میرزادە. میرزادە، بە ڕادەیەك حەپەسا بوو نەیدەزانی چ بڵێ، بۆیە ئەویش بە بێدەنگی چاوانی بڕینە بوردوفسکی .

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا بانگی کردو گوتی:

– لیون نیکولایوفیچ، ئەم نووسینە، لێرەدا، لەم مەجلیسەدا بخوێنەوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەکەی تۆوە هەیە !

خێرا ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گاڵتەجاڕی کۆمیکی* بۆ درێژ کرد، بە قامکان وتارێکی ناو ڕۆژنامەکەی نیشان دا.

لیبدیف، کە خوا خوای بوو لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا لە خۆی ڕازی بکات. کاتێ کە میوانە تازەکان وەژوور کەوتبوون، ڕۆژنامەی ناڤبری لە بەرکی دەرهێنا بوو و بەبێ هیچ قسەیەك لەبەر چاوی خانم یەپانچین ڕای گرتبوو و ئەو ستونەی پێنیشان دابوو کە بە قەڵەمی ڕەش نیشانە کرابوو. ئیدی خانم کە ئەو چەند دێڕە کەمەی خوێند بووەوە، زۆر ناڕەحەت و نیگەران بوو بوو.

میرزاده، بە شەرمەزارییەکی یەجگار زۆرەوە، بەوپەڕی دوو دڵییەوە، بە ئەسپایی گوتی:

– باشتر وایە بە دەنگی بەرز نەخوێنرێتەوە. دوایی.. بە خۆم، بە تەنیا دەیخوێنمەوە...

خانم یەپانچین کە ئەوەی لە میرزادە بینی، بەر لەوەی فریای خوێندنەوە بکەوێ، بە تووڕەیی ڕۆژنامەکەی لە دەستی ڕاپسکاندو دایە کولیاو گوتی:

– باشە... هانێ تۆ بیخوێنەوە... یەکسەر بیخوێنەوە.. .بە دەنگی بەرز بیخوێنەوە... بە ئاشکرا بیخوێنەوە... حاڵی بوو؟ بە دەنگی بەرز بیخوێنەوە با هەمووان گوێیان لێبێت!...

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، ژنێکی زۆر توندە تەبیعەت بوو، زوو هەڵدەچوو، لەو کەسانە بوو ئەگەر هەڵچووبا لەوەبوو لە ناکاوداو بێهیچ بیرکردنەوەیەك، هەموو لەنگەران هەڵکات‌و وێڕای زریان‌و گەرداوان بەناو جەرگەی دەریا بکەوێ . یانی لەو کەسانە بوو کە هەڵچووبا دۆو دۆشاوی تێکەڵ دەکرد. ئیڤان فیدوروفیچی مێردی هەستی بە نیگەرانی دەکرد. هەموو ئامادەبووان، حایرو حەپەساو، بە بێدەنگی چاوەڕوانیان دەکرد کە چ دەقەومێ. کولیا ڕۆژنامەکەی واڵا کردو بە دەنگی بەرز کەوتە خوێندنەوەی ئەو وتارەی لیبدیف، بە پەلە بۆی دەست نیشان کردبوو:

پرۆلیتاران و نەوەی میران

چیرۆکی دزییەك کە ئەمڕۆ و هەموو ڕۆژێك ڕوو دەدات

پێشکەوتن! چاکسازی ! عەدالەت !...

" شتی سەیر لەم وڵاتەدا، کە ڕووسیای پیرۆزی پێدەڵێن، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕوودەدات، لە ڕۆژگاری ریفۆرم‌و چاکسازیدا، لە ڕۆژگاری چالاکی‌و پرۆژەی گەورەی سەرمایەداریدا، لە ڕۆژگاری بوژانەوەی هەستی نەتەوەییدا، لە ڕۆژگارێکدا کە ساڵانە سەدان ملیۆن ڕۆبڵ بە ناوی سەرمایەگوزارییەوە، ڕەوانەی هەندەران دەکرێت، لە ڕۆژگارێك کە پشتیوانی لە پیشەسازی دەکرێت‌و کرێکاران دەچەوسێنرێنەوەو نانیان بە دۆیان ناگات... هتد، بەڵێ لە ڕووسیای بەناو پیرۆزی ئێمەدا ڕووداوی سەیرو سەمەرە ڕوودەدەن، جا خانمان‌و ئاغایانی بەڕێز، چونکە لیستی ئەم ڕووداوانە یەجگار زۆرەو لە کۆتایی نایەت، باشتر وایە یەکسەر بچینە سەر ئەسڵی مەبەست:

" ڕووداوێکی سەیر لە یەکێك لە ڕۆڵەکانی، ئەرستۆکراتیەتی فیودالی ڕەحمەتی ئێمە ڕووی داوە !.... ئیدی باو باپیرانی ئەو کوڕو نەوانە، دارو نەداری خۆیان لەسەر مێزی قومارو بە رۆڵێت دەدۆڕاند. ئیدی ناچار دەبوون بە پلەی دەرەجەدارو ملازم لە سوپادا خزمەت بکەن‌و، بە زۆری لەوێش لەسەر وردە تاوان‌و سەرپێچی‌و دەستپیسی دراونەتە دادگاو بەدەم ڕۆتینیاتی دادڤانی‌و لێپێچینەوەی یاساییەوە دەمردن‌و کوڕەکانیان وەکو قارەمانی چیرۆکەکەی ئێمە، یان بەزگماك گێل‌و گەمژەن یان بە هۆی تاوانانەوە دەگیرێن‌و دەدرێنە دادگاو دادگاش تەبرێیان دەکات بەو نیازەی دەرفەتیان بداتێ خۆیان چاکبکەن، ئەگەر خۆیان چاککرد وا چاکی دەکەن، دەنا ئەوپەڕی فەزیحەتێکی ئەوتۆ دەنەنەوە کە عالەم سەری سوڕبمێنێ، چ قەیدیە، مەلۆیەکی تازە دەخەنە سەر خەرمانی فەزیحەتەکانی ئەم ڕۆژگارەی ئێمە.

ئەم ئازیزەی ئێمە، ئەم میرزادەیە، شەش مانگێکە لە سویسراوە بۆ ڕووسیا گەڕاوەتەوە، بۆ چارەسەری گێلایەتی‌و گەوشەگی چوو بووە سویسرا، کە گەڕایەوە پاڵتۆیەکی دەڵبی بێ

ئەستەڕی تاڵکێشی لەبەردا بوو، لە سەرما هەڵدەلەرزی. دەبیّ دان بنەین کە پیاوێکی بە شانسە... تۆ واز لەو نەخۆشیە سەیرو سەمەرەیەی بێنە کە چوو بوو بۆ سویسرا بۆ چارەسەری (چارەسەری گەوجاتی، جا تەسەوری ئەمە بکەن! ئاخر کیّ بیستوویەتی گەوجاتی و گەمژەیی چارەسەری هەبێت !) ئیدی پەندی رووسانە " تەنیا گێلان بە بەختو یەغباڵن !". جا ئێمە رووداوەکە دەگێڕینەوەو ئێوە خۆتان حوکم بدەن: ئەم میرزادەیەی هاوڕێمان هەر بە منداڵی هەتیو دەکەوێت. دەگێڕنەوە دەڵێن بابی مولازم دەبێت، دەدرێتە دادگا، لە کاتی دادگایی کردنیا بە تۆمەتی ئەوەی هەموو پارەی سریەکەی خۆی وەکو ملازمێك لە قوماردا دۆڕاندووەو گوایە حەسیر مەیدانێکی باشی یەکێك لە سەربازەکانی ژێر دەستی خۆیشی کردووە – ئەوەتان لە بیر نەچێت کە ئەو زەمانە، چ ڕۆژگارێکی خۆش و زێڕین بووە– بەڵیّ لەکاتی دادگاییدا دەمرێت ! کە بابی مرد، ئیدی موڵکدارێکی رووسی خێرەومەندی یەجگار دەوڵەمەند دەیگرێتە ژێر باڵی خۆی. ئەو موڵکدارە، با ناوی بنەین "پ...." لەو سەردەمە زێڕینەدا چوار هەزار ڕەعیەتی هەبوو (لێرەدا ڕەعیەتم لە جیاتی قن بەکار بردووە، هەر چەندە پڕ بە مانای وشەکە نییە، بەڵام هیچ وشەیەکی کوردی پڕ بە پێستی وشەی "قن" م بە بیردا نەهات . ح. ع )

جا بەرێزینە ئێوە دەزانن مانای ڕەعیەت چیە ؟ بەڵام من نایزانم، بۆیە دەبیّ بۆ دۆزینەوەی مانای ئەم وشەیە قاموس و فەرهەنگان بگەڕێم. " هەرچەندە ئەم قەوانە تازەیە، بەڵام زەحمەتە پیاو باوەڕی پێبکات.*" هەڵبەتە دەبیّ یەکێك بووبیّ لەو روسە تەمەڵ و مێملانەی کە ژیانی بۆش و بە تاڵی خۆیان لە هەندەران بەسەردەبەن، هاوینان لە دەوری کانیاوە مەعدەنیەکان بەسەر دەبن و زستانان دەگوازنەوە بۆ " کۆشکی گولاّن " لە پاریس و، لەوێندەر پارەی خەیاڵی سەرف دەکەن ! دەتوانین بێژین کە سێیەکی ئەو باج و سەرانانەی کە وەرزێرو جوتیاران لە سەردەمی ڕەعیەتداریدا دەیاندا بە ئاغاکانیان، خڕ دەکرایە دەستی خاوەنی " کۆشکی گولاّن " ( خەنی لەو پیاوە بەختەوەرە! ).

با واز لەمە بێنین و بێینەوە سەر ئەو پیاوە خۆشگوزەرانە، بێینەوە سەر جەنابی "پ..." ئەم پیاوە میهرەبان و دلۆڤانە ئەم هەتیوەی وەکو میرو میرزادە بە خودان کردو لەلە و دایەنانی بۆ ڕاگرت، ( هەڵبەتە دایەنانی زۆر جوان !) ئەمانەی لە پاریسەوە بۆ دەهێنان. ئیدی ئەم هەتیوە دە دوا پاشماوەی ماڵباتێکی ئەرستۆکراتی بە ناوبانگ بوو، ئەم کوڕە نازدارە، گەمژە بوو. سەرباری هەموو هەوڵێکی ئەو دایەنانەی " کۆشکی گولاّن "، کە بە زەبری پارەی زۆر بۆی ڕاگیرا بوون، ئەم قوتابیەیان تەمەنی گەییە بیست ساڵ و نەك هەر هیچ زمانێکی بیانی فێر نەبوو، تەنانەت زمانە رووسیەکەی خۆیشمان فێر نەبوو. ئیدی ئەمە شتێکەو هیچی لە گەڵ ناکرێت. ئەنجام هەوایەکی دیکە لە کەللەی کابرای ڕەعیەتدار، جەنابی "پ..."ی دا، کە باوەڕی بە کۆیلەداری هەبوو، بە ئەقڵ و مەزەندەی وی لەوە بوو، لە سویسرا چارەسەری گەمژایەتی هەبێت و، ڕەنگە ئەم گەمژەیە لەوێندەر شتێك فێر ببێت. هەڵبەتە ئەم بیرۆکەیە، بڕێك لۆژیکیشی تیا بوو.

ئەم فیوداڵە بێکارو مێملە، وای وێنا دەکرد کە دەشێت بە پارە ئەقڵیش وەکو هەر کالاّیەکی دی بێتە کڕین، بە تایبەتی لە سویسرا ! ئیدی بەو جۆرە کوڕە بۆ چارەسەر نێردرا بۆ سویسرا،

لەویٚ پێنج دانە ساڵی تەواو لە ژێر چاودێریو سەرپەرشتی پرۆفیسۆرێکی زۆر ناودارا مایەوە، هەزاران رۆبڵی لێخەرج کرا. هەڵبەتە وەکو دەڵێن یارۆی گەوشەگ ئەگەرچی نەبوو بە خاوەن ئەقڵ، بەڵام کەمێك رواڵەتی بە شەری پەیدا کرد. یانی کەمێك لە بەشەر دەچوو.

لە پرێکا "پ..." مرد. هیچ وەسێتێکی لە دوای خۆی بەجیٚ نەهێشتبوو. ئیدی کاروباری دارایی وی یەکپارچە ئاژاوە بوو، جۆرەها هەقدارو میراتگری چاوچنۆكو تەماعکاری بۆ پەیدا بوون، کە هیچ بەخەمی پاشماوەی ئەو ماڵباتە ئەشرافانەوە، نەبوون کە بە هۆی گەمژەیی زگماکەوە لە سویسرادا، لە ژێر چارەسەردا بوون. بەڵام ئەم گەوهەری یەك دانەیەی ئێمە باسی دەکەین، هەرچەندە گێلو گەمشۆ بوو، ویستی ئەو پرۆفیسۆرەی کە سەرپەرشتیو چارەسەری دەکرد، فریو بدات، ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێیە، هەواڵی مەرگی بەخێوکەرەکەی خۆی لێشاردەوە، بەو جۆرە توانی کارێك بکات کە دوو دانە ساڵ بەخۆڕایی چارەسەری بکات. بەڵام پرۆفیسۆرەکەش، شەیتان بوو، کاری خۆی دەزانی، کە دیتی هیچ هەواڵێکی پارەو پول نییەو نەخۆشێکی گەمژەی بیستو پێنج ساڵانی نەوسنو زۆر خۆری بەسەردا کەوتووە، پێڵاوە شڕەکانی خۆی دایەو پاڵتۆیەکی دەڵبی کۆنەی بیٚ قۆڵی لەبەر کردو بە قیتاری نمرە سیٚو لەسەر حیسابی خۆی، تا لە کۆڵ سویسرای بکاتەوە، بۆ رووسیای ناردەوە.

رەنگە وا مەزندە ببرێت کە بەخت لەم قارەمانەی ئێمە هەڵگەڕا بووبێتەوە، بەڵام مەسەلەکە وانە بوو. ئەو بەختو قەدەرەی کە بەلایەوە گرینگ نەبوو تێکڕای هاوشاریانی مە لە برسا بمرن، هەرچی خێرو بێرو نیعمەتی خۆی هەبوو، هەمووی بە جاریٚ، بەسەر ئەم ئەرستۆکراتیە چکۆلەیەدا داباراند بوو، رێك وەکو هەورەکەی حیکایەتەکەی کریلوف*، کە بەسەر کێڵگە بیٚ ئاوو تینوەکاندا، رەت دەبیٚو دەچێت لەسەر دەریا و ئۆقیانووساندا دەباریٚ. ئەم میرزادەیە، هێشتا لە سویسراوە، بە تەواوەتی نەگەیی بووەوە پترسبۆرگ کە یەکێك لە خزمو خوێشەکانی دایکی ( کە لە چینی بازرگانان دەبێت ) دەمرێت. ئەم پیرە بازرگانە ریشنە، وەچاخ کوێر دەبێت، یانی مندالی نابێتو موریدو لایەنگری تەریقەتی ئاینی راسکولنیك* دەبێت. میراتیو پارەو پولێکی بێشوماری لەپاش بەجیٚ دەمێنیٚ، بە چەندین ملیۆنی کاش تەقدیر دەکرێت. ( خوێنەری ئازیز چ دەبوو ئەگەر ئێمەش شتێکی وامان بە نسیب ببوایە ! لە هەر پێویستیەکی دنیا دەخەلەساین !) تێکڕای ئەم میراتە بەم نەونەمامەی لەمەڕ خۆمان، کە لە سویسرا خەریکی چارەسەری گەوجاتی خۆی بوو! بڕا.. ئیدی وەزعو حاڵەکە یەکسەر گۆڕا. میرزادەی زەرگاڵ لەپیٚ، پاش ئەوەی لە ئافرەتێکی زۆر جوانی فاحیشەی ناوزراوی مەنشور نزیك بووەوە، کاتێکی بە خۆ زانی دۆستو بنارۆی دنیا لە دەوری خڕبوونەوە، جۆرەها خزمی لێپەیدا بوون، بە تایبەتی کیژە نەجیمزادان، کە خوا خوایان بوو شووی پێبکەن. نە هەقیان نەبوو، کیٚ خوا دەیداتی مێردی وای دەست بکەویٚ، گەنجێکی ئەرستۆکراتی، دەوڵەمەندی، گێلۆکە ؟ مێردێك کە هەموو خەسڵەتێکی بە کەرەتیٚ تیا کۆبووبێتەوە ؟ بە چراشەوە بۆ مێردی وا گەڕابان دەستیان نەدەکەوت، یان بەگوێرەی دڵی خۆیان بە کردیان دابا وا دەرنەدەچوو!...

ئیڤان فیدوروفیچ لە ناکاودا، بەوپەڕی توڕەیی هاواری کرد:

– ئەمە... ئەمە... من تێناگەم !

میرزادە، بە شێوەیەکی پاڕانەوە ئامێز هاواری کرد:

– بەسە کولیا !

لە هەموو لایەکەوە دەنگی سەرسامی و ناڕەزایی بەرز بووەوە.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بەپێداگرتنەوە گوتی:

– با بیخوێنێتەوە، با بەردەوام بێ لەسەر خوێندەوە، چی دەبێ با ببێ. میرزادە، لێی گەڕێ با بەردەوام بێ دەنا شەڕمان دەبێ!

دیار بوو، لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا. بە هەرحاڵ هیچ چارێك نەبوو، کولیا سوور هەڵگەڕاو بە دەنگێکی لەرزۆك، سەر لە نوێ دەستی بە خوێندنەوە کردەوە:

لە کاتێکا کە هاوڕێ ملیۆنێرە تازەکەمان وای هەست دەکرد لە حەوت تەبەقەی ئاسماندا گەشت و گوزار دەکات، شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا، ڕۆژێکی هەتاو، بەیانی زوو، میوانێکی هات، سیما ئارام ، مەندو بەسام، جل و بەرگ ساکار، لێ پاك و خاوێن. دەم و دووی شارستانیانەو پڕ نەزاکەت بوو، پێدەچوو کەسێکی لیبراڵباوەڕ بێت. زۆر بە کورتی مەبەستی هاتنەکەی خۆی بۆ شرۆڤە کرد، ئەم بەرێزە ئەوقات و پارێزەرێکی بە ناوبانگ بوو، لە وەکیلی کوڕێکی گەنجەوە هاتبوو کە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەوی گرتبووە ئەستۆ. تومەز ئەم کوڕە گەنجە، کوڕی جەنای "پ..."ی ڕەحمەتی بوو، بەڵام ناوی شۆرەتی لەو جیاواز بوو. ڕەحمەتی "پ..." لە گەنجیدا، پیاوێکی هەرزەو داوێن پیس دەبێت، کیژێکی هەژاری ڕوو سووری بەدبەخت، کە کۆیلەیەکی خانەزای خۆیان دەبێت، بەڵام پەروەردەیەکی ئەوروپایی دەبێت، بێ بن و فەسات دەکات. ( هەڵبەتە مومارەسەی ئەو مافەی کردووە کە سیستەمی کۆیلایەتی و ڕەعیەتداری بە ئاغایانی ڕەوا دیتووە.) کە زانی کچە سکی پڕ بووەو فریای خۆی نەکەوێت ئابڕووی دەچێت، خێرا کەوتە خۆی، کیژەی بە پیاوێکی پیاوانەی شەریفی ئەهلی کاسبی کە وەزیفەیەکی چکۆلەی فەرمیشی هەبوو و، لە مێژ بوو دڵی بەم کچەوە بوو، بە شوودا. لە سەرەتاوە یارمەتی ئەم ژن و مێردەی دەدا، بەڵام مێردی کچە، زۆری نەبرد، غیرەتی ئەمەی قەبووڵ نەکردو ڕەفزی کۆمەك و یارمەتیەکانی ئاغای "پ..." کرد. دوای ماوەیەك "پ..." بەرە بەرە کچەو ئەو منداڵەی لێی بوو بوو، فەرامۆش کرد، پاشان، وەکو پێشتریش باسمان کرد، مردو هیچ وەسێتنامەیەکی نووسراوی لە پاش بەجێ نەما.

جا ئەم کوڕەی کە لە "پ..." بوو پاش ئەوەی دایکی شووی کرد، مێردەکەی دایکی، کە پیاوێکی ڕەسەن و بنیچە ئەسڵ بوو، گرتیە ژێر باڵی خۆی و کوڕە ناوو شۆرەتی ئەوی هەڵگرت، کە ئەم پیاوە باشە، یانی مێردەکەی دایکی مرد، ئیدی وەزعی خراپ دەبێت، هەژارو دەستکورت و بێ دەرامەت، مەسئولیەتی دایکە نەخۆشەکەشی، کە بە هۆی لەکار کەوتنی لاقەکانیەوە زەمینگیر بوو بوو، دەکەوێتە سەر ئەو. دایکی لە شارۆچکەیەکی دوورە دەستا دەژیاو بەخۆیشی لە پایتەختدا دەژیا، لە لایەکەوە قوتابی بوو ودەیخوێند، لەلایەکی ترەوە، پیاوانە کاری دەکرد، دەچووە ماڵان و دەرسی تایبەتی بە منداڵە بازرگانان دەگوتەوە، بەو جۆرە

بــەدەم خوێندنــەوە، خــۆی دەژیانــد، قۆنــاغی خوێنــدنی ئامــادەیی تــەواوکرد، تــوانی درێــژە بەخوێندنی بالاتر بدات، بەو ئومێدەی لە ئایندەدا، پایەو وەزیفەیەك بۆ خۆی بپچڕێت. بەلام دەبــێ خێروبێــری دەرســی تایبــەتی بــە منداڵــە کاســبکارانی رووس، کــە ســەعاتی دە کوپیکــت دەدەنــێ، چ دەرامــەتێکت بــۆ دابینبکــات، بــە تایبــەتی کــە خــەرجی دایکێکــی شــەپلەلێدراوی ئیفلیجشت بەسەرەوە بێت ؟ دایکی لەو شارۆچکە دوورە دەستەدا دەمرێت، بەلام ئەمە باری سەر شانی سووك نەکرد.

جا لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: دەبێ ئەم هاوڕێ میرزادەیەی لەمەڕ ئێمە، ئەگەر پیاوێکی بە ویژدان‌و ئینساف بێت، چۆن بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە، چ هەلوێستێ بگرێت ؟ بێگومان تۆی خوێنەری ئازیز، وا مەزەندە دەبەیت کە شتێك بەم نێوەڕۆکە بە خۆی دەلێت: "پ..." بە درێژایی تەمــەنی، درێغــی لــە مــن نــەکردووە. دەیــان هــەزار ڕۆبلــی لــە خوێنــدنی مــن، لــە دایــەن‌و لەلــەو مامۆستاکانم، لە چارەسەری گەوجاتیەکەم لە سویسرا، خەرج کردووە. من ئەمڕۆ کە ملیۆنێرم، بــە بەرچــاوی منــەوە، کــوڕە پــاك‌و بێگەردەکــەی، کــە هــیچ دەســتێکی لــە حــەرامزادەبوونی خۆیــدا نییــە،و ســووچ‌و تــاوانی چیە کــە زادەی داوێــن پیســی‌و مێبــازی پیاوێکــە هــەر نەیناســیوە... بــە بەرچــاوی منــەوە بــە دەرســی تایبــەتی‌و، بــە هــەزار گیانەمــەرگی، مــەژی و مــەمر خــۆی دەژێــنێ. هەرچیەك ، بابی وی لە منیا خەرج کردووە، ئەگەر ڕاستت دەوێ، بە هەموو ویژدان و ئینسافێك هەقە بۆ ئەو بگێڕدرێتەوە! هەر هەموو ئەو پارە مۆڵەی بابی وی لە پێناوی مندا خــەرجی کــردووە، لــە ڕاســتیدا هــی مــن نــەبووە. ئەمــە تــەنیا و تــەنیا هەڵەیــەکی کوێرانــەی بــەخت‌و چارەنووس بــووە، دەنا دەبوایە بە کوڕەکەی "پ..." بدرابا، دەبوا ئەو سوودی لێببینێ نەك من، چونکە ئەوەی بە من براوە، تەنیا خێرو بێری هەوەسبازی‌و داوێن پیسی‌و سووکی‌و بێفکری "پ..." بووە. جا ئەگەر من پیاوێکی ئابڕوومەندو ڕەندو مەرد بم، بە ئەمەك‌و بە ویژدان‌و بە ئینساف‌و شیرپاك بم، هەقــە نیــوەی بەشــە میراتەکــەم بــدەم بــە کوڕەکــەی ئــەو پیــاوەی کــە چاکەیەکی یــەجگار زۆری بــە سەرمەوە بوو! بەلام من، چونکە بەر لە هەر شتێك کەسێکی ڕژدەم‌و سوور دەزانم کە ئەو کوڕە هیچ مافێکی داوای یاسایی نییە، ئیدی نیوەی ئەو ملیۆنانەی نادەمێ کە پێمبڕاوە. بەلام ئەگەر ئێستا بەلای کەمەوە ئەو دەیان هەزار ڕۆبلەی کە بابی خەرجی چارەسەری گەوجاتیەکەی منی کرد، بۆ نەگێڕمــەوە، ئەمــە ئەوپــەڕی نامــەردی‌و خوێڕیەتیــە، ( لــە بــیری چــوو ئــەوەش بلــێ کــە ئەوپــەڕی کــورتبینی، بــێ ئەقلیــە.). مەســەلەکە پەیوەنــدی بــە ویــژدان‌و دادپەروەرییەوەیــە. چــونکە ئەگــەر "پ..." نەی گرتبامە خۆی، نەی نابامە بەر خوێندن‌و خەرجی نەکێشابام‌و لە جیاتی من خەمی کوڕەکەی خۆی خواردباو مەسرەفی ئەوی کردبا، ئێستا چ بەلایەکم بەسەر هاتبوو ؟"

" بــەلام نــا بەرێزینــە ! نــەوەو نــە تــیرەی مالباتــی مــیران وابــیر ناکەنــەوە، بــیر لــەم جــۆرە شــتانە ناکەنەوە! باوەڕدەکەن ئەم میرزادەیەی لەمەڕ ئێمە، کە پەروەردەی سویسرا بوو، کەم‌و زۆر گوێی بە گەنگەشەو بەلگە بنجبڕەکانی یارۆی پارێزەر نەدا، چەند باسی داب‌و نەریت‌و یاساو ڕێسای ئەخلاق‌و ئابڕوو و ویژدان‌و ئینساف‌و دووربینی بۆ کرد، فایدەی نەبوو، لەم گوێیەوە دەهات‌و

لەو گوێیەوە دەردەچوو. ( هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەم پارێزەرە تەنیا لەبەر خاتری دۆستایەتی و تەقریبەن بەبێ رەزامەندی کوڕەکەی "پ..." ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتبوو ).

" ئەگەر مەسەلەکە هەر بەوەندەشەوە وەستابا، قەیدی نەدەکرد، لەوە بوو تەحەمول بکرێت. بەڵام شتێکی ئەوەندە دزێوو کرێت رووی دا کە بە هیچ بیانوویەك. بە بیانووی هیچ نەخۆشییەك پینە نەکرێت و چاوپۆشی لێنەکرێت، فەرموون ئێوەو ئەو ڕووداوە. ئەم ملیۆنێرەی کە ماوەیەکی کەم بوو زەرگاڵەکانی پرۆفیسۆری لە پێڵاوە شڕەکانی فڕێ دابوو، ئەوەندەی هەست و شعور نەبوو کە ئەقڵ و ئاوەزی بەوەدا بشکێت کە ئەو گەنجە بە شەخسیەت و نەفس بەرزە داوای خێرو بەزەیی لەو ناکات، بەڵکو داوای مافی یاسایی خۆی دەکات، با هیچ بەڵگەیەکی یاساییشی نەبێت، ماف بەبێ بەڵگەی یاساییش هەر مافە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم گەنجە بە خۆی داوای هیچی نەکردبوو، بەڵکو دۆست و برادەرەکانی لە جیاتی ئەو، ئەو کارەیان گرتبووە ئەستۆ. کەچی ئەم میرزادەیەی لەمەڕ ئێمە، بەوپەڕی کەش و فشەوە، ئەسکەناسێکی پەنجا رۆبڵی، لە بەرکی دەردێنێ و بە مەبەستی سووکایەتی کردن بەو گەنجە مەردە، بە هەموو ئیفادەو فیزی ملیۆنێرێکەوە، کە پێی وایە مادامێکی ملیۆنێرە، ئیدی هەموو شتێك بۆ ئەو حەڵاڵە، بۆی دەنێرێت. باوەڕ ناکەن ؟ هەقتانە باوەڕ نەکەن، تووڕە بن! بێزار بن! ناڕەزایی دەربڕن! بەڵام ئەو هەمان کاری کرد! هەڵبەتە یەکسەر پارەکەی نەك هەر لەوێ بۆی گێڕدرایەوە، بەڵکو درا بە سەروچاویا!

" باشە تەگبیر، ئەم مەسەلەیە دەبێ چۆن چارەسەر بکرێت ؟ مادامێکی هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە، چار هەر ئەوەیە بخرێتە بەر ڕای گشتی خەڵکی. بۆیە ئێمە ئەم چیرۆکە بۆ خوێنەران دەگێڕینەوەو دڵنیایان دەکەین کە چیرۆکێکی ڕاست و ڕاستەقینەیە. جا یەکێك لە شاعیرە تەنزنووسە هەرە ناودارەکانمان، بەم بۆنەیەوە چەند بە یتێکی جوانی هۆنیوەتەوە کە هەقە وەکو نموونەیەکی ئەخلاق و داب و نەریتی ئێمە بە ئاوی زێڕ بنووسرێت و نەك هەر لە شارۆچکەکاندا، بەڵکو لە پایتەختیشدا، هەڵبواسرێت. فەرموون ئێوەو بەیتەکان:

لیوفا* پێنج ساڵەزگاری خشت
بە کۆنە پاڵتۆیەکی شنایدەرەوە*
خۆی بادا، خۆی نواند.
سەرقاڵ و سەرگەرمی،
وەهم و خەیاڵڕێسی
تووڕەهات و منداڵانە
رۆژگاری بەڕێ دەکرد
کە بۆ وڵات گەڕایەوە
هێشتا جووتێ پێڵاوی شڕی
زەرگال پێچی
لە پێدا بوو.

کەچی لە پڕ بوو
بە ملیۆنێر،
ملیۆنان ڕۆبڵی میراتی
پێ بڕا.
بە رووسی نوێژەکانی دەخوێنێ
بەڵام دزی لە قوتابیان
دەکات.
بۆ دزینی ماڵی خەڵکی نەك گێل نییە
گرێو لە شەیتان دەباتەوە.

کە کولیا، لە خوێندنەوەی وتارەکە بووەوە، خێرا ڕۆژنامەکەی دایە دەست میرزادەو بێئەوەی وشەیەکی لە زار بێتە دەرێ، چوو لە سووچێکەوە کزکۆڵەی کردو دەموچاوی لە نێو هەردوو لەپی نا. هەستی بە شەرمەزارییەکی یەجگار زۆر دەکرد. بە هەستێکی منداڵانەی ئەوتۆوە کە هێشتا خووی بەم قۆڕیات و پۆخڵەواتانەی ژیانەوە نەگرتبوو، دووچاری نیگەرانیەکی بێوێنە بوو بوو. نیگەران بوو ئەمما نیگەران. هەستی دەکرد، کارەساتێکی ئەوەندە نا ئاسایی ڕووی داوە کە هەموو دنیای پێوە ڕوخاوەو سەبەبکاری کارەساتەکەش ئەو بووە، چونکە ئەم ئەو گوتارەی بە دەنگی بەرز خوێند بووەوە. بە ڕێکەوت هەموو ئامادەبوانیش هەستێکی لەو جۆرەیان لا دروست بوو.

کیژەکان، هەستیان بە شەرمێکی زۆر کرد. لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا کە بە خورتی جڵەوی تورەیی خۆی پێدەگیراو، پێدەچوو ژێوان بێ لەوەی بە توێزی خۆی لەم مەسەلەیە هەڵقورتاند بوو، هەنووکە کڕو کپ، مات و بێدەنگ ڕۆنیشتبوو.

میرزادە، وەکو هەر کەسێکی شەرمنی گیرۆدەی ئەم حاڵەتانە، خەریك بوو لە شەرمەزاریدا بتوێتەوە: بە ڕادەیەك لە ڕەفتاری ئەو میوان و ئامادەبووانە شەرمەزار بوو، کە تا ماوەیەك نە یدەوێرا تەمەشای کەسیان بکات. پتیتسن، ڤاریاو تەنانەت (لیبدیف)ش هەر هەموویان شەرمەزارو نیگەران و پەریشان دیاربوون. خوشکەزایەکەی (لیبدیف)ش بە ئاشکرا ناڕەحەت بوو. تەنیا یارۆی بۆکسباز، ئاسوودە بوو و، بە کەش و فشەوە سمێڵی بادەداو چاوانی داخستبوون، نەك لەبەر ناڕەحەتی، بەڵکو لە رووی بێفیزی و هەست کردنی بە سەرکەوتن.

دیار بوو کە وتارەکەی زۆر بە دڵ بوو.

ئیڤان فیدوروفیچ بە ئەسپایی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– مەگەر شەیتان پەی بە بنج و بناوانی ئەم نامەردیە بەرێت ! ڕێك لەوە دەچێت پەنجا کەسی هیچ و پوچ، نۆکەرتەبیعەت کۆ بووبنەوەو بە شەریکی ئەم دەسکە گوڵەیان بە ئاوا دابێت ! نامەردییش بەو ئەندازەیە !

هیپولیت کە لە تورەییدا دەلەرزی، گوتی:

– قوربان بە یارمەتیت، تۆ بە چ هەقێك ئەم بەراوردانە دەکەیت ؟

یارۆی بۆکسباز، که هەستا بووە سەر پێیان و هێشتا هەر سمێڵی بادەدا، لە پڕ لەش‌وشانی کەوتنە لەرزین‌و گوتی:

– ئەمە، ئەمە، جەنابی جەنەراڵ، هەر هەمووی بۆ پیاوێکی وەچاخزادە، خانەدان، بۆ بابایەکی ئابڕوومەند، سووکایەتیە.

ئیڤان فیدوروفیچ، که بەم قسەیە تەواو توڕە بوو گوتی:

– یەکەم نامەوێ بە من بڵێی "جەنابی جەنەراڵ" و، دووەم بە تەمانیم هیچ روونکردنەوەیەکت بدەمێ یان تەوازۆت بۆ بێنمەوە.

هەستایە سەر پێیان‌و بە بێئەوەی تاقە وشەیەکی لە زار بێتەدەر، وەکو ئەوەی بیەوێ لە بانیژەکەوە دابەزێ، جولا. پاشان، پشت لە ئامادە بووان، لەسەر پلەکەی سەری سەرەوە وەستا. زۆر لە لیزاڤیتا پروکوڤیڤنای ژنی پڕبوو کە تەنانەت لەم ساتەشدا نیازی هەستانی نەبوو.

میرزادە، پەشێوو وخەمبار گوتی:

– بەڕێزینە، بەڕێزینە، بێزەحمەت با منیش قسەیەك بکەم هەندی تۆزێك، تکایە با بەجۆرێ قسە بکەین کە لە یەکدی حاڵی ببین، سەبارەت بەم وتارە هیچ کۆمێنت‌و بە دواداچوونێکم نیە، مەچنەوە سەری. بەڵام خانمان‌و ئاغایانی بەرێز دڵنیابن هەر هەمووی، لە سیری تا پیازی، خڕ درۆو بوختانە، حەرفێکی ڕاستی تیا نییە. من بۆیە ئەمە دەڵێم چونکە هەمووتان وەکو من دەیزانن. ئەم وتارە شتێکی حەیابەرەیە. بە ڕاستی شەرمە. زۆرم پێسەیرە ئەگەر یەکێك لە ئێوە نووسیبێتی.

هیپولیت گوتی:

– من بەش بە حاڵی خۆم تا ئەم ساتە هیچ شتێکم دەربارەی ئەم وتارە نە زانیوە. نەپێم باشەو نە پشتیوانی لێدەکەم.

خوشکەزایەکەی (لیبدیف)ش گوتی:

– من ئاگام لە نووسینی وتارەکە هەبوو،.... بەڵام ئەگەر پرسم پێبکرایە، دەمگوت با بڵاونەکرێتەوە. چونکە هێشتا زوو بوو بۆ بڵاوکردنەوەی.

کوڕەکەی بافلیشچوف، بە ئەسپایی گوتی:

– من ئاگادار بووم، بەڵام هەقی خۆمە... من...

میرزادە، بە کونجکاوی‌و بە سەرسامی کەوتە تەمەشاکردنی‌و پرسی:

– چی؟ تۆ ئەم هەموو درۆو بوختانەت هەڵبەستووە ؟ مەحاڵە...

خوشکەزاکەی لیبدیف گوتی:

– هەقی ئەمجۆرە پرسیارەت نییە.

– من پێم سەیرە کە جەنابی بوردوفسکی، توانیویەتی ئەم... بەڵام بە هەرحاڵ دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئێوە بە خۆتان ئەم مەسەلەیەتان لە غەزەتەدا بڵاوکردووەتەوە، بۆچی بەوە قەڵس بوون کە کاتێ من دەمویست لە حوزوری دۆست‌و برادەرەکانما باسی بکەم ؟

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بەتوڕەیی‌و بەدەم بۆڵەبۆڵەوە گوتی:

– ئاخری!...

لیبـدیف، کـە سـەبری لێوڕێـژ بووبـوو، لـە ناکـاودا، لـە بـەینی کورسـیەکانەوە خـۆی ڕەپـێش خستو بە هەڵچوونەوە گوتی:

– میرزادە تۆ شتێکت لـە بیرچوو کـە بیڵێـی... بیرت چوو ئەوە بڵێی کـە تـۆ لـە دڵپاکی و چاکەی خۆت، پێشوازیت لەمانە کردو گوێت لێگرتن. هیچ هـەقی ئـەوەیان نـەبوو داوای ئەمـە لـە تـۆ بکـەن. بە تایبـەتی کـە تـۆ مەسـەلەکەت بـە گـاڤریلا ئاردالیونوفیچ سپاردبوو کـە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا نیشانەیەکی دیکـەی دڵپـاکی تۆیـە. ئەمـە جگـە لـەوەی جـەنابی میرزادەی پایەبـەرز تـۆ هەنووکـە لەگـەڵ دۆسـتانی دڵسـۆزو هەڵبـژاردەی خۆتـدایت، خـۆ نـاکرێ ئەمانـە بکـەیت بـە قوربـانی ئـەو بەرێزانە. بۆیە تۆ دەتوانی ئەوانە بکەیتە دەرێ، جا ئەگەر تۆ ئـەمرت لەسـەر بـێ، من وەکو خـاوەن خانووەکە، ئامادەم بە کەماڵی مەیل ئەم کارە بکەم، دەریان بکەم،....

جەنەراڵ ئیڤولگین، لە بنەبانی ژوورێکەوە هاواری کرد:

– ڕاست دەکات، زۆر ڕاستە .

میرزادە گوتی:

– لیبدیف، بەسە، قسەی وا مەکە...

بەڵام لە هەموو لایەکەوە دەنگی ناڕەزایی بەرز بووەوەو قسەکانی میرزادە کەوتنە ژێرەوە...

خوشـکەزاکەی لیبـدیف، بـەدەنگێکی بـەرزی ئـەوتۆ کـە هـەموو دەنگـەکانی تـری کـردە ژێـرەوە گوتی:

– نـا جـەنابی مـیرزادە، ببـورە، شـتەکە وا نابێـت. دەبـێ خـاڵ بخرێتـە سـەر حـەرفان، وا دیـارە بـە باشی لە ئێمە نەگەیشتووین. خەڵکی وا لێرەیە، گەرەکیـەتی بە هەنجـەتی یاسایی دەرمـان بکـات. یـانی بـە نـاوی یاسـاوە هەڕەشـەی دەرکردنمان لێدەکات. تـۆ بڵێـی مـیرزادە، ئێمـە ئەوەنـدە گـەوج و کەودەن بین کە نەزانین مەسەلەکەی ئێمە هیچ بنچو بنـاوانێکی یاسایی نییـەو، نـاتوانین لـە ڕووی یاساییەوە داوای تاقە ڕۆبڵێکت لێبکەین ؟ جا لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە یاسا هیچ هـەقێکمان نـاداتێ، لـە دەرگـای هەقـە ئینسـانیەکەوە بـۆی هـاتووین، یـان ئـەو هەقـەی کـە هەسـتی مرۆڤـانی و عەدالـەتو بانگـەوازی ویـژدانی ڕاسـتگۆ دەیـدات. ئیـدی مـەرج نیـە ئـەم هەقـە لـە هـیچ یاسـایەکی سـواوو پـواوی بەشـەریدا، تۆمـار کرابێـت، چـونکە هـەر مرۆڤێکـی نـەجیبو، وەجـاخزادەو، ئابڕوومەندو، دڵپاکو، بە ویژدانو بە ئینساف، لەسەرێتی ئەو لایەنە مرۆڤانیانە ڕەچاو بکـات، کـە یاسا فەرامۆشـی کردوونو خـۆی لێبـواردوونو باسـی نـەکردوون. جا ئێمـە کـە بـۆ ئێـرە هـاتووین قەت بیرمان لەوە نەکردووەتەوە بە هـۆی داواکاریەکانمانـەوە، یـان بـە هـۆی ئەوەوە کـە بـەم وەختـە ناوەختە هاتووین دەربکرێین ( کە تۆ هەنووکە هەڕەشـەی دەرکردنمـان لێدەکـەیت... هەڵبـەتە ئێمـە داوا دەکـەین نـەك تکـا، درەنگیش نـەهاتین، بـەڵکو لـە پاکانەکـەدا چـاوەڕوانی جـوابی تـۆ بـووین.) دووپـاتی دەکەمـەوە بۆیـە هـاتووین، چونکە تـۆ بـە پیـاوێکی سـەر ڕاستو دروسـتکارو، مرۆڤێکـی ئابڕومەنـدو بـە ویـژدان دەزانـین. بـەڵێ ئەمـە حەقیقـەتی مەسـەلەکەیە، ئێمـە وەکـو مێمـڵو دەرۆزەکـەران، نـەهاتووین سـەر شـۆڕو ملکـەچ لێـت بپاڕێینـەوە کـە شـتێکمان بـدەیتێ، بـەڵکو

سەربەرزو سەرفراز، وەکو خەڵکێکی ئازادو بێمنەت هاتووین، ناپاڕێینەوە، داوا دەکەین ( گوێت لێیە ؟ داوا، نەك تکا، باش گوێت لێبێ.) جا ئێمە بە ڕاشکاوی و بێهیچ پێچ و پەنایەك لێت دەپرسین: تۆ لە مەسەلەکەی بوردوفسکی دا، خۆت بە ڕاست دەزانیت یان بە هەڵە ؟ ئایا دان بەوەدا دەنەیت کە پاڤلیچشوف چاکەی بۆت بووەو قەرزارباری ئەویت و ڕەنگە ئەگەرئەو نەبا لە برسا مردبایت، یان نا؟ ئەگەر دان بەم حەقیقەتەدا دەنەیت، کە هەقە دانی پێدا بنەیت، ئایا بە نیازی یان بە ڕەوای دەزانیت پاش ئەوەی بوویت بە ملیونێر، چاکەی پافلیچشوف بدەیتەوەو، ژیانی کوڕەکەی ئەو، کە نانی شەوی نیە، با ناوو شۆرەتی (بردوفسکی)شی هەڵگرتبێ، دابین بکەیت؟ ئا یان نە ؟ ... ئەگەر وەڵامەکەت "ئا" بێت، بە گوتەیەکی دی، ئەگەر ئەو شتەت تیایە کە بە زمانی ئێوە پێی دەگوترێ شەرەف و ویژدان و ئێمە بە جۆرێکی وردترو دروست تر پێی دەڵێین " داوەری دادوەرانە "، ئەوا دەبێ داواکەی ئێمە جێبەجێ بکەیت و هەنگێ پاك لە پاك، هەرگیز باسی ئەم مەسەلەیە ناکەینەوە، بەڵام دەبێ ئەم مەسەلەیە یەك لایی بکەیتەوەو چاوەڕوانی هیچ سوپاس و منەتبارییەك لە ئێمە نەکەی، چونکە ئەم کارە لەپێناوی عەدالەتدا دەکەیت نەك لەبەر خاتری ئێمە. بەڵام ئەگەر دڵی ئێمە ڕازی نەکەیت، واتە بڵێیت "نەء ". یەکسەر دەڕۆین و مەسەلەکە لێرەدا دەبڕێتەوە. بەڵام لەو حاڵەتەدا، بێئەوەی لە ڕوودابمێنین و بێهیچ شەرمێك ڕوو بە ڕووی خۆت و لەبەر چاوی هەموو ئەم خەڵکە، پێت دەڵێین کە تۆ پیاوێکی کەللە ڕەق، بێ شعور، و بێ شەخسیەتیت و بۆت نییە لە ئێستا بە دواوە خۆت بە پیاوێکی ئابڕوومەندو خودان ویژدان بزانیت، دەتەوێ هەق بە هەرزاترین نرخ بکڕیت. من قسەی خۆم کرد. مەسەلەکەم نایە قولی مستت. ئەگەر ئازایت لە ئێستا زووتر نیە دەرمان بکە، لە دەستت دێت... دەتوانیت.. بەڵام ئەوە بزانە کە ئێمە داوا دەکەین نەك تکا، ئێمە داوا دەکەین نەك گەدایی!...

خوشکەزاکەی لیبدیف، لە قسان وەستا، زۆر هەڵچوو بوو.

بوردوفسکی، کە سوور سوور بوو بووەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئێمە داوا دەکەین، داوا، داوا، تکاو سواڵ ناکەین !...

قسەکانی خوشکەزایەکەی لیبدیف، ئامادەبووانی خرۆشاند. جم و جوڵێکی تەواویان پێکەوت، بەڵام خویابوو کە هیچ کەسێك نەیدەویست خۆی لە مەسەلەکە هەڵقورتێنێ، تەنیا لیبدیف نەبێ کە پێدەچوو خۆشحاڵ بێت. ( سەیر ئەوە بوو، هەرچەند لیبدیف بە رواڵەت لایەنگری میرزادە بوو، کەچی لەوە دەچوو، قسەکانی خۆشکەزاکەی سۆزی خزمایەتی جوڵاندبێت و بە جۆرە ڕەزامەندییەکی تایبەتی و شادمانییەکی ئاشکراوە چاوی بە ئامادەبووواندا دەگێڕا.)

میرزادە بە دەنگێکی هەندێ نزم، دەستی بە قسان کرد:

– بە نۆڕینی من، جەنابی دوکتورنکو ، نیوەی قسەکانت، بەڵکو لە نیوەش زیاتری ڕاستن، ئەگەر یەك شتت لە قسەکانتا فەرامۆش نەکردبایە، لەوە بوو سەدی سەد لەگەڵت بوایەم. لێ هەرچی سەر دێنم و سەر دەبەم ناتوانم ئەو شتەت بۆ دیاری بکەم و پێتی بڵێم... گرینگ ئەوەیە دەزانم قسەکانت شتێکیان کەمە، تا دروستی دەربچن. بەڵام بەرێزێنە، با بێینەوە سەر

بابەتەکەی خۆمان، ئەمەیان گرینگە، پێم بڵێن بۆچی ئەم وتارەتان بڵاوکردەوە ؟ تاقە حەرفێکی تیا نییە، لە بوختان و درۆ بەدەربێت. بۆیە بەڕێزینە ئێوە ڕەفتارێکی زۆر ناشیرین و دزێو، گەڵێك سووکتان کردووە.

– بە یارمەتیت ، ڕێم بدە...

– قوربان گیان!...

– ئا.. ئەمە... ئەمە...

میوانەکان، بە شپرزەیی و بە یەکەوە، ئەو جۆرە وشانەیان دەگوت.

هیپولیت، بەدەنگە زیقنەکەی وەڵامی دایەوە:

– سەبارەت بە وتارەکە، وەکو پێمگوتیت نە من و نە کەسی تر، نە لە گەڵیداین و نە پێمان خۆشە. ئەم پیاوە نووسیویەتی ( هیپولیت بە دەم ئەو قسەیەوە ئاماژەی بۆ یارۆی بۆکسباز کرد کە لە نزیکەوە دانیشتبوو.) من دان بەوەدا دەنەم کە وتارێکی خراپە، بە شێوازێکی نەخوێنەوارانە نووسراوە، دیارە قوڕی بابایەکی سوپایی تڕۆکراو هەر ئەو تۆزەی لێهەڵدەستێ. هەڵبەتە نەك هەر بابایەکی گەوجە بەڵکو کەسێکی خاپینۆك و کڵاوچیشە، من لەگەڵتام. من ئەم قسەیە ڕووبە ڕووی خۆی دەکەم، بەڵام پیاو درۆیەك بۆ دزیش بکات هەر بەینی خۆمان بێ، زۆریش نەهەق نییە. ماف بڵاوکردنەوە، مافێکی یاسایی هەر کەسێکە، بۆیە (بوردوفسکی)ش ئەو هەقەی هەیە. بەڵام ناوەڕۆکی وتارەکەی ئەگەر تورەهاتیش بێ، ئەوا خۆی لێی بەرپرسە. بەڵام سەبارەت بەو ناڕەزایی و ئیعترازەی کە من تۆزێ لەمەپێش لە حوزووری دۆستەکانتدا بە ناوی هەموومانەوە گرتم، بەرێزینە بە ئەرکی خۆمی دەزانم پێتانی ڕابگەیەنم کە ئەو ئیعترازەم تەنیا بۆ دووپات کردنەوەی ماف خۆمان گرت. پیاو ڕاست بڵێ حەزمان دەکرد شایەدیشمان هەبن، تەنانەت هەر چوارمان پێش ئەوەی بۆ ئێرە بێین، لەسەر ئەوە رێکەوتبووین، ئیدی ئێمە شایەدەکانمان قەبووڵە، هەر کێیەك بن، تەنانەت ئەگەر دۆست و ئاشناکانی تۆش بن، مادامێکی نە توانن نکۆڵی لە ماف بوردوفسکی بکەن ( کە ئەم مافە مافێکی حاشا هەڵنەگرە، وەکو چۆن دوو جاران دوو دەکاتە چوار ). بۆیە ئەگەر شایەدەکان لە دۆستانی خۆت بن باشترە، چونکە ئەوە حەقیقەتەکە روونتر دەنوێنێ.

خوشکەزاکەی لیبدیف، هەڵیدایەو گوتی:

– بەڵێ، لەسەر ئەوە ڕێ کەوتبووین.

میرزادە، بە سەرسامی پرسی:

– جا کە ئەوە نیازو مەبەستتان بوو، کە شایەدتان گەرەك بوو، بۆچی لە یەکەم قسەتانەوە، ئەو هەموو هەراو هەنگامەیەتان نایەوە، کردتان بەو هەراو زەنایە ؟

یارۆی بۆکسباز، کە تامەزرۆی قسەیەك بوو و هاتبووە جۆش و ( لەوە دەچوو، حوزووری ئافرەتەکان بە ئاشکرا کاریان تێکردبێت ) بە زمانێکی دۆستانە گوتی:

– سەبارەت بە وتارەکە جەنابی میرزادە، وێڕای ئەو ڕەخنە توندەی کە هاوڕێ نەخۆشەکەم لێی گرت، بەڵام من لەبەر نەخۆشیەکەی دەی بورم و لێی ناگرم، دان بەوەدا دەنەم کە من نووسیومە،

نکوڵی لێناکەم. بەڵام من لە شێوەی نامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا نووسیمو لە ڕۆژنامەی برادەرێکی زۆر نزیكو دڵسۆزی خۆمدا بڵاوم کردەوە. تەنیا شیعرەکان هی من نین، بەڵکو شاعیرێکی تەنزنووسی بەنێوبانگ هۆنیوێتیەوە. من وتارەکەم بۆ بوردوفسکی خوێندەوە، هەڵبەتە بەر لەوەی هەمووی بۆ بخوێنمەوە، یەکسەر قاییل بوو کە بڵاوی بکەمەوە. دیارە من بۆ بڵاوکردنەوەی وتارەکە پێویستم بە ڕەزامەندی ئەو نەبوو. بڵاوکردنەوە مافێکی گشتیە، مافێکی ڕەواو بە سوودیشە، جا میرزادە ئومێدەوارم کە سینگت لەوە فراوانتر بێ کە نکوڵی لەم ماف بڵاوکردنەوەیە بکەیت.

– من نکوڵی لە ماف بڵاوکردنەوە ناکەم، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنەیت کە وتارەکەت شتی...

– دەتەوێ بڵێی شتی هەندێ توندی تیایە... گەرەکتە ئەوە بڵێیت ؟ بەڵام هەر هەموو ئەو شتانە، دەچنە خانەی خزمەتی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵایەتیەوە. دەبێ خۆت دان بەوەدا بنەیت. ئەمە مەسەلەیەك نیە پیاو بتوانێ لێی بێدەنگ بێت. ئێمە تاوانبارانمان بەلاوە گرینگ نین، چاویان دەرەهات! بەرژەوەندی گەل، لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوەیە! سەبارەت بە وتارەکە، ئەگەر هەندێ بێ دیقەتیو موبالەغەی تیا دەبینی، مەبەستم موبالەغە لە دەربڕین و گوزارشتەکەیەتی، دەبێ ئەوە بزانی کە عیبرت لە ئامانجو مەبەستی وتارەکەیە نەك لە شێوازی نووسینەکەی. گرینگ ئەوەیە نموونەیەکی بە سوود پێشکەش بکەین. پاشان دێینە سەر گەنگەشەی لایەنە شەخسیەکان. سەبارەت بە شێوازیش، هەڵبەتە ئەمە شێوازێکی کۆمێکی تەنزامێزە، بە خۆتان دەزانن کە هەموو خەڵکی بەم شێوازە دەنووسن! ها ها!..

میرزادە گوتی:

– بەڵام بەرێزینە، من دڵنیاتان دەکەم کە ئێوە سەر چیخ چوون، بەلا ڕێدا چوون! خۆتان گومڕا کردووە! ئێوە وتارەکەتان بەو تەسەورەوە داڕشتووە کە من هەرگیز ئامادەنیم بە دەنگ داواکەی ڕێزدا، بوردوفسکییەوە بچم، ئیدی ویستووتانە لەو ڕوانگەیەوە بمترسێننو تۆڵەم لێبکەنەوە. بەڵام ئێوە چوزانن ؟ لەوەیە بمەوێ ڕێزدار بوردوفسکی رازی بکەم. دەیسا،، ئێستا بە ئاشکراو لەبەردەمی ئێوەدا دەیڵێم کە من هەمان نیازم...

یارۆی بۆکسباز، گوتی:

– ئۆخەی! ئەنجام چەند قسەیەکی ئاقڵانە، لە زاری پیاوێکی عاقڵو وەجاخزادە دەرهات !

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– پەنا بەخوا !

جەنەراڵ، بەدەم پرتەو بۆڵەوە گوتی:

– شتی وا مەحاڵە ! چۆن دەبێ !

میرزادە کەوتە تکا:

– تکاتان لێدەکەم، خانمان، ئاغایان، تکایە ڕێم بدەن با حەقیقەتی مەسەلەکە ڕوون بکەمەوە! جەنابی بوردوفسکی، نزیکەی پێنج هەفتەیەك لەمەپێش، چیباروڤی وەکیلو نوێنەری تۆ، لە"ز"دا هاتە لام. ( لێرەدا میرزادە بە پێکەنینەوە ڕووی کردە کابرای بۆکسبازو لەسەری ڕۆیی).

کە تۆ جەنابی کیللەر لە وتارەکەتدا زۆرت بە شانو باڵیا هەڵداوەو فرە بە ئاووتاو وەسفت کردوە، بەڵام من بە هیچ جۆرێ خۆشیم بە چارەیا نەهات. یەکسەر هەستم کرد سەری هەموو داوەکان لە دەستی ئەم چیبارۆڤەدایەو با بە ئاشکرا بیڵێم کە ئەم ئاگری ژێر کایە، ساویلکەیی تۆی کردووە بە دەساوێزی خۆیو بۆ ئەم کارەی هانداویتو بەمجۆرە تووشی کردوویتو تێوەی گلاندویت.

بوردوفسکی، لە توڕەییدا زمانی کەوتە تەتەڵە :

– تۆ هەقی ئەوەت نییە... من... من.. ئەوەندە ساویلکەو گەوج نیم... ئەمە...

خوشکەزایەکی لیبدیف، لەسەری هاتە جوابو گوتی:

– هەق نیە تۆ ئەم جۆرە تەسەورە بکەیت! هەقی ئەم جۆرە تەسەورەت نیە !

هیپولیت، بە دەنگە زیقنەکەی هەڵیدایە:

– ئەمە سووکایەتییە! تەسەورێکی دزێوە، درۆیەکی شاخدارە، هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەکەوە نییە !

میرزادە، بەلەز کەوتە پۆزش هێنانەوە:

– ببورن بەرێزینە! تکایە بمبورن، من هەندێك قسەم لە ڕووە، من پێموا بوو، قازانجی هەردوولامان لەوەدایە بە ڕاشکاوی قسان بکەین... ئێوەش کەیفی خۆتانە. من بە چیباروفم گوت، چونکە لە پترسبۆرگەوە دوورم، یەکسەر هاوڕێیەکی خۆم ڕادەسپێرم کە پەیگیری ئەو مەسەلەیەم بۆ بکات، هەروەها، من بە چیباروفم گوت، بە خۆم جوابەکە لە جەنابی بوردوفسکی دەگێڕمەوە. جا بەرێزینە لێتانی ناشارمەوە کە تەدەخولی ئەم چیباروفە وای لێکردم بکەومە گومانی ئەوەوە کە فێڵو تەڵەکەبازییەك لەم مەسەلەیەدا هەیە، کە موویەك لەم ماستەدا هەیە..

میرزادە، کە چاوی بە نیگەرانیو ناڕەحەتی بوردوفسکی و ناڕەزایی هاوڕێکانی تری کەوت، بەلەز بایدایەوەو لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– بەرێزینە پێتان ناخۆش نەبێ، تکایە زویر مەبن! ئەمە هیچ پەیوەندییەکی شەخسی بە هیچ یەکێك لە ئێوەوە نیە. کە دەڵێم هەستم بە جۆرە فێڵو تەڵەکەبازییەك کرد، ئەم قسەیەم کەمو زۆر ئێوە ناگرێتەوە، چونکە ئەو کاتە شتاقتانم نە دەناسیو تەنانەت ناوی کەستانم نەدەزانی. من لە میانەی چیباروفەوە حوکمی خۆم داوەو مەسەلەکەم هەڵسەنگاندووە... بۆیە قسەکانم گشتین.. خۆزگە دەتانزانی لەوەتای ئەو بەشە میراتەم بەرکەوتووە، چەند فریودراوم !

خوشکەزاکەی لیبدیف، بە تەوسخەنەوە گوتی:

– میرزادە، تۆ یەجگار ساویلکەی !

( هیپولیت )ش پلاری خۆی وەشاند:

– تۆ وێرای ئەوە، هەم میرزادەو هەم ملێونێریشی! جا ئەگەر ساویلکەو دڵپاكو دڵسافیش بیت، ناتوانی لە یاسای گشتی دەربچیت.

میرزادە، بەلەز هاتە وەڵام:

– لەگینە، دەشێت نەتوانم، هەرچەندە نازانم مەبەستت کام یاسای گشتییە. بەڵام من لەسەر قسەکەی خۆم دەڕۆم. بەڵام تکا دەکەم لە خۆڕایی خۆتان سەغڵەت مەکەن، بە بەلاش قسەکانم مەبەنە سەر خۆتان. چونکە – باوەڕم پێبکەن – بە هیچ کلۆجێ نیازی ئەوەم نییە سووکایەتیتان پێبکەم ! ئاخر بەڕێزینە ئەمە کەی ڕەوای هەقە پیاو هەر قسەیەك بکاتو، ئێوە بیبەنە سەر خۆتانو وەکو فیشەکە شێتە بچن بە ئاسماندا ؟ بە هەرحاڵ، کە یەکەمجار زانیم کوڕێکی گەنج هەیە بە ناوی " کوڕی پافلیشچوف"ـەوەو بەو وەزعە نالەبارەوە کە چیبارۆف بۆی گێڕامەوە، سەرم سوڕما. پاڤلیشچوف پشتیوانی منو دۆستی بابم بوو ( باشە، جەنابی کیللەر، تۆ چۆن توانیوتە ئەم درۆ و دەلەسانە لە وتارەکەتدا دەربارەی بابم بنووسیت ؟ هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان پارەی سریەکەی خۆی نەدزیوەو لە قومارا نەیدۆڕاندووە، قەت بەد ڕەفتاری لەگەڵ ژێر دەستانی خۆیدا نەکردووە. من لەم ڕووەوە دڵنیام. چۆن دەستت تێچوو ئەم بوختانە گەورەیەی بۆ هەڵبەستی ؟). ئەوەی دەربارەی پافلیشچوف نووسیوتە، فڕی بە ڕاستییەوە نییە... تۆ هێندە بە متمانەو دڵنیاییەوە باسی هەرزەیی و داوێن پیسی و فاسقیو زیناحکاری ئەم پیاوە مەردو ڕەندو شەریفە دەکەیت، وەکو ئەوەی باسی حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر بکەیت. کە ئەمە درۆو بوختانێکی شاخدارە. هەڵبەتە پاڤلیشچوف، بە پێچەوانەی بوختانەکانی تۆوە، یەکێك بوو لەو مرۆڤە دروستکارو داوێن پاكو بێگەردانەی کە دنیا بە دەگمەن هی وای بە خۆوە دیتوە! سەرباری ئەوەش پیاوێکی زانا بوو، پایەیەکی زانستی شایستەی هەبوو، نامەو نامەکاری دەگەڵ گەلێك لە زانا بە نێوبانگو ناودارەکاندا هەبوو، پارەیەکی یەجگار زۆری لە قەبەڵی پێشکەوتنی زانست کردبوو. سەبارەت بە پیاوەتیو چاکەو کارێن خێری وی ، زۆر ڕاست دەکەی کە نووسیوتە من لەو کاتانەدا بابایەکی نیمچە شێت، یان گێلۆکە یان گەمشەگێکی ئەوتۆ بووم کە هیچ تێنەدەگەییم ( بەڵام دەمتوانی بە ڕووسی قسان بکەمو تێی بگەم ). بەڵام ئێستا دەتوانم ڕای خۆم لەمەڕ هەموو ئەو شتانە دەربڕم کە بیرم ماون...

هیپولیت، دەنگە زیقنەکەی لێهەڵبڕی:

– بمبورە... واز لەم قسە عاتیفیانە بێنە. خۆ ئێمە منداڵ نین. قەراربوو بچیتە سەر باسی جەوهەری مەسەلەکە. ئەوەشت لە بیر نەچێت کە هەنوکە سەعات لە نۆ تێپەڕیوە !

میرزادە، یەکسەر، قسەکەی بۆ سەلماندو گوتی:

– دەی باشە بەڕێزینە، هەر ئێستا دێمەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە .

پاش کەمێك لە دوو دڵیو گومان، لەدڵی خۆدا گوتم لەگینە من هەڵە بم، لەوەیە باڤلیشچوف کوڕێکی هەبێ. بەڵام سەرم لەوە دەرنەدەکرد کە ئەم کوڕە بۆچی دەبێ بەم شێوەیە جاڕی لە دایکبوونەکەی خۆی بداتو بە دنیادا بڵاوی بکاتەوە، لەمەش خراتر بۆچی دەبێ بەم ئاوایە ناوی دایکی خۆی بزڕێنێو حەیاو نامووسی لە ناو خەڵکیدا بەرێت، چونکە چیباروف، هەڕەشەی لێکردبووم کە نەنگو فەزیحەتەکە بڵاودەکاتەوە..

خوشکەزایەکەی لیبدیف هەڵیدایەو گوتی:

– لەو کەرێتییە !

بوردوفسکی گوتی:

– تۆ بۆت نییە، نا بۆت نییە !...

هیپولیت، بەوپەڕی هەڵچوونەوە، بە دەنگە زیقنەکەی گوتی:

– کوڕە، لە فسق و فجوری بابی بەرپرس نیە، دایکشی هیچ تاوانێکی نیە !

میرزادە، بە شەرمەوە گوتی:

– ئاخر هەر لەبەر ئەمە دەبوایە چاوپۆشی لە قسوری دایکی بکرابایەو ناوی نە زڕێنرابا.

خوشکەزایەکەی لیبدیف، بە دەم تەوسخەنێکی شەڕانییەوە گوتی:

– میرزادە، تۆ نەك هەر ساویلکەیت، ڕەنگە لە ساویلکەییشت تێپەڕاندبێت..

هیپولیت بە دەنگێکی زۆر نا ئاسایی گوتی:

– ئاخر تۆ هەقت چیە ؟

میرزادە، بەلەز گوتی:

– هیچ، هیچ هەقێکم نییە...

هەنگیٚ لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– لێرەدا هەق بە تۆیە، ئەشەدو هەق بە تۆیە. بەڵام ئیدی بێهیچ غەرەزێك بە بیرما هات. پاشان هەر زوو لە دڵی خۆدا گوتم، نابیٚ هەست و بۆچوونی شەخسی من هیچ کارێك لە مەسەلەکە بکات. چونکە ئەگەر قەراربیٚ لەبەر خاتری پافلیشچوف و وەکو وەفادارییەك دەرهەق بە پیاوەتی و چاکەی وی لە هەنبەر منا، داوایەکانی بوردوفسکی جێبەجیٚ بکەم، هەنگیٚ چ ڕێزی جەنابی بوردوفسکی بگرم چ ڕێزی نەگرم هەر دەبیٚ ئەو کارە کەم... بۆیە بە ڕێزینە کە من باسی گومان و دوو دڵی خۆمم بۆ کردن، لەبەر ئەوە بوو کە پێموابوو و ئێستاش پێموایە کە سڕهەڵماڵینی دایك لەلایەن کوڕەکەیەوە کارێکی نا ئاساییە... بە کورتیەکەی، لەبەر ئەو شتە گەییمە ئەو قەناعەتی کە چیباروف پیاوێکی کڵاوچییەو بە فێڵ و دەهۆیان جەنابی بوردوفسکی لەم فڕوفێڵانەوە گلاندووە.

ئیدی هات و هاواری دەستەجەمی میوانە تازەکان بەرز بووەوە:

– ئاه... ئەم قسەیە ئیدی لە کێشا نیە !

تەنانەت هەندێکیان خەریك بوو هەڵدەستانە سەرپیٚ.

– بەرێزینە ! بەم بەڵگەیەدا بۆم دەرکەوت کە جەنابی بوردوفسکی بەلەنگاز و کڵۆڵ، دەبیٚ پیاوێکی ساویلکەو سائەقڵ بێت و نەزانیٚ چۆن خۆی لە داوی داوبازان بپوێریٚ و خۆی لە فەندەڵ فێڵی فریبۆکان بپەڕێنێتەوە، ئیدی ئەمە کردیە کارێك، بەو حیسابەی "کوڕی پافلیشچوفە" بە سیٚ جۆر یارمەتی بدەم، یەکەم: لە کاریگەریی چیباروف دەربازی بکەم. دووەم، بە دڵسۆزی و دۆستانە ڕێنوێنی بکەم، سێیەم، دە هەزار ڕۆبڵی بدەمیٚ کە ئەمە بە پێی حیساباتی من ئەو بڕە پارەیەیە کە پافلیشچوف لە منا خەرجی کردووە.

هیپولیت هاواری کرد:

– چی؟ تەنیا دەهەزار ڕۆبڵ ؟

خوشکەزاکەی لیبدیف، بە تەشەرەوە گوتی:

– دەی میرزادە، لە حیسابا بە قوەت نیت، یان زیاد لە پێویست بە قوەتی، بەڵام خۆت لە گێلی دەدەی .

بوردوفسکی هەڵیدایە:

– من بە دە هەزار ڕۆبڵ قاییل نابم .

یارۆی بۆکسباز، لە پشت کورسیەکەی هیپولیتەوە، ملی هێنایە پێشیٚ و بە چپە گوتی:

– ئانتیب قاییل بە، جاریٚ قاییل بە، تا دوایی .

هیپولیت دیسان زیقاندی:

– تەمەشا جەنابی میشکین! جاریٚ دەبیٚ ئەوە بزانیت کە ئێمە گەوج نین. لەو کەرو گایانەش نین کە پێدەچیٚ میوانەکانت وامان تەسەور بکەن، لەو گێل و شەواکانە نین کە ئەو خانمانە تەسەوریان دەکەن و بەدەم تیزخەنەوە تەمەشامان دەکەن، بەتایبەتی ئەم ئەرستۆکراتە بەرێزە (بەدەم ئەو قسەیەوە ئاماژەی بۆ یەڤگینی باڤلوڤیچ کرد ) کە هەرچەندە بە ناسینی مشەڕەف نەبووم، بەڵام ناوبانگیم بیستووە .

میرزادە، بەوپەڕی هەڵچوونەوە گوتی:

– بەرێزان، بە یارمەتیتان، تکایە بە یارمەتی خۆتان، ئەلهەقی ئەمجارەش لە مەبەستم نەگەییشتن، جاریٚ پێش هەموو شتێك جەنابی کیللەر، وتارەکەی تۆ دەربارەی تەخمینی سەروەت و سامانەکەی من زۆر بێدیقەت و شاشە، فڕی بە ڕاستیەوە نییە: من چەند ملێونێکم پیٚ نەبڕاوە، ڕەنگە هەشت یەك یان دەیەکی ئەو بڕە پارەیەم هەبیٚ کە تۆ قەبڵاندووتە. پاشان ئەوەی لە سویسرا خەرجی من کراوە هەرگیز دەیان هەزار ڕۆبڵ نەبووە، جاریٚ شنایدەر ساڵی تەنیا شەش سەد ڕۆبڵی وەردەگرت، ئەویش تەنیا لە سیٚ ساڵی یەکەمدا. سەبارەت بە پەروەردەکارو فێرکاری جوان و خشکۆك، پاڤلیشچوف هەرگیز، ڕۆژیٚ لە ڕۆژان، پەروەردەکارو فێرکاری لە پاریسەوە بۆ من نەهێناوە – ئەمەش بوختانە بە خەڵکیدا. پێموایە ئەو پارەیەی خەرجی من کراوە، زۆر لە دە هەزار ڕۆبڵ کەمتر بووە، بەڵام قەیدی نیە من ئەم دەهەزار ڕۆبڵەم قەبووڵە، باوەڕ بکەن، ئەگەر قەرزیشم لەلا بوایە، چەندیشم جەنابی بوردوفسکی خۆشویستبا هەر قەرزەکەیم دەدایەوە، نەمدەتوانی لە قەرزەکە زیاتری بدەمەوە، چونکە سادەترین ئەتەکێتی زەوق ڕێگەم نادات، لە کاتێکا کە من قەرزی دەدەمەوە، وا بنوێنم کە خێری پێدەکەم. نازانم بۆچی ناتانەویٚ لەم مەسەلەیە بگەن! جاران بەزەییم بە کڵۆڵی و بەدبەختی ویدا دەهاتەوە، دەمویست لە رووی دۆستایەتیەوە قەرەبووی ئەو کڵۆڵی و بەد بەختیەی بۆ بکەمەوە، دوایی بۆم دەرکەوت کە فریوی خواردووە، ئەگەر فریوی نەخواردبا، هەرگیز بەوە ڕازی نەدەبوو کیللەر لە وتارەکەیدا، بەو شێوەیە ناوی دایکی بزڕێنیٚ و ڕیسوای بکات. بۆچی دووبارە توڕە دەبن بەڕێزینە ؟ ئەگەر کار وا بڕوات، قەت لە یەکدی ناگەین و ناگەینە هیچ لێکدی حاڵی بوونێك !.

میرزادە بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکەی خۆی هێنا:

– بەڵێ، قسەکەی من دەرچوو، هەنووکە دڵنیام، کە لێکدانەوەو مەزەندەکەی من ڕاستو دروست بوو.

میرزادە، بە خۆشحاڵییەوە هەوڵیدەدا هێوریان بکاتەوە، بەڵام ئاگای لەوە نەبوو، بەو کارەی هێندەی دی دەیهاڕوژاندن و هاری دەکردن .

هاواریان لێهەستاو بە تووڕەیی پرسیان:

– قسەی چی ؟ لەچی دڵنیا بوویت ؟

میرزادە، بەرسڤی دایەوە:

– بە چاوی خۆمو زۆر بەشێنەیی جەنابی (بوردوفسکی)م بینی. لە نزیکەوە ناسیمو زانیم بۆردوفسکی چ جۆرە بە شەرێکەو چ کەسێتییەکی هەیە... گەنجێکی سادەو ساویلکەو خۆشباوەڕەو، بە هەر کەسێك دەخەڵەتیٚو لە خشتە دەبرێت. بە ئاسانی دەبیٚ بە داردەستی هەرکەسێك. کەسێکە ناتوانیٚ بەرگریو داکۆکی لە خۆی بکات، بۆیە لە سەرمە کە بیپارێزمو داکۆکی لێبکەم. سەربارەت بە( گاڤریلا ئاردالیونوفیچ )ش کە ڕامسپارد بوو، پەیگیری ئەم مەسەلەیەم بۆ بکاتو، ماوەیەکی زۆر بوو، بە هۆی سەفەرمو بە هۆی نەخۆشیمەوە لە ماوەی ئەو سیٚ رۆژەدا، کە لە پترسبۆرگ بووم، هیچ هەواڵێکم نەدەزانی، سەعاتێك لەمەپێش، لە یەکەم دیدارماندا پێی ڕاگەیاندم کە پەی بە هەموو نەخشەو مەرامو مەبەستەکانی چیباروف بردووەو قوڕی بنی دەرهێناوەو بەڵگەی تەواوی بە دەست هێناوە کە چیباروف، هەمان ئەو جۆرە پیاوەیە کە من مەزەندەم لێدابوو. جا خانمان و ئاغایانی بەڕێز، من زۆر چاك دەزانم، خەڵکێکی زۆر بەگەمشەگو گەمشۆم دەژمێرن. (چیباروف) کە بیستوویەتی من مرۆڤێکی دەست بڵاومو بە ئاسانی پارەم لێدەردەهێنریٚ، ئیدی وای خەیاڵ کردووە، دەتوانیٚ بە ئاسانی بلۆفم لێبداتو هەڵم بخەڵەتێنیٚ، بە تایبەتی کەزانیویەتی کە جۆرە نمەك ناسییەکم دەربارەی باڤلیشچوڤ ڕەحمەتی هەیەو بە چاکەو پیاوەتی ئەو پیاوە دەزانمو خۆم بە منەتباری دەزانم، ئیدی لەو دەرگایەوە بۆم هاتووە. بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە... ئەوە چیتانە بەرێزینە ؟ تکایە قسەکانم پێمەبڕن، تا کۆتایی گوێم لێبگرن... گوتم ئەسڵی مەسەلەکە ئەمەیە کە بە بەڵگەی بنجبڕەوە ئەوە ساغ بووەتەوە کە ئەم ئاغای بوردوفسکییەی کە ئێستا سەرو کەللەی پەیدا بووە، کوڕی باڤلیشچوف نیە ! گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، ئا ئێستا ئەو هەواڵەی دامیٚو گوتی بەڵگەی بنج بڕی لەو بارەیەوە پەیدا کردووە. ها، ئێوە چ دەڵێن ؟ هەڵبەتە پاش ئەو هەموو هەراو هەنگامەو هەراوزەنایە زەحمەتە پیاو باوەڕ بکات ! کەواتە باش گوێم لێبگرن: بەڵگەی بنج بڕ هەیە ! من خۆیشم تا ئێستا بە تەواوەتی باوەڕ ناکەم، دڵنیا بن ناتوانم باوەڕبکەم. هێشتا گومانم هەیە، چونکە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، هێشتا فریا نەکەوتووە، بە وردیو تێرو تەسەلی مەسەلەکەم بۆ بگێڕێتەوەو بەڵگەکانم بخاتە بەردەست. بەڵام ئەوەی ساغ بووەتەوەو هیچ چەندوچوونێك هەڵناگرێت ئەوەیە کە چیباروف، پیاوێکی سێبەندی ، سەرسەری دەستبڕە، نەك هەر بوردوفسکی بە لەنگاز، بە ڵکو هەموو ئێوەی بەڕێزیشی خاپاندووە کە بەوپەڕی نیاز پاکییەوە بۆ ئێرە هاتوون تا بەرگریو پشتیوانی لە هاوڕێکەتان بکەن ( چونکە پێویستی بە پشتیوانیو کۆمەكو بەرگرییە، من لەمە دەگەم ). ئیدی

چیباروف هەمووتانی تووش کردووە. هەر هەمووتانی لە فێڵ و تەڵەکەبازیو دەستبڕییەوە گلاندووە، چونکە ئەم مەسەلەیە جگە لە دەستبڕیو فێڵو فریو هیچی تر نییە .

لە هەموو لایەکەوە، دەنگ بەرز بووەوە:

– چۆن ؟ فێڵو درۆو دەستبڕی ؟ چۆن ؟ کوڕی پاڤلیشچوف نیە ؟ شتی وا چۆن دەبێت ؟

دارو دەستەکەی بوردوفسکی، هەموو بە جاریێ حەپەسان!

میرزادە گوتی:

– بەڵێ، دزیو درۆو دەستبڕییە ! ئەگەر ئاغای بوردوفسکی نەیسەلمێنێت کە کوڕی "باڤلیشچۆفە"، ئیدی داواکەی دەکاتە فێڵو درۆو دەستبڕی ( هەڵبەتە ئەگەر ئاگای لە مەسەلەکە بووبێت ) بەڵام لە حەقیقەتدا ئەو فریو دراوە، لە خشتە براوە. بۆیەش سوورم لەسەر ئەم خاڵە تا لە هەر تاوانێك تەبرئێی بکەم، چاوپۆشی لە هەڵەو تاوانەکانی بکەم. لێی ببورم. پێموایە پیاو دەبێ بەزەیی بە ساویلکەییو غەشیمی ئەم گەنجەدا بێتەوەو بەرگری لێبکات ، دەنا لەوەیە لەم مەسەلەیەدا ببێ بە شەریکی فێڵو دزیو دەستبڕی. بەڵام من لە ئێستاوە قەناعەتم وایە کە ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نییە. منیش پێش ئەوەی بچم بۆ سویسرا وا بووم، هەمان وەزعو حاڵی ئەوم هەبوو. قسەی بێ سەرو بەرم دەکرد، ورینەم دەکرد. دەمویست نیازو مەبەستی خۆم دەربڕم، بەڵام وشەم لێدەچوونە قاتی، بۆم نەدەهات... چونکە خۆم بەم حاڵەتەدا ڕۆییشتووم ، لە هەموو کەس زیاتر بەزەییم پێیدا دێتەوەو دەتوانم هاوخەمیو هاوسۆزی دەگەڵدا بکەم. چونکە منیش تەقریبەن هەمان وەزعم بەسەر هاتووە، بۆیە هەقی ئەوە بە خۆ دەدەم باسی ئەو مەسەلەیە بکەم. لە کۆتاییدا، هەرچەندە ساغ بووەتەوە کەسێك نیە بەناوی کوڕی پاڤلیشچوفە وە و مەسەلەکە تەنیا چاوو ڕاو بووە، بەڵام لە کۆتاییدا دەیڵێمەوە کە من هەر لەسەر بڕیارو قسەی خۆمم، ئامادەم لەبەر خاتری قەبرەکەی باڤلیشچوف، دە هەزار ڕۆبڵ بە ئاغای بوردوفسکی بدەم. بەر لەوەی سەرو سەکوتی بوردوفسکی پەیدا ببێت، بە تەما بووم، ئەم بڕە پارەیە سەرفی دامەزراندنی قوتابخانەیەك بکەم بە ناوی باڤلیشچوفەوە. بەڵام ئێستا بەلامەوە گرینگ نیە ئەو بڕە پارەیە سەرفی دامەزراندنی قوتابخانە بکەم یان بیدەم بە ئاغای بوردوفسکی، چونکە ئەگەر بە حەقیقەتیش کوڕی باڤلیشچوف نەبێت، ئەوا ئەوەندە زوڵانە فریویان داوە، قەناعەتی تەواوی لا دروست بووە کە کوڕی بافلیشچوفە. بەرێزینە حەزدەکەم گوێ لە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ بگرن با قسەکانی بکاتو بە یەکجارەکی کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنین. تکادەکەم توڕە مەبن، هێدیو هێمن لە شوێنی خۆتان دانیشن! با گاڤریلا ئاردالیونوفیچ مەسەلەکەمان بە وردی بۆ باسبکات، ئەلهەقی من زۆر تاسەمەندی ئەوەم، بە هەموو وردو درشتێکی مەسەلەکە بزانم. گاڤریلا دەڵێت چووە بۆ بسکوفو دایکی بوردوفسکی دیتووە – کە هەڵبەتە بە پێچەوانەی وتارەکەوە، نەمردووەو لە ژیاندایە –.... خانمانو ئاغایانی بەڕێز، دانیشن! بفەرموون دانیشن!

میرزادە، بەخۆی دانیشت، جارێکی دی داوای لە دارو دەستەکەی بوردوفسکی کرد، کە نیگەرانو بێئۆقرە لە پێستی خۆ نەدەهێورین، دانیشن. میرزادە کە نزیکەی دە پازدە دەقیقەیەك زۆر بە جۆشو خرۆشەوە، بەدەنگی بەرزو بە پەلەو بە هەڵچوونەوە قسانی کردبووو، ویستبووی

بەسەر هەراو هەنگامەو دەنگە دەنگ و هات و هاواری سەرسامی و ناڕەزایی ئەوانی دیدا زاڵ بێت! هەنوکە لە کانگای دڵەوە پەشیمان بوو لەوەی هەندێ قسانی کردبوو کە خۆزیای دەخواست نەی کردبان، خۆ ئەگەر نەیان وروژاندباو بەو شێوەیە دەهریان نەکردبا، هەرگیز ڕێی بە خۆی نەدەدا، بەو پەلەپروزێ و هات و هاوارە، هەندێ مەبەست و بۆچوونان و مەزەندەی خۆی بەو ڕاشکاوی و بێ پەردەییە دەربڕێت. هەرکە لەسەر کورسیەکەی دانیشت هەستی بە پەشیمانیەکی بە سوێ کرد کە دڵی دەگوشی، گلەیی ئەوەی لە خۆی دەکرد بۆچی بە بەرچاوی هەمووانەوە هەمان ئەو نەخۆشیەی خۆی، کە بۆ چارەسەری چوو بوو بۆ سویسرا دابووە پاڵ بوردوفسکی و سووکایەتی پێکردبوو. لەوەش خراتر، ئەوە بوو، خۆی گوتەنی بە شێوەیەکی زۆر ناپەسندو دوور لە هەر ئەتەکێت و زەوقێك، پێشنیازی ئەو دە هەزار ڕۆبڵەی بۆ بوردوفسکی کردبوو، کە تەرخانی کردبوو بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەك، ئەم پێشنیازەی بە بەر چاوی خەڵکەکەوەو وەکو خێرو سەدەقەیەك کردبوو. میرزادە، لەمەش زۆر ژێوان بوو، بۆیە لە دڵی خۆیدا گوتی: " دەبوایە تا سبەینێ چاوەڕوانم کردباو هەنگێ بە تەنیا ئەو کارەم دەگەڵی کردبا بەڵام تازە ڕۆیی !. بەڵێ من گەوجم! گێلم گێل! بەڕاستی گەمژەم !".

پاش ئەوە، گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، کە تا ئەو کاتە بە بێدەنگی لە سوچێکەوە وەستا بوو و تاقە وشەیەکی لە زار نەهاتبووە دەرێ، لەسەر داوای میرزادە هاتە بەرەوە. لەلای میرزادەوە دانیشت، بە دەنگێکی ئاشکراو ڕەوان و بێگرێ کەوتە باسی ئەو ئەرکەی کە میرزادە پێی سپارد بوو. لە پڕ هەموو ئامادە بووان بێدەنگ بوون، ورتە لە کەسەوە نەدەهات، بە تایبەتی بوردوفسکی و داردەستەکەی سەراپا بوو بوون بە گوێ و بەوپەڕی کونجکاوی و بایەخەوە گوێیان هەڵخستبوو.

پەراوێز:

* – "... خێرا ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گاڵتەجاڕی کۆمیکی...": ئەو وتارە دوورو درێژەی لەم ڕۆمانەدا بڵاوبووەتەوە، لاسایی کردەوەی ئەو وتارانەیە کە ڕۆژنامەوانێکی گومناو بە ناوی ستوبانوفسکی لە گۆڤاری هەفتانەی گاڵتەجاڕی "الشرارە"دا بڵاوی دەکردەوە، کە لە سالانی ١٨٥٩– ١٨٧٩، لەپترسبۆرگ دەردەچوو.

* –"... هەرچەندە ئەم قەوانە تازەیە، بەڵام زەحمەتە پیاو باوەڕی پێبکات ": ئەمە بەیتە شیعرێکە کە لە شانۆنامەیەکی کۆمیدی بە نێوبانگی گریبویدیف)ـەوە بە ناونیشانی "ئەقڵی زۆر زەرەرە " وەرگێراوە، کە ئاماژەیە بۆ بەربەریەت و هۆڤیگەریی ئەو سەردەمەی کە زۆری بەسەردا نەڕۆییوە.

* –"... هەورەکەی حیکایەتەکەی کریلوف...": (١٨١٥)، یەکێکە لەو حیکایەتە ئەفسانەییە هەرە جوانانەی کە کریلوڤ گەورە نووسەری رووسی نووسیویەتی .

* –"... تەریقـەت و ئـاینی راسـکولنیك...": ئەمـە تەریقـەتو ڕێبـازی بـاوەڕداره دێرینەکانـه، دەگەڕێتەوه بۆ سەردەمی ئەو دووبەرەکییه ئاینییەی کە لـه دوای ریفۆرمە ئاینییەکانی پەتریارك نیکون بەرپابوو .
* –"... لیوڤـا...": دۆستویفسـکی لێـرەدا، پـەرەگرافێ وتارێـك هەڵدەگێڕێتـەوه کـه ڕەخنـەگرێکی گومناوی هیچ، لە گۆڤارێکدا دەربارەی ئەو بە ناونیشانی " فیدیای لـه خۆبایی" بڵاودەکاتـەوه کـه لـەو وتـارەدا گاڵتـە بـە دۆستویفسـکی دەکـات گوایـە چیرۆکی پـاڵتۆی گۆگـول تالاّنـد دەکـاتو دەیشـێوێنێو وەخـتی خـۆ بـە شـتی تـوڕه هاتـەوه دەکوژێـت. جـا دۆستویفسـکی لێـرەدا ئـەو ڕەخنەگرەی وەکو یەکێك لە شاعیره تەنزنووسه بەناوبانگەکانمان وەسف کردووه.
* –"... شنایدەر...": ناوی ئەو پروفیسۆرەیه کە " گەمژەی" لە سویسرا، چارەسەر دەکرد.

## فەسڵی نۆیەم

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، لە سەرەتاوە ڕووی دەمی کردە بوردوفسکی کە بە ئاشکرا شپرزەییو نیگەرانی پێوە دیار بوو و، بە چاوانی ئەبڵـەقو، واقی وڕەوە، بەوپـەڕی کونجکاوی چاوی بڕی بوونە گاڤریلا. گاڤریلا ئاردالیونوفیچ پێی گوت:

– بێگومان تۆ نکۆڵی لەوە ناکەیت کە دوو ساڵی ڕێك دوای زەوجینی فەرمیو یاسایی، لـە نێوان دایـكو باوکتـا، واتـە ئاغـای بوردوفسـکی فەرمانبـەری پلـە دەیـەم*، هاتوویتـە دنیـا. دیـاره سـەلماندنی ڕۆژو بـەرواری لـە دایکبـوونی تـۆ بـە گوێرەی بەڵگەێن حاشا هەڵنـەگرو تۆمارێن ورد زۆر ئاسانه. بەڵام تەزویرو دەسکاری کردنی ئەم بەروارە لـە وتارەکەی جەنابی کیللەردا، کە هـەم بۆ تۆو هەم بۆ دایکت، ئەوپـەڕی سووکایەتیه، هیچ لێکدانەوەیـەك هـەڵناگرێت، تەنیا ئەوە نـەبێت کە زادەی خـەیاڵی ئاغـای کیللـەره، کە وای تەسـەور کـردووه، بەو کاره خزمـەتی بە ڕژەوەندی تـۆ دەکاتو هەقانیەتی داوایەکەت دەسەلمێنێ. ئاغـای کیللـەر دەڵێت وتارەکەی لەپێشا، واتـه پێش ئەوەی بڵاوی بکاتەوە، بۆ تۆ خوێندووەتەوە، بـەڵام هـەمووی، بەتـەواوەتی بـۆ نەخوێندوویتـەوە... بۆیە هیچ گومانی تیا نییە کە لە کاتی خوێندنەوەکەدا ئەو پەرەگرافەی پەڕاندووه...

یارۆی بۆکسباز قسەکەی پێبڕیو گوتی:

– دروسـتە، ئـەو پەرەگرافـەم بـۆ نەخوێنـدەوە. بـەڵام هـەر هـەموو ئـەو زانیاریانـە، کەسێکی شـارەزا بۆی گێڕامەوەو، من....

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، قسەکەی پێبڕیو گوتی:

– ببوره ئاغای کیللەر، بە یارمەتیت با قسەکەم تەواوبکەم. نۆرەی وتارەکـەی تـۆش دێت، دڵنیـات دەکەم هەنگێ تۆش دەتوانی قسەی خۆت بکەیت. بەڵام جارێ با شتەکان بـەریز باس بکـەین. من خۆشبەختانه بە ڕێکەوتو بە کۆمەکی ڤارڤارا ئاردالیونوڤینا پتیتسنی خوشکمەوه، لەلای ڤیرا ئەلکسـیڤنا زوبکوڤـای دەسـتە خوشـکی دڵسـۆزی، کـه بێـوەژنێکی موڵکـداره، نامەیـەکی نیکـولا

ئاندریوفیچ پاڤلیشچوڤ ڕەحمەتیم دەست کەوتووە، کە بیست و چوار ساڵ لەوەپێش، کاتێ کە لە هەندەران بووە، بۆ ئەو ژنەی ناردووە. پاش ئەوەی پەیوەندیم بە ڤیرا ئەلکسیڤناوە کرد، لەسەر قسەی ئەو چووم بۆ لای کۆلۆنێلێکی خانەنشین، بەناوی تیمونی فیدوروفیچ ڤیازوڤکین، ئەمە خزمێکی دوور و دۆستێکی نزیکی پاڤلیشچوڤ ڕەحمەتی بوو، دوو نامەی دیکەی ( نیکولا ئاندرویوفیچ)م لەلای ئەم بەرێزە دەسکەوت، کە هەردووکیانی لە هەندەرانەوە نووسی بوو. بەگوێرەی بەروارو مێژووی ئەم سێ بەڵگەنامەیە، کە بە دیقەتێکی ماتماتیکیانەی ئەوتۆوە نووسراون، کە هیچ گومانێك هەڵناگرن، ئەوە دەردەکەوێ کە ئاغای پاڤلیشچوف لەو سەردەمەدا سێ دانە ساڵی تەواو لە هەندەران ژیاوەو، ڕێك بە ساڵ و نیوێك بەر لە دایکبوونی تۆ جەنابی بوردوفسکی، سەفەری هەندەرانی کردووە. بە خۆت لە هەموو کەس باشتر دەزانی کە دایکی تۆ بە عەمراتی، لە روسیا دەرنەچووە... جا ئێستا ئەو نامانە ناخوێنمەوە چونکە درەنگە. تەنیا ڕووداوەکان دەگێڕمەوەو هیچی تر. جا جەنابی بوردوفسکی من ئامادەم سبەینێ ئەگەر خۆت حەزدەکەی، سبەینێ لەلای من یەکتر بدینین، شایەدیش لەگەڵ خۆتا بێنە، چەند کەس دێنێ بیان هێنە، خەڵکی پسپۆڕی خەتناسیش بێنە، ئەوسا دەبینی چۆن ناچار دەبیت دان بەو حەقیقەتانەدا بنەیت کە بۆم باسکردیت. من لەمە دڵنیام، کە دانت بەو ڕاستیەدا نا ئیدی داواکەت خۆبەخۆ بە تاڵ دەبێتەوە.

ئامادەبووان، دیسان جمو جۆڵیان تێکەوت، بوردوفسکی، لە پڕ لەسەر کورسیەکەی هەستا، گوتی:

– ئەگەر مەسەلەکە وابێت، مانای وایە من فریودراوم، بەڵێ نامەرادنەش فریودراوم، بەڵام چیباروف فریوی نەداوم، بەڵکو زۆر لەوە پێشتر فریو دراوم، زۆر لە مێژە! بۆیە نە پسپۆڕی خەتناسیم گەرەکەو نەدیدار لەگەڵ تۆدا. من باوەڕت پێدەکەم. واز لە داواکەم دێنم... دە هەزار ڕۆبڵەکەشم ناوێ... بە خواتان دەسپێرم !.

ئەوسا، کڵاوەی هەڵگرت و کورسیەکەی بردە دواوە، خۆی ئامادەکرد تا بڕوات.

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، بە زمانێکی نەرم و ناسك گوتی:

– جەنابی بوردوفسکی پەلە مەکە ئەگەر دەتوانی، کەمێکی دی، ئەگەر بۆ پێنج دەقیقەش بووە، دانیشە. چونکە ئەم مەسەلەیە شتی دیکەی زۆر گرینگی تیایە، بە تایبەتی سەبارەت بە تۆو بۆ تۆ، زۆریش خۆشن. بەڕای من زۆر پێویستە تۆ ئەو شتانە بزانی، لاموایە ئەگەر مەسەلەکە بە تەواوەتی ڕوون ببێتەوە، ڕەنگە لە ڕووی دەروونیەوە هەست بە ئاسوودەییەکی زیاتر بکەیت.

بوردوفسکی، بێئەوەی هیچ بڵێت دانیشتەوە. بە جۆرێ سەری داخستبوو لە تۆ وایە لە بیر کردنەوەیەکی زۆر قوڵدایە. خوشکەزایەکەی (لیبدیف)ش کە هەستا بوو لەگەڵ ئەودا بڕوات، دانیشتەوە، هەرچەندە لە دلێری و بێباکی خۆی نەکەتبوو، بەڵام بە ئاشکرا شپرزەیی و نیگەرانی پێوە دیاربوو. هیپولیت گرژو پەست، خەمین و دڵتەنگ دیاربوو، لەو کاتەدا کۆکەیەکی هێندە توندگرتی، کە ئەو دەستەسڕەکەی بە دەمیەوە گرتبوو، پڕبوو لە خوێن. کابرای بۆکسباز حەپەساو و هەراسان دیاربوو، بە پەستییەوە ڕووی کردە بوردوفسکی و بە زمانێکی تاڵ گوتی:

– ئـاه... ئانتيـپ پـێم نـەگوتی.. دوێـنێ... پێـرێ.. پـێم نـەگوتيت، لەوەيـە كـوڕی باڤليشچـوف نەبێت؟!

دەنگـی پـڕو هـۆڕی تەوسـامێز بـەرز بـووەوە، دوو سـێ كـەس خۆيـان پێنـەگيراو لـە قاقـای پێكەنينيان دا.

گاڤريلا ئاردالیونوفيچ، لە وەڵامی قسەكانی كيللەردا گوتی:

– جەنابی كيللەر، ئەو شتە كەمەی كە ئێستا بۆت كەشف كردين، بايەخێكی زۆری هەيە. بەڵێ، بەڵام من بەگوێرەی زانياری زۆر ورد دەتوانم ئەوە بسەلمێنم كە جەنابی بوردوفسكی، هەرچەندە زۆر بـە وردی بـەرواری لـە دايكبـوونی خـۆی دەزانێـت، بـەڵام ئاگـاداری ئـەوە نـەبووە كـە لـەو سـەروبەندەدا باڤليشچـوف لـە هەنـدەران ژيـاوە، زۆربـەی كـات هـەر لـە هەنـدەران بـووە، مەگـەر بـە رێبواری بۆ رووسيا گەڕا بووبێتـەوە. ئەمە جگە لـەوەی كە ئەو سەفەرەی پاڤليشچوف. ئەوەندە گرينگ نەبووە كە دوای پتر لە بيست ساڵان، لە بيری نزيكترين دۆستی پاڤليشچوف بمێنێ، تا لـە بيری بوردوفسكييەك بمێنێ، كە ئەو كاتانە هەر لە دايكيش نەبوو بوو. ڕاستە بە دەست هێنانی بەڵگەو زانيـاری دەربـارەی ئـەو سـەفەرە بۆ هەنـدەران، كـارێكی نـەكردەنی يـان مـەحاڵ نيـە، بـەڵام دەبێ دان بەوەدا بنەم كە ئەو هەوڵەی من لەو بارەيەوە داومە، لەگێن بوو هيچی لێ شين نـەبێت و، من بە رێكەوت ئەو زانياريانەم دەست كەوتووە. خۆ ئەگەر بوردوفسكی يـان چيباروف، هەوڵيانـدا با ئەو زانيارييانـە بە دەست بێنن، مـەحاڵ بوو هيچ بە هيچ بكـەن، ئەمە ئەگـەر لە بنەڕەتدا شتی وايان بە بيرا بهاتبايە .

هيپوليت، لە پڕ تووڕە بوو، قسەكەی پێبڕی و گوتی:

– بـە يارمـەتيت ئاغـای ئيڤـولگين، ئـەم هـەموو درێژدادڕييـەی بـۆ چيـە ؟ (ببـورە كـە وا دەڵـێم!). مەسەلەكە تەواو ڕوون بووەتـەوەو حەقيقەتەكـەمان زانی، ئيدی ئەم هـەموو درێژدادڕيەی و شاخ و باڵ لێنانەی بۆ چيە ؟ يان دەتەوێ تواناو بەهرەی پشكنين و گـەڕان و پـەيگيری خـۆت بنوێنی و بـە ئێمەو شازادەی نيشان بدەيت كە پەيگيرو پشكنەرێكی بەهرەداريت ؟ يان دەتەوێ بەوە پاكانە بۆ بوردوفسكی بكـەيت و لـە هـەموو خەتايـەكی تـەبرێ بكـەيت كە بە هـۆی نـەزانی و گـەوجی خۆيـەوە لەم ڕووداوەوە گلاوە ؟ بەڵام ئەمە گۆساخيە قوربان ! بوردوفسكی پێويستی بە پاكانـەی تۆ نييـە، دڵنيابە ئەمە خۆی لە خۆيدا سووكايەتيە، خۆی باری زۆر سووك نيە تا تۆش هێندەی ديكە باری قورس بكەيت. دەبوايە ئەمەت ڕەچاوبكردايە...

گاڤريلا ئاردالیونوفيچ، قسەكەی پێبڕی و گوتی:

– بەسە، بەسە جەنابی تيرنتييف ! كەمێك هێدی بە، زۆر خـۆت سـەغڵەت مەكە ! لـەوە دەچـێ زۆر نەخۆش بيت ؟ دڵم بە حاڵت دەسووتێ. من تەواو، لێرەدا قسەكەم دەبڕم ئەگـەر مەبەسـتت ئەوەيـە! بەڵام هەست دەكەم لەسەرمە، هـەموو ئـەو ڕاستيانەی كە پێويسـت و زەروريـە بزانـرێن، بـە تـەواوی بخەمە ڕوو....

هەنگێ ئيڤولگين كە بينی ئامادەبووان، جم و جوڵێكيان تێكەوت و لەوە دەچوو حەزبكـەن گـوێ بگرن، لەسەری رۆيی:

– من گەرەکمە، بە بەڵگەوە، ئەوە بۆ هەموو ئەو کەسانە ڕوون بکەمەوە کە کەمو زۆر پەیوەندیان بەم مەسەلەیەوە هەیەو ئەم پرسەیان مەبەستە، کە دایکی تۆ جەنابی بوردوفسکی ڕێزو حورمەتێکی زۆری لەلای نیکولا ئاندریوفیچ هەبوو و زۆری مدارا دەکرد، دەزانی بۆ ؟ چونکە خوشکی کیژێکی مسکێنو کارەکەر بوو کە نیکولا ئاندریوفیچ، لە هەوەڵی گەنجیدا، زۆری خۆش دەویست، ئەگەر ئەو کیژە کوتو پڕ نەمردبا، بێگومان نیکولای ئاندریوفیچ دەیخواست. من بەڵگەی بنجبڕم دەربارەی ئەم ڕووداوە پێیە کە شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نازانرێ یان بە تەواوەتی فەرامۆش کراوە. لەمەش بترازێ دەتوانم ئەوەشت بۆ ڕوون بکەمەوە کاتێ کە دایکی تۆ لە تەمەنی دەساڵیدا بووە، چۆن جەنابی پاڤلیشچوف وەکو خزمێکی نزیکی خۆی گرتویەتیە ژێر باڵی خۆیو بە خەرجی خۆی ناوێتیە بەر خوێندنو بەخێوی کردووەو جیازیەکی زۆرو زەبەندەی بۆ فەراهەم کردووە. ئیدی ئەم کارە کردویەتیە کارێك کە مقۆمقۆیەکی زۆر لە نێو خزمو کەسوکارە زۆرو زەبەندەکەی پاڤلیشچوفدا بڵاوبووەتەوە... تەنانەت هەندێکیان گومانی ئەوەیان کردووە کە پاڤلیشچوف گەرەکیەتی ئەو کچە بخوازێت. بەڵام دایکی تۆ کە دەگاتە تەمەنی بیست ساڵی، شوو بە فەرمانبەرێکی دایەرەی ڕوپێوی زەویو زاران دەکات بە نێوی بوردوفسکی. دیارە بە حوسنو ڕەزای خۆی شووی پێدەکات، دەتوانم بە بەڵگەی تەواوەوە هەموو ئەمانە بسەلمێنم. هەروەها جەنابی بوردوفسکی کۆمەڵێك زانیاری وردو بەڵگەی تەواوی دیکەم کۆ کردوەتەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە بابت، واتا بوردوفسکی کابرایەکی دەستو پێ سپی بووە، هیچ بەهرەیەکی کارو کاسبیو کاری ئازادی نەبووە. دوای ئەوەی جیازی و مارەییەکەی دایکتی وەرگرتووە، کە بڕی پازدە هەزار ڕۆبڵ دەبێت، ئیدی وازی لە وەزیفە فەرمیەکەی هێناوەو رووی کردووەتە کارو کاسبیو بازرگانی، بەڵام دەی خەڵەتێننو تێدەکەوێو دەستمایەکەی لە دەست دەدا. ئیدی بەرگەی ئەم جەزرەبەیە ناگرێتو لە داخو خەفەتا، سەردەکاتە خواردنەوەو مەینۆشی، ئیدی خواردنەوە کاری تێکردو زوو بە زوو کوشتی، یانی پاش گواستنەوەی دایکت بە حەوت یان هەشت ساڵ مرد. دوای ئەوە دایکت، گیرۆدەی هەژاریو دەستکورتییەکی دژوارو زەحمەتی ئەوتۆ دەبێت، کە بە قسەی خۆی ئەگەر کۆمەكو یارمەتی زۆرو بەردەوامی پاڤلیشچوف نەبوایە، لەگێن بوو لە برسانا بمرێت ( ساڵی بڕی شەش سەد ڕۆبڵی بۆ بڕی بووەوە ). زۆر بەڵگەی دیکەش هەن، ئەوە نیشان دەدەن کە پاڤلیشچوف تۆی بە منداڵی زۆر خۆش ویستووە. بە گوێرەی ئەم بەڵگانەو بە پێی شایەدی دایکت، ئەو پیاوە بۆیە خۆشی ویستوویو ڕووی داویتەتیو هاوسۆزی دەگەڵ کردوویت، چونکە زمانت گیربووەو منداڵێکی ڕیوەڵەو جیقنو دەغەزارو بەدبەخت بوویت. هەڵبەتە من بەڵگەی تەواوم لایە کە پاڤلیشچوف، بە درێژایی تەمەنی، سەبارەت بە خەڵکی نەخۆشو داماوو لێقەوماوو بەدبەخت، بەتایبەتی ئەگەر منداڵ بووبن، دلۆڤانو بە بەزەیی بووە. جا، بە بۆچوونی من ئەم خاڵە، لەم مەسەلەیەدا کە باسی دەکەین، بایەخێکی یەجگار گەورەی هەیە. بۆیە دەتوانم بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێم کە دلۆڤانی پاڤلیشچوف بەرانبەر بە تۆ ( کە بە هۆی ئەوەوە نێردرایتە قوتابخانەی وەرزشو لە ژێر چاودێری تایبەتیدا درێژەت بە خوێندن دا ) کردیە کارێك کە خزمو کەسوکارو برادەرەکانی، بەرە بەرە وا تەسەور

بکەن ڕەنگە تۆ کوڕی ئەو بیت و، لەوەیە باوکە یاسایی و فەرمیەکەت، تەنیا داهۆڵێکی فریودراوی خیانەت لێکراو بووبێ. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم تەسەورو دەنگۆیە، تەنیا لە ئاخرو ئۆخری ژیانی پاڤلیشچوفدا، بە تەواوەتی لە نێو خەڵکیدا بڵاو بووەوەو زۆر کەس باوەڕیان بەدروستی هێنا، یانی ئەو کاتانەی کە خزم و کەسوکارەکەی پاڤلیشچوف کەوتبوونە خەمی وەسێتنامەکەی ئەو و حەقیقەت و ڕاستەکانیش لە بیر چووبوونەوەو کەشف کردن و دۆزینەوەیان مەحاڵ بوو. دیارە جەنابی بوردوفسکی، تۆش ئەو دەنگۆیانەت بیستووەتەوەو باوەڕیشت پێکردووە. دایکیشت کە بەخۆم بە دیداری مشەڕەف بووم، هەرچەندە ئاگای لەم دەنگۆیانە هەبوو، بەڵام تاکو ئەمڕۆش، نازانێ کە تۆ، تۆی کوڕی، باوەڕت بەو دەنگۆیانە کردووە (منیش ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەم لێی شاردەوە ). جەنابی بوردوفسکی، من دایکی بەڕێزو حورمەتتانم، ( خانم بوردوفسکی )م لە شاری پسکۆف بینی، لە دوای مەرگی پاڤلیشچوفەوە، بە نەخۆشی و دەسکورتی و داماوی ژیاوە. هەڵبەتە بەدەم ئەشکی منەتبارییەوە پێی گوتم. کە ئەگەر مابێ، بە فەزڵی کۆمەك و یارمەتی تۆ ماوەو دەژی . زۆر ئومێدی بە ئایندەی تۆ هەیەو لە کانگای دڵیەوە باوەڕی بە سەرکەوتنی تۆ هەیە...

خوشکەزایەکەی لیبدیف، سەبری سوا، هاواری کرد:

– بەڕاستی هەموو ئەمانە قسەی بێتام و بێ مانان ! ئاخر سوودی ئەم شانامەخوانیە چیە ؟ ئەم هەموو سۆزو گودازە لە پای چی ؟

هیپولیت، بە توڕەیی هەڵیدایە:

– بە ڕاستی ئەمانە قسەی قۆڕو بێ مانان !

بەڵام بوردوفسکی، نەك ورتەی لێوە نەهات، هەر جوڵەشی بۆ نەکرد. گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، کە خۆی بۆ ئەنجامگیرییەکی گورچکبڕ ئامادە دەکرد، بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە پرسی:

– سوودی چیە ؟ سوودی یەکەمی ئەمەیە کە: جەنابی بوردوفسکی ئێستا بۆی دەرکەوت کە پاڤلیشچوف لە ڕووی سۆزی مرۆڤانی و دڵۆڤانیەوە خۆشی ویستووە نەك لە ڕووی غەریزەو سۆزی باوکایەتیەوە. دەبوایە بەلای کەمەوە ئەم خاڵە بۆ بوردوفسکی بەڕێز ڕوون ببوایەتەوە، چونکە، تۆزێ لەمەپێش، دوای خوێندنەوەی وتارەکە، پشتیوانی لە بۆچوونەکانی کیللەر کرد. جا من تەنیا لەبەر ئەوە ئەم ڕوونکردنەوەیەم دا، چونکە جەنابی بوردوفسکی تۆ بە پیاوێکی بەڕێزو شەریف دەزانم، سوودی دووەمی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە دەرکەوت هیچ نیازێکی کڵاوچیاتی و دەستبڕی و ساختەچیاتی، تەنانەت لەلای (چیباروف)ش نەبووە. دیارە ئەمە خاڵێکی گرینگە، تەنانەت بۆ منیش گرینگە، چونکە میرزادە تۆزێ لەمەپێش، بەدەم هەڵچوونەوە گوتی کە من دەربارەی هەوڵی کڵاوچیاتی و دەستبڕی و ساختەچیاتی لەم مەسەلەیەدا، هاوشعوری ئەوم. بە پێچەوانەوە: هەموو بەشداران، نیازیان پاك بووە، ئەگەرچی ڕەنگە چیباروف، کەڵەکبازێکی گەورە بێ، بەڵام لەم مەسەلەیەدا، تەنیا وەکو ئەوقات و پارێزەرێکی پیشەیی و زرینگ و کۆڵنەدەر کاری کردووە. بە ئومێدی ئەوە بووە وەکو پارێزەرێك، پارەیەکی مۆڵ بە دەست بێنێ، دیارە حیسابەکەشی نەك هەر زیرەکانەو دروست بووە، بەڵکو لەسەر

بنەمایەکی یەجگار مکومیش بووە، حیسابی ئەوەی کردووە کە میرزادە لەلایەکەوە پیاوێکی دەست و دڵ کراوەو تێرەو لەلایەکی تریشەوە، لە ڕادەبەدەر ڕێزو حورمەتی پاڤلیشچوف ڕەحمەتی لەلایەو لە ئاستی هەقدا ملی لە موو باریکترە. بەڵام سەبارەت بە ئاغای بوردوفسکی، دەکرێ بە دڵنیایی تەواوەوە بڵێین کە لەبەر هەندێ قەناعەتی تایبەتی خۆی، بە ڕادەیەك لە ژێر کاریگەریی چیباروف و دۆستەکانی دیکەیدا بووە، کە بە خوت و خۆڕایی، بێهیچ قازانجێکی شەخسی، بە بێئەوەی بە خۆ بزانێ، لەم مەسەلەیەوە گلاوە، یانی وەکو ئەوەی ئەم کارەی لە ڕای خزمەتی حەقیقەت و پێشکەوتنی تیرەی بەشەردا کردبێت. بەڵام ئێستا دوای ئەم گەنگەشەو بەڵگانە کە هەموو شتێك ڕوون بووەوە. دەرکەوت کە بوردوفسکی، بە هەموو حاڵ و حیسابێك، پیاوێکی ڕاستگۆیە، ئیدی میرزادە دەتوانێ بەکەماڵی دڵنیایی ئەو کۆمەکە دۆستانەیەی کە تۆزێ لەمەپێش، لە کاتی باسکردنی قوتابخانەو پاڤلیشچوفدا باسی کرد، دووبارە بکاتەوە.

میرزادە، بە جۆرە ترسێکی ڕاستگۆیانەوە هاواری کرد:

– بوەستە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، بوەستە !"

بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو. بوردوفسکی بە توڕەیی هاواری کرد:

– من سێ جارم گوت کە ئەم پارەیەم ناوێ... نا... قەبووڵی ناکەم... بۆچی وەری بگرم ؟ نا، نامەوێ! دەڕۆم...!

بەدەم ئەو قسەیەوە تاوی دا کە لە دەرگای بانیژەکەوە وەدەربکەوێت، خوشکەزایەکەی لیبدیف خۆی گەیاندێ، باسکی گرت و شتێکی بەگوێیدا چپاند. بوردوفسکی بلەز گەڕایەوە، زەرفێکی گەورەی داخراوی لە بەرکی دەرهێناو هەڵیدایە سەر مێزێکی چکۆلەی نزیکی میرزادەو گوتی:

– ئەوە پارەکەتە !.... نەدەبوو ڕێ بە خۆت بدەی ئەم کارە بەرانبەر بە من بکەی! ئەوە پارەکەت ...!

دکتۆرنکو بۆی ڕوون کردەوە:

– ئەمە ئەو دوو سەدو پەنجا ڕۆبڵەیە کە ڕێگەت بە خۆ دابوو، وەکو خێرو سەدەقە بە چیباروفدا بۆی بنێری !

کولیا، بەسەرسامی گوتی:

– لە وتارەکەدا، تەنیا باسی پەنجا ڕۆبڵ کرابوو !

میرزادە، بەرەو لای بوردوفسکی ڕۆیی و گوتی:

– من، بەرانبەر بە تۆ کەمتەرخەمم! بەڵام باوەڕبکە، ئەو پارەیەم وەکو خێرو سەدەقە بۆ نەناردبووی ! من تاکو ئێستاش بەرانبەر بەتۆ کەمتەرخەمم، هەڵەم، نەدەبوو ئەو هەڵەیە بکەم. (میرزادە، زۆر شپرزەو نیگەران بوو، هیلاك و ماندوو دیاربوو، قسەکانی پچڕ پچڕ بوون ). ڕاستە من باسی کەڵەکبازیو دەستبڕیو ساختەچیاتیم کرد... مەبەستم تۆ نەبوو. هەڵەم کرد کاتێ کە گوتم تۆش ڕێك، دەقاو دەق وەکو من نەخۆشیت... بەڵام تۆ وەکو من نیت، تۆ لە ڕێگەی دەرسی تایبەتیەوە خۆت دەژێنیو یارمەتی دایکت دەدەیت. گوتم تۆ ئابڕووی دایکت بردووە، بەڵام نا،

تۆ لە ڕاستیا خۆشت ویستووەو خۆشت دەویٚ. بە خۆی وا دەڵێت، شایەدیت بۆ دەدا... من نەمدەزانی... گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، فریا نەکەوتبوو هەموو ئەم شتانەم بۆ بگێڕێتەوە. ئەمانەی بۆ نەگێڕابوومەوە. من هەڵەم، زۆر کەمتەرخەمم. ڕاستە من پێشنیازی دەهەزار رۆبڵم بۆ کردیت، باشم نەکرد، هەقی گلەییت هەیە، دەبوایە بە شێوەیەکی دی ئەو پێشنیازەم بکردایە... بەڵام تازە کار لەکار ترازا، شتی وا مەحاڵە، چونکە تۆ دەمبوغزێنی....

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، هەڵیدایە:

– ئێرە شێتخانەیە !

(ئاگلایا)ش، کە خۆی پیٚ کۆنترۆڵ نەدەکرا، بەوپەڕی تووڕەیی گوتی:

– بە ڕاستی ئێرە شێتخانەیە !.

بەڵام دەنگی وی، لە نێو هەراو زەناو ژاوەژاوی خەڵکەکەدا، توایەوە. کەس بە کەس نەبوو، هەموو بە دەنگی بەرز قسەو گەنگەشەیان دەکرد. هەندێك گلەییان دەکرد، هەندێکی دی پێدەکەنین. ئیڤان فیدوروفیچ یەپانچین بەو پەڕی تووڕەیی، وەکو پیاوێك لە کەرامەتی درابێت، چاوەڕوانی لیزاڤیتا پروکوڤیڤنای هاوسەری دەکرد.

خوشکەزاکەی لیبدیف وەکو ئەوەی بیەویٚ دوا قسە بکات، هەڵیدایە:

– میرزادە، پیاو دەبیٚ هەق بڵیٚ کە بە ڕاستی تۆ باش دەزانی چۆن سوود لە نەخۆ.... نەخۆشیەکەت ( ئەگەر بمانەویٚ وشەیەکی ئەهوەن بەکار بێنین ) وەردەگریت. تۆ هێندە لێزانانە دۆستایەتی و پارەکەت عەرزکرد، کە هیچ مرۆڤێکی بەرێزو بە حەیاو حورمەت، نەتوانیٚ بە هیچ شێوەیەك قەبووڵی بکات... ئیدی ئەمەت یان لەوپەڕی بلیمەتیە یان لەوپەڕی سادەییە... بە هەرحاڵ خۆت ئەمە لە هەموو کەس باشتر دەزانیت.

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، کە لەو کاتەدا زەرفە پارەکەی کردبووەوە، هەڵیدایە:

– بەرێزینە ببورن: ئەم زەرفە دوو سەدو پەنجا ڕۆبڵی تیا نییە، بۆ ئاگاداریتان تەنیا سەد رۆبڵی تیایە. میرزادە من بۆیە ئەم قسەیە دەکەم تا هیچ بەد حاڵی بوونیٚ ڕوونەدات !

میرزادە، بەدەم ئاماژەی دەستەوە، گوتی:

– گرینگ نیە، واز لەوە بێنە ! وازی لیٚ بێنە !

خوشکەزاکەی لیبدیف، خێرا هەڵیدایەو هاواری کرد:

– نا، نا، وازی لیٚ مەیەنە ! میرزادە کە تۆ دەڵێی " گرینگ نیە، واز لەوە بێنە، وازی لیٚ بێنە!" ئەمە خۆی لە خۆیدا سووکایەتییە بە ئێمە. ئێمە لە هەوڵی شاردنەوەی هیچ شتێکدا نین، بەڵکو ڕوو بە ڕوو، بە ڕاشکاوی قسەی خۆ دەکەین، گرینگ نیە زەرفەکە دوو سەد رۆبڵی تیا بیٚ یان سەد ڕۆبڵ، وەکو یەکە، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕیٚ، وەکو یەك نییە ؟

گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، بەسەرسامیەکی ساویلکانەوە گوتی:

– نا، وەکو یەك نیە !

خوشکەزایەکەی لیبدیف، بە تووڕەیی هاواری کرد:

– قسەکەم پێ مەبڕە. جەنابی پارێزەر، ئەوەندەش کەر نین. مەعلومە کە سەد ڕۆبڵ، دوو سەدو پەنجا ڕۆبڵ نیە. گرینگ مەسەلە مەبدەئیەکەیە، گرینگ هەڵوێستە مەبدەئیەکەیە، دوو سەد ڕۆبڵ نیەو سەد رۆبڵە گرینگ نیە، ئەمە شتێکی دیە، گرینگ ئەوەیە کە بوردوفسکی خێرو سەدەقەی تۆ قەبوولْ ناکات، دەیداتەوە بە سەروچاوتا میرزادەی مەزن و گەورە! لەم ڕووەوە سەد رۆبڵ و دوو سدەو پەنجا ڕۆبڵ وەکو یەکە. چ سەد رۆبڵت بە سەروچاوا بداتەوەو چ دوو سەدو پەنجا ڕۆبڵ. تۆزێ لەمە پێش بە چاوی خۆت بینیت کە بوردوفسکی دە هەزار رۆبڵەکەی ڕەفزکردیت. یانی ئەگەر پیاوێکی دروستکارو سەر ڕاست نەبوایە ئەو سەد رۆبڵەشی نەدەدایتەوە ! کە سەدو پەنجا رۆبڵی کەمە، ئەوە دراوە بە هەقی مەسرەف و سەفەری چیباروف بۆ لای میرزادە. هەقی خۆتە گاڵتەت بە غەشیمی و نەزانی ئێمە لە کاروباری بازرگانیدا، بێت. بە هەرحالْ، تۆ هەموو هەولْ و توانایەکی خۆت خستە گەڕ کە پێمان ڕابوێری و گاڵتەمان پێبکەیت. بەڵام نەخەڵەتابی ڕێ بە خۆت بدەی پێمان بڵێی دەستبڕ، سەرچەوت. ئێمە ئامادەین، بە هەر چوارمان، دوو سەدو پەنجا رۆبڵەکەی میرزادە بگێڕینەوە، ئەگەر ناچار بووین، ڕۆبڵ بە ڕۆبڵ بۆی کۆ بکەینەوە، ئامادەین، چەندیش قازانجی دەخاتە سەر، هەر هەمووی بە قازانجەکەشەوە کاش بدەینەوە. بوردوفسکی هەژارو نەدارە، ملێونێر نیە. چیباروف دوای سەفەرەکەی، پسولەی حیسابەکەی بۆ نارد. ئێمە بە تەما بووین ئەم داوایە ببەینەوە... هەر کەسێکی دی لە جیاتی ئەو بوایە، هەر وای نەدەکرد؟

میرزادە (س...) هەڵیدایەو گوتی:

– مەبەستت چیە ؟ مەبەستت لەم پرسیارە چیە ؟

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا گوتی:

– خەریکە شێت دەبم !

یەڤگینی پاڤلوفیچ، کە ماوەیەکی زۆر بوو، لە جێی خۆیەوە، بە بێدەنگی تەمەشای ئەو وەزعەی دەکرد، پێکەنی و گوتی:

– ئەم وەزعە، رێك ئەوە وەبیر دێنێتەوە، کە لەو دواییانەدا، پارێزەرێکی بە نێوبانگ لە موناقەشەیەکی بەرەڤانی دادڤانیدا، پاکانەی ئەوەی بۆ موەکیلەکەی کردبوو، کە شەش کەسی لە جێیەك کوشتبوو، گوایە لەبەر هەژاری و دەستکورتی ئەو تاوانەی کردووە. ئەم پارێزەرە، بە چەند وشەیەکی لەم بابەتە کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا بوو: " ئاشکرایە کە هەژاری و دەستکورتی، موەکیلەکەی منی ناچار کردووە بیر لە کوشتنی ئەو شەش کەسە بکاتەوە، وەکو دەڵێن فەقیری ڕەگی هاری پێوەیە، بۆیە ئەو کارەی بەلاوە ئاسایی بووە، یانی هەر کەسێکی دی لە جیاتی ئەو بوایە هەر وای نەدەکرد ؟" بە هەرحالْ، بەڵگەو بیانوو دەستاوێزەکەی یەجگار کۆمیدی و عەنتیکە بووە !

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، کە لە تووڕەییدا دەلەرزی، لە ناکاودا گوتی:

– بەسە ! ئیدی ئەم هەراو هەنگامەیە ببڕنەوە !

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، کە یەجگار شپرزە بوو بوو، سەری بردبووە دواوەوە، شەڕ لە سیمای دەباری، نیگای پڕ لە هەڕەشەو ئاگرینی، بە ئامادەبووانـدا، بەدۆستو دژمنـدا، بێ جیاوازی دەگێڕا. رقی پەنگ خواردووی، بە جۆرێ سەر ڕێژ بوو بوو، کە دەبوایە بەسەر یەکێکیدا هەڵڕیژێت. شەڕی بە سێبەری خۆی دەفرۆشت. ئەو کەسانەی کە دەیانناسی، هەستیان دەکرد، لە ئانو ساتایە کە بتەقێتەوەو، بەسەر یەکێکدا دابباریێت.

ئیڤان فیدوروفیچ بۆ سبەینێ بە میرزادە (س...)ی گوت:

– هەندێ جار ئەم حاڵەتەی لێدێ، بەڵام بە دەگمەن ئەو حاڵەی دوێنێی لێدێت. ڕەنگە بە سێ ساڵ جارێك، بگاتە ئەو حاڵی تەقینەوەیە !

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا هاواری کرد:

– بەسە ئیڤان فیدوروفیچ، بەسە! وازم لێبێنە ! ئێستا قۆڵ دێنی بیکەی بە قۆڵما ؟ دوای چی؟ ئەگەر پیاوبای پێشتر قۆڵت دەگرتم دەتبردمە دەرەوە ! لای خوایە مێردی منو سەرگەڤاری ماڵیت. بە قسەم نەدەکردیت، بەگەڵت نەدەکەوتم ! گوێت بگرتمایەو بتبردمایە دەرەوە. دەبوایە بەلای کەمەوە بیر لە کچەکانت بکەیتەوە ! دوای باران کەپەنك ! ئێستا بەبێ تۆش دەتوانین بڕۆینەوە، تا یەك ساڵی دی بەم شەرمەزارییەوە دەتلێمەوە!... بوەستە، با سوپاسی میرزادەش بکەم!.. سوپاس میرزادە، ماڵت ئاوا بۆ ئەو میوانداریە جوانو خۆشەی کە بۆت فەراهەم کردین! نازانم چۆن ڕازی بووم، دانیشمو گوێ لە قسەی ئەو گەنجانە بگرم ؟ بە ڕاستی شەرمە، حەیا چوونە! نەنگییە، خەجاڵەتباریە، لە مۆتەکەش خراترە ! ئەرێ لەم جۆرە خەڵکانە زۆر هەن؟... دەمت لێکنە ئاگلایا! ورتەت لێوە نەیەت ئەلکساندرا! ئەمە ئیشی ئێوە نیە !... یە ڤگینی پاڤلوفیچ، لاکەوە، بە گوێما مەچپێنە، لێت پەستم، تورەم مەکە، دەمارم مەگرە !....

دیسان ڕوو لە میرزادە، لەسەر قسەکانی ڕۆیی:

– وای لێهات دۆستی ئازیز ؟ هێشتا تۆ داوای بوردن لەوان دەکەی ؟ دەڵێی بمبورن کە ڕێم بەخۆدا ئەم برە پارەیەتان پێشکەش بکەم...

هەنگێ ئاوڕێکی لای خوشکەزاکەی لیبدیفی دایەوەو لە ناکاودا گوتی:

– ئەدی تۆ ، بەچی پێدەکەنی، هەی فشەکەری بێ چاوو ڕوو ؟ ئەمە دەڵێت: " ئێمە ئەو پارەیە ڕەفز دەکەین. ئێمە داوا دەکەین، تکاو سواڵ ناکەین !" وەکو ئەوەی نەزانێت کە ئەم گەمژەیە لە سبەینێوە، خۆی، بە پێی خۆی، بە مەمنوونیەوە نەچێت بۆ لایانو ئەو پارەیەیان بۆ نەبات !و دۆستایەتیان دەگەڵا تازە نەکاتەوە ! وا ناکەیت میرزادە ؟ ناچیت بۆ لایان !

میرزادە، بە ملکەچیو لە ژێر لێوانەوە گوتی:

– با، دەچم !

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، دووبارە ڕووی کردە دکتۆرنکو و گوتی:

– گوێت لێیە ؟ گرەوی تۆ لەسەر ئەمەیە. وەکو ئەوەی پارەکە حازرە، لە ئێستاوە لە گیرفانتدا بێت. تۆ بۆیە خۆت فش دەکەیەوەو وا دەنوێنی پارەکە ڕەت دەکەیەوە بۆ ئەوەی ئێمە

بخەڵـەتێنی... نـە گیانـە، خـەیاڵت خـاوە، ئەگـەر ڕاسـت دەکـەی‌و دەتـوانی بـڕۆ کەسـێکی دی بخەڵەتێنە. من چاوم هەن،.... دەستم خوێندویتەوە!.... گەمەکەت دەبینم !

میرزادە، هاواری کرد:

– لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا !

میرزادە "س..." بزەیەکی بۆ کرد، بە ئارامییەکی دەستکردەوە گوتی:

– لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا ! با بڕۆین ! درەنگە ! با میرزادەش دەگەڵ خۆماندا بەرین.

کیژەکان، بە نیمچە ترسێکەوە، لە سووچێکدا وەستا بوون. بەڵام جەنـەراڵ، زۆر نیگـەران بـوو، سەرسـامی‌و حەپەسـان بـە سـیمای هەموویانـەوە دیـاربوو. هەنـدێك لەوانـەی کـە لـە دواوە بـوون، ژێراو ژێر، بەدەم چپە دووەوە، بە دزییەوەو، بە تەوسـەوە پێدەکەنین. خۆشـی‌و شـادی لـە سـیمای لیبدیف دەباری .

خوشکەزایەکەی لیبدیف کە زۆر شپرزەوە پەریشان بوو گوتی:

– خانم، فەوزاو فەزیحەت و ڕووداوی نەنگین‌و نەنگکاری لە هەموو شوێنێك هەیە !

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە پشم‌و غەزەبێکی شێتانەوە گوتی:

– بەم شێوەیە نا، بەم حەددە نا !

ئەوجا بەتوڕەیی ڕووی کردە ئەوانەی دەوروبەری، کە دەیانویست هێوری بکەنەوەو گوتی:

– ئەریّ بۆ وازم لێناهێنن ؟ وازم لێبێنن !

هەنگیّ ڕووی کردە یەڤگینی بافلوفیچ و گوتی:

– ئەگەر پارێزەرێك، لە دادگادا، وەکو خۆت تۆزیّ لەمەپێش باستکرد، بە ئاشکرا بڵێت، ئاساییە کەسـێك لەبـەر نـەبوونی‌و هـەژاری بـەجاریّ، لـە یـەك شـوێن شـەش کـەس بکوژێـت، ئەمـە خـۆی لـە خۆیدا نیشـانەی ئـاخر زەمانـە. بـە عـەمرانم شـتی وام نەبیسـتبوو. بـەڵام ئێسـتا هـەموو شـتێکم بـۆ ڕوون بووەوە. بـۆ نموونـە تەمەشـای ئـەم نیـوە زمانـە، ئـەم لاڵەپەتەیـە بکـەن ( بـەدەم ئـەو قسـەیەوە، ئاماژەی بۆ بوردوفسکی کرد، کە بەوپەڕی بێزاری‌و حەپەساوی دەیڕوانیە لیزاڤیتا ) ئەمـە سڵ لـە کوشـتن دەکاتـەوە ؟ مـن گرێـو دەکـەم کـە یـەکێك دەکـوژیّ. لەگینـە دە هـەزار ڕۆبڵەکـەت لـیّ وەرنـەگرێت. ڕەنگـە لەبـەر چـاوی خـەڵکی ڕەفـزی بکـات، بـەڵام بـەدڵ‌و لـە دڵـەوە ئـەو کـارە ناکـات، کـاتیّ بـە خـۆت دەزانـی، شـەوێك دەدا بـە سـەرتا، بێکەسـکوژت دەکـات‌و قاسـەکەت دەشـکێنیّ‌و مـەردو مەردانـە دەتکوژێت‌و پارەکـەت دەبـات‌و بەتاوانیشـی نـازانیّ، بەڵکو بـەزادەی زاڵ بـوونی نـا ئومێدی یان ڕەفز یان چوزانم، بە چیتری دەزانیّ !... ئاوهـا،... هـەموو شـتێك ئـاوەژوو بووەتـەوە، دنیـا خـراپ گـۆڕاوە، خـەڵکی لەسـەر سـەر دەڕۆن نـەك لەسـەر لاقان! دەبـینی کچێك لـە مـاڵی بـابی ڕێك‌و پێـك پـەروەردەکراوە، کاتێکـت زانـی بـەدەم پیاسـەوە دەگـەڵ دایکیـا، لـە ناوەنـدی جـادەدا، خۆی بە گالیسکەیەکدا دەکات، بە دایکی دەڵێت: " دایکە گیان من چەند ڕۆژیّ لەمەبەر شووم بە فلان کارلیچ یان فیسار ئیڤانیچ کردووەو من دەڕۆم، خودا حافیز !". ئەم ڕەفتارە بە باش دەزانن؟ ئەم رەفتـارە جوانـە ؟ ئاسـاییە ؟ ئەمـە کێشـەو پرسـی ژنانـە ؟ تەمەشـای ئـەم کوڕیژگـە لـە خۆبابییـە بکـەن ( بـەدەم ئـەو قسـەیەوە ئامـاژەی بـۆ لای کولیـا کـرد ). ڕۆژێـك دەیگـوت "پرسـی ژن " هـەر

ئەوەیە ئیدی. گریمان دایکت گەوجە، کەرە! بەڵام بەو حاڵەشەوە دەبێ مامەڵەیەکی مرۆڤانی لەگەڵدا بکەی، شارستانیانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکەیت !.. باشە بۆچی تۆزێ لەمەپێش بەو هەموو کەش و فش و فیزو ئیفادەیەوە خۆتان بە ژوورا کرد ؟ مەبەستتان چی بوو؟ دەتانویست بڵێن: "ڕێ بکەنەوە، هەستنە سەر پێ، وا ئێمە دێین ! هەموو مافێکمان پێبدەن، بەڵام نەکەن لە حوزوری ئێمەدا زار هەڵێنن ! ئێوە هەموو ڕێزێکمان بگرن، دەستەو نەزەر لە بەرمان هەستن، بەڵام ئێمە بە نۆکەرو خوڵامانتان ڕاناگرین!". بە حیساب عەودالی حەقیقەت و لایەنگری هەقن، کەچی وتارەکەیان یەکپارچە بوختان و ئیفتیرایە، ئیفترای کافران، بە میرزادەدا. "ئێمە داوا دەکەین، نەك سواڵ و تکا. چاوەڕوانی سوپاس لە ئێمە مەکەن، هیچ منەتێکتان لێنازانین، چونکە ئەم کارە لە رای ئاسوودەیی ویژدانی خۆتاندا دەکەن !" ئەمەیە ئەخلاق! بە ڕاستی ئەقڵ بۆ بەشەر شتێکی باشە: تۆ کە سپڵەیی و پێنەزانی و نمەك نەناسی بۆ خۆت بە ڕەوا بزانی، بێزت نەیەت سوپاسی بەرانبەرەکەت بکەیت، خۆ میرزادەش هەقی خۆیەتی لە جوابی تۆدا بڵێت، سوپاسی باڤلیشچوف ناکات و هیچ منەتێکی لێهەڵناگرێت، چونکە باڤلیشچوفیش، ئەو چاکەیەی دەرهەق بەو کردویەتی، بۆ ئەوی نەکردووە، بەڵکو بۆ ئاسوودەیی ویژدانی خۆیی کردووە. کەواتە بە چ بەڵگەیەك، حیسابی خۆت لەسەر بناغەی نمەك ناسی و بێ ئەمەکی میرزادە دەرهەق بە پاڤلیشچوف ڕۆناوە ؟ میرزادە قەرزی لێکردویت، قەرزارتە ! کەواتە بۆچی نکوڵی لە هەستی نمەکە ناسی و سوپاسگوزاری دەکەیت ؟ ناتەوێ سوپاسی بکەیت ؟ لە کاتێکا خۆت داوا لەو دەکەیت کە دەرهەق بە پاڤلیشچوف نمەك ناس و سوپاسگوزار بێت ! بە ڕاستی ئەمە گومڕاییە! شێتیەتیە ! لەلایەکەوە گلەیی لە کۆمەڵگە دەکەن کە بێرەحم و نا مرۆڤانیە، چونکە کیژێکی لە خشتەبراو ریسوا دەکات، بە حیسابی خۆیان ئەو کیژە داماوە ناوی دەزڕێ و عەزاب دەچێژێت و ڕووی ناو خەڵکی نامێنێ. باشە ئەگەر وایە چۆن ڕێگە بە خۆیان دەدەن، کە لە غەزەتەدا باسی بکەن و بیکەن بە داستانی سەر زاران و لە سیاناوی ڕیسوایی هەڵکێشن و بە تەماش بن ناوزڕاوی ناو خەڵکی نەبێت و عەزابی زیاتر نەچێژێت ؟ بە ڕاستی ئەمە شێتایەتیە! ئەمانە کۆمەڵێ لە خۆبایی بێ سەروبەرن! نە باوەڕیان بە خودا هەیە نە بە مەسیح. بە ڕاستی خەڵکێکی خۆ پەسندو لە خۆباییین، خۆ پەسندی و لە خۆبایی بوون، داویەتیە دڵودەروونیان، هاکا بەربوونە گیانی یەکدی و دوای یەکیان بڕییەوە، ئەمە قسەیەکەو دەیکەم! باشە ئەمە شێتی و بێ سەروبەری و ریسوایی نیە ؟ هێشتا گەرەکیانە ئەم پیاوە بێشەرمە، ئەم بێسەروبەرە، بە مەمنوونیەوە بڕوات داوای بوردنیان لێبکات ! ئەرێ خەڵکی وەکو ئێوە زۆر هەن ؟ بە چی پێدەکەنن ؟ بەوەی کە خۆم هێناوەتە ئاستی ئێوەو بێزم هاتووە قسەتان دەگەڵ بکەم ؟ بە ڕاستی ئابڕووی خۆم بردووە، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە!... ئەدی تۆ، هیچ و پوچی مردەلۆخ ( لەگەڵ هیپولیتی بوو )، نەخەڵەتابی پێم پێبکەنی ! بە حاڵ هەناسەی تیا ماوە، کەچی دەست لە خوو شەڕکردنی خەڵکی هەڵناگرێت. تۆ خووی ئەم منداڵە گەوجەت ( بە دەم ئەو قسەیەوە ئاماژەی بۆ لای کولیا کرد ) شەڕ کردووە. لە ڕێ دەرتکردووە، تۆ بووی بە خولیای شەوو ڕۆژی. تۆ فێری

خوانەناسی دەکەیت. تۆ بەو منداڵیەی خۆتەوە باوەڕت بەخوا نییە !... دەیسا هەمووتان هەواڵە بە خوابن ! ئەوسا، کە لە توڕەییدا هەناسە بڕکێی پێکەوتبوو، ڕووی کردە میرزادەو پرسی:

– ئەریٚ لیون نیکولایوفیچ میشکین، ڕاستە بە تەمای سبەی بچی بۆ لایان ؟ یانی بە ڕاستی دەچیت ؟

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵیٚ، دەچم .

– کەواتە، لەمڕۆ بەدواوە نامەویٚ بتبینم! نە بمناسە نە دەتناسم !

کەوتە خۆ کە بڕوات، بەڵام لە ناکاودا ئاوڕی پاشەوەی دایەوەو بەدەم ئاماژە کردنەوە، بۆ لای هیپولیت، پرسی:

– دەچی بۆ لای ئەم خوانەناسەش ؟

ئەوسا بە دەنگێکی گیراوی نا ئاسایی هاواری بەسەر هیپولیتدا، کە پێی پێدەکەنی، کردو لەسەری ڕۆیی:

– ئەوە بە من پێدەکەنی، حەددت چیە ؟

هەنگیٚ لە هەموو لایەکەوە هاوار بەرز بووەوە:

– لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا! لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا !

ئاگلایا، بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

– دایکە !... شەرمە !...

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، پەلاماری هیپولیتی دابوو و توند باسکی گرتبوو و تا هێزی تیا بوو رایدەتەکاند، بە چاوانی پڕ رق و غەزەبەوە، تەمەشای دەکرد.

هیپولیت، زۆر بە هێمنی و بەکاوەخۆ گوتی:

– ئاگلایا ئیڤانوڤنا، خۆت ناڕەحەت مەکە. دوایی دایکت بە خۆی بۆی دەردەکەوێت کە هیچ کەسێك پەلاماری بابایەکی نەخۆشی لە حاڵی مردندا، نادات... من ئامادەم بۆی ڕوون بکەمەوە بۆچی پێدەکەنیم... خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بتوانم قەناعەتی پێبکەم...

نۆرە کۆکەیەکی توندو ترسناك، لە پڕ گرتیو بواری نەدا تاقە وشەیەك بڵێت .

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بازووی بەردا، بەجۆرە ترسێکەوە دەیڕوانیە هیپولیت، کە خوێنەکەی سەر دەمو لێوی دەسڕی، ئەوجا گوتی:

– نەخۆشێك لە حاڵی مردندا بیٚ، دەبیٚ ئاگای لە خۆی بیٚ! چیتداوە لەم خوتبە خوانیە ! دەتەویٚ چ بڵێی؟ باشتر وایە بۆ خۆت بچیتە ماڵەوە و لەجێدا بکەوی !....

هیپولیت، کە خیزەخیزی سینگی سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی، بە دەنگێکی کزی شەرمنانەی چپە ئاساوە گوتی:

– باشە، بە قسەت دەکەم. هەرکە گەییشتمەوە ماڵیٚ، دەچمە ناو جێگەو دڵنیام کە لە زەرفی دوو هەفتەدا دەمرم، من خۆم ئەمە دەزانم. دکتۆر "پ.ن" بە خۆی هەفتەی ڕابردوو ئەوەی پێگوتم. بۆیە حەزدەکەم ئەگەر ڕێم بدەیت، بە یەك دوو وشەیەك خودا حافیزیتان لێبکەم .

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە ترسەوە هاواری کرد:

– لەوە دەچیٚ ئەقڵت لە دەست دابێت ! ئەم گەوجیەتیە چیە ؟ تۆ برۆ فریای خۆت بکەوە، تۆ پێویستت بە دەواودەرمانە، نەك بە قسەو خوتبە ! خێرا برۆ لە جێگەدا بکەوە !.

هیپولیت، بەدەم بزەوە گوتی:

– باشە باش، لە جێگەدا دەکەم. کەوتنێکی وا دەکەوم کە هەستانەوەی لە دوا نەبێت. دوێنیٚ ویستم بکەوم و چاوەڕوانی مەرگ بکەم. بەڵام دوایی کە زانیم هێزی ئەوەم تیایە لەگەڵیاندا تا ئێرە بێم، بڕیارم دا مۆڵەتی دوو ڕۆژان بە خۆم بدەم و بیخەمە دوو سبەی... بەڵام ئەلهەقی هەست بە ماندوو بوونێکی زۆر دەکەم...

لیزاڤیتا، بە دەستی خۆی کورسیەکی بۆ هێناو گوتی:

– کەواتە دانیشە ! دانیشە ! بۆچی وەستاویت ؟

هیپولیت، بە دەنگێکی کز گوتی:

– سوپاس، بێزەحمەت لە بەرانبەرم دانیشە تا بتوانین قسە بکەین. لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، ئێمە پێویستە قسە بکەین، من سوورم لەسەر قسەکردن. ( بزەیەکی دی بۆ کردو لەسەری رۆیی). گویٚ بگرە، ئەمڕۆکە دوا رۆژە کە من لە هەوای ئازادو لە نێو خەڵکدا دەبینی. دوو هەفتەی دیکە ئەم کاتانە لە ژێر گڵدا دەبم. کەواتە ئەمە جۆرە ماڵئاواییەکە لە خەڵکی و لە سروشت، هەرچەندە من کەسێکی زۆر عاتیفی نیم، بەڵام ئەوە بزانە کە زۆر حەزدەکەم، ئەمە لە پاڤلوفسکدا ڕوو بدات. بەلای کەمەوە پیاو لێرە، سەوزایی و دارو درەختان دەبینیٚ...

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، کە دەم بە دەم شپرزەو نیگەران تر دەبوو گوتی:

– ئاخر ئەمە کەی کاتی قسەکردنە ؟ تۆ تایەکی توندت لێیە. تۆ تۆزیٚ لەمەپێش هاوارت دەکرد، دەت نەڕاند. هەنوکە بە ئاستەم هەناسەت بۆ دەدرێت.

– ئێستا چاك دەبم، خەمت نەبیٚ. بۆچی ناتەویٚ دوا ئاواتم بێنیتە دی ؟... دەزانی، خا لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، زۆر لە مێژە بە ئاواتەوە بووم بتبینم ؟ زۆر شتم دەربارەی تۆ بیستووە... کولیا بۆی باسکردووم. کولیا تاقە کەسە کە پێی لێنەبڕیوم... تۆ ژنێکی نا ئاساییت، عەجیب و غەریبی – ئا ئێستا بە چاوی خۆم ئەمەم لێت بینی – دەزانی کەمێکیش خۆشم ویستیت ؟....

– پەنا بەخوا ! چەند کەرم، خۆ خەریك بوو لێی بدەم !

– ئەگەر لێم بە درۆ نەبیٚ، ئاگلایا ئیڤانوڤنا دەستی گرتیت. ئەمە کچی تۆیە ؟ ئەوەندە جوانە، هەر کە چاوم پێیکەوت، هەرچەند قەت پێشتر نەم دیتبوو، یەکسەر مەزەندەم بۆی چوو.

هەنگیٚ هیپولیت، لەسەری ڕۆیی و بە دەم بزەیەکی تاڵ و پڕ حەسرەتەوە گوتی:

– بانگی بکە، با بەلای کەمەوە، بۆ دواجار لە ژیانما تێر تەمەشای جوانی ئافرەتێك بکەم! سەبارەت بە تۆ ئەوە میرزادە لێرەیە، مێردەکەت دەگەڵە، دەورت قەرەباڵغە. ئیدی بۆچی رازی نابیت، دوا ئاواتم لەسەر دەستی تۆ بێتە دی ! بۆ کارێکی وادەکەی ئەم ئاواتەم بەرمە ژێر گڵەوە؟

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا هاواری کرد، گوتی:

– کورسییەکم بۆ بێنن !

چاوەڕوانی نەکرد تا یەکێك کورسی بۆ بێنێ، بە خۆی دەستی دایە کورسییەك، لە هەنبەر هیپولیت دایناو لەسەری دانیشت..

ئەوسا ئەمری بە کولیا کرد:

– کولیا، هەر ئێستا لەگەڵیا بڕۆو بیگەیەنەماڵەوە، سبەینێ بە خۆم...

– ئەگەر ڕێم بدەیت، داوای کوپێ چای لە میرزادە دەکەم. زۆر ماندووم. بە تەما نەبووی میرزادە بۆ ماڵی خۆتان بەریتەوەو دەعوەتی چای بکەیت ؟ بێزەحمەت لێرە بمێننەوە، مەڕۆنەوە، با چەند ساتێك پێکەوە بەرینە سەر. دڵنیام میرزادە، چایمان دەداتێ. بمبورە، کە ئەم پڕکێشیە دەکەم... بەڵام لە میهرەبانی و دلۆڤانی تۆ ومیرزادە دڵنیام، لێتان ڕادەبینم... هەمووشمان بەرادەیەکی کومیدیانە میهرەبان و دلۆڤانین .

میرزادە بەلەز، ڕای سپارد کە چای ئامادە بکرێت. لیبدیف لە ژوورەکە وەدەرکەوت، ڤیراش خێرا دوای کەوت.

خانم یەپانچین، لە ناکاودا، بەجدی گوتی:

– زۆر باشە، قسە بکە، بەڵام خۆت سەغڵەت مەکە، بە کاوەخۆ، بێهیچ هەڵچوونێك قسان بکە. بە ڕاستی سۆزت بزواندم... میرزادە، تۆ ئەوە نیت کە من لە ماڵی تۆدا چا بخۆمەوە، بەڵام تازە قەیدی نیە دەمێنمەوە، تەوازۆ بۆ کەسیش نایەنمەوە ! کەس کەس ! چونکە هیچ مەعنایەکی نیە! بە هەرحاڵ، وێڕای ئەمەش، ئەگەر بەلاتەوە گرینگە، ئامادەم داوای بوردنت لێبکەم، کە لێت توڕە بووم !

ئەوجا، لە ناکاوا، ڕووی کردە کچەکانی و مێردەکەی و بەوپەڕی توڕەیی، وەکو ئەوەی خەتایەکی گەورەیان دەرهەق کردبێت گوتی:

– کەستان چاوەڕێی من مەکەن، داواتان لێناکەم بە دیارمەوە بمێننەوە، چونکە زۆر ئاسان دەتوانم بە تەنێ بۆ ماڵ بگەڕێمەوە...

بەڵام نەیان هێشت لەوەی پتر لە سەری بڕوات، خێرا خۆیان گەیاندێ و لە دەوری خڕبوونەوە. ئیدی میرزادە یەکسەر خولکی هەمووانی کرد بۆ چا خواردنەوەو داوای بوردنی لێکردن کە پێشتر، ئەوەی بە بیرا نەهاتبوو. تەنانەت (جەنەراڵ یەپانچین)ش گەشایەوە، بە دەم مجامەلەوە بە هاوسەرەکەی گوت ئایا لە بانیژەکەدا هەست بە سەرما ناکات ؟ تەنانەت خەریك بوو لە(هیپولیت)ش بپرسێت چ ساڵێك لە زانستگە بووە، بەڵام زوو فریا کەوت و جڵەوی خۆی گرت. یەڤگینی پاڤلوفیچ و میرزادە "س.." زۆر خۆشحاڵ بوون و گەشانەوە. سیمای ئادیلایدو ئەلکسندرا، وێڕای شادمانی، سەرسامییان پێوە دیاربوو. بە کورتی هەر هەموویان بە ئاشکرا خۆشحاڵ بوون، کە نۆرە توڕەیی و گرژییە دەروونیەکەی لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بەسەلامەتی ڕەوییەوە. تەنیا ئاگلایا، چارەی دابوو بە یەکاو گرژو مۆن، مات و بێدەنگ لە سووچێکا ڕۆنیشتبوو. ئەوانی دیکەش هەموو دانیشتبوون و کەس حەزی بە ڕۆییشتن نەدەکرد، تەنانەت (جەنەراڵ ئیڤولگین)ش. بەڵام لیبدیف بەلایا تێپەڕی و شتێکی بەگوێیدا چپاند کە پێدەچوو پێی ناخۆش بێت، بۆیە چوو لە گۆشەیەکدا کزکۆڵەی کرد. میرزادە بوردوفسکی و هەموو

هاوڕێکانیشی، بێئەوەی کەسیان بیوێرێ، خولکی چا خواردنەوە کرد. بەڵام بەدەم خوتەو بۆڵەوە، لە بن لێوانەوە گوتیان کە چاوەڕوانی هیپولیت دەکەن و ئەوسا بە پەلە چوون لە دوورترین سووچی بانیژەکە، بە دەستەجەمی لێی دانیشتن. دیاربوو لیبدیف، دەمێ بوو ڕای سپاردبوو کە چا ئامادە بکرێت، چونکە یەکسەر چایەکە هێنرا .

سەعات زەنگی یازدەی لێدا .

پەراوێز:

*- "... پلە دەیەم...": پتروسی گەورە لە ساڵی ١٧٧٢دا زنجیرە پلەیەکی ئیداری دانا کە چواردە پلەی سوپایی و چواردە پلەی مەدەنی لە خۆ گرتبوو. پلەی چواردەیەم نزمترین پلەی ئەم زنجیرە پلانە بوو.

## فەسڵی دەیەم

هیپولیت، فڕێکی لەو کووپە چایە دا کە ڤێرا لیبدیفا بۆی هێنا بوو، پاشان کووپەکەی لەسەر مێزێکی چکۆلە دانا، ئەوجا شپرزەو پەشۆکاوو نیگەران، چاوێکی بە دەوروبەری خویدا گێڕ دا. هەنگێ، بە پەلە دەستی بە قسان کرد:

- لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا تەمەشای ئەم کووپانەی بکە، ئەمانە چینین، بەڵکو پێموایە باشترین جۆری چینین. قەت بەکار نە هێنراون، لیبدیف هەمیشە لە جامخانەیەکی چکۆلەی تایبەتیدا هەڵیدەگرتن... قەت بەکاری نەدەهێنان... ئەمانە بەشێکن لە جیازیو مارەیی ژنەکەی... ئەمرۆکە لەبەر خاتری تۆ دەری هێناون... بە ڕادەیەك هەستی بە شادیو خۆشحاڵی کردووە کە...

دیاربوو، هیپولیت دەیویست شتێکی دیکەش بڵێ، لێ هەرچی کردو کۆشا هیچی بۆ نەهات.

یەڤگینی بافلوفیچ، شتێکی بە گوێی میرزادەدا چپاند:

- تەمەشا، وەکو پێشبینیم دەکرد، هەست بە نیگەرانیو ناڕەحەتی دەکات. ئەمە نیشانەیەکی خەتەرە، وا نییە ؟ ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە ڕووی ڕکوونیو دڵڕەشییەوە، ڕەفتارێکی ناسازی ئەوتۆ دەکات، کە بەلای لیزاڤیتا پروکوڤیڤناشەوە غەریبو عەجیب بێت.

میرزادە، تەمەشایەکی پرسیار ئامێزی کرد. یەڤگینی بافلیوفیچ لەسەر قسەکەی خۆی بەردەوام بوو:

– تۆ لە ڕەفتاری نەشاز ناترسیت ؟ من ناترسم... بگرە حەزیش دەکەم ڕەفتارێکی نەشازبکات، تا بو لیزاڤیتا پروکوڤیڤنای ئازیزمان ببێت بە پەندو عیبرەت... لێیگەڕێ با ئەمشەو باجەکەی بدات. تا ئەو دیمەنە بە چاوی خۆم نەبینم ناڕۆم. بەڵام تۆ پەستو خەمین دیاریت، وایە ؟

میرزادە، بە حەواس پەرتیو بێتاقەتی بەرسڤی دایەوە:

– دوایی وەڵامت دەدەمەوە. جارێ واز بێنە با گوێ بگرم .

میرزادە گوێی لە ناوی خۆی بوو. هیپولیت باسی ئەوی دەکرد.

هیپولیت بەدەم پێکەنینێکی توڕەوە پرسی:

– باوەڕم پێناکەیت ؟ تەسەورم دەکرد کە باوەڕنەکەیت. لێ میرزادە یەکسەر باوەڕم پێدەکاتو هیچ بەلاشیەوە سەیر نییە.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا رووی کردە میرزادەو گوتی:

– گوێت لێیە میرزادە ؟ گوێت لێیەتی ؟

لە کاتێکا لیبدیف، خۆی لە لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا دەبردە پێشیو وا خۆی دەنواند نیگەرانە. ئەوانەی دەوروبەریان پێدەکەنین.

– دەڵێت ئەم لێبۆکەی خاوەن خانووەکەت، بە وتارەکەی ئەم بەڕێزەدا چووەتەوە، مەبەستم لە وتارەکەی لەمەڕ تۆیە کە ئەم ئێوارەیە بۆیان خوێندینەوە .

میرزادە، بەسەرسامیو نە باوەڕی ڕوانیە لیبدیف.

لە کاتێکا لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە نیگەرانی پێی بە عارديدا دەدا، گوتی:

– بۆ قسە ناکەی ؟

میرزادە، کە هێشتا هەر دەیڕوانیە لیبدیف، لە بن لێوانەوە گوتی:

– بەڵێ، هەستدەکەم بە ڕاستی ئەو کارەی کردووە. بە وتارەکەدا چووەتەوە .

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە توندی ئاوڕی لە لیبدیف دایەوەو پرسی:

– ڕاستە ؟ وایە ؟

لیبدیف، دەستی بە سینگەوە گرتو بەوپەڕی دڵنیایی گوتی:

– بەڵێ دروست وایە، پایەبەرز .

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، لەسەر کورسیەکەی ڕاپەڕیو هاواری کرد:

– شانازیش بەم کارەیەوە دەکات !

لیبدیف، کە بەرە بەرە زیاتر سەری شۆڕ دەکردەوە، لێکدا لێکدا دەستی بە سینگی خۆیدا دەکوتا، کەوتە مینگە مینگ:

– من پیاوێکی خوێڕیم ! پیاوێکی کمم !

– تۆ خوێڕیت، خوێڕی نیت، ئەمە کێشەی خۆتە ! دەیەوێ بەو قسەیە خۆی بپەڕێنێتەوە! وا دەزانێ بەو قسەیە پاك دەبێتەوە! میرزادە، جارێکی دی پێت دەڵێم: تۆ شەرم ناکەی ڕەفاقەتی ئەم جۆرە خوێڕیانە دەکەیت ؟ ئەمەت لێقەبوڵ ناکەم ها .

لیبدیف، بە قەناعەتەوەو بە دەنگێکی لاڤەئامێزەوە گوتی:

– میرزادە لێم دەبورێت !

کیللەر، بە پەلە لە لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا نزیک دەبێتەوەو لە بەردەمیا دەوەستێ و بە دەنگی بەرز دەڵێت:

– خانم، من تەنیا لە پیاوەتی خۆم، لەبەر دۆستایەتی، هەر بۆ ئەوەی دۆستێکی گیانی بە گیانی لە قاو نەدەم، تۆزێ لەمەپێش باسی ئەوەم نەکرد کە ئەو بە وتارەکەما چووەتەوە، کەمو زۆر ناویم نەهێنا، کەچی ئەو، وەکو بە خۆت گوێت لێبوو، دەیویست دەرمان بکات. جا بۆ ئەوەی حەقیقەت لای هەمووان ڕوون بێت، ئێستا دەیڵێم کە ئەو لەم کارەدا یارمەتی دامو شەش دانە ڕۆبڵیشی هەقدەست لێسەندم. شێوازی نووسنەکەی بۆ چاك نەکردم، بەڵکو وەکو سەرچاوەیەکی ئاگادار، زۆر ڕووداویشی بۆ کەشفکردم کە زۆربەیانم نەدەزانی. بۆ نموونە، زەڕگاڵەکانی میرزادە، خواردنی میرزادە لەسەر حیسابی کابرای پرۆفیسۆری سویسری، ئەو پەنجا ڕۆبڵەی کە لە جیاتی دوو سەدو پەنجا ڕۆبڵ باسکرابوو، هەر هەموو ئەم زانیاریانە هی ئەو بوون. شەش دانە ڕۆبڵم لە هەقی ئەمەدا دایە. نە زمانی بۆ چاککردوومەتەوەو نە شێوازی نووسینەکەی بۆ دەسکاری کردووم.

لیبدیف، بە دەنگێك کە تنۆك تنۆك شەرمەزاری لێدەتکا، قسەکەی بە کیللەر بڕیو لە ناو جەرگەی قاقای تەوسامێزی ئامادەبووانەوە، زەبوونانە گوتی:

– حەزدەکەی ئەوە بە هەمووان بڵێم کە من تەنیا بە بەشی یەکەمی وتارەکەدا چوومەتەوە. بەڵام کە گەییشتینە بەشی دووەمی وتارەکە، بیروبۆچوونەکانمان تێکیان نەکردەوەو تەنانەت لەسەر بابەتێکی لێمان بوو بە شەڕو ئیدی وازم لە چاککردنو پێداچوونەوەی بەشی دووەمی وتارەکە هێنا. بۆیە هەر هەڵەو پەڵەو درۆو دەلەسەیەکی تێدابێ، لەسەر من حیساب نییە.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، هاواری کرد:

– تەنیا خەمی ئەمەیەتی!

یەڤگینی بافلوفیچ ڕووی دەمی کرد کیللەر و گوتی:

– دەکرێ بزانم کەی وتارەکەت دەسکاری کرد ؟

کیللەر، بێ چەندوچوون بەرسڤی دایەوە:

– دوێنێ بەیانی، کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵیمان کردو بەڵێنمان بە یەکدی دا کە ئەمە هەر بەینی خۆمان بێت و لای هیچ کەسێك باسی نەکەین.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا گوتی:

– یانی لەو کاتەدا کە مەرایی دەکردیتو کلکە سووتەی بۆ دەکردیتو بە ڕواڵەت وای دەنواند کە زۆر دڵسۆزتە. ئەمانە چ بەشەرێکن! من پێویستم بە پوشکینەکەی تۆ نیەو، نەخەڵەتابی کیژەکەت بنێری بۆ لام !

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، خەریك بوو هەڵدەستا، بەڵام کە بینی هیپولیت پێدەکەنێ، بە توڕەیی ڕووی تێکردو گوتی:

– خێرە کوڕۆ، دەتەوێ بمکەی بە گەپجاڕی خۆت، بمکەی بە مەزەی ڕابواردنی خۆت ؟

هیپولیت، بەدەم ژارخەنێکەوە گوتی:

– مەعازەڵلا ! حەددم نیە ! لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، من سەرم لە توندەمەجازی تۆ سوڕدەمێنیّ! حەز دەکەم ئەوە بزانیت کە من بە ئانقەست باسی (لیبدیف)م هێنایە ناو ناوان. چونکە دەمزانی زۆر کارت تێدەکاتو تەنیا کار لە تۆ دەکات، چونکە گومانی تیا نییە کە میرزادە دەیبورێت، ڕەنگە ئێستا لە دڵی خۆیدا بە خشیبێتیو پاکانەشی بۆ ئەو کارەی هێنابێتەوە. وا نییە میرزادە ؟

هیپولیت، بەدەم قسەکردنەوە هانکە هانکی پێکەوتبوو و، دەگەڵ وتنی هەر وشەیەکدا، زیاتر هەڵدەچوو.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، کە سەیری دەمو دووی کرد، توڕە بوو و گوتی:

– ئیّ، مەبەستت ؟

هیپولیت، لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو:

– زۆر شتم لەم ڕووەوە دەربارەی تۆ بیستووە. بە خۆشحاڵییەوە فێری ئەوە بووم کە ئەوپەڕی ڕێزت بگرم .

بە قسەکانیا دیاربوو کە ماناو مەبەستێگی دیکە لە پشت ئەو قسانەیەوە پەنهانە. بەجۆرە تەوسو توانجێکەوە قسەی دەکرد. بەوپەڕی شپرزەیی و نیگەرانی، بە بیّ ئۆقرەیی دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی، حەواسی پەرت بوو، لەگەڵ هەر قسەیەکدا زیاتر توڕە دەبوو. سیمای سیلاویو چاوانی درەخشانو نیگای ئەبڵەقی زیاد لە پێویست مایەی سەرنجی ئامادەبووان بوو.

لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو:

– .. هەرچەندە من هیچ لە دنیا نازانم، نامۆم بەدابو نەریتی کۆمەڵگە ( بە خۆم دان بەوەدا دەنەم) سەرم لەوە سوڕدەمێنیّ کە تۆ نەك هەر لە نێو کۆمەڵگەیەکی وەکو ئێمەدا دانیشتوویت، کە خۆت گوتەنی کۆمەڵگەیەکی نا کۆمەڵگەو نا شایستەیە، بەڵکو ڕێگەت داوە ئەم کیژە عازەبانەش گویّ لەم مەسەلە ناپەسندو نەنگینانە بگرن، هەرچەندە دەبیّ پێشتر ئەم جۆرە شتانەیان لە ڕۆماناندا خوێندبێتەوە. ڕەنگە من هەڵەبم، چونکە بە تەواوەتی گێژم. بەڵام گومان لەوەدا نیە، کە جگە لە تۆ، کەسی دی ڕازی نیە لەسەر داوای دەمڕووتێکی فشەکەر ( بەڵیّ دەم ڕووتێکی فشەکەر ) ئامادەی ئەمجۆرە شەوکۆڕانە ببێتو گویّ بەوە نەدا، ئەگەر ئەم کارەی بۆ سبەینیّ، تەریقیو پەشیمانیشی لە دوا بێت... ( من دان بەوەدا دەنەم کە نازانم چۆن گوزارشت لە مەبەستەکەی خۆم دەکەم ). بەڵام من ستایشی هەموو ئەم کارانە دەکەم، بە شایستەی ڕێزو حورمەتیان دەزانم، ئەوپەڕی بوێریو ئازایەتیە، هەرچەندە سیمای مێردە بەڕێزەکەت، ئەوە دەنوێنیّ کە کارەکانتی بە دڵ نییە و زۆریش بەم وەزعو حاڵە قەڵسە... ها ها !...

هیپولیت، لە ناکاودا شپرزە بوو، گیانی کەوتە لەرزین، نۆرە کۆکەیەکی توند بۆ ماوەی دوو دەقیقە لە قسەی خست.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، نیگایەکی ساردو سڕی، بەدەر لە هەر هاوسۆزییەکی کردو بە زمانێکی ساردو وشك گوتی:

– تەمەشا، خەریکە دەخنکیّ، بەسە کوڕەکەم ! بەسە. وەختی ڕۆییشتن هاتووە !

ئیڤان فیدوروفیچ، کە بە ئاشکرا دیاربوو پەستە، لە ناکاودا بە تووڕەیی گوتی:
– گوێ بگرە با شتێکت پێ بڵێم کوڕۆ. ژنەکەی من لێرەدا میوانی لیون نیکولایوفیچە، کە دۆستو دراوسێمانە. میوانی تۆ نییە. بۆیە تۆ بۆت نییە، حوکم لەسەر هەڵوێستو ڕەفتاری لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا بدەیت، یان بە دەنگی بەرزو لە حوزووری مندا، بە خەیاڵی خۆت دەموچاوی من بخوێنیتەوەو بۆ ئەوی باس بکەیت. تێدەگەی ؟
ئەوجا بە تووڕەییەکی زیاترەوە لەسەری ڕۆیی:
– .. جا ئەگەر ژنەکەی من لێرە ماوەتەوە جەناب. لەبەر ئەوەیە حەزی کردەوە ڕەفتاری سەیرو سەمەرەی ئەو گەنجانە ببینێ کە بە ڕاستی مایەی کونجکاویو فزوڵیەتە. من بەخۆم هەندێجار لە جادەو باناندا بۆ تەمەشاکردنی شتێك... شتێکی... دەوەستم.
یەڤگینی باڤلوفیچ، بۆ ئەوەی فریای هاوڕێکەی بکەوێ، خێرا هەڵیدایە:
– شتێکی ناباو .
جەنەراڵ، کە بۆ وشەیەکی گونجاو دەگەڕا، بە خۆشحاڵیەوە ئەو وشەیەی قۆستەوەو گوتی:
– بەڵێ، دەمخۆش، خۆیەتی، یانی شتانی نۆباو. بە هەرحاڵ ئەوەی مایەی سەرسامیو لە هەمان کاتدا خەمباری منە، ئەوەیە کە تۆ نەت توانیوە لەوە بگەیت کە لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا کە بەدیار تۆوە ماوەتەوە، لەبەر ئەوەیە کە تۆ نەخۆشیتو دڵنیایە کە مەرگ بەردەرکەی پێگرتوویتو هاکا بردیتیەوە، بە کورتیەکەی کە گوێی لە قسە خەم ئەنگێزەکانت بوو، بەزەیی پێتا هاتەوەو مایەوە. بۆیە ئەمە بە هیچ جۆرێ نە ناوی، نە شۆرەتو ناوبانگی، نە پایەی کۆمەڵایەتی لەکەدار ناکات...
بەدەم ئەو قسانەوە، لە تووڕەییدا ڕەنگی سوورهەڵگەڕاو گوتی:
– لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، ئەگەر حەزدەکەی بڕۆین، با خودا حافیزی لە میرزادە بکەینو بڕۆینو...
هیپولیت، بەشێوازێکی چاوەڕوان نەکراوو بە دەنگێکی بتەوو نیگایەکی خەیاڵاوی، قسەکەی بە ئیڤان فیدوروفیچ بڕیو گوتی:
– سوپاسی ئەم ئامۆژگاریەت دەکەم، جەنەراڵ .
ئاگلایا، بێتاقەتو تووڕە، لەسەر کورسییەکەی هەستاو گوتی:
– دایکە، هەستە با بڕۆین، وا دیارە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت .
لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە ویقارەوە، ڕووی کردە مێردەکەیو گوتی:
– ئیڤان فیدوروفیچی ئازیز، بە یارمەتیت تەنیا دوو دەقیقەی دی. پێموایە تای لێهاتووە، وڕێنە دەکات، بە چاویا دیارە. ناکرێ بەم حاڵەوە بەجێی بێڵین. لیون نیکولایوفیچ، دەتوانی ئەمشەو لای خۆت گلی بدەیتەوە، تا ناچار نەبێ بەم ناوەختە بۆ پترسبۆرگ بگەڕێتەوە ؟
ئەوسا ڕووی کردە میرزادە (س...) و گوتی:
– میرزادەی ئازیز (CHER PRINCE) خۆ بێتاقەت نەبوویت ؟
ئەوجا ڕووی کردە ئەلکسندرا و گوتی:
– وەرە ئێرە ئەلکسندرا گیان، با تۆزێ قژت چاك بکەم گیانەکەم .

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، قژی کچەکەی، کە هیچ پێویستی بە ڕێکخستن نەبوو، کەمێك ڕێکخست، ئەوجا ماچی کرد، کە لە ڕاستیدا مەبەستی لە بانگکردنەکەی ماچەکە بوو.

هیپولیت، کە کەمێك وەخۆ هاتەوە گوتی:

– وام تەسەور دەکرد کە تۆزە بەهرەو توانایەکی پێشکەوتنی فیکری‌و دەروونیت تێدا هەیە... بەڵێ، دەمویست ئەو شتەت پێبڵێم ( وەکو کەسێك شتێکی لەبیرکراوی بیرکەوتبێتەوە بەو ئاوایە خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو.). تۆ تەمەشای بوردوفسکی بکە: لە کانگای دڵەوە، بە تەنگی دایکییەوەیە، وا نیە ؟ بەڵام ئەنجام ئابڕووی لەکەدار کرد. تەمەشای میرزادە بکە: حەزدەکات کۆمەکی بوردوفسکی بکات، لە رووی پاکی‌و جوامێری خۆیەوە، دەیەوێ پارەیەکی مۆڵی بداتێ، دۆستایەتی بکات، ڕەنگە لە ناو هەمووماندا، میرزادە تاقە کەس بێت کە نەدەی بوغزێنێ‌و نە دەی بێزرێنێ، کەچی وێڕای ئەوەش بە چاوی دژمنی خوێنی سەیری یەکدی دەکەن. ها، ها، ها ! هەمووتان لە بوردوفسکی پەست‌و بێزارن، چونکە پێتان وایە ڕەفتاری وی دەرهەق بە دایکی، نا پەسندو کرێت‌و دزێوە، وا نیە ؟ وایە ؟ ئێوە هەمووتان، ڕواڵەتبازن، ئاشقی جوانی شێوەو رواڵەتی پەسندن‌و هەموو فیکرو زیکرتان هەر ئەوەیە، وا نییە ؟ ( دەمێکە گەییوومەتە ئەو قەناعەتەی کە هەموو زیکرو فێکرێکتان هەر ئەمەیە )، بەڵام چاك بزانن ڕەنگە شتاقتان بە ئەندازەی بوردوفسکی دایکی خۆی خۆش نەویستبێ. من دەزانم کە میرزادە بە دزییەوە، ژێراو ژێر، بە گانیادا پارەی بۆ دایکی بوردوفسکی ناردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەم گرێو بکەم، کە بوردوفسکی زۆری پێناخۆشەو گلەیی لە میرزادە دەکات‌و ئەمە بە بێرێزی دەرهەق بە دایکی دەزانێت، باوەڕ بکە وایە، ها، ها، ها !....

دیسان کۆکەیەکی توند، لە پێکەنین و قسەی خست.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، کە بە شپرزەیی تەمەشای دەکردو نیگای نیگەرانی لێنەدەگواستەوە، گوتی:

– تەواو؟ هەموو شتێکی خۆت گوت ؟ دەی ئێستا بڕۆ بخەوە، تایەکی توندت لێیە. ئاه.. خودایا!.. خۆ دیسان قسان دەکات.

هیپولیت، لە ناکاوا رووی کرد یەڤگینی پاڤلوفیچ‌و گوتی:

– پێدەکەنیت ؟ بۆچی هەمیشە بە من پێدەکەنی ؟ بەئاشکرا هەستم بەمە کردووە !

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بە ڕاستی پێدەکەنی

– ویستم پرسیاری ئەوەت لێبکەم جەنابی... هیپولیت... بمبورە ناوی شۆرەتەکەتم بیر چووەتەوە...

میرزادە گوتی:

– بەرێز تیرنتییف .

– بەڵێ، سوپاس میرزادە گیان. پێیان گوتبووم، بەڵام بیرم چووبووەوە... جەنابی تیرنتییف، ویستم ئەوەت لێبپرسم، ئایا ئەو شتەی دەربارەی تۆ بۆ منیان گێڕاوەتەوە ڕاستە: گوایە تۆ بە قەناعەتەوە باوەڕت وایە، تەنیا چارەکێکت بەسە کە لە پەنجەرەی ماڵەکەتەوە قسە بۆ جەماوەری

گەل بکەیت، تا یەکسەر قەناعەت بە ڕاو بۆچونەکانت بێنن و پەیڕەوی دیدو باوەڕەکانت بکەن. ئایا ئەمە ڕاستە ؟

هیپولیت، وەکو یەکێك بیەوێ یادگەی خۆی هەڵبداتەوەو ئەو قسەیە وەبیر خۆی بێنێتەوە، کەمێك لە فکران ڕاچوو و بەرسڤی دایەوە :

– دوور نییە ئەو قسەیەم کردبێت .

ئەوجا، دیسان، لە پڕ بە هەڵچوونەوە، ڕاست چاوانی بڕینە یەڤگینی باڤلوفیچ و لەسەری ڕۆیی:

– بەڵێ، ئەو قسەیەم کردووە، دەتەوێ چ بڵێی ؟

– هیچ. هەر حەزمکرد، بۆ زانیاری خۆم ئەو شتە بزانم .

یەڤگینی باڤلوفیچ بێدەنگ بوو. بەڵام هیپولیت وەکو ئەوەی بە تەمابێت یەڤگینی قسەی دی بکات، بە نیگەرانیەوە چاوەڕوانی دەکرد.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، ڕووی کردە یە ڤگینی باڤلوفیچ و پرسی:

– دەی، تەواو بووی، قسەی دیکەت نەما ؟ دەی خێرا تەواوی بکە، ئاخر درەنگە، ئەم پیاوە دەبێ بڕوا بخەوێ لەوە دەچێ قسەی دیکەت پێ مابێ ؟

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، یەجگار بێزارو بێتاقەت بوو.

یەڤگینی پاڤلوفیچ، بە دەم بزەیەکەوە وەڵامی دایەوە:

– حەزدەکەم ئەمەش بڵێم: هەر هەموو ئەو شتانەی لە هاوڕێکانتم گوێ لیبوو جەنابی تیرنتییف، هەموو ئەو شتانەش کە تۆ بەو بەهرەمەندیو جوانیو ڕەوانیە حاشا هەڵنەگرە باستکرد، هەر هەمووی لە تیۆری ئەولەویەتی هەق بەسەر هەر شتێکی دیدا بەرجەستە دەبێت، بێ ڕەچاو کردنی هیچ شتێکی دی، تەنانەت پێش ئەوەش کە هەوڵ بدرێ ئەم هەقە بزانرێ. ڕەنگە واش نەبێ و من هەڵە بم .

– بێگومان هەڵەیت. تەنانەت نازانم تۆ مەبەستت چیە...ئێ چیتر ؟

لە سووچێکی بانیژەکەوە. دەنگی چپە چپ دەهات. خوشکەزاکەی لیبدیف لە بەرخۆیەوە و بە ئەسپایی قسەی دەکرد.

یەڤگینی پاڤلوفیچ بەرسڤی دایەوە:

– هیچی ترم نیە. هەر ویستم ئەوە وەبیر بێنمەوە کە جیاوازی ئەم تیۆریو بۆچوونە لەگەڵ تیۆری هەق بە زۆردارە، تەنیا یەك هەنگاوەو، چەرخی ڕۆژگاریش بە زۆری هەر بەو جۆرە سوڕاوە. ئەدی پرودون نەیگوتووە هەق بە زۆرە، زۆر هەق دروست دەکات ؟ ئەوە بوو لە ماوەی جەنگی ناوخۆی ئەمریکادا، بە بەرچاوی هەمووماندەوە گەلێك لە لیبرالەکان، گەلێك لە لیبرالە توندڕەوەکان، لایەنی خاوەن مەزراو جووتیارەکانیان دەگرت، بەو هەنجەتەی کە ڕەش پێستەکان، چونکە ڕەشپێستن، دەبێ پایەیان سپیپێستەکان کەمتر بێ. هەق بە سپیپێستەکانە، چونکە زۆرو دەسەڵاتیان هەیەو هەق بە زۆردارو بۆ زۆرە...

– ئێ ؟.

– بەم پێیە تۆ نکۆڵی لە تیۆری " هەق بە زۆردارە ". ناکەیت

– ئێ ؟ چیتر ؟

– بەمجۆرە، تۆ بیرکردنەوەیەکی یەکدەستت هەیە. من تەنیا دەمویست، ئەوە بڵێم کە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان هەقی زۆرداروهەقی بەورو نەهەنگان و تەنانەت دانیلوف گورسکی شدا نیە .

– نازانم... چتیر، بەردەوام بە ؟

هیپولیت، بەدەم وتنی: " ئێ، چیتر، بەردوام بە !" بەوپەڕی بێتاقەتی و تەنیا وەکو عادەت، هەر بە درۆوە، گوێی لە یەڤگینی باڤلوفیچ دەگرت، دەنا کەم و زۆر ئەو قسانەی لەلا گرینگ نەبوو.

– تەواو هیچی ترم پێ نییە،... ئەوەی مەبەستم بوو گوتم .

هیپولیت، لە ناکاوا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، بێئەوەی بە خۆیشی بزانێ چ دەکات، گوتی:

–بە هەر حاڵ، من نە لێت تووڕەم و نە ڕقم لێتە .

بەدەم زەردەخەنەیەکی وێڵەوە، دەستی برد تەوقە دەگەڵ یەڤگینی باڤلوفیچدا بکات.

یەڤگینی باڤلوفیچ کە هەوەڵجار حەپەسا بوو، پاشان بەوپەڕی جدی دەستی گوشی و، وای دەنواند کە تەوازۆیەکەی هیپولیتی قەبووڵ کردووەو هیچی لە دڵدا نەماوە. بە هەمان ڕێزو حورمەتەوە گوتی:

– من زۆر سوپاست دەکەم کە ڕێتدام قسە بکەم. چونکە زۆرجار دیتوومە کە هاوڕێ لیبڕاڵ و ئازادی خوازەکانی ئێمە، ڕێگە بە کەس نادەن ڕای خۆی دەربڕێت و یەکسەر بەجنێوو لە جنێوخراتر، بەرپەرچی هەڤڕك و نەیارانی خۆیان دەدەنەوە...

جەنەراڵ یەپانچین گوتی:

– زۆر ڕاستە، دەقاو دەق وایە .

ئەوجا، دەستەکانی خستنە پشتی و، پەست و بێتاقەت، بەدەم باوێشکدانەوە بەرەو دەرگاکەی ئەوسەری هەیوان وبانیژەکە ڕۆیی.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، لە ناکاوا، رووی کردە یەڤگینی پاڤلوفیچ و گوتی:

– دەی بەسە برادەری ئازیز ! بێتاقەتت کردم !

هیپولیت، بەلەزو سەراسیمە، بەدەم دەست بادانەوە، لەسەر کورسیەکەی هەستاو، نیگایەکی سڵۆك و وێڵی دەوروبەری خۆی کردو گوتی:

– کاتی رۆییشتنە.... ماتەڵم کردن، دەمویست هەموو شتێکتان پێبڵێم... ( وام خەیاڵ دەکرد هەمووتان)... (بۆ دواجار). ئەمە خەیاڵ پڵاوی من بوو....

دیاربوو بەرە بەرە وەخۆ دەهاتەوەو لەو حاڵی نیمچە وڕێنەیە دەردەهات کە گیرۆدەی بوو بوو، لە حاڵەتی هوشیاریی تەواودا لە پڕێکا شتێکی وەبیر دەهاتەوەو دەکەوتە قسان. بە زۆری ئەو

ورده شتانەی دەگێڕایەوە کە بەدەم نەخۆشییەوەو لە ناو جێگاداو لە کاتی بێخەویدا لە یادگەی دا کەڵەکە دەبوون و ئەزبەری دەکردن !

هەنگیٚ بەلەزو لە نکاودا گوتی:

– باشە... بە دوعا ! پێتانوایە خودا حافیزی لە ئێوە بۆ من ئەوەندە ئاسانە ؟ ها، ها، ها!...

خۆی بە پرسیارە ناشیانەکەی خۆی پێکەنی. ئەوجا لەخۆی توڕە بوو، چونکە نەیتوانی بوو وەکو پێویست گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆی بکات. بۆیە بە توڕەیی و بە دەنگی بەرز گوتی:

– عالی جەناب، ئەگەر قەبووڵ بکەیت، من بە شانازییەوە دەعوەتت دەکەم کە لە پرسەکەما ئامادە بیت.. خانمان، ئاغایان تکا دەکەم ئێوەش، هەمووتان، دەگەڵ جەنەراڵدا وەرنە پرسەکەم!...

دیسان لە قاقای پێکەنینی دا، بەڵام پێکەنینی ئەمجارەی لە هی کەسێکی شێت دەچوو. لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا سەراسیمە بەرەو لای وی چوو، باسکی گرت. هیپولیت بە دیقەت چاوی بڕییە دوڕ چاوانی، لە تۆ وایە پێکەنینەکە بە دەموچاوییەوە بەستوویەتی .

– دەزانن کە من بۆ سەیری درەختان بۆ ئێرە هاتووم ؟ ئەوە درەختەکانە ( بە دەستی ئاماژەی بۆ دارو درەختانی باخچەکە کرد). ئەمە هیچ مایەی پێکەنین نیە، وا نییە ؟

هەنگیٚ بەوپەڕی سەلاری ڕووی کردە لیزاڤیتا پروکوڤیڤناو پرسی:

– پێموایە ئەمە هیچ شتێکی تیا نییە کە مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی بێت .

ئیدی نقومی دەریای خەیاڵ بوو. دوای چاوتروکانێك وەخۆی هاتەوە، سەری هەڵێناو ڕووانیە ئامادە بووان، وەك بڵێی چاو بۆ یەکێك بگێڕێت... چاوی بۆ یەڤگینی باڤلوفیچ دەگێرا کە لە نزیکیەوە، لە دەستە ڕاستیاو لە شوێنەکەی خۆی وەستا بوو. بەڵام هیپولیت، لە بیری چوو بووو، دەوروبەری خۆی بۆ دەگەڕا، کە لە ئەنجامدا دیتیەوە، بە سەرسامی گوتی:

– ها... هێشتا نەڕۆیشتوویت ! زۆر بەو خەیاڵەی من پێکەنیت کە گوایە بە ئاوات و ئارەزووی ئەوەوە بووم بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە قسە بۆ خەڵکی بکەم! دەیسا بزانە کە من هێشتا تەمەنم نەگەیی بووە هەژدە ساڵان، ماوەیەکی زۆر لە ناو جێگاکەمەوە، سەرم لەسەر سەرینەکەم دادەناو لە پەنجەرەکەمەوە دەمڕوانیە دەرەوەو بیرم دەکردەوە... بیرم لە هەموو شتێك دەکردەوە... بەتایبەتی لە خەڵکی... تۆ خۆت دەزانی مردووان تەمەنیان نیە. هەفتەی ڕابردوو، شەوێك، کە خەوم زڕا، ئەم بیرۆکەیەم وەبیرهاتەوە... دەزانی ئێوە زیاتر لە چ شتێك دەترسن ؟ ئێوە هەرچەندە لە ئێمەمانان بێزارن، بەڵام لە ڕاستگۆیی ئێمە دەترسن! هەمان شەو، کاتیٚ لە سەر جێگاکەم ڕاکشابووم، ئەم بیرۆکەیەشم بە خەیاڵدا هات...

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا. ئایا پیتوایە کە هەنووکە، لە دڵی خۆمدا دەمویست بە تۆ پێبکەنم ؟ نا نەخێر بە نیازی شتی وا نەبووم. بە پێچەوانەوە دەمویست ستایشت بکەم... کولیا پێی گوتم کە میرزادە وەکو منداڵ ڕەفتاری دەگەڵ کردوویت... ئەمە ڕاستە... بەڵام بۆچی ؟ دەمویست شتێکی دیکەش بڵێم...

بەدەم ئەو قسەیەوە، دەموچاوی لە نێو هەردوو لەپی ناو بۆ ساتێك لە فكران ڕاچوو.

– ئا، بەڵێ... بیرم كەوتەوە: كاتێ كە تۆزێ لەمەپێش لێبرایت بڕۆیت، لە پڕێكا لە دڵی خۆدا گوتم: من جارێكی دی هەرگیز ئەمانە نابینمەوە، هەرگیز. جارێكی دی درەختەكانیش نابینمەوە! تاقە شتێك كە ببینم، دیوارە خشتەكەی ماڵی مایره، كە ڕێك بەرانبەر بە پەنجەرەكەی منە... هەوڵبدە هەموو ئەم شتانەیان بۆ ڕوون بكەوە... هەوڵبدە كە لێت بگەن... ئەمە كچێكی زۆر جوانە... تۆ پیاوێكی مردوویت... وەكو مردوویەك خۆتی پێبناسێنەو پێیان بڵێ " مردوو لێی ناگیرێ ، بۆی هەیە هەرچییەكی بوێ بیڵێ ".... دۆتمیر ماریا ئالكسییڤنا هیچ ناڵێت، بەمە قەڵس نابێت*. ها، ها، ها.... ئەدی بۆ پێناكەنن ؟ ( بە دەم ئەو پرسیارەوە، بەگومانەوە چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا ). دەزانن لەسەر جێگاكەم چەندم شت بە بیرو خەیاڵدا هاتووە، گەییمە ئەو قەناعەتەی كە تەبیعەت یەجگار گاڵتەجاڕە ؟... تۆزێ لەمەپێش گوتتان من خوانەناسم، بەڵام دەزانن تەبیعەت... دیسان بەچی پێدەكەنن ؟

لە ناكاوا، بە توڕەیی و خەمینی ڕوانیە ئامادەبووان و گوتی:

– بەڕاستی دڵڕەقن !

ئەوجا بە زمانێكی تەواو جیاواز، زمانێكی جدیو پڕ قەناعەت، وەكو ئەوەی بیرێك رای چڵەكاند بێ، لە سەری ڕۆیی:

– من هەرگیز خووی كولیام شەڕ نەكردووە. من لە ڕێ دەرم نەكردووە.

لیزاڤیتا پروكوڤیڤنا، بەوپەڕی خەمباری گوتی:

– كەس گاڵتە بە تۆ ناكات. كەس بە تۆ پێناكەنێ.... سبەی بەیانی پزیشكێكی دیكەت بۆ دێنین. دەبێ پزیشكی یەكەم هەڵە بووبێ. دانیشە ! خۆت بە پێوە ناگریت ! وڕێنە دەكەی...

هەنگێ لیزاڤیتا، كە لەسەر كورسیەك دایدەنا، شپرزەو پەشۆكاو هاواری كرد:

– ئاه... ئێستا چی بۆ بكەین ؟

بەدەم ئەو قسەیەوە، دڵۆپە فرمێسكێكی ورد، بەسەر گۆنایەوە بریقایەوە .

هیپولیت، بۆ ساتێك حەپەسا، هەنگێ دەستی برد، بە شەرمەوە ئەو دڵۆپە فرمێسكە وردەی سڕیو بزەیەكی منداڵانە كەوتە سەر لێوی. ئەوجا بە خۆشییەوە گوتی:

– تۆ نازانی من چ هەستێكم بەرانبەر بە تۆ هەیە... مەگەر هەر من بزانم كولیا هەمیشە بە چ جۆشو خرۆشێكەوە باسی تۆ دەكات... ئەو جۆش و خرۆشەیم زۆر خۆشدەوێ... من خووم شەڕ نەكردووە ! ئەو، تاقە كەسە كە هیچی لێناشارمەوە، گریێی دڵی خۆمی بۆ دەكەمەوە، هەرچی بیرو بیرەوەرییەكم هەبێ بۆی دەگێڕمەوە. تاقە دۆستێكم مابێ هەر ئەوە، چبكەم حەزم دەكرد، خەڵكی زۆر بەشداریان لەم كەلەپورە بكردایە، بەڵام چبكەم هەر ئەوم بە دەستەوە ماوە. كەسی تر نییە... كەس بە دەورمەوە نەماوە... حەزم دەكرد پیاوێكی چالاك بام، پیاوی مەیدانی كردار. ئەم هەقەم هەیە.... حەزم دەكرد زۆركاران بكەم! هەزارو یەك هیواو خۆزیام هەبوو! لێ ئێستا ئارەزووی هیچ شتێكم نییە، حەزناكەم ئارەزووی هیچ شتێكم هەبێت. بەڵێنم بە خۆم داوە لەمڕۆ

بە دواوە ئارەزووی هیچ نەکەم، هیچم نەویٚ. با خەڵکی دی لە پاش من لە حەقیقەت بگەڕێن! بەڵیٚ تەبیعەت پێمان ڕادەبوێریٚ . گاڵتەجارە!

لە پڕ بە گەرمی هاواری کرد:

– باشە تەبیعەت باشترین بوونەوەران دەخولقێنیٚ تا دوایی بیانکات بە مەخسەرە ؟ پێیان رابوێریٚ ؟ هەر خۆی بەشەری وەکو نموونەی کاملی ئەفراندن نەخولقاند ؟ خۆی خولقاندیو خۆی زمانی دایە تا قسەی وا بکات ببێتە هۆی ڕشتنی خوێنێکی ئەوتۆ، کە ئەگەر بە یەکجار رژابایە هەموو بەشەریەتی دەخنکاند! کەواتە مردن بۆ من شادیە! دەنا لەوە بوو منیش فریوی ئەو دریۆیەم خواردبا کە تەبیعەت لەبەر خاتری من خولقاوە!.... من خووی کەسم شەڕ نەکردووە، کەس بەهۆی منەوە گەندەڵ نەبووە، کەسم گەندەڵ نەکردووە.... دەمویست بۆ بەختەوەری هەموو خەڵکی بژیم... دەمویست بۆ ئەوە بژیم کە حەقیقەت کەشفو بڵاو بکەمەوە... کە لە پەنجەرەکەمەوە تەمەشای دیوارەکەی ماڵی مایرم دەکرد، وام تەسەوردەکرد ئەگەر دەرفەتی تەنیا یەك چارەکە سەعاتم هەبیٚ کە قسان بکەم، دەتوانم قەناعەت بە هەمووان بێنم، بە هەموو کەسێك! کەچی ئەوەتا لە هەموو تەمەنما، تەنیا یەك جارێك بۆم هەلکەوت کە تەماس دەگەڵ هەموو بەشەردا نا، بەڵکو تەنیا لەگەڵ ئێوەدا بگرم، ئەنجامەکەی چی بوو ؟ فایدەی چی بوو؟ هیچ! ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێوە دەم بوغزێنن! ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە من کەرو کەودەنو بێزراوم، خێرم نییەو شەرم بە پای سەگ، کاتی ئەوە هاتووە نەمێنم ! نامێنمو هیچ یادگارێکم لە دوا نامێنیٚ، چونکە نەمتوانیوە نە دەنگیٚ، نە ڕەنگیٚ، نە شوێنەواریٚ، نە کرداریٚ لە دوای خۆم بە جێبێڵم! نە باوەڕێکم بلاوکردووەتەوە، نە برەوم بە قەناعەتێك داوە! تکایە بەم کەرپیاوە پێمەکەنن ! لە بیری بکەن! هەموو شتێك فەرامۆش بکەن. تکایە دڵڕەق مەبن! دەزانن ئەگەر تووشی سیل نەهاتبام، خۆم دەکوشت ؟!...

پێدەچوو بیەویٚ زۆر شتی دی بڵێت، زیاتر قسان بکات، بەلاّم نەیتوانی بەردەوام بێت، دیسان بەسەر کروسیەکەیدا داڕوخا، دەموچاوی لە نێو هەردوو دەستی نا، وەکو منداڵێکی چکۆلە دەستی بە گریان کرد.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، دووبارە گوتی:

– ئێستا چی بۆ بکەین ؟ پێم ناڵێن چی لێبکەین ؟

بە هەشتاو خۆی گەیاندیٚ، سەری گرتو نای بە سینگی خۆیەوە. هیپولیت بە کوڵ دەگریا. لیزاڤیتا گوتی:

– بەسە، بەسە، بەسە ! مەگری، گریان بەسە ! تۆ کوڕێکی باشیت! خوا بە نەزانی خۆتت لەگەڵ دەکات، دەتبەخشێت. دەی، بەسە! پیاوبە، دەنا دوایی لە خۆت تەریق دەبیتەوە...

هیپولیت، بەدەم هەوڵی ئەوەوە کە سەری هەڵبڕێت، گوتی:

– من برایەك و دوو خوشکم لەویٚ هەن، بچووكو بەسەزمانن... پاكو بێگەردن... ئەو ژنە خوویان شەڕدەکات. تۆ فریشتەیت،... تۆ بە خۆت منداڵیت، لە منداڵ پاکتریت، فریایان بکەوە، لە دەستی ئەو ژنەیان دەربازبکە... ئەو یەکپارچە نەنگو شەرمەزاریە... ئاه... کۆمەکیان بکە،

رزگاریان بکە! خوا سەد بەرانبەر چاکەت دەداتەوە ! لە ڕای خوا، بیکە بە خاتری یەسوع فریایان بکەوە!.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە توڕەیی گوتی:

– ئیڤان فیدوروفیچ پێم ناڵێی ئێستا چ بکەین! وەختی ئەم کەش و فش و بێدەنگیە شاهانەیە نیە ! ئەگەر بڕیارێك نەدەیت، ئەوا ناچارم ئەمشەو لێرە بە دیارییەوە بمێنم! مردم ئەوەندە نەرمکێشیت بۆ بکەم، ئەم دکتاتۆریەتە تاکەی !

بەوپەڕی توڕەییەوە قسەی دەکردو، داوای وەڵامی دەکرد. دیارە لەم حاڵەتانەدا ئامادە بووان چەندیش ژمارەیان زۆر بێت، خۆ لە قسان دەبوێرن، هەڵوێستێکی نەرێنی وەردەگرن و بە کونجاوییەوە، تەمەشای ڕەوشەکە دەکەن و خۆ لە دەربڕینی هەست و بۆچوونی خۆیان دەپارێزن، دوای ماوەیەکی زۆر، یانی دواتر راوبۆچوونی خۆیان دەڵێن. لە نێو ئەو خەڵکەی ئەوێندەرش کەسانێك هەبوو ئامادەبوون تا بەیانی بمێننەوەو تاقە وشەیەك نەڵێن. یەکێك لەوانە ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا بوو کە بە درێژایی شەوەکە، دوور لەوانی دی، لە سوچێکا، بە بێدەنگی بەڵام بە وریاییەوە دانیشتبوو. رەنگە لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی ئەو هەڵوێستەی هەڵبژارد بووبێ.

جەنەراڵ گوتی:

– گیانەکەم، بە بۆچوونی من، سستەرێکی بەدیارەوە بێ لە هەموو ئەم هەراو زەنایەی ئێمە باشترە. چار هەر ئەوەیە ئەمشەو پیاوێکی باوەڕپێکراوی هێمن بە دیارییەوە بێت. بەهەرحاڵ دەبێ ڕاوێژ دەگەڵ میرزادەدا بکەین و ئەو قەرار بدات... ئەوجا دەبێ یەکسەر نەخۆشەکە بەجێ بێڵین تا ئیسراحەت بکات. سبەینێ دێینەوە بۆ لای و تەگبیرێکی حاڵی دەکەین.

دوکتورنکو، بە توڕەیی لە میرزادەی پرسی:

– نیوەشەوە. ئێمە دەڕۆین. لەگەڵ ئێمەدا دێت یان لای تۆ دەمێنێتەوە ؟

میرزادە گوتی:

– ئەگەر حەزدەکەن بە دیارییەوە دانیشسن، جێگا هەیە.

کیللەر، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، بە هەشتاو بەرەو لای جەنەراڵ ڕۆیی و بە جۆشەوە گوتی:

– پایە بەرز، ئەگەر پێویست بکات کەسێکی لە باری جێ متمانە ئەمشەو بەدیارییەوە بمێنێ، من ئامادەم بەخۆشحاڵیەوە ئەم فیداکاریە بۆ ئەم دۆستەم بکەم... تۆ نازانی ئەم پیاوە چ گەوهەرێکە، چەند نەفس بەرزە! زۆر دەمێکە بە پیاوێکی گەورەی دەزانم، پایەبەرز! هەڵبەتە من خوێنەوارییەکی زۆرم نییە، بەڵام ئەو کاتێ کە قسە دەکات، ڕەخنە دەگرێت، دوڕوگەوهەر لە زاری دەڕژێت، دوڕو گەوهەر عالی جەناب !

جەنەراڵ، بە بێزارییەوە ڕووی وەرگێرا.

میرزادە، لە وەڵامی پرسیارە توڕەکانی لیزاڤیتا پروکوڤیڤنادا گوتی:

– حەزدەکەم بمێنێتەوە. زۆر ئەستەمە بتوانێ بڕوات .

– چیە خەوت دێ ؟ ئەگەر ناتوانی خەمی بخۆیت، قەیدی نیە دەیبەمەوە بۆماڵی خۆمان. ئاه... خودایا!... تۆ بە هەزار حاڵ خۆت بەپێوە دەگریت، ماڵ لە خۆی نەبوو میوانش ڕووی تێکرد. میرزادە چیە، نەخۆشیت ؟

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، تەسەوری وابوو کە دوای نیوەڕۆ میرزادە لە نێو جێگای نەخۆشیدا بدینێ، بەڵام کە بینی بە پێوەیەو لە جێدا نەکەوتووەو بە ڕواڵەت عەلەمی نییە، ئیدی وای زانی چاکی چاك بووەتەوە. بەڵام نۆرە نەخۆشیەکەی ئەم دواییەی میرزادەو ئەو بیرەوەرییە بە سوێیانەی کە لە دەروونیا زیندوو بوو بوونەوە، ماندوو بوونی لە ڕادەبەدەری ئەمشەوی بە هۆی کوڕەکەی بافلیشچوفەوەو پاشان بە هۆی خرابوونی تەندروستی هیپولیتەوە، هەر هەموو ئەمانە بە ڕادەیەك کاریان تێکردبوو، دیاربوو کە تای لێهاتووە. چاوەکانی نیگەرانیەکی ترسامێزیان دەنواند. زۆر بە سەرنجەوە دیقەتی هیپولیتی دەدا، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی تەقینەوەو هەڵچوونێکی تازەی لێبکات .

هیپولیت، لە ناکاودا هەستایە سەر پێیان، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. جۆرە شەرمەزارییەکی ئاوێتە بە ترس سیمای مەسخ کردبوو. ئەو حاڵەتە زیاتر لەو نیگا بوغزن و ترسناکەیدا دەردەکەوت، کە بە یەك بە یەکی ئامادە بووانیدا دەگێڕا، لەو بزە وێڵ و سەرگەردان و پڕ تەوس و توانجەیدا دەردەکەوت کە دەنیشتە سەر لێوە لە رزۆکەکانی. ئەوجا چاوانی داخستن، بە هەمان بزەوە، بە هەنگاوی لەرزۆکەوە، خۆی بەرەو بوردوفسکی و دکتورنکو بکێش کرد کە لەبەر دەرگای بانیژەکە چاوەڕوانیان دەکرد. دەیویست لەگەڵ ئەواندا بڕوات.

میرزادە گوتی:

– لەمە دەترسام! دەبوایە ئەمە ڕوو بدات !

هیپولیت، لە ناکاوا، ئاوڕی لێدایەوە، دەموچاوی ڕق و غەزەبی لێدەباری، گوتی:

– ئاوها... لەمە دەترسایت ؟ بە ڕای تۆ دەبوایە ڕوو بدات ؟ ئەوسا بە دەنگی بەرزو بەدەم کەف چەڕاندنەوە لەسەری ڕۆیی:

– دەیسا با پێت بڵێم ئەگەر کەسێك هەبێت کە لە هەموو کەس و شتێك زیاتر ڕقم لێی بێت – ئەگەرچی ڕقم لە هەر هەمووتانە – ئەوا ئەو کەسە تۆیت، تۆیت ! تۆی یەسوعی ڕیابازی ڕووبین، تۆی شێت و گەوج و گەمشۆ، تۆی خێرەومەندی ملیۆنێریت ! زۆر زۆرم ڕق لێتە، ئەوەندە ئەوەندەی ڕقم لە تۆیە ڕقم لە هیچ مرۆڤ و شتێکی دیکەی ئەم دنیایە نیە. زۆر دەمێکە جەوهەرم ناسیوویت و ڕقم لێتە. لەو ڕۆژەوە کە ناوم بیستوویت لە ناخی دڵەوە بوغزاندوومیت... بە دڵ و بە گیان ڕقم لێتە... تۆ تووشی ئەم داوەت کردم ! تۆ بەرپرسیت لەم زەبوونی زەلیلییەی من، تۆ وات کرد منی نەخۆشی لە حاڵی مردنا، ئاوا خۆم عەیبدارو شەرمەزاربکەم... ئەگەر تەمەن مەودای دەدام، بزانە چۆن دەمکوشتیت ! من پێویستم بە خێرو چاکەی تۆ نییە. نامەوێ کەس خێرم پێبکات. گوێت لێمە ؟ خێرو سەدەقەی کەسم ناوێ ! تووشی وڕێنە بووم، وڕینەم دەکرد، قەبووڵ ناکەم خۆتم لێبکەی بە خاوەن، شینم بۆ بکەی، لەسەر حیسابی من، خۆت بنوێنی... هەمووتان بە نەعلەت دەکەم، بۆ هەتا هەتایە بە نەعلەتتان دەکەم...

لیبدیف، به گوێی لیزاڤیتا پروکوڤیڤنایدا چپاند :
– پێی ناخۆش بوو که گریا، تەریقی گریانەکەیەتی. میرزاده گوتی: " دەبوایه ئەمه ڕوو بدات".
میرزاده سەیره ! چاوی باتینی هەیه. ناخ و نیهادی ئەوی خوێندبووەوه !

لێ لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، له خۆی نەگرت، هەر نیونیگایەکیشی بکات. بەوپەڕی کەش و فش و کبریاوه، وەستا بوو، سەری بەرز گرتبوو و، به کونجکاوییەکی نەفرەت ئامێزەوه دەیڕوانیه سەروچاوی ئەو " ڕەشه خەڵکه نەگبەته ". که هیپولیت له قسەکانی بووەوه. جەنەراڵ، بەبێ موبالاتییەوه شانی هەڵتەکاند، لیزاڤیتا، به توڕەیی سەراپای دایه بەر نیگا، وەکو ئەوەی لێ پێچینەوەی لەگەڵ بکات و داوای هۆی ئەو کارەی لێبکات، ئەوسا ڕووی کرده میرزاده و گوتی:
– سوپاس میرزاده، سوپاس ئەی دۆسته ئەتوار غەریبەکەی خانەوادەی ئێمه، سوپاس بۆ ئەم شەوکۆڕەی که بۆت سازکردین. پێموایه، زۆر دڵت بەمه خۆشه که توانیت، ئێمه بێنیته ناو ئەم گاڵتەبازاڕو قەشمەری بازیه! ئەمه بەسه ! سوپاس بۆ تۆ، که بەلای کەمەوه دەرفەتی ئەوەت بۆ ڕەخساندین، که له نزیکەوه بتناسین و بزانین چتۆ بەشەرێکی، مەمنوونم !...

به توڕەیی سەرپۆشەکەی ڕێکخست و چاوەڕوانی ئەوەی کرد که " ئەو ڕەشه خەڵکه" دەرچن. ڕێك لەم کاتەدا گالیسکەیەك هات، تومەز دکتورنکو، چارەکێك لەوەپێش کوڕه خوێنکارەکەی لیبدیفی به شوێنا ناردبوو. جەنەراڵ هەستی کرد، پێویسته بۆ پشتیوانی گلەییەکانی ژنەکەی، ئەویش یەك دوو قسەیەك بکات، گوتی :
– ئەلهەقی میرزاده من... بەش به حاڵی خۆم... چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد که... دوای ئەم... هەموو دۆستایەتیەی که له نێوانماندا بوو!... ئەنجام لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا...

ئادیلاید، به هەشتاو بەرەو میرزاده چوو، دەستی گرت و هاواری کرد:
– ئەوه ئێوه چ دەڵێن ؟ چۆن دڵتان دێت بەوجۆره ڕەفتاری دەگەڵ بکەن ؟

میرزاده، بزەیەکی سەرگەردانی به ڕوویا دا. بەڵام زۆری پێنەچوو، چپەیەك عەینی ئاگر به گوێیا چزا. تومەز ئاگلایا بوو، که به چپه پێی دەگوت:
– ئەگەر هەر ئێستا، ئەو گەجەرو گوجەره دەر نەکەیت، به عەمرانم، قسەت لەگەڵ ناکەم !

لەوه دەچوو، تەواو دەهری بووبێ، بەڵام بەر لەوەی میرزاده فریا بکەوێ، تەمەشای بکات، ڕووی لێوەرگێڕاو دوورکەوتەوه. به ڕێکەوت هیچ کەسێك لەوێ نەما بوو تا دەریبکەن، جماعەت نەخۆشەکەیان له گالیسەکەکە نابوو و گالیسکەکه به ڕێکەوتبوو و، دوروکەوتبووەوه.
– تۆ چ دەڵێی ئیڤان فیدوروفیچ، تۆ بڵێی ئەم بەزمه درێژه بکێشێت ؟ پێتوایه دەبێ ماوەیەکی زۆر دەگەڵ، ئەو منداڵه نەژنەوو شەڕانیانەدا هەڵبکەم ؟ دەگەڵ ئەوانه خەریك بم، به گژیاندا بچم؟
– ئاه گیانەکەم... هەڵبەته من یەك له باری خۆم ئامادەم... میرزادەش....

ئیڤان فیدوروفیچ، وێڕای ئەوەش دەستی برد که تەوقه دەگەڵ میرزادەدا بکات. بەڵام پێش ئەوەی میرزاده فریا بکەوێ تەوقەی دەگەڵ بکات، به هەشتاو دوای لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا کەوت که به توڕەیی به قاڵدرمەکانی بانیژەکەدا دادەبەزی. بەڵام ئایدیلایدو دەزگیرانەکەی و ئالکسندرا، به

گەرمی خوا حافیزیان لە میرزادە کرد. یەڤگینی باڤلوفیچ تاقە کەس بوو، کە خۆی شێلو نەکرد بوو و چاوی لەوان کردو بە دەم بزەیەکی زۆر دۆستانەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– دروست هەمان شت ڕووی دا کە چاوەڕوانم دەکرد ! بەداخەوە هاوڕێی کلۆڵم، کە شەوێکی ئاوا ناخۆشت گوزەراند !

ئاگلایا، بە بێخودا حافیزی ڕۆیی.

بەڵام هێشتا ڕووداوەکانی ئەم شەو کۆڕە، تەواو نەبوو بوون. کە شتێکی چاوەڕوان نەکراو هاتە ڕێی لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا. هێشتا بە تەواوەتی نەگەیی بووە دوا پلەی قاڵدرمەکەو، سەر ئەو ڕێگایەی کە ( بە دەوری باخەکەدا دەسوڕایەوە ) کە گالیسکەیەکی سەر ئاوالآی یەجگار جوان، کە دوو ئەسپی بەڵەکی لە ژێرا بوو و دوو خانمی یەجگار تەڕپۆشی تیا بوون، بە بەر ڤێلاکەی میرزادەدا هات، کە گالیسکەکە گەییە دە مەتری ڤێلاکە، لە پڕ ڕاوەستا، یەکێك لە دوو خانمەکە، بەپەلە ئاوڕی دایەوە، وەکو ئەوەی چاوی بە کەسێکی ناسیاو کەوتبێتو زۆر حەزبکات بەلەز بیدینێت .

ئەو خانمە بەدەنگێکی ڕوونو ئاشکراو ئاهەنگێن بانگی کرد:

– یەڤگینی باڤلوفیچ ! ئەمە تۆی ؟

میرزادەو ڕەنگە کەسێکی دیکەش، بەو دەنگە دڵیان داخورپا، خانمەکە، درێژەی بە قسەکەی دا:

– چەند خۆشحاڵم کە ئاخری دۆزیمیتەوە ! دوو پەیکم بە دووتا ناردبوون بۆ شار، کەچی بێهودە سەرانسەری شارایان تەی کردبوو.

یەڤگینی باڤلوفیچ، وەکو یەکێك کارەبا لێی بدات، لە ناوەڕاستی قاڵدرمەکەدا لە جێی خۆی وشك بوو. لیزاڤیتا پروکوڤیڤناش لە جێی خۆی وەستا، بەڵام وەکو یەڤگینی نە حەپەسا. نیگایەکی نەفرەت ئامێزی ئەم خانمە گۆساخە تازە هاتووەی کرد. ڕێك بە هەمان فرناخیو لووتبەرزیەوە کە تۆزێ لەمەپێش، ڕوانی بووە ئەو " خەڵکە گەجەرو گوجەرە ". ئەوجا بەلەز نیگای گواستەوە بۆ یەڤگینی پاڤلوفیچ، نیگایەك یەکپارچە ئاوس بە پرسیار !

هەمان دەنگ، هەڵیدایەو گوتی:

– خەبەرێکی خۆشم بۆ هێناویت، خەمی سفتەکانی لای (کویفر*)ت نەبێت. (روگوژین)م ناچار کردو بە قازانجی لە سەدا سی ٣٠٪ لێی کڕینەوە. ئیدی دەتوانی بەلای کەمەوە تا سێ دانە مانگ ئاسوودەو خەیاڵ ڕەحەت بیت. چاری بیسکوپو خوێڕیو تۆڕییەکانی دیکەش دەکەین، ئەنجام بێ کەشمەکەش ( شەڕو هەرا ) دەگەڵیان ڕێکدەکەوین. دەی خۆشی لە خۆت ! تا سبەینێ خودا حافیز !.

گالیسکەکە کەوتە ڕێو زوو بە زوو لە چاو ون بوو.

یەڤگینی پاڤلوفیچ، لە تورەییدا سوور هەڵگەڕا، نیگەران و سەراسیمە ڕوانیە دەوروبەری خۆی. بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– ڕەنگە شێت بێت ! نەمزانی باسی چیدەکات ! سفتەی چی؟ ئێستاش نەمزانی ئەم ژنە کێیە ؟.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، خێسەیەکی لێکرد، ئەوجا پشتی تێکردو بە هەشتاو بەرەو ماڵی خۆیان نشێو بووەوە، کەس و کارەکەشی دووی کەوتن. ڕێك دوای یەك دەقیقە، یەڤگینی پاڤلوفیچ پەشێوو پەریشان گەڕایەوە بۆ بانیژەکە، بۆ لای میرزادە.

– میرزادە، بە ڕاستی نەتزانی ئەوە مانای چی بوو ؟

میرزادە، کە بە خۆی لە ڕادەبەدەر پەشێوو پەریشان بوو، بەرسڤی دایەوە:

– نەخێر، هیچ شتێك لەمبارەیەوە نازانم.

– نا ؟

– نەخێر !

یەڤگینی پاڤلوفیچ، لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

– منیش هیچ نازانم ! باوەڕبکە، ئاگاو عیلمو خەبەرم لە سفتەو سەنەدان نیە، هیچ سفتەیەکم ئیمزا نەکردووەو هیچ جۆرە سەوداو مامەڵەیەکی سفتەو سفتەکاریم دەگەڵ ئەم ژنەدا نەبووە، باوەڕم پێبکە. ئەدی ئەوە چیتە ؟ دەڵێی خەریکە ببورێیتەوە ؟....

– نا... نا... خەمت نەبێ، دڵنیابە کە....

پەراوێز:

* –"... دۆتمیر ماریا ئالکسییفنا هیچ ناڵێت، بەمە قەڵس نابێت...": ئاماژەیە بۆ ئەو دیالۆگەی فاموسوف دەگەڵ خۆیدا، لە شانۆنامە بە نێوبانگەکەی گریبویدوف: " ئەقڵی زۆر، بەدبەختیە" لە دوا دیمەنی شانۆنامەکەدا دەبینین کاراکتەرەکە هاوار دەکات و دەڵێت: "ئاه... خودایا.. دەبێ دوتمیر ماریا ئالکسییفنا چ بڵێ ؟".

* –"... کوپفر"، "بیسکوپ": دەبێ ئەمانە سووتخۆر بن.

## فەسڵی یازدەیەم

دوای سێ دانە ڕۆژ ئەوسا ڕقی ماڵباتی یەپانچین بە تەواوی دامرکایەوەو هێور بووەوە. میرزادە وەکو خووی هەمیشەیی خۆی، لەم ڕووداوەدا خۆی بە کەمتەرخەمو خەتابار دەزانی، لە کانگای دڵەوە ئامادەی هەر سەرکۆنەو سزایەك بوو. وێڕای ئەمەش، هەر لە سەرەتاوە قەناعەتی وابوو کە لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، نابێت لەو پەستو توڕە بووبێ، بەڵکو زیاتر لە خۆی پەستو توڕە بوو. بۆیە زۆری لەبەر گران بوو کە ئەو سێ ڕۆژە لێی تۆرا بوون. زۆر فاکتەرو بویەرو ڕووداوی دیکەش، لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا بوونە مایەی زیاتر نیگەرانیو پەریشانی وی. یەکێك لەو فاکتەرانەی کە لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا، بە جارێ مجێزی گوماناویو تەبیعەتی دڕدۆنگیان هاڕوژاند ( میرزادە لەو دواییانەدا گلەیی ئەوەی لە خۆ دەکرد کە جارێ "خۆشباوەڕێکی بێ ماناو نا ماقووڵە"و جارێ "ڕەشبینێکی بەدگومانو لە ڕادەبەدەر دوو دڵە".) مەسەلەی ئەو ئافرەتە بوو کە لە ناو گالیسکەکەیەوە بانگی لە یەڤگینی پاڤلوفیچ کرد. بەڵێ، لە کۆتایی ڕۆژی سێیەمدا، مەسەلەی ئەو ژنە ئەتوار غەریبەی کە لە نێو گالیسکە جوانەکەیەوە سەری کێشاو بانگی لە یەڤگینی پاڤلوفیچ کردبوو، لە هزرو بیریا گەورە بووەوە، کۆمەڵێك مەودای ترسناکی مەتەڵۆك ئاسای وەرگرت . بەلای میرزادەوە، جەوهەری ئەو مەتەڵە، بەدەر لە لایەنەکانی تری، ئەمە بوو کە بەردەوام، بە نیگەرانییەوە لە خۆی دەپرسی: ئایا گوناحی ئەم

ڕووداوە نەشازە لە ئەستۆی ئەوە یان لە ئەستۆی...؟ بەڵام نەیدەگەیانە ئەوەی ناوی ئەو کەسە بەرێت کە لەگێن بوو گوناحبار بێ. بەڵام پیتەکانی هەوەڵی ناوەکە، کە بریتی بوو لە (ن، ف، ب) بەلای ئەوەوە گەمەیەکی بێگەردی منداڵانە بوو، نەك ئەوەی نەدەهێنا پیاو هەڵوەستەی لەسەر بکات، بەڵکو بە عەیبەشی دەزانی.

بەڵام بۆ سبەینێ هەمان شەوکۆڕی نەنگین، کە میرزادە خۆی بە سەبەبکاری سەرەکی دەزانی، میرزادە (س...)و ئادیلاید، بە دوو قۆڵی، پاش پیاسەی بەیانی ناو باخەکە، بە مەبەستی هەواڵ پرسین، سەری میرزادەیان دا. دیارە میرزادە زۆری پێخۆش بوو. ئادیلاید، لە باخەکەدا چاوی بە درەختێکی کۆنە ساڵی، بەشکۆی، چرە لق و پۆی، بە گرێ گرێ،و پێچاو پێچی، تازە گەڵاکردووی، قەد کلۆر، کەوت . کەوتە خەیاڵی نیگارکێشانی پیرەدرەخت. بە درێژایی ماوەی سەردانەکەیان کە نیو سەعاتی خایاند، هەر باسی ئەو دارەی کردبوو. میرزادە (س...) وەکو هەمیشە بەوپەڕی نەزاکەتەوە دەگەڵ میرزادەدا باسی ڕابوردوو و بیرەوەرییەکاین هەوەڵی یەکدی ناسینی خۆیانی دەکرد. کەم و زۆر باسی ڕووداوەکانی دوێشەوی نەکرد. ئەنجام ئادیلاید، خۆی پێنەگیراو بەدەم پێکەنینەوە دانی بەوەدانا، کە بە دزییەوە هاتوونەتە دیدەنی میرزادە، جگە لەوە هیچی تری نەگوت. بەڵام میرزادە لەفیکەی خۆی حاڵی بوو، یەکسەر زانی کە ئەم پەنهانکارییە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە دایك و بابی ئادیلاید، بە تایبەتی دایکی، واتا لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، هێشتا لێی (لە میرزادە) زویرن. بەڵام بەدرێژایی ئەم دیدارە، نە ئادیلایدو نە میرزادە (س...) شتاقیان ناوی خانم یەپانچین یان ئاگلایاو تەنانەت ئیڤان فیدوروویفیچیان نەهێنا .

کاتێ کە هەستان، گەڕان و پیاسەکەیان تەواوبکەن، میرزادەیان خوڵك نەکرد لەگەڵیاندا بچێتە گەڕان و پیاسە. تەنانەت بۆماڵەوەش خوڵکیان نەکرد. بەڵام ئادیلاید، قسەیەکی لە دەم دەرچوو کە بۆ میرزادە دڵخۆشکەرە بوو، بەدەم باسی تابلۆیەکی ئاوی خۆیەوە، گوتی: کە حەزدەکات پیشانی میرزادەی بدات، حەزدەکات میرزادە بیدینێ. پرسی: " چۆن، بتوانم لە زووترین کاتا تابلۆکەت نیشان بدەم"... هەر خۆی وەڵامی خۆی دایەوە: "... ئەگەر ئەمڕۆ کولیا هات بۆ ماڵمان بەودا بۆتی دەنێرم، ئەگەر ئەو نەهات، ئەوا سبەی بەیانی، کاتێ کە دەگەڵ میرزادەدا(س..) بۆ پیاسەو گەران هاتم، بە خۆم بۆتی دێنم ."

بەو جۆرە، مەسەلەکەی چارەسەرکردو زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی توانی بووی بە شێوەیەکی لە باری ئەوتۆ کە هەموو لایەك رازی بن، مەسەلەکەی چارەسەر کردبوو.

ئەنجام، کاتێ کە لێبڕان دوعاخوازی لە میرزادە بکەن و بڕۆن، میرزادە (س...) وەك بڵێی لە پڕ شتێکی بیرکەوتەوە، رووی کردە میرزادەو پرسی:

– ئا، بیرم کەوتەوە، ئەرێ لیون نیکولا یوفیچی ئازیز، نەتزانی ئەو خانمەی کە دوێشەو لە ناو گالیسکەکەیەوە بانگی لە یەڤگینی پاڤلوفیچ کرد کێ بوو ؟

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

– ناستاسیا فیلیپوڤنا بوو، چما نەتناسیەوە ؟ بەڵام نەمزانی کێی لەگەڵ بوو !

میرزادە (س...) بە گەرمی گوتی:

– دەیناسم، چونکە ناوبانگیم بیستووە. بەڵام مەبەستی لەو کارە چ بوو ؟ سەرم لە قسەکانی دەرنەکرد، مەتەڵ بوو، چ بۆ من و چ بۆ ئەوانی دی مەتەڵ بوو .

میرزادە، زۆر بە سادەیی بەرسڤی دایەوە:

– باسی سفتەو سەنەدانی یەڤگینی باڤلوفیچی کرد کە نازانم چین، گوتی کە روگوژین، لەسەر داوای ئەو، سفتەکانی لە کابرایەکی سووتخۆر کڕیوەتەوەو روگوژین، بەو زووانە داوای پارەکەی لێناکاتەوە. یانی دەرفەتی دەدات و گوشاری ناخاتە سەر.

– ئەوە دەزانم برای ئازیز، بەڵام ناچێتە ئەقڵەوە! یەڤگینی پاڤلوفیچ، هەرگیز سەنەدو سفتەی وەهای ئیمزا نەکردووە! ئاخر زۆر لەوە دەوڵەمەندترە، شتی وا ئیمزا بکا. ڕاستە کاتی خۆی بە هۆی سەرسەرێتی و سەرکێشی خۆیەوە تووشی شتی وا بووەو من بەخۆم کۆمەکم کردووە. بەڵام بەم سەروەت و سامانە زۆرەی ئێستایەوە مەحاڵە سفتەو کۆمپیالە بۆ بابایەکی سووتخۆر ئیمزا بکات و هەنوکە خەمی دانەوەی بێت. هەروەها مەحاڵیشە ئەو دۆستایەتیە نزیکەی دەگەڵ ناستاسیا فیلیپوڤنادا هەبێت، کە ناستاسیا بێهیچ شەرم و شوڕەییەك بە ناوی خۆیەوە، بەناوی رووتی خۆیەوە، بەو جۆرە گازی بکات. ڕازی مەسەلەکە لەمەدایە. گەورەترین سوێند دەخوات کە عیلم و ئاگاو خەبەری لەم مەسەلەیە نیە، من یەك لە باری خۆم باوەڕی پێدەکەم. جا میرزادە گیان، پرسیار ئەمەیە: کە ئایا تۆ هیچ لەمبارەیەوە دەزانی ؟ مەبەستم ئەوەیە: ئایا بە ڕێکەوت هیچ دەنگۆیەکت لەو بارەوە بە گوێ نەگەییوە ؟

– نا، نەخێر هیچی لە بارەوە نازانم، باوەڕم پێبکە کە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەبووەو نیە.

– میرزادە، ئەمڕۆکە جۆرێکی لە بەرچاوم، لە بەرچاوم گۆڕاویت، دەڵێی ناتناسم! تۆ بڵێی شتی وام بەخەیاڵدا بێت کە دەستێکت لە مەسەلەیەکی وەهادا هەبێ ؟... دەی... تۆ ئەمڕۆکە تا رادەیەك بێحەواس و بێتاقەتی .

بەدەم ئەو قسانەوە میرزادەی لە هەمێز گرت و ئەملاو ئەولای ماچ کرد.

لیون نیکولایوفیچ گوتی:

– مەبەستت لە دەستێکت لە " مەسەلەیەکی وەهادا هەبێ " چیە ؟ من هیچ مەسەلەیەك لە ئارادا نابینم.

میرزادە "س..." بە زمانێکی وشك بەرسڤی دایەوە:

– هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەم ژنە ویستویەتی، بەوەی بە بەر چاوی خەڵکانێکەوە، هەندێ کارو کردەوە بداتە پاڵ یەڤگینی پاڤلوفیچ کە هەرگیز لەو ناوەشێتەوە، تا ناوی بزڕێنێ و عەیبداری بکات .

میرزادە لیون نیکولایوفیچ، هەستی بە جۆرە پەشێویەك دەکرد. بەڵام نیگای پەریشانی لە میرزادە (س...) کە بێدەنگ بوو بوو، نە دەگواستەوە .

ئەنجام میرزادە، بە جۆرە بێقەرارییەکەوە گوتی:

– باشە مەسەلەکە هەر مەسەلەی سفتەو کومپیالە نیە ؟ قسەکانی دوێنێ هەر ئەوە نەبوو؟ یانی ناشێت مەسەلەکە هەر ئەوە بێ کە ئەو ژنە دەیگوت ؟

– ئاخر تۆ گویێ بگرە، من شتەکەت پێدەڵێم‌و تۆ خۆت داوەر بە: ئاخر دەبێ چ شتێکی هاوبەش لە نێوان یەڤگینی پاڤلوفیچ و ئەو...دا هەبێت، یان لە نێوان یەڤگینی‌و روگوژیندا ؟ دووبارەی دەکەمەوەو دڵنیات دەکەم کە یەڤگینی یەجگار دەوڵەمەندە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو تاقە میراتگری مامیەتی، گشت سەروەت‌و سامانەکەی مامی بەو دەبڕێت. ناستاسیا فیلیپوڤنا تەنیا....

میرزادە (س...) لە پڕ بێدەنگ بوو. دیاربوو نەیدەویست لەوەی پتر باسی ناستاسیا فیلیپوڤنا بکات.

میرزادە لیون نیکولایوفیچ، دوای بێدەنگییەکی کەم پرسی:

– باشە، ئەمە نیشانەی ئەوە نیە کە ئاشنایەتی دەگەڵدا هەیە ؟

– لەگینە، زۆریش ڕێی تێدەچێ. کابرایەکە ئەهلی ڕابواردن‌و تۆلازییە ! بە هەرحاڵ ئەگەر شتی واش هەبێ، یەکیانیش ناسیبێ، هی ئێستا نیە، کۆنە، دەگەڕێتەوە بۆ دوو سێ ساڵ لەوە پێش. ئەوسا هێشتا پەیوەندی دەگەڵ توتسکیدا هەبوو. بەلام ئێستا هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نەماوە. بە هەرحاڵ، پەیوەندییەکەیان قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان نەگەییوەتە ئەو ئاستەی بە ناوی خۆیانەوە یەکدی گازبکەن. تۆ بەخۆت دەزانی کە ناستاسیا فیلیپوڤنا تا ئەم دواییەش لێرە نەبووە و کەس نەیزانیوە لە کوێیەو لە هیچ شوێنێك نەبینراوە. تا ئێستاش زۆر کەس نازانن کە گەڕاوەتەوە. من یەك لە باری خۆم، هەمووی سێ ڕۆژە، گالیسکەکەیم دیتووە.

ئادیلاید گوتی:

– کە گالیسکەیەکی کەشخەیە !

– گالیسکەیە نە گاڵتە !

جووتە میوان، زۆر دۆستانەو وەکو ئەوەی دوعاخوازی لە برایەکی خۆیان بکەن، بەو ئاوایە ماڵاوایيان لەمیرزادە کردو ڕۆییشتن.

بەلام ئەم دیدارە بۆ میرزادە بایەخێکی یەجگار گەورەی هەبوو. میرزادە لە دوێنێ شەوەوە، لە ڕووداوەکانی دوێنێ شەوەوە ( ڕەنگە پێش ئەوەش ) تووشی ترس‌و بەدگومانیەکی زۆر بوو بوو. بەلام تا ئەم دیدارە لە بەدگومانیەکانی خۆی دڵنیا نەبوو، بەلام هەنوکە خەریك بوو، هەندێ بەرچاو ڕوونی لەلا دروست دەبوو: هەڵبەتە ڕاڤەو شرۆڤەی میرزادە (س...) بۆ ئەم ڕووداوە هەڵەبوو. بەلام لەو ڕووەوە کە هەستی دەکرد پیلان‌و داوێك لە گۆڕێیە لە ڕاستیەوە نزیك بوو. (میرزادە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: لەگینە هەموو شتێك بزانێت، بەلام نایەوێ قسە بکات‌و بە ئانقەست ڕووداوەکە بە هەڵە لێکدەداتەوە ). هەڵبەتە بە ئاشکرا دیاربوو کە ئەو جووتە ( بە تایبەتی میرزادە "س...") بۆ ئەوە هاتبوونە دیدەنی ئەو تا زانیارییەکیان دەست بکەوێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە پێیان وایە میرزادە ڕاستەوخۆ دەستی لە دەسیسەو پیلانەکەدا هەیە. بەم پێودانگە، ئەگەر مەسەلەکە وابێت و ئەوەندە خەتەرو ترسناك بێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەو بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو "ژنە" ئۆینێکی لە بن سەردایە، نیازو ئامانجێکی ترسناکی هەیە. بەلام ئەو ئۆینە، ئەو نیازو ئامانجە چییە ؟ چ پرسیارێکە! " بەلام چۆن دەکرێ

ژێوان بکرێتەوە لەو ئامانجە ؟ بەڵام کە بڕیاری شتێکی دا، هێز نیە ڕێی لێبگرێ، هەر دەبێ بگات بە مەبەستو ئامانجی خۆی ". میرزادە بە تەجروبە ئەوەی بۆ ساغ بووەوە. " شێتە! شێتی تەواوە ".

میرزادە، زۆر بێتاقەت بوو، خەمێکی قووڵ سەرو دڵی گرتبوو، ئەو ڕۆژە دنیایەك نهێنی و مەسەلەێن ئاڵۆز بە کەڕەتێ بەرۆکی هەزرو بیریان گرتبوو، هەر هەمووشیان پێویستیان بە روونکردنەوەو چارەسەری بەپەلە بوو.

ڤێرا لیبدیفا، کە لیوبوتشکای خوشکی بە باوەشەوە بوو، هاتە لایو ماوەیەکی بە قسەی خۆشەوە لەگەڵیا بردەسەر. میرزادە بەمە تۆزێك دڵی کرایەوە. ئەوسا خوشکە چکۆلەکەی هات، پاشان کوڕە خوێنکارەکەی ( قوتابی ئامادەیی ) لیبدیف، هاتو گوتی بە پێی راڤەو لێکدانەوەی بابی، ئەو هەسارەی ئەفسنتینەی کە مکاشەفەی یوحەنا دەڵێت لە ئاسمانەوە، لەلای سەرچاوەی ئاوان کەوتووەتە سەر زەوی، خۆی لە خۆیدا پێشبینی ئەو تۆڕی هێڵی ئاسنەیە کە ئەمڕۆ بە ئەوروپادا ڕاکێشراوە. میرزادە باوەڕی نەدەکرد ئەم راڤەو شرۆڤەیە هی لیبدیف بێ، بۆیە لێبڕا لە نزیکترین دەرفەتدا، موناقەشەی ئەمە دەگەڵ لیبدیف خۆیدا، بکات.

ڤێرا لیبدیفا، بۆ میرزادەی گێڕایەوە کە کیللەر لە دوێنێوە لە ماڵی ئەوانە، وەکو مێمڵ لە ماڵی ئەوان دایکوتاوەو لەوە ناچێ بەو زووانە بڕوات، چونکە ئێرەی لێخۆش هاتووەو هاونشینی جەنەراڵ ئیڤولگینی لە گیان خۆشەو گوتویەتی بە مەبەستی تەواوکردن و زیادکردنی زانیاری ورۆشنبیریی خۆی لای ئەوان دەمێنێتەوە.

میرزادە، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر هۆگری منداڵەکانی لیبدیف دەبوو. کولیا، ئەو ڕۆژە لە هیچ شوێنێکەوە دەرنەکەوت: لە بەیانی زووەوە بۆ پترسبۆرگ ڕۆیی بوو. ( لیبدیف-ش لە بەرەبەیانەوە بە کارێکی شەخسی دەرچوو بوو. )

بەڵام میرزادە، بە تاسەوە چاوەڕێی هاتنی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ بوو کە قەراربوو بە ڕۆژەوە سەری بدات . بەڵام ئێوارەیەکی درەنگ، لە نێوان سەعات شەش بۆ حەوت، پەیدا بوو. میرزادە هەرکە چاوی پێکەوت، لە یەکەم نیگاوە ئەوەی لادروست بوو کە گانیا دەبێ ئاگای لە هەموو رازو نهێنییەکانی مەسەلەکان هەبێت، بە تایبەتی کە قسەبەران و دوو زمانانی وەکو ڤارڤاراو مێردەکەی لەبەر دەستدا بوون، بەڵام پەیوەندی نێوان میرزادەو گانیا، پەیوەندییەکی هەندێ تایبەتی بوو. بۆ نموونە میرزادە، مەسەلەکەی بوردوفسکی بەو سپاردبوو و تکای لێکردبوو ئەو کارەی بۆ ئەنجام بدات، بەڵام وێڕای ئەم متمانەیەو زۆر شتی پێشووتریش، هەندێ بابەت هەبوون کە خۆ بە خۆو بە بێدەنگی لەسەری رێکەوتبوون کە خۆیان لە باسکردنی نەدەن. میرزادە هەندێجار هەستی دەکرد کە ڕەنگە گانیا حەزبکات دۆستایەتیەکی تۆخیان بکەوێتە نێوانو بەوپەڕی ڕاشکاویو بەدەر لە هەر پارێزێ یەکدی بدوێننو گرێی دڵیان بۆ یەکدی بکەنەوە. بۆیە هەرکە گانیا وەژوورکەوت، میرزادە یەکسەر هەستی کرد، کە بە باوەڕی گانیا کاتی ئەوە هاتووە دیواری بێدەنگی نێوانیان بشکێنرێت، ( بەڵام گاڤریلا ئاردالیونوفیچ پەلەی بوو.

چونکە خوشکەکەی لە ماڵی لیبدیفدا بۆ کارێکی پێویست چاوەڕوانی دەکردو دەبوایە پێکەوە یەك لایی بکەنەوە ).

هەڵبەتە گانیا، لەوەدا زۆر هەڵە بوو، کە بە تەما بوو میرزادە، بە دەمڕێژی پرسیاران دای بگرێتەوەو خۆ بە خۆ زۆر شتی بۆ کەشف بکات و بێپەردە ناخی خۆی بۆ هەڵڕێژێ و گرێی دڵی بۆ بکاتەوە. ئەو خەیاڵ پلاوەی کەڕوی هەڵهێنا. چونکە بە درێژایی ماوەی دیدارەکە، کە بیست دەقیقەی خایاند، میرزادە تەواو چوو بووە ژێریءو دەگەڵ خولیاکانی خۆیدا دەژیاو، مات و خەمین لە فکران ڕاچوو بوو. بەمجۆرە، پرسیارە چاوەڕوان کراوەکان، یان ئەو پرسیارە سەرەکیەی کە گانیا چاوەڕوانی بووە، نەکران. ئیدی گانیاش هەستی کرد باشتر وایە بێدەنگی لێبکات و لەسەری نەڕوات. ڕاستە بە درێژایی بیست دەقیقەکە دەمی لێك نەنا، قسەی دەکرد، نوکتەی دەگوت، پێدەکەنی، بەلاّم خۆی لە بابەتە سەرەکیەکە دەبواردو نەدەچوو بەلایا.

یەکێك لەو شتانەی گێڕایەوە ئەوە بوو کە ناستاسیا فیلیپوڤنا چوار ڕۆژە هاتووەتە پاڤلوفسك و بووە بە مایەی سەرنجی خەڵکی. گوتی دەگەڵ داریا ئەلکسیڤنادا، لە خانوویەکی بچکۆلەی خۆشدا لە شەقامی ماترۆسکیدا دەژی. بەلاّم گالیسکەکەی ڕەنگە جوانترین گالیسکە بێت لە پاڤلوفسك دا. هەر لە ئێستاوە کۆمەڵێك هەواداری گەنج و پیر لە دەوری خڕبوونەتەوە، ژمارەیەك ئەسپ سوار هەندێجار بەگەڵ گالیسکەکەی دەکەون. ئەویش وەکو خووی هەمیشەی لە هەڵبژاردنی دۆست و ئاشنایانی خۆیدا یەجگار سەختگیرە، تەنیا دۆستایەتی کەسانی هەڵبژاردەی قەبووڵە. بەلاّم وێڕای ئەمەش هەوادارانێکی زۆری پەیدا کردبوو، کە ئامادە بوون لە کاتی پێویستدا ئەوپەڕی داکۆکی لێبکەن. بە هۆی ئەوەوە کابرایەکی جووتیاری پاڤلوفسك، لە دەزگیرانەکەی جیا بوو بووەوە، جەنەراڵێکی پیریش، چیوای نەما بوو لەسەر ئەو، کوڕەکەی خۆی بە نەعلەت بکات. کە بە گالیسکەکەی بۆ گەڕان دەردەچێت، زۆر جار کیژۆڵەیەکی یەجگار خشکۆك و زێبای تەمەن شازدە ساڵ، کە دوورە خزمێکی داریا ئەلکسیڤنایە، دەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەم کیژە گۆرانی بێژێکی دەنگخۆشە، شەوانە خەڵکی گەڕەك، بە خۆشی دەنگی ئەوەوە دەچنە ماڵیان و لەویێ خڕدەبنەوە. ناستاسیا فیلیپوڤناش زۆر بە خۆی ڕادەگات، بایەخ بەجل و بەرگی خۆی دەدات.

جلەکانی سادەن، بەلاّم یەجگار پڕ زەوق و سەلیقەن، ئیدی هەموو خانمان بەغیلی ( سەلیقە، جوانی و گالیسکەکەی ) پێدەبەن. گانیا لە زمانی دەرچوو و گوتی: ئەو فەرتەنەیەی دوێنێش، پێشوەختە نەخشەرێژی کرابوو، نابیّ لەسەر ئەو حیساب بکرێت، پێویستە تاوانبار بدۆزرێتەوە، دەنا خەڵکی نە هەقی دەرهەق دەکەن و لێی دەخوێنن، دەبینی بەو زووانە دەبیّ بە داستان و دەکەوێتە سەر زاران .

گانیا، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە میرزادە لێی بپرسێت چۆن دەزانیّ فەرتەنەکەی دوێنیّ، پێشوەختە زەمینەسازی بۆ کراوە، بۆچی قەناعەتی وایە کە خەڵکی بەو زووانە لە ناستاسیا دەکەونە خوێندن. بەلاّم میرزادە خۆی لەو دوو خاڵە نەکردە خاوەن و هیچ پرسیارێکی لە بارەیانەوە نەکرد.

گانیا دوای ئەوە، بە بێئەوەی میرزادە هیچ پرسیارێکی لێکردبێت، بە خوایشتی خۆی، بە دوورو درێژی کەوتە باسی یەڤگینی باڤلوفیچ. ئەم کارەی گانیا سەیر بوو، بە تایبەتی کە بێ هیچ پێشەکیەك و، خۆ بە خۆ ئەو باسەی کردبووەوە. لە یەکێك لە قسەکانیا گوتبووی کە بە قەناعەتی ئەو یەڤگینی پاڤلوفیچ لەوە پێش هەرگیز ناستاسیا فیلیپوڤنای نەناسیوەو قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان پەیوەندی لەگەڵیا نەبووە، تەنانەت پەیوەندی ئێستاشیان لە سنووری سڵاو تێ نەپەڕیوە.

سێ چوار ڕۆژێك لەمەپێش، لە پیاسەیەکدا، سووکە تەعاروفێکیان پێکراوەو تەواو. باوەڕ ناکەم چ بە تەنیاو چ لەگەڵ خەڵکیدا بۆ تاقە جارێکیش چووبێتە ماڵی ناستاسیا.

بەڵام مەسەلەی سفتەو کۆمپیالەکان، لەگینە ڕاست بێ ( گانیا لەمە دڵنیا بوو ). دروستە یەڤگینی پاڤلوفیچ دەڵەمەندێکی گەورەیە، بەڵام " کاروباری بەڕێوەبردنی موڵکەکانی، بێ سەروبەرە "....

گانیا لە پڕ لەم شوێنە هەستیارەدا باسەکەی بڕی. دەربارەی ڕەفتارەکەی دوێشەوی ناستاسیا فیلیپوڤناش، جگە لەو ئاماژەیەی کە لە هەوەڵەوە بۆ ئەو ڕەفتارەی کردبوو، هیچی تری نەگوت و لەسەری نەڕۆیی .

ئەنجام ڤارڤارا ئاردالیونوڤنا هات بە دوای گانیادا. تەنیا یەك دوو دەقیقەیەك لای میرزادە گیر بوو، لەو ماوە کورتەدا ( بە بێئەوەی میرزادە پرسیاری هیچی لێبکات ) توانی ئەوەی بۆ بگێڕێتەوە کە یەڤگینی پاڤلوفیچ ئەمڕۆ چووە بۆ پترسبۆرگ و لەگینە ئەمشەو و سبەیش لەوێندەر بەرێتەسەر. مێردەکەشی، واتە ئیڤان پتروفیچ پتیتسن-ش، حاڵی حازر لە پترسبۆرگەو پێدەچێ بەکاری یەڤگینی پاڤلوفیچ، کە پێویستی بە کۆمەك بوو، بۆ ئەوێندەر چووبێت. دیارە شتێك لە ئارادایە. لە کاتی ڕۆییشتناو بەسەر پێوە ئەوەشی گوت کە لیزاڤیتا پروکوفیڤنا، ئەمڕۆ بێتاقەتە، لە دەوروبەرەکەی بێزارە. ئاگلایاش ( ئەمەیان سەیرە ) دەگەڵ هەموو ئەندامانی ماڵباتەکەیاندا بە شەڕ هاتووە، نەك هەر دەگەڵ داك و بابیدا، بەڵکو دەگەڵ هەردوو خوشکەکەشیاو ئەم کارە " هەرگیز کارێکی باش نییە. " ڤارڤارا هەرکە بە کورتی ئەو هەواڵانەی گێڕایەوە ( کە بەلای میرزادەوەو بۆ ئەو، هەواڵی زۆر گرینگ و هەستیار بوون ) دەگەڵ براکەیدا ڕۆیی. گانیا، بە تاقە وشەیەکیش باسی مەسەلەی ( کوڕەکەی پاڤلیشچوف )ی نەکرد، ئیدی یان لە تەوازوعی خۆی بوو یان بۆ " مدارای هەستی میرزادە " بوو. وێڕای ئەمەش میرزادە، جارێکی دی سوپاسی کرد، کە ئەو کارەی بۆ کردووەو زەحمەتی کێشاوەو سەرکەوتووانە مەسەلەکەی بۆ یەکلایی کردەوە .

میرزادە، کە ئەوان ڕۆییشتن و، بە تەنیا مایەوە، زۆر خۆشحاڵ بوو، لە بانیژەکەوە دابەزی و بەجادەکەدا بۆ باخچەکە پەڕییەوە. دەیویست بیربکاتەوە، شتێك هەبوو دەبوا بڕیاری لێبدات، بەڵام ئەم بڕیارانە لەو بڕیارانە نەبوون کە پیاو بیریان لێبکاتەوە، بەڵکو لەوانە بوون، یەکسەری و بێ بیرکردنەوەی پێشوەختە بڕیاری لێبدەیت. لە پڕ ئارەزوویەکی ترسناك هات بە دڵ و دەروونیا کە هەموو شتێك بەدەقی خۆیەوە بەجێ بێڵێ و بێئەوەی خوا حافیزی لە هیچ کەسێك بکات،

سەری خۆی هەڵگرێت و بڕواتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوو، بۆ ئەو شوێنە دوورە دەست و تەریکەی لێوەی هاتبوو. دەترسا ئەگەر چەند ڕۆژێکی دیکە لە پاڤلوفسك بمێنێ، بەجۆرێك لەم کێشەو گرفتانەوە دەئاڵێ کە دەرچوونی نەبێت. بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی دە دەقیقەیی، گەییە ئەو قەناعەتەی کە هەڵاتن مەحاڵە، بگرە ترسنۆکیشە. چونکە ڕوو بە ڕووی کۆمەڵێك کێشەیە کە لەسەریێتی چارەسەریان بکات، یان بەلای کەمەوە هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ چارەسەریان بخاتە گەڕ. دوای پیاسەیەکی چارەکە سەعاتی، میرزادە بەو بارە دەروونیە پەشێوەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە. لەو ساتەدا هەستی کرد کە کابرایەکی یەجگار نەگبەت و کلۆڵە .

لیبدیف هێشتا نەگەڕابووەوە . بۆیە کیللەر، دەمەو ئێوارە خۆی گەیاندە لای میرزادە، کیللەر سەرخۆش نەبوو، بەڵام لە حاڵەتێکی دەروونی وەهادا بوو، کە ئامادە بوو گرێی دڵی خۆی بۆ میرزادە بکاتەوە. بۆیە هەرکە وەژوورکەوت خێرا گوتی هاتووە تا سەربهووردی ژیانی خۆی بە دوورو درێژیو، بە ڕاشکاوی بۆ میرزادە بگێڕێتەوەو هەر بەو نیازەش لە پاڤلوفسك ماوەتەوە. میرزادە رزگاربوونی نەبوو، چونکە ئەگەر دەریشی کردبا، یارۆ هەر نەدەڕۆیی. کیللەر خۆی بۆ حیکایەتێکی دوورو درێژ ئامادە کردبوو، بەڵام دوای چەند ڕستەیەکی پچڕ پچڕو بێ سەروبەر هاتە سەر کۆتایی بەسەرهاتەکەیو دانی بەوەدا نا " بەڕادەیەك بەها ئەخلاقیەکانی ژێر پێناوە" کە ( هەڵبەتە بە هۆی بێباوەڕی بە خوا ) تەنانەت پەنای بردووەتە بەر دزیش. گوتی:

– دەتوانیت تەسەوری شتی وابکەیت؟

میرزادە گوتی:

– گوێ بگرە کیللەر، ئەگەر من لە جیاتی تۆ بام، مەگەر زۆر زەرووری با ، دەنا دانم بەمەدا نەدەنا . لەوە دەچێت، بە ئانقەست بوختنان بۆ خۆت بکەی....

– من ئەم قسەیە تەنیا لای تۆ دەکەم، هەر تۆو بەس، ئەویش بەو مەبەستەی خۆم چاك بکەم. ئەمە لای کەسی دی باسناکەم، ئەم سرە لەگەڵ خۆما دەبەمە گۆڕەوە. بەڵام میرزادە خۆزگە دەتزانی پارە پەیداکردن لەم سەردەمو ڕۆژگارەدا چەند قورسە ! پێم ناڵێی پارە لە کوێ پەیدا بکەم ؟ ببورە کە ئەو پرسیارە لە تۆ دەکەم! ئەو پرسیارە لە هەر کەسێك دەکەیت، هەر یەك وەڵامت گوێ لێدەبێت: " زێڕو ئەڵماس بخە بارمتەوە، هەنگێ دەتوانی بڕە پارەیەك وەربگریت ". ئێ ئاخر من زێڕو ئەڵماسم لە کوێ بوو! باوەڕ دەکەی ؟ ئەنجام، سەبرم سواو گوتم: " باشە زومڕود بە ڕەهن وەردەگرن ؟" یارۆ گوتی: " بەڵێ، زومڕودیش دەبێت ". ئەوسا کڵاوەکەم کردە سەرمو بەدەم دەرچوونەوە گوتم: " زۆر چاکە. خوا بتانبڕێ، ماڵتان ئاوا نەبێ، ناکەس بەچانە!". بەسەری خۆم! ڕێك وام گوت.

– باشە زومڕودت هەبوو ؟

– منو زومڕود ؟ ئاه میرزادە، تۆ هێشتا تەسەورێکی سادەو بێگەردی دێهاتیانەت لەمەڕ ژیان هەیە !.

بە هەرحاڵ قسەکانی کیللەر، زیاتر میرزادەیان خەجاڵەت کرد تا بەزەییو سۆزی بێدار بکەنەوە. بیرۆکەیەك، بروسکە ئاسا لە مێشکیدا بڵاچەی دا. لە دڵی خۆیدا گوتی: " باشە ناکرێت

له ڕێگەی کەسێکی دەستڕۆوە، کارێك بۆ ئەم کابرایە بکرێ ؟" بەلام هەرچی سەری دێناو سەری دەبرد لەبەر کۆمەڵێك هۆ خۆی بە گونجاو نەدەزانی بۆ ئەو کارە، نەك لەبەر تەوازوع، بەڵکو لەبەر ئەوەی بوو کە بە شێوازێکی تایبەتی مامەڵەی لەگەڵ کاروبارەکاندا دەکرد. بەرەبەرە بەدەم گفتوگۆوە گەرم بوون و نیازیان نەبوو وا زوو لێکدی جیا ببنەوە. کیللەر بەدەم قسانەوە کەوتە ئیعتراف کردن، ئیعتراق بە کاروکردەوەی وەها دەکرد کە پیاو تەسەوری نەدەکرد کەس ئیعتراف بەو جۆرە کارانە بکات، کەس ئەو جۆرە کارانە لەقاو بدات. لەگەڵ هەر دان پێدانان و ئیعترافێکدا، لە کانگای دڵەوە سوێندی دەخوارد کە لە پەشیمانیا " فرمێسك لە چاوانی دەڕژێ"، وێڕای ئەوەش، کە باسی کارە قوڕەکانی خۆی دەکرد، وات هەست دەکرد بە جۆرە شانازییەکەوە دەیان گێڕێتەوە، کەچی هەندێجار هێندە کۆمیدیانە دەی گێڕانەوە کە سەر بە قوڕی دێنایە پێکەنین... ئیدی خۆی و میرزادە، شێتانە کەوتنە پێکەنین.

میرزادە، ئەنجام گوتی:

– تۆ متمانەیەکی منداڵانەت بە خۆت هەیە، لە ڕادەبەدەر ڕاشکاوو ڕاستگۆیت، ئەمە سوخەتێکی زۆر گەورەیە، دەزانی ئەم سیفەتە وا لە پیاو دەکات لە زۆر هەڵەو عەیب و عارت خۆش بێ و، چاوپۆشیت لێبکات؟

کیللەر، کە قسەکانی میرزادە زۆر کاریان تێکرد بوو و دڵی ناسك بوو بووەوە، بەرسڤی دایەوە:

– میرزادە، من لە ناخا کەسێکی پاك و جوامێرم، تەنیا بە تەبیعەت وام، جا ئەمە بەچ دەچێ، فایدەی چیە، مەرج کردەوەیە. ئەمە لە واقیعدا نایەتە دی، هەر خەیاڵە. نازانم بۆ وایە ؟ لەمە تێناگەم .

– گوێ مەدەیە. ڕەشبین مەبە. هەنوکە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە تۆ گرێی دڵی خۆت بۆ من کردەوە. من یەك لە باری خۆم باوەڕناکەم هیچ شتێك مابێت، بۆ منت کەشف نەکردبێ. وا نییە ؟

کیللەر، بە زمانێکی لاقە ئامێزەوە هاواری کرد:

– هیچ شتێك نەمابێت ؟ ئاه، میرزادەگیان! بیرکردنەوەی تۆ دەربارەی تەبع و تەبیعەتی ئادەمیزاد، زۆر سویسریانەیە !

میرزادە، هایم و حەیران، بەجۆرە شەرمێکەوە گوتی:

– مەبەستت ئەوەیە جگە لەو شتانەی گوتت، هێشتا هی دیکەش ماون ؟ باشە کیللەر، تۆ بۆچی هاتی بۆ لای من، بە چ ئومێدێ ئەم شتانەت بۆ من گێڕانەوە ؟ چاوەڕوانی چیت لە من دەکرد ؟

– چاوەڕوانی چیم لێدەکردیت ؟ بۆچی هاتم بۆ لای تۆ ؟ یەکەم پاکی و سادەیی و ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی تۆ ئەفسوونی خۆی هەیەو گفتوگۆ دانیشتن لەگەڵ تۆدا، خۆی لە خۆیدا مایەی لەزەت و خۆشحاڵیە. بەلای کەمەوە دەزانم ئەو پیاوەی کە لە هەنبەرم دانیشتووە، پیاوێکی چاك و سەر ڕاست و دروستکارو بێ شێلەو بێلەیە، دووەم... دووەم... کیللەر، قسەکەی تەواو نەکرد.

میرزادە، بە ڕاشکاویەکی شەرمنانەو بە جدی گوتی:

– یان هاتوویت داوای قەرزم لێبکەی ؟

کیللـەر، ڕاچڵەکی. سەرسـامو حەپەسـاو، ڕاسـتەوخۆ چـاوی بڕییـە دوڕ چـاوانی مـیرزادە، مستێکی توندی بە مێزەکەدا کێشاو گوتی:

– بە ڕاستی میرزادە تۆ بنیادەم کردەکەیت ! تۆ ئەوەندە پاكو سادەو ساویلکەی کە سەردەمی زێـڕینیش شـتی وای بـە خـۆوە نـەدیتووە ! لەلایـەکی دیکـەوە ڕێـك بـیری بەرانبەرەکـەت دەخوێنیتەوە، بە زەبری بە سیرەتی خۆت لە واری دەروونناسیدا، دەچیتە ناخی ناخی مرۆڤەوە، وەکو تیر بنیادەم دەبڕیتو دەچیتە ناخی ناخیەوە. بمبورە میرزادە کە ئەوە دەڵێم. ئەمە شتێکە ڕاڤەو شرۆڤەی زۆر هەڵدەگرێت... بە ڕاستی من حەپەسام. زمانم چووە کلیلە ! دروستە من بەو نیازە بووم کە لە دوا ئەنجامدا داوای قەرزت لێبکەم، بەڵام تۆ بە شێوەیەك پرسیارەکەت لێکردم، وەکـو ئـەوەی هـیچ عەیبەیـەك لـەم کـارەدا نـەبینی و مایـەی هـیچ لۆمەیـەك نـەبێت، کـارێکی زۆر ئاسایی بێت....

– بەڵێ، بەلای تۆوە زۆر ئاساییە.

– باشە تۆ بەمە ناڕەحەت نابیت ؟

– نا، بۆچی ناڕەحەت ببم ؟

– دەیسـا گـوێ بگـرە مـیرزادە: مـن لـە دوێ شـەوەوە لـە (پاڤلوفسـك)م، یەکـەم لەبـەر خـاتری خۆشەویستی تایبەتیم بۆ ئوسقوف فەرەنسی بوردالۆ* ( لیبدیف تا سەعات سێی بەرەبەیان هەر پێکی تێکردووە ). دووەم لەبەر مەبەستە تایبەتیەکەی خۆم ( بەچل بار خاچ درۆت لەگەڵ ناکەم) چونکە دەمویست بە ڕاشکاوی، بێپەردە، باسی وەزعو حاڵی خۆمت بۆ بکەم، بەو نیازەی کەمێك پاك ببمەوەو لە ڕووی ئەخلاقیەوە بێمەوە تایم. بەو نیازو خەیاڵانەوە، نزیکی سەعات چوار، چاو بە گریان چوومە ناو جێگای خەوەوە. باوەڕ بە قسەی پیاوی دڵپاكو ئابڕوومەند دەکەی ؟ ڕێك لەو کاتەدا کە بەدەم فرمێسك ڕشتنو هەنسك هەڵدانەوە ( هێشتاش جوان لە بیرمە کە زۆر گریام) چـوومە نـاو جێگـاوە، بیرۆکەیـەکی سـەیرم بـۆ هـاتو لـە دڵـی خـۆدا گـوتم: "چـۆنە، لـە دوای ئیعترافکردنەکـەم داوای قـەرزی لێبکـەم ؟". ئـەوە بـوو دان پێدانانـەکانی خـۆم، وەکـو قـاپێکی چکۆلەی خواردن ڕازاندەوەو بەهاراتی ڕوندكو فرمێسکم پێوەکرد، بەڵکو ئەمە خوایە دڵت نەرم بکـەمو ڕەحمـەت بتلیسـێتەوەو سـەدو پـەنجا ڕۆبڵـێکم بـە قـەرز بـدەیتێ. تـۆ ئەمـە بـەخوێڕێتیو بودەڵەیی نازانی؟

– باوەڕناکەم ئەمـە پەیوەنـدی بـە خـوێڕێتیو بودەڵەییـەوە هـەبێت، هـیچ خوێڕێتیـەکی تیـا نییـە، ئیـدی شـتەکە ڕێکەوتـە، لێـرەدا دوو بابـەت یـەکیان گرتووەتـەوە، دوو بیرۆکـە لـە هـزرو زەینتـدا یـەکانگیر بوون. ئەمـە شتێکی بـاوەو، مـن یـەك لـە باری خـۆم شـتی وام زۆر دیتـووەو بەسـەر خـۆم هـاتووە. پێموایـە شتێکی بـاش نییـە. دەزانـی کیللـەر مـن لـەو ڕووەوە، لەسـەر ئـەو شتە گلـەییم لـە خۆم زۆرە ؟ ئەوەی تۆ هەنوکە دەربارەی خۆت باستکرد دەتگوت باسی من دەکەی.

میرزادە، کە دیاربوو، ئەم مەسەلەیەی بە هەندگرتبوو، بە جدی لە سەری ڕۆیی:

– تەنانـەت هەنـدێجار وا زەن دەبـەم کـە هـەموو خـەڵکی هـەر وان، یـانی بـەو بیـانووەوە خـۆم دەپەڕێنمەوەو پاکانە بۆ خۆم دەکەم. چونکە ڕوو بە ڕووبوونـەوەی ئەم هزرینـە دووفاقیـە یـەجگار

قورس و دژواره . من ئەم قسەیە لە خۆڕاناکەم، زادەی ئەزموونی خۆمە. مەگەر هەر خوا بە خۆی بزانێت کە ئەم هزرینە دووفاقیە چۆن لە زەینی بەشەردا پەیدا دەبێت، لە کوێوە سەر هەڵدەدا ! کەچی وا تۆ بەخوێڕێتی و بودەڵەیی لە قەڵەمی دەدەی ! بەم پێودانگە دەبێ بە خۆما بچمەوەو سڵ لەم دیاردەیە بکەمەوە ! بە هەرحاڵ هەڵسەنگاندن و داوەری دەربارەی تۆ کاری من نیە. بەڵام بە هیچ جۆرێ پێموانیە کە بشێت ئەمە ناو بنرێت خوێڕێتی یان بودەڵەیی. تۆ دەڵێی چی ؟ تۆ بە نیازبووی بە بیانووی فرمێسکەکانتەوە پارە لە من بکێشیتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش بە خۆت سوێندت خوارد کە ئیعترافەکەت، بە مەبەستێکی شەریف بووەو لە هەر نیازو بەرژەوەندییەك بە دوور بووە. بەڵام سەبارەت بە پارەکە، بۆ خواردنەوەو مەینۆشیت دەوێ، وانیە ؟ دیارە ئەمە دوای ئەو ئیعترافەی کە تۆ کردت، دەکاتە خوێڕێتی و بێ ئەخلاقی، بەڵام کێ دەتوانێ لە پڕو یەکسەری مەینۆشی تەرك بکات ؟ شتی وا مەحاڵە. ئەدی تەگبیر ؟ باشترین شت ئەوەیە پیاو لەم حاڵەتانەدا ویژدانی خۆی بکات بە داوەر. وانیە ؟

میرزادە بەوپەڕی سەرسامی و کونجکاوی، چاوی بڕی بووە کیللەر، دیاربوو کە مەسەلەی دووفاقی بیرو هزرین، لە مێژ بوو، مژوولی کردبوو.

کیللەر هاواری کرد:

– من تێناگەم، تۆیەك کە خاوەنی ئەم قسانەبیت، بەچ هەقێ خەڵکی بەگێلیان لە قەڵەم داویت.

میرزادە، کەمێك سوور هەڵگەڕا.

– بوردالۆی واعیزش مدارای کەسی نەدەکرد، خاترانەی لە مەزەبا نەبوو. کەچی تۆ داوەرییەکی مرۆڤانیت دەرهەق بەمن کرد. جا من بۆ ئەوەی سزای خۆم بدەم، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم چەند پەندو عیبرەتم وەرگرتووە، دەسبەرداری سەدو پەنجا ڕۆبڵەکە دەبم و تەنیا بە بیست و پێنج ڕۆبڵ قاییل دەبم. ئەوەندە بەسە. بەلای کەمەوە بەشی دوو هەفتەم دەکات. یانی تا پازدە ڕۆژی دی داوای پارەت لێناکەم. بە نیازبووم ئاگاشکا دەعوەت بکەم، بەڵام شایستەی شتی وانیە. ئاه میرزادەی ئازیز! خوا دەست بە باڵتەوە بگرێت !

لەم کاتەدا، لیبدیف کە تازە لە پترسبۆرگ گەڕابووەوە، خۆی بە ژوورا کرد، کە ئەسکەناسە بیست و پێنج ڕۆبڵیەکەی بەدەستی کیللەرەوە بینی، بڕۆی وێکهێنانەوەو چارەی دا بە یەکا. کیللەر کە پارەی خۆی وەرگرتبوو، خوا خوای بوو ساتێ زووتر بڕوات، بۆیە دوای تۆزێك لێی داو ڕۆیی. لیبدیف یەکسەر کەوتە غەیبەت و زەمکردنی.

میرزادە لە کۆتایید گوتی:

– بە ڕاستی تۆ غەدری لێدەکەی، چونکە بە ڕاستی ژێوان بووەتەوەو تۆبەی کردووە.

– ئاخر ئەم تۆبەیە بەچی دەچێت، فایدەی چیە ؟ ڕێك وەکو پەشیمانی و تۆبەکەی دوێنێی منە کە دەمگوت: من خوێڕیم، بودەڵەم ! هەر قسەی ڕووتە، وەك دەڵێن دەمە چیت لێکەمە!

– یانی چی ؟ تەنیا قسە بوو ؟ من وام دەزانی...

– بەڵێ، گوێ بگرە با من ڕاستیت پێبڵێم. من ئەمە تەنیا بە تۆ دەڵێم، چونکە تۆ بیری مرۆڤ دەخوێنیتەوە، دەچیە ناخی مرۆڤەوە: قسەو کردار، درۆو ڕاستی، هەر هەمووی لە منا، لەلای من

تێکەڵاو بوون، بە ڕاستی تێکەڵاو بوون. پەشیمانی و تۆبەی من لە حەقیقەت و کردارما دیارن، باوەڕم پێبکە، چۆنت پێدەڵێم وایە، ئامادەم سوێندت بۆ بخۆم. بەڵام مەسەلەی ڕاستی و درۆ، لەو بیرۆکە دۆزەخیەوە ( کە هەمیشە لەخەیاڵ و لە بیرمە ) هاتووە کە حەزدەکەم خەڵکی فریو بدەم و، تەنانەت چەکی فرمێسکیش بەکار بێنم ! بە شەرەفم چۆنت پێدەڵێم وایە ! من ئەم قسەیە لای هیچ کەسێکی دی ناکەم، چونکە یان گاڵتەم پێدەکەن، یان دەمبوغزێنن! بەڵام تۆ میرزادە، داوەرییەکی مرۆڤانی دەکەیت.

میرزادە گوتی:

– سەیرە! یارۆش، ئێستا دەقاو دەق هەمان شتی پێگوتم. لەوە دەچێت هەردووکتان زۆری پێوە بنەن! تێناگەم. بەڵام یارۆ لە تۆ ڕاستگۆترە. تۆ درۆت کردووە بە پیشەی خۆت. دەی! ڕووبینی و ریابازی بەسە لیبدیف ! خۆت لەبەر چاوم فەقیر مەکە، دەستیش مەخە سەر دڵت. شتێکت هەیە پێمی بڵێی؟ تۆ بە خۆڕایی بۆ ئێرە نەهاتوویت، هەڵبەتە مەبەستێکت هەیە...

لیبدیف، وەکو کەو چوو .

میرزادە گوتی:

– من لە بەیانیەوە تا هەنوکە چاوەڕوانت بووم تا پرسیارێکت لێبکەم. حەزدەکەم بە یەك وشەو بۆ تاقە جارێك لە ژیانتدا بە بێپەردە ڕاستیم پێ بڵێی: تۆ دەست لە ڕووداوی دوێشەوی گالیسکەکەدا هەبوو یان نا؟

لیبدیف، هەمدیس کەوتە خۆبادان و جوڵە جوڵ، دەستی بە پێکەنین کرد، دەستەکانی هەڵگلۆفتن، ئەنجام کەوتە پژمین، تا کاتەکە بەسەر بەرێت و هیچ قسەیەك نەکات.

– من دەزانم تۆ دەستت لەم مەسەلەیەدا هەیە.

– باوەڕبکە، تەنیا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستم تیای هەبووە! دەوری من لە مەسەلەکەدا تەنیا ئەوە بوو بە کەسێك بڵێم، کۆمەڵێك لە ماڵی مندا خڕبوونەتەوە کە فلان و فلانیان لەگەڵدایە...

میرزادە، بەوپەڕی بێئۆقرەیی گوتی:

– من دەزانم تۆ کوڕەکەی خۆت بۆ ئەوێندەر ناردبوو. بە خۆی، چەند سەعاتێ لەمەپێش، بۆی گێڕامەوە. باشە ئەم هەموو پیلان و داوە لە پای چی؟

لیبدیف، بە نیشانەی نکۆڵی کردن، کەوتە دەست بادان و گوتی:

– نا، پەیوەندی بە منەوە نیە، منی تیا نیم. خەڵکانی دی ناچاریان کردم، بەڵێ خەڵکانی دی. ئەم پیلانە ئۆینی خەڵکانی دی بوو، باشتر وایە لە جیاتی پیلان ناو بنرێت هەوەسبازی، ڕابواردن!

– ئاخر مەسەلەکە چیە ؟ تو زاتی خوا ئەگەر ڕاستیم پێ نەڵێی! ماقوولە نە زانیت کە ئەم مەسەلەیە ڕاستەوخۆ ڕیشی من دەگرێتەوە ؟ نازانی کە دەیانەوێ ناوی یەڤگینی پاڤلوفیچ بزڕێنن؟

لیبدیف، کە هێشتا هەر قنگەقنگی بوو، هاواری کرد:

– میرزادەگیان، میرزادەی مەزن! ئاخر تۆ ڕێم نادەیت ڕاستی مەسەلەکەت بۆ بگێڕمەوە. چەندین جار ویستم بۆتی بگێڕمەوە، تۆ هەر نەت هێشت قسەکەم تەواوبکەم...

میرزادە، بێدەنگ بوو، لەفکران ڕاچوو، پاشان دوای کێشماکێشێکی دەروونی دژوار، بە نا ئومێدییەوە گوتی:

– دەی باشە... ڕاستیەکەم پێبڵێ.

لیبدیف، بەلەز دەستی پێکردو گوتی:

– ئاگلایا ئیڤانوڤنا...

بەڵام میرزادە هاواری کرد:

– نا، نا، باسی ئاگلایا نەکەی...

میرزادە، لە داخا، لە توڕەییداو، ڕەنگە لە شەرما بووبێ، سوور هەڵگەڕاو درێژەی بە قسەکانی دا:

– مەحاڵە، شتی وا نەبووەو نابێ، قسەی قوڕە! ئەمە هەمووی بوختانی تۆو خەڵکانی شێتی وەکو تۆیە! نەخەڵەتابی جارێکی دی باسی شتی وا بۆ من بکەی! جارێکی دی شتی وات لێ نەبیستم ها!

کولیا، شەوێ درەنگ، دەوروبەری سەعات یازدە، هاتەوەو هەنبانەیەك هەواڵو باسی پترسبۆرگو پاڤلوفسکی پێبوو. بە کورتیو پەلەپەل، هەواڵەکانی شاری (پترسبۆرگ) کە ( زیاتر دەربارەی هیپولیتو فەرتەنەکەی دوێشەو بوو ) گێڕایەوەو ئەوسا بلەز دایکێشا بەلای گێڕانەوەی هەواڵەکانی پاڤلوفسکدا . کولیا، سێ سەعات بوو لە پترسبۆرگ هاتبووەوە، هەر لە ڕێوە، بێئەوەی سەرێکی پەلەی میرزادە بدات، یەکسەر چوو بوو بۆ ماڵی یەپانچین. دەیگوت "لەوێ فەرتەنەو جەنجاڵێکی سەیرە ". هەڵبەتە، هۆی سەرەکی ئەم هەرایە ڕووداوی گالیسکەکە بوو. هەڵبەتە هەندێ شتی دیکەش ڕووی دابوو کە نە میرزادەو نە کولیا، ئاگایان لێنەبوو. کولیا درێژەی بە قسەکەی دا: " هەڵبەتە من نەمدەویست خۆم لە مەسەلەکە هەڵقورتێنمو پرسیار بکەم کە مەسەلە چیە. بەڵام پێشوازییەکی زۆر گەرمیان کردم، پێشوازییەکی لە ڕادەبەدەر، گەرمتر لەوەی وێنام دەکرد. بەڵام میرزادە تاقە وشەیەکیان دەربارەی تۆ نەگوت. هەر ناویشیان نەهێنایت." جا سەیرترین هەواڵ ئەمە بوو: ئاگلایا، لەسەر گانیا دەگەڵ کەسوکارو ماڵباتەکەی خۆیدا بەشەڕ هاتبوو. کەس، وردەکاری ئەم شەڕەی نەدەزانی، کولیا تەنیا ئەوەندەی دەزانی بە هۆی گانیاوەیە. بە ڕاستی سەیرە، ئەم شەڕە قورسە دەبێ لەسەر شتێکی گەورە بووبێ. جەنەراڵ درەنگانێ، بە پەستیو بێزاری بۆ ماڵ هاتبووەوە، یەڤگینی پاڤلوفیچیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا بووەوە. پێشوازییەکی گەرمو گوڕ لە یەڤگینی کرابوو، یەڤگینی زۆر خولق خۆشو بە کەیفو دەماخ بوو. دووەم هەواڵی گرینگ ئەمە بوو کە لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە بێدەنگی ڤارڤارا ئاردالیونوڤنای، کە هاتبووە دیدەنی کیژەکانی ئەو، گازکردبوو و بەوپەڕی وێڵو نەزاکەتەوە داوای لێکردبوو کە جارێکی دی هەرگیز هاتوچۆیان نەکاتو ڕۆژێ لە ڕۆژان پێ نەنێ بە ماڵیاندا، کولیا گوتی: " ڤاریا بە خۆی ئەمەی پێگوتم." ڤاریا کاتێ لەنك خانم یەپانچین هاتە

دەریّو خوا حافیزی لە کیژەکان کرد، کیژەکان نەیاندەزانی چی ڕوویداوە، نەیاندەزانی کە دەرگای ئەم ماڵە بۆ هەتا هەتایە لە ڤاریا داخراو ڤاریا بۆ هەمیشە و بە یەکجارەکی خوا حافیزیان لێدەکات، بە جێیان دێڵێت.

میرزادە بە سەرسامی گوتی:

– خۆ ڤاریای خوشکت سەعات حەوت لێرە بوو .

– ئاخر دەوروبەری سەعات هەشت جوابیان کردبوو. من زۆر بەداخەوەم بۆ ڤاریاو گانیا... ڕاستە هەمیشە خەریکی پیلانگێڕیو داونانەوەن، ئیدی شتێکە خوویان پێوەگرتووەو بۆیان تەرك ناکرێت. قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان نەمزانیوە چییان لە ژێر سەردایەو ناشمەوێ بزانم. بەڵام میرزادەی ئازیزو دلۆڤان، دڵنیات دەکەم کە گانیا کوڕێکی دڵپاکە. ڕاستە لە زۆر رووەوە عەیبی هەیەو بێ کەمو کوڕی نییە، بەڵام سیفەتی زۆر باشیشی هەن، من زۆر گلەییم لە خۆم هەیە کە زووتر وەکو پێویست نەمناسیوە. تیاماوم، نازانم ئاخۆ دوای دەرکردنەکەی ڤاریا هاتوچۆی ماڵی یەپانچین بکەم یان نا. ڕاستە من هەر لە سەرەتاوە خۆیبوونی خۆم هەبووەو بەتەواوەتی تێکەڵی وان نەبووم، مەودایەکم لە نێوان هێشتبووەوە. بەڵام وێڕای ئەوەش، مەسەلەکە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە.

میرزادە گوتی:

– زۆریش بۆ براکەت مەپاڕێوە. ئەگەر کار گەیبێتە ئەم ئاستە، مانای وایە لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، گاڤریلا ئاردالیونوفیچ بە خەتەر دەزانێت، یانی گانیا لە هەندێ ئاواتی نزیك بووەتەوە.

کولیا، بەسەرسامی پرسی:

– کام ئاوات ؟ مەبەستت چیە ؟ یانی تەسەور دەکەیت کە ئاگلایا... نا، شتی وا مەحاڵە !

میرزادە بێدەنگ بوو.

کولیا دوای یەك دوو دەقیقە هاتە قسانو لەسەری رۆیی:

– میرزادە، تۆ کەسێکی یەجگار بە گومانی! هەستم کردووە لەم دواییانەدا لە ڕادەبەدەر بەدگومان بوویت، وات لێهاتووە باوەڕ بە هیچ شتێك ناکەیت، تەنانەت بە خەیاڵ، گومان بۆ خۆت دروست دەکەیت... نازانم ئاخۆ زاراوەی "گومان"م لە جێی خۆیدا بەکار بردووە یان نا ؟

– پێدەچێ لە جێی خۆیدا بە کارت بردبێ، هەرچەندە یەك لە باری خۆم دڵنیا نیم.

کولیا، لە پڕ گوتی:

– نا، زاراوەی گومانو بەدگومانی پڕ بە پێستی مەبەستەکەم نییە. زاراوەیەکی گونجاوترم دۆزیوەتەوە، زاراوەیەك کە دروست تر گوزارشت لە مەبەستەکەم دەکات. تۆ بە گومانو بەدگومان نیت، بەڵکو غیرەگری. تۆ لەبەر کیژێکی گەنجی لوتبەرزی لە خۆبایی، بەغیلی بە گانیا دەبەی، غیرەی لێدەکەی.

کولیا، بەدەم ئەو قسانەوە لە جێی خۆی ڕاپەڕیو هەستایە سەر پێیان، لە قاقای پێکەنینێکی ئەوتۆی دا، دەتگوت لە عەمراتیا پێنەکەنیوە. کە بینی دەموچاوی میرزادە سوور هەڵگەڕا، شێلگیرانەتر کەوتە پێکەنین. زۆری پێخۆش بوو کە پەی بەوە بردبوو میرزادە لەبەر خاتری

ئاگلایا غیره لـه گانیا دەکـات. بـەڵام کـه بـینی میرزاده بـه ڕاستی خەمینـه، بێدەنگ بـوو. ئـەوجا نزیکەی سەعاتێك تا سەعات و نیوێکیان بە قسەو باسی زۆر جدی بردە سەر.

*   *   *

میرزاده، بۆ سبەی، بەکاری پێویست سەفەری پترسبۆرگی کرد، نزیکەی سەعات پێنجی دوا نیوەڕۆ، لە ڕێی گەڕانەوەیدا بۆ پاڤلوفسك، بە ڕێکەوت ئیڤان فیودوروفیچی لـه وێستگەی قیتاردا بینی. جەنـەراڵ، تونـد باسکی گـرت، وەکـو ئـەوەی لـه شـتێك بترسـێت، تەمەشایەکی دەوروبـەری خـۆی کـرد، هـەنگێ میشـکینی دەگـەڵ خـۆیدا بـردە فارگـۆنێکی نمـره یەکـەوه. بـەو جـۆرە بـوون بـه هاوسەفەر، جەنەراڵ، تامەزرۆی ئەوە بوو کە باسی مەسەلەیەکی زۆر گرینگی لەگەڵدا بکاتەوە.

ئیڤان فیدوروفیچ بە میرزادەی گوت:

– میرزاده، دۆستی ئازیز، پـێش هـەموو شـتێك ئومێدەوارم گلـەییم لێنـەکەیت و لـێم زویـر نـەبیت. ئەگەر گلەییەکیشت هەبێ، هیوادارم لە دڵی نەگریت و لـە بیری بکـەیت. دوێنـێ بـه تـەما بـووم بێمـه دیدەنیت. بەڵام نەمدەزانی ئەگەر ئەو کارەم کردبا، لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا چ هەڵوێستێکی دەبێت... حـاڵی حـازر ماڵەکـەی مـن بـووه بـه دۆزەخ، دۆزەخێکـه لـەو گـۆڕه. لـه تـۆ وایـه دێـوێکی ترسـناك و نادیـار خـۆی لـەو ماڵـەدا حەشـارداوه. کـەم و زۆر سـەر لـەم مەسـەلەیه دەرناکـەم. بـەڵام سـەبارەت بـه تۆ، من پێموایـه لـه هـەر هـەمووومان کـەم خـەتاو، کـەم تاوانتریـت، ئەگـەرچی سـەبەبکاری گـەلێك لـەم ئاڵۆزی و پەشـێویانەیت. ڕەنگـه هەنوکـه پـەیت بـەوه بردبێـت کـه بەشـەردۆسـتی شـتێکی زۆر باشـه میرزاده. بەڵام بە سلوکەت، لە سنووری خۆی دەرنەچێت. ڕەنگـه خـۆت بـه ئـەزموون ئـەم ڕاسـتیەت بۆ دەرکەوتبێت و باجەکەیت دابێ. من یەك لە باری خۆم میهرەبانی و دڵپاکی و جوامێری تـۆم زۆر بە دڵەو ڕێزو حورمەتم بۆ لیزاڤیتا پروکوڤیڤنای هاوسەرم هەیە، بەڵام...

جەنـەراڵ، ماوەیـەکی زۆر بـەو جـۆره لەسـەری ڕۆیـی، بـەڵام قسـەکانی یـەجگار پچـڕ پچـڕو بـێ سـەروبەر بـوون. دیـاربوو کـه لـه بویـەرو ڕووداوێکـی نادیـارو نـا ئاسـایی، دەترسـا، ترسـان و پەشێوییەکی لە ڕادەبەدەر.

ئەنجام، جەنەراڵ، بە ڕوونی و ڕاشکاوییەکی پترەوە، بە میرزادەی گوت:

– من، زەڕەیەك گومانم لـه تـۆ نییـه کـه دەسـتت لـەم مەسـەلەیەدا هـەبێ، بـەڵام تکایـەکی دۆسـتانەت لێدەکـەم ماوەیـەك خـۆت لـه هاتوچـۆی مـاڵی ئێمـه دووربگـرە، تـا ئـەم ڕەوشـه دەگـۆڕێ و هێـور دەبێتەوە.

ئەوسا بە گەرمی لە سەری ڕۆیی:

– سەبارەت بە یەڤگینی پاڤلوفیچ، هەرچیەك وتراوەو دەگـوترێ هـەر هـەمووی ئیفتیراو بوختـان و درۆو دەلەسەیە، ئیدی هەوڵی ناوزڕاندنە، پیلانێکی ئاشکرایە، دەیانەوێ بە شەڕماندا بدەن. جـا مـیرزاده، دەمـەوێ بێپـەردە شـتێکی گرینگـت پێبڵـێم: تـا ئێسـتا هـیچ قسـەیەك لـه نێـوان ئێمـەو یـەڤگینی پاڤلوفیچدا نـەبووەو نـەکراوە. تێدەگـەی ؟ حـاڵی حـازر هـیچ بـەڵێنێکمان لە نێواندا نیـە. بەڵام لەگینە ئەو قسەیە بکرێت. ڕەنگە ئەو قسەیە بەم زووانە بکرێت! ئەمە کارێکی ناشیرینە! تێناگەم بۆچی و بە چ مەبەستێك ئەمە دەکەن ؟ ئەمە چ نیازێکی لە پشتە ؟ سەر لەمە دەرناکەم.

ئەم ژنە، ژنێکی سەیرو ئەتوار غەریبە. بەڵام من زۆری لێدەترسم، هێندە لێی دەترسم، کە خەوم لێ حەرام بووە ! تۆ تەمەشای ئەو گالیسکە کەشخەیە، ئەو ئەسپە کوێتانە... ئەو هەموو کەش و فشە، کە بە فەرەنسی شیکایەتی پێدەڵێن! کێ ئەم ئاستە بەرزەی ژیانی بۆ دابین دەکات ؟ ئەم هەموو شتەی لە کوێ بوو؟ باوەڕبکە ڕۆژێك لەم ڕۆژانەدا بیرێکی گوناحامێزم بە مێشکا هات، دەمگوت ڕەنگە یەڤگینی پاڤلوفیچ هەموو ئەو شتانەی بۆ بکات. بەڵام ئاشکرایە کە گومانێکی بێ بنج و بناوانە. ئەدی باشە بۆچی دەیەوێ بە شەڕمان بدات، ناکۆکیمان بخاتە بەین ؟ ئەوە لەگەزو مەتەڵۆکەکەیە ! ئایا دەیەوێ یەڤگینی پاڤلوفیچ بۆ خۆی مسۆگەر بکات ؟ بەڵام دووبارەی دەکەمەوەو سوێند دەخۆم کە یەڤگینی پاڤلوفیچ لە بنی نایناسێت و مەسەلەی سفتەو کۆمپیالەکان درۆیەو هیچ بنج و بناوانێکی نییە. هەڵبەتە ئەو گۆساخی و بێشەرمیەی کە بەو جۆرە ولەسەر جادەوە بە "تۆ" بیدوێنێ، خۆی لە خۆیدا پیلانێکی ئانقەستەو هیچی تر! بۆیە لەسەرمانە کە ئەو پیلانە پوچەڵ بکەینەوەو لە جاران پتر ڕێزو حورمەتی یەڤگینی پاڤلوفیچ بگرین. هەمان شتم بە هاوسەرەکەشم گوتووە. جائێستا گەرەکمە بۆچوونێکی زۆر نهێنی بۆ تۆ بدرکێنم: من باوەڕی تەواوم بەوەیە کە دەیەوێ تۆڵەی ڕابردوو لە من بکاتەوە، هەرچەندە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان هەڵەم دەربارەی نەکردووەو خراپەم بۆی نەبووە. کە بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە لە شەرمەزاریدا سوور دەبمەوە. ئەوەتا، لە کاتێکا دڵم خۆشبوو کە بۆ هەتا هەتایە ڕۆیی و لە کۆڵم بووەوە، کەچی دووبارە سەرو سەکوتی پەیدا بووەوە. پێم ناڵێی ئەم روگوژینە کەوتە چ گۆڕێکەوە ؟ خۆ من وامدەزانی دەمێکە بووە بەخانم روگوژین، واتە شووی بە روگوژین کردووە.

بە کورتی، جەنەراڵ کە زۆر پەشێوو پەریشان بوو، بە درێژایی ئەو سەفەرە یەك سەعاتیە، لێکدا لێکدا هەر قسەی دەکرد، پرسیاری دەکرد و هەر خۆیشی وەڵامی دەدایەوە، دەستی میرزادەی دەگوشی و دڵنیای دەکردەوە کە کەمترین گومانی لەو نیە. ئەم خاڵە بەلای میرزادەوە، گرینگ بوو. جەنەراڵ، لە کۆتایی قسەکانیا هاتە سەر باسی مامی یەڤگینی پاڤلوفیچ، کە سەرۆکی یەکێك لە فەرمانگەکانی پترسبۆرگ بوو و، گوتی: " پیاوێکە لە تەمەنی هەفتا ساڵیدا، پایەو پێگەیەکی گەورەی هەیە، پیاوێکی دنیایی و ئەهلی ڕابواردن و مێزو خواردنەوەیە. بە کورتیەکەی باش بە خۆی ڕادەگات و پیرەمێرێکی زۆر دڵتەڕە... ها، ها! وەسفی ناستاسیا فیلیپوڤنای بیستبوو و ماوەیەك لە دووی دەبێت. دوێنێ چوومە سەردانی، لێ نەمبینی. چونکە نەخۆش بوو، پێشوازی کەسی نەدەکرد. بەڵام دەوڵەمەندە، دەوڵەمەندێکی حێڵە. پیاوێکی دەسترۆو قسەڕۆیە... خوا تەمەن درێژو ڕاوەستاوی بکات ! بەڵام هەموو سەروەت و سامانەکەی بۆ یەڤگینی پاڤلوفیچ دەمێنێتەوە، جگە لەو هیچ میراتگرێکی دیکەی نیە... بەڵێ... بەڵام وێڕای ئەوەش من هەر دەترسم و نازانم لەچی دەترسم... شتێکی شووم و بەدوم، شەمشەمە کوێرە ئاسا، بە سەر سەرمانەوە دەسوڕێتەوە. دڵم زۆر دەترسێت و ناڕەحەتم.

بۆ ڕۆژی سێیەم، سەرەنجام خانەوادەی یەپانچین و میرزادە بە فەرمی ئاشت بوونەوە...

پەراوێز:

* -"... لەبەر خۆشەویستی تایبەتیم بۆ ئوسقوف فەرەنسی بوردالۆ...": بۆردالۆ، واعیزێکی فەرەنسی یەسوعی بوو (١٦٣٢- ١٧٠٤) خاوەنی کۆمەڵێك خوتبەی بەناوبانگە خەڵکی دڵبەندی بەلاغەتو فەساحەتی زمانو بەهێزی بەڵگەکانی بوون. جا لێرەدا لیبدیف کە حەزی لە باسکردنی بابەتێن چاوەڕوان نەکراو بوو، یان بە ڕاستی مەبەستی بوردالۆ بووە، یان لەوەیە کیللەر ویستبێتی لە ڕێگەی گەمەی زمانەوانیەوە ئاماژە بۆ مەی "بوردو"ی بەناوبانگی فەرەنسی بکات یان ئاماژە بێت بۆ وشەی رووسی "بوردا" کە کۆکتێلێکی شەرابی ئەلکولییە. بەڵام بەکارهێنانی نازناوی ئوسقوف بۆ واعیزە بەناوبانگەکەی فەرەنسا، خەیاڵی ڕوو

## فەسڵی دوازدەیەم

سەعات حەوتی ئێوارە بوو، میرزادە خۆی ئامادە دەکرد بچێت لە باخچەکەدا پیاسەیەك بکات، لە ناکاودا لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە تاقی تەنیا خۆی بە بانیژەکەی ئەودا کردو ڕووی تێکردو گوتی:

- یەکەم وا تێنەگەیت کە من بۆ عوزرخوایی هاتووم. چونکە ئەوە گەوجێتییە ! چونکە هەرچی هەڵەو تاوانێك رووی داوە، هەموو لە سۆنگەی تۆوە بووە !

میرزادە، هیچی نەگوت.

- خەتای تۆ بوو یان نا ؟

- هەر بە قەد تۆ خەتابارم، نە زیاترو نە کەمتر. هەرچەندە کەسمان بە ئانقەست خەتامان نەکردووە، نە تۆو نە من، پێری خۆم بە کەمتەرخەمو خەتابار دەزانی. بەڵام هەنوکە، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەییومەتە قەناعەت کە هیچ خەتاو کەمتەرخەمیەکم نەبووە!.

- ئاه... یانی وا بیردەکەیتەوە! زۆر چاکە، دانیشەو گوێ بگرە بزانە چ دەڵێم، چونکە نیازم نیە بە پێوە بوەستم.

هەردووکیان دانیشتن.

- دووەم، پێویست ناکات بە تاقە وشەیەکیش باسی ئەو ئەشقیانە بکەیت ! چونکە هەر دە دەقیقەیەك دەرفەتی قسەکردنم هەیە، دەڕۆم. چونکە هاتووم بۆ پرسیارێك ( مەگەر هەر خوا بزانێ مەزەندەت بۆچی چووە) ئەگەر بە تاقە وشەیەك باسی ئەو گۆساخانە بکەیت، یەکسەر هەڵدەستمو دەڕۆم، ئیدی هەرگیز نەدەتناسمو نەبمناسە.

میرزادە بەرسڤی دایەوە:

- زۆر باشە .

– دەمەوێ بپرسم کە ئایا تۆ پێش دوو مانگ، دوو مانگ و نیو، یانی لە دەوروبەری جەژنی پاکدا هیچ نامەیەکت بۆ ئاگلایا ناردووە ؟

– م... بە.. ڵێ...

– بە چ بۆنەیەکەوە ؟ دەربارەی چ شتێکە ؟ ناوەڕۆکی ئەو نامەیە چیە ؟ نامەکەم پێ نیشانبدە!

ئاگر لە چاوانی لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا دەبووەوە، لە بێتاقەتیدا دەلەرزی.

میرزادە، بە سەرسامییەکی ترسامێزەوە گوتی:

– نامەکە لای من نییە، ئەگەر تا ئێستا مابێت، لای ئاگلایا ئیڤانوڤنایە...

– خۆت لە گێلی مەدە! لەو نامەیەدا چیت بۆ نووسیوە ؟

– نەخۆم لە گێلی دەدەمەو نە هیچ ترسێکم هەیە، بەڵام هەست ناکەم هیچ لەمپەرێك لە گۆڕێ بێ کە نامەی بۆ نەنووسم...

– دەمت لێکنە ! دوایی ئەو قسانە بکە. هەنوکە بڵێ ئەو نامەیە چی تیابوو؟ بۆچی سوور هەڵگەڕاویت ؟

میرزادە، بۆ ساتێك لە فکران ڕاچوو.

– من نازانم، لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا تۆ نیازت چیەو چیت لە خەیاڵە، بەڵام هەستدەکەم ئەو نامەیە زۆری پەست کردوویت. خۆ من دەتوانم وەلامی ئەو جۆرە پرسیارە نەدەمەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بۆتی بسەلمێنم کە هیچ ترسێکم سەبارەت بەو نامەیە نیەو لە نووسینی پەشیمان نیم و خۆیشم بە شەرمەزار نازانم ( میرزادە لە کاتی ئەو قسەیەدا دوو هێندە سوور هەڵگەڕا) دەقی نامەکەت، کە پێموایە لەبەرمە، وەکو خۆی بۆ دەخوێنمەوە.

میرزادە، دەقی نامەکەی، تەقریبەن وەکو خۆی، وشە بە وشە لەبەر بۆ خوێندەوە.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، پاش ئەوەی بە وردی گوێی لە دەقی نامەمە گرت، بە زمانێکی ڕەق گوتی:

– کە شتێکی بێ سەروبەرە ! دەتەوێ بەم قسە قۆڕانە چی بڵێی؟

میرزادە وەڵامی دایەوە:

– خۆیشم بە دروستی نازانم. ئەوەندە دەزانم لەگەڵ هەست و سۆزی خۆمدا ڕاستگۆ بووم. ئەوسا، لەو ڕۆژانەدا، وێڕای ساتە دژوارو سەختەکانی ژیانم، هەندێجار ئومێدو هیوای گەورەم دەکەوتە دڵ .

– ئومێدو هیوای وەك چی ؟

– باسکردنی ئەستەمە، ناتوانم شرۆڤەی بکەم، بەڵام لەو ئومێدانە نەبوون کە هەنوکە تۆ وێنایان دەکەیت... ئەو ئومێدانە پەیوەندیان بە ئایندەوە هەبوو، پەیوەندیان بەو شادیەوە بوو کە من وام بیردەکردەوە بێگانە نیم، فەرەنگی نیم، لەماڵی خۆمدام. ئیدی شادی گەڕانەوە بۆ وڵات، مەستی کردم. ئەوە بوو بەیانیەکی هەتاو، کە دنیا نقومی هەتاو بوو، دەستم دایە قەڵەمو ئەو نامەیەم بۆ نووسی. بۆچی نامەکەم بۆ خودی ئەو نووسی؟ نازانم. هەندێجار مرۆڤ حەزدەکات دۆستێکی لە نزیك بێت.

میرزاده، دوای هەڵوەستەیەك، لە سەری ڕۆیی:

– وا بزانم، ئەو حەزو هەستە هانیدام ئەو نامەیە بنووسم.

– یانی ئاشقی نیت ؟

– نە بەزاتی خوا. من وەکو خوشکێکی خۆم نامەم بۆ نووسیوە. تەنانەت بە ئمیزای: "برات"، کۆتاییم بە نامەکە هێناوە.

– ها! دەزانم، فێڵێکی باشە .

– لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، من وەڵامی ئەم پرسیارانەم لە گیان گرانە...

– دەزانم کە وایە، بەڵام ئەمە هەرگیز کێشەی من نییە. گوێ بگرە، ڕاست بڕۆ، وەکو چۆن لەبەردەم خوادا وەستابیت بەو ئاوایە ڕاست بڕۆ، پێم بڵێ: تۆ درۆم لەگەڵ دەکەیت، یان ڕاستیم پێدەڵێی؟

– ڕاستی دەڵێم. درۆت لەگەڵ ناکەم.

– یانی ڕاستدەکەی کە دەڵێی ئاشقی نیت ؟

– پێموایە، ئەوپەڕی ڕاستیم گوتووە.

– مەبەستت لە "پێموایە" چیە ؟ باشە ئەو هەتیوە فشەکەرە نامەکەی بۆ برد ؟

– من تکام لە نیکولا ئاردالیونوفیچ کرد کە...

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بە توڕەیی قسەکەی پێبڕی:

– هەتیو، وتم هەتیوە ! من نیکولا ئاردالیونوفیچ ناناسم. بڵێ هەتیوە!

– نیکولا ئاردالیونوفیچ....

– هەتیوە ، پێمگوتیت...

میرزادە، ئەنجام بەدەنگێکی مکوم بەڵام هێمن گوتی:

– نە ،هەتیوە نا، بەڵکو نیکولا ئاردالیونوفیچ.

– ئاه، زۆر باشە، با بە کەیفی تۆ بێ. بزانە چۆن دەیکەمەوە بەگژ تا...

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بۆ ماوەی دەقیقەیەك بێدەنگ بوو تا جڵەوی توڕەیی خۆ بگرێت و ئارام ببێتەوە، ئەوجا لێی پرسی:

– باشە، "سوارچاکی لات" مانای چیە ؟

– نازانم. نە ئاگام لەمەیەو نە پەیوەندی بەمنەوە هەیە. دەبێ جۆرە شۆخی و گاڵتەیەك بێت.

– چەند خۆشە پیاو لە ناکاوێکا هەموو شتێکی بۆ دەربکەوێ! باشە تۆ بڵێی بە خۆی حەزی لێکردبیت ؟ خۆ هەر خۆی ناوی گەوج و گەمشۆی لێنایت.

میرزادە، بە گلەییەوە، بە دەنگێکی چپە ئاسا گوتی:

– هەق نەبوو ئەم قسەیە بۆ من بگێڕیتەوە .

– زویر مەبە. چونکە کچێکی خۆ سەری، سەر شێتی حول حولیە، ئەوەندەی ناز دراوەتێ خووی شەڕ بووە!.... ئەگەر کەسێکی خۆش بوێت، بەوە دەری دەبڕێت کە بە بەرچاوی خەڵکیەوە گاڵتەی پێدەکات و سەردەکاتە سەری، تەشەری لێدەدات. من بە خۆیشم وا بووم. بەڵام تکا دەکەم

بەتەمای هیچ مەبە، نەشەی سەرکەوتن نەتگرێت. چونکە ئەو بۆ تۆ نابێت، باوەڕناکەم قەت شتی وا ببێت! من بۆیە ئەمەت پێدەڵێم تا لە ئێستاوە تەگبیری خۆت بکەیت و دوایی گلەیی نەکەیت. گوێ بگرە، سوێندم بۆ بخۆ کە ئەو ئافرەتەی ترت نە خواستووە.

میرزادە، کە لە سەرسامیا ڕاپەڕی گوتی:

– لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، ئەوە تۆ چ دەڵێی، ئەمە چ بیرکردنەوەیەکە ؟

– باشە، خەریك نەبوو بیخوازیت ؟

میرزادە، سەری داخست و لە بن لێوانەوە گوتی:

– با، نزیك بوو بیخوازم.

– کەواتە، تۆ "ئەوت" خۆشدەوێ؟ ئایا لەبەر خاتری "ئەو" بۆ ئێرە هاتوویت، لەبەر خاتری "ئەو ژنە" ؟

میرزادە گوتی:

– من بۆ خواستنی ئەو نە هاتووم.

– ئایا، لەم دنیایەدا هیچ شتێك هەیە بەلاتەوە پیرۆزی بێت ؟

– بەڵێ.

– دەیسا بەو شتە پیرۆزە سوێند بخۆ کە بۆ خواستنی "ئەو ژنە" نەهاتوویت.

– لە جیاتی سوێندێ هەزار سوێندت بۆ دەخۆم، سوێندی گەورە.

– باوەڕم پێکردیت. وەرە ماچم بکە. ئاخری توانیم هەناسەی ئۆخەی هەڵبکێشم. بەڵام ئەوە بزانە کە ئاگلایا ئاشقی تۆ نیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەوە بیر لە حاڵ و ئایندەی خۆت بکەوە. تا من لە دنیا بمێنم ئاگلایا نابێ بە هاوسەری تۆ. حاڵی بوویت ؟

– بەڵێ حاڵی بووم.

میرزادە، بە جۆرێ شەرمەزارو تەریق بوو بووەوە کە نەیدەتوانی ڕوو بە ڕوو تەمەشای لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا بکات.

– ئیدی ئەوەی کە پێمگوتیت هەر ئەوەیەو دەست بخە ژێر سەرت. بە تەمای هیچ مەبە. من بە تاسەوە، وەکو ئەوەی نێردراوی خوایی بیت، چاوەڕوانم دەکردیت، کە ( شایستەی ئەوە نەبوویت!) شەو نەبووە بالیفەکەم لە فرمێسکا تەڕ نەبووبێ – هەڵبەتە بۆ تۆ نا دۆستی ئازیز، لەوە دڵنیابە! خەمی من، شتێکی دی بوو، شتێکی جیاواز، خەمێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ. جا با پێت بڵێم بۆچی بە تاسەوە، بە پەرۆشەوە چاوەڕێی تۆ بووم: هێشتاش باوەڕم وایە کە خوا تۆی وەك دۆست و برا بۆ من نارد. چونکە من زۆر بێکەسم، زۆر بێپشت و پشتیوانم، لەم دنیایەدا جگە لەو پیرەژنە، لە خانم بیلوکونسکایا، هیچ کەسێکی ترم نیە، ئەویش بە خۆت دەزانی باری کردووەو لێرە نەماوە، ئەمە جگە لەوەی تەواو پیرو فەرتوس بووە، دەڵێی مەڕی گێژە ! جا ئێستا گەرەکمە بە ئا یان بە نەء وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە: ئایا دەزانیت کە پێرێ شەو "ئەو ژنە" بۆچی لە نێو گالیسکەکەیەوە، ئەو هاوارەی کرد ؟

– بەشەرەفم نە دەستی منی تیایە، نە ئاگام لێیەتی!

– ئەوەندەم بەسە ! باوەڕت پێدەکەم. هەنوکە وێنایەکی ترم دەربارەی ئەم بابەتە هەیە. تا پێریَ دوێنیَ و دوێنیَ بەیانیش هەر هەموو شتەکانم بە خەتای یەڤگینی پاڤلوفیچ دەزانی، بەڵام هەنوکە هاتوومەتە سەر راو بۆچوونی ئەوانی دی: وا دیارە بە مەبەستو ئامانجێکی تایبەتی، وەکو گەوجێك کراوە بە نیشانەی تیری تانەو توانجان. چۆن ؟ بۆچی؟ بە چ مەبەستێك ؟ رەفتارەکە خۆی لە خۆیدا گوماناویو نا شەریفە . بە هەرحاڵ، ئاگلایا هەرگیز شووی پیَ ناکات. ئەمە لە من بزانە ! ڕەنگە پیاوێکی زۆر باش بێت، بەڵام شتی وا نەبووەو نابێت! مەحاڵە کچی خۆمی بدەمیَ! جاران، پێش ئەم ڕووداوە، دوو دڵ بووم. بەڵام هەنووکە بڕیاری خۆم داوەو بڕاوەتەوە، ئەمڕۆکە روو بە ڕوو، بە ڕاشکاوی بە (ئیڤان فیدوروفیچ)م گوت: "لە پێشا من لە تابووت بنەو بە خاکم بسپێرە، ئەوسا کیژەکەت بە مێرد بدە ." دەبینی چەند باوەڕم بە تۆ هەیە ؟

– بەڵیَ دەبینمو تێدەگەمم.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، چاوی بڕییە میرزادە. دەتگوت دەیەویَ بزانیَ، ئەو قسانەی کە دەربارەی یەڤگینی پاڤلوفیچ کردنی، چ کارێکیان لە میرزادە کردووە.

– تۆ هیچ شتێك دەربارەی گاڤریلا ئاردالیونوفیچ ئیڤولگین نازانی؟

– یانی.... زۆر شت دەزانم .

– ئاگات لەوە هەبووە، پەیوەندی دەگەڵ ئاگلایا هەبێت یان نا ؟

میرزادە بەسەرسامی گوتی:

– بە هیچ جۆریَ ئاگام لە شتی وا نەبووەو نیە. مەبەستت ئەوەیە کە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ پەیوەندی دەگەڵ ئاگلایا ئیڤانوڤنادا هەبووە؟ مەحاڵە!

– ئەمە تازەیە... خوشکەکەی بە درێژایی ئەم زستانە، ڕێی بۆ خۆشکردووە.

میرزادە، هایمو حەپەساو، شپرزەو پەشۆکاو، دوای سووکە بێدەنگییەك هاتە قسان و گوتی:

– باوەڕ ناکەم، شتی وا نیە، ئەگەر وا بوایە بێگومان من هەستم پێدەکرد. پێمدەزانی.

– وا خەیاڵ دەکەی کە گاڤریلا ئاردالیونوفیچ، دەهات بۆ ئێرە و سەری دەخستە سەر شانتو بە دەم گریانەوە ئیعتراڤ بۆ دەکردیت ؟ کە پیاوێکی ساویلکەی!... هەموو کەسێك دەتوانیَ فریوت بدات، کڵاوت لەسەر بنیَ، ڕێك وەکو ... وەکو... شەرم نیە کە باوەڕ بەو دەکەی ؟ هەست ناکەیت، هەمیشە پێت ڕادەبوێرێتو فریوت دەدا ؟

میرزادە، بە ئەسپاییو بە جۆرە بێزارییەکەوە گوتی:

– دەزانم هەندێجار فریوم دەدات. بە خۆیشی دەزانیَ کە من پێی دەزانم...

میرزادە، قسەکەی تەواو نەکرد.

– ئاوها ؟ دەزانی فریوت دەداتو هێشتاش متمانەی پێدەکەیت ؟ نۆبەتی ئەو قەوانەیە. هەر لە مەمان کەم بوو. تۆ تەماشای من کە، جا ئەمە سەرسامی بۆ چیە، لە کاتێکا تۆ لەوە زیاترت لێناوەشێتەوە ؟ پەنا بەخوا! لە هەموو دنیادا دوو پیاوی وەکو تۆ نیە. باشە دەزانی ئەم گانیایە یا ئەم ڤاریایە، بە ناستاسیا فیلیپوڤنایان ئاشنا کردووەو پەیوەندییان لە نێوانیاندا دروست کردووە ؟

میرزاده پرسی:

– له نێوان ناستاسیاو کێدا ؟

– ئاگلایا.

میرزاده، له شوێنەکەی خۆی ڕاپەڕی:

– باوەڕ ناکەم ! مەحاڵە. ئاخر بۆچی؟

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا گوتی:

– منیش باوەڕ ناکەم، بەڵام بەڵگەو نیشانە هەن، بۆ خۆی کیژێکی خۆسەرە، خەیاڵپەروەرە، سەرشێتە! کیژێکی شەڕەنگێزە، شەڕەنگێزو نەژنەو بەد نیهادە! ئامادەم هەزار کەڕەتی دی بیڵێمەوە کە کچێکی بەدنیهادو، جینگزو، جینگنو، نەکڵۆکە! کیژەکانم هەموویان خووی ئەویان گرتووە. تەنانەت ئەلکسندرای بەستەزمانیش! بەڵام ئاگلایا بە تەواوەتی شولی لێهەڵکێشاوەو لە دەست دەرچووە. کەچی وێڕای ئەمەش من باوەڕ بەم شتە ناکەم.

ئەوسا لەبەر خۆیەوەو، بە خۆی گوت:

– ڕەنگە لەبەر ئەمە بێ کە نامەوێ باوەڕبکەم.

هەنگێ جارێکی دی ڕووی کردە میرزادەو پرسی:

– باشە بۆچی سەرت نەداین ؟

بە بێتاقەتی پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

– باشە بۆچی ئەم سێ ڕۆژە نە دیار بوویت، نە هەواڵت پرسین ؟

میرزادە، کەوتە ژماردنی هۆو هەنجەتەکانی نەچوون و دیار نەبوونەکەی خۆی. بەلام لیزاڤیتا، هەمدیس قسەکەی پێبڕیو گوتی:

– هەموویان بەگێلو گەمژەت دەژمێرن و کلاوت دەکەنە سەر! دوێنێ چووبوویت بۆ شار، وانیە؟ من گرەو دەکەم کە چوویتە، کڕنوشت بۆ ئەو خوێڕی هەتیوچەیە بردووە و لێی پاڕاویتەوە کە دە هەزار ڕۆبڵەکەت لێقەبووڵ بکات.

– نا، بە هیچ جۆرێ ، هەرگیز نە شتی وام بە بیرا هاتووە. نە دیتووشمە. بەڵام حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە ئەو خوێڕیو هەتیوچە نیە. نامەیەکی بۆ ناردووم.

– کوا، نامەکەم پێنیشان بدە .

میرزادە، کاغەزێکی لە جانتاکەی خۆی دەرهێناو دایە دەست لیزاڤینا پروکوڤیڤنا کە بەمجۆرە نووسرا بوو:

" بەڕێزەکەم، هەڵبەتە من لە نۆڕینو گۆشەنیگای خەڵکەوە، کەمترین مافم نییە کە هەست بە کەرامەتی خۆم بکەم. خەڵکی لەوە بە کەمترو بچووکترم دەزانن کە ئەو مافەم پێرەوا بدینن. بەڵام ئەوە بۆچوونو نۆڕینی خەڵکە، نۆڕینی تۆ بۆ دنیا، بۆ شتەکان وەکو نۆڕینی ئەو خەڵکە نیە، جیاوازە. من، قوربان، قەناعەتی تەواوم بەوە هەیە کە ڕەنگە تۆ لە هەموو خەڵکی باشتر بیت. من لەگەڵ بۆچوونی دکتۆرنکودا نیم، لەم خاڵەدا تەواو پێچەوانەی ئەوم. من هەرگیز، ڕۆژێ لە ڕۆژان تاقە کوپیکێك لە تۆ وەرناگرم. بەڵام تۆ یارمەتی دایکت داوم. بۆیە لەسەرمە سوپاست بکەم، هەر

چەندە ئەم کارە نیشانەی لاوازیش بێت. بە هەرحاڵ، من هەنووکە بە چاوێکی دی تەمەشای تۆ دەکەم، بە پێویستم زانی ئەوەت پێرابگەیەنم. لە کۆتاییدا پێموایە، لە ئێستا بە دواوە هیچ جۆرە تەماس و پەیوەندییەکمان لە نێواندا دروست نابێ...

ئانتیپ بوردوفسکی."

"تێبینی: پاشماوەی ئەو دوو سەدو پەنجا ڕۆبڵەی کە پێت قەرزار بووم، بە گوێرەی توانا، بە زووترین کات بۆتی دەنێرمەوە ".

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بەپەلە کاغەزەکەی خوێندەوە، بە قێزێکەوە فڕێی داو گوتی:

– کە شتێکی قۆڕو گەوجانەیە ! شایستەی خوێندنەوە نیە. بۆچی پێدەکەنی ؟

– دان بەوەشدا بنە کە بە خوێندنەوەی خۆشحاڵ بوویت .

– من ؟ یانی بە خوێندنەوەی ئەم هەموو فشەفش و خۆ هەڵکێشان و لاف و گەزافە خۆشحاڵ دەبم؟ باشە نابینی هەموو ئەو خەڵکە چۆن غروور و لە خۆبایی بوون و خۆ هەڵکێشان و لاف و گەزاف مەست و گومڕای کردوون ؟

– با، دەبینم، بەڵام دانی بە هەڵەکانی خۆیدا ناوەو پەیوەندی دەگەڵ دکتۆرنکودا بڕیوە. چەندیش بە خۆی بنازێت، ئەم کارەی زۆر گران کەوتووە لە سەری. ئاه... تۆ هێشتا زۆر منداڵی لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا!

– دڵت شەپازللەی دەوێ ؟

– نا، هەرگیز دڵم بە شتی واوە نیە ! من تەنیا ئەوە دەبینم کە تۆ دڵت بە خوێندەوەی ئەم نامەیە زۆر کرایەوە، بەڵام دەیشاریتەوە، ناتەوێ دەری بڕیت. بۆچی شەرم لە سۆزو هەستی خۆت دەکەی ؟ تۆ لە هەموو شتێکدا هەر وایت.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، لە تووڕەییدا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو، لە شوێنی خۆیەوە ڕاپەڕی:

– نەخەڵەتابی لەمڕۆ بە دواوە پێ بە ماڵەکەی مندا بکەی! نامەوێ لە ئێستا بە دواوە، بە هیچ جۆرێ چڕو چارەی تۆ بدینم !.

– دوای سێ ڕۆژی دی بە خۆت دێی بە دووماو دەعوەتم دەکەیت ! ئەمە چیە ؟ بە ڕاستی شەرمە بۆ تۆ کە شەرم لە جوانترین و مرۆڤانی ترین هەست و سۆزی خۆت دەکەی، ئاخر ئەمە بۆ، لە پای چی؟ تۆ بەم کارە تەنیا خۆت عەزاب دەدەیت.

– ئەگەر بکەومە حاڵی مەرگیش نەدەنێرم بە شوێنتاو نە دەعوەتت دەکەم. ناوت لە بیری خۆما دەسڕمەوە! لە ئێستاوە سڕیمەوەو تەواو.

دوای ئەو قسەیە، میرزادەی بە جێهێشت و بە هەشتاو کەوتە ڕێ.

میرزادە، لە دواوە هاواری کرد:

– بە بێئەوەی تۆش بڵێی، ماڵی ئێوەم لێقەدەغە کرا بوو!

خانم یەپانچین، لەسەر پاژنەی پێیان وەرچەرخایەوەو بە سەرسامی گوتی:

– چی – چی؟ کێی لێی قەدەغە کردبوویت ؟

میرزادە، وەك بڵێی هەست بکات، ئەو قسەیەی لە زیادەکرد، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا شێت ئاسا هاواری کرد:
– کێ هاتوچۆی ماڵی ئێمەی لێقەدەغە کردوویت ؟
– ئاگلایا ئیڤانوڤنا...
– ئەمە کەی ؟ قسە بکە، بۆ دەمت بووە بە تەڵەی تەقیو ؟...
– ئەم بەیانیە جوابی ناردبوو کە بۆم نیە لەمڕۆ بە دواوە هەرگیز پێ بە ماڵی ئێوەدا بکەم...
لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، دەتگوت جادووی لێکراوە. بەڵام هێشتا دەیتوانی بیربکاتەوە. ئەوسا، لە ناکاودا هاواری کرد:
– چ جوابێکی ناردبوو ؟ بە کێدا ؟ بە یارۆی دەمڕووتا ؟ جوابی زارەکی بوو ؟
میرزادە گوتی:
– نە، کاغەزێکی ناردبوو.
– کوا نامەکە ؟ خێرا بمدەیە !
میرزادە، بۆ ساتێك لە فکران ڕاچوو، ئەوسا دەستی برد، لە گیرفانی ئێلەکەکەی پارچە کاغەزێکی بێ زەرفی دەرهێنا کە ئەم پەیامەی تیا نووسرابوو:
" میرزادە لیون نیکولایوفیچ میشکین! ئەگەر، دوای هەموو ئەو شتەی رووی دا، بتەوێ غافڵگیرم بکەیت و بێیت بۆ ماڵمان، دڵنیابە لەو کەسانە نیم کە بە هاتنت خۆشحاڵ دەبم....
ئاگلایا یەپانچین".
لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، بۆ ساتێك لە فکران ڕاچوو. ئەوسا بە هەشتاو بەرەو میرزادە چوو، دەستی گرت و وەپێشی دا،و بەوپەڕی نیگەرانی و پەریشانی گوتی:
– هەر ئێستا! وەرە! ئیشم پێتە !
– بەڵام تۆ دەمکەی بە نیشانەی...
– بە نیشانەی چی؟ ساویلکە! کەودەن! بە جۆرێ رەفتاردەکەی وەکو ئەوەی پیاو نەبیت! دەی! ئەمجارەیان دەمەوێ بە چاوی خۆم هەموو شتەکان بدینم، بەچاوی خۆم....
– بوەستە با کڵاوەکەم بێنم...
– ئەوە کڵاوە پیسەکەتە ! دەی ڕێکە! زەوقی ئەوەت نییە تەنانەت کڵاوێکی جوان بۆ خۆت هەڵبژێری!....
لیزاڤیتا پروکوڤیڤنا، لە کاتێکا توند دەستی میرزادەی گرتبوو، بە دووی خۆیدا بکێشی دەکرد، لە بن لێوانەوە گوتی:
– ئەوەی نووسیوە... دوای ئەو ڕووداوەی تۆزێ لەمە پێش ئەوەی نووسیوە... دیارە لە گەرمەی هەڵچووندا نووسیویەتی....
ئەوسا روویکردە میرزادەو لە سەری رۆیی:
– تۆزێ لەمەپێش، هەڵبەتە لە ڕووی دڵسۆزییەوە دەرهەق بە تۆ، وەکو گلەیی ، لەبەر چاوی ئەو گوتم لەبەر گەوجی نایەیت، دەنا بۆ نایەی !.... خەتای منە، ئەگەر من ئەو قسانەم نەکردبا، ئەویش ئەو کەرێتییەی نەدەکرد نامەی وا گەوجانەت بۆ بنووسێت، نامەی وا بێنەزاکەت! ئەمە

بۆ کیژی ماڵباتێکی خانەدانو بە ئەسڵو فەسڵ، بە تەربێتو هۆشن، بەڵێ پڕ هۆشو گۆش، دەکاتە بێ نەزاکەتی!

ئەوسا لە سەری رۆیی:

– ئم... دەبێ لە هاتوچۆ نەکردنەکەی تۆ تورە بووبێت. رێی تێدەچێت. بەڵام دەبوایە بیزانیبا کە نابێ ئەم جۆرە نامەیە بۆ بابایەکی گەمژە، کە مانای حەرفو ڕواڵەتی شتەکان وەردەگرێت، بێتە نووسین، وەکو ئەمە بە عەمەلی رووی داوە.

کە هەستی کرد، لە قسەکانیا زیادەڕۆیی کردووە، هاواری کرد:

– بۆچی وا گوێ دەگریت ؟ ئەو پێویستی بە لێبۆکێکی وەکو تۆیە. چونکە دەمێکە نەیدیوویت، بیری کردوویتو ئیدی بەو شێوەیە دەعوەتی کردوویت!... زۆرم پێخۆشە کە دەتکات بە مەخسەرەی خۆی!... سزای تۆ تەنیا ئەمەیە!.

ئەویش لەم کارەدا مەعلانە! بەڕاستی زۆر کارامەو شارەزایە !....

٢٠١٣/١٢/٢٠